یادداشت

کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود

ڕەفیق حیلمی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پێشەکی و پەراوێز:
مەجید ساڵح

پێدا چوونەوە:
سەلاحەددین ئاشتی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

یادداشت

کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود

ڕەفیق حیلمی

تەواوی مافەکانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان

هیچ کەس و لایەنێک مافی لەچاپدانەوەی ئەم نوسخەیەی نییە، بەبێ ڕێپێدانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان؛ هەمووی یان بەشێکی؛ هەروەها ئەم مافە، وەرگێڕان و نووسینەوە و تۆمارکردن لەسەر سی.دی و میمۆری و دانانی لە «فەزای مەجازی»یش، بە هەر فۆرمەتێک بێت، دەگرێتەوە.

سرشناسه	:	حلمی، رفیق، ۱۸۹۸ - ۱۹۶۰م. Hilmi, Rafiq
عنوان و نام پدیدآور		یادداشت: ڕووداوەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود/ دانراوی ڕەفیق حیلمی.
مشخصات نشر		سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۹۸.
مشخصات ظاهری		۶۹۸ص.
شابک		۹۷۸-۹٦٤-۹۸۰-۳٤۸-۷
وضعیت فهرست نویسی		فیپا
یادداشت		کردی.
موضوع		کردان -- عراق
موضوع		Kurds -- Iraq
موضوع	:	کردان -- عراق -- جنبش‌ها و قیام‌ها
موضوع	:	Kurds -- Iraq -- *Protest movements
موضوع	:	کردستان (عراق) -- تاریخ -- جنبش‌های استقلال‌طلبانه
موضوع	:	Kurdistan (Iraq) -- History -- Autonomy and independence movements
رده‌بندی کنگره	:	DS۷۰/۸ /ح۴ک۸ ۱۳۹۸
رده‌بندی دیویی	:	۹۵۶/۷۲
شماره کتابشناسی ملی	:	۵۶۲۲۳۹۹

یادداشت

کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود

ڕەفیق حیلمی

پێشەکی و پەڕاوێز:
مەجید سالّح

پێداچوونەوە:
سەلاحەددین ئاشتی

انتشارات کردستان
سـنـه

یادداشت

کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	یادداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود
✓ نووسەر (مؤلف):	ڕەفیق حیلمی
✓ پێشەکی و پەراوێز (مقدمه و پاورقی):	مەجید ساڵح
✓ پێداچوونەوە (تصحیح):	سەلاحەددین ئاشتی
✓ دیزاین (صفحه‌آرایی):	ئاوات حەکیمزادە
✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول) ۱۳۹۹ / ۲۰۲۰
✓ بەرگەژمێر (تیراژ):	۱۰۰۰ بەرگ (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕە و قەوارە (تعداد صفحات):	۶۹۸ لاپەڕە (صفحه‌ی وزیری)
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کوردستان)
✓ شابک:	۹۷۸ - ۹۶٤ - ۹۸۰ - ۲٤۸ -۷

✓ نرخ (قیمت): ۱۵۰،۰۰۰ تمەن ـ ۱۰،۰۰۰ دینار

سنندج، چهارراه شهدا، پاساژ عزتی، انتشارات کُردستان، تلفن: ۳۳۱۶۵۳۸۲ ۰۸۷

سنە، پاساژی عیزەتی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، تەلەفوون: ۳۳۱٦٥٣٨٢ ٨٧ ٠٠٩٨

ناوئاخن

روونکردنەوە ــــــــ ١١
ژیاننامەی ڕەفیق حیلمی ــــــــ ١٥
خشتەی کتێبەکانی ڕەفیق حیلمی ــــــــ ٢٣
سەرەتا ــــــــ ٢٧

بەشی یەکەم

لە دوای موتارەکە وەزع و هەواڵی دەوڵەتی عوسمانی ــــــــ ٣٠
مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ ــــــــ ٣٤
وەزارەتی فەریدپاشای زاوا و مستەفا کەمال ــــــــ ٣٨
پەیمانی یەکییەتی لە بەینی ئەمارەتەکانی کورد و... ــــــــ ٤٦
کوردستانی جنووب لە دوارۆژەکانی شەڕی گێتی یەکەمدا ــــــــ ٥١
نەتەوەی شێخ مەحموود و چەشنی ژیانی ــــــــ ٥٤
فیتنەی مووسڵ و کوژرانی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی ــــــــ ٥٨
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ــــــــ ٦٢
دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ــــــــ ٦٤
شەڕی گەورەی گێتی یەکەم و شێخ مەحموود ــــــــ ٦٥
هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ کەرکووک ــــــــ ٦٩
هاتنی میجەر نۆئێل بۆ سلێمانی ــــــــ ٧٣
حوکمداری کوردستان ــــــــ ٧٥
شێخ مەحموود و کۆنفرانسی ئاشتی ــــــــ ٧٩
لە دەوری یەکەمی حوکمداری شێخ مەحموودا، هەواڵی سلێمانی ــــــــ ٨١
گەشتی میجەر نۆئێل و فایقی تاپۆ لە تورکیا ــــــــ ٨٥

سلێمانی دوای ڕۆیشتنی نۆئێل ٨٩
شێخ مەحموود و دەستەودائیرەی چییان ئەکرد؟ ٩٤
سەفەری من بۆ کۆیێ لەگەڵ کەپتەن بیل ٩٧
بیل غەزەبێکی خوا بوو و لە کەس نەئەچوو ١٠١
شکاندنی نفووزی شێخ مەحموود لەناو عەشایردا ١٠٣
شێخ ئەمینی سندۆڵان ١٠٤

بەشی دووەم

سەرەتای بەشی دووەم ١١١
وێنەیەکی تر لە کردەوەکانی ئینگلیز بۆ شکاندنی نفووزی شێخ مەحموود ١١٣
دەرکەوتنی سەرەتای شۆڕشی شێخ مەحموود ١١٥
چوونی من بۆ ڕەواندز لەگەڵ بیل ١١٨
شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود و ئەنجامی ١٢١
گفتوگۆی نهێنی دوای نیوەشەو لەتەک شێخ مەحموود و سمکۆ ١٢٤
لەلایەن تورکەوە گفتوگۆی نهێنی شێخ مەحموود و سمکۆ لەگەڵ من ١٢٨
تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف و شێخ مەحموود و تورک ١٣٠
ڕێکەوتنی کورد و تورک و داواکانی شێخ مەحموود ١٣٠
لە کاتی شەڕی دەربەنددا، هەواڵی ڕەواندز ١٤١
لەم شۆڕشەدا بە هەڵە چوونی شێخ مەحموود ١٤٧
دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر؛ من و ڕەواندز ١٤٨
گیرانم لە ڕەواندز و ڕەوانە کرانم بۆ بەندیخانەی کۆیێ ١٥٠
عەبدوڵڵاغای حاجی تایەرئاغای حەوێزی ١٦٣
بەربوونم لە بەندیخانە ١٦٦
موحاکەمەی شێخ مەحموود لە بەغدا و نێررانی بۆ ئەندامان ١٦٧
لەشکری یۆنان تاو ئەداتە سەر خاکی تورک ١٧٣
کەوتنی وەزارەتی وەنیزەلۆس لە یۆنان و سەرکەوتنی کەمالییەکانی تورکیا... ١٧٦
ئەنجامی تەقەلای بەکر سامی و ڕێکەوتنی لەگەڵ فەڕەنسە و ئیتالیا ١٨٢
باسی مەسەلەی کورد لە ئەستەمووڵ ١٨٦
شێخ مەحموود مرد ١٩٢
مستەفا کەمال و کوردەکان ١٩٣
هەندێ هۆی تایبەتی سەرکەوتنی مستەفا کەمال ١٩٨

بەشی سێیەم

سەرەتا ٢٠٥
دوايين شەڕی تورک و یۆنان و سەرکەوتنی تورکەکان ٢٠٧
دوای ڕەوانەکردنی شێخ مەحموود بۆ هیندستان... ٢١١
شۆڕشی کوردەکانی عێراق لە عەمادییە و لە عەقرە ٢١٣
هاتنی ئوزدەمیرپاشا بۆ ڕەواندز ٢١٩
سەید تەهای شەمدینان و مەسەلەی کورد ٢٣٣
لە سەرنەگرتنی مەسەلەی کوردا، کوردەکان خۆیان بەشدارن ٢٣٦
گەڕانەوەی مستەفاپاشای یاموڵکی لە ئەستەمووڵەوە بۆ سلێمانی ٢٣٨
عێراق لە ژێر ئینتیدابدا ٢٣٩
بەکورتی باسی شۆڕشەکانی کورد و عەرەب لە عێراقا (١٩١٩-١٩٢٢) ٢٤٥
لە ١٩٢٠دا شۆڕشی گەورەی عەرەبەکانی عێراق... ٢٥٠
حەمدی بەگی بابان ٢٦٣

بەشی چوارەم

سەرەتا ٢٧٧
نامەی کراوە بۆ هەندێ لە ڕەغنەگرە بەڕێزەکان ٢٧٨
کۆبوونەوەمان لە ماڵی عەزمیبەگی بابان ٢٧٩
هاتنی حەمدیبەگ بۆ سلێمانی ٢٨٢
شەڕی کورد و ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە ٢٨٨
موئتەمەری ئینگلیزەکان لە قاهیرە و باسی مەسەلەی کورد و عەرەب ٢٨٩
ئەنجامی کۆمەڵەی سەربەخۆیی ٢٩٣
تەلەگرافێک لە کەرکووکەوە... ٢٩٧
ویستمان خوێندنخانە بکەینەوە ٢٩٨
لە کەرکووک کرام بە مامۆستای قوتابخانەی زەفەر ٣٠١
ڕۆژنامەی نەجمە ٣٠٥
بە هەڵە چووبووم ٣١١
لاپەڕەیەکی تر لە شۆڕشی عەرەبەکانی عێراق ٣١٦
دەزگاکانی سیاسی ئینگلیز لە عێراقا ٣٢٣
ئەنجامی شۆڕشی عێراق؛ فەیسەڵ لە سووریە؛ هاتنی بۆ عێراق... ٣٣٢
فەیسەڵ لە سووریە ٣٣٦

ئەمیر فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سووریە ٣٤١
تورکەکان لە موئتەمەرەکانا چۆن سەرکەوتن؟! ٣٤٧
موئتەمەری لەندەن و باسی کورد ٣٤٨
مەسەلەی کورد و ئەرمەنی ٣٤٩

بەشی پێنجەم

تکایەک و ڕاستکردنەوەیەکی بچووک ٣٥٥
وەزارەتی یەکەمی سەی ئەوڕەحمانی نەقیب و مەسەلەی کورد ٣٥٧
لە بەینی حکوومەتی عێراق و مەندووبی سامییا... ٣٦٥
پەیمانی عێراق و بریتانیا ٣٨٠
مەجلیسی دامەزرێنەر چۆن کۆکرایەوە و تەقەلا گرنگەکانی میللەت؟! ٣٨١
پەیمانەکە چۆن جێبەجێ بوو؟ ٣٨٢
موئتەمەری ئاشتی و مەسەلەی کورد ٣٨٤
ئینگلیز و عەرەب ٣٨٧
جەمعییەتی کوردستان ٣٩٦
مستەفاپاشا و ئیسماعیلئاغای شوکاک (سمکۆ) ٤٠١
مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی جاری دووەمی شێخ مەحموود ٤٠٤
لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموودا، هەواڵی سلێمانی... ٤٠٩
هەڵکرانی ئاڵای کوردستان ٤١٢
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ٤١٦
ماوەی خەڵوەتی شێخ مەحموود و دامەزراندنی هەیئەتی ڕەئیسەکان... ٤٢٠
حوکمدار لە خەڵوەت دێتە دەرێ ٤٢٣
شێخ مەحموود لە بەغدا خۆی بەرامبەر بە مەلیک فەیسەڵ... ٤٢٤

بەشی شەشەم

پێشەکی ٤٣١
مەعاریفی سلێمانی ٤٣٢
تورکەکان چۆن هاتنە ڕەواندز و دەوری ئەحمەد تەقی لەم هاتنەدا؟ ٤٣٨
هاتنی ئوزدەمیر بۆ ڕەواندز ٤٤٥
شێخ مەحموود چۆن فریو درا و ڕاکێشرایە ژێر باڵی ئوزدەمیر وە یا تورک؟ ٤٥٠
هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی ٤٥٩

بەکورتی هەواڵی ئوزدەمیر و کردەوەکانی لە ڕەواندز ٤٦٧
ئوزدەمیر و سلێمانی ٤٧١
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و ئوزدەمیر ٤٧٨
سیاسەتی ئوزدەمیر بەرامبەر بە کورد ٤٨٠
تەقەلاکانی دەستەی ئوزدەمیر لەگەڵ شێخ مەحموود... ٤٨٦
موئتەمەری سلێمانی و بڕیاردان لەسەر مەرجەکانی ئوزدەمیر ٤٩٠

بەشی حەوتەم

پێشەکی ٤٩٧
مەسەلەی مووسڵ و کورد ٤٩٩
جەمعییەتی کوردستان لە سلێمانی ٥٠٩
مەسەلەی سمکۆ ٥١٣
مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموود ٥١٥
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ٥٢٢
هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی ٥٣٧
شاری ئەنقەرە ٥٥٥
شاری ورمێ ٥٦٤
لە ورمێوە بۆ شەرەفخانە ٥٦٨
لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر [شەبستەر] ٥٧٠
تەورێز ٥٧٥
ئەستەمووڵ ٥٨٢
شاری جولفا ٥٨٥
تفلیس ٥٨٧
لاپەڕەیەک لە مێژووی قەفقاسیای کۆن ٥٩٤
باطوم (باتووم) ٥٩٥
شاری ئیزمید ٦٠٢
ئەنقەرە ٦٠٣
گەڕانەوەم لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی ٦١٦
ئەدەنە ٦٢٠
عەینتاب ٦٢٧
ئۆرفە ٦٢٩

بەکورتی هەواڵی ئوزدەمیر و کردەوەکانی لە ڕەواندز ٤٦٧
ئوزدەمیر و سلێمانی ٤٧١
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و ئوزدەمیر ٤٧٨
سیاسەتی ئوزدەمیر بەرامبەر بە کورد ٤٨٠
تەقەلاکانی دەستەی ئوزدەمیر لەگەڵ شێخ مەحموود... ٤٨٦
موئتەمەری سلێمانی و بڕیاردان لەسەر مەرجەکانی ئوزدەمیر ٤٩٠

بەشی حەوتەم

پێشەکی ٤٩٧
مەسەلەی مووسڵ و کورد ٤٩٩
جەمعییەتی کوردستان لە سلێمانی ٥٠٩
مەسەلەی سمکۆ ٥١٣
مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموود ٥١٥
گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی ٥٢٢
هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی ٥٣٧
شاری ئەنقەرە ٥٥٥
شاری ورمێ ٥٦٤
لە ورمێوە بۆ شەرەفخانە ٥٦٨
لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر [شەبستەر] ٥٧٠
تەورێز ٥٧٥
ئەستەمووڵ ٥٨٢
شاری جولفا ٥٨٥
تفلیس ٥٨٧
لاپەڕەیەک لە مێژووی قەفقاسیای کۆن ٥٩٤
باطوم (باتووم) ٥٩٥
شاری ئیزمید ٦٠٢
ئەنقەرە ٦٠٣
گەڕانەوەم لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی ٦١٦
ئەدەنە ٦٢٠
عەینتاب ٦٢٧
ئۆرفە ٦٢٩

دیاربەکر ٦٣١
بتلیس ٦٣٨
ئەخلات ٦٤٠
شاری وان ٦٤١
برای زۆر خۆشەویست ٦٤٨
تێبینی ٦٤٩

پاشکۆ

بەشێکی تری یادداشتە بڵاونەکراوەکانی ڕەفیق حیلمی ٦٥٣
تەحویلم بۆ ناسرییە یا مونتەفیک ٦٥٥

لیزگەی ناوەکان ٦٦٩

دیارییە...
بۆ گیانی پاکی کوردێک کە تا مردن بۆ کورد ژیا،
بۆ گیانی ئەمیری بە ئامانج نەگەیشتوو:
جەلادەت عالی بەدرخان

ڕوونکردنەوە

وەکوو دیارە سەرەتا ئەم کتێبە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٨ بە شەش بەش (بەرگ) لە سەردەمی ژیانی نووسەردا لە بەغدا چاپ کراوە و دواتر کراوەتە دوو بەرگ؛ ٣٤ ساڵێک دواتر دوکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی بەرگێکی دیکەی خستوونە سەری و بەم شێوەیە بوونە سێ بەرگ.

ڕاستە درێژەدانی یادداشتەکان و بڵاوکرانەوەیان کارێکی یەکجار گرینگە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەر لە سەرەتای بەرگی سێهەمەوە چەندین بابەت بە شوێن یەکتردا هاتوون، کە دووپاتی بابەتەکانی بەرگەکانی پێشوون. (بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم باسە بڕواننە پەراوێزەکانی لاپەڕە ٤٩٩ تا ٥٤٥) پاکیزە خانم ڕوونی نەکردووەتەوە چۆن و بۆچی ئەم بابەتانەی دووپات کردوونەوە!! هەرچییەک بێ ئەم شێوە کارە سەرلێشێوانێک ساز دەکا و ئەو کەسانەی سەرقاڵی نووسینەوە و لێکدانەوەی مێژوون پێی دەکەونە سەر دووڕییانێک و ڕەنگە لە پرسی پشت پێبەستندا تێبمێنن. ڕاستە بابەتەکان دووپاتن، بەڵام زۆر جاران شێوەی داڕێژرانی ڕستەکان و هێنان و تێوەدان و گۆڕینی وشەکان پێکەوە جیاوازن و لە برگەبەندیشدا سەروخواریان پێکراوە. بەلامەوە هیچ سەیر نییە هەر خودی نووسەر وای کردبێ، گەرچی پاکیزە خانم لە پێشەکی بەرگی سێهەمدا گوتوویەتی: «ئەم بەشەی یادداشت دەسنووس بوو... سەرلەنوێ نووسیومەتەوە...» ئەم دەربڕینە ڕەنگە هەڵگری شیکردنەوەیەکی پێچەوانەش بێ و دەشێ مەبەست لە نووسینەوە، داڕشتنەوەش بێ، گەرچی بەندە وای نابینم و بابەتە دووپاتەکان بە باری نێوەرۆکدا تووشی دەسکاری و گۆڕانی گەوهەری نەبوون. وەکوو باس کرا تەنیا ڕواڵەت و داڕێژرانی ڕستەکان و جاری وایە کۆمەڵێک زانیاری و شێوەی گێڕانەوەکان تووشی

جیاوازی بوون، بەڵام هیچ شتێکیان لە ماکەی بابەتەکان نەگۆڕیوە.

لە ڕاستی‌دا دەرهاویشتن و دەرنەهاویشتنی ئەم بابەتە دووپاتانە لە ئەستۆی من نییە و بەڕێز کاک مەجید ساڵح کە پێشەکی و پەراوێزی دەوڵەمەندی بۆ کتێبەکە نووسیوە و گەلێک زانیاری بەنرخی هاویشتووەتە سەری، دەکرا بڕیاری لێ بدا. پاش ئەوەی لەسەر پێشنیاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم بەرهەمە ناوازەیەم خستە سەر شانی خۆم، تووشی ئەم گرفتە هاتم؛ هەر بۆیە لەڕێوە درکاندم و دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ کاک مەجید ساڵح و چەندین پسپۆڕی بواری مێژوو، لەبەر پێکەوە گرێدرانی بابەتەکان لە بەرگی سێهەم‌دا، هەر دەکرا چەند بابەتێک دەرهاوێین و تەنیا یەکیان بهێڵینەوە، هەتا بەسەر بۆشایی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نەکەوین، بەڵام کە دیتمان وایە، گوتمان با وەکوو خۆی وابێ و دەسکاری نەکرێ و خوێنەرەوەش ئاگادار بێ و بەرگی سێهەم بە بەشی حەوتەم ناودێر کرا.

مەبەستێکی تر کە لە پێداچوونەوەدا کێشە و سەرێشەیەکی زۆری بۆ نامەوە، دەسکاری کرانی شێوەی پێکهاتەی وشەی سواو یان گۆڕاوەکان و هێنانەوەیان بوو بۆ سەر باری ساغی داڕێژرانی خۆیان. ئەم پرسە بە باری ڕێکخستنەوەی زمان و دوور کردنەوەی لە شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە کارێکی بەرێ‌وجێ بوو، بەڵام بە باری پاراستنی شێوەی باوی نووسینەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و سەردەمەکەیدا، کارێک بوو نازانستی و بۆ لێکۆڵینەوە نەگونجاو. بەشی هەرە زۆری ئەم کتێبە چەندەی سەبارەتە بە بڕگەیەکی یەکجار هەستیاری سیاسی و چارەنووس‌سازی گەلی کورد، ئەوەندەش سەبارەتە بە بووژانەوەی زمان و وێژە؛ بۆیە لێبڕام سەرلەبەری دەسکارییەکان هەڵوەشێنمەوە و بیانبەمەوە ڕێکی خۆیان. نووسەر زیاتر بە دابی ناوچەی سلێمانی زۆری نێوان لەگەڵ دەنگی «ت» و «د» خۆش نەبووە و چۆن لە ئاخاوتندا سواون ئاوای هێناون و بەهەڵکەوت شێوەی وردی پێکهاتەی وشەکانی ئەنگاوتوون. بۆ نموونە پتر یان بەگشتی نووسیویەتی: چەن، دەس،

مەبــەس، نێرران، ســپێرران... یان بەهەڵکەوت نووســیویەتی: ئەفەننی، ســەی لەبری سەید... «ئەستەمبووڵ»ی بە «ئەستەمووڵ» هێناوە و «خەڵک»ی بە «خەڵق» نووسیوە. «شــکاک»ی هەم بە «شــکاک» هێناوە و هەم بە «شوکاک». «چ» و «چە»ی بە یەک مانا دەکار کردوون. وشــەی «زۆربە»ی هەروەک بەشــی زۆری هاوچەرخانی خۆی هەر بە «زوربە» هێناوە؛ ســڵی نەکردووەتەوە لە گۆڕانی دەنگی «س» بە «ز» و نووسیوەتی: دەزبەجــێ لەبری دەســبەجێ. «مەنگ»ی بە «مەند» و «نیــدا»ی بە «نیگا» هێناون... خاڵێکی دیکە کە ئێستا زۆر باو نییە نووسینی «وە» و «وە یا»یە. ئەو کاتە ئەو شێوە نووسینە باو بووە لە زمانی کوردیدا و ئێستاکە زۆر کەمڕەنگ بووەتەوە، بەڵام بەڕاستی چی «وە»یە لە شوێنی خۆی هێناویەتی، کەچی نابێ لە یادمان بچێ لە چنینی پیتەکاندا جاری وایە دەنگبزوێنــی هاوڕێی واوەکە قرتاوە، کە ئێمە بەپێی پێویســت ڕێکمان کردوونەوە، هەتا ئامانجی مامۆستا لە شوێنی خۆی وەدی بێ. نووسەر زیاتر ویستوویەتی بۆ پێداگری و جیاکردنەوەی مەبەستێک «وە» و «یا» لە ڕستەدا پێکەوە بێنێ و بنووسێ: «وە یا». دیارە لە شوێنی وایە ئەمەش شێواوە و بە «و یا» نووسراوە، کە بەپێی بەراوردی دەقەکە چوونەوە سەر دۆخی خۆیان؛ گەرچی بەڕاستی جاری وایە ناپێویستن بەتایبەت لە پەراوێزەکاندا ئەم خاڵە بەڕوونی خۆی دەردەخا. هەروەها لە هەر شوێنێک و بەهەڵکەوت بە پێویستی زانیبێ سەرەڕای «ی» دانەپاڵ، «ی»ی پەیوەندیشی هێناوەتە ئارا و دەردەکەوێ کە ئاگای لــەم خاڵە گرنگەش بووە. بەکورتی نایەکدەســت بوونی کۆمەڵێک وشــە و داڕشــتن لەم کتێبەدا و نووســینەوەیان بە شــێوەی خۆیان ئامانجی تێگەیشــتن و ڕەوتی پێگەیشــتنی لە پشــتە و بۆ هەڵســەنگاندنی قۆناخێکی مێژووی ئەدەبی و نەشــێواندنی دەقەکە ئەم مەبەســتەم ســەلماند و زانیم دەســکاری کردنی هەڵگێڕانەوەی ڕاســتییەکانە و زانســتی ئەدەبــی بە لادانی دادەنێ و نایســەلمێنێ و ئاوا لەگەڵی یەکلابوومەوە، بەڵام ڕێنووســی کتێبەکە لەگەڵ باوی سەردەمی ئێستا ڕێکخراوە... چی نووسینی نێو ڕاستەکەوانەکانە من

لێم زیاد کردووە و دوو کورتەنیشانەی پەراوێزەکان: «م.س» بۆ مەجید سالْح و «س» بۆ سەلاحەددین ئاشتی دیاری کراون.

نووسەر لە سەردەمی بەخۆداهاتنی زمانی کوردیدا ئەم دەقەی نووسیوە و هیچ گومانی تێدا نییە لەم رۆژگاری بووژانەوەیەدا رەفیق حیلمی یەکێک بووە لە رێبوارانی بەشداری رەوتەکە و گۆڕانێکی بنەڕەتیش بەسەر شێوازی نووسینیدا هاتووە. هەر بۆ نموونە ناهیدە خاتوونی کچی چەند لاپەڕەیەکی وەکوو یادگاری نووسینەکانی باوکی داناوە بە پاشکۆی ئەم کتێبە، کە سەبارەت بە چارەکە سەدەیەک پێش نووسینی «یادداشت»ەکانی و جیاوازی زمانەکەی بەئاشکرا دیارە و بێ هیچ ئێروئەوێیەک هەستی پێدەکرێ. ئەم چەند لاپەڕەیە بەڵگەیەکی گرینگە بۆ پێکەوە هەڵسەنگاندنی دوو قۆناخ لە ژیانی ئەدەبیی رەفیق حیلمی و چۆنیەتی رەنگدانەوەی بزووتنەوەی گەشە و پەرەی زمانی پاڵاوتە بەپێی هەلومەرجی سەردەمەکە.

❁❁

راستە کاک ئاواتی حەکیمزادە کاری دیزاین و هەڵگرتنەوەی ئەو هەڵانەی کەوتە سەر شان کە بەرهەمی پێداچوونەوەی بەندە بون، بەڵام لە راستیدا شانبەشانم هاتووە و بە پشوودرێژی خۆی دنەی داوم، بۆیە ناکرێ منەتباری نەبم و نەڵێم هەر بژی بە شادی و کامەرانی. هەروەها زۆر سپاسی مامۆستایان رەفیق سالْح و سدیق سالْح دەکەم لە بنکەی ژین، کە بە هاوفکری و ناردنی فایلی ئەلبوومی شێخ مەحموود یاریدەیان داین تا ئەو وێنانەی لە کتێبەکەدا هەبوون و جوان دەرنەچووبوون جێگۆڕکەیان پێ بکەین. ئەم وێنانەش کە وەگیرمان نەکەوتوون و تلْخ و کرووز و نابەدڵ دەرچووبوون، لە شوێنی خۆیان داندراونەوە و بەلامانەوە جێیداخە و هیواداریین بە چاوی لێبووردنەوە لەم کەموکورتییە و سەرجەمی کەماسییەکان بڕوانن و بە چاوی سەر بەسەرمان بکەنەوە.

سەلاحەددین ئاشتی ـ مەهاباد

١٣٩٩/٧/٢ =٢٠٢٠/٩/٢٣

ژیاننامەی ڕەفیق حیلمی

ڕەفیـق کـوڕی محەممـەد سـاڵح ئەفەندی، کـوڕی عەبدوڵـڵا ئەفەندی، کـوڕی حاجی غەفـوور، کـوڕی پیرۆزخانی کچـی قادر ئاغا، کـوڕی هەمزەئاغای مەسـرەف. محەممەد ساڵح ئەفســەری ڕەدیف بووە لە سوپای عوسمانیدا، بەهۆی پیشەکەیەوە هەر ماوەیەک لە جێگەیەک بووە و بەناچاری خاوخێزانی لەگەڵ خۆی گواسـتووەتەوە. دوو ساڵ پێش سەدەی بیستەم لە کەرکووک گیرساوەتەوە، بەڵام کەرکووکی ئەو کاتە وەک کەرکووکەکەی جاران نەبووە، کە ناوەندی ویلایەت بووە، بەڵکوو بەشـێک بووە لە ویلایەتی مووسـڵ؛ ئیتر ئەو ڕەونەقە کولتوورییەی جارانی نەمابوو.

سـاڵح ئەفەنـدی، لەگەڵ حەلاوەخانـی کچی مارف ئاغـا کوڕی عەزیز ئاغـا، کە بە خزمایەتی گەیشتوونەتە یەک، زەماوەندی کردووە؛ ئەویش وەکوو ژنانی سەردەمی خۆی ئەرکی سـەرەکی بریتی بووە لە خزمەتکردنی هاوسـەرەکەی و منداڵ خستنەوە. ڕەفیق سـاڵی ١٨٩٨ نۆبـەرەی ئـەو زەماوەندە بووە. جگە لە ڕەفیق، دوو کـوڕ و کچێکی هەبووە بە ناوەکانی شەفیق و جەمیل و عیسمەت. جەمیل هەر بە منداڵی مردووە و شەفیق لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی هاتووەتەوە بۆ کوردستان و دوایی گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا، ئیتر بێسەروشـوێن بووە. عیسـمەت کە پێیان وتووە «بجی»، ساڵی ١٩٠٩ لەدایک بووە، شووی نەکردووە و لە ماڵی ڕەفیق حیلمی ماوەتەوە و ٨ی ئابی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەیوان بە تەنیشت ڕەفیق حیلمییەوە نێژراوە.

ساڵح ئەفەندی باوکی، ژنێکی دیکەی بەناوی ماهیە هەبووە، لەویش کوڕ و کچێکی بەناوی ئیبراهیم و بەهیە هەبووە، بەڵام لێی جیا بووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ لای ژنی یەکەمی. ڕەفیق هەر بە منداڵی جێگەیەکی تایبەتی لای باوکی هەبووە و لەبەر خۆشەویستی پێی وتووە: «کوڕی لاو!» باوک و دایکی بە گەنجی مردوون.

ئەو کاتەی باوکی لە کفری بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەلاحییە دەس‌پێکردووە و ساڵی ۱۹۰۹ تەواوی کردووە. دوای گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک، ماوەیەکی کەم دەرسی ئایینیی لە مزگەوت خوێندووە؛ لە بەختی ئەو باوکی گوازراوەتەوە بۆ سلێمانی و لە خوێندنی ئایینی دابڕاوە و خراوەتە «قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری» لە سلێمانی؛ دوای تاقی‌کردنەوەیەک لەبەر لێهاتوویی خراوەتە پۆلی دووەم. دوو ساڵەکەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و ڕەوانەی بەغدا کراوە.

ساڵانی ۱۹۱۲-۱۹۱۳ پۆلەکانی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی سەربازیی لە بەغدا تەواوکردووە و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بەرەو ئەستەمووڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەڕێکەوتووە.

بەهۆی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییەی کە لە ژێر گوشاری یەکێک لە مامۆستاکانی لەسەری نووسرابوو گوایە نەخۆشی دڵی هەیە و بۆ ئەفسەری ناشێت، ڕێگەیان نەداوە بۆ ئەفسەری بخوێنێ. خۆی نووسیویەتی: «بڕیارم دا کە ڕێگەیەکی تازە بۆ خۆم دابنێم و لەسەری بڕۆم. لە ڕیازیاتا (ماتماتیک) باش بووم، کەوتمە سەر هەوەسی مەکتەبی هەندەسەی عالی لە ئەستەمووڵ؛ بەڵام ئەیانوت لەوێ دەرچووانی ئیعدادی موڵکی وەرئەگرن، لەبەر ئەمە گەڕامەوە سلێمانی و هاوینم بە ئیسراحەت ڕابوارد، ئینجا چوومە ئاخر سینفی ئیعدادی موڵکی و هەر ئەو ساڵە شەهادەی ئەم مەکتەبەیشم وەرگرت و چوومەوە ئەستەمووڵ؛ لە ١٩١٤دا چوومە هەندەسەوە.»

لە ئەستەمووڵ هەست‌ونەستی کوردایەتی لەوپەڕی گەشەکردندا بووە؛ کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە هەموو ئاستێکدا و لەناو هەموو چین و توێژەکاندا خەریکی چاندنی بیری کوردایەتی بوون، بەتایبەتی لەناو خوێندکاراندا؛ حاجی ئەولای حەمەکەریم کەرکووکی کە خاوەنی گۆڤاری ژین بووە، ڕەفیق حیلمی ناساندووە بە

نەجمەددیـن کەرکووکـی بـرای عەبدولخالق ئەسـیری، کە یەکێک بووە لە هەڵسـووڕاوە دیارەکانـی «جەمعییەتـی هێڤی»؛ نەجمەددین دەرچووی بەشـی ئیلاهیاتی دارولفنوون بووە. حیلمی زۆر سەرسـام بـووە بە لێهاتوویی و کوردپـەروەری نەجمەددین و هەر زۆر زوو کەوتووەتـە بەر کاریگەری بیروباوەڕە کوردانەکانییەوە. ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «یەکەم کەسـێک بـوو کە هاتبووە لام، بەهـۆی ئەو لاوە کوردەوە کە بلیمەتـی زەمانی خۆی بوو، گەلی کوردم ناسی و دوای ماوەیەکی زۆر کەم، چوومە ڕیزی ئەو قوتابییە کوردانەی کە بە خوێن‌پاکی و جێی‌باوەڕ ناسرابوون لە کۆمەڵەی هێڤی...»

تەواوکردنی خوێندنەکەی هاوکات بووە لەگەڵ دامرکانەوەی ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانی و سـاڵی ۱۹۱۸ گەڕاوەتەوە بۆ سـلێمانی. بارودۆخی سیاسـیی سـلێمانی لە کاتی گەڕانەوەی «ڕەفیق حیلمی»دا زۆر جیاواز بووە لە جاران؛ سوپای عوسمانی پاشەکشەی کردبوو، شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ ئینگلیز ڕێککەوتبوو بۆ ئیدارەدانی سلێمانی و بەتەمای دامەزراندنی حکوومەتێک بوو بۆ کورد.

پاش ماوەیـەک لـە سـەقامگیری لـە سـلێمانی، لەگـەڵ جەمیلەی کچی مسـتەفا ئەفەنـدی، کە ئەویـش لە بنەماڵەی هەمزەئاغای مەسـرەف بـووە، زەماوەندی کردووە. ڕەفیـق حیلمـی، بەهۆی زانینـی زمانەکانی فەڕەنسـی و ئینگلیزی و فارسـییەوە میجەر نۆئێل، داوای لێ‌کردووە ببێتە وەرگێڕی تایبەتی و فێری زمانی کوردیشی بکات.

پاش ئـەوەی میجـەر نۆئێـل سـلێمانی بەجێ‌دەهێڵێـت، یەکێـک لـە فەرمانـدە سەربازییەکانی ئینگلیز بەناوی کەپتەن بیل داوای لێ‌کردووە ببێت بە وەرگێڕی تایبەتی و لەگەڵ ئەودا گەشـتێک بەتەواوی کوردستاندا بکەن و ماوەی نزیکەی ساڵێک لەگەڵ ئەودا ماوەتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسـانی شۆڕشـەکانی شـێخ مەحمـوود دژی ئینگلیز زیندانی کراوە. لەم یادداشتەدا بەوردی سەربووردەی خۆی لە سەردەمی حکوومەتەکانی شێخ مەحمووددا گێڕاوەتەوە، بۆیە پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات و ئەو بەسەرهاتانە دەگێڕینەوە کە دوای لکاندنی سلێمانی بە عێراقەوە بە سەری هاتووە.

لە ۱۹۲٤/۹/۱٤ بە فەرمانێکی ساتع ئەلحوسەری کە مودیر عام بووە لە وەزارەتی مەعاریفی عێراق و کەسێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی توندڕەو بووە، بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە ڕەفیق

حیلمـی بـۆ گوندی «مەجـەر ئەلکەبیر» لە دوورترین شـوێن لە باشـووری عێراق دوور خسـتووەتەوە؛ تا ١٩٢٦/٩/١ ڕێگەیان داوە جارێکی دیکـە بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و لە قوتابخانەی «العلمیة» دەست‌بەکار بووەتەوە. دوای ساڵێک وەزارەتی مەعاریفی عێراقی لە ١٩٢٨/٩/١ ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسـەر ئەوەی بە وەزیفەوە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و بووەتەوە بە مامۆستای ئامادەیی کوڕان.

کاتێک لە سلێمانی بووە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی هاوڕێیی بەشداری ڕاپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ کردووە؛ دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ خەڵکێکی زۆری تر گیراوە؛ پاش ئازاد بوونی گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و لە ١٩٣٠/١٠/١ بۆ ١٩٣١/١٠/١ کراوەتە مامۆستای ئامادەیی لە هەولێر.

هەرچەندە تەنها ساڵێک لە هەولێر ماوەتەوە، بەڵام پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ قوتابییەکانیـدا دروسـت‌کردووە و لـەو ماوە کەمـەدا بووەتە پردێکی پەیوەنـدی لە نێوان لاوانی سـلێمانی و هەولێر. مامۆسـتا مەسـعوود محەممەد لە یادداشـتەکانیدا باس لەوە دەکات کـە چـۆن دوای هاتنی ڕەفیـق حیلمی گیانـی کوردایەتی لە هەولێر تەشـەنەی سـەندووە و نووسـیویەتی: «لە هەولێر گیانێکی کوردایەتی تازە کەوتبووە ناو گەنجە تازە خوێندەوارەکانەوە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەورێکی گەورەی بینیبوو لە ئاگادارکردنەوەی ئەو خەڵکە بۆ کورد بوون و خۆ بە کورد زانین.»[1]

بـەڵام دوای ئـەوەی حکوومەتـی عێراق بەوەی زانیـوە بەپەلە لـە ١٩٣١/١٠/١ بڕیاری نەفی‌کردنی بۆ ناسـرییە دەرکردووە. نزیکەی سـاڵێک لە ناسرییە ماوەتەوە. لەوێش زۆر نامێنێتـەوە لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٣٢ وەزارەتی مەعاریفی عێراقی بڕیاری گواسـتنەوەی لە ناسرییەوە بۆ ناوەندی مووسڵ دەرکردووە.

لـە مووسـڵیش ڕەفیـق حیلمـی دەکەوێتـە چالاکـی کولتـووری و لـە ناوەنـدە کولتوورییەکانـی ئەوێـدا دەکەوێتـە چالاکـی کوردانـە و چەندیـن کـۆڕ سـەبارەت بـە مێـژووی کـورد و کوردسـتان سـاز دەکات و کتێبـی «کـورد لـە بەرەبەیانـی مێـژوو تاوەکـوو سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم» بـە عەرەبـی دەنووسـێ و چـاپ و بـڵاوی

---

١. مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، ل ١٩٥، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، تێران، کەرەج، ٢٠١٨.

دەكاتــەوە. چالاكییەكانــی وا لــە دەســەڵاتدارانی حكوومەتــی عێراقــی دەكات لــە ١/١٠/ ١٩٣٤ فەرمانی گواستنەوەی بۆ ئامادەیی بەسرە لە خوارووی عێراق دەربكەن.

دوای ئەوەی ماڵومنداڵی دەباتەوە بۆ سـلێمانی، خۆی بە تەنها چووە بۆ ئەو شـارە، بەڵام لەوێش زۆر نامێنێتەوە و دوای ساڵێک لە ١ی نیسانی ١٩٣٦ دیسانەوە گوازراوەتەوە بۆ شاری ناسرییە. لەوێ لەگەڵ شاعیری ناوداری عێراقی محەممەد مەهدی جەواهیری ئاشنایی پەیدا كردووە؛ ئەو ئاشنایەتییە بەردەوام بووە تا لە دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ پێكەوە حیزبێكی سیاسییان پێكهێناوە.

چەنـد مانگێـک لەوێـش دەرس دەڵێتـەوە، بـەڵام دیسـانەوە بۆ هەراسـان كردنی لە ١ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٦دا جارێكی دیكە گەڕاندوویانەتەوە بۆ كەركووک و كراوە بە بەڕێوەبەری ناوەندی كەركووک.

ساڵی ١٩٣٦ خۆی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كاندید كردووە، بەڵام ئینگلیزەكان و حكوومەتـی عێراق ڕێگرییان كردووە لە خۆ كاندید كردنی. پاشـان وەزارەتی مەعاریف لە مایسی ١٩٣٧، دیسانەوە دووریان خستووەتەوە بۆ بەسرە.

لە كۆتایی سـییەكانی سـەدەی ڕابردوودا، سـاتع ئەلحوسـەری لە مەعاریفی عێراق دوورخراوەتەوە و بەمجۆرە تا ڕادەیەک گوشـارەكانی سەر ڕەفیق حیلمی كەم دەبێتەوە و دوای ساڵێک لە ١/١٠/١٩٣٨ گواستراوەتەوە بۆ بەغدا و بووەتە موفەتیشی مەعاریف.

سـاڵی ١٩٣٨ قوتابییانی كورد لە شـاری كەركووک كۆمەڵەی داركەریان دامەزراندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی كەسـیان لە ئاستی بەرپرسـیارییەتێكی وا گەورەدا نەبوون، بەهۆی هەڵوێسـتە پتەوەكانییـەوە سـەبارەت بـە مەسـەلەی نەتەوایەتـی و بەرگریكردنـی لە گەلـی كورد، هەروەها بەهۆی ئـەوەی زوربەی ئەو قوتابییانـەی كاتی خۆی پەروەردەی دەسـتی ڕەفیق حیلمی بوون، ڕای زۆرینە ئەوە بووە قسـەی لەگەڵ بكرێت بۆ سپاردنی سـەرۆكایەتی كۆمەڵە. یوونس ڕەئـووف (دڵدار) و كاكە حەمەی خانەقا ڕاسـپێردراون و لـە بەغـدا پەیوەندییـان پێوە كـردووە و بـڕیاری كۆنگرەیان پـێ ڕاگەیانـدووە، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە داواكەی قبووڵ كردووە.

گومـان لـەوەدا نییـە كـە ڕازی بوونـی ڕووناكبیـر و مامۆسـتایەكی گـەورەی وەک

ڕەفیق حیلمی،کە ساڵانێک لە پێناوی بڵاوبوونەوەی بیری کوردایەتی لەناو کۆمەڵگا بەگشتی و خەڵکە خوێندەوارەکە بەتایبەتی تێکۆشاییت، نەک هەر شەرعیەتی بەو ڕێکخراوە بەخشی، بەڵکوو هێندەی تر پایەکانی پتەوتر کرد.

هاتنی ڕەفیق حیلمی بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵەی دارکەر، گوڕ و تینێکی زۆری بەخشی بە کۆمەڵەکە؛ بە داوای ئەویش ناوی کۆمەڵە گۆڕاوە بۆ حیزبی هیوا. مەبەسی ڕەفیق حیلمی لەوەدا ئەوە بووە، درێژە بەو خەباتە بدات کە «کۆمەڵەی هێڤی قوتابییانی کورد»، لە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمووڵ دەستیپێکردبوو و خۆی تێیدا ئەندام بووە. «ئامانج و خەونی نەتەوەیی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی شێخ مەحموودا کۆتایی نەهات. حیزبی هیوا درێژە پێدەری هەمان ئەو ئامانج و خەونە نەتەوەیی‌یە بوو کە مامۆستا لە ئەستەمووڵەوە لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە کوردستان.»

حیزبی هیوا زۆر بە خێرایی بوو بە گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی کە تا ئەو کاتە کۆمەڵگای کوردی بە خۆیەوە دیبووی. هەزاران ڕۆشنبیر و کاسبکار و بازرگان و سەرۆک خێڵ، هاتنە ڕیزی حیزبەوە و بەهۆیەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەو نسکۆیانەی تێپەڕاند کە لە سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود (١٩١٩-١٩٣٠) تووشیان هاتبوو، جارێکی دیکە متمانە گەڕایەوە بۆ دەروونی جەماوەری کورد تا هۆشیاری نەتەوەیی لە سەرتاسەری کوردستان بڵاو بکاتەوە و گەلی کورد ئامادە بکات بۆ بەرپاکردنی جەنگە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکانی لە داهاتوودا.

ڕەفیق حیلمی تا هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا لە ساڵی ١٩٤٥، سەرۆکی ئەو حیزبە بووە. لە ڕووی وەزیفەوە لە ١٩٤٠/١٢/١١ کراوە بە موفەتیشی مەعاریفی مووسڵ و تاوەکوو ١٩٤١/٣/٢٥ بەردەوام بووە؛ لە مانگی ئازاری ١٩٤١ دیسانەوە گەڕێنراوەتەوە بۆ بەغدا و دوای حەوت مانگ، واتە لە ١٩٤١/١٠/١ کراوە بە موفەتیشی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و تاوەکوو ١٩٤٥/٧/٩ بەردەوام بووە .

لە ١٩٤٥/٩/١٤ وەک بەڕێوەبەری مەعاریف گواستراوەتەوە بۆ بەسرە. ڕۆژێک دوای دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەکەی لە ١٩٤٥/٩/١٥ چووە بۆ بەسرە و دەستبەکار بووە و تاوەکوو ١٩٤٦/١١/١٠ لەو پۆستەدا ماوەتەوە، بەڵام لە ١٩٤٦/١١/١٠ بە هەمان پۆستی

بەڕێوەبەری مەعاریف گواستراوەتەوە بۆ لیوای دیالە و هەتا ١٩٥١/٧/٢٢ لەوێ بووە.

لە ١٩٥١/٧/٢٢ پلەی ڕەفیق حیلمی لە مودیری مەعاریفی دیالەوە دابەزێندراوە بۆ مامۆستا و نەقڵ کراوە بۆ قوتابخانەی کەرخ. پاشان لە ١٩٥١/٩/٣٠ نەقڵی ناوەندی مەنسوور و پاشان لە ١٩٥٢/١/١٦ گوازراوەتەوە بۆ ئامادەیی مەرکەزی کوڕان لە بەغدا و دیسانەوە لە ١٩٥٢/٣/١٦ دەگەڕێندرێتەوە بۆ ناوەندیی کەرخ و تاوەکوو ١٩٥٢/٩/١٦ لەوێ دەمێنێتەوە. دواتر لە ١٩٥٢/٩/١٧، کراوە بە مودیری مەعاریفی عەمارە.

ڕەفیق حیلمی کە ئەو کاتە مودیری مەعاریفی لیوای عیمارە بووە لە بەغدا، بڕیاری داوە بە شێوەی سەربەخۆ لە بازنەی سلێمانی خۆی کاندید بکات. حکوومەتی عێراق کێشەی بۆ دروستکردووە و بەناچاری پاشەکشەی کردووە.

لە ١٩٥٣/٦/١١ بە «ئیعارە» بۆ ماوەی پێنج ساڵ نەقڵی بەغدا کراوەتەوە و وەک «موعاوینی ئەمانەی عاسیمە» دەستبەکار بووە. هەرچەندە ماوەی پێنج ساڵەکە کۆتایی نەهاتووە، بەڵام وەزارەتی مەعاریف لە ١٩٥٤/٧/١١ سەرەڕای ناڕەزایەتی خۆی کۆتایی بە ئیعارەکەی هێناوە و لە ١٩٥٤/٧/١٢ ئینفیکاکی پێکراوە و لە ١٤/٧/ ١٩٥٤ پلەکەی دابەزێندراوە و کراوە بە موعاوینی ئیعدادییەی مەرکەزیی کوڕان لە بەغدا.

دوای سێ ساڵ لە ١٤/١٠/ ١٩٥٧ وەزارەتی مەعاریف بڕیاری داوە ڕەفیق حیلمی بگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناوەندی شەرقییە لە بەغدا. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گۆڕانێکی زۆر بەسەر ژیانی «ڕەفیق حیلمی»دا هات. ئیتر لە کەسێکی بێزراوی سیاسی لەبەرچاوی حکوومەت، بوو بە کەسایەتییەک کە ڕۆڵ و کاریگەری بەسەر ڕووداوە سیاسی و کولتوورییەکانی دوای شۆڕشەوە هەبوو. سەرەتای شۆڕش لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران بەناوی کوردەوە بەشدار بوون لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکییەتی ئەدیبانی عێراق.

لە ١٩٥٨/١٢/٧ حکوومەتی کۆماری عێراق لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتیی سدیق ئەترووشی و ئەندامێتی محەممەد محەممەد ساڵح و ناجی عەباس، مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردە و ڕەفیق حیلمی و عەلائەددین سەججادی پێکهێناوە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، بۆ ئەوەی چاپ بکرێت و لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و

بەشی یەکەم

سەرەتا

لە ساڵی ١٩٣٤ لە مووسڵ مامۆستای ڕیازیاتی ئیعدادی بووم. دوکتۆر مەجید خدووری[1] ڕەفیقی زۆر خۆشەویست و بەنرخم کە دوایی وازی لە عێراق هێنا و چووە ئەمەریکا، لەو ڕۆژەدا لە مەکتەبەکەی ئێمە مامۆستای «اجتماعیات» بوو. هەردووکمان پێکەوە لە کۆمەڵی عیلمی مووسڵیشا ئەندام (عضو) بووین. لە ژێر ناوی «المسئلة السورية»دا کتێبێکی نووسیەوە و دانەیەکی چاپکراوی بە دیاری بۆ ناردم، کە تێفکریم لە زۆر لاوە مەسەلەی سووریە و فەیسەڵی یەکەم لە مەسەلەی شێخ مەحموود و کوردستانی عێراق ئەچێت. منیش بەهۆی نزیکیم لە شێخ مەحموود و هەندێ لە ئینگلیزە کاربەدەستەکانی دەوری شێخ مەحموود، لە کاتی خۆیا هەر بۆ یادداشت زۆر شتم لای خۆم تەسجیل کردبوو و نووسیبوومەوە. لەبەر ئەمە کەوتمە سەر بیری نووسینەوەی مەسەلەی شێخ مەحموود و کوردستانی عێراق، بەڵام دیارە کە پێویستم بە گەلێ شتی تر هەبوو، وەکوو چەن کتێبێکی تایبەتی بە زمانە بێگانەکان؛ پرسیاری و کۆڵینەوەیەکی ورد و تەواو دەربارەی هەواڵ و بەسەرهاتی کورد.

دۆست و برا کوردەکان دەسم بۆ درێژ کردن، درێغییان نەکرد و کەم وزۆر یارمەتییان دام. لە برا عەرەبەکانیش هەندێکیان بەڕاستی پیاوانە هاتنە پێشەوە و هەر کتێبێکی لای ئەوان

---

١. دوکتۆر مەجید خدووری (١٩٠٨ - ٢٠٠٧)، نووسەر و مێژوونوس و بیرمەندێکی عەرەبی بوو. لە مووسڵ لەدایکبووە و لە بەیرووت پسپۆڕی لە ئاداب وەرگرتووە. ١٩٣٨ لە شیکاگۆ دوکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٨٠ بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات بووە لە ئەمەریکا. م.س.

دەس ئەکەوت بە خۆشییەوە بۆیان ئەناردم. لەوانە یارمەتی دوکتۆر مەجید خدووری ناوبراو و قەس سلێمان سائیغ و مامۆستا دەروێش میقدادی و دوکتۆر فازیل حسێن لە برا عەرەبەکان و مامۆستا ناجی عەباس و عەبدولقادر قەزاز و فایق کاکەمینی خوالێخۆشبوو و کاک ئەدیب عارف موعاوینی شورتەی دانیشتوو و ڕەئیس عەبدولواحد و مامۆستا گیو و کاک شاکر موجریم لە برا کوردەکان، بەڕاستی جێگەی سپاسی تایبەتییە. بەهۆی کەڵکێکی بەنرخ کە لە ڕێی کۆڵینەوەی نووسراوە نایابە چاپکراوەکانیانەوە دەسم ئەکەوت ئەبێ سپاسی مامۆستایانی بەرز و خزمەتگوزار ئەمین زەکی بەگ و ئەمیر جەلادەت بەدرخان و حوزنی موکریانی خوایان لێخۆش بێ و مامۆستا مارف جیاووک و دوکتۆر بەلەچ شێرکۆ و مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، کە هەریەکە مێژوونووسێکی ناودار وە یا نووسەرێکی بەنرخی کوردن، بە یاد بکەین و لە بیرمان نەچێتەوە.

ئینجا من بەهۆی ئەم یارمەتی و کەڵکوەرگرتنە بەنرخانەوە توانیم دەس بدەمە نووسینەوەی ئەم یادداشتە کە لە زۆر دەمێکەوە تا ئیمرۆ باسی بەشی زوربەی بەسەرهاتی کورد ئەکا و بەتایبەتی مێژوویەکی تەواوی مەسەلەی شێخ مەحموود و کوردستانی عێراقە. نامەوێت خزمەتی ناهیدەی کچیشم بکەم بە ژێر لێوەوە؛ ئەویش حەقی بە سەرمەوە هەیە و لە تەرجەمەی ئەو باسانەدا کە لە کتێبە ئینگلیزییەکان وەرمگرتووە یارمەتی تەواوی داوم و لەگەڵم ماندوو بووە، ئیتر وەکوو هەموو جارێک ئەمجارەیش لە خوێنەرە بەڕێزەکان تکام ئەوەیە کە لە کەموکورتیم ببوورن و هەر زەڵلەیەکی کردوومە بە چاوی لێبووردن بە سەریدا بڕۆن و بمبەخشن بە مەبەسی چاکە و سەرمایەی کەمم.[١]

بەغدا، بستان الخمس ـ ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی ـ ١٩٥٦/٧/٢٥

١. لە «القضیة الکردیة»ی مارفبەگ کەڵکم وەرگرتووە.

١

شـەڕی گەورەی یەکەم بڕایەوە، بەڵام دوای ئەوە کە لە ماوەیەکی پێنج ساڵیدا نزیکەی سێیەکی شـەڕکەرەکانی بـە وێنـەی بەفـری بەر هـەتاو توانـەوە و لەناوچـوون؛ بەڵێ لە دوای ئەوە کە بە وێنەی نەخۆشـی تاعوون و ڕشـانەوە، لە هەموو کاتێکی ئەم شـەڕە ناموبارەکـەدا هـەزاران لاوی جـوان و تازە پێگەیشـتوو لـەناو چـوو، وە ئەوەندە ڕۆڵەی شـیرین لەم سـەرزەمینەدا بە تـۆپ و فڕۆکە و تفەنـگ، واتە بە بەری شارسـتانییەتی وە یا بەری زانسـتی و فەن کوژران و ئەنجن‌ئەنجن کران، کە نایەنە ژماردن. ئەمە جگە لەوانـەی کـە نـران بە نیشـانەوە و تیرباران کـران وە یا کران بـە دارا؛ لـە فڕۆکە کەوتنە خـوارەوە؛ لـە ئاگرا سـووتان وە یا لە ئـاوی زەریاکانا خنـکان. ئەوانەش کـە بەهۆی ئەم شـەڕە ناخێـرەوە لە دەوری قات‌وقڕی لە برسـا وە یا لەبەر بێ‌دەرمانی و بێ‌دەسـەڵاتی، بە نەخۆشـی مردن بخرێتە حیسـابەوە، ژمارەی فـەوتاوەکان و لەناوچووەکان ئەگاتە ٣٤ میلیـۆن.[١] ئینجـا بەم‌جوورە ئەم شـەڕە گەورەیـە دوای ئەوە کە ماڵ نەما شـینی تێنەخا، وە دوای ئـەوە کە شـارانی وەرگێڕا بە وێرانە، شـاهانی کرد بە گـەدا؛ بەڵێ دوای ئەمە کە دونیای کرد بە دۆزەخێکی بێ‌بن و ماوەی پێنج سـاڵ ئاگری ئەم دۆزەخەی بە ئێسـکی بەنیادەم خۆش کرد وە بۆ دەهرییەک بە بێخی بەشـەرا چووە خوارەوە و لەسـەر زەمین قەبرسـتانێکی بێ‌سـنووری هێنایە ناو، وە بەم چەشـنە بەڵگەیەکی گـەورەی دایە دەس ئەوانە کە لە ڕاستی و سەرەوخێری شارستانییەتی چەرخی بیستەم بە گومان بوون؛ بەڵێ دوای هەموو ئەمانە، ئینجا سـوێندخۆرەکان لە «وەرسایل»ەوە[٢] لە مێژووی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا شەرتەکانی ئاشتییان ئیمزا کرد و دونیا هەناسەیەکی ڕەحەتی کێشا!

---

١. بەپێـی ستاتسـتیکی «عصبة‌الأمـم»، لـە شـەڕی گـەورەی یەکەمـی گێتیـدا ١٣ میلیـۆن کەس بە شـەڕ، وە ١٨ میلیۆنیـش بەهۆی شـەڕەوە لەناوچوون. هەندێ ستاتسـتیکی تریش ژمارەی فەوتـاوەکان ئەگەیەنێتە ٣٤ میلیۆن. (الهلال، ساڵی ١٩٣٤).

٢. ڤێرسای. س.

٢

لە دوای موتارەکە[1] وەزع و هەواڵی دەوڵەتی عوسمانی

لەبەر ئەوەی کە بەشێکی زوربەی کورد و کوردستان و بەتایبەتی وڵاتی کوردی عێراق، تا شەڕی گەورەی یەکەم بڕایەوە لە ژێر حوکمی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بە پێویستی ئەزانین کە لەلایەن وەزعی ئەم دەوڵەتەوە لە دوای موتارەکە کەمێک بدوێین: پاش بڕانەوەی شەڕ وە ئیمزاکرانی شەرتەکانی ئاشتی لەگەڵ تورکەکان لە «مندرۆس»[2] لە مێژووی ١٩١٨، سوێندخۆرەکان لەشکریان ناردە ئەستەمووڵ و داگیریان کرد. ئینجا ئێوە هەواڵی ئەستەمووڵ و دانیشتووەکانی بخەنە بەرچاو. بیرێک لە سەرلەشکر و زابتان و گەورەکانی تورک بکەنەوە کە لە ئەستەمووڵ بوون. مەبعووسە خوێنگەرمەکان و لاوانی نیشتمانپەروەری تورک، بوێژە بەرزەکان و ئەدیبە ناودارەکانی ئەو ڕۆژە بێننە بەرچاو کە دەسی قەڵەم (پێنووس)یان شکابوو. بیرێ لەو تورکانە بکەنەوە کە بە زەلیلی کەوتبوونە ژێر چنگی لەشکری سوێندخۆرەکان و لە پایتەخت و ناوچەی وڵاتی خۆیانا بووبوون بە دیل. ئەو تورکانە کە دەوڵەتەکەیان وای بەتەما کردبوون لەگەڵ ئەڵمانەکان پێکەوە لە شەڕا سەرکەون، بە «سنجاقی شەریف»[3] گرەو لە ئینگلیز ببەنەوە،

---

١. واز لێهێنان، بڕینەوەی شەڕ.

٢. بەندەری مودرۆس لە دوڕگەی لیمنۆسی یۆنان. س.

٣. سنجاقی شەریف (Sancak-ı Şerif): بەپێی گێڕانەوەکانی تورک ئەو ئاڵایەی کە محەممەد پێغەمبەری ئیسلام هەڵیکردووە، بریتی بووە لە پارچە، کە بە خوری چنراوە و لەسەری نووسراوە: «لا اله الا الله». دوای هەر چوار خەلیفەکە دەستاودەستیان پێکردووە، پاشان کەتووەتە دەستی ئەمەوییەکان، ئینجا عەباسییەکان. دوایین خەلیفەی عەباسی لە ترسی مەغۆلەکان بردوویەتی بۆ میسر. پاش هاتنە دەسەڵاتی عوسمانییەکان ئەو ئاڵایە کەوتووەتە لای سلێمانی قانوونی و وەک هێمایەکی پیرۆز لە کۆشکدا جێگەیەکیان بۆ داناوە و لە خەلیفەیەکەوە بۆ خەلیفەیەکی دیکە بەجێماوە و لە کاتی فتووحاتەکانیاندا لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرتووە و سوێندی سەختیان بەو ئاڵایە بووە. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤دا دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دا بەشداری یەکەمین جەنگی جیهانی بکات. سەدری ئەعزەم و شێخولئیسلام لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا لە ژێر ئەو بەیداخەدا جیهادی گەورەیان لە دژی بریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا ڕاگەیاند. م.س.

وە هەموو مسوڵمانەکانی دونیای لێ ڕاست بکەنەوە، بەڵام ئەوا پایتەختە خۆشەویست و شیرینەکەیان لەلایەن دوژمنەکانەوە داگیر کرابوو،[1] سەرنەوی و لووت‌شکاو کەوتبوونە ژێر حوکمی قەرەقوشی لەشکری سوێندخۆرەکان و بەتایبەتی لەشکری ئینگلیز. ئەوانە کە عەسکەر بوون بە زابتان و ئامیرەکانەوە لە ترسی ڕیسوا بوون بەرگیان گۆڕیبوو وە یا خۆیان شاردبووەوە...

سوێندخۆرەکان بەرامبەر بە تورک، بە حیکمەت نەجووڵانەوە. فیزی سەرکەوتن لە شەڕا پەردەی بە چاوا هێنابوون. زیاد لە پێویست تورکەکانیان تەنگاو ئەکرد و تێگەیشتووەکانیان ئێجگار سووک و بێ‌قەدر ئەهاتە بەرچاو. دەسدرێژی عەسکەرەکانی سوێندخۆرەکان و لادانیان لە شەرم و ئەدەب، وردەوردە تورکە بێ‌هێز و مردووەکانی زیندوو ئەکردەوە. زابتان و خوێندەوارە بەرزەکان و مەبعووسە نیشتمانپەروەرەکان چارەیان نەما و لە یەکتری نزیک کەوتنەوە. بیریان لەم حاڵە کردەوە کە تیابوون. زانییان کە ئەم چەشنە ژیانە لە مردن چاتر نییە، لەبەر ئەمە ئەوەندەی پێنەچوو خوێن‌گەرمەکان و وڵاتپەرستەکان بڕیاریان دا کە بجزوونەوە. ئەیانزانی کە ئەنجامی ئەم بزووتنەوەیە سامناکە، بەڵام چەشنی ژیانی ئەو ڕۆژەشیان تامێکی تیا نەمابوو. زۆری تورکەکان ئاواتەخوازی مردن بوون؛ کەوابێ لە مردن بۆچ بترسن؟ بەتایبەتی مردنێک کە لە ڕێی شەرەف و لە ڕێی ڕزگاری نیشتمانا بێ. ئەگەر هاتوو نیشتمانەکەشیان بۆ ڕزگار نەکرا و شەرەفی خۆیان بۆ نەکڕایەوە بە مردن ڕێی ڕزگاری لە دیلی و سووکی نەبەسرابوو. میللەتی تورک ئەوەندەی خوێن تیا مابوو کە هەست بەم بێ‌شەرەفییە بکا، لە مێژووی ڕابووردووی ئیلهام وەرگرێ، بۆ ژیانێکی بەشەرەف وە یا لە ڕێی ئازادی قەومەکەیا لە خۆ بەخت‌کردن دوا نەکەوێ و بەو خوێنەی کە لە ڕەگەکانی عەسکەرە لاوەکانییا ماوەتەوە ئەم پەڵە پیسەی نووساوە بەناوی تورکەوە بیسڕێتەوە و پاکی بکاتەوە.

---

١. دوای ئاگربەستی مودرۆس کە کۆتایی بە بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی هێنا لە یەکەمین جەنگی جیهانی، لە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ تا ٢٣ی سێپتەمبەری١٩٢٣، هێزەکانی بریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا، ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانییان داگیر کرد... پێشەنگی هێزەکانی فەرەنسا لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ چوونە ناو ئەستەمبووڵەوە و ڕۆژێک پاش ئەوە هێزەکانی بریتانیا چوونە ناو شارەکە و هێزەکانی ئیتالیاش لە ٧ی فێبرایەری ١٩١٩ لە گالاتا دابەزین. م.س.

ئیتر لەوەدا نەمابوو بیر لە ئەنجامی ئەم بزووتنەوەیە بکەنەوە. نازانم چە بزووتنەوەیەکیش لە دونیادا ئەنجامی لە پێشەوە زانراوە؟ کەی بە تەگبیر و عەقڵ، هەموو کارێک براوەتە سەر؟ کام زانای گەورە هەموو جارێک دوارۆژی بۆ دەرکەوتووە وە یا بە عەقڵ و هۆشی خۆی لە هەموو کردەوەیەکا سەرکەوتووە؟

کێ توانیویە ببێ بە دروستکوندەی دوارۆژی خۆی؟ ئایا بەشەر لەوانە بووایە کە بەبێ زیاد و کەم قەومانی ئایندەی، بەڵکوو قەومانی دوای سانییەیەکی بزانێ، لەو رۆژەوە دونیا دونیایە کەسێک چەوتی رووی لێ ئەدا وە یا شتێکی خراپی ئەکرد؟ دیارە نە؟ کەوابوو ئەو عیللەت و هۆیانە کە ئەیهێنینەوە، ئەو هەموو حیسابە دوورودرێژە کە ئەیکەین هەر بۆ ئەوەیە کە گوناهی کردەوەکانمان بخەینەوە سەر ئەستۆی خۆمان.

هەروەکوو ئەنجامی باشییەکانی هەندێ کردەوەمان ئەبەینەوە سەر عەقڵ و تەگبیری خۆمان و شانازی پێوە ئەکەین! ئەگینا عەقڵ و تەگبیر هەرچەن بۆ رێکخستنی تەیارەکانی فکر و روو پێوەرگرتنی[1] کردەوەکانمان کەڵکێکی گەورەی هەیە و ئەمە جێی ئینکار نییە؛ دیسانەوە ناتوانین بڵێین کە هەموو کردەوەیەکی دوای لێکدانەوە و بەکارهێنانی عەقڵ و تەگبیر، ئەنجامی باشی لێ پەیا ئەبێ. هەروەکوو بەپێچەوانەی ئەمانە ناشتوانین بڵێین کە هەموو کردەوەیەکی کوتوپڕ و بێلێکدانەوەی دوورودرێژ، ئەنجامەکەی خراپە و هەموو بزێویێک و سەرچڵێک نایباتە سەر و هەر ژێر ئەکەوی. ئینجا لەبەر ئەمەیە کە تورکەکان لە ئەستەموول، دوای ئەمە چارەیان نەما وە کردەوەی ناشیرین و ناڕەوای عەسکەرەکانی سوێندخۆرەکان زێفی لێسەندن و غەدر و ناحەقی کاربەدەستەکانیان کاری کردە مێشک و جەرگیان. گەیشتبوونە پلەیەکی زیندەگانی زەلیلی ئەوتۆ کە ئیتر بۆ رزگاربوون لەوە پەنایان ئەبردە بەر مردن. کاتی لێکدانەوەی دوورودرێژیان نەبوو، جڵەوی تەگبیر لە دەست دەرچووبوو. خۆیان دابوو بە دەم لافاوی حادیساتەوە. شکی تیا نییە کە ئەوانەی بەم جوورە ئەجووڵێنەوە و بەبێ لێکدانەوەیەکی مەنتیقی ئەبزوونەوە و ئەکەونە هەنگاوهاویشتن، کە هاتوو بەهەڵکەوت سەرکەوتن و رێگەیان بڕی، لە هەنگامەی ئازادی و سەربەخۆییدا بۆ هەموو کردەوە شێتانەکانی خۆیان

---

١. روو پێوەرگرتن: توجیە.

تەفسیرێک ئەدۆزنەوە و ئەنجامی باشی هەموو کردەوەیەکیان ئەدەنە پاڵ فەلسەفە وە یا مەنتیقێک. ئینجا نووسەر و بوێژەکان و مێژوونووسە دووڕووەکان ئەکەونە ستایش و سەناخوانی سەرکەوتووەکان و باسی نیشتمانپەروەری ئەوانە، کە تا دوێنێ بوو بە بێ‌عەقلی و سەرچڵی ناویان ئەبردن و گەلێ جاریش بەبێ مروەتانە دوژمنایەتی میللەتەکەیان وە یا خەیانەت و ناپاکییان ئەدانە پاڵ.

دوای بڕانەوەی شەڕی گەورە و ژێر کەوتنی هێزەکانی تورک و داگیرکرانی بەشە ماوەکانی وڵاتی عوسمانی لەلایەن لەشکرەکانی سوێندخۆرەکانەوە، لە دوای موتارەکە و بڕانەوەی شەڕ، بزووتنەوەی تورکەکان و لە سەرەوە دەس بە خۆ ئامادە کردنیان بۆ شەڕێکی تر لەگەڵ هەموو سوێندخۆرەکان، بەتاقی‌تەنیا و بەبێ یارمەتی دۆستێکی تایبەتی و جێی‌باوەڕ، لەم‌جوورە بزووتنەوە شێتانەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد و لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقا ڕێ‌ناکەوێت، بەڵام زەلیلی و کوێرەوەری میللەت، سووک و سەلیمی لەشکرە ژێرکەوتووەکەی دەوڵەتی عوسمانی، گەیشتبووە بناقاقە. لەبەر ئەمە پەنایان بردە بەر مردن. ئینجا فریشتەی تالیع، هیوابڕاوەکانی بە ئامانج گەیاند. ئەو سایە بزووتنەوەکەیان لە دونیادا بوو بە داستان...

٣

مستەفا کەمال[1] لە ئەنادۆڵ

وتمان کە لە دوای موتارەکە خەڵقی ئەستەمووڵ زۆر لە تەنگاوییا بوون؛ لەبەر ئەمە کە بڕیاریان دا بە بزووتنەوە، لە بزووتنەوە بەولاوە چارەیەکیان نەمابوو. ئینجا خوێندەوارە منەوەرەکان و نیشتمانپەروەرەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە بۆ بزووتنەوەکەیان ئەنادۆڵ بکەن بە ناوچە و شۆڕش لەوێوە هەڵگیرسێنن. ئەم فکرەش لە چەن سەرێکەوە بەجێ بوو، چونکە ئەستەمووڵ لەلایەن لەشکری سوێندخۆرەکانەوە داگیر کرابوو، شۆڕشی تیا نەئەکرا. بوونی عەسکەری چەن دەوڵەتێکی دوژمن لە ئەستەمووڵدا، سەفیرەکانی حکوومەتە بێگانەکان و گەلێ ئەقەللیاتی غەیرە تورک، زەلیلی و بێ‌هیوایی ئەو تورکە بێ‌چەک و بێ‌دەسەڵاتانە کە لە ئەستەمووڵدا بوون هەریەکە بەرهەڵستێکی گرنگ بوو لە ڕێی سەرگرتنی ئەم بزووتنەوەیەدا. لەم دەوری بێ‌هیوایی و لێکدانەوە بێ‌سوودەدا بزیسکێکی ناکاو دڵی نیشتمانپەروەرەکانی ڕوون کردەوە. حکوومەتی ئەستەمووڵ، یەکێک لە زابتە خوێن‌گەرمەکانی هێنایە پێشەوە کە لە ژێرەوە هاوپەیمانیان بوو، بیری لە ڕزگار کردنی قەومەکەی ئەکردەوە لە ژێر چنگی سوێندخۆرە دوژمنەکانی تورک. ئەم زابتە خوێن‌گەرمە نیشتمانپەروەرە، مستەفا کەمال بوو. حکوومەتی ئەستەمووڵ بە هەڵە چوو مستەفا کەمالی کرد بە موفەتیشی گشتی لەشکرەکانی تورک لە ئەنادۆڵ.

بەپێی ئەم وەزیفەیە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنادۆڵ کەوتبووە ئەستۆی مستەفا کەمالەوە. لەبەر ئەوە دیارە کە زۆر بەدڵ و بەگیان بەڵێنی دا بچێتە ئەنادۆڵ و لە ١٥ی مایسی ١٩١٩ ئەستەمووڵی بەجێ‌هێشت و چووە سەر

---

١. مستەفا کەمال ئاتاتورک (مستەفا عەلی‌ڕەزا) (١٨٨١ - ١٩٣٨)، ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو لە جەنگی چناق‌قەڵا ناوی دەرکرد و دوای داگیرکردنی ئەستەمبووڵ لەلایەن خەلیفەوە دەنێررێت بۆ بەرگری‌کردن لە ئەنادۆڵ و کوردستانی باکوور. ساڵی ١٩٢٢ جەنگی سەربەخۆیی تورکیا ڕادەگەیەنێت و ئەنقەرە دەکات بە پایتەخت. ساڵی ١٩٢٣ خەلافەت هەڵدەوەشێنێتەوە و لەسەر بنەمای عەلمانییەت و ناسیۆنالیزمی تورکی کۆماری تورکیا ڕادەگەیەنێت. م.س.

ئیشی خۆی.[1] هەر کە گەیشتە ئەنادۆڵ زابتەکان و گەورەکانی لەشکری تاقیکردەوە. بەدزییەوە لەگەڵ سەردارەکانیان کەوتە قسەوباس و مەرامی دڵی خوی تێگەیاندن. هەموویان بە خوێنێکی گەرم و گیانێکی پاک و خاوێنەوە نیشتمانپەرەستی خۆیان بۆ دەرخست. وادیار بوو کە لەمانە گەلێکیان ئاواتەخوازی بزووتنەوەن و بەرەوپیری مردن ئەچن و مستەفا کەمالیش بەدڵ باوەڕی پێکردن.

لەبەر ئەمە پێش هەموو شتێک بۆ پێش دەمگرتن و ڕاوەستاندنی لەشکری یۆنان، لەگەڵ نوورەددین پاشا[2] ڕێککەوت. دوای ئەمە چووە ئەرزەڕۆم. زابتەکانی چاو پێکەوت، گفتوگۆی ڕێکخستن و ژیاندنەوەی لەشکرەکانی خۆیانی لەگەڵ کردن و بڕیار درا کە سەرلەنوێ مەشقی عەسکەری بە لەشکرەکانیان بکەن، بەڵام حکوومەتی ئەستەمووڵ کە لە ژێر چاودێری و موراقەبەی سوێندخۆرەکان بوو لەم کردەوانە کەوتە ترسەوە و دەسبەجێ مستەفا کەمال داوا کرایەوە ئەستەمووڵ. ئینجا مستەفا کەمال دوای گفتوگۆ و بەستنی پەیمان لەگەڵ سەرکردە و گەورەکانی لەشکر، بڕیاری دا کە نەچێتەوە ئەستەمووڵ و بەرامبەر بە حکوومەتی خەلیفە یاخی بوو.

پاش یاخی بوونی مستەفا کەمال، دوابەدوا لە ئەرزەڕۆم (ارض روم) و سیواس دوو جار کۆمەڵ بەسرا. لەم کۆمەڵانەدا گەلێک لە ئەندامەکانی مەجلیسی مەبعووسانی ئەستەمووڵیش حازر بوون. ئەمانە بڕیاریان دا کە حکوومەتی ئەستەمووڵ بە حکوومەتێکی شەرعی نەناسن وە لەبەر ئەوەی کە ئەم حکوومەتە لە ژێر نفووزی

١. لە پێش دەرچوونی مستەفا کەمال لە ئەستەمووڵ بە ٩ ڕۆژ، واتە لە ٦ی مایسی ١٩١٩ «وەنیزەلۆس»ی سیاسی بەناوبانگی یۆنان، لە دوای گەلێک کۆشش و تەقەلا، گەورەکانی حکوومەتە سوێندخۆرەکانی وەک ویلسۆن و لۆئید جۆرج و کلیمانسۆی ئیقناع کرد کە لە موئتەمەری ئاشتیدا لە پاریس بڕیاری داگیرکردنی ئیزمیر بدەن لەلایەن لەشکری یۆنانەوە. لەسەر ئەمە لەشکری یۆنان ڕۆژی دەرچوونی مستەفا کەمال لە ئەستەمووڵ (١٥ی مایسی ١٩١٩) چووە ئیزمیرەوە و داگیری کرد. (سیرة مصطفى كمال و تاريخ الحركة التركية الوطنية).

٢. نوورەددین ئیبراهیمپاشا (١٨٧٣- ١٩٣٢)، بە نوورەددین ڕیشە ناسراوە، ئەفسەرێکی ناوداری سوپای عوسمانی بوو لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا و دواتر چووە پاڵ مستەفا کەمال ئاتاتورک. ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە قەتڵوعامکردنی کورد. وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ ئەفسەری دیکە ئەوانەیان دەکوشت کە دەیانوت: «زوو»، مەبەستی ئەرمەنەکانە، بەڵام من دەچم ڕیشەی ئەوانە دەکێشم کە دەڵێن: «لۆ»، مەبەستی کوردەکانە. م.س.

سوێندخۆرە دوژمن و بێگانەکاندایە لە ڕاست فەرمایشەکانییا سەرپێچی بکەن. بۆ ئەمەش بە پێویست زانرا کە لە ئەنادۆڵ سەرلەنوێ دەس بکرێت بە کۆکردنەوەی مەجلیسێکی تازە و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خەڵقی ئەنادۆڵ بۆ ئەم مەجلیسە تازەیە (حوزەیرانی ١٩١٩).

لەولای تریشەوە هەر لەم سەردەمەدا لە ئەستەمووڵیش بزووتنەوەیەکی زۆر بەسام ڕووی دا وە حکوومەتی ئەستەمووڵ بەتەواوی کەوتە ئەندێشەوە. ئەو ئەندامانەی مەجلیسی مەبعووسان[1] کە لە ئەستەمووڵدا بوون هەواڵیان زۆر خراپ ئەهاتە بەرچاو. لە وەزع گەلێک بەترس و بەشک بوون. لەبەر ئەمە ئەوانیش بە پێویستیان زانی کە بیرێک لە دواڕۆژ بکەنەوە و ئەنجامی وڵاتەکەیان بخەنە بەرچاو. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ کۆبوونەوە و لە دوای موزاکەرەیەکی دوورودرێژ لە ژێر ناوی «میساقی میللی تورک»[2] بڕیارێکیان دا وە مەجلیسیان بڵاوکردەوە. بەپێی بەندی یەکەمی ئەم میساقە مێژووییە، دەوڵەتی عوسمانی دەسی لە هەموو ئەو جێگانە هەڵگرت کە بەشی زۆری دانیشتووەکانی عارەبن و چۆنییەتی ئیدارە و بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتانەی بۆ عەرەبەکان خۆیان ئەهێشتەوە.

لە بەندی سێیەمی ئەم میساقەشا باسی قاعیدە و ئوسوولی ئیدارەیەکیان ئەکرد کە قەومە کەمەکانی لە وڵاتی تورکا ئەمێنێتەوە پێی ئەبەن بەڕێوە،

١. مەجلیسی مەبعووسان، واتە ئەنجومەنی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم لە ١٩ی مارسی ١٨٧٧دا دامەزرا. ژمارەی ئەندامەکانی ٧١ مسوڵمان، ٤٤ مەسیحی و ٤ جوولەکە بوو. تەمەنی ئەم ئەنجومەنە تەنها ١١ مانگ بوو، پاشان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ پەکخرا. لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨ جارێکی تر دەستبەکار بوویەوە. ١٨ی مارسی ١٩٢٠ لەلایەن سوڵتان محەممەدی شەشەمەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنرا؛ لە ١١ی نیسانی١٩٢٠ ناوی خۆی گۆڕی بۆ: «ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا». م.س.

٢. میساقی میللی (پەیمانی نەتەوەیی)، پەیماننامەیەکی شەش خاڵییە مەجلیسی مەبعووسان (پەرلەمان) لە کۆبوونەوەی ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ دەنگی لەسەر دا. بەپێی ئەو میساقە دەوڵەتی تورکیای پاش جەنگی جیهانی پێکدێت لە تورکیای ئێستا لەگەڵ ویلایەتی مووسڵ و کەرکووک و باکووری سووریا بە حەڵەب و لیوای ئەسکەندەروونەوە. ئەم میساقە دەستی مستەفا کەمالی واڵا کرد بۆ ئەوەی لە تەواوی ئەو جێگایانەدا جەنگی سەربەخۆیی هەڵگیرسێنێت. م.س.

بە شـەرتێک کە لە وڵاتە بێگانەکاندا لەلایەن دەوڵەتە غەیرە مسوڵمانەکانەوە، مسوڵمانە کەمەکانیش بەپێی ئەم قاعیدە و ئوسووله ئیدارە بکرێن.

بـەڵام لەم میسـاقەدا کورد و کوردسـتان ناوی نەبوو و کرابوو بە ژێـر لێوەوە. وادیارە تورکەکان لەلایەن دین و زمان و ڕەوشت و تەقالیدەوە کورد و تورکیان بە یەک دائەنا و تەفاوتێکیان لە بەینی ئەم دوو قەومەدا نەئەبینی. هەرچی وەکوو ئەرمەنەکانە تورک تەنیا لـە وڵاتەکانـی «قارس» و «باتـووم» و «ئەردەهان»دا، دانیان بە بوونیاندا ئەنا؛ سـەرەڕای ئەمەش وەکوو باوەڕیان نەبێ بەوە کە ئەرمەنەکانی ئەم سێ وڵاتەش بیانەوێ لە تورک جیـا بنـەوە؛ لە بەنـدی پێنجەمی میسـاقەکەیاندا بە شـەرتیان دائەنا کە لـە دواڕۆژا لە ئەرمەنەکان خۆیان بپرسرێت کە ئایا مەیلی جیابوونەوەیان لە تورک هەیە یا نە؟

ئەم کارەی مەجلیسـی مەبعووسانی ئەستەمووڵ لەلایەکەوە و بەگەرمی ئیش‌کردنی مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ و بڵاوبوونەوەی ناوی و ڕۆژبەڕۆژ زیاد بوونی هێز و دەسەڵاتی لەلایەکـی ترەوە، بەتەواوی حکوومەتی خەلیفەی ئەسـتەمووڵی بێ‌هێز و بێ‌نرخ کرد و ئەهالی وردەوردە ڕوویان لەم حکوومەتە وەرگێڕا کە ژێردەسـتێکی سـووک و سـەلیمی هێـزی سـوێندخۆرەکان بـوو لـە ئەسـتەمووڵ. هەمـوو شـتێک وای دەرئەخسـت کە جووڵانەوەی مستەفا کەمال بێ بەهۆی ژیانەوەی میللەتی تورک و لە هەموو لایەکەوە دەس بکەن بە جووڵانەوە و سەر بەرز کردنەوە و لایەنگیری مستەفا کەمال.

ئـەم حاڵ و ڕەوشـتە هەروەکوو حکوومەتی ئەسـتەمووڵی خسـتبووە ئەندێشـەوە و سەرەتای بێ‌هێزی و بەرەو لەناوچوونی بوو، هێزی سوێندخۆرەکانیش لە تەنگاو کردنی حکوومەتـی خەلیفـە و هاندانی بۆ سـەر مسـتەفا کەمال دوا نەئەکەوتن. ئەیانویسـت کە ئەسـتەمووڵ، دەزبەجێ لەشـکر بنێرێتە سـەر مسـتەفا کەمال و تا ئاژاوەی پەرەی نەسـەندووە و نەکەوتووەتـە هەمـوو لایـەک، بە هـەر جوورێـک بێ مسـتەفا کەمال تەمێ بکا وە یا لەناوی ببا.

خۆیشیان، واتە حکوومەتەکانی سوێندخۆرەکان لە ژێر کوماندەی ژەنەڕاڵ «مێلۆن»دا هێزێکـی تـریان ناردە ئەسـتەمووڵ و بەتەواوی خسـتیانە ژێر حوکمی عەسـکەری و نفووزیانەوە (١٦ی مارتی ١٩٢٠). دوای ئەمە حکوومەتی مەدەنیشیان خستە ژێردەستیان و

بــە بەرچاوی خەلیفەوە لە گەورەگەورەکانی عەســکەری و مەدەنی ٦٦ کەسیان گرت و زۆریان لەمانــە بە دیلــی نارده «مالطه»؛ ئەوانــەی کە لە ئەندامانی کۆمەڵــی «ئیتیحاد و تەڕەقی»ی حیزبی حکوومەتی پێشــووی ئەســتەمووڵ بوون و لــە دوای موتارەکەش لە ئەستەمووڵ مابوونەوە لە یەکەم داگیرکرانی پێشـوودا بە دیلـی ڕەوانەی مالطه کرابوون. ئینجـا کە کاروانــی دووەمی تورکــە دیلەکان گەیشــتە «مالطه»، لەگەڵ ئەوانەی پێشــوو یەکیان گرتەوە و مەینەتی دیلی و کەساسییان نایە لاوە و کەمێک گەشانەوە.

وەزارەتی فەریدپاشای زاوا و مستەفا کەمال

دوای ئەمە کە ژەنەڕاڵ مێلۆن بە خۆی و لەشــکرییەوە هاتە ئەستەمووڵەوە،[1] مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانی لە ١٩ی مارتی ١٩٢٠دا بەڕەسمی کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە لەبەر ئــەوەی دیارە مــاوەی ئیش‌کردنیان بۆ نەماوەتــەوە مەجلیس بەیەکجــاری بڵاو بکەنەوە. لــە ئەندامانــی ئــەم مەجلیســە ئەوانــەی نەکەوتنــە چنگ هێــزی ســوێندخۆرەکان و دەربازبوون ڕایانکردە ئەنادۆڵ و خۆیان گەیاندە مستەفا کەمال.

بەم جوورە خوێن‌گەرمەکان و نیشتمانپەرستەکانی تورک هیوایەکی گەورەیان پەیا کرد و چوونــە بارێکی ترەوە. مســتەفا کەمالیش بەمە هێــزی کەوتە زیادی و خوێنێکی تازە لە ڕەگەکانی لەشــیا هاتە گــەڕ. لەم کاتەدا لــەناو حکوومەتی ئەستەمووڵیشــا کردەوەیەکی نیشــتمانپەروەرانە ڕووی دا. عەلی‌ڕەزاپاشــای[2] ســەدری ئەعزەم[3] بەرامبــەر بە کردەوەی ســەربەخۆ و نابەجێی هێزی ســوێندخۆرەکان خۆی پێ‌نەگیرا و بە چەشنێکی ئازانە و پیاوانــە هاتە پێشــەوە و داوای لە خەلیفە کرد کە لە ڕیاســەتی حکوومــەت ئازادی بکا.

---

١. لــە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ تاوەکوو ٢٣ی ســێپتەمبری ١٩٢٣ هێزەکانی بریتانیا و فەڕەنســا و ئیتالیا بەپێی ئاگربەستی مودرۆس لە ئەستەمبووڵ مانەوە. م.س.

٢. عەلی‌ڕەزاپاشــا (١٨٦٠ ـ ١٩٣٢)، سەدری ئەعزەمی دەوڵەتی عوســمانی بوو، لە ١٩١٩/١٠/١٤ بۆ ٢ی مارسی ١٩٢٠ لە سەردەمی سوڵتان محەممەدی شەشەمدا. م.س.

٣. تا دوایی هاتنی دەوری سەڵتەنەت لە تورکیا، ڕەئیسی وزەرا پێی ئەوترا: «صدر أعظم».

سـولّتان وەحیدەددینـی[1] خەلیفـەی ئـەو ڕۆژە کـە بەتـەواوی ڕیشـی دابـووە دەس سـوێندخۆرەکان، دەسـبەجێ تکاکەی عەلیڕەزاپاشـای قبووڵ و لە ڕیاسەت عەفووی کرد (۳۰ نیسـانی ۱۹۲۰). لە جێی ئەو داوا لە «فەریدپاشـا»ی[2] داماد کرا بۆ دامەزراندنی وەزارەتی تازە.

بـەم ڕەنگە لە ژێر سـەرەکوەزیری فەریـددا حکوومەتێکی بێخوێـن و دوژمنی نیشـتمانپەروەرەکان هاتە ناو کە بۆ هەموو فەرمانێکی وەحیدەددین ئامادە بێ و هەرگیز نەتوانێ لە عاستی سفارشەکانی هێزی سوێندخۆرەکاندا سەرپێچی بکا.

یەکەم کردەوەی فەریدپاشا ئەوە بوو کە لەشکرێک ڕێبخا بۆ سەر مستەفا کەمال، بـەڵام فەریـد ئەیویسـت کـە ئەم کردەوەیـە بـە ناڕەوا نەدرێتـە قەڵـەم و نەبێتە هۆی پڕوپاگەندە دەربارەی حکوومەت لەلایەن ئەوانەوە کە لایەنگیری مستەفا کەمال ئەکەن وە یا ڕقیان لە سـوێندخۆرەکانە و حکوومەتی ئەستەمووڵ بە دەسنێژی ئەوان ئەژمێرن. لەبەر ئەمە فتوای بە شێخولئیسلامی[3] وەزارەتی خۆی[4] دەرهێنا و بڵاوی کردەوە کە بەپێی ئەم فتوایە تەمێکردن و لەناوبردنی مستەفا کەمال بە واجب دانرابوو (۱۱ی نیسانی ۱۹۲۰)، ئینجا لەشکرەکە ڕەوانە کرایە ئەنادۆڵ.

لەم لای تریشـەوە حکوومەتی ئەسـتەمووڵ لە ژێر سـەرەکی مستەفاپاشـای کوردا

---

١. وەحیدەددین محەممەد کوڕی سـوڵتان عەبدولمەجید، یەکێکە لە سـوڵتانەکانی عوسمانی؛ لە نێوان ساڵانی ١٨٦١ تا ١٩٢٦ ژیاوە و حوکمی دەوڵەتی عوسـمانی کردووە؛ لە ٤ی تەمووزی ١٩١٨ تا ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٢٢، لە دوای وەفاتی براکەی محەممەدی پێنجەم (ڕەشاد). م.س.

٢. داماد محەممەد فەریدپاشـا (١٨٥٣-١٩٢٣)، دیپلۆمات و سیاسـەتمەداری دەوڵەتی عوسـمانی بوو. نازناوی داماد بەو کەسـانە دەدرا کە زاوای سولّتان بوون، سـاڵی ١٩١٩ لە سەردەمی سوڵتان محەممەدی شەشەمدا بۆ ماوەی سـاڵێک و دە مانگ و پێنج ڕۆژ بوو بە سەدری ئەعزەمی دەوڵەتی عوسمانی. دژایەتی مستەفا کەمالی دەکرد و دوای کۆتایی هاتنی خەلافەت ناوی لە لیسـتی ئەو ١٥٠ کەسـەدا بوو کە لەلایەن کەمال ئاتاتورکەوە داوا کرابوون. م.س.

٣. موفتی ئەو کاتە شێخولئیسلام دەریزادە عەبدوڵڵا ئەفەندی بوو، هەر ئەم موفتییە بڕیاری لە سێدارەدانەکەی مسـتەفا کەمال ئاتاتورک و هاوڕێکانی پەسـەند کردووە کە لەلایەن مستەفاپاشا یامولکی لە ١٩٢٠/٤/١١ بۆی دەرکرابوو. م.س.

٤. شێخولئیسلامی ئەو ڕۆژە دەریزادە عەبدوڵڵا ئەفەندی بوو.

(مستەفا یامولکی)[1] مەجلیسێکی عەسکەری دانا و لە پاشملە دەس کرا بە موحاکەمەی مستەفا کەمال و نیشتمانپەروەرەکان.

لە دوو لاوە، واتە بە هێز و بە یاسا (قانوون)ێک کە لە ژێر تەئسیری سیاسەتا بوو، دەس کرا بە شکاندنی مەعنەویاتی نیشتمانپەرستەکان و ترساندنی چاویان. هێزی لەشکری خەلیفە لە ئەنادۆل و قانوونی دیوانی عورفی لە ئەستەموول هەردووکیان کەوتبوونە تەقەلای کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە و هەردوو هێزەکە بە چەک و بە پارەی سوێندخۆرەکان هاتبووە ناو، کەوتنە وێزەی ئەوانە کە بە سووکی ڕام نەئەبوون وە یا سەریان لەبەر ناحەقی و غەدری نارەسەنەکانی نیشتمان و هێزی داگیرکەری بێگانەدا نەئەچەماندەوە؛ بەتایبەتی ئەوانەی کەوتنە بەردەستی دیوانی عورفی، کەس بە جەستەیان نەبێ. هەندێکیان هەر بەتەواوی لەناو بران و لە ٢٠ی مایسی ١٩٢٠، هەر ئەم دیوانە لە پاشملە حوکمی خنکاندنی مستەفا کەمال و گەلێک لە ناودارەکانی تری تورکی دا.[2]

١. مستەفاپاشا یامولکی (١٨٦٦- ١٩٣٦)، لە گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی لەدایکبووە؛ لە سلێمانی بۆ خوێندنی ئایینی خوێندوویەتی؛ دواتر نێردراوەتە بەغدا و ڕوشدیەی عەسکەری تەواوکردووە؛ بۆ خوێندنی سەربازی چووەتە ئەستەمبووڵ و گەیشتووەتە پلەی میرلیوا. سەرقۆنسوولی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە قارس و سنە و لە کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانیدا کراوە بە سەرۆکی دادگای سەربازی و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال و هاوڕێکانی دەرکردووە. دوای گرتنە دەستی دەسەڵات مستەفا کەمال خستوویەتییە لیستی ١٥٠ داواکراوی مەترسیدار و تا کۆچیدوایی بەدوایەوە بووە. لە ١٩٢١ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و جەمعییەتی کوردستانی دامەزراندووە و ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی دەرکردووە، لە حکوومەتی دووەمی شێخ مەحمووددا ڕەئیسی مەعاریف بووە. لە ١٩٣٦/١/٢٥ لە بەغدا کۆچیدوایی کردووە و لەسەر داوای خۆی لە گۆڕستانی سەیوان نێژراوە. م.س.

٢. وەکوو «فوئادپاشا»ی لیوا، «قەرە واسف‌بەگ»ی میرئالا و «مستەفا فەوزیپاشای فەریق» و «دوکتۆر عەدنان» و «حسێن فەوزی»ی وەزیری بەحرییەی پێشوو... «امین محمد سعید، سیرة مصطفی کمال باشا و تاریخ الحرکة الترکیة الوطنیة فی الأناضول»

٤

مستەفاپاشای کورد،
رەئیسی دیوانی عورفی لە ئەستەمبووڵ

لەم کاتەدا ئەستەمووڵ لە ڕووی ئەم سیاسەت و کردەوانەوە سامێکی گەورەی لێ نیشتبوو و خەڵقەکەی ماتەمینی دایگرتبوون؛ پەیمانی سیڤەر (Sevre)یش[1] لەلایەن سوێندخۆرەکانەوە بەسانی دەوڵەتە داماوەکان و لە شەڕا ژێرکەوتووەکانی تر، بە حکوومەتی عوسمانیش ئیمزا کرا (١٠ی ئاغستۆسی ١٩٢٠).

ئەم پەیمانە کە بڕبڕەی پشتی تورکیای پێ ئەشکا، لەلایەن سەربەخۆیی وڵاتی کورد و ئازادی قەومی کوردەوە سێ بەندی تێخرابوو کە ئەمەش لە ئەنجامی تەقەلای شەریفپاشای[2] سیاسی کوردەوە پێکهاتبوو، چونکە شەریفپاشا، هەرچەن بەهۆی تەقەلای ئینگلیزەکانەوە لەلای هێزی فەڕەنسزەکان لە سووریە، مەزبەتەی شێخ مەحموود و کوردەکانی عێراقی پێنەگەیشتبوو و نوێنەرەکانی شێخ مەحموود لە حەڵەب مابوونەوە و ڕێیان نەدرابوو کە بچنە پاریس،

---

١. لە دەقەکەدا هەموو بە **سەڤەر** نووسراوە، ئێمە گۆڕیمان بە سیڤەر. پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی جەنگ و بە نوێنەرایەتی هەندێ دەوڵەتی تر مۆر کرا. ئەم پەیمانە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێکهاتبوو. لە بەشی ٣ و بەندی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا ڕاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردەکانی کوردستانی کردبوو، بە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێ کە بەم شێوەیە باسی کورد بکات. م.س.

٢. شەریفپاشای خەندان (١٨٦٥- ١٩٤٥)، کوڕی سەعیدپاشای کوڕی حسێنپاشای ئەحمەدئاغای خەندانە. لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلەی فەریقی وەردەگرێت و دواتر ساڵی ١٨٨٩ لە قوتابخانەی سەربازیی (سانت - سیر) لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا، پلەی ژەنەڕاڵی وەردەگرێت. ساڵی ١٨٩٨ دەکرێتە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە سوید. لە ١٩١٩/٣/٢٢دا وەک نوێنەری کورد بەشداری کۆنگرەی پاریسی کرد و دواتر توانی بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی لە پەیمانی سیڤەردا لە بەرژەوەندی کورد جێبکاتەوە. م.س.

دیسـانەوە کوردەکانـی تورکیا و کۆمەڵە سیاسـییەکانی کـوردی ئەسـتەموڵ توانیبوویان بەناوی خۆیان و هەموو کوردەوە وەکالەتنامە بۆ شەریف‌پاشا بنێرن و بیکەن بە نوێنەری خـۆیان لەلای موئتەمەری ئاشـتی. ئینجـا شەریف‌پاشـا دەربارەی داواکان و حقووقی قەومی کوردەوە، بە مێژووی ٢٢ی مارتی ١٩١٩ و لە ژێر ناوی:

«Memorandum Sur Les revendications du Peuple Kurde»دا موزەکـەرە (یادداشت)ێکی بە فەرەنسزی پێشکەشی موئتەمەر کرد. جگە لەمە لەم ڕێیەدا هەوڵ و تەقەلایەکی باشـی دا کە بوو بەهۆی ئەوە سـێ بەندەکەی باسی سـەربەخۆیی کورد و کوردستان بخرێتە پەیمانی سیڤەرەوە.[1]

---

١. ئەو سێ بەندە کە لەلایەن ئیستقلالی کوردستانەوە خرابووە پەیمانی Sèvresەوە، بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی بەشی سێیەمی پەیمانەکە بوو و ئەمە کوردییەکەیەتی:

بەندی ٦٢: کۆمیسیۆنێک کە لە ئەستەموڵ، لە سێ ئەندام و لەلایەن دەوڵەتەکانی بریتانیا، فەرانسە و ئیتالیاوە دانرابێت، لە دوا مێژووی بەجێهێنانی ئەم پەیمانە بە شـەش مانگ موختارییەتێکی ناوچەیی (Local) ئامادە ئەکا بۆ ئەو جێگانە کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی فورات و جنووبی غەربی سـنوورێک کە لە دواییدا ئەکێشـرێت بۆ ئەرمەنسـتان و شـومالی سـنوورێک کە تورکیا لە سـووریە و میزۆپۆتامیا جیا ئەکاتەوە و نژادی کوردی تیا زاڵ بێ، بەپێی تەعلیماتێک کە لە بەندی ٢، ٣، ١١ و ٢١دا دراوە لە کاتێکا کە لەلایەن هەندێ مەسائیلەوە لە ئارادا پێکهاتـن سـەرنەگرێت، ئەندامەکانـی کۆمیسـیۆن هەریەکە ئەبێ دەنـگ لە حکوومەتی خـۆی بگێرێتەوە. ئەمجوورە پێکهاتنە پێویستە ڕێ بدا بە دەرخستنی ئەوە کە نژادە کەمەکان (ئەقەللیات)ی قەومی و مەزهەبی، وەکـوو ئەسـتوورییەکان. (Les Assyro - Gbaldeenes) و ئەوانـی تر کە لەم هەرێمـەدا ئەژین بەتەواوی دڵنیـا بن کە لە ژێر باڵی ئەمینی و پارێزگاریدا ئەبن. بۆ ئەم مەبەسـە کۆمیسـیۆنێک لـە ئەندامانی بریتانیا و فەرانسـە و ئیتالیا و ئێران و کورد ئەگەڕێت بۆ پشـکنین و بڕیاردانی ڕاسـتکردنەوە کە ئەگەر پێویسـت بوو بکرێت لەو سنوورانەدا کە بەپێی ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوە و ئەنووسێت بە سنووری ئێرانەوە.

بەندی ٦٣: حکوومەتی عوسـمانی لەم سـەعاتەوە گفت ئەدا کە لە مێژووی ڕاسـپێری و پێی‌وتن بە خۆی، تـا ٣ مانـگ بەڵێنـی بەجێهێنانی ئـەو بڕیارانە بدا کـە لەلایەن ئەو کۆمیسـیۆنەوە ڕائەسـپێررێت کە لە «بەندی ٦٢»ی سەرەوەدا باس کرا.

بەنـدی ٦٤: ئەگەر لە ماوەی سـاڵێک دوای مێـژووی دەس‌پێکران بە بەجێهێنانی ئـەم پەیمانە، لەو هەرێمانەدا کـە لـە «بەندی ٦٢» ناو براوە، قەومی کورد موراجیعەت بە کۆمەڵی ئەقـوام (عصبة الأمم) بکەن و تێیان بگەیەنن کە بەشـی زۆری کوردە دانیشـتووەکانی ئەم هەرێمە ئەیانەوێت لە تورکیا جیا بنەوە و سەربەخۆ (موستەقیل)بن؛ وە لـە حاڵێـکا کە کومەڵـی ئەقوام لەو بـاوەڕەدا بێ کە کـوردەکان هەڵدەگـرن سـەربەخۆیی‌یان بدرێتێ و ڕاسـپێری ئەمە بکا، تورکیا هەر لە ئێسـتەوە بەڵێن ئەدا بەم ڕاسـپێرییە و بە دانی ئیستقلال بە قەومی کورد و بـە دەس‌هەڵگرتـن لە هەموو حقـووق و «تەقالید ـ عەنعەنات»ێکی کە بەسـەر ئـەم هەرێمانەوە هەیەتی. ئەم هاتنەخوارەوەی حکوومەتی عوسمانی لە حقووق و تەقالیدی خۆی بە دوورودرێژی لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا و

٥

ژەنەراڵ شەریف پاشای
نوێنەری کورد لە «مۆتمەری ئاشتی»دا

ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو کە بەرەو ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان هاوێژرا، بەڵام داخەکەم کورد لەم هەلە هیچی دەس نەکەوت، چونکە گێژەڵووکەی سیاسەتی ئەو ڕۆژە هەروەکوو گەلێ دەوڵەتی لە بناغەوە هەڵکەند و ڕووخاندنی، لە دار و پەردووی ئەو دەوڵەتانەش بناغەی هەندێ حکوومەتی تازەی دامەزراند، بەڵام لەناو گێژەڵووکەیەکی وا توند و ناکاوا خۆڕاگرتن، وە لە دار و پەردووی بیناکانی کە ئەڕووخا ئازانە و بەگورجی بناغەی حکوومەتێکی تازە دامەزراندن کارێکی سووک نەبوو، بەڵکوو ئەم کارە گرنگ و ڕەنجاوییە پێویستی چاوکراوەیی و گورجی و ڕاپەڕینێکی ئازانە بوو؛ پیاوی ڕاست و فامیدە و زرنگ و سیاسی نیشتمانپەروەری پێ ئەویست.

ئەوانەی خەواڵوو بوون و زوو چاویان نەکردەوە، ئەوانەی بەگورجی نەهاتنە دەس و هۆشیان نەهاتەوە بە بەرا وە لە دەوروپشتی خۆیان نەڕوانی، نەیانزانی کە لەناو تەپوتۆزی ئەو گێژەڵووکەیەدا چی ڕوو ئەدا؟ وە یا چاک و خراپە لەوێدا بەدی بکەن. لەبەر ئەمە پێیان نەکرا خۆیان لە شەڕ و لە خراپە بپارێزن. کاتێ کە گێژەڵووکەش نەما و بەسەرچوو ئەوان چاویان کردەوە ڕوانییان کە ناوونیشانی چاکە نەماوە، هەرچی شتێک باش و بەکەڵک بێ لەناو وشیارەکان و چاوکراوەکاندا بەش کراوە، بۆ خەواڵووەکان و

لە بەینی هێزی سوێندخۆرەکان و تورکیادا باس ئەکرێت. دوای ئەم هاتنەخوارەوەیە (تنازل)ش کە باس کرا، هیچ جووره بەرهەڵستێک ناخرێتە پێشەوە بەرامبەر بە مەیلی کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن خستنی بەشی کوردستانی مووسڵ بۆ سەر کوردستانی تورکیا و ئەو حکوومەتی کوردە کە لێی دروست ئەکرێت...

کەمتەرخەمەکانیش لە زنجیری دیلی بەولاوە شتێک نەماوە، ئەم زەنجیرەیش دوای ئەوەکە بە سووکی و ئاسانی کرایە ئەستۆیان هەر لەقەفرتییەکی کردیان، زیاتر بوو بەهۆی توندی و گرێکوێرە تێکەوتنی زنجیرەکەی گەردنیان و گەیشتە پلە (ڕادە)یەکی وا کە ئیتر جێیباوەڕ نەبێ کە لە ئەستۆیان بێتە دەرەوە. یەکێ لەو قەومە خەواڵوو و کەمتەرخەم و چارەڕەشەش، داخەکەم قەومی کورد بوو...

٦

مستەفا کەمال و نیشتمانپەروەرەکانی تورک بە موعاهەدەی سیڤەر نەشڵەژان و لە هاتنی لەشکری خەلیفەش نەسڵەمینەوە. دامەزراندنی دیوانی عورفی و دار و فەلاقەکەشی چاوی لاوە خوێنگەرمەکانی ئەستەمووڵی نەشکاند و نەیبەزاندن. ئەو هێزەش کە فەریدپاشا ناردبوویە سەر ئەنادۆڵ و لە ژێر سەرەکی ئەحمەد ئەنزاوەرپاشای چەرکەسدا بوو، لەلایەن هێزەکانی مستەفا کەمالەوە خراپ شکا و تەفروتونا کرا. فەریدپاشاش بە شکانی ئەم هێزە لە کەشوفش کەوت و خەڵقی ئەنادۆڵی بۆ هەڵنەگێڕرایەوە. لەبەر ئەمە لەلای سوێندخۆرەکان نرخێکی نەما و لە چاو کەوت. ئینجا هێزەکانی ئیحتیلال کەوتنە سەر سەودایەکی تر، بیریان لە بەکارهێنانی سیاسەتێکی تازە کردەوە.

فەریدپاشا دوورخرایەوە و لە ژێر سەرەکوەزیری (سەدارەت)ی تۆفیق‌پاشادا[1] وەزارەتێکی تر دانرا. ئەندامەکانی ئەم وەزارەتە لە پیاوە ناودارە هێمن و لەسەرخۆکانی ئەو دەورە بوون. لەم ڕووەوە لە هەر دوولا (ئەستەمووڵ و مستەفا کەمال) بۆ ماوەیەکی کەم هیوای ڕێکەوتن و ئاشتی پەیا بوو...

لێرەدا مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵدا لەگەڵ زندووکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکانی تورک بەجێ‌بێڵین و بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی کورد و کوردستان...

١. ئەحمەد تۆفیق‌پاشا (١٩٤٥ - ١٩٣٦)، سیاسەتمەدارێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو. ساڵی ١٩٢٢ دوایین سەدری ئەعزەمی عوسمانی بوو. سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم و محەممەدی شەشەم بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەزیری دەرەوەی عوسمانی بوو. م.س.

٧

پەیمانی یەکییەتی لە بەینی ئەمارەتەکانی کورد و سوڵتان سەلیمی عوسمانی و ئەنجامی ئەم یەکییەتییە

لـە دوای ئەمــە کــە ئەمارەتەکانی کــورد بەهۆی تەقــەلا و کۆششــێکی زۆری زانای کورد ئیدریســی بتلیســیەوە[١] چوونە ژێر فەرمانی ســوڵتان ســەلیمی یەکەم[٢] و دوای ئەوە کە بەپێــی موعاهدەیــەک کە بە تەگبیری ئیدریســی بتلیســی لە بەینــی یاوز و ئەمیرەکانی کــوردا کرابوو، بەڵێ لە دوای ئەمە کە کوردســتان تەنیا لە سیاســەتی دەرەوەدا یەکییەتی لەگــەڵ تــورکا قبووڵ کردبوو و بە دەوڵەتی عوســمانییەوە نووســابوو، هەموو ئەمیرەکانی کورد بە خۆیان و لەشکرەکانیانەوە لایەنی سوڵتان سەلیمیان گرت و لەگەڵ ئیسماعیلی ســەفەوی شــای ئێران کەوتنە شەڕەوە و ئەمە بوو بەهۆی ســەرکەوتنی سەلیم لە شەڕی مەشهووری چاڵدێران و شکانی لەشکرەکانی شائیسماعیلی سەفەوی بە جوورێکی وا کە داستانی ئەم شەڕە گرنگ و سامناکە لە لاپەڕەکانی مێژووی عوسمانیدا جێیەکی تایبەتی داگیر ئەکا و میللەتی تورک تا ئیمڕۆ شانازی پێوە ئەکەن.

لەو ڕۆژەوە، ئەو کوردانە کە لە کارەساتە گرنگەکانی گیتیدا خاوەنی گەلێ تەجرەبە و بیرەوەریــن و تووشــی هەمــوو جــوورە تەنگ‌وچەڵەمەیــەک هاتــوون و بارەهــا قۆرتی گەورەگــەورەیان هاتووەتە ڕێ، خوێنیان ڕژاوە و خوێنیان ڕژاندووە، دەس لەناو دەســی برا تورکەکانیاندا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە ڕێی شــان و شەرەفی دەوڵەتی عوسمانی لە خۆبەخت‌کردن دوانەکەوتن و ســەری موویــەک لاری و سەرپێچییان لێ دەرنەکەوت؛ بە ماڵ و بە چەک و بە خوێن یارمەتی تورکیان دا.

---

١. مەلا ئیدریسی بدلیسی ناوی تەواوی ئیدریسی کوڕی مەولانا شێخ حوسامەددین عەلی بدلیسییە. م.س.

٢. لە ســوڵتانەکانی عوســمانییە و کوڕی سوڵتان بایەزیدی دووەمە؛ پادشــایەکی بەزەبروزەنگ و خوێنڕێژ بوو، لەبەر ئەمە بە یاوزسەلیم، [واتە سەلیمەمۆنە] ناوی دەرکردبوو.

هیچ گومانی تیا نییە کە لەو قەبرانەی کوژراوەکانی لەشکری عوسمانیدا کە لە ئەفریقا و عەرەبستان وە یا لە ئەورووپا لە بەردەمی بورج و باروەکانی ڤیانەدا ناوبەناو بەرچاو ئەکەویت، ئێسکی گەلێ لاوی کوردیش بووە بە ژێر خاکەوە؛ بەڵام تورکەکان ئەوەیان لە بیر چووەوە کە قەومی کورد بەرلەوەی لەگەڵ تورکیا یەک بگرێتەوە تامی سەربەخۆیی و ئازادی چەشتبوو، بە خۆشی و سەربەستی ژیابوو و نەیئەزانی کە دیلی چییە؟ جگە لەمەش خاوێنی و دڵپاکی گەورە و تێگەیشتووانی کورد نەئەبووە هۆی ڕەزامەندی تورک و باوەڕ پێکردنیان بە کورد، بەڵکوو هەتا ئەمیرەکان زیاتر لە پێناوی ئەواندا خۆیان بەخت کرد و خوێنیان بۆ ڕشتن زیاتر لە چاویاندا سووک بوون و زۆرتر بوون بە ژێردەست و کەوتنە تەنگانەوە. لەجیاتی ئەمە کە بە چاوێکی ستایش بنوارنە ئەم ئەمیرانە و قەدریان بگرن، نرخێک بدەن بە برایەتییان، ڕێی پێگەیشتنیان لێ نەگرن و ماوەی بووژاندنەوە و پێشکەوتنی تەواویان بدەن؛ بەڵێ لەجیاتی ئەمانە کەوتنە دەستێوەردانی ئیدارەی ناوەکی ئەمارەتەکانیان و خەریکی ئەوە بوون کە ناکۆکی بخەنە ناویانەوە و بیانکەن بە گژ یەکا.

بۆ ئەم مەبەسەیان بە هەموو جوورێک تێکۆشان، لە هیچ شتێک پارێزیان نەکرد. بە شوورەیی‌یان نەزانی کە برا لە برا بەردەن و کوڕ لە باوکی هەڵگێڕنەوە. لەناوبردنی ئەمارەتەکانی کورد، مەبەسی بەرودوایان بوو. لەبەر ئەوە لەسەر سیاسەتی «ماکیاڤێل»[1] ڕۆیشتن و نرخیان نەدا بە هیچ دەستوورێکی تر.

ئەم سیاسەتە لە بنچینەدا لە زەمانی سوڵتان سلێمانی کوڕی یاوزەوە دەسی‌پێکرد، کە پێیان ئەوت «قانوونی». ئەم سوڵتانە کە قەومی تورک خۆیانی پێوەهەڵئەکێشن و لە ڕیزی پادشا گەورەکاندا ئەیژمێرن یەکێک بوو لەوانە کە لە خوێن‌ڕژاندن چەشکەی وەرئەگرت. هەروەکوو بە هاندانی ژنە بێگانەکەی و بە بیانووی ئەوە کە چاوی لە جێی باوکییەتی کوڕی گەورە و خۆشەویستی خۆی و وەلیعەهدی سەڵتەنەتی عوسمانی بە

---

١. مەبەست لێی نیکۆلای ماکیاڤێلی (١٤٦٧-١٥٢٧) نووسەر، سیاسی و فەیلەسووفی ئیتالیایی‌یە. ناسراوترین نووسراوەی ماکیاڤێلی کتێبێکە لەبارەی سیاسەتەوە بەناوی شازادە یان میر. م.س.

بەرچـاوی خۆیـەوە بە جەلادەکانی بە خنکانـدن دا؛[1] هەر ڕۆژە بـە جوورێـک فیتنەی ئەخسـتە ناو ئەمیرەکانی کوردەوە. لە ئەنجامی هەڵگیرسـاندنی هەموو فیتنەیەکدا ئەبوو بـە لایەنگیری ئـەو ئەمیرە کە بێ‌هێز و کەم‌دەسـەڵات ئەهاتە بەرچـاوی و بەم‌جوورە یەک لە دوای یەک ئەمیرە گەورە و بەهێزەکانی ئەشکاند و ئەفەوتاند و ئەچووە خوێنی ناحەقـی کوردە بێ‌گوناهەکانـەوە. کوردەکان بەمە ت مێ‌خواردوو نەئەبوون و هۆشـیان نەئەهاتـەوە بـە بـەرا. لەبەر ئەمـە سـوڵتانەکانی دوای قانوونیـش توانییان لەسـەر ئەم سیاسەتە بڕۆن و یەکەیەکە ئەمارەتەکانی کورد لەناوبەن.

بەتایبەتی سوڵتان مەحموودی دووەم[2] لەم سیاسەتەدا بەتەواوی شووڵی لێ هەڵکێشا و بەئاشـکرا کەوتە سـەر بیری لەناوبردنـی کوردەکانەوە؛ لەبەر ئەمە لـە دوو لاوە بۆتان و ڕەوانـدز لـە ١٨٧٠ی میلادا هەڵسـانە سـەر پێ؛ بـەلام لـە ئەنجامی ئەم دوو شۆڕشـە گەورەیـەدا هەر لە ڕووی هەندێ ناپاکی ناوخۆی کوردەکانەوە ئەم دوو ئەمارەتە گەورە و بەهێـزەش بەتـەواوی لەناودران و لە سـاڵی ١٨٤٧دا ئیتـر هیچ ئەمارەتێکـی کورد لەناوا نەمابوو و هەموو وڵاتی کوردستان ڕاستەوڕاست کەوتبووە ژێر حوکمی تورکەوە.[3]

---

١. قادینلر سلطنتی، احمد رفیق.

٢. سـوڵتان مەحموودی دووەم (١٧٨٥ تا ١٨٣٩)، کوڕی عەبدولحەمیدی یەکەمە، سـاڵی ١٨٠٨ لە تەمەنی ٢٤ سـاڵیدا بووە سـییەم سـوڵتانی دەوڵەتی عوسـمانی. سـەردەمەکەی چەندین هەنگاوی فراوانی چاکسازی لە بواری خوێندن و سـەربازی بە خۆوە بینی و هەوڵی دا لاسـایی وڵاتانی ئەورووپا بکاتەوە. لە سەردەمی ئەمدا جەزائیر لەلایەن فەڕەنسـاوە داگیرکرا و میسریش کەوتە ژێر دەستی محەممەد عەلی گەورەوە و کوردەکانیش لێی یاخی بوون. م.س.

٣. القضیة الکردیة، دوکتۆر بەلەچ شێرکۆ. [ساڵی ١٨٧٠ هەڵەیە و بەپێی دەقەکەی بەلەج شیرکۆ دەبێ مەبەستی ساڵی ١٨٢٩ بێ. م.س]

٨

لە دوای مێژووی باس‌کراو (١٨٤٧)، تورکەکان دیسانەوە دەسیان هەڵنەگرتبوو و بەبێ ئۆقرە بۆ لەناودانی عەقیدە و ئایین و زمان و تەقالید و ڕەوشت و خووی چاکی کورد تێکۆشان و خەریکی فەوتاندنی بوون، بەڵام ئەم سیاسەتە لە دواییدا و لە هەنگامی پەیا بوونی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی ڕەنگێکی ئاشکراتری وەرگرت، چونکە ئەم حیزبە سیاسەتی «توورانی»[1] بۆخۆی کردبوو بە ئایین و بەپێی ئەم بەرنامەجە لە وڵاتی عوسمانیدا غەیرە تورکی بە خاوەن‌حەق نەئەناسی. لەگەڵ ئەمەشا کە هاتنە سەر حوکم لە پێشەوە خۆیان لە کوردەکان نزیک خستەوە و دوورخراوەکانی زەمانی «عەبدولحەمید»یان گێڕایەوە تورکیا و ڕێیان دان کە لە ئەستەمووڵ کۆمەڵێکی کوردی دامەزرێنن، بەڵام وەکوو لە جێی خویا باسی ئەکەین ئەمە تا ماوەیەکی کەم دەوامی کرد و دوای ئەوە کەوتنەوە سەودای پاک‌کردنەوەی وڵات لەوانە کە لە نژادی تورک نەبوون. بە بیری خۆیان ئەیانویست دەوڵەتێکی تازە لە نژادی خاوێنی تورک دروست بکەنەوە و وشەی عوسمانی بەسەر زمانەوە نەیەڵن. ئینجا دوژمنایەتی بەینی کورد و تورک کە لە ڕووی سیاسەتی سوڵتانەکانی عوسمانی و لە دەوری سلێمانی قانونییەوە دەس‌پێئەکا، لە ١٩٠٨، واتە لە دوای گەیشتنی کۆمەڵی «ئیتیحاد و تەرەقی»[2] بە ناوچەی حوکم و هاتنی ئەندامە

١. توورانیزم بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ فکری بوو لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ دەرکەوت و داوای یەکخستنی سیاسی و کولتووری نەتەوە تورک‌زمانەکانی دەکرد. وشەکە خۆی لە شانامەی فیردەوسییەوە وەرگیراوە کە بەواتای تورکستان یان وڵاتی تورکان دێت. م.س.

٢. ئیتیحاد و تەرەقی بە یەکەم حیزبی سیاسی دادەنرێت لە دەوڵەتی عوسمانیدا. سەرەتا لە ساڵی ١٨٨٩ لەلایەن چەند قوتابییەکەوە، لەوانە ئیبراهیم ساتورا کە ئەرمەنی بوو و مەحموود جەودەت کە کورد بوو، لە بەناوی «کۆمەڵەی یەکییەتی عوسمانی» دامەزرا. پاشان لەلایەن بەهائەددین شاکر لەگەڵ ڕێکخراوی تورکیای لاو تێکەڵ کرا و ناونرا ئیتیحاد و تەرەقی. ساڵی ١٩٠٨ کۆدەتایان بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا کرد و تاوەکوو ساڵی ١٩١٨ لە دەسەڵاتدا بوون؛ دوای جەنگ زۆربەی سەرکردەکانیان گیران و دوورخرانەوە یان ئیعدام یان تیرۆر کران. م.س.

لاسارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بۆ سەرکار، بەتەواوی کەوتە ڕوو و سیاسەتی توورانییەتی هەروەکوو بوو بەهۆی ناسازی و ناکۆکی بەینی تورک و هەموو قەومە غەیرە تورکەکانی تر، لە ئەنجامدا بوو بەهۆی بێهێزی و لاوازی دەوڵەتی عوسمانی و تەفروتونابوون و لەناوچوونی گەورە و سەرکردەکانی کۆمەڵەکەش...

٩

کوردستانی جنووب له دواڕۆژەکانی شەڕی گێتی یەکەمدا

حکوومەتی ئینگلیز له ساڵی ١٩١٤، واته له سەرەتای شەڕی گەورەدا له جنووبی عێراقەوە دەسی کرد به پەلاماردان بۆ سەر سنووری عێراق و له ١٩١٥دا بەسرە و دوای ئەمە له ١٩١٧دا ویلایەتی بەغدای داگیر کرد. له دواهەمین ساڵی ئەم شەڕەدا ئیتر پێی نابووه ویلایەتی مووسڵەوە.

لەم دەورەدا له ڕووی خراپه و زوڵم و کردەوەی ناڕەوای کاربەدەستەکانی حکوومەتی عوسمانی وه ناڕاستی و ناپاکی بەشی زوربەی مەئموورەکانی عەسکەری و مەدەنییەوە خەڵق بەجارێ ڕوویان له حکوومەت وەرگێڕابوو. جگه لەمەش بەناوی «إعاشە»ی لەشکرەوە هەرچی خواردەمەنی و ئازووقەی فەقیر و هەژار هەبوو، بەتایبەتی هی دێهاتی و لادێییە بەسەزمانەکان بەبێ دوایی هاتن و هەر ڕۆژە بە ناوێکەوە، واته جارێ بەناوی «مبايعە» و گاهێک بەناوی «إعانە»وە زەوت و تاڵان ئەکرا. بەشی زۆری ئەمانه ئەدزرا و لەناو کاربەدەست و گەورە بێ مروەت و ناپاکەکاندا بەش ئەکرا و بەشێکی زۆر کەمی ئەگەیشته عەمارەکانی میری که ئەدرا به عەسکەرەکانی لەشکر وە یا به ژن و ماڵ و مناڵی مەئموورەکان و ئەو زابتانه که خۆیان له سنوورەکاندا سنگیان ئەنا به گوللەوە. دیاره ئەمەش کەڵکێکی ئەوتۆی نەئەگرت و چه ئەهالی و چه عەسکەرەکانی لەشکر ڕۆژبەڕۆژ ئەکەوتنه حاڵێکی خراپترەوە و برسیتر و ڕووتوقووتتر ئەبوون و ئینسانی زۆر دڵڕەقیش بەزەیی پێیان ئەهاتەوە.

قینی تەبیعەتیش بوو به سەربار؛ لەم ساڵەدا که بەهۆی شەڕەوە چاندنی تووی دەغڵ ودان و کاروباری فەلاحەت و جووتیاری بەدەس پڕوپیرێژن و پیرەمێردە بێهێزەکانەوە مابوو، بارانیش چووە بەست وە هەروەکوو خەڵقەکە به چاوپێکەوتنی یەک لەسەر یەکی دەرد و بەڵا ڕاهاتبوون و دڵیان ڕەق بووبوو، دڵی ڕەقی تەبیعەتیش نەئەهاته جۆش و هیچ نەبێ بۆ ڕزگار کردنی هەژاره بێتاوانەکان له برسییەتی و نەخۆشی، فرمێسکێکی نەئەڕژاند؛ به ڕادەیەک که وا ئەهات به بیرا ئەم کەونه دڵۆپه ئاوێکی تیا نەبێ...

بەم ڕەنگە بێڕەحمی و بەزەیی پیانەهاتنەوەی تەبیعەت بە فەقیر و هەژارا لەلایەک و ناپاکی و زەبروزەنگی کاربەدەستە خوا نەناسەکان لەلایەکی ترەوە بوون بەهۆی قاتوقڕییەکی بێداد و ماڵوێرانکەر؛ بەجوورێک کە هۆقەیەک ئاردی تێکەڵ و پڕ لە خاکوخۆڵ چووە لیرەیەک. بە قەدرایی چەن مانگێک بێجگە لە ئەوانەی کە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بوون وە یا لە حکوومەت مەواجب و ئازووقەیان وەرئەگرت، ئەو دوای ئەهالی کەوتنە سەغڵەتی و تەنگانەیەکی وا کە ئیتر مەپرسە. بۆ خواردن، ئاردەبرنج، مێوژی ڕەش، تووی وشک تەواو بوو و دەس نەئەکەوت.

ئینجا کەوتنە ئاردی بەڕوو خواردن. پەمووودانەش، بوو بە خواردنی دەوری هەرە نەگبەتی و لێقەوماوی فەقیر و هەژاری لیوای سلێمانی. دیارە کە ئەم حاڵە بوو بەهۆی داهاتنی گەلێ جوورە نەخۆشی. لە کاتێکا کە خواردەمەنی، بەڵکوو هەتا نانی وشک و پاقلەی کوڵاویش بووبوو بە دەرمان و تەنیا خواپێداوەکان ئەویش بەدەگمەن دەسیان ئەکەوت؛ دەرمان دەسیش بکەوتایە لەوانە نەبوو بێتەوە بە بیرا وە یا چواری وا هەبووبێ کە بتوانێ بیکڕێت.

لەبەر ئەمە هەموو نەخۆشێک نامزەدی مردن بوو. خۆزگە زووش ئەمردن و پێش ئەوەی کە ببن بە مەینەتی دونیا، لەبەرچاو پاک ئەبوونەوە، بەڵام ئە م نەخۆشانە کە بەشی زوربەیان هیچ دەردێکیان نەبوو؛ لە ڕووی خواردنی خراپ و نەرمەی تۆپیوی هەندێ باڵندە و مریشک و کەڵەشێر وە یا لەبەر خواردنی ئاردەبەڕوو یان تووی وشک و پەمووودانە، پێش مردنیان بە ماوەیەکی تەواو ڕەق و وشک ئەبوونەوە، ئینجا دەموچاو و دەسوپێیان ئەئاوسا و قژی سەر و ڕیش و سمێڵی چڵکن و ئاڵۆزاوی بەیەکاچوویان بە ڕووی ئاوساو و چاوی بە قووڵاچوویانا ئەهاتە خوارەوە. نەک نێرینە، بەڵکوو ژنە کەساسەکان و کچە جوانکیلەکانیش کە ڕووتوقووت مابوونەوە لەشیان بۆ دانەئەپۆشرا و بە تەنگ شەرمەوە نەمابوون.

ئینجا سەرەتای زستان دەرکەوت، بەڵام زستانێکی سەخت و بەپێچەوانەی فەسڵی دەغڵودان زستانێکی ئێجگار ساردوسۆڵە و بەباران. ئیتر ئەوانەی کە خوا پارووێک نانیشی دابوونێ و بە کوڵەمەرگی، سکیان تێر ئەکرد، لەبەر هاوار و نووزەی بێهێز و دەنگی پاڕانەوەی ژنومناڵ و پیرەمێردە نەخۆشەکانی دەسوپێ ئاوساو، کە لە ژێر

باران و ڕه‌شه‌با و سه‌رمای زه‌مهه‌ریری شه‌وانی زستانا له کۆڵانه‌کانه‌وه ئه‌هاته به‌رگوێ، ئارامی لێ ئه‌بڕا و به‌بێ ده‌سه‌ڵات ده‌سی ئه‌کرد به گریان. به‌مه‌ش هه‌ر شوکر، به‌ڵام ڕۆژ نه‌بوو که شارێکی وه‌کوو سلێمانی، له برسا وه یا له‌به‌ر نه‌خۆشی، که ئه‌ویش هه‌ر له ڕووی برسییه‌تییه‌وه بوو له ده که‌س که‌متری لێ بمرێت. ئه‌م ژماره‌یه به‌لای که‌مه‌وه‌یه ئه‌گینا گه‌لێ ڕۆژی وا ئه‌بوو که زیاتریشی لێ بمرێت. ئیتر شاردنه‌وه‌ی ته‌رمی مردووه‌کان له ته‌واناى به‌له‌دیه‌دا نه‌ما، به‌تایبه‌تی دوای ئه‌وه که له‌به‌ر زۆری تێپه‌ڕبوونی نه‌رمه‌ی[1] مردوو به کۆڵانه‌کاندا زراو و زه‌نده‌قی زندووه‌کان چوو؛ ئینجا کاتی به‌لادا نه‌چوون و نه‌شاردنه‌وه‌ی نه‌رمه‌ی مردووه‌کان ده‌سی‌پێکرد. ئیتر پیاوم ئه‌ویست که ڕوو بکاته مزگه‌وته ڕووخاوێک، به چه‌په‌ر و لاکۆڵانێکدا تێپه‌ڕێت، وه یا سه‌ر بکا به که‌لاوه‌یه‌کا وه یا چاو به ژوورێکی چۆڵ و تاریک و بۆگه‌نا بگێڕێت. بێ‌گومان له هه‌موو هه‌نگاوێکدا نه‌رمه‌یه‌کی ڕووت‌وقووت و ئاوساو و شین‌هه‌ڵگه‌ڕاوی به‌رچاو ئه‌که‌وت، که به‌نیاده‌می ئه‌ترساند و ئه‌یسڵه‌ماندە‌وه. چاونووقاندن و ڕاکردن له‌م دیمه‌نه خه‌فه‌ت‌پژێنه‌رانه که‌ڵکی نه‌ئه‌گرت، به خۆشاردنه‌وه و دوورکه‌وتنه‌وه ڕزگاری له‌م وێنه پڕ له عیبره‌تانه، که کزه‌ی له جه‌رگ ئه‌هێنا و دڵی هه‌ڵئه‌قرچاند، چنگ نه‌ئه‌که‌وت.

ڕه‌وشت و خووی به‌رز، نه‌وی بووبوو، دڵسۆزی و داوێن‌پاکی له به‌شی زۆری خه‌ڵق هه‌ڵگیرابوو. به‌کورتی سروشتی پاک له قامووسی به‌شه‌را نه‌مابوو و سڕابووه‌وه. داوێن‌پیسی و که‌مته‌رخه‌می له ناموسدا، گه‌یشتبووه ڕاده‌یه‌کی وا قه‌ت نه‌یبینی. هه‌ر له‌م ده‌وره‌دا له ئێرانیشه‌وه پۆل‌پۆل خه‌ڵق به سواڵکردن و هه‌لاتوویی خۆیان ئه‌گه‌یانده سلێمانی و له‌مانه به‌شێکیان به فرۆتنی له‌شیان ئه‌چوون به‌ڕێوه و تا ماوه‌یه‌کی تریش به کوڵه‌مه‌رگی ژیان.

له خه‌ڵقی شاره‌که‌ش ئه‌وانه‌ی که ده‌وڵه‌مه‌ند نه‌بوون وه یا هۆی ژیانیان به‌ده‌سه‌وه نه‌بوو، وه یا له‌وانه نه‌بوون که بێنه بازاڕی بێ‌شه‌رمی و کاسبی به له‌شیانه‌وه بکه‌ن، ورده‌ورده به‌ وێنه‌یه‌کی وا جگه‌ربڕ توانه‌وه و به ناخی عه‌رزا چوونه خواره‌وه، که هه‌رگیزاوهه‌رگیز له بیر نه‌چێته‌وه...[2]

---

١. نه‌رمه: لاشه، جه‌نازه.

٢. وه‌دیع جووه‌یده له لاپه‌ڕه‌ی ٣٠٩ی کتێبی «الحركة القومية الكردية نشاتها وتطورها»دا نووسیویه‌تی: پێش

١٠

نەتەوەی شێخ مەحموود و چەشنی ژیانی

شێخ مەحموود [١٨٨١ - ١٩٥٦] کوڕی شێخ سەعیدی حەفیدی خوالێخۆشبووی کاک ئەحمەدی شێخە. مێژووی ئەم خانەوادەیە بەتایبەتی لە دەوری حکوومەتی بەبە و نزیکەی ١٥٠ ساڵ لەمەوبەرەوە دەس‌پێئەکات. کاک ئەحمەدی شێخ (ع) کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە. ئەم زاتە، مورشید و گەورەی تەریقەی قادری بوو و بە خواناسی و خواپەرەستی و پیاوچاکی ناوی دەرکردبوو. لەبەر ئەوە ئەهالی وڵاتی کوردستان بە چاوێکی حورمەت و پەرستشەوە تەماشایان ئەکرد و زۆریان خۆش ئەویست. بە ڕادەیەک کە گەلێکیان و بەتایبەتی خەڵقی دێهات و عەشیرەتەکان کەشف و کەرامەتی ئەگێڕنەوە و سوێند بە سەری ئەخۆن. مەرقەدی کاک ئەحمەد کە لە شاری سلێمانییە بووە بە زیارەتگای زوربەی ئەهالی، لەبەر ئەمە نەتەوەی کاک ئەحمەد (ع) لە مەقامی دینی باپیرە گەورەیان بەهرەیەکی گەورەیان وەرگرتووە و لە ڕیزی نەتەوە پیرۆزەکانا ئەژمێررێن. لەبەر ئەمە لە کوردستاندا ناو و شورەتێکی گەورە و تەواویان پەیا کردووە و ئەم خۆشەویستی و پەرستشە لە کاک ئەحمەدی شێخەوە بۆ کوڕ و کوڕەزاکانی و بەتایبەتی بۆ شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود مابووەوە.

هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا، ژمارەی دانیشووانی سلێمانی نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بووە، بەڵام کاتێک ئینگلیزەکان لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ گەیشوونەتە سلێمانی، ژمارەکە کەم بووەتەوە بۆ ٢٥٠٠ کەس. م.س.

بلیمەتـی شـێخ مەحموود هەر لـە منالّییەوە دەرکەوتبوو و ناوبانگـی بە ناو دێهات و عەشـیرەتەکانی کوردا بلاّو بووبووەوە. لەبەر ئەوە کـە لە بنچینەوە بە بزێوی و گورجی و ئازایـی هاتبـووە پێشـەوە لە ناووشـۆرەتی باپیری و نفـووزی دینـی خانەوادەکەی گەلێ سـوودمەند بووبوو و گەیشتبووە پلەیەکی بەرزی سەرکردەیی. ئیتر بەرەبەرە هاتە ناوەوە تا لـە دونیـای سیاسەتیشـدا کەموزۆر ناسـرا و ناوی کەوتە سـەر زمان. هێشتا لاوێکی تازەپێگەیشـتوو بوو کە جارێک چوو بە گژ عەشـیرەتی گەورەی «جاف» و جارێکیش بە گژ عەشیرەتی هەرە درِ و ئازای «هەمەوەند»دا.

بەکورتی چە لە ڕووی ئازایی و لەشکرگێری و چە بەهۆی نفووزی دینی باووباپیرییەوە نفووزی دینی و دونیایی شـێخ مەحموود تا ئەهات لە پەرەسـەندنا و ئەستێرەی بەختی ڕۆژبەڕۆژ لە بلّندی و بەرزبوونەوەدا بوو.

سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم

جگـە لەمەش سـولّتان عەبدولحەمیدی دووەمـی عوسـمانی بەپێـی ڕەوشـت و سیاسەتێک کە کردبووی بە پیشە و لەسەری ئەڕۆیشـت شێخ سـەعیدی حەفیدی کاک ئەحمەدی داوا کردبووە ئەسـتەموولّ. شـێخ سەعید جگە لە هەندێ خزم و کەس‌وکار و دەسـتەودائیرە، شـێخ مەحموودی کوڕیشی لەگەلّ خۆی بردبوو.

بـەم چەشـنە شێخ مەحموود لـە دەورەی منالّیـدا بەبینێکیش میوانی پادشـای عوسمانی بووبوو و لە کۆشـک و سـەرای سـەلّتەنەتیا چاوی بەسەر ژیانێکی بەرزی ئەرستۆقراتی و پڕ لە دەبدەبەدا هەلّێنابوو.

سـولّتان عەبدولحەمیـد هەروەکـوو لە دوورەوە و بـە ناووشـۆرەتیا کاک ئەحمەدی خۆش ویستبوو، وادیارە کە بە چوونی شێخ سەعیدی حەفید بۆ ئەستەموولّ ئەوەندەی تر کەوتبووە سـەر بیـری نزیک‌خسـتنەوەی ئەم خانەوادەیـە لە خۆی؛ لەبـەر ئەمە پێش

گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی هەریەکە لە دەستەودائیرەی شێخ سەعیدی بە مووچە و بەرات گەیاندبوو.

جگە لەمەش شفرەی موخابەراتی سیرڕی دابوو بە شێخ سەعید کە لە کاتی تەنگانە و پێویستدا بتوانێت بە تەلەگراف موخابرەی لەگەڵ بکا. ئەمە گەورەترین نەوازشێک بوو کە سوڵتانێکی عوسمانی وەکوو عەبدولحەمید لەگەڵ ڕەعیەتێکی خۆی کردبووی.

هەروەکوو بەڵگەیەکی گەورە بوو بۆ جێ و مەقامی بەرزی حەفیدی کاک ئەحمەد لەلای پادشا. لەبەر ئەمە ئەو موتەسەریف و سەرەک لەشکرانە کە لە سلێمانی بوون وە یا بۆی ئەنێرران بێ‌گومان لە قار و غەزەبی شێخ سەعید خۆیان ئەپاراست و ئەکەوتنە ژێر نفووزییەوە. هەندێک لەمانە ئەگەیشتنە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بێ‌پرس وڕای حەفید پەنجە نەکەن بە ئاوا.

مەحموود شەوکەت پاشا

ئینجا شکی تیا نییە کە تاقمی مەئمووره بچووکەکان ئەبوون بە بازیچەیەکی شێخان و بەشێ ڕەشۆکی ئەهالی بۆ قازانج و مەرامی کاری خۆیان بەبێ مووچە و بەرات ئەچوونە ڕیزی نۆکەر و خزمەتکارانەوە، بەڵام دەستەی توجار و ئاغاکان دوژمنی ئەم خانەوادەیە بوون و لە ژێرەوە شێریان لێ ئەسوون. چرای بەختی کێ تاسەر بە گەشی ماوەتەوە؟ جێ و مەقامی بەرز هەروەکوو بۆ عەبدولحەمید تاسەر نەبوو، بەختی ئەم خانەوادەیەش کەوتە کزی.

لە تورکیا کە شۆڕشی ١٩٠٨ ڕووی دا و لەشکری مەحموود شەوکەت پاشا[1]

---

١. تورکە شۆڕشگێڕەکان بەم لەشکرەیان ئەوت «حرکت أردوسی» [مەحموود شەوکەت پاشا (١٨٥٦- ١٩١٣)، سەرۆکوەزیران (سەدری ئەعزەم)ی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە ١٩١٣/١/٢٥ بۆ ١٩١٣/٦/١١؛ بە ڕەگەز چیچانی و خەڵکی بەغدا بوو. لایەنگری ئیتیحادییەکان بووە و کۆشکی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی داگیر کردووە و ناچاری کردووە دەسەڵات بەجێ‌بهێڵێت. لە ١٩١٣/٦/١٣ تیرۆر کرا. م.س.

لە سەلانیکەوە هاتە سەر سوڵتان عەبدولحەمید و ئەستەمووڵی گرت، عەبدولحەمید لەسەر تەختی پادشایی لابرا و نێررایە سەلانیک. ئینجا کۆمەڵی یەکییەتی و سەرکەوتن هاتنە سەر ئیش و حکوومەتیان گرتە دەس. دوای ئەمە بۆ قایمکردنی جێی خۆیان لە هەموو لایەکی وڵاتی عوسمانیدا بەتایبەتی لەوانەی کە ناحەزی دەستەودائیرەی عەبدولحەمید بوون خەڵقیان کۆ ئەکردەوە و لقی کۆمەڵی «ئیتیحاد و تەڕەقی»یان لێدروست ئەکرد. شکی تێدا نییە کە سەرگرتنی ئەم لقانەی ئیتیحاد و تەڕەقی لە ویلایەتە دوورەکاندا، لە بێهێزکردن و تەفروتونا کردنی ئەوانەدا بوو کە سەر بە عەبدولحەمید بوون.

لقی ئیتیحاد و تەڕەقی سلێمانیش، کە بەتایبەتی لە ناحەزانی خانەوادەی شێخ سەعید، واتە لە توجارەکان و هەندێ لەو زابتانە هاتبووە ناو، کە تازە لە مەکتەبی حەربییە دەرچووبوون و مەیلی ئازادی و بەربەرەکانی خاوەن نفووزەکانیان ئەکرد. لەبەر ئەمە لەگەڵ بەرەی شێخان کەوتنە دوژمنایەتی و دەسیان کرد بە هاندانی حکوومەت لە عاستیانا. ئینجا زۆری پێنەچوو کە بە کەین‌وبەینی لقی کۆمەڵ و ئەو کاربەدەستانەی کە لە کۆمەڵدا ئەندام بوون، بیانوویان بۆ دۆزینەوە و شێخ سەعیدی حەفید و هەندێ کەس‌وکار و دەستەودائیرەی لەگەڵ شێخ مەحموودی قارەمانی ئەم باسە لە ژێر چاودێری هێزێکی زوربەی حکوومەتیدا نێررانە مووسڵ.

لە مووسڵ تا بەینێک بە ئاسوودەیی ڕایانبوارد. لە هەموو کاتێکا بە هیوای ئەوە بوون کە دەور بگۆڕێت و بگەڕێنەوە سلێمانی. نەیانئەزانی کە بەختی شووم ڕۆژی ڕەشتری بۆ ئامادە کردوون و جارێ گەلێ داماوی و مەینەتی تریان لە پێشەوەیە.

کاربەدەستەکانی ئیتیحاد و تەڕەقی لە مووسڵ بۆ هەلێک ئەگەڕان کە بیکەن بە بیانوو بۆ لەناوبردنی شێخ سەعید. لەبەر ئەمە لە سەرەتای هاتنیانەوە لەوە ئەکۆشان دڵی خەڵقی مووسڵیان لێ کرمێ بکەن؛ وەکوو ئەڵێن گەلێ شتی درۆ و نارەواشیان بۆ هەڵئەبەستن و بە ناو خەڵقا بڵاویان ئەکردەوە. شوومی و سیاچارەیی خۆشیان ڕۆژی نەگبەتی لێ نزیک ئەخستنەوە. زۆری پێنەچوو دەربارەی ئەم غەریب و لێقەوماوانە لە شاری مووسڵدا فیتنەیەکی گەورە هەڵگیرسا...

١١

فیتنەی مووسڵ و کوژرانی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی

لە ساڵی ١٣٢٦ای هیجری، ڕێکەوتی ١٩٠٨ای میلادی[1] ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربان[2] شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی برای و بەها ئەفەندی ناوێکی[3] هاوڕێیان لە ماڵی مستەفابەگی قایمەقامی عەسکەری میوان ئەبن. ماڵی ئەم مستەفابەگە بەسەر مەیدانی «باب الطوب»دا ئەڕوانێت کە لەو دەورەدا بە جەژنان ناوچەیەکی سەیران و کۆبوونەوە ئەبێت.

لەبەر ئەمە کە لە ماڵی مستەفابەگ دێنە دەرەوە بەو مەیدانەدا تێئەپەڕن. بە قسە، بەها ئەفەندی سەرخۆش ئەبێ و توانج ئەگرێتە ئافرەتێک لە سەیرکەرەکان، بەڵام ئافرەت دەس ئەکا بە هاوار و قیژە. لەسەر ئەمە هەندێ لە سەیرکەرەکانی خەڵقی مووسڵ لەسەری دێنە جواب. لەگەڵ بەها لێیان ئەبێتە مشتومڕ و ئەیانەوێت بیکوژن. ئینجا شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانیشی شەڕیان ئەبێ بە لووتەوە و کار ئەگاتە خەنجەر و دەمانچە. چەن کەسێک لەو ناوەدا بریندار ئەبێت. ئەهالی مووسڵ وردەوردە ئەورووژێن و شووڵی لێ هەڵئەبڕن و عەشاماتێکی زۆر لە دەوری شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی کۆ ئەبنەوە و تەنگاویان ئەکەن. لەم کاتەدا هەندێ جەندرمەی کورد کە لەو ناوەدا

---

١. خەڵکی مووسڵ و مێژوونوسان ڕۆژی کوژرانی شێخ سەعیدیان ناو ناوە «دقة الشیخ سعید»، واتە هەراکەی شێخ سەعید. زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ شێخ سەعید کوژراوە. م.س.

٢. بەپێی واتەی مامۆستا عەبدولمونعیم غولامی کە لە «الضحایا الثلاث»دا ئەیگێڕێتەوە و خۆی بە دیارەوە بووە، ئەم کارەساتە لە ڕۆژی دووەمی جەژنی قورباندا ڕووی داوە و دوو ڕۆژ دەوامی کردووە.

تاهیر ئەلعومەری لە «مقدرات العراق السیاسیة»ەکەیدا ئەڵێت کە ئەم هەرایە ڕۆژی یەکەمی جەژن ڕووی داوە و سێ شەو و سێ ڕۆژ دەوامی کردووە.

٣. بەها ئەفەندی لەو ڕۆژەدا لە مووسڵ باشکاتبی ڕێژی (ئینحسار) ئەبێ. کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی خەڵقی کفرییە.

ئەبن فریایان ئەکەون. دەورییەی هێسترسواریش[1] کە زۆریان کورد ئەبن دێن بە سەرا. شەڕ قورس ئەبێ و لە هەردوولا گەلێ کەس ئەکوژرێت و برینـدار ئەبێ. خەڵقەکە بەمە زیاتر گڕ ئەگرن و بەشی زۆری ئەهالی دەس ئەدەنە سیلاح و دەوری جەندرمەکان ئەدەن، کە ئەبێ بە شەڕ جەندرمەکان پەنا ئەبەنە بەر سەرا. بۆ سبەینێ ئەهالی دەست هەڵناگرن و بە تفەنگەوە ڕوو ئەکەنە سەرا و داوای جەندرمەکان لە والی ئەکەن کە تۆڵەیان لێ بکەنەوە. دیارە کە والی جەندرمەکان نادا بەدەسەوە. ئینجا داوای شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی لێ‌ئەکەن. ئەو وەختە والی[2] لەجیاتی ئەوە کە تەگبیرێک بکا بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە و نواندنی زەبری حکوومەت، بە خەڵقەکە ئەڵێت: «ئەوان لێرە نین، بچن خۆتان بیاندۆزنەوە.» ئینجا عەشاماتەکە هەڵئەکوتنە سەر ماڵی شێخ سەعید[3] و دەوری ئەدەن. والی لەم ساتەدا جارێکی تریش نەوت ئەکا بەسەر ئاگرا. لەجیاتی تەگبیری ئەوە بکا کە ئەم عەشاماتە بڵاو بنەوە و فیتنە تا زووە بکوژێتەوە، سێ کەس لە ناودارەکانی خەڵقی مووسڵ هەڵئەبژێرێت[4] و ئەیانێرێت بە شوێن شێخ سەعید و بەناوی پاراستنی لە «دەرەک» داوای ئەکاتە لای خۆی. شێخ سەعید بەمانە باوەڕ ئەکا و لەگەڵیان ڕوو ئەکاتە سەرای حکوومەت. بەناوی پارێزگارییەوە دەستەیەک عەسکەریشیان لەتەکا ئەبێ. لەگەڵ ئەمەشا کە ئەگەنە بەردەمی سەرا بە ئەمری تابوورئاغاسی[5] دەرگای سەرا دائەخرێت و شێخ سەعید لە دەرەوە ئەمێنێتەوە.

١. هێسترسوار هێزێکی ئامادە و تایبەتی جەندرمەی دەوڵەتی عوسمانی بوو؛ ئەرکیان بریتی بوو لە پاراستن و دابین‌کردنی ئارامی لەناو شارەکاندا. م.س.

٢. والی ئەو ڕۆژەی مووسڵ فەریق زەکی‌پاشای خەڵقی حەڵەب ئەبێ کە خۆشی یەکێک بووە لە ئەندامەکانی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی.

٣. شێخ سەعید و کوڕەکانی لە خانوویەکی محەممەدپاشای سابوونچی ئەبن لە جادەی سەرا و بەرامبەر مەکتەبی ئیعدادی کۆن کە ئیمڕۆ بووە بە سانەوی شەرقییە، بەڵام دەس‌وپێوەندەکانیان لە خانێکی نزیک بە خانووەکەی شێخ سەعید ئەبن کە هەر هی محەممەدپاشا ئەبێ.

٤. ئەو سێ کەسە: ڕەشید ئەفەندی عومەری و شێخ ئیبراهیم ڕۆمی و عەلی ئەفەندی ئیمامی مزگەوتی نەبی شیس ئەبن.

٥. ئەو دەمە بە قوماندانی تابوور، واتە بە ئامر فەوجی «ژاندار / جەندەرمە»یان ئەوت «طابورآغاسی»، ئەم «طابورآغاسی»یە لە زابتە جەندرمەکان دائەنرا کە ڕوتبەی «بینباشی = مقدّم»ی هەبێ. لەو دەورەدا

لەم کاتەدا یەکێک لەناو عەشامەتەکەوە بەردێکی گەورە ئەکێشێت بە مێشکی شێخ سەعیدا و ئەیکوژێت.

دوای ئەمەش چەن کەسێکی تر هەڵئەکوتنە سەر تاقە پیاوەکەی شێخ کە لەگەڵی ئەبێ و قورئانی بۆ هەڵئەگرێت. ئەو بێگوناهەش بە خەنجەر دائەپاچن و ئەیکوژن. بەمەش هەرا نابڕێتەوە. عەشامات ئینجا با ئەدەنەوە سەرماڵی شێخ سەعید. ئەوانەی لەوێ ئەبن شێرانە بەرەنگاری ئەم دوڕندە و وەحشییانە ئەبن، بەڵام لە ئەنجامدا شێخ ئەحمەدیش ئەکوژرێت. دوای ئەمە ڕوو ئەکەنە ئەو خانە کە پیاوەکانی شێخ سەعیدی لێ‌ئەبێ. دەرگای خان ئەشکێنن و ئەچنە ژوورەوە و هەچ پیاوێکی لێ‌ئەبێ ئەیانکوژن. بەهـا ئەفەنـدی مایەفیتنە هەر لـە ڕۆژی یەکەمی ئەم ئاشـووبەوە خۆی شـاردبووەوە و ڕزگار بووبوو.

بەڵام ئەوەی جێی لێکدانەوەیە نەبوونی باسی شێخ مەحموودە. لەم هەموو کارەساتەدا چۆن ناوی لەناودا نییە؟ من خۆم لێم بیستووە کە ئەو لەم کارەساتەدا نەبووە، بەڵام چۆن و لەبەرچی؟ مامۆستا غولامی لـە «الضحایا»دا ئەڵێت: کە شـێخ مەحموودیش لە ماڵی مستەفابەگ بووە، بەڵام دوای ئەوە نە لە هەراکەی «باب الطوب»[1] و هەرای بەردەرگای سەرا، کە باوکی تیا ئەکوژرێت و نە لە هەرای وروژمهێنانی عەشاماتەکە بۆ سەر ماڵی شێخ سەعید و کوژرانی شێخ ئەحمەدی برایدا ناوی شێخ مەحموود نییە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێـت کە وەکوو خۆم لێم بیسـتبوو لەم کارەسـاتەدا ئەوی تیـا نەبووبێت. خاوەنی «مقـدرات العـراق السیاسـیة» کـە وادیارە لە شـێخەکان زۆر بـە قین بـووە و بەتایبەتی

«طابورآغاسـی» واجباتی مودیری پۆلیسـی ئـەم زەمانەی ئەبینی. ئینجا «طابورآغاسـی» مووسـڵی ئەو ڕۆژە تۆفیق‌بەگـی باوکـی ئەحمەدبەگ ئەبـێ. تۆفیق‌بەگ لەناو مووسـڵییەکاندا بـە «دارەکە بێنە» مەشـهوورە. ئەحمەدبەگی کوڕی لە دەوری ئیحتیلالی سـلێمانیدا بوو بە مودیری ناحیە، دوای ئەوە بە ئەندامی مەجلیسی تەئسیسـی و لە دوای ئەمانەش دوو جار بوو بە موتەسـەریف. ئێسـتە لە ئیشی حکوومەتا نییە و لە بەغدا لە گەڕەکی ئەعزەمییە دائەنیشێت.

١. بـاب الطوب واتـە دەرگای تۆپ، گەڕەکێکی بازرگانییە لە مووسـڵی کۆن، دەکەوێتـە کەناری دیجلەوە. والی مووسـڵ حسێن‌پاشـا جەلیلـی لە دەرگای باشـووری مووسـڵ تۆپێکی دانـاوە و ناوەکە بەو شـێوە ڕۆیشتووە. م.س.

دەربارەی شـێخ مەحمـوود لـە زماندرێژی خۆی نەپاراسـتووە، ئـەو هەرزەکارییە کە لە «بەها»وە بەرامبەر بە ئافرەتێک ڕووی داوە ئەیداتە پاڵ شێخ مەحموود.

بەڵام دیارە کە کارێکی وا منالانە لە بلیمەتێکی وەکوو شێخ مەحموودەوە زۆر دوورە؛ ئەو شێخ مەحموودە کە هەر لە منالییەوە چاوی بڕیبووە گەورەیی و سەودای زەعامەتی لە کەللەدا بوو. ئەوەش بخەینە لاوە؛ ئەی چۆن باوەڕ بکەین بەوە کە خۆی بووبێت بەهۆی ئاگـری فیتنەیەک، باوک و براکانی لەناو ئەو ئاگرەدا بەجێ‌بێڵێت و خۆی بشـارێتەوە؟

بەڵـی وەکـوو مامۆسـتا غولامی ئەڵێـت جێی تێئەچێ کە شـێخ مەحمـوود لە پێش هەڵلاکـەیماڵەوە چووبێتە ماڵـی خدر هەمەوەند[1] و لە کاتـی هەڵلاکەدا نەیتوانیبێت وە یا نەیانهێشـتبێت بگەڕێتەوە لای براکانی، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز ئەوە بە بیردا نایەت کە قارەمانێکی وەکوو ئەو لە کاتی هەڵلاکەدا بۆ دەرکردنی سەری خۆی ڕایکردبێتە ماڵی مەحموود خدر و خۆی شاردبێتەوە،[2] چونکە شێخ مەحموود لە هەموو دەورێکی ژیانیدا بە ئازایی ناوی ڕۆیشـتووە و لە مەیدانی هەموو کارەسـاتەکاندا بـە جوامێر و نەترس و نەبەز ناسراوە.

بـەڵام ڕاسـتی هەرچییەک ئەبێـت بێ بەم‌جوورە وەحشـیانەیە دوایـی هاتنی ئەم کارەسـاتە خوێنینـە لە مێژووی شـاری بەناوبانگی مووسـڵدا لاپەڕەیەکـی ڕەش و هەرە چڵکنی وای داگیر کردووە کە قەت لە بیر نەچێتەوە...

---

١. ئەم خدر هەمەوەندە کە مامۆستا مونعیم باسی ئەکا ئەبی مەحموود خدری هەمەوەند بێ کە لەو دەمەدا لە مووسڵ بینباشی جەندرمە بوو.

٢. بە واتەی مامۆسـتا عەبدولمونعیم غولامی، شێخ مەحموود لە کاتی ورووژمهێنانی ئەهالی بۆ سەر ماڵی شێخ سەعید و کوشتنی شێخ ئەحمەدی برای لە ماڵی خدر هەمەوەند ئەبێ. دوای هەڵلاکە لەوێوە ئەچێتە ماڵی «حاجی محەممەد چەلەبی جادر» و ئەوان لە ماڵی خۆیانەوە ئەیگەیەننە سـەرای حکوومەت. کتێبی «الضحايا الثلاث».

١٢

گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

دەنگی کوژرانی شـێخ سـەعیدی حەفید و شـێخ ئەحمـەدی کوڕی لە مووسـڵ لە هەموو لایەکی عێراقدا و بەڵکوو لە سـەراپای خاکی عوسـمانیدا کارێکی ئێجگار بەسـۆزی کردە سـەر خەڵق و بەتایبەتی سـەر خەڵقی سـلێمانی و کەرکووک و شارەکانی تری کوردستان. عەشـایر و بەتایبەتی عەشـیرەتی ئـازا و بەجەرگی هەمەوەند خەریکـی ئەوە بوون کە شۆڕشـێک بنێنەوە. لەبەر ئەمە حکوومەتی مووسـڵ ترسی لێنیشت و شێخ مەحموود و دائیرەکـەی ڕاگیر کرد و نەیهێشـت لە مووسـڵ بچنە دەرەوە. عەشـایر کـە بەمەیان زانی ویسـتیان جـارێ حکوومـەت هێمن بێتـەوە و بەهـۆی گەورەکانـی کەرکووکـەوە داوای بەردانـی شـێخ مەحموود و براکانیان کـرد. وایان لە حکوومەت گەیاند کـە ئەگەر ئەمانە بەرنەدرێن و نەگەڕێنەوە سلێمانی عەشایر هەڵئەکوتنە سەر مووسڵ و تۆڵەی شێخ سەعید و شـێخ ئەحمەد لـە ئەهالی ئەکەنەوە. لەسـەر ئەمە ویلایەت بڕیاری دا بە بەردانی شـێخ مەحمـوود و براکانی و ناردنـەوەیان. لەو ڕۆژانەدا ئەهالی شـارەکانی هەولێر و کەرکووک بەجارێ هاتبوونە خرۆش. عەشایری دەوری کەرکووک و سلێمانی ئارامییان لێ هەڵگیرابوو. ژن و پیاو، گەورە و بچووک لەم کارەساتە ئەدوان؛ باسی تر نەمابوو.

کوژرانی شـەهیدی کورد بەسـەر هەموو زمانێکەوە بوو. لە هەموو لایەک بوێژەکان بـە کـوردی و تورکـی و فارسـی گەلێـک شـیعری شـین و لاوانـەوەی زۆر بەکـوڵ و تینیـان هەڵبەسـتبوو و قوتابییان و منـاڵان لەبەریان کردبوو و بە سـۆزەوە بۆ یەکتریان ئەخوێندەوە. عەشـایر و ئەهالی خەریکی خۆ ئامادە کردن بوون کە بچن بە پیر شـێخ مەحموودەوە. بەڕاسـتی کارەساتی «کەربەلا» تازە بوو بووەوە. خەڵقی مووسڵ بوو بوون بە «زەندیـق» ئیتر یەکێک نەبوو دانی خێریان پیابنێت. کاتێ کە پەیامی نزیکبوونەوەی شێخەکان لە کەرکووکدا بڵاو بووەوە، ئەو شەوە تا بەیانی زۆر کەس خەوی لێنەکەوت. عەشـایری دەوری کەرکووکیـش ئۆقرەیان لێبڕابـوو. ژن، پیاو، کوڕ، کـچ، گەورە و مناڵ،

ئەفەندی، مەلا، شێخی تەریقەت، دەروێش، کاسبی ناو بازاڕ، مەئمووری حکوومەت دەستەدەستە لە هاتوچۆدا بوون. هەزاران بەیاخ[١] و دەف ئامادە کرابوو. خۆم لەو ڕۆژەدا لە کەرکووک قوتابی حوجرەی مەلا تەقی بووم؛ پێم نابووە ساڵی دەیەم. مامۆستاکەمان شاعیر بوو. مەرسییەیەکی دووردرێژی تورکی پێ لەبەر کردبووم. پێش گەیشتنی شێخەکان بۆ هەزاران کەسم خوێندبووەوە. ئەو ڕۆژەی شێخ مەحموود گەیشتە کەرکووک سەرپاکی ئەهالی و زوربەی عەشایر هەر لە سفیدەی بەیانەوە بە پێیان و بە سواری کەوتنە ڕێ و تا ماوەیەکی چەن سەعاتێ چوون بە پیریانەوە. ئاوازی «ئەڵڵاهووئەکبەر» و گرمەی تەپڵ و دەف تێکەڵ بە هاڕەی گریان و شیوەن بوو.

بەڕاستی دیمەنی ئەو دەشتە لەو ڕۆژەدا وێنەیەک بوو لە مەحشەر. تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی[٢] و خانەقای سەید ئەحمەد[٣] ئەم میوانانەیان بەش کرد. شێخ مەحموود چووە تەکیە و شێخ قادری برای و ئەوانی تر لە خانەقا مانەوە، کە شێخ مەحموود گەیشتە کەرکووک عەشایر دووبارە خرۆشان و کەوتنەوە سەر بیری ئەوە کە شۆڕشێک هەڵگیرسێنن. لەم حاڵەدا ڕەشیدپاشا[٤] کرا بە والی مووسڵ. لەوێ تەنیا ڕۆژێک مایەوە و خۆی گەیاندە کەرکووک؛ دڵی شێخ مەحموودی دایەوە و بە هێزێکی گەورەوە لەگەڵ خۆی بردییەوە سلێمانی.

---

١. بەیاخ، بەیداخ. س.

٢. تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی لە کەرکووک، لە سەردەمی شێخ مەحموودی زەنگەنە و لە ساڵی ١٧٦٤دا بونیاد نراوە. تەکیەی تاڵەبانی، هەژموونی و کاریگەری خۆی بەسەر شاری کەرکووک و عەشیرەت و گوندەکانی دەوروبەریدا بڵاوکردووەتەوە. م.س.

٣. خانەقای سەید ئەحمەد یەکێک بووە لە خانەقا گەورەکانی گەڕەکی شاترلووی شاری کەرکووک، بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم لە ساڵی ١٨٥٨، بۆ بنەماڵەی سەردار بونیاد نراوە، کە دواتر بە بنەماڵەی خانەقا ناسران. م.س.

٤. لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس لەو ناوە نەکراوە کە بووبێتە والی مووسڵ . والییەکانی لەو قۆناغەدا ئەمانە بوون: مستەفا بای ١٩٠٥ بۆ ١٩٠٨. فازیلپاشا ١٩٠٩ بۆ ١٩١٠. ئەو ڕەشیدپاشا ناوە تەنها لە ساڵی ١٩٠١ بۆ ١٩٠٢ والی مووسڵ بووە. م.س.

هاتنی ڕەشیدپاشا بۆ ئەو ڕۆژە بەکەڵک هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بەگەڕانەوەی بۆ مووسڵ دەسی کرد بەگرتنی ئەوانەی دەسیان لە کوشتنی شێخ سەعیددا هەبوو و زۆری بە حەپس و بە خنکاندن مەحکووم کردن[1] دیسانەوە ناوبەناو گەلێ کارەساتی بچووک و گەورە ڕووی دا و هەرێمی سلێمانی و کەرکووک لەو ڕۆژەوە لە شۆڕش و ئاشووب ڕزگاری هەر نەبوو...

❁❁

دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

دوای ئەمە کە شێخان گەڕانەوە سلێمانی بە ماوەیەکی کەم لە کفری،[2] باوکی (بەها فەندی) کوژرا. ڕاسپێری ئەم کوشتنە ئەدرێتە پاڵ شێخ مەحموود. لەسەر ئەو لە پاشملە حوکمی سێ ساڵ حەپسی ئەدرێت بە سەرا، بەڵام شێخ مەحموود خۆی نادا بەدەسەوە و هەر لە دەوروپشتی سلێمانی و لە دێهاتەکانی خۆیا ئەمێنێتەوە. حکوومەتیش بەڕاستی شوێنی ناکەوێت و بەم خۆ دەرنەخستنەی و نەهاتنی بۆناو شار چاوی لێ ئەپۆشێ و لێی ئەگەڕێت. لەگەڵ ئەمەشدا نفووزی شێخ مەحموود ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیادی و ئەستێرەی بەختی سەرلەنوێ ڕوو لە سەرکەوتن و برووزدا بوو.

لەبەر ئەمە حکوومەت وردەوردە شکی لێ پەیا ئەکرد و ترسی ئەوەی لێ هەبوو کە بەهۆی عەشایرەوە کەین وبەینێک ڕێک بخا و تۆڵەی کارەساتی مووسڵ بسێنێتەوە...

---

١. بۆ باسی کردەوەکانی ڕەشیدپاشا و ناوی ئەوانە کە گرتنی وە یا بە حەپس و بە خنکاندن حوکمی دان و بۆ تێگەیشتنی ئەم باسە بە دوورودرێژ و ئەنجامی کردەوەکانی ڕەشیدپاشا کتێبی «الضحایا الثلاث»ی مامۆستا عەبدولمونعیم غولامی بخوێننەوە.

٢. کفری شارێکی دێرینی کوردستانە و دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای لووتکەی باوەشاسوارەوە؛ جاران سەر بە کەرکووک بوو، بەڵام ڕژێمی بەعس خستییە سەر پارێزگای دیالە. لەم شارەدا نەتەوەی کورد و تورکمان و کەمینەیەکی عەرەب دەژین. ماوەیەک بنەماڵەی ڕەفیق حیلمی لەم شارەدا ژیاون. م.س.

١٣

شەڕی گەورەی گێتی یەکەم و شێخ مەحموود

وەکوو ئەیزانین شەڕی گێتی یەکەم لە ڕووی وەلیعەهدی ئەوستریا[1] و مەجارستان (نەمس)ەوە هەڵگیرسا. ئەم وەلیعەهدەکە خۆی و ژنەکەی بۆ زیارەت چووبوونە «یوغوسلاڤیا ـ سێربستان»، لەوێ لەلایەن ئەوانەوە کوژرا کە دوژمنی ئەوستریا و مەجارستان بوون و بەربەرەکانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتەیان ئەکرد لە «سێربستان»دا.

ئینجا بە کوژرانی وەلیعەهد، حکوومەتی ئەوستریا و مەجارستان لەگەڵ سێربستان کەوتە شەڕەوە (١٩١٤)؛ وە ئەم شەڕە وردەوردە پەرەی سەند و نزیکەی هەموو دونیای گرتەوە، کە حکوومەتی عوسمانی تێکەڵ بەم شەڕە بوو، شەڕ کەوتە عێراقیشەوە کە بەشێک بوو لە وڵاتی عوسمانی. ئینگلیزەکان لە بەسرەوە دەسیان پێکرد و یەک لە دوای یەک عەمارە، کووت و بەغدایان گرت و لە ساڵی ١٩١٨دا گەیشتنە کەرکووک؛ بەڵام پێش ئەوە کە بگەنە سنووری لیوای کووت، سوارەی عەشایری کورد و عەرەب لە شوعەیبەدا یەکدوو شەڕیان لەگەڵ ئینگلیزەکان کردبوو.

شێخ مەحموود لەم شەڕانەدا بە خۆی و لەشکرێکی هەزار سوارەی کوردەوە یارمەتی لەشکری تورکی دابوو. ڕەشیدپاشای خەڵقی سلێمانی کۆنە موتەسەریفی «مونتەفیک» و چەن پیاوێکی ناوداری تری کورد لە شەڕی شوعەیبەدا[2] کوژرابوون. چە لەم شەڕانەدا و چە لە شەڕی هێزەکانی تورک لەگەڵ ڕووسەکان لە دەوری «پێنجوێن»دا شێخ مەحموود ئازایی خۆی نواندبوو و ڕووسەکانی لە سنووری عێراق دوور خستبووەوە و کردبوونی بە

---

١. ئۆتریش، نەمسا. س.

٢. شەڕی شوعەیبە: شێخ مەحموود لەسەر داخوازی سوڵتان ڕەشاد بەشداری ئەو شەڕەی کردووە. شەڕەکە لە ١٢ی نیسانی ١٩١٥ ڕووی دا و تێیدا ئینگلیزەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و نزیکەی سێ هەزار لە موجاهیدەکان کوژران و ٨٠٠ کەسیشیان لێ بەدیل گیرا؛ زیانەکانی ئینگلیز کوژرانی ١٢٥٠ سەرباز بوو. لە شەڕەکەدا شێخ مەحموود بریندار بوو و چەندین کەس لە هاوەڵەکانیشی کوژران، لەوانە: شێخ ستار تاڵەبانی و شێخ لەتیف تاڵەبانی و ڕەشیدپاشا. م.س.

دیوی ئێراندا. بەم چەشنە لە دواڕۆژەکانی شەڕی گێتی یەکەمدا ناوبانگی شێخ مەحموود زۆر ڕۆیشتبوو و گەلێ کەس ناسیبووی، بەڵام لەم شەڕی تورک و ڕووسەدا تورکەکان جارێکی تر شێخ مەحموودیان زیز کرد. سەرکردەی لەشکری تورک دوای ئەمە کە لە شەڕەکەدا بە یارمەتی شێخ مەحموود و هێزە عەشایرەکەی کورد سەرکەوتبوو و ڕووسەکانی شکاندبوو و تا ناو خاکی ئێران بەرەودوای نابوون، بە بیانووی تاڵانەوە کوردەکانی گونابار کرد و چەن سەرکۆمارێکی نا بە شەستیرەوە.

ژەنەڕاڵ مارشاڵ[1]

شێخ مەحموود لەسەر ئەمە چوو بە گژ سەرکردەی لەشکری تورکەکاندا و بە خۆی و هێزەکانی کوردەوە گەڕایەوە سنووری سلێمانی. دوای ئەمە تورکەکانیش دووبارە تووشی هەڵمەتی ڕووسەکان هاتن و خۆیان پێنەگیرا. ئیتر هەر ئەمە بوو سنووری عێراق لەم لایەوە بەبێ پاراستن مایەوە، کە شێخ مەحموود گەڕایەوە سنوور، نەهاتەوە سلێمانی. لە دێهاتەکانی خۆیدا و لە دەرەوەی شار مایەوە. ئەمە تورکەکانی خستبووە ئەندێشەوە، بەڵام لەو ڕۆژەدا زۆر بێ هێز کەوتبوون و نەیانئەویست دەرگای سەرئێشەیەکی تریش بۆخۆیان بکەنەوە.

لەولای تریشەوە لە ٧ی نیسانی ١٩١٨ لە ژێر سەرەکی ژەنەڕاڵ مارشاڵدا هێزێکی ئینگلیز گەیشتە کەرکووک.

---

١. ژەنەڕاڵ سێر ویلیام مارشاڵ (١٨٦٥ - ١٩٣٩)، لە هەرێمی دورهام لەدایکبووە و کوڕی پارێزەر «ویلیام مارشاڵ"ە. ساڵی ١٩١٤ - ١٩١٥ لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەشداری جەنگی گالیبۆلی کردووە دژی سوپای عوسمانی. دواتر لەگەڵ فەیلەقی سێی هیندیدا ڕەوانەی عێراق کراوە و لە ساڵی ١٩١٧ بەشدار بووە لە داگیرکردنی بەغدا. دوای مردنی ژەنەڕاڵ مۆد کراوە بە فەرماندەی سوپای بریتانیا لە عێراق و لە ساڵی ١٩١٨ ویلایەتی مووسڵی داگیر کردووە و تاوەکوو ساڵی ١٩٢٣ لە عێراق ماوەتەوە و پاشان خانەنشین کراوە. ساڵی ١٩٣٩ لە هوتێلی «Le Grand Hôtel ، Bagnoles-de-l'Orne»ی فەرەنسا کۆچیدوایی کردووە. م.س.

شێخ مەحموود لەگەڵ تورکەکان بەتەواوی تێکچووبوو و هیوای هیچی پێیان نەمابوو. لەبەر ئەوە ویستی کە پێش گەیشتنی ئینگلیزەکان بە سلێمانی لە کات و لە هەل کەڵک وەربگرێ و دوای ئەوە کە لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی ئەو دەمەی سلێمانیدا پێکهات، نامەیەکی بەدزییەوە نارده کەرکووک بۆ ویلسۆن و گەورەی هێزەکانی ئینگلیز. لەم نامەیەدا داوای ئەوەی لێ‌ئەکردن کە بڕیار بدەن بە دامەزراندنی حکوومەتێکی کورد لە ناوچەی سلێمانی لەگەڵ هەندێ قەول‌وبڕی تر و ئیمتیازات. خۆشی، واته شێخ مەحموود بڕیاری ئەوەی ئەدا کە بەناوی ئینگلیزەکانەوە و لە ژێر چاودێری ئەواندا سەرەکی ئەم حکوومەتە بکا.

ویلسۆن وەڵامی شێخ مەحموود ئەداتەوە و خەریک ئەبێ کە لەم لایەنەوە بەیانییەیەک بڵاو بکاتەوە،[1] لەم حەلەدا و دوای بەجێ‌هێشتنی کەرکووک بە چەن رۆژێک لەشکری تورک گەڕایەوە کەرکووک. باسی نامەکەی شێخ مەحموود کە بەهۆی یەکێک لە گەورەکانی خەڵقی کەرکووکەوە نێررابوو، ئەگا بە سەرلەشکری تورکەکان. لەسەر ئەمە ڕاسپێری ئەدا بە مستەفابەگی قایم‌مەقامی عەسکەری و سەرکردەی لەشکری تورک لە سلێمانی.

مستەفابەگ بە فێڵ و بە بیانووی هەندێ باس و تەگبیرەوە شێخ مەحموودی داوا کردە لای خۆی و دەسبەجێ گرتی و لە ژێر چاودێری هێزێکی گەورەدا ناردیە کەرکووک. شێخ مەحموود لەوێ خرایە بەندیخانەوە و لە دوای موحاکەمەیەکی عەسکەری سەرزاری و لەسەر ڕاسپێری تایبەتی سەرلەشکری گشتی هەموو هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق، بە خنکاندن مەحکووم کرا، بەڵام ئەمجارەش لە مردن ڕزگاری بوو، چونکە تورکەکان لە پێش هەموو شتێکا لە خنکاندنی شێخ مەحموودا دوودڵ بوون. بیریان لە دوارۆژ، واتە لە رۆژی ڕەش و تەنگانە ئەکردەوە. هەرچەن کشانەوەی ئینگلیزیان لە کەرکووک ئەدایە پاڵ شکستی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لە جەبهەی فەڕانسە و بەتەمای ئەوە بوون کە لەشکرەکانی ئینگلیز وردەوردە نەک هەر لە کەرکووک، بەڵکوو لە

---

1. Lovalties Meaopatamia Voleume 11. 1919 - 1920 A personal Historicol Reeord. By Sir Arnold T. Wilson, M. P.

هەموو عێراق بکشێتەوە، دیسانەوە نەیانئەویست کە زۆر شوێن خەیاڵ بکەون و هەموو پێشهاتێک بنێن بەلاوە. لەوە ئەترسان کە چەرخ بە بارێکی ترا وەرگەڕێ و خۆیان، واتە تورکەکان، جارێکی تریش و بێ ئەوەی گەڕانەوەی لەدوا بێ بکشێنەوە و لە عێراق بچنە دەرەوە. ئینجا لە ڕۆژێکی وا ڕەشا دوور نەبوو کە بە بیانووی تۆڵەسەندنەوەی خنکاندنی شێخ مەحموود، عەشایری کورد شوێن لەشکری شکستەی تورک بکەون و شپرزەیان بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا لە تورکەکان بە دوور نەبوو کە دوای هەندێ منجەمنج و هێنان و بردن، لەناکاو شێخ مەحموود بخنکێنن، بەڵام بەخت یارمەتی دا و عەلی ئیحسان پاشا کە تازە هاتبووە جێی خەلیل پاشا و بووبوو بە سەرلەشکری ئۆردووی شەشەم لە عێراق، کەوتە سەر بیری ئەوە کە لە ڕۆژێکی وادا لە شێخ مەحموود کەڵک وەربگرێ، چونکە ئەم عەلی ئیحسان پاشایە کە یەکێک بوو لە سەرلەشکرە گەورە و هەرە ناودارەکانی تورک و لە ئێراندا بەرامبەر بە ڕووسەکان چەن شەڕێکی گەلێ ئازانەی کردبوو، لە دەوری بێ هێزی و شکستی لەشکرەکانی تورکدا نێررایە عێراق. لەسەری پێویست بوو بە هۆش و بە سیاسەت بجووڵێتەوە لەبەر ئەمە لە مووسڵەوە شێخ مەحموودی داوا کردە لای خۆی.

لەوێ زۆر دڵنەوایی کرد و ئاشتی کردەوە. مەبەسی ئەوە بوو کە لەو ڕۆژەدا تا خۆی بە لەشکرەوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان خەریک ئەبێ شێخ مەحموود لە هەرێمی سلێمانیدا بە عەشایری کوردەوە تەنیشتی چەپی خۆرهەڵاتی هێزەکانی تورک بپارێزێت و سلێمانی نەدا بەدەسەوە تاوەکوو لە کاتی پێویستیشا بتوانێت بە خۆی و عەشایری کوردەوە یارمەتی لەشکرەکانی تورک بدا. لەبەر ئەمە دوای میوانداریییەکی باش و نەوازشێکی زۆر و خەڵات و بەرات، کردی بە سەرلەشکری مەدەنی (قائدی حلیس) و بە ڕاسپێری و تەعلیماتێکەوە کە پێویست بێ ناردییەوە سلێمانی. بۆ ئەم کارە و ڕێکخستنی هێزی عەشایر، پێشەکی ٥٠٠٠ لیرەیەک ئاڵتوونی عوسمانیشی دایێ.[1] جگە لەمە عەلی ئیحسان ئەمری دا بە سەرلەشکری تورک لە سلێمانی کە هەر چەک و سیلاحێک کە بتوانێت و بە شێخ مەحموود پێویست بێ بیداتێ. ئینجا دوای ئەمانە

---

١. «تأريخ الوزارات العراقية»، مامۆستا عەبدوڕڕەززاق حەسەنی.

هەمـووی و لەسـەر ئـەم قەول‌وبـڕە لەگەڵ عەلـی ئیحسان‌پاشـا، شـێخ مەحموود لە تشـرینی دووەمی ١٩١٨دا گەڕایەوە سـلێمانی و دەسی کرد بە ڕێکخستنی ئەو کارانە کە پێی سپێررابوو...

هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ کەرکووک

جـاری یەکەم کـە ئینگلیزەکان هاتبوونە کەرکووک[1] و گرتبوویان شـێخ مەحموود ئەوەی بـە بیـرا نەهاتبوو کـە جارێکی تر تورکـەکان بگەڕێنـەوە کەرکووک و بیگرنـەوە. لەبەر ئەوە وەکوو لە سـەرەوە وتبوومان نامەیەکی ناردبوو بۆ ویلسـۆن. لـەم نامەیەدا جگە لە ئەوانەی کە باسـمان کردبوو ئەیوت: کوردەکان سەرکەوتنی ئینگلیزیان زۆر پێ‌خۆشە و هیـوایان وایـە کـە لە حوکمی تـورک ڕزگاریان بێ و لـە ژێر باڵی حکوومەتـی ئینگلیزا بحەسێنەوە وە بەسانی عەرەبەکان بکەونە خۆشی. وە تکای ئەوەی لێ‌ئەکردن کە ئیتر بە هیـچ کلۆجێک ڕێی ئەوە نەدەن کە تورکـەکان بگەڕێنەوە ئەم وڵاتە. هەر لەو ڕۆژانەدا ڕەئیسـەکانی هەمەوەندیش نامەیان بۆ ئینگلیزەکان نووسـیبوو و ئەیانوت کە ئامادەن بۆ یارمەتی لەشـکری ئینگلیز لە ڕێی پێشـکەش کردنی حەیوانات و دەغڵەوە، چونکە لەو حەلەدا بەڕاستی گۆشت و نان باشترین دیارییەک بوو کە ئاتاجی بن، بەڵام گەڕانەوەی تورکەکان بۆ کەرکووک بوو بەهۆی تێکچوونی هەموو شتێک.

شێخ مەحموود وەکوو گێڕامانەوە لە سلێمانی گیرا و نێررایە کەرکووک. گەلێ لەوانەی کە لە ناردنی نامەکەی پێشـوودا هاوبیری بوون خرانـە بەندیخانەوە وە یا جەریمە کران. هەندێکیشـیان ڕایانکرد و سـلێمانییان بەجێ‌هێشـت. هەمەوەندەکانیش لەو ڕۆژەوە لە ئینگلیـزەکان هەڵگەڕانـەوە و بوون بە دوژمنیان. وە بەم چەشـنە دوای گرتنی کەرکووک بـە چەن ڕۆژێـک گەڕانـەوەی ئینگلیزەکان و کشـانەوەی لەشـکرەکانیان لـەوێ، بوو بەهۆی گەلێک خراپە بۆ خەڵقی ئەو ناوە و بەتایبەتی شێخ مەحموود و کوردەکان بەمە کەوتبوونە داوێکی گەورەوە.

---

١. ئینگلیزەکان بۆ جاری یەکەم لە نیسانی ١٩١٨دا کەرکووکیان داگیر کرد. م.س.

ئینگلیزەکان خۆشیان ئەو ناووشۆرەتەی هەیانبوو بەم کشانەوەیە دایاننا و بە چەشنی هەمەوەندەکان گەلێ کەسی تریشیان لێ هەڵگەڕایەوە. دەنگیش وابوو کە لە جەبهەکانی تری شەڕا و بەتایبەتی لە فەڕانسە لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان بەرامبەر بە ئەڵمانەکان خراپ شکاون و کشاونەتەوە. لەبەر ئەمە وا ئەهات بە بیرا کە لەشکری ئینگلیزیش لە عێراق بکشێتەوە و بچێتە جەبهەکانی تر. ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە بەم کشانەوەیە ناویان زڕا و لە کوردستان و عێراقدا نرخێکیان نەما. لەوەش کەوتنە ترسەوە کە لە هەموو لایەکەوە لێیان ڕاست بنەوە و شۆڕش و ئاژاوەیەکی گەورەی گشتی بخەنە ناوەوە. لەبەر ئەمە بڕیاریان دا کە خۆیان کۆ بکەنەوە و بۆ کڕینەوەی ناو و ئیعتیباریان بە هەر جوورێک بێ کەرکووک بگرنەوە. ئینجا لەم ڕۆژانەدا بوو کە سوێندخۆرەکان موتارەکەیان بڵاوکردەوە و شەڕ وەستا، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز لە کاتێکا کە لە جەبهەکانی ترا شەڕ وەستا و ترسیان نەمابوو، لە جەبهەی عێراقدا ویستیان لە کات کەڵک وەرگرن و لە هەنگامەی موزاکەراتی ئاشتیدا لەشکرەکانیان لە جەبهەکانی شەڕا بەتایبەتی لە ویلایەتی مووسڵدا هەنگاوێک زیاتر لە پێشەوە بێ. لەبەر ئەمە هەڵیانکوتایە سەر کەرکووک[1] و هەولێر و بێشەڕ گرتنیان. لە دوای ئەمە دەسبەجێ دەسیان کرد بە کۆکردنەوەی ئەو دەغڵ‌ودان و مەڕ وماڵاتە کە لەشکرەکانی تورک کۆیان کردبووەوە و نەگەیشتبوونە سەر خواردنی.

عەلی ئیحسان‌پاشا[2] کە بڵاوکرانەوەی کوت‌وپڕی موتارەکەی نەهاتبوو بە بیرا، فەوجە عەسکەرەکەی سلێمانی لەوێ هێشتبووەوە و نەیکێشابووەوە مووسڵ. بەمە ئەو فەوجەی لە لەشکرەکەی خۆی پچڕاندبوو و دووری خستبووەوە، چونکە بەتەمای ئەوە نەبوو کە

---

١. بریتانیا لە ١٩١٨/١٠/٢٥دا جارێکی تر شاری کەرکووکی داگیر کردەوە و شەش ڕۆژ دواتریش جەنگی جیهانی دووەم ڕاوەستا. م.س.

٢. عەلی ئیحسان‌پاشا (١٨٨٢ -١٩٥٧)، فەرماندەی سوپای شەشەمی عوسمانی بوو؛ ساڵی ١٩١٥ توانی هێرشی بریتانیا بۆ سەر بەغدا تێکبشکێنێ. لە ساڵی ١٩١٧ پاشەکشەی کرد بۆ مووسڵ و بەرگری زۆری کرد، بەڵام دوای هودنەی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لەسەر داوای حکوومەتی عوسمانی پاشەکشەی کرد و گەڕایەوە بۆ ئەستەمبووڵ، ئینگلیزەکان دەستگیریان کرد و بۆ دوورگەی ماڵتا دووریان خستەوە. ساڵی ١٩٢١ ئازاد کرا. ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە کوشتنی ئەرمەنییەکان. م.س.

بەو زووانە ئینگلیزەکان بگەڕێنەوە کەرکووک و بیگرنەوە. لە سەرێکی تریشەوە بە هیوای شێخ مەحموود بوو کە لەلای خۆرهەڵات، واتە لەلای سلێمانییەوە و بە هێزی عەشایر هەڕەشە لە هێزەکانی ئینگلیز بکا و ماوەیان نەدا بێنە پێشەوە. ئەگەر ئەمەیش نەکا وە یا پێی نەکرێت ئەوەندەی لێ ڕائەپەرموو کە ئەم تەنیشتەیان لێ بگرێت و سلێمانی لە گرتن بپارێزێت و بەم جوورە ئەیویست کە تا ئەنجامی گرتن و جێ هێشتنی یەک لە دوای یەکی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی تورک و ئینگلیزەوە دوایی دێت و وەزع لەسەر قەرارێک ئەوەستێت و بە لایەکدا ساغ ئەبێتەوە، هەرێمی سلێمانی بەدەس تورکەوە بێت و دەس ئینگلیزەکان نەکەوێت. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە بە هیوای تازەکردنەوەی دۆستایەتی لەگەڵ شێخ مەحموود عینوانی نەقیبی بۆ وەرگیرا و بوو بە شێخ مەحموودی نەقیب.

بەڵام وەکوو لەمەوبەر وتمان لەناکاو و لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا (موتارەکە ـ هودنە) بڵاوکرایەوە. ئیتر عەلی ئیحسان پاشا چاری نەما و بە تەلەگراف ئەمری دا بە موتەسەریفی سلێمانی کە ئیدارەی لیواکە بداتە دەس شێخ مەحموود و خۆی بگەیەنێتە مووسڵ.

شێخ مەحموود بەم جوورە بوو بە موتەسەریفی سلێمانی و جارێ بەناوی حکوومەتی عوسمانییەوە ئیدارەی گرتە دەس. موتەسەریفی تورکەکان لەو ڕۆژەدا لە سلێمانی عەلی ڕەزابەگ ناوێکی خەڵقی قوونیە بوو. لەگەڵ ئەو پیاوانەی میری کە تورک وە یا غەیرە کورد بوون سلێمانییان بەجێ هێشت و چوونە مووسڵ. فەوجە عەسکەرەکەی تورک و لە ژێر سەرەکی ساڵح بەگی «تابوورئاغاسی»دا هەندێ جەندرمە هێشتا لە سلێمانی بوون، بەڵام کە حاڵ گەیشتە ئەم ڕادەیە شێخ مەحموود جارێکی تر دەسی لە تورکەکان شت و هیوای گەڕانەوەی پێیان نەما. لەبەر ئەمە دەسی لە ڕێکخستنی ئەو هێزە، هێزی «میلیس» هەڵگرت و کەوتەوە سەر سەوداکەی پێشووی. ئەمجارەش بیری لەوە کردەوە کە بەرامبەر بە هەندێ قەول‌وبڕ و ئیمتیازات، سلێمانی تەسلیم بە ئینگلیزەکان بکا، بەڵام نامەی ئەمجارەی بە عیززەت تۆپچی (عیززەتی فاتە) و

بـە ئەحمەد فایق (فایقی تاپۆ)دا[١] ڕاستەوڕاسـت ناردە کفری. بەرامبـەر بەو ئیمتیازاتە کە بـۆ خۆی و بۆ کورد بە شـەرتی دانابـوو، ئینگلیزەکانی داوا کردە سـلێمانی. ئینگلیزەکان کـە لـە تەرتیباتی عەلی ئیحسان پاشـا لەگەڵ شـێخ مەحمـوود ئاگادار بـوون، ئەمەیان لـێ ڕانەئەپەڕمـوو و بەتەمـا نەبوون کە تا کاتێ خـۆی نەبێت بێنە سـلێمانییەوە. لەبەر ئەوە ئەم نامەیەی شـێخ مەحموودیان پـێ خۆش بوو و ناردیان بۆ ویلسـۆن.[٢] خۆیشیان وەڵامـی «بەڵێـن»یان بـۆ ناردەوە و داوایان لێ کـرد کـە چاوەڕوانـی ئەمـری ویلسـۆنی حاکمی عام بکا...

---

١. فایقی تاپۆ (پارێزەر ئەحمەد فایق تۆفیق ئەفەندی)، خەڵکی سـلێمانییە؛ سـاڵی لەدایکبوونی نەزانراوە. لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسـمانیدا ئەندامی مەحکەمەی سـلێمانی بووە؛ بەرپرسی لقی سلێمانی ئیتیحـاد و تەرەقـی بووە. سـاڵی ١٩١٩ کراوە بـە بەڕێوەبەری تاپۆی سـلێمانی. ماوەیەکیـش بەڕێوەبەری تاپۆ بووە لە بەغدا؛ سـەرۆکی دادگای ئیسـتیناف بووە لە کەرکووک. سـاڵی ١٩٥٣ لە کەرکووک کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

٢. ئارنۆڵد تالبۆت ویڵسۆن (١٨٨٤ - ١٩٤٠)، حاکمی بەریتانی بوو لە عێراق؛ لە ساڵەکانی ١٩١٨ تاوەکوو ١٩٢٠، وەک فڕۆکەوان بەشـداری دووهەمین جەنگی جیهانی کردووە؛ لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا لەو جەنگەدا کوژراوە و لە فەرەنسا نێژراوە. م.س.

١٤

هاتنی میجەر نۆئێل[1] بۆ سلێمانی

میجەر نۆئێل موستەشاری شێخ مەحموود و یەکەم نوێنەری ئینگلیز لە کوردستان

نامەی ئەمجارەی شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەکانی کفرییەوە نێررا بۆ ویلسۆنی حاکمی عامی عێراق. لەبەر ئەمە ناردی بە شوێن «میجەر نۆئێل»دا کە یەکێک بوو لە زابتە ئینگلیزەکانی شارەزا بە هەرێمی کوردستان. بە ڕاسپێری تایبەتی و بەناوی خۆیەوە ناردی بۆ سلێمانی.[2] نۆئێل لەگەڵ هەیئەتێکی بچووک[3] و بە ڕێی چیاکانی بەینی «کفری» و «چەمچەماڵ»دا هاتە داریکەلی[4] کاتێ باسی هاتنی نۆئێل بۆ داریکەلی لە سلێمانی بڵاو بووەوە، ئەو فەوجە عەسکەرەی تورک کە لە سلێمانی مابووەوە هەر کوردێکی تیابوو فەوجەکەیان بەجێهێشت و بەرگی کوردییان

---

١. ئیدوارد ویلیام چارلز، واتە میجەر نۆئێل (١٨٨٦ - ١٩٤٠)، ئەفسەرێکی ئینگلیزیی چالاک و هێمن و شارەزا بوو. لە ساڵەکانی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پێ سپێردرا و بوو بە ڕاوێژکاری شێخ مەحموود. پلانەکەی بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی بۆ کورد کە پێکهاتبێ لە دەوڵەتی کوردستانی جنووبی و دەوڵەتی کوردەکانی مووسڵ و دەوڵەتی باکووری کوردستان و پاشان کۆکردنەوەیان لە ژێر چەتری کوردستانێکی سەربەخۆدا. م.س.

٢. میجەر نۆئێل لەگەڵ میجەر دانلیس، ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ گەیشتنە سلێمانی و پێشوازییەکی فەرمی و بەرفراوانیان لێ کرا. م.س.

٣. ئەم هەیئەتە من بزانم میجەر نۆئێل و دوکتۆرێک و موهەندسێک و چەن نەفەرێکی ئینگلیز بوون؛ چێشتکەرێک و چەن خزمەتکارێکیشیان لەتەکا بوو، بەڵام ئەڵێن کە «میجەر دانلیس»یشیان لەگەڵ بووە.

٤. دێیەکی شێخ مەحموودە لە ماوەی نێو سەعاتێکا ئەکەوینە لای ڕاستی تاسڵووجە لەسەر ڕێی چەمچەماڵ و سلێمانی.

لـە بـەر کـرد. ئەوانـەی کـە ئەشترسـان خـۆیان شـاردەوە. تورکـەکان و ئەوانـەی غەیرە کورد بوون شڵەژابوون و نەیانئەزانی چی بکەن.

شـێخ مەحموود لە پیاوماقووڵە ناسـراوەکانی هەموو جوورەی ئەو دەورەی سـلێمانی مەجلیسـێکی لـە ماڵی خۆیا گـرت و تێی‌گەیاندن کە هەیئەتێکـی ئینگلیز بەڕێوەن و دێنە سـلێمانی. لێی داوا کردن کە لەناو خۆیاندا چەن کەسـێک هەڵبژێرن کە بچن بە پیریانـەوە. دوای مشـت‌ومڕ و مقۆمقۆیەکـی کەم، هەیئەت ڕێکخرا و بە سـواری وڵاخ چوون بە پیر ئینگلیزەکانەوە. ئینگلیزەکان لە پێشـەوە نەیانویسـت بێنە ناو سلێمانی؛ لە مانەوەی فەوجەکەی تورک لە سـلێمانی مەترسـییان هەبوو، چونکـە ئەوان هێزێکیان لەگـەڵ خۆیانـدا نەهانیبوو. بەتەما بوون شـێخ مەحموود لە داریکەلـی بیانبینێ، بەڵام شێخ مەحموود کە هەیئەتەکەی نارد و دڵنیا کران، هاتنە سلێمانی.

١٥

حوکمداری کوردستان

شێخ مەحموود؛ حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکی‌زادە، عیززەت‌بەگی وەسمان‌پاشا، سەید نووری نەقیب و هەندێ ناودارانی سلێمانی لە پشتییەوە وەستاون.

میجەر نۆئێل کە بەم‌جوورە بەئاسانی وە بەبێ دەنگ و تەقە هاتە سلێمانی؛ دەسبەجێ و بە یارمەتی شێخ مەحموود دەس کرا بە ناردنی عەسکەرەکانی تورک بۆ لای عەلی ئیحسان‌پاشا لە مووسڵ.[1] دوای ئەمە بەپێی ئەو ڕاسپێرییە کە لە ویلسۆنی وەرگرتبوو، میجەر نۆئێل ڕۆژی یەکەمی تشرینی دووەمی١٩١٨[2] لەبەر دەرگای سەرا کۆبوونەوەیەکی گەورەی ڕێکخست، کە عولەما و ئەشراف و سادات و تاجرەکان و ڕەئیسەکانی عەشایر و لە هەموو دەستەکانی تری ئەهالی تیابوو. بەناوی نوێنەری دەوڵەتی بریتانیا لە عێراق، واتە بەناوی حاکمی عام و بە فارسی وتارێکی دوورودرێژی خوێندەوە[3] و هەر

١. عەمارەکانی خواردەمەنی و ئازووقە و ئەو چەک و سیلاحانەی کە لە عەماردا بوو وە یا بەدەس عەسکەرەکانەوە بوو لەلایەن شێخ مەحموودەوە لێیان وەرگیرا.

٢. ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ میجەر نۆئێل بە فەرمی شێخ مەحموودی وەک حوکمداری کوردستانی باشوور ناساند. م.س.

٣. میجەر نۆئێل فارسی و فەرەنسزی زۆر باش ئەزانی. لە ئێراندا زۆر مابووەوە. ویلسۆن لەناو هەزاران لەو زابتانە کە لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای گەورەیان کردبوو لە لەچمەن و سۆن و نۆئێل زۆر ڕەزامەندی پێشان ئەدا و گەلێک ستایشیان ئەکا. ئەڵێت: سەرگوزشتە سامناکەکانی نۆئێل (مخاطرات یا مجازفات)ی

لـەم وتارەدا بـڵاوی کـردەوە کـە شـێخ مەحموود لەلایـەن حاکمـی عامی عێراقـەوە بە حوکمداری کوردستان ناسراوە.

نۆئێل و لە پشـت ئەوەوە ویلسۆن ئەیانویست کە لە نفووزی شێخ مەحموود کەڵک وەرگرن و لەم هەرێمەدا بێ هێزێکی عەسـکەری نفووزی ئینگلیز جێگیر بێ و بەهۆی شێخ مەحموودەوە سیاسەتی حکوومەتی بریتانیا ببەن بەڕێوە...

هـەر ئـەو ڕۆژە بۆ ئێوارە لە ماڵی شـێخ مەحموود ئەهالی و گـەورەکان کۆ کرانەوە و بەیعـەت بـە حوکمـدار کـرا. خـۆم نووسـەری ئـەم یادداشـتە لەگـەڵ ئەحمەدئاغـای کەرکووکـی‌زادە[1] لـەم بەیعەتـەدا حـازر بوویـن. جگـە لەمـە بـڕیار درا کـە نۆئێـل لـە شـارەکانی تـری کوردسـتانا (کوردسـتانی عێـراق) دەس بـکا بـە تەشـکیلات و بـۆ ڕێکخسـتن و یەکخسـتنی ئەو شـارانە لەگەڵ کوردسـتانی تازە چی پێویست بێ بیکا. مانگی ١٥٠٠٠ ڕووپیە مەواجب بۆ حوکمدار بڕایەوە[2] و لە سلێمانیدا تەشکیلاتێکی وەکوو تەشـکیلاتەکەی پێشـووی لیـوا دامەزرا. سـەید عومەری مامی شـێخ مەحمـوود کرا بە موتەسەریـف و حاجی سەید حەسەنی مامی دووەمی بوو بە حاکم وە یا ڕەئیسی شەرع. شـێخ قادری براشـی[3] بوو بە سـەرداری لەشـکر. سـەید عەلی «بسـم اللە»ش بێ‌بەش

کتێبێکی زۆر گەورە پڕ ئەکاتەوە و ئەڵێت: خۆزگە ڕۆژێک لە ڕۆژاندا ئەنووسرایەوە. بەلای ویلسۆنەوە ئازایی و زرنگی و کارئازموودەیی ئەم سـێ زابتە ئێجگار جێی سـپاس و شارەزایی لەچمەن لە وڵاتی عەرەبدا (عێراق) و هی سۆن لە کوردستان و هی نۆئێل لە خاکی ئێراندا وەکوو یەک بەنرخ و بەکەڵک بووە بۆ بریتانیای گەورە.

١. ئەحمەدئاغای کەرکووکی‌زادە (١٨٨١ - ١٩٧١)، کوڕی عەبدوڵلائاغای کوڕی محەممەد کوڕی یوونس‌ئاغایە، بە بنەچە دەگەڕێنەوە بۆ گوندی دڕێ لە ماوەت. یەکێک بووە لە بازرگانە ناودارەکانی بەغدا. ساڵی ١٩٣٠ ئەندامی دەسـتەی دامەزرێنەری یانەی سـەرکەوتنی کوردان بووە. لە شوباتی ساڵی ١٩٣٧دا بووە بە نوێنەری کەرکووک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە کانوونی یەکەمی هەمان سـاڵدا جارێکی دیکە هەڵبژێردراوەتەوە. دوای تەواوکردنـی هەردوو خولەکە خەریکی کاری بازرگانی بووە سـەرەنجام لە ١٩٧١/٦/٢٥ لە بەغدا کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

٢. بەپێـی واتـەی هەندێ لە ئینگلیزەکان شـێخ مەحموود کرابوو بە نوێنەری (ممثـل)ی هێزەکانی بریتانیا لە کوردستان.

٣. شێخ قادر کوڕی شێخ سەعیدی حەفید (١٨٩٥ - ١٩٥٠)، دوای کۆتایی هاتنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود بووە بە نوێنەری سـلێمانی لە ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراقی. سـاڵی ١٩٢٥ بووە بـە ئەندامی ئەنجومەنی

شێخ قادری سپەهسالار

نەکرابوو و بووبوو بە قۆمیسەر. بەم جوورە بەشی زوربەی خزم و کەس وکاری حوکمدار و دەستەودائیرەی شێخان هەریەکە بە جوورێک و بەپێی حاڵ، کارێک وە یا مەواجبێکیان بۆ ڕێکخرابوو و دامەزرابوون.

میجەر نۆئێل خۆی ناوی حاکمی سیاسی لێ نرا. لە بینای مەکتەبی ئیعدادی زەمانی تورکەکاندا دائەنیشت. لە سنوور بەدەر مەنگ و هێمن و شارەزا بە ئاداب و هەڵسان ودانیشتنی کوردەواری بوو. بێ ئەندازە حورمەتی حوکمداری ئەگرت و بۆخۆی کاتبێکی بچووک وە یا خزمەتکارێکیشی بەبێ ئەمر و ڕەزامەندی شێخ مەحموود دانەئەنا. لەو دەورەدا سلێمانی خرۆشابوو. سوارەیەکی زوربەی عەشایر، لادێییەکی زۆر و خەڵقی دەوروپشت، دێهاتییەکانی شێخ مەحموود دوابەدوا و لە هەموو لایەکەوە ڕوویان کردبووە ئەم شارە بچووکە. کۆڵانەکان، چایخانەکان و قەیسەری و بازاڕ، ماڵی گەورەکانی سلێمانی و دەوڵەمەندەکان، جمەی ئەهات. برنج و گەنمی عەماری میری کە لە تورکەکان مابووەوە، هەر زەخیرەیەک کە لە عەماری دێهاتەکانی شێخ مەحمووددا هەبوو ئەکرا بە پڵاو و چێشت و لە چێشتخانەی حوکمدارەوە ئەچووە ورگی ئەم عەشاماتەوە. لەولای تریشەوە میجەر نۆئێل خەریکی چارەسازی گرانی و برسییەتی بوو، پەیتاپەیتا لە عەمارەکانی کەرکووک و لە بەغداوە شەکر و چا و ئاردی سپی ئەگەیاندە سلێمانی و بە خۆڕایی بەسەر فەقیر و هەژار و مەئموورەکاندا دابەشی ئەکرد. ئەم شتانە

ئەعیان، بەڵام ئەندامەتییەکەی ڕەت کراوەتەوە چونکە تەمەنی نەگەیشتبووە ڕادەی یاسایی. دواتر وازی لە کاری سیاسی هێناوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی. دیوەخانێکی گەورەی هەبوو و لەگەڵ «حەپسەخانی نەقیب»ی خێزانی پێشوازییان لە میوانان دەکرد. م.س.

لەو کاتەدا لە سلێمانی قات بوو و دەس نەئەکەوت؛ لەبەر ئەوە هەرچی کە لە فەقیر و هەژارەکان و مەئموورەکان ئەمایەوە، بەهۆی ڕەئیسی شارەوە، بەلەدیە ئەیخستە بازاڕەوە و بە نرخێکی کەم ئەفرۆشرا بەو دوای ئەهالی. بەم تەرحە خەڵقی شار و دێهاتەکان، فەقیر و هەژار و لێقەوماوەکان کەوتنە خۆشی و کەمێک بووژانەوە. نۆئێل هەر بەمەوە نەوێستا، بەڵکوو ڕووپیە و بانکنۆت و قەدەرێکی زۆر لیرەی تورکی ئاڵتوونیشی ڕژاندە سلێمانی و بەبێ دەس پێوە لەرزین بەسەر ڕەئیس عەشیرەتەکان و دەستەودائیرەی حوکمدارا بڵاوی کردەوە. ئینجا مەپرسە. نۆکەر و خزمەتکار، کارەکەران و دایەن، مامان و کەنیزەک سەریان بەرز کردەوە و خۆیان گیف کرد. هەریەکە بە ناوێکەوە مووچە و بەرات و مەواجبیان بۆ بڕایەوە.

نۆکەر بە خەنجەر و دەمانچەوە، دایەن و کەنیزەکان بە هاڕەی خشڵ و هەیاسە و لاگیرەی زێڕینەوە کەوتنە کەش‌وفش. شەرواڵ و مرادخانی و چەفتە و مشکی سوورمە و ئاوریشمی دەستەی شێخان و دەس‌وپێوەند، دیمەنێکی تری دابوو بە سلێمانی. لە دوای دەوری ڕووت‌وقووتی و برسییەتییەکی کوشندە، بووژانەوەیەکی وا کوت‌وپڕ و دیمەنەکانی تێر و تەسەلی و جوانی و خۆشبەختی هەرچەندە بەخیلی پێ‌بردنیشی تیا هەبوو، دیسانەوە جێی سپاس بوو، چونکە هیچ نەبێ یادی هەژارە ڕووت‌وقووتە وشک‌هەڵاتووەکان و تەرمە ئاوساو و شین‌هەڵگەڕاوەکانی مردووی ناو مزگەوت و کەلاوە و لاکۆڵانەکانی دوێنێی لە بیر ئەبردەوە و هیوای ژیانی تازە ئەکردەوە، بەڵام وەکوو کورد ئەڵێت: دەستەودایرەی نەفام بەمە بەرەو یاخی بوون ئەرۆیشتن و لە وزە ئەچوونە دەرەوە. حوکمداری کوردستانیش بەپێی هەوا ئەچوو بەرێوە. بە ڕۆژ لەگەڵ تاقمێک نۆکەر و دەستەودایرە ڕووی ئەکردە دەشتی کانێسکان[1] و بە سەیر و گاڵتەوگەپەوە ڕایئەبوارد. بە هیوای ئەوە بوو کە کات تاسەر بەم چەشنە بچێت‌بەرێوە. خوا بە قودرەتی خۆی کوردستانی گەورەی بۆ دروست بکا و ئەویش تاجی حوکمداری بنێتە سەر سەر!!

---

١. گەڕەکی کانی‌ئاسکان دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی. پێشتر دەشتێکی بەرفراوان بووە و میرانی بابان بۆ ڕاوی ئاسک دەهاتنە کانی‌ئاسکان، هەندێک لە سەرچاوەکانیش کانی‌ئاسکان بە بەشێک لە هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنەکە دەزانن بۆ دروستبوونی شارە نوێیەکە. م.س.

١٦

شێخ مەحموود و کۆنفرانسی ئاشتی[1]

تەنیا شتێکی باش کە بۆ کوردستان کرا ئەوە بوو کە شێخ مەحموود مەزبەتەیەکی بە ئەهالی و عەشایری ئەم هەرێمە مۆر کرد کە بەپێی ئەمە شەریف‌پاشای کوردی دانیشتووی پاریس کرا بە نوێنەری کوردەکان لە «کۆنفرانسی ئاشتی»دا بۆ داوا کردنی حقووقی قەومی کورد. نووسین و رێکخستنی مەزبەتەکە لە پێشەوە لە ماڵی حوکمدار پێکهات. بێجگە لە حوکمدار و چەن رەئیس عەشیرەتێکی ناودار هەندێ لە خوێندەوارە تێگەیشتووەکان و میجەر نۆئێل و ئینگلیزییەکی تریش لەوێ بوون، کە داخەکەم ناوەکەیم نەنووسیوە و لە بیریشم نەماوە.

من خۆم نووسەری مەزبەتە و نامە تایبەتییەکە بووم کە نێررا بۆ شەریف‌پاشا. ئەمانە بە «رەشید کابان»[2] و «سەید ئەحمەدی بەرزنجی»دا[3] رەوانەی پاریس کرا.

---

١. کۆنگرەی ئاشتی پاریس دوای کۆتایی هاتن بە یەکەمین جەنگی جیهانی لە پاریسی پێتەختی فەرەنسا لە ٦ی شوباتی ١٩١٩ بەسترا. ئامانجیش لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە چەسپاندنی ئاشتی جیهانی بوو لە جیهان و ئاوردانەوە بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تێکشکاوەکانی جەنگ؛ لەو کۆنگرەیەدا نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان و گەلانی بەشخوراو بەشدارییان کرد. گەلی کوردیش بۆ ئەو کۆنگرەیە ژەنەراڵ شەریف‌پاشا بووە نوێنەری، کە راپۆرتێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد. هەروەها لە ٦ی شوباتی ١٩١٩دا چاوی بە سەرۆکی کۆنگرە، کلیمانسۆ سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا کەوت و لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد، بەڵام کۆنگرەکە بە هیچ شێوازێک ئاوڕی لە مافی گەلی کورد نەدایەوە. لە کاتێکدا مافی گەلانی وەک ئەرمەن و عەرەب لەبەرچاو گیرا، چونکە کورد لە جەنگەکەدا لە بەرەی دەوڵەتانی ناوەند بوو. م.س.

٢. رەشید زەکی کابان خەڵقی سلێمانییە. لە دەوری عوسمانیدا یووزباشی و لە مەکتەبی رۆشدیەی عەسکەریدا مامۆستای ریازیاتمان بوو. لەم دەوری دواییەدا منیش لەگەڵ مامۆستا رەشید زەکی لە ئیعدادی مولکی مامۆستای زمانی فەرەنسزی بووم.

٣. سەید ئەحمەدی بەرزنجەییش لە پێشدا لە مەکتەبی ئیبتیدایی موعەللیم بوو. لەم دەورەدا بووبوو بە کاتبی تایبەتی شێخ مەحموود. لە دەوری حوکمداریی دووەمی شێخ مەحمووددا بوو بە مودیری ئەمنی گشتی و لە دوای ئەوە لە حکوومەتی عێراقدا بوو بە مودیر؛ دوای ئەوە بە قایمەقام؛ ئینجا لە ئیشی حکوومەت دەرچوو و کرا بە نائیبی سلێمانی.

ئەمە کردەوەی سیاسی بەرودوای شێخ مەحموود بوو لەلای کۆنفرانسی ئاشتی بۆ کورد و کوردستان، بەڵام داخەکەم وەکوو لە دواییدا باسی ئەکەین ئەمیش جێی خۆی نەگرت و ئەنجامێکی نەبەخشی، چونکە ئەم هەیئەتە نەیتوانی بچێتە پاریس و نامە و مەزبەتەکە بە شەریف پاشا نەگەیشت...

١٧

له دەوری یەکەمی حوکمداری شێخ مەحموودا، هەواڵی سلێمانی

شێخ مەحموود دوای ئەوەکە بوو بە حوکمداری کوردستان کەوتە وەستاوییەکی گرنگەوە. له کاروباری حکوومەتدا کەمتەجرەبە و له مەیدانی سیاسەتدا بێکەس بوو. ئازایی و بێترسی و کەمتەرخەمی خۆشی لەو هۆیانە بوون کە بە هەڵەی بەرن؛ لەبەر ئەمە ئەستێرەی بەختی زوو ڕووی کردە کزی، چونکە ڕێوشوێنێک کە لە هەڵسووڕاندنی کاروباری عەشایریدا لەسەری ڕۆیشتبوو بۆ تەگبیروڕای ئیشی حکوومەت بە کەڵک نەئەهات. ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدار نزیک بنەوە لەم بابەتە بوون:

دەستوپێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەوروپشتی چاوبرسی و دوای تاڵان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لەپشت و عەشایری تفەنگ لەشان. هەرچەن لە بەغداوە، هەتا لە تورکیاوە هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبوونەوە سلێمانی و لەو سەرودەمەدا هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست کە دەس لەناودەس تێکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێکەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نەئەگونجا و تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا لە خەنجەر و دەمانچە دیوارێکی دروستکردبوو. ئەگەر حوکمدار خۆی بیویستایە ئەم دیوارەی ئەڕووخاند و لە زابتەکان و منەوەرەکان نزیک ئەکەوتەوە، بەڵام وەکوو وتبوومان، نەترسان لە دوارۆژ و ئازایی و کەمتەرخەمی خۆی لەلایەکەوە، گرێیەکی نەفسی کە بەرامبەر بە زابت و منەوەر پەیای کردبوو لەلایەکی ترەوە بەرهەڵستی ئەوە بوو کە شەقێک لە دیواری خەنجەر و دەمانچەکە هەڵدا و بیڕووخێنێ و خۆی بگەیەنێتە خوێندەوارە باشەکان. لەناو منەوەرەکان و زابتە کوردەکاندا بەڕاستی هی باش و نیشتمانپەروەر هەبوو و هەموویان لەوانە نەبوون کە شێخ مەحموود لێیان بسڵەمێتەوە، بەڵام وەکوو وتمان گرێیەکی نەفسی لەودیو دیواری خەنجەر و دەمانچەکەوە شێخ مەحموودی ڕاگرتبوو و وەستاندبووی و بەرهەڵستێکی هەرە گرنگی نزیکبوونەوەی بوو لە زابتەکان. ئەمەش گرێیەکی تازە نەبوو، بەڵکوو لەو ڕۆژەوە پەیا بووبوو کە لقی کۆمەڵی ئیتیحاد و تەڕەقی لە

سلێمانی دامەزرابوو؛ ئەو کۆمەڵە کە بەشی زوربەی لەم چەشنە زابتانە بوو کە بووبوون بەهۆی دەرپەڕاندنی نەوەی کاک ئەحمەد لە سلێمانی؛ ئەو دەرپەڕینە کە بە کوژرانی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی برای دوایی هاتبوو وە بووبوو بەهۆی نوشوستی و دەربەدەری و کەساسی و ماڵوێرانییان...

دەستوپێوەندە نەفامەکان ئەمەیان چاک ئەزانی و بۆ مەرامی کار و قازانجی خۆیان باش کەڵکیان لێ وەرئەگرت. ساتێک لە هاندانی حوکمدار دوا نەئەکەوتن و بە وەستایی منەوەر و زابتەکانیان لەبەرچاو ئەخست و سووک ئەکرد. عیززەتی فاتە و فایقی تاپۆ کە توانیبوویان لە شێخ مەحموود نزیک بکەونەوە و تا بەینێک کاتمی ئەسراری بوون، زوو لێی جیا بوونەوە و لە ئینگلیزەکان نزیک کەوتنەوە؛ فایق ئەیویست خزمەتی کورد بکا. زۆری تریش بەتەما بوون کە تاسەر لەگەڵ شێخ مەحموود بن و بەبێ درۆ یارمەتی بدەن، بەڵام داخەکەم ئاواتەکان نەچووە سەر.

میجەر نۆئێل بۆ ڕێکخستنی کاروباری شارەکانی تر و بڵاوکردنەوەی نفووزی شێخ مەحموود تا ڕەواندز چوو و بۆ یەکخستنی ئەم شارانە لەگەڵ حکوومەتی سلێمانی (کوردستان) تەقەلایەکی زۆری دا، بەڵام کە گەڕایەوە سلێمانی شێخ مەحموودی لە وێنەیەکی تازەدا هاتە بەرچاو. وای بۆ دەرکەوت کە لە هەوایەکی ترایە و خەریکە لە ڕێ لائەدا. لەگەڵ ئەمەیشدا نەیدایە ڕووی. ئینگلیزییەکی زۆر شارەزا بە هەواڵی کورد بوو. تا لە سلێمانی مایەوە، ماوەی بە دەرکەوتنی کەموکورتی نەدا. هەوڵی ئەوەی ئەدا کە چەوتی کرا ڕاستی بکاتەوە. مەبەسی بیانوو گرتن نەبوو، بەڵکوو ئەیویست شێخ مەحموود پێ بگەیەنێت و بۆ حوکمداری بەڕاستی دواڕۆژ ئامادەی بکا. زەمان بە دڵی نۆئێل بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نییە کە بناغەی کوردستانی گەورەی دائەمەزراند... بە ئەمری شێخ مەحموود، من لە تەرجەمەدا یارمەتیم ئەدا[1] و شەوان دەرسی کوردیم پێ ئەوت.

١. وەکوو وتبوومان نۆئێل کە هاتە سلێمانی لە دوکتۆرێک و موهەندسێک بەولاوە کەسی لەگەڵ نەبوو. هەرچەن فارسی ئەزانی، بەڵام پێویستی بە کوردیزانێک هەبوو کە زمانێکی بێگانەش بزانێ. لەبەر ئەوە کە لەو دەورەدا ئینگلیزیزان لە سلێمانیدا نەبوو و من فەرەنسزیم ئەزانی شێخ مەحموود ئەمری کرد کە من یارمەتی بدەم. جگە لە نووسین و تەرجەمە، دەرسی کوردیشم پێ ئەوت.

لە دوای دەرس لەگەڵم ئەکەوتە باسی کوردستانەوە. هەر لەو ڕۆژەوە لە خەیاڵی گەشتێکدا بوو بۆ کوردستانی تورکیا. ئەیویست لەلایەن کوردە ناودارەکانی تورکیاوە شارەزایی پەیا بکا. باسی بەدرخانییەکان و کوڕەکانی جەمیل پاشا و بابانەکانی ئەستەمووڵی ئەپرسی. وەکوو بۆم دەرئەکەوت ئەو لە من شارەزاتر بوو، لەگەڵ ئەمەشا هەر ئەیپرسی، بەڵام لەم باساتە من سوودم زیاتر بوو. لە دڵیا بوو کە لەگەڵ خۆی بمبا بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان و گەورەکانیان بۆ داوای کورد تێبکۆشێت و بۆ حکوومەتی کوردستانی شێخ مەحموود پشتیوان و لایەنگیر بدۆزێتەوە؛ لەبەر ئەمە خۆی لە شێخ مەحموود زیز نەئەکرد و نەیئەویست دەسی لێ بەردا.

بەم ڕەنگە و بەم سیاسەتە نەرم و زرنگانەیە توانی تا ماوەیەکی باش کۆلۆنێل ویلسۆنی حاکمی عام لە شێخ مەحموود نەتۆرێنێ. من بزانم لەلایەن ئامانجەکانی خۆیەوە دەربارەی کوردستانی دوارۆژ، بەدزییەوە تەقریریشی بۆ ئەنووسی، بەڵام شارەکانی وەکوو کەرکووک و کفری و هەندێ لە ڕەئیسە کوردەکانی تر نەیانویست بێنە ژێر حوکمی شێخ مەحموود. ئەویش ئەمەی لە ئینگلیزەکان ئەناسی و باوەڕی پێیان نەمابوو. بەکورتییەکەی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیز ڕێنەئەکەوت و متمانەی پێنەئەکردن، لەبەر ئەمە تەقەلای نۆئێل کەڵکی نەگرت و ناکۆکی کەوتە بەینی ویلسۆن و شێخ مەحموودەوە.

میجەر سۆن (دوژمنی حوکمی شێخ مەحموود)

ویلسۆن هەر لە بنچینەدا بە چاوێکی باش تەماشای شێخ مەحموودی نەئەکرد و ئەیویست دوایی بە حوکمی بدا. ئینجا بڕیاری دا کە ڕاستەوڕاست دەس لە کاری حکوومەتی سلێمانییەوە بدا. لەبەر ئەمە نۆئێلی بانگ کرد و لە ژێر سەرەکی خۆیدا - سەرەکی ویلسۆن - لەچمەن و سۆن و

گۆردەن واکەریشــی کــۆ کردەوە و دوای گفتوگۆیـەکی دوورودرێــژ، هەر بە ڕەزای خۆی، میجەر نۆئێل لە موستەشـاری شـێخ مەحموود دەسـی هەڵگرت و بڕیار درا کە میجەر سۆن[1] لە جێی ئەو بکرێت بە موستەشار وە یا بە حاکمی سیاسی؛[2] نۆئێلیش بە ئامانجی خـۆی گەیشـت و لەلایەن حکوومەتی بریتانیـا و واجبێکی تری پێ سـپێررا و نێررایە کوردستانی تورکیا...

١. ئیلی پانســتر سـۆن ناسراو بە میجەر سـۆن (١٨٨١ - ١٩٢٣)، لە کنزکتنلی بریتانیا لەدایک بووە؛ باوکی ناوی ویلیام سـۆن و دایکی ناوی ماری وسـیکل بووە. سـاڵی ١٩٠٧ بەناوی خوازراوی میرزا غولامحسـێن شـیرازی هاتووەتـە کوردسـتان و لە ماڵـی بەگزادەکانی جاف لە هەڵەبجـە بووەتە خزمەتکار. سـاڵی ١٩١٨ لە بەغدا ڕۆژنامەی تێگەیشـتنی ڕاسـتی بە هاوکاریی شـوکری فەزلی دەرکردووە . لە مایسـی ١٩١٩دا بووە بە حاکمی سیاسـی ئینگلیز لە سلێمانی. چوار کتێبی لەسـەر کورد و کۆمەڵگای کوردی و زمانی کوردی نووسیوە و یەکەم کەس بوو کە چاپخانەی هێنایە سـلێمانی و لەهجەی سـۆرانی کرد بە زمانی ڕەسـمی حکوومەت و چەندین قوتابخانەی کردەوە. م.س.

2. Loyalties Mesopotocmia W – 11. Arnold Wilson.

١٨

گەشتی میجەر نۆئێل و فایقی تاپۆ[١] لە تورکیا

پێش ڕۆیشتنی نۆئێل بۆ تورکیا بە مانگێک من نەخۆش کەوتبووم و زۆر لە دەرەکدا بووم. نۆئێل ڕایسپاردبوو هەموو ڕۆژێک دوو جار دوکتۆرە ئینگلیزەکە ئەهاتە لام و دەرمانی ئەدامێ وە یا دەرزی لێ ئەدام. لەبەر ئەوە لەوانە نەبووم ئەم گەشتە لەگەڵ من بکا. ئینجا ڕۆژێکیان نۆئێل خۆی دوکتۆرەکەی هێنایەماڵەوە و ڕایسپارد کە ئاگای لێم بێ و باش چاودێریم بکا. دوای ئەوە فایقی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بە ڕێی ڕەواندز و مووسڵدا چووە تورکیا (شوباتی ١٩١٩).

ئەحمەد فایق بەگ

بەرنامەجی نۆئێل وەکوو من ئەیزانم ئەمە بوو کە چاوی بە کوردەکانی تورکیا و بەتایبەتی بە گەورە نیشتمانپەروەرەکان بکەوێت و ئەوەیان بیر بخاتەوە کە بریتانیا لە تێکەڵبوونی بە شەڕی گێتی مەبەسی ئەوە بوو کە قەومە بچووکە بێدەسەڵات و ژێردەستەکان، لە ژێر چنگی دەوڵەتە بێگانەکانی گەورە و بەهێز دەربێنێ و حەقی ژیان و قەومییان بداتە دەس خۆیان؛ وە ئەیویست کە لەگەڵ ئەو گەورە نیشتمانپەروەرانەی کوردا لەلایەن کوردستانەوە بدوێ، لە بیروباوەڕیان تێ بگا و ئەگەر ڕێ بکەوێت هەوڵ بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە بدرێت و بەرنامەیەک بۆ ئەم کارە ڕێک بخرێت. لەو حەلەدا زۆر جێگەی تورکیا، تەنانەت ئەستەمووڵیش لە ژێر

---

١. فایقی تاپۆ (ئەحمەد فایق‌بەگ)ە کە لە دەوری عوسمانیدا ئەندامی مەحکەمە بوو لە سلێمانی. بەینێکیش لە بەغدا مودیری تاپۆ بوو. کوڕی تۆفیق ئەفەندی خەڵقی سلێمانی و خوشکەزای حاجی ڕەشیدی ڕێویە. لەم دواییەدا ڕەئیسی مەحکەمەی کەرکووک بوو. چەن ساڵێک ئەبێ مردووە.

نیشتمانپەروەری کورد ئەمیر جەلادەت بەدرخان

چنگی هێزی سوێندخۆرەکاندا بوو. لەبەر ئەمە نۆئێل و فایق بەبێ ترس چوونە خاکی تورکەوە و بە بەرچاوی خەڵقەوە کەوتبوونە ناو کوردەکانەوە. لەلایەن کۆمەڵەکانی سیاسی کوردیشەوە ئەمیر جەلادەت بەدرخان و دوو کوردی تریش گەیشتنە ئەو ناوە و لەگەڵ نۆئێل و فایق یەکیان گرتەوە. هەر لەم کاتەدا کە ئەمان بە ناو کوردەکانی خەرپووت (خرپوط) و دیاربەکر و ئەو ناوەدا ئەسووڕانەوە و بۆ کورد و کوردستان گفتوگۆیان ئەکرد، مستەفا کەمالی موفەتیشی گشتی لەشکرەکانی تورکیش لەلایەن حکوومەتی خەلیفەوە بانگ کرایەوە ئەستەمووڵ.

حکوومەتی خەلیفە لە ئەستەمووڵ کە بازیچەیەک بوو بەدەس هێزەکانی سوێندخۆرەکانەوە لە هەواڵی ئەو ڕۆژەی ئەستەمووڵ کەوتبووە ترسەوە. مەجلیسی مەبعووسان بڵاوەی لێ‌ئەکرد و لە خەلیفە یاخی ئەبوو، زابتەکان و خوێندەوارە بەرزەکان کەوتبوونە کەین‌وبەین و ڕایانئەکردە ئەنادۆڵ بۆ لای مستەفا کەمال. سەدری ئەعزەم (سەدری ئەعزەم = ڕەئیسی وزەرا) لە ئاست دەسدرێژی و کردەوەکانی هێزی سوێندخۆرەکان لە ئەستەمووڵ، ئازانە خۆی ئەکێشایەوە و ئیستقالەی ئەکرد، بەڵام لەولای تریشەوە بە ڕاسپێری سوێندخۆرەکان حکوومەتی ئەستەمووڵ لە ترسی ئەوە کە شۆڕشێک بنێتەوە، مستەفا کەمالی داوا ئەکردەوە ناوچە. لەشکری یۆنان هەڵمەتی ئەبردە سەر ئیزمیر و داگیری ئەکرد و بەتەمای ئەوە بوو کە تا ئەدەنە (اطنە) و ئەنقەرە نەوەستێت و بیانگرێت، واتە تورکیا بەڕاستی لە دەرەکدا بوو و کەوتبووە لەقەفرتێ! ئیتر دوارۆژی وڵات و نامەی بەختی میللەتی تورک بەدەس مستەفا کەمالەوە بوو.

ئەگەر مستەفا کەمال لەوانە نەبووایە کە زۆران لەگەڵ چارەنووس ئەگرن و ملی بۆ قەوماو بنەواندایە؛ واتە لە عاست ئەمری خەلیفە و حکوومەتی ناوچەدا سەرپێچی

نەکردایە و بگەڕایەوە ئەستەمووڵ و ئەنادۆڵی بەجێ بهێشتایە، لەوانە بوو بڵێین کە مێژوو ناوی ئاتاتورکی نەئەبیست و زۆر نەبوو کە لە ئاسیای بچووکدا لە جێی جمهوورییەتی تورکی ئیمڕۆ دەوڵەتێکی گەورە و سەربەخۆی کورد دابمەزرێت و خەیاڵاتی نۆئێل و نیشتمانپەروەرەکانی کورد بێتە دی و تەقەلاکانی کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد و شەریف پاشا کە لەلای کۆنفرانسی ئاشتی درابوو، بە فیڕۆ نەڕوا و «پەیمانی سیڤەر» بچێتە سەر ئەو حەلە دیارە کە مێژوو بە چەشنێکی تر ئەنووسرا. دێت بە بیریشدا کە بڵێین ئەی تورک چی لێ ئەهات و بۆ چە لایەک ئەچوون؟ بەڵام بۆچی ئەوەمان لە بیر ئەچێتەوە کە ئەوان لە خۆرهەڵاتی دوورەوە عەشیرەتێکی چوارسەد سواری بوون و هەڵاتبوون و خۆیان هاویشتبووە ئەم وڵاتەوە، وردەوردە بووبوون بە میراتخۆری سەلجووقییەکان و جێنشینیان. ئینجا لە دوای حوکمێکی خوێناوی ٦٠٠ ساڵی بۆچ نەئەکرا کە بکشێنەوە ناوچەیەکی بچووک و ئەمارەتێکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنرێت؟ ئەمارەتێکی وا کە بەشی ئەمیرێکی وەکوو وەحیدەددین بکا و سەروزیادی بێ.

بەڵام بۆچی ئەمەندە شوێن خەیاڵ بکەوین؟

مستەفا کەمال قارەمانی ڕزگاری تورکیا

با نەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە بوو! واتە بگەڕێینەوە سەر واقیع و حەقیقەت! مستەفا کەمال سەری بۆ ئەمری خەلیفە نەچەماندەوە و نەگەڕایەوە ئەستەمووڵ. دەسی لە هەموو ڕوتبە و نیشانەکانی هەڵگرت و لە ئەنادۆڵ مایەوە. بۆ ئەمە بەرامبەر بە خەلیفە سەرپێچی کرد کە وەکوو خەلیفە نەکەوێتە ژێر چنگی هێزی سوێندخۆرەکانەوە. بۆیە مایەوە کە بتوانێت بەربەرەکانی سوێندخۆرەکان بکا و ڕێ لە لەشکرەکانی یۆنان بگرێت. وڵات و بە ئەنجام ئەستەمووڵیش لە ژێر چنگی دوژمن بێنێتە دەرەوە و لە دیلی و زەلیلی ڕزگاری بکا. بەڵێ بۆ

ئەمە لە ئەنادۆڵ مایەوە کە شەرەفی تورک بکرێتەوە و ببێ بە قارەمانی ڕزگاری تورکیای تازە! مستەفا کەمال ئەمەی بە شێتانە نەکردبوو، چونکە لە ئەنادۆڵدا خۆی بەتەنیا نەبوو، هێزەکانی تورک لە دیاربەکر دەزبەجێ چووبوونە ژێر فەرمانییەوە، لەبەر ئەوە ئەمری دا بە کەنعان بەگی سەرەکی ئەرکانی جەبهەی دیاربەکر بۆ گرتنی نۆئێل و فایق و هاوڕێکانیان و دەستەیەک سەربازیان شوێن خرا، بەڵام بە یارمەتی کوردەکانی ئەو ناوە، ئەمانە لە دەرەک ڕزگاریان بوو و خۆیان گەیاندە حەڵەب و لە دوای حەڵەب چوونە ئەستەمووڵ.

١٩
سلێمانی دوای ڕۆیشتنی نۆئێل

دوای ئەمە کە نۆئێل چووە کوردستانی تورکیا وردەوردە ئینگلیزەکان دەستەودائیرەیەکی هەموو جوورەیان ڕژاندە سلێمانی. ئەمانە عەجەم و هیندی و عەرەب و ئەفغانی، گاور و جوولەکە و ئەرمەنی، بەکورتی ڕەگەز و تیرە نەمابوو کە تیایانا نەبێ. دائیرەکان چە هی حاکمی سیاسی، چە هی عەسکەری و ماڵی و گوومرگ و ئەوانی تر هەریەکە موعاوین وە یا موشاویرێکی ئینگلیزی چووە سەر...

هیندی مێزەرسپی، هیندۆکی ڕیش هەڵبەسراو و لوول‌دراو، سیکی ڕەش و قاچ باریک بە هەموو ژوورەکاندا بڵاوبوونەوە. چاپی دەس (تایپراتەر) بە تەق‌وهۆڕەوە کەوتە کار. ئینجا لەلایەکەوە دەستەودایرەی تاقمی شێخان و خزمەتکارانی خەنجەر و دەمانچە لە پشت، لەولای ترەوە لە سەیزەوە بگرە تا فەڕاش و چێشتکەر، دەستەودایرەی ئینگلیزەکان و تەنانەت هی هیندۆکە سمێڵ‌بابڕ و ڕیش‌لوولەکان؛ ئەوان بە چەک و سیلاحی نەفامی و عەشایری، ئەمان بە زمانی بەد و دووڕوویی و لە پاشملە چاڵ بۆ هەڵکەندن، کەوتنە ویژەی خەڵقی سلێمانییەوە. لەمەش جێ‌داختر ئەوە بوو کە هەندێ ناڕەسەن و پەسمایە لە ئەهلی شارەکەش بووبوون بە پۆلیس و نۆکەری ئینگلیزەکان و شانازییان بە جاسووسییەوە ئەکرد. میللەتی بەسەزمان کە هێشتا کارەساتی شەڕی گەورە و دەردی نەخۆشی و برسییەتی لەبەرچاو بوو و لە بیری نەچووبووەوە و بە هیوای ئەوە بوو کە بەینێک ئاسوودە بێ و بێ‌غەم بژی بەم‌جوورە کەوتە حاڵێکەوە کە حەسرەت بۆ ڕۆژانی ڕابووردووی بکێشێت.

من تازە لە نەخۆشی هەڵسابووم. ژنان ئەیانوت ئەسپەک داویەتە سەرم. هێز و تەوانای ئیش‌کردنم نەبوو. بەرامبەر بەم وەزعەش زۆر بێ‌حەوسەڵە بووبووم. بڕیارم دا کە بچمە کەرکووک بۆلای مامەکانم. گرینهاوسی[1] وەکیلی نۆئێلم چاو پێکەوت.

١. گرینهاوس Greenhouse. S. F : میجەر گرین هاوس، ئەفسەرێکی بریتانی بوو، پێشتر لە هیندستان خزمەتی کردبوو، دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ١٩١٧ کراوەتە حاکمی سەربازی نەجەف؛ بە کەسێکی توندوتیژ ناسراوە و لەو ماوەیەی لە نەجەف بووە، ئەزیەت و ئازاری زۆر خەڵکەکەی داوە، قامچییەکی

وتی کەپتەن بیل ئەیەوێ بتبینێ. کەپتەن بیل موعاوینی حاکم بوو و تازە هاتبووە سلێمانی. هێشتا نەمئەناسی، کە چوومە لای و خۆم پێناسان بە فەڕەنسزی وتی: ئەمەوێت فارسی بخوێنم. ئەبێ تۆ پێم بخوێنی؛ دیار بوو کە وەکوو شارەزا قسەی لەگەڵ ئەکردم، بەڵام ویستم تێی بگەیەنم کە نەخۆشم و تەواناى ئەوەم نییە. زۆرم لەگەڵ خەریک بوو، ئینجا بەناچاری بڕیارم دا کە پێی بخوێنم. من وام ئەزانی کە فێری قسەکردنی ئەکەم، کەچی کتێبی گوڵستانی لەبەردەمدا بوو ئەیویست گوڵستان بخوێنێت؛ ئەمە کارێکی بەڕاستی گرنگ بوو.

سەعدی گوڵستانی بۆ ئەوانە نەنووسیبوو کە تازە فێری فارسی ئەبن. بە فەڕەنسزی یەکێکی وەکوو منیش ئینگلیزێک چۆن تێی ئەگەیشت؟ ویستم بیری بیل بگۆڕم و لە ڕێی قسەکردنەوە و لەسەر تەریقەی بەرلیچ پێی بخوێنم. نەچوو بە دڵیدا. ناچار یەک‌دوو دێڕێکم لە گوڵستان پێ خوێند. هیوای ئەوەم نەبوو کە بیلم ڕازی کردبێ، بەڵام دوای دەرسەکە زۆر کەیفی هەبوو و بەگەرمەوە تکای دەرسی سبەینێی لێ‌کردم. بەڕاستی ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بووم. ئەوەندە هەیە کە ئەمزانی لە پێشەوە غەمی دەرسەکان بخۆم و ئامادەی بکەم، بارم سووک ئەبێ. جگە لەمەش ئەمە کەڵکی خۆمی تیا هەبوو؛ بە فەڕەنسزی قسەم ئەکرد و زیاتر پێی ڕائەهاتم. بیل فەڕەنسزی زۆر باش ئەزانی، بەڵام من کە لە مەکتەبی ئیعدادی موعەللیمی فەڕەنسزی بووم هەرچەن لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و گرامەردا خراپ نەبووم، بەڵام لە قسەکردندا ئەوەندەم پراتیک نەبوو.

دوای ئەم دەرسە چوومە ئەو ژوورەی کە نۆئێل بۆ منی دانابوو. ڕوانیم پڕ بوو لە هینەدۆک. ژوورەکانی تریش هەر بەو جوورە. ژێر پێپیلکەکانی سەربانیش کورسی و مێزی لێ دانرابوو و هیندۆکێک وە یا ئاسوورییەکی هەر لێ بوو؛ کەوابوو جێی دانیشتنم نەبوو. ڕاست چوومەماڵەوە. ئێوارە بە خزمەت شێخ مەحموود گەیشتم و ئەمانەم تێگەیاند. سەید ئەحمەدی بەرزنجی لەلا بوو. وتی زۆر باشە دەرسی پێ بڵێ، بەشکوو بتوانیت بیکەی بە خاکەناز.[1] ئەمە مانای ڕاڵێبوونی شێخ مەحموود بوو، بەڵام زۆری

بە دەستەوە بووە و هەرکەسێک لە پێشیدا بووە پێداکێشاوە. م.س.

١. سەید ئەحمەد بۆ سوحبەت بە بیلی ئەوت بێڵ. ئەمیش دیارە بە کوردی لەگەڵ خاکەنازدا خزمە.

پێنەچــوو لەم مامۆسـتایەتییە سـارد بوومەوە، چونکە دوای چــەن ڕۆژێـک دیار بوو کە قوتابییەکەم بە چاوێکی تر تەماشام ئەکا.

ئەیویست وەکوو لەگەڵ هیندۆکە قاچ باریکەکان لەگەڵم بجووڵێتەوە. چەن جارێـک دڵی شـکاندم. فیزێکی ئێجگار زلی هەبوو. بەتەما بوو منیش ڕابێنێت و نەرمم بکا. لەوە زیز ئەبوو کە من وەکوو هیندۆک و ئاسوورییەکان ناکەم، بەڵکوو خۆم بە شتێک وە یا بە ئینسانێک ئەزانم. من جارێ خۆم گرتبوو و چاوم لە هەندێ شتی ئەپۆشی. بۆ هەلێکی وا ئەگەڕام کە بەجێ بێت و هەڵبگرێت. ئەم هەلە ئەو هێنایە پێشەوە.

ڕۆژێـک دیسـانەوە دەرسـم پێ ئـەوت میرانـی قادربـەگ و ڕەشـیدبەگی برای و ڕەئیسـەکانی تـری خۆشـناوەتی شـەقڵاوە کـە هاتبوونـە لای شـێخ مەحموود، سـەری ئینگلیزەکانیشیان دا و هاتنە لای بیل.

چاییان بۆ هات و خواردیانەوە. پیاڵەکانیان بەدەسەوە ما. جێگەیەک وە یا مێزێک نەبوو لەسەری دابنێن، چونکە لەو ڕۆژەدا هێشتا مێز و کورسی و ئەسبابی تەواو نەبوو. فەڕاشـەکەی بیلیش بە ئیشـی بیل چووبـووە دەرەوە. ئینجا قوتابییەکـەم ئەمری بە من کـرد کـە پیاڵەکانیان لـێ وەرگرم. ئەگـەر ئەو ئەمـری نەکردایە لەوانە بـوو خۆم بەناوی میوانداریـیەوە لە دەسیانیان وەرگرم و لەلایەکەوە دایانبنێم.

بەڵام بە ئەمر پێم نەنگ بوو ئەم کارە سووکە بەجێ بێنم. جگە لەوەش لە کردەوەی بیل دەمێک بوو دڵشکاو بووم. لەبەر ئەوە وەڵامم نەدایەوە و لە جێی خۆم نەجووڵامەوە. ئەمجارەیـش پێـی وتمـەوە، دیسـانەوە چرچەم نەکـرد. وادیار بـوو میوانەکان شـتێک تێگەیشتن. ئاوڕیان دایەوە و پیاڵەکانیان لە پەنجەرەکەی پشت سەریانەوە دانا.

بـەڵام بیـل ڕەنگێکی هانی و ڕەنگێکی برد. من لەو خراپتر. هێشـتا نەخۆشـیم مابوو. زۆریش پەست بووبووم. باش بوو میوانەکان زوو هەڵسان و ڕۆیشتن. بیل دوای چەن سـانییەیەک پێش خواردنەوە و لێکدانەوە وتی: بۆچی وەڵامت نەدامەوە؟ وتم ئەتەوێت وەڵامـی ڕاسـتت پێ بڵێم؟ وتی: ئـادەی! وتم: من دەرس بە تۆ ئەڵێـم و تۆ قوتابی منی! لەبـەر ئـەوە تێ ناگەم چۆن ئەمرێکـی وام پێ ئەکەی؟ کـە وەڵامم نەدایـەوە ئەبوو بە وەڵامی بژمێری. لە سەروسیمای تێگەیشتم کە ئەم قسانە کاری تێکردووە. بە هەلم ژمارد،

ویستم بەتەواوی لەگەڵی ببڕمەوە. ئینجا وتم: ئەگەر ئەم قسانەم بە حەق نازانی ئەبێ بە فەڕاشم دابنێیت. کەوابوو تکام ئەمەیە لەم فەڕاشییە ئازادم بکەی. لەسەر ئەم قسانەم تۆزێک وێستا و بێ دەنگ بوو، ئینجا لەناکاو هەڵسایە سەر پێ و بە ڕوویەکی خۆش و دەمێکی بە زەردەخەنەوە دەسی گوشیم. منیش سپاسم کرد و چوومەماڵەوە. لە وەختێکا کە نۆئێل لە سلێمانی بوو من هەستم بە فیز و کیبری ئینگلیزەکان نەکردبوو، چونکە ئەو زۆر دڵی ڕائەگرتم و بە چاوێکی بەرز و بەڕێزەوە تەماشای ئەکردم. چەن ڕۆژێک پاش ئەم ڕووداوە، بیل ناردی بە شوێنما گەلێ دڵنەوایی کردم.

ئینجا پێی وتم کە ئەبێ بۆ گەشتێک لەناو عەشایرەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووکدا ئامادە بم و لەگەڵی بچم. لەبەر ئەوە کە دوای خەریک بوون و نەوازشێکی زۆر بەڵێنی چوونم لەگەڵدا بوو، ئەمجارە گەلێک دڵی ڕائەگرتم و ئەیویست کە هێمنم بکاتەوە و ڕابووردووم لە بیر بچێتەوە. بەتەواوی بە چاوی هاوڕێیەکی بەڕێز لەگەڵم ئەجووڵایەوە. لەم گەشتەدا نەخشەیەکی تەقریبی هەرێمی عەشایرەکانی ئەکێشا و جێ وڕێی هەموو عەشیرەتێک و دێهاتەکانی لەسەر ئەم نەخشەیە دەرئەخست. ڕەگەز و بنچینەی ئەم عەشیرەتانە، باوباپیر و کوڕ و کوڕەزای گەورەکان و سەرکردەکانیان، خزمایەتی و کەسایەتی بەینی عەشیرەتێک و ئەوانی تر، ژمارەی سوارە و پیادەی هەریەکە لەمانەی ئەپرسی و ئەیکۆڵییەوە. لە دوژمنایەتی و ناکۆکی، لە هۆی ئەم دوژمنایەتییە، لە پلەی نفووز و دەسڕۆیشتنی هەموو ئاغا و بەگ و سەرکۆمارێک؛ لە چۆنییەتی بەینی ئەمانە و شێخ مەحموود ئەگەڕا و زۆر بە وەستایانە لەسەر وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە ئەوێستا و باش ئەیکۆڵییەوە. تفەنگەکانی ئەپشکنین، لە چەشنییان و تازە و کۆنییان ورد ئەبووەوە و هەندێ جار تاقیشی ئەکردنەوە.

لە جل وبەرگی ئاغا و نۆکەرەکانی، لە هی مناڵیان ئەفکری و بۆی بلوایە سەیرێکی ناوماڵ و تڕوتفاقی ئەکردن. سەرنجی ئەدایە وڵاخی بەرزەیان و ماڵاتیان و پلەی هێز و دەسەڵاتی شەڕ و چەشنی ژیان و ڕابواردنی کاتی ئاشتییانی، یەکە بە یەکە لای خۆی ئەنووسی. لە هەموو سەیرتر ئەوە بوو کە بە چەشنە ئیستفتایەکی وەکوو یاری مناڵان ئەوانەی کە بۆنی ناحەزی شێخ مەحموودی لێ ئەکردن ئەبوون بە ئاغا وە یا بە کوێخا و

ڕەئیس. کەسێکیش بەرامبەر بەم یارییە منالآنەیە سەری بەرز نەئەکردەوە و دەنگی لێوەنەئەهات.

من لەم هەموو پرسین و کۆڵینەوە و چەنەکوتانەدا تەرجەمم لەسەر بوو و پێم بڕابوو. لە هێزی چەنە و نەفەسی درێژی بیل، لە قسەی پڕوپووچ و بێ‌تامی لادێیی و عەشایرەکان چەنە و مێشکم ماندوو و بێ‌هێز ئەبوو و دڵم ئەگوشرا. لەگەڵ ئەمەیشا خۆم سڵ نەئەکرد و لەم جوورە پرسینەوە و لێکۆڵینەوانە مەیلی لە شت گەیشتن و تێوردبوونەوەم تیا پەیا ئەبوو. بیل جگە لە من کابرایەکی تری لەگەڵ خۆی هێنابوو. بە قسە کاتبی بوو، بەلآم نەک شتێکی پێ بنووسێت، بەڵکوو نەمدی کە جارێک قسەیەکیشی لەگەڵ بکا. دوای بەینێک هەرچەن باوەڕیشم نەکرد وایان تێگەیاندم کە جاسووس بووە بەسەرمەوە... لە پاش ئەم گەشتە دووردرێژە گەڕاینەوە سلێمانی. پێی ناوێت بڵێم کە ئەو کۆڵینەوە و ئیحسایە کە بیل کردبووی خەزنەیەکی زانیاری گەلێ بەنرخ و بەکەڵک بوو بۆ کاربەدەستی حکوومەتێکی سیاسی...

٢٠

شێخ مەحموود و دەستەودائیرەی چییان ئەکرد؟

وەکوو لە پێشەوە باسمان کردبوو شێخ مەحموود هەروەکوو بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باش و بەهێز بۆ ئەم حکوومەتە تەقەلایەکی تەواو و بەکەڵکی نەئەدا؛ هیچ نەبێ بۆ پاراستنی جێ و ناوچەی نەفسی خۆشی کردەوەیەکی ئەوتۆی دیار نەبوو. نە تەشکیلاتێکی ئیداری ڕێک‌وپێک، نە دانانی نزامێک و ڕێگەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت! لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان ئەو ناوچە و دائیرانە کە پەیوەستی بە کاروبار و مەسڵەحەتی خۆیانەوە هەبوو ڕاستەوڕاست بە کەیفی خۆیان و پێویستی مەسڵەحەتیان پیاوی خۆیان بە سەرەوە دانابوو و هەڵیانئەسووڕاند. دەستەودائیرەی حوکمداریش لەو شتانەدا کە ئینگلیز خۆیان تێنەئەگەیاند وە یا لەو دائیرانەدا کە پیاوی خۆیان بە سەرەوە دانەنابوو بە هەوەسی خۆیان و پێویستی قازانج وە یا مەرامیان، دەسدرێژییان ئەکرد. دیارە کە ئەمانیش لەلایەن ئینگلیز و کاربەدەستەکانی سەر بە ئینگلیزەکانەوە چاویان لێ‌ئەپۆشرا و تووشی هیچ جوورە بەرهەڵستێک نەئەبوون. حوکمدار خۆی بە خەڵات و بەرات چەن ڕەئیسێکی عەشایری لە خۆی نزیک خستبووەوە و بە بڕینەوەی مەواجب بۆ چەن کەسێکی تری بەنفووز و ناودار، هەندێ دۆست و لایەنگیری پەیدا کردبوو، وا بەتەمابوو کە دۆستی و پەیوەستەگی ئەم ڕەئیسانە تاسەر بێ و کەڵکێکی لێ وەرگرێت. دوای بەینێک کە ئینگلیزەکان بەتەواوی دامەزران و جێی خۆیان گرت و شارەزایی تەواویان دەربارەی عەشایر و خەڵقی تری وڵاتەکە پەیدا کرد و بەتایبەتی کە لە تەبیاتی شێخ مەحموود باش شارەزا بوون و بۆیان دەرکەوت کە زۆر بە تەنگ دوارۆژەوە نییە و هەر بۆ ئەو ڕۆژە ئەژی کە تیایەتی؛ جگە لەمانە هەموو، دوای ئەوە کە نۆئێل ڕۆیشتە تورکیا و شێخ مەحموود لە ڕابەر و ڕێ‌پێشاندەرێکی وەکوو ئەو هێمن و بەهۆش و لایەنگیری خۆی دوور کەوتەوە و لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کاروباردا کەم‌وکورتییەکان دەرکەوت و دەنگی ناڕەزایی لەم‌لا و ئەولا بەرز بووەوە، ئینگلیزەکان هاتنە سەر پاشوو و

چاوەڕوانی ئەوە بوون کە چەپۆکێک بوەشێنن و دوایی بە حوکمی شێخ بدەن. شێخ مەحموودیش کە دەنگی نارەزایی و مقۆمقۆی خەڵقی ئەبیستەوە، وە بەتایبەتی کە دەوروپشتە نەفامەکانی لەجیاتی ئەوە بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان یارمەتی بدەن و لە ڕێی قازانجی خۆیان و گەورەکەیاندا، لە هەندێ دەسدرێژی و بەدزمانی خۆیان بکێشنەوە، ئەوەندەی تر شووڵیان لێ هەڵئەبڕی و ئەچوون بە قینا و سەرەڕای ئەمەش بۆ دەمکوتکردنی خەڵقەکە و نواندنی هەیبەتی خۆیان حوکمداریان هان ئەدا و ئەبوون بەهۆی زیاد بوونی شێواندن و ئاڵۆزاوی. لەلایەکی تریشەوە ئینگلیزەکان لە ڕوودا لە ژێر سەرەکی شێخ قادری برای حوکمدار و لەڕاستیدا لە ژێر چاودێری و فەرمانی میجەر دانلیس خەریکی ڕێکخستنی هێزێکی سوارە و پیادە بوون. لەبەر ئەمە پێویستیان هەبوو بە ژمارەیەکی زۆر لە زابتە کوردەکان و لەو کاتەدا بە چاک و خراپ هەر زابتێک لە سلێمانیدا بوو وەریانئەگرتە ئەم تەشکیلاتەوە. زابتەکان کە بەهۆی هاندانی دەوروپشتی خۆخۆر و دەسوپێوەندەوە لە دڵدا لە حوکمدار زویر بوون وە یا لێی دوور کەوتبوونەوە ئەمەیان بە هەل زانی و بەشی زۆریان چوونە تەشکیلاتەکەوە، واتە بوون بە ژێردەستی دانلیس! بەمجوورە گەلێک لە زابت و خوێندەوارەکان لەناوا نەمان و بەرچاوی نۆکەر و کاسەلێسەکان پا بووەوە. جێی ئەمانە لەلای حوکمدار بە هەندێ بەقاڵ و چەقاڵی[1] ناو بازاڕ پڕ کرایەوە. جگە لەمەش ئەوانەی کە دەسمایەیەکی باشیان نەبوو وە یا کاروکاسبییەکی سەربەخۆ و ئازادیان بۆ هەڵنەئەسووڕا وە یا لەبەر بێبازاڕی دووکانەکانیان دائەخست، خەنجەرێکیان لە پشت ئەبەست و بەبێ ئەرک ئەچوونە ڕیزی نۆکەرانەوە.

تایەر ئەفەندی فەرخە کە لە دەوری تورکەکاندا تەحسیلدار (جابی) بوو لەو دەورەدا کرابوو بە مودیری پۆلیس. ئەم کابرایە کە لە کوێرەخەتێک بەولاوە سەرمایەی زانیاری

---

١. من لێرەدا تکای لێبووردنی ئەوانە ئەکەم کە شانازی بە کاسبی خۆیانەوە ئەکەن و بۆ پاروێک نان وە یا بۆ فیز و دەسدرێژی خەنجەر لە پشت نابەستن و نۆکەری کەس ناکەن و ئەبێ بزانن کە من خۆم شانازی بەو خزمانەوە ئەکەم کە بەقاڵن و نینۆکێکی ئەمان بەو خزمانەم ناگۆڕمەوە کە لافی تیجاری و گەورەیی لێئەدەن وە یا پیاوی میرین و بۆ قازانجێکی حەرام و ناحەق وە یا بۆ یارمەتییەکی بێفەڕ هەزار مەرایی و... لەبەر کاربەدەستێکی حکوومەتدا ئەکەن.

نەبوو، خوا لێی خۆش بێ ئێجگار فیزێکی زلی هەبوو و قین لە سکیش بوو. لەبەر ئەمە ئەویش بە قەدەر حاڵ و لە ڕووی نەفامییەوە بۆ تێکدانی دەزگا و دووکانی حکوومەتی شێخ مەحموود خەریک بوو. خەڵقیش هێشتا ئەوەندە شارەزای ئینگلیز نەبووبوون. لەبەر ئەمە کاتی دەسوەشاندنی میجەر سۆن هاتبوو. ئینجا وردەوردە دەسی کرد بە بیانوو گرتن و دەسدرێژی و کەوتە تەگبیری بڵاوکردنەوەی دەستەودایرەی حوکمدارا!!

٢١

سەفەری من بۆ کۆیێ لەگەڵ کەپتەن بیل

لەم دەورەدا بوو کە کەپتەن بیل کرا بە حاکمی کۆیێ. ئەمجارەش زۆرم لەگەڵ خەریک بـوو کـە لەگەڵی بچم. منیش هەوڵم دا کە نەچـم، بەڵام کەڵکی نەبوو و لێم نەگەڕا و بە زمانی شیرین تەفرەی دام. ئینجا چووم و پرسی شێخ مەحموودم کرد. دیارە کە تەگەرەی تێنـەدا و بەڵکـوو پێی خۆش بوو یەکێکی وەکوو من کە سـەر بەخۆی بووم و متمانەی پێئەکـردم لەگـەڵ ئینگلیـزەکان بـم، بەتایبەتی منیش لـە هیچ کاتێکا نەمئەویسـت لە خۆمـەوە وە یا بێ پرسـی شـێخ مەحموود شـتێک بکـەم، چونکە خۆم بـە یەکێک لە جێباوەڕەکانی ئەو ئەزانی و حەزم بە سەرکەوتنی ئەکرد. ئینجا کە زانیم شێخ مەحموود پێی خۆشە لە مێژووی ٢٠ی شوباتی ١٩١٩ لە ڕوودا بە موعاوینی (Assistant) و لە ڕاستیدا بـە تەرجەمـان (Drogman) لەگـەڵ بیل چوومە کۆیێ، ئەو زسـتانە سـارد و سـەرما و باران و لیتەیەکی بێداد بوو، بێوچان باران ئەباری. بە سـواری وڵاخ لە سـلێمانییەوە تا کۆیێ نەفەسـێک بێباران نەبووین و ئاو بە لەشـی خۆمـان و وڵاخەکانمانا هەروەکوو

دیمەنێکی شاری کۆیێ

پلووسک ئەهاتە خوارەوە... من کە لە بنچینەدا زۆر سارد و هێمن نەخوڵقاوم و ڕەنگە درۆ نەکەم کە بڵێم ئەوەندەش فێری مەرایی و دووڕوویی نەبووم، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە بۆ جاری یەکەم لەگەڵ ئینگلیزێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و شارەزا بە هەڵسان و دانیشتنی کوردەواری و عەشایری، واتە لەگەڵ یەکێکی جەنتڵمەنی وەکوو نۆئێل ئاشناییم پەیا کردبوو، لە ترۆفیزی بیل زۆر پەست ئەبووم. جگە لەمە قەدرێ خۆم ئەگرت و حەزم لە ڕاستی ئەکرد. نەمئەزانی مێچگەمێچگەی لەبەرا بکەم و زمانم وەرنەئەسووڕا کە وەکوو خەڵقەکەی تر پێی بڵێم ساحێب! ئەمانە هەمووی تەبیاتی ئەم ئینگلیزە ئیستعمارییەی توند ئەکرد و بۆی بلوایە لە ئەستۆی ئەدام، کەچی وەکوو کورد ئەڵێت: «لێشم بووبوو بە مووی لووت و لێم نەئەبووەوە.»

لەگەڵ ئەمەشدا بیل لەم سەفەرەدا لەچاو جارەکانی پێشوو گەلێک گۆڕابوو و باش بووبوو و تا ئەیتوانی ئەیویست دڵم ڕابگرێت، بەڵام جارجار مشتومڕێکمان هەر ئەبوو و کەموزۆر ساردی ئەکەوتە بەینەوە. بیل لە دوای هەموو ساردییەک وە یا مشتومڕێک ئەیڕوانی من لەجیاتی ئەوەی عوزری بۆ بهێنمەوە وە یا لەو شتانە و کردەوانە لا بدەم کە ئەوی پێ تووڕە ئەبێ، وەکوو من بەعەنقەست وام کردبێت و بۆ جیابوونەوە لە بیانوو بگەڕێم خۆم ئەتۆراند و ئیزنی گەڕانەوەم لێ ئەخواست و بەپێچەوانەی ئەوە کە ئەهات بە بیرا، بیلیش ڕێی جیابوونەوەی نەئەدام و هەر جارە بە جوورێک ئاشتی ئەکردمەوە، بەڵام من ئیتر لە ئەنجامی ئەم چەشنە هاوڕێیەتییە کەوتبوومە ئەندێشەوە و ئەترسام کە جارێکیان بگاتە تینی و تووشی داوێکم بکا. خواوڕاستان دوای گەیشتمان بە کۆیێ تا بەینێک زۆر دڵی ڕائەگرتم و بەتەواوی خاوی کردبوومەوە وە یا ئەو خاو بووبووەوە. منیش لەم دەورەدا تا توانیم خزمەتی خەڵقم کرد و هەر بەهۆی بیلەوە چاکەم بۆ گەلێ کەس بوو. وە بەم تەرحە لەگەڵ هەندێ دوست و پیاوانی بەنرخ گەلێک خۆشم ڕابوارد و لەلای ئەهالی و ئەو دووسێ ئینگلیزەش کە لە کۆیێ بوون بەقەدر و بەڕێز بووم.

بیل دوژمنی دانیشتن و وەستان بوو. بێوچان ئیشی ئەکرد وە یا بە سەر پشتی وڵاخەوە بوو. بە ناو هەموو دێهات و عەشایرەکانی کۆیێ و ڕانیە و ڕەواندزدا ئەسووڕایەوە. دیارە کە ئەبوو منیشی لەگەڵ بم. ئەو هەر خەریکی پرسین و نووسین، من هەر

خەریکی تەرجەمە و چەنەتەقاندن بووم. وەنەبێ ئیشی نووسینم نەبووبێ، بەڵکوو دوو چەندانەی قسەش نامەی ئەوم بۆ ئەموئەو و ڕەئیسەکان و هی خەڵقیشم بۆ بیل تەرجەمە ئەکرد. ئەو خۆی نامەکانی بە فەڕەنسزی ئەنووسی و من بۆم ئەکرد بە کوردی و یا فارسی. ئەوانەی لە ئەهالی و عەشایریشەوە بۆی ئەهات ئەمگۆڕی بە فەڕەنسزی. ئینجا وەرە سەیرانی ئەم نامە و عەریزە سەیرسەیر و عەجایبانە کە ئەتوانم بڵێم شتی ئەوتۆی تیا هەبوو لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێ. لەسەر ئەمانەوە ئینجا ئیش‌وکاری دائیرە و حکوومەتی کۆیێ. لەو ڕۆژەدا تەشکیلاتی ئیدارەی کۆیێ لە تەشکیلاتی قەزا (قضا)ی ئیمڕۆ ئەچوو، بەڵام بە قایمەقامی قەزایان ئەوت حاکمی شار. ناوی قازی حاکمی شەرع و هی مودیری شورتە مودیری پۆلیس بوو. حاکمی شار موعاوینیشی هەبوو کە پێیان ئەوت نائیبی حاکمی شار. لەم تەشکیلاتە لە ئیدارەی کاروباری حکوومەت زیاتر مەبەس بەش‌کردنی نفووز و مەنسەبی حکوومەت بوو لە بەینی خانەوادە ناودارەکاندا.

لە «کۆیێ»ش زیاتر لە خانەوادەکانی تر خانەوادەی غەفووری و حەوێزی هەیە. ئینجا سەرەکی خانەوادەی غەفووری کە حەماغای[1] هەرە ناوداری دەوری خۆی بوو کرابوو بە حاکمی شار. جەمیل‌ئاغای حەوێزیش[2] بە نائیبی حاکم. مەلا محەممەد ئەفەندی جەلی‌زادەش کە یەکێک بوو لە زانا بەرز و ناودارەکانی ئەو دەورە حاکمی شەرع، واتە قاضی بوو[3]. فەتاح‌ئاغای عەبدوڵڵائاغای حەوێزی ڕەئیسی بەلەدییە و مەلا

١. حەماغای کۆیە، حەمەئاغای گەورە (؟-١٩٢٠)، ساڵی ١٩١٨ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوە بە حاکمی کۆیە. لە ١٩٢٠/٨/٣ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

٢. جەمیل‌ئاغای حەوێزی (١٨٧٠- ١٩٤٦) : جەمیل‌ئاغای کوڕی حاجی ئەسعەدئاغای کوڕی حاجی بەکرئاغای (قاسد) حەوێزییە. لە ١٩٢٠/٨/٣ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوە بە حاکمی شاری کۆیە. ١٩٢٣ لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە کراوە بە یەکەم قایمەقامی کۆیە. پاشان ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە وەکیل موتەسەریفی هەولێر، هەرچەندە ئینگلیزەکان دەیانەوێت بیکەن بە موتەسەریف، بەڵام ڕازی نابێت پۆستی موتەسەریف وەرگرێت. ساڵی ١٩٣٢ کراوە بە قایمەقامی ڕانیە؛ دوای دوو ساڵ دەسبەرداری پۆستەکەی دەبێت. ساڵی ١٩٣٩ دەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان؛ ساڵی ١٩٤٣ جارێکی دیکە هەڵدەبژێررێتەوە؛ لە ١٩٤٦/٣/٢٤ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

٣. مەلا محەممەد ئەفەندی، واتە جەلی‌زادە (١٨٧٦-١٩٤٣)، ناسراوە بە مەلای گەورەی کۆیە و مەلا محەممەدی

ئەحمەدئاغا مودیری پۆلیسییان بەرکەوتبوو.

حەماغای کۆیێ حاکمی شار

حەماغـای خوالێخۆشـبوو کـە لـەو ڕۆژەدا پیرێکی بەساڵداچوو بوو لەبەر شوێن و مەقامی بەڕێـزی ئەم ناوەی لێنرابـوو ئەگینا لەوانە نەبوو کە لە ڕێی حکوومەتەوە لە ناووشـۆرەت وە یا لە قازانـج و نفـووز بگەڕێـت. ناووشـۆرەتی خۆی بەسـی بـوو. چـاوی لـە ماڵـی دونیاشـەوە نەبوو، چونکە ئەوەندەی هەبوو کە حاتەمی پێوە ئەکرد و خەرجـی ڕۆژێکـی دیواخانەکـەی لـە مەعاشـی مانگێکـی حاکمـی شـار پتـر نەبووێـت کەمتر نەبـوو. لەولای تریشـەوە تەشـکیلاتی سیاسـی ئینگلیـزەکان هەمـوو کاروباری قەزاکە و هەرێمی «کۆیێ»ی گرتبـووە ژێر چنگ و بۆ ئیدارەی شار وە یا قەزا شتێکی ئەوتۆ نەمابووەوە.

جەمیل‌ئاغـای حەوێـزی[1] کـە هێشـتا نەچووبووە سـاڵەوە لە کاروباری عەشـایری و کوردەواریدا بەڕاسـتی نائیبی حەماغا بوو. ڕەنجی نەئەخستە سەرشانی حەماغا. ڕانیەش لەو دەورەدا قەزا بوو و قایم‌مەقامی لێ دانرابوو، بەڵام لەلایەنی ئیدارەی گشتییەوە بەسرابوو بـە حکوومەتـی سیاسـییەوە لـە کۆیێ. کەچی لەگـەڵ ئیدارەی شـاردا هیچ پەیوەسـتەگی نەبوو و قایم‌مەقام لە ڕانیەدا یەکێک بوو وەکوو حاکمی شار لە کۆیێ، لەبەر ئەمە حکوومەتی

جەلی‌زادە. لەسـەر دەسـتی مەلا عەبدوڵڵای باوکی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. ساڵی ١٩١٢ بووەتە موفتی کۆیە؛ سـاڵی ١٩١٥ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی زانسـتی مووسـڵ؛ سـاڵی ١٩١٩ بووەتە قازی کۆیە. لە ساڵی ١٩٢٤دا بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق. لە سـاڵی ١٩٢٨ وازی لە کاری فەرمانبەری هێناوە و خـۆی تەرخـان کردووە بۆ وانەوتنـەوە. نزیکەی ٢٢ بەرهەمی چاپکراو و دەستنووسـی هەیـە لە بوارەکانی تەفسـیر، زانستی ئوسـوول، فیقهی ئیسـلامی، بیروباوەڕ، چیرۆک و هۆنراوە. لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

١. جەمیل‌ئاغا دوایی بوو بە ئەندامی مەجلیسـی تەئسیسـی، ئینجا کە فەیسەڵی یەکەم بوو بە مەلیکی عێراق جەمیل‌ئاغاش بوو بە نائیب.

سیاسی کۆیێ کاروبارێکی زۆری هەبوو و باری گرانی ئەم هەمووکارە دوای کەپتەن بیل و موعاوینە ئینگلیزەکەی ئەکەوتە سەرشانی من. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر سپاسی ئەو هەلکەوتە ئەکەم کە بۆم رێکەوتبوو، چونکە لە زۆر لاوە کەڵکێکی تەواوم وەرئەگرت. ڕەنجی شەووڕۆژ و تەقەلای بێسنوور پوخت و قاڵی کردبووم. ئەو دەمە، دەورێکی تایبەتی بوو لە ژیانما، کە لەناو لاپەڕەکانیا جارجارە چەن دیرێکی عەنتیکە و کۆمیکیش


زانای گەورە مامۆستا مەلا محەممەد جەلیزادە

هەڵئەکەوت و ئەمنووسییەوە ڕۆژێک لەناو عەشایر لە دیواخانی ڕەئیسێکدا میوان بووین. بیل قەندە (پایپ)ەکەی گرت بە دەمییەوە. شخارتە نەبوو. ئاغا لە کوورەی ئاگرەکەی بەردەمی پشکۆیەکی بە مەقاش هەڵگرت و بۆی ڕاگرت کە قەندەکەی دابگیرسێنێت. بیل وتی: تەنک یوو! ئاغا دەسی بردە پاشەوە و ڕووی کردە من، وتی: ئەڵێ چی؟ وتم: ئەڵێ سپاست ئەکەم. دووبارە ئاگرەکەی بۆ بردەوە پێشەوە. ئینجا بیل ڕووی تێکردم، وتی: کێس کیل دی؟[1] بیلیشم تێگەیاند، بەڵام ئەم پرسین و وەڵامە وا بە سووکی و زوو نەبڕایەوە و دوایی نەهات، بەڵکوو چەن جارێک دووبارەکرایەوە تاوەکوو من توانیم ڕێیە بدۆزمەوە و لە پرسینەوەیان ڕزگارم بێ.

بیل غەزەبێکی خوا بوو و لە کەس نەئەچوو

من لەگەڵ بیل پێکەوە لە ژوورێکا دائەنیشتم. ڕۆژێک کابرایەک کە زمانی ئینگلیزی ئەزانی بۆ ئیشێکی خۆی هاتە لای و ڕاستەوڕاست ڕووی تێکرد و بە ئینگلیزی دەسی کرد بە قسەکردن لەگەڵی، بەڵام بیل وەڵامی ئەوی نەدایەوە. بە منی وت کە

١. (Qu,est - ce Qu,il dit?) - کێس کیل دی؟ بە فەڕەنسزی، واتە ئەڵی چی؟

پێی بڵێم قسـە لەگەڵ من بکا و من لە بیلی بگەیەنم، کە ئەمەم بە کابرا وت، پێی وتم: تۆ ئینگلیزی نازانی و من خۆم کە ئینگلیزی بزانم بۆچی ڕاستەوڕاست تێی نەگەیەنم و بە تۆ بڵێم و تۆ بۆی بکەی بە فەڕەنسزی؟ بە چیش بزانم کە باشی تێئەگەیەنی؟ ئەم قسانەم لـە بیـل گەیاند، بـەڵام خۆی وا تـووڕە کرد کە کابـرا واقی وڕمـا. بیل ئەیـوت: پێی بڵێ ئەو حەقی بەسـەر ئەم قسـانەوە نییە. ئەوەی لەسـەرە کە قسـەی خۆی بە تۆ بڵێت، تۆ من تێبگەیەنی یا نە، ئەوە من باشـتری ئەزانم. ئەگەر وای ناوێت با بڕوا و نەوەسـتێت لەبەرچاوم! ئینجا کابرا بەناچاری قسـەکانی خۆی لە من گەیاند و من بۆم تەرجەمە کرد بە فەڕەنسزی.

۲۲

شکاندنی نفووزی شێخ مەحموود لەناو عەشایردا

نفووزی شـێخ مەحموود لە سەرەتاوە هەر تایبەتی سلێمانی نەبوو. لە کاتێکا کە ویلسۆن دوای گفتوگۆ لەگەڵ ڕەئیس عەشیرەتەکان و ناودار و ناسراوەکانی ئەهالی لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨[1] بەناوی حکوومەتی بریتانیاوە شێخ مەحموودی کردبوو بە حوکمدار، جگە لە بەشێکی جافەکان و بابەکری سەلیم‌ئاغا لە پژدەر، کە ئەوانیش هەر لە ژێرەوە دۆستی ڕاستەوڕاستی ئینگلیز بوون، ئەوە دوای خەڵقەکە و عەشایر بڕیار و بەڵێنی تەواویان دابوو کە لەگەڵ شێخ مەحموود بەڕاستی بجووڵێنەوە و لاری لە فەرمانیا نەکەن و بەناوی ٤٠ گەورە و ڕەئیسی کوردەوە لە سلێمانی مەزبەتەیەکیان پێشکەشی کۆلۆنێل ویلسۆنی حاکمی عام کردبوو. لەناو ئەم ڕەئیسانەدا گەلێک لە ڕەئیسەکانی ئێرانیش هەبوو. ئەمانە لە ژێر حوکمی شێخ مەحموود داوای یەکخستنی کوردستانی ئێران و عێراقیان ئەکرد. چە ڕەئیسەکانی کوردی عێراق و چە هیَ ئێران هەر لە بنچینەوە دۆستی شێخ مەحموود بوون. ئەمجارە بەم بۆنەیەوە پەیمانی دۆستایەتی و یەکییەتییان لەگەڵ تازە کردبووەوە، لەبەر ئەمە بەجێ‌هێنانی ئەو سیاسەتە کە دوای بەینێکی کەم بە سۆن سپێررابوو کارێکی ئەوەندە سووک نەبوو، واتە سۆن کە لە ١٩١٩دا هاتە سلێمانی و دەسی کرد بە شەڕفرۆشتن بە شێخ مەحموود، تێگەیشت کەوا بە ئاسانی گرەوی لێ‌ناباتەوە و ئەسپەردەکانی ویلسۆنی بەبێ ڕەنجێکی گەورە بۆ ناچێتە سەر، بەڵکوو لەم کارە گرنگەدا تووشی گەلێ بەرهەڵست ئەبێ و قۆرتی گەورەگەورە دێتە ڕێی!!

---

١. لە دەقەکانی دیکەدا ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨یە . م.س.

شێخ ئەمینی سندۆڵان

یەکەم تێکۆشانی ئینگلیزەکان بۆ شکاندنی نفووزی شێخ مەحموود لە ڕانیەوە دەسی پێکرد. تەقەلای ئینگلیزەکان لەم لایەنەوە هەرچەن بە ئەنجام گەیشت و مەبەسیان هاتە جێ، بەڵام ئەمە زۆر بە گران کەوتە سەریان. هەموومان بەداخەوە ئەیزانین کە لە پێش داهاتنی مەجلیسەکانی نیابی و ئەعیاندا ئینگلیزە کاربەدەستەکان، گەورە و ڕەئیسەکانیان بە پارە و مەواجب وە یا بە هەندێ شتی تری وەکوو ئەمانە فریو ئەدا و ئەیانکردن بە دۆست و لایەنگیری خۆیان. لەبەر ئەمە تا لەگەڵ شێخ مەحموود تێک نەچووبوون و متمانەیان پێئەکرد، پارە و خەڵاتی زۆریان بەسەر خزم و دەس‌وپێوەندیا بڵاوئەکردەوە، بۆ هەندێکیشیان بەناوی وەزیفەوە مەواجبیان بڕیبووەوە.

شێخ ئەمینی سندۆڵان کە بە خزمایەتی ئەگەیشتە شێخ مەحموود یەکێک بوو لەمانە. کرابوو بە قایم‌مەقامی ڕانیە و مەواجبێکی گەورەی ئەدرایە. جگە لەمە بەناوی ٢٠ پۆلیسەوە مانگی ٤٠٠ ڕووپییەی تریشی وەرئەگرت کە ئەبوو هیچ نەبێ ئەمە بە سەر نۆکەرەکانی خۆیدا بەش بکا، بەڵام شێخ ئەمین ئەمەی نەئەکرد و پارەکەی بە هی خۆی دائەنا. لەگەڵ ئەمەیشدا مانگەومانگ قایمەی ٢٠ پۆلیسی ڕێکئەخست و ئەیدا بە حکوومەت. ئینگلیزەکان دیارە کە ئەمەیان ئەزانی، بەڵام خۆیان تێنەئەگەیاند و چاویان لە زۆر شتی تری وا ئەپۆشی. ئینجا لە کاتێکدا کە هاتنە سەر ئەوە نفووزی شێخ مەحموود کەم بکەنەوە، بە بیانووی ئەم تەرح و شتانەوە کەوتنە ویزەی دەستەودایرەکەی و چاویان لە هەرچییەک پۆشیبوو خستیانە ڕوو. خەڵقیان لێ هان ئەدان و دوژمنیان لێ ڕاست ئەکردنەوە.

من لەگەڵ بیلدا بۆ تەحقیقات چووبووینە ڕانیە. کەپتەن بارکر ناو، موعاوینێکی ئینگلیزیشمان لەگەڵ بوو. شێخ ئەمین خۆی پێش گەیشتنی ئێمە، ڕانیەی بەجێ‌هێشتبوو و چووبووە سندۆڵان کە دێیەکی خۆی بوو.[1] لەبەر ئەمە بیل ویستی لە

١. دێیەکە لە بەینی میرزا ڕۆستەم و قەڵادزێ. کەوتووەتە سەر ڕۆخی زێی کۆیێ.

هەڵ کەڵک وەرگرێت و بۆ لابردنی شێخ ئەمین لە قایمەقامییەتی تەگبیرێک ڕێک بخا. ئینجا ئەم لابردنەی قایمەقام لەو ڕۆژەدا بە سووکی پێک نەئەهات، چونکە پێویستی فەرمانی حوکمدار بوو. ئێمە لە ڕانیە لە ماڵی فەتاح بەگ[1] میوان بووین. دوای ئەمە نامە نووسرا بۆ هەموو ڕەئیس عەشیرەتەکانی قەزای ڕانیە، واتە بۆ ڕەئیسەکانی

هەندێ لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی ڕانیە

مەنگوڕ و مامەش و بڵباس و ئاکۆیان و پژدەر و ناودەشت. وە بەم ڕەنگە لە جێیەکی وەکوو ڕانیەدا نزیکەی چوارسەد سوارێک کۆ کرایەوە. حەسەن ئاغای کوڕی بایز پاشای بەناوبانگی ڕەئیسی مەنگوڕ، غەفوور خانی ناودەشت و مەمەندەسوور و باڵووڵ ئاغا و سوار ئاغا لەناو ئەم ئاغایانەدا بوون. فەتاح بەگی خانەخوێمان کە لەوانە بوو بە لاچوونی شێخ ئەمین خۆی بکەن بە قایمەقام، ئەوەندەی تر بووبوو بە حاتەم و میواندارییەکی ئێجگار پوختە و چاوتێرانەی ئەکرد.

بیل ئەیویست ئەم ئاغا و ڕەئیسانە بڕیاری ئەوە بدەن کە شێخ ئەمین پیاوی

١. فەتاح بەگ لاوێکی تازە پێگەیشتووی خەڵقی سلێمانی بوو و هاتبووە ئەو ناوە. دوایی بە وریایی و چاوتێری و میوانداری بوو بە گەورە و یەکەپیاوی ڕانیە و باوی لە ئاغایانی پژدەر سەندبوو. ئەم لاوە زرنگ و بەجەوهەرە دوای چەند ساڵێک بە هاندانی ئینگلیزەکان بە کوشت چوو.

قایمەقامی نییە و بۆ ئەم کارە دەست نادا و مەزبەتەیەک ڕێ بخەن و مۆری بکەن کە بەدەس بیلەوە ببێت بە بەڵگەی نارەزایی ئەهالی و عەشایرەکە بۆ لابردنی شێخ ئەمین لە قایمەقامی؛ بەڵام ئەم مەزبەتەیە نەنووسرا و لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا بیل و بارکر هەر تەقەلایەکیان بۆ ئەم مەبەسەدا سەری نەگرت و شتێکیان بۆ نەکرا. گەرمترین بیانووگر و سەرپێچیکەر لە نووسینی ئەم مەزبەتەیەدا غەفوورخانی ناودەشت بوو. زۆر ئازانە وەڵامی ئینگلیزەکانی ئەدایەوە و گیروگرفتی ئەخستە تێکۆشین و تەقەلاکانیانەوە. بە زمانێکی ڕاست و ڕەوان و بە ئوسلووبێکی ئاگرین ئەهاتە جواب و پێی ئەوتن: «ئێمە سوێندخۆری شێخ مەحموودین و بە حوکمداری خۆمان ناسیوە. ئێوەش ئەمە ئەزانن و خۆتان ڕاتان لەسەر بووە لەبەر ئەمە شێخ ئەمین چاک بێ یا خراپ، ئێمە ناتوانین بڕیاری لابردنی بدەین و بۆ ئێمە شیرین نییە کە بە مەزبەتە داوای هەڵگرتنی بکەین، چونکە ئەم کارەمان ئەبێتە هۆی دڵگیری حوکمدار لە ئێمە. جگە لەمەش لەڕاستیدا ئێمە هیچ خراپەیەکمان لە شێخ ئەمین نەدیوە. ئەگەر کارێکی خراپ و ناڕەوای کردووە ئێوە حوکمدار ئاگادار بکەن! لەوانەیە کە حوکمدار خۆی هەڵیبگرێت و کردەوەیەکی بێ جێ لە ئێمەوە ڕوو نەدا. لەولای تریشەوە غەفوورخان یەکەیەکە چاوی بە ڕەئیسەکانی تر ئەکەوت و بە هەموو هێزیەوە هەوڵی ئەدا تەفرە نەخۆن و مەزبەتەکە مۆر نەکەن. بە ئاغاکانی ئەوت: «نەمئەگوت باوەڕ بەم ئینگلیزانە ناکرێت و هەندەی پێناچێت کە بۆ تێکدانی ئەم ئەساسە هەوڵ ئەدەن و دوودڵی و ناکۆکی ئەخەنە ناومانەوە. یەک لە دوای یەک لە باڵمان ئەدەن. ئەوا قسەکانم دەرکەوت! وەرن مەردی خودا بن با ئیسباتی مەردایەتی خۆ بکەین، تاوەکوو پێن نەڵێن ئەو کوردانە قەول و شەرەفیان نییە. وەحشینە و ئەحمەقن و تەنیا بۆ پووڵ و قازانجی خۆیان تێدەکۆشن. وەرن با ڕووبەڕوویان بوەستین و پشتی شێخ مەحموودی بۆ ئەم کافرانە بەر نەدەین.»

من، بۆ جاری یەکەم خۆم پێنەگیرا و بەپێچەوانەی واجباتێک کە لە سەرم بوو جووڵامەوە، واتە لەگەڵ ئەمەدا کە لە وێستاوییەکی ناسکدا و لە ترس و دەرەکەوە نزیک بووم دیسانەوە دەورێکی وەکوو دەورەکەی غەفوورخانم تەمسیل کرد. لە کاتێکدا کە بیل و بارکر لە وەستانی ڕەئیسەکان بەرامبەر بەم بیرە تێگەیشتن و بۆیان دەرکەوت

کە نایانەوێت مەزبەتەکە مۆر کەن، ویستیان کە بەتەنیا و یەکەیەکە ڕەئیسەکان ببینن و گفتوگـۆیان لەگەڵ بکەن. لەمە مەبەسـیان ئـەوە بوو کە هیچ نەبـێ هەندێکیان تەفرە بـدەن و بەلای خۆیاندا ڕایانکێشـن و بەم جـوورە دووبەرەکییەتی بخەنـە ناویانەوە. بۆ ئەمەیـش یارمەتییـان لە من داوا کرد. ئەیانویسـت کـە من لە پێشـەوە هەندێکیان بە جیاجیا ببینم و تێیان بگەیەنم کە ئەم ڕەوشتەیان بەرامبەر بە ئینگلیزەکان جوان نییە و ئەنجامی بۆ خۆیان خراپ ئەبێ و بەم جووره وایان لێ بکەم کە پێش ئەوەی یەکەیەکە بچنـە لای بیل، کـەم وزۆر لە بیری خۆیان بێنە خوارەوە، بـەڵام من لەبەر هەرچییەک هەیـە بەپێچەوانـەی ئەمـە جووڵامـەوە و وام لێ کـردن کە مـل بۆ ئـەم چاوپێکەوتنە جیاوازە نەدەن.

داخەکەم لە دوای ئەم هەموو تەقەلای بێ سوودە، بیل توانی بەهۆی حاکمی سیاسی سلێمانییەوە[1] تەلەگرافێک بە شێخ مەحموود بنووسێت کە ڕەئیسەکان سەرپێچی نەکەن و بـڕیاری لابردنـی شـێخ ئەمین بـدەن؛ ئینجا دوای ئەمـە بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەسـە گەڕایەوە جێی خۆی. دیارە لەوەشدا شک نییە کە کردەوەکەی من لە بیل نەشارابووەوە و پێیان گەیاندبوو...

(بەشی یەکەم تەواو بوو، بەشی دووەم بەم نزیکانە دەرئەچێ ١٩٥٦/٨/٢)

---

١. حاکمی سیاسـی سـلێمانی میجەر سۆن خۆی بوو کە شکاندنی نفووزی شـێخ مەحموودی پێ سپێررابوو و بیلیش لەسەر ڕاسپێری ئەو، واتە ڕاسپێری سۆن خەریکی لابردنی شێخ ئەمین بوو.

بەشی دووەم

ئیسماعیل‌ئاغای شکاک (سمکۆ) زەعیمی شۆڕشی کورد لە ئێران

سەرەتای بەشی دووەم

دوێنێ بەشی یەکەمی ئەم یادداشتە لە چاپ دەرچوو. ئیمڕۆ بەشی دووەم ئەخەمە ژێر چاپەوە. ئەمەویێت باسەکان یەک لە دوای یەک و بە زنجیرە بگاتە خوێنەرە بەڕێزەکان، واتە ماوە نەکەویێتە بەینی بەشێک و ئەوی ترەوە، چونکە هەندێ بەرهەڵست نەبووایە هەموو بەشەکانم بەجارێک لە چاپ ئەدا، بەڵام ئەمە نەگونجا. کەوابوو هەوڵی ئەوە ئەدەم کە ماوە نەکەویێتە بەینیانەوە و دوابەدوا و بە زنجیرە لە چاپ بدرێن. ئینجا لێرەدا تکای ئەوەم هەیە کە خوێنەرە بەڕێز و خۆشەویستەکان هەروەکوو فێری لێبووردن و چاوپۆشینیان کردووم ئەمجارە ئەوەندەش لێم ڕاوەستن تاوەکوو لێ ئەبمەوە. زوو حوکم بەسەر بیروباوەڕ و «إتجاه»مدا نەدەن، چونکە بە نووسینەوەی بەرگی دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی وام بۆ دەرکەوت کە هەندێ لەوانەی باسم کردبوون زۆر بە دڵیان نەبوو. ئەوان مافیان بەدەسەوەیە. هەموو کەسێک دڵی بە ستایشی زیاد لە سنوور خۆش ئەبێ، بەڵام من لاموایە کە ستایشێکی بەو جوورە، خزمی تانووتە. ئەوەش لەوێ بێ کە باسکراوەکان کورد و کەسی خۆمن، لەبەر ئەمە ستایشی زیاد ئەبوو بەهۆی خۆ هەڵکیشان!

ئینجا بێینەوە سەرباس:

لەم یادداشتەدا دیسانەوە بەپێی جێ و شوێن لە ڕەغنە لام نەداوە، بەڵام ئەوەم لەبەرچاوە کە هەموو خوێنەرەکان لە یەک زاوییەوە و لەم ڕەخنانە ورد نابنەوە، بۆیە تا توانیومە هەوڵم داوە کە خوێنەرە بەڕێزەکان لە زاوییەیەکدا کۆ بکەمەوە وە یا بیانخەمە وێستاوێکەوە کە لە زاوییەی عیبرەت وەرگرتنەوە بڕواننە ڕەغنەکان. جگە لەمەش لە

سنووری ئەدەب و زمانپاکی نەچوومە دەرەوە، چونکە مەبەس ئەوە نییە کەموکورتی ئەموئەو بخرێتە ڕوو، بەڵکوو ئەبێ لەوە بگەڕێین کە هۆی بەسەرهاتەکانمان بزانین و دەردەکانی کۆمەڵایەتیمان لێ ون نەبێ و نەشارریێتەوە! تکای ئەوەش دووبارە ئەکەمەوە کە لە هەڵەکانی خۆشم ببوورن و باش بزانن کە لافی ئەوانە لێنادەم کە وا ئەزانن بە هەڵە ناچن.

... ئیتر یەزدان لەگەڵ ڕاستەکان و پشتیوانی قەومی کورد بێ!

بەغدا، بستان الخمس، ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی ١٩٥٦/٩/٦

٢٤

وێنەیەکی تر لە کردەوەکانی ئینگلیز بۆ شکاندنی نفووزی شێخ مەحموود:

ئەحمەد نووری[1] موفەتیشی پۆستە و تەلەگراف

کەپتەن بیل بە هەموو مانای وشە ئینگلیزییەکی ئیستعماری بوو و هەروەکوو لەمەوپێش باسمان کردبوو توندەتەبیاتی و بێڕەزایی لە ئەندازە چووبووە دەرەوە، کە لە ڕانیە گەڕاینەوە دەسبەجێ داوای ئەحمەد نووری کرد کە لەو ڕۆژەدا موفەتیشی پۆستە و تەلەگراف بوو و لە بەغداوە بۆ تەفتیش هاتبووە کۆیێ. پێش ئەوەی بچینە ڕانیە هاتبووە لای بیلیش و سەری لێ دابوو. ناردم بە شوێن ئەحمەد ئەفەندیدا، بەڵام نەمئەزانی بیل بۆچی داوای ئەکا؟ ئەوەندەی پێنەچوو ئەحمەد نووری پەیدا بوو. ویستم کە خولقی بکەم دابنیشێت، بەڵام بیل ماوەی ئەوەی نەدا، هەتا وەڵامی سەڵاوەکەشی نەدایەوە.

پێی وتم: لێی بپرسە کە ئێمە چووبووینە ڕانیە و لێرە نەبووین تەلەگرافی بۆ شێخ مەحموود نووسیوە؟ کە لە ئەحمەد نووریم پرسی وتی: بەڵێ نووسیومە. منیش بە بیلم وت ئەوسایە؛ بیل بە لەهجەیەکی زۆر بێماناوە ڕووی تێکرد و وتی: مانای بە چی کە من لێرە حاکم بم، تۆ بۆ ئیش و کاری ئێرە بۆ شێخ مەحموود ئەنووسی؟ ئەتەوێ شێخ مەحموود تۆ بکا بە قایمەقام؟ شێخ مەحموود کێیە؟ وە چۆن ئەتوانێت دەس بۆ ئیدارەی ئێرە درێژ بکا...؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەحمەد نووری وتی: ئێمە شێخ مەحموودمان نەکرد بە حوکمدار. ئێوە خۆتان کردتان و داواتان لێکردین کە بە حوکمداری خۆمانی بناسین. ئێستە ئەگەر بیرتان گۆڕیوە و پەشیمان بوونەوە مافی حەقی گلەییتان لە ئێمە نییە. من بیستم کە ڕانیە بێ قایمەقام ماوەتەوە، ئینجا لەبەر ئەوە کە شێخ مەحموود ڕەفیقی منالیمە، ویستم خۆمی بیر بخەمەوە کە ئەگەر بتوانێت من بکا بە قایمەقام. ئینجا ئەگەر ئەمە شتێکی خراپی تیا هەیە وا پەشیمان بوومەوە... دیارە کە ئەم وشانە شتێکی وای

---

١. ئەحمەدی فەتاح شەشخانە.

تیـا نییـە کە ببێتە هۆی توند بوون و تووڕەیی. کەچی بیل لەباتی ئەوەی سـارد بێتەوە و لەسەری نەڕوا، بە هەموو هێزییەوە دەسی کرد بە شیڕاندن و پێی وت: ئەبێ هەر ئێستە لە کۆیێ بچیتە دەرەوە و تا مووسڵ ڕانەوەستی!

ئەحمەد نووری وتی: باشـە ئەڕۆم! بیل وتی: ئەبێ هەر ئێسـتە لێرەوە بکەویتە ڕێ، کە ئەحمەد نووری وتی: خۆ ئەبێ وڵاخێک پەیدا بکەم. ئینجا بیل بە هەموو هێزییەوە قیڕاندنـی وتـی: ئەم لاقانەت بۆچییـە؟ ئەبێ بە پێ بـڕۆی؛ بەڵام مـن بێئەوەی بیل ئاگای لێ بێ وام کرد کە ئەحمەد نووری بە شێنەیی و لەسەرخۆ کاروباری ڕێکبخا و بگەڕێتـەوە بەغـدا. ئەم تەرزە کردەوانـەی بیل زۆر کاری ئەکردە سـەر من و بە هەموو جوورێک ئەمویسـت ڕۆژێک زووتر لێی جیا بمەوە. لەبەر ئەمە دوای چەن ڕۆژێک کە ویستی من بە قایممەقامی بچمە ڕانیە، بە «نا!» وەڵامم دایەوە.

سـەعید فەوزی کە بە باشـکاتب ناوی دەرکردووە ئاگای لەمە هەیـە. هەتا بیل وتی: کەپتـەن بارکر ئەکەین بە حاکمی سیاسـی ڕانیە و لە هەڵسـووڕاندنی کاروبارا یارمەتیت ئـەدا و نایەڵێت کە تووشـی گێرە و کێشـە ببێت. وتم: من ترسـم لەوە نییـە کە ئەم کارەم پێنەکرێـت، بـەڵام دڵم بە وەزیفەوە نییە، ئەگەر ئەتەوێت سپاسـت بکەم، ئیزنم بدە با بگەڕێمەوە سلێمانی. ئیتر وەڵامی نەدامەوە و بێدەنگ بوو...

٢٥

دەرکەوتنی سەرەتای شۆڕشی شێخ مەحموود

شێخ مەحموود لە هەواڵ گەیشتبووە و لە ئینگلیزەکان سارد بوو بووەوە. ئیتر هیوای هیچی پێیـان نەمابوو. لەبەر ئەمە ئەویش لە ژێرەوە خەریکی ئەو ڕەئیسـانە بوو کە ئەیتوانی لەگەڵیان ڕێکەوێت. لەولای تریشەوە ئەوانەی متمانەی پێئەکردن بەدزییەوە ئەیناردن بۆ ئەم لا و ئەولای عێراق. نەبزی گەورەکان و ڕەئیسەکانی تاقی ئەکردەوە.

لـە ناحەزەکانـی ئینگلیـز ئەگەڕا. ئەیویسـت بزانێت کـە بیری خەڵقی شـارەکانی تر چۆنـە بەرامبەر بە ئینگلیـز. حاکمەکانی ئینگلیز لە هەموو لایەکـدا دوژمنیان بۆخۆیان پەیا کردبوو. هەر سـاتە نە سـاتێک یەکێکیان ئەکوژرا. لە ڕووی دەستەودایرەی خراپ و نەخوێندەوار و جاسووسانی بێغیرەت و بێشەرەفەوە هەر کەسێکی تۆزێـک فامیدە و تێگەیشـتوو و کەموزۆر خوێنگەرم و خاوەنغیـرەت هەبوو هەموویان لە حکوومەت هەڵگێڕا بووبووەوە. ئەم داخ لە دڵانە لە هەموو لایەک بەبێ ترس و لێکدانەوەی دوارۆژ کەوتبوونە سەروپۆتەڵاکی ئینگلیز.

لە زوربەی شارەکانی عێراقدا بەدزییەوە کۆمەڵ ڕێکخرابوو و ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بوون و پەرەسـەندنا بـوو. گەلێک لەوانەی کە پێیان خۆش بوو تـورک لە عێراق دەرچووبوون و وایانئەزانی کە ئینگلیزەکان ڕزگارکەری قەومە بچووکە بێدەسـەڵاتەکانن لە ژێر چنگی دەوڵەتـە گـەورەکان و بۆ ئەوە هاتوون کە ئاسـایش بخەنە وڵاتەوە، برسـییەتی نەیەڵن، ڕاسـتی و ماف (حـەق) بڵاو بکەنـەوە؛ وردەوردە بیریان گۆڕیبـوو و بایاندابووەوە، واتە بووبوونـەوە بـە تورکخـوا[1] و بـە هەمـوو جوورێـک پڕوپاگەنـدەیان بۆ تـورک ئەکرد

---

١. کۆلۆنێل ویلسـۆن خۆی ئەڵێت: «تورکەکان (مەبەسـی ویلسۆن لەو تورکانەیە کە لە ژێر سەرەکی نۆزدەمیر، واتە عەلی شەفیقبەگی چەرکەسی میسریدا هاتبوونە ڕەواندز) وایان ئەبردە مێشکی کوردەکانەوە کە ئینگلیز و مەئموورەکانی ئینگلیز بە چەشـنی ڕووسـەکان لەگەڵیـان ئەجووڵێنەوە و بە دردێکیـان ئەبەن کە لە دوارۆژا دەسوپێـی عەرەبـەکان و کلدانییەکان ماچ بکەن. ئینجا لە دوای ئەمەوە ئەڵێت (ویلسـۆن ئەڵێت): داخەکەم کردەوەی زابتە ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژانەدا و سیاسەتێک کە لەسەری ئەڕۆیشتن وای لە کوردەکان کردبوو کە

ئەمە گەیشتبووە ڕادەیەکی وا کە ئیتر زۆر کەس نەیانئەوێرا باسی کوردایەتی بکەن، چونکە لەلایەنی تورک خواکانەوە بە ئینگلیز ئەدرانە قەڵەم؛ وە یا بە خائین و جاسووس دائەنران.

میجەر سۆنی حاکمی تازەی سلێمانی کە ماوەیەک پێش شەڕی گەورە بە خۆ گۆڕین و بەرگی خەفیەوە هاتبووە کوردستان[1] و بە یەکێک لە هەرە شارەزاکانی هەواڵی کوردستان ئەژمیررا، داخەکەم لە ڕووی فیز و ترزلی خۆی و مەرایی و دووڕوویی زوربەی خەڵقەوە وردەوردە جڵەوی حوکمی لە دەس دەرئەچوو و لە دەسوەشاندن و حەپس و جەریمە کردن بەولاوە ڕێگەیەکی ئیدارەی بۆ نەمابووەوە، لەبەر ئەمە گەلێ کەسی کردبوو بە دوژمنی خۆی. وەکی تریش بە بۆنەی جادەکردنەوە و ڕێگا دروستکردن ژمارەیەکی زۆر کورد و عەرەب و عەجەمی لە ژێر دەسی عەزیز خان ناوێکی «فەیلی»دا کۆ کردبووەوە و بەناوی موهەندیس و موراقیبی کرێکارەوە خستبوونییە هەر چوار لای شاری سلێمانی.

عەزیز خان کە نەخوێندەوارێکی ترزل و تووش بوو و چاوی بەری عەرزی نەئەبینی و لە دوای سۆن هەر خۆی حیساب بوو! لەناو موراقیبەکانیشا هی وای تیابوو کە ناوی خۆی بە زەحمەت ئەنووسی. ئەمانە ڕێگەکانیان ڕاست ئەکردەوە و ڕێکیان ئەخست وە یا لەسەر جۆگە و شیو و ئاوەڕۆی کەندوکۆسپی شاخەکاندا پردیان دروست ئەکرد. لەم ڕێگانەدا دراوێکی ئێجگار زۆر خەرج کرا.

بەڵام بەشی زوربەی ئەم دراوە کە بەلێشاو لە سندووقی میری دەرئەچوو لە ڕێی وەکیلەکانییەوە ئەچووە خزمەت عەزیز خان و لەوێشەوە بەرەوژوور ئەبووەوە. وەکوو ئەمانبیستەوە ئەچووە گیرفانی میجەر سۆنی حاکمی بێشەریکی هەرێمی سلێمانی. سۆن بەمەشەوە نەئەوەستا. لەوە ئەچوو کە بیەوێت کردەوەکانی لە خەڵق بشارێتەوە. لەبەر ئەوە لە تێگەیشتووەکان و نیشتمانپەروەرەکان بووبوو بە قەرەقوش و بە چەشنی

ئەم واتانەی تورک بە ڕاست بزانن. Loyalties Mésopotamia 1917 - 1920 P. 131.

١. میجەر سۆن لەم گەشتی کوردستانەدا زۆرتر لە سلێمانی و هەڵەبجەدا مابووەوە. زمانی کوردی بەتەواوی فێر بووبوو. جگە لە کتێبەکەی: «To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise.» کتێبێکی قەواعیدی گرامەری کوردیشی نووسیبووەوە. ویلسۆن وەکوو لە بەشی یەکەمی ئەم یادداشتەدا باسمان کردبوو زۆر سەنای میجەر سۆن ئەکا و ئەڵێت لە فیقهی مەزهەبی شیعەدا شارەزایی تەواوی بووە.

ئیدارەی ئەو لە میسر (مصر)، سلێمانی ئەبرد بەڕێوە.[1] خەڵق شکی تیا نییە کە لە ڕوودا دەنگیان نەئەکرد و لێویان بەر لێو نەئەنا، بەڵام لە تاقمی دووڕوو و مونافیقەکان بەولاوە کەس نەمابوو کە لەم حاڵە وەڕەس نەبێ. شـاری سـلێمانی لە ژێرەوە وەکوو مەنجەڵی سـەر ئاگـر قوڵی ئـەدا. لەبەر ئەمە کە سـۆن کەوتە شەڕفرۆشـتن بە شـێخ مەحموود و ویسـتی سـەری پـێ بنەوێنێـت، شـێخ مەحمـوود توانـی بەگورجـی بێتـە دەس و شۆڕشێک بنێتەوە...!

١. ڕۆژ نەبوو لەسـەر تەرسـی وڵاخ چەن لادێییەک جەریمە نەکرێت، کە سـۆن بە بازاڕا بڕۆیشـتایە ئەبوو خاوەن دووکان و کڕیارەکان بەجارێ ڕاسـت بنەوە لە سـەڵاویا بوەسـتن. ڕێبوار خۆی لادا و ڕێی بۆ چۆل کا. پۆلیسێک لەرزێکی لێ بهاتایە وە یا جاسووسێک نەخۆش بکەوتایە بە گەورە و پچووکەوە ئەبوو بچنە ماڵەکەی هەواڵی بپرسـن و دوعای خێری بۆ بکەن... حەییوم ئەفەندی جوولەکە بە منالی لەگەڵ من قوتابی بوو؛ کوڕی کابرایەکی حەماڵی گوومرگ وە یا خەراردروو بوو. لەم دەورەدا بووبووە قومیسەری ناوچە (مەئموور مەرکەز). جارێکیان تووشـی لەرزوتا هات. گەورە و بچووکی سـلێمانی پۆلپۆل ڕێی گەڕەکی جوولەکانیان ئەدایە بەر بۆ هەواڵپرسـینی. ڕۆژێکیان من و ماجد مسـتەفاش بۆ سەیر چووین و لە ڕێگە تووشی گەلێک لەو پیاوانە هاتین کە خۆیان زۆر بەزل ئەزانی و لەتاو حەییوم ئەفەندی قەراریان نەبوو و ئاگایان لە خۆیان نەمابوو...!

٢٦

چوونی من بۆ ڕەواندز لەگەڵ بیل

من لە گەشتێکی هەولێردا لەبەرچاوی یەک‌دوو حاکمی تری ئینگلیز لەگەڵ بیل خراپ تێکچووبـووم و بەرامبـەر بـەم حاکمە بەفیزە هەندێ قسـەی ڕەقم کردبـوو. لەبەر ئەمە کەوتبوومـە ئەندێشـەوە و دوای گەڕانەوەم بۆ کۆیێ نەچوبوومە دائیرە. بۆ سـبەینێ بیل ناردی بە شوێنما، کە چوومەلای تکای ئەوەم لێ‌کرد کە ئیتر لێم خوش بێت و ئیزنم بدا بگەڕێمەوە سـلێمانی، بەڵام بیل زۆر بە هێمنی و لەسـەرخۆ وەڵامی دامەوە، وتی: «من زۆری پێناچێـت عێـراق بەجێ‌بێڵم و ئەگەڕێمـەوە لەندەن. لەبەر ئـەوە نامەوێت لەم دواییـەدا بە زویری لێم جیا بیتەوە. سـبەینێش ئەبێ بچمە ڕەوانـدز کراوم بە وەکیلی حاکمـی ئـەوێ. نزیکـەی ١٥ ڕۆژێکـم پێئەچێت؛ ئەمجـارەش لەگەڵـم وەرە. ئینجا کە گەڕاینەوە و هاتوو پێت خۆش بوو پێکەوە تا بەغـداش ئەچین. لەوێ چەن ڕۆژێک لەسەر حیسـابی من، واتە حیسابی بیل، ڕائەبوێریت و ئەحەسـێیتەوە. دوای ئەوە من ئەگەڕێمەوە لەندەن. تۆش ئەوسـا کە خۆت چۆنت ویست وا بکە!»



ئیسماعیل‌بەگی سەعیدبەگی ڕەواندز

لە دوای ئـەم قسـانە وەرگەڕایەوە وتی: «بـەڵام نامەوێـت کە جارێکی تر قسـەم لەگـەڵ کردیت وەکـوو لـە هەولێر کردت وەڵامم بدەیتـەوە.»[1] دوای چـەن ڕۆژێک بەیەکـەوە چووینـە ڕەوانـدز. لـە ڕێگـە

---

١. وەکوو لە سـەرەوە باسـم کردبوو لە هەولێر لەبەرچاوی حاکمەکانی هەولێر و مووسـڵ لەسـەر قسەیەکی بێ‌فەڕ دەمار گرتمی و لە وەڵامدا وتم: چاوت بکەرەوە! من خزمەتکاری باوکت نیم.

Ouvrez Les Yeux! Ge Ne suis pas serviteur de votre Pére!

لە باتاس لامان دا و لای عەبدوڵڵاپاشای باوکی سەعیدبەگی باوکی ئیسماعیل‌بەگ میوان بووین و شەوێکی خوشمان لە ژێر خێوەتە نایابەکەیا ڕابوارد. ئیسماعیل‌بەگ لەو دەمەدا تازە پێ‌ئەگەیشت و ئەو شەوە لە باتاس بەهۆی یەحیا موخلیس بەگەوە یەکتریمان ناسی.

ئیسماعیل‌بەگ[1] پیاوی لەپێشەوە ناردبوو و لە ڕەواندز لە ماڵی خۆیا جێگەی بۆ ڕێکخستبووم. لەو ڕۆژەدا لە «گەڵی عەلی‌بەگ»ەوە و بە بەر تاڤگە شیرینەکەی «بێخاڵ»دا ئەچووینە ڕەواندز، لەبەر دەمی ئەم تاڤگەیەدا ماوەی سەعاتێک حەساینەوە و نانمان خوارد. ئەو شیعرانەی کە لە ژێر ناوی وەتەن (نیشتمان) و بە تورکی نووسیومەتەوە زادەی ئیلهامی ئەو تاڤگە سیحراوی و دڵڕفێنەیە.

تاڤگە شیرینەکەی بێخاڵ

دوای گەیشتنمان بە ڕەواندز ئەوەندەی پێنەچووبوو، بەیانییەک تازە گەیشتبوومە دائیرە. فنجانێک قاوەم لە بەردەما بوو هێشتا نەمخواردبووەوە کە بیل هاتە ژوورەوە هەر

---

۱. ئیسماعیل‌بەگی ڕەواندزی (۱۸۹۵ - ۱۹۳۳)، کوڕی سەعیدبەگی کوڕی عەبدوڵڵا موخلیس کوڕی ڕەسووڵ‌ئاغا (ڕەسووڵ‌پاشا)، برای محەممەدپاشا ڕەواندزی کە ناسرابوو بە پاشای گەورە، لە ساڵی ۱۹۲۰ بەریتانییەکان کردیان بە حاکمی ناوچەکە و ساڵی ۱۹۲۲ توانی نوزدەمیر لە ڕەواندز دەربەڕێنێ. لە ساڵی ۱۹۲۵ وەک نوێنەری لیوای هەولێر بووە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی و جارێکی دیکە لە ساڵی ۱۹۲۸ بە ئەندامی ئەنجومەن هەڵبژێردرایەوە. ساڵی ۱۹۳۳ لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ شارۆچکەی ڕەواندز تیرۆر کرا. م.س.

لە پشت ئەوەوە بڵاوکەرەوەی بەرید تەلەگرافێکی هێنا و دایە دەسی. بە خوێندنەوەی تەلەگرافەکە ڕەنگی بزرکا و کەمێک کەوتە لێکدانەوە. دوایی ڕووی کردە من وتی: تۆ شارەزای عەشیرەتی دزڵی هەی؟ وتم: نە! ئینجا تەلەگرافەکەی بۆ درێژ کردم. ئەم تەلەگرافە بە ئینگلیزی نووسرابوو، بەڵام من ئەوندەم ئینگلیزی ئەزانی کە تەلەگرافێکی وا تێبگەم. ئەمە کوردییەکەی بوو: «دوێنێ عەشیرەتی دزڵی بە بیانووی زیارەتی کاک ئەحمەدی شێخەوە هاتنە سلێمانی. حکوومەت ویستی ڕێگەیان نەدا، بەڵام بەزۆر هاتنە شارەوە. ئینگلیزەکان گیراون. فکری شێخ مەحموود نازانرێت.

مەندووبی سامی ئەم بەیانییە بە فڕۆکە تا نزیک سلێمانی چووە و بۆ شۆڕشگێڕەکان بەیاننامەیەکی خستووەتە خوارەوە و داوای چاوپێکەوتنی لێ‌کردوون. لە ئەنجام ئاگادارتان ئەکەین...»

دیمەنێکی تەبیعی ڕەواندز

٢٧

شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود و ئەنجامی

لە کاتێکا کە ئینگلیزەکان لە هەموو لایەکدا بۆ شکاندنی نفووز و دەسەڵاتی شێخ مەحموود خەریک بوون و بە پارە و خەڵات و دەم شیرین‌کردن و تەفرەدان، دەستەودائیرەیان بۆ خۆیان پەیا ئەکرد و هەتا بۆ ئەوە تێئەکوشان کە لەناو لایەنگیرەکانی شێخ مەحموود ئەوانەی بتوانن لێی دوور بخەنەوە و لێی هەڵگێڕنەوە؛ لەولای ترەوە شێخ مەحموودیش لەگەڵ هەندێ ئاغا و ڕەئیس و کوێخا و بەڵکوو لەگەڵ تاقمێک لە زابتان و منەوەرەکانیش خەریک بوو و لە بەستنی گرێی ڕێکەوتنی لەگەڵیان دوا نەکەوتبوو.

کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی[١] ڕەئیسی هەمەوەند و عەباسی مەحموودئاغا ڕەئیسی پژدەر و مەحموودخانی گەورەی دزڵی[٢] لەناو سوێندخۆرەکانی شێخ مەحموودا بوون. نارەزایی زۆری شارەکانی عێراق و زوربەی عەشایر لە ئینگلیز، هێزی ئەدا بە دڵی حوکمدار و لەم کاتەدا هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردەکانی «گۆیان»، بەتەواوی شێخ مەحموودی خستە سەر بیری هەڵگیرساندنی شۆڕش.[٣] لەبەر ئەمە بەدزییەوە ڕایسپارد کە مەحموودخانی

١. کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی هەمەوەند (١٨٧٠ یان ١٨٧٥ - ١٩٢٦)، کوڕی فەتاح‌بەگ، کوڕی کوێخا ڕەسووڵ چەڵەوی کوڕی جوامێری یەکەمی شۆڕەسواری بەگزادەیە و لە چەمچەماڵ لەدایک‌بووە. هاوکار و یاریدەدەری شێخ مەحموود بووە و دژ بە ئینگلیزەکان و لکاندنی کوردستانی جنووبی بە عێراقەوە جەنگاوە. لە ١٩٢٥/٦/١٣ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و ئینگلیزەکان چل هەزار ڕووپییەیان بۆ کوشتنی داناوە و ساڵێک دوای ئەوە لە ١٩٢٦/٦/٢٩ شەهید کراوە. م.س.

٢. مەحموودخانی دزڵی (١٨٧٠-١٩٤٦)، کەسایەتیی کوردی ناوچەی هەورامانە کە لە ڕووداوەکانی سەدەی بیستەمی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. مەحموودخان دژی حکوومەتی ڕەزاشا و ئیستعماری ئینگلیز شەڕی کرد و چەندین جار خرایە زیندان. ئەو هاوکاریی مەلیک مەحموودی کرد بۆ شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، هەروەها دوای گیرانی مەلیک مەحموود یارمەتیی بنەماڵەی حەفیدی دا بێنە مەریوان و لە دەستی ئینگلیزەکان هەڵبێن. ڕەفیق حیلمی ئەو بە پاڵەوانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود ناو دەبات. مەحموودخان لە سەردەمی حکوومەتی محەممەدڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٤٦دا ژەهرخوارد کراوە. م.س.

٣. گۆیان ناوی عەشیرەتێکی کوردە لە زاخۆ. ئەم عەشیرەتە زۆر زاڵ بوون بەسەر ئەو «عیسایی»یانەدا کە

دزلی بە بیانووی زیارەتی کاک ئەحمەدەوە بێتە سلێمانی و بیگرێت.

مەحموودخان بە ٣٠٠ کەسێکی چەکدارەوە و لە ٢١ی مایس هاتە سلێمانی و گرتی. تا مەحموودخان نزیک شار ئەبێتەوە میجەر سۆن لە شتێک ئاگادار نابێت. لەبەر ئەمە کە لەناکاو بە هاتنی مەحموودخان ئەزانێت تەنگاو ئەبێ و ئەیەوێت بەو هێزەی کە لە ژێر فەرمانی «دانلیس»دایە ڕێیان لێ بگرێت و ماوەیان نەدا بێنە ناو شارەوە ٢٣ی مایس. هێزەکەی دانلیس ٢٠٠٠ پیادە و ٤٠٠ سوار بوون، بەڵام لە دوای چەن تەقەیەک و کوژرانی ڕەشید ئەفەندی ملازم (ڕەشیدی عاسیەخان)[1] و دوو زابت سەفی، ئینگلیز شکان و بڵاوەیان لێکرد و بەشی زوربەی نەفەرەکانی تر کە کورد بوون لەگەڵ هێزەکەی مەحموودخان بوون بە یەک. میجەر دانلیس خۆشی بە دیل گیرا. ئینجا مەحموودخان بە خۆی و هێزەکەیەوە هاتە ناو شارەوە و گرتی. هەر لەم ڕۆژەدا کاروانێکی عەسکەری کە چەک و سیلاحێکی زۆریان پێ بوو و لە کەرکووکەوە ئەهاتنە سلێمانی لەلایەن کوردەکانەوە شپرزە کران و ڕووت کرانەوە.

پێش ئەوەی کە مەحموودخان بگاتە ناو شار، سۆن داوای لە شێخ مەحموود کرد کە سلێمانی لە لەشکرەکەی مەحموودخان بپارێزێت و نەیەڵێت بێنە شارەوە، بەڵام شێخ مەحموود وتی: نەکراوە بە عادەت کە ڕێ لەوانە بگیرێت دێن بۆ زیارەتی کاک ئەحمەد. دوای گیرانی سلێمانی لەلایەن کوردەکانەوە شێخ مەحموود بە بیانووی پارێزگارییان لە دەسدرێژی کوردەکان، ئینگلیزەکانی کۆ کردەوە و لە «دەبۆ»کەی توند کردن.

سۆن، پێش گەیشتنی مەحموودخان بۆ ناو شار گرینهاوسی کرد بە وەکیل و خۆی

لەناویانا ئەژیان و هەروەکوو دیل (عەبد) ئەیانکڕین و ئەیانفرۆشتن. کەپتەن بێیسنی حاکمی سیاسی زاخۆ بە هاندانی قەشەکانی ئەو ناوە ویستی ناکۆکی بخاتە ناو ڕەئیسەکانی ئەم عەشیرەتە ئازایەوە کە بتوانێت «عیسایی»یەکان لە ژێر حوکمیان بێنێتە دەرەوە. لە تۆڵەی ئەمەدا لە ٤ی نیسانی ١٩١٩ لە نزیک دێی بیجۆ کە لە «بللۆ»وە ئەچوو بۆ مەرگە تووشی بوون و کوشتیان و بەم ڕەنگە شۆڕشێکی چەن مانگییان نایەوە. ئەمە یەکەم هەڵمەتی کوردی عێراق بوو بۆ سەر حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیز و بوو بەهۆی ئەوە کە لە هەموو لایەکی عێراقەوە و بەتایبەتی لە کوردستاندا ئەوانەی لە ئینگلیز نارەزا بوون و قورسایی‌یان کەوتبووە سەر، شەرمیان لە ئینگلیز نەمێنێت و یەکەیەکە لێیان ڕاست بنەوە و بیانکوژن وە یا شۆڕش بنێنەوە.

١. تێبینی: دواتر ڕەفیق حیلمی ئەم هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە و نووسیویەتی: حسێنی حاجی مەلا محەممەدی عەتار بووە کە لێرە کوژراوە و ڕەشیدی عاسیەخان لە شەڕی دەربەندی بازیان کوژراوە. س.

بە سەیارە گەیاندە کەرکووک (٢١ی مایسی ١٩١٩). پێش ئەم هەرایە خەتی کەرکووک بڕابوو. لەبەر ئەمە هەواڵی شۆڕش و گرتنی سلێمانی لە ڕێی هەڵەبجە و خانەقینەوە و دوای دوو ڕۆژ ئەگاتە بەغدا. ویلسۆن بە فڕۆکە هاتە سلێمانی و بەسەر دەبۆکەوە گەڕا و مەنشوورێکیشی بۆ شێخ مەحموود خستە خوارەوە. لەم مەنشوورەدا داوای ئەوەی لێ ئەکرد کە بۆ چاوپێکەوتنی ویلسۆن و گفتوگۆ بچێتە بەغدا. شێخ مەحموود بە واستەی ئینگلیزەکانەوە کە لە دەبۆ گیرابوون هەندێ شەرتی دانابوو؛ ئەم چاوپێکەوتنە کە دەسی نەدا بۆ ویلسۆن. دوای ئەمە ویلسۆن چووە هەڵەبجە. حاکمی ئەوێش لەلایەن هەورامییەکانەوە گیرابوو. ویلسۆن نەیتوانی یارمەتی ئەم حاکمە بدا، بەڵام دوای بەینێک بە یارمەتی خانمی وەسمانپاشاوە[1] لە دیلی ڕزگاری بوو و خۆی گەیاندە خانەقین. خانمیش لە پاداشتی ئەم خزمەتەدا بوو بە خان بەهادور.

شێخ مەحموود کە ئیدارەی سلێمانی بەتەواوی گرتە دەس، جگە لە هێزەکەی مەحموودخانی دزلی بەشێکی زۆری عەشایر و هەموو پۆلیسەکانی سلێمانی و هێزە مەشقدیتووەکەی (نظامی مدرب) میجەر دانلیس چوونە ژێر فەرمانییەوە. من ئەمزانی و لە دەرەوە بە نهێنی ئەمبیستەوە کە تورکەکان لە هاتوچۆدان، بەڵام تا ئەو ساتە، نە لە شێخ مەحموود خۆی و نە لە دەستەودائیرەی دیوان، باسی تورکم نەبیستبوو. شێخ مەحموود کە وای دەرئەخست متمانەی گەورەی بە من هەبوو لەم لایەنەوە هەموو شتێکی لێ شاردبوومەوە. وادیار بوو منی بە دۆست و لایەنگیری خۆی ئەزانی و باوەڕی بەمە کردبوو، بەڵام وەکی تر بە دوژمنی تورکی دائەنام. منیش تا جێی خۆی نەهاتایە نەمئەویست بە سنگ دەرپەڕاندن و ملەقوتێ خۆم لە کەس بەرمە پێشەوە...

---

١. عادیلە خانم (١٨٥٩-١٩٢٤)، کچی عەبدولقادربەگی ساحێبقڕان، لە شاری سنەی پایتەختی ئەردەڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. ئینگلیزییەکان پێیان وتووە شاژنی بێتاجی شارەزوور. لە ١٨٩٥ مێردی بە وەسمانپاشای جاف کردووە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی عەشیرەتی جاف و شاری هەڵەبجەدا گێڕاوە، عادیلە خانم زۆر حەزی بە ئاوەدانی و پێشخستنی زانست و خوێندەواری کردووە. قوتابخانە و بازاڕێک و چەند باڵەخانەی گەورەی لە هەڵەبجە بنیات نا و لە گوندێکی بچووکەوە کردییە شارێکی ئاوەدان و گەلێک باخ و سەیرانگای جوان و دڵگیری لێ دروستکرد. م.س.

خان بەهادور «عادیلە خانم»، خانمی وەسمان‌پاشا

گفتوگۆی نهێنی دوای نیوەشەو لەتەک شێخ مەحموود و سمکۆ[1]

کات هێشتا زستان بوو. لەگەڵ خێزانێکی سێ کەسی لە خانووە بچکۆلە یەک نهۆمییەکەی ساڵحی وەستا بستە (ساڵحی چایچی)دا بووین. لەو دەورەدا خەڵق، شەوان زوو ئەگەڕانەوە ماڵەوە. شەوێک لەم شەوانە من لەبەر سارد و سەرما و کەمێ هەڵامەت نەچووبوومە دەرەوە. لە ژوورە بچکۆڵە قوڕینەکەما دانیشتبووم و لەبەر چرادا کتێبێکم ئەخوێندەوە. تازە ژنم هێنابوو و هێشتا منداڵمان نەبوو، بەڵام ئەیانوت بەڕێوەیە.

---

١. ئیسماعیل‌ئاغای شکاک ناسراو بە سمکۆی شکاک (١٨٨٧-١٩٣٠)، کوڕی محەممەدپاشای کوڕی عەلی‌خانی کوڕی ئیسماعیل‌ئاغای شکاکە و بنەماڵەکەیان لەمێژەوە گەورە و دەسەڵاتداری خێڵی شکاک بوون، کە شەڕی یەکەم کۆتایی هات سمکۆ وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لە پێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیدا ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەر پاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ساڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی لەشکرکێشی گەورەی هێزەکانی حکوومەتی ئێران سمکۆ ناچار بوو پاشەکشێ بکات و پەنا بەرێتە تورکیا. ساڵی ١٩٢٤ بە بڕیارێکی لێبووردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکی تر شۆڕشی بەرپاکردەوە، بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەی تێکشکا و ماوەیەک لە تورکیادا بە دەست‌بەسەری مایەوە. پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لە شاری شنۆ کوژرا، بەمەش شۆڕشەکەی شکاک کۆتایی هات کە پانزە ساڵ درێژەی کێشابوو. م.س.

وادیار بــوو زۆرم پێچووبــوو؛ کــە ڕوانیــم ژنەکەم نوســتووە. تاقە خوشکەکەشــم کە هەر بەیەکــەوە بووین، لە ژوورەکەی ترا نوســتبوو کە دەرگاکەی لــەناو ژوورەکەی ئێمەدا بوو. هەســتام بەبێ خشپە چوومە حەوشــە. هەورێکی ڕەش دونیای کردبوو بە شەوەزەنگ. نمەی باران بوو. لەبەر کش‌وماتی دەرزیت بهاویشتایە گوێت لە ترپەی ئەبوو...

تازە گەڕابوومە ژوورەوە و کتێبەکەم بەدەســەوە گرتبوو، کە لە ماڵەکەی تەنیشتمانەوە، بە دەنگێکی ئەسپایی بانگیان کردم. دەنگەکەم ناسییەوە. دەنگی ژنەکەی خورشیدبەگی قوڵچــی گوومرگ بوو. خورشــیدبەگ زۆر نەبوو بە ڕەحمــەت چووبوو. ژنەکەی و چەن منالێکی لە خانووەکەی تەنیشت ئێمەوە دائەنیشتن. دیوارێکی نزمی قوڕ جیای ئەکردینەوە. لــە دەنگــی ئەو، ژنەکەم لە خەو هەســتا. پێم‌وت زوو کە بزانە ماڵی خورشــیدبەگ بەم شەوە چییان لێ قەوماوە؟! خێرا چووە دەرەوەو زوو گەڕایەوە، بەلام شڵەژا بوو و ڕەنگی بزرکابوو. هەناسەشی سوار بووبوو. بە دەس و بە چاو ویستی تێم بگەیەنێ. تا لێم پرسی ویستم بیهێنمە زمان، لە دەرگایان دا.

ئەو وەختە، هاتە زمان و دەسی برد بۆ دەمم. وتی وەلامیان مەدەرەوە. ماڵی خورشیدبەگ پێیان وتوون کە ئێمە لەم گەڕەکە نەماوین و چەن ڕۆژێکە گواستوومانەتەوە. وتم لەبەر چی؟ وتی: ئەی ســێ تفەنگچی بەم شــەوە تۆیان بۆ چییە...؟ بەڕاســتی کات لەوانە بوو کە ئینسان بترسێ، بەلام ماوەی لێکدانەوەم نەبوو. جارێکی تر لە دەرگاکەمان درا. بەدەم لێدانی دەرگاکەوە وسوو ئاغا[1] بانگی کرد: ڕەفیق ئەفەندی! منم وسووی خزمەتکارت.

ئــەم دەنگە ئێمەی وریا کردەوە. وتم شــێخ مەحموود داوا ئــەکا و چووم و دەرگاکەم کردەوە. وسوو دوو تفەنگچیشی لەگەڵ بوو، وتی: فەرموو مەلیک داوات ئەکا. گەڕامەوە بــۆ پاڵتــۆ و چــرای دەســەکەم. دەمانچەکەم بەبــێ کیف خســتە گیرفانمەوە. خوشــکم هەستابوو. سەعات بەرەو دوانزەی شەو ئەچوو. خۆشکم و ژنەکەم شکیان هەبوو کە بەو نیوەشەوە بۆلای شێخ مەحموود بچم، بەلام دڵنیام کردن و گەڕامەوە لای وسوو. مەلیک

---

١. وسوو لە یووسفەوە هاتووە. ئەم وسووئاغایە کە وسووە کەچەڵیشیان پێ ئەوت، بەڕاستی ئینسان بوو و لەناو پیاوماقووڵەکانــی شــێخ مەحموودا جێگەیەکی بەڕێزی گرتبوو و کەس نەبــوو لێی بە گلەیی بێ. بەڵی ئەویش نەخوێندەوار بوو و لە دەستەی نۆکەرانی شێخ مەحموود ئەژمێرا، بەلام بە هەموو مانای وشە خاوەن‌بەخت و تێگەیشتوو و زمان‌پاک بوو، لە چاکە بەولاوە بیری لە خراپە نەئەکردەوە. ڕەحمەتی خوای لێ بێ...

لە تەنیشت خانووە تازەکەی ئیمڕۆی میرزا تۆفیقە و لە خانووەکەی میرزا فەتاحی بەرامبەر ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەمە دائەنیشت، کە گەیشتینە ماڵی مەلیک، گەلێ لە پیاوە چەکدارەکانی تایبەتیی شێخ مەحموود، ئێشکیان ئەگرت. تفەنگچییەکی زوربەی عشایریش جێ‌جێ وەستابوون وە یا دانیشتبوون و هەندێکیشیان لە عاستی خۆیانەوە خەو ئەیبردنەوە وە یا نوستبوون. بەم جۆرە لە دەشتەکەی بەردەمی دەرگای دەرەوە تا دەرگای ژووری دانیشتنی مەلیک، بستێ جێ نەمابووەوە و هەمووی بە تفەنگچی گیرابوو. بە ناو ئەمانەدا تێپەڕین و لە ڕاڕەوێکەوە چووینە سەرێ، بەردەمی ژوورەکەی مەلیک. وسوو ئاغا، لە دیوی دەرەوە بانگی کرد وتی: قوربان ئەوا ڕەفیق ئەفەنتی حازرە. فەرمووی با بێتە ژوورەوە. لەتیفی کوڕی لەو ڕۆژەدا لە دەوری حەوت‌هەشت ساڵیا بوو،بەلام وریا و قسەزل و بەکار بوو. هات بە پیرمەوە و لەگەڵ ئەو چوومە ژوورەوە.

سمکۆ لەلای ڕاستی شێخ مەحموودەوە و تایەری ئەمین ئەفەنتی بەو بەرەوە، بەرامبەر بە شێخ مەحموود دانیشتبوون. سەلاوم کرد. وابزانم وەلامیان نەدامەوە. بۆ دانیشتنیش خولقیان نەکردم. منیش بە پێوە مامەوە. ئەمە ڕەسم و عادەتی شێخ مەحموود نەبوو. ئەو ڕێزی لە هەموو میوانێک ئەنا و لەبەر منالێک هەلئەستا. بەتایبەتی دلی منی زیاد لە خەلقی تر ڕائەگرت و بە چاوێکی تایبەتی تەماشای ئەکردم. تەنانەت لە هەندێ کەم‌وکورتیشم ئەبوورد. بە وێنە لەو دەورەدا ئێواران وەکوو هەموو لاوێکی ئەم زەمانە منیش بە خواردنەوە ڕامئەبوارد. شێخ مەحموود ئەمەی ئەزانی، بەلام جارێک ڕووی لێ گرژ نەکردم. هەندێ شەو کە ئەچوومە لای ئەهات و دەمی بۆن ئەکردم. جارێ واش ئەبوو کە نەمخواردبێتەوە، بەلام ئەو سوحبەت و گاڵتەی خۆی هەر ئەکرد. جارجارەش ڕوباعیاتی خەیام و شیعری حافزی بۆ ئەخوێندمەوە. ئەو شەوەش لەبەر نەخۆشی هەلامەت هیچم نەخواردبووەوە. ئەمویست وەکوو جاران دەمم بۆن کا، کەچی نەیکرد. بە ڕووی ترش و گرژییا شتێکی لە دڵا هەبوو، ئەبوو ڕاوەستم تا دەریخا.

لەپڕ ڕووی تێکردم، وتی: لە کوێ بووی؟ وتم لە ماڵەوە، لەودیو دەرگاکەشەوە وسوو ئاغا هاتە جواب، وتی: قوربان بەسەری تۆ لە ماڵەوە بوو. فەرمووی من وام بیست کە ئەمشەو کۆبوونەوەیەکتان بەدەسەوە بووە. وتم: یەعنی چی؟ فەرمووی: خۆت ئەیزانی. ئیتر

نەیهێشتە بەر من قسەی کەم وە یا وەڵامی بدەمەوە، وتی: تا ئێستە مستەفاپاشایەک هەبوو. ئێستە هەمووتان لێم بوون بە مستەفاپاشا. ئیتر لە وزەما نەما و ناتوانم لەمە زیاتر چاوتان لێ بپۆشم. ئەبێ یا ئێوە بن یا من. چیتان لە من داوە و ئەتانەوێ چی بکەن...؟ هەرچەن من ئەمویست بێمە جواب و شتێ بڵێم، ئەو وەکوو مەبەسی لە قسەبڕینی من بێ، ماوەی نەئەدام و یەک لە دوای یەک هەڵیئەڕشت. جارجارە دەنگی بەرز ئەکردەوە و بە دەم هەڕەشەوە ئەیوت: بڵێ بزانم ئەتانەوێ چی بکەن و بەتەمای چین؟ من بە خائین و بە دوژمنی کورد دائەنێن؟ من کورد نیم؟ سمایل‌ئاغا (مەبەسی سمکۆ بوو) کورد نییە؟ ئێوە کوردن و بۆ کوردستان هەوڵ ئەدەن؟ ئێوە کوردستان دروست ئەکەن وە یا ئینگلیز بۆتان دروست ئەکا؟ مستەفاپاشای دۆستی ئینگلیزەکان بۆچی دەنگی نییە و کوردستان بە ئینگلیز دروست ناکا؟ دیسانەوە تەکانی خۆم دا، ویستم قسە بکەم، بەڵام ماوەی نەدام. وتی: بڕۆن لەبەرچاوم، هەستن بچن بۆ کەرکووک، بۆ بەغدا؛ لەوێ لەگەڵ مستەفاپاشا لەگەڵ هەرکەسێ کە بە دڵتانە و خۆتان ئەتانەوێ پێکەوە داوا لە ئینگلیز بکەن و کوردستانی پێ دابمەزرێنن...

من لەم قسانە سەرم سووڕمابوو و دەمم بووبوو بە تەڵەی تەقیو. کاری ڕاست بێ سمکۆ کەوتە فریام، ڕووی کردە شێخ مەحموود وتی: ماوەیەکی نادەی؟ با ئەویش قسەیێ بکا و وەڵامت بداتەوە! ئەمە بۆ من هەلێکی باش بوو. تینم دایە خۆم و دەسم کرد بە قسە. وتم: قوربان، ئەگەر ڕاستتان ئەوێ لەم بەزمە حاڵی نەبووم و هیچ تێنەگەیشتم. ئینکاری ئەوە ناکەم کە من کوردم و ئامانجی بەردەوام سەربەخۆیی کوردە، بەڵام خۆشت ئەیزانی کە شوێن کەس نەکەوتووم و ناکەوم. نە ئۆزدەمیرپاشا ئەناسم و نە پیاوی مستەفاپاشام. ڕاستە کە جەمعییەتی کوردستان هاتە ناو، من بووم بە ئەندامێک، بەڵام وڵاخ نەبووم کە ڕەشمەکەم بەدەس خەڵقەوە بێ. من عەبدی ئەو کەسەم کە کورد بێ و بۆ کورد تێبکۆشێ! پاشای من و تاجی سەری من، ئەوەیە کە کورد بێ؛ تۆشم بۆیە خۆش ئەوێ کە کوردی و لەو باوەڕەدام کە بۆ کورد تێئەکۆشی. ئەگەر تۆ من بە کورد دائەنێی و لەبەر ئەوە لێم بەشکی، جێی شانازییە بۆم کە دەرمکەی و لەم شارە بچمە دەرەوە... هێشتا بەتەواوی لە وشەکانم نەبووبوومەوە کە سمکۆ هەستایە سەر پێ و ڕووی

کردە شێخ مەحموود، وتی: عەرزم کردبووی کە لەو ڕۆژەوە چاوم بە ڕەفیق کەوتووە تێی گەیشتم کە کوڕێکی بێغەش و جێیباوەڕە. شێخ مەحموودیش هەستا و ناودەمی ماچ کردم. فەرمووی: ڕەفیق! وا ئەزانی بە ڕاستم بوو. بە قەبری کاک ئەحمەد سوحبەتم لەگەڵ ئەکردی. ئینجا دەسی گرتم و بردمییە بەین خۆی و سمکۆوە. هەرچەن زستانیش بوو، بەڵام ژوورەکە ئێجگار گەرم کرابوو. منیش ماندوو بووم و عارەق بە ناوچەوانما ئەهاتە خوارەوە. پیاڵەیێ چایان بۆ هێنام. داوای ئاوم کرد. ئینجا شێخ لەتیف بەدەسی خۆی پیاڵەیەک شەکراوی بۆ هێنام و خواردمەوە.

لەلایەن تورکەوە گفتوگۆی نهێنی شێخ مەحموود و سمکۆ لەگەڵ من

دوای دانیشتن و خواردنەوەی شەکراو و قاوەی تاڵ و دوای هەندێ سوحبەت و گاڵتەی شێخ مەحموود بەپێی عادەتی خۆی و خۆشی و چلۆنی لەگەڵ سمکۆدا، شێخ مەحموود فەرمووی: ڕەفیق! ئەبێ سوێندم بۆ بخۆی کە گفتوگۆی ئەم شەومان نهێنی بێ و نەچێتە دەرەوە. عەرزم کرد: کە هەر ئەم فەرمایشەی ئەو بەسە بۆ ئەوە کە باسی ئەمشەو نەگاتەوە دەم کەس، بەڵام... لێرەدا شێخ مەحموود نەیهێشتە بەر ئەوە قسەکەم تەواو کەم، فەرمووی: تایەر ئەفەنی[1] تۆ بچۆرە ئەو دیو بۆلای میوانەکان. میوانەکانی ئەو دیو، بۆ سبەینێ زانیم کە فەوزیبەگ و هاوڕێکانی بوو. دوای تایەر، شێخ مەحموود فەرمووی قسەکانت تەواو کە! عەرزم کرد: من قسەم نییە، جەنابت فەرموو. ئەوسا دەسی برد و لەولای خۆیەوە فایەلێکی هەڵگرت و دایە دەسم، پڕی بوو لە کاغەز و نامە. وتی: بیانخوێنەرەوە! نامەکان کە هەمووی بە تورکی نووسرابوون ئەو نامانە بوون کە لە بەینی سلێمانی و ڕەواندز، واتا لە بەینی شێخ مەحموود و ئۆزدەمیردا[2] ئاڵوگۆڕ

١. تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف. م.س.

٢. عەلی شەفیق ناسراو بە ئۆزدەمیر (١٨٨٥ - ١٩٥١)، لە میسر لەدایکبووە، بە ئەسڵ چەرکەس و خەڵکی قەوقاز بووە، دەرچووی بەشی ئەدەبیاتی ئیسلامی زانکۆی ئەزهەر بووە، لە سەردەمی خدێوی ئیسماعیلپاشا چووەتە ڕیزی سوپا و دواتر بووەتە بەرپرسی فەرماندەی پاسەوانەکان. لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانی، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوەتە فەرماندەی هێزێکی تایبەتی چەرکەس، بۆ لێدانی فەڕەنسی و

کرابوون. چاوێکم بە سەرنامەکان[1] و ئیمزاکانا خشاند و ئەو نامانەی بە گرنگم زانین بۆ خوێندنەوە جیام کردنەوە.

لەناو پاکەتێکا چەن نامەیەکی تریش بەتایبەتی پێچرابوونەوە. ئەمانە دەربارەی شێخ مەحموود، لە ئۆزدەمیرەوە بۆ هەندێ لە گەورەکانی تورک وە یا لەو گەورانەوە بۆ ئۆزدەمیر و تاقە نامەیەکی مەلیک فەیسەڵی یەکەمیشی تیا بوو کە هەر بە تورکی و بۆ شێخ مەحموود خۆی نووسرابوو. لەناو ئەم کاغەز و نامانەدا بەلای منەوە دوای نامەکەی مەلیکی عێراق، گرنگترینی هەموویان، مەزبەتەی ڕەئیسەکانی کورد و وەڵامەکەی ئۆزدەمیر بوو، چونکە وەکوو هەموو خەڵقی سلێمانی، منیش تا ئەو ساتە لەبارەی مەزبەتە و وەڵامەکەیەوە کە ئەیانوت مەرجەکانی ڕێکەوتنی تیایە شتێکی ڕاستم نەئەزانی،[2] بەڵام ئەو شەوە چوومە بنج و بناوانی مەسەلەوە...

ئینگلیزەکان لە قیبریس و فەلەستین. دوای داگیرکردنی ئەستەمبووڵ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ١٩٢٠، پەیوەندیی کردووە بە «مستەفا کەمال ئاتاتورک»، لە شوباتی ١٩٢٢ لەلایەن «ئاتاتورک»ەوە بۆ تێکدانی دۆخی کوردستان و دژایەتی کردنی ئینگلیزەکان ڕەوانەی کوردستان کراوە. لەو کاتەی لە کوردستان بووە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی گرتن یان کوشتنی مستەفاپاشا یامولکی بووە. زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فەڕەنسی، کوردی و تورکی زانیوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا خانەنشین کراوە، ماوەیەک لە غازی عەنتاب دەستی کردووە بە کشتوکاڵ، دواتر لە خولی شەشەمی پەرلەمانی تورکیادا بووەتە نوێنەری سعرد و لە خولی حەوتەمیشدا بووەتە نوێنەری غازی عەنتاب. م.س.

١. سەرنامە: عینوان.

٢. تکایە لاپەڕە ١٠٣ جارێکی تر بخوێننەوە.

تایەری ئەمین ئەفەنیی مەسرەف و شێخ مەحموود و تورک

ئەوانەتان ناسی کە بووبوون بەهۆی نزیککەوتنەوەی شێخ مەحموود و تورک. یەکێ لەو هۆیانە تایەری ئەمین ئەفەنیی مەسرەف، نووسەری ئەم نامە تورکییانە بوو کە لە ناوەندی کورد و تورک، واتا لە بەینی شێخ مەحموود و ئۆزدەمیرا ئەهات و ئەچوو؛ وە بەمجۆرە تایەر لەم کردەوەیەدا دەورێکی گرنگی یاری کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئینکاری بکەین، کە تایەر هەروەکوو ماوەیەک لە کۆمەڵانی نهێنی کوردا لە کاتی ئیحتلال و دەوری بە دیل‌گیرانی شێخ مەحموود کوردایەتی ئەکرد و لە ڕیزی ئەندامە وریا و بەکارەکانی کۆمەڵدا ئەژمێرا، دوای ئەوەش کە بوو بە جێ‌باوەڕی تورکەکان و ڕووی بە شێخ مەحموود کردە ئۆزدەمیر، لە کانگای دەروونیا هەستی کوردایەتی هەر مابوو و زندوو بوو. لەبەر ئەوە، مەزبەتەی کوردەکان کە جێی شک نییە نووسینی تایەر بوو و هەموو نامەکانی تر کە لە شێخ مەحموودەوە بۆ ئۆزدەمیر نووسرابوون، لە باسی کوردایەتی و حقووقی کورد بێ‌بەش نەبوو. لەبەر ئەمە ئەوەی بۆ تایەر، بەتاوان بژمێرری، تەنیا بە هەڵە چوونیەتی و باوەڕکردنی بە تورک...!

ڕێکەوتنی کورد و تورک و داواکانی شێخ مەحموود

بەو نامانەدا کە لە فایەلەکەم جیا کردەوە و خوێندمەوە ئەمانەم بۆ دەرکەوت: شێخ مەحموود، سەرەکی جەمعییەتی کوردستان وە یا بە وتەی ئۆزدەمیر، ڕەئیسی هەیئەتی تەمسیلییەی کوردستان دوای ئەوە کە لە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕدا لەگەڵ دەستەی ئۆزدەمیر پێشکەوتوو و هاتبووە سەر بیری ڕێکەوتن لەگەڵ تورکەکان ئەمری دابوو و لە ماڵی خۆیا دیوانێکی گەورە (موئتەمەر) ڕێخرابوو و لەم دیوانەدا زوربەی سەرەک عەشیرەتەکان و گەورەگەورەکانی کورد کۆبووبوونەوە... مەبەس لە گرتنی ئەم دیوانە گفتوگۆ کردن بوو لەبارەی بەخشینی دەستوورێ بە شێخ مەحموود بۆ ئەوە کە بە عینوانی ڕەئیسی هەیئەتی تەمسیلییەی کوردستانی جنووبی بتوانێ بەناوی کوردەوە، لەگەڵ ئۆزدەمیر بکەوێتە گفتوگۆی سیاسی و دانانی ئەو مەرجانە کە لەوانەیە ببێتە دۆستایەتی

کورد و تورک و هۆی ڕێکەوتنی ئەم دوو نەتەوەیە بە ئێجگاری.

ئەنجا لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی دوورودرێژا، دیوان بڕیاری لەسەر نووسینی مەزبەتەی باس‌کراو دابوو و بە ئیمزای ٢٦ کەس لە سەرەک عەشیرەتە ناودارەکان و گەورەکانی کورد[1] پێشکەش بە شێخ مەحموودی کردبوو...!

ئینگلیزەکانی کەرکووک و میجەر سۆن لە ئەندێشەدا بوون.[2] لەبەر ئەمە بە پەلەپەل و بۆ بەربەستدانەوەی ئەم شۆڕشە ئەمر درا بە گەورەی ئینگلیزەکان کە هەر هێزێک لەوێدا هەیە لە ژێر پاراستنی تانک (دەبابە) و فڕۆکەدا بنێرێتە چەمچەماڵ. جگە لەمە هەر لە کەرکووکدا دەس کرا بە کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەتر و ڕێک‌وپێکتر. ئەو هێزەی کە نێرایە چەمچەماڵ بەپێچەوانەی ئەمرێک کە وەریگرتبوو، بێ‌ئەوە کە چاوەڕوانی هێزەکانی تر بکا کە لە کەرکووکەوە ئەنێررێت و لەبەر ئەوە کە بە سووک دێتە بەرچاوی بێ‌وچان هەڵمەت ئەباتە سەر هێزەکەی شێخ مەحموود و لە تاسڵووجەدا بە یەکا ئەچن.[3] هێزەکەی شێخ مەحموود زۆر بە سووکی هێزی ئینگلیزەکان شپرزە و تەفروتونا ئەکەن و تا دەربەندی بازیان پێش ئەکەون. دوای ئەمە لە دەربەند ئەکەونە قایمکاری و دامەزران.

---

١. بۆ مێژوو. ئەم مەزبەتەیە بە ئیمزاکانەوە، لەگەڵ وەڵامەکەی ئوزدەمیر بە مەرجەکانەوە کە بۆ ڕێکەوتنی کورد و تورک دانابوو لەناو دەفتەرە دەسنووسەکەی ئوزدەمیر خۆیا هەیە و خاوەن ئیمزاکانیش ئامانە بوون: سمایل‌ئاغای شوکاک (سمکۆ)، بابەکری سەلیم‌ئاغا، عەباسی مەحموودئاغا، ساڵح‌ئاغای پژدەر، ئاغای بایزی (ئوجاغ)، حەماغای ئەوڕەحمان‌ئاغا، جەعفەر سوڵتان (هەورامان)، ئەمین مەحموودئاغا (هەمەوەند)، محەممەد تالب (سمایل عوزێری). لە سادات قایم‌مەقامی پێشووی شارباژێڕ، ڕەزا (؟)، حامدبەگی مەجیدبەگ (جاف)، ڕەئیس داودە عەزیز، عەلی حەسەن‌ئاغا (زەنگەنە)، محەممەدئاغا (زەنگەنە)، ڕۆستەم (ڕەئیسی ڕوغزایی)، محەممەد (ڕەئیسی شاتری)، محەممەد حەسەن (ڕەئیسی تەرخانی)، ڕەفعەتی سمایل‌ئاغا (ڕەئیسی داودە)، فارس‌ئاغا (بەیات)، سلێمان‌بەگ (بەیات)، سادق‌ئاغا (ڕەئیسی زەند)، ڕۆستەم‌ئاغای ئەوڕەحمان‌ئاغا (پاڵانی)، ڕەشیدئاغا (پاڵانی)، سەید خەلیل‌ئاغا (ڕەئیسی کاکەیی)، محەممەد ساڵح ئاغازادە (ناوەکەی نییە).

٢. **خوێنەرە بەڕێزەکان:** هانەهانەی خوێن‌بزوێنەر و پاڵپێوەنانی ئێوەیە ئەمخاتە سەر ئەو بیرە کە بە هیچ شتێ کۆڵ نەدەم و بنووسم. لەبەر ئەوە خوا یارەبێ و کۆسپ نەیەتە ڕێ لە جزمی حەوتەما، مەرجەکانی ڕێکەوتنی کورد و تورک و باسی ناردنی ئەو هەیئەتەی کورد کە شێخ مەحموود ناردبوونی بۆ ئەنقەرە و هەندێ باسی تری گرنگتان بۆ ئەگێڕمەوە کە لەوانەیە بتانەوێ بیخوێننەوە...

بەغدا، بستان الخمس، ١/١٧/٤٦٩ ڕەفیق حیلمی، ١٩٥٨/٤/١٥

٣. لە کتێبی Loyales Mesopotnamiaی ویلسۆن [وەرگیراوە].

ئینگلیزەکانی کەرکووک لەم ئەنجامە کەوتنە ترسێکی گەورەوە، چونکە ئەیانزانی کە شکستێکی بەم جوورەی هێزی ئینگلیز بەرامبەر بە هێزی شێخ مەحموود ئەبێتە هۆی زڕانی شۆرەتیان و سەر بەرز کردنەوەی گەلێک لە کوردەکان. ئەوەش لەوێ بێ کە دەنگ وا بڵاوئەکرایەوە ئیتر ئینگلیزەکان لەوەدان دەس لە کوردستان هەڵگرن و لیێ بچنە دەرەوە.

لەم کاتانەشدا وەکوو لەمەوبەر باسمان کردبوو گەلێ لە عەشایرەکانی کورد لە حکوومەتی ئێران یاخی بوون و بڕیاریان دا بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران و عێراق و دامەزراندنی کوردستانی گەورە لە ژێر حوکمی شێخ مەحموود. ئەوەش زانرابوو کە حکوومەتی بریتانیا لە دوای موتارەکە بە ماوەیەکی کەم، واتە لەم ڕۆژانەدا نەیئەویست هێزەکانی لە ناوچەکانی شەڕ کشاونەتەوە دووبارە بیانگێڕێتەوە هەندێ ناوچەی شەڕی تازە، چونکە ئەمە چە لەلایەن سیاسەت و چە لەلایەنی ئابوورییەوە لەگەڵ مەسڵەحەتی دەوڵەت ڕێک نەئەکەوت و یەکی نەئەگرتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا شکی تیا نییە کە بۆ کڕینەوەی ناووشۆرەتی بریتانیای گەورە پێویست بوو لە کوردستان و عێراقدا شتێک هەر بکەن و هێز و نفووزی خۆیان بنوێنن؛ لەوە ئەترسان کە خۆگرتن و هێمنی بۆیان بێنە هۆی پەشیمانی و پەرەسەندنی شۆڕش.

لەبەر ئەمە کەوتنە خۆیان و لەگەڵ ئەم هەموو بەرهەڵستانە کە لە ڕێیانا بوو، قائیدی گشتی ئینگلیز لە عێراق ئەمری دا بە ژەنەراڵ فرایزەر[1] کە زۆر بەپەلە فیرقەی هەژدەمینی لەشکری ئینگلیز لە مووسڵەوە بگەیەنێتەو بەرامبەر شێخ مەحموود و ساتێ زووتر هێزی

---

١. ژەنەڕاڵ سێر تیۆدۆر فرایزەر (١٨٦٥ - ١٩٥٣)، ئەفسەرێکی سکۆتلەندیی سوپای شاهانەی بریتانی بوو، باوکی پرۆفیسۆر دۆناڵد فرایزەر قەشە بوو، بەشی زۆری ژیانی لە سوپای بریتانیا لە هیندستان بەسەر بردووە. ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ فەیلەقی سێی ئەرکانی سوپای بریتانیا هاتووەتە عێراق؛ ساڵی ١٩١٧ بەشدار بووە لە داگیرکردنی بەغدا. ساڵی ١٩١٨ کراوە بە فەرماندەی فیرقەی ١٥ و دواتر فیرقەی ١٨. فەرماندەی جەنگی دەربەندی بازیانی کردووە و بەهۆی سەرکەوتن لەو جەنگە و دەستگیرکردنی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە یۆنیۆی ١٩١٩ پلەکەی بەرز کراوەتەوە بۆ لیوا. تاوەکوو ساڵی ١٩٢١ لە زۆربەی شەڕەکانی کوردستانی باشوور بەشداری کردووە و دواتر خۆی وازی هێناوە. لە مارس تا نۆڤەمبەری ١٩٢٢ فەرماندەی هێزەکانی بریتانیا بووە لە عێراق. ساڵی ١٩٢٤ وازی هێناوە و بۆ سەنگافۆرە گواستراوەتەوە و سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە. ساڵی ١٩٢٧ خانەنشین کراوە. لە ٢٢ی مای ١٩٥٣ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە خانەی بەساڵاچووان کۆچیدوایی کردووە، تەرمەکەی لەسەر وەسیەتی خۆی لە کاتژمێر ٢.٣٠ی ڕۆژی ٢٦ی مای ١٩٥٣ سووتێنراوە. م.س.

دەوڵەتی بریتانیا بە کوردەکان بنوێنێت.



ژەنەڕاڵ فرایزەر (سەرەکی هێزەکانی ئینگلیز لە شەڕی دەربەند)

لەولای تریشەوە بۆ پێش‌گرتن و بەرهەڵستی ڕاست‌بوونەوەی کوردەکانی خانەقین و کفری و سنووری ئێران لەو ناوە و ڕێگەپێ‌نەدانیان بۆ یەک‌گرتنەوە لەگەڵ هێزەکانی شێخ مەحموود، فیرقەیەکی عەسکەری پیادەشیان لە ژێر سەرکردەیی کۆلۆنێل بۆدی ناردە دەوری خانەقین،[1] بەڵام ئەو ڕاپۆرتانە کە لەلایەنی عەسکەرییەوە دەربارەی شەڕی دەربەند درابوو ئەڵێت: دوای گیرانی سلێمانی و دانلیس و زابتە ئینگلیزەکانی تر لە سلێمانی و هەڵەبجە و پێش ئەوە کە بەغدا دەس بکا بە ڕێکخستنی هێزە گەورەکان و ناردنی بۆ سەر شێخ مەحموود، لە کەرکووکەوە لە ٢٣ی مایس کۆلۆنێل برێدجێس (Bredjes d.s.o) بە هێزێکی گەڕۆکەوە کە دوو ڕەعیلی مزراقدار و سرییەیەک لە فەوجی مهراناس[2] و دوو دەبابە لەلایەکەوە و کەپتەن لۆنگریکی موعاوینی حاکمی سیاسی کەرکووک بە خۆی و «لیفی»یەکانییەوە لەلایەکی ترەوە گەیشتنە تاسڵووجە. ئەمانە بەیانی ڕۆژی ٢٥ی مانگ لەلایەن هێزی کوردەکانەوە دەورە دران، بەڵام لیفییەکانی لۆنگریک کە هەموو کورد بوون خۆیان هاویشتە ناو هێزی کوردەکانەوە و لەگەڵیان بوون بە یەک. ئینجا کۆلۆنێل برێدجێس بە ڕەنجێکی زۆر و زەرەر و شپرزەییەکی تاڵ و سەخت کشایەوە دەربەندی بازیان؛ دوو دەبابەشی لێ بەجێ‌ما بۆ کوردەکان. تا ئەم کاتە دەنگی شۆڕش گەیشتە ناوچەی هێزەکانی ئینگلیز لە بێجی. لێرەشەوە مەفرەزەیەک عەسکەر و ١٦ شەست‌تیری لویس لە ژێر فەرمانی کۆلۆنێل

١. ئەمە وەکوو ویلسۆن لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیا Mesopotami. J ئەیگێڕێتەوە...

٢. نەمزانی چییە! س.

کێنێدی، بە سواری ئۆتۆمبیل و زۆر بەپەلە نێردرا بە هاواری «برێدجێس»ەوە. بە یارمەتی ئەم هێزە و لە ژێر پاراستنی ئاگری شەستتیرا هێزەکەی برێدجێس توانی کە بە سواری ئۆتۆمبیل خۆی ڕزگار کا و لە دەربەندەوە ڕابکاتە چەمچەماڵ. لەگەڵ ئەمەشا دوو تانک (دەبابە)ی تریان لێ بەجێ‌ما و بە نەفەرەکانییەوە[1] بە دیل گیران. گەلێکیشیان کوژراو و بریندار لێ کەوت. جگە لە بەشێکی زوربەی چەک و سلاحیان کە بۆیان دەرنەچوو، ئەویش بۆ کوردەکان مایەوە وە یا شکا و لەناوچوو.

ملازم پۆل لە کەتیبەی ٣٢ی مزراقدار لەناو کوژراوەکان و کەپتەن جیشۆلم و ملازم دیکسۆن لەناو بریندارەکانا بوون. لە زابت سەف و ئەفراد (جندی)ی ئینگلیزیش ٨ کوژراو ١٢ بریندار و ١٤ فەوتاو هەبوو. تامسۆن و دوو نەفەری تریش دوای شەڕێکی ئازانە بە خۆیان و شەستتیر (ڕەشاش)ەکانیانەوە کەس نەیزانی لە چە لایەکا بوون بە ژێر خاکەوە.

برێدجێس لە چەمچماڵ خەریکی ئەوە بوو عەسکەرە تەفروتوناکەی کۆ بکاتەوە. لەم کاتەدا لە کەرکوکەوە بە ئۆتۆمۆبیل کاروانێکی تر گەیشتە چەمچەماڵ. ئەم کاروانە هێزە تازەکەی ئینگلیز بوو کە لە ژێر سەرەکی (قیادە)ی تامسۆن«Thomson» هاتبوو برێدجێس نێررایەوە کەرکووک و هێزەکەی لەگەڵ هێزی تامسۆن کرا بە یەک و خرانە ژێر سەرەکی کۆلۆنێل مان (Man)، کە ئەویش بە مەفرەزەیەکی شەستتیرەوە تازە گەیشتبووە چەمچەماڵ.

شێخ مەحموود فەرمانی دا بە شێخ قادری برای کە دەزبەجێ بەخۆی و بە ٥٠٠ سواری کوردەوە بچێتە «بنە» کە ئەکەوێتە ٤ میل ئەولای باکووری چەمچەماڵ. ئەم هێزەی شێخ قادر بۆ ئەوە بوو کە ڕێی هاتوچۆی بەینی چەمچەماڵ و کەرکووک ببڕێت و پشتی ئەو هێزانە بگرێت کە لە چەمچەماڵەوە ڕوو ئەکاتە دەربەندی بازیان. شێخ مەحموود خۆشی لە دەربەندا کەوتە خۆ ئامادە کردن و هەڵکەندنی سوپەر بۆ لەشکرەکەی. هێزەکەی ئینگلیز لە چەمچەماڵ لەلایەن لەشکری کوردەوە گەمارۆ درابوو.

لە ٢٠ی مایس کاروانێکی چەک و خواردەمەنی لە ژێر چاودێری و پاراستنی هێزێکی

---

١. نەفەرەکانی بەسەر تانکەکانەوە بوون.



مەحموودخانی دزڵی

خانمی وەسمان‌پاشای جاف

ئینگلیزا ویستی بگاتە فریای گەمارۆدراوەکانی چەمچەماڵ، بەڵام لە ماوەی ٢٤ میل بەولای کەرکووکەوە و لەناو شاخەکانا تووشی هەڵمەتی کوردەکان هات و هەموویان تالان و سەرئەنگریّ کران. هێزێکی تر لە ژێر سەرەکی میجەر فرایزەر، ١٧ میل لەم‌لای کەرکووکەوە لە نزیک قەرەهەنجیر لەلایەن هێزی مەحموودخانی دزڵییەوە سێ ڕۆژ گەمارۆ دران. ئەم هێزەی فرایزەر بەرابەرییەکی بەڕاستی ئازانەی کرد، بەڵام لە ئەنجامدا تووشی گەلێ دەردی‌سەری و ڕەنج هات و کوشتارێکی زوربەی دا. لەم کاتەدا فرۆکەکانی ئینگلیز «بنە»یان دایە بەر نارنجەک و بۆمبا و چەن کەسێکیان لە کوردەکان کوشت. شێخ مەحموود بۆ پشکنینی دەوروپشت قۆڵێکی کەشافەی تا نزیک کەرکووک نارد. ئینگلیزەکان ئەترسان کە ئەو عەشایرەی تا ئەم کاتە تێکەڵ بە شۆڕش نەبووبوون لەگەڵ هێزەکانی شێخ مەحموود ڕێکەون و ببن بە یەک. باوەڕیان بەوەش نەبوو کە جافەکان تاسەر لە شێخ مەحموود دوور بمێننەوە. بەڕاستی ئیتر ئینگلیزەکان کەوتبوونە دەرەکەوە. لەبەر ئەمە ئەمر درا بە ژەنەڕاڵ فرایزەر کە بە فیرقەی هەژدەهەمەوە بگاتە کوورەی شەڕ. لەولای تریشەوە ژەنەڕاڵ ساندەرس لە هەولێر و ئاڵتوون کۆپرییەوە تا کەرکووک و چەمچەماڵ

چاودێری ڕێگەکانی پێ سپێررابوو.

جگـــە لەمـــەش ئەبـــوو مەشـــق بە لەشـــکرەکانی کەرکووک و فێـری شەڕی ناو شاخەکانیان بکا. لەم حەلەدا شێخ مەحموود بە خۆی و هێزەکانییەوە لە دەربەندی بازیان‌دا کـە لـە خۆرهەڵاتـی چەمچەماڵـەوە ١٢ میـل دووره و یەکێکـە لـە دەربەندە مێژوویی‌یەکانی ڕیزە شـاخەکانی قـەرەداغ، چاوەڕوانی لەشـکرەکەی ئینگلیزی ئەکرد. ژەنەڕاڵ فرایزەریش هێزەکانی لە چەمچەماڵ‌دا کۆ کردبووەوە و لە ١٧ی حوزەیران خۆی ئامادە کردبوو کە پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحموود بدا. دەربەندی بازیان کە لەشکری هەردوولا خۆیان ئامادە کردبوو لەوێدا هەڵمەت بەرنە سەر یەکتری ڕێگەیەکی تاقانەی تێپەڕبوونە لەم ڕیزە شـاخانەوە. ئەم شاخانە، چەشنی زنجیرە دیوارێکی بەردەڵانییە کە لە ڕووی زەریاوە ٤٠٠٠ پێ و لە بنکە (قاعیدە)ی دەربەندەکەوە ١٠٠٠ پێ بەرزە.

شێخ مەحموود لەگەڵ پاسەوانە تایبەتییەکانی

لە زەمانی کۆنا پێشی دەربەندی بازیان بە دیوارێکی بەرد چنرابوو و تەنیا دەرگایەک خرابـووە ئەم دیوارەوە؛ ئیمڕۆ ئەو دیـوارە نەماوە، بەڵام جێگەکەی دیارە. لەم دەربەندەوە کە بە لەشـکری شـێخ مەحموود تەنرابووەوە و گیرابوو تێپەڕین بۆ لەشکرەکەی ئینگلیز

شـتێکی ئاسـان نەبوو. شـێخ مەحموودیش ئەوەی بە بیرا نەئەهات کـە لەلایەکی ترەوە بتوانن لە دەربەندەوە تێپەڕن و هەڵمەتیان بەرنەسەر، چونکە لە زەمانی ئاسوورییەکانەوە تا ئـەو ڕۆژە هەر لەشـکرێکی دوژمـن ڕووی کردبێتە ئەم وڵاتە، واتە وڵاتی کوردسـتان (زامۆئا) تا لە شـەڕی ئەم دەربەندە (دەربەندی بازیان = بابیت) سەرنەکەوتبێ نەیتوانیوە پێ بنێتە ئەودیوی شـاخەکانەوە، بەڵام بە ڕابەری موشـیری حەمەی سـلێمان یەکێک لە ڕەئیسـە بەگزادەکانی هەمەوەند، کە سـاردی و ناکۆکی لەگەڵ شێخ مەحموود هەبوو، بەشـێک لە لەشـکرەکەی ئینگلیـز بەیانییەک پێش هەتاوکەوتن و لـە ڕێگەیەکەوە بە بیری کەسـا نەهاتبێ لەلای ڕاسـتی دەربەندەوە بە شـاخەکانا سـەرکەوت. لە سفیدەی بەیانا[1] و لە کاتێکا کە شێخ مەحموود لەبەردەمی دەربەندەوە بەتەما بوو هەڵمەت بەرنە سەری، لە پشتەوە دەورەیان دا.

شێخ مەحموود و سەرەک لەشکرەکانی بە شەستیرەکانەوە

۱. لە ۱۸ی حوزەیرانی ۱۹۱۹، جەنگە بەناوبانگەکەی دەربەندی بازیان دەستی پێکرد. م.س.

ئینجا لەشکرەکەی بەردەمی دەربەند لەم دیوەوە و بە تۆپ و شەستتیر تاوی دایە سەر دەربەند و بەمجوورە شێخ مەحموود و لەشکرەکەی کەوتنە بەینی دوو ئاگرەوە. ئەوانەی لە ڕێگەی شاخەکانەوە چووبوونە ئەو دیوی دەربەند لەشکرێکی لە هەموو تیرەی تێکەڵ بوون. جگە لە سیک و گورگە، بەشێکیشیان لەوانە بوون کە پێیان ئەڵێن «کاجنیس» ئەمانەی دوایی لە مەغۆلەکانی بورمان و بە شیروەشاندن شۆرەتیان سەندووە.

بەرامبەر بە لەشکرێکی وا زوربە و پڕ بە چەکی ئینگلیز، شێخ مەحموودی قارەمان بە لەشکرێکی بچووکی کوردەوە کە چەکی تازەیان دووسێ شەستتیری کۆنی ئەڵمانی بوو وەکوو شێر وەستا و شەڕێکی بەڕاستی ئازانەی کرد، بەڵام ئاگری تۆپە گەورەکانی ئینگلیز زۆر بەتین بوو. وە لە ژێر پاراستنی ئاگری بێئەمانی ئەم تۆپانەدا لەشکرەکەیان گەیشتە ناو جەرگی دەربەند. ئیتر دوو لەشکرە، کورد و ئینگلیز تەواو لە یەکتر نزیک بوونەوە. ماوەی شەڕی چەکی ئاگرین نەمابوو، دەستەویەخە چوون بە یەکا.

گورگە[1] بە کێردە تیژ و درێژەکانیان، کۆکریس و کاجنیسەکانی نەوەی مەغۆل بە شیرە پان و قورسەکانیان، کوردەکانیش بە خەنجەری سووک و تیژ و بەجەوهەرەوە کەوتنە قەڵاچۆی یەکتری. ئینجا داخەکەم. لەم کاتەدا کە لە خاکی کوردستانا کارەساتی کەربەلا تازە ئەکرایەوە، شێخ مەحموودی قارەمانی کورد لە دوولاوە بریندار کرا و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە. ئیتر بەمە لەشکری کورد جڵەوی تەگبیری لە دەس دەرچوو و شپرزە بووەوە و لەشکری سیک و گورگە بەسەر کوردا زاڵ بوو. لە لەشکری

---

١. گورگە یان گورخاس Gurkhas، ئەو سوپا بەکرێگیراوە بوو کە بریتانیا لە ساڵی ١٨١٥ لە خەڵکی نیپاڵ و نیمچە دوورگەی هیندستان دروستی کردبوو. ئەمانە جەنگاوەری زۆر ئازا و نەترس بوون. مارشاڵ سام مانیشاو فەرماندەی ئەرکانی سوپای هیندی دەڵێ: «هەر پیاوێک وتی من لە مردن ناترسم ئەوە بزانە یان درۆ دەکات یان گورگەیە» ساڵی ١٨١٧ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بۆ داگیر کردنی جێگاکانی دیکەی هیند بەکاری دەهێنان. لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا ئەم سوپایە ژمارەیان گەیشتە ٢٠٠ هەزار سەرباز و لە ٣٣ کەتیبەدا لە ئەفغانستان و عێراق و چین و ماڵتا و قیبریس لە پاڵ سوپای ئینگلیزدا جەنگان و نزیکەی ٢٠ هەزاریان کوژران. ئەمانە جۆرە چەقۆیەکی چەماوەیان پێ بوو پێیان دەوت: «kukri» دوای جەنگ برانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و وەک پاسەوانی جەنگەڵەکان دامەزران. لە دووهەمین جەنگی جیهانیدا جارێکی دیکە هێنرانەوە خزمەت. م.س.

کورد ٤٨ کوژراو و ژمارەیەکی زۆر بریندار لەو ناوەدا کەوتبوو. ئەوانەی بە دیلیش گیران ١٢٠ کەسێک ئەبوون.

حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ مەحموود و تایەری فەرخە (تاهیر ئەفەندی مودیری پۆلیسی شێخ مەحموود) لەناو کوژراوەکانا بوون. حەمەی نێرگەلەی پیاوماقووڵی شێخ وایزانی کە شێخ مەحموود کوژراوە، لەبەر ئەمە سواری ئەسپەکەی شێخ بوو و ڕایکرد و بەمجوورە لە دیلی ڕزگاری بوو.

شێخ مەحموود دوای برینداری کشایەوە ژێر بەردێ و لەوێدا لێی کەوت.[1] ئینگلیزەکان دیسانەوە بەهۆی موشیر ئاغاوە شێخ مەحموودیان ناسییەوە[2] و خستیانە سەیارەیەکەوە، ئینجا لە ژێر پارێزگاری هێزێکی گەورەدا دەسبەجێ ناردیانە بەغدا. ژەنەراڵ فرایزەر دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کە بە بیریا نەهاتبوو کەوتە غەمی ئینگلیزە گیراوەکانی سلێمانی و بۆ دەرهێنانیان لە بەندیخانە بەپەلە هێزێکی سواری خستە ڕێ. ئەم هێزە پێش گەیشتنی باسی شکستی شێخ مەحموود خۆی گەیاندە سلێمانی و ئینگلیزەکانی لە بەند دەرهانی. ئەم گیراوانە نزیکەی ١٠ حەفتە (دوو مانگ و نیو) لە بەندیخانەی سلێمانیدا مابوونەوە.[3]

١. ئـەم بەردە تا ئیمڕۆ ماوە و ئەوانەی لە دەربەندەوە بۆ دیوی تاسڵووجە تێنەپەڕن تۆزێک لەولای ڕاستی ڕێگەکەوە ئەو بەردە ئەبینین کە پێی ئەڵێن بەردەکەی شێخ مەحموود.

٢. کردەوەی موشیر کارەساتی دەربەندی تەرمۆپیل ئەخاتەوە یاد؛ من کە ئەم باسەم نووسیبووەوە هەر ئەوەندە تەعلیقەم لەسەر موشیر ئاغا دابوو، بەڵام کە ئەم ڕاپۆرتەم خوێندەوە تەعلیقە جوانەکەی حسێن فەوزی بەگی موقەددەم (دوایی بوو بە حسێن فەوزی پاشای ڕەئیسی ئەرکانی جەیشی عێراق) کەوتە بەرچاوم، وا لە ژێرەوە ئەینووسم: ئەڵێن کە لەشکری ئێران ئەچێتە سەر یۆنانستان و لە تەسالیا ئەگاتە بەردەمی دەربەندی تەرمۆپیل، لە نوێنداسی قارەمانی ئیسپارتە بە ٣٠٠ کەسەوە دێت و ڕێی پێنەگرێت و گوێ ناداتە هەڕەشەوگوڕەشەی شای ئێران، بەڵام «ئەفیاڵت = Afialt»ی ئیسپارتەیی ڕێی پیشانی لەشکری ئێران دا و لە دەربەندەکە کردنی بەو دیوا...

٣. ڕاپۆرتی باسکراو لە ١٩٢٦دا لە ژمارە ٢ی ساڵی ٣ی گۆڤاری عەسکەری وەزارەتی دیفاعی عێراق بڵاوکرابووەوە.

شێخ مەحموود

٢٨

لە کاتی شەڕی دەربەندا، هەواڵی ڕەواندز

کە دەنگی شۆڕشـی شـێخ مەحموود لە ڕەواندز و لەناو عەشایرا بڵاوبووەوە گەلێ کەس پێـی خـۆش بـوو، بەتایبەتـی ئەوانەی کـە لـە ئینگلیـزەکان نارەزا بوون و لـە کردەوەی دەس‌وپێوەندەکانیـان وەڕز بوو بـوون. ئیتر هەرچیت ئەبینی چەکـی لە خۆی ئەدا و لە ڕوودا خۆی بۆ شـەڕ ئامادە دەکرد. خۆ دێهاتی و عەشـایرەکە باسی هەر ناکرێت ئەوەی دوو پیـاوی هەبـوو ئەیکرد بە چوار، چەکی پێ هەڵئەگرتن و شـانازی پێوە ئەکردن. زۆر لەمانە ئۆقرەیان لێ هەلگیرابوو، بەتەمابوون شۆڕشـەکەی شـێخ مەحموود پەرەبسێنێت، بتەنێتـەوە، بگاتـە ئەم دیـوی زێ. چاوەڕێ بوون کە لەشـکری شـێخ مەحموود نزیـک بکەوێتەوە و بەری کۆیێ بگرێتەوە تاوەکوو ئەمانیش لە عاستی خۆیانەوە ڕاست بنەوە، دەس بدەنە چەک و شۆڕشـێ بگێڕن. هەر لەبەر ئەم مەبەسـەش زۆریان لەمانە باسی سەیرسـەیریان هەڵئەبەسـت و بڵاویان ئەکردەوە. شـتی ئەوتۆیان ڕێک‌ئەخسـت کە ئینسـان سـەری تیا سـوور ئەما. هەچی کارەسات و ڕووداوی ڕاسـت و درۆ هەیە وە یا بیسـراوە، ئەوەندەی تریشـیان لە خۆیانەوە ئەنایە سەر و ئەیانگێڕایەوە. بە قسەی ئەوان ئەمانە هەمووی لەو ڕۆژەدا لە تاسـلۆوجە وە یا لە دەربەندی بازیان لە بەینی هێزەکانی ئینگلیز و شێخ مەحموودا ڕووی ئەدا و ئەهاتە دی. مێژوو، کارەساتە گرنگەکانی پلۆپۆتەز و تەرمۆپیلی دووبارە ئەکردەوە، بەڵام ئەوەش جێی ئینکار نییە کە ئەم ئەفسانە و خورافاتە کارێکی بەتینیشی هەبوو و تەزوێکی خۆش و گەرمی ئەهێنا بە گیانی کوردەکانا. ترۆفیزی جاسووسەکانی ئینگلیز و کردەوەی بێ‌شەرمانەی دەستەودائیرەکەشیان خەڵقی ئەوەندە ڕەنجاندبـوو کە لە ڕێی نەفەسـێک ئازادی و ماوەیەک ژیانی سـەربەخۆییدا، ئەنجام چی ئەبێ ببێ، خۆیان بهاونە ئاگرەوە.

بۆ ئەم حاڵە وەنەبێ، هاندەری ماددیش نەبێ. عەماری حکوومەت لە ڕەواندز هەموو تەحرە زەخیرەیەکی تیا هەبوو. تالانی عەمارێکی وا لەو ڕۆژەدا بۆ دێهاتی و عەشایر شتێکی

کەم نەبوو. نەفسی شاری ڕەواندز تەنیا دوو ئینگلیزی لێ بوو. بیل و ملازمێکی موعاوینی. هێـزی ئینگلیز لە کوردە بە کرێگیراوەکان پێکهاتبوو، ١٥٠ تا ٢٠٠ نەفەرێـک ئەبوو کە ئەمە لە ژێر سـەرەکی نووری باویل‌ئاغادا[1] بوو. بە ڕۆژ موعاوینەکەی بیل مەشـقی پێئەکردن. کات بـەرەو هاویــن ئەچوو لەبەر ئەمە ڕەواندز لەم حەلەدا جمـەی ئەهات، پڕ بوو لەو عەشایرەی کە ڕوویان کردبووە کوێستانەکانی تورکیا و ئێران.

زۆری ئاغاکانــی ئەم عەشـایرە کـۆچ‌وباریان ڕەوانـە کردبوو خۆیان بە سـەڵتی و بە چـەن تفەنگچییەکـەوە مابوونـەوە. شـکی تیا نەبوو کـە چاوەڕێی ئەنجامـی هەراکەی شـێخ مەحموود بوون. خامی سـپی و شـەکری بلووری عەمارەکەی میری و فیشەک و جبەخانـەی عەسـکەرەکان پێی بەسـتبوونەوە. بیل لە وەسـتاوییەکی ئێجگار گرنگ و سـامناک‌دا بوو. بە وەسـتایی بزووتەوە، لە ماوەی دوو ڕۆژا پڕ بە گۆنییەک بانسـکنۆتی گەیانـدە ڕەوانـدز. لەسـەر دەسـی خۆم‌دا ئـەم لێشـاوە ڕووپییەیـەی بەسـەر ئەوانەدا بڵاوکـردەوە کـە لـە ڕەوانـدز چاوەڕوانـی تالان بـوون. بەمـە تالانـی لەبیـر بردنـەوە و چاوبەرەوژێری کردن.[2] ئینجا دوای ئەمە کە ئەوان بەرودوو ڕەواندزیان بەجێ‌هێشـت و ڕووەو کوێسـتان ڕۆیشـتن، بیل پیاوە ناسـراوەکانی ڕەواندزی لە ماڵی خۆیا کۆکردەوە و ویسـتی لەلایـەن بیروباوەڕیانـەوە بەرامبـەر بـە شـێخ مەحـوود و شۆڕشـەکەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکا.

مەبەسـی ئەوە بوو بزانێت کە ئەگەر هاتوو دەستەیەک لە هێزەکەی شێخ مەحموود لە زێی کۆیێ بپەڕێتەوە وە یا بێتوو شـێخ مەحموود جواب بۆ عەشـایری دیوی کۆیێ و

---

١. باویل‌ئاغا، ناوی ڕاستی ئەبووبەکری کوڕی مەلا عەزیزی کوڕی مەلۆکە؛ لەلایەن فەرمانڕەوای عوسمانییەکان تۆمەتبار دەکرێ بە کوشـتنی پزیشـکێکی تورک لە ڕەواندز. پێنج سال لە دیاربەکر زیندانی دەکرێ. لە جەنگی یەکەمی جهانی لەشکری ڕووسەکان دەست بەسەر ڕواندزدا دەگرن. م.س.

٢. ئەوەی جێی سـەیر و عیبرەتە ئەوەیە کە ئەم ڕەئیس و سـەرەکانەی بانگ ئەکرد وای تێنەگەیاندن کە بەپێی سـەر و ژمارەی پیاو و سـواری چەکدار مەواجبیان بۆ ئەبڕێتەوە وە یا قەرز و سلفەیان ئەداتێ. ئینجا یەکێکیان لەوانە نەبوون کە دوارۆژ لێک بدەنەوە و هەرچییان بۆ ئەو ساتە بە مایەی قازانج و وەرگرتنی مەواجب وە یا سلفەی زیاتر ئەزانی بێ‌ئەوەی قەترەیەک ئاوی شەرم و حەیا بە ناوچەوانیانا بێتە خوارەوە ئەیانوت و دەفتەری حیسابیان مۆر ئەکرد و ئەچوونە دەرەوە.

ڕەواندز بنێرێت و داوای یارمەتی وە یا تێکەڵبوون بە شۆڕشـەکەیان لێ بکا بە قسـەی ئەکەن و شوێنی ئەکەون یا نە؟

جگـە لەمەش لێی پرسـین کە ئاخۆ بـە لای ئەوانەوە ئەم کارەی شـێخ مەحموود و یاخیبوونی لە ئینگلیز کارێکی ڕاسـت و باش و بەجێیە یان نە؟ وە لەوەگەیشتوون کە مەبەسی تەماعە و کەڵکی تایبەتی خۆی و بەس.

باویل‌ئاغای یەکە دەمڕاسـت و قسـە لە ڕووی ڕەواندز[1] کە لەگەڵ نەخوێندەواری و نەشـارەزایی بە شارسـتانییەتی، لە هەواڵـی دونیای تەماعدا زۆر زرنـگ و وریا بوو بە جوورێکی وا کە بۆ کەسـێکی خۆی بناسـێت وە یا نرخی وشـە بزانێت ڕەوا نەبێت هاتە جواب و هەندێ قسـەی پڕوپووچی هەڵڕشـت. من لەباتی ئەوە کە ئەم وشـە بێتامانە بـۆ بیـل تەرجەمە بکەم بەناوی ئـەوەی کە کوردێک بووم و بەلامەوە وشـەکانی ئەو لە سنوور چوونە دەرەوەیەکی ئێجگار ناشایستە بوو نەک تەنیا بەرامبەر بە شێخ مەحموود، بەڵکـوو بەرامبـەر بە هەموو قەومـی کورد، خۆم پێنەگیـرا و زۆر بەتوندی ڕووم تێکرد و جـوان ششـتمەوە. بیل لـە توندی و تووڕەیـی منا تێگەیشـت کە وشـەکانی باویل‌ئاغا لایەنگیری شـێخ مەحموودی تیا نییە و زۆر باش بە مەرامی خۆیەتی. لەبەر ئەمە و بۆ هاندانـی باویل‌ئاغا و ڕەئیسـەکانی تر ئەویش خۆی لە من تـووڕە کرد و پێی وتم: «من تۆم بۆ تەرجەمانی هێناوەتە ناو ئەم مەجلیسە، نەک بۆ خۆ تێکەڵاو کردن و شەڕ، وە یا لایەنگیری ئەم و ئەو. ئەبێ هەرچی ئەڵێن بەبێ زیاد و کەم لە منی بگەیەنی. ئینجا پێم بڵێ بزانم باویل‌ئاغا وتی چی؟ من وەلامی بیلم نەدایەوە و هەڵسامە سەرپێ. ڕووم کردە باویل‌ئاغا و ئەوانی تر و بەپێی تێگەیشـتن و بیروباوەڕی ئەو ڕۆژەی خۆم چیم بە باش ئەزانی زۆر بێتوێکڵ و ئازانە پێم وتن و لە مەجلیسەکە هاتمە دەرەوە.

لێرەدا مەردایەتی و جوامێری غەفوورخانی یەندزەم بیر کەوتەوە کە لە ڕانیە بەرامبەر

---

١. باویل‌ئاغا لە پیاوە ناسـراوە دەمڕاسـتەکانی ڕەوانـدز و باوکی نووری ئەفەندی (نووری باویل)ی ڕەئیسـی هێزەکـەی ڕەواندز بوو. ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەوە دوژمنی بنەماڵەی ئیسـماعیل‌بەگ و سـەعیدبەگی باوکی ئیسـماعیل‌بەگ بوون و هەردووکیان (ئیسـماعیل‌بەگ و سەعیدبەگ) بەدەسـی ئەم بنەماڵەیە و نووری باویل کوژران. باویل‌ئاغا داخەکەم هەندێ چاکەشی بەسەرمەوە هەبوو.


غەفوورخانی یەندزە و عەزیزئاغای ئامۆزای و کاک زەکی کوڕی عەزیزئاغا

بە ئینگلیزەکان نواندبووی. ئەویش وەکوو باویل‌ئاغا ڕەئیسێکی کورد بوو، بەڵام داخەکەم باویل‌ئاغا ئازایی و جوامێری خۆی لە سووکی شێخ مەحموودا ئەبینی. هەرچی وەکوو غەفوورخان بوو لەو باوەڕەدا بوو کە سووکی شێخ مەحموود مایەی سووکی هەموو گەورەکانی کوردە. باوەڕی بەوە نەبوو کە ئەو ئینگلیزەی بە سووکی تەماشای شێخ مەحموود بکا بتوانێت بە چاوێکی بەڕێز بڕوانێتە گەورەیەکی تر.

میرزا ڕەشیدی مەهابادی، سەید تەها، میرزا سمایلی مەهابادی

من کە لە ماڵی حاکمی سیاسی ڕەواندز، واتە لە ماڵی بیل لە باویل‌ئاغا تووڕە بووم و هاتمە دەرەوە، ئیتر ئەو ڕۆژە نەگەڕامەوە دائیرە. سبەینێش لە چوون خۆم دواخست تاوەکوو بیل خۆی ناردی بە شوێنما، کە چووم و ڕوانیم بیل ڕووی خۆشە و ئەوەی پێوە دیار نییە کە لێم تووڕە بێ وە یا شتێکی لە دڵدا مابێ! دوای ڕۆژباش و

خواردنـەوەی قـاوە ڕووی تێکردم وتی: «من لـە کردەوەکەی دوێنێی تـۆ نەڕەنجاوم. ئەزانم تـۆ حەقـت بەدەسـە و ئەبێ وا بیـت. سـبەینێش ئەچمە هەولێـر چاوم بە سـەید تەها[1] بکەویـت، ئەمەویت تۆیشـم لەگـەڵ بێ بۆ ئـەم گفتوگۆیە. من بێ ئـەوەی بیانوێـک بێنمەوە ڕاستەوڕاست پێم وت کە بۆ هیچ لایەک ناچم و ئەمەوێت ئیتر بەسی بێت و ئیزنـم بدەی کـە بگەڕێمەوە سـلێمانی. دوای ئەمانەش وتم ئەگەر بێتـوو ئەمجارە ئیزنم نەدەی بڕیارم داوە کە بە بێ‌ئیزنی تۆ بگەڕێمەوە. لەسەر ئەمە بێ‌دەنگ بوو و نقەی لە خۆی بڕی. بۆ سـبەێنی مەعاشی ئەو مانگە و چەن ڕۆپییەیەک تا کەرکووک خەرجی ڕێگەی بۆ دانام و خۆی چووە هەولێر...

لەوەدا شـکم نییە کە خوێنەوە خۆشەویستەکانم لە کردەوەکانی من، بەتایبەتی لەوەدا سـەریان سـووڕ ئەمێنێ کـە ئینگلیزییەکی ئیسـتعماری وەکوو بیل چـۆن و لەبەرچی تا ئەم ڕادەیە لە هەڵەشـەیی و سەرکەشـی من چاوی ئەپۆشـی و هەموو جارێکیش خۆی ئاشـتی ئەکردمـەوە؟! بەڵام ئەمەوێت عـەرزیان بکەم کە جارێ لە پێش هەموو شـتێکا ئەوانەی تا ئێسـتە باسـم کـرد و گێڕامەوە نەک زیادیـم پێوە نابێ، بەڵکـوو لەبەر هەندێ هـۆی ڕەوشـتی و کۆمەڵایەتـی تۆزێکم لە پانـی و درێژییان قارس کردووە و بەشـێکم لە تان‌وپۆیان پچڕیوەتەوە. ئینجا بیل لەگەڵ ئەمەشـا بۆچی لە یەخەم نەئەبووەوە و لەگەڵ تووڕەیی و کەم گورچوویی خۆی چۆن ئەو هەموو لاسـاری و مان‌گرتن و هەڵەشـەیی و ناهەموارییانەی منی ئەخواردەوە و لە بیر خۆی ئەبردەوە وە یا لە ڕوودا چاوی لێ‌ئەپۆشی؟ ئەمە هەرچەن بەلای منیشەوە سەیر بوو و تێی‌نەئەگەیشتم، بەڵکوو گەلێ‌جار ئەکەوتمە ترسـەوە و وام‌ئەزانـی کە ئیتر لەوانـە نییە لێم ببـوورێ و تۆڵەم لێ‌نەکاتەوە؟ دیسـانەوە ئەگـەر بـە هەڵە نەچووبـم بۆ ئـەم نەفەس‌درێژی و لێبـووردن و چاوپۆشـینە هەندێ هۆم بە بیرا دێ کە ئەگەر بەتەواویش وا نەبێ ڕەنگە بەشـێکی لە ڕاسـتی هەر تیا بێ. من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە نەمویستبوو لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیش بکەم، وەکوو خەڵقەکەی تر

---

١. سـەید تەهای شـەمدینان دوای شەڕی شێخ مەحموود و نێررانی بۆ دەرەوەی عێراق بەبێنێک کرا بە حاکمی ڕەواندز. لە کاتی شۆڕشەکەی شێخ مەحمووددا بە تەمای ئەوە بوون کە بیکەن بە حاکمی کوردستان. [زیاتر بە سەید تەهای شەمزینان بەناوبانگە و وەک بنەماڵە پێیان دەڵێن: شێخانی شەمزین یان شەمزینان. س]

بۆ وەزیفە عەریزەم نەدابوو و ناوی خۆم لە دەفتەری داواکەرانی ئیشـدا نەنووسیبوو، کە نۆئێل بە نامەیەک داوای کردمە دیوانەکەی خۆی و پێی وتم منیش وەکوو مەئموورەکانی تر ئیشـێک وە یا وەزیفەیەک وەرگرم، لەبەرچاوی عیززەت و فایق بە نە وەڵامم دایەوە. بۆ یارمەتـی تا ماوەیەکی کەمیش تا شـێخ مەحمـوود ئەمری پێنەکرد ملـم نەدا، ئەویش بەبێ مەعاش. دوایی کە دەس کرایەوە بە تەشکیلاتی مەکتەبەکان بەهۆی ئەوە کە من لە دەوری تورکەکانا مامۆسـتای زمانی فەڕەنسـزی و وەکیلی مودیری مەکتەبی ئیعدادی بووم، لەسـەر داوای خۆم کرام بە مامۆسـتای «ریاضیات»،[1] بەڵام وەکوو لەپێشـا باسـم کردبوو لە کاروباری دائیرە و ئیشی تەرجەمەدا یارمەتی نۆئێلم ئەدا. دوایی دەرسی کوردیم پێ ئەوت تا نەخۆش کەوتم و ئەویش چووە کوردستانی تورکیا. ئینجا دوای نەخۆشییەکەم بـووم بە مامۆسـتای فارسـی کەپتەن بیل و ئیتر لـە یەخەم نەبووەوە. جگـە لەمانە بیل ئەوەنـدەی تـووڕە و تڕزل بـوو، دەماری پیاوەتیشـی هەبوو. لە کاتی هێمنی و شـێنەییدا ڕووی خـۆش ئەبوو و مەیلی چاکەی ئەبزووت. ڕەوشـتی ئازانەی لا خۆش بوو. چارەی پیاوی دووڕووی نەئەویست. ئەیویست بە چاوی گەورە تەماشای بکرێت، بەڵام نەک بـە موونافیقی و دووڕوویی و درۆ، بەڵکوو لە کانی دڵەوە و لە ڕووی خۆشەویسـتییەوە و لە حاڵێکا کە هەست بەوە بکا بەڕاستی بە گەورەی ئەزانیت، کە لاساری لە من ئەبینی ئەیبردەوە سەر سافیلکەیی و کەمتەجرەبەیی. وەکی تریش بە لاوێکی ڕاست و بێڕیا و زرنـگ هاتبوومـە بەرچـاوی. هیوای ئـەوەی لێئەکـردم کـە دوای هەنـدێ تەجرەبە و مەشقێکی سیاسی یارمەتیدەرێکی باشم لێ بهێنێتە ناو و بە کەڵکی خۆی و حکوومەتی ئـەو ڕۆژە بێـم، چونکە لەو ڕۆژەدا تەک خوێندەواری باش و تـەواو هەتا خوێندەواری وەکوو منیش کەم بوو. لەبەر ئەوە بە زۆری مەزانن کە دەس‌خستنی یەکێکی وەکوو من بەلایانـەوە مەبەس نەبووبـێ. جگە لە ئەمانە هەمووی، من ئەتوانم بڵێم کە سورشـت و ڕەوشـتم لەوانە بوو کـە هەموو کوردێکی ئەو دەورە بە چاوێکی خۆشەویسـتی و بەڕێز تەماشام بکەن، چونکە هەرچی دەردێکی بیل هەیە ئەو کاتە بەلامەوە سووک ئەبوو کە

---

[1] ١. لە زەمانی تورکەکانا لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی دوامینی ئیعدادی زمانی فەڕەنسزی ئەخوێنرا، کە ئینگلیزەکان هاتـن ئیعـدادی نەما، کرا بە ئیبتیدایی و لەجیاتی فەڕەنسـزی دیسـان هەر لە پۆلی یەکەمـەوە دەس کرا بە خوێندنی ئینگلیزی.

یارمەتـی لێقەوماوێکـی کوردم پێ ئەدا. جاری وا هەبوو ڕاستەوڕاسـت چاکەم بە خۆی ئەکـرد؛ گەلـێ جاریـش هەر بەهۆی ئەوە کە نزیـک بە بیل بووم نفووزی خۆم ئەخسـتە کارەوە و ئـەم و ئـەوم بـە ئامانـج ئەگەیاند، ئەم کردەوانەشـم کە لـە دوای جیابوونەوەم لـە بیـل، بـە ماوەیەکـی زۆر بـۆم دەرکـەوت لەلایەن بیلـەوە لە ژێـر «تێبیـن»دا بووە. بەبـێ ئـەوەی کە بۆخـۆم قازانجێکـم لـێ دەس کەوتبـێ وە یا بەتەمای پاداشـتێک بم یەکێـک بـووە لەو هۆیانـە کـە نرخی منـی لای بیل زیاد کـردووە و چاوی لـە گەلێک کەموکورتی ترم پۆشـیوە... ئینجا بەکورتی بە ڕەوشت و خووی بە وێڵ و کردەوەی پیاوانە توانیبـووم وا لـە بیل بکەم کە بە چاوێکی باش و بەڕێز تەماشـام بکا و لەبەر ئەمە بوو کە تا بەتەواوی هیوای ڕێکەوتنی لێ‌نەبڕیم و ڕەنجێکی زۆری بێ‌سوودی لەگەڵ نەدام، دەسی هەڵنەگرت و لێم نەبووەوە...

لەم شۆڕشەدا بە هەڵە چوونی شێخ مەحموود

شـێخ مەحمـوود لەم شۆڕشـەدا ئازانـە هاتبـووە دەس و بەجەرگـی و قارەمانیی خۆی دەرخسـتبوو، بـەلام داخەکەم لە تەگبیـروڕادا یارمەتیدەری باش و دڵسـۆزی نەبوو؛ وە یا ئەوانەی بە تەگبیرکەری دائەنان بە هەڵەیان ئەبرد. ڕێشی تێئەچێت کە لەبەر شپرزەیی و بە بیری کات لە دەس‌نەدان، بەپەلە کەوتبێتە شەڕەوە. سەرکەوتنی هێزی شێخ مەحموود لە تاسڵووجە و تەفروتونا بوونی هێزە سووکەکەی ئینگلیزیش بەو گورجییە کە باسمان کرد لەوانە بوو کە ببێتە هۆی بە هەڵە چوون و کەمتەرخەمی لەلایەن لێکدانەوەی ئەنجامی دواڕۆژ و بیرکردنەوەیەکی تەواو دەربارەی ڕووبەڕوو وەستان لەگەڵ لەشکرێکی زوربەی نیزامی و ئاشنا بە فنوونی شەڕ.

ئەگینـا بهاتایـە کـە دوای شـکانی هێـزە پچووکەکـەی ئینگلیز لە تاسـڵووجە، شـێخ مەحمـوود لەجیاتـی ئـەوە کـە هێزەکانـی خۆی هەمـوو لـە دەربەنـد دابمەزرێنێت و چاوەڕوانی هێزی گەورە و پڕچەکی ئینگلیز بکا کە کەوتبووە ڕێ، دەسبەجێ ئەو هێزەی لای خـۆی بکردایـە بە چـەن بەشـێکەوە و هەریەکە لەم بەشـانەی لە ژێر سـەرەکی زابتێکی نیشـتمانپەروەری کورد و چاودێری و یارمەتی یەکێک لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی

وەکوو «کەریمبەگی فەتاحبەگ» وە یا «مەحمودخانی دزلی»دا بناردیایەتە هەرێمێک لە هەرێمەکانی عەشایری کە ئەم ڕەئیسە شارەزای بوو وە یا تێکەڵی لەگەڵیا هەبوو، بەتایبەتی ئەگەر دوای ئەوە کە هێزێکی هەڵبژاردە و تێکەڵ لە چەن عەشیرەتێک و بەشێک لە عەسکەرە (نیزامی)یەکەی لە ژێر سەرەکی دووسێ زابتی ئازا و چەن ڕەئیسێکی عەشایردا لە زێی کۆیێ بپەڕاندایەوە و ئینجا خۆشی بە دوای هێزەکەیەوە بکشایەتەوە شاخەکانی سووورداش و بە شەڕی چەتە ئینگلیزەکانی شپرزە و ماندوو بکردایە، دوور نەبوو کە شۆڕشەکەی بەئاسانی بتەنێتەوە و پەرەبسێنێت و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئاگرەکەی هەموو کوردستانی عێراق بگرێتەوە؛ چونکە ئەو حاڵەی کە لە ڕەواندزدا ئەبینرا لە هەموو کوردستاندا هەبوو. کەسێکی ئەوتۆ نەمابوو کە لە ئینگلیزەکان دڵگیر نەبێ وە یا حەز بە نوشوستییان ئەکا، بەڵام دیارە کە چەن خەفیە و موونافیقێک و پووڵپەرست و وڵاتفرۆشە نارەسەنەکان لەم ژمارەیەدا نین و نەمانهێناونەتە ڕیزەوە...

دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر؛ من و ڕەواندز

دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر من لە ڕەواندزا وەکوو دەسبەسەر مابوومەوە و لە ماڵ نەئەهاتمە دەرەوە. سەید تەها لەم کاتەدا تەواو لە ڕووابوو. دەنگ وابوو کە ئینگلیزەکان بیکەن بە جێنشینی شێخ مەحموود. بیل بۆ ئەوە چووبووە لای کە لەگەڵ ئینگلیزەکانی هەولێر گفتوگۆ و تەگبیری بەربەرەکانی شێخ مەحموودی پێ بکەن و لە نفووزی سەید تەها بۆ سەرنەکەوتنی شێخ مەحموود و سەرنەگرتنی تەقەلای شۆڕشنانەوەی لە بەری کۆیێ و هەولێر و ڕەواندز کەڵک وەربگرن. من کە لە دەوروپشتی خۆم ڕوانی دیم کە حاڵی کورد بەرەو خراپە ئەڕوا و سیاسەتی ئینگلیز لە سەرگرتن و سەرکەوتنایە.

ڕەئیس و ئاغاکانی لە ڕەواندز بوون و ئەوانەی کە بەرەو کوێستان ئەچوون و لەوێ مابوونەوە هەموویان بە پارە و فیشەک و هەندێ دیاری و خەڵات دەمشیرین کرابوون وە یا مەواجبیان بۆ بڕابووەوە. هێزەکەی میری ڕەواندز لە ژێر سەرەکیی نووری باویل لەگەڵ ئینگلیزەکان بوو. لە هەولێریش جارێ بەناوی سەید تەهاوە کە بەتەمای حوکمداری بوو و ئەوەندەی تر نفووزی پەیا کردبوو و بووبوو بە جێی هیوای دوارۆژ؛ وە جارێ بەناوی مەندووبی

سامییەوە بەیاننامە (مەنشوور)ێکی کوردی وە یا فارسییان بڵاوئەکردەوە و بەم جوورە پڕوپاگەندە و سیاسـەتە و بـە چەن کۆبوونەوەیەک لە بەینی ئینگلیزەکان و سـەید تەهـا لەلایەکەوە و لە بەینـی سـەید تەها و ڕەئیسـەکان و ئاغاکانـی کوردا لەلایەکی تـرەوە ئەوانەی بـە بەرتیل و دەمشـیرین کـردن چـاریان نەکرابـوو بـە هەڕەشـەی بێدەنـگ و تەنـگاو کـردن بیریان پێ گۆڕابوو و ڕوویان پێ وەرگێڕابوو. لەبەر ئەمە و بەتایبەتی لە شـاری هەولێر و بەشێکی شاری کەرکووک پڕوپاگەندەیەکی تەواو دەربارەی شێخ مەحموود دەسیپێکردبوو.



دیمەنێکی شاری هەولێر

ئینجا هەروەکوو ئەستێرەی بەختی شێخ مەحموود ڕووی کردبووە کزی و لووتی لاوانی وڵاتپەروەر هاتبووە نەوی بوون، منیش لە عاسـتی خۆمەوە کەوتبوومە گێژاوێکی بێبنی لێکدانەوە و سەعاتی دەرەکم دەسی کردبوو بە لێدان! خانووەکەم لەناو باخێکا کەوتبووە دەرەوەی خۆراوای شاری ڕەواندز و بەتاقی تەنیا منی تیا بووم.

لەو ڕۆژانەدا بەناوی پاسەوانی و خزمەتەوە نووری باویل نەفەرێکی بە تفەنگەوە بۆ ناردبووم. شـەوان ئەهاتە ژوورەکەم و ڕاسـت و درۆ هەندێ باس و هەواڵی شەڕی شێخ مەحموود و دەنگ‌وباسی ناو بازاڕ و خەڵقی شارەکەی بۆ ئەگێڕامەوە. بە قسەی ئەو شێخ مەحموود ڕوو لە سـەرکەوتن و پێشـکەوتن بوو. لە ڕاستیشـدا شێخ مەحموود یەک‌دوو جار هەڵمەتی بردبووە سەر هێزەکانی پێشەوەی ئینگلیز و لە دەرەوەی شەقامی گشتی و

لاڕێــوە دەستەسـوارێکی تا سـنووری کەرکووک ناردبـوو و هەواڵی لەشـکری ئینگلیزی تاقیکردبـووەوە. نەفەرەکەی کە نووری باویل بـۆی ناردبووم بەلامەوە جێیباوەڕ نەبوو و من شکم لێئەکرد، بەڵام ئەو خۆی زۆر بەکوردخواز و لایەنگیری شێخ مەحموود پیشان ئـەدا و بـەدڵ خزمەتـی ئەکردم. دیـوی دەرەوەی باش ئەهاتە بەرچـاو و پیاوانە لەگەڵم ئەجووڵایـەوە. وردەوردە لەگەڵـی ڕاهاتبووم و خەریـک بـووم متمانەی پێ بکەم. لەگەڵ ئەمەشـا کە شـەوێکیان پێی وتم ئامادەیە بە خـۆی و تفەنگەکەیەوە هەڵێت و لە ڕێی چیاکانەوە بمگەیەنێتە لەشکرەکەی شێخ مەحموود باوەڕم پێنەکرد. لەوە ئەترسام ئەمە فێڵێکـی ڕێخـراو بێ لەلایەن نـووری باویل و موعاوینە ئینگلیزەکەوە بۆ تێگەیشـتن لە بیری من وە یا بۆ لەناودانم لە چیاکانا...!

گیرانم لە ڕەواندز و ڕەوانە کرانم بۆ بەندیخانەی کۆیێ

من خۆم بۆ هەلێک ئەگەڕام کە بتوانم بەبێ قۆرت و بەرهەڵست بگەڕێمەوە سلێمانی، چونکە ئەو ڕۆژە کە هێزەکانی ئینگلیز و شـێخ مەحموود لە بەینی ڕێگەی کەرکووک و سـلێمانیدا خەریکـی بەیەکاچـوون بـوون لـەو ڕێگەیـەوە نەمئەتوانـی بگەڕێمەوە و ئینگلیزەکانیش ئەمەیان نەئەهێشـت. لە لاڕێشەوە، واتە بە چیاکانا گەڕانەوەم پێویستی یارمەتی هەندێ کەس بوو کە ئەمیش دوای نەرمکرانی ڕەئیسـەکانی ڕەواندز و سەرەک عەشـیرەتەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شتێکی سـووک و ئاسان نەبوو. وەکوو وتبووم لە نەفەرەکـەی نـووری باویلیش دڵنیا نەبووم، بەڵام بەیانی ئەو شـەوە کـە نەفەرەکە بیری ڕاکردنی تاقیکردبوومەوە موعاوینەکەی بیل بەناوی پاریزگارییەوە چوار سوار عەسکەری لیفی نارد و ئەمری پێکردم کە لەگەڵیان بگەڕێمەوە کۆیێ. ئەو ڕۆژەی گەیشـتینە کۆیێ شـەو لـە ماڵی خۆما نوسـتم، چونکە لـەوێ خانووەکەم چۆڵ نەکردبـوو و نۆکەرێـک و شەفیقی برام کە لە تورکیا زابت بوو و بە سەردان هاتبووەوە لە کۆیێ چاوەڕێیان ئەکردم. بەیانی هێشتا شەبەقی نەدابوو لە دەرگا درا، نۆکەرەکە دەرگای کردەوە. من خەواڵوو بووم کە عەریفێکی ئینگلیز و پۆلیسێک هاتن و لەناو جێ هانیمیانە دەرەوە؛ دوای خوگۆڕین بردمیانە سەرا؛ هێشتا کەس نەهاتبووە سەرا.

بەندیخانـە لـەو ڕۆژەدا لـەناو سـەراکە بـوو. ئینگلیزەکـەی لەگەڵـم بـوو دەرگای بەندیخانەکـەی بە وەردیان کردەوە و منیان خسـتە ژوورەوە. ئەوانەی کە لەوێ گیرابوون ئەیانناسـیم و چاکەم بۆ هەندێکیان بوو بوو. بەجارێ ڕاسـت بوونەوە و بە حەپەسـاوی و چاوێکـی بەڕێـزەوە بەرەو پیرییان کـردم. بە وێنەی دەروێش و موریـد کە لە دەوری مورشدیان ئەئاڵێن دەوریان دام و کش ومات دانیشتن. من کەوتمە خۆش وچۆنی لەگەڵیان و بـە ڕوویەکـی خۆش و دەمێکـی بەخەنـدەوە کەوتمە گفتوگـۆ و دڵخۆشـیدانەوەیان و نەمهێشت دڵتەنگ بن و ماتەمینی دایانبگرێت.

وەکـی تریش هەوڵی ئـەوەم دا کە لە کەپتەن ڕاندەڵی حاکمی سیاسـی هۆی گیرانم بزانـم، بەڵام کەڵکێکی نەبوو. بـۆ حەماغای حاکمی شـار و جەمیل ئاغای نائیبی حاکم یەک دوو کاغەزم نووسی و داوام لێ کردن کە لە ڕاندەڵ بپرسن و هیچ نەبێ بزانن بۆچی خراومەتە بەندیخانەوە، سوودێکی نەبەخشی و وەڵامێکیان نەدامەوە...

ئـەوەش دیار نەبـوو کە ئینگلیزەکان بەتەما بن شـتێکم لێ بپرسـن وە یا بمخەنە ژێر موحاکەمەوە، بەڵام داخەکەم لەناو ئەم هاوڕێ تازانەدا تەنیا چەن سـەعاتێک مامەوە. دوای ئەوە کە ڕاندەڵی حاکمی سیاسی هاتە سەرا و پێی زانی کە خراومەتە بەندیخانەی گوناباری عادییەکانەوە، دەزبەجێ ئەمری دا ژوورێکیان بۆ چوڵ کردم و بەناوی گوناباری سیاسـییەوە بەتەنیا خرامە ئـەو ژوورەوە، کە ڕوانیم، گیراوەکانـی بەندیخانە ئەوەندی بە گیرانم خەفەتیان خواردبوو ئەوەندەش بە جیابوونەوەم لەوان پێی تێکچوون و خەفەتبار و پەست بوون. وادیار بوو کە ئەوان نیازیان وابوو ئەم هەلە لە دەس نەدەن و تا لەناویانا بمێنمـەوە بە هەر جوورێکی بۆیان بکرێت و بلوێـت دڵم ڕابگرن و بملاوێننەوە. ئینجا پەستی ئەوە بوون کە ئەم هەلەیان لە دەس ئەچوو و جیابوونەوەم لەوان لەم پیاوەتی و خزمەتە بێبەشـی ئەکردن. ڕەنگـە باوەڕ نەفەرموون کە ئەمجـۆرە لێکدانەوەیە و بیری چاکە و پیاوەتییە لە پۆلی گوناباری عادییەکانا هەبێ وە یا هەسـتی پێ بکەن، بەڵام من لەوەدا گومانم نییە کە ئەو هەست و بیروباوەڕە پیرۆزانە کە لە کۆمەڵە (مجتمع) بەرزەکانا وردەوردە ئەشارڕێتەوە، لەم چەشنە کۆمەڵانە و جێگە تاریکانەدا و لە دڵ و گیانی ئەم جـوورە مەخلووقـە دواکەوتووە گونابارانەدا هێشـتا ماوە و ئەبینرێـت. لەبەر ئەمە ئەگەر

ڕاستتان ئەوێت من لەگەڵ ئەوەشا کە لە تاریکی و بۆگەنی ئەو بەندیخانە تەنگ و ناخۆشەدا، لە تەنیشت ئەو گیراوە چڵکن و ئەسپێونە بەسەزمانانەدا لەوانە نەبوو بتوانم بخوێنمەوە وە یا بنووسم وە یا بە دڵی خۆم بخۆم و بخۆمەوە وە یا حەلێکی بێدەنگ و بێقرەم دەسکەوێت کە تیا بنووم و کەمێک بحەسێمەوە، دیسانەوە لە کانگای دەروونما هەستم بەوە کرد کە لە هەندێ هاودەم و هاوڕێی گیانی جیا ئەکرێمەوە کە بە هەستێکی پاک و بێغەشی ئینسانی، وەحشەتی بەندیخانەکەیان لەبیر ئەبردمەوە...!!

٣٠

که گواستمەوە ژووره تایبەتییەکە کابرایەکیان هێنا و لەبەر ژوورەکەما ڕایانوەستان. ئەمە پاسەوانم بوو و بە ڕۆژانە گیرابوو. هێشتا کورتەک و دەرپێی نەگۆڕیبوو، چونکە لەو ڕۆژەدا هەرای ئینگلیز و شێخ مەحموود له دەربەنددا نەبڕابووەوە و بەگەرمی دەوامی ئەکرد. لەبەر ئەمە هەرچی پۆلیسێک که له شاری کۆییێ بوو نێررابوونە سەر بوارەکانی زێ که بەرهەڵستی پەڕینەوەی هێزەکانی شێخ مەحموود بکەن و ماوەی ئەوە نەدەن که شۆڕش بکەوێتە دیوی هەرێمی کۆیێ. ئینجا بۆ کاروباری دائیرەکانی حکوومەت و پاریزگاری ناوشار، له بێ ئیشەکانی ئەهالی هەندێ کەسیان بەکرێ گرتبوو.

پاسەوانەکەی من یەکێک بوو لەوانە. تفەنگێکی کۆن و چوار فیشەک و چەن قەوانێکی هەڵگرتبوو. ئەوەشیان پێ سپاردبوو که ڕێگەی کەس نەدا بێتە لام وە یا قسەم لەگەڵ بکا؛ واتە یاسای ئیختیلاتیان لێکردبووم، بەڵام کابرا له یاسای ئیختیلات تێنەگەیشتبوو. وایزانیبوو که ئەبێ له ژوورەکەی خۆما لەگەڵ وەردیانی بەندیخانەکەش، هەتا لەگەڵ پاسەوانەکە خۆی نابێ قسە بکەم. من ئاگام لەمە نەبوو.

لەبەر ئەوە بێ پەروا داوام له وەردیانەکە کرد که بنێرێتە ماڵەوە بۆ دەستێک پێخەف (نوێن) و تاقمی چا و جگەرە و هەندێ کتێب و کاغەز. کابرای پاسەوان وتی: «ئەفەندی قسە مەکە!» که وتم بۆچی؟ وتی: «پێت ئەڵێم قسە مەکە!» من پێکەنیم و ڕووم کردە وەدریانەکە که قسەکەم تەواو کەم. ئەو سایە لوولەی تفەنگەکەی نایە سەرسنگم و وتی: «لەوە زیاتر قسە بکەی ئەمرم پێیە بتکوژم!» ئەو حەلە نقەم لە خۆم بڕی و له ژووره چوڵوهوڵەکەدا دەسم کرد بە هاتوچۆ. وەردیانەکە ڕیش سپییەکی وریا و کاردیدە بوو، چووبووە لای مەلا ئەحمەدئاغای مودیری پۆلیس. نەفەرێکی زیرەک و مەشق پێکراوی میری هانی و کابرای کرێگرتەیان دەس پێوەنا و له دەرەک ڕزگارم بوو. ئەو شتانەش که پێویستم بوو بۆم هات و جارێ پاڵێکم لێدایەوە.

دوای چەن ڕۆژێک لە ڕووی نەجووڵانەوە و بێ هەتاوی و ڕتووبەتی ژوورەکەم و لەبەر خەمباری و سەغڵەتی و دڵتەنگی کەمێک بێ تاقەت بووبووم و هەستم

بە نەخۆشــی ئەکرد. لەبەر ئەوە نامەیەکم بۆ ڕاندەڵ نووســی و داوای پزیـشکێکم لێ‌کرد. دوو ڕۆژ چاوەڕوانی دوکتۆر بووم، بەڵام هیچ دیار نەبوو.

من لە ماوەی ئەم گیرانەما کە شــەڕی شــێخ مەحموود و ئینگلیز جارێ لە دەربەند بەتوندی و گەرمی دەوامی ئەکرد، هەر ســاتە بەجوورێــک لەگەڵم ئەجووڵانەوە و هەر دەمە چەشنە کردەوەیەکم ئەبینی. ڕۆژی وا ئەبوو پاسەوانەکەم چاوی ئەپۆشی و هەندێ دۆســت و هــاوڕێ ئەهاتنــە لام و لەبەر دەرگاکــەوە خۆش‌وچلۆنییان لەگــەڵ ئەکردم و هەندێ باس و هەواڵیان بەپەلەپەل وە یا بە ڕمووز تێئەگەیاندم. جاری واش ئەبوو کە بە دوو ڕۆژ کەسێکم نەئەبینی؛ پاسەوانەکەیان ئەگۆڕیم وە یا یەک‌دوانێکیان لێ زیاد ئەکرد. بۆ دەس بەئاوگەیاندن کەسـم لەگەڵ نەئەهات. کەچی هەندێ جار ڕایانئەگرتم تا سێ و چوار نەفەریان بە تفەنگەوە ئامادە ئەکرد و ئەیانناردە دەوروپشــتی ئاودەسخانەکان. ئیتر وای لێ‌هاتبوو کە بە ڕەوشتی پاسەوانە پۆلیسەکانما ئەمزانی لە دەرەوە و ناو بازاڕ چە باسە؟ واتە بەپێی هێمنی پۆلیســەکان وە یا توندی و تووشــییان لەگەڵم، بۆم دەرئەکەوت کە ئەو ڕۆژە باســی ســەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیز لەناوایە یا هی شێخ مەحموود. هەر ڕۆژێک دەنگی شکســتی هێزی ئینگلیز لەناوا بووایە من ئەکەوتمە خۆشــییەوە. لەچاو پۆلیس و پاســەوانەکانا بــەرز ئەبوومــەوە؛ بــە دەورمــا ئەهاتن؛ چاو و قــاوەیان بــۆ ئەهێنام؛ ڕێی هات‌وچۆی پرسیاریان ئەدا؛ چاویان لە کردەوەکانم ئەپۆشی. شەوان ڕێی گۆرانی‌بێژیان ئەدا کە ئەهاتنە لام و گۆرانییان ئەوت. لە حەوشی سەرادا کورسی دائەنرا و مەجلیس ئەگیرا و ئەبوو بە بەزم و هەرا...

بەپێچەوانەی ئەمە کە هەواڵی شکســتی هێزەکانی شێخ مەحموودیش لەناوا بووایە ئەو پاســەوانە ڕووخۆشــانە دوور ئەکەوتنەوە وە یا دوور ئەخرانەوە و هەندێ پۆلیس و پاسەوانی وام لێ پەیا ئەبوو کە لە ڕووی گرژ و تڕوفیزی کەرانە بەلاوە شتێکیان نەئەزانی. ئەمانــە خــۆیان گیــڤ ئەکرد و لێـم ئەبوون بــە عەنتەر. بەم چەشــنە هەر خۆشــی و دڵشــادییەک کــە ڕۆژێ لەوە پێش دیبووم و ڕامبواردبوو لە بــن دانیان دەرئەهێنام و لە بیریان ئەبردمەوە.

دەنــگ وابــوو کە ئەو فیرقــە عەســکەرەی بەپەلەپــەل داوا کرابوو[1] لەگــەڵ جەنڕاڵ فرایزەر لە کەرکووکەوە پەیتاپەیتا ڕووی کردبووە ناوچەی شــەڕ و لە ۱۸ای حوزیرانی ۱۹۱۸ گەیشتبوونە بەردەمی لەشکرەکانی شێخ مەحموود. خەڵقی کۆیێ بەشی زۆریان حەزیان بە ســەرکەوتنی شــێخ مەحموود ئەکرد، بەتایبەتی لاوەکان و کاســبی ناو بازاڕ و بەشــی ڕەشــۆکی، بەڵام دەســتەی لاوەکان و خوێندەوارەکان هەر بەجارێ گڕیان لێ‌ئەبووەوە و کارەبایەکی نیشــتمانپەروەری ڕەگەکانی لەشــیانی هێنابووە لەرینەوە. دەنگی ســەرکەوتنی لەشــکری شــێخ مەحمــوود و هەواڵی قارەمانی پاڵەوانــی کوردیان بۆ یەکتــر ئەگێڕایەوە و شــانازییان پێوە ئەکرد. بەکورتی خەڵق هاتبوونە ســەرپێ! ترسیان لە جاسووس و خەفیە نەمابوو. شــەوان پاش بانگی شــێوان هەندێ کەس ئەهاتنە لام. وەکوو لە ســەرەوە باســم کردبــوو لە حەوشــی ســەراکەدا جێگــەیان ڕائەخســت، کورســییان دائــەنا و ئەڵقەمان ئەبەســت. هەندێ شەو پاســەوانەکانیش چاویان ئەپۆشــی و گۆرانی‌بێژی دەنگ‌خۆش ئەهاتن و بەزمیان بۆ ئەگرتین، بەڵام داخەکەم ئەم بەزم و خۆشییە تاسەر نەبوو...!

---

۱. فیرقەی هەژدەمینی ئینگلیز لە مووســڵەوە داوا کرابوو کە بچێتە ســەر شــێخ مەحموود، بەڵام لەناو خەڵقا دەنگ وابوو کە ئەم فیرقەیە لە هیندستانەوە نێرراوە...

٣١

سدیق ئەفەندی ناو کابرایەکی هیندی بوو. ئەمە لای ئینگلیزەکان موحاسب بوو. من بە پیاوێکی زۆر بێ‌غیرەت و پەسمایەم ئەهاتە بەرچاو. هەر بە جاسووسم ئەزانی و لەبەر ئەمە زۆر بە چاوێکی سووک تەماشام ئەکرد. پێش ئەوە کە بچمە ڕەواندز جارجار لە دائیرە ئەهاتەلام وە یا لە دیواخانەکانا تووشی ئەبووم ڕووم نەئەدایە و خۆم تێنەئەگەیاند، بەڵام لە بەرۆکم نەئەبووەوە و بەجوورێکی وەستایانە باسی ئینگلیزەکانی ئەهێنایە پێشەوە و دەماری ئەگرتم. منیش لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمزانی بۆ ئەوە ئەگەڕێت لە بیروباوەڕی من بگا دیسانەوە خۆم پێ‌نەئەگیرا و ئەوی جاسووسێک بۆی ئەگەڕێت پێشکەشم ئەکرد. جگە لەمە سدیق ئەفەندی خۆشیم بێ‌بەش نەئەکرد و چیم پێ ڕەوا ئەبینی ئەمکرد بە سەرباری. ئەو خۆی بە زۆڵە ئینگلیزێک دائەنا و بەرامبەر بە خەڵق ترۆفیزێکی ئێجگار زلی هەبوو و بەلای لووتەوە قسەی لەگەڵ ئەکردن. لەبەر ئەمە هەرچەن لە ڕوودا نەیئەوێرا نقە بکا و بەتەواوی سەرکوێر و شپرزەم کردبوو، بەڵام لە دڵا زۆرم لێ پڕ بوو و بۆ هەلێک ئەگەڕا کە وەکوو مار پێمەوە دا و تۆڵەم لێ بسێنێتەوە.

لە کاتێکا کە من بەهۆی هات‌وچۆی لاوەکانی «کۆیێ»وە شەوان لە حەوشی سەرا بە بەزم و گۆرانی و لاوک و قەتارەوە ڕامئەبوارد، ڕۆژێک لەپڕا قەدەغەی هات‌وچۆم لێ کرایەوە و چوار پاسەوانی تازەی تفەنگ بەدەسم بەسەرەوە دانرا و لەو ڕۆژەوە بۆ دەس بەئاوگەیاندنیش بەتەنیا ڕێیان نەئەدام و بە دیارمەوە ئەوەستان. ئیتر کەس لێی نەئەپرسیمەوە و هات‌وچۆکەر پێیان بڕی و چاوم بە کەس نەئەکەوت. ئێوارەیەک پێش تەواوبوونی دەوامی دائیرەکان بە چەن دەقیقەیەک سدیق ئەفەندی دەرکەوت و دوای هەواڵ‌پرسین وتی: «زۆرم پێ ئەوتی کە دەربارەی ئینگلیز زمانت بپارێزە، چونکە بێ‌ڕەزان و ئەمانیان بۆ نییە![1] بەڵام بە قسەت نەئەکردم. ئەوا تووش بوویت.» وتم: «چیم کردووە کە تووش بم؟»

وتی: «ئاوا ئاگات لە خۆتە؟ دیارە نازانی کە دوای گەڕانەوەت، لە ڕەواندز گەلێ

---

١. سدیق ئەفەندی لەگەڵ من بە فارسی قسەی ئەکرد.

کـردەوەی بێ‌جـێ و خیانەت و ناپاکی تۆیان بـۆ دەرکەوتووە. لەبەر ئەمـە نازانم کارت بە چێ ئەگا و دوارۆژت چۆن ئەبێ؟ خوا بکا هەر ئیعدام نەکرێیت» ئەمەی وت و ئیتر نەوەستا، وەکوو لە شتێک بترسێت بەگورجی لێم دوور کەوتەوە...

بەڕاستی لەم قسـانە کەوتمە ئەندێشـەیەکی گـەورەوە. نامەیەکی حاجـی نەوڕەس ئەفەندیـم هاتـەوە بـە بیرا کە پێـش چەن ڕۆژێـک لـە ڕەواندزەوە بـۆی نارد بووم. لەناو پیاوە ناودارەکانی ڕەواندز یەکەمین کەس کە بووبوو بە دۆسـت و ئاشـنام و بە زرنگی و وریایـی خۆی لە من هێنابووە پێشـەوە، حاجـی نەوڕەس ئەفەندی بوو. ئـەم کابرایە لە پیاوەکانی میریی دەوری عوسـمانی بـوو. دیواخانەیەکی کراوە و بـەنان و قاوەی هەبوو، لەگەڵ کاربەدەستی حکوومەتی هەموو دەورێکا وەکوو یەک دۆستایەتی ئەگرت و زۆر باش ئەچـوو بەڕێـوە؛ لەبەر ئەوە یەکێک بوو لە ناسـراوەکانی دەوری خۆی و جێگەی هیوای لێقەوماوان و پەنای ئەوانە بوو کە ئیشـیان ئەکەوتە لای کاربەدەسـتەکانی میری. لەگەڵ ئەمەشـا کە چووبووە ساڵەوە دیسانەوە بە چەشنی لاوێکی هەرزەکار بەگوڕ بوو. ئەیزانی چۆن ئەژی. قازانجی خۆی لە هەموو دەورێکا پاراسـتبوو و لە کاربەدەستەکانی دەوری عوسـمانی و دوای ئەوان، هی ئینگلیزەکان و بەینێکیش هینی تورکەکانی دەوری مستەفا کەمال نزیک کەوتبووەوە، کە لە ڕەواندز بۆ ماوەیەکی کەم عەلی شەفیق‌بەگی میسری بە تاقمێک عەسکەری تورکەوە هاتبووە ڕەواندز و لە ژێر ناوی ئۆزدەمیر پاشا لەو ناوەدا بەناوی مسـتەفا کەمالەوە دەسـی کرد بە هەڵسـووڕاندنی کاروباری حکوومەت و پڕوپاگەندە بۆ تورکەکان، حاجی نەوڕەس ئەفەندی لەوێش خۆی نزیـک خستبووەوە و بووبـوو بـە کلیلـی عەقڵی. منیش کـە لەگەڵ کەپتەن بیـل چوومە ڕەوانـدز زۆر خۆی تێهەڵئەسـووم و گەلـێ جـار خواوناخـوا نانـم لەسـەر سـفرە و سـینی ئـەوا خواردبـوو. ئەویـش لە دۆسـتایەتی مـن کەڵکـی وەرئەگـرت و لەلای کەپتـەن بیل هەنـدێ جار کاروباریم ڕاپەڕاندبوو.

لـە جێبەجێ‌کردنـی ئیـش و کاری میـوان و ئـەم و ئەویشـا یارمەتیم ئـەدا و مافم بەسـەریەوە هەبـوو. لەبەر ئەمە کە هاتمەوە کۆیێ و لـە بەندیخانەدا بووم نامەیەکم لێ وەرگرتبوو. لەو نامەیەدا ئەیوت:«دوای ڕۆیشـتنت بۆ کۆیێ موعاوینی حاکمی سیاسـی

کەوتە پرسین و کۆڵینەوە. چەن ناکەسێکی سپڵە زمانیان بە خراپە لە تۆ خستەکار. چابوو کـە موعاوین لە منیشـی پرسـی و بیریم گۆڕی. بەهـۆی کوڕەکانیشـمەوە لەگەڵ خزم و دۆستان وامانکرد کە ئەوانیش زمان بگۆڕن و هەر بەم تەرحە نەمانهێشت کەسی تریش لـە چاکە بـەولاوە شـتێکت دەربارە بڵێت.» من لەڕاسـتیدا کـە ئەم نامەیـەم وەرگرتبوو ئەوەندە نرخم نەدابوو بە قسەکانی حاجی نەوڕەس و لێی ورد نەبووبوومەوە، وامئەزانی کە تەنیا بیل خوی لێم زیزە و ئەیەوێت عەزیەتم بدا، واتە لە نامەکەی حاجی نەوڕەس



دیمەنێکی تازەی شاری کۆیێ

وام بـە بیـرا هاتبـوو کـە ئەیەوێت بڵێـم کابرایەکی بەوەفایـە و مافی چاکـەم ئەداتەوە، بەڵام قسـەکانی میسـتەر سـدیق بوو بەهۆی ئەوە کە بیر لە نامەکەی حاجی نەوڕەس بکەمـەوە. جارێـک ئەموت باشـە ئەوا ئـەو ئەڵێت بیری موعاوینم گۆڕی و نەمهێشـت لەلایەکی تریشـەوە لە چاکە بەولاوە شـتێک بڵێن. ئەی ئەمەی سدیق ئەفەندی چییە؟ کامیـان ڕاسـت ئەکەن؟ تۆبڵێـی حاجی نەوڕەس بەتـەواوی ئاگای لە باسـەکە نەبێ و شـتێکی وام بـۆ ڕێکخرابێ کە مەترسـی لە ئەنجامـی بکرێت؟ بەم جـوورە پێنج ودوو، هێنان وبـردن و بـە لێکدانـەوەی دووړودرێـژ و بیرکردنـەوە لـە هـەزاران قسەوباسـی ڕابووردوو و بە هەستان و دانیشتنی تا ئەو ساتەم ئەمویست کە لەلایەن گوناباری وە یا

بێگوناهی خۆمەوە لەسەر بڕیارێک بوەستم، بەڵام سوودێکی نەبوو و هەر بیرێکی ئەمکردەوە پێش ئەوەی بیگەیەنم بە ئەنجامێک بە بیر و خەیاڵێکی تازە پەردەیەکی ئەهات بەسەرا و لەبیرم ئەچووەوە وە یا لێم ئەشێوا و تێکەڵ بە بیرە تازەکە ئەبوو. دنیا بەرەبەرە تاریک ئەبوو و شەو داهات. دڵم ئەوەندەی تر گیرابوو. دوای خەیاڵاتێکی دوورودرێژ و پەرش‌وبڵاو، ئەو شەوە بە برسییەتی لەناو جێگەکەما ڕاکشام و نازانم چۆن و کەی خەوم لێ‌کەوتبوو. نزیک بەیان خەبەرم بووەوە و دووبارە کەوتمەوە زەریای بێ‌بنی خەیاڵاتەوە. ڕابووردووم وەکوو شریتێکی سینەما هاتەوە بەرچاو. سلێمانی، خزمان، دۆست و ناسیاوان، ماڵ و ژنەکەم (ئەوسایە هێشتا مناڵم نەبوو)، هەموو شتێکم دوابەدوای یەک، بە تیژی و لە پشت پەردەیەکی تەمەوە بە بەرچاوا ئەهات و ئەڕۆیشت. دەربارەی گەلێ کەس کەوتمە شکەوە. زۆر لە دۆستەکانم وەکوو دوژمن هاتە بەرچاو. پەریم لێ بوو بە جنۆکە و مەلائیکەم لێ بوو بە شەیتان. داروبەردم کرد بە جاسووس



دیمەنێکی شاری سلێمانی، ناوچەی حکوومەتی شێخ مەحموود

باوەڕم بە چاکە و بە ڕاستی و بە خێر نەما. هەموو شتێک لە چاوما بوو بە خراپە، بەشەر و هەموو کەسێکم لێ بوو بە مایەی فیتنە و هەوێنی فەسادی. لاوێکی کەم‌تەجرەبە بووم. لە مردن ئەوەندە باکم نەبوو. خەفەتی ئەوەم ئەخوارد کە دونیا بە شەڕ و خراپە داگیر کرابێ. لەوە دڵتەنگ ئەبووم و ماتەمینی ئەیگرتم کە ئەوانەی بە

سـووکم ئەهاتنــە بەرچاو بتوانن سـەرکەون و بە فەوتاندنی من بڕوا بە هەسـتی خۆیان بکەن و لەشکری شەڕ و خراپەیان پێ بەهێز ببێ...!

ئینجـا کـە تاریکی شـەو بەسـەرچوو و سـپیدەی بەیان گێتـی ڕوون کـردەوە ئەو کتێبەی لە تەنیشـت جێگەکەمەوە بوو گرتم بەدەسـەوە و لەسەر گازی پشت کەوتمەوە خوێندنەوەی. کتێبەکە تورکی بوو. سـەعید فەوزی شـاعیری خەڵقی سلێمانی و مودیری ڕێژی (ئینحسار)ی کۆیێ لەگەڵ چەن کتێبێکی تری تورکی بۆی ناردبوومە بەندیخانەکەم. حەکایەتێکی دوورودرێژ بوو. باسی کەشتی (سەفینە)یەکی ئەکرد کە لە ئەنجامی گێژاو و گەرداوێکی زەریادا نوقوم بووبوو. بەسـەرهاتی دوای نوقومبوونی کەشـتییەکە و هەواڵی چەن نەفەرێـک لە سـوارەکانی کە بەسـەر کەشـتییەکەوە بوون ئەگێڕڕایەوە. ئەمانە کە بە دیمەن ڕزگاریان بووبوو ڕۆژەها بەسـەر پارچە تەختەیەکەوە لەگەڵ بەخت زۆرانیان گرتبوو. دەردی برسییەتی و تینوەتییان کێشابوو. بە بریـنداری و نەخۆشی لە ژێر لێزمەی تـۆف و بارانــی بەهارا تەقەلای ئـەوەیان دابوو کە خـۆیان بگرن، ئەو پارچــە تەختەیە بەرنـەدەن و نەکەونە زەریاکەوە. بەرامبەر بە زیندەوەر و دڕەندەکانی زەریا بە دەس و بـە قاچ، بـە دان و بە نینۆک بەرەبەرەکانییان کردبوو و هەزاران قۆرت و بەدبەختی و تەنگ‌وچەڵەمـەیان هاتبووە ڕێ... من پێش ئەو شـەوە ناخۆشـە بەشـێکی زۆری ئەم کتێبـەم خوێندبـووەوە، بەڵام دوو ڕۆژ بوو لە تەنیشـت جێگەکەمـەوە دامنابوو و بۆم نەکرابـوو تـەواوی بکەم. ئەوا ئەم بەیانییە دەسـم کردبـووەوە بە خوێندنـەوەی. نازانم ئەنجامی کابراکانی سەر ئەم پارچە تەختەیە بە چی ئەگات؟ لەگەڵ ئەمەشا ئەنجامی خۆم بەست بە ئەنجامی ئەوانەوە.

وتم ئەگەر بێتوو ئەمانە لەم زەریایەدا لە دوای ئەم هەموو کارەساتە هەزار چەشن و گرنگە ڕزگاریان ببێ و بگەڕێنەوە دونیای ژیان و خۆشـی، دوور نییە منیش لەم ڕۆژە تاڵ و ناخۆشـە و لەم بێهیوایی و دەرەک و ئازارە ڕزگار ببم. زۆر بێوەرە و خەمبار و پەشـۆکاو بووم. ئەبەد ئەوەندە بێئۆقرەییم بە خۆمەوە نەدیوە، لەگەڵ ئەمەشـدا هەوڵم ئـەدا کە کتێبەکە بخوێنمەوە و تێیبگەم، ئەنجامی ئەو بەسـتەزمانانەی سـەر پارچە تەختەکە بزانم، چونکە ئەنجامەکەی ئەوان بەلامەوە ئەنجامی خۆم بوو و ئەو ئەنجامەم

کردبوو بە فاڵی بەختم. دیارە کە ئەمتوانی ڕاستەوڕاست دوایی حەکایەتەکە بخوێنمەوە و لـە ئەنجـام تێبگـەم، بەڵام وام پێ خـۆش ئەهات کە لـە وێنەیەکـی تەبیعیدا بگەمە ئـەو ئەنجامـە. لە دوای سـەبر و خۆگرتن، واتە لە دوای ڕەنجـی خوێندنەوەی هەموو کتێبەکە فاڵی بەختم دەرکەوێ و بیدۆزمەوە. وتبووم کە لەسەر گازی پشت ڕاکشابووم و ئەمخوێندەوە. ئینجا سـەرم کەوتبووە لای دەرگای ژوورەکەم، واتە لە پشـتی سـەرمەوە چاوم لە حەوشـی سـەرا بوو. جارجار بەبێ مەبەس ئەمڕوانییە ناو حەوشـەکە... ئەوە چییە؟ بەم بەیانییە زووە ئەو ئینگلیزە تەپلە بە سـەرە کێیە و چی ئەکا لە سـەرا؟ ئەو پۆلیسـەی لەگەڵییەتی چییە؟ لەم کاتەدا کە کەس نەهاتووەتە سـەرا، یاسـاوڵەکانیش (نۆبەچـی) هێشـتا لە خەوان، ئەوان لە چی ئەگەڕێن؟ ئـەوا ڕوویان کردە ژوورەکەی منیش. ئاخۆ بۆلای من دێن وە یا ئەچن بەلای بەندیخانەکەی تەنیشت ژوورەکەمەوە؟ تەواو نزیـک بوونەوە. بەخوا ڕاسـت ڕووەو ژوورەکەی من هاتن. یاخوا خێر بێ ئەوا بە ژوور سەرمەوە وەستان! با هەڵسم بزانم چییان ئەوێت؟

دڵم دەسـی کرد بە گورپەگورپ و ڕەنگم سـوور هەڵگەڕا. خۆم هەستم بەوە ئەکرد کە خوێن ورووژمی بردە سەر و مێشکم. لەشم گەرم داگیرسا. هەناسەم سوار و دەنگم گڕ بوو. ئیتر لە نەخۆشـیک جیا نەئەکرامەوە. کابرای ئینگلیز دوای ڕۆژباشـێکی ساردوسڕ وتی: «ئا سنگت بکەرەوە!» سنگم لە خۆیەوە کرابووەوە، چونکە هاوین بوو و تاقە فانیلەیەکی تەنکم لەبەرا بوو. سـەماعەکەی نا بە سـنگمەوە، دوای ئەوە بە پشـتم و ناو شانمەوە. من لەم کاتەدا دووبارە بیری سـلێمانیم کردەوە. وتم ئاخۆ ژن و کەس‌وکارەکەم ئەزانن ئێسـتە مـن لـە کام‌لا و لە چییام؟ ئـایا ئەزانن کەوا ئەمبەنە پای قـەنارە...؟ چونکە من ئەمزانی کە پیشـەی ئینگلیز وایە لە پێش شەبەقا گوناباز ئەخنکێنن. لە پێش خنکاندنیشا ئەبێ پزیشـک (تەبیب) گوناباز ببینێ و لە سـاغ و سـەلیمی و هەواڵی بەدەنی تێبگا، چونکە من لە ژێر تەئسـیری ئەو وشـانەدا کە لە میسـتەر سـدیقم بیسـتبوو وە یا لە نامەکەی «حاجـی نـەوڕەس ئەفەنـدی»دا خوێندبوومـەوە؛ لـە زیاد کرانـی پاسـەوانەکانم و لە پێ‌بڕینی هات‌وچۆکەران، سەرەڕای ئەمانە هەمووی بەهۆی خەیاڵاتی تێکەڵ‌وپێکەڵی شـەو و نەنوستن و لە ڕووی بێ‌هۆشی و گێژوویژی و لێکدانەوەی زۆر و زەبەندە، لەو

وشانە کە ترس و ئەندێشەیەکی گەورە و کوت‌وپڕی خستبووە دڵمەوە و دابوومی بە دەم لافاوێکی خەیاڵاتی ڕەش و ناخۆش و هیوابڕەوە، مانام لە هاتنی ئەم پزیشک (دوکتۆر)ە بەو جوورە لێکدابووەوە...

ئەوەم لە بیر نەبوو کە پێش چەن ڕۆژێک خۆم بە نامەیەک لە ڕاندەڵی حاکمی سیاسی داوای پزیشکم کردبوو و ئەمە لەسەر ئەو نامەیە و بە ئەمری ڕاندەڵ بۆ تەماشاکردن و دەرمان‌کردنم هاتبوو، واتە من بە خوت‌وخۆڕایی کەوتبوومە زەریایەکی بێ‌سنووری ئەندێشەوە.

دوکتۆرەکە هەندێ دەرمانی بۆ نووسیم و یەک‌دوو جووره خواردنی تایبەتی بۆ دانام. جگە لەمانە ڕێی دا کە کتێب و کاغەز و قەڵەم و ئەو شتانەی کە بەدزییەوە بۆم ئەهات لێم قەدەغە نەکرێت. ڕاشیسپارد کە لەبەر ڕتووبەت لە عەردی نەنووم و قەرەوێڵەیەکم بۆ دابنێن. دوای ئەمە ئیتر تا بەینێک کەوتمە ئاسوودەیی‌یەوە و سەرم ڕەحەت بوو و زۆری کاتم بە خوێندنەوە و نووسینەوە ئەبردە سەر...

لەو ڕۆژانەدا من زۆر شتم بە تورکی ئەنووسی، چونکە لە دەوری عوسمانی‌دا ئێمە بە تورکی ئەمانخوێند. منیش بەتایبەتی لە زمانی تورکیدا لە پێشکەوتووەکانی قوتابییانی پۆلەکەی خۆم بووم. ئەو ڕۆژە دوای ڕۆیشتنی دوکتۆرە ئینگلیزەکە لە ژێر تەئسیرێکی مەعنەوی لە «ستایشی یەزدان»دا قەسیدەیەکی تورکیم دانابوو کە مسوودەکەی لەسەر کاغەزە بۆر و ئەستوورەکانی دەوری ئینگلیز نووسراوە لەگەڵ هەندێ شیعر و نووسینی تر هێشتا لەناو کاغەزەکانی ئەو دەمەدا لەلامە. قەسیدەکەش لەگەڵ بەشێک لە شیعرە تورکییەکانم لە ساڵی ١٩٢٤ لە ژێر ناوی «شعرلرم» لە چاپخانەی نەجاح لە بەغدا لە چاپ دراوە...[١]

---

١. دوامین بەیتی ئەو قەسیدە تورکییە ئەمەیە:

اولما سیدی فکر می تحدیده باعث محبسم؟ شمدی تا عرش مجیده بلکه چیقمشدی سَسم!

(واتە: ئەی گەورەی من نەبوونی مەی منی خستۆتە بەندیخانەوە، بۆیە هاوارم دەگاتە پەرپەرۆچکەی ئاسمان. س)

٣٢

عەبدوڵڵاغای حاجی تایەرئاغای حەوێزی


عەبدوڵڵاغا

عەبدوڵڵاغا یەکێک بوو لە پیاوە ناودارەکانی کۆیێ.[1] لە نەوەی حەوێزییەکان و باوکی فەتاح‌ئاغایە کە لەو ڕۆژەدا ڕەئیسی شار (بەلەدیە) بوو. عەبدوڵڵاغا تورکەکانی خۆش‌ئەویست، وەکی تریش سەر بە شێخ مەحموود بوو.

ئینگلیزەکان چارەیان نەئەویست دەمڕاست و کەمێکیش بزێو و زماندرێژ بوو. لەگەڵ ئاغاکانی کۆیێ هەموویان و تەنانەت لەگەڵ خزمەکانی خۆشی ناکۆک بوو، بەڵام لەگەڵ منا دۆستایەتی و هات‌وچۆی هەبوو. دەنگی ئەوە کە ڕێی تێئەچێ من ئیعدام بکرێم بەویش گەیشتبوو. لەبەر ئەمە بیستم کە بڕیاری دەرباز کردنی داوم. هەرچەن بەتەواوی بۆم دەرنەکەوت کە ئەمە ڕاستە یا درۆ، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە کارێکی وا لە عەبدوڵڵاغاوە دوور نەبوو، چونکە ئازا و سەرچڵ و دڵ بە گۆبەندەوە بوو. شەوی دوای هاتنی دوکتۆرە ئینگلیزەکە بۆ لام، بەدزییەوە پیاوی عەبدوڵڵاغا هات وتی: لە نیوەشەودا وڵاخ و سوارم بۆ دێتە ژێر دیواری سەرا.

پۆلیسەکانیش تەمیەکراون کە چاوم لێ بپۆشن تا خۆم بگەیەنمە لای سوارەکان و

١. عەبدوڵڵاغای تاهیرئاغای بەکراغای کۆیە (١٨٥٣ - ؟)، کوڕی تاهیرئاغای حاجی بەکرئاغای حەوێزی (ئەمین). ١٩١٨ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوە بە بەڕێوەبەری ناحییەی تەقتەق. ماوەیەکی زۆر سەرۆکی شارەوانی کۆیە بووە. دۆستی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر بووە، بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیان داوە لە پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بدەن. م.س.

لەگەڵیـان بـڕۆم و ئەوان ئەمبەنە لای شـێخ مەحموود. من ئەم تەگبیـرەم بەدڵ نەبوو، چونکـە لەسـەرێکەوە ئەوەنـدە ترسـم نەمابـوو و تا ماوەیـەک ئەمیـن بووبوومـەوە، لەسەرێکی تریشەوە باوەڕم بەکەس نەمابوو. ئەوەندەی کە پێش تووش بوونم خۆش باوەڕ و بێترس بووم، دوای تووشی داو بوونم کەمباوەڕ و دڵپیسی و ئاڵۆزاویم لێ پەیا بووبوو؛ چ جای ئەوە کە لە حاڵێکا ئەمە ڕاستیش بێ من لەوەدا شـکم هەبوو کە سەر بگرێت. ئەم بێباوەڕی و ملنەدانەی من خێریشـی تیابوو، ئەگینا بێتوو شـەوێک پێشتر ڕێی وام بخرایە بەر لەوانە بوو کە ئاگریش بێ خومی تێفرێدەم، چونکە وانەکانی میسـتەر سدیق وای پەشۆکاندبووم کە نەمئەزانی چی بکەم، بەڵام بە هاتنی دوکتۆرە ئینگلیزەکە و بـە ڕەوشـتیان لەگەڵم لـەدوای ئەم هاتنـە هاتبوومەوە سـەرخۆم و هیـوای ڕزگاریم تازە بووبـووەوە... وەڵامی پیاوەکەی عەبدوڵلاغـام دایەوە و تکام لێکرد کە لەم بیرە واز بێنن. پێـم وت کـە مـن ئەم کارە بە باش نازانـم و هۆیـەکی وا نابینم کە پێویسـت بە ڕاکردن و خۆشاردنەوە بکا. لەوەدا دڵنیام کە شتێکی وام نەکردووە و لێم دەرنەکەوتووە کە ببێتە هۆی ترسی عەبدوڵلاغا و دۆستانی تر...

ڕۆژم بە ئەنگوسـت ئەژمارد و چاوەڕوانی پێشکەوتنی شێخ مەحموود و پەڕینەوەی هێزەکانـی بووم بۆ ئەمبـەری زێ، واتە بۆ دیوی کۆیـێ. وامئەزانی کە تا شـێخ مەحموود بەتەواوی سەرنەکەوێت و شۆڕش هەرێمی کۆیێ و هەرێمەکانی تر هەمووی نەگرێتەوە و ئینگلیز وڵاتی کوردستان بەجێنەیەڵن من هەر لە بەندیخانەدا ئەمێنمەوە وە یا لە پڕێکا لـەناو ئەدرێم. نەمئەزانی کە لەمەدا بە هەڵە چووم و ڕزگاری من داخەکەم بەسـراوە بە گیرۆدەیی شـێخ مەحموودەوە. لەبەر ئەمە کـە بەیانی ڕۆژی دوامین هەینی (جومعە)ی مانگی حوزەیرانی ١٩١٩، جارچی لە بازاڕی کۆیـێ جاڕی دا و کوژانەوە و بڕانەوەی شۆڕشی شـێخ مەحمـوود بڵاوکرایەوە و ئەم پەیامە کوشـندە و جگەربڕە بە من گەیشـت، گێتی بەجارێ لەبەرچاوم تاریک بوو و لە دوو سـەرەوە ماتەمینی دایگرتم. گرفتاری قارەمانی کـورد و فەوتانـی خۆم...! ئینجـا ڕۆژی دووەمی ئەم جاڕدانە، واتە بەیانی ڕۆژی شـەممە حاکمی سیاسـی کۆیێ لە سـەرا کۆڕی مەجلیسی بەست و بەشـێکی زوربەی خەڵقی شارەکە پۆلپۆل بۆ چاوڕوونی و پیرۆزبایـی ڕاندەڵ ڕوویان کردە سەرا، من لەبەرخۆمەوە

ئەگـریام و بـۆ ئەنجامی ڕەشـی حوکمداری کوردسـتان و بۆ کەساسـی و سـیاچارەیی خۆم فرمێسـکی گەرمم ئەڕژاند. بۆ ئەو ڕۆژە ئەنجامی شـێخ مەحموود ئەنجامی کورد و کوردستان بوو. لەم لایەشەوە کۆستکەوتووی لێقەوماوی قەومی کورد بووم، بەڵام چیم لە دەس ئەهات؟! هەر ئەوەم پێکرا کە دەرگای ژوورەکە داخەم و تا زەماوەندی سەرنگوونی لەشکری کورد تەواو بوو لەسەر لەپ بۆی بکەوم و گوێکانم بئاخنم...

٣٣

بەربوونم لە بەندیخانە

هەرچەن تا لە بەندیخانەدا بووم ڕێی ئەوەیان ئەدا کە خواردنم بۆ بێت و چا و قاوەیان بـۆ لێئەنام؛ کاغەز و کتێب و شـتی تـرم بۆ ئەهات و جارجارە لـە ژوورێکی تایبەتیدا ئـاویان بـۆ دائەنام و خۆم ئەششـت و بەرگم ئەگـۆڕی، بەڵام ڕێی ئـەوەیان نەئەدا کە تاقمـی تـەراش وە یا دەلاک بێتـە بەندیخانەکەمـەوە. لەبەر ئەوە ئـەو ماوەیە کە لەوێ مامەوە تەراشـی گوێزانم نەئەکرد، بەڵام لە دوای گیرانی شـێخ مەحموود بە برینداری و ڕەوانەکرانـی بۆ بەغدا و لە کاتێکا کە من هیوای بەربوون و ڕزگاریم نەمابوو محەممەد ئەفەندی کەرکووکی کاتبی تایبەتی ڕاندەڵ هاتە لام و موژدەی دامێ کە حاکمی سیاسی و موعاوینەکـەی و حاکمی شـار، کۆبوونـەوە و خەریکی ئەوەن کە بـڕیاری بەردانی من بدەن. جگە لەمە ناردی و دەلاکێکیان هێنا و بە پارەی ئەو (محەممەد ئەفەندی) سەر و ڕیشـیان تاشـیم. دوای ئەمـە ناسـیاوان ڕوویان کـردە بەندیخانەکە. پۆل‌پـۆل ئەهاتن و موژدەی بەربوونیان ئەدامێ و چاوڕوونییان لێئەکردم.

ئەوەنـدەی پێنەچـوو کەپتەن ڕاندەڵ ناردی بە شـوێنما. تەلەگرافێکی بیل کە بۆ ئەو نووسرابوو و پەند و نەسیحەتی بۆ من تیابوو بۆی خوێندمەوە و هەندێکم بەسەرا هات. ئینجـا پێـی وتم ئەتوانـی بچیتە ماڵی خـۆت... ئەوەشـتان بیر بخەمەوە کە من شـەوی پێشـووتر لە کاتێکا دوا لاپەڕەکانی حەکایەتەکـەم ئەخوێندەوە، لە ڕزگاربوونی کابراکانی سـەر پارچـە تەختەکـەی ناو زەریا و لـە گەڕانەوەیان بـۆ دونیای ژیان و خۆشـی و لە گەیشـتنەوەیان بە ماڵ‌ومناڵیان بە ساغی و شـادی زەردەخەنەیەکی ناهومێدی لێوەکانی قڵیشـاندبوومەوە و بەزەییم بەخۆما هاتبووەوە، کە ئەنجامی ڕەشـی خۆم بە ئەنجامی ئەو بە ئامانج گەیشتووانەوە بەستبوو!!

٣٤

موحاکەمەی شێخ مەحموود لە بەغدا و نێررانی بۆ ئەندامان

مـن هەرچـەن لە بەندیخانە دەرچـووم، بەڵام لە بەند رزگارم نەبـوو و رێی ئەوەم نەدرا کـە بگەرێمـەوە سـلێمانی وە یا کەرکـووک. مـاوەی دوو مانگ زیاتر لـە کۆیێ لە ژێر تێبینی (موراقەبە)ی حکوومەتا مامەوە. لەم حەلەدا شێخ مەحموود لە بەغدا برینەکانی دەرمـان ئەکرا و لەگەڵ شـێخ حەمە غەریبـی زاوایا لە بەندیخانە وە یا لە نەخۆشـخانە چاوەڕوانـی موحاکەمە بوو. لەو لای تریشـەوە زابتە کوردە بەدیـل گیراوەکانی وەکوو قادر ئەفەنـدی قەرەداغـی و عیززەتـی تۆپچـی و قالەی ئایشـەخان[١] و رەشـید جەودەت و رەشـیدی غەفوور و ئەدهەم ئەفەندی و عەلی یاوەری سـاڵح سلێمانی و گەلێکی تر لە بەندیخانەی بەغدا فێری خشـتی کاڵبڕین ئەکران. لێرەدا پێویسـتە بڵێین کە ئەوانەی لە بابەت ئەم زابتە کوردانەوە هەندێ درۆ و دەلەسەیان هەڵئەبەست و باسی دوودڵی و ناڕاستی و ناپاکی ئەمانەیان ئەکرد بەرامبەر بە شێخ مەحموود، خۆیان ناڕاست و ناپاک بوون و مەبەسـیان پەڵاوی کردنـی ناوی زابتەکان بوو و بەتایبەتی مەبەسـیان ئەوە بوو کـە دووبەرەکییەتی بخەنە ناوەوە و یەکییەتی کورد بپسـێنن و گرەو لە شـێخ مەحموود بەرنەوە. بە وشـەیەکی ڕاسـت و بێ‌گرێ لـە ڕووی مونافیقی وە یا لـە ڕووی نەفامییەوە خزمەتی ئینگلیز و سـەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیزیان ئەکرد. ئەگینا ئەبوو بزانن کە ئەم زابتانە لە ژێر هیچ زۆرێکا شەڕیان بۆ شێخ مەحموود نەئەکرد و بەرامبەر بە لەشکری ئینگلیـز نەوەسـتابوون و ئەگـەر وا نەبوایـە دوای ئـەوە کـە بەدیـل گیـران نەئەخرانە بەندیخانـەی بەغـداوە و لـەوێ ڕۆژێ هەزاران خشـتی کاڵیـان پێنەئەبـڕرا. با بڵێین لە پێشـەوە بەناچاری و لەبەر هەندێ هۆ شـوێن شـێخ مەحموود کەوتبوون و چووبوونە کوورەی شـەڕەوە، بەڵام لە کاتێکا کە هێزە گەورەکانی ئینگلیز گەیشتبووە بەرامبەر شێخ مەحمـوود ئەوان بەئاسـانی ئەیانتوانی لێـی جیابنەوە و بە خـۆیان و هێزەکەیانەوە ڕوو

---

١. قالەی ئایشــەخان ســاڵی ١٩١٩ لە جەنگی دەربەندی بازیان بە دیلی کەوتووەتە دەست ئینگلیزەکان. ساڵی ١٩٢٨ ئەندازیاری ئەشغاڵ بووە و سەرپەرشتی کردنەوەی ڕێگای هەولێر- ڕەواندز - ڕاپاتی کردووە. م.س.

بکەنە لەشکری ئینگلیز و لەگەڵیان بین بەیەک وە یا لە ناوچەی شەڕ بچنە دەرەوە و بدەنە کێوەکان و شەڕی چەتە بکەن و تا لێیان ئەبوورن خۆیان نەدەن بەدەسەوە... ئەوە جێی گومان نییە کە لە هەموو کاتێکا و لەناو هەموو کۆمەڵێکا مرۆڤی ناڕاست و ناپاک هەیە و لە هەموو قەومێکا هی وا هەڵکەوتووە کە لە عاستی قەومی خۆی و نیشتمانیا دوودڵی و ناپاکی کردبێ، بەڵام من لەوەدا شکم نییە کە ئەو زابتانەی لەگەڵ شێخ مەحموود بوون هەموویان بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا بە خوێنێکی گەرم و بیروباوەڕێکی پاکی نیشتمانپەروەرانەوە خۆیان خستبووە ئاگری شەڕەوە و هەر ڕەنج و ئازارێکی سەخت کە تووشی بووبوون و ئەو تاڵی و ناخۆشییەکە لە بەندیخانەکەی بەغدایا چەشتبوویان تۆڵەیەکی گیانی نیشتمانپەروەرییان بوو...!

بۆ موحاکەمەی شێخ مەحموود و شێخ حەمە غەریب، لە بەغدا مەحکەمەیەکی عەسکەری، واتە دیوانی عورفی دانرا. حاکمەکانی ئەم دیوانە هەموویان ئینگلیزی بوون. حوکمداری کورد ئەم شتانەی درابووە پاڵ: ١ـ ڕاستبوونەوەی بە چەک بەرامبەر بە بریتانیای گەورە و ڕژاندنی خوێنێکی زۆر و بوونە هۆی زەرەرێکی زوربە. ٢ـ داگرتنی بەیاخی بریتانیای گەورە و دڕاندنی و لە جێی ئەو هەڵکردنی بەیاخی کوردستان.

شێخ مەحموود لە پێش هەموو شتێکا ڕەغنەی لەوە گرتبوو کە هەیئەتی ئەم مەحکەمە وە یا ئەم دیوانە عورفییە هەمووی لە ئینگلیزە، واتە لە دوژمنە خاوەن داواکانی ڕێکخراوە. جگە لەمەش ملی نەدا کە بەرەوان، واتە مەحامی بگرێت، کە بەرامبەر بە مەحکەمە قسەی بۆ بکا و لەسەری بکاتەوە، چونکە نەیئەویست کە بەم جوورە دان بە مافی مەحکەمەدا بنێ بۆ ئەم موحاکەمەیە. خۆی بە گوناباردانەئەنا. بەرامبەر بە کردەوەی ئینگلیز و بێقەولییان و لە ڕێی پاراستنی وڵات و سەندنەوەی حەقی شەرعی کوردا ڕاست بوونەوە و بە گژ ئینگلیزا چوونی لەسەر خۆی بە واجب ئەژمارد و لەم خوێن ڕژاندنانەدا نەک خۆی، بەڵکوو ئینگلیزەکانی بە موجرم و گونابار ئەزانی.. بەڵام دیوانی عورفی ئەمانەی نەبیست و بە ڕاست و درۆ شێخ مەحموودی موحاکەمە کرد و حوکمی دا بە خنکاندنی.



موحاکەمەی شێخ مەحموود لە دیوانی عورفی ئینگلیز لە بەغدا

لە سلێمانییەوە بەناوی شایەت تاقمێک لە پیاوە ناسراوەکان ڕێکخرابوو و بە زۆر وە یا بە خواهیش لەم موحاکەمەیەدا حازر بوون. ئەمانە کە لەگەڵ کەپتەن بۆندی حاکمی سیاسی چەمچەماڵ نێررابوونە بەغدا ناوەکانیان لە خوارەوەیە:

١ـ حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکی [کەرکووکی زادە]

٢ـ عیززەت بەگی وەسمان پاشای جاف

٣ـ شێخ نەجیبی قەرەداغ

٤ـ عەونی ئەفەندی یووزباشی کوڕی حاجی گووروون

٥ـ حەمەد بەگی قادر پاشا

٦ـ حاجی ئاغای حەسەن ئاغا

٧ـ میرزا فەرەجی حاجی شەریف

شێخ مەحموود لە دوای ئەم هەموو کارەساتە گرنگ و سامناکەش ورەی بەرنەدابوو و نەپەشۆکابوو. بریندار و بەدیل گیران و دیوانی عورفی ئینگلیز نەیشلەژاندبوو و بە وێنەی

پڵنگێکی ناو قەفەس لە هەڵمەت بردن و چەپۆک داهێنان ئەگەڕا. بەرامبەر بە «دیوانی عورفی» ڕەوشت و گفتوگۆی بێ‌گرێ و ئازانە، لە عاست شایەتەکانا سورشتی مەردانە و دلێرانە بوو، لە نیگاکانییا بەرامبەر بە شایەتەکان وا ئەخوێنرایەوە کە نرخێکیان نادات و بە سووک دێنە بەرچاوی، داخی ئەوەی ئەخوارد کە لای بێگانە کورد شایەتی لێ بدا. ماتەمینی ئەوە گرتبووی کە کۆتە و زنجیری ئینگلیز پەکی خستبوو و نەیئەتوانی بیانپلیشێنێتەوە! لەبەر ئەمە کە دیوان حوکمی خنکاندنی دا بەسەرا، بە زەردەخەنەیەکەوە تێی‌ڕوانین کە پڕ بوو لە مانا و لە ستەم...!

بریتانیای گەورە ئەم حوکمە گرانەی لەبەر دوو هۆ دابوو بەسەر شێخ مەحموودا. یەکەم بۆ نواندنی هەیبەت و گەورەیی بریتانیا، دووەم بۆ ئەوە کە هاتوو حوکمەکەی دیوانی عورفییان گۆڕی بە گرتنی شێخ مەحموود لە بەندیخانەدا وە یا بە ناردنی بۆ دەرەوەی عێراق، ئەمە بکەن بە بەڵگەیەکی لێبووردنی خۆیان و چاوپۆشینیان بەرامبەر بە گوناباران. هەندێکیش ئەیانوت ڕێی‌تێئەچێت کە ئینگلیزەکان ئەوەیان لەبەرچاو بووبێ کە کوردەکان بەرامبەر بە دیلەکانی دەیبوو پیاوانە جووڵابوونەوە و نەک ئەوەی کارێکی ناشایەستەیان دەربارە بکەن وە یا عەزیەتیان بدەن، بەڵکوو لەلایەن خواردن و جێ‌وڕێوە بەوێنەی دیلەکانی حکوومەتێکی شارستانی لەگەڵیان جووڵابوونەوە و ماوەی بێ‌وێڵی و کردەوەی ناڕەوایان نەدابوو.[1] هەرچەن ئەم هۆیانە لەوانەیە کە بێت بە بیرا، بەڵام ئەوە بە بیری کەسا نەهاتبوو کە شێخ مەحموود بۆ ڕۆژی خۆی ئەبێ بمێنێت، چونکە ئینگلیز وا بەئاسانی هیوایان لێ‌نەئەبڕی. بەتەمابوون کە ئەمجارەش بە گژیانا چوو، نۆرەیەکی تر هەر بێتە سەر ڕێ و بۆ سیاسەتی خۆیان لەم وڵاتەدا کەڵکی لێ وەرگرن. لەبەر ئەمە لەندەن پەنجەی بۆ حوکمەکەی دیوانی عەسکەری درێژ کرد. لە پێشەوە گۆڕی بە بەندیی دە ساڵ. دوای ئەوە لەگەڵ شێخ حەمە غەریبی زاوایا ناردییە

١. ئەو ئینگلیزانە کە دوای گرتنی سلێمانی بە هێزەکەی مەحموودخانی دزلی لە دەبۆکەدا داگیرابوون بە ئەمری شێخ مەحموود چاوێرێکی باشیان ئەکرا، جگە لەمە بەهۆی ئەوە کە شێخ قادری حەفید سپەهسالاری لەشکری کورد و هاوڕێی دانلیس بوو لەماڵی خۆیانەوە و بە ئەمری حەپسەخانی ڕەحمەتی گەلێ جار نان و خواردنێکی زۆر و پوختە و تایبەتی بۆ ئینگلیزەکان ئەنێررایە دەبۆ و پێخەفی پاک‌وخاوێن و هەر شتێکی تر کە پێویستیان بوو لێیان درێغ وە یا قەدەغە نەئەکرا...

جەزیرەی ئەنداما ن (Andaman).[1]

ویلسۆنی حاکمی عام لەم کاتە گرنگەشا بە شوێن شێخ مەحموودەوە بوو، ئەیویست کـە دوایـی بە ژیانی بدا و لەناوی بەرێ. بەرهەڵسـتی ئەوە بوو کـە حکوومەتی بریتانیا لە شێخ مەحموود ببوورێت و بە دوورخستنەوەی لە عێراق لێی بگەڕێ. ئەو کە میجەر سـۆنی زۆر بـە دڵا چووبوو و بـە حاکمێکی بێهاوتای دائەنا بەهیـچ کلۆجێک چارەی شێخ مەحموودی نەئەویست و بەتەما بوو لەم هەلەدا بیفەوتێنێ، بەڵام کە حکوومەتی بریتانیا وەکوو وتمان لەبەر گەلێ مەبەس بڕیاری دا بە هێشـتنەوەی شـێخ مەحموود و دیوانی عەسـکەری حوکمەکەی خنکاندنی گۆڕی بە دوورخستنەوەی لە عێراق، ویلسۆن بەڕەسـمی ڕەغنەی لەمە گرت و وتی: «مانەوەی شـێخ مەحموود بە زندوویی هیوایەکە بـۆ دۆستەکانی و ترسـێکی گەورەیـە بـۆ دوژمنەکانی. ئەوان (دۆسـتەکانی) بـە هیوای گەڕانـەوەی، لـە کـردەوەی خـۆیان لا نادەن، ئەمانی تریـش (دوژمنەکانی) لە ترسـی گەڕانـەوەی شـێخ مەحموود ئۆقرە ناگرن و ناسـرەون، بەکورتییەکەی تا شـێخ مەحموود زندوو بێ ئاسـایش ناکەوێتە کوردستانەوە...» بەڵام لەگەڵ ئەم دوژمنایەتییە پڕ لە قینە، ویلسـۆن دانیشـی ئەنا بە ئازایی و نەبەزی شـێخ مەحموودا و بە زمانێکی سەناخوانی باسـی غیرەتی قەومی و گیانی بەرزی نیشـتمانی ئەم قارەمانە کوردە ئەکا و ئەڵێت: «لە نەخۆشـخانەی بەغـدا چوومە لای، بەوێنەیەکی ئێجگار بەکـوڵ و تین و ئازانە ئەیوت (واتا شـێخ مەحمـوود ئەیوت): نـەک مەحکەمەی عەسـکەری ئینگلیـز، بەڵکوو هیچ مەحکەمەیـەک خـاوەن حەق نییە کە موحاکەمەی بکا، چونکـە ئەو بەپێی حەقێکی شـەرعی کە لەلایەن دەوڵەتە سـوێندخۆرەکانەوە دانی پیانراوە و ناسـراوە شەڕی لەگەڵ ئینگلیز کردووە و لەڕێی کورد و کوردستانا خۆی بەخت کردووە و ئەیکا.» دوای ئەمەش هەر ویلسـۆن ئەڵێ: «شـێخ مەحموود دوانزە ماددەکەی (ئەبێ چواردە بێ) ویلسـۆنی

[1] ۱. کۆمەڵـە دوڕگەیەکـن دەکەونـە ڕۆژهەڵاتی کەنـداوی بنگالـەوە، ڕووبەرەکەیان ۸۲۴۹کم[2]، سـاڵی ۱۷۸۸ ئینگلیـزەکان بە فەرماندەیی ژەنـەراڵ ئارچی باڵد بلێر ئەم دوڕگانەی داگیر کـرد و دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ «بـورت بلێر» لـە کۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمدا ئەم دوڕگەیەیان کرد بە شـوێنی سـزادانی نەیارانی ئینگلیز و زیندانێکی گەورەیان لێ دروستکرد کە ٦٩٨ ژووری تاکەکەسی تێدا بوو؛ ئێستا ئەو زیندانە لەلایەن حکوومەتی هیندستانەوە کراوەتە مۆزەخانە. م.س.

ڕەئیس جمهووری ئەمەریکای بیر خستەوە و بۆی خوێندمەوە. ئینجا بازووبەندەکەی قۆڵی کردەوە و لەناو ئەوەدا بەرگێکی قورئانی دەرهێنا و پیشانی دام کە تەرجەمەی کوردی ماددەکانی ویلسۆن و تەرجەمەی بەیانەکەی ئینگلیز و فەڕەنسزی تیا نووسراوبوو کە لەلایەن حقووقی قەومە بچووکەکانەوە بەیەکەوە و لە ١٩١٨دا بڵاوکراوبووەوە»[1] ئەم قسانەی ویلسۆنی حاکمی عامی عێراق کە دوژمنێکی بێڕەزا و بێئامانی شێخ مەحموود بوو گەواهێکی هەرە گەورەیە و بەسە بۆ دەمکوت کردنی هەندێ لەوانە کە لە ڕووی کین وە یا نەفامی و نەشارەزایییەوە قسەی پڕوپووچیان بڵاوئەکردەوە لە بابەت شۆڕشەکانی کوردەوە وە یا وایائەزانی کە شێخ مەحموود کوتەکێک بوو بەدەس ئینگلیزەوە.

ئینگلیزەکان دوای گرتنی شێخ مەحموود و ناردنی بۆ بەغدا هێزێکی سوارییان لە سلێمانیدا دانا و تا بەینێک خەریکی گرتنی ئەو ڕەئیسانە بوو کە شوێن شێخ مەحموود کەوتبوون و گەلێکیشیان جەریمە کردن. پاش ئەمە دائیرەی مەندووبی سامی لە بەغدا و لایەنی عەسکەری زۆریان هەوڵ دا بۆ کردنەوەی ڕێگەی خانەقین و کۆیێ و کەرکووک و ڕاکێشانی خەتی ئاسن بۆ وڵاتەکانی کورد، بەڵام کورتی ماوەی ئابووری و بێهێزی ئەو ڕۆژەی دەوڵەتی بریتانیا بەرهەڵستێکی گەورە بوو بۆ پێک نەهاتنی ئەم مەبەسە... بەشێکی گەورەی ئەم کارە هەتا ئیمڕۆش دوا کەوتووە و بە ئەنجام نەگەیشتووە...

من لە کۆیێ لەم ڕۆژانەدا ڕێیان دام کە بگەڕێمەوە سلێمانی. ئەو ڕۆژەی گەیشتمە کەرکووک ئەوانەی کە بۆ شایەتی دەربارەی شێخ مەحموود چووبوونە بەغدا گەڕانەوە و لەوێ تووشیان بووم. هەلێکی زۆر باش بوو. چوومە لای حاجی مەلا سەعیدی خزمم و بەهۆی ئەوەوە لەگەڵ شایەتەکان بێئەوەی پرس بە کەپتەن بۆند بکەین گەڕامەوە سلێمانی.

لە ڕێگەی کەرکووک ـ سلێمانی لە قەرەهەنجیرەوە تا تەیناڵ ناوبەناو پێ‌وشوێنی شەڕ بەرچاو ئەکەوت. لە دەربەندی بازیانیشەوە تا نزیک شاری سلێمانی ئەم‌بەر و ئەوبەری ڕێگاکان خێوەت و بارەگای لێ هەڵدرابوو و دەشت‌ودەر بە لەشکری ئینگلیز، واتە بە هیندی و سیک و گورگە تەنرابووەوە...

---

1. Mesopolamia, 1917 – 1920.

٣٥

لەشکری یۆنان تاو ئەداتە سەر خاکی تورک

وەکوو لەمەوپێش باسمان کردبوو[١] حکوومەتی یۆنان بەهۆی تێکۆشانی «وەنیزەلۆس»ی[٢] سەرەک‌وەزیرەوە بڕیاری بە دەوڵەتە سوێندخۆرەکان دەرهێنابوو بۆ داگیرکردنی خاکی تورک و لەبەر ئەمە دەسی کرد بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی لەشکرەکانی و لە ١٥ی مایسی ١٩١٩دا ئیزمیری داگیر کرد. ئینجا خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو کە تاو بداتە سەر شارەکانی تر. لەشکری تورک تازە لە شەڕی گشتی دەرچووبوو و لە هەموو سەرێکەوە برسی و ماندوو و بێ‌هێز کەوتبوو. هەستی بە گەلێک کەم‌وکورتی و ناتەواوی ئەکرد. لە ڕێی ئەوەدا نەبوو کە لە ڕووی لەشکرێکی تازە و ڕێک‌وپێکدا بوەستێت، بەتایبەتی ئەم لەشکرە پڕچەک بێ و مەشقی کردبێ. لەشکری یۆنان کە بۆ شەڕێکی گەورە و داگیرکردنی وڵاتی قەومێکی ئازا و شەڕکەری وەکوو تورک پێکەوەنرابوو بە چەکی تەواو چەکپۆش کرابوو و مەشقێکی تەواوی چاو پێکەوتبوو. لەبەر ئەمە حکوومەتی یۆنان و بەتایبەتی وەنیزەلۆسی سەرەک‌وەزیر ئەم بڕیارە بێ‌جێ و ناڕەوایەی سوێندخۆرەکانی ئەو ڕۆژەی بە هەلێکی هەڵکەوتوو ژماردبوو و کەوتبووە سەودای داگیرکردنی وڵاتی دوژمنی دێرینی، واتە وڵاتی تورک.

لەبەر ئەمە نوورەدین پاشا[٣] کە تا ماوەیەک بەرهەڵستی ئەم لەشکرەی یۆنانی پێ سپێررابوو هەندێ هێزی گورج و سووکەڵەی ڕێکخست و لە ژێر سەرەکی

---

١. بڕوانەرە داوێنی لاپەڕە ٣٥ی بەشی یەکەمی ئەم بەرگە.

٢. فسیریۆس کیریاکۆس فینیزیلۆس (١٨٦٤ - ١٩٣٦)، سیاسەتمەدارێکی یونانی بوو، لە ساڵەکانی ١٩١٠ تاوەکوو ١٩٣٢ لە گۆڕەپانی سیاسی یۆناندا ڕۆڵی سەرۆک‌وەزیرانی بینیوە. لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا چووە پاڵ هاوپەیمانەکان و دوای جەنگ بەشێکی زۆر لە خاکی تورکیای داگیرکرد، بەڵام دواتر دۆڕاندی. لە پەیمانی لۆزاندا نوێنەرایەتی یۆنانی کرد. م.س.

٣. نوورەدین ئیبراهیم‌پاشا (١٨٧٣ - ١٩٣٢)، لە شاری بورسە لە تورکیا لەدایک‌بووە، بە نوورەدین کونیار ناوبانگی دەرکردووە و لە شەڕی سەربەخۆییدا لایەنگری مستەفا کەمال بووە و زۆر ڕقی لە یۆنانییەکان بووە. لە ٦ی مارسی ١٩٢١ بە ٣٠٠٠ کەسەوە هێرشی بردە سەر عەلەوییەکان و لە ١٧ی یۆنیۆی هەمان ساڵدا کۆمەڵکوژی کردن. م.س.

چەن زابتێکی لاوی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەردا و بە شەڕی چەتە ماوەیەکی باش بەربەرەکانی لەشکرە گەورە و بەهێزەکەی یۆنانی کرد و ڕێی لێ بردنە بەست. مستەفا کەمال لەم کاتەدا لەگەڵ هاوڕێکانی پێکەوە شەو و ڕۆژ لە تەقەلای ئەوەدا بوون کە لەشکرەکانی تورک سەرلەنوێ ڕێک بخەنەوە، مەشقیان پێ بکەن، کەموکورتییان نەیەڵن و گیانێکی تازەیان بکەنەوە بە بەرا، واتە لەوە ئەکۆشان کە ئەم لەشکرە برسی و ڕووت و ماندووە زیندوو بکەنەوە. یۆنانییەکان بە مەیان ئەزانی، لەبەر ئەوە ئەیانویست تا زووە و پێش ئەوەی تورکەکان بکەونە خۆیان و لەشکرەکانیان کۆ بکەنەوە، بگەنە ناوچەی وڵاتی تورک و شپرزەیان بکەن و ماوەی سەر بەرز کردنەوەیان نەدەن.

ئینجا لەم ڕۆژانەدا کە شێخ مەحموود لەگەڵ لەشکری ئینگلیز لە دەربەندی بازیاندا بەیەکا چووبوون، لەولاوە یۆنانییەکان لە «بەسارابیا»وە لەشکرێکی تری زوربەیان گەیاندە ئیزمیر. جگە لەمە بڕیاریان دا بە کۆکردنەوەی ١٢٥ هەزار نەفەری تازە و فێرکردنی چەکبازییان بە مەبەسی داگیرکردنی ئەو دوای شارەکان کە بەدەس تورکەوە مابوو. لە کاتێکا کە لە ئەنادۆڵ (ئاسیای پچووک)دا هەواڵ بەم جوورە بوو، لە ناوچەی ئەستەمووڵدا دەوڵەتە سوێندخۆرەکان وەکوو بەر لەمە وتبوومان «پەیمانی سیڤەر»یان لە ١٠ی مانگی ئاغستۆس (ئابی ١٩٢٠) بە حکوومەتی فەریدپاشای زاوا ئیمزا کرد.[1] ئەم پەیمانە کە بەندەکانی دەربارەی دامەزراندنی کوردستانی گەورە، وە سەربەخۆیی میللەتی ئەرمەنی تێخرابوو ـ ئەگەر سەری بگرتایە ـ بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی تورکی پێ ئەشکا و لەوەدا نەئەما جارێکی تر زندوو بێتەوە و سەری بەرز کاتەوە، بەڵام مستەفا کەمال و هاوپەیمانەکانی خاوەنی میساقی میللی، هەروەکوو بەرامبەر بە لەشکری یۆنان دەسیان کردبوو بە خۆئامادە کردن، ئەو لەشکرەشیان بەتەواوی شێواند و تەفروتونا کرد کە لە ئەستەمووڵ لەلایەن خەلیفەوە نێررابووە سەریان. پەیمانی سیڤەری ناوبراویش و ئیمزاکرانی ئەم پەیمانە لەلایەن نوێنەرەکانی حکوومەتی ئەستەمووڵەوە تاقمی کەمالییەکانی نەپەشۆکاند و لە کردەوەی خۆیانی نەخست؛ واتە لە ڕێکخستنی لەشکرەکانی تورک لە ئەنادۆڵ دوا نەکەوتن و سارد نەبوونەوە. شکانی

١. ئەم پەیمانە لە ١١ی مایسی ١٩٢٠دا بڵاوکرابووەوە، لە ١٠ی ئاغستۆسی ١٩٢٠ بە نوێنەرەکانی حکوومەتی تورکی ئەستەمووڵ، واتە بە هادیپاشای فەریق و سەرەکی دەستەی ئەرکانی حیزب و ڕەشاد خاڵسبەگی موستەشاری خارجییە و بە ڕەزا تۆفیقبەگی شاعیر و فیلەسووفی تورک ئیمزا کرا...


مستەفا کەمال

لەشکرەکەی خەلیفە لەلایەن هێزەکانی مستەفا کەمالەوە بوو بەهۆی کەوتنی وەزارەتی فەریدپاشا. وەنیزەلۆسی سەرەک وەزیری یۆنان کە یەکێک بوو لە سیاسییە بلیمەتەکانی ئەو دەورەی ئەورووپا و دوژمنی هەرە گەورەی میللەتی تورک، دەس‌وبرد کەوتە وێزەی گەورەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان و داوای ئەوەی لێ‌کردن کە تا شۆڕشی مستەفا کەمال بەتەواوی پەرەی نەسەندووە و نەگەیشتووەتە پلەیەکی دەرەک، ڕێ بدەن بە پێشکەوتنی هێزەکانی یۆنان و بە داگیرکردنی ئەو شارانە کە ئەکەوێتە سەر ڕێگە ئاسنەکانی ئیزمیر و ئەفیۆن قەرەحەسار. لەم لاشەوە لەشکرەکانی مستەفا کەمال دوای شکاندنی هێزەکەی ئەنزاوەرپاشا، واتە هێزی خەلیفە، بەرەبەرە لە زندوو بوونەوەدا بوو و نزیک بە شاری ئەستەمووڵ کەوتبووەوە. لەبەر ئەمە گەورەکانی سوێندخۆرەکان لە عاست وەنیزەلۆس‌دا نەرم بوون و بەڵێنیان دا بەوە کە بەرهەڵستی نەکەن. ئینگلیزەکان لەمە زیاتر چوونە پێشەوە و بە پارە و بە چەک یارمەتیشیان دا، بەڵام وەکوو لە دواییدا باسی ئەکەین لەشکری یۆنان ئەم کارە گرنگەی پێنەبرایە سەر. ئەو خەوە خۆشەی کە بینی‌بووی نەهاتە دی و بە ئامانجی خۆی و سوێندخۆرەکان، کە لە پشتەوە هانیان ئەدا، نەگەیشت. لەبەر ئەمە گەورەکانی سوێندخۆرەکان وردەوردە ڕوویان لە حکوومەتی خەلیفە وەرگێڕا و پشتیان تێکرد. لەولای تریشەوە هیوایان ئەوەندە بە هێزەکانی یۆنان نەما و هاتبوونە سەر ئەوە کە بیر لە ئەنجامی لەشکرە یاخییەکانی تورکی ئەنادۆڵ بکەنەوە و بەناچاری تا ماوەیەکیش ڕوویان کردە مستەفا کەمالی دوژمنیان و دەسی دۆستایەتییان بۆ درێژ کرد.

٣٦

کەوتنی وەزارەتی وەنیزەلۆس لە یۆنان و سەرکەوتنی کەمالییەکانی تورکیا لە دونیای سیاسەتا

لەو سەردەمەدا کە وەنیزەلۆس لە ڕێکخستنی تەگبیری داگیرکردنی خاکی تورکا بوو لە «یۆنانستان»دا ئاژاوەیەک پەیا بوو. ئەلەکسەندەر (ئەسکەندەر)ی مەلیکی یۆنان مرد. لە هەڵبژاردن (ئینتیخابات)ی تازەدا حیزبی مەلیک قۆنستەنتین سەرکەوت و وەزارەتی وەنیزەلۆس کورسی حکوومەتی بەجێهێشت. ئیتر هەوای سیاسەتیش گۆڕا و ئەو ڕێوشوێن و سیاسەتە کە وەنیزەلۆس لەسەری ئەڕۆیشت باوی نەما. چە ئەم کارەساتانەی سەرەوە و چە ڕێنەکەوتنی گەورەکانی سوێندخۆرەکان لەسەر سیاسەتێکی تایبەتی و بێفرۆفێڵ لەناو خۆیانا بوو بەهۆی ئەوە کە سەرەکوەزیری فەڕەنسە و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا بچنە لەندەن و لەگەڵ لۆئید جۆرجی سەرەکوەزیری بریتانیا بکەونە گفتوگۆ و باسی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و دوایی دان بە مەسەلەی خۆراوا (المسئلة الشرقية). لۆئید جۆرج کە بە دوژمنایەتی تورک ناوی دەرکردبوو نرخێکی نەدا بە قسەکانی ئەم دوو وەزیرە و داوای لێکردن کە ماوەی بدەن تا ئاژاوەی ناوەکی حکوومەتی یۆنان بەسەر ئەچێ و ئەنجامی دەرئەکەوێت. دیارە کە لەمەش مەبەسی کات دەس‌خستن و بەجێنەهێنانی بیرەکەیان بوو. سەرەڕای ئەمە بەپێچەوانەی ئامانجی فەڕەنسە و ئیتالیا، بە سەرکەوتنی حیزبەکەی لە هەڵبژاردندا قۆنستانتینی مەلیکی پێشووی یۆنان هاتەوە سەر تەخت و کاری یەکەمی ئەوە بوو کە بڕیاری دا لەسەر پێ‌وشوێنی ونیزەلۆس بڕوا و بەربەرەکانی لەگەڵ کەمالییەکانا بکا...!

لەشکری مەلیک قۆنستانتینیش بەرامبەر بە لەشکرەکانی مستەفا کەمال خۆی ڕانەگرت و شکا و گەڕایەوە دەورو پشتی بورسە. ئەوسا کە جارێک لە پاریس و جارێکیشیان لە لەندەن و دوابەدوای یەک دوو کۆبوونەوە کرا. کۆبوونەوەی لەندەن لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١، لە کۆشکە دێریکییەکەی «سەن جەیمس»دا و لە ژێر سەرۆکی


لۆئید جۆرج

لۆئید جۆرجی سەرەک‌وەزیری بریتانیادا بوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری مستەفا کەمال لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی ئەستەمووڵ بەیەکەوە دانیشتن. دەربارەی پەیمانی سیڤەر و خواستەکانی تورک و یۆنانەوە دوورودرێژ باس و گفتوگۆ کرا،[1] بەڵام ئەمیش ئەنجامێکی نەبوو. حکوومەتی یۆنان بڕیاری دا کە لەسەر شەڕ بڕوا و دەسی کردەوە بە خۆ کۆکردنەوە...!

دەستەی نوێنەرەکانی مستەفا کەمال، واتە نوێنەرەکانی حکوومەتی ئەنقەرە لە ژێر سەرەکی بەکر سامی‌بەگ[2] وەزیری دەرەوەدا چووبوونە لەندەن. ئەمانە هەر لەوێ چە بەدزییەوە و چە بەئاشکرا لەگەڵ نوێنەرەکانی فەڕەنسە کەوتبوونە گفتوگۆی ڕێکەوتن و کەم‌وزۆر لەیەک نزیک بووبوونەوە. بەکر سامی لە فەڕەنسزەکانا هەستی بە نەرمی و لاگیری خۆیان کردبوو و هیوای ڕێکەوتنی تەواوی پێیان هەبوو و ئەگەر بە واتەکانی یەکێک لە نوێنەرەکانی تورک باوەڕ بکرێت، هەر لە لەندەن لەگەڵ فەڕەنسزەکانا گەڵاڵەی پەیمانێکی دووبەدوویان کردبوو. لەبەر ئەمە کە لە لەندەن گەڕانەوە جارێ چوونە پاریس؛ مەبەسیان ئەوە بوو کە پێش ئەوەی بچنەوە وڵاتی خۆیان نەبزی حکوومەتی فەڕەنسە تاقی بکەنەوە و ئەگەر بۆیان کرا لەگەڵیان ڕێکەون.

وەکوو وتمان تورکەکانی ئەنقەرە لەم چوونەیان بۆ پاریس هیوای ڕێکەوتن و بەستنی پەیمانێکی ئاشتییان ئەکرد و بەتەما بوون کە بە ئاشتی و بەبێ شەڕ کلیکیا بە

١. لەجێی خۆیا بە درێژەوە باسی ئەم گفتوگۆیە ئەکەین.

٢. بەکر سامی‌بەگ قوندح (١٨٦٥ -١٩٣٣)، لە ئۆستیا لەدایک‌بووە و یەکەم وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا بووە لە سەردەمی کۆماریدا. م.س.

فەڕەنسزەکان چۆڵ بکەن، کە گەیشتنە پاریس زۆر بەگەرمەوە بەرەوپیری کران و بۆ ڕێپیشاندان و شارەزایی کۆلۆنێل موگان ناوێکیان خرایە تەک. ئەم کابرایە زۆر بەدڵ ڕابەری ئەکردن و بەهۆی ئەمەوە بەکر سامی بەگ و هاوڕێکانی لە سیاسی و عەسکەرە گەورەکانی فەڕەنسە زۆر کەسیان چاو پێکەوت و لەلایەن بیری خۆیانەوە گفتوگۆیان لەگەڵ کردن. لە دوای ئەمە هەلی ئەوەشیان دەس کەوت کە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسە ببینن و دەربارەی کلیکیا و چۆڵ کردنی لەلایەن لەشکرەکانی فەڕەنسەوە بە ئاشتی و بێ شەڕ و بە هەر جوورێک کە حکوومەتی فەڕەنسە بە باشی بزانێت گفتوگۆی لەگەڵا بکەن. لەم چاو پێکەوتنەدا بەکر سامی و هاوڕێکانی لەتەک بێریانی[1] وەزیری دەرەوەی فەڕەنسە لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکەوتن:



مۆسیۆ بێریان

١ـ وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسە بە تەلەگراف مەندووبی سامی فەڕەنسە لە سووریە ئاگادار بکا لەوە کە لەگەڵ تورکەکانی ئەنقەرە نزیک بە یەک بوونەوە و ڕێکەوتوون.

٢ـ لە پەیمانی ئەم ڕێکەوتنەدا ئەو جێگانە دەربخرێت کە فەڕەنسە بەڵێنی دانەوەی ئەدا بە تورک و لە ماوەی مانگێکدا لەلایەن هێزەکانی فەڕەنسەوە چۆڵ ئەکرێت بۆ ئەوەی کە هێزەکانی مستەفا کەمال بچێتەوە ناوی.

٣ـ دوای ئەمانە تورکەکان لەلایەنی خۆیانەوە دەس ئەکەن بە بەجێ هێنانی ئەو مەرج (شرط)انە کە بەشێکە لەو بەندانەی لەگەڵ فەڕەنسزەکان لەسەری ڕێکەوتوون. فەڕەنسزەکان لەسەر ئەم بڕیارە بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە کلیکیا ڕێڕەوێک

١. ئاریستید بێریان (١٨٦٢-١٩٣٢)، سیاسەتمەداری فەرانسەوی کە یازدە جار بوو بە سەرۆک وەزیر (١٩٠٩-١٩٢١) و ماوەیەکیش وەزیری دەرەوە بوو. ساڵی ١٩٢٦ بە هاوبەشی خەڵاتی نۆبڵی دەستەبەر کرد. س.

(خطه)یەکیان دانا و لەمە مەندووبی سـامی فەڕەنسـەیان لە سووریە ئاگادار کرد. بەکر سـامیبەگیش بە تەلەگراف ئاگایـی دا بە حکوومەتی ئەنقەرە. بەڵام ئەنقەرە بە شـفره[1] وەڵامی دایەوە. لەم شفرەیەدا ئەیوت: «یۆنانەکان بۆ شەڕ خۆیان ئامادە ئەکەن و لە بەکر سامی داوای ئەکرد ئەم باسە بخاتە بەرچاوی فەڕەنسزەکان و بەم هۆیەوە هەوڵ بدا کە لە بابەت هەندێ چەک و فیشـەک و یارمەتی ترەوە بۆ لەشـکرە تازەکانی کەمالییەکان بەندێک بخرێتە ئەو پەیمانەوە کە لەسەری ڕێک ئەکەون؛ جگە لەمە هەر لەو تەلەگرافە شـفرەیەدا ئەنقەرە بەکر سـامی لەوە ئاگادار ئەکرد کە گوتاریسی وەزیری جەنگی یۆنان چووەتە لەندەن و تەقەلای ئەوە ئەدا کە بۆ لەشـکرەکانی یۆنان چەک و سـیلاحی تازە وەرگرێت. ئەو لەشکرانە کە تازە ڕێکخرابوو و بۆ ئەوە خۆی ئامادە ئەکرد کە سەرلەنوێ هەڵمەت بەرێتەوە سەر خاکی تورکەکان...!»

بە واتەی شفرەکە و بەپێی ئەو زانیارییە کە بە ئەنقەرە گەیشتبوو لەندەنیش بۆ ئەمە بەڵێنـی دابـوو بە یۆنان... لەمـەش وا دەرئەکەوێت کە هێزە چەتەکانی مسـتەفا کەمال هەروەکوو بەرامبەر بە لەشـکرەکانی یۆنان شـەڕی ئەکرد و ڕێی پێشکەوتنی لێ ئەبردنە بەست لەلایەکی تریشەوە لە کلیکیا و بەرامبەر بە هێزەکانی فەڕەنسە لە هەڵمەتبردن و پەلاماردان نەکەوتبوو و تەنگی بەوانیش هەڵچنیبوو.

لەســەر ئەم تەلەگرافەی ئەنقەرە بەکر سـامی و هاوڕێکانـی دووبارە ئەچنەوە لای مۆسیۆ بێریانی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسە و لەلایەن ڕاسپێرییەکانی ئەنقەرەوە ئەکەونە گفتوگۆ، بەڵام لەم ڕێیەدا تووشی گەلێ گیروگرفت و قۆرت ئەبن. بێریان ئەم خواستانەی ئەنقەرەی زۆر بە گرنگ دێتە بەرچاو. وایان تێئەگەیەنێ کە ڕێکەوتن لەسەر ئەم بناغەیە جێیباوەڕ نییە. بەلای بێریانەوە لەو ڕۆژەدا فەڕەنسە بەهیچ کلۆجێک لە تەوانایا نابێ کە چەک بە لەشکری مستەفا کەمال بدا وە یا بفروشێ... بەکر سامی ڕێگەی ڕزگاربوون لـەم قۆرتـە ئەدۆزێتـەوە. بە بێـریان ئەڵێت: «لـە ئێوەمـان ناوێت چەکمان بـۆ بنێرن

---

۱. شـفرە ئەو تەلەگرافانەیە کە لەجیاتی پیت بە ژمارە ئەنووسـرێت. ئەم ژمارانە بەنهێنی پیتەکانی بەرامبەری دائەنرێت بۆ ئەمە کە هەر ئەوانەی ئەینووسـن و ئەوی بۆی ئەنووسـرێت بتوانێت لەگەڵ پیتەکان بەرابەری بکا و مانای بزانێت.

وە یا پێمان بفرۆشن، بەڵکوو ئەمانەوێت ئەو لەشکرانەی لە «کلیکیا»یان ئەکێشنە دواوە چەکەکانیان بەجێ بێڵن و بەبێ چەک بکشێنەوە، واتە ڕێی ئەوە بدەن کە تورکەکان بە سووکە شەڕێکی وەکوو گاڵتە ڕووتیان بکەنەوە، چونکە سوێندخۆرەکانی تری فەڕەنسە نەیانئەویست تورکەکان چەکیان دەس کەوێ و ئەبوو ئەم مەبەسە بە فێڵ ببرێتە سەر! لەسەر ئەمە بێریان داوای یەک دوو ڕۆژ مۆڵەتی کرد. بەکر سامی و بێریان لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کە هاتوو حکوومەتی فەڕەنسە بڕیاری بەجێ هێشتنی چەکەکانی دا لە کلیکیا، لە کاتی کشانەوەی لەشکرەکانیان لەشکری مستەفا کەمال شوێنیان بکەوێت و لە دوای شەڕێکی درۆ و ڕێکخراو فەڕەنسزەکان ئەو چەکەی پێیان بێت بیدەن بەدەسەوە و بە چەشنی هەڵاتوو لە سنووری کلیکیا بچنە دەرەوە و خۆیان بگەیەننە ڕۆخەکانی زەریای سپی، واتە بۆلای کەشتییەکانی فەڕەنسە.

تورکەکان ڕۆژی دووەم بۆ دوا وەڵامی فەڕەنسە چوونەوە لای بێریان. پێی وتن کە دوای دوو ڕۆژی تر، واتە لە ٢٤ی مارتی ١٩٢١دا ڕەئیسی جمهوور خۆی ئامادە ئەبێ کە چاوی بە بەکر سامی و هاوڕێکانی بکەوێ و گفتوگۆیان لەگەڵ بکا. لەو ڕۆژەدا تورکەکان بە ڕابەری کۆلۆنێل موگان چوونە سەرای ئەلیزە. لە دەرگای دەرەوەی ئەم سەرایەدا یاوەرەکانی ڕەئیس بەرەوپیریان کردن و گەیاندیانە ژووری چاوەڕێ. ئەو دەمە تورکەکان هێشتا کڵاوی میرییان نەگۆڕیبوو و فێستیان لە سەر ئەکرد. بەپێی ڕەوشتی فەڕەنگ پێش ئەوەی بچنە ژووری سەرەک جمهوور فێستەکانیان پێ داکەندن. تورکەکان کە بەتەمای ئەوە بوون لەم چاو پێکەوتنە کەڵکێک وەرگرن و بە ئامانجی خۆیان بگەن بە نەنگیان دانەنا کە سەر رووت کەن و بەو جۆورە بچنە ژوورەوە، بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا بۆیان دەرکەوت کە سەرەک جمهوور لەو بیرەدا نییە دڵ بدا بە خواستەکانیان و ملی ڕێکەوتن بدا. لە ناوەڕاستی ژوورەکەیا بە پێوە ڕاوەستابوو و چاوەڕوانی ئەکردن کە ئەمە بەڵگەی کەمتەرخەمی و بە کەم تەماشا کردن بوو بەرامبەر بە تورکەکان. جگە لەمە کە سەرەک میواندار پێشکەشی سەرەک جمهووریان ئەدا بە ساردێکەوە و بە گرژی دەسیان ئەگوشێت و بە فیزنواندنێکەوە ئەگەڕێتەوە جێگەکەی خۆی. ئەو شوێنەی تورکەکانی لێ ئەوەستن نزیکەی پێنج مەتر لە کورسی سەرەک جمهوورەوە دوور ئەبێ.

هەر لەو شوێنە ئەمێننەوە و بانگیان ناکاتە پێشەوە. دوای ئەمە کە سەرتاپاخوار چاوێکی بە مانایان پیا ئەگێڕێت و لێیان ورد ئەبێتەوە ئەوسا داوایان لێ ئەکا کە دانیشن. بەمەش دڵی ئاو ناخواتەوە، ئینجا ڕوویان تێ ئەکا و ئەڵێ: «زۆر شتێکی سەیرە کە ئێوە بە هیوای ڕێکەوتن لەگەڵمان هاتوونە ئێرە. کەچی کە لەگەڵتان ڕێکەوتین و بڕوامان پێکردن و فرمانمان دا بە کشانەوەی هێزەکانمان لە کلیکیا، هێزەکانی ئێوە وە یا چەتەکانتان تازە کەوتوونە هەڵمەتبردن بۆ سەر لەشکرەکانمان و تا ئەم ساعەتە گوللەیان پێوە ئەنێن! ئەمەتا پەیمانی ئێوە! بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر ناڕەوایە و جێی داخە! بەکر سامی لە وەڵامدا ئەڵێ: لەبەر تێکچوونی ڕێگەوبان و پچڕان وە یا نەبوونی تەلەگراف لە هەندێ شوێن و بەتایبەتی لە ڕووی شێواوی و ئاژاوەی ئەو ناوانە بەهۆی شەڕی چەتەوە لەم سەردەمەدا لەوانەیە کە حکومەتی تورک بۆی نەکرابێت کە ئاگای ڕێکەوتنی ئێمە بە هەموو ئەوانە بگەیەنێت کە ئەبێ شەڕ بوەستێنن، بەڵام ئەوا ئێمە خۆمان (واتە بەکر سامی و هاوڕێکانی) ئەگەڕێنەوە بۆ ئەنقەرە و ئەوەی پێویست بێ بۆ ئەم مەبەسە جێبەجێی ئەکەین.[1] میلرانی[2] سەرەک جمهوور وتەکانی بەکر سامی ئەبڕێت و پێی ئەڵێت: «ئەم وشە بێ کەڵکانە چە سوودێکی هەیە؟ ئێمە لامان وایە کە ئەنقەرە لە پەیمانەکانی بەینی ئێمە ئاگادارە، بەڵام نایەوێت کە ئەو مەرجانەی لەسەر تورکە بەجێی بێنێت، کە ئەمەش تا ئێستە نەبووە بە دستوور و ئێمەش چاوی لێ ناپۆشین.» لەم بابەتەوە زۆر قسە ئەکرێت و گفتوگۆ درێژ ئەبێتەوە. میلران لە بەرزەوە ئەفڕێت و لە پشتی لووتەوە تورکەکان ئەدوێنێ، بەڵام ئەوان بۆ مەرامی کاری خۆیان و گەیشتن بە ئامانج چاو لەم فیز و خۆنواندنە ئەپۆشن و بە خوێن ساردی لەگەڵی ئەجووڵێنەوە. لە دوای هەموو شتێک بەکر سامی ڕوو ئەکاتە میلران و ئەڵێت: «ئەم پەیمانی ڕێکەوتنە

---

١. ئەم ڕاز و گلەیی و فێڵ و فەرەجە کە لە وشە و کردەوەکانی «میلران» و «بەکر سامی»یا ئەبینرێت بەلای ئێمەوە هەر لە پێویستی ڕێکەوتنەکە خۆیەتی و هەر لە پێشەوە لەسەر ئەوە یەکیان گرتبوو کە بە جۆرێکی وا تەمسیلی چەکەکانیان بدەن بەدەس تورکەوە و بەرامبەر بە یۆنانەکانی کوتەکی دەسی ئینگلیز بە هێزیان بکەن.

٢. ئەلەکسەندەر میلران (١٨٥٩-١٩٤٣)، سیاسەتمەدار و دەوڵەتداری فەڕانسەوی، بۆتە کۆمیسێر و سەرۆک وەزیر و سەرکۆماری وڵاتەکەی (١٩٢٠-١٩٢٤). س.

هەروەکوو بۆ تورک بەکەڵکە و میللەتی تورکی پێ ئاشت ئەکرێتەوە، بۆ فەڕەنسزەکانیش ئەوەندە بەکەڵکە، لەبەر ئەمە وا ئەزانین کە ئەبێ ئێوەش و حکوومەتی فەڕەنسە پێتان خۆش بێ کە سەر بگرێت. ئەوەش دووبارە ئەکەمەوە کە دواکەوتنی بەجێهێنانی مەرجەکانی ئەم پەیمانە لەلایەن حکوومەتی تورکەوە بەڵگەی بێباوەڕی نییە لە عاست پەیمان‌دا و ناڕاستی ئێمە ناگەیەنێ! بەڵکوو ئەمە ئەبێ لە ڕووی شتێکەوە بێ کە ئێمە لەم ساتەدا نازانین چییە. لەگەڵ ئەمەشا لە ئێمەوە ئاشکرایە و ئەبێ خاوەن فەخەماتیش باوەڕ بکا کە هەموو مەرجەکانی ئەم پەیمانە لەلایەن حکوومەتی تورکەوە ئیمرۆش نەهاتبێتە جێ سبەینێ هەر دێتە جێ. ئینجا بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە بە فەخامەتتان بڵێم حکوومەتی ئەنقەرە هیوای ئەوەتان لێ‌ئەکا کە فەرمان بدەن بە هێزەکانی کلیکیا کە لەم گەڕانەوەیەدا بۆ سووریە چەکەکانیان بەجێبێڵن و بیدەن بەدەسەوە! سەرەک‌جمهوور وا دەرئەکەوێ کە ئەم وشانەی بە دڵ نەبێ، چونکە لەم باسە لائەدا و ئەکەوێتە باسێکی ترەوە. ئیتر تورکەکان بۆ ئەوساتە هیوا ئەبڕن و خاو ئەبنەوە. سەرەک‌جمهوور هەست بەمە ئەکا و بۆ ئەوەی دوایی بە گفتوگۆ بدا ڕاست ئەبێتەوە سەرپێ. بەکر سامی و هاوڕێکانیشی هەڵئەستنە پێیان و بێ‌ئەوەی شتێک بڵێن دەسی میلران ئەگوشن و بە ڕوویەکی ترشەوە ئەچنە دەرەوە...

ئەنجامی تەقەلای بەکر سامی و ڕێکەوتنی لەگەڵ فەڕەنسە و ئیتالیا

کۆلۆنێل موگان لە دەرەوە چاوەڕوانی بەکر سامی و هاوڕێکانی بوو. بە ڕووی گرژیانا بۆی دەرکەوت کە لەلای سەرەک‌جمهوور بە مەرام نەگەیشتبوون. لەبەر ئەمە دەسی کرد بە دڵنەوایی‌یان و بردییە مێشکییانەوە کە بەشی زۆری ناودارەکانی فەڕەنسە و عەسکەرە گەورەکانی لایەنگیری ئەوانن و ئەیانەوێت یارمەتی تورک بدەن. وای لێ‌کردن کە هیوا نەبڕن و لەسەر کۆشش و تەقەلای خۆیان بڕۆن. جگە لەمە لەگەڵیان چووە لای گەلێک لە پیاوەکانی سیاسی و گەورەکانی عەسکەری فەڕەنسە و ناسیاوی پێکردن، چە بەهۆی ئەم پیاوە ناسراوانەوە کە کاریان لە سیاسەتی فەڕەنسە ئەکرد و چە بە ڕابەری و یارمەتی بەڕاستی کۆلۆنێل موگانەوە خاوەن دەسمایە گەورەکان و ئیستعمارییەکانی لێ دەرچێ،

کە دوژمنی خوێنینی تورکی کەمالی بوون، توانییان ئەو دوای گەورەکانی شارستانی و عەسکەری حکوومەتی فەڕەنسە و بەتایبەتی حیزبی ئیشتراکی بکەن بەلاگیری خۆیان و بەم چەشنە تەقەلا و خوێن‌ساردی و نەبەزینە حکوومەتی فەڕەنسەیان بۆ هاتە سەر ڕێ و بە مەرامی حکوومەتی ئەنقەرە گرێی ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەست. ئینجا دوای ئەوە کە هەشت ڕۆژ لە پاریس مابوونەوە فەڕەنسەیان بەجێ‌هێشت و چوونە ئیتالیا (٣ی نیسانی ١٩٢١).

ئەمانە، واتە بەکر سامی و هاوڕێکانی لە ئیتالیا تووشی گیروگرفت نەبوون. «کۆنت سفۆرزا»ی وەزیری دەرەوەی ئیتالیا هەر لە کۆبوونەوەکەی لەندەن و پاریس‌دا لەگەڵ تورکەکان وەکوو دۆست جووڵابووەوە و یارمەتی دابوون. لەبەر ئەمە بەکر سامی و هاوڕێکانی دوای ئەوە کە گرێی ڕێکەوتنیان لەگەڵ فەڕەنسە بەست، هاتبوونە ئیتالیا و هیوایان ئەوە بوو کە لەگەڵیان ڕێکەون و وەجبەیەک چەک و فیشەک لە مانیش وەرگرن وە یا بکڕن. کۆنت سفۆرزا بەپێچەوانەی فەڕەنسە زۆر بەئاسانی لەگەڵیان ڕێکەوت و بڕیاری دا کە هەر چەکێک بە لەشکرە تازەکانی تورک پێویست بێ پێیان بفرۆشرێت. بەم‌جوورە تاقمی بەکر سامی لە فەڕەنسە و ئیتالیادا بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و بەم کەڵکە گەورانە کە لە خوارەوەدا ئەیژمێرین بناخەی تورکیای تازەیان بەهێز کرد:

١ـ جیابوونەوەی فەڕەنسە و ئیتالیا لە سیاسەتی ئینگلیز کە دەربارەی تورک و یۆنان لەسەری ئەڕۆیشت.

٢ـ دەرچوونی لەشکرەکانی فەڕەنسە لە چەن ویلایەتێکی داگیرکراوی تورک و بەجێ‌هێشتنی ئەم ویلایەتانە بۆ لەشکرەکانی مستەفا کەمال.

٣ـ بەجێ‌هێشتنی چەکەکانی لەشکری فەڕەنسە لە کلیکیا بۆ لەشکری مستەفا کەمال بەبێ پووڵ و پارە.

٤ـ یارمەتی سیاسی و ئەدەبی ئیتالیا بۆ تورکیای تازە و فرۆشتنی چەکی جەنگی بە حکوومەتی مستەفا کەمال.[1]

١. بەشێکی ئەم باسەی سەرەوە لە خاتراتی «مصطفی کمال‌الدین‌پاشا»ی سەفیری تورک لە بەرلین کورت کراوەتەوە.

لە سروشــتدا کەڵکی هەرە گەورەی دوو ڕێکەوتنەکانی سەرەوە بۆ تورکەکان ئەمەیە کە تا ئەو ڕۆژە بەشـێکی زۆری هێزەکانی مســتەفا کەمال لە کلیکیا و ئەنتالیا (انطاليا) بەرامبەر بە هێزەکانی فەڕەنســە و ئیتالیا دانرابوو و لەم ناوەدا شــەڕی ئەکرد. لەبەر ئەوە بەردەمی هێزەکانی یۆنان لەشــکرێکی ئەوتۆی تورکـی لێ‌نەبـوو و لـەم کاتــەدا ڕێکەوتنـی تــورک و فەڕەنســە و تــورک و ئیتالیــا ســەری نەگرتایە لەوانە بوو کە لەشکرەکانی یۆنان بەبێ ئەرکێکی گەورە پێشــکەوێ و بگاتە ئەو شارانە کــە بــڕیار و بەڵێنــی گرتنــی دابــوو، بــەڵام بە کشــانەوەی لەشــکرەکانی فەڕەنســە و ئیتالیــا، مســتەفا کەمال توانی لەشکرەکانی خۆی لەم دوو لایە بکێشێتەوە و هەموو قورسایی‌یەکەی بخاتــە ســەر لەشــکری یــۆنان، وە بەهــۆی گوێزرانــەوەی ئەم لەشــکرانەی تــورک بۆ لای

عیسمەت‌پاشا، قارەمانی ئینۆنوو

خوراوا کە چەکە تازەکانی لەشکری فەڕەنسە و ئیتالیای بەدەسەوە بوو یۆنانەکان یەک لە دوای یەک لە شـەڕی دووەمی «ئینۆنوو» و لە شـەڕەکانی «سـەکاریا» و «دوملووپینار»دا تووشـی شکسـتێکی گەورە هاتـن و کوشـتارێکی زۆریان لێ‌کـرا و دیلێکـی زوربەیان لێ گیرا. ئەوانەش کە لە کوشـتن وە یا لە دیلی ڕزگارییان بوو بە وێنەیەکی سـەرگەردان تەفروتونا بوون وە یا لە خاکی تورک کرانە دەرەوە و فڕێ‌درانە زەریای سپییەوە...!

٣٧

باسی مەسەلەی کورد لە ئەستەمووڵ

لە لاپەڕە ٧٩ی بەشـی یەکەمدا وتبوومان کە شـێخ مەحموودی حوکمداری کوردستان بە ڕەشـید زەکی کابان[1] و سـەید ئەحمـەدی بەرزنجیدا[2] نامەیـەک و مەزبەتەیەکی نارد بۆ شەریفپاشـای[3] کوڕی سەعیدپاشای خەڵقی سلێمانی دانیشتووی پاریس بۆ ئەوە کە لە

١. ڕەشید زەکی کابان (١٨٧٨ - ١٩٤٠)، کوڕی مەعرووف کابانی عەزیز مێرگە (مەرگە)یی لە نەوەکانی خدربەگی مەرگەییە. لە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەریی سلێمانی و ئیعدادی عەسکەریی بەغدا خوێندوویەتی. ساڵی ١٨٩٧ مەکتەبی حەربییەی ئەسـتەمبووڵی تەواوکردووە. ١٩١٨ پەیوەندی بە یەکەم حکوومەتی کوردسـتانەوە کردووە، لە ١٩ی مارسی ١٩١٩ بەدواوە لەگەڵ سەید ئەحمەد بەرزنجی بوونەتە نوێنەری کوردستانی جنووبی تا مەزبەتەی پشتگیری بگەیەننە دەست شەریفپاشای خەندان لە پاریس. دوای شەڕی دەربەندی بازیان لە شاری بەیرووت گیراون و هێنراونەتەوە بۆ مووسـڵ. لە دووەم حکوومەتی کوردسـتاندا کراوە بە موعەللیمی ئەوەلی قوتابخانـەی ڕوشـدییەی قادرییە، بەڵام نەیکردووە. لە ١٩٢٣ بە وەکالـەت بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەعدادی بووە، کە دانراوە بە مامۆسـتای ڕیازییات دەستی لێکێشاوەتەوە. لە ساڵی ١٩٢٤دا بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کفری و هەولێر و سـلێمانی بووە. لە ٢٣ی مایسـی ١٩٣٠ بە ئەندامی هەیئەتی ئیداری (جەمعییەتی زانسـتیی کوردان) هەڵبژێردراوە؛ سـاڵی ١٩٣٤ بووە بە بەڕێوەبەری مەعاریفی سـلێمانی؛ ساڵی ١٩٣٩ خانەنشین کراوە، ڕۆژی ١٩٤٠/٨/١٣ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

٢. سەید ئەحمەد بەرزنجی (١٨٨٨ - ١٩٦٠)، لە سەردەمی عوسمانیدا مامۆستا بووە؛ ساڵی ١٩٢٢ لە حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموودا کراوە بە ڕەئیسی ئەمنیەتی عموومی (ئاسایشی گشتی)؛ ڕەئیسی مالییە و گوومرگ و یاوەر و سـەرکاتبی شـێخ مەحموود بووە لە خولی سـێیەمی حکومڕانی شـێخ مەحمـوودا. ئەندامی وەفدی کوردسـتانی جنووبی بووە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. نوێنەری تایبەتی شێخ مەحموود بووە بۆ دانوستان و گفتوگۆ تا ١٩٢٧. سـاڵی ١٩٢٨ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحییەی قازانییە، دواتر لە چەندین شـاردا هەمان پۆستی هەبووە، دواتر کراوە بە قایمەقامی عەین سـفنی و لە ساڵی ١٩٤٥ خانەنشین کراوە. ١٩٦٠/٩/٩ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

٣. ژەنـەڕاڵ شەریفپاشـا (١٨٦٥-١٩٤٥)، نـاوی محەممـەد کوڕی سەعیدپاشـای کوڕی حسێنپاشـای کوڕی ئەحمەدئاغای خەندانە. لە شـاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ئەسـتەمبووڵ درێژەی بە خوێندن داوە و بووەتە ژەنـەڕاڵ. لـە مانگی ئازاری ١٩١٩دا بەنـاوی نوێنەرێکی متمانە پێ بەخشـراوی کورد و شـێخ مەحموودەوە یادداشـتێکی پێشکەشـی کۆنگرەی ئاشتی پاریس کرد و داوای دەوڵەتێکی سـەربەخۆی بۆ کورد کرد، بەڵام لە کۆنفرانسی لۆزاندا هەموو ئاواتەکانی شەریفپاشا هەرەسیان هێنا و کارێکی خراپیان کردە سەر باری دەروونی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا لە شاری ناپۆلی لە ئیتالیا کۆچیدوایی کرد. م.س.

کۆبوونەوەی موئتەمەری ئاشتیدا بەناوی قەومی کوردەوە داوای حقووق و سەربەخۆیی بکا، بەڵام وەکوو هەر لەو لاپەڕەیەدا باسمان کردبوو ئەم نامە و مەزبەتەیە نەگەیشتە پاریس و بەهۆی ئینگلیزەکانەوە ڕەشید زەکی و سەید ئەحمەد ڕێی پاریسیان نەدرا و لە حەڵەب مانەوە. ئینجا کە شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود لە سلێمانی هەڵگیرسا و لە ئەنجامدا شێخ مەحموود لە دەربەند بە برینداری بە دیل گیرا و نێررایە بەغدا و لەوێ لەلایەن دیوانی عەسکەری ئینگلیزەکانەوە حوکمی درا و نێررایە [جەزیرەی] ئەندامان، نێرراوەکانی شێخ مەحموود لە حەڵەبەوە گەڕانەوە عێراق و بەم جوورە چە شێخ مەحموود و حکوومەتەکەی و چە کوردەکانی عێراق لەلایەن پێش خستنی مەسەلەی کوردەوە شتێکیان بۆ نەکرابوو و بەشدار نەبووبوون، بەڵام کوردەکانی تورکیا و بەتایبەتی کۆمەڵەکانی سیاسی کورد لە ئەستەمووڵ کەوتبوونە تێکۆشانێکی

ئەنوەرپاشا سەرەکوەزیری دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆکی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی

بێوچان و تەقەلایەکی بەتین. لەگەڵ بڕانەوەی شەڕ (موتارەکە) و دەرچوونی گەورەکانی کۆمەڵەی یەکییەتی و سەرکەوتن لە ئەستەمووڵ و ڕاکردنیان بۆ دەرەوەی خاکی عوسمانی ئەم کۆمەڵانە بەئاشکرا و بەبێ ترس هاتنە مەیدان و بەڕەسمی داوای حقووقی کوردیان خستە پێشەوە. ویلسۆنی سەرەک جمهووری ئەمەریکا لەو ڕۆژانەدا ١٤ بەندەکەی خۆی بڵاوکردبووەوە کە بەپێی ئەم دەستوور وە یا بەڵگە (وەثیقە)یە هەموو قەومێک مافی داوا کردنی سەربەخۆیی پێدرابوو. لەبەر ئەمە سیاسییە گەورەکانی کوردیش پاڵیان دابوو بە دەستوورەکەی ویلسۆنەوە و داوای سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی قەومی کوردیان ئەکرد. بۆ ئەم داوایە زۆر تێکۆشان و لەلای گەورەکانی سوێندخۆرەکان گەلێ تەقەلایان دا.

حکوومەتی ئەو ڕۆژەی ئەستەمووڵ کەوتبووە وێستاوێکی گرنگەوە و ئەنجامێکی سامناکی لە پێشەوە بوو. لەوە ئەترسا کە کوردستان و ئەرمەنستانی لێ جیا بێتەوە، واتە بەجارێ پووچ بێتەوە و هیچی بەدەسەوە نەمێنی. ئاگاداری ئەوە بوو کە کۆمەڵەکانی سیاسی کورد پەرەی سەندووە و لە زوربەی ویلایەتەکانی خوراوا و شارە گەورەکانی کوردا بڵاوبووەتەوە، بۆیە کە ویستی بە سیاسەت و بە هێمنی لەگەڵ کوردەکان بجووڵێتەوە وە یا بیانخڵافێنێ. هەر لەم سەرودەمەدا کلیمانسۆی سەرەک جمهووری فەڕەنسە بەیان (وتار)ێکی بڵاوکردەوە. ئەمە بەتەواوی تورکەکانی پەشۆکاند و بناغەی دەوڵەتی بە چەشنی بوومەلەرزە هێنایە لەرینەوە. لەم وتارەدا کلیمانسۆ بەناوی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی ئەورووپاوە ئەیوت: «حکوومەتی تورک (دەوڵەتی عوسمانی) ئەوەی لە بارا نییە کە بتوانێت میللەتێک بەڕێوەبەرێت؛ لەبەر ئەوە متمانەی پێناکرێت و نابێ قەومێک کە تورک نەبێ و تا ئیمرۆ لە ژێر جەوری تورک و ستەمی تورکا ژیاوە دووبارە بخرێتەوە ژێر حوکمی.» لەبەر ئەمە حکوومەتی ئەستەمووڵ کەوتە ترسێکی گەورەوە و ویستی لە کوردەکان نزیک بکەوێتەوە و ماوەیان نەدا کە دووی ئەم واتانە وە یا دەستوورەکەی ویلسۆن بکەون و بۆ ئەوەی لە گەورەکانی سوێندخۆرەکان دووریان بخاتەوە و هەلیان لە کیس بدا بەپەلە لیژنەیەکی وزاری دامەزراند کە لەگەڵ کوردەکان بکەوێتە باسی مەسەلەی کوردەوە. ئەم لیژنەیە کۆڵینەوەی مەسەلەی کوردی پێ سپێررا. ئەبوو لەو شتانە بگەڕێت کە بووە بەهۆی نارەزایی قەومی کورد. بیر لەوە بکاتەوە ـ کە بەو شەرتە لەناو یەکییەتی عوسمانیدا بمێنیتەوە ـ چەشنە ئیدارەیەک بخاتە بەرچاوی حکوومەت کە ئەبێتە هۆی ڕەزامەندی کورد؛ لەگەڵ نوێنەرەکانی کۆمەڵەکانی سیاسی

مۆسیۆ کلیمانسۆ

کورد باسی ئەوە بکەن کە بۆ کورد و کوردستان چێ بە باش و بەکەڵک بێ بکرێت؛ بۆ ئـەوە تێکۆشـن کە کورد و تورک یەک خەنەوە و بۆ ئـەو هۆیانە بگەڕێن کە بناغەی ئەم یەکییەتییە دامەرزێننەوە و بەهێزی بکەن. لەلایەکی تریشەوە چە حکوومەتی تورک و چە غەزەتەکانی ئەو ڕۆژەی ئەسـتەمووڵ بەپێی سورشـتی ڕۆژی ڕەش کەوتبوونە باسی یەکییەتی ئەم دوو قەومە؛ یەکییەتی تورک لەگەڵ برا کوردەکانیان. لە چاکی و قازانجی یەکییەتی ئەم دوو برا مسـوڵمانە، باسـی شـەریکایەتی کورد و تورکیـان ئەکرد و خاکی عوسـمانییان بە هی ئـەم دوو برایە دائەنا. دوژمنی ئەم وڵاتـەیان بە دوژمنی هەر دوولا ئەژمـارد. لە پاراسـتنی ئـەم خاکە پیـرۆزەدا کوردیش وەکوو تورک بەشـدار بـوو. دینی ئیسـلام و شـەرەفی ناوی خۆشەویسـتی عوسـمانی ـ کە لەم دوو قەومە، واتە لە کورد و تورک هاتووەتە ناو ـ وەکوو تورک ئەکەوتە سەرشانی کوردیش...!

ئیبراهیم حەیدەری

شکی تیا نییە کە ئەم پڕوپاگەندەیە و ئـەم هــەوڵ و تەقەلایـە لەلایـەن حکوومەت و غەزەتەکانەوە گەلێ کەڵکی بۆ تـورک بـوو و کارێکی باشـی ئەکردە سـەر زوربـەی کـوردەکان، بـەڵام نیشـتمانپەروەرەکانی کـورد و کۆمەڵەکانی سیاسی لەوانە نەبوون کە بەم واتانە تەفرە بخـۆن و لـە ڕێـی ئـازادی کـوردا لـە تەقەلا کەیان دوا بکەن. ئەمانە چاوەڕوانی ئەنجامـی کۆبوونـەوە و گفتوگۆکانی لیژنە وزارییەکـەیان ئەکـرد. لیژنـە لـە ژێـر سـەرەکی برایـم ئەفەنـدی حەیـدەری (شێخولئیسـلام)دا بـوو و ئەمیـن عالـی بەدرخـان و مـراد بەدرخـان و شـێخ

عەبدولقادری ئەندامی مەجلیسی پیرەکان، ئەندامی لیژنە بوون.[1]

ئەمانـە لـە دیوانی مەجلیسـی وزرا لـە بابی عالی چـەن جارێک کۆبوونـەوە و لە ئەنجامدا بڕیاری ئەوەیان دا:

١ـ بـە سـەربەخۆیی ئیسـتقلالی زاتی کوردسـتان بە شـەرتێک کە لـەناو یەکییەتی (جامعە) عوسمانیدا بمێنێتەوە.

٢ـ دەس بـە گەلاڵـە کردنی تەرتیباتێک کە پێویسـتە بـۆ بەجێ هێنانی بڵاوکردنەوەی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان.



شێخ عەبدوالقادر شەهیدی گەورەی کورد

لـەم کاتـەدا وەزارەتی عوسـمانی گۆڕا و فەریدپاشـای زاوا بـوو بە سـەرەک وەزیر. فەریدپاشا بـڕیاری لیژنەکـەی نەهێنایـە جـێ و چـاوی لێ نووقانـد. لەسـەر ئەمـە نیشـتمانپەروەرەکان و کۆمەڵەکانی سیاسی کـورد دووبارە ڕوویان کـردەوە موئتەمـەری ئاشـتی. هـەر سـێ کۆمـەڵ پێکـەوە[2] شەریف‌پاشـایان هەڵبـژارد بـە نوێنـەری تایبەتـی بـۆ داوا کردنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان و ئـازادی قەومـی کورد. شەریف‌پاشـا داوای کـوردی بـە بیرخەرەوەیەکی فەرەنسـزی[3] پێشکەشی موئتەمـەری ئاشـتی کـرد. بـەم چەشـنە و بەهـۆی تێکۆشـان و تەقەلایەکـی بەنرخی

١. ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری شێخولئیسـلامی عوسمانی خەڵقی هەولێر لەو ڕۆژەدا لە ئەستەمووڵ وەکیلی سەدری ئەعزەم «ڕەئیسی وزەرا»ش بوو. ئەمیر ئەمین عالی بەدرخان باوکی ئەمیر جەلادەت و دوکتۆر کامەران و دوکتۆر سورەیا و شێخ عەبدولقادری ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی ئەستەمووڵ بەناوی نوێنەری کۆمەڵی تەعالی کوردستانەوە لە لیژنەکەدا کرابوون بە ئەندام.

٢.«کۆمەڵی تەعالی کوردستان» و «کۆمەڵی تەشکیلاتی ئیجتماعییە» و «کۆمەڵی ئیستقلالی کوردستان».

3. Memorandum Sur les Revendications du people Kurde.

شەریف‌پاشای نیشتمانپەروەری کوردەوە سێ بەندەکەی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان خرایە «پەیمانی سیڤەر»ەوە و لە دواییدا ئەم پەیمانە لە وەزارەتی فەریدپاشای زاوادا بە نوێنەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرا.

شێخ مەحموود مرد

بەڵێ ئەو کەسە کە نزیکەی ٦٠ ساڵ لە کوردستانا، لە درێژی و پانی وڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، لە عێراقا و بەڵکوو لە هەموو خۆراوای ناوەڕاستا ناوی ئەزرنگایەوە، شەوی سێشەمەی ڕێکەوتی ١٩٥٦/١٠/٩ لە بەرەبەیانا، لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا ڕەوانی پاکی بە یەزدانی گەورە سپارد و هەر ئەو ڕۆژە تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە سلێمانی. باسی ئەوە کە ئەم تەرمە پیرۆز و بەهادارە لە بەغداوە چۆن بەرێ خرا و لە سلێمانی بە چە جوورێک بەرەوپیری کرا، لەوانە نییە کە بە نووسین بگێڕرێتەوە، چونکە ئەمە پێویستە بە ڕەش‌کردنەوەی کتێبێک. ئەوەندە ئەڵێین کە هەرچەن هەموو گیاندارێک ئەبێ بمرێت، بەڵام جێی‌داخی هەرە گەورەمان ئەوەیە کە مردن لە کاتێکی ناخۆش و ناهەموارا چاوی بە شێخ مەحموود قووچاند.

داخی ئەوە لە دڵ دەرناچێ کە شێخ مەحموود لەکاتی هاتنە خوارەوە لە پلەی بەرزی و گەورەیی و لە دوای دابەزین لە ئەسپی شاسواری تووشی پەنجەی ئەجەل بوو. لە کاتێکا کە نوشوستی یەخەگیری بوو بوو و لە ئێمەی نزیک خستبووەوە چاوی فرمێسکاوی لێک‌نا و لەم دونیا بێ‌وەفایە چووە دەرەوە! لە کاتێکا مرد کە خۆی بە بچووک ئەهاتە بەرچاو؛ بەڵام نەیئەزانی کە نوشوستی ئەوی بەرز کردبووەوە، بە هاتنە خوارەوە، لە «خەڵق!» نزیک کەوتبووەوە و گەورەیی بێ‌ئالایشی لەوانەوە دەرکەوتبوو. داخی من بۆ ئەوەیە کە ئەم بەشی یادداشتە دوای بە ڕەحمەت چوونی ئەو تەواو بوو، واتە نەگەیشت کە حەقیقەتی خۆی لە «یادداشت»دا بخوێنێتەوە!!

ڕەفیق حیلمی، دووشەممە، ١٩٥٦/١٠/٩، ٤ ربیع‌الأول ١٣٧٦

٣٨

مستەفا کەمال و کوردەکان

هێشتا مستەفا کەمال لە ئاسیای بچووک (ئەنادۆڵ) بەتەواوی جێگیر نەبووبوو کە حکوومەتی ئەستەمووڵ بە هاندانی سوێندخۆرەکان هەر ساتە بەجوورێک تەنگاوی ئەکرد. چە لە ئەستەمووڵ و چە لە ئەنادۆڵ هاورێکان و لاگیرەکانی لێهان ئەدا وە یا هەڵیئەگێڕانەوە. بۆ لەناو بردن و فەوتاندنی، تەماعی ئەنایە بەر ئەوانە کە لەگەڵی بوون و تێکەڵ بە شۆڕشەکە بوون. بە تەماع و دەمشیرین کردن بۆی هەڵنەئەگەڕایەوە بە هەڕەشە و ترساندن خەریکی ئەبوو و هەزاران کۆسپ و بەرهەڵستی ئەهێنایە رێی. لەبەر ئەمە مستەفا کەمال لە وێستاوێکی گرنگا بوو و ئەنجامێکی سامناکی لە پێشەوە بوو، بەلام لەوە گەیشتبوو ئاتاجی یارمەتی کوردەکانە و بێتوو قەومی کوردی لەگەڵ نەبێ لە ئاسیای بچووکا جێگەی نابێتەوە؛ چونکە ئەیزانی کە یارمەتی کورد بۆ ئەو یارمەتی هەر شەش ویلایەتەکانی خوراوا و یارمەتی ئەم شەش ویلایەتەش یارمەتی ئاسیای بچووکە. ئەوەندە هەبوو کە لەو ڕۆژەدا یارمەتی کوردی بەئاسانی دەس نەئەکەوت. ئەوەش بە بیرا ئەهات کە کوردەکان ڕوو بکەنە ئاسۆیەکی تر! بیر لە کوردستانی سەربەخۆ بکەنەوە و هێزی چەکی کورد بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە بخەنە کارەوە. پەیمانی سیڤەر هێشتا لەناوا بوو. بەیانەکەی کلیمانسۆ[1] قەومەکانی ژێردەستی تورکی



دوکتۆر ویلسۆن خاوەنی ١٤ بەندەکە

١. جۆرج بنجامین کلیمانسۆ (١٨٤١ـ ١٩٢٩)، سیاسەتمەدارێکی ناوداری فەرەنسایی بوو، دوو جار بە سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە هەڵبژێردراوە، یەکەم جار ١٩٠٦ـ ١٩٠٩، دووەم جاریش ١٩١٧ ـ ١٩٢٠. لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا سەرکردایەتی ئەو وڵاتەی کرد. لە ساڵی ١٩١٩ دوای جەنگ سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی پاریسی کرد. م.س.

وشیار کردبووەوە. بەندەکانی ویلسۆن بوو بوو بە سەنەدی دەسی ئەوانە کە تەقەلای ڕزگارییان ئـەدا و بۆ ئازادی تێئەکۆشـان. بەتایبەتی قەومی کورد لە پێش هەمـوو قەومەکانی ترەوە لە ڕێـی سـەربەخۆیی و ئازادییـا خوێنـی ڕژابـوو و ڕژاندبـوو. چەشـکەی سـەربەخۆیی (ئیسـتقلال)ی لە پێش تورکا چەشتبوو. جگـە لەمانە، لەو ڕۆژەدا کە مسـتەفا کەمال کەوتبووە تەقەلای ڕزگاری تورک، حکوومەتی ئەستەمووڵ دەرگای سەربەخۆیی بۆ کورد کردبووەوە و لەگەڵ کۆمەڵەکانی سیاسـی کورد بۆ چەشـنە ئیدارەیەک گفتوگۆ ئەکرا کە دڵنەوایـی کوردی تیابێ و ڕێـی جیابوونەوەیان لێ بگرێت؛ چونکـە ئەوە جێی گومان نەبوو کە ئەگەر کورد دەسـی بدایەتە چەک، جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستانی بە گێتیدا بڵاو بکردایەوە، مستەفا کەمال ئەم مستەفا کەماڵە نەئەبوو و لەشکری یۆنان بەو چەشـنە فرێ نەئەدرایە زەریاوە...! هاوڕێکانی خۆی هەردەمە بەهۆیەک، لە ترسـا وە یا لەبـەر بەخیلی پێبردن، لە ڕووی هەڕەشـەی حکوومەتی خەلیفـەوە یان لە ئەنجامی فرِوفێڵـی سـوێندخۆرەکان لە مسـتەفا کەمال ڕاسـت ئەبوونـەوە، پەلپیـان لێئەگرت، بیانـوویان ئەدۆزییەوە و داوای ئەوەیان لێئەکرد کە سـەر بۆ حکوومەتی ئەسـتەمووڵ دابنەوێنێت و ملی لە عاسـتی فرمانی خەلیفـەدا بچەمێنێتەوە! ئیتر لەوەدا نەمابوو کە بەخیلی پێ ببرێت، کەوتبووە گەرداوەیەکی ئەوتۆ کە مرۆڤ بەزەیی پیابێتەوە. سـەری لـێ شـێوابوو و کەوتبـووە گرنگترین دەرەکـەوە. لەبەر هەمـوو ئەمانە بوو کـە بیری لە دۆسـتایەتی کـوردەکان کردەوە. لەمە بـەلاوە چارەیەکی تری نەبوو. لـەناو جەرگی وڵاتی کوردا دەسی دابووە ئەم کارە. سەری نابووە بن باخەڵی. لە وڵاتی قەومی کوردا بۆ ڕزگاری تورک سەری بەرز ئەکردەوە. کوردەکان کە پەیمانی سەربەخۆیی کوردستانیان بەدەسەوە بـوو دوور نەبـوو کە ئـەم سـەرە پان بکەنـەوە و بیکەن بـە بەڵگـەی زندووبوونەوەی قەومی کورد!

بەڵام کوردەکانی ئەنادۆڵ وایان نەکرد و بە واتەکانی مستەفا کەمال تەفرەیان خوارد. مسـتەفا کەمالیش بە دەستووری حکوومەتی ئەستەمووڵ لە پێشا دەمی لە دینەوە ئەدا. خۆی لە کوردە دیندارەکان نزیک ئەخسـتەوە. بۆ خەلیفەی دەسبەسەری مسوڵمانەکان ئەگـریا. لە ڕێـی پاراسـتنی وڵاتی شـەریکایەتی تورک و کـورد، بـۆ ڕزگاری خەلیفەی

بەسەزمان و بێدەسەڵات لە ژێر چنگی سوێندخۆرەکان و لە پەنجەی فەڕەنگ ئەپاڕایەوە. کوردی بە برای تورک و ڕاستترین مسوڵمان دائەنا. وای ئەبردە مێشکییانەوە کە سەربەخۆیی کورد مافێکی خۆیانە، بەڵام ئەیوت پێویستە جارێ ئەو وڵاتە لە داگیرکران بپارێزن. کورد و تورک پێکەوە ڕێی دوژمنی لێ بگرن و ڕزگاری بکەن. دوای ئەوە بیر لە ڕێکەوتنی دوو برا بکەنەوە وە یا وڵات لەناو خۆیانا بەش بکەن؛ بەڵکوو لەمە زیاتریش ئەچووە پێشەوە و ئەیوت دوای دەرکردنی یۆنانەکان لە خاکی تورک کوردستانێکی وا دائەمەزرێنێت کە ببێتە هۆی برایەتی و یەکیەتی نەمر بۆ هەردوو قەومەکە، واتە بۆ کورد و تورک. بەم جوورە کوردەکان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەسیان نایە ناو دەستی مستەفا کەمالەوە و لە شەڕەکانی ئیستقلالدا هیچ نەما بۆی نەکەن؛ بە ماڵ و بە گیان تەقەلای ڕزگاریی تورکیان دا.

برسییەتییان کێشا. ڕووتوقووت مانەوە. لە ڕێی ڕزگاری وڵاتی شەریکایەتی دوو برا (کورد و تورک) خوێنی لاوەکانیان ڕژاند. لە زۆری شەڕەکانی ئازادی و ئیستقلال و بەرامبەر لەشکرەکانی یۆنان ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوە شەڕیان ئەکرد و ئەوانەی کە بووبوون بە پێشداری لەشکرەکانی تورک و چوونە «ئیزمیر»ەوە دەستەی سوارە چوست و چالەکەکانی کورد بوو...!

دیمەنێکی ئیزمیر

ئـەو دەمە کـوردەکان ئەوەیان بە بیـرا نەهاتبوو و باوەڕیان نەئەکرد کە سـەرکەوتنی مسـتەفا کەمال دوایی بە ژیانی قەومی کورد ئەدا. نەئەچووە مێشکیانەوە کە تورکەکان لـە دوارۆژا برایەتـی و جوامێـری کوردیان لە بیـر ئەچێتەوە و بەڵکوو بـە چاوی دوژمن تەماشـایان ئەکەن. بەڵێ ئەوە بە بیری کوردەکانی ئەو ڕۆژەدا نەئەهات کە تورکەکان لە دوای ڕزگاری لە دوژمن و لە ڕۆژی ئازادی و کامەرانییا بائەدەنەوە سەر برا کوردەکانیان و بۆ خنکاندن و لەناو بردنیان لە بیانوو ئەگەڕێن، چونکە کردەوەی وا لە شیمەی کورد نییە و باوەڕ ناکا کە ئەمە لە شیمەی قەومێکی تریش بێ...!

لە بەشی یەکەما وتبوومان کە نۆئێل لەگەڵ ئەحمەد فایقی خەڵقی سلێمانی چووبووە کوردستانی تورکیا بۆ ئەوە کە گەورەکانی کورد و نیشتمانپەروەرەکان ببینێ و لەگەڵ ئەوانا بۆ دامەزراندنی بناغەی کوردستانی گەورە تێبکۆشێت، بەڵام بزووتنەوەی مستەفا کەمال لەو ڕۆژانەدا بوو بە بەرهەڵسـتی ئەم کارە. هێزەکانی تورک کەوتنە شوێن نۆئێل و فایق، لەبەر ئەمە نەیانتوانی هیچ بکەن و بە یارمەتی هەندێ سەرەک عەشیرەتی کورد خۆیان دەرباز کرد و گەیشـتنە حەڵەب و لەوێوە چوونە ئەسـتەمووڵ. ئەمە وەکوو من ئەمزانی بەم چەشنە بوو، بەڵام لە دوایی‌یا لە هەندێ نووسراوا چاوم پێکەوت کە ئەڵێ: نۆئێل بۆ ئەوە چووبووە کوردستان، کە پەندی کوردەکان دابدا، بە سەریانا بێت؛ ڕێی سەرچڵی و هەڵەشـەیان نەدا و داوایان لێ بکا کە خۆیان بگرن و لە شەڕ لابدەن و بەوە باوەڕیان بێ کە سـوێندخۆرەکان لە «موئتەمەری ئاشـتی»دا بەندەکانی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان ئەخەنە پێش چاو و بۆ دەسخستنی حەقی کورد چییان پێ‌بکرێت ئەیکەن، چونکـە هەروەکوو گەورەکانی دەوڵەتە سـوێندخۆرەکان، نۆئێلیش لـەو باوەڕەدا بوو کە دوای ئیمزا کرانی پەیمانی سیڤەر لەلایەن نوێنەرەکانی تورکەوە ئیتر جوان و بەجێ نییە کە کوردەکان سەرچڵی بکەن وە یا ڕێگەی شەڕ و خراپە بگرن و بە گژ تورکا بچن، واتە بەلایانەوە وابوو کە مەسـەلەی کورد براوەتەوە لەبەر ئەمە لەسەر کوردەکان پێویستە کە دوای ئـاژاوە نەکەون و سـتاتوکۆ[1] بپارێزن. چاوەڕوانی ئەوەین کە حکوومەتی عوسـمانی پێویستی پەیمانی سیڤەر بەجێ بێنێ.

---

١. ویستاوی کات = الوضع الراهن. [بارودۆخی ئەو کاتە. س]

تەنانـەت گەورەکانـی دەوڵەتـە سـوێندخۆرەکانیش لـە ئەسـتەمووڵ لـەم لاپەنەوە کەوتبوونە ئامۆژگاری نوێنەرەکانی کۆمەڵە سیاسـییەکانی کورد و نەیانئەویسـت کە لەو ڕۆژەدا مـاوەی بزووتنەوە و شـۆڕشنانەوەی کوردەکان بدەن تاوەکـوو ئەمە نەبێتە هۆی دواخسـتنی تورکـەکان لـە بەجێ‌هێنانی ئەو بەندانـە کە دەربارەی سـەربەخۆیی کورد خرابـووە پەیمانەکـەوە (سـیڤەر). ئەمـەش ئـەوەی ئەگەیاند کـە هەروەکوو کـوردەکان بە تەمابوون کە دوای بڕانەوەی شـەڕی سـەربەخۆیی[1] لەگەڵ برا تورکەکانیان ڕێکەون و پێکـەوە بژیـن، واتە دووی خەیاڵ کەوتبـوون و تەفرەیان خواردبوو، سـوێندخۆرەکانیش و بەتایبەتـی گەورەکانـی ئینگلیز، بـەوە باوەڕیان نەکردبوو کە ڕۆژێکی وایان لە پێشـەوە بێ بەناچاری دەسـبەرداری دۆسـتەکانی ئەسـتەمووڵ بن و دەسی دۆسـتایەتی و ڕێکەوتن بۆ مسـتەفا کەمال درێژ بکەن؛ بەڵام مستەفا کەمال سـەرکەوت و داوای یەکەمی لە دوای ئەم سەرکەوتنە پووچ‌کردنەوە و دڕاندنی پەیمانی سیڤەر بوو...!

---

١. تاقمی مسـتەفا کەمال شەڕەکانی خۆیان کە لەگەڵ هەندێ لە سوێندخۆرەکان و یۆنان کردبوویان بە شەڕی ڕزگاری وە یا شەڕی ئیستقلال، ناو ئەنا.

٣٩

هەندێ هۆی تایبەتی سەرکەوتنی مستەفا کەمال

مستەفا کەمال لە شۆڕشی ئازادی و ئیستقلالی تورکا گەلێ کۆسپ و بەرهەڵستی هاتەڕێ و تووشـی گەلێ قۆرت و تەنگ و چەڵەمە بوو؛ کەوتە ژێر ئەرکێکی ئێجگار قورسـەوە و ساتەهای زۆر گرنگ و سامناکی ڕابوارد. لە کاتەکانی پێش سەرکەوتنی لەشکری تورک لە شەڕی سەکاریا، ئەوەندەی نەمابوو کە ڕەشمەی کاری لە دەس دەرچێ و هاوڕێکانی لێـی جیابنەوە، بەڵکوو زۆر کەمی مابوو کە لێی هەڵگەڕێنەوە و داوای سـەری بکەن، بەڵام فرشتەی بەخت لەگەڵی بوو و یارمەتی دا. لە کاتی هیوابڕان و لێقەومانا ئەوەندەی تر بەجـەرگ هاتـە پێشـەوە و دەریخسـت کـە ڕۆڵـەی ڕۆژانـی ڕەش و کارەسـاتە. جگە لەمـە لـە بەختی ئەوا سـوێندخۆرەکانیش لـەناو خـۆیانا ڕێنەئەکەوتن و سیاسـەتیان یەکی نەئەگرتەوە.

ئینگلیـزەکان یۆنانیـان بۆ سـەر تـورک هان ئەدا. لەشـکریان بۆ ڕێکئەخسـتن و بـە چـەک و پارە یارمەتیـان ئـەدان. فەڕەنسـە و ئیتالیا گرێـی پەیمانـی یەکییەتی و پێکهاتنیان لەگەڵ تورک ئەبەست. لەولای تریشەوە کوردەکان هەر لەم کاتەدا چاویان لە کوردستانی سەربەخۆ ئەنووقاند و ئەکەوتنە خەیاڵی برایەتی کورد و تورکەوە و شەڕی ڕزگاری وڵاتـی مسـتەفا کەمال. لـە ئەنجامـدا ئینگلیزیش کە دوژمنـی تاک و تەنیای تورکی کەمال بوو هیوای بە یۆنان نەما و پشـتی تێکرد و سـەری لەعاستی بووە (واقع)دا چەمانـدەوە. ئینجـا دەنگی ڕاگرتنی یەکسـانی[1] دەسـی پێکرد و سیاسـەتی ژیاندنەوەی دەوڵەتێکی بەهێزی تورک کەوتەوە سەر زمان!!

بەڵام گەورە ترین یارمەتی بەخت بۆ تورک و مسـتەفا کەمال، کەوتنی حکوومەتی چـار بـوو. هـەر لەم سـەرودەمەدا شۆڕشـی گـەورەی ڕووسـیە بـە ئەنجام گەیشـت و شۆڕشگێڕەکانی بولشویـک هاتنە سەر حوکم و بەمجوورە دوژمنی هەرە گەورە و دێریکی

---

١. تەئمینی موازنت.

تورکیا (ڕووسیەی چار)[1] بە ئەژنۆدا هات و لە شانۆی سیاسەتی گێتی تا ئەبەد کرایە دەرەوە. بولشویکەکان لە تورکە شۆڕشگێڕەکانی ئەنادۆڵ نزیک کەوتنەوە و بەپێچەوانەی حکوومەتەکانی دەوری چارەکان دەسی یارمەتییان بۆ تورک و مستەفا کەمال درێژ کرد. ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆیانە کە بەتایبەتی چاوی ئینگلیزەکان بکاتەوە.

ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە تورک و ڕووس ڕێ بکەون و مستەفا کەمال خۆی بهاوێتە باوەشی بولشویکەوە. لەشکرەکانی یۆنان لە بەرامبەر تورکەکانا خۆی نەئەگرت و بەرەو زەریا ئەگەڕایەوە.

حکوومەتی ئەستەموول سست و لاواز و دەسەپاچە کەوتبوو. چرای سەڵتەنت و خەلافەت لە کوژانەوەدا بوو. فەڕەنسە و ئیتالیا کە لە شەڕا شەریکی ئینگلیز و دوژمنی تورک بوون لەو ڕۆژەدا لە مستەفا کەمال ئەچووە پێشەوە و ئەویان (فەڕەنسە) لە قینی قۆونستەنتیی مەلیکی تازە و ئەمیان (ئیتالیا) لە داخی ئینگلیز یارمەتی تورکیان ئەدا ڕووسیەی تازەش سەرباری هەمووان لە تورکیای تازە نزیک ئەکەوتەوە و دەسی ئەخستە ناو دەسی مستەفا کەمال. ئیتر ئینگلیز بڵێن چی؟ چاو لەم هەموو هۆیانە چۆن بپۆشن و پشت بکەنە بووە (واقع) و حەقیقەت؟ لەبەر ئەمە لەسەر شێوەی خۆیان دەزبەجێ باپاندایەوە و دەسیان بۆ مستەفا کەمال درێژ کرد، بەڵام مەبەسی ئینگلیزەکان لەگەڵ هی ئەوانی تر جیاواز بوو. ئەمان بۆ ئەوە دەسیان درێژ ئەکرد کە لە باوەشی ڕووسەکانی بهێننە دەرەوە...! چونکە مستەفا کەمال گەیشتە ڕادەیەک کە ڕەگەزی مەغۆلی بخاتەوە یادی تورک و بیری «خۆرهەڵاتی»یەتی بخاتە مێشکییانەوە و بەم جوورە لە ڕووس نزیک بکەوێتەوە. تەنانەت ئەڵێن بیری لەوەش ئەکردەوە کە دینی بوودا بکا بە دینی تورک. لەگەڵ ئەمەشا هەموو شتێک بە مەرامی مستەفا کەمال ئەهاتە پێشەوە حکوومەتی کورد، لە عێراقا، کە دڕکێکی تیژ و کوشندە بوو لە ژێر پێی مستەفا کەمال، بە لەشکری ئینگلیز لە ژێر پێی کێشرایەوە و شێخ مەحموودی حوکمداری کورد لەلایەن هێزی ئینگلیزەوە بەدیل گیرا و نێررایە وڵاتانی دووری بێگانە! کوردەکانی تورکیاش خۆیان هەلیان لە دەس دابوو و لایەنی مستەفا کەمالیان گرتبوو. لەبەر ئەمە تەقەلای ناوبەناوی نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرەکانی کۆمەڵە پەرش وبڵاوکراوەکانی کوردیش بێ سوود

١. ڕووسیای تزاری؛ قەیسەری. س.


عصمت‌پاشای قارەمانی پەیمانی لۆزان

مایەوە و سەری نەگرت. ئیتر نۆرەی پووچ‌کردنەوەی پەیمانی سیڤەر بوو. گەورەکانی سوێندخۆرەکان لە لۆزان کۆبوونەوە. ویستیان لەسەر بناغەیەکی تر ڕێبکەون و باسی پەیمانێکی تازە بخەنە پێشەوە، بەڵام ئەمجارە نوێنەری مستەفا کەمال، واتە «عیسمەت‌پاشا»ی[1] قارەمانی شەڕەکانی ئینۆنوو بەرامبەریان دانیشتبوو و بۆ ئەوە هاتبوو کە تێیان بگەیەنێت میللەتی تورک ماوە و نەمردووە. زندوو بووەتەوە و داوای بەری غەزا گەورەکەی و نرخی ئەو خوێنە ئەکا کە لە ڕێی ڕزگاری وڵاتەکەیا ڕژاندبووی.[2] نوێنەری ئەمجارەی تورک لە عاستی گەورەکانی سوێندخۆرەکانا سەری نەئەچەماندەوە. وەکوو نوێنەری حکوومەتی خەلیفە تەماشای دەم‌وکاوێژی ئەوانی نەئەکرد، چونکە عیسمەت بە پشتیوانی بێگانە نەچووبووە سەرشانی قەومەکەی. یەکێک بوو لە یاخییە چەتوونەکانی هاوڕێی مستەفا کەمال. لە ناوچەی شەڕا بەرامبەر بە دوژمنی وڵاتەکەی سەرکەوتبوو. قارەمانی ڕزگاریی نیشتمانەکەی بوو، وە بە خواستی میللەتەکەی گەیشتبووە بەرزترین پلە. لەبەر ئەمە بەسانی سەرەکی قەومێکی ئازاد و سەربەخۆ و نوێنەری دەوڵەتێکی تازە و زندوو ڕووی تێئەکردن و بۆ مافەکانی تورک بەپێی میساقی میللی تەقەلای سەرکەوتنی ئەدا!!

سوێندخۆرەکان کە بۆ فەوتاندنی تاقمی مستەفا کەمال هیچ نەمابوو نەیکەن، نەیانئەویست ئەم هەلەیان لە کیس بچێت. ئەبوو «عیسمەت‌پاشا» دەسبەتاڵ

---

١. مستەفا عیسمەت ئینۆنوو (١٨٨٤ - ١٩٧٣)، ژەنەڕاڵی سوپای تورکیا و سەرۆک‌وەزیرانی تورکیا و دووەم سەرۆک‌کۆماری تورکیا بووە، لەبەر ئەوەی لە ماڵباتێک لە مەلەدی لەدایک‌بووە بۆیە بە تورکێکی ڕەچەڵەک کورد دادەنرێت. م.س.

٢. لە جێی خۆیا بەدرێژی باسی پەیمانی لۆزان ئەکەین.

نەگەڕێتـەوە تا مسـتەفا کەمـال ڕوو نەکاتەوە ڕووسـەکان و فریویان بـۆ نەخوا. لەبەر ئەمانە هەمووی بڕیاریان دا کە بە پەیمانی لۆزان[1] دەمی عیسمەتپاشا شیرین بکەن و ئەمجارەش تورکەکان بکێشنەوە باوەشی خۆیان...!

بەغدا، بستان الخمس، ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی ١٩٥٦/١٠/١٥

١. پەیمانی لۆزان ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ لە ناوچەی لۆزان لە سویسـرا بەسترا. مەبەست لەم کۆنگرەیە باس کردنی کێشـەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەسـتنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئاشـتی بوو لەگەڵ تورکیای کەمالی بـۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شـوێنی پەیمانی سـیڤەر بگرێتەوە، ئـەو پەیمانەی کە نـە تورکیای کەمالی و نـە هاوپەیمانـان ناوەڕۆکیـان جێبەجـێ کردبوو؛ لـەم کۆنگرەیـەدا گەلێـک بابەتی تایبەت بە کێشـە ناوچەیی و سیاسی و چارەسەر کردنی کێشەی مووسڵ و سیستمی تەنگەکانی دەریایی و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بێگانە و کێشەی ئابووری و دارایی، وەک قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری بێگانـە خرانـە بەر باس و گفتوگۆ. کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانـی لێکەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسـەلەی کورد و کێشـە ڕەواکەی دا و نەیهێشـت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سـیڤەر بێتە دی. م.س.

بەشی سێیەم

ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری‌پاشا زەعیمی شۆڕشی کورد لە ئاگری داغ لە تورکیا

سەرەتا

لـە کاتێکا دەسـم کـرد بـە لەچاپ‌دانی ئەم بەرگـەی یادداشـت، کارەسـاتی نابەجێ و خوێنینـی میسـر[1] لـە هەمـوو گێتیـا وەکوو گرمـەی هەورەتریشـقەیەکی لەپڕ و ناکاو دەنگـی دایـەوە. ئینگلیز بەپێی سورشـتی دێریکییان دیسـانەوە کەوتنە پلێشـاندنەوەی خەڵق و بە بیانووی پاراسـتنی مەسـاڵحی بریتانیاوە لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی فەڕەنسە و کۆمەڵـەی دز و جەردەکانـی جوولەکە پێکەوە دەسـی جەور و ناحەقیـان بۆ نەتەوەی ئـازا و بەشـەرەفی میسـر درێـژ کرد. من ئەمویسـت کە لـەم یادداشـتەدا کەمێک لە کردەوەکانی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد بدوێم، بەڵام دیارە کە بەمە لە سـەدا یەکی ئەوەم پێ‌دەرنەئەخرا کە ئەم هەڵمەتە ناحەق و لەناکاوە خسـتییە بەرچاوی نەتەوەکانی دونیا. ئانتۆنـی ئیدنـی سـەرەک‌وەزیری بریتانیای گـەورە بەم کـردەوە بێ‌جێیـە جارێکی تر برینەکانی هەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتی کولاندەوە و هەموو ئەو هۆیانەی بزواند کە ترسـی هەڵگیرساندنی شەڕی سـێیەمی گێتی لێ‌ئەکرا و بەمە لەپێش هەموو شتێکا بریتانیا و نەتەوەی ئینگلیز، ئینجا نەتەوەکانی تری گێتی خستە دەرەکەوە. کانگای نووری شارستانییەتی، قیبلەی زانستی و ئەدەب، واتە میسری خۆشەویست و پێشەوای نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتی دایە بەر شـێلکی تۆپ و نارنجەک. لە خوا نەترسا.

---

١. قەیرانی سـویس یان پەلاماری سـێ قۆڵی، لـە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦ ئیسـرائیل و فەڕەنسـا و بریتانیا بە مەبەستی گرتنی کاناڵی سـوئێز و ڕووخاندنی حکوومەتەکەی جەمال عەبدونناسر پەلاماری میسریان دا، بەڵام دواتر بەهۆی گوشـارەکانی ئەمەریکا و یەکییەتی سـۆڤیەت و نەتەوە یەکگرتووەکان ئـەو وڵاتانە ناچار کران پاشەکشە بکەن. م.س.

لە دەوڵەتە گەورەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت لە قیژە و زریکەکانی نەتەوەکەی خۆی، واتە لە ئینگلیزیش شەرمی نەکرد. دەریخست کە ڕەوانێکی پاک وە یا ڕەوانی هەر نییە.

ئەگەر ئەو گیانە بەرزە نەبووایە کە زوربەی دانیشتووەکانی ئینگلیز لە لەندەن دەریانبڕی و «ئیدن»ی[1] دەعبا و ئاگرکەرەوەی شەڕیان پێ ڕیسوا کرد، ئەمانوت کە ئەم نەتەوەیە مافی بە ژیانەوە نەماوە و ئەبێ ناوی لە لاپەڕەی کتێبی گێتییا نەمێنێ و بسڕێتەوە. لەوەشا شکم نییە کە ئیدن بە شەپازللەی زەمان هۆشی دێتەوە بە بەرا و مێژوو مانای بێ ڕەوانی و زوڵمی تێئەگەیەنێ و تۆڵەی لێئەکاتەوە، واتە لە ئەنجاما ڕاستی و حەق هەر سەر ئەکەوێ!!

بەغدا، تەلەفۆن ٨٥٤٢٥، بستان الخمس، ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی ١٩٥٦/١١/١٢

---

١. سێر ڕابرت ئانتۆنی ئیدن (١٨٩٧ - ١٩٧٧)، سیاسەتمەداری کۆنزەرڤاتیڤی بریتانیا بوو؛ ساڵی ١٩٥٥ تاوەکوو ١٩٥٧ سەرۆکوەزیرانی بریتانیا بوو. بە بزوێنەری هێرشی سێقۆڵی بۆ سەر میسر دادەنرێت. م.س.

٤٠

دوایین شەڕی تورک و یۆنان و سەرکەوتنی تورکەکان

وەنیزەلۆسی سەرەک‌وەزیری یۆنان یەکێک بوو لە هەرە بلیمەتەکانی زەمانی خۆی. ئەوەندەی کە بۆ زیندوو کردنەوەی ڕابووردووی بەورشەی[1] یۆنانستانی کۆن و دێریکی تەقەلای ئەدا، ئەوەندەش دوژمنی بێ‌ئامانی تورک و چاوی لە داگیرکردنی ئیزمیر و هەندێ لە شارەکانی تری تورکیاوە بوو کە بەشێکی زوربەی دانیشتووەکانی ڕۆمی، واتە یۆنانی بوون وە یا مەیلی حکوومەتی یۆنانیان هەبوو. جگە لەمە بەهۆی وریایی و زرنگی خۆیەوە لە دونیای سیاسەتا لەلای گەورە سوێندخۆرەکانی دەوری خۆیا جێگەیەکی بەرزی پەیا کردبوو و بە یەکێک لە سیاسییە بلیمەتەکانی ئەو زەمانە ئەناسرا. لەبەر ئەمە لە کاتێکا هاتە سەر کار و بوو بە سەرەک‌وەزیری یۆنان توانی کە بریتانیا بکا بە پشتیوانی یۆنان و یارمەتی چەک و دراوی لێ وەرگرێ و بە جوورێ کە لە بەرگی یەکەما باسمان کرد بوو بەو لەشکرە کە بە دراو و چەکی ئینگلیز پێکهاتبوو بچێتە شاری ئیزمیرەوە و بیگرێت. ئینجا لە دوای ئەمە و لە کاتێکا کە لەوەدا بوو پەلامار بداتە سەر شارەکانی تری تورک، ئەلەکساندەر (ئەسکەندەر)ی مەلیکی یۆنان مرد و قۆنستانتینی دوژمنی[2] وەنیزەلۆس گەڕایەوە سەر تەخت. ئینجا وەنیزەلۆس لە وەزارەت دوور کەوتەوە.

فەڕەنسزەکان کە چارەی قۆنستانتینیان نەئەویست و سیاسەتی بریتانیایان بەدڵ نەبوو، لە تورکەکان نزیک کەوتنەوە و لەگەڵیان ڕێکەوتن و لە کلیکیا کشانەوە. جگە لەمە وەکوو لە پێشا باسمان کردبوو لەم کشانەوەیەدا چەکی لەشکرەکانی خۆشیان بۆ تورکەکان بەجێ‌هێشتبوو. ئەمانە و گەلێ شتی تر لە ئەنجامدا بوو بەهۆی ئەوە کە ئینگلیزەکانیش دەس لە یۆنان هەڵگرن و بەلای تورکا بابدەنەوە، بەڵام وەکوو گومان ئەبرا بە هاتنی قۆنستانتین بۆ سەر

---

١. بەورشە = لامع.

٢. وەنیزەلۆس بووبوو بەهۆی هاتنی ئەسکەندەر بۆ سەر تەختی یۆنان و جێنشینی قۆنستانتین، بەڵام مەیموونێکی هار ئەسکەندەری گەست و بەمە مرد. لە هەڵبژاردنی تازەشا لاگیرەکانی قۆنستانتین سەرکەوتن و قۆنستانتین، گەڕایەوە سەر تەخت.

تەخت و بادانەوەی ئینگلیز بەلای تورکا، یۆنانییەکان لە داوای خۆیان نەکەوتن و دەستیان هەڵنەگرت. نزیکەی ساڵێک بەسەر شەڕی سەکاریادا تێپەڕیبوو کە یۆنانییەکان ئەمجارە لە ژێر بەیاخی قۆنستانتین‌دا کۆبوونەوە و کەوتنەوە سەودای پەلامار دانەوە بۆ سەر خاکی تورک.

حکوومەتی بریتانیا ویستی بۆ ڕێکخستنی بەینی تورک و یۆنان بکەوێتە بەینەوە، بەڵام ئەمە سەری نەگرت. لەشکری یۆنان لە دیوی باڵکانەوە گەیشتە نزیک ئەدرنە و کەوتە هێرش‌هێنان بۆ سەر ئەستەمووڵ. فەڕەنسە و ئیتالیا وایان لە ئینگلیز گەیاند کە ئیتر چاو لە یۆنان ناپۆشن و بەهێزی لەشکرەکانیان ئەیانگێڕنە دواوە. لەم لایشەوە مستەفا کەمال هەوڵی ئەوەی ئەدا کە بە خۆشی و ئاشتی لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێکەوێت و لە حکوومەتی یۆنان دووریان بخاتەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو. جگە لەمەش نێرراوەکەی[1] لە لەندەن بە سووکی تەماشای کرا و تووشی کەم‌قەدری هات...

ئیتر مستەفا کەمال چارەی نەما! یا مردن وە یا سەرکەوتن...! لەشکری یۆنان کە دوای شەڕی سەکاریا و شکستە گەورەکەی گەڕا بووەوە دەورو‌پشتی ئەفیۆن قەرەحەسار و لە ژێر سەرەکی «جەنەڕاڵ پاپۆلاس»دا[2] لەو ناوە گیرسابووەوە خەریکی خۆ کوکردنەوە بوو. مستەفا کەمال لەم کاتەدا بوو کە ئیتر دەسی لە ئینگلیزەکان شۆشت. ئەستەمووڵیش لەلایەن لەشکری یۆنانەوە کەوتبووە ژێر ترسەوە. لەبەر ئەمە بەیانی ۲٦ی ئاغستۆسی ۱۹۲۲، واتە ساڵێکی تەواو لە دوای شەڕی سەکاریا[3] لەناکاو هێزەکانی تورک پەلاماری لەشکری یۆنانیان دا و لە ئەفیۆن قەرەحەساردا تۆپەکانیان لێ خستنە کار. لەشکری یۆنان خراپ شپرزە بوو و سەری لێ شێوا. لەشکری تورک چووە ناو لەشکرەکەی یۆنانەوە و کردی بە دوو بەشەوە. ژمارەیەکی زوربەی لێ کوشتن و گەلێکی لێ بەدیل گرتن. «ژەنەڕاڵ تریکۆپیس»ی سەرەک لەشکری یۆنان لەناو بەدیل گیراوەکانا بوو. ئەوانەی

---

۱. نێرراو: مبعوث یا مرخص.

۲. ئەناستاسیۆس پاپۆلاس(۱۸۵۷- ۱۹۳۵)، فەرماندەیەکی یۆنانی بوو فەرماندەیی جەنگەکانی یۆنان ـ تورکیای دەکرد لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۱۹-۱۹۲۲. م.س.

۳. ئەم شەڕە لە نێوان سوپای تورک و یۆنانییەکان ۲۱ ڕۆژی خایاند لە ۲۳ ئاب تاوەکوو ۱۳ی ئەیلوولی ۱۹۲۱، لە کەنارەکانی ڕووباری سەکاریا بەردەوام بوو. م.س.

ژەنەراڵ تریکۆپیس

کە بە دیل نەگیرابوون وە یا لە مردن و کوژران ڕزگاریان بووبوو کەس بە جەستەیان نەبێ. تا گەیشتنە قەراغ زەریای سپی و خۆیان هاویشتە کەشتییەکانی یۆنانەوە بارەها مردنیان بە چاوی خۆیان چاو پێکەوت و بە مەرەدێک چوون کە مەگەر هەر خوا بینرانێت... لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢ لەشکری سەرکەوتووی تورک گەیشتە بەردەمی ئیزمیر و گرتی و بەمجوورە شەڕی تورک و یۆنان بڕایەوە و دوایی هات... بەڵام کردەوەی تورک لە دوای شەڕ، ئەمجارەش ناوی زڕاندن، واتە دوای ئەوە کە لەشکریان چووە ناو شاری ئیزمیرەوە بەچەن ڕۆژێک ئەو گەڕەکانە کە غەیرە تورکی تیا دائەنیشت ئاگری تیبەر بوو. حکوومەتی مستەفا کەمال زۆری پاکانە کرد، بەڵام سوودێکی نەبەخشی، واتە قەومی تورک و حکوومەتی کەمالییەکان لە تانووت و لۆمەی دونیا ڕزگاری نەبوو...! دوای گیرانەوەی ئیزمیر لەشکری مستەفا کەمال ڕووی کردە ئەستەمووڵ. سوێندخۆرەکان کەوتنەوە تەقەلای ڕێگرتن لەم لەشکرە. لەگەڵ ئەمەشا لە هەر دوولاوە هەوڵی ڕێکەوتن درا، بەڵام ئەمجارەش یەک نەکەوتنی سیاسەتی فەڕەنسە و ئیتالیا لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیز سوودی مستەفا کەمالی تیا بوو. لە ئەنجامی کارا ئینگلیز سەری چەماندەوە و بە هەڕەشەکانی لۆید جۆرجی سەرەک وەزیری بریتانیا فەڕەنسە و ئیتالیا نەترسان و بایاننەدایەوە. بەهاندانی لۆئید جۆرج دونیاش لە مستەفا کەمال هەڵنەستایە سەر پێ! ئینجا دەرگای ئەستەمووڵ بۆ لەشکرەکانی تورک کرایەوە. دوای ئەمە لە ڕێگەی مستەفا کەمالا تەنیا کۆسپێک مابوو. سەڵتەنەت و خەلافەت. مستەفا کەمال ئیتر بیری لەوە ئەکردەوە کە ئەم دوو کۆسپە گەورەیە لابەرێت و بە بێخی خانەوادەی سوڵتانەکانی

عوسمانیدا بچێتە خوارەوە.[١]

بـۆ ئەم کارە گرنگەش لەپێشـەوە ئەبوو پشـوو بدا و ماندووی بحەسـێتەوە، چونکە لە ناوچەی سیاسەتیشـا وەکوو ناوچەی شـەڕ پێویست بوو سەر بکەوێت. ئەبوو جارێ بیـر لە موئتەمـەری لۆزان بکاتـەوە و تەگبیری ئـەوە ڕێبخا کە لە پەیمانـی ئەمجارەدا خەوەکانی خۆی و هاوڕێکانی بێتە دی، میساقی میللی سەر بگرێ و دەوڵەتی تورکیای تازە بە دونیا بناسرێت...!

ئینگلیـزەکان وا بەئاسـانی لە تـورک نەئەگەڕان. لـە هەموو کاتێکا بەرهەڵسـتێکیان ئەهێنایـە ڕێیـان. ئەمجـارە داوای ئـەوەیان کـرد کـە ئەسـتەموولیش نوێنـەر بنێرێتـە موئتەمـەر. دەسـتەی مسـتەفا کەمال سـەرپێچییان کـرد و بەمە ڕازی نەبـوون. ئینجا مەجلیسـی گـەورەی نیشـتمانی کۆبـووەوە و دوای مقۆمقـۆ و دوانێکی درێـژ و گرنگ بڕیاری دا بە لابردنی سـەڵتەنەت. لە ١٧ی تشـرینی ١٩٤٢ وەحیدەددین لە تەخت هاتە خوارەوە و بە خۆی و دەس‌وپێوەندەکانییەوە ئەسـتەموولی بەجێ‌هێشت.[٢] عەبدولمجید کرا بە خەلیفە و کارێکی نەما بەسـەر سـەڵتەنەت، واتە بەسـەر حوکمـەوە. بەم‌جوورە مەیـدان تەنیا بۆ دەسـتەی مسـتەفا کەمال مایـەوە و نوێنەری حکوومەتـی ئەنقەر لە ژێر سـەرەکیی عیسمەت‌پاشـا قارەمانـی ئینۆنوودا چـووە لۆزان، بەڵام ئـەم موئتەمەرە کە جاری یەکەم لە ٢٠ی تشـرینی دووەمدا کۆبووەوە سـەری نەگـرت و هیچی پێنەکرا. دوای تەقەلایەکـی زۆر و گفتوگۆیەکی ٣ مانگی، کورزۆنی سـەرەکی موئتەمەر[٣] لەگەڵ عیسمەت‌پاشـا تێکچـوو و خـۆی لێ تووڕە کرد. ئینجا بە هەڕەشـەوە گەڕایـەوە لەندەن. لەسەر ئەمە «عیسمەت‌پاشا»ش لۆزانی بەجێ‌هێشت و گەڕایەوە ئەنقەرە.

---

١. سیرة مصطفی کمال و الحرکات الوطنی فی تورکیا.

٢. دواتر ڕەفیق حیلمی ئەم هەڵەیە چاپییەی ڕاست کردۆتەوە و ١٩٢٢ دروستە. س]

٣. سـەرەکی موئتەمەری یەکەمی لۆزان، کورزۆنی وەزیری بریتانیا بوو. [جۆرج ناتانیل کورزۆن (١٩٥٨-١٩٢٥)، ناسراو بە لۆرد کورزۆن، سیاسەتمەدار و دەوڵەتداری بریتانیایی. ئەندامی پارلمان و وەزیری دەرەوە بوو. س]

٤١

دوای ڕەوانەکردنی شێخ مەحموود بۆ هیندستان؛ هەواڵی کوردستانی عێراق

ئینگلیزەکان کە بەپێی ڕەوشتی کارەسات وا دەرئەکەوت کە بە هەموو جوورێک ئەیانویست بەرهەڵستی مستەفا کەمال بکەن و ڕێی سەرکەوتنی نەدەن، لەو تەگبیرانەدا کە بۆ ئەم مەبەسە ئەیانکرد وە یا بەدەسیانەوە بوو کە بیکەن زۆر بە سستی ئەجوولانەوە. لەبەر ئەمە لە گەلێ کردەوەیانا تووشی کۆسپ و تەگەرە هاتن و زۆری مەبەسەکانیان نەچووە سەر. یەکێک لەو مەبەستانەی ئینگلیز لە ڕۆژەدا بەقسە مەسەلەی دامەزراندنی کوردستان بوو؛ کەچی هەر خۆیان زیاتر لە هەموو کەسێک تەگەرەیان لەم کارە ئەدا و کۆسپە گەورە و گرنگەکان زۆرتر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ئەخرایە ڕێی نیشتمانپەروەرەکانی کورد، چونکە مەبەسی ئەوان دامەزراندنی کوردستانێک بوو کە خۆیان ئەیانویست. ئەگینا شۆڕشی شێخ مەحموود نەئەبوو ببێتە هۆی دەس هەڵگرتن لە مەسەلەی کوردستان. شێخ مەحموود لەبەر هەر مەبەسێک هەبێ شۆڕشی نایەوە و بە گژ ئینگلیزا چوو، بەڵام لە ئەنجاما بە دیل گیرا و نێررایە هیندستان. دوای ئەو حکوومەتی کورد بۆچی نەمێنێ وە یا بە وێنەیەکی باشتر نەیەتەوە ناو؟ حکوومەت بۆ شێخ مەحموود کرابوو وە یا بۆ قەومی کورد...؟ لە کورتی بیبڕینەوە ئیتر تا شێخ مەحموود لە هیندستان بوو ئینگلیز باسی کوردستانیان نەکردەوە، واتە ئەوان کوردستانی بێ شێخ مەحموودیان نەئەویست، بەڵام شێخ مەحموود لە ئیمتحانی جاری یەکەما دەرنەچووبوو و کەوتبوو. بەتەمای ئەوە بوون کە لە هیندستان دەرسەکانی ڕەوان بکا و کە گەڕایەوە کوردستان، ئەو دەورە بەجێ بێنێ کە بۆ ئینگلیز دەس بدا...

ئینگلیزەکان دەسیان لە کوردستان هەڵگرتبوو، بەڵام شێخ مەحموودیان پێویست بوو. لەبەر ئەمە کوردستان بیانوو (وەسیلە) بوو نەک مەبەس (غایە). دیارە کە شێخ مەحموود بەبێ کوردستانێک بە کەڵکیان نەئەهات. ئینجا لە کاتێکا کە هەواڵی

کوردســتان لە دوای شــێخ مەحموود گەیشــتە جوورێــک پشــێوی و ئاژاوەی ئەوتۆ کە بە ئینگلیزەکان چار نەکرێ و دانەمرکێتەوە، شێخ مەحموودیان جارێکی تر هێنایەوە عێراق و کردیانــەوە بــە حوکمداری کوردســتان، بەڵام وەکوو لە جێی خۆیا باســی ئەکەین شــێخ مەحموود لەوانە نەبوو کە خزمەتی ئینگلیز بکا، بەڵکوو ئەو بەتەما بوو لە کات کەڵک وەرگرێ و کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ بە ئینگلیز دروست بکا. لەبەر ئەمە لە ئەنجاما رێ‌نەکەوتن. هەندێ هۆی واش هاتە پێشەوە کە ئێجگاری ڕوو بە ئینگلیز وەربگێڕێت و بیخاتە سەر ڕێی سیاسەتێکی تازە...[١]

---

١. لە جێی خۆیا لە ژێر عینوانی: ئینگلیزەکان لە ئەنجامدا بۆچ پشتیان کردە شێخ مەحموود و لەبەرچی دەسیان لە مەسەلەی کوردستان هەڵگرت؟ باسی ئەم سیاسەتە تازەیەتان بۆ ئەکەین.

٤٢

شۆڕشی کوردەکانی عێراق لە عەمادییە و لە عەقرە

بەوەکـە شـێخ مەحموود نێررایە هیندسـتان هـەرا نەبڕایەوە و قەومی کـورد بۆ دواڕۆژی کوردسـتان دەسـی لە تێکۆشـان و تەقەلا هەڵنەگرتبوو، بەڵام کە ئینگلیـزەکان گەڕانەوە سـلێمانی و میجەر سۆن بە مەرامی خۆی گەیشت و ئەو بەرنامەیەی لەلایەن کۆلۆنێل ویلسـۆنی حاکمی عامـی عێراقەوە پێـی سـپێررابوو دوای خوێنڕژاندنێکـی زوربە لە دوولاوە کورد و ئینگلیز لە ڕوودا هاتە جێ و سۆن بوو بە حاکمی بێشەریکی هەرێمی سـلێمانی، بیـری دواڕۆژی نەکردەوە و لەگەڵ ئـەوەدا کە یەکێک بوو لـە دوژمنە هەرە بەکینەکانـی تورک، بە هیـچ کلۆجێک ڕێی جووڵانەوەی ئەوانەشـی نەئەدا کە کوردی بەڕاستی بوون و بۆ کوردستان تێئەکۆشان... بەشی زۆری حاکمە سیاسییەکان لە هەموو لایـەک هونـەری گـەورەیان دابـووە سـەر فیـز و دەعیەی لـە تام بـەدەر و تووڕەیی و تونتەبیاتییان کردبوو بە دەستووری ئیدارە.



کۆلۆنێل ویلسۆن حاکمی عامی عێراق

هەریەکـەیان خۆی لە ئەهالـی کردبوو بە فیرعەونێک و ئیلهامی ئیدارەی لە حوکمی قەرەقـوش و حەکایەتەکانـی ئـەم وەزیرە کۆنـەی میسـر وەرئەگـرت. لەبـەر ئەمـە ناڕەزایـی خەڵـق لـە ئیـدارەی ئینگلیـز و دەسوپێوەندەکانیـان کـە لـە هەنـدێ پەسـمایە و بێگانەپەرست هەڵیانبژاردبوون گەیشـتبووە ئەندازەیەکی وا کە ئیتر بەرەو دەرەک ئەچوو. لـە هەموو لایەکەوە ئاژاوە دەسیپێکردبوو.

لـە مانگی تەمووز لـە عەمادییە لە ژێر سەرەکی حاجی شەعبانئاغادا شۆڕشێک

هەڵگیرسا. جگە لە خەڵقی عەمادیە[1] ئەهالی بەرواری باڵا و پۆلیسەکانی عەمادیەش تێکەڵ بەم ئاژاوەیە بوون و چوونە سەر شۆڕشگێڕەکان. بە شەو دایان بەسەر ماڵی کەپتەن ویلی حاکمی سیاسیا و لەگەڵ ماکدۆناڵدی مودیری پۆلیس هەردووکیان کوشتن (١٥ی تەمووزی ١٩١٩). بەڵام بە تەقەلای لەچمەنی حاکمی سیاسی مووسڵ[2] و حاجی عەبدوللەتیف ئاغا کە یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕەکان، عەمادیە کەوتەوە دەس ئینگلیزەکان، بەڵام شۆڕشەکە بەتەواوی دوایی نەهات، بەڵکوو هەندێ لە شۆڕشگێڕەکان دایانە شاخ و کێوەکانی پشت عەمادییە و ناوبەناو لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتا بەیەکا ئەچوون.

کۆلۆنێل لەچمەن

ئەمجوورە هەرا و شۆڕش و بگرەبەردەیە چاوی بە ئەهالی کردەوە و خەڵق ئەوەندە ترسیان لە ئینگلیز نەمابوو و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەل ئەگەڕان. لەچمەن لە مووسڵ گوێزرایەوە. کەپتەن بیل[3] لە جێی ئەو کرا بە

١. عمادیە یان ئامێدی، شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای دهۆکە، کە کەوتووەتە سەر تاشەبەردێکی زۆر گەورەی سەر شاخێک. مێژووی ئامێدی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پ. ز. ئامێدی ٧٠ کیلۆمەتر لە دهۆک و ١٠ کیلۆمەتر دووره لە باکووری کوردستان، ١١٨٥ مەتر بەرزە لە ئاستی دەریاوە. درێژی شارەکە تەنها یەک کیلۆمەترە و پانیشی ٥٠٠ مەترە. م.س.

٢. لەچمەن سەرەکی ئەو لەشکرانەی ئینگلیز بوو کە لە شەڕی گەورەی یەکەمی گێتییا لە دوای شەڕ بڕانەوە (هودنە وە یا موتارەکە) لەسەر گرتنی مووسڵ لەگەڵ عەلی ئیحسانپاشای ژەنەڕاڵی تورک لێیان بوو بە شەڕ و عەلی ئیحسانپاشا ملی نەدا مووسڵی بۆ چۆڵ کا تا لە ئەستەمووڵەوە ئەمری حکوومەتی عوسمانی بۆ هات. ئینجا ئەم لەچمەنە دوای داگیرکرانی عێراق و بڕانەوەی شەڕ بوو بە حاکمی سیاسی مووسڵ. نزیکەی ساڵێک کە لەوێ مایەوە تووشی گەلێ دەردیسەری و گێچەڵ بوو بەدەس کوردەکانەوە... دوایی گوێزرایەوە دلێم. لەوێ لەلایەن «شێخ ضاری» سەرەکی عەشایری زوبێع و شێخ خومەیسی کوڕی شێخ ضارییەوە لە ١٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٠ لە بەینی بەغدا و فەلووجە لە جێیەکا کوژرا کە پێی ئەڵێن: «خان النقطة»

٣. ئەم کەپتەن بیلە کە دوایی بووبە کۆلۆنێل ئەو کەپتەن بیلە نییە کە لە کۆیێ و ڕەواندز حاکمی سیاسی و لە

حاکمی مووسڵ. بیل لەگەڵ «سکۆت»ی موعاوینی لە قەزای عەقرە گەشتێکی ناو کوردەکانیان کرد.

لە ٤ی تشرینی دووەمدا بۆ چاوپێکەوتنی فارس ئاغا چوونە زێبار. لەناو عەشایری ئەم قەزایە کە «سوورچی» و «زێباری» و «بارزانی»یە، زێباری و بارزانی دوژمنی یەکن. لەبەر ئەمە چوونی بیل بولای فارس ئاغای زێباری، بارزانییەکانی خستە شکەوە و لە کاتی گەڕانەوەیا بۆ عەقرە[1] ڕێگەیان پێ گرت.



کەپتەن بیل حاکمی مووسڵ

بیل و سکۆتی موعاوینی کوژران (٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩). دوای ئەمە بارزانییەکان بە ٣٠٠ سوارێکەوە تاویان دایە سەر عەقرە و بە ئینگلیزیان چۆڵ کرد و گرتیان. لەپاش کوژرانی بیل، نۆڵدەر ناوێک کرا بە حاکمی مووسڵ. ئینجا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەس کرا بە ڕێکخستنی هێزێکی تایبەتی بۆ سەر عەقرە، بەڵام شۆڕشگێڕەکان پێش ئەوە کە ئەم هێزە بێتە ناو و ڕوو بکاتە ئەوان لە خۆیانەوە عەقرەیان بەجێ هێشت و دایانە شاخەکان.

لە هیچ لایەکی کوردستانا هەواڵ لەمە چاتر نەبوو. لە هەموو جێیەکا ناڕەزایی هەبوو و ئیدارەی حاکمە سیاسییەکان کەسی لە دەوری ئینگلیزا نەهێشتبووەوە. بەلای ئەم حاکمانەوە وابوو کە پەسمایەکان و خەفییەکان چی ئەڵێن ڕاستە و ئەبێ بە ڕابەری ئەوان بچن بەڕێوە و وڵات ئیدارە بکەن. هەرێمی سلێمانی یەکێک بوو لەو جێگانە کە لە ئیدارەی ئینگلیز بێزار بوو. سۆن کە زمانی کوردی زۆر باش

سلێمانی موعاوینی حاکم بوو و لە بەندیخانەی کۆیێ منی حەپس کرد.

١. عەقرە (ئاکرێ): شارێکی باشووری کوردستانە و سەر بە پارێزگای دهۆکە. ٩٥ کم دوورە لە شاری مووسڵەوە و دەکەوێتە ١٢٠ کم باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆکەوە. لە نێوان سێ چیادایە. م.س.

ئەزانی و شارەزای سورشت و خووی کوردەکان بوو، ئەهات بە بیرا کە لە ئیدارەی سلێمانیدا تووشـی ئەرک نەبێ و ئـەم هەرێمە لەوجوورە شۆڕشـانە بپارێزێت کە لـە ناوچەکانی ترا ڕووی ئـەدا، داخەکـەم لەگـەڵ ئەمەشـا کە لە شـێخ مەحمـوود و نفـووزی ڕزگار بوو بوو دیسانەوە لە ڕووی فیز و غرووری خۆیەوە ئەویش جڵەوی ئیدارەی لە دەس دەرچوو. ئیتر هەواڵ وای ئەگەیاند کە ئەم هەرێمەش بەرەو شۆڕشێکی گەورە بچێت و بۆ جاری دووەم گرنگترین ئاژاوە بکەوێتە ناوەوە...

❁❁

سۆن هەرچەن ڕێگەکانی ڕێکئەخست و هەندێ ڕێگەوبانی تازەی ئەکردەوە، بەڵام بە بیانووی ئەم ڕێگانەوە پارەیەکی زۆریشـی ڕشتە ناوەوە کە وەکوو لەمەو پێش باسمان کردبوو و ئەگەر ئەوانەی ئەمانبیسـتەوە ڕاسـت بێ، بەشـی زوربەی ئەو پارانە لە ڕێی هەنـدێ چاودێریکـەرەکان و بەهـۆی عەزیز خانەوە ئەچووە باخەڵـی خۆیەوە. لەگەڵ ئەمەشـا سـۆن یەکەم کەسـە کە فەرمانیدا لە سـلێمانی بە کوردی ڕۆژنامە دەربێت. ڕۆژنامەی پێشکەوتن یادگاری سۆنە و زمانی کوردی بەهۆی ئەم ڕۆژنامە تاقانەیەوە لە سلێمانیدا هاتە نووسین و خوێندنەوە[1] و هەر بە هاندانی سۆن هەندێ لە نووسەرەکانی ئەو ڕۆژەی سـلێمانی کەوتبوونە سـەر بیر و مەیلی نووسـینی کوردی پەتی. تەنانەت سـۆن بـۆ ئەمە پاداشتێکیشـی دانابوو و ئەوانـەی کە نزیکـەی لاپەڕەیەکیان لە هەر باسێک بە کوردی پەتی ئەنووسییەوە لە ٢٠وە تا ٣٠ ڕووپیە پاداشتی پێئەبەخشین.

بـەڵام هەنـدێ لەوانە کە لە پێشـکەوتن‌دا ئەیانووسـی لەوانە نەبوون کـە بە هەناوێکی نیشـتمانی هاتبنە کایەوە و لە نووسین مەبەسیان گیانی وڵاتپەرستی و کوردایەتی بڵاوکردنەوە بێ، بەڵکوو زیاتر چاویان لە خۆبردنە پێشەوە لە سۆن و گەیشتن بوو بەو پاداشتە سووک و بێنرخـە. ئەمانە ئەیانویسـت کە سـۆن لە خەڵق بکـەن بە خوا(!) وە یا هیـچ نەبێ بتێکی لێ دروسـت بکەن. سـەرەڕای ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنەوە توانجی پیس و بێشەرمانەیان ئەگرتـە ئەوانە کە ئینگلیزیان نەئەپەرسـت وە یا بە کوردایەتـی خۆیانەوە ئەنازین و چاویان

١. لـە زەمانی تورکا زمانی میری خوێندنی تورکی بوو، بەڵام لە حوجرە لای مەلاکان خوێندن بە زمانی فارسـی بوو. لەناو بازرگان و تاجرەکان و بەشی زۆری خەڵقیشا بە فارسی‌نووسین و شیعردانان باو بوو.

لە پێشـکەوتنی کوردەوە بوو. کینی زۆرتری سـۆن و دەس‌وپێوەندە بێ‌فەڕەکانی لەوانە بوو کە تورک‌خـوا بـوون و ڕەواندزیان کردبوو بـە قیبلە، واتە قینیان لەوانە بـوو کە چاویان بڕیبووە ئۆزدەمیر پاشا و گەڕانەوەی تورکی کەمالی بۆ کوردستان و عێراق. لەبەر ئەمە هیچ ژمارەیەکی «پێشکەوتن» نەبوو کە بە توانجی ناشیرین، واتە بێ‌فەڕ و پڕوپووچەکانی ئەو جوورە نووسەرە خوێن بۆگەن و پەسمایانە ڕەش نەکرێتەوە.

جێگـەی داخ ئەوەیـە کە هەر لە «پێشـکەوتن»دا هەندێ باسـی جـوان و وتار وە یا وێـژەی بەنرخیش کـە بڵاوئەکرایەوە گەلێ کەس نەیانئەخوێنـدەوە، چونکە بە چاوێکی سـووک ئەیانڕوانییـە ڕۆژنامەکـە. جگە لەمە ئەوانـەی کە بەم دەسـتوورە ئەجووڵانەوە و پێشـکەوتنیان کردبوو بەهۆی تانووت لێدان و پلارگرتن لەم و لەو دوژمنیان بۆ سۆن زۆر ئەکـرد و خەڵقی لە تورک‌خواکان و ناحەزەکانی ئینگلیز نزیـک ئەخسـتەوە. ئینجا جێی شـک نییە کە ئەمەیان لە ڕووی کین و بوغز و نەفامییەوە بوو، بەڵام سـۆن خوی بۆچی لەمە بێ‌دەنگ کردبوو و چۆن چاوی لەو نەفامانە ئەپۆشیو ئەوە کەس تێی‌نەئەگەیشت.

ئینجا لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە و لە ڕووی زەبر و زۆرێکی عەنتەرانەوە کە ئەینواند سـۆن پتر لە حاکمە سیاسـییەکانی تری ئینگلیز بوو بەهۆی پەیا بوونی فیتنە و ئاژاوە لە کوردستانا. ئاگری شۆڕشی دووەم دەسی کردبوو بە پڕیشک‌دان و گەشانەوە. لەبەر ئەمە بیر لە دامەزراندنی مەجلیسێک کرایەوە کە لە ئیدارەی هەرێمی سلێمانیدا یارمەتیدەری حاکمی سیاسی بێ، بەڵام نە ئەم مەجلیسە کە لە ژێر سەرەکی حاکما لە دوازدە ئەندام پێکهاتبـوو[١] و نـە گوێزرانـەوەی سـۆن لـە سـلێمانی نەبـوو بەهـۆی چارەسـازی

١. مەجلیسی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی لە ساڵی ١٩٢١ ـ ١٩٢٢دا لە شاری سلێمانی دامەزرا. لە وێنەی لاپەڕەی ٢١٤دا کە لە ژمارە ١٥ی سـاڵی دووەمی گۆڤاری دیاری کوردسـتان وەرمانگرتووە دەرئەکەوێت کە وێنەکە لە زەمانی حاکمی سیاسی ئەو ڕۆژە «میجەر گوڵدسمیس»دا وەرگیراوە. لەم مەجلیسەدا حەماغای ئەوڕەحمان‌ئاغا و عەبدولفەتـاح چەلەبـی و جەمال عیرفان و حاجی برایم‌ئاغا ئەندامانی هەڵبژێرراوی شـار. ئەحمەد موختاری قازی و سدیق مەزهەری سەرەکی مەحکەمە و ساڵح‌پاشا و کەپتەن هۆڵتی موعاوینی حاکمی سیاسی ئەندامانی تەبیعی شـار بوون. جگە لەمانە ئەمین‌ئاغای ڕەشیدئاغای هەمەوەند بەناوی چەمچەماڵەوە، حەمەساڵح‌بەگی حەمەعەلی‌بەگ بەناوی شـاربازێڕەوە، حامدبەگی مەجیدبەگی وەسمان‌پاشـای جـاف بەناوی هەڵەبجەوە و هەمزاغـای ئەولاغـا بەناوی ڕانیەوە ئەندامی هەڵبژێرراوی ئەم مەجلیسـە بوون. (وێنەکـە حاجی برایم‌ئاغا و هەمزاغای تیا نییە.)

ئەو مەجلیسەیە کە لە ١٩٢١ ـ ١٩٢٢دا بۆ ئیدارەی هەرێمی سلێمانی دامەزرا

ئـاژاوە و کوژانەوەی ئاگری شـۆڕش. لـە خزمان و قەوم و قەبیلەی شـێخ مەحموود، لە ئەهالـی و ناودارەکانـی سـلێمانی و دەرەوە بەهـۆی لاوە نیشـتمانپەروەرەکانەوە دوابەدوا کۆمەڵانـی نهێنـی دائەمەزرا. خەفییەکانی سـۆنیش لە کارا بوون؛ تا بـە هەزار فرووفێڵ و دەمشـیرین‌کردن و دەسـخەڕۆکردن هەندێکیان لەم کۆمەڵە نهێنییانـە هەڵئەگێڕایەوە و ئەبوونـە هۆی تێکچوونـی کۆمەڵەیەک، یەکێکی تری بەهێزتـر و نهێنیتر ئەهاتە ناو. لەم کاتانەدا بوو کە هاتنی ئۆزدەمیر لە هەموو باکووری عێراقا دەنگی دایەوە...

لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامەکانا ئەهالی شاری سلێمانی چەن کەسێکیان هەڵبژارد و بە مەزبەتەی جیاجیا ناوەکانیان دان بە حاکمی سیاسـی. ناوی منیش (نووسـەری ئەم یادداشـتە) لەناو ئەوانەدا بوو و دەنگەکانی بـۆ من درابوو لە هی ئەوانی کە زیاتر بوو، بەڵام پێـش دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە جەمال عیرفان کە خۆشی یەکێک بوو لە هەڵبژێرراوەکان یەکدوو جار هاتە لام و لە زمانی حاکمی سیاسییەوە داوای لێ‌کردم کە خۆم بکێشمەوە و مەزبەتەکەم وەرگرمەوە. هەروەکوو بەناوی خۆیشییەوە گەلێ خەریک بوو کە تێم‌بگەیەنی لەگـەڵ ئینگلیزەکانا هەڵناکەم و خزمەتی وڵاتەکەم پێناکرێت. دوای ئەمە کەپتەن هۆڵت ناردی بە شـوێنما و بە تکایەکی تێکەڵ بە نەرمە هەڕەشـە ویسـتی پەشـیمانم بکاتەوە و بە بیانووی ئەوە کە لە ڕێی تەدریسەوە خزمەتم لا باشترە داوای لێ‌کردم کە مەزبەتە کە وەرگرمەوە، هەر کەڵکی نەبوو. کەچی دوای ئەم باسە بە دوو ڕۆژ لە نامەیەکی ڕەسمی کە بە ئیمزای موعاوینی حاکمی سیاسی ـ واتە بە ئیمزای کەپتەن هۆڵت خۆی ـ بۆم هـات ئەیوت: «لەبەر ئەوە کە لەوەدا گومانمان نییە کە لـە ڕێگەی دەرس وتنەوە بە لاوان و قوتابییانی وڵات خزمەتتان پێ‌خۆشـە و بە خزمەتێکی تری ناگۆڕنەوە ئەو مەزبەتەیە کە ئێوەی پێ هەڵبژێررابوون بۆ ئەندامی مەجلیسی ئیدارە، بە کارمان نەهێنا و پووچمان کردەوە...»

٤٣

هاتنی ئوزدەمیرپاشا بۆ ڕەواندز

کەمالییەکان بۆ پڕوپاگەندە و بۆ هەڵگێڕانەوەی عەشیرەتە کوردەکانی باکووری عێراق لە ئینگلیز لە ژێر سەرەکی عەلی شەفیق ناو میرئاڵایەکی[1] «میلیس»دا[2] کە لە ڕەگەزی چەرکەسەکانی میسر بوو تاقمێک عەسکەریان ناردە ڕەواندز (حوزەیرانی ۱۹۲۲). ئەم تاقمە نەک لە مەفرەزە یەکی عەسکەری، بەڵکوو زۆرتر لە چەتە یەک ئەچوو. لە چوار پێنج زابت و چەن نەفەرێکی تورک بەولاوە ئەوانی تری ئەم چەتەیە هەموو کورد بوون. لە خەڵقی کەرکووک و هەولێریش هەندێکیان لەوانە لەگەڵ بوو کە بە تورکی خۆیان قسەیان ئەکرد و نەیانئەزانی کوردن وە یا وایان بە جوان ئەزانی کە بین بە تورک. عەلی شەفیق خۆی ناو نابوو ئوزدەمیر پاشا![3] تاقمی مستەفا کەمال بە سەرزاری دانی بە ئوزدەمیر دانەئەنا و لە چاوی میرییا بە چەتەیەکی یاخی و سەربەخۆ ئەدرایە قەڵەم؛ بەڵام ئەو بەهۆی لاگیری کوردەوە بەبێ پەروا لەو ناوەدا حوکمی ئەکرد و



دیمەنی کەلاوەی قەڵاتە کۆنەکەی ئەمیر محەممەدپاشا (کۆرپاشا) لە ڕەواندز

۱. میرئاڵا = کۆلۆنێل.

۲. میلیس = ئەهلی.

۳. ئوزدەمیر = خۆی ئاسن، کە بە کوردی شتێکە وەکوو ڕۆبیتەن وە یا گیانپۆڵا.

لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـا بـوو بـە ئەمیـری بێ‌فەرمانی ناوچـەی ڕەواندز و عەشـایری دەوروپشـت و گەلێک لە عەشـیرەتەکانی کرد بە لاگیری خۆی و تورکە کەمالییەکان و نفووزێکـی گـەورەی لـەو ناوەدا پەیا کرد. قەزاکانـی ڕەواندز و کۆیـێ و ڕانیە و بەهۆی عەباسـی مەحموودئاغا و بەشـی زۆری پژدەر بـە ئەمری ئەو ئەچـوو بەڕێوە. لە دوای کوژرانی کەپتەن بۆندی حاکمی سیاسـی چەمچەماڵ[1] کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی سەرەک عەشـیرەتی هەمەوەندیـش کە بەینێک بـوو لە ئینگلیزەکان یاخی بووبـوو و تەنگی بە هێزەکانیـان هەڵچنیبوو، چووە لای ئۆزدەمیر و ئەمە وەکوو لەجێی خۆیا باسـی ئەکەین بەجارێک بوو بەهۆی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئۆزدەمیر و زیادی ئاژاوە لە کوردستانا.

عەلی شەفیق وە یا ئۆزدەمیر بەڕاستی زیرەک و خوێندەوارێکی وریا بوو. تەبیات و سروشـتی کوردەکانی ئەزانی و لە دەسـتووری عەشـایردا ئاگاداری هەبوو. کابرایەکی باڵا نزیک بە کەڵەگەت و جوان و بە شەوکەت بوو. بە بەرگی عەسکەرییەوە بە وێنەیەکی مومتازی زابتی تورک و بە دوان و گفتوگۆی ئەدیبانەیا بە چەشنێکی خوێندەوارە بەرزەکان ئەهاتە بەرچاو...

لە سیاسـەتی هەڵسـووڕاندنی عەشـایرا گەلێ لە حاکمەکانی سیاسـی ئینگلیز باشتر سـەرکەوتبوو. تەبیـات و میزاجـی سـەرەک عەشـیرەتەکان تێگەیشـتبوو و زۆری ئـەو سـەرەکانەی کردبوو بە ئەموسـتیلەی دەسـی. جگـە لە ئەمانەش لـە یارمەتی ئەهالی و عەشـایری ئەو ناوەدا چە بە چەک و جبەخانە و چە بە ئازووقە و پارە لە ئینگلیزەکانی تێپەڕاندبـوو. وەنەبێ کە سـەرچاوەی ئەم چەک و ئازووقە و پارەیـە لەلایەن هێزەکانی مسـتەفا کەمالـەوە هەڵقوڵابێ، بەڵکوو بەشـی هـەرە زوربەی ئەمانە هـەر لە ناوچەی دەسـەڵاتی ئۆزدەمیر خۆی جێبەجێ کرا. هونەری ئۆزدەمیر لەوەدا بوو کە لەو یارمەتییە کەمـەی لەلایەن مسـتەفا کەمالەوە بۆی ئەهات جـوورە ئیدارەیەکـی وای هێنابووە ناو کـە چـوار ئەوەندەی تریشـی لە ناوچەی حوکمی خویا پێکەوە ئـەنا و جگە لە بەرگ و

---

۱. ئەو کەپتەن بۆندەیە کە هەیئەتی شـایەتەکانی برد بوو بۆ بەغدا کە لە دیوانی عورفی ئینگلیزەکانا شـایەتی لە شـێخ مەحمود بدەن. کەریم‌بەگ ئەم بۆندە و زابتێکی تری ئینگلیز و غەفووری خەجێی خەڵقی سلێمانی، پیاوی بۆندی لە ڕۆژێکا کوشت و چووە لای ئوزدەمیر لە ڕەواندز.

خواردن و کردنی چەتەکەی لەگەڵی بوون، ژیانێکی باشی بۆ ئەوانەش جێبەجێ کرد کە لە دەس ئینگلیزەکان هەڵئەهاتن و ئەچوونە لای. لەسەر ئەمەشەوە خەڵات و بەراتی لێ‌ئەدا بەم و بەو و بە هات‌وچۆکەرەکان. بەکورتی لە ئیدارەیەکا کە بۆ ئەم ڕۆژە بە کار ئەهات وێنەی نەبوو...

ناحەزانی ئینگلیز، ئەو کوردانەی کە سۆن ڕقی لێیان ئەبووەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە تورکیان خۆش ئەویست (جل‌خوارەکان) ڕەواندزیان کردبوو بە پەنا و بە هێلانەی هیوا. لەمانە هەندێکیشیان بەتەواوی بوون بە خزمەتکاری ئوزدەمیر و بۆ جێبەجێ کردنی مەبەسی تورکەکان کەوتنە هات‌وچۆ. بەنهێنی وە یا ئاشکرا ئەهاتنە سلێمانی و کۆیێ و ڕانیە و هەولێر و کەرکووک، بەناو عەشایرا ئەگەڕان و ئەچوونەوە ڕەواندز نامە و بەیان و ڕاسپێری ئوزدەمیریان بەم خەڵقەوە ئەگێڕا و باس و هەواڵی شارەکان و عەشایریان بۆ ئوزدەمیر ئەبردەوە. ئەو باسانەی کە ئەم هات‌وچۆکەرانە ئەیانگێرایەوە، ئەو شتانەی ئوزدەمیر بە زمان وە یا بە نووسین ڕایئەسپارد وای لە تورک‌خواکان و ناحەزەکانی ئینگلیز کردبوو کە ئاگریان لێ‌ئەبووەوە. وەکی تریش لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەم هەلی ئاژاوەیە کەوتبوونە سەما. هەر ڕۆژە کۆمەڵێکیان دائەمەرزاند. ئەم کۆمەڵانە هەرچەن لەسەر بناغەیەکی باش و بەهێز دانەئەمەزران، بەڵام بۆ پڕوپاگەندە و بەربەرەکانی ئیدارەی ئینگلیز بەتایبەتی لە کاتێکی وەکوو ئەو سەردەمەدا تینێکی گەورەی هەبوو. بەشی زۆری لاو و خوێندەوارەکان، گەلێک لە ئەهالی و خەڵقی شارەکان، بەشێکی عەشایر کەوتبوونە وێزەی ئینگلیز و بۆ گێڕانی شۆڕش لە بیانوو ئەگەڕان. خەڵقی لەو ڕۆژەدا وەکوو ئیمڕۆ نەبوون. بۆ تەماعی دونیا، بۆ وەزیفەی میری و بۆ پاروێک نان ئەم تەقەلایە کە ئێستە ئەبینرێ نەبوو. ژیان بەم چەشنە گرنگ نەبووبوو. مەعنەویات بەهێزتر بوو. مادە وەکوو ئیمڕۆ نرخی پەیا نەکردبوو. لاوەکان بەم تەرحەی ئێستە لووتیان بۆ نان و بۆ ژیان دانەهێشتبوو. مل بەم‌جوورە شۆڕ و گەردن بەسانی گۆچان کەچ نەئەکرا. ئەوی خۆی ئەناسی لە ڕووزەردی و دڵپیسی شەرمی ئەکرد و تەریق ئەبووەوە. لەو ڕووژەدا ئاوی ڕوو بەم‌جوورە کە ئەیبینین نەتکابوو. تەنانەت گەلێ کەس شەرمیان ئەکرد بچنە سەرای حکوومەت. ڕوویان نەئەهات بچنە ڕیزی پیاوەکانی میرییەوە. یەکێک

زۆر بەناچاری نەبێ سەری بە دائیرەکاندا نەئەکرد. ئەوانەی ئەچوون زۆریان یا شکات لێکراو وە یا بوختان پێکراو بوون. ئەگەر لەم بابەتە نەبوونایە یا کاربەدەستی میری وە یا دەس‌وپێوەند و خەفییەکانی ئەمانە بوون. بەدەگمەن ڕێئەکەوت کە یەکێک هەوڵ بۆ کارێکی میری بدا وە یا بۆ وەزیفە لەم و لەو بپاڕێتەوە. وا ئەبوو کە حاکمی سیاسی بنێرێت بە شوێن لاوێکی دەس‌سپی و بێ ئیش و کارا و بیەوێت کارێکی بداتێ. لەگەڵ ئەمەشا زۆر لەوانە نەئەچوونە خزمەتی حکوومەتەوە، چونکە ئەمەیان بە نەنگ ئەزانی. بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کۆمەڵێکی نهێنیدا بوونایە بە هیچ کڵۆجێک خۆیان لە حکوومەت نزیک نەئەخستەوە و لە لۆمە و تانووتی هاوڕێکانیان، لە شک پەیا کردن و دڵگۆڕینیان ئەترسان. بەکورتی خەڵقی ئەو ڕۆژە هێشتا خاو و سادە و ڕاست و بێ غەش بوون.

پەسمایەکان و جاسووسەکانیش کە یا خەفییە و جاسووس بوون وە یا خزمەتی ئینگلیزیان ئەکرد زۆر کەم و لە هەموو کەسێکەوە دیار بوون و ناسرابوون. ئەوجوورە بێ‌فەڕانەش لەگەڵ ئەوەدا کە بەپێی ئەو ڕۆژە کەم‌وزۆر کەوتبوونە خۆشییەوە و بە ژیانێکی بە دڵ و هەوای خۆیان گەیشتبوون و لەوانە بوون کە بەئاسانی و بێ‌ئەرک خەڵقی تووشی گێچەڵ بکەن، دیسانەوە هەستیان بەوە کردبوو کە لای گەورە و بچووک قەدرێکیان نییە و ئێجگار بە سووک تەماشایان ئەکرێت. ئەوانە کە خۆیان بە پیاو ئەزانی سەلاویان لەو تەرحە سووک و سەلیمانە نەئەکرد و سەلاویان نەئەسەندنەوە. جاسووسەکانی ئەو ڕۆژە وەکوو هی ئیمرۆ نەبوون و باوەڕ ناکەم کە لە وێنەی تەشکیلاتێکی تایبەتی بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی کۆمەڵە نهێنییەکان و کردەوە سیاسییە گرنگەکان خرابنە ژێر نیزامێکەوە. وا بزانم تەنیا خەریکی درۆ هەڵبەستن و بوختان پێکردن بوون بەوانە کە خۆیان ڕقیان لێ‌ئەبووەوە وە یا کاربەدەستەکان چارەیان نەئەویستن. زۆری ئەم جاسووسانە نەخوێندەوار و لە تاقی خزمەتکار و مەیتەر و دەس‌وپێوەند بوون. فەرمانبەر و پۆلیس لەناو ئەمانەدا لە پۆلی بەڕێزەکان ئەژمێررا و شانازییان بە ناوچەی خۆیانەوە ئەکرد. خۆ نووسەری تایبەتی و تەرجمانەکانی ئینگلیزەکان هەر باسیان ناکرێت. هەندێکیان خۆی بە حاکم ئەزانی و بۆ ئەوە جێگەکەی بپارێزێ و لە دەسی نەدا ئامادەی هەموو

خزمەتێک بوو. لەناو ئەم پۆلە و هەندێ لە مەئموورە بچووکەکانی تری ئیدارەدا کە ئینگلیزەکان لە هەموو جێگەیەکی عێراقا پێکیانەوە نابوون هی واشیان تیا هەڵکەوت کە بە زرنگی و وریایی خۆیان لەو دەورە پیس و بۆگەنەوە بگوێزنەوە دەورێکی تر و لە بەرگ و وێنەیەکی تازەدا ناوچەیەکی وا بگرن کە لە خەویشا بە بیریانا نەئەهات...

ئینجا لەلایەکەوە لە ڕووی ئەم جۆرە دەس‌وپێوەندە و سیاسەتی ناهەمواری ئینگلیز، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو پڕوپاگەندە بەتین و هێزەوە کە لە ساڵەکانی ١٩٢١ ـ ١٩٢٢دا لەلایەن ئوزدەمیر و تاقمەکەیەوە ئەکرا لە هەموو لایەکی کوردستانی عێراقا ئاسوودەیی نەما و ئاسایش تێکچوو. نیشتمانپەروەرەکان زۆر داخ لەدڵ بوون و بەگەرمی لە ئینگلیزەکان ئەدوان. هەرچی خراپەکار و چوختی و جەردەش هەیە یاخی بوون و سەریان بەرز کردەوە. زۆر لەوانەش کە دانوویان پێکەوە نەئەکوڵا لە عاست ئینگلیز و حکوومەتا بوون بە یەک. زۆردار و خاوەن تفەنگەکان ئەم حاڵەیان بە هەل ئەزانی، کە کار بە مەرامی ئەوان نەڕۆیشتایە بەڕێوە، دەسیان ئەدایە تفەنگ و جەردە و یاخییەکان دەزبەجێ شوێنیان ئەکەوتن. دەستەی خوێندەوار و نیشتمانپەروەرەکانیش لە ژێرەوە هانیان ئەدان و ئاگریان خۆش ئەکرد. لەبەر ئەمە حکوومەت بەتەواوی شێوابوو، بەڵام قەت ئەوەش بە بیرا نەئەهات کە پیاوە باشەکان بکرێن بە لاگیری حکوومەت، چونکە ئیدارە بەدەس ئینگلیزی کەللەڕەق و مەغروور و دەس‌وپێوەندەی پەسمایە و ناڕەسەنەوە بوو.

مەحموود خانی قارەمانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود دووبارە سەری بەرز کردبووەوە. کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی سەرەک عەشیرەتی ئازای هەمەوەند لە ناوچەکانی «چەمچەماڵ» و «سەنگاو» و «قەرەداغ»دا، کە چەن مانگێک لەشکرەکانی حکوومەتی ئەم ناوچانەی خەریک کردبوو، لە ئەنجاما دوو زابتی ئینگلیزی کوشت و چووە لای ئوزدەمیر.

لە عەمادییە و عەقرە، لە گەڵی مەزۆرکە و سوارەتووکە و بامەڕنی و بیرەکەپرە گەورەکانی کورد یەک لە دوای یەک شۆڕشیان هەڵئەگیرساند و هەر ڕۆژە لەلایەک حاکمێکی ئینگلیز وە یا چەن زابتێکیان ئەکوشت... لەم هەموو بگرەوبەردە و شۆڕش و ئاژاوە و کارەساتە خوێناوییە بۆمان دەرئەکەوێت کە لە ساڵەکانی ١٩١٩وە تا ١٩٢١ و

١٩٢٢، لە کاتێکا مستەفا کەمال و لەشکری تورک لە تورکیادا بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان کەوتبووە شەڕی مردن و ژیانەوە و بەربەرەکانی سیاسەت و فێڵ و فەرەجەکانی حکوومەتی ئەستەموولّ و گەورەکانی هێزی یەکگرتووی سوێندخۆرەکانی ئەکرد، لە کوردستانی عێراقا کوردەکان ساتێ نەوەستابوون و بەبێ وچان لە کارا بوون و بە گژ ئینگلیزا ئەچوون، لەناو شارەکانیشا، لە دێهات و لەناو ئەو عەشیرەتانەدا کە سەرپێچییان نەئەکرد و هەڵلایان نەئەنایەوە دیسانەوە باس باسی ئەم شۆڕشانە وە یا باسی هەڵلای مستەفا کەمال و شەڕی لەشکرەکانی تورک و یۆنان بوو لە ئەنادۆڵ.



ماجد مستەفا لە کاتی شۆڕشی دووەمی
شێخ مەحموود لە بەرگی کوردییا

من لەو دەمەدا لە دوای بەربوونم لە بەندیخانەی کۆیێ گەڕابوومەوە سلێمانی و بە یارمەتی کەرکووکیزادە ئەحمەدئاغای خزمەوە لە قەیسەرییەکەی نەقیب دووکانێکی عەتاریم دانابووم و کاسبیم ئەکرد. ماجد مستەفای[1] هاوڕێی مەکتەبم و تۆفیق وەهبی[2] و هەندێ لە زابتە کوردەکانی تر تازە لە ئەستەمووڵ هاتبوونەوە. شەوان لەگەڵ ئەوانا کۆئەبووینەوە. زۆری کۆبوونەوەکانمان لە ماڵی تۆفیق وەهبی ڕێئەکەوت، چونکە ئەو لەو ڕۆژەدا ماڵوژنی نەبوو و لە خانووەکەی ڕەشید مەستی خاڵی بەتەنیا دائەنیشت. شەوانی دووردرێژی زستانمان بە سکاڵا و باس و هەواڵی ئەو ڕۆژە و بە خواردنەوە و بەزم و سازندەیی ئەبردە سەر. لەناومانا هەر تۆفیق وەهبی کاربەدەستی میری بوو. لە دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی بە ماوەیەکی کەم کرابوو بە قایمقامی ڕانیە. دوای ئەوە کرا بە ئامری لیوی لە سلێمانی،

---

١. ماجد مستەفا مەحموود ساڵی (١٨٩٦ - ١٩٧٤)، لە شاری سلێمانی لەدایکبووە؛ قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی خوێندووە. دواتر چۆتە شاری ئەستەمبووڵ و لەوێ قوتابخانەی جەنگی خوێندووە و بووە بە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی. بەشداری شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. ساڵی ١٩١٩ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی. بەشداری شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی کردووە، دواتر لە حکوومەتی عێراقدا لە کابینە جیاجیاکانی حکوومەت پۆستی وەرگرتووە و بووەتە پەرلەمانتار و وەزیر، لە ٢ی ئابی ١٩٧٤ کۆچیدوایی کرد. م.س.

٢. ماجد مستەفا و تۆفیق وەهبی لە حکوومەتی عێراقا باش سەرکەوتن و هەردووکیان بوون بە موتەسەریف و وەزیر. ئێستە ماجد بە تیجارەتەوە خەریکە و تۆفیق وەهبی ئەندامە لە مەجلیسی پیرەکانا (مەجلیسی ئەعیان).

بەڵام ئەوەندە نەئەچووە سەر ئیش و زۆری کاتی خۆی لەماڵەوە ڕائەبوارد. زۆر سارد و بێدەنگ و کەمدەوام ئەبینرا. لەبەر ئەمە ئێمەش هەڵمان دەس کەوتبوو و نزیکەی هەموو شەوەکانمان لای ئەو ئەبردە سەر. کوڕێکی ئێرانی زۆر زرنگ و وریا لە فەوجەکەی لیوی (لیڤی)دا موحاسب بوو. ئەویش هاتوچۆی ئەکردین، ناوی سلێمان‌خان بوو. بە زمانی لووس و سوحبەتی خۆش هەموو ڕەفیقەکانی کردبوو بە برای خۆی. لەوێشەوە فێری قسەکردن بووین بە فارسی. ئەو فێری کوردی نەئەبوو یا نەیئەویست بە کوردی لەگەڵمان بدوێت. لەگەڵ ئەمەشا هەرچیمان بە کوردی ئەوت زۆر باش تێی‌ئەگەیشت، بەڵام بە فارسی وەڵامی ئەدایەوە. لای مناڵانی کۆڵانەکانیش خۆی خۆشەویست کردبوو.

کە دەرئەکەوت هەموو شوێنی ئەکەوتن و ئەیاندواند. پتر لە ڕەفیقەکانی تر دۆستی من بوو و ئەیدواندم. من لە دڵا لێی بەشک بووم. وەکوو ئەوانی تر باوەڕم پێی نەبوو. ئەحمەدی عەزیز ئاغا کە بە نوکتەی خۆش و قسەزان ناسراوە ئەو وەختە مامۆستای مەکتەب بوو. برایەکی سلێمان‌خان لە تارانەوە بۆ سەردان هاتبووە لای. ناوی داودخان بوو. ئەحمەد بۆ گاڵتە وتی ئەم ناوانە هی ئەسباتی بەنی ئیسرائیلە و ئەبێ سلێمان‌خان جوولەکە بێ! هەموو پێکەنین. لەگەڵ ئەمەشا من کەوتمە لێکدانەوە. دوای چەن ساڵێک ئەمانەم لە بیر چووبووەوە. لە بەغدا یەکێک کە لە تاران گەڕابووەوە تووشم هات. باسی سلێمان‌خانم لێ پرسی. وتی بەڕاست ئەزانی کە سلێمان‌خان جوولەکە بوو؟! کەوابوو ئەو سلێمان‌خانە کە چەن ساڵێک لەناو ئێمەدا بە دۆستێکی مسوڵمان ناسرابوو و ژنێکی مسوڵمانی کوردی هێنابوو؛ ئەگەر بە واتەی کابراکەی لە تارانەوە ئەگەڕایەوە باوەڕ بکرێت جوولەکە بوو!

٤٥

میجەر سۆن لەم کۆبوونەوانە و بەزموڕەزمەی ئێمە زۆر قینی ئەبووەوە. هەندێ شەو یەکێک لەوانە کە شکیان لێ ئەکرا لە گەرمەی بەزم و خواردنەوەدا و لە درەنگ‌وەختا ئەیکرد بە ژوورا و سەربەستی ئەوجوورە ساتانە و چاوقایمییەکانی مەستیمانی بە هەل ئەژمارد و بە خەیاڵی شەو و کەمتەرخەمی چیمان لە دەم ئە ترازا لە ڕەوانی پاکی! خۆشی شتێکی ئەخستە سەر و ئەیبردەوە بۆ خەفییەکانی سۆن، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەمەشا کە لە ئێمە بەکین بوو و چارەی نەئەویستین دیسانەوە بە مەرامی دڵی ئەو خەفییانەی نەئەکرد و لێمان ئەبوورد، وە یا بە پێویستی نەئەزانی کە پەلە بکا و هەڵیئەگرت بۆ کاتی خۆی. ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئێمە دەمدرێژیمان ئەکرد و زیاد ئەڕۆیشتین؛ بەتایبەتی لە نیوەشەو بەولاوە و لە کاتێکا کە سەرمان گەرم ئەبوو بەجارێ شووڵمان لێ‌هەڵئەبڕی و لە شیرازە ئەچووینە دەرەوە. خەفییەکان بەوە شەقیان ئەبرد کە زووزوو ڕانەئەکێشراینە ناوچەی پۆلیس و داخی دڵی خۆیان پێنەئەڕشتین. ئەم خەفییانە زۆرتر لە من و ماجد مستەفا و مەحموود جەودەتی[1] خوالێخۆشبوو بەداخ بوون. لەبەر ئەمە سۆن ئەیویست ئێمە عاقڵ بکا، بەڵام بۆ هەلێ ئەگەڕا. یەک‌دوو جاریش بیانوویان پێگرتین و چووینە پۆلیسخانە، بەڵام تێیان هەڵنەدایـن، چونکە ئەیانزانی کە لەناو خەڵقا خۆشەویستین و ناوێکی باشمان هەیە؛ ئەوانەش کە ئەچووینە لایان بێگانە نەبوون و کەم‌وزۆر شەرمیان لێ‌ئەکردین...

سۆن کەم دەرئەکەوت و بەمە ئەیویست سامێک بە خۆی پەیا بکا، کە دەریشئەکەوت وە یا بە بازاڕا ئەڕۆیشت ئەبوو خەڵقەکە بەجارێ هەستنە سەرپێ و

---

١. مەحموود جەودەت (١٨٨٩- ١٩٣٧)، کوڕی ئەحمەدی مەحموودئاغای مستەفائاغایە، قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری تەواوکردووە. ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ئەستەمبووڵ، لەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ لە قوتابخانەی عەسکەری سوڵتانی خوێندوویەتی و بووە بە ئەفسەر. لە کاتی حوکمڕانی شێخ مەحموودی نەمردا دەگەڕێتەوە سلێمانی و پلەیەکی بەرزی لە لەشکردا پێدەبەخشرێت؛ دواتر دەچێتە نێو سوپای عێراقەوە. لە مشتومڕێکدا لەگەڵ لێپرسراوێکی بەڕێوەبەرێتی خانەنشین، مەحموود جەودەت ئەو لێپرسراوە ئەکوژێت و لە ئاکامدا بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا دەدرێت، ڕۆژی ١٩٣٧/١١/٢٠ لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەی دەگوێزرێتەوە شاری سلێمانی و لە گردی سەیوان دەنێژرێت. م.س.

ڕێبوار کڕنووشی بۆ بکا...

من و ماجد شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین و زۆر کەم لە یەک جیا ئەبووینەوە. هەموو کاتێک ئەوەمان لە یادا بوو کە خۆمان لە سۆن بپارێزین، کە لە دوورەوە بەدیمان ئەکرد ڕێگەمان ئەگۆڕی و خۆمان لێ لا ئەدا، چونکە نەمانئەویست کڕنووشی بۆ بکەین. لەوەش ئەترساین کە لێمان نەبووریٚ و تەرنێکمان پێ بدا، بەڵام ڕۆژێک لووتمان بوو بە لووتییەوە. لە دەشتی ئەحمەدی عیساغا گەڕۆکەکەی (سەیارەکەی) وەستابوو. پیاوەکەی خەریکی بوو بیخاتەوە کار. خۆشی بە دیارییەوە چاوەڕوان بوو. لەناکاو خۆمان لەبەردەمیا چاوپێکەوت. ناچار ماینەوە تێپەڕێن، بەڵام سەڵاومان بۆ نەکرد. نەمانئەزانی کە حیسابی ئەمەشمان لەگەڵ ئەکا. سۆن لە حەمەدرێژی[1] پیاوی خوری، وتی ئەوانە بانگ کە! حەمائاغا ڕووی کردە ئێمە وتی: ئا وەرن. جەنابی حاکم ئێوە داوا ئەکا. من ویستم بچمە پێشەوە، بەڵام ماجد نەیهێشتە بەر من و خۆی چووە بەردەمی... سۆن وتی: بۆچی سەڵاو ناکەن؟ ماجد وتی: بۆچ سەڵاو بکەین...؟ وتی: من ناناسن؟ ماجد وتی: بەڵی ئەتناسین، جەنابت میجەر سۆنی حاکمی. وتی: کەوابوو چوون سەڵاو ناکەن و تێئەپەڕن؟ ماجد وتی: هەر کاتێک هاتین بۆ کارێک وە یا عەریزەیەکمان دا بۆ وەزیفەیەک بۆمان مەکە. ئینجا وەرگەڕایەوە بۆ لای من و ملی ڕێگەمان گرت. سۆن ئیتر دەنگی نەکرد. لە ماجدم پرسی کە بۆچی نەیهێشت من لە سۆن بچمە پێشەوە؟ وتی: تۆ تووڕەی، ترسام بە هێمنی و شێنەیی وەڵامی نەدەیتەوە. ماجد لەو دەورەدا لاوێکی خوێنگەرم و هەڵەشە بوو و لەناو نیشتمانپەروەرەکانا بە ئەنگوست پیشان ئەدرا...

دوای بەینێک سۆن لەلای لاوەکان بەتەواوی پەست بووبوو. حاجیئاغای حەسەنئاغای تفەنگچیباشی لەو دەمەدا مودیری پۆلیس و ماک برایت ناو چاوەشێکی ئینگلیز مودیری ئیستخبارات وە یا گەورەی پۆلیس بوو. سۆن و ماک برایت خۆیان لە حاجیئاغا تۆراند. ئەویش بە قسە ئیستیقالەی دا و دەسی لە مودیری هەڵگرت و بەرگی

---

١. حەمەدرێژ کە لە زەمانی حوکمی میجەر سۆن بووبوو بە حەمائاغا لە پێشا پیاوی ماڵی حاجی حەسەن ئەفەندی بوو، کە سۆن بە خۆگۆڕین و بەرگی خەفییە هاتبووە کوردستان حەمەی ناسیبوو و لەگەڵ ئەو پێکەوە کاسبی سەرپێیان کردبوو و بە هەندێ دێهات و ناو عەشایرا گەڕابوون.

گـۆڕی. تا ئـەو ڕۆژە نەئەهاتە لای مـن، بەڵام ئەو ڕۆژە لەڕێوە هاتـە دووکانەکەی من و دەسـتی کرد بە سـکاڵا و جوێن‌دان بە سۆن، بەڵام من خۆم لێ هەڵە کرد، وام تێگەیاند کە دەرچوونیم پێ‌خۆش نەبووە.

بۆ ئەمەش کە باوەڕ بکا پێم وت ئێمە هەموومان ئەزانین کە ئەگەر ئەو مودیر نەبووایە سـۆن و ماک برایت زۆریان عەزیەت ئەداین و تووشـی گەلێ گێچەڵ ئەبووین. ئینجا تـکای ئەوەم لێ‌کرد کـە تا زووە هەوڵێ بدا و بچێتەوە جێگەکەی خۆی، نەک پیاوێکی بێ‌ڕەوان (ویجدان) بێتە ئەو شوێنە. وا بزانم بەتەواوی بە واتەکانم باوەڕی نەکرد، بەڵام ئیتر لێشم گەڕا و نەهاتەوە لام.

دوای ئەو بە چەن ڕۆژێـک مسـتەفای حاجی برایم‌ئاغای خۆمان کە ئەو سـەردەمە قۆمیسەر (موفەوەز) بوو خۆی گۆڕی. ڕۆژێکیان لە چایخانەکەی مەجۆلی خامە سنەیی هاتە تەنیشتمەوە و بەدزییەوە پێی وتم کە ئاگامان لە خۆمان بێ و لەناو خەڵقا دەممان بپارێزین. لە ژێریشەوە چاوی لێ داگرتم و وتی: خەفییەتان[1] بەسەرەوە دانراوە.

ئەم دەورەش بەسـەرچوو. حاجی‌ئاغا و کاک مسـتەفا گەڕانەوە سەر وەزیفە، بەڵام لـەوەدا شـکم نییە کـە چە مودیر و چە مسـتەفای حاجـی برایم‌ئاغا خراپـەیان دەربارە نەکردین... بەینێکیش عەونی حاجی گووروون کرا بە مودیری پۆلیس. میجەر سـۆن وای لێ هاتبوو نەیئەزانی چی بکا؟ جارێ ئەوڕەحمان سـەعید[2] و دوای ئەو ماجد مستەفا و مەحموود جەودەتی ڕەحمەتی گرت و خسـتنییە بەندیخانەوە. عەونی پیاوێکی خراپ نەبوو. دوای گیرانی ئەوان کە ئەیزانی سـۆن خەریکی گرتنی کەسـێکە جوابی بۆ ئەنارد کە خۆی دەرباز کا وە یا بشارێتەوە...

تۆفیـق وەهبـی لەم ڕۆژانەدا چووە بەغدا و لەوێ لە جەیشـی عێراقـا بوو بە زابت... ڕۆژێـک من لـە دووکان بووم کە ئەحمەدئاغای کەرکووکی‌زادە ناردی بە شـوێنما. وتی: عەونـی ئەڵـێ نـۆرەی گیرانی تـۆ و ڕەفیق هاتـووە. وتم: ئینجـا ئەڵێی چـێ؟ وتی: وڵاخ ئامادەکـراوە، سـاتێکی تـر نان ئەخۆیـن و ئەچینـە بەغدا. پاشـنیوەڕۆ بوو کـە خۆمان

---

١. خەفییە، واتە سرڕی.

٢. نیمرۆ ڕەئیس مەحکەمەی ئیستینافە لە کەرکووک.

ئامادە کردبوو. من و ئەحمەدئاغا و ئەحمەدی سەعەی فەتاح بە سواری وڵاخ و بە ڕێی سەگرمەدا[1] ڕوومان کردە بەغدا. شەو لەسەر ڕێ لامان‌دا و ماوەی سەعاتێک بە لەپەوە و لەناو دڕکەڵانێکا سەرخەوێکمان شکاند. جڵەوی وڵاخەکانمان بەدەسمانەوە بەستبوو. لە نیوەشەوا دووبارە ڕێمان گرتەبەر. لەگەڵ هەتاوکەوتن لە بێستانەکانی گوێ چەمی داوێنی شاخەکەی ئیمام شاسوار شووتیمان کڕی و خواردمان؛ ئینجا چووینە ناو شاری کفرییەوە. شەمەنەفەر لەو ڕۆژەدا تا کنگریان هەبوو. لەوێوە دوای تاقەتکردنی وڵاخەکانمان لە ماڵی عەباس ناوێکی کاروانچی ئاشنای ئەحمەدئاغا بە شەمەنەفەر چووینە بەغدا.

کێوەکەی ئیمام شاسوار لە کفری

❁❁

لێرەدا بە تێهەڵکێش باسێکی کۆنی زەمانی عوسمانیم کەوتەوە یاد. باوکم لە کفری زابتی ڕەدیف بوو. من ئەو وەختە لە مەکتەبی ئیبتیدایی ئەمخوێند. برایەکی بچووکم هەبوو ناوی جەمیل بوو. هێشتا بە بەر مەمکەوە بوو، بەڵام زۆر ئێسک سووک و جوان بوو و من ئێجگار خۆشم ئەویست. تووشی نەخۆشی باژەڵە هات. لەو وەختەشا باوکم

---

[1] سەگرمە شاخێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی دەربەندیخان. م.س.

بۆ سەندنی دەیەکی بڕشتی[١] ئەملاکی سەنیە[٢] چووبووە دەرەوە. دوکتۆر نازانم هەبوو یا نە؟ بەڵام نەخۆش ڕێی نەخۆشخانە و لای دوکتۆری نەئەزانی. زۆرتر پڕوپیرێژنان دەرمانی نەخۆشیان ئەکرد. شێخ و مەلا نوشتەیان بۆ ئەنووسین و دوعایان بە سەرا ئەخوێندن. دەلاک بە نەشتەرە پیس و چڵکن و ژەنگاوییەکانیان دومەڵ و برینەکانی ئەم و ئەویان هەڵئەدڕی و کێمیان پێئەکرد. کەس نەیئەزانی کە گانگرەن چییە و بە چی ئەڵێن؟ بە گازە زل و ئەستوورە ئاسنەکانیان، کە بەزۆر بە دەمی زەلامێکیانا ئەبردە ناوەوە، دانە خرێکانی ساغ و سەلیمی خەڵقیان بەبێ بەنج و بەپێوە لە ڕیشە ئەهێنایە دەرێ. هەندێ جار شەوورۆژێک خوێنی نەئەوەستاوەیە، چونکە ناوی نەزیف لەو ڕۆژەدا لەناو ئێمەمانانا نەبیسرابوو. ئینجا جەمیلی کۆرپە و بەسەزمان و بێتاوان لە ناوچەیەکی دواکەوتووی وەکوو ئەو ڕۆژەی کفری و لە باوەشی دایکێکی نەخوێندەوارا تووشی نەخۆشییەک بووبوو کە لەو دەورەدا پێیان ئەوت باژەڵە. پوورە ڕەحمە خوشکە بێوەژنەکەی دایکم کە هەمووممان باجی ڕەحمەمان پێ ئەوت، گەورەی ماڵ و سەرسپی و ڕابەرمان بوو. هەرچەن جەمیل لەتاو ئازاری ڕان و ئەژنۆکانی ئەیزریکاند، باجی ڕەحمە ئەیگرتە باوەشی. منیش شوێنی ئەکەوتم بۆ ماڵێ وە یا دووکانی دلاکێک و بەو نەشتەرە کە باسم بۆ کردن ئەو جێگە ئازارەی کە ئاوسا بوو بەلای کەمەوە نزیکەی پەنجە توو‌تەیەکی لێ هەڵئەدڕی. ئەم عەمەلیاتە کە نەمانئەزانی جنایەتێکە ئەیکەین چەن ڕۆژێک دووبارەکرایەوە. هەموو جارێ تا ئەگەیشتینە ماڵەوە تەنیشتەکانی برینی نەشتەرە کە ئەوەندەیتر ئەئاوسا و بۆ ڕۆژی دووەم دەمی برینەکەش بە کێمی زەرد و شین دائەپۆشرا... وەخت هاوین بوو لە سەربان ئەنوستین. شەوێک لە نزیک بەیانا لە دەنگی گریانی دایکم و باجی ڕەحمە لە خەو خەبەرم بووەوە. جەمیل مردبوو...!

دراوسێکان و ئاشناکان کۆبوونەوە. تا ناردیان یەکێک بێت و جەمیل بشوا، موبارەک ئەفەندی خەڵقی کفری ڕەفیقی زۆر دڵسۆزی باوکم، کە پیاوێکی ناودار و بەڕێزی

١. دەیەکی بڕشت: عوشری حاسڵات، ئەعشار.

٢. ئەملاکی سەنیە: ئەرازی و ئەملاکی سوڵتان عەبدولحەمید.

کفری بوو[1] خۆی هات و جەمیلی ششت و کفنی کرد. نەمانئەزانی لەو ڕۆژەدا باوکم لە کام دێیە، لەبەر ئەوە هەرچەن گەلێک دۆست و شوناسمان لێ کۆبووەوە، بەڵام داخەکەم باوکی جەمیل لە بەڕێخستنی مەیتەکەیا دیار نەبوو. گۆڕستانەکەی کفری ئەکەوتە داوێنی ئیمام شاسوار. قەدپاڵی شاخەکەش تاک‌وتووک قەبری لێ بوو کە ئەمانە تا ئەگاتە گومەزەکەی ئیمام شاسوار سەرەوژوور ئەبووەوە... دایکم ئافرەتێکی نوێژکەر و بەدین بوو. ویستی کە جەمیلی جوانەمەرگ بخەینە ژێر باڵی چاودێری ئیمامەوە، لەبەر ئەوە لە ناوقەدی شاخەکە و نزیک مەرقەدەکەی ئیمام شاسوار جەمیلمان خستە خاکەوە (٣٢٤ی ڕۆمی)،[2] کە باوکم گەڕایەوە کفری من لەگەڵی چوومە زیارەتی قەبرە پچکۆلەکەی جەمیل. تا ئەو ڕۆژە نەمئەزانی کە عەسکەر ئەگری، بەڵام کە فرمێسکە گەرمەکانم دی چۆن بە چاوەکانی باوکما ئەهاتە خوارەوە باوەڕم کرد کە عەسکەریش کزەی جەرگی کەوتە ژێر خاکەوە خۆی پێناگیرێ و ئەگریێ...!

دیمەنی کێوەکەی ئیمام شاسوار و قەبرستانەکەی داوێنی

١. موبارەک ئەفەندی برا گەورەی مستەفا ڕێژی و باوکی مەدحەتی مودیری تەحریراتی ئیمڕۆی سلێمانی بوو.

٢. ساڵی ١٣٢٤ ڕۆمی دەبێتە ١٩٠٨ی زایینی. ئێستا کە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینییە دەبێتە ساڵی ١٤٣٦ی ڕۆمی. س.

٤٦

سەید تەهای شەمدینان[1] و مەسەلەی کورد

ئینگلیزەکان دوای ناردنی شێخ مەحموود بۆ هیندستان و لە کاتێکا کە جڵەوی ئیدارە خەریک بوو لە دەست حاکمە سیاسییەکان دەرئەچوو کەوتنە سەر ئەوە کە ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کورد ڕێک بخەن و بەم جوورە دوایی بە ئاژاوە و شۆڕش بدەن. لەم حەلەدا هەستیان بەوەش کرد کە کوردەکانی دەوری هەولێر و مووسڵ ترسیان لە ئاسوورییەکان هەیە و وایان چووەتە مێشکەوە کە ئینگلیزەکان بەتەمان لەو ناوەدا حکوومەتێکیان بۆ دروست بکەن. لەبەر ئەمە هۆی هەندێ لە شۆڕشەکانیان ئەبردەوە سەر مەسەلەی ئاسوورییەکان و بۆ جاری دووەم لەگەڵ سەید تەهای شەمدینان کەوتنەوە گفتوگۆ.

دیمەنێکی هەولێر کە بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە گیراوە

سەید تەها ئەمجارە هەندێ داوا (مەتالیب)ی هەبوو و ئەمەی لە بەغدا بەڕەسمی پێشکەش بە کاربەدەستەکانی ئینگلیز کرد. بەپێی قسەی خاوەنی کتێبەکەی:

---

١. سەید تاها (١٨٩٣-١٩٣٩): سەید تەها کوڕی شێخ محەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٩٢٣ کراوە بە قایمەقامی ڕەواندز. ساڵی ١٩٢٨ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و چووەتەوە بۆ ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ بەبێ دەنگی و لەسەر زەویوزارەکەی ژیاوە. ساڵی ١٩٣٩ ڕەزا شای پەهلەوی داوەتی دەکات و دوای خواردنەوەی قاوەیەک توشی نەخۆشی دێت و بەو نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات. م.س.

«عراق و عصبة الامم»[1] داواکانی سەید تەها ئەمە بوو:

١ـ لە ژێر چاودێری بریتانیادا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەک پارچە، بەو مەرجە کە کوردستانی ئێرانی تیابێ.

٢ـ بڵاوکردنەوەی لێخۆشبوونێکی گشتی (عەفوی عموومی) بە بەیانێکی ڕەسمی.

٣ـ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی باس کراو لەسەر بناغەیەکی لامەرکەزیی فراوان (واسع)، واتە لەسەر ئەساسی جمهووری.

٤ـ دڵنیا کردنی کوردەکان بە گفتێک (وەعد) لەلایەن کاربەدەستەکانی ئینگلیزەوە و نووسینی پەیمانێک لە بابەت هێمنی ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکانەوە و نەبزووتنەوەیان بەرامبەر بەم دەوڵەتە تازەیەی کورد.

٥ـ ئەو یارمەتییانە کە دەوڵەتی بریتانیا بەخشیویە وە یا ئەیبەخشێت بە عێراق بە دەوڵەتی کوردیش ببەخشرێت.

سەید تەها

لە بەندی چوارەمی داواکانی سەید تەها وا دەرئەکەوێت کە دوارۆژی کوردی لێکداوەتەوە و مەترسی لەوە کردووە کە ئینگلیزەکان رۆژێک بێت ئەرمەنی وە یا ئاسوورییەکانیان لێ هان دەن و بیانکەن بە چقڵ لە ڕێی ژیانەوەی قەومی کورد و حکوومەتی کورد.

بەڵام مەندووبی سامی بەریتانیای گەورە لە عێراق، بەرامبەر بە داواکەی سەید تەها (سید طه) وەڵامی هەر ئەمە بوو: «لەوەدا دڵنیا بن کە هەر داوا و خواهشتێکی میللەتی کورد هەیەتی و

١. ئەم کتێبە L. iraq et la societe des nations بە فەرەنسزییە و بەشێکی ئەم کتێبە لە بابەت مەسەلەی کوردەوەیە و من لە ژێر ناوی: «خۆلاسەی مەسەلەی کورد»دا کردوومە بە کوردی.

پێشکەشی موئتەمەری ئاشتی کراوە هەمووی لەلایەن موئتەمەرەوە ئەخرێتە بەرچاو و زۆر باش تەماشای ئەکرێت. واش زانراوە کە لە موئتەمەری ئاشتییا، لەلایەن داوای کوردەوە بەپێی حەق و عەدالەت ئەوەی بە باش زانرابێ بڕیاری لەسەر دراوە.[1]

لەسەر ئەم وەڵامەی مەندووبی سامی دیارە کە سەید تەهاش هیچی بۆ نەکرا. ئینجا سستی ئینگلیز لە هەنگاوهاویشتنێکا و دواکەوتنیان لە بەجێهێنانی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر کە لە بابەت مەسەلەی کوردەوە بوو تەئسیرێکی زۆری کردە سەر کوردستان و لەبەر ئەمە کە پێش سەرکەوتنی هێزەکانی مستەفا کەمال بەسەر هێزەکانی یۆناندا بڕیارێکی ڕاست و گورج و بێ‌فێڵ نەدرا و بەپێی سێ بەندەکەی پەیمانی سیڤەر لە کوردستانی جنووبا بناغەی سیاسەتێکی بەکەڵک دانەڕێژرا و دەوڵەتی کورد نەهاتە ناو؛ دوای سەرکەوتنی مستەفا کەمال و شکستی لەشکرەکانی یۆنان شتێک نەکرا و مەسەلەی کورد وەکوو لە جێی خۆیا باسی ئەکەین لە ئەنجامی تەقەلای مستەفا کەمال و لە ڕووی هەندێ هۆی ترەوە لەگەڵ دڕاندنی پەیمانی سیڤەر کرا بە ژێر لێوەوە و لە بیر چووەوە...

١. لێرەدا وادیارە کە مەبەسی مەندووبی سامی ئیشارەت کردنە بۆ پەیمانی سیڤەر.

٤٧

لە سەرنەگرتنی مەسەلەی کوردا، کوردەکان خۆیان بەشدارن

مەسەلەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان هەر لە ڕووی سستی و فڕوفێڵی ئینگلیزەوە بەم ئەنجامە نەگەیشت. لەمەدا کوردەکان خۆشیان بەشدارن و ئەتوانم بڵێم کە تانووتی گەورەتر ئەبێ لە کوردەکان خۆیان بگیرێ، چونکە جارێ کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد کە ناوچەیان لە ئەستەمووڵ بوو لەگەڵ ئەمەشا کە بەشێکی ئەندامە ناودارەکانی خەڵقی سلێمانی بوون ئەوەیان بە بیرا نەهاتبوو کە بەناوی کۆمەڵەکانەوە ئەمانە بنێرنە سلێمانی بۆ یارمەتی شێخ مەحموود و ڕێکخستنی کاروباری ئەو حکوومەتە کوردە کە بە ڕاست و درۆ هاتبووە ناو. لە کاتێکا کە ئەچوونە ئاسیای بچووک و ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا و لەناو کوردەکانی ئەو ناوەدا تەقەلای بێ سوودی کوردایەتییان ئەدا، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دامەزراندنی کوردستان تێئەکۆشان و خۆیان ئەخستە دەرەکە و ڕوویان نەئەکردە هەرێمی سلێمانی و هەوڵی ئەوەیان نەئەدا کە لە شێخ مەحموود کەڵک وەرگرن و حکوومەتەکەی لە دەسکاری ناڕاست و نەفامەکان بپارێزن؛ بناغەی بەهێزتر بکەن تا نەڕووخێ و بژی. بەکورتی لەم لایانەوە هەلێکی ئێجگار هەڵکەوتووی گەورەیان لە کیس دا و کەڵکیان وەرنەگرت لەوە کە لە کوردستانی عێراقا ماوەیەکی هەرە گەورە بەدەسەوە بوو تەقەلای تیا بدرێ بۆ مەسەلەی کورد.

ئەوانەش کە لە تورکیا بوون و بەتایبەتی سەرەک عەشیرەتەکان و ناودارەکان وەکوو لە «موئتەمەری ئەرزەڕۆم»دا بینرابوو بە چەشنی تورکە نیشتمانپەروەرەکان و بەڵکوو لەوان زیاتر و بەڕاستتر پشتی مستەفا کەمالیان گرتبوو و بڕیاریان دابوو بە شەڕی خۆ(؟) واتە شەڕی ڕزگاری وڵاتی شەریکایەتی کورد و تورک، واتە شەڕی ئیستقلال. ئەو شەڕە کە ئەنجامەکەی داخەکەم مەحکەمەی ئیستقلالی لێ پەیا بوو کە لاوەکان و گەورە ناودارەکانی کوردی بەکۆمەڵ ئەخنکاند وە یا ئەینان بە نیشانی تفەنگ و شەستتیرەوە.

ئەگەر بهاتایە و پێش سەرکەوتنی مستەفا کەمال کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد

دووربینییان بکردایە و هەندێ لە ئەندامە وریاکانی خۆیان بناردایە لای شێخ مەحموود و بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی و قەومی بزووتنەوەکانی کورد لە عێراق و تورکیا یەک بخرایە و پێکەوە لەسەر ئەو بەرنامەیە برۆیشتنایە زۆر جێگەی باوەڕ بوو کە مەسەلەی کورد ڕەنگێکی تری وەربگرتایە و ئەنجامی شێخ مەحموودیش بەو جوورە نەئەبوو کە چاومان پێکەوت؛ بەڵام کۆمەڵەکانی کورد وایان نەکرد و هەر هەوڵ و تەقەلایەکیان لە دەس هات لە ئەستەمووڵ لەگەڵ گەورەی سوێندخۆرەکان بەکاریان هێنا وە یا لە ناوچەی ئاسیای بچووکا (ئەنادۆڵ) خۆیان پێوە ماندوو کرد. سوێندخۆرەکانیش وە یا ئینگلیزەکان بەینێک بە حکوومەتی بێ‌هێز و دەسەڵاتی خەلیفەوە لە ئەستەمووڵ خۆیان خەڵافاند، دوای ئەوەش ماوەیەک هیوایان بەست بە ئەنجامی شەڕەکانی یۆنان و تورکەوە...

بەڵام هەروەکوو یۆنان هیچی بۆ نەکرا و مستەفا کەمال بەرەو سەرکەوتن ئەچوو، شێخ مەحموودیش بە مەرامی ئینگلیز نەچوو بەڕێوە و بە گژ تورکا نەچوو. لەم کاتەدا عەرەبەکانی عێراقیش ڕاستبوونەوە و لە ساڵی ١٩٢٠دا بەرامبەر بە ئینگلیز گرنگترین شۆڕشیان نایەوە. لەبەر ئەمە خەڵق چە کورد و چە عەرەب بووبوون بە تورک‌خوا، چونکە ئەویش جارێ شەڕی لەگەڵ یۆنانەکانی دەسنێژی ئینگلیز ئەکرد.

بەخت زۆری یارمەتی مستەفا کەمال ئەدا. فەڕەنسە و ئیتالیا کە دۆستی ڕۆژی شەڕی ئینگلیز بوون، لەو ڕۆژەدا بووبوون بە لاگیری مستەفا کەمال. لە دونیای سیاسەتا و لە موئتەمەرەکانا یارمەتی تورکیان ئەدا. حکوومەتی ئەستەمووڵ کە دۆستی ئینگلیز و دوژمنی مستەفا کەمال بوو، بەرامبەر بە مستەفا کەمال خۆی پێنەگیرا و کەوت. سوڵتان وەحیدەددینی دوایین خەلیفەی عوسمانی لە عەرش هاتە خوارەوە و ناوچەی سەڵتەنەتی بەجێ‌هێشت بۆ مستەفا کەمال.

ڕووس (شووڕەوی)یەکان لە مستەفا کەمال نزیک کەوتبوونەوە و بە پارە و بە چەک یارمەتی لەشکرەکانی تورکیان ئەدا. ئەوەندەی نەمابوو کە مستەفا کەمال ببێ بە بولشویک و خۆی بهاوێتە باوەشی ڕووسەوە.

لە عاست ئەم هەموو کارەساتەدا ئینگلیز چارەی نەما و سەریان لە بەرامبەر واقیعدا چەماندەوە؛ دەسی دۆستایەتییان بۆ دوژمنی دوێنێیان درێژ کرد و لەگەڵ مستەفا

کەمال کەوتنە بازاڕی ڕێکەوتنەوە. بەینێک تورک داوای مووسڵیان کرد. ئینگلیزەکانیش بە دامەزراندنی حکوومەتی کورد لە عێراقا هەڕەشەیان لێکردن، لە ئەنجامی کارا لە ژێرەوە پێکهاتن و ڕێکەوتن. تورک وازی لە مووسڵ هێنا. ئینگلیزیش دەسیان لە کوردستان وە یا لە شێخ مەحموود هەڵگرت و ئەم دەورەش بەسەرچوو و بڕایەوە...

گەڕانەوەی مستەفاپاشای یامولکی لە ئەستەمووڵەوە بۆ سلێمانی

پێش ڕێکەوتنی تورک و ئینگلیز و بڕانەوەی مەسەلەی مووسڵ ئینگلیزەکان لە عێراقا گەلێ درۆیان لەگەڵ شێخ مەحموود کرد و تەڕنی گەورەگەورەیان بە کورد دا. لەگەڵ ئەمەشا ئەو کارەی کە لە وەختی خۆیا کۆمەڵەکانی کورد لە ئەستەمووڵ ئەبوو بیری لێ بکەنەوە و بیکەن بەینێک ئینگلیزەکان بیریان لێکردەوە و کەوتنە سەودای تاقیکردنەوەی، بەڵام کەی و لە پاش چی؟

مستەفا کەمال لە ئاسیای بچووکا ڕەگی داکوتابوو و لەشکرەکانی یۆنانی بەرەو زەریا ئەبردە دواوە. وەحیدەددین دوایین خەلیفەی عوسمانی تەختی سەڵتەنەتی لە ژێرا لەق بووبوو؛ لاگیرەکانی سەڵتەنەت و چڵکاوخۆرەکانی بێگانەکان بە لووتی نەوی و سەری شۆڕەوە کونەمشکیان لێ بووبوو بە کۆشک و سەرا. مستەفاپاشا بە خنکاندن و بە دار و فەلاقەی دیوانی عورفی «نمرە ١» لە ئەستەمووڵ نیشتمانپەروەرەکانی تورکی پێ تەمیە نەکرابوو و کۆڵی دابوو. لە کوردستانی عێراقا شێخ مەحموودی حوکمدار بەدیل گیرابوو و نێررابووە هیندستان، خەڵق بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی ئینگلیز و لە جەوری دەس‌وپێوەندە سووک و بێ‌شەرمەکانیان دەسیان ئەدایە هەموو دوژمنێکی ئینگلیز و پەنایان ئەبردە بەر شەیتان. ئینجا مستەفاپاشای سەرلێ‌شێواو تاوی ئەدایە خۆی و بە هیوای بزاوتنی کوردەکان و نانەوەی شۆڕشێک لە کوردستانا دوای کڵاوی بابردوو کەوتبوو و بە هەڵەداوان گەڕابووەوە سلێمانی...

٤٨

عێراق لە ژێر ئینتیدابدا[١]

دوای ئەمە کە شـەڕی گەورەی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) بڕایەوە سوێندخۆرە سەرکەوتووەکان کەوتنە ئەوە کە ئەو جێگە و وڵاتانەی لە دەوڵەتە ژێرکەوتووەکان داگیریان کردووە چۆنی بەش بکەن؟ چونکە بەش‌کردنی ماڵی تالآنی دوای ئەم شـەڕە وەکوو بەش‌کردنی دوای شەڕەکانی زەمانی کۆن بەئاسانی پێک نەئەهات. میللەتە سەرکەوتووەکانیش ئیتر وەکوو ژێرکەوتووەکان لە وشـەکانی فەتح و ئیستعمار بێزرابوون، بەتایبەتی زانا بەرزەکانی دونیا بێ‌ئـەوە کـە بیر لە حکوومەتەکانی خـۆیان بکەنەوە و ئەوە بێننـە بەرچاو کە ئەوانیش خـاوەن موسـتەعمەرەن، لە ئیسـتعمار کەوتبوونە تەقـە و لە جەور و سـتەمی دەوڵەتە گەورەکان بەرامبەر بە قەومە بچووکەکانی ژێردەسـتیان بە نەوسـەوە ئەدوان. دەربارەی سیاسەتی ئیستعمار دەنگیان هەڵبڕیبوو و بە نووسین و بە زمان بۆ دوایی‌دان بە ئیستعمار لە تێکۆشیندا بوون. لە ئەنجامی ئەم تێکۆشین و تەقەلایەدا وشەکانی مزی داگیرکردن[٢] و ئیسـتعمار و هەموو ئەو وشـانەی کە بـەم مانایە بێت وە یا لەمانـە بچێت بە ناخۆش و ناپەسـەند ئەهاتـە بەرگوێ و نەئەچووە دڵـەوە. لەبەر ئەمە هەر لە کاتی شـەڕی گێتیدا گەورەکانی سـوێندخۆرەکان و بەتایبەتی ویلسـۆن و لۆئید جـۆرج[٣] لە جێی خۆیا و لە کاتێکا کە ماوەی قسە ئەبوو لەو سیاسەتە تازەیە ئەدوان کە دوای بڕانەوەی شەڕ بەتەمان لـە وڵاتـە داگیرکراوەکانا لەسـەری بڕۆن؛ وایان لـە دونیا ئەگەیاند کە بیر لـەوە ناکەنەوە کە ئەوجوورە وڵاتانە بخەنە سـەر وڵاتی خۆیان وە یا وڵاتی دەوڵەتە سـەرکەوتووەکان و یانکەن بە موستەعمەرە؛ بە قسەی خۆیان بیریان لە دانانی جوورە ڕێگەیەکی وا ئەکردەوە

---

١. بەکورتی لە کتێبی «نظام الانتداب»ی مامۆستا مەجید خدووری وەرگیراوە.

٢. مزی داگیرکردن: ماف وە یا حەقی فەتح؛ ئیستیلاحێکی سیاسییە و بەوە ئەڵێن کە دەوڵەتێک بە شەڕ وڵاتێک وە یا جێگەیەکی داگیر کرد ئەبێ بە هی خۆی...

٣. دەیڤید لۆئید جۆرج (١٨٦٣- ١٩٤٥)، سیاسەتمەداری ئینگلیزی سەر بە حیزبی لیبراڵی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ تا ١٩٢٢ . لە ساڵی ١٩٢٩ نازناوی باوکی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی پێدرا. م.س.

کە بۆ ژیانی سیاسی وڵاتە داگیرکراوەکان باش و بەکەڵک بێ، بەکورتی ئەیانوت: لەو وڵاتانەدا کە داگیر ئەکرێ چەشنی ژیانی سیاسی و جووری ئیدارەی حکوومەت بۆ خەڵقەکە خۆی ئەهێڵنەوە؛ لەلایەکی تریشەوە زۆر لە گەورەکانی دەوڵەتە شەڕکەرەکان و ئەوانە کە گیانی ئیستعمارییان زاڵ بوو بەسەر خیرەد و زانستییانا بە هیچ کلۆجێک لەوانە نەبوون کە مل بدەن و بیانەوێت لە حەقی فەتح، واتە لە حەقی داگیرکردن بیوورن وە یا لەبەری ئەو خوێنە دەس هەڵگرن کە لە شەڕا و بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتانە ڕژاوە؛ بەڵام گرنگی هەر لێرەدا نەبوو، چونکە بڕیار درا کە ئەو وڵاتانە بخەنە سەر وڵاتەکانی خۆیان. ئەی چۆنی بەش بکەن؟ ئەم وڵاتانە کە پیت و بەرەکەت و گەنج و سامانی هەموویان وەکوو یەک نییە. لەلایەن ماوەی تێگەیشتن و پێگەیشتنەوە هەریەکە لە پلەیەک دان. ڕابووردوویان لە یەک ناچێت. چاوکراوەیی خەڵقەکانیان و بەش وەرگرتنیان لە شارستانییەتی لە ئەندازەیەکا نییە. کامی بدەن بە کێ؟ و بە چە جوورێک هەریەکە لەمانە ئیدارە بکەن...؟ خۆبەخۆ ئەیانپرسی: تۆ بڵێی بتوانین ئەمانە هەموویان بە جوورە ئیدارەیەک ببەین بەڕێوە؟ وە بە یەک چاو تەماشا بکرێن؟ لەبەر ئەمە کە لە موئتەمەری ئاشتی پاریس کۆبوونەوە، گرنگترینی ئەو شتانە کە گفتوگۆی لەسەر ئەکرا باسی موستەعمەرەکانی ئەڵمان و ئەو خاکانە بوو کە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جیا کرابووە و داگیر کرابوو.

بەیانێک کە لە پێش موئتەمەری ئاشتییا دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی قەومەکانەوە (عصبة الامم) لەلایەن «ژەنەراڵ سمەتس»ی[1] بەناوبانگەوە بڵاوکرابووەوە زۆر چووبوو بە دڵی گەورەکانی موئتەمەرا و پەسەندیان کردبوو، لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی قەومەکانا «نیزامی ئینتیداب» لە پێش هەموو کەسێکا بە بیری «سمەتس»دا هاتبوو و خستبوویە بەرچاو. ١٤ بەندەکەی ویلسۆنیش کە لەلایەن حقووقی قەومە بێدەسەڵاتەکانی وڵاتە

١. جان سمەتس (١٨٧٠ - ١٩٥٠)، سەرۆکوەزیرانی پێشووی باشووری ئەفریقا و کوڕی دەوڵەمەندێکی هۆڵەندی بووە و خاوەن مەزرەعەیەکی گەورە بوون لە کیپ‌تاون. چووەتە ڕیزی سوپا و تا پلەی ژەنەڕاڵی بەدەست هێناوە، دواتر بووە بە سیاسەتمەدار و لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٤ سەرۆکوەزیرانی باشووری ئەفریقا بووە. ١٩٣٩ جارێکی دیکە تاوەکوو ١٩٤٨ سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بووە. م.س.

داگیرکراوەکانەوە بڵاوی کردبووەوە، لە ژێر ئیلهامی بەیانەکەی «سمەتس»دا هاتبووە ناو.

ئینجا موئتەمەری ئاشتی بەراوردێکی زۆری لە بەینی ئەو تەسریحاتە کە لە کاتی شەڕا لە دەمی لۆئید جۆرج و ویلسۆن ئەبیسرا و لە بەینی بیروباوەڕی گەورەکانی تری دەوڵەتە سەرکەوتووەکانا کرد؛ لەولای تریشەوە لەو بیروباوەڕانە وردبووەوە کە زانا بەرزە خوێن پاک و ئازادیخواکان و دۆستەکانی ئینسانییەت ئەیاندا بە گوێی هەموو گێتییا. جگە لەمانە ڕیسالەکەی سمەتس و ١٤ بەندەکەی ویلسۆنی سەرەک جمهووری ئەو ڕۆژەی ئەمەریکاشی ئەخستە بەرچاو و بەوردی ئەیکۆڵییەوە. لە دوای هەموو ئەم وردبوونەوە و کۆڵینەوەیە موئتەمەر بڕیاری دا بە دانانی سێ جوورە ئینتیداب کە ناویان نرا ئینتیدابەکانی پلە «أ، ب، ج». لەمانە دەرجە «أ» بۆ ئەو وڵاتانە دانرا کە لە پلەیەکی[1] ئەوتۆدان بتوانرێت لە ماوەیەکی کەما سەربەخۆییان پێ ببەخشرێت. وەکوو ئەو وڵاتانەی عەرەب کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کرابوونەوە.



ژەنەڕاڵ سمەتس سەرەکوەزیری ئەفریقای جنووبی و دۆستی گیانی بریتانیا

پلەکانی «ب، ج»یش بۆ وڵاتەکانی ئەفریقا و جەزیرەکانی خۆرهەڵاتی دوور دانرابوو، کە لە پێش شەڕی گەورەدا لە ژێر ئیستعماری ئەڵمانیادا بوون. ئینجا بەش کردنی ئینتیدابی پلە «أ» لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ لە سان ڕیمۆدا جێبەجێ کرا و بەپێی ئەم بەش کردنە سووریە و لوبنان درا بە فەڕەنسە و عێراق و شەرقی ئەردەن و فەلەستینیش بە بریتانیا، کە ئەمەش ئەوەی لێ بکرێتە دەرەوە کە کەمێک تووشی ئاڵوگۆڕ هاتبوو دیسانەوە چەشنێکی تری هەر ئەو بەش کردنە بوو کە پێش ئەم موئتەمەرە بە ماوەیەکی زۆر و لە ساڵی ١٩١٦دا ئینگلیز و فەڕەنسە لە ژێرەوە و بەپێی پەیمانی نهێنی

١. پلە: دەرەجە، مستەوا.

سایکس ـ پیکۆ لەسەری ڕێکەوتبوون.

مارک سایکس نوێنەری ئینگلیزە لە پەیمانی نهێنی سایکس ـ پیکۆ

لەبەر ئەمە نیزامی ئینتیداب هەرچەن بە هەستێکی ئازادی و ئینسانی و لە ئەنجامی بەراوردی گەلێ بیروباوەڕی زانایان و گەورەی خاوەن نیازە باشەکان و ئازادیپەرستەکان پێکهاتبوو، بەڵام بێتوو لە ئەنجامەکەی وردبینەوە ئەبینین کە دەوڵەتەکانی ئەم ئینتیدابەیان پێ سپێررا ئەوەیان بە بیرا نەهاتبوو کە بە هیچ کلۆجێک دەس لەو وڵاتانە هەڵگرن، بەڵکوو لەو نیازەدا بوون کە تا دونیادونیا بێ تیا بمێننەوە و تا دڵۆپێک خوێنیان تیا مابێتەوە بیمژن. ئەگەر وانەبێ ئەو سەربەخۆیی‌یە کە ئەڵێن دەس وڵاتەکانی عێراق و سووریە و ئەردەن و لوبنان کەوتووە پێویستی بەم هەموو زەدوخورد و شۆڕش و خوێنڕژانەی بۆچ ئەکرد؟ وە یا لەبەرچی بۆ ئینتیداب ماوەیەکی وا دانەئەنرا کە خاوەنی ئینتیداب بۆ پێگەیاندنی ئەو وڵاتە کە ئەخرێتە ژێر ئینتیدابەوە لە ڕێگەیەکی ڕاست و ڕەوانەوە بڕوا و بێ فروفێڵ یارمەتی بدا، پێشی بخا، دەس بداتە ژێر باڵی و پێی بگەیەنێ؟ جگە لەمە ئەتوانین بڵێین کە دوای بڕانەوەی ئینتیداب و تەنانەت بەوەش کە دەوڵەتە گەورەکان دانیان نا بە سەربەخۆیی هەندێ لەو وڵاتانە کە لە ژێر ئینتیدابا بوون دیسانەوە هەرا نەبڕایەوە. ڕاستی و ناڕاستی ئەمەش پێویستە بە وردبوونەوە و کۆڵینەوەیەکی کەم لە وێستاوی (وەزع) و هەواڵی ئەو وڵاتانە لە دوای گەیشتنیان بە سەربەخۆیی و چەشنی پەیوەندییان بە دەوڵەتە گەورە خاوەن ئینتیدابەکەوە. لەوەدا گومان نییە کە وردبوونەوەیەکی بەم جوورە بۆمان دەرئەخا کە نیزامی ئینتیداب ڕووکەش (مەزهەر)ێکی تازەی ڕواڵەتی ئیستعمارە کە لە وێنەیەکی

تایبەتییا بۆ یەکخستن لە بەینی مەبەسی ئیستعماری کۆن و مەبەسەکانی ئیستعماری ڕووپۆشراوی تازەدا دۆزرایەوە و بەناو ئەم مەبەسە بە حەقی بڕیاردان بۆ ژیانی سیاسی دوارۆژی قەومە بچووک و ژێردەستەکان و بە بەخشینی ئازادی بە خەڵقی وڵاتە داگیرکراوەکان و موستەعمەرەکان ڕازێنرابووەوە، واتە مەبەسەکە خرابووە جوورە بەرگێکەوە و بەو بیرە جوان و باشانە ڕووکەش کرابوو کە خەڵقی ئەورووپا لە زانا گەورە ئازادیخواکان ئەیانبیستەوە. فەیسەڵی یەکەمی دامەزێنەری وڵاتی عێراق لە وتارێکی سیاسیدا کە لە ١٩٣١ خوێندبوویەوە لەم لایەنەوە چەن وشەیەکی هەیە کە بەتەواوی ڕاستی واتەکانی سەرەوە دەرئەخا.

مەلیک فەیسەڵی یەکەمی خوالێخۆشبوو ئەڵێت: ... وشەی ئیستعمار لەبەرچاوی قەومە سەرکەوتووەکان و ژێرکەوتووەکان بەیەکسان ڕەش بووبوو و بە بیری ئەوە کە لەلایەکەوە بە ناو دان بە مافی ئەو وڵاتانەدا بنرێت کە لە تورکیا پچڕاون و جیاکراونەوە و لەلایەکی تریشەوە مەبەسەکان و مەبدەئی داگیرکردن[1] ببرێتە سەر و جێبەجێ بکرێت، ئەم ڕێگە تازەیە دۆزرایەوە کە ناوی نراوە ئینتیداب! مەبەس هەر ئەوەیە لەلایەکەوە حەقی فەتح کە لە پێشا بە حەقێکی شەرعی دائەنرا بخرێتە ژێر پەردەیەکەوە. لەولای تریشەوە هیوایەک بێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی قەومە وڵات داگیرکراوەکان و دڵی پێ خۆش بکەن... ئینجا لەسەر ئەمانەیە کە سیاسییەکانی عێراق و نیشتمانپەروەرەکان بۆ ڕزگاربوون

مەلیک فەیسەڵی یەکەم

١. مەبدەئی داگیرکردن: حەقی فەتح.

لـە نیزامی ئینتیـداب ڕێگەی شۆڕشـیان گرت. ئەبێ ئـەوەش بزانین کە ئەگـەر تەبیات (تەبیعەت)ی نیزامی ئینتیداب ڕێی نەدایە بە وەرگرتنی سـەربەخۆیی ئەم جوورە وڵاتانە، دەوڵەتـی بریتانیـا لە عاسـت شۆڕشـی عێراقییەکانا بەئاسـانی سـەری نەئەچەماندەوە و بە بیانووی کوژاندنەوەی ئەم شۆڕشـە ملی نەئەدا بە بەخشـینی سـەربەخۆیی بە عێراق، بەڵکـوو لـە پێنـاوی کوژاندنـەوەی شۆڕشـەکە و نەدانـی ئـەم سـەربەخۆیی‌یە هەموو ڕەنج و ئەرکێکیان ئەگرتە سـەر شـان و لە بەختکردنی سـەر و ماڵا بە هیچ جوورێ دوا نەئەکەوتن و یەکودوویان نەئەکرد.

٤٩

بەکورتی باسی شۆڕشەکانی کورد و عەرەب لە عێراقا (١٩١٩-١٩٢٢)

دوای جیاکرانەوەی عێراق لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکرانی لەلایەن لەشکرەکانی ئینگلیزەوە لە باکوور و جنووبی[1] ئەم وڵاتەدا کورد و عەرەب لە ١٩١٩ەوە تا ١٩٢٢ بەبێ وچان شۆڕشیان نایەوە، شەڕیان کرد؛ کوژران و کوشتیان و خرانە بەندیخانەکانەوە؛ بێ نان و بێ ئاو مانەوە؛ دارکاری کران؛ نەخۆش کەوتن و مردن، بەڵام لە ڕێی سەربەخۆیی و ژیانی بەڕێز و شەرەفا لە بەختکردنی هەموو ئەو شتانە کە لە دەسەڵاتا بێ دریغیان نەکرد و دوا نەکەوتن. ئەمەش کاری ڕێکەوت و هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو کورد و عەرەب چییان ئەکرد دەسی کۆمەڵەکانی تیابوو. مێژووی تایبەتی شۆڕشەکانی کورد وە یا هی بەشێکی زۆری ئەم شۆڕشانە نەنووسراوەتەوە. ئەگەر نووسرا وە یا بێتوو نووسرابێتەوە کە کەوتە ڕوو کردەوەی کۆمەڵە سیاسییەکان وە یا کۆمەڵە نهێنییەکانی کورد و تەقەلایان لە ڕێی کورد و کوردستانا دەرئەکەوێ و ئەزانرێ. ئێمە لێرەدا لەلایەن کوردەوە بێ ئەوە باسی هۆیەکانی بکەین و تەنیا لەو شۆڕشانە ئەدوێین کە لە عێراقا ئەیاننایەوە، بەڵام شۆڕشەکانی عەرەب لە عێراقا لە کتێبی نهێنی و لاپەڕە شاراوەکانا نەماوەتەوە. هەمووی بە زیادەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، لەبەر ئەمە بەرهەڵستێک لەوەدا نابینین کە ماوەی نەشات وە یا تەقەلا و کۆششی کۆمەڵە نهێنییەکان و نیشتمانپەروەرەکانی عەرەبی عێراق لە نانەوەی ئەم شۆڕشانە و لە گێڕانی بزووتنەوە و ئاژاوەکانا بەکورتی دووبارە بکەینەوە و بیگێڕینەوە.

کۆلۆنێل لەچمەن[2] سەرلەشکری ئینگلیز دوای بڕانەوەی شەڕی گەورە لەگەڵ

---

١. وشەی نیوەڕۆ لەباتی جەنووب وە یا جنووب بەلامەوە زۆر پەسەند نییە. [وادیارە لەبری باشوور (جنووب) نیوەڕۆ پێشنیار کراوە و پەسند نەکراوە. س]

٢. جیرارد ئەڤلین لەچمەن (١٨٨٠ - ١٩٢٠)، ئەفسەرێکی دەزگای موخابەراتی بریتانی بوو، بە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا گەڕابوو، لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە عێراق گیرسایەوە و توانی ململانێی خێڵە عەرەبەکان دامرکێنێتەوە. یەکەم حاکمی سەربازی بریتانیا بوو لە کوردستان و ئەرکی داگیرکردنی مووسڵی پێ

تورک و بڵاوکرانەوەی موتارەکە (هدنە) لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ چووە ناو شاری مووسڵ و عەلی ئیحسان پاشای سەرەک لەشکری شەشەمی تورک و لەشکرەکەی لە ٥ی تشرینی دووەما و نووری بەگی نائیبی والی مووسڵیش لە ١٣ی هەر ئەو مانگەدا مووسڵیان بەجێهێشت. ئینجا لەچمەن بوو بە حاکمی بێشەریکی ئەم هەرێمە، بەڵام زۆری پێنەچوو کە لە هەموو لایەکەوە شۆڕش و ئاژاوە دەسی پێکرد. لە هەرێمی زاخۆ عەشایری گۆیان ڕاست بوونەوە و لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٦، کەپتەن بیرسن کوژرا. لە ژێر سەرەکی جەمیل ئاغا و عەبدی ئاغادا عەشایری سندی و لە سەرەکی سادقی برایم ئاغادا (سادق پەرۆ) عەشایری گەلی و عەشایری کۆچەری (قشوورە)ش تێکەڵ بە شۆڕش بوون...

دوای ئەمە لە عەمادییە لە ١٥ی تەمووزی ١٩١٩ حاجی شەعبان ئاغا، یەکێ لە ڕەئیسە ناودارەکانی کورد شۆڕشێکی تری نایەوە. لەم شەڕەدا وەکوو لە پێشا باسمان کردبوو کەپتەن ویلی حاکمی سیاسی و ماکدۆناڵدی مودیری پۆلیس لەگەڵ ترۆب ناو، چاوەشێکی ئینگلیز و گەلێکی تر کوژران.

لە ٨ و ٩ی مانگی ئاغستۆس (ئابی ١٩١٩) هەر ئەو شۆڕشگێڕانەی عەمادییە لە ژێر سەرەکی حاجی ڕەشید بەگا لە گەڵی مەزۆرکە چوون بە گژ لەشکرێکی زوربەی ئینگلیزا و لیوایەکیان بەتەواوی لەناودا. ئەم شکستەی ئینگلیز لە شکستەکانی تری نەئەچوو و باسی سەرکەوتنی ئەمجارەی لەشکرە ئازاکانی کورد لە هەموو لایەکی وڵاتا دەنگی دایەوە.

دوای ئەمەش، هەموو یەک هەینی بە سەرا نەڕۆیشتبوو کە کوردەکانی دۆسکی لە ژێر سەرەکی تایەر ئاغادا هەڵمەتیان بردە سەر ئینگلیز و لە سوارەتووکەدا شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن. سادق ئاغا (سادق پەرۆ) و سلێمان ئاغا (سلێمان قەتێ) لەم شەڕەش بوون و یارمەتی تایەر ئاغا و عەشایری کوردی دۆسکییان دا...

دوای شەڕی سوارەتووکە، لە «قەڵای شەعبانییە» و «دۆڵی مەلا عەرەب»دا[1] کوردەکان شەڕێکی تریان لەگەڵ ئینگلیزەکان کرد و بە تفەنگ فڕۆکەیەکیان لێ خستنە خوارەوە.

سپێردرابوو. ١٢ی ئابی ١٩٢٠ لە شۆڕشی بیستی عێراقدا لەلایەن شێخ زاری بنی مەحموود لە نزیک فەلووجە کوژرا. م.س.

١. ئەم جێگانە لە قەزای زاخۆ بەر ناحیەی گەلی ئەکەون.

جگە لەمانە لە مانگی ئابی ١٩١٩دا شێخ ڕەئووفی نەقشبەندی چوو بە گژ ئینگلیزا، بەڵام ئەمجارە ئینگلیزەکان بەسەر کوردا زاڵ بوون. شێخ بەهائەددین و شێخ عەلائەددین (علاءالدین)ی باوکی شێخ ڕەئووفیان گرت و لەگەڵ هەندێ خزم و کەس‌وکاریان ڕەوانەیان کردنە مووسڵ. شێخ بەهائەددین و هەندێ لە خزمەکانی لەوێوە نێررانە بەغدا، بەڵام ئەوانی تر خرانە بەندیخانەی مووسڵەوە و لەوێ مانەوە.

ئەم بگرەوبەردە و هەرایە نزیکەی ساڵێکی پێچوو. ئینجا لەچمەن لە مووسڵ گوێزرایەوە و کرا بە حاکمی سیاسی دلێم.[1] دوای لەچمەن ئینجا کۆلۆنێل بیل بوو بە حاکمی مووسڵ. ئەم حاکمە زۆری پێنەچوو، واتە لە دوای ٢٣ ڕۆژ، لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لەگەڵ کەپتەن سکۆتی حاکمی عەقرە پێکەوە نزیک بیرەکەپرە بەدەسی زێبارییەکان کوژرا.[2] دوای ئەمە لە سەرەکی شێخ ئەحمەدی بەناوبانگا بەرزانییەکانیش تێکەڵ بەم شۆڕشە بوون و لەگەڵ ئەوەدا کە دوژمنی عەشایری زێبار و فارس‌ئاغای سەرەکی زێبارییەکانن لە پێناوی ڕزگاری وڵاتی کوردا ئەمجارە لەگەڵیان بوون بە یەک و هەموو پێکەوە چوونە سەر عەقرە و گرتیان (١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩). لەم شەڕەدا

١. لە پێشا لە بەرگی یەکەم لاپەڕە ٧٥-٧٦دا وتبوومان کە ویلسۆنی حاکمی گشتی عێراق لەناو زابتە ئینگلیزەکانا کە کرابوون بە حاکمی سیاسی شارەکانی عێراق لە سێیانیان، واتە لە سۆن و نۆئێل و لەچمەن زۆر بە گەرمەوە باس ئەکا و بە وریاترین حاکمی شارەزا بە زمان و سورشت و ڕەوشت و خووی ئەهلی عێراقیان ئەداتە قەڵەم. تەنانەت گەلێ بە سوپاسەوە باسی کردەوە باشەکان و خزمەتە بەنرخەکانیان ئەکا کە لە کوردستانی عێراق و عێراقی عەرەبا کردوویانە، بەڵام ئێمە تێناگەین کە مەبەسی ویلسۆن لە کردەوەی باش چییە؟ وە ئەو خزمەتە بەنرخانەی وا ئەزانێ سۆن و لەچمەن لەناو کورد و عەرەبا لە وڵاتی عێراق و لە ڕێی قازانجی دەوڵەتی بریتانیا کردوویانە کامەیە؟

٢. لەم باسەدا کە لە «الضحایا» وەرمانگرتووە لە هەندێ جێگەدا زانستی ئێمە لەلایەن هەواڵی شۆڕشەکانی کوردی مووسڵەوە لەگەڵ واتەکانی مامۆستا مونعیم غولامی یەک ناگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا کە کتێبی «مقدرات العراق السیاسیة» لەم هەواڵانەدا ڕاستی واتەکانی ئێمە دەرئەخا من دیسانەوە لەو باوەڕەدام کە مامۆستا غولامی زیاتر لە من و خاوەنی موقەدرات شارەزای هەرێمی مووسڵە و لە شۆڕشەکانی ئەو هەرێمەدا لە سەرێکی تریشەوە لە هەردوولامان ئاگادارترە، چونکە سەرچاوەی هەواڵەکانی ئەو گومانی تیا نییە کە مامۆستا ڕەئووف غولامی باوەڕپێکراوی لقی کۆمەڵی عەلەم و عەهدە لە مووسڵ کە جگە لە ئەمەش یەکێکە لە نووسەرەکانی ئەو دەورە کە کارەساتەکانی سیاسی و مێژووی شۆڕشەکانی هەرێمی مووسڵ و دێرەزۆری نووسیوەتەوە.

بەشێکی حامییەکەی عەقرە کوژرا و هەرچی لە عەمارەکانی میرییا بوو تاڵان کرا... دوای بیل کۆلۆنێل نوڵدەر بوو بە حاکمی سیاسی مووسڵ.

لە کاتی حوکمی نۆڵدەریشا لە خۆرهەڵاتی عەقرە، واتە لە دەشتی حەریر و لە باتاس لە ژێر سەرەکی «شێخ ڕەقیب»دا عەشایری سوورچی لەگەڵ عەشیرەتی سۆران پێکەوە و لە تشرینی دووەمی ١٩١٩دا چوون بە گژ ئینگلیزا.[1]

ئەگەر ئاوڕێکیش بدەینەوە لە هەرێمی سلێمانی و قەرەداغ و چەمچەماڵ و هەورامان و هەڵەبجە وە یا ناوچەکانی ڕانیە و پژدەر و ڕەواندز، ئەبینین کە کوردی عێراق لە پێش هاتنی ئینگلیزەوە بۆ ئەم وڵاتە و دوای هاتنیان و داگیرکردنی، لە ئاژاوەنانەوە و بەرپا کردنی شۆڕشی یەک لە دوای یەکا بوون و چە لە ڕووی یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە لە عاست جەوری حکوومەت و کاربەدەستەکان و چە بەناوی کوردایەتی و داوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانەوە بێ ئەوەی یارمەتی لە هیچ قەومێک وە یا دەوڵەتێک ببینن وە یا وەرگرن چوون بە گژ لەشکرەکانی تورک و ئینگلیزا و لەم ڕێیەدا وەکوو لەمەوبەر باسمان کردبوو کوشتارێکی زۆریان کرد وە یا لێیان کرا و خوێنێکی ئێجگار زۆریان ڕژاند...[2]

---

١. بەپێی واتەی مامۆستا عەبدولمونعیم غولامی لە کتێبی «الضحایا الثلاث» ئەم شۆڕشانەی سەرەوە کە هەمووی لەلایەن کوردەکانی هەرێمی مووسڵەوە و لە ژێر سەرەکی ڕەئیسەکان و سەرەک عەشیرەتەکانی کورد کراوە و تاقە عەرەبێکی تیا نەبووە گەلێکی بە هاندان و بە پەنجەی کۆمەڵە نهێنییەکانی عەلەم و عەهد ڕێکخراوە و ڕووی داوە. عەلەم یەکەم کۆمەڵی سیاسی نهێنییە کە لە ساڵی ١٩١٤ لە مووسڵ ڕێکخراوە. دوایی لە ٢٤ی مایسی ١٩١٩دا لەسەر بڕیاری ناوچەی گشتی کۆمەڵ لە دیمەشق ناوی نرا کۆمەڵی عەهد، لە پێشا بەرنامەی ئەم کۆمەڵە بەندێکی تیابوو کە بەپێ ئەو بەندە کۆمەڵ یارمەتی فەننی دەوڵەتی بریتانیای قبووڵ کردبوو، بەڵام لەگەڵ بڕیاری گۆڕینی ناوی کۆمەڵ لە عەلەمەوە بۆ عهد، ئەم بەندەش لە بەرنامەکەی کۆمەڵ لابرا و سڕایەوە. مامۆستا ڕەئووف غولامی ئامۆزای نووسەری «الضحایا» لە ساڵی ١٩٣٤ کە من لە ئیعدادی مووسڵ مامۆستای ڕیازیات بووم لە یەکێک لە مەدرەسەکانی «متوسطە»ی مووسڵ مامۆستای عەرەبی بوو و ئاشنایيم لەگەڵ پەیا کردبوو. مامۆستا ڕەئووف لە پێشا بەناوی «نادب الحق»ەوە باوەڕپێکراوی لقی کۆمەڵی عەلەم بوو لە مووسڵ و دوای ئەوە بەناوی «مەنسوور»ەوە هەر لە مووسڵ بە باوەڕپێکراوی کۆمەڵی عەهد دانرایەوە...

٢. بەپێی واتەی مامۆستا مونعیم غولامی، لە شۆڕشەکانی کوردی مووسڵدا لە زەمانی لەچمەن و بیل و نۆڵدەر لە ئینگلیزەکان و هێزەکانیان جگە لە زابتەکان و حاکمە گەورەکانی کە لە سەرەوە باسمان کردبوون و جگە لە هەزاران فەوتاو و بریندار، نزیکەی دوو هەزار عەسکەریان لێ کوژرابوو...

وەکوو لە سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێت هەموو ئەو ئاژاوە و شۆڕشانەی کوردەکانی مووسڵ لە ساڵی ١٩١٩دا نرابووەوە. لەم ساڵەدا عەرەبەکان جگە لە ئاژاوەی «دێرەزۆر» بزووتنەوەیەکی وایان لێ نەبینرابوو. ڕەمەزان شەلاش (رمضان شلاش) یەکێک لە سەرکردەکانی عەرەب لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩دا بە ڕاسپێری و هاندانی کۆمەڵەی عەهدی عێراقی لە سووریە بە هێزێکەوە هەڵیکوتایە سەر شاری دێرەزۆر و ئینگلیزەکانی لێ کردە دەرەوە.

شێخ زاری سەرەک عەشیرەتی زوبەع

نیشتمانپەروەرەکانی عێراق دوای ئەمە و دانرانی مەولوود موخلیس (مولود مخلص پاشا)[1] بە حاکمی عەسکەری دێرەزۆر، کاتیان بە هەل زانی و هەرێمی دێریان کرد بە ناوچەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕەکان و نیشتمانییەکان بەرامبەر بە ئینگلیز. دوای ئەمە لە هەرێمی جەزیرە و دێرەزۆر لە چەن جێگەیەکا عەرەب و ئینگلیز بە گژ یەکا چوون و لە هەر دوولاوە گەلێ کەس کوژرا.[2]

---

١. مەولوود موخلیس تکریتی (١٨٨٥ - ١٩٥١)، ئەفسەرێکی عێراقی بوو لە شۆڕشی عەرەبیدا بەشداری کرد و کرا بە حاکمی سەربازی دێرەزۆر. دوای دامەزراندنی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە عێراق و ساڵی ١٩٢٣ بۆ ماوەیەک بوو بە موتەسەریفی کەربەلا؛ پاشان لە ساڵی ١٩٢٥ کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی پیاوماقووڵانی عێراق؛ دواتر لە ساڵی١٩٣٧ بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێدرا و ساڵی ١٩٤١ بوو بە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە. ساڵی ١٩٤٤ گەڕایەوە ئەنجومەنی پیاوماقووڵان و تا مردنی لەو پۆستەدا مایەوە. م.س.

٢. هەندێ زابت و سەرەک عەشیرەتی عەرەب لەسەر ڕێی «شەرقات ـ مووسڵ»دا ئاژاوەیان نایەوە و لە ٢٤ی مایسی ١٩٢٠دا فەهدی کوڕی بێتیخ (بطیخ) ناو بەهێزێکەوە هەڵیکوتایە سەر عەین دبس و قەتاری سووتاند. لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠دا محەممەد عەلی حاجی حسێن زابتی ژەندەرمە لە تەلەعفەر کەپتەن ستیوارتی قائیدی ژەندەرمەی کوشت و دوای ئەمە لەلایەن ئەو هێزەوە کە لەگەڵ جەمیل مەدفەعی هاتە تەلەعفەرەوە کەپتەن بارلۆ حاکمی تەلەعفەر و گەلێ کەسی تریش کوژرا؛ هەروەکوو چەن سەیارەیەکی عەسکەری کەوتە دەس شۆڕشگێڕەکان و هەر عەسکەرێکی ئینگلیزی و هیندی تیابوو لەگەڵ سێ زابت گەورەی ئینگلیز کوژران و لەناوچوون. لە تەمووزی ١٩٢٠یشا لە نزیک گەیارە لە شوێنێکا کە پێی ئەڵێن جەرناف و لە ژێر سەرەکی جەمیل محەممەد خەلیل ئەفەندی ناوا، کە یەکێک

جگـە لەمە لـە هەرێمی دلێم و لە دوای کوشـتنی لەچمەن حاکمی سیاسـی لە سـاڵی ١٩٢٠دا شـێخ زاری (ضاری) سەرەک عەشـایری بەناوبانگی زوبەع شۆڕشـێکی گەورەی نایەوە و ئەم شۆڕشـە کە نزیکەی یەک مانگ و نیو نەکوژابووەوە لەسـەر ئینگلیزەکان زۆر بە گران وەستا. ئەم کارەساتەی دلێم بێ‌گومان ئەنجامێکی ئەو شۆڕشە گرنگە بوو کە لە «فوراتی ناوەڕاسـت»دا لە «ڕومیسـە = ڕمیثە» و لە مێژووی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠، زۆر بەگەرمی دەسـی‌پێکردبوو و لە هەموو فوراتی ناوەڕاسـتا پەرەی سـەندبوو تا گەیشتبووە هەرێمی ئیدارەی لەچمەن لە دلێم...

لە ١٩٢٠دا شۆڕشی گەورەی عەرەبەکانی عێراق
موجتەهیدەکانی شیعە و کۆمەڵە سیاسییەکان

یەکەم کۆمەڵەی سیاسـی عەرەب لە عێراقا کۆمەڵەی پارێزگارانی سـەربەخۆیی‌یە.[1] ئەم حیزبـە لە دواهەمین ڕۆژەکانی شـوباتی ١٩١٩ لـە بەغدا بەدزییەوە دامـەزرا. هەندێ لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە لە پێشـەوە لەگەڵ لقی کۆمەڵەی عەهد[2] لە بەغدا ناسـیاوییان پـەیا کردبـوو و بۆ یەکگرتنەوە و پێکەوە تێکۆشـان لە ڕێـی وڵاتا ڕێکەوتبوون، بەڵام لە دوایـی‌یا ئەندامەکانی حەرەسـی ئیسـتقلال[3] بۆیان دەرکەوت کە لقـی کۆمەڵەی عەهد لەو باوەڕەدان کە دوای وەرگرتنی سـەربەخۆیی ئەبێ عێراق لە ژێر چاودێری بریتانیای گەورەدا بێ و یارمەتی لێ وەرگرێت. لەسەر ئەمە ناسازی کەوتە بەینیانەوە و تێکچوون.

بوو لەوانەی لە شەڕی تەلەعفەرا ناوی دەرکردبوو، جارێکی تریش چوون بە گژ ئینگلیزەکانا و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕێکی قورس کرا. ئینجا عەرەبەکان کشانەوە هەرێمی جەزیرە (الضحایا: مامۆستا مونعیم غولامی).

١. کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی: حزب الحرس الاستقلال.

٢. کۆمەڵەی عەهد، کۆمەڵەیەکی عەرەبی بوو لە ١٩١٣/١٠/١٣ لەسـەر دەسـتی بێکباشی عەزیز ئەلمیسری و کۆمەڵێک ئەفسـەری عەرەبەوە دامەزرا. داوای مافی زیاتریان بـۆ عەرەبەکان دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. م.س.

٣. حەرەسـی ئیسـتقلال لە کۆتایی‌یەکانی شـوباتی ١٩١٩ لە عێراق دامەزرا و دروشـمی سەربەخۆیی تەواوی عێراقی کرد بە بەرنامەی خۆی و ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە شۆڕشی ١٩٢٠ لە عێراق. م.س.

ئیستقلالییەکان خۆشیان هەرچەن لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە پێویستە لە دەوڵەتێکی گەورەی بێگانە یارمەتی وەرگرن، بەڵام لە بریتانیا قینیان ئەبووەوە و بیریان لە یارمەتی دەوڵەتێکی تر ئەکردەوە. لە کۆمەڵەی حەرەسی ئیستقلالدا لە کوردە ناودارەکانیش هەندێ ئەندام هەبوو. ئەم کۆمەڵە وە یا حیزبە بۆیە دانرابوو کە لە ژێر حوکمی یەکێک لە کوڕەکانی «مەلیک حسێن»دا بۆ سەربەخۆیی عێراق تێبکۆشێت.

ناوچەی کۆمەڵەی عەهد لەو کاتەدا لە سووریە بوو؛ کە بە ناکۆکی بەینی ئیستقلالییەکانی بەغدا و لقی عەهدیان زانی، لە سووریەوە دوو ئەندامیان نارده عێراق و ڕێکیان خستنەوە.[1] هاتنی ئەم دوو ئەندامە بۆ عێراق کەوتبووە ئەو ڕۆژانە کە شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان لە شەڕا بوو. بە گەڕانەوەی ئەندامەکان بۆ سووریە عەهد و ئیستقلال دووبارە تێکچوونەوە، بەڵام لە دوای پێنج مانگێک جارێکی تر تەقەلا درا و ڕێکخرانەوە. حەرەسی ئیستقلال هاتبووە کزی و سستی و بەم یەکگرتنەوەیە لەگەڵ حیزبی عەهد بووژایەوە. لەم ڕۆژانەدا مستەفا کەمال لە تورکیا لەگەڵ لەشکری یۆنان لە گەرمەی شەڕا بوو و لەشکری تورک بەرەو سەرکەوتن ئەڕۆیشت. لە عێراقا ئەهالی لە کردەوەکانی ئینگلیز بەتەواوی بێزار بوون و بۆ بزووتنەوە و نانەوەی شۆڕشێک لە هەل ئەگەڕان. گەلێک لە زانا و گەورەکانی شیعە و تەنانەت لە موجتەهیدەکانیش هاتنە کۆمەڵەوە. بەهۆی ئەمانەوە کۆمەڵە زۆر پەرەی سەند و گەلێ بەهێز بوو. لە شارەکانی کازمییە و نەجەف و کەربەلا و حیللە لقی بۆ کرایەوە و لە ماوەیەکی کەما هەموو شارەکانی جنووب و عەشایری ئەو ناوە هاتبوونە ژێر ئەمری کۆمەڵەوە. ئیتر بەبێ ترس و بەئاشکرا لە هەموو شوێنێک لە کۆڵان و بازاڕا، لە دیواخانەکان و مەجلیسەکانا بەبێ پەروا لە خراپەی ئینگلیز ئەدوان، خەڵقیان هان ئەدا و لێیان هەڵئەگێڕانەوە. جگە لەمەش کەوتبوونە وێزەی جاسووسەکان و موونافیقەکان؛ تانووتیان لێ ئەدان، هەڕەشەیان لێ ئەکردن، کردەوەکانیان ئەدانەوە بە چاوا. شەرمیان

---

۱. لقی کۆمەڵەی عەهد لە مووسڵ کە لە پێشەوە ناوی عەلەم بوو دوایی لەسەر ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ ئیستقلالییەکان و لابردنی باسی وەرگرتنی یارمەتی لە بریتانیا و چاودێری حکوومەتی سەربەخۆی عێراق لە بەرنامەکەی کۆمەڵە، ناوی گۆڕا بە عەهد.

لێنەئەکردن و ماوەیان نەئەدان کە ئەگەر ڕاستیش بێ باسی هێز و دەسەڵاتی ئینگلیز بکەن وە یا بە چاکە ناویان بەرن. بەکورتی ئەوانەی بە لاگیری ئینگلیزیان دائەنان ناوچەی کۆمەڵایەتییان[1] چی ئەبوو بێ سووکوسەلیمیان کردبوون و ماوەیان نەئەدان کە فزەیان لێوە بێ. بە ئەنجام نوێنەرەکانی کۆمەڵەی حەرەسی ئیستقلال و عەهد لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٠ لە ماڵی حەمدیپاشای بابان[2] کۆبوونەوە و بۆ نانەوەی شۆڕشێکی گەورە کەوتنە باسەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە ناودارەکانی شیعە لە بەغدا وەکوو سەید محەممەدی سەدر و جەعفەر ئەبووتتمەن[3] گەلێکیش لە نوێنەرە نێراوەکانی شارەکان و بەتایبەتی هی نەجەف هەبوو. لەناو خۆیانا بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە نوێنەرەکانی دەرەوەی بەغدا ناوچەی دینی و سیاسییان



جەعفەر ئەبووتتمەن

١. ناوچەی کۆمەڵایەتی: مرکز اجتماعی.

٢. حەمدیپاشا یەکێک بوو لە ناودارەکانی کوردی بەبە. لە زەمانی عوسمانییا موفەتیشی عەدلییە بوو، کە لە عێراق بۆ جاری یەکەم حکوومەتی نیشتمانی دامەزرا داوای لێکرا ببێ بە وەزیری عەدلییە، بەڵام نەیکرد و تا مرد نەچووە ژێر ئەرکی خزمەتی حکوومەتی عێراقەوە. حەمدیبەگی بابان خزمی حەمدیپاشایە و بەینێک لە بەغدا لە گەڕەکی حەیدەرخانە لە ماڵی حەمدیپاشا پێکەوە دائەنیشتن.

٣. جەعفەر ئەبووتتمەن (١٨٨١ -١٩٤٥)، محەممەد جەعفەر چەلەبی کوڕی حاجی داود ئەبووتتمەن، سیاسەتمەدارێکی عێراق بوو لە خێزانێکی بەغدادی لەدایکبوو؛ سەرۆکی حەرەسی ئیستقلال بوو؛ لەدژی بریتانیا خەباتی دەکرد و بەشداری شۆڕشی بیستی کرد و بۆ ئێران هەڵهات و دوای دەستبەکاربوونی مەلیک فەیسەڵ گەڕایەوە بۆ عێراق. ساڵی ١٩٢٢ بوو بە سەرۆکی حیزبی نیشتمانی عێراق و دوایی بوو بە وەزیری بازرگانی، ئینگلیزەکان دەربەدەریان کرد و ساڵی ١٩٣٠ گەڕایەوە. هاوکاری بەکر سیدقی کرد و کرا بە وەزیری دارایی. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ کۆچیدوایی کرد. م.س.

بخەنــە کارەوە بۆ وریاکردنەوەی عەشـیرەتەکانی جنووب و ڕاسـتکردنەوەیان بەرامبەر ئینگلیز تێبکۆشن. هینەکانی بەغداش وریا کردنەوەی شارستانییەکان و ئەهالییان گرتە خۆیان و بۆ ئەم مەبەسـە لە مزگەوتەکانی بەغدا بەناوی خوێندنەوەی مەولوود خەڵق کۆئەبوونەوە و کۆئەکرانەوە. ئەمانە بە وتاری نیشتمانی و ویژەی میللی و سیاسی ئەهێنرانە جـۆش و وریا ئەکرانـەوە؛ لە حوکمـی ئینگلیزا ژیانی دیلییان ئەخرایـە بەرچاو؛ لە ڕێی ڕزگاری و سەربەخۆیی عێراقا و بۆ ئازادی میللەتی عێراق داوای ڕاستبوونەوە و ڕژاندنی خوێنیان لێئەکرا.

کۆبوونـەوەی گـەورە و یەکەم لە دوارۆژەکانـی مانگی حوزەیرانـی ۱۹۲۰ی ڕێکەوتی شـەوی شەشـەمی مانگی ڕەمەزانـی ۱۳۳۸ی هیجری لە مزگەوتـی حەیدەرخانەدا کرا. عیسا عەبدولقادری[1] کاتبی ئەوقاف[2] لەم کۆبوونەوە مێژووییینەدا قەسیدەیەکی نیشتمانی ئێجـگار بەتینـی خوێندەوە. بـەم قەسـیدەیە نوێژکەرەکانی مزگـەوت و ئەوانەی لەوێ کـۆ بووبوونـەوە هاتنە خرۆش. دەنگی بـژی بژی و ئاوازی بڕووخێ ئیسـتعمار لە هەموو دەمێک بەرز بووەوە. ئەوانەی لە مزگەوتەکە بوون گیانی نیشـتمانییان کەوتە بزووتنەوە. هەریەکە بوون بە عیسـایەک. لە دەرەوە، لەناو ماڵومناڵیانا دەسـیان کرد بە قسەوباسی نیشتمان، لەناو خەڵقی گەڕەکا، لە چایخانەکانا، لە جێگەی کار و ژووری دائیرەدا کەوتنە دوان لە ئینگلیز، لە جەور و لە خراپەی ئینگلیز. هەر چیت ئەبینی ئەیوت: بژی ئازادی! بژی سەربەخۆیی! پایەداربێ یەکییەتی! بڕووخێ ئینگلیز! بڕووخێ ئیستعمار!

---

۱. عیسـا عەبدولقادر (۱۸۸۹ – ۱۹۳۷)، لە بەغدا لەدایکبووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیسـتقلال؛ نەیارێکی سەرسـەختی داگیرکەری ئینگلیز بووە و بەهۆی هەڵوێسـت و شـیعر و گوتارەکانییەوە چەندینجار ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان بووە و بەناچاری بۆ سـووریا هەڵهاتـووە، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق بووە بە کاتبی وەزارەتی ئەوقاف و دواتر لە سـاڵی ۱۹٤۰ بووە بە بەڕێوەبەری ئەوقاف و و دواتر بووە بە پشـکێنەری وەزارەتی ئەوقاف تاوەکوو کۆچیدوایی لەو پۆستەدا ماوەتەوە. م.س.

۲. عیسـا عەبدولقادر لەو ڕۆژەدا لە ئەوقافی بەغدا کاتبێکی بچووک بوو. ئیمڕۆ هەر لە ئەوقافی گشتی بەغدا موفەتیشی عامە. ویستم کە وێنەکەی لەم یادداشتەدا بێ. چەن کەسێک لە هاوڕێکانم داوایان لێکرد. دوایی خۆشـم چوومە لای و هەوڵم دا کە وێنەیەکی خۆیم بداتێ. سـوێندی خوارد کە وێنەی نییە و تێیگەیاندم کە «مامۆسـتا مەهدی ئەلبەسـیر»یش کتێبی «القضیه العراقیه»ی نووسـیوەتەوە، داوای وێنەی لێکردووە، بەڵام وێنەی بۆ نەگرتووە و نایەوێت وێنەی بخرێتە کتێبەوە.

عیسا عەبدولقادر کاتبی بچووکی ئەوقاف ئاگرێکی گەورەی نابووەوە. ئەو لە وەزیفەکەی دەرکرا، گرتیان و ناردیانە بەسرە، بەڵام لە جێی ئەو هەزاران عیسا هاتنە مەیدان. عیسا عەبدولقادر لە ئەوقاف دەرکرا و خرایە بەندیخانەوە، بەڵام لە هەموو عێراقا ناسرا و ناوی پەیا کرد، بوو بە یەکێک لە نیشتمانپەروەرەکان. عیسا کاتبێکی بچووک بوو، بەڵام لە سەعاتێکا بوو بە نیشتمانپەروەرێکی گەورە، خۆی بەدیل‌گیرا و نێررایە بەسرە، بەڵام بەمە دیلی قەومەکەی خستە بەرچاو و ڕێی غەزای بۆ ڕوون کردنەوە. بە وێژەیەکی نیشتمانی[1] کردنەوەی دەرگای ئازادی بە دیلەکان پیشان دا.

ئەم قەسیدە نیشتمانییە بەرزە «عیسا عەبدولقادری گەیاندە پایەیەکی نیشتمانی بەرز و بەرێزی عەرەب. ئەو ئاوەی کە عیسا لە حەوشی مزگەوتەکەی حەیدەرخانەدا ڕشتی ئەوانی تر پێیان لێ خشاند و نیشتمانپەروەری بوو بە پیشەی گەلێک لە لاوەکانی تر...

حکوومەتی ئیحتیلال، واتە حکوومەتی ئینگلیز لە عێراق تا بەینێک لەم کردەوانە

---

١. وێژە نیشتمانییەکەی عیسا عەبدولقادر:

ألا هبُّوا رفاقی و استفیقوا ... و کونوا کلّکم متعاضدینا
فذا یوم التعاضد و التآخی ... و یوم تکاتف المتفرقینا
فإنا إن سکتنا الیوم قومی ... و لم ننهض ندم مستعبدینا
فما هذا و ما فی‌الدین ماقد ... یؤدی للبقاء مشتتینا
فما الزیدی خالف أهل نجد ... و لا الشیعیّ للسنّی دینا
فکل قائل و یقول ما من ... إله غیر رب العالمینا
و کلّ یعرف المختار طه ... رسولاً للخلائق أجمعینا
و کلهم یولی البیت وجها ... و یتلو الکلّ قرآناً مبینا
بنی النهرین لا تجدی القوافی ... و لم تنفع فهبوا مسرعینا!
فإما أن یموت الکلّ منا ... و إما أن نعیش محرّرینا
«و موت العزّ خیر من حیاة» ... لنا فیها نعیش محقّرینا
و هل یا خیر خلق الله أصلاً! ... یلیق بقائنا مستضعفینا؟
فنحن العرب أهل للمعالی ... و سنة ربنا من قبل فینا
إذا بلغ الفطام لنا رضیع ... تخرُّ له الجبابر ساجدینا
و بعد أقول للجاسوس منا ... تجسس ما استطعت الحاضرینا
و بلّغ من ترید فقد بنینا ... لاستقلالنا الاسس المتینا!

ئەوەندە خۆی سڵ نەکرد و بەرامبەر بە خەڵقەکە بەتوندی نەجووڵایەوە، بەڵام دوایی کار گەیشتە ئەندازەیەک کە لە مەسەلەی کۆبوونەوەی مزگەوتان و خوێندنی وێژەی نیشتمانییا نەما. بەهۆی موجتەهیدەکانی شیعەوە عەشایریش ڕاست بوونەوە و ئیتر شۆڕشی بە چەک دەسیپێکردبوو، لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان کەوتنە خۆیان. ڕۆژێ لەناکاو بە هێزی پڕ چەکەوە دەوری ماڵەکانی هەندێ لە ئەندامە ناودارەکانی کۆمەڵەیان دا و چەن کەسێکیان لێ گرتن. ئەمانەیان بەبێ ڕاگرتن ڕەوانەی هەنجام کرد، بەڵام هەندێک لە ئەندامەکان خۆیان نەدا بەدەسەوە، چونکە گەلێک لەو لاوە نیشتمانپەروەرانە کە لە کۆمەڵەدا ئەندام بوون لەگەڵ خەڵقی گەڕەک چوون بە دەنگیانەوە و بە چەک بەرامبەر بە هێزەکانی حکوومەت وەستان. بەم جوورە دوای شەڕێکی قورسی ناوکۆڵان یووسف سویدی و سەید محەممەدی سەدر نەگیران و دەرباز بوون و خۆیان گەیاندە ناو شۆڕشگێڕەکانی هەرێمی فورات.

لەو ڕۆژەدا شاری بەغدا شێوابوو؛ بازاڕ و دووکان داخرا. من لە بەغدا بووم و بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ کەریمی حاجی ئەولای حەمە کەرکووکی[1] و فایقی تاپۆ و ڕەفیقی مەحامی برای فایق و چەن لاوێکی تری کوردا چووبووینە ماڵی مستەفابەگی کۆنە قایمەقام. ئەم کابرایە کورد بوو و زۆری تەمەنی خۆی لە بەسرە لەگەڵ «تالیب پاشا»ی[2] نەقیب ڕابواردبوو. یەکێک بوو لەو کوردانە کە ئەمانبیستەوە لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکانی عەرەب بۆ سەربەخۆیی عێراق تێئەکۆشێت. لەو ڕۆژەشا خەریکی ئەوە بوون کە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و عەرەب لە یەک نزیک بخەنەوە. من بەتەواوی لە نیازی هاوڕێکان ئاگادار نەبووم و لە مەبەسیان باش تێنەگەیشتبووم. لەگەڵ ئەمەشا متمانەم بە کەریم و فایق زۆر بوو و سڵم لێ نەئەکردنەوە. جگە لەمە ئەشمویست لە بەرنامەی

---

١. کەریمبەگ برا بچووکی حاجی مەلا سەعید و ئەحمەدئاغای کەرکووکیزادە بوو. لە حقووقی ئەستەمووڵ دەرچووبوو. لەو وەختەدا مەحامی ئەوکات بوو. دوایی بوو بە ڕەئیسی مەحکەمە. لە سلێمانی ئەمری خوای بەجێهێنا.

٢. تالیبپاشا نەقیب (١٨٧١-١٩٢٩)، بەهێزترین کەسایەتی بوو بۆ ئەوەی ببێ بە مەلیکی عێراق، بەڵام بە دڵی ئینگلیزەکان نەدەجووڵایەوە؛ یەکێکە لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی عێراق و دامەزرێنەری عێراقی نوێیە، بۆ ماوەیەک وەزیری ناوخۆی بووە. لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٩ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

کردەوەکان بگەم و ئەگەر بە باشی بزانم تێکەڵیان ببم. لەبەر ئەمە ملم دابوو و لەگەڵیان چووبــووم. ماڵی مســتەفابەگ لە تەپەی کــورد « تپة الكرد » بوو.[1] ئێمــە لەوێ ئاگامان لە هەراکەی ناوشــار نەبوو. لە دیواخانەکەی مســتەفابەگ لەگەڵ لاوە عەرەبەکانی بۆ ئەم مەبەســە کۆبووبوونــەوە چاوەڕوانی مستەفابەگمان ئەکرد. هێشــتا لە دائیــرەی حەرەم نەهاتبــووە دەرەوە. چــەن جارێــک لــە پیاوەکانیمان پرســی. هەر ئەیانــوت هاکا هات، بــەڵام مســتەفابەگ هەر پــەیا نەبوو. دوای بەینێکــی زۆر من ئارامم لــێ هەڵگیرابوو کە هاوڕێکان هەســتانە ســەر پێ. وامزانی مستەفابەگ هات، کەچی هەموو ڕوویان کردە کــۆڵان. منیــش لەگەڵیان چوومە دەرەوە. خەریک بووم لە سپاســی ئــەم میواندارییەدا هەندێ شــەکر بشکێنم و چەن کلۆیەک بنێرم بۆ مستەفابەگ، بەڵام تەقەی تفەنگ و دەمانچەیەکــی لە دوور هاتــە گوێم. هاوڕێکانیش وتیان هەرایە لەناو شــار. دەس کرا بە گرتنی نیشــتمانپەروەرەکان. تومەز مســتەفابەگ ئەمەی بیســتبوو و ئێمەی خڵافاندبوو، چونکە لە خۆی بەشک بوو و ڕایکردبوو...

کە گەیشتینە شەقامە گەورەکەی خەلیل‌پاشا[2] هەر خەڵق بوو ڕایئەکرد. بەشی زوربەی دووکان و بازاڕ داخرابوو، ئەوانەش کە مابوو یەک‌ودوو و پەلەپەلە دایانئەخست. گرمەی تەق‌وهــۆڕ لەوبەری دیجلە و لەلای کەرخەوە ئەهــات. پردەکەیان لابردبوو[3] و هات‌وچۆ بڕابــوو. دوای ئــەوە کە تەقە نەما و پردەکەیان بەســتەوە و هات‌وچۆ دەســـی‌پێکردەوە بە گیراوەکانمان زانی. شــێخ ئەحمەدی شــێخ داود[4] کە دوایی کرا بە وەزیری ئەوقاف لەناو

---

١. تپــة الكرد (تەپەی کورد)، گەڕەکێکە لە بەغدا، دەکەوێتە نێوان گەڕەکی مەیدان و فەزڵ و بارودیە؛ لە کۆندا زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون و بۆیە بەو ناوە ناونراوە، تا ئێستاش هەمان ناوی هەیە. م.س.

٢. ئەم شــەقامە کە ئێستە پێی ئەڵێن شــارعی ڕەشید لە زەمانی حکوومەتی عوســمانی لەلایەن خەلیل‌پاشای قائیدی لەشکری شەشەمی تورک و والی عێراقەوە کرابووەوە و پێیان ئەوت جادەی خەلیل‌پاشا.

٣. پردەکەی ئەوسا لە دار و تەختە بوو و ئەبەسترا بە دوو یەکانەوە، کە وەکوو کۆڵەکە ڕایانئەگرت.

٤. شیخ ئەحمەد ئەفەندی (١٨٧١ -١٩٤٨): کوڕی شیخ داود ئەفەندی ڕاوی نەقشبەندی، لە بەغدا لەدایک‌بووە. ساڵی ١٩١٩ ئەندامی کۆمەڵەی ئیستقلال بوو. لە شۆڕشی ١٩٢٠دا ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە. ساڵی ١٩٢٢ ئەندامی ئەنجومەنی شــاری بەغدا بووە، ســاڵی١٩٢٢ لەگەڵ جەعفەر ئەبووتمەن حیزبی نیشتمانی عێراقیان پێکهێنا، ســاڵی ١٩٢٤ ئەندامــی ئەنجومەنــی دامەزراندنی عێراق بــووە و چەندین‌جار بووەتــە ئەندامی ئەنجومەنی

ئەم گیراوانەدا بوو و ناردیانە هیندستان، بەڵام جگە لە سویدی و سەدر کە بەئاشکرا و بە شەڕ دەرباز بوون و چوونە هەرێمی فورات گەلێکی تریش لە ئەندامەکان خۆیان شاردەوە و نەکەوتنە دەس حکوومەت، لەبەر ئەمە شۆڕش تا هات زیاتر کڵپەی ئەسەند و هەموو هەرێمی فوراتی گرتەوە. کوردەکان ئەمجارەش هەستانە سەر پێ.

برایم‌خانی دەلۆ لە هەرێمی کفریدا شۆڕشێکی نایەوە و شاری کفری گرت. سالومین حاکمی سیاسی کفری لەم هەرایەدا کوژرا و لەناو چوو و وڵاخەکانی من و ئەحمەدئاغای کەرکووکی و ئەحمەدی سەعەی فەتاح کە لە کفری لە ماڵی عەباس کاروانچی تاقەمان کردبوو بەر تاڵان کەوت. شاری بەغدا وەکوو مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکوڵا. ڕۆژ نەبوو خەڵقێکی، زۆر نەگرن وە یا وەجبەیەک عەرەبی ڕووت‌وقووت لە دەوروپشتەوە بەناوی دیل نەهێننە بەغدا بۆ چاوترساندن بە ناو بازاڕا نەیانبەنە بەندیخانە. زۆری ئەم دیلانە وەکوو ئەمانبیست لە شەڕا نەئەگیران و لە شۆڕشگێڕەکان نەبوون؛ لەملاوئەولا هەریەکە لەبەر مەرامێک بیانوویان پێئەگیرا و کۆ ئەکرانەوە. شۆڕشگێڕەکان ئازانە و گیانفیدایانە شەڕیان ئەکرد، بەڵام حکوومەت وە یا ئینگلیز تۆڵەی ئەوانی لە دیلەکان ئەکردەوە و داخی دڵی خۆی بەوانە ئەڕشت کە لە ژێر دەسیانا بوون و لە شارەکانا ئەمانەوە، چونکە ئەیانزانی کە خەڵقەکە لە ژێرەوە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان یەکن و زۆری شارەکان بە یارمەتی ئەوان ئەکەوتە دەس شۆڕشگێڕەکان. ڕۆژنامەی ئیستقلال لەو دەورەدا یەکەمین ڕۆژنامەی نیشتمانی بوو لە بەغدا و زۆر ئازانە باسی شۆڕشەکە و کردەوەکانی نیشتمانپەروەرەکانی ئەنووسی؛ خەڵقی هان ئەدا و ئاگری شۆڕشی خۆش ئەکرد.

عەبدولغەفوور بەدری[1] خاوەنی ئیستقلال و قاسم عەلەوی نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە[2]

نوێنەرانی عێراق و ساڵی ۱۹۲۸ تاوەکوو ۱۹۲۹ وەزیری ئەوقافی عێراق بووە. م.س.

۱. عەبدولغەفوور بەدری (۱۸۹۰ - ۱۹۴۷)، یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەنووسی لە عێراق؛ پێشتر ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانی، دوای داگیرکردنی عێراق لە ۲۸ی ئەیلوولی ۱۹۲۰ ڕۆژنامەی ئیستقلالی دەرکرد و یەکێک بوو لەوانەی هانی شۆڕشی دژ بە ئینگلیزەکان دەدا؛ ڕەفیقی منداڵی و دۆستی نزیکی ڕەفیق حیلمی بووە. م.س.

۲. قاسم عەلەوی لە زەمانی عوسمانییا لە ئیعدادی عەسکەری یەکەمی پۆلی خۆی بوو. لەوێوە یەکتریمان ئەناسی، کە پۆلی ئەوان چوونە ئەستەموول پۆلی ئێمە بووین بە دواهەمین پۆلی ئیعدادی عەسکەری لە

لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی عەرەبی عێراق بوون. ئەوانیش بەهۆی ڕۆژنامەکەیانەوە ئەهالی و بەتایبەتی لاوەکانی بەغدایان هانیبووە جۆش. بەیانییان کە ئیستقلال دەرئەچوو و فرۆشیارەکانی بە دەنگێکی بەرز و ئاوازێکی تایبەتی بە کۆڵان و بازاڕا و بە ڕاکردن جاڕیان بۆ ئەدا، لەبەر لێشاوەی کڕیار و هێرشی لاوان سەریان لێ ئەشێوا و نەئەپەرژانە سەر بڵاوکردنەوەی و وەرگرتنی پارەکەی. کڕیارەکان خۆیان ئەیانفڕاند و پارەکەیان بۆ بەجێ ئەهێشتن. ئیستقلال هەر بە باسەکانی شۆڕشی عێراقەوە نەئەوەستا. تورکەکانی ئەنادۆڵیش کە بەرامبەر بە یۆنان وە یا بەرامبەر بە لەشکرە کرێگرتەکەی ئینگلیز شەڕیان ئەکرد لەگەڵ شوورەوییەکانی ئەو ڕۆژەی عێراقا بە شەڕیکی غەزا ئەژمێرران. ئەوە لە بیر چووبووەوە کە لە شەڕی گەورەی گێتییا شانبەشانی ئینگلیز لە حیجاز و سووریەدا چووبوون بە گژ تورکا.

ئیستقلالی عەرەب لەو ڕۆژەدا لە باسی غەزای تورک بە چەشنێکی وا ئەدوا کە تین بدا بە گیانی نیشتمانیی لاوەکانی عێراق و ئاگری شۆڕشەکەی پێخۆش کا. لەولای تریشەوە بە ڕاسپێری کۆمەڵە نهێنی و سیاسییەکان لاوە نیشتمانپەروەرەکان ئێوارانی ڕەمەزان (رمضان) لە مزگەوتی حەیدەرخانە کۆ ئەبوونەوە و لە کاتێکا کە عەشایر لە هەرێمەکانی فورات و دیالە و کفری بە چەکەوە هەڵیانئەکوتایە سەر شارەکان بۆ سەر لەشکرەکانی ئینگلیز ئەمان لەو مزگەوتەدا بە وتار و وێژەی نیشتمانی ئەهالییان ئەهێنایە جۆش و گریان تێبەرئەدان.

شێخ مەهدی بەسیر[1] بوێژی نیشتمانپەروەری ئەو دەورە و سەرەک خەتیبی ئاگرینی مینبەری کۆبوونەوەکانی مزگەوتەکەی حەیدەرخانە بوو.[2] لە ئەنجاما ئینگلیزەکان لە

بەغدا. قاسم لە ئەستەمووڵ لە حەربییە نەمایەوە چووە مەکتەبی هەندەسەی مولکییە، بەڵام دوایی هاتەوە عێراق و لە بەغدا حقووقی تەواوکرد و بوو بە مەحامی، ئەو کات تا ئێستە لە حکوومەتی عێراقا وەزیفەی نەبینیوە...

١. محەممەد مەهدی بەسیر (١٨٩٥ - ١٩٧٤)، شاعیرێکی نابینای عێراق بوو، ئەندامی کۆمەڵەی ئیستقلال و حیزبی نیشتمان بوو. لە شۆڕشی ١٩٢٠دا ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە ورووژاندنی هەستی نیشتمانپەروەری عێراقییەکان دژ بە ئینگلیز و نازناوی شاعیری شۆڕشی پێدرا. ساڵی ١٩٣٧ دوکتۆرای لە ئەدەبی فەرەنسی وەرگرت و وەک مامۆستای زانکۆی بەغدا وانەی وتەوە تاوەکوو کۆچیدوایی کرد. م.س.

٢. شێخ مەهدی بەسیر لە ساڵی «١٣١٣»ی هیجری لە حیللە لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٢٠ی میلادی هاتووەتە

تەوانایانا نەما و خۆیان پێنەگیرا.

لە شوباتی ١٩٢١دا بڕیاریان دا بە داخستنی ئیستقلال و عەبدولغەفوور بەدری و قاسم عەلەوی سەر نووسەری ڕۆژنامەکەیان خستە بەندیخانەوە و بەم چەشنە دەنگە دلێرە تاقانە و نیشتمانپەروەرەکەی شۆڕشی گەورەی ١٩٢٠ کپ کرا و خنکا...!

قاسم عەلەوی

من لەو ڕۆژانەدا هێشتا لە بەغدا بووم. هەندێ ئێواران ئەچوومە حەیدەرخانە و لە کۆبوونەوەکانا ئەبووم. هەموو ئێوارەیەک ژن و پیاو و گەورە و بچووک هەزاران کەس ئەڕژانە حەوشەکەی مزگەوتەوە. مەهدی بەسیر بە مێزەر و جوببەوە و دەس لە دەسی تەها بەدرییا[1] ئەهاتە سەر مینبەرێک کە لە ناوەڕاستی حەوشەکە بۆ ئەم مەبەسە دائەنرا و دەستی ئەکرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی، بەڵام چۆن شیعرێک؟! هەمووی ئاگر! بەیتی وای ئەبوو کە سێ و چوار کەڕەت پێیان ئەگێڕایەوە.

خوێندنەوەکەی مەهدی بەسیر[2] چەشنە تەمسیلێکیشی تیابوو. مەسەلەن کە

بەغدا و لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکانا تێکەڵ بە سیاسەت بووە و بۆ سەربەخۆیی عێراق تێکۆشاوە. هەر لەو ساڵەدا لە کاتی شۆڕشە گەورەکەی عێراق مێزەری ئەبەست بە سەرەوە و جوببەی لە بەر ئەکرد و بەم بەرگەوە ئەچووە سەر مینبەرەکەی ناوەڕاستی حەوشی مزگەوت و بە شیعرە نیشتمانییەکانی بەرز و بەکوڵی کڵپەی لە ئاگری شۆڕشەکە هەڵئەسان. لەبەر ئەوە کە نابینایە بە دەستووری عەرەب بۆ ڕێزداری (حورمەت) پێی ئەڵێن بەسیر، واتە چاوساغ و بینا. پیاوێکی کورتەباڵای تۆزێ تێکسمڕاو و دەموچاو ئاوڵاوییە. لە کاتی شۆڕشەکەدا ئینگلیزەکان لە بەغدا گرتیان و دوای ئەوەش ناردیانە هەنجام، بەڵام کە حکوومەتی نیشتمانیی عێراق دامەزرا نێرایە فەڕەنسە و لە پاریس لە ئادابا دوکتۆرای وەرگرت. ئێستە لە «دارالمعلمين عاليه» لە بەغدا ئوستادی ئەدەبی عەرەبییە، فەڕەنسزی باش ئەزانێ و بوێژێکی بەرزە لە زمانی عەرەبییا...

١. تەها بەدری (طه بدری) برای خوالێخۆشبوو عەبدولغەفوور بەدری خاوەنی ڕۆژنامەی ئیستقلالە. سەردەمێک موحاسبی وەزارەتی مەعاریف بوو. دوکتۆرە لەمیعە بەدری کچی تەها بەدرییە.

٢. محەممەد مەهدی بەسیر (١٨٩٥ - ١٩٧٤)، شاعیرێکی نابینای عێراق بوو، ئەندامی کۆمەڵەی ئیستقلال و

ئەینەڕاند و ئەیوت:

«و متی بحبّک للمشـــانق أرتقی؟ کی ترتقی بعدی عـــروس علاکا!»

سەری هەڵئەبڕی. دەسی بۆ ملی خۆی ئەبرد و پەلەکانی بۆ ئاسمان درێژ ئەکرد؛ لە تۆ وابوو کە سێدارەکەی بۆ هەڵخراوە و ملـی پیا ئەکا... تاوتاوە و هەندێ جاریش لـە دوای هەمـوو بەیتێکـەوە و بەپێـی جێگـە و مـانای شـیعرەکان دەنگی بڕی بـڕی وە یا گرمـەی برمـێ برووخـی! وە شەقەی چەپڵەی دوورودرێژ و بەتینی هــەزاران ژن و پیـاو و لاو و منالّ گوێی ئینسـانی کـەڕ ئەکرد. من لە عاسـت ئەم تابلۆی حەماسەت و نیشتمانپەروەرییەدا



شێخ مەهدی بەسیر

ئەهاتمە کوڵ و یادی بەسەرهاتی قەومی کوردم ئەکردەوە. لە وڵاتی دووری بێگانەدا دیلی شـێخ مەحموودی حوکمداری کوردسـتانم بیـر ئەکەوتەوە و مووچڕکم بە لەشـا ئەهات. جاری واش ئەبوو کە وەکوو خوالێخۆشبوو تایەربەگی وەسمانپاشای جاف[1] ئەڵێت:

«ناچــارە ئەگــەر وەربگــەڕێ پــردی تەحەممول

ســیروانی سروشــکم کــە ئەکا هــاژە لە ســەردا»

تەوانام لێ‌ئەبڕا و بێ‌ئەوە دەسەڵاتم هەبێ فرمێسکی گەرم بە چاوەکانما ئەهاتە خوارەوە.

حیزبـی نیشـتمان بوو. لە شۆڕشـی ١٩٢٠دا ڕۆڵی گـەورەی گێڕا لە وروژاندنی هەسـتی نیشـتمانپەروەری عێراقییەکان دژ بە ئینگلیز و نازناوی شـاعیری شۆڕشـی پێدرا. سـاڵی ١٩٣٧ دوکتۆرای لە ئەدەبی فەرەنسـی وەرگرت و وەک مامۆستای زانکۆی بەغدا وانەی وتەوە تاوەکوو کۆچی‌دوایی کرد. م.س.

١. تایەربەگ برا گەورەی ئەحمەد موختاربەگ بوو کە لەناو شـاعیرەکانی کورد و لە بەرگی یەکەمی شـیعر و ئەدەبیاتی کوردیا باسـمان کـردووە. تایەربەگیش بوێژێکی تەڕ و بەسـۆزی کورد بوو. زمانی فەڕەنسزیشـی ئەزانی، کە میجەر سـۆن بە بەرگی خەفییەوە هاتبووە ماڵی وەسمانپاشـا تایەربەگی ناسـیبوو و لە کتێبەکەیا باسی زرنگی و زیرەکیی کردووە.

تاهیربەگ

هەموو کەسێ لە ماوەی ژیانا زۆر جار گریاوە، بەڵام گریان تا گریان فەرقی هەیە و بەپێی کارەسات ئەگۆڕێ. من لە ژیانما سێ جار و لە سێ شوێنا زۆر بەدڵ گریاوم و فرمێسکی بەڕاستی گەرم و بەکوڵم ڕژاندوە... لە ئەستەمووڵ پێش ئەوە کە حکوومەتی عوسمانی بچێتە شەڕی گێتییەوە لە بەردەمی «ئابدە»کەی[1] مەیدانی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد بەهۆی لابردنی قانوونی جیاوازی بێگانەکانەوە (ئیمتیازاتی ئەجنەبیە = Capitielations[2])... ڕۆژی ۲۸ی ئاغستۆسی ۱۳۳۰ ڕۆمی مەتینغێکی[3] گەورە ڕێکخرا. لەو ڕۆژەدا لەگەڵ عەبدوڵڵا حیلمی یووزباشی کوڕی عەزیزی لاوەی خزمم چووبووینە ئەو مەیدانە. لاوێکی نیشتمانپەروەری تورک وتارێکی ئێجگار بەرز و بەتینی خوێندەوە و زۆری خەڵقەکەی هانییە گریان. من لەناو ئەوانەدا بووم و قوڵپەی گریانم لە کانگای دڵمەوە سەر ئەکەوت...

جاری دووەم لە ۱۹۲۰ لە مزگەوتی حەیدەرخانە لە بەغدا لە تەنیشت مینبەرەکەی مەهدی بەسیرەوە ئاگام لە هەستی خۆم بڕابوو بە خەیاڵ سەرکەوتبوومە ئاسۆیەکی بێسنووری ڕۆحانی. فرمێسکێکی گەرم و بەکوڵ بەرچاوەکانی لێڵ کردبووم ئینجا تک‌تک بەسەرسنگ و بەرۆکما ئەڕژایە خوارەوە، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەشر بوو. پیاوم ئەویست کە لەو ساتانەدا مێژووی تیا دروست ئەکرا لە عاست شیعرە بەرزەکانی ئاگرین و نیشتمانی ئەم بلیمەتە کوێرەدا تەوانای لێنەبڕێ، پردی تەحەمولی بەرگەی

---

١. ئابدە: مەسەللە، قوللە.

٢. تورکەکان بە ئیمتیازاتی ئەجنەبیەیان ئەوت: Capitulations.

٣. بە ئیجتیماع وە یا کۆبوونەوەیان ئەوت «مەتینغ»، کە لە «Meeting»ی ئینگلیزی وەرگیراوە.

هورووژم و هاژەی سیروانی فرمێسکی بگرێ و وەرنەگەڕێ...[١]

مەیدانی سوڵتان ئەحمەد لە ئەستەمبۆڵ

لە ساڵی ١٩٢٢دا کە شێخ مەحموودی حوکمداری کورد لە هیندستان گەڕایەوە سلێمانی ئەو ڕۆژەش گریانەکەی من گریانێکی هەرە ڕاستەقینەی خۆشی و شادی بوو...

لە کاتێکا کە لە حەوشی مزگەوتەکەی حەیدەرخانەدا ئەم حەشروحەلەلا و ڕۆمەڵ غەزایە بوو، عەسکەر و پۆلیسی ئینگلیز لە شەقامەکەی بەردەمی مزگەوتەکەدا[٢] بە چەکەوە ئەهاتن و ئەچوون و ئامادە بوون کە ئەگەر بزیسکە ئاگرێکیان بەرچاو کەوت بە هەڵمەتی یەکەم بیکوژێننەوە، بەڵام خەڵق نەک لەمانە بترسن و خۆیان لە شەڕ بپارێزن، بەڵکوو خۆنواندنی پۆلیس و نهێنییەکان کە زۆریان ناسرابوون ئەبوو بەهۆی هەڵچوون و گڕگرتنی خەڵقی ناو مزگەوتەکە و هاتوچووکەرەکان.

---

١. هەندێ بەیت لە قەسیدەی «لبیک أیها الوطن»ی مامۆستا «محمد مهدی البصیر»:

هب لی بربک میتة تختارها	یا موطنی أولست من أبناکا
کم أورثتک ید السیاسة علّة	فاشرب دمی و أظن فیه شفاکا
و احمل وساماً فوق صدرک من دمی	ما کان أحلاه إذا حلاّکا
و لئن مزجت دمی بدمعک سائلا	فلقد وفیت و ما عدمت وفاکا
قد کان حجرک ما حییت یضمنی	فاذا قتلت فقد سکنت حشاکا

٢. شەقامی ڕەشید یا شەقامی کۆنی خەلیلپاشا.

٥٠

حەمدیبەگی بابان[1]

لە کاتێکا لە کوردستان و لە عێراقا هەواڵ بەم جۆرە بوو و خەڵق بە چەشنی مەنجەڵی سەر ئاگر قوڵپیان ئەدا ئینگلیزەکان بە بیری ئەوە کە بیکەن بە جێنشینی شێخ مەحموود، خۆیان لە حەمدیبەگی بابان نزیک خستەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە تاقیکردنەوەی شێخ مەحموود ئەنجامێکی وایان دەس نەکەوتبوو کە لە حکوومەتێکی نیشتمانی ڕووکەشی کوردی بە هیوای کەڵکێک بن و تا ئەو ڕۆژە لەو باوەڕەدا بوون کە دوورخرانەوەی شێخ مەحموود لە کوردستان و ئیدارەی قەرەقووشیی چەن حاکمێکی وەکوو میجەر سۆن لەوانەیە سەر بە کوردەکان بنەوێنێ، دەمکوتیان بکا و لە پەلوپۆیان بخا دیسانەوە کە بۆیان دەرکەوت لە باوەڕەکەیانا بە هەڵە چوون و مەسەلەی کورد بە دوورخستنەوەی شێخ مەحموود لە وڵات نەبڕاوەتەوە و لەوانە نییە کە ببڕێتەوە و بەتایبەتی کە چاویان بە ئەنجامی ئیدارەی سۆن کەوت و ئاگری شۆڕش هەموو لایەکی کوردستانی گرتەوە؛ سەرەڕای ئەمانەش کە شۆڕشی کەمالییەکان لە تورکیا و شۆڕشی گەورەی عەرەب لە عێراقا پەرەی سەند و سیاسەتی ئینگلیز ڕووی کردە نابووتی، بەناچاری وازیان لە سەرپێچی هێنا و جارێکی تریش کەوتنەوە سەر بیری دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کورد. بەڵام بەتەما نەبوون کە دووبارە شێخ مەحموود تاقی بکەنەوە. سەید تەهاش لە یەکدوو لا کە دەسیان بۆ بردبوو بەئاسانی نەهاتبوو بە دەنگیانەوە، چەن مەرجێکی پێش ڕێکەوتن خستبوو، واتە بۆ کورد داوای هەندێ حقووقی کردبوو، لەبەر ئەوە بۆ یەکێک ئەگەڕان کە لە

١. حەمدیبەگی بابان (١٨٧٠- ١٩٦٠)، کوڕی محەممەد ڕەشیدپاشا، ناسراو بە خدێوی کوڕی سلێمانپاشای کوڕی خالیدپاشای بابانە. لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەمدا دژی دەسەڵاتەکەی وەستاوەتەوە، زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٠٨ ئازاد کراوە. دوای هاتنی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٨ کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شاری بەغداد، لە پاش نەفیکردنی شێخ مەحموود بۆ هیندستان ١٩٢٠ ئینگلیزەکان حەمدی بابان ڕادەسپێرن جێگەی شێخ مەحموود بگرێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک بێزار دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد. یەکەم کەسیش بووە ئۆتۆمۆبیلی هێناوەتە شاری بەغدا لە ١٩٠٨. مەلیک فەیسەڵ هەموو زەویوزارەکەی کە دەکەوێتە ناوچەی سەوزی ئێستاوە داگیر دەکات و بە هەژاری لە لەندەن دەمرێ. م.س.

قەومەکـەی زیاتر بە تەنـگ خۆیەوە بێ. لەوانە ئەگەڕان کە بە یارمەتی بێگانە دووی دەس خستنەوەی حەقێکی مێژوویین کەوتبێ. چاوی لە زندوو کردنـەوەی کیانێکی خانەوادەیی بێ. بۆ ئەمەش ئەو ڕۆژە کەسێکی لە حەمدی بەگی بابان باشتریان نەهاتـە بەرچاو و بـەلای ئەوانـەوە نێچیرێکـی وەکـوو حەمدی بـەگ بەدەگمـەن هەڵئەکـەوت. هەرێمـی سلێمانی بەهۆی کـردەوەی سۆنەوە بەرەو شـۆڕش ئەچوو. ئۆزدەمیر لە ڕەواندز ئیدارەی ئینگلیزی شـڵەژاندبوو. لە بەغداش و لە هەرێمی فورات هەواڵ بەو جوورە بوو کە باسـمان کرد. لەبەر ئەمـە حەمدی بەگ بووبوو بە جێگەی هیوای ئینگلیزەکان و ناوی کەوتبووە سەر زمان، چونکە لە خانەوادەی بابان جەلال و جەمال و ئەحمەد موختار لەو دەورەدا ئەوەندە دەرنەکەوتبوون و لە ڕیزی حەمدی بەگدا نەبوون. حەمدی پاشـا کە بە تەمەن لە حەمدی بـەگ گەورەتر بوو هەروەکوو دڵی بە دونیـاوە نەمابـوو زۆریش خۆی لە کـورد نزیـک نەئەخستەوە، تەنانەت پشـتیوانیی سیاسـییەکانی عەرەبی ئەکرد و لەگەڵ شـووڕەوییە نیشـتمانییەکانی ئەوانا بووبوو بە یەک. لەبەر ئەمە بەتایبەتی لە خانەوادەی بەبە (بابان) تەنیا حەمدی بەگ بەدەسەوە هەبوو. من لەو دەورەدا لە بەغدا بووم. حەمدی بەگم نەدیبوو و نەمئەناسـی، بەڵام ناوم بیسـتبوو و لەوە ئاگادار بووم کە خۆی لە کـوردەکان نزیـک ئەخاتـەوە، بەتایبەتی لەوانـەوە کـە لـە سیاسـەتی کوردایەتییـا کەم وزۆر دەسـیان هەبـوو. تۆفیق وەهبی، عیـزەت تۆپچـی (عیززەتـی فاتـە) و ئەوڕەحمـان سـەعید و عەلـی سـەقا و سەید ئەحمەدی بەرزنجی، کاتبی ئەسرار وە یا ئەمینداری شێخ مەحموود و یەکێک لـەو دووانە کە لە وەختـی خۆیا لەلایەن شـێخ مەحـموودەوە نێررابـووە لای شەریف پاشا لەناو ئەو کوردە ناسراوانەدا

حەمدی بەگی بابان

بوون کە لـە حەمدیبەگ نزیک کەوتبوونەوە. وەکوو ئەیانوت و هەندێ لە خۆشیان پێیان لێ‌ئەنا مانگانەشی بۆ ئەمانە بڕیبووەوە. لەو ڕۆژەدا ئەوان لێقەوماو و دەسکورت بوون. حەمدیبەگیش هەیبوو و لـە ژیان و ڕابواردنا لاسایی پرەنس (ئەمیر)ێکی ئەکردەوە. ئینگلیزەکانیش خۆیان لێ نزیک خستبووەوە و کەوتبووە سەر سەودای حوکمداری. ئیتر بێ‌ئەوە دەسی پێوە بلـەرزێ ئەیبەخشی. یەکێک لەوانـە کە بەدڵ حەمدیبەگی ئەویست و حەزی بە سەرکەوتنی ئەکرد سەید ئەحمەدی بەرزنجی بوو. لای من زۆر باس و ستایشی ئەکرد. من لە پێشا ئەوەندە دڵم نەئەدایە واتەکانی سەید ئەحمەد. دوایی تێگەیشتم کە ئەیەوێت لە حەمدیبەگ نزیکم بخاتەوە. چەن جارێک بە ساردەوە وەڵامم دایەوە و نەمویست بچم بۆلای حەمدیبەگ، بەڵام کە چووم و چاوم بە حەمدیبەگ کەوت بە ئینسانێکی بەرز و بەنرخم هاتە بەرچاو، لەبەر ئەوە سپاسی سەید ئەحمەدم کرد بۆ ئەم ناسیاوە تازەیە کە دەسی خستم...

حەمدیبـەگ لـە خانەوادەی بابان و نەوەی محەممەدپاشـای خدێـوە. لەو ڕۆژەدا تەمەنی لە دەوری پەنجا ئەبوو. پیاوێکی سووروسپی تێکسمڕاوی باڵا ناوەندی نزیک بەکورتـی ڕووخۆش و دەم بە زەردەخەنە و تا بڵێی بەتەربیە و قسەخۆش و ڕاستگۆ و میوانپەرست بوو. بەڵام پابەندی تەقالید و ژیانی ئەریستوقراتی بوو و خۆی لەم پێوەندانە بۆ ڕزگار نەئەکرا. جگە لەمە دڵی ناسک و تۆرینۆک و کەمێکیش توندەتەبیات بوو. لە هەستان و دانیشتن و وێنەی ژیانا وەکوو لە پێشەوە وتمان لاسایی ئەمیرێکی ئەکردەوە. ئـەو وەختـە من نەمئەزانی تا چە ماوەیەکی خوێندووە و لـە چە مەکتەبێک دەرچووە، بەڵام زانیاری گشتیی باش ئەهاتە بەرچاوم. لە دواییشا لە جەلال‌بەگی بابان تێگەیشتم کە لە مولکییەی شاهانەی ئەستەمووڵ دەرچووە.

لە ژیانی کۆمەڵایەتییا ئەشیا بکرێ بە میسال (مثال). شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسـزی بوو. لەگەڵ من و هاوڕێکانی ترا بە تورکی قسـەی ئەکرد؛ داخەکەم کوردی نەئەزانی و کەمی تێئەگەیشـت، چونکە لە ئەسـتەمووڵ هاتبووە دونیا و زۆری تەمەنی لەوێ ڕابواردبوو، نە لە تورکیا و نە لەعێراقا نەچووەتە ژێر ئەرکی خزمەتی حکوومەتەوە.

لـە دوای چەن هات‌وچۆیـەک ئاشـنایەتیم لەگەڵ حەمدیبەگ پێشـکەوت. وادیار

بـوو کـە چووبووم بە دڵیا، لەبـەر ئەمە لە هاوڕێکانی کە زیاتـر ڕووی ئەدامێ. جاروبار لـە ئوتێـل ڕۆیاڵ زیافەتی بۆ ئەکردم. ئوتێل ڕۆیاڵ ئێسـتە نەماوە، لە نزیـک مزگەرەکان (سوق الصفافیر) لە جێگەی سینەمای هاوینی قاهرەی ئیمرۆدا بوو. لەو ڕۆژەدا ئەو ئوتێلە یەکەمیـن ئوتێـل بوو لـە بەغدا. ئینگلیزەکان و پیـاوە گەورەکان لـەوێ نانیان ئەخوارد؛ سینەماشـی لێ هەبوو. حەمدی‌بەگ زۆرتر بیرەی ئەخواردەوە. لەم چەشنە دانیشتنانەدا زیاتر باسـی سیاسـەت، واتە باسی کورد و کوردسـتانی ئەکرد و بەهۆی منەوە بە قسەی خۆی ئەیویسـت لە هەواڵی هەرێمی سـلێمانی و کوردەواری تێبگا و شارەزا بێ... خۆی وەکوو تێگەیشـتبووم و بۆی ئەگێڕامـەوە جاربەجار ئەچووە لای ئینگلیزەکان وە یا بۆلای مەندووبی سـامی و جارجاریش ئەوان ئەهاتنە لای. هەندێ جاریش نامەیان لە بەینا ئاڵوگـۆڕ ئەکـرا، کە ئاشـنایەتیمان پێش‌کـەوت متمانەی پێئەکردم و ئـەو نامانەی بۆی ئەهـات لەگـەڵ وەڵامەکانیا بـۆی ئەخوێندمەوە و ئـەو جێگانەی تێی‌نەئەگەیشـتم بە تورکی تێی‌ئەگەیاندم. بەمانەدا بۆم دەرکەوتبوو کە خەریکن لە کوردستانا دەورێکی پێ هەڵسووڕێنن، بەڵام لە ژێر چە ناوێکا و بە چە جۆرێـک (؟) ئەوە هێشتا دیار نەبوو، چونکە جارێ خرابووە ژێر تیشـکی زەرەبینی سیاسـەتەوە و تاقی ئەکرایەوە، بەڵام داخەکەم لە ئیمتحانا دەرنەچوو. ئەویش لە ڕیز و لە حیساب کرایە دەرەوە، چونکە سیاسەتی بەپێچ و دەوری ئینگلیز بەلای ڕاسـتییا نەئەچوو. ئەوان ئەیانویسـت لـە زەمان کەڵک وەرگرن، لەبەر ئەمە پەلەیان نەبوو. بەپێی سروشـتی سیاسـی خۆیان بە خوێن ساردی و سستی ئەچوون بەرێوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان زەمان بە سەعات، بەڵکوو بە دەقیقە ئەگۆڕا. زۆر بەخێرا تێپەڕ ئەبوو. هەر کارێ بخرایە سـبەینێ کاتی بەسـەر ئەچوو، ئیتر بەکەڵک نەئەهات و سەری نەئەگرت...

پێش ئەوە کە حەمدی‌بەگ لە ئیمتحان بکەوێ و لە حیسابی ئینگلیز بکرێتە دەرەوە من ویسـتم بگەڕێمەوە سـلێمانی، چونکە شۆڕشـی کوردەکانـی دەوری کفری و هەرای برایم‌خانـی دەلۆ بە ئەنجام گەیشـتبوو و ڕێـی بەغدا کەرکووک کرابـووەوە. منیش هەر پووڵ‌وپارەیەکم پـێ هەبوو خەرجم کردبوو. لە ئەحمەدئاغای کەرکووکی‌زادە بە کومپیالە هـەزار ڕووپیەم بە قـەرز وەرگرتبوو و ئەویشـم دابوو بە هەندێ شـت‌ومەکی عەتاری

بۆ دووکانەکەم. چوومە لای حەمدی‌بەگ بۆ دۆعاخوازی، بەڵام ویستی کە یەک‌دوو سەعاتێک پێکەوە ڕابوێرین و دەعوەتی کردمە ئوتێل ڕۆیاڵ.

لە هاوینا گەرمای بەغدا بەناوبانگە، بەڵام لە ئوتێلەکەدا جێگەکەمان فێنک بوو و بە دەم خواردنەوەی بیرەی ساردەوە دووسێ سەعاتێکمان بە قسەی دوارۆژەوە بردە سەر. دۆستایەتی منی بەدڵ بوو و بەتەواوی متمانەی پێکردبووم. بە هیوای ئەوە بوو کە زۆری پێنەچێ لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێ‌کەوێت و بۆ کوردستان چەشنە ئیدارەیەکیان پێ دابمەزرێنێت. بە باسی چەک و سیلاح و تۆپ و تفەنگ و باسی تەشکیلاتی عەسکەرییا وا دەرئەکەوت کە دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد پێویست بوو بە هێزێکی شەڕکەر و بزووتنەوەیەکی دەس‌وبرد؛ لەبەر ئەمە حەمدی‌بەگ ئەیویست لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد نزیک بێتەوە، بیانناسێ و بیناسن، تاوەکوو یارمەتی بدەن و بە پشتیوانی ئەوان بچێتە ژێر ئەم بارەوە. تا ئەو ڕۆژە حەمدی‌بەگ سلێمانی نەدیبوو. زمانی کوردی نەئەزانی و لە کاروباری میرییا شارەزایی نەبوو. لە کوردەکان کەسی وای نەئەناسی. بەکورتی پێویستی بە دەوروپشت هەبوو و ئەیویست کۆمەڵەیەکی ببێ. بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی واش بە قسەی خۆی لەناو هەمووانا منی هەڵبژاردبوو. وای دەرئەخست کە زۆرتر هیوای بە من بێ و کە هاتە سلێمانی بە پرس‌وڕای من بچێت بەڕێوە.

من هەرچەن ئەوەندە خۆش‌باوەڕ نەبووم و هیوام بەوە نەمابوو کە ئینگلیزەکان ڕاستی لەگەڵ بکەن، واتە بەتەمای ئەوە نەبووم کە ماوەی سەربەخۆیی بە کورد بدرێ؛ دیسانەوە لە عاست بەیاناتی حەمدی‌بەگدا سەرپێچیم نەکرد و قسەم دا کە تێبکۆشم و بۆ ئەم مەبەسە کۆمەڵەیەک دابمەزرێنم. ئیتر کات درەنگ بووبوو. نزیک بە ئێوارە کەوتبووینەوە. ئەبوو بچمە ئیستگەی شەمەنەفەر. لەم کاتەدا حەمدی‌بەگ دەسی کرد بە گیرفانی پێشەوەی شەرواڵ (پانتۆڵ)ەکەیا و سێ بانکنۆتی سەد ڕووپیەیی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم. وتی: «بەینێکی زۆرە کە لەسەر ویستنی من لە بەغدا ماویتەوە و پارەیەکی زۆرت خەرج کردووە. لەبەر ئەوە تکام وایە کە ئەم پارەیەم لێ وەرگری بۆ مەسرەفی ڕێگە، ناشڵێم کە هەر بۆ خۆت! ئەگەر لە دوارۆژا پارەت بوو بمدەرەوە...» من دەسم بۆ

پارەکە درێژ نەکرد. ڕەنگم سـوور هەڵگەڕا، زۆرم قسـە بە دڵا هات، بەڵام حەمدیبەگم خۆش ئەویست و زۆرم لەلا بەڕێز بوو، لەبەر ئەوە نەمویست بیڕەنجێنم و دڵی بشکێنم. بـە کەم بڕیمـەوە. وتم: لە سـایەی ئێوەوە پارەم هەیـە و لە ئەحمەدئاغا قـەرزم کردووە، چونکـە لەگەڵ ئەحمەدئاغا پەیوەسـتێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتیم نییـە. ئەگەر لەگەڵ جەنابیشـتان وا بوومایـە نەک بە قەرز، هەرواش لێم وەرئەگرتن... زۆر بە شـەرمەوە ئەم قسـانەم کردبوو، لەبەر ئەوە وای بە بیرا هاتبوو ئەبێ زۆرم لێ بکا کە وەریگرم. پارەکەی لەبەردەمما دانا و وتی: «ئەم قسـانەی پێناوێت. ئێمە ئیسـە بووین بە برا. نابێ شـتی وا لێک بدەیتەوە!» دوای ئەمە خەریـک بوو هەسـتێتە سـەر پێ. ئەو وەختە من گورج و لـە پێش ئەوا هەسـتامە پێیـان و بانگی سـفرەچییەکەم بۆی کرد کـە پارەی خواردن و خواردنەوەکەمانی بدەمێ. ئەمجارە ئەو سـوور بووەوە و بانکنۆتەکانی خستەوە گیرفانی و بە تەوسـێکەوە تێی ڕوانیم. لەبەر ئەوە کە مەسرەفی ئوتێلەکەی دا دەنگم نەکرد. جگە لە ئەمەش قەڵەمێکی پاندانی جوانی تایبەتی خۆی هەبوو بە دیاری پێی بەخشیم، ئەویشم بە سپاسەوە لێ وەرگرت، ئینجا دەسم گوشی و دوای ئەوە کە قسەم دایە ڕاسپێرییەکانی بەجێ بێنم و بەڕاستی و بەدڵ لەگەڵی بجووڵێمەوە، لێی جیا بوومەوە...

٥١

شۆڕشی مستەفا کەمال لە تورکیا بەرەو سەرکەوتن ئەچوو و لە عێراقا شۆڕشی عەرەبەکان کلّپەی سەندبوو. لە کوردستانیشا هەرچەن شێخ مەحموود بەدیل گیرابوو و ڕەوانەی هیندستان کرابوو، بەلّام کوردەکانی عێراق کۆڵیان نەدابوو و دەسیان هەڵنەگرتبوو. حکوومەتی ئینگلیز لە عاست ڕەغنە و لۆمەی شەعبەکەیا واقی وڕمابوو، وەڵامی پێنەئەدرایەوە. شەعبی ئینگلیز تازە لە شەڕی گەورەی گیتی هاتبووە دەرەوە؛ برسی و ماندوو و بێ‌هێز کەوتبوو، بە تەرکەن نەیئەویست کە دەرگای شەڕێکی تری بۆ بکرێتەوە وە یا بخرێتە ژێر باری پێویستی کوژاندنەوەی شۆڕشێکی گشتیی گەورەوە. بەتەمای ئەوە بوو کە حکوومەت (حکوومەتی ئینگلیز) تا ماوەیەکی زۆر بحەسێتەوە و شەعبەکەش بحەسێنێتەوە، بەینێک خۆی لە قەرەی شەڕ و شۆڕش نەدا و میللەت تووشی ڕەنج و ئەرک و کەشمەکەش نەکا؛ لەبەر ئەمە حکوومەتی ئینگلیز ئەگەر بۆی بلوایە و سەری بگرتایە بە سێ مەبەس مەسەلەی کوردستانی زندوو ئەکردەوە:

١ـ دامەزرانی کوردەکان و دوورخستنەوەیان لە شۆڕش (ثورە).

٢ـ دەرکردنی ئۆزدەمیر و ئەو چەن تورکەی لە ڕەواندز بوون بەهۆی هێزێکی کوردەوە لەبەر هەندێ تێبینی (مولاحەزات)ی سیاسی.

٣ـ بەناوی حکوومەتی کوردستانەوە و لەسەر حیسابی کورد بڕینەوەی مەسەلەی مووسڵ و هێشتنەوەی ئەم وڵاتە پڕ لە نەوت و بەپیتە لە ژێر نفووزی ئینگلیزا.

ئەگەر کەمێک لەم سێ مەبەسە وردبینەوە ئەبینین کە ئەمانە لە هەموو سەرێکەوە بەسراون بە یەکەوە، یەکێکیان بە سووکی و ئاسانی لەوی تریان جیا ناکرێتەوە.

کوردەکان کە لە پێش عەرەبەکانی عێراقا حکوومەتێکی کوردی نیشتمانییان دامەزراندبوو و بەینێک بە سەربەخۆیی ژیابوون جارێکی تر بەئاسانی نەئەچوونە ژێر حوکمی بێگانەوە، لەبەر ئەمە مانەوەیان لەو حاڵەدا کە تیابوون وە یا تێی‌کەوتبوون بەرەو یەکێک لەم دوو ئەنجامەی ئەبردن:

١ـ یەک‌بوون لەگەڵ ئۆزدەمیر و تورکەکان.

٢ـ لە ڕێی سەربەخۆیی کوردستانا ڕاستبوونەوە و بەرپاکردنی شۆڕشێکی گشتی. ئەمانە هەردووکیان پێچەوانەی مەبەس و ئامانجی ئینگلیز و بەرهەڵستێکی گەورە بوون لە ڕێی سیاسەتی بریتانیادا. ئینجا بەرپێچ دانەوەی ئەنجامێکی وا، لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردا ئەبینرا. ئەگەر بەرنامەیەک کە بۆ ئەم کارە دانرابوو سەری بگرتایە و کوردستان بهاتایەوە ناو سیاسەتی ئەو ڕۆژەی ئینگلیز، هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ئەهاویشت و ئیمڕۆ دەوری کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەندییا بە جوورێکی تر ئەبوو...

٥٢

تورکەکان جارێ دەسیان لە مووسڵ هەڵنەگرتبوو، بەلای ئەوانەوە مووسڵ وەکوو ئەلزاس لۆرەن بوو لە چاو فەڕەنسزەکانا، چونکە هەموو ئەیزانین کە لە کاتی موتارەکەدا سلێمانی و مووسڵ بەدەس تورکەوە بوو. عەلی ئیحسان پاشای سەرەک لەشکری عوسمانی لە مووسڵ نەچووبووە دەرەوە، بەتەمای ئەوە بوو کە مووسڵ لە دوای شەڕ بەدەس تورکەوە بمێنی. ئینجا لەبەر ئەمە کە لەچمەن ویستی بچێتە مووسڵەوە عەلی ئیحسان سەرپێچی کرد و نەیدا بەدەستەوە، بەڵام کە لە ئەستەمووڵەوە بە تەلەگراف فەرمانی پێکرا مووسڵی بەجێ هێشت و ئینگلیزەکان بەبێ شەڕ چوونە شارەوە. سلێمانیش بەهۆی شێخ مەحموودەوە بەبێ شەڕ ئینگلیزی تێهاتبوو. لەبەر ئەمە ئەیانوت کە دوای شکستی لەشکری یۆنان بەرامبەر بە تورک، یەکێک لە داواکانی مستەفا کەمال سەندنەوەی ویلایەتی مووسڵ ئەبێ. هاتنی ئۆزدەمیریش بۆ ڕەواندز لەبەر ئەم مەبەسە و بە درێژایی شەڕی تورک و یۆنان لە ئەنادۆڵ، ئەو (واتە ئۆزدەمیر) لە کوردستانی مووسڵدا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە بوو. هەر لەبەر ئەمەش بە لامانەوە وایە کە سستی ئینگلیزەکان و دوایی‌نەدانیان بە مەسەلەی کوردستان تەنیا کەڵکی بە تورک ئەگەیاند و لە پێش ئەوەدا کە هەلێکی گەورە بە قەومی کورد بدۆڕێنی حکوومەتی بریتانیای بۆ ماوەیەک ئەخستە گێرە و کێشەوە و لەوانە بوو کە لە گەڵێ کاتی گرنگا ببێ بەهۆی بە ئەژنۆداهاتنی ئینگلیز بەرامبەر بە مستەفا کەمال.

ئینجا بۆ ئەمە کە نەکەونە وێستاوێکی بەم جوورەوە و بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان کەوتنەوە تەقەلا و ئەمجارە لە جێی شێخ مەحموود حەمدی بەگیان هێنایە پێشەوە، بەڵام لە بەینی حەمدی بەگ و شێخ مەحموودا فەرقێکی گەورە هەبوو. شێخ مەحموود بەڕاستی زەعیمێکی کورد بوو و لە کوردستانا ناسرابوو، خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە کارەسات، لەناو عەشایری کوردا خاوەنی جێگە و مەقامێکی بەرزی دینی و دونیایی بوو. هەزاران دەس‌وپێوەند و مسکین و لادێیی سوێندیان بە سەری ئەخوارد و باوەڕیان بە پیرۆزی خانەوادەی کاک ئەحمەد هەبوو.

جگە لەمە شێخ مەحموود بە زمانی کوردی قسەی ئەکرد و لە ڕێی پاراستنی کوردستانی عێراقا بەرامبەر بە ڕووسەکان شەڕی کردبوو و خوێنی ڕژاندبوو و لە گەلێ کارەساتا بە ئازایی و شاسواری ناوی دەرکردبوو؛ لەبەر ئەمانە شێخ مەحموود بەڕاستی یەکێک بوو لە قارەمانە هەرە ناودارەکانی کوردستان. هەرچی وەکوو حەمدی بەگ بوو لەگەڵ ئەوەشا کە لە خانەوادەیەکی مێژوویینی وەکوو بابان و خوێندەوارێکی بەرزی شارستانی بوو، دیسانەوە زۆر بەکەڵکی کوردستانی ئەو ڕۆژە نەئەهات.

لە پێش هەموو شتێکا زمانی میللی نەئەزانی. شارەزای وڵاتەکەی باوباپیری خۆی نەبوو. جگە لەمانە پیاوی سواری و شەڕ و لەشکرگێڕی نەبوو. ئەو بە شەکرلەمە بەخێو کرابوو و لە ئاوریشم و لۆکەدا ئەنوست. بە چەن زمانێکی خۆراوایی قسەی ئەکرد، بەڵام لەگەڵ لادێیی‌یەکی کوردا وە یا لەگەڵ سەرەک عەشیرەتێکا تەرجەمانی پێ‌ئەویست. ئەمیرێکی سالۆن و بە هەموو مانای وشە جەنتڵمەن بوو، بەڵام لەوانە نەبوو کە بێنی بیکەی بە ئەمیرێکی لەشکرگێڕ. ئەگەر کوردستانێک هەبووایە حەمدی‌بەگ بە یارمەتی ئینگلیز پێی هەڵئەسووڕا، بەڵام ئەو کوردستانە بە حەمدی‌بەگ دروست نەئەکرا، چونکە حەمدی‌بەگ بەهۆی زمان نەزانین و چاوپێنەکەوتنی وڵاتەکە و ناشارەزایی لە هەواڵی کورد یەکێک بوو لاڵ و کوێر و کەڕ. لەگەڵ ئەم هەموو بەرهەڵستانەدا چارە نەبوو و بە هیوای خزمەتی مەسەلەی کورد بڕیارم دا کە بۆ حەمدی‌بەگ لەگەڵ لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردا هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بدەم و لەسەر پەیمانێکی دابووم بە گەیشتنەوەم بۆ سلێمانی دەسم کرد بە تێکۆشین.

من بەش‌بەحاڵی خۆم لەو بیرەدا بووم کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و زۆرتر لەوانەیە کە لە ڕەنجێکی بێ‌سوود بەولاوە ئەنجامێک نەبەخشێ، بەڵام ڕەوشتی ئینگلیزەکان وای ئەگەیاند کە جارێکی تر قەت ئاوڕ لە شێخ مەحموود نەدەنەوە، هەر من لەم باوەڕەدا نەبووم. لەو ڕۆژەدا ئەوانەی کە نزیک بە شێخ مەحموود بوون ئەتوانم بڵێم هەموویان لە نەفسی ئەم باوەڕەدا بوون. لەبەر ئەمە ویستمان کە خۆشەویستی شێخ مەحموود نەکەین بە بەرهەڵستی خزمەتی مەسەلەی کورد و لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکانا کەوتینەوە کار. لە ماوەیەکی کەما کۆمەڵە هاتە ناو. زۆری پێنەچوو زوربەی لاوە

ئەدیب و نیشتمانپەروەری کورد مەحموود جەودەت

نیشتمانپەروەرەکان، ئاغا، ئەفەندی، شێخ و مەلا، بەگزادەکانی بابان و کاسبی ناو بازاڕ هەتا ئەگاتە سەرەکی عەشایرە ناودارەکانی وەکوو پژدەر و جاف و هەورامان و هەمەوەند و جەباری هاتنە کۆمەڵەوە. جێی ئینکار نییە کە لە پەرەسەندنی کۆمەڵە و هاتنی شێخان و سەیدەکانی بەرزنجە و قەرەداغ و سنگاو و سەرگەڵوو و عەسکەر و رەئیسەکانی هەمەوەند و جاف و پژدەر و هەورامان و جەباری یا ماجد مستەفا و خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن، بەشێکی گەورە و دەسێکی درێژیان هەبوو. ئەم کۆمەڵە کۆمەڵەیەکی سیاسی نەبوو و هێشتا تەشکیلاتێکی رێکوپێک و بەڕێوشوێنی تیا نەکرابوو، چونکە لە پێش هەموو شتێکا مەبەسمان یەکخستنی کوردەکان و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و گیانی نیشتمانی بوو لەناو ئەندامە یەکگرتووەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا.

بەڵام تەنیا بۆ ئیدارەی کۆمەڵە و بۆ رێپێشاندان بە ئەندامەکان دەستەیەک لە لاوە بەکار و نیشتمانپەروەرەکان کە لە ٧ ئەندام پێکهاتبوو بەبێ وچان خەریک بوون. دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە بەم جوورە بە ماوەیەک وردەوردە لەگەڵ هاورێکانا کەوتینە باسی رێکخستنی تەشکیلاتێکی تایبەتی و دامەزراندنی لق لە هەموو هەرێمێکدا کە چەن سەرەک عەشیرەتێکی لە کۆمەڵەدایە وە یا بەشێکی خەڵقەکەی هاتوونە کۆمەڵەوە. لەسەر ئەمە مەسەلەی سەرەکی کۆمەڵە هاتە پێشەوە. بەپێی کردەوە و تەقەلاکانم بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە، زۆری هاورێکان لەو باوەڕەدا بوون کە من سەرۆکی کۆمەڵەم وە یا پێویستە من ببم بە سەرۆک، بەڵام تێمگەیاندن کە من بیرم لەمە نەکردووەتەوە و وتم:

ماجد مستەفا لە ئەیاستە فانووس

ئەبێ لە لاوە سەرۆکێک هەڵبژێرین کە نەبێتە هۆی چەنوچۆن و تێکچوون لەناو خۆمانا. ئینجا وتیان ئێستە شێخ مەحموودمان پێویست بوو. وتم: ڕاستە، بەڵام دەسمان بە شێخ مەحموود چۆن ئەگا؟ دوای گفتوگۆیەکی تەواو و لە دوای گێڕانی چاو بە کون و قوژبنی کوردستانا و بیرکردنەوە لە گەورەکانی کورد و هەڵسەنگاندنی زرووف و شەخسیەتی هەریەکە لەمانە، من هەوڵم دا کە بیری هاوڕێکان لەسەر ناوی «حەمدی بەگ»دا بوەستێنم. لەمەدا تووشی ئەرکێکی زۆریش نەبووم. ماجد مستەفای دۆست و هاوپۆلی مەکتەبم[1] کە یەکێک بوو لە ئەندامە خوێنگەرمەکانی کۆمەڵە، بە درێژایی وەخت و لە هەموو کردەوەکانما لەگەڵ من بوو. لەسەر واتای ئەو، بڕیارمان دا کە جارێکی تریش و لە ماڵی خوالێخۆشبوو «عەزمی بەگی بابان»دا کۆبینەوە و لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵ و حەمدی بەگەوە بە شێنەیی گفتوگۆ بکەین و بڕیارێکی لەسەر بدەین...[2]

بەشی سێیەم تەواو بوو

بەغدا، ڕەفیق حیلمی ١٩٥٦/١٢/١٨

---

١. کە من و ئەحمەدئاغا چووبووینە بەغدا، ئەوڕەحمان سەعید و ماجد و مەحموود جەودەتی ڕەحمەتی لە بەندیخانەدا بوون، بەڵام کە گەڕامەوە سلێمانی ئەوان بەردرابوون و لە دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا وەکوو لە سەرەوە باسم کرد، بەتایبەتی ماجد و مەحموود زۆر بەگەرمی یارمەتییان ئەدام و لە پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵەدا دەستێکی درێژیان هەبوو...

٢. ماجد کە لە ئەستەموڵەوە بە نامزەدی نێرراییە ئەیاستە فانووس من لە ئەستەموڵ بووم و ئەم وێنەیەی لەوێوە بۆ ناردبووم (١٣٣٠ ڕۆمی).

بەشی چوارەم



شێخ سەعید زەعیمی شۆڕشی کورد لە تورکیا



ئیدن لە وەزارەت چۆن چووە دەرەوە؟
ئێمە ئەم وێنەیەمان لە ڕۆژنامەی «الشعب»ی بەغدا،
ئەویش لە ڕۆژنامەی مانجەستەر گاردیانی
ئینگلیزییەوە وەرگرتووە...

سەرەتا

لە سـەرەتای بەشـی پێشـووی ئەم یادداشـتەدا وتبووم: لەوەدا شـکم نییە کە ئیدن بەر شەپازللەی زەمان ئەکەوێ و هۆشی دێتەوە بە بەرا. ئیمڕۆ کە بەشی چوارەمی یادداشت ئەخەمە ژێر چاپەوە لەم وێنە کاریکاتۆرییە باشترم بە بیرا نەهات کە بیکەم بە سەرەتا؛ سـەرەتایەک کە پێویسـتی بە توێ کردن[1] و درێژەپێدان نییە. سـەرەتایەکی بێزمان و بێدەنگ، بەڵام پڕمانا و عیبرەتبەخش! تەنیا ئەوەندە هەیە کە باوەڕ ناکەم ببێتە هۆی کپکردنی دەنگی ئەوانە کە ئینگلیز بە نەبەز و بە خوای سیاسەت دائەنێن...!

ڕەفیق حیلمی، «بستان الخمس» ١/١٧/٤٦٩

بەغدا ١٩٥٧/١/١٥

---

١. تۆێ وە یا توێتوێ: شەرح.

نامەی کراوە بۆ هەندێ لە ڕەغنەگرە بەڕێزەکان

١ـ لە بەشی یەکەمی بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٢١٠ و لە دێڕی دوازدەهەما هاتنەخوارەوەی سوڵتان وەحیدەددینی عوسمانی بە ١٩٤٢ دانراوە. دیارە کە ئەمە هەڵەیە، بەڵام لە کاتی ڕاستکردنەوەی چەوتەکانا بەرچاوم نەکەوتووە. دوایی مامۆستا سەججادی بەرچاوی خستم و فەرمووی ئەبێ ١٩٢٤ بێ. من سپاسی تێوردبوونەوەکەی ئەکەم، بەڵام وەکوو مامۆستاش فەرمووی ڕاستەکەی ١٩٢٤ نییە ١٩٢٢وە.

٢ـ لە بەشی دووەمی بەرگی یەکەم، لە لاپەڕەی ١٢٠ دێڕی حەوتەمدا ئەو زابتەی لە شەڕی گۆیژەدا کوژرابوو بە «ڕەشیدی عاسیەخان»م دانابوو. دوایی کاک عارف سەعید (ڕەئیس عارف وە یا عارفەسوور) کە خۆی لەو شەڕەدا بووە پێی وتم کە ڕەشیدی عاسیەخان نەبوو، حسێنی حاجی مەلا محەممەدی عەتار بوو. من لە کاتی ئەم شەڕەدا لە ڕەواندز بووم و ئەم باسەم چۆن پێگەیشتبێ وام نووسیوە، ئینجا چونکە مەبەس نووسینەوەی مێژوو (تاریخ) نییە لە نووسینەوە و یادداشتی ئەم جوورە شتانەدا کە نرخێکی ئەوتۆی نییە ئەوەندە قووڵم نەخوێندووەتەوە و نەمکۆڵیوەتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشا بڕیارم دابوو بە ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە. وا ئێستە لە کەرکووکەوە نامەیەکیشم لە ڕەئیس کاک ئەحمەد فەهمی جوانڕۆییەوە بۆ هاتووە و ئەویش ئەڵێ لە دەربەندی بازیان لە شەڕەکەی شێخ مەحموودا ڕەحمەتی خوای لێ بێ خۆی لەوێ بووە و ڕەشیدی عاسیەخان لە بەردەمی ئەوا، لە بەردەمی ئەحمەد فەهمی، کوژراوە[1] کەوابوو حسێنی حاجی مەلا محەممەد لە شەڕی گۆیژە و ڕەشیدی عاسیەخان لە شەڕی دەربەندا کوژراون. سپاسی کاک عارف و کاک فەهمی ئەکەین کە ئەمەیان بۆ ڕاست کردینەوە...

ڕەفیق حیلمی

---

١. لە کاتی شەڕەکەی دەربەند من لە کۆیێ لە بەندیخانە بووم.

کۆبوونەوەمان لە ماڵی عەزمیبەگی بابان

ڕۆژی دوایی نانی نیوەڕۆمان لە ماڵی «عەزمیبەگی بابان»دا بۆ ئامادەکرابوو. عەزمیبەگی خوالێخۆشبوو هەرچەن یەکێک بوو لە ئەندامە بەڕێزەکانی کۆمەڵە و زۆر خاوەنعەزم و جێی متمانە بوو، دیسانەوە و لەسەر تکای خۆی نەخرابووە ناو دەستەی ئەو ئەندامانەوە کە کۆمەڵەیان ئەبرد بەڕێوە، بەڵام لە هەموو کاتێکا پرسی پێئەکرا و لە بیروباوەڕ و تەگبیر و ڕای کەڵکمان وەرئەگرت و ئەویش لەم لایەنەوە درێغی نەئەکرد و بە گیان و بەدڵ لە یارمەتی دوا نەئەکەوت. هەر ئەو ڕۆژە لە ماڵی عەزمیبەگ بڕیارمان دا کە لە حەمدیبەگ نزیک بکەوینەوە و بەناوی کۆمەڵەوە نامەیەکی بۆ بنووسین. لەم نامەیەدا ئەمانوت: کۆمەڵەی سەربەخۆیی (ئیستقلال) لەبەر ئەوە کە جەنابتان بە ئەمیرێکی کورد ئەزانێ و لەم ڕۆژەدا یەکێکی لە ئێوە باشتری بە بیرا نەهاتووە کە خۆی لێنزیک بخاتەوە و جێگەی سەرۆکی فەخری پێببەخشێ بڕیار درا کە تکاتان لێ بکا ئەم سەرۆکییە قبووڵ بفەرموون و لە حاڵێکا هاتوو قبووڵتان فەرموو، داواتان لێئەکا کە لەبارەی حقووقی کوردەوە بکەونە کارەوە و بەتایبەتی بیری نوێنەری بریتانیا لە بەغدا بخەنەوە کە سەرکەوتنی سیاسەتی بریتانیا لە عێراقا و بەتایبەتی لە کوردستانا بۆ ئیمڕۆ بەسراوە بە ئاوڕدانەوەیان لە کورد و بە دامەزراندنی حکوومەتی کوردستانەوە. بەرامبەر بەمە کە حەمدیبەگ ئەم ئەرکە سیاسییە بگرێتە سەرشانی و لە ڕێی خزمەتی کوردا ئەم هەنگاوە باوێژێت، دەستەی بەڕێوەبەری هەیئەتی ئیدارە ئەچووە ژێر پەیمانی ڕێکەوتن لەگەڵ حەمدیبەگدا و بەڵێنی ئەدایێ کە پەیوەندی تەواوی لەگەڵدا پەیا بکا بۆ دانانی بەرنامەیەک کە ڕەوشتی سیاسی کۆمەڵە و حەمدیبەگ یەک بخا بە جوورێ کە ئەو بیەوێت و لە جێگەیەکا کە خۆی بە باشی بزانێت ئامادەیە کە بەناوی کۆمەڵەوە نوێنەرێ بنێرێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکا...

جگە لەمە هەر لە نامەکەدا ئەوەشی بۆ نووسرا کە ئەگەر بێتوو حکوومەتی ئینگلیز لەمە زیاتر گوێ لە هاواری قەومی کورد باخنێ و چاوی لە هەواڵی کوردستان بنووقێنێ، دوور نییە کە بەهۆی پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر و تورکەکانی ڕەواندزەوە و ناڕەزایی بەشی

زوربەی خەڵق لە ئیدارەی ئینگلیز، شۆڕشی دووەمی کورد دەس پێ‌بکا و جێی شک نییە کوردەکانی عێراق کە کەوتوونەتە بەینی دوو شۆڕشەوە ـ شۆڕشی مستەفا کەمال و شۆڕشی عێراق ـ بەهۆی پڕوپاگەندەی بەهێزی ئۆزدەمیر و ناحەزەکانی ئینگلیز لەناو کورد و عەزەبا لەوانەن کە زۆر بەئاسانی و بەبێ ئەرک هەڵسنە سەرپێ و بە زۆری چەک حەقی شەرعی قەومی خۆیان دەس بخەن.

خوالێخۆشبوو عەزمی‌بەگی بابان ساڵی ١٩٠٩ لە دیمەشق گیراوە

لێرەدا بۆ تێگەیاندنی خوێنەرە بەڕێزەکان لە ماوەی تێگەیشتن و جووری لێکدانەوەی هەندێ کەس قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە: ئێمە لە هەموو گفتوگۆیەک بووبووینەوە و نامەکەشمان نووسیبوو کە لەناکاو یەکێک لەوانە کە لەگەڵ کۆمەڵەدا پەیوەستێکی کەمی هەبوو کردی بە ژوورا. ئەوەندەی ئەزانی کە بۆ باسی کوردایەتی کۆبووینەوە. بە هەناسەی سواریا دیار بوو کە بە هەڵەداوان هاتبوو. بە پەلەپەل و پچڕپچڕ قسەکانی ئەکرد. وتی تکاتان لێ‌ئەکەم کارێکی وا مەکەن بۆ سبەی ڕۆژ خراپەی لێ پەیا بێ، چونکە ئاگاتان لە دونیا نییە، لەوانەیە خۆتان بە قەڵبەیەکا بدەن. ئەمەی وت و لە گیرفانی ژمارەیەکی لە ڕۆژنامەی نەجمە دەرهێنا.[1] ئینجا ئەموستی نایە سەر باسێک لە ڕۆژنامەکەدا و وتی فەرموو بیخوێننەوە. دەستەیەکی ٥٠ نەفەری عەسکەری تورک هاتوونە سەقز بۆ کڕینی دەغڵ بۆ لەشکری خۆیان لە تورکیا... ئەمە باسەکە بوو و جەنابی میر ئەم باسە گرنگەی لە ڕۆژنامەی نەجمەدا خوێندبووە و بۆیە هەناسەی سوار بووبوو.

بە هەڵەداوان خۆی کردبوو بە ژوورا کە ئەمە بە ئێمە بڵێت و لە هەواڵی دونیامان

١. نەجمە جەریدەیەکی تورکی بوو کە لەو دەورەدا لە کەرکووک دەرئەچوو.

ئـاگادار بـکا. بەڵێ بۆیە هاتبوو کە بزانین ئەوا تورک سـەرەتایان گەیشـتووەتە سـەقز و زۆریان نەماوە بگەنە لای ئێمەش. لەبەر ئەوە ئەبێ ئیتر باسی کورد و کوردستان بخەینە لاوە و چاو ببڕینە ڕێ کە تورکەکان نزیک کەوتنەوە بچین بە پیریانەوە...!

هەر جەنابی میر لەم فکرەدا نەبوو، بەڵکوو لە کاتێکا کە ئێمە خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بووین، هەندێ کەس، تەنانەت زۆریش لەوانە کە لە پێشـا زابتی تـورک بوون، بەشـێک لـە مووچەخۆرەکانی میریی مەئمـووری دەوری عوسـمانی، پڕوپاگەنـدەیان دەربارەی ئێمـە ئەکـرد و تەقـەلایان بۆ تورک ئـەدا. لەمانە هەندێکیشـیان ڕاستەوڕاسـت وە یا بەهـۆی دەس‌وپێوەند و کەس‌وکاریانـەوە لە بەینی سـلێمانی و ڕەواندز، ڕێگەی هات‌وچۆیان گرتبووە بەر و دەنگ‌وباسـی شـارەکانیان بە ئۆزدەمیـر ئەگەیاند و هـەر ئەم‌جوورە کەسـانە دوابەدوا بەرنامەی بە تورکی نووسـراوی ڕاسـپێرییەکان و تەعلیماتی تایبەتیی ئۆزدەمیریان ئەهێنایە سـلێمانی و ڕانیە و کۆیێ و هەولێر و کەرکووک و بڵاویان ئەکردەوە.

ئـەم تەعلیماتە بـە تورکی لە چاپ‌دراوانـەی ئۆزدەمیر بەلای تورک‌دۆسـتەکانەوە لەگەڵ «ئایەت» و «حەدیس»دا چەپی نەبوو. ئینجا میر یەکێک بوو لەوانە. لەگەڵ ئەمەشا چونکە لە سەرێکەوە بۆرەخزمایەتییەکی لەگەڵ عەزمی‌بەگی خوالێخۆشبوو و پەیوەستێکی تایبەتی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکان هەبوو، بە بیری ئەوەش کە لە تورک‌دۆستەکان دوور بخرێتەوە و وردەوردە بە لای کوردایەتی ڕاستەوڕاستا پاڵ پێوە بنرێت جارێ هەر بە ناو کرابوو بە ئەندام، بەڵام ئەو خۆی ئەوەندە مەیلی ئەمەی نەئەنواند و زۆر لە کۆمەڵە نزیک نەئەکەوتەوە. لەبەر ئەمە کۆمەڵەش لە کاروباری نهێنییا ئاگاداری نەئەکرد. تەنانەت بۆ کۆبوونەوەکانی گشـتیی کۆمەڵـەش نەئەهـات و پرسـی پێنەئەکرا. لەبەر ئەمـە مەبەس لـە کۆبوونەوەکەی ئەو ڕۆژەمان چییە نەیزانی و بێ‌ئەوە ئاگادار بکرێ نامەکە بۆ شەو بە ئەندامێکی کۆمەڵەدا بۆ حەمدی‌بەگ ڕەوانە کرایە بەغدا...

٥٣

هاتنی حەمدیبەگ بۆ سلێمانی

زۆری پێنەچوو بیستمان کە حەمدیبەگ بەناوی گەڕانەوە دێتە سلێمانی. وەکوو هیوامان لێئەکرد وا دەرنەچوو و بەتایبەتی ئێمەی ئاگادار نەکرد. تەنانەت وەڵامی نامەکەشی بۆ نەنووسیبووینەوە. بەمەدا بۆمان دەرکەوت کە هاتە سلێمانی، ناتوانین بەو جوورە کە پێویستە نزیکی بکەوینەوە. وادیار بوو کە ئینگلیزەکان بەرنامەیان بۆ دانابوو و ماوەیان نەئەدا بەدڵی خۆی بچێت بەڕێوە وە یا لەوانە نزیک بکەوێتەوە کە متمانەیان پێئەکا. لەبەر ئەمە کە هاتە سلێمانی نەچووە ماڵی عەزمیبەگی خزمی. بە تەگبیری میجەر سۆنی حاکمی سیاسی کرا بە میوانی ماڵی ئەوڕەحمانئاغای ئەحمەدپاشا.[1] مەبەسیش ئەوڕەحمانئاغا نەبوو، لە ڕاستییا خرابووە ژێر چاودێری ڕەزابەگی زاوای ئەوڕەحمانئاغاوە کە لەو ڕۆژەدا حاکمی شاری سلێمانی و نزیکترین متمانە پێکراوی سۆن بوو. لەبەر ئەمە ئەوانەی ئەچوونە لای حەمدیبەگ تەنیا خۆشوچلۆنییان لەگەڵ ئەکرد. وەکوو میوانێکی ڕەسمی بێئەوە لەگەڵی بکەونە گفتوگۆ و بەبێ باس و هەواڵێکەوە ئەهاتنە دەرەوە. ئەم حاڵە زۆر جێگەی داخی من و هاوڕێکانم بوو. لەگەڵ ئەوەشا بەناچاری لەگەڵ یەکدوو کەسی ترا چووم و سەرم لێ دا. بە ڕمووز و ئیشارەت ویستی ئەوەمان تێبگەیەنێت کە دەسبەسەرە و کەوتووەتە داوەوە، بەڵام من بەمە دڵم ئاوی نەئەخواردەوە. چاوەڕێ بووم کە ئیشارەتێکی کۆبوونەوە بکا. وا پیشان بدا کە ئەیەوێت چاوی بە ئێمە بکەوێت. زۆر بەداخەوە ئەڵێم کە هیچی دیار نەبوو. بە ڕادەیەک کە باوەڕم نەئەکرد بەرامبەر بە حەمدیبەگی بابان دانیشتم. ئینجا بیرم لەو ڕەنج و ئەرکە زۆرە کردەوە کە هیوایەکی گەورەم بە ئەنجامی هەبوو. تێگەیشتین کە میجەر سۆن دەسی خۆی

---

١. ئەوڕەحمانئاغای ئەحمەدپاشا (١٨٨٤ - ١٩٤٧)، کوڕی ئەحمەدپاشای کوڕی ئەوڕەحمانئاغای باشچاووشە، لە سەردەمی عوسمانیدا ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی سلێمانی بووە، لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەداغ و دواتر قایممەقامی شارباژێر بووە. ساڵانی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ سەرۆکی شارەوانی بووە، دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود ئەندامی هەیئەتی وەتەنیيە بووە بۆ داواکاری مافەکانی کورد بەپێی بڕیارەکانی عوسبەتولئومەم. م.س.

وەشـاندووە و لـە پێشـەوە کارەکانی بە مەرامی خۆی ڕێکخسـتووە. واتـە لەگەڵ مەندووبی سامییا لەسەر ئەوە ڕێکەوتووە کە حەمدیبەگ لە سلێمانی بەبێ ئیشارەتی سۆن نابێ پەنجە بە ئاوا بکا.

حەمدیبەگ بە هەر مەبەسـێک هەیە لە پێشـەوە ویسـتی لەم ئیمتحانە گرنگەدا سـەرکەوێت و نقـەی لـە خۆی بڕی، بـەڵام لەگەڵ ئەمەشـا وەکوو لە پێشـا وتبوومان لـە ئەنجاما هەر نەیبردە سـەر و لە ئیمتحانا دەرنەچوو. سـۆن هەر لـە ڕۆژی یەکەمەوە حەمدیبەگـی بە دڵا نەچووبوو. فیزی زلی ئەو لەگەڵ کەسـایەتی حەمدیبەگ یەکی نەئەگرتـەوە و ڕێنەئەکـەوت، چونکـە حەمدیبـەگ چەن بەئەدەب بـوو ئەوەندەش نرخـی خـۆی ئەزانـی و لەوانە نەبوو بە چاوی بچووک تەماشـای بکرێت. سـۆنیش لە هەموو شتێ زیاتر قینی لەمە ئەبووەوە.

شکی تیا نییە کە حەمدیبەگ لەسەر ئیشارەی مەندووبی سامی لە بەغداوە هاتبووە سلێمانی، خەڵات و بەراتیشی لەگەڵ خۆی هانیبوو. بە چەشنی ئەمیرێک ئەم خەڵات و بەراتە کە ئەیانوت سـەعات و دووربین و دەمانچە و هەندێ شـتی بەنرخی ترە بە سـەر هەندێ لە ڕەئیس عەشیرەتەکان و پیاوانی ناودارا، کە بێگومان هەموویان لە دۆستەکانی حکوومـەت و متمانـە پێکراوەکانی سـۆن بوون بەش کـرا. لەم گەشـتەی حەمدیبەگدا ئەوەی کە جێی وتن بێ گەشـتەکەی لای بابەکر ئاغای سـەلیم‌ئاغا، ڕەئیسـی بەناوبانگی عەشـیرەتی پژدەر بوو.[1] حەمدیبەگ لەم گەشـتەدا یەکێک لە زابتـە کوردەکانی خزمی،

---

١. بابەکرئاغای پشـدەر (١٨٥٧-١٩٥٩)، کوڕی سـەلیم‌ئاغای کوڕی بابەکرئاغای کـوڕی حەمەئاغای گەورەیە، سـەرۆک هۆزی میراودەلییـەکان بووە لە بنەماڵەی بابانییەکان. یەکێک بووە لەو کەسـانەی کە سـاڵی ١٩١٨ پشـتیوانی شێخ مەحموودی کردووە، بەڵام بە نزیکبوونەوەی شێخ مەحموود لە تورکەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان. ئینگلیزەکان کردوویانە بە قایمەقامی ناوچەی پشـدەر تا ١٩٣٧. هێزێکی سەربازی تایبەت بە خۆی هەبووە بۆ پاراستنی ناوچەکە و لە چەندین شوڕشدا شەڕی کردووە. تا ١٩٣٧ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی، داخلی ناوچەکەی نەبووە، لەو ساڵەدا بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی پادشایی عێراق بە یەکەوە ناوچەکەیان بەڕێوە بردووە. بابەکراغا بەو مەرجە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی ڕێکەوتووە کە هەموو کاربەدەستەکان لە پشدەر خەڵکی پشـدەر بن، وەکوو قایمەقـام و مودیر ناحییەکان؛ هەروەها پشـدەر نوێنەرێک، واتە ئەنـدام پەرلەمانێکی هەبـێ لـە پەرلەمانی عێراق بۆ کاروبار و کێشـەی پشـدەرییەکان. ڕێککەوتووە لەگـەڵ حکوومەتی عێراقی؛ ڕێککەوتنەکەش وەکوو خۆی جێبەجێ کراوە. ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٩ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

واتە نووری بەگی حەمەدبەگی بابانی لەگەڵ خۆی بردبوو.

بابەکر ئاغا لە ڕەئیسە دەسەڵاتدارەکانی پژدەرە و لە کاروبار و سیاسەتی عەشایرییا لەوانە ئەژمێرێت کە ئەزانن چۆن ئەجووڵێنەوە. لەگەڵ عەباس ئاغای مەحموودئاغای ئامۆزایا، کە لەناو ڕەئیسەکانی پژدەرا یەکێک بوو لە دۆستەکانی هاوپەیمانی شێخ مەحموود ناکۆکی و ساردییەکی ڕواڵەت هەبوو، بەڵام لەسەر ڕەوشتی عەشایری پژدەر، ئەم ساردییە قەت نەئەبووە هۆی ئەوە کە یەکێکیان لە ڕووی ئەوی تریانا بوەستێ. بەتایبەتی بابەکر ئاغا لەگەڵ ئەمەشا کە تا ئیمڕۆ لایەنی ئینگلیزی بەرنەداوە لە ڕووی زرنگی و دانایی و فامیدەیی خۆیەوە لەچاو هەموو ڕەئیسەکانا و عەباس ئاغاشا مەقامی برا گەورەیی ڕاگرتووە و بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشای کراوە...

ئەوەش ئەبێ بزانین کە زۆر لە سەرەک عەشیرەتەکان و خانەوادە ناودارەکان لەناو خۆیانا و لە ژێرەوە لەسەر ئەوە ڕێئەکەون کە لە عاست حکوومەتا ببن بە دوو بەشەوە؛ واتە کە هەندێکیان لە حکوومەت هەڵگەڕانەوە، هەندێکی تریان لە حکوومەت نزیک ئەکەونەوە و لایەنی حکوومەت ئەگرن و بەمجوورە عەشیرەت وە یا خانەوادەکەیان لە کاتی سەرکەوتنی حکوومەتا لە شەڕ و زیان ئەپارێزن. ئەم ڕەوشت و سیاسەتە لەناو هەموو عەشایر و خانەوادەکانا بینراوە و ئەبینرێت. تەنانەت شێخ قادری حەفیدیش برای شێخ مەحموود لە دوای هەندێ تەجرەبە لەسەر ئەم دستوورە ئەڕۆیشت. ئەیویست کە ناحەزەکانی شێخ مەحموود بە دۆستی خۆیانی بزانن و بەمجوورە خراپە و شەڕ بۆ برا گەورەکەی کەم بکاتەوە و لە کاتی تەنگانەدا بتوانێت بە کەڵکێکی بێت...

حەمدی بەگ لە گەشتی هەرێمی سلێمانی شکی تیا نییە کە بە دڵی خۆی نەگەڕایەوە. لە ترسی خەفییەکانی سۆن لە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان نزیک نەکەوتەوە و وای زانیبوو کە سۆن بەمە دڵنیا ئەبێ و لێی ئەگەڕێ، بەڵام سۆن وا بەئاسانی هەڵنەئەخەڵەتا و هەموو شتێک وای دەرئەخست کە لەلای مەندووبی سامی ددانی خێری پیا نەنابوو، واتە نە کۆمەڵەی دەس کەوت و نە سۆنی پێ دڵنیا کرا. ئینجا لەبەر ئەمە کە گەڕایەوە بەغدا دەنگی کز بوو و کردەوەیەکی سیاسی لێ دەرنەکەوت. ئینگلیزەکانی بەغدا ئیتر ڕوویان لێ وەرگێڕابوو و لەگەڵ حەمدی بەگ لەلایەن کوردستانەوە

دەرگای باس و گفتوگۆیان داخستبوو.

ڕەئیسی عەشایری پژدەر، بابەکری سەلیمئاغا و یەکێ لە ئامۆزاکانی

لە ڕاستییا شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە ئینگلیزەکان لە حەمدیبەگ بتۆرێنێ و لە ڕوودا و بەئاشکرا لە گەشتی کوردستانی حەمدیبەگدا کردەوەیەکی وا ڕووی نەدابوو کە بەم جوورە ساردیان بکاتەوە، بەڵام جارێکی تر کە هاتمەوە بەغدا ئەمبیستەوە کە ساردی بەینی حەمدیبەگ و ئینگلیزەکان بەهۆی تورکەکانەوەیە. عیززەت تۆپچی[1] خوالێیخۆش بێ یەکێک بوو لەوانە کە زۆر هاتوچۆی حەمدیبەگی ئەکرد، ئەو بۆی گێڕامەوە کە ئۆزدەمیر پاشا لەم کاتانەدا نامەیەکی بۆ حەمدیبەگ ناردووە و لەوەدا بۆی نووسیوە: «ویلایەتی مووسڵ بە ئەنجام هەر ئەدرێتەوە بە تورک وە یا بە زۆری چەک ئەسێنرێتەوە، لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان خەریکی ئەوەن کە کوردەکان بدەن بە دەم ئاگرەوە. ئەبێ کوردەکان بزانن کە مەسەلەی کوردستان فێڵێکی ئینگلیزە و بۆ یەکێکی

---

١. عیززەت تۆپچی، ناسراو بە عیززەتی فاتە، یەکێک بووە لە ئەفسەرە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموود و ساڵی ١٩١٨ نامەیەکی لە ڕێگەی ئەوەوە گەیاندە ئینگلیزەکان و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە هاوکاریان بکات بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ. م.س.

وەکوو حەمدیبەگ شیرین نییە ببێ بە کوتەکی دەسی ئینگلیز وە یا بۆ تەماعی دونیا کە هیچ ئاتاجی پێی نییە فریویان بۆ بخوا...» هەر بەپێی قسەی عیززەت حەمدیبەگ بە نامەکەی ئۆزدەمیر هەڵخەڵەتابوو و بە نامەیەک وەڵامی دابووەوە و لەو نامەیەدا لە خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە تورک و پێویستی برایەتی قەومی کورد و تورک دوابوو...

ئینگلیزەکان کە بەتەمابوون بەهۆی کوردەوە ئۆزدەمیر و تورکەکان لە هەرێمی ڕەواندز بکەنە دەرەوە و هەر بەم مەبەسە ئەیانویست حکوومەتی کورد لە عێراقا زندوو بکەنەوە، دیارە کە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، بەناچاری ڕوویان لە حەمدیبەگ وەرگێڕاوە و پشتیان تێکردووە، کە عیززەت ئەمەی بۆ گێڕامەوە من شتێکم بە بیرا هات.

وتم نامەکەی ئۆزدەمیر فێڵێکی ئینگلیزەکان خۆیانە و بۆ تاقیکردنەوەی حەمدیبەگ ڕێکیان خستووە وە یا ئەو نامەیە ڕاستە ئۆزدەمیر نووسیویە و حەمدیبەگیش بەوجوورە کە ئەیانوت وەڵامی داوەتەوە؛ بەڵام ئۆزدەمیر کە لە فێڵبازی و مەکرا لە ئینگلیزەکان کەمتر نەبوو بۆ تێکدانی بەرنامەکەی سیاسەتی ئینگلیز دەربارەی حەمدیبەگ و بۆ لەبەرچاوخستنی لەلای مەندووبی سامی وەڵامەکەی حەمدیبەگی بە هەر جوورێک هەیە گەیاندووەتە دەس میجەر سۆن. ئەگەر وا نەبێ پێویستە بڵێین کە یەکێ لەو کوردانەی کە حەمدیبەگ لە خۆی نزیک خستبوونەوە، ئاگای لە نامەکە بووە و ناڕاستی و خیانەتی دەربارەی کردووە...

بەکورتی حەمدیبەگیش بە ئەنجام لە کایە کرایە دەرەوە و دوای ئەوەش دەس کرا بە پەلپ پێگرتنی و هەر موڵکێکی لە عێراقا هەیبوو بە جوورێ کە ئەم یادداشتە جێی باسکردنی نییە لێی داگیر کرا و خۆشی سەری خۆی هەڵگرت و لە عێراق چووە دەرەوە.[1] ئینگلیزەکانیش بەمجوورە لەلایەن مەسەلەی کورد و دامەزراندنی حکوومەتی کوردستانەوە ئەمجارەش بە منجەمنج جووڵانەوە و هەلێکی تری گەورەیان لە دەس دا...!

١. دوور نییە کە لە هەڵکەوتێکا بە درێژی باسی داگیرکرانی موڵکەکانی و لە عێراق چوونە دەرەوەی و ژیانی سەخت و تاڵی ناچاریی حەمدیبەگتان لە لەندەن بۆ بگێڕێتەوە...

٥٤

کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان[1] لە عاست ئەم ئەنجامەی حەمدی بەگ و پڕوپاگەندەی بەهێزی ئۆزدەمیر و دەستەودائیرەیا کەوتبووە ئێستگەیەکی گرنگەوە و سەری لێ شێوابوو. جڵەوی ئەوانەی شۆڕشێکی بە چەکیان پێئەکرا وردەوردە ئەکەوتە دەس ئۆزدەمیرەوە. دەستەی نیشتمانپەروەرە خوێندەوارەکان بە تەعبیری ئەو ڕۆژەی منەوەرەکان لە ڕاست بێقەراری سیاسەتی ئینگلیز و پڕوپاگەندەی تورکا لە چاوەڕێکردنی هەل بەولاوە هیچیان بۆ نەمابووەوە. ئۆزدەمیر لە کورد بووبوو بە شێخولئیسلام، وای بردبووە مێشکی زوربەی عەشایر و خەڵقی دێهاتەوە کە کوردستان مادەیەکی ژەهراوییە بەدەس ئینگلیزەوە، بۆ ناکۆکی پەیاکردن خراوەتە سەر زمانی مسوڵمانە سافیلکەکانەوە. کورد و تورک برای یەکترین، دین و ئایینیان، قیبلەیان و باوەڕییان بە قورئان یەکی خستوون. ساڵەهای ساڵ لە ژێر یەک ئاڵا پێکەوە و لە خاکی ئەم وڵاتەدا ژیاون و خاوەنی مێژوویەکی هاووڵاتین... ئەو وڵاتە کە زۆری پێناچێت ئەبێ بگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمانی گەورە، واتە باوەشی تورک. بەختیش تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئۆزدەمیر بوو. سۆن بەینێک بوو بەناوی ماندوو حەسانەوە وە یا بە یەکجاری سلێمانی بەجێ‌هێشتبوو.

لە ئەیلوولی ١٩٢٢شدا لەشکری مستەفا کەمال بەرامبەر بە لەشکری یۆنان بەتەواوی سەرکەوت. بەمە ناوی ئۆزدەمیر لە کوردستانی عێراقا ئەوەندەی تر بڵاوبووەوە و دوای شەڕەکەی کورد و ئینگلیز لە نزیک دەربەندی ڕانیە، ماوەی دەسەڵاتی لە شاری ڕانیە تا دەوری قەڵادزێ و زوربەی عەشیرەتی پژدەر پەرەی سەند؛ تەنانەت گەیشتە ڕادەیەکی وا کە دەنگ هەبوو بە یارمەتی کەریمبەگی فەتاحبەگی هەمەوەند و عەباسی مەحموودئاغا و دەستەیەک لە عەشیرەتی پژدەر تاو بداتە سەر سلێمانی.

---

١. کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان، دوای ڕووخانی حکوومەتی یەکەمی شێخ مەحموود بۆشایی سیاسی لە کوردستاندا دروست بوو؛ ساڵی ١٩٢٠ حەمدیبەگی بابان کە بەتەما بوو جێگەی شێخ مەحموود بگرێتەوە و بکرێت بە حوکمداری کوردستان، ئەرکی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەی خستە سەر شانی ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا و مەحموود جەودەت و تۆفیق وەهبی تێیدا ئەندام بوون؛ بەڵام بە هاتنەوەی مستەفاپاشا یامولکی ئەو کۆمەڵەیە لەبەریەک هەڵوەشایەوە و جەمعییەتی کوردستان جێگەی گرتەوە. م.س.

٥٥

شەڕی کورد و ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە

من وەکوو لە دوای ئەم باسە ئەیگێڕمەوە لە ساڵی ١٩٢١دا چوومە کەرکووک و نزیکەی پێنج مانگێک لە مارتی ١٩٢١ تا ئاغستۆسی ١٩٢١ لەوێ مامەوە. هەرێمی سلێمانی تا ڕەواندز بەرەو ئاژاوە ئەچوو و سەرەتای ئاشووب و شۆڕشێکی گەورە خۆی دەرخستبوو. کاتێ کە گەڕامەوە سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشا کە لەناو شارا هەواڵ بە دڵی ئینگلیزەکان بوو، هەواڵی دەرەوە و عەشایر بەتایبەتی لە هەرێمەکانی سەنگاو و چەمچەماڵ و ڕەواندز و ڕانیە تا ئەهات زیاتر ئەورووژا و گەردەلوولی شۆڕش زیاتر هەڵیئەکرد.

تۆپی هەمەوەندەکان و بەشێکی پژدەر لە حکوومەت یاخی بوون. کەریمی فەتاح بەگ ڕەئیسی هەمەوەند دوای کوشتنی کەپتەن بۆند و کەپتەن ماکن خۆی هاویشتبووە باوەشی ئۆزدەمیرەوە و لەو ناوەدا ئاگری ئەنایەوە. ئینگلیزەکان ویستیان ئەم ئاگرە بکوژێننەوە و هێزی کرێگرتەکەی سلێمانی «لیوی»یان ناردە سەریان، بەڵام زوو بیریان کەوتەوە کە ئەم هێزە بەرگەی کوردەکان ناگرێ. لەبەر ئەوە دوابەدوای ئەوان لە عەسکەری سیک و هیندوو لەشکرێکی تریان نارد بە هاواریانەوە. هەردوو هێزەکەی ئینگلیز لە نزیک دەربەندی ڕانیە لە ژێر سەرەکی کەریمبەگ و عەباسی مەحموودئاغا و غەفوورخانی ناودەشتا تووشی بێچووە شێرەکانی کورد هاتن (٢٣ی ئاغستۆسی ١٩٢٢). من کە بەینێک بوو گەڕابوومەوە سلێمانی چەن ڕۆژێک پێش شەڕەکەی ڕانیە، بۆ سەردانی مامەکانم چووبوومەوە کەرکووک لەوێ دەنگی شکستە گرنگەکەی لەشکری ئینگلیزم بیستەوە. لیوییەکان و عەسکەرە هیندییەکان لەلایەن سوارە سووکەڵە و ئازاکانی پژدەر و هەمەوەندەوە خراپ شپرزە کران و چەقینە قوڕ و چڵپاوی ناو مەرەزەکەی دەشتی ڕانیە. دوایی بە پەلەپروسکێ و لە ژێر پارێزگاری فڕۆکەکانی ئینگلیزا و بە ئەرکێکی زۆر ئینجا سەریان دەرکردبوو و لە دیلی خۆیان پێ ڕزگار کرابوو (١ ی ئەیلوولی ١٩٢٢). لە دوای ئەم شکستە گەورەیە ئینگلیزەکان ئیتر چارەیان نەمابوو. لە نیوەڕۆ (جنووب) و باکووری عێراق

ێـیـەی ئاگری شۆڕش بەرز ئەبووەوە و پەرەی ئەسـەند. حکوومەتی بریتانیا لەو ساڵەدا
ـە ئێسـتگەیەکی گرنگا وەسـتابوو. لەناو وڵاتی بریتانیا خۆیا کاروبار باش نەئەڕۆیشـت.
مەسـەلەی شـێواوی ئابـووری (اقتصادیات) بەرهەڵسـتێکی گرنگ و گـەورە بوو لە پێش
دەمی کاربەدەسـتەکانا. خەڵق (شـەعب) لە شـەڕ خۆی ئەپاراسـت، چونکە لە ژێر باری
پێویست و تەکالیفی شەڕا پشتی نوشتابووەوە و هێزی هەڵگرتنی ئەم بارە قورسەی نەمابوو.
ڕۆژنامەکانـی لەندەن دەربارەی وەزارەت و کاربەدەسـتان بـە دەنگێکی بەرز و بەهێزەوە
ئەیانقیژاند و هەڕەشـەیان ئەکرد. وەزارەتی ئینگلیز لە عاسـت ئەم هەڵمەتانە و کارەساتی
گرنگی کاتا سەری لێ شێوابوو و گێژ بووبوو.

موئتەمەری ئینگلیزەکان لە قاهیرە[1] و باسی مەسەلەی کورد و عەرەب

مستەر چەرچڵ

چەرچڵ[2] تـازە هاتبـووە وەزارەتـی موستەعمەراتەوە. بـۆ گفتوگـۆ دەربارەی کاروباری وڵاتەکانـی عـەرەب و عێـراق بەینێک لەوەبەر (لە ساڵی ١٩٢١) مەندووبە سامییەکانی وڵاتەکانـی خـۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی لـە قاهیـرە کۆکردبـووەوە، لـەم کۆبوونەوەیەدا کە لە ژێر سەرەکی چەرچڵ خۆی کرابوو لەناو باسەکانی ترا باسی کوردی عێراقیش هاتبووە پێشەوە. بە بۆنەی بڕیاردان

١. کۆنگـرەی قاهیرە لە ١٢-٢٢ی ئازاری ١٩٢١دا، لەسـەر داوای وینسـتۆن چەرچڵ گیـراوە کە تازە بووبوو بە وەزیری موسـتەعمەراتی بریتانیا. هەموو فەرماندە سـەربازی و مەندووبی سـامی و بەرپرسـە سـەربازی و مەدەنییەکانـی بریتانیا لە شـاری قاهیرە پایتەختی میسـر ئامادەی کۆنگرەی قاهیرە بوون بۆ وتووێژ لەسـەر بارودۆخی ناوچەکە و دانانی ستراتیژی بریتانیا بۆ ساڵانی ئایندە. م.س.

٢. وینسـتۆن لیۆنارد سپێنسـر چەرچڵ (١٨٧٤ - ١٩٦٥)، سیاسـەتمەدار و ئەفسـەر، مێژوونووس، نووسـەر و هونەرمەندی بەریتانی بوو. لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا وەزیری کاروباری موستەعمەرات بووە؛ لە دووەمین جەنگی جیهانیدا و پاشـتریش نێوان ١٩٤٠ تاوەکوو ١٩٤٥ و دواتر لە ١٩٥١ تاوەکوو ١٩٥٥ سـەرۆکوەزیرانی بریتانیا بووە. م.س.

بـە دانانی حکوومەتێکی نیشـتمانی بـۆ عەرەبەکانی عێراق کە ببێتە هـۆی دامرکانەوەی شـۆڕش، لەوەش دوابوون کە لە بیری شۆڕشـگێڕەکانی کوردیش بگەن و بزانن کە ئەگەر لەگـەڵ عەرەبەکانا پێکەوەلکانیان ڕێنەکەویـت لێیان (واتە لە عەرەب) جیا بکەنەوە و بـۆ کوردیـش بـڕیاری حوکمێکـی تایبەتی بـدەن... ئەمانە هەمـوو ئـەوەی ئەگەیاند کە حکوومەتی بریـتانیا هاتبووە سـەر ئەو باوەڕە کە تەنیا بە هێزی چەک ئەم وڵاتە (وڵاتی عـەرەب و کورد)ی بـۆ ئیدارە ناکرێ. ئەوەش لەوێ بێ کـە هێزەکانی لە کرێیا، هەواڵی ئابووری وڵاتەکەی خۆی لە وەسـتاوێکی جێی داخ و لێکدانەوەدا، خەڵقەکەی بریتانیا لە حاڵێکی پەرێشان و ناخۆشا بوو و کردەوەکانی حکوومەت و سیاسەتەکەی دەرەوەی نەئەسـەلماند. لەبـەر ئەمانـە ئینگلیـزەکان لـە قاهیـرە بـڕیاریان دابوو کە لە عاسـت شۆڕشـگێڕەکانا هەر بە هەڕەشـەی هێز و بەکارهێنانی چـەک نەجووڵێنەوە... دوای ئەم موئتەمەرە بە ماوەیەک فەیسەڵی یەکەم وەکوو لە جێی خۆیا بە درێژەوە باسی ئەکەین کـرا بە مەلیکـی عێراق (٢٣ی ئاغستۆسـی ١٩٢١)، بەڵام کوردەکانی هەرێمی سـلێمانی و زوربەی کوردەکانی شارەکانی تریش لە هەڵبژاردنی «مەلیـک»دا دەنگیـان نەدابـوو. لەبـەر ئەمە و هەموو ئەوهۆیانە کە لە سـەرەوە هۆنیمانەوە لە کاتێـکا کـە لە نیـوەڕۆ (جنووب)ی عێـراق و لە بەغدا، بـە بیانووی داوای لابردنـی ئینتیدابەوە، عەرەبەکان خەریکی نانەوەی شۆڕش بوون و بە بۆنەی جەژنی یەکەمی تاج لەسەرنانی فەیسەڵی یەکەمـەوە «کۆکس»[1] کە چووبووە قەسـر[2] (٢٣ی ئاغستۆسی ١٩٢٢)، دەربارەی خۆی و حکوومەتی

سێر پێرسی کۆکس

١. سـێر پێرسـی کۆکس (١٨٦٤ - ١٩٣٧): یەکێک بوو لە کەسـایەتیە دیارەکانی بریتانیا و سـاڵی ١٩٠٤ هاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوای شۆڕشی ١٩٢٠ کرا بە حاکمی سیاسی عێراق و ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە دروستکردنی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەو وڵاتەوە. م.س.

٢. قەسر: بەلات، بلاط.

بریتانیا لەلایەن هەندێ لەوانەوە کە لە دەوروپشت و حەوشی «بەلات»دا وەستابوون هەندێ قسەی سووکی لە بەردەما کرا، هەواڵ گەیشتە ڕادەیەکی گرنگ و جێی دەرەک. لەسەر ئەمە کۆکس بە بیانووی نەخۆشیی لەناکاوی مەلیکەوە[1] حوکمی گرتە چنگی خۆی و دەسی کرد بە داخستنی ڕۆژنامەکان و بە گرتنی نیشتمانپەروەرەکانی عەرەب و ناردنیان بۆ دەرەوەی عێراق. لە کاتێکا ئەمە هەواڵی بەغدا و دەرەوەی بەغدا بوو لە هەرێمەکانی خۆرهەڵات و باکووری عێراق، واتە لە کوردستانا وەکوو باسمان کرد هەواڵ لەمە باشتر نەبوو. لە مێژووی ٢٣ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە لە ڕانیە شکستی لەشکرەکانی ئینگلیز بەر ئەو ڕۆژە ئەکەوێ کە لە بەغدا، کۆکس لە بەغدا دەمار گرتبووی و ڕەوشتی زۆر خراپی ئەنواند و ئیتر چارە نەمابوو و پێویست بوو کە تا زووە مەسەلەی کوردستانی عێراق بە ئەنجامێک بگەیەنرێت!

کۆکس لەو نامەیەدا[2] کە دوای مردنی میس بێل[3] بۆ دایکەکەی نووسیبوو، لەگەڵ بەسەرهات و کارەساتەکانا، کە لە کاتێکا خۆی مەندووبی سامی بوو ڕووی داوە و بۆ چارەکردنی لە ژیریی میس بێل و عەقڵ و تەگبیری کەڵکی وەرگرتووە، ئەیگێڕێتەوە و

١. باسی هەرای ڕۆژی جەژنی یەکەمی تاج لەسەرنانی مەلیک و ئەوانەی کۆکسی مەندووبی سامییان تووڕە کردبوو لەگەڵ کردەوەکانی کۆکس لە دوای نەخۆشیی لە ناکاوی مەلیک، لە جێی خۆیا بە درێژەوە بۆتان ئەگێڕینەوە...

٢. نامەی باسکراوی کۆکس لە کتێبی «صفحة من تاریخ العراق الحدیث»دا لەلایەن مامۆستا «بەشیر فەرجۆ»وە کراوە بە عەرەبی.

میس بێل

٣. میس بێل لە ١٩١٦ هەتا ١٩٢٦ لە بەغدا بەناوی سکرتێرەی کاروباری خۆرهەڵاتەوە لە دائیرەی مەندووبی سامی عێراق لە بەغدا لەگەڵ سێر پێرسی کۆکس و سێر هانری دۆبس خزمەتی کرد و لە ١٩٢٦دا لە بەغدا مرد. پێش ١٩١٦ش بەینێکی زۆر لە دەشت و بیابانەکانی «جزیرة العرب»، لە نەجد و لە سووریە و لە عێراق گەشتێکی دوورودرێژی کردبوو و شارەزای هەواڵی هەموو وڵاتی عەرەب بوو. زۆرێ لە گەورەکان و سەرەک عەشیرەتەکانی ئەناسی. لەبەر ئەوە لە دائیرەکانی ئیستعلاماتی بریتانیا لە بەسرە و دوای ئەوەش لە دائیرەی مەندووبی سامی لە بەغدا لە ڕووی شارەزایی و وریایی خۆی و ئاگە داری لە هەواڵ و لە پیاوان، ماوەی ١٠ ساڵ یارمەتی گەورەی کۆکس و هانری دۆبسی دا و بە مانایەکی تر خزمەتی سیاسەتی بریتانیا و وڵاتەکەی خۆی کرد.

ئەڵـێ: «دوای شکسـتی لەشـکری لیـوی و هیندییەکان لە نزیـک ڕانیە، بڕیارمـان دا بە کێشانەوەی هەموو ئینگلیزەکان لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا.» لە دوای ئەمەوە باسی ئەوە ئەکا کـە ئەمانـە چۆن بە فڕۆکەکانـی ئینگلیز لە ماوەی تاقە ڕۆژێکا بێ‌ئەوە بشـڵەژێن وە یا دوا بکـەون بـە جوورێکی ماهیرانە گوێزرانەوە بەغدا و ئەمە بـە کارێکی زۆر گرنگ و جێی سـپاس و شـانازی ئەژمێرێ بۆ هێزی فڕۆکە و بۆ فڕۆکەوانە بـەکار و بەنرخەکانی ئینگلیز. لێرەدا ئێمە شیعرێکی گەپاوی (هەزلی) شاعیرێکی عەرەب هاتەوە بە بیرمانا کە ئەڵێ:

ففی الهیجاء ما جرَّبت نفســـی　　　ولکـــن فی الهزیمـــة کالغزال

با لە باسـەکەمان لا نەدەیـن. حکوومەتی مەلیک فەیسـەڵی یەکەمیش لەو کاتەدا لەوانە نەبوو کە بەربەست‌دانەوەی شۆڕشی کورد بگرێتە ئەستۆی. لەبەر ئەوە سلێمانی بەجارێ بێ حکوومەت بوو و لە ڕەواندزەوە تا سـلێمانی، باکوور و خۆرهەڵاتی عێراق[1] کەوتـە دەرەکـەوە و لـە ژێر هەڕەشـەی هەڵمەتـی دەسـتەی ئۆزدەمیر و ئەو لەشـکرە کـوردەدا مایەوە کە دوژمنی ئیـدارەی ئینگلیز بوون، بەڵام گەورە ناودارەکانی ئەو ڕۆژەی سلێمانی بەڕاستی پیاوانە هاتنە پێشەوە و دەسبەجێ لە مەکتەبەکەی ئیعدادیی زەمانی عوسـمانییا کۆبوونەوە و بەناوی مەجلیسـی میللییەوە لە ژێر سـەرەکیی شـێخ قادری حەفیددا هەیئەتێکیان هەڵبژارد کە تا ئاسـۆی سیاسەت ڕوون ئەبێتەوە و حکوومەتێکی شـەرعیی کـورد و خاوەن‌دەسـەڵات دائەمـەزرێ لەلایەکـەوە شـارەکە لە ئاشـووب و ئاژاوە بپارێزێت و کاروباری خەڵق ببا بەڕێوە، لەلایەکیشـەوە بەرهەڵسـتی ئەوە بکا کە هێزەکانی تورک وە یا عەشـایری کورد بە هەڵە نەچن و هەڵمەت بەرنە سەر سلێمانی...!

---

١. بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ لێرەدا وەڵامی ئەو برا کوردە بدەمەوە کە بێ‌ئەوە ناونیشـانی خۆی بدا نامەیەکی بۆ نووسـیبووم و لەو نامەیەدا فەرمووبووی کە کوردسـتانم ناو ناوە شیمالی عێراق کە ئەمە ڕاست نییە. هەر برا کوردەکەمان ئەڵێ: «چونکە کوردستان تا کێوەکانی حەمرین و بەم لاتریشەوە درێژ ئەبێتەوە...» وەڵامی من بۆ برا خۆشەویستە دڵسۆزەکەمان هەر ئەوەندەیە: «کوردستان تا بناری بەغداش بێ، مانای ئەوەیە کە کەوتووەتە شـیمالی عێراقەوە.» هەروەکوو کە وتمان تورکیا کەوتووەتە شیمالی عێراقەوە، مەبەسمان ئەوەیە کە سنووری شیمالی عێراقە، بەڵکوو مەبەسمان ئەوەیە کە تورکیا لە شیمالی عێراقە. هەروەکوو ئەتوانم بڵێم ئەم تەعبیرەش ئەوەندەی تەعبیرەکەی ئێمە ڕاست نییە، چونکە تورکیا لە ڕاستییا نەکەوتووەتە شیمالی عێراقەوە؟ نازانم حاڵی بوون ئەڵێم چی؟

٥٦

ئەنجامی کۆمەڵەی سەربەخۆیی

کۆمەڵە لە ڕاستیدا کە تەنیا بەڕێوەبەرەکانی هەیئەتی ئیدارە و ئەوانەی لە شارا بوون بە ڕێک‌وپێکی و بەردەوام یەکترییان ئەبینی وە یا کۆئەبوونەوە، چونکە لەسەر بنجێکی بەهێز دانەکوترابوو و بەرنامەیەکی نووسراوەی نەبوو لەسەری بڕوا و باوەڕپێکراوێکی گشتی وە یا سەرۆکێکی بەوەزن و سەنگینی بۆ دانەنرا بوو، واتە هێشتا تەنیا هەر گەڵاڵە کرابوو و بە نیزام و بەرنامەیەکی پوخت و هەڵسەنگێنراو نەئەبرا بەڕێوە؛ جگە لەمەش لەبەر ئەوە کە ئەو حەوت ئەندامەی کۆمەڵەیان بەڕێوە ئەبرد جارێ تەنیا بیریان لەوە ئەکردەوە کە منەوەرەکانی ئەو دەورە و ئەهالی و ئەمانەش لەگەڵ سەرەک عەشیرەتەکانی دوژمن و ناحەزی ئینگلیز لە یەک نزیک بخەنەوە و بەم جوورە هەستی قەومی لەناو هەموو دەستە و هۆز و پۆلێکی شاری و دێهاتی و عەشایرا بڵاو بکەنەوە و لەمانە گەلێکی خاوەن هەستی قەومی و بیروباوەڕێکی پوخت و یەکجوورە و بێ‌تویکڵ بێننە ناوەوە؛ بەڵێ لەبەر ئەوە کە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە بەتەما بوون دوای ناسینی هەموو ئەوانە کە لە شارەکان و دێهات و لەناو عەشایرن و دوژمن بە ئینگلیزەکانن و چارەیان ناوێن و دوای هەڵسەنگاندن و تاقی‌کردنەوەیان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی بەتین و بەهێز بە ناویانا دەربارەی مەسەلەی کورد و بۆ ژیاندنەوەی هەستی قەومی و شعوورێکی گشتیی کوردایەتی یەکیان بخەن و ئینجا ئەوانە کە جێی متمانە بن و هیوای کەڵکیان لێ بکرێ بیانگرنە ژێر ئاڵای کۆمەڵەوە و بەرنامەی سیاسی کردەوەی کۆمەڵایەتییان بۆ دابنێنن، واتە لەبەر ئەمە کە لە کاتی گەڵاڵەکردنی کۆمەڵەدا بێ‌ئەوە گیروگرفتی تیا بکەین و لە چەن و چۆن بنواڕین ئەندامانی دوارۆژی کۆمەڵەمان هەڵبژاردبوو، ئەمانە لە وێنەیەکی گشتییا لە کەسانێ بوون کە پلەی زانیاری و تێگەیشتنیان، بیروباوەڕیان، هیوا و ئامانج، تەمەن و ناونیشان و ناوچەی کۆمەڵایەتییان بەکورتی هیچ شتێکیان یەک نەبوو و جیاوازی و تەفاوەتی زۆر وە یا کەمیان لە بەینا هەبوو. بەڕێوەبردنی کۆمەڵەیەکی وا لە کاتێکا

جووڵانەوە و ڕاستبوونەوەی گشتی وە یا کردەوەیەکی گرنگی قەومی و سیاسی پێویست بێ کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەر ئەمە و بەتایبەتی چونکە لە پێشەوە مشوور نەخورابوو و ئەنجامی بێسەرۆکی و متمانە پێکراوێکی گشتی بە بیرا نەهاتبوو، هەر بەوە کە حەمدیبەگ لە کایە کرایە دەرەوە شکستێکی خەیاڵ ورووژمی هێنا و بەجارێ دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی سارد کردەوە. بە هیوای سەرۆکیی حەمدیبەگ هەروەکوو لەلایەن نیزامی بەڕێوەبردنەوە کەمتەرخەمی کرابوو، مشووری متمانە پێکراوێکی گشتی وە یا دانانی سەرۆکیش بە بیرا نەهاتبوو. ئینجا کە دەس لە حەمدیبەگ شۆرا ئەوە نەهات بە بیرا کە هەیئەت لەناو خۆیا زەعیمێک دروست بکا. تازە کاتی ئەوە بەسەرچووبوو، بیر لە دۆزینەوەی گەورەیەک لە لاوە ـ با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ ـ ڕووی بە ئێمە وەرگێڕابوو، لە واقیعی چووبووینە دەرەوە، دوای خەیاڵ کەوتبووین و بە تەقالیدەوە نووسابووین. ئەوەمان لێکنەدایەوە کە کۆمەڵە وە یا هەیئەتی ئیدارە ئەیتوانی زەعیم دروست بکا و زەعیمێک کە لەناو خۆیا هەڵئەقولا زیاتر جێی هیوا و شایستەی پەرستن و متمانەیە...! بەڵێ ڕاست بوو کە کۆمەڵە ئاتاجی یەکێکی وەکوو حەمدیبەگ بوو و ئەگەر سەری بگرتایە و ئەو جێی سەرۆکی کۆمەڵەی پڕ کردایەتەوە لەوانە بوو کۆمەڵە لە ژێر باڵیا کۆ بێتەوە و لە ناوچەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییا لە ناونیشانی حەمدیبەگ، سوودێکی دەس کەوێ، بەڵام ئەمە ڕێنەکەوت و لەناو ئەندامە وریا و خوێنگەرمەکانیشا بیر لە دانانی سەرۆکێک نەکرایەوە، لەمەشا تا ماوەیەک حەقیان بەدەس بوو، چونکە داخەکەم ئەوانە کە بەلای دەستەی نیشتمانپەروەرەکانەوە بە کەڵکی هەڵسووڕاندنی کۆمەڵە ئەهاتن و جێی هیوا و متمانە بوون لە ناوچەی عەشایرا ئەوەندە نەناسرابوون، ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی گشتییان پەیا نەکردبوو. ئینجا هەموو ئەیزانین کە تەنانەت ئیمڕۆش زوربەی خەڵق لە وڵاتەکەمانا با پووچ و بێکەڵکیش وە یا نەخوێندەوار و نەفام هەڵخەڵەتێنەریش بێ بە ناو و نیشانی میری وە یا خانەوادەیی فریو ئەخۆن و زیاتر شوێن ئەوجوورە کەسانە ئەکەون و ئەگەر بێ و باشەکانی ئەم پۆلە پیاوانە لێم ببوورن ئەڵێم کە ئەچنە ژێر داوی فڕوفێڵیانەوە و بە تەڵەیانەوە ئەبن.

بەڵێ لە ڕووی ئەم باوەڕە سافیلکانەیەوە کە زوربەی خەڵق بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا

تۆفیق وەهبی لە جەیشی عێراقا پلەی گەیشتە عەقیدی

نەسەری بوون و لەبەر ئەوە کە ئێمە بە هیوای سەرۆکی کوردێکی میرزادەی وەکوو حەمدی‌بەگ بووین و لەناکاو لە کیسمان چووبوو، ئەگەر ڕاستتان ئەوێ لە ڕووی ئەوە کە من هەر من بم ئەنانییەت لەناو کوردا مۆدەیەکی کۆنە و یەکێکە لەو هۆیانە کە لە زۆری ئەو هەلانەدا بۆمان هەڵکەوتوو بووە بە بەرهەڵستی گەیشتنمان بە ئامانج و دوورکەوتنەوەمان لە سەرکەوتن؛ ئەو ڕۆژەش بوو بەهۆی سەرلێ‌شێوانی بەڕێوەبەرەکانی کۆمەڵە و ساردبوونەوەیان. لەوانەش نەبوون کە چارەسازی ئەو ساردییە بکەن و ڕێی ئەوە بدۆزنەوە کە لەسەر بناغەیەکی تازە و بەرنامەیەکی باشتر بکەونەوە کار. بەم ڕەنگە بناغەی کۆمەڵە کە هەر لە پێشا زۆر باش دانەڕێژرابوو، سەهۆڵی ئەم ساردییە بەجارێ هەڵیتەکاند. ئەوانەی خەڵقی دەرەوە لێمان تەکینەوە؛ هینەکانی شاریش وردەوردە لە یەک دوور ئەکەوتنەوە. هەندێکیشیان دوای پرسێکی ڕواڵەت بە یەکتری و وەرگرتنی بەڵێنی ڕەزامەندی هاوڕێکان لە ڕووی ناچاری و بە هیوای خزمەتێکی کەم‌وزۆرەوە لە کاروباری میرییا دامەزران...

مەحموود جەودەتی خوالێخۆشبوو بۆ ماوەیەکی کەم کرا بە موهەندیسی بەلەدییە و هەوڵی‌دا کە پاک و تەمیزی بخاتە شارەکەوە و کۆڵانەکان ڕاست بکاتەوە، بەڵام لە شەڕەشەقی بێ‌سوود و دوایی واز لە خزمەت‌هێنان بەولاوە شتێکی پێنەکرا. ماجدیش یەک‌دوو جار بانگ کرایە سەرا و ویستیان بیخەنە ئیشێکەوە، بەڵام سەری نەگرت.

تۆفیق وەهبی[1] هەرچەن لە کۆمەڵەدا نەبوو دیسانەوە لەبەر ئەوە کە دۆستێکی زانا و بەنرخی هەمووان بوو و بەتایبەتی بەهۆی گیانی دیموکراتی خۆیەوە خۆشەویستی سەرپاکی لاوەکان بوو، من بزانم هەر لەبەر ئەمە ئەویش ڕەوانە کرایە بەغدا.

دوایی بیستمانەوە کە لەوێ کراوەتەوە بە زابت و گەڕاوەتەوە جەیش. هەرچەن حەقیشم نەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە ئەم کارەم بۆ تۆفیق وەهبی بە کەم و بە ناشایستە زانیبوو. لەبەر ئەوە لە نامەیەکا کە بۆم ناردبوو تانووتم لێدا و زۆرم لۆمە کرد. بەینێک لێم زیز بوو، بەڵام دوایی ئاشتمان بووەوە...



دیمەنی قەڵا کۆنەکەی کەرکووک لەلای ئەو دەرگایەوە کە بە خاسەدا ئەڕوانێ

١. تۆفیق وەهبی‌بەگ (١٨٩١-١٩٨٤)، نووسەر، زمانەوان، مێژوونووس، سیاسەتمەند و ئەفسەری سەربازی بەناوبانگی کورد بوو. کۆلیجی سەربازی لە ئەستەمبووڵ تەواوکردووە و بووە بە ئەفسەر؛ ساڵی ١٩٢٩ کراوە بە فەرماندەی کۆلیجی سەربازی لە بەغدا و دواتر لە ساڵی ١٩٣٠ کراوە بە موتەسەریفی پارێزگای سلێمانی و پێش ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لەسەر کار لابراوە. ساڵی ١٩٤٣ بووە بە وەزیری ئابووری و ساڵی ١٩٤٨ بووە بە وەزیری مەعاریف و ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی بەریتانیا بووە. شەش زمانی زانیوە، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی عێراقدا هەبووە. زۆر شارەزایی لە بواری شوێنەوارناسی کوردستاندا هەبووە، چەندین نووسینی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا کراوە بە ئەندام لە ئەنجومەنی پیاوماقووڵانی عێراق (مجلس الاعیان) و لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ عێراقی جێهێشتووە و چووەتە شاری لەندەن و دواساڵەکانی ژیانی لێ بەسەر بردووە و هەر خەریکی نووسینی مێژووی کورد و نووسینی بابەتی زمانەوانی کوردی بووە، تاوەکوو لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٥دا لەو شارە لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا کۆچی‌دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە چیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاکی کورد پیرەمەگروون بە خاک سپێردراوە. م.س.

٥٧

تەلەگرافێک لە کەرکووکەوە؛
ئەوەندەی نەمابوو ببم بە وەکیلی ئەحمەدئاغا، دواجار بە کاتبی

لەم ڕۆژانەدا من لە کەرکووکەوە لە شوکری عەبدولئەحەد تەلەگرافێکم وەرگرت. ئەیوت: نازری مەعاریف وا لە کەرکووک تۆی داوا کردووە. بێ‌وەستان وەرە. چاوەڕوانتە. من شوکریم بە منالی ئەناسی، بەڵام سەروساختم لەگەڵیا نەبوو. لە دیانەکانی گەڕەکی قەڵایە لە کەرکووک. لە کاتێکا من لە بەغدا لە ئیعدادی عەسکەریی عوسمانی ئەمخوێند ئەو لە کەرکووک لە قوتابخانەی سوڵتانی بوو. لە وچانێکی هاوینا و لە گەڕانەوەما بۆ سلێمانی لە کەرکووک چاوم پێی‌کەوتبوو و ناسیبووم، کە ئینگلیزەکان هاتبوونە کەرکووک کردبوویان بە مودیری مەکتەب. لەبەر ئەوە دیار بوو نازر[1] منی بۆ ئەوە لەوێ بمکا بە موعەللیم. لەو وەختەدا موعەللیم وا بەئاسانی چنگ نەئەکەوت، بەڵام چۆن و کێ منی دابوو بە دەمەوە؟! چونکە من ئافرۆز کرابووم و لە دائیرەکانی میرییا ڕێی هات‌وچۆم نەبوو. لە کاروباری میرییا دامەزرانم بە یەکێکی وەکوو شوکری پێک نەئەهات. لەبەر ئەمە هاوڕێکانم وای بۆچوون کە ئەمە بۆ دوورخستنەوەی من لە سلێمانی ڕێکخرابێ. منیش بەرەو نابووتی (ئیفلاس) ئەچووم. هەرچی پووڵ و پارەم هەیە خەرجم کردبوو. تەنانەت خشڵەکانی خێزانەکەشم فرۆشتبوو، واتە ژیانێکی سەخت و تاڵم ڕائەبوارد.

ئەحمەدئاغای کەرکووکی‌زادە بەڕاستی یارمەتی ئەدام، تەنانەت کە مستەفای مامی لە بەغدا مرد و کاروباری تیجارەتیان بێ وەکیل مایەوە ویستی من بکا بە وەکیل. قالەی برازای (قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید) دوای ئەمە من جوابم دا، لەسەر ڕاسپێری من بوو بە وەکیل. بەینێکیش ئەحمەدئاغا ویستی حیساباتی سلێمانیم بداتە دەس، لەبریتی ئەمەش ئامادە بوو کە زۆر کەڵکم بگرێ. لەبەر ناو و ناتۆرەی خەڵقی سلێمانی

---

١. نازر کە بە دەستووری تورکەکان پێیان ئەوت «ناظر»، واتە وەزیر. ئەم فارڵە دواجار کرا بە نازری مەعاریفی فەلەستین کە ئەو وەختە ڕاستەوڕاست لە ژێر ئیدارەی ئینگلیزا بوو...

ئەمەشم نەکرد. لەوە ئەترسام ناوم بنێن کاتبەکەی ئەحەرەش،[1] هەروەکوو تا مرد بە عەبدوڵڵا ئەفەنییان ئەوت کاتبەکەی ئەحمەدی حاجی کەریم.

ویستمان خوێندنخانە[2] بکەینەوە

پێش تەلەگرافەکەی شوکری بە ماوەیەکی کەم ڕۆژێ لەلای میرزا تۆفیقی خوالێخۆشبوو دانیشتبووین، لەگەڵ هاوڕێکانا بیرمان لە خوێندنخانەیەک کردەوە. لە کتێبەکانی مێژووی بێگانەکانا خوێندووتانەتەوە کە هەندێ پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی بەڕاستی، دەسیان لە جێگە و ناوچەی بەرزیان هەڵگرتووە و بۆ پێگەیاندنی منداڵانی قەومەکەیان قوتابخانەی تایبەتییان داناوە. ئێمە لەو ڕۆژەدا لاسایی نیشتمانپەروەرەکانمان ئەکردەوە.

بەڵام بۆمان نەئەکرا قوتابخانەیەک بکەینەوە، لەگەڵ ئەمەشا ویستمان شتێک هەر بکەین. بۆ ئەوە لەلایەکەوە بژین و بخلافیین، لەلایەکیشەوە ببین بەهۆی ڕاهێنانی لاوەکان لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوەی زانستی و شارەزایی لە مێژوو و لە ئەدەب. ئەم بیرە سەری بگرتایە و بهاتایەتە دی بۆ ئەو ڕۆژە لە مەیدانی خزمەتی وڵاتا هەنگاوێکی گەورە بوو ئەهاوێژرا.

تۆفیق قەزازی ڕەحمەتی،[3] بەدڵ هانی داین و بەڵێنی ئەوەی دا کە دووکانەکانی لای

---

١. ئەحمەدئاغا شۆرەتی ئەحەرەشی هەیە کە لەبەر ئەسمەری پێستی و بە دەستووری سلێمانی کە ناو لە هەموو کەسێک ئەنێن بەویش ئەڵێن ئەحەرەش.

٢. خوێندنخانە بە مانای قەرائەتخانە، واتە بە مانای جێگەی خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب، نەک بە مانای دەرسخانە وە یا قوتابخانە.

٣. ناوی میرزا کوڕی حاجی ئەحمەدی کوڕی حاجی حەسەنی قەزازە. مامی کەسایەتی ناوداری کورد، سەعید قەزازە. یەکێکە لەو کەسانەی لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ بەشداری ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای کرد، لەبەر ئەمە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەت لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەستگیر کرا و ڕەوانەی دەرەوەی سلێمانی کرا. ئەم پیاوە هەندێک کاری ناوازەی لە شاری سلێمانی ئەنجام داوە ، لەوانە میرزا تۆفیق یەکەم کەس بوو کە باڵەخانەی لە شاری سلێمانی دروستکرد و تا ئێستاش ئەم باڵەخانەیە لە شەقامی مەولەوی هەر ماوە؛ هەروەها ئەو یەکەم کەس بوو کە شوێنی گەشتیاری سەرچناری ناوەدان کردەوە بۆ ئەوەی خەڵک ڕووی تێبکەن و دواتر کەسانی دیکە هاتن پەرەیان بە کارەکەی دا. وەک ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی کۆچیدوایی کرد. م.س.

چاخانەکەی حسەکەڕمان[1] سەرلەنوێ و بە وێنەیەک کە بۆ ئەم مەبەسە دەس بدا بۆ دروست بکاتەوە.

لەم کاتەدا مەحموود گورج ڕاست بووەوە، وتی ڕاوەستن بچم ئیستعفا بکەم، کە وتمان لەبەر چی؟ وتی ئەی ئێوە ناڵێن خوێندنخانە بکەینەوە؟ لەسەر ئەمە دەسمان کرد بە پێکەنین. بە ڕەحمەت بێ مەحموود جەودەت زۆر عەنتیکە و قسەخۆش و بزێو بوو، بە هەڵەش نەچووبوو، چونکە داخەکەم ئەم بیرەشمان سەری نەگرت و نەهاتە دی...!

❁❁

ڕۆژێکیش لەگەڵ عەزیزی حاجی سالْحی برازای ئەحمەدئاغا کە زۆر ڕەفیقێکی خۆشەویستم بوو لە خانەکەی ئەوانەوە ئەچووینە ماڵەوە. لە عاستی حەوزەکەی بەلەدییە کە مەحموود دروستی کردبوو تووشی کەپتەن بیلی ئاشنای کۆن هاتین. بیل دوای ئەوە کە چووبووەوە لەندەن بە ماوەیەکی کەم، دووبارە گەڕابووەوە عێراق و چەن مانگێک بوو لە سلێمانی حاکمی سیاسی ناوچە بوو. من قەت نەچووبوومە لای و خۆم نیشان نەدابوو. لەبەر ئەوە ویستم خۆمی لێ هەڵە بکەم و تێپەڕم، بەڵام ئەو بەردەمی لێ گرتم. ئیتر چارم نەما و خۆشوچلۆنیم لەگەڵ کرد. دوای گلەیی ئەوە کە نەچوومەتە لای هەواڵی ڕابواردنی لێ پرسیم. پێموت کە بە کاسبییەوە خەریکم. وتی من بزانم کاسبی بە تۆ ناکرێت، لەبەر ئەوە وەرە لام بۆ دائیرە و هەر کارێکی تۆ بتەوێت ئامادەم بۆت بکەم. لە وەڵاما پێموت: سپاست ئەکەم کارم زۆر باش ئەڕوا بەڕێوە و پێویستم بە هیچ جوورە یارمەتییەک نییە.

وادیار بوو کە لەم وەڵامەم دڵگیر بوو، چونکە لە دوای ئەوە وەکوو لەناکاو بیری کەوتبێتەوە وتی: بەڕاست هەواڵی یووسف بەگی ئاشنات ئەزانی؟ وتم نە. ئەو وتی داخەکەم مرد. یووسف بەگ نەک هەر ئاشنا، بەڵکوو دۆستێکی گەلێ بەڕێز و بەنرخم بوو خۆی لە خانەوادەی پاشا کۆرەی ڕەواندز و خزمی لەعلی خانی خێزانی سەعیدبەگی

---

١. حسەکەڕ (وەستا حسێنی چایچی) برای وەستا مارفی خەیاتی کەوا و سەڵتە بوو و ئەم دوو برایە بە قسەی نەستەق و پیاوناس و زماندرێژی ناسرابوون.

عەبدوڵلاپاشا و دایکی خوالێخۆشبوو ئیسماعیل بەگ بوو. پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بوو و ئینگلیزەکانی خۆش نەئەویست. یووسف بەگ وەکوو بیل وتی نەمردبوو.

عەزیزی حاجی ساڵح،[1] ئەحمەدی جەلالی عەزیزئاغا، ئەحمەد سائیب

بەڵکوو بە جوورێکی بێ‌رەحمانەی نهێنی و ئەسراراوی لەناو برابوو. لەبەر ئەوە بیل ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە بەرامبەر عیناد و سەرکەشی منا بە مەبەسێکی تایبەتی و بوغزاوی ئەمەی بیری من ئەخستەوە...!

---

١. عەزیزی حاجی ساڵحی کەرکووکی‌زادە قوتابییەکی ژیر و زرنگ و لاوێکی شۆخ و شیرین و ئازا بوو. هەر لە منداڵییەوە بە سوارچاکی و نیشان‌شکێنی ناوی دەرکردبوو. زۆر بە نازداری بەخێو کرا و لە تافی لاویدا جوانەمەرگ بوو (١٩٢٢).

له کەرکووک کرام بە مامۆستای قوتابخانەی زەفەر[١]

لەلایەن ئەو تەلەگرافە کە لە کەرکووکەوە بۆم هاتبوو بیری هاوڕێکانم و بەتایبەتی بیری ماجد و مەحموودم پرسی. هەردووکیان زۆر بەگەرمەوە پێیان وتم لێی نەوەستم و ئەم هەلە لە دەس نەدەم. ئەو وەختە ڕێی سلێمانی کەرکووک هێشتا قیرتاو نەکرابوو و تەنانەت بەتەواوی ڕێکیش نەخرابوو. لەبەر ئەوە ئۆتۆمۆبیل دەسی هەموو کەسێ نەئەکەوت و زۆری خەڵق بە سواری وڵاخ هاتوچۆیان ئەکرد.

ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ ئەو دەمە لە سلێمانی بوو. چوومە لای بە منالی لە مەکتەبی ئیعدادی موڵکی سلێمانی پێکەوە قوتابی بووین. تۆفیق بەگی باوکیشی بە ڕەحمەت بێ لە ئۆردووی (لەشکری) عوسمانییا هاوڕێی باوکم بوو و لە هەرێمی «پەسوە»دا ماوەیەک پێکەوە ڕایانبواردبوو. داوای وڵاخێکم لە ئەحمەدبەگ کرد دەسبەجێ ناردی وڵاخێکیان هانی و لەگەڵ پیاوێکی خۆیا ڕەوانەی کردم. جارێ چوومە لای ڕەشید جەودەت کە لەو ڕۆژەدا موهەندیسی ڕێگە بوو و نزیک تاسڵووجە خێوەتی هەڵدابوو.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ وڵاخێکم لە کاک ڕەشید سەند و هینەکەی ئەحمەدبەگم ناردەوە. ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە گەیشتمە چەمچەماڵ. سەعیدی چەلەبی لەوێ مودیری ماڵ و شێخ محەممەدی بەرزنجی[٢] قازی بوو. شەوێک لە خزمەت ئەوانا زۆر خۆشمان ڕابوارد و لە نیکتە جوانەکانی جەنابی قازی بەڕاستی لەزەتمان وەرگرت. بۆ سبەینێ چەلەبی، فەتحوڵلا کەرکووکی لەگەڵ ناردم و چوومە کەرکووک. نازر لەوێ نەمابوو و چووبووە مووسڵ، بەڵام شوکری ڕاسپاردبوو کە بە گەیشتنم بۆ کەرکووک دەس بکەم بە دەرس وتنەوە و لەمە «فارڵ» بە تەلەگراف ئاگادار بکا. من بەم جوورە هەر ئەو ڕۆژە لە قوتابخانەی زەفەر (ظفر) بووم بە مامۆستای ڕیازیات و زمانی تورکی و بێ وچان چوومە پۆلەکانەوە و دەسم کرد بە دەرس وتنەوە.

---

١. زەفەر یادگاری سەرکەوتنی ئینگلیز بوو لە شەڕی یەکەمی گشتییا.

٢. برا گەورەی سەید ئەحمەدی بەرزنجییە کە بە سفارەتی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود نێررابووە پاریس. شێخ محەممەدی قازی، بە قازی گۆجە ناوی دەرکردووە. [تێبینی: نووسەر دواتر ڕوونی کردووەتەوە کە لەو کاتەدا سەید عەلی کوڕی شێخ محەممەد قازی چەمچەماڵ بووە. س]

فـارڵ[1] لە مووسـڵەوە بـە تەلەگراف وەڵامـی دایەوە و ئەمـری دانانم بە مامۆسـتایی وەرگـرت (١٩٢١/٣/١٦). لەو دەمەدا لە کەرکووک بێجگە لە زەفەر قوتابخانەیەکی تریش هەبوو، پێیان ئەوت مەدرەسەی عیلمییە. مەلا قادری ئیمامی بەناوبانگ، مودیری ئەم مەدرەسـەیە بوو. ئـەم مەلایە کە دواییش بوو بە مودیری ئەوقاف دۆسـتی ئینگلیزەکان. بەڵام بەڕاستی پیاوێکی ژیر و دانا و تێگەیشتوو بوو.

کەرکووک و پردە کۆنەکەی بەردەمی قەڵا



مەدرەسەی عیلمییە لە کەرکووک، کە لە زەمانی عوسمانییا لە پێشا ڕوشدییە بوو دوایی کرا بە سوڵتانی «سلطانی»

١. جیـرۆم فارڵ Jerom Farrel، دەرچووی زانکۆی کەمبریج. پێـش ئەوەی بچێتە ڕیزی فەرمانگەی هەواڵگری بریتانیاوە مامۆستای یاریدەدەر بووە لە کۆلێژی ڕەکبی. سەرەتای داگیرکردنی مووسڵ نازری مەعاریفی مووسڵ بووە، دواتر بووەتە ڕاوێژکاری وەزارەتی مەعاریفی عێراق. م.س.



مەدرەسەی مەرکەزی لە کەرکووک
(مەلا قادری ئەوقاف ئەمەی لە جێی مەدرەسەی زەفەر دروستکرد)

لەبەر ئەوە ئەم مەدرەسەیە کە لەلایەن ئەوقافەوە کرابووەوە و لەچاو ئەو ڕۆژەدا خوێندنخانەیەکی گەورە و لەبەرچاو بوو خرابووە ژێر ئیدارەی مەلا قادرەوە. عیلمییە لە پێشا لە بینای مەکتەبەکەی ڕوشدییەی زەمانی عوسمانییا بوو کە پێش شەڕی گەورە کرابوو بە سوڵتانی. ئەم بینایە ئەکەوتە قەراغ ڕووباری خاسەوە؛ بە بەری سەرادا و دەرگای دەرەوەی مەکتەبەکە ئەیڕوانییە ئەو شەقامە کە بەهۆی پردە کۆنەکەوە هەڵئەچوو بە قەڵادا...

مەلا قادر

زەفەر (ظفر) لە دوای گرتنی کەرکووک بە یادی سەرکەوتنی ئینگلیز لە شەڕا کرابووەوە. جگە لە شوکری عەبدولئەحەدی مودیر، ئەوانە کە لەو ڕۆژەدا مامۆستا بوون ڕەشید عاکف هۆرمزی و ساڵح قازی یا ساڵح بولشویکی کوڕی قازییەڕەشەی بەناوبانگ، سەعدوڵڵای کوڕی موفتی دەروێش ئەفەندی و ئەوڕەحمانی مەلا مەحموودی مەزناوەیی زانا و عەللامەی کورد و شەوکەتی عەبدوڵڵا ئەفەندی مامم و سەید هادی و چەن کەسێکی تر بوون.

شەوکەتی عەبدوڵڵا ئەفەنی (شەوکەت عەبدوڵلا)[1]

لەمانە ئەوڕەحمانی مەلا مەحموود هەر ئەو ساڵە بە ڕەحمەتی خوا چوو. بەڕاستی لە ژیری و زیرەکییا بلیمەتێک بوو بۆ خۆی! مەکتەبەکەمان لە خانەقای سەید ئەحمەددا کرابووەوە. خەڵق و بەتایبەتی کوردەکانی کەرکووک ئەمەیان بە بێحورمەتییەک دائەنا بۆ سەید ئەحمەد و بۆ خانەقا، چونکە بە جوانیان نەئەزانی مەکتەبێک کە یادگاری سەرکەوتنی دەوڵەتێکی نامسوڵمانە لە خانەقادا بکرێتەوە. لەم ڕووەوە تانووتیان لە مەلا قادر و ئەوانە ئەدا کە لەو دەمەدا نزیک بە ئینگلیزەکان بوون. مەکتەبەکەمان ئیبتیدایی بوو و نزیکەی ٣٠٠ قوتابییەکمان هەبوو. لەو دەمەدا مەکتەب بە وێنەیەکی سەخت ئەبرا بەڕێوە. موعەللیم (مامۆستا) لەگەڵ خۆی قەمچی وە یا شووڵێکی ئەبردە پۆلەوە و لە قوتابی پێ‌ئەدا. ڕێگەی پێگەیاندنی تازە، واتە تەربیەی حەدیسە هێشتا سەری بە عێراقا نەکردبوو...

---

١. شەوکەتی مامم خوا لێی‌خۆش بێ بە منالی بۆ من زۆر باش بوو و گەلێ کەڵکی خۆم و براکانمی گرتبوو. ماوەیەکیش لە مەدرەسەی زەفەر پێکەوە مامۆستا بووین و حەقێکی گەورەیی و هاوڕێیی بە سەرمەوەیە. ئینجا لەبەر ئەوە کە لەم وێنە بچووکەی دوارۆژەکانی ژیانی بەولاوە شتێکی بۆ بەجێ‌نەهێشتووین، بە پێویستێکی دەروونیم زانی کە بە یادگار بیخەمە ئەم یادداشتەوە؛ ئەگینا هیچی ترم مەبەس نییە...

٥٨

ڕۆژنامەی نەجمە[1]

لـەو دەورەدا لـە کەرکـووک بەناوی نەجمـەوە و بە زمانـی تورکـی ڕۆژنامەیەکی بچووک دەرئەچـوو. ئەم ڕۆژنامەیـە لەلایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە (ئیحتـلال) بۆ بڵاوکردنەوەی ئیعلانـی تاپۆ و دائیرەکانی تر و هەندێ بـەیان و تەبلیغاتی حکوومەت دەرئەهات. جگە لەمە هەندێ باس و هەواڵی ئەملا و ئەولا و جارجارەش هەندێ شیعر وە یا وتاری کورت و بێفـەڕی تورکـی تیا ئەنووسـرا. لە مامۆسـتاکانیش بـەولاوە بەدەگمـەن هەڵئەکەوت کە کەسێکی تر لە ڕۆژنامەدا شتێک بنووسێت. لەبەر ئەمە ڕۆژنامەکەی نەجمەیان خستبووە ژێر چاودێری «شوکریی» مودیری مەکتەبەکەمان. شکی تیا نییە کە شوکری جێی متمانەی حکوومەت بوو و لە ئەمری ئەوان نەئەچووە دەرەوە.

لـە ڕۆژنامـەی نەجمـەش پارەیەکـی باشـی دەس ئەکـەوت. لەبەر ئەمە دەسـتی بۆ نەئـەدا کـە بیکا بە جێـی بڵاوکردنەوەی چەشـنە وتارێ کە بۆنی سیاسـەتی لێ بێ. من هـەر چۆنـێ بوو خۆم تێوەدا و بۆ جاری یەکەم شـیعرێکی تورکیم تیـا بڵاوکردەوە. زۆر لە هاوڕێکانم پێیان خۆش بوو. تەنانەت ماجد لە سلێمانییەوە نامەیەکی ستایشی بۆ نووسیم. منیش لەسـەری ڕۆیشـتم و جارجارە شـیعر وە یا وتارێکم تیا بڵاو ئەکـردەوە. ڕۆژنامەکە کەوتـە ڕەواج. شـوکری دوارۆژی نەهاتبـووە بەرچاو و ستایشـەکانی خەڵقی بەلاوە خۆش بوو، چونکە ئیتر نەجمەی بە ڕۆژنامەی خۆی دائەنا. تا ئەو ڕۆژە لە نەجمەدا سـەروتار[2] نەئەنووسـرا، بەڵام ئیتر من نەمئەهێشـت کە هیـچ ژمارەیەکی بێ سـەروتار دەرچێت.

---

١. ڕۆژنامـەی نەجمە (ئەسـتێرە)، دوای داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن بریتانیاوە، بـۆ بڵاوکردنەوەی ئیعلاناتی تاپـۆ و دائیرەکانی حکوومەت و بڵاوکردنەوەی ئاگادارکردنەوە و بەیاناتی حکوومەت بە زمانی تورکی لەلایەن ئیدارەی ئینگلیزەوە دەرکراوە. ژمارە ١ی ڕۆژنامەی «النجمة» لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ بە زمانی عەرەبی دەرچووە، بەڵام لە ژمارە چوارەوە کراوە بە «نجمە» و حەفتەیی سـێجار بە زمانی تورکی دەرچووە. جگە لەو بابەتە فەرمیانە، شـیعر و ئەدەبیات و وتاریشی تێدا بڵاو دەکرایەوە. سەرپەرشتی ئەو ڕۆژنامەیە کەسێک بووە بەناوی شوکری عبدولئەحەد. م.س.

٢. سەروتار: «المقال الافتاحی» و بە تورکی «باشمەقالە».

باس و هەواڵی ئەو دەورە هەر هی شەڕەکەی تورک و یۆنان بوو. کەرکووک سەرەوتنی نەبوو. لەوێ نیشتمانپەروەر ئەوە بوو کە باسی سەرکەوتنی لەشکری مستەفا کەمال بکا. ئەوانەی ڕقیان لە ئینگلیز بوو لە شکستی لەشکری یۆنان ئەدوان و بەمە دەردی دڵیان سارێژ ئەکرد. بەڕاستی دۆستەکانی ئینگلیز زۆر کەم بوون و ئەمانەش لەناو خەڵقا بە چاوێکی سووک تەماشایان ئەکرا.

ڕۆژنامەکانی ئەستەمووڵ سەرچاوەی باس و هەواڵی ئەو ڕۆژە بوو. ئەوانەش کە بە عەرەبی و ئینگلیزی دەرئەچوو و ئەهاتە کەرکووک پڕ بوو لە باسی تورک و شەڕی کەمالییەکان. من خۆم لە بەغداوە ڕۆژنامە فەڕەنسزییەکان و بەتایبەتی «ڕۆژنامەی تان»م بۆ ئەهات. لەبەر ئەوە باش ئاگام لە هەواڵی تورکەکان و شەڕەکانی ئەنادۆڵ هەبوو. هەرچەن لە دڵدا ئەمزانی کە سەرکەوتنی تورک قازانجی بۆ کورد تیا نییە، وەکی تریش باوەڕم بەوە نەبوو کە کوردستان لە ئەنجامی سەرکەوتنی لەشکری یۆنان لەدایک ببێ.

ئەو هەموو هەلانە کە لە دەس درابوو، ئەو سستی و ساردییە کە بەرامبەر بە کورد لە سیاسەتی ئینگلیزا ئەبینرا، کردەوە ناڕەوا و ناشایستەکانی سۆن و حاکمە سیاسییەکانی تری ئینگلیز و گەلێ شتی تر منی وا لێکردبوو کە بڵێم مەسەلەی کوردستان مەبەسی تەواوی ئینگلیز نییە. جگە لەمە دەماری خۆرهەڵاتی، مسوڵمانی، ئاشنایەتی گیانی و دێرینیم لەگەڵ تورک، خوێندنم لە تورکیا و شارەزاییم بە زمانی تورکی، سەردەمی ژیانم لە ئەستەمووڵ، وردبوونەوەم لە سورشتی ڕۆمییەکان[1] و لە بنج و بناوانی ڕەوشت و خوویان تێگەیشتنم، هەموو لەوانە بوو کە قازانجی کورد و مەسەلەی کوردستانی لێ بکرێتە دەرەوە بۆ هیچ مەبەسێکی تر نینۆکی تورک بە باوکی یۆنان نەگۆڕمەوە. ئەو ڕۆژە وەکوو گەلێ کەسی تر منیش بە هەڵە چووبووم. هەڵمەت بردنی یۆنانم بۆ سەر تورک بە شەڕفرۆشتن، بە پەڵپ پێگرتن و بە زوڵم ئەزانی. لە چاو منا تورکەکان قەومێکی ئازا و جوامێر و خاوەن ڕابووردوویەکی پڕ لە ورشە و فەڕ بوون. بەلای منەوە تورک ئەو

---

١. ڕۆمی وە یا ڕوومییەکانی ئەستەمبووڵ کە لە دەوری قوتابییەتی ئێمەدا زۆریان لە ئەستەمبووڵ ئەژیان و کاسبییان ئەکرد هەموو خۆیان بە یۆنانی دائەنا و دوای شەڕی گەورە بەجارێ چوونەوە یۆنانستان.

میللەتــە خۆرهەڵاتییە گەورە و مســوڵمانە بوو کە لەگەڵ کــوردا و بەڵکوو لەگەڵ هەموو قەومەکانی تری خۆرهەڵاتا مێژوویەکی دوورودرێژی دۆســتایەتی و پەیوەستێکی دینی و نژادی و تێکەڵایەتی خوێنی هەبوو. ئەوەم ئەهاتەوە بە بیرا کە ئێمە کوردەکان با هەندێ لاپەڕەی خوێناویشــی تیا هەبێ ساڵەهای ســاڵ لە ژێر یەک ئاڵا، ئاڵای خۆشەویستی عوســمانییا پێکــەوە ژیابوویــن و هەروەکــوو دوکتۆر شــوکری ســەگبان[1] ئەڵێ: لەســەر ســنوورەکانی تورکیــا بەرامبەر بــە قەومەکانی دونیا شــەڕمان کردبوو و بە ســەریانا زاڵ بووبووین؛ تامی ســەرکەوتنمان چەشتبوو و خۆهەڵکێشان بەمانەوە غەڕا و سەرمەستی کردبوویــن. بەکورتــی لەگەڵ تورکا مێژوویەکــی دوورودرێژمان هەبــوو. یۆنان هەرچەن خاوەنی ڕابووردوویەکی پڕفەڕ بوو، بەڵام ئەو ڕابووردووە بۆ یۆنانی ئیمڕۆ نەئەهاتە ژمارەوە، بەڵکوو ئەوە بە ڕابووردووی یۆنانی کۆن ئەژمێررێ، بەناوی یۆنانێکی ئەســاتیرییەوە دێت بــە بیرا، ئــەو یۆنانە کە لەگەڵ یۆنانی تازەدا لە خەیاڵ و ئەفســانە هــەزاران پەردەیان لە بەینایــە؛ چونکە یۆنانی تازە لە ویلایەتێکی ژێردەســتی دوێنێی عوســمانی؛ یۆنانییەکان لــە هاوقەومێکــی زەلیــل و ســەرنەوی ڕۆمییەکانــی ئەســتەمووڵ بــەولاوە شــتێکی تــر نەبــوون. ئــەو ڕۆژە بــە هاندانی ئینگلیز و بە چەک و ســیلاحی دەوڵەتێکــی بێگانە کە بە دوژمنایەتی قەومەکانی ڕۆژهەڵات و خوێنمژینی مســوڵمانەکان شۆرەتی ڕۆیشتووە ئەیویســت شکستی لەشکرەکانی تورک لە شەڕی گەورەدا بە هەل بژمێرێت و دوای ئەو خاکــی تورک داگیر ئــەکا، بەڵکوو بەتەمای ئەوە بوو، کە حوکمی قەیســەرەکانی ڕۆمانی خۆرهــەڵات لە ئەســتەمووڵا زنــدوو بکاتەوە. ئەمانە بە بیری منــا ئەهات و لە ژێر تینی ئەم خەیاڵانەدا من لە کارەساتەکانی ئەو دەورە ورد ئەبوومەوە. خوێنی خۆرهەڵاتییەکی

---

١. محەممەد شــوکری ســەگبان ســاڵی ١٨٨١ لە دیاربەکــر لەدایکبــووە و ١٩٠٣ خوێندنی پزیشــکی تەواو کــردووە و ١٩٠٨ بووەتــە ئەندامی جەمعییەتی کورد (تەعــاون و تەرەقی)؛ دواتر لــە ١٩١٨ بووەتە ئەندامی جەمعییەتی تەعالی کوردســتان. دوای هاتنە ســەر دەســەڵاتی مســتەفا کەمال لە ریزی ئەو ١٥٠ کەســەدایە کــە بــە خائین لە قەڵــەم درابوو. لــە ١٩٢٣ تاوکوو ١٩٣٩ لە عێراق ژیــاوە و دوایی ئەو کتێبــە بووەتە مایەی بەخشــینی و گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا و پەشــیماننامەی نووســیوە و لــە کتێبێکدا کوردی بە بەشــێک لە تورک لــە قەڵەم داوە، لەســەر ئەوە ڕەفیق حیلمی لــە کتێبێکدا وڵامی داوەتەوە. لە ٨ی ئایــاری ١٩٦٠ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

مسولمان لە ڕەگەکانی لەشما ئەگەڕا. یۆنانەکانم ئەبوغزاند. قینم لە ئینگلیز بوو. هەموو خەڵقەکەی ئەو ڕۆژە بووبوون بە تورک‌خوا، وەکوو فارس ئەڵێ:

«نە از حب علیست از بغض عمرست!»

لەگەڵ منا زۆر کەسی تر نەک لە خۆشەویستی تورک، بەڵکوو لە ناخۆشەویستی یۆنان وە یا لە قینی ئینگلیز داوای سەرکەوتنی مستەفا کەمالمان ئەکرد. ئەوانەی ئەمەیان نەئەکرد لە قامووسی ئەو ڕۆژەدا بە خائین ناویان نەبردنایە بە ئینگلیزخوا ئەدرانە قەڵەم. لەبەر ئەمە وتارەکانی منیش هەوای تورکی لێ‌ئەدا و دەنگی تورکی لێوە ئەهات.

لە وتارێکا ئەموت: ئەو ڕۆژە دوور نییە کە لەشکری یۆنان لە بەرامبەر دلێرانی تورکا بەرەو دوا بگەڕێنەوە و پێش ئەوە خۆی بگەیەنێتە کەشتییەکانی یۆنان لەسەر ڕۆخی دەریا، لە ئیزمیر لەشکری مستەفا کەمال بگاتە سەری و بە نووکی سونگی تورک بڕژێنرێتە زەریایەوە...! ئینگلیزەکان بەڕاستی سەیرن و هەناسەیان درێژە. من کە موعەللیمێک بووم و لە خۆمەوە تێهەڵقوتابووم و ڕۆژنامەکەی حکوومەتم گرتبووە دەس، لەناو ئەو ڕۆژنامەیەدا دەربارەی حکوومەت ئەدوام. ڕەغنەم لێ‌ئەگرت. ستایشی تورک و زەمی یۆنانم ئەکرد. ئەو یۆنانە کە بە چەک و پارەی ئینگلیز خەریکی لەناوبردنی تورک بوو لەوە ئەگەڕا کە بە بێخی تورکا بچێتە خوارەوە و ناوی لە خەریتەی گێتییا نەهێڵێت، لەگەڵ ئەمەشا ماوەیەکی زۆر نقەیان لێوە نەهات.

جارێکیش لە وتارێکا وەنیزەلۆس داهیەی ئەو ڕۆژەم بە سەرسەری دائەنا. تانووتم لە سیاسەتی ئینگلیز ئەدا، بەڵام ئیتر وردەوردە نووسینەکانم کاری کردبوو. خەڵق بەرەبەرە چاویان ئەکرایەوە. زمانیان بژابوو. زماندرێژییان ئەکرد. پەروایان نەمابوو. بەئاشکرا ستایشی تورکەکانیان ئەکرد و جنێویان بە یۆنان ئەدا. ناوی من بەتایبەتی بەهۆی نەجمەوە لە هەموو باکوورا دەنگی دابووەوە. لە دیواخانەکانا باس باسی ڕۆژنامەی نەجمە و وتارە بەتینەکانی ڕەفیق حیلمی بوو، شوکری مودیر ڕۆژێکیان بانگی کردمە ماڵی خۆیان؛ ئەو شەوە تا درەنگ بە خواردنەوە و قسەی خۆشەوە ڕامانبوارد، ئینجا باسی ڕۆژنامەکەی (نەجمە)ی کردەوە.

بە قسەی ئەو حاکمی سیاسی زۆری گلەیی لە ڕەوشتی تازەی نەجمە بوو و ئەیویست

منی لێ دوور بخرێمەوە. لەلایەکی تریشەوە وتی لەبەر ئەوە کە تورکی باش ئەزانی و ئەنووسی ئەگەر بێتوو وشەی ئەوە بدەی کە بەپێچەوانەی مەرام و سیاسەتی ئینگلیزەکان ئەجووڵێیتەوە و بە جوورێکی بۆت دائەنێن نەجمە ببەی بەڕێوە، ئینگلیزەکان ئەیانەوێ هەر تۆ بە سەر ڕۆژنامەکەوە بی و جگە لەمەش مەواجبێکی قەڵەویشت بۆ ئەبڕنەوە. من لە وەڵامی شوکرییا وتم ئەگەر وا نەکەم چی ئەبێ؟ وتی لە پێش هەموو شتێکا تۆ دەرئەکەن و دوای ئەوە لەبەر ئەم هەڵەیە کە کردوومە و ڕێی تۆم داوە بە نووسین ڕۆژنامەکەشم لێ‌ئەسێننەوە... وتم هەر ئەمەندە؟ وتی من ئەڵێم ئەمەندە! بەڵام دوور نییە کە لەمە زیاتریش بکەن. وتم وەکوو چی؟

وتی وەکوو ئەوە کە لە مەکتەب دەرتکەن و لە عێراقیشت بکەنە دەرەوە و ڕەوانەی هیندستانت بکەن... شوکری گەرم بووبوو. وەکوو بەڕووی لە دەما تەقی بێ، هەڵیئەڕشت، بەڵام من هەر لەسەرخۆ و بە ساردێکەوە وەڵامم ئەدایەوە تا گەیشتە باسی ناردنم بۆ هیندستان. ئەوساکە وتم: گەشتێکی هیندستان بەخۆڕاییی! شوکری تێگەیشت کە وشەکانی کەڵک ناگرێ و لە دڵی منا جێی نابێتەوە. لەبەر ئەوە بڕییەوە. بۆ دووسبەی بە نامەیەکی ڕەسمی «میللەر»ی موفەتیشی ئیداری، ڕێی نووسینیان لە من گرت. دوای ئەمە کەسێکی ئەوتۆش لە نەجمەدا نەیئەنووسی، چونکە ئەوەی ئەنووسرا ئەبوو بچێتە لای کابرایەکی هیندی بەردەستی میللەر. ئەم کابرایە کە ناوی خۆی نابوو مودیری تەحریرات و بە تڕ گۆیژەی ئەکێڵا، ئەبوو نووسینەکان ببینێ و ئیمزای موبارەکی لەسەر دابنێ... چونکە ئیمزای مودیر نەبووایە نەئەخرایە چاپەوە...!

دوای چەن ڕۆژێکیش بە تەلەگراف ئەمری گۆڕانم وەرگرت. کرابووم بە مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت لە سلێمانی (٢٠ی ئاغستۆس (ئاب)ی ١٩٢١). محەممەد بەشقە ئەو ڕۆژە بەناوی موفەتیشی مەعاریفەوە لە کەرکووک نوێنەری نازر (ناظر) بوو. پێم وت ناچم. ویستی تێم‌بگەیەنی کە بچم باشە، بەڵام بە قسەم نەکرد. ڕۆژی دووەم لە بەغداوە تەلەگرافێکی ترم بۆ هات و لە وەزیفە دەرکرام...

دیمەنی پردە کۆنەکەی کەرکووک دوای ڕووخانی

به هەڵە چووبووم

ئینکاری ناکەم من لەوەدا کە لەسەر تورکم ئەکردەوە بە هەڵە چووبووم، بەڵام لەناو کوردا هەر من بە هەڵە نەچووبووم. ئێمە کە لە عێراقا بووین ئاگای تەواومان لە کوردەکانی تورکیا و تەنانەت ئاگامان لە نیشتمانپەروەرەکانیان نەبوو. وەکوو لە پێشا وتبوومان کۆمەڵەکانی سیاسی کوردی ئەستەمووڵ، عێراق و کوردەکانی عێراقیان نەخستبووە ژمارەوە وە یا هیچ نەبێ نوێنەرێکی خۆیان تا لای شێخ مەحموودیش نەناردبوو. لەبەر ئەمە بە کوژانەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود و ڕەوانەکرانی بۆ هیندستان و دوای ئەوە کە تەقەلاکانی سەید تەها و ئینگلیز لەگەڵ حەمدی بەگ بە هیچ دەرچوو و سەری نەگرت خەڵقی تر چییان بە بیرا ئەهات نایزانم، بەڵام بەلای منەوە بۆ ئەو ڕۆژە مەسەلەی کورد لە عێراقا بڕابووەوە.

لە تورکییاشا ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێ بوو کوردی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات[1] لەگەڵ مستەفا کەمال چووبوونە ژێر پەیمانەوە و بەپێی «میساقی میللی» بۆ پاراستنی نیشتمانی شەریکایەتی کورد و تورک! شانبەشانی لەشکری مستەفا کەمال و لە خەتەکانی پێشەوەی شەڕا هەڵمەتیان ئەبردە سەر لەشکری یۆنان. حکوومەتی عوسمانی لە ئەستەمووڵدا کە بازیچەیەک بوو بەدەس سەرکردەکانی لەشکری داگیرکەرانەوە بەتەواوی کز بووبوو و دەسەڵاتی هیچی نەمابوو. لەبەر ئەمە کۆمەڵەکانی سیاسی کورد کە لەوێ بوون تازە بە هیوای حکوومەتی ئەستەمووڵ نەمابوون و کەڵکێکیان لێ دەس نەئەکەوت. لەولای تریشەوە مستەفا کەمال هەروەکوو بە هەر جوورێک بێ سوارەکانی کوردی ناردبووە خەتەکانی پێشەوەی شەڕ، هەزاران تەلەگرافیشی بە کوردی شارەکان ئەنووسی و ئەینارده کۆنفرانسی ئاشتی و بەمە شەریفپاشای نوێنەری کۆمەڵەکانی کوردی بە درۆ ئەخستەوە. ئەو نووسەرە بێگانەیە کە مستەفا کەمالی بە گورگەبۆر[2] ناونابوو

١. ویلایاتی شەرقییە.

٢. گورگەبۆر: بۆز قورت، «الذئب الأغبر».

بە هەڵە نەچووبوو.

گورگەبۆر هەروەکوو لە ناوچەی شەڕی سەربەخۆیی وڵاتا یاری بە کەللەی دوژمن ئەکرد، لە ناوچەی سیاسەتیش توانی کە یاری بە عەقڵی کورد بکا. لە هەڵبژاردنی تازەی مەبعووسانا سێیەکی نائیبەکانی لە کورد هەڵبژارد و ئەمانە لە «مەجلیسی گەورەی میللەت»دا لە ئەنقەرە تەمسیلی کوردیان ئەکرد. ئیتر چییان ئەویست؟ بەم سیاسەتە ژیرانەیە مستەفا کەمال گرەوی بردەوە و بۆ ئەو ڕۆژە کوردەکانی فریو دا و ژێری کردنەوە و هەر بەم سیاسەتەش بوو کە توانی دوای ئەوە کوردەکان لە خۆی نزیک بخاتەوە و لە تەقەلا بۆ کوردستان دوایان بخا و ساردیان بکاتەوە، دەوڵەتە سوێندخۆرەکانیشی لە مەسەلەی کورد پەشیمان کردەوە و بەهۆی کەڕێکی[1] وەکوو عیسمەت پاشاوە (ئینۆنوو) پەیمانی سیڤەری پێ هەڵوەشاندنەوە. ئەوەش لەوێ بێ کە وەکوو ئەمانبیستەوە مستەفا کەمال وای بردبووە مێشکی کوردەکانی تورکیاوە کە دوای بڕانەوەی شەڕی تورک و یۆنان هاتوو گەورەکانی کورد ئیدارەیەکی تایبەتی و سەربەخۆیی کوردستان بۆ ژیانی برایانەی کورد و تورک بە باشتر بزانن بۆ خۆیان، بە هیچ کلۆجێک تەگەرە نەیەنێتە ڕێیان و ڕێی سەربەخۆییان لێ نەگرێ...

---

١. کەڕ: گوێگران، «أطرش».

ئەو ڕۆژە کە لە وەزیفە دەرکرام تۆفیق ئەفەنتی مامی گەورەم هاتە لام و دڵی دامەوە. لەو دەمەدا پارەشی هەبوو، وتی بە تەنگەوە مەبە، تۆ بۆ وەزیفە دەس نادەی. کاغەزت بۆ ئەنووسم، بچۆ لە بەغدا تا ٣٠٠٠ ڕووپیە وەرگرە و شتومەکی پێبکڕە و دووکانێ دابنێ! دوای چەن ڕۆژێک چوومە بەغدا و خەریکی ئەوە بووم هەندێ شتومەک بکڕم.

حەمدی بەگ ڕۆژێکیان هات بە شوێنما و بردمی بۆ ئوتێل. لەوێ بەدەم قاوەخواردنەوەوە باسی نووسینەکانی ڕۆژنامەی نەجمەی هانییە پێشەوە، لەوە زیز بوو کە لەسەر تورکم کردووەتەوە، کە بیری خۆم عەرز کرد نەچوو بە دڵیا. منیش هەندێ شتم لەو پرسی. لەوە ڕەنجا و بێئەوە کە هیچ بڵێ هەستایە سەرپێ. تێگەیشتم کە سەخت بووە. زۆر بەئەدەبەوە لێی جیا بوومەوە و ئیتر ساردی کەوتە بەینمانەوە. دوای چەن ساڵێک لە لەندەنەوە بە سەردان هاتبووەوە. لەلای دوکتۆر شوکری سەگبان تووشی بووم. سەروریشی بووبوو بە کڵووی بەفر. بەڕاستی داخم خوارد. قەت نەمئەویست کە کوردێکی بەنرخی وەکوو حەمدی بەگ لە کزییا ببینم.

ئێوارەیەکیان لەسەر پردەکەی مۆد تووشی فارڵ بووم. لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەی چاوەڕێ بوو ڕێی بۆ بکرێتەوە. من تێپەڕ بووم و سەڵاوم بۆ نەکرد، وامزانی کە نەیناسیمەوە، چونکە تەنیا جارێک منی دیبوو. ئەوەش کە دوای دامەزرانم بە مامۆستایی جارێکی تر بە تەفتیش هاتبووە کەرکووک محەممەد بەشقە ناردی بە شوێنما. چووم و لە ژوورەکەی ئەوا چاوم پێی کەوت. بە تورکی قسەی لەگەڵ کردم، بەڵام شێوەی قسەکردنی وا نەبوو کە بە ئاسانی تێی بگەم. پایپەکەشی بە لچەوە بوو، لەبەر ئەوە وشەکانی باش دەرنەئەکەوت. سەلیم حەسونی[1] لەگەڵ بوو. بە فارڵی وت بە فەرەنسزی قسەم لەگەڵ

---

١. سەلیم حەسون لە دیانەکانی مووسڵ بوو. ئەو ڕۆژە موفەتیشی مەعاریف بوو لە بەغدا و لە گەڕانەکانی فارڵی نازرا لەگەڵی ئەبوو. نازر زۆر متمانەی پێئەکرد. لە زمانەکانی فەرەنسزی و عەرەبییا زۆر شارەزا بوو، کە لە تەفتیش جیابووەوە ڕۆژنامەی «العالم العربی» دەرئەهێنا کە لەو دەورەدا باشترین ڕۆژنامەی عەرەبی بوو لە بەغدا. نووسینەکانی و سەروتارەکانی گەواهێکی تەواوی شارەزایی بوو لە ئەدەب و لە سیاسەتدا. لەگەڵ منا کەمێک ناسیاوی هەبوو... [سەلیم حەسون (١٨٧١- ١٩٤٧)، لە مەسیحییەکانی مووسڵە، دەرچووی

بکا. فارڵ دوای ئەمە بە فەڕەنسزی لەگەڵم دوا. لێی پرسیم کە لە مەکتەب چی ئەڵێمەوە؟ وتم حیساب و هەندەسە و زمانی تورکی. تەبەقێ کاغەزی هەڵگرت و هەندێ شتی لێ نووسی، دوایی دایە دەس من. دوو پرسیاری بە فەڕەنسزی نووسیبوو. یەکێکیان لە بابەت تەناسبی مورەککەب وە یا تێکەڵەوە، ئەوی تریشیان لە بابەت خێرایی (سورعەت)ەوە بوو، هەر بە فەڕەنسزی وەڵامەکانم بۆ نووسییەوە. وادیار بوو کە بە دڵی بوو. وتی: پێویستە تۆ هەر موعەللیمی بکەی... ئەمە یەکتر بینینی ئێمە بوو.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە کە من لەسەر پردی مۆد تووشی فارڵ بووم ڕەمزی کەرکووکی موعەللیم چووبووە لای، لەو هەواڵی منی پرسیبوو. بە ڕەمزی وتبوو کە دوێنێ دیومە و ئەمەوێ بێتە لام لە دائیرە چاوم پێ بکەوێ. ڕەمزی ئێوارە لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکان (سوق الهرج) لای دووکاندارێکی کورد منی دۆزییەوە. پێیوتم کە فارڵ ئەیەوێ بچمە لای. وتم پێی بڵێ چاوم پێی نەکەوت و منیش نەچوومە لای...

سلێمان‌خانی کە لەمەوبەر باسمان کردبوو بۆ سەردانی کەس‌وکاری چووبووە تاران؛ لەو ڕۆژانەدا گەڕابووەوە، لە بەغدا تووشم هات. وتی دوێنێ لای فارڵ بووم. هەواڵی تۆی لێ پرسیم و لەوم زانی کە تۆ- واتە منی نووسەر- لە بەغدای. تکای لێ‌کردم کە بە تۆ بڵێم بچی چاوت پێی‌بکەوێت. بەویشم وت ناچم. وتی لەبەرچی؟ ئەوساکە باسی خۆم و دەرکرانم لە وەزیفە و هۆی هاتنم بۆ بەغدا بۆ سلێمان‌خان گێڕایەوە.

سلێمان‌خان وتی ئێنجاکە کارت پێی نەبێ باشتر. دەستووری پیاوانە ئەوەیە کە بچیتە لای و هاتوو باسی کارێ وە یا وەزیفەیەکی لەگەڵ کردی بڵێ نامەوێ و سپاست ئەکەم. قسەکانی سلێمان‌خانم لا بەجێ بوو. سبەینێ چوومە لای فارڵ، زۆر بە شیرینی بەرەو پیری کردم. دوایی وتی: من لەسەر داوا کردنی ئیدارەی کەرکووک تۆم گۆڕی بۆ سلێمانی. بۆچی نەچووی؟ بەسەر دەمما هات، وتم لەماڵەوە نەخۆشم هەبوو و پێم نەئەکرا بچم.

قوتابخانەی دومنیکانی مەسیحییەکانە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا نووسین و وتاری هەیە، چەند کتێبێکی لەسەر زمان بڵاوکردووەتەوە. ساڵی ١٩٢٤ چووەتە وڵاتانی ئەورووپا و پاش گەڕانەوەی چاپخانەیەکی دامەزراندووە و ڕۆژنامەی «العالم العربی» دەرکردووە؛ ساڵی ١٩٣٧ بۆ ساڵی ١٩٣٩ نوێنەری بەغدا بووە لە مەجلیسی نوابی عێراق. هەڵوێستەکانی میانەڕەوانە بووە و لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

کەمێ بێدەنگ بوو و دوایی وتی: جێی داخە کە لە کاتێکا ئەبوو یارمەتی بدرێی لە وەزیفە دەرکراوی. وتم جێی داخ نییە سپاستان ئەکەم. ماوەیەکی باش دانیشتم. هەرچیم وت کەڵکی نەبوو. ئەیویست دامنێتەوە بە مامۆستا. وشەکانی زۆر جوان و پیاوانە بوو. نە نازرێکی ئینگلیز بەرامبەر بە موعەللیمێکی دەرکراوی وەکوو من هیوای ئەوە نەئەکرا. شەرم گرتمی و بەڵێنمدا کە بچم بۆ سلێمانی... ئەو دەمە داوای لیستە (قائیمە)یەکی کرد و پیشانی دام. هی مامۆستاکانی کەرکووک بوو کە پلە(دەرەجە)یان بەرز کرابووەوە. یەکەم ناو هی من بوو. وتی: ئەبێ تۆ مامۆستایی، واتە خزمەتی زانستیی قەومەکەت بکەی...

من لەناو دڵی فارڵ شارەزا نەبووم. ئەشیانوت کە کابرایەکی وشک و ئیستعمارییە، بەڵام ئەوەی لێم دیوە ئەیگێڕمەوە. زۆر جاری تریش ئەم باسەم لە جێی خۆیا گێڕاوەتەوە...


مزگەوتی حەیدەرخانە

فارڵ هەر بەمەوە نەوەستا. مامۆستا بەشقە[١] ئەو رۆژە لە بەغدا و ئەوساتە لە مەعاریف بوو. داوای کرد کە هات پێی وت: تۆ کەی ئەگەڕێیتەوە؟ وتی: سبەینێ. ئینجا لە منی پرسی و وتی: ئەگەر ئەتوانی لەگەڵی بگەڕێیتەوە ئەوا بە ئۆتۆمۆبیلی ئەو تا کەرکووک ئەچی. لە بەغداوە بۆ کەرکووک ئۆتۆموبیل هەر چنگ نەئەکەوت. بشبووایە زۆر بە گران رێئەکەوت. لەبەر ئەوە هەرچەن کەوتمە پەلەپەلیش وام بە باش زانی لەگەڵ بەشقە بگەڕێمەوە. دەرچوونم لە وەزیفە ماوەی ٢١ رۆژی پێچووبوو. بۆ ئەوەی شتێکی وام لە کیس نەچێ لە بەغداوە تا کەرکووک و لەوێوە تا سلێمانی کرێ‌گوێزانەوەی خستمە خۆڕایی و بەهۆی کاک بەشقەوە قائیمەیەکی سەفەری تەواوم بۆ کرا و وەرمگرت...

١. مامۆستا محەممەد بەشقە ئیمڕۆ لە بەغدا لە وەزارەتی داخلییە مودیری لەچاپدراوەکانە بە زمانی بێگانە (مودیری مەتبووعاتی ئەجنەبی)یە. کورد نییە نەیناسێ. ئینسانێکی زرنگ و کارشناس و خاوەن تەربیە و ئەدەبە.

٦١

لاپەڕەیەکی تر لە شۆڕشی عەرەبەکانی عێراق

ئەگەر ئاورێک بدەینەوە سەر شۆڕشی عەرەبەکان و چاوێکی دووبارە بە لاپەڕە ٢٥٨ی بەشی ٣ی ئەم یادداشتەدا بخشێنین بیرمان ئەکەوێتەوە کە لە باسی شۆڕشی ١٩٢٠ی عەرەبەکانا تا مزگەوتی حەیدەرخانە هاتبووین و لەوێ بەناوی خوێندنەوەی مەولوودەوە ئەو کۆبوونەوە گەورانەمان دێتەوە بەرچاو کە شێخ مەهدی بەسیر بە شیعرەکانی نیشتمانی و ئاگرینی خۆی هانی ئەدان و ئەیهێنانە جۆش. لەناو لافاوی ئەم حەشاماتەدا کە لە هورووژمی خەڵقی بەغدا پەیا ئەبوو گەورە و بچووک، ژن و پیاو، کرێکار و ئاغا، خوێندەوار و نەخوێندەوار بەکورتی لە هەموو پۆل و دەستەیێ ئینسانی تیا ئەبینرا کە کڵاوەکانی سەریان نەبێ جێی تریان کەم وە یا بەدەگمەن دەرئەکەوت.

فێستی سوور و مێزەرەی سپی وە یا سەوز، کەشیدەی زەرد و جامانەی شین وە یا ڕەش و سپی، عەگاڵی سوورمە وە یا ڕەشماری،[1] مشکی و چەفتەی خۆمانە وە یا جافی، سەری ڕووت، تەپلەی هەورامی و تەقیلەی عەجەم وە یا خوودەی عەرەبی، ئیتر لە کڵاو و سەرپۆشی چەشناوچەشن و هەمەڕەنگ بە وێنەی کەفوکوڕی ڕووی زەریا شەپۆلی ئەدا و بەڕاستی نیگارێکی سەیر و جێی تەماشای ئەهێنایە ناو. ئەم حەشاماتە کە حەوشە گەورەکەی مزگەوت و سەربانەکانی و سەر دیوار و دەوری گوومەزەکان تا ئەگاتە ملیوانەی منارەکانی بە چەشنێکی وا ئەتەنییەوە جێ پێیەکی تری لێ نەبێتەوە. لە عاست گڕە شیعرەکانی مەهدی بەسیری و شەقەی چەپڵەڕێزانی بەکوڵی هەزاران ژن و پیاو و مناڵا ئینسان بەڕاستی خۆی بۆ نەئەگیرا و فرمێسکی گەرم بە چاوەکانیا ئەهاتە خوارەوە...

❁❁

لێرەدا، پێش ئەوە کە ڕاستەوڕاست بکەوینە باسی دوالاپەڕەکانی ئەم شۆڕشە گەورەیە و ئەنجامەکەی بخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان، تکای ئەوەیان لێ ئەکەین کە

١. ڕەشماری: وەکوو ماری ڕەش.

چێکدانەیان[1] فراوان بێ و بۆ ماوەیەکی کەم ئۆقرە بگرن، کە جارێ لەلایەن تێکەڵایەتی و یەکتری ناسینی بەینی ئینگلیز و عێراقەوە لە زەمانی کۆنەوە تا شەڕی یەکەمی گەورە سەرڕشتەیێ عەرز بکەین:

ئینگلیزەکان بۆ جاری یەکەم لە ساڵەکانی ١٦٣٥-١٦٣٩دا بە هاتنیان بۆ بەسرە عێراقیان ناسیبوو و لێی نزیک کەوتبوونەوە.[2] دوورکەوتنەوەی پۆرتەگاڵ وە یا پرتەقاڵییەکان لە عێراق هەلێکی گەورە بوو بۆ ئینگلیزەکان و نزیک کەوتنەوەیان لە عێراق. بەهۆی ئەو رووپێدان و یارمەتییەوە کە دیبوویان توانییان کە لە ١٦٤٣دا ناوچەیەکی بازرگانی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. دوای ئەمە ناوچەی بازرگانی «بەندەرعەباس»یش لە ساڵی ١٦٤٥دا گواستییەوە عێراق، بەڵام هۆڵەندییەکان هەر لەو ساڵەدا کەلوپەلێکی زۆری بازرگانییان ڕشتە عێراقەوە و کەوتنە رقەبەری لەگەڵ بازرگانییەتی ئینگلیز و زەرەرێکی گەورەیان پێگەیاند. جگە لەمە پاشای[3] عوسمانیشیان لێ هاندان کە فەرمانی دا بە داخستنی عەمارەکانی تاجرەکانی ئینگلیز، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دواخستنی ئینگلیزەکان لە ناردنی یەک لە دوای یەکی کەشتییەکانی بازرگانییان بۆ بەسرە.

کە عەلیپاشای[4] والی بەغدا[5] لە ساڵی ١٧٦٣دا چووە بەسرە و ئەو کردەوە خراپانەی قەبیلەکانی کەعبی بیستەوە کە لە دەوری بەسرە رووی ئەدا لەگەڵ وەکیلی شەرکەی[6] ئینگلیزا رێکەوت کە بەو شەرتە کەشتییەکانی شەرکە یارمەتی هێزەکانی والی بدا بۆ

---

١. چێکدانە: چیکەدانە، چیکڵدانە، جیکڵدانە. س.

٢. ئەم باسە بەکورتی لە کتێبی «علی طریق الهند» وەرگیراوە.

٣. لەو دەورەدا بە والی بەسرەیان ئەوت پاشا وە یا پاشای بەسرە بۆ کورتکردنەوە.

٤. عەلیڕەزاپاشا خەڵکی ترابزۆنی کەناری دەریای ڕەشە و بە بیروباوەڕ سەر بە «ڕێبازی بەکتاشی»یە. یەکەم والی عوسمانی بوو کە بەغدا و بەسرەی بەزۆر لە دەست مەمالیکەکان دەرکرد و هەموویانی کوشت. کەرکووک و شارەزووریشی خستە رکێفی ویلایەتەکەیەوە. ماوەی فەرمانڕەوایەکەی لە ساڵی ١٨٣١ بۆ ١٨٤٢، واتە ١١ ساڵی خایاند. لە سەردەمی ئەودا پشێوی بەغدا و عێراقی گرتەوە، بەڵام هەموویانی دامرکاندەوە؛ نەقیبی ئەشرافی بەغدای دوورخستەوە بۆ سلێمانی؛ حەزی لە شیعر و ئەدەب بوو. م.س.

٥. بە والی بەغداشیان ئەوت والی عێراق، کە ئەم والییە والییەکانی مووسڵ و بەسرەی لە ژێر دەسا بوو.

٦. شەریکە. س.

تەمیەکردنی قەبیلەکانی کەعب، والیش لە کاروباری شەرکەدا یارمەتی ئەوان بدا و چی بۆ شەرکە باش و پێویست بێ بۆیان بکا. لەسەر ئەمە وەکیلی شەرکە چەن کەشتییەکی نارد بۆ والی، بەڵام عەرەبەکان هەڵمەتیان بردە سەر ئەم کەشتییانە و تێکیان دا و سێ کەشتیشیان بە دیل گرت. حکوومەتی بەمبە (بۆمبای) کە بەمەی زانی ئەستەوڵێکی لە شەش کەشتی ڕێکخراوی بۆ تەمێکردنی قەبیلەکان ناردە عێراق (١٧٦٦)، والی بەغدا عومەرپاشا بوو. ئەویش هێزێکی حکوومەتی لەگەڵ مەحموودئاغای کەهیە لە بەغداوە ڕەوانە کرد، کە لەگەڵ هێزەکانی بەمبە پێکەوە بچنە سەر کەعب. عەرەبەکان بەسەر ئەمانەشا زاڵ بوون و دوو کەشتی ئینگلیز و نۆ کەشتی والی بەغدایان[1] نوقمی زەریا کرد. جگە لەمە پشتی ئەو هێزانەشیان گرتبوو کە لە کەشتییەکانەوە نێررابوونە سەر عەرەبەکان و ڕێی گەڕانەوەیان لە کەشتییەکان بردبووە بەست. لەگەڵ ئەمەشا ئەم یارمەتییە لە شەرکەوە بۆ هێزەکانی والی بووە هۆی پێشکەوتنی دۆستایەتی بەینی والی و شەرکە. ئیتر ماوەی کاروباری جەنگ و کەڵک وەرگرتنی کاری تیجارەتی ئینگلیز لە عێراقا تا هات زیادی کرد و بڵاوتر بووەوە. لەبەر ئەمە شەرکە بە پێویستی زانی کە لە عێراقا وەکیلێک دابنێت. لە پێشا کابرایەکی ئەرمەنی کرد بە وەکیل. دوای بەینێک ئەم کابرایە گۆڕا و ئینگلیزێکی لە جێ دانرا. ئەم شەرکەیە شەست‌وەکی مەعدەن و واڵای[2] خوری ئەهێنایە عێراق و بە واڵای ئاوریشمی فارسی ئەیگۆڕییەوە.

سلێمان‌پاشای گەورە[3] کە بەهۆی تەقەلا و کۆششی شەرکەوە کرابوو بە والی هەر سێ ویلایەتەکە[4] بووبوو بە گەورەترین یارمەتیدەری شەرکە. لەبریتیی ئەم یارمەتییە والیش هەر پارەیەکی پێویست بووایە لە شەرکەوە پێشکەشی ئەکرا. ئەو پارانەش کە

١. کەشتیی والی بەغدا مانای کەشتیی حکوومەتی تورکە.

٢. واڵا: قوماش، مەنسووجات.

٣. سلێمان‌پاشا (١٧٢٤-١٨٠٢)، پێشتر کۆیلەی محەممەدبەگ دەفتەرداری ڕوبەیعی بووە. سالی ١٧٧٥ بووە بە والی بەسرە، دوای دۆڕانی شەڕێک لەگەڵ کەریم‌خانی زەند بە دیلی براوە بۆ شیراز، بەڵام کەریم‌خان ئازادی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا. ساڵی ١٧٨٠ کراوە بە والی بەغدا و ناوەکەی کراوە بە سلێمان‌پاشای گەورە. لە سەردەمی ئەودا بووژانەوەیەکی گەورە لە بەغدا دەستی‌پێکرد. م.س.

٤. هەر سێ ویلایەتەکە «بەسرە و بەغدا و مووسڵ»، واتە هەموو عێراق بوو کە پێیان ئەوت ئەیالەت.

ئەینـاردە ئەسـتەموولْ، ناردنەکەی لەلایەن شـەرکەوە جێبەجێ ئەکرا. جگـە لەمانە کە بۆ لەشـکرەکانی پاشـا چەک و سـیلاح وە یا بۆ فێرکردنی مەشـق بە عەسکەر مامۆستا پێویسـت ئەبوو، شـەرکە هەمووی لە ئینگلتەرەوە بۆ ئەهانی. بەم جوورە لە دواساڵەکانی چەرخی هەژدەما ماوەی دەسـەڵاتی شەرکە گەیشتە پلەیەک کە پۆستە و ئەمانەتەکانی بە ڕێی کاروانا بنێرێتە شارەکانی ڕۆخی زەریای سپی...

هەروەکـوو عێـراق، ئەهالـی وڵاتەکانی قـەراغ خەلیجـی عەرەبیش[1] بە کشـانەوەی پۆرتەگاڵییـەکان لەم ڕۆخانە[2] ئینگلیزەکانیان لێ نزیـک کەوتبووەوە و بووبوون بە ئاشـنا. وا دەرئەکەوت کە شـەرکە (شـەرکەی ئینگلیز) خۆی لائەدا لەوە کە لەگەڵ عەرەبەکان بکەوێتە شـەڕەوە. بەوەدا کە وەختێ شـای ئێران داوای یارمەتی لە شـەرکە کرد بۆ ئەوە بچێتە سەر عومان، شەرکە یارمەتی نەدا، بەڵام بە کشانەوەی پۆرتەگاڵییەکان ئەهالی ئەم ڕۆخانە هێزیان پەیا کرد و وایان لێهات کە بتوانن بەرهەڵسـتی قازانجەکانی ئینگلیز و ئێـران و هۆڵەندەییـەکان بکەن و تەگەرە لە کاروباریان بدەن. چەن جارێـک پەلاماری کەشـتییە بازرگانییەکانیـان دان و چەن کەشـتییەکی شـەرکەی ئینگلیزەکانیان گرت و تاڵانیان کرد. لەگەڵ ئەمەشا کە شەرکە لەلایەن دەسدرێژییەکانی ئەم قەبیلانەوە گەلێ تەقریری وەرگرتبوو حاکمی «مەدارس»یش دەرباری کردەوەکانیان لە سنووری وڵاتەکەیا شەرکەی ئاگادار کردبوو، بەڵام بە هیچ کلۆجێک شەرکە خۆی لە قەبیلەکان نەئەگەیاند و دەسـتی بۆ درێژ نەئەکردن و چاوی لێئەپۆشـین. تا هاتنی نادرشا بۆ سەر تەختی ئێران هەواڵ بەم جوورە مایەوە. نادرشا ئارامی و ئاسایشی ئەم ڕۆخانەی لای پێویست بوو. لەبەر ئەوە مەسقەت[3] و بەحرەینی هێنایە ژێر فەرمانی خۆیەوە و بۆ ماوەیەک دایمرکاندنەوە، بەڵام دوای بەینێک ئەحمەدی کوڕی سەعید ناوێک پەیا بوو و مەسقەتی لە ژێر چنگی ئێران دەرهێنا و خسـتییە ژێر فەرمانی خۆی.[4] دوای ئەحمەد سـەید سـوڵتانی کوڕی بوو

---

١. خەلیجی عەرەب: خەلیجی فارس وە یا وەکوو تورکەکان ناویان لێنابوو بەسرە کورفەزی.

٢. ڕۆخ: قەراغ، ساحل.

٣. مەسقەت: مسقط.

٤. فەرمان: ئەمر وە یا حوکم.

بە جێنشـینی. لەم وەختەدا ناپلیۆن بە هەموو جووریّ خەریکی ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەو حکوومەت و ئەمارەتانە ڕێکەویّ کە کەوتبوونە سەر ڕێی هیندستان. یەکێک لەوانە کە بەدزییەوە نامەی لەگەڵ ناپلیۆن ئاڵوگۆڕ ئەکرد سـەید سـوڵتانی حاکمی مەسقەت بوو. ناپلیۆن چاوی لە هیندسـتانەوە بوو و ڕێی بۆ ئەوە پاک ئەکردەوە کە لە هەلێکا پەلاماری هیند بدا و لە چنگی ئینگلیزەکانی بێنێتە دەرێ.

ئەم وێنە بەنرخەی نادرشا لە کتێبخانەی ئەدیب و مێژوونووسی بەڕێـزی عێراق مامۆسـتا عەبدوڕەززاق حەسـەنی و لە کتێبی Four Centuries of Moderne Iraqی میسـتەر لۆنگریـک وەرگیراوە.

حکوومەتـی هینـد بەمەی زانی و دەزبەجـێ داوای لە وەکیلی خۆی کرد کە لە بووشـەهر دائەنیشـت بچێتە مەسـقەت و لەگەڵ سـەید سوڵتان هەوڵ بدا بۆ بەسـتنی پەیمانێک،[1] کە بەپێی ئەوە لە «مەسقەت»دا بەرهەڵستی دەسەلاتی نفووزی فەڕەنسزەکان بکەن. ئەم تەقەلایە سەری گرت و لە بەینی حکوومەتی هیند و «سەید سوڵتان»دا پەیمان مۆر کرا. لەلایەن هیندەوە میرزا محەممەدی وەکیلی حکوومەتی هیند پەیمانەکەی مۆر کرد و ئەمە یەکەم پەیمان بوو کە

١. پەیمان: ئیتفاق وە یا موعاهەدە.

نە بەینی ئینگلیز و سوڵتانی مەسقەتا ئەکرا.

بەپێی ئەم پەیمانە سولتان بەڵێنی بە ئینگلیز ئەدا کە فەرەنسزەکان لە مەسقەت دوور بخاتەوە و تا ئینگلیز و فەرەنسە لە شەڕا بن مەسقەت بەندەرەکانی[1] خۆی لە ڕووی کەشتییەکانی فەرەنسەدا دابخا. جگە لەمە هەر لە پەیمانەکەدا بڕیار درابوو کە لە مەسقەتدا مەئموورێکی ئینگلیز دابنرێت کە لە کاروباری حکوومەتا یارمەتی سوڵتان بدا وە یا سوڵتان بە پرس وڕای ئەو بەڕێوە بڕوا.

ناپلیۆن بۆناپارت

دوای بەینێ بۆ حکوومەتی هیند دەرکەوت کە لە بەینی مەسقەت و فەرەنسزەکانا هات وچۆکەری نهێنی هەیە و نامە ئاڵ وگۆڕ ئەکرێ. ئەمجارە هیند کەپتەن ماڵکۆلنی نارده لای سوڵتان و لە شاری هۆرمز یەکتریان چاو پێکەوت (١٨٠٠ م). ماڵکۆلن هەڕەشەی لە سوڵتان کرد و پێی وت کە هیند لە «سورات»ەوە تا کەلکەتە (کلکتە) هەموو بەندەرەکانی خۆی لە ڕووی کەشتییەکانی بازرگانی مەسقەت و هات وچۆکەرانییا دائەخا. لە عاست ئەم هەڕەشەیەدا سوڵتانی مەسقەت ناچار ما و پەیمانێکی تری تازەی بۆ ماڵکۆلن ئیمزا کرد و بەپێی ئەم پەیمانە بەڵێنی دا بە دانانی وەکیلێکی سیاسی ئینگلیز لە مەسقەتا. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئینگلیزەکان دەسیان کرد بە بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی بریتانیا بە هەموو ڕۆخەکانی خەلیجا و بۆ بچووکترین بیانوو ئەگەڕان کە بیکەن بەهۆی هەڵمەت بردن لە زەریاوە بۆ سەر قەبیلەکان و بۆ ئەوە کە دەسیان بەسەرا بکێشن. یەکەم جار لە ١٨٠٥دا خۆیان دا بە قەبیلەی ئەلجەواسم (الجواسم)دا کە لەناو قەبیلەکانی ئەو

---

١. بەندەر: میناء. ئەسکەلە.

ناوەدا، واتە لە مەنتیقەی موحایدە[1] لە هەموو ئەوانی کە بەهێزتر بوون. ئینجا بە بەستنی پەیمانی یەک لە دوای یەک، وردەوردە خستنییە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆیەوە و ئەو هێز و دەسەڵاتەی جارانی پێنەهێشتن. یەکەم پەیمانی لەگەڵ ئەم قەبیلانە لە ١٨٠٦دا بوو. بەپێی ئەم پەیمانە بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتن کە «ئاڵای شەرکە بە چاوێکی بەرێزەوە تەماشا بکرێ؛ توخنی ئەو کەشتییانە نەکەون کە ئاڵای شەرکەی هەڵدابێ. دەس بۆ ئەو کەسانە درێژ نەکەن کە لەو جوورە کەشتییانەدان وە یا پەیوەستییان پێوەیە...» بەڵام قەبیلەکان دوای ئەم پەیمانەش لە کردەوەکانی خۆیان نەئەکەوتن. تەنانەت جارێکیان هەڵمەتیشیان بردە سەر بەحرەین و عەسکەرەکانی حکوومەتی عومانیان لەوێ دەرپەڕاند. ئەم عەسکەرانە ئەوانە بوون کە لە پێش بەینێکا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نێررابوون و «عومان»یان گرتبوو، بەڵام لەسەر ئەمە شەرکە ئەمجارە هێزێکی تری گەورەی ناردە سەریان و ڕەئسولخەیمە (رأس الخیمە) کە ناوچەیەکی قایمی ئەمانە بوو وێرانی کرد و نزیکەی ١٠٠ دانە کەشتییانی سووتان. ئینجا چاریان نەما و دووبارە پەیمانێکی تازەیان لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیمزا کرد (١٨٢٠). بەپێی پەیمانی ئەمجارە قەبیلەکانی ئەو ناوە هەنگاوی یەکەمیان هاویشتە باوەشی ئینگلیزەوە و بەتەواوی کەوتنە ژێر چاودێری بریتانیاوە. هەر لەو کاتانەدا بریتانیا پەیمانێکی تری لە چەشنی ئەم پەیمانەی لەگەڵ بەحرەینیش جێبەجێ کرد...

---

١. ناوچەیەکی سێکۆچکەیی هەیە کە لە ژێر حوکمی حکوومەت وە یا ئەمارەتێکا نییە و پێی ئەڵێن مەنتیقەی موحایدە، واتە بێتەرەف، وە یا بێدەخڵ.

٦٢

دەزگاکانی[1] سیاسی ئینگلیز لە عێراقا

دوای ئـەوە کە ئینگلیزەکان لـە ڕۆخەکانی خەلیجا جێگیر بوون و لە ڕێی پەیمانەکانەوە لەگەڵ گەورەکانی ئەم ناوە لەلایەن کاروباری بازرگانیی خۆیانەوە دڵنیا بوون و ترسـیان نەما، وردەوردە دەسیان کرد بە وەرگێڕانی ئەم دەزگا بازرگانییانە بۆ سەر بارێکی سیاسی. لە ١٨١٢دا وەکالەتی بازرگانیی بووشەهریان[2] کرد بە وەکالەتێکی سیاسی. لە ساڵی ١٨٢٢دا لـە وەکالەتەکانی هەموو ناوچەکانی تریشـا ئەم گۆڕانە جێبەجـێ کرا. وەزارەتی دەرەوەی بریتانیـا تا ئـەم مێـژووە،[3] واتە سـەرەتای قەرنـی نۆزدەهەم شـتێکی ئەوتـۆی بەکەڵکی دەربارەی ئەم ناوچەیە نەئەزانی و لە هەواڵی خەلیج و ئێران و وڵاتەکانی دەوری خەلیج ئەوەندە شارەزا نەبوو، بەڵام لە مێژووی ناوبراو بەدواوە لەو جێگانەوە بەهۆی وەکیلەکان لـە هەموو بابەتێـک و هەموو جوورێـک ڕاپۆرتـی دووردرێژی بۆ ئەچـوو و لە ورد و بچـووک، بێکەڵک و بەکەڵـک لە هەموو باس و هەواڵێک ئـاگادار ئەکرا. تا وای لێ هات کە ناچار ما، واتە وەزارەتی دەرەوە، بۆ تەماشـا کردنی کاروباری ئەم ناوچانە لقێکی تایبەتی بکاتەوە و لە هەموو جوورێ پیاوی خەبیر و شارەزا بە گەلێ لە کار و کردەوەکانی تیا دابمەزرێنێ. لە پێشـا وەکیلەکانی بەغدا و بەسـرە و بووشەهر و مەسقەت لەلایەن حکوومەتی (موقاتعەیەکی) بچووکی وەکوو «بەمبە»وە دائەنران، بەڵام لەم مێژووە بەولاوە حکوومەتی هیند دانانی وەکیلەکانی گرتە ژێر دەس خۆی...

سیاسەتی بریتانیا لە عێراقیشا لەسەر ئەم پێوشوێنە ئەڕۆیشت. وەکیلەکانی شەرکە

---

١. دەزگای سیاسی وە یا موئەسسەی سیاسی.

٢. وەکالەتی بووشەهر لە سـاڵی ١٧٦٣دا بۆ ڕێکخستنی بازرگانی بریتانیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکرا؛ دوای تێکچوونی پەیوەندی بریتانیا و ئێران داخرا و سـاڵی ١٧٧٤ کرایە و بوو بە بەشێک لە وەکالەتی بازرگانی بەسرە. ساڵی ١٨٢٢ ناوەکەی گۆڕا بۆ «مقیمیة» و فۆرمێکی سیاسی لەخۆ گرت و ئەفسەرێکی پایەبڵند بەڕێوەی دەبرد. م.س.

٣. مێژوو: تاریخ.

خۆیان لە والییەکان نزیک ئەخستەوە و دۆستایەتی لەگەڵیان بەهێز ئەکرد. والییەکان لەلایەکەوە پێویستیان هەبوو بە چەک و سیلاح بۆ لەشکرەکانیان، لەلایەکیشەوە ئاتاجی ئەوە بوون کە شەرکە دەسەڵات و نفووزی بۆ بەهێز کردنی جێگە و ناوچەیان لای حکوومەتی ئەستەمووڵ بەکار بێنێ و لە دەسیسەی ناحەزەکان و ئەوانە کە چاو ئەبڕنە جێگەکانیان بیانپارێزێ. شەرکەش ئەمەی لا خۆش بوو و کەڵکی لێ وەرئەگرت و ئەم پێویستانەی ئەکرد بەهۆی نزیک‌بوونەوە لە والی و بە ئەنجام لەم ڕێیەوە نفووز و دەسەڵاتی تا ئەهات زیاد ئەبوو و هەر کاروبار و قازانجێکی شەرکە هەبووایە بە سووکی جێبەجێی ئەکرد و ئەیبردە سەر، تا وابوو کە دەسەڵاتی شەرکە لە شارەکانەوە گەیشتە ناو عەشایر و ناو دێهاتییەکان، والیش لەمە چاوی ئەپۆشی و گوێی لێ کەڕ ئەکرد...

❁❁

لە کاتێکا حکوومەتی بریتانیا هەستی بەوە کرد کە ناپلیۆن کەوتووەتە سەر بیری پەلاماردان بۆ سەر هیند، وەکوو لە پێشەوە وتبوومان بەغدای کرد بە ناوچەی موقیمێکی[1] سیاسی تاسەر[2] و لە ١٨٠٢دا پلە (دەرەجە)ی ئەم موقیمەیان کرد بە کۆنسوول و بەم تەرحە بەغدا بوو بە ناوچەی دەسەڵات (نفووز)ی بریتانیا لەم هەرێمەدا. لە ساڵی ١٨٠٨دا میستەر کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ[3] کرا بە کۆنسوول لە بەغدا.[4] ئەم کابرا ئینگلیزە پیاوێکی وریا و تێگەیشتوو بوو. لە ماوەی ١٣ ساڵا کە لە بەغدا ڕایبوارد توانی بە زرنگی و زیرەکیی خۆی دەسەڵات و نفووزی شابەندەری ئەوەندەی تر زیاد بکا و شابەندەرخانە ئەوەندە بەرز

---

١. موقیم وە یا مقیم: دانیشتوو. لێرەدا بە مانای جوورە نوێنەر (ممثل) وە یا شابەندەر (کۆنسوول)ێک هاتووە.

٢. تاسەر: دائیمی یا بەردوام یا بۆ هەموو کات و وەختێک.

٣. میستەر ڕیچ ئەوەیە کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە دەوری «مەحموودپاشای ئەمیری بابان»دا گەشتێکی ئەمارەتی سلێمانی و کوردستانی کردووە و کتێبێکی دەربارەی گەشتەکەی نووسیوەتەوە.

٤. کلۆدیۆس جیمز ڕیچ لە ٢٨ی مارسی ١٧٨٧ لە شاری «دیژۆن» لە ویلایەتی «بورگاندی» فەڕانسە لە دایک و باوکێکی ئینگلیزی لەدایک‌بووە. ساڵی ١٨٢٠ هاتووەتە ئێران و گرنگی بە شارستانییەتی کۆنی ناوچەکە داوە. لە سەفەرەکەیدا بە کوردستاندا تێپەڕیوە و کتێبێکی بەناوی گەشتێک بە کوردستاندا نوسیووە. ساڵی ١٨٢١ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

كاتەوە و بیخاتە بەرچاو تا بوو بە ناوچەیەكی كۆبوونەوەی پیاوە بەڕێزەكان و ناودارەكانی بەغدا. شابەندەرخانەی كردبوو بە جێگەی ڕابواردنی خاوەن مەنسەبەكانی حكوومەت و یەكتری بینینی سیاسییەكان.

جگە لەمە لە كۆنسوولخانەدا میوان ڕائەگیرا و لەم لا و ئەولاوە ناسیار و هاتوچۆكەرانی زانیار و بەناوبانگ ڕوویان تێئەكرد و بەم جوورە كردبوویان بە جێی كۆڵینەوە و پشكنینی شتی مێژووییی كۆن.[1]، بەڵام ئەمە زۆری دەوام نەكرد و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی نفووز و دەسەڵاتی كۆنسوولخانە بەم جوورە، بوو بەهۆی ناڕەزایی داودپاشای والی و لەگەڵ كۆنسوولدا ناكۆكییان كەوتە بەینەوە. لەسەر ئەمە داودپاشا هەچی حقووق و ئیمتیازاتێكی درابوو بەوانە، كە بێگانە، واتە ئەورووپایی بوون هەمووی لێ وەرگرتنەوە و پووچی كردەوە. سەرەڕای ئەمە كۆدەی[2] گوومرگیشی لەسەر كووتاڵ و شتومەكی تری بازرگانی ئینگلیزەكان دووچەندانە[3] كرد. گرێ و قۆرتێكی زۆری هێنایە ڕێی كۆنسوول و بەرهەڵستی هەموو كاروباری كۆنسوولخانەی ئەكرد تا وای لێ هات كۆنسوول داوای ئەوە بكا كە بەغدا بەجێ بێڵێت. پاشا ئەمەشی بە كۆنسوول ڕەوا نەئەبینی، بەڵكوو دوای ئاڵوگۆڕی نووسین و موخابەرەیەكی دووردرێژ لە بەینی هیند و بەغدا و ئەستەمووڵ ئینجا ڕێی دا كە كۆنسوول لە بەغدا بچێتە دەرەوە...[4] بەڵام بە ڕۆیشتنی داودپاشا لە

١. شتی مێژووییی كۆن: الآثار التاریخیة القدیمة، عادیات، عەنتیكە.

٢. كۆدە: ویرگو بە توركی وە یا ڕەسمی گوومرگ.

٣. دووچەندانە: دووقات وە یا موزاعەف.

٤. كورد و داودپاشای وەزیر و والی بەغدا:

داودپاشا لە ساڵی ١٨١٦ی میلادی بە ڕوتبەی وەزارەتەوە كرا بە والی بەغدا، واتە والی عێراق (بەغدا و بەسرە و شارەزوور). پێش ئەوە لە بەغدا و لە زەمانی سەعیدپاشای والیا دەفتەردار بوو. دوایی لەگەڵ سەعیدپاشا تێكچوو. لەسەر ئەمە شكی لە خۆی پەیا كرد و ترسی لێ‌نیشت و بە ئەنجام ڕۆژێ بەدزییەوە بەغدای بەجێ‌هێشت. نەیئەزانی ڕوو بكاتە كوێ؟ لەم حەلەدا نامەیەكی لە سلێمانییەوە لە مەحموودپاشای بابان وەرگرت و چووە سلێمانی. مەحموودپاشا جوان بەرەو پیری كرد و كردی بە میوانی خۆی. هەندێ لە ئەمیرەكانی تریش وەكوو سلێمانپاشای بابان ئەمیری پێشووی كۆیێ و حەریر، لە دەوری كۆبوونەوە و بە یارمەتی مەحموودپاشا بە هەموو لایەك كۆمەكی كرا و بەناوی كوردی بابان و كەركووكەوە نامەیەك ڕێكخرا و ڕەوانەی ئەستەمبووڵ كرا. لەم نامەیەدا لەبەر بێ‌كەڵكی و بێ ئیدارەیی سەعیدپاشا داوای دانانی داود ئەكرا

بەغدا هەواڵ گۆڕا و دەسەڵاتی ئینگلیز دەسی‌پێکردەوە؛ بەڵکوو لە جاران گەلێ زیاتر نفووزیان پێشکەوت و پەرەی سەند.

والییەکانی دوای داودپاشا لەوە ئەترسان کە کۆنسوول لێیان بنووسێت بۆ ئەستەموڵ و باس و هەواڵی عێراق و کردەوەکانیان لە حکوومەتی پاشا بگەیەنێ، چونکە لەوەدا شکیان نەبوو کە کۆنسوول ئاگەدارە لە بەرتیل وەرگرتنیان و لەوە کە شوێن قازانج و دەسکەوتی خۆیان کەوتوون، لە بێ‌دەسەڵاتی و بێکارەییان لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ویلایەتا، لە لاگیری ئەوانەدا کە کەڵکیان لێ وەرئەگرن، بەکورتی لە هەموو شتێکا کە سەرنجت بدایەتێ نیشانەی خراپە و ناڕەوایی و فەسادی بوو. بە ڕادەیەک کە ئیتر هەواڵی عێراق و کاروباری ویلایەت بووبوو بەجێی داخ و لێکدانەوەیەکی بەڕاستی. شێخەکانی قەبیلەکانیش بۆیان دەرکەوتبوو کە والییەکان لە کۆنسوول ئەترسن و سڵی لێ‌ئەکەن. ئەیانزانی کە کۆنسوول ئەتوانێ یارمەتییان بدا و لە شەڕ و غەزەبی والی بیانپارێزێ. تەنانەت ئەوەش تێگەیشتبوون کە دەسەڵاتی کۆنسوول گەیشتووەتە پلەیەکی وا بتوانێت

بە والی و ئەم نامەیە بە پیاوی تایبەتیا نێررابوو. دوای چل ڕۆژ مانەوەی داود لە سلێمانی مەحموودپاشا ئۆقرەی نەگرت بە خۆی و هەموو لەشکری بابانەوە و لەگەڵ سلێمانپاشای ئامۆزای داودی هەڵگرت و ڕێی کەرکووکی گرتەبەر. ئەیویست بچێتە بەغدا و بە زۆری هێزی کورد داود بکا بە والی. لە نزیک کەرکووک لە ئاشەسووره (قرمزی دەگرمەن) نامەی پاشای ئەستەمبووڵ گەیشت و موژدەی دانرانی داود بە والییەتی کوردەکانی گەشاندەوە. هێشتا نەگەیشتبوونە کەرکووک لە دێی تۆخماخلوو (طوقماقلو) بە نامەیەکی ترەوە ڕوتبەی وەزارەتیشی بۆ هات؛ بەڵام سەعیدپاشا بەینێک ڕێی داودپاشای نەدا کە بچێتە ناو شارەوە، بەڵکوو دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر داودپاشا بە یارمەتی مەحموودپاشا و کوردەکان ئینجا چووە بەغدا و کاروباری وەزارەت و والییەتی گرتە دەس. داودپاشا لە والییە بەناوبانگەکانی عێراق و وەزیرە دانا و بە کارەکانی ئەو دەورەیە لە عێراقا گەلێ کردەوەی باش و بەکەڵکی هەیە. مزگەوتی داودییە یەکێکە لە یادگارەکانی داودپاشا و ئێستە پێی ئەڵێن مزگەوتی حەیدەرخانە (١٢٤٦ی هـ / ١٨٢٧ی میلادی)، بەڵام دوارۆژەکانی ئەمیش وەکوو دەستووری ئەو زەمانە بە سەختی و بە تاڵی تێپەڕی. نەخۆشی تاعوون و هەڵسانی ئاوی دیجلە قڕی خستە ناو ئەهالی. هەندێ هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی بناغەی حوکمی داودپاشای هەڵتەکاند. بە ئەنجام ئەستەمبووڵ ویستی داودپاشا دوور خاتەوە. عەلیڕەزاپاشای والی حەلەب کرا بە سەرعەسکەر و بە هێزێکی گەورەوە نێررایە سەری. ئەمیش وەکوو سەعیدپاشا زۆری تەقەلا دا و کەڵکی نەبوو. لە حوکم دوور خرایەوە، بەڵام وەکوو سەعیدپاشای چارەڕەش نەکوژرا. لە هەندێ جێگەی تر بەینێک لە کاروباری دەوڵەتا بوو و بە ئەنجام چووە حیجاز و تا مرد لەوێ مایەوە... (تاریخ العراق الحدیث، بەرگی ٦، عەباس عەززاوی).

لەلای حکوومەتی ئەستەمووڵ بەربەرەکانی والی بکا و لەبەرچاوی پادشـای بخا وە یا بێتـە هـۆی گۆڕانی وە یا دەرکرانی ئێجگاری. لەبەر ئەمە والییەکان بەناچاری خۆیان لە کۆنسوول نزیک ئەخستەوە و تەقەلایان ئەدا کە ببن بە دوست و خۆشەویستی.

میستەر لۆنگریک[1] ئەڵێ: «ئەم جوورە کەسانە هەر لەو ڕۆژەوە هەستیان بەوە کردبوو کە بریتانیا لە چەرخی بیستەما لەو حاڵەدا نامێنێتەوە کە لە چەرخی نۆزدەمینا تیایەتی، واتـە ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە لە چەرخی بیسـتەما بریتانیا ئەبێ بە بریتانیایەکی تر و دەورێکی وا گرنگ هەڵئەسووڕێنێ کە پێویستە و قازانجی عەشیرەتەکان و قەبیلەکانی عـەرەب لەوەدایـە کـە لە ئێسـتەوە خۆیانی لێ نزیـک بخەنەوە و دۆسـتایەتی لەگەڵ بگرن...» هەرچەن ئەمە لە ئێمەوە ئاشـکرا نییە و نازانین کە قەبیلەکانی عەرەبی عێراق لـەو مێـژووەدا ڕاسـتە لەم بیـروباوەڕەدا بوون یان نە، بـەڵام ئەوە جێی گومـان نییە کە چەرخی نۆزدەهەم هاتە تەواو بوون و پێنرایە چەرخی بیستەمەوە و وەکیلی بریتانیا لە بەغدا گەیشتبووە پلەیەکی زۆر بەرز و لەچاو والییەکانا بووبوو بە نوێنەرێکی مومتاز و تایەتی. پلەی نوێنەری بەسـرەش سـەرکەوتبوو و کرابوو بە کۆنسـوول، بەڵام نوێنەری ئینگلیز لە مووسڵ جارێ بە نائیبی کۆنسوول مابووەوە...

لـە عێراقـا بەم جووره گۆڕان و پێشـکەوتنی سیاسـەتی بریتانیا بوو بەهـۆی ئەوە کە لـە خەلیـج و وڵاتەکانـی دەوری خەلیجا هەنـدێ گیروگرفـت و کاروباری وا بێتە ڕێی ئیمپراتۆرییـەت کـە زۆر جێگـەی لێکدانـەوە بـێ. گرنگترینـی ئەمانـە و زۆرتر جێی ئەندێشە و لێکدانەوەیان مەسەلەی ڕێگەی هاتوچۆ (مواصلات) و ئاڵوگۆڕی نووسین (مخابـرات) بـوو لە بەینی لەنـدەن و بریتانیای خۆرهەڵاتا. ئینگلیـزەکان دوای ئەوە کە سیاسەتی خۆیان لەم هەرێمەدا گۆڕی و کەوتنە سەر بیری ئیستعمار ناچار مان بەوە کە تەقـەلا بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک کە ئیمپراتۆرییەتی خۆرهەڵاتی پێ ببەسـتن بە لەندەنەوە و بیکەن بە ڕێی ئاڵوگۆڕی نووسـین لە بەینا، کە بتوانن بەم جووره لە هەموو

---

١. میسـتەر لۆنگریـک (Stephun Hemsley Longrigg) کـە دوای هاتنـی ئینگلیزەکان بۆ عێـراق بەینێ لە کەرکووک کرابوو بە حاکمی سیاسـی، خاوەنی کتێبی چوار چەرخی دواینی عێراقی تازەیە کە لەلایەن مامۆستا جەعفەر خەیاتەوە کراوە بە عەرەبی.

باس و هەواڵێکی خۆرهەڵات ئاگادار بن و هیچ جوورە کارەسات و قەوماوێکی ئەو ناوەیان لێ ون نەبێ و نەشارێتەوە. لەبەر ئەمە بە هەموو جوورێ تێئەکۆشان و خەریک بوون کە لەسەر ڕێگەی هیندستان خەتێکی ئاسن و بە درێژایی ئەم خەتە ناوچەی پۆستە و تەلەگراف دروست کەن و دامەزرێنن. ئەو خەتە کە لە بەینی «لەندەن» و «هیندستان»دا ڕاکێشرا بە سەر «عێراق» و «ئێران»دا تێئەپەڕی. ئینجا لەبەر ئەوە ئێمەش باسی ڕاکێشانی ئەم خەتە بەکورتی ئەگێڕینەوە:

ئینگلیزەکان لە نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەیا هەستیان بە پێویستیی ڕاکێشانی ئەم تەلە کرد،[١] چونکە بۆیان دەرکەوت کە وەڵامی نامەیێ لە خۆرهەڵاتەوە ئەنێررێتە لەندەن دوای سێ مانگ ئەگاتە دەسیان و ئەمە ئەبێتە هۆی بەسەرچوونی ئەو کەڵکە کە لە ناردنی نامەکە بەتەمای ئەبن. جگە لەمە یاخیبوونی عەسکەرەکانی هیند لە بەنگاڵ و کارەساتێ کە لە ئەنجامی ئەم یاخیبوونەدا لەو ناوە ڕووی دابوو، بووە هۆی ئەوە کە ئینگلیزەکان چاویان بکەنەوە و نرخی ئاڵوگۆڕی نامە لە بەینی بەشی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا و لەندەن لە ڕێگەوبانێکی باشەوە و بەهۆی گوێزانەوەی[٢] تازە بخەنە بەرچاو؛ چونکە بۆیان دەرکەوت کە دواکەوتنی موخابەرە لە بەینی لەندەن و دیهلی یەکێ بوو لە هۆیە گەورەکانی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی هەراکە. جگە لەمە گەلێ هۆی تریش وەکوو مەسەلەی پەیا کردنی بازاڕ بۆ ئەو شتانە کە لە کارخانە تازەکانی ئیمپراتۆرییەتدا لە ئاسن دروست ئەکرا بریتانیای ناچار هێشتەوە کە هەوڵ بدا بۆ جێبەجێکردنی خەتێکی موخابەرەی تازە و بەپێی چەرخ.[٣]

لە ساڵی ١٨٥٩دا ویستیان ئەم تەلی تەلەگرافە لە بەینی لەندەن و هیندستان لە ڕێگەی زەریای سوور (بەحری ئەحمەر)ەوە ڕاکێشن، بەڵام سەری نەگرت. ئینجا هەر لەو ساڵەدا بۆ بەستنی خەتی ئێسکۆدار بە بەغداوە، دوای ئەوەش بە هیندەوە لەگەڵ حکوومەتی عوسمانییا کەوتنە گفتوگۆ و بەڵێنیان لێ وەرگرت. لەسەر ئەمە حکوومەتی هیند کۆلۆنێل

١. مەبەس لە تەل خەتی تەلەگرافە.

٢. هۆی گوێزانەوەی تازە: واسیتەی نەقلی تازە.

٣. بەپێی چەرخ: عەسری وە یا موتەناسەب لەگەڵ عەسر.

باتریک ستیوردی نارده خەلیج بۆ تەگبیری ڕاکێشانی تەلێکی زەریایی تا فاو، کە لەوێشەوە بەسەر عەرزا ببرێتە بەغدا و لەوێوە بەسەرێت بە خەتی تەلەگرافی تورکیاوە... کۆلۆنێل لە ساڵی ١٨٦٢دا دەسی کرد بەم کارە و لە ١٨٦٩، واتە لە دوای شەش ساڵ تەواوی کرد.

حکوومەتی لەندەن بێجگە لەمە بڕیاری دا بە ڕاکێشانی خەتێکی تر لە ئێرانەوە و لەگەڵ شا وا ڕێکەوت کە ئەم خەتە لە بەینی بەغدا و تاران بەسەر کرماشاندا بڕوا و لە ڕێی ئیسفەهان و شیرازەوە بگەیەنرێتە بووشەهر و لەوێشەوە بە ڕێی زەریادا خۆی بدا لە هیندستان. بەم ڕەنگە و لە ماوەیەکی کەما ئینگلیزەکان توانییان کە لە خاک و لە زەریاوە بە چەن خەتێک هیندستان ببەستن بە خەلیج و بە شارەکانی قەراغ لەم خەلیجەوە...

لە سەرەتای چەرخی بیستەما بە دۆزینەوەی نەوت لە ئێراندا گەلێ پێویستی تر لەم خەلیجەدا بۆ بەریتانیا هاتە پێشەوە. ویلیام ناکس دارسی ناو «ئەوکات»ێک[1] لە ئوستralیا لە پارچە عەرزێکا کە هەیبوو مەعدەنی ئاڵتوونی دۆزیبووەوە و بەمە بووبوو بە خاوەنی سامانێکی زۆر. لەبەر ئەمە کە بیستی لە وڵاتی ئێراندا نەوت دەرکەوتووە بە پارەی خۆی کابرایەکی ژێئۆلۆژی نارد بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم باسە. ئینجا کە بۆی دەرکەوت ڕاستە خۆی گەیاندە ئێران و توانی لەگەڵ شا ڕێکەوی و ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت و گاز و زەفتی لێ وەرگرێ (١٩٠١).

دوای دەس‌کردن بە ئیش بۆی دەرکەوت کە ئەو پارەیە هەیەتی بەشی کارێکی وا گەورە ناکا، لەبەر ئەمە بەناچاری لەگەڵ دەسمایەدارەکانی ئینگلیز ڕێکەوت و بەپێی ئیمتیازەکەی بەدەستییەوە بوو لەگەڵ ئەم دەسمایەدارانە شەرکەی نەوتی ئینگلیزی ـ فارسی[2] دامەزراند.[3]

پیاوە سیاسی و گەورەکانی ئەستەوڵی زەریایی ئەیانزانی کە نەوت بۆ شەڕەکانی دوارۆژ زۆر پێویست و بەکەڵک ئەبێ، لەبەر ئەمە حکوومەتی ئینگلیز پەنجەی بۆ ئەم

١. ئەوکات وە یا ئەوقات: مەحامی.

٢. ئینگلیزی ـ فارسی: ئانگلۆ ـ ئێران.

٣. کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ـ ئێرانی ساڵی ١٩٠٩ دوای دۆزینەوەی نەوت لە شاری مەسجید سولەیمان لەلایەن بریتانییەکانەوە دروستکرا و ویلیام ناکس دارسی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ لە موزەفەرەدین‌شا وەرگرت. م.س.

شەرکەیە درێژ کرد. وینستۆن چەرچڵ وەزیری جەنگی ئەو ڕۆژە هەیئەتێکی ناردە ئێران کە لە ناوچەکانی نەوت لە ئێراندا بگەڕێت و لە دوای پشکنین و کۆڵینەوە و تێوردبوونەوە، دەربارەی پلـەی کەڵک لێ وەرگرتن لە نەوتی ئێران بۆ کەشـتییەکانی جەنگی بریتانیا، تەقریرێک بنووسـێت. حکوومەتی بریتانیا لە ئەنجاما و لەسەر تەقریری ئەم هەیئەتە بڕیاری دا کە شەرکەی دارسی لە ئێران بناسێ و دانی پیابنێ. لە ساڵی ١٩١٣دا چەرچڵ لە مەجلیسی گشتی بریتانیادا وتی:

«وەزارەتـی جەنـگ وای تەمایـە لـە بەشـەکانی[١] شـەرکەی دارسـی ژمارەیەکـی وا بکڕێ کە حەقی پێبەخشـێ بۆ دەسڕاکێشـان بەسـەر ئیدارە و کاروباری شـەرکەدا، تاوەکوو بتوانێ کە لەم مادە بەکەڵکە ئەوەندەی کە پێویسـتی ئەسـتەوڵ بێ بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە.»[٢]

چەن مانگی دوای وشـەکەی چەرچڵ حکوومەتی بریتانیا وەکوو چەرچڵ وتبووی بوو بە خاوەنی بەشی زۆری سەهمەکانی شەرکە (١٩١٤) و لەبەر ئەمە پاراستنی قازانج و چاکەی[٣] شەرکە ـ با پێویست بێ بەوە کە چەک و سیلاحیش بەکار بهێنرێت ـ کەوتبووە ئەستۆی حکوومەتەوە، کە شەڕی گەورەی یەکەمی گێتی هەڵگیرسا و دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە سـوێندخۆرەکان[٤]کەوتە شـەڕەوە بە وشـەی ئینگلیزەکان خۆیان پاراسـتنی ناوچەکانی شەرکەی ئانگلۆ ـ ئێران لە ئابادان کرا بە بیانوو و لەشکرێکی تایبەتی ئینگلیز نێررایە سەر عێراق.[٥]

دوای ئـەوە کـە ئینگلیزەکان ئێسـتگەکانی «هەنگام» و «باسـیدۆ»یان بەجێهێشـت وەزارەتـی جەنـگ لـە باکـووری خۆرئـاوای جەزیـرەی[٦] بەحرەیندا جێگەیەکی باشـی

---

١. حصص وە یا أسهم.

٢. واتە ژێرچنگی وەزارەتی جەنگ.

٣. قازانج و چاکە: مصالح.

٤. حلفا.

٥. کتێبی «علی طریق الهند».

٦. جەزیرە: دورگە.

هەڵبژارد و ئەم جێگەیەی لە شێخ عیسای خەلیفەی شێخی بەحرەین بە پارە کڕی و کردی بە ئێستگەی زەریایی لە جێی ئێستگەکان کە لێی هاتبووەنە دەرێ. ئێستگەی تازە لە ناوچەی بەحرەینەوە ماوەی ٣ میل دوورە. ڕۆژنامەکانی ئینگلیز بە هەر مەبەسێک هەیە وایان ئەدایە قەڵەم کە بەحرەین چووەتە ژێر باڵی[1] بریتانیاوە. تا ئیمڕۆش ئێران دانی بەوە دانەناوە کە بەحرەین سەربەخۆ بێ وە یا چووبێتە ژێر باڵی حکوومەتێکی ترەوە و بە پارچەیەکی ئەژمێرڕێ لە خاکی ئێران، بەڵام ئینگلیزەکان بە بیانووی پاراستنی قازانج و چاکەی شەرکەی دارسیەوە لە «دوبەی» قایمکاری خۆیان کردووە و ئەیکەن، هەروەکوو لە جێگایانی تری خەلیجیشا لە قایمکاری (تحصینات) دوانەکەوتوون و ناکەون...

٦٣

ئەنجامی شۆڕشی عێراق؛ فەیسەڵ لە سووریە؛ هاتنی بۆ عێراق؛ بوونی بە مەلیک و مەسەلەی کورد

ئینگلیزەکان دوای ئەوە کە مووسڵیان[١] گرت و دوای ئەوە کە کردەوەی عەسکەری و شەڕ تەواو بوو و هەموو عێراقیان داگیر کرد بە ماوەیەکی کەم لە کانوونی دووەمی ١٩١٨، حاکمەکانی سیاسی لە هەموو لایەکی وڵاتا دەسیان کرد بە کۆکردنەوەی مەزبەتە. ئەمانە وەکوو لە مەئموورەکانی حکوومەت خۆیان ئەبیسرا لە دائیرەی حاکمەکانا ڕێک ئەخرا و ئەنووسرا و لەلایەن خەڵقەوە زۆرجار بێ ئەوە بیخوێننەوە مۆر وە یا ئیمزا ئەکرا. دەستەودائیرەی حاکمانی سیاسی، کاسەلێسەکان و مونافیقەکان بۆ وەرگرتنی مۆر و ئیمزای هەندێ لەوانە کە بە سووکی خۆیان نەئەدا بەدەسەوە وە یا بۆ مەبەسێک هەندێ گیروگرفتیان ئەهێنایە ڕێ هەموو تەقەلایەکیان ئەدا و بۆ ئەوە کە ساحیب[٢] تووشی ئەرک نەبێ بە هەموو جوورێ تێئەکۆشان. لە مەزبەتەکانا ئەمانە ئەنووسرا:

«... خەڵقی عێراق لە دەوڵەتی بریتانیای گەورە زۆر مەمنوونن. بەهۆی حکوومەتی ئازادیخوای ئینگلیزەوە ڕزگاربوونی عێراق لە حکوومەتی تورک و گەیشتنی میللەت بە ڕۆژی ئازادی جێی سپاسی هەموو عێراقییەکانە. گەلێ خۆشحاڵن بەوە کە حکوومەتی بریتانیا بووە بەهۆی پێشکەوتنی بازرگانی و کشتوکاڵ و زانستی[٣] وڵاتەکە. هیوادارن کە سێبەری ئەم حکوومەتە لە سەر ئەهالی کەم نەبێ و لە عێراقا هەر بمێنێتەوە بۆ ئەوە کە باڵی پارێزگاری خۆی بەسەر وڵاتا بکێشێ و تکای تایبەتی لە گەورەکان و حاکمەکان ئەوەیە، ئەم خواستە کە لە کانگای دڵەوە دێتە دەرێ بگەیەنن بە پێشگا و

---

١. ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ سوپای ئینگلیز چوونە ناو شاری مووسڵەوە. م.س.

٢. هەموو ئینگلیزێ تەنانەت هەموو شەپقە وە یا کەلارە بە سەرێ چە هیندۆک و چە ئاسووری وە یا ئەرمەنی بێ لە دەوری ئیحتلالدا ئەبوو پێی بڵێن ساحیب؛ ئەمە عینوانێکە وەکوو ئەفەندی تورک وە یا ئاغای کورد و سەیدی عەرەب و لە هیندییەکانەوە داهاتووە...

٣. بازرگانی: تیجارەت، کشتوکاڵ: زراعەت. زانستی: عیلم وە یا مەعاریف.

پایتەختی خاوەن شکۆ جۆرج مەلیکی بریتانیا و ئیمپراتۆری هیند...» ئەم مەزبەتانە کە دوای ئەوە بەم جوورە ڕێکخرابوو و ئیمزا کرابوو، درابوو بە حاکمە سیاسییەکان و لەلای خۆیان هەڵیانگرتبوو. ئەم کارەی ئینگلیز لە شارە گەورەکانا و لەناو ئەوانەدا کە تێگەیشتنیان هەبێ بە شتێکی سەیر و بە عەجایەب هاتبووە بەرچاو و لەم ڕووەوە کەوتبوونە لێکدانەوە. لەوە گەیشتبوون کە ئەمە مەبەسێکی نهێنی لە ژێرا هەیە، بەڵام ئەم جوورە کەسانە وە یا ئەوانەی کە لە ڕەوشتی دونیا ئاگادار بن لەو ڕۆژەدا زۆر کەم بوون. گەلێکی وا هەبوو کە هەر ئاگایان لە پەیمانەکەی بەینی ئینگلیز و مەلیک حسێن نەبوو و نەیانئەزانی کە چارەنووسی[1] ئەو وڵاتانە کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کراونەتەوە و جووری ژیانی دوارۆژی ئەو قەومانە کە لەو وڵاتانەدان لە ئەورووپا بڕیاری لەسەر ئەدرێ و ئەبڕێتەوە. نەبوونی هاتوچۆ لە بەینی عێراق و جێگایانی تر، ناشارەزایی لە هەواڵی دەرەوە و ئەورووپا وە یا شارە گەورەکان، بێهێزی و ماندووەتی دوای شەڕ و گرانی و نەخۆشی، ئەمانە هەمووی و گەلێ شتی تر خەڵقی عێراقی لە هەموو بگرەوبەردەی گیتی و دەرەوەی عێراق بێئاگا هێشتبووەوە و سەریان لە هیچ دەرنەئەچوو. لەبەر ئەمە هەروەکوو زۆر کەس لە هۆی کۆکردنەوەی مەزبەتەکان تێنەگەیشتبوون و سەریان تیا سووڕمابوو ئەوانەش کە شتێکیان بە بیرا ئەهات وە یا لە ئیمزا کردنی مەزبەتەکانا دوودڵ بوون لەم حاکمانە بە چەشنێ زراویان تۆقیبوو کە بە هیچ کلۆجێک نەیانئەوێرا دەم هەڵێننەوە وە یا لێو بەر لێو بنێن. نەزانین و ناشارەزایی لە سیاسەت و لە دونیا، بووبوو بەهۆی بێورەیی و بێدەسەڵاتی زوربەی خەڵقەکە و لە پیاوەتی خستبوون. ئەگەر وا نەبووایە گومانی تیا نییە کە بەو جوورە بەئاسانی مەزبەتەکان ئیمزا نەئەکرا و لە ڕێی بەرهەڵستی کارێکی وا بێجێ و ناشایەستەدا خوێنڕژاندنیش پێویست بووایە دریغ نەئەکرا، چونکە ئەگەر بەختی عێراق یار نەبووایە هەر ئەو مەزبەتانە لەوانە بوو کە لە دوارۆژا ببێتە هۆی مانەوەی عێراق لە ژێر حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزا، واتە ببێتە هۆی ئەوە کە لەم وڵاتەدا حکوومەتێکی نیشتمانی سەرنەگرێ و نەیەتە دی.

ئینگلیزەکان ئەو مەزبەتانە کە بە هەموو جووری خەڵقی عێراقیان مۆر کردبوو و

---

١. چارەنووس: مقدرات.

کۆیان کردبووەوە دوایی لە وێنەی کتێبێکی گەورەدا لە چاپیان دا و ناردیانە لەندەن. ئەم کردەوەیە لەلایەن عەرەبەکانی عێراقەوە لە کردەوەی کوردەکانی تورکیا ئەچوو، واتە ئەم دوو قەومە (کورد و عەرەب) بێ ئەوە هەستی پێ بکەن، ئەمیان واتە کوردەکان بۆ تورک و ئەوی تریان کە عەرەبەکانن بۆ ئینگلیز لە حقووقی قەومی خۆیان هاتبوونە خوارەوە. بەلگەی دەسهەلگرتنیان لە حقووقی قەومی خۆیان دابووە دەس دوژمن. عەرەبەکانی عێراقیش ئەوەیان لە بیر نەبوو وە یا نەیانئەزانی کە مەلیک حسێن و کوڕەکانی لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان بە هیوای سەربەخۆیی هەموو وڵاتی عەرەب پەیمانیان دابوو و لەگەڵ لەشکری سوێندخۆرەکانا شان بەشان بەرامبەر لەشکری تورک وەستابوون و شەڕیان کردبوو.

ئەمەش لەوێ بوەستێ داخەکەم عەرەبەکان تەنانەت بیریان لەوە نەکردبووەوە کە ویلسۆن ڕەئیس جمهووری ئەمەریکا لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، بەیانێکی ١٤ مادەیی بە هەموو دونیادا بڵاوکردبووەوە و لەوەدا هەقی داوا کردنی سەربەخۆیی و جووری ژیانی ئەدا بە هەموو قەومێک. لەبەر ئەوە کە ویلسۆن یەکێ لە سەرۆکە گەورەکانی سوێندخۆرە یەکگرتووەکان، ئەوانی تریش بەرواڵەت وە یا هیچ نەبێ بۆ ئەو ڕۆژە وایان بە باش زانیبوو کە بەرامبەر ئەم بیرەی ویلسۆن نەوەستن و بە ڕاستی بدەنە قەڵەم. لەلایەکی تریشەوە کۆلۆنێل ویلسۆن[1] کە حاکمی گشتی عێراق بوو لە نامەیەکا کە بە مێژووی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بۆ عالمەکان و موجتەهیدەکانی نەجەفی نووسیبوو دانی بەوە دائەنا کە عەرەبەکان لە ڕێی ئازادی قەومەکەیانا تێکەڵ بە شەڕی گەورە بوون و یارمەتی لەشکرەکانی سوێندخۆرە یەکگرتووەکانیان داوە.[2]

---

١. کۆلۆنێل ویلسۆن جیایە لەگەڵ ویلسۆنی خاوەنی ١٤ مادەکە. یەکەم حاکمی گشتیی عێراق و دووەمیان، واتە ویلسۆن خاوەنی ١٤ مادەکە، سەرەک جمهووری ئەمەریکا بوو...

٢. ئەم عالم و موجتەهیدانە لەگەڵ گەورەکانی نەجەف لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ چووبوونە لای حاکمی سیاسی و تکایان لێ کردبوو، بۆ حاکمی عام بنووسێت کە ئەمانە پیرۆزبادی پێشکەشی بریتانیا ئەکەن بۆ سەرکەوتنیان لە شەڕەکانی سووریە و فەلەستین و بوڵغارستان. ویلسۆن لە وەڵامی ئەمەدا بۆی نووسینەوە کە ... هەروەکوو سوێندخۆرەکان بۆ گرتنەوەی وڵاتەکانیان بوون بە شەریکی شەڕ، عەرەبەکانیش بۆ ئازادی وڵاتی عەرەب شان بە شانی ئەم سوێندخۆرانە کەوتنە شەڕەوە و یارمەتییان دان...

لەگەڵ ئەمانە هەمووی و سەرەڕای ئەوە کە لە ژێر حوکمی فەیسەڵ لە سووریە بناغەی حکوومەتێکی عەرەب دامەزرابوو دیسانەوە عەرەبەکانی عێراق ئەو مەزبەتانە کە لە ساڵی ١٩١٩ لێیان داوا کرابوو و بۆیان نووسرابووەوە بێ ئەوە لێک بدەنەوە و بیر لە ئەنجامی بکەنەوە ئیمزایان کردبوو و دابوویانە دەس ئینگلیز. ئینجا لەم ڕۆژانەدا بوو کە وەکوو لە پێشا و لە ٢٥٠ی بەشی ٣دا باسمان کردبوو لە بەغدا کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی[1] بەدزییەوە ڕێکخرا. زوربەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە کە لە شیعە و لە خوێندەوارە نیشتمانییەکان بوون دوای ئەوە یەک دوو جارێ ناکۆکییان کەوتە بەینەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ ئیتر بەتەواوی ڕێکەوتنەوە و دەسیان کردەوە بە کار.

رضا الشبیبی

سەید محەممەدی سەدر سەرەکی کۆمەڵە بوو. بەهۆی باقر شەبیبی ئەندامی هەرە وریا و بەکارەوە، زۆری عالمەکان و موجتەهیدەکان و گەلێ لە پیاوەکانی ناوداری کەربەلا و نەجەف و شێخەکان و سەرەک عەشیرەتەکانی شامیە هاتبوونە ناو کۆمەڵەوە. دوای ئەمە کۆمەڵە گەلێ مەزبەتەی بە گەورەکانی شیعە (جەعفەری) ڕێکخست و لە حوزەیرانی ١٩١٩ بە «شێخ ڕەزای شەبیبی»یا[2] ڕەوانەیان کرد بۆ سووریە. ئەم مەزبەتانە بۆ پووچ کردنەوەی ئەو مەزبەتانە کرا کە حاکمەکانی سیاسی لە کاتی خۆیا بە خەڵقیان مۆر کردبوو و لە وێنەی کتێبێکا لە چاپیان دابوو. ڕەزا شەبیبی لە ڕێوە چووە مەککە. لەوێوە گەڕایەوە سووریە و لەگەڵ کۆمەڵەی

---

١. کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی (جمعیة حرس الاستقلال).

٢. محەممەدڕەزا شەبیبی (١٨٨٩ - ١٩٦٥)، شاعیر و سەرکردەیەکی نیشتمانی و کۆمەڵناسێکی ناوداری عێراقی بوو. یەکێک بووە لە سەرکردەکانی شۆڕشی بیستی عێراق. م.س.

عەهد بەناوی عەرەبەکانی عێراقەوە دەسی کرد بە تێکۆشان و داوا کردنی حەقی عەرەب.

ئینجا ئەتوانین بڵێین کە شۆڕشی عێراق ئەنجامێکی ئەم دوو کردەوەیە بوو:

١ـ تێکۆشـان و تەقەلای سیاسـیی شـێخ ڕەزا شـەبیبی نوێنەری کۆمەڵەی حەرەسی ئیستقلال لە سووریە.

٢ـ بزووتنەوەی ئەندامە نیشتمانییەکانی کۆمەڵە لە عێراقا و خەڵقی هاندانیان بەهۆی خوێندنەوەی مەولوود و کۆبوونەوەکانی تر لە شاری بەغدا و بڕیاردانی ئەمانە بۆ نانەوەی بنیاتی شۆڕشێکی بە چەک...!

فەیسەڵ لە سووریە

لە کاتێکا لە عێراق هەواڵ بەم‌جوورە بوو و ئاگری شۆڕشێکی گەورە نرابووەوە و ئەم ئاگرە تا ئەهات کڵپەی ئەسەند و بڵاو ئەبووەوە لە سووریەدا لە ژێر حوکمی فەیسەڵی یەکەم حکوومەتێکـی بچووک دامەزرا. فەیسـەڵ لە تشـرینی یەکەمی ١٩١٨ دوای کشـانەوەی لەشـکرەکانی تورک چووبووە شامەوە و بەپێی ئەو بڕیار و پەیمانە کە لە بەینی باوکی و سوێندخۆرە یەکگرتووەکانا هەبوو لە شام دەزبەجێ بناغەی حکوومەتێکی عەرەبی دانا، بـەڵام فەڕەنسـزەکان کە بەتەمای سـووریە بوون[١] ڕەزایان لەسـەر ئەمـە نەبوو و پێیان ناخۆش بوو. لەبەر ئەوە بەرامبەر بە فەیسەڵ لالووت مانەوە و بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنی ئەم بناغەیە کە دانابوو کەوتنە خەریـک بوون و تێکۆشان.

ڕۆژنامەکانی فەڕەنسـە بەگەرمی لە فەیسەڵ ئەدوان. باسی خراپەیان ئەکرد. درۆیان بـۆ هەڵئەبەسـت. ئەیانویسـت بە کەسـێکی خاوەن‌تەمـاع و مەبەس خـراپ بیخەنە بەرچاو. بەکورتی دەرگای پڕوپاگەندەیەکی بەتینی دوژمنانەیان لێ‌کردەوە. فەیسەڵیان بە دوژمنێکی گەورەی فەڕەنسە ئەژمارد. بۆ سیاسەتی فەڕەنسە بە دەرەکیان دائەنا. ئەیانوت دۆسـتی ئینگلیزە، غایەنە؛ ئیتر چییان بە دەما ئەهات ئەیاندایە پاڵ. بەڕادەیەک کە ئیتر

---

١. وەکوو لە پێشا لە لاپەڕە ٢٤١ی بەشی سێیەمی یادداشتا باسمان کردبوو لە موئتەمەری سان ڕیمۆ لە ساڵی ١٩٢٠ کە میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە بەینی ئینگلیز و فەڕەنسەدا بەش کرا، سووریە و لوبنان بەر فەڕەنسە کەوتبوو... پێش ئەمە لە ١٩١٦دا بەپێی پەیمانی نهێنی «سایکس ـ پیکۆ»ش ئەم دوو وڵاتە هەر بۆ فەڕەنسە دانرابوو...

کاری فەیسەڵ ڕووی کردە خراپە و بەڕاستی لە دەرەک نزیک بوو. لەبەر ئەمە ناچار ما کە بیرێ لە هەواڵ بکاتەوە و بۆ دەرچوون لەم دەرەکە تەقەلایێ بدا. بەم خەیاڵە بڕیاری دا بەڕێکەوتن لەگەڵ سیاسییە گەورەکانی فەڕەنسە و تێکۆشان بۆ بێدەنگ کردنی ڕۆژنامەکان و قایم کردنی جێگەی خۆی. لەبەر ئەمە دوای ئەوە کە عەلیڕەزاپاشای ڕیکابی[1] کرد بە حاکمی عەسکەری سووریە، خۆشی لەگەڵ نووری سەعیدی یاوەری[2] و کۆلۆنێل لۆرەنس[3] و چەن کەسێکی تر چووە پاریس. لەوێ لە پێش هەموو کەسێکا هەواڵنووس (مخابر)ی ڕۆژنامەی تان چووە لای. ئەم ڕۆژنامەچییە بە مەبەسێکی سیاسی دیدەنی کردبوو. ئەیویست بیترسێنێت و زراوی بەرێ و وای بخاتە مێشکەوە کە دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە؛ هیچی بۆ ناکرێ و دەسی ناکەوێ. بە مانایەکی تر ئەیویست وا لە فەیسەڵ بکا کە بە هەموو جوورێک ڕازی بێ و گەورەکانی سیاسی فەڕەنسە چی پێ بڵێن و چۆن ڕێگەی بۆ دانێن ملیان بۆ بدا و لەگەڵیان ڕێکەوێت. ئەمە وێنەیەکە لە قسەکانی هەواڵنووسەکەی تان: «... فەڕەنسزەکان خوێنی ڕۆڵە خۆشەویستەکانی خۆیان لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییا بۆ ئەوە نەڕژاند کە لە جێی ئەو ئیمپراتۆرییەتی عەرەب دابمەزرێنن.» جگە لەمە سیاسییەکانی فەڕەنسە بە عەمدی

١. عەلیڕەزاپاشا ڕیکابی (١٨٦٨ -١٩٤٢)، سیاسەتمەدارێکی سووری بوو، ساڵی ١٩٢٠ بوو بە یەکەم سەرۆکوەزیرانی مەملەکەتی سووریا لەو سەردەمەدا کە مەلیک فەیسەڵ پادشای شام بوو. دواتر ساڵی ١٩٢٢ چووەتە ئۆردەن و بووەتە سەرۆکوەزیران. م.س.

٢. نووریپاشا سەعید (١٨٨٨ -١٩٥٨)، سیاسەتمەداری ناوداری عێراقی بوو کە لە سەردەمی ئیستعماری عێراق لەلایەن بریتانیاوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بوو. ئەو حەوت جار لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ هەتا ١٩٥٨ بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق. نووری سەعید بە لایەنگری بریتانیا ناسراوە و دوژمنی زۆری لە نێو عێراقدا هەبووە. ئەو لەبەر لایەنگیری بریتانیا دوو جار ناچار بوو ڕابکات، بەڵام هەر دوو جار گەڕایەوە سەر کار. لە ساڵی ١٩٥٨ و لە دوای کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم، دەستگیر کرا و دوای گوللەباران کرانی بە شەقامەکانی بەغدادا ڕاکێشرا. م.س.

٣. لۆرەنسی عەرەبستان، توماس ئیدوارد لۆرەنس (١٨٨٨-١٩٣٥)، لێکۆڵەری مێژووی کۆن و دیپلۆمات و ئەفسەرێکی بریتانی بوو، لە سەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بە نوێنەرایەتی بریتانیا پەیوەندی کرد بە شەریف حسێن و پێکەوە شۆڕشێکی گەورەیان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرساند و ساڵی ١٩٢٠ گەڕایەوە بۆ بریتانیا و دەستی بە نووسین کرد. لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لە مۆتۆرسکلیتەکەی کۆچیدوایی کرد. م.س.

ڕوویان نەدایێ و پشتیان تێکرد.

فەیسەڵ وای لێ‌هات کە هیوای بە سەرگرتنی تەقەلاکەی نەمێنێ. فەڕەنسزەکان مەبەسیان ئەوە نەبوو کە دان بە حکوومەتی سووریەدا نەنێن، بەڵکوو ئەیانویست کە بەم‌جۆرە خۆیان بە فەیسەڵ بنوێنن و بە ئەنجام بیگرنە ژێر باڵیان و بیکەن بە پارێزگاری تایبەتی قازانجی فەڕەنسە لە سووریە. ئەیانویست فەیسەڵ وا نەزانێ کە ئینگلیز هەموو شتێکە و بە پشتیوانیی ئەوان خەرۆ نەبێ. ئەوە بخاتە بەرچاوی کە لە سووریە مانەوەی بەسراوە بە ڕا لەسەر بوونی فەڕەنسەوە، چونکە فەڕەنسزەکان ئەیانویست لە فەیسەڵ بگەیەنن کە چاویان لە سووریەوەیە. لەبەر ئەوە کەسێک کە بەتەمابێ لە سووریەدا ببێ بە مەلیک لەسەری پێویستە کە قازانجەکانی فەڕەنسە بخاتە بەرچاوی و خۆی بە پارێزگارێکی ئەم قازانجە بزانێ.

نووری سەعیدی یاوەری فەیسەڵی یەکەم لە سووریە

لۆرەنس هەڵگرسێنەری شۆڕشی عەرەب لە حیجاز

فەیسەڵ ژیریی نواند و بۆ ئەوە فەڕەنسزەکان هێمن بکاتەوە نەفەسی خۆی بردە ناوەوە. چیکڵدانەیەکی فراوانی خستە کار. بەختیش باشی هێنا. لەم کاتەدا خەڵقی سووریە هۆشیان هاتەوە بە بەرا. بۆیان دەرکەوت کە لە چاوەڕوان کردنی ئەم

بگرەوبەردەیە شتێکیان چنگ ناکەوێ، لەسەریان پێویستە کە خۆیان تێکۆشن و تەقەلا بدەن، واتە ئەبێ ڕاست بنەوە و بکەونە کار، ئەگینا بێگانە ناکەوێتە فریایان و بێ ئەرک و ڕەنج ناگەن بە ئامانج. لەبەر ئەمە بەگورجی هاتنە پێشەوە و بەناوی «نادی عەرەبی»یەوە[1] کۆمەڵەیەکی سیاسی و نیشتمانییان ڕێکخست. ئینجا بێ ئەوە یەک‌ودووی لێ بکەن لە سووریە و لە ئەورووپا بەناوی داوای حەقی عەرەبەوە کەوتنەوە کارەوە. فەڕەنسزەکان کە بەمەیان زانی ئەو کاتە ڕوویان کردە فەیسەڵ و لە کەلی شەیتان هاتنە خوارەوە...

فەیسەڵ ئەمەی بە هەل ژمارد و لەگەڵ کلیمانسۆی سەرەک‌حکوومەتی فەڕەنسە ڕێکەوت و گەڕایەوە سووریە، بەڵام ئەمجارە خەڵقی سووریە بایاندایەوە و پشتیان تێکرد، چونکە دوای ئەوە کە «نادی عەرەبی»یان دامەزراند بڕیاریان دابوو بەوە کە تا هەقەکانی قەومی عەرەب بەتەواوی دەس نەخەن لە تێکۆشان نەکەون و دەس هەڵنەگرن. ئینجا فەیسەڵ ئەرکێکی گەورەتری هاتە ڕێ. کەوتە گێژاوی ئەندامەکانی «نادی عەرەبی»یەوە؛ بەوانەوە خەریک ما. بۆ نەرم کردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەوانا کەوتە هەوڵ و تەقەلا. نیشتمانپەروەرەکانی کۆ ئەکردەوە، قسەی لەگەڵ ئەکردن، ئامانج و مەبەسی خۆی تێئەگەیاندن بۆ یەکگرتنەوە و بۆ لە یەکتری گەیشتن. بۆ ئەوە کە باوەڕی پێ بکەن، بە ڕاست و دڵپاک و نیشتمانپەروەری بزانن و دەسی یارمەتی بۆ درێژ بکەن تێئەکۆشا، بەڵام داخەکەم هەموو تەقالاکانی کەڵکێکی نەگرت و قسە و ئامۆژگاری و بەسەریانا هاتنەکانی سوودێکی نەبەخشی؛ نەیتوانی لە ئەندامەکانی «نادی عەرەبی» کەسێ بەلای خۆیا ڕاکێشێ وە یا دووبەرەکییەتی بخاتە بەینەوە و لە یەکیان جیا بکاتەوە. خوێنی ئەندامەکانی «نادی» هاتبووە کوڵ. خەڵقی سووریە بەجارێ و بەڕاستی لە دەوری نادی کۆ بووبوونەوە. هەموو بە یەک دەم هاواریان ئەکرد و سەربەخۆیی تەواوی سەرپاکی سووریەیان ئەویست. ئەو سووریەیە کە فەلەستین و لوبنانیشی لەگەڵ بێ. بەم ڕەنگە فەیسەڵ ناچار ما کە بگەڕێتەوە فەڕەنسە و لەگەڵ گەورەکانی حکوومەتە سوێندخۆرەکانا لە پاریس کەوتەوە باس و موزاکەرە، بەڵام هەوڵ و تەقەلاکانی کە لەم لایەنەشەوە بەکاری هێنا شتێکی لێ پەیا نەبوو.

---

١. النادی العربی.

فەیسەڵ لەو پەیمانە ئەدوا کە لە شەڕی گەورەدا لە بەینی سوێندخۆرەکان و «مەلیک حسێن»دا کرابوو. داوای لە گەورەکانی سوێندخۆرەکان ئەکرد کە بەپێی پەیمانەکەیان لەگەڵ عەرەب بجووڵێنەوە و تکای ئەوەی لێ ئەکردن کە نوقتەکانی ویلسۆن بەجێ بێنن، هەقی جووری ژیان و ئیدارەی سەربەخۆیی بدەنە دەس عەرەبەکان خۆیان. بەکورتی هیچ نەما نەیکا و هیچ نەمایەوە نەیڵێ، بەڵام فەڕەنسزەکان زۆر بە ساردی لەگەڵ فەیسەڵ ئەجووڵانەوە و بەرامبەر بەم هەموو ڕەنج و تەقەلایە تەنیا بە زەردەخەنەیەکی ساردوسڕ وەڵامیان ئەدایەوە. بەمەدا بۆی دەرکەوت کە لە دونیای سیاسەتا بێ ئەوە هێزێکت پێ شک بەرن شتێکت دەس ناکەوێ. ئیمانی بەوە هێنا کە پەیمانی بەهێز بەرامبەر بە بێ هێزێکی کەمدەسەڵات سەری نەگرتووە و ناگرێ. لەولای تریشەوە ئینگلیزەکانی دۆستی کە بەتەمابوو پشتی بگرن و یارمەتی بدەن پێیان ئەوت ئەو خەیاڵانە کە لە سەریایە ئەبێ بیکاتە دەرەوە، چاو لە خەڵقی سووریە نەکات و بە هەڵەشەیی و گێرەشێوێنی ئەوان نەچێ بەرێوە و سەر لە خۆی نەشێوێنێ.

ئەیانوت پێویستە لەگەڵ فەڕەنسزەکان ڕێکەوێ و حکوومەتی فەڕەنسە چۆنی بۆ دائەنێ بەوجوورە بکا، واتە تا زووە لەلایەن چەشنی دامەزراندنی حکوومەتی سووریەوە بڕیارێکیان لەگەڵ بدا و بگەڕێتەوە.

فەیسەڵ بە ئامۆژگاری و ڕاسپێری ئینگلیزەکان هۆشی هاتەوە بە بەرا و تێگەیشت ئیمپراتۆرییەتەی عەرەب کە لە مێشکی ئەوا جێی بووەتەوە لە خەیاڵ بەولاوە شتێکی تر نییە. لەبەر ئەمە بڕیاری دا کە ئیتر دووی خەیاڵ نەکەوێ. ئینجا لە موئتەمەری وەرسایل لە سوێندخۆرە یەکگرتووەکان گفتی وەرگرت کە بۆ تێگەیشتن لە چەشنی حکوومەتێ کە بە باشی ئەزانن پرسێک (ئیستفتا) بە ئەهالی سووریە بکرێ و خۆی بە دڵشکاوی و بێ هیوا گەڕایەوە سووریە...

ئەمیر فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سووریە

بـە تەقـەلای نادی عەرەبـی خەڵقی سـووریە کەوتنـە بزووتنـەوە و خۆ ئامـادە کردن. پێـش ئەوە هەیئەتی پرسـینەوە (ئیسـتفتا) بگاتە سـووریە ویسـتیان کە بـۆ داوا کردنی هەقی عەرەب و پێویسـتەکانی سـووریە نوێنەرەکانی خۆیان دابنێن. لەبەر ئەوە دوای هەڵبژاردن (ئینتخابات) نمایندە (مەبعووس)ەکانی میللەتیان کۆکردەوە. زوربەی ئەمانە لە پیاوە ناودارەکان و تێگەیشـتووانی سووریە بوون. لەگەڵ ئەمەشا بەداخەوە ئەڵێن کە زوو تەمـاع گرتنی و لـە میللەت، واتە لەوانە کە هەڵیانبژاردبـوون ڕوویان وەرگێڕا. دوای ئـەوە کە بـۆ فریودانی خەڵق یەک‌دوو تەقەلای سـەرزاری و بێ‌سـوودیان لـێ بینرا بە گەڕانەوەی فەیسەڵ لە پاریس بەتایبەتی کە بۆیان دەرکەوت لەگەڵ حکوومەتی فەڕەنسە ڕێکەوتووە و دامەزراندنی حکوومەتی سـووریـەی پێ‌سپێرراوە وەکوو مەگەز لە دەوری هەنگوین کۆ ئەبێتەوە لە دەوری کۆبوونەوە و کردیان بە مەلیک (٨ی مارتی ١٩٢٠). دوای ئەمە لە ژێر سـەرەکی عەلی‌ڕەزاپاشای ڕیکابی‌دا یەکەم وەزارەتی سووریە دامەزرا. ئیتر هەوسـاری میللەتی سـووریـە لە دەس کۆمەڵەکانا نەما و لە دەس نیشـتمانپەروەرەکان و موجاهیدەکانـەوە کەوتـە دەس وەزیـرەکان و بازرگانەکانـی سیاسـەتەوە. ئـەم حاڵە لە سەرێکیشـەوە تا ماوەیـەک بوو بەهۆی کپی و بێ‌دەنگی، چونکـە ئەوانە کە خۆیان لە ڕێـی وڵاتا بەخـت ئەکـرد لە ناوەند دوور خرانـەوە وە یا لە کەڵک خـران. ئەوانەش کە بۆ جێگە و ناوچەی بەرز تێئەکۆشـان وە یا شـوێن مەنسـەب وە یا نائیبی وە یا وەزارەت کەوتبوون هاتنە پێشەوە.

لەگەڵ ئەمەشا فەیسەڵ گەلێ گێرە و کێشەی بوو بە تووشەوە. تا سەری بە ئەندامەکانی نادی نەواند و وازی لە هەڵەشەیی پێ‌هێنان گەلێ لەگەڵیان ماندوو بوو. لەم ڕێیەدا بە زمان و بە پارە و بە هیوای هێنانە پێشەوە لەگەڵ زۆر کەس خەریک بوو و تەقەلای دا، بـەڵام تا بەینێـک بەربەرەکانییەکـی زۆر بەتینـی کـرا. گەلێ لێی دوان. لـەناو خەڵقا و

لەم‌لا و لەولا قسە نەما دەربارەی نەکەن. بە ڕاست و درۆ زۆر شتیان بۆ هەڵبەست. لە هەموو هەلێکا چوون بەگژ ئەوانەدا کە سەر بە فەیسەڵ بوون، چەن‌وچۆنیان لەگەڵ ئەکردن. توانجیان ئەگرتە فەیسەڵ و ناویان بە خراپە ئەهێنا. تەنانەت لەوە دەمیان نەئەپاراست کە بە خایەنی وڵاتی دابنێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانە هەمووی لە ئەنجاما بە زەبری پارە و شیرینی تەما وە یا بە دەرخستنی سووچێکی کورسی وە یا سوودێکی چەوری دونیایی ڕوو بە گەلێکیان وەرگێڕدرا و هەندێکیشیان ڕاستەوڕاست کێشرانە بن باڵی مەلیکەوە و لەگەڵ ئەوانەدا کە لە پێشەوە لە دەوری کۆبوونەوە کەوتنە هەڵپەڕین...[1]

پرسیاری (ئیستفتا): لەسەر داوای دوکتۆر ویلسۆن سەرەک‌جمهووری ئەمەریکا هەر لە پێشەوە بیر لە ناردنی هەیئەتێکی پرسینەوە لە نوێنەرەکانی سوێندخۆرەکان کرابووەوە. ئینجا لەم ڕۆژانەدا باسی ناردنی هەیئەتێکی وا دووبارە کەوتەوە سەر زمان و خەڵقی سووریە چاوەڕوانی هاتنی ئەم هەیئەتە بوون، بەڵام بەلای سەرلەشکرەکانی هێزی دەوڵەتە یەکگرتووەکانەوە لە سووریە و لە عێراق ئەنجامی ئەم چەشنە پرسینەوەیە بە باش نەئەزانرا. لەوە ئەترسان کە ئەم پرسیارییە ببێ بەهۆی لە دەس‌چوونی سووریە و عێراق. لەبەر ئەوە لە ژێرەوە حکوومەتەکانی خۆیان هان ئەدا و بۆ ئەوە لە ناردنی هەیئەتی پرسیاری پەشیمانیان بکەنەوە تێئەکۆشان.

ویلسۆن لەمە تێگەیشت و بۆی دەرکەوت کە سوێندخۆرەکان لەو بیرەدا نین کە هەیئەتێکی وا بنێررێت، لەبەر ئەمە خۆی بڕیاری دا کە تەنیا لە نوێنەرانی ئەمەریکا هەیئەتەکە ڕێک‌بخا و بینێرێ. ئەم هەیئەتە لە ژێر سەرەکی میستەر گراینی ئەمەریکاییدا ڕێکخرا و لە ٣٠ی نیسان گەیشتە شام. خەڵقی سووریە هیوایەکی گەورەیان بەم هەیئەتە نەبوو و لە ١٠ مادە بیرخەرەوەیەکیان[2] پێشکەش کرد.

مادەی دووەمی دەربارەی جووری حکوومەتی سووریە لە ژێر حوکمی مەلیک فەیسەڵ و دەربارەی قەومە بچووکەکان (أقلیات) بوو. مادەی چوارەمی دەربارەی ئەمەریکا و چاودێری کردن (حیمایە)ی حکوومەتی سووریە بوو.

---

١. المسئلة السووریە، مجید خدوری.

٢. بیرخەرەوە: مذکره وە یا محضره (Memorandum).

مـادەی پێنجـەم لەوە باسـی ئەکرد کە لـە حاڵێـکا ئەمەریکا نەیویسـت حیمایەی حکوومەتی سـووریە بگرێتە ئەستۆی، ئـەم چاودێرییە لە بریتانیـا داوا بکرێ. هەچی وەکـوو مـادەی شەشـەمە سـەرتاپاخوار دەربارەی ئەوە بوو کە فەرەنسـە مافی بەسـەر سووریەوە نییە و هەر شتێکی لەم لایەنەوە وتوویە و ئەیڵێ بێبناغەیە و درۆیە...

کـە ئـەم بیرخەرەوەیە لەلایـەن خەڵقی سـووریەوە درا بـە هەیئەتەکەی پرسـیاری، فەرەنسـزەکان بەجارێ عەقڵیان لە سـەرا نەما. ئاگریان گرت و رۆژنامەکانی فەرەنسـە بە یەک دەم کەوتنە وێزەی فەیسـەڵ. بەمەشـەوە نەوەسـتان، تەنانەت کەوتنە لێدوان لە ئینگلیزەکانی سـوێندخۆریان. ئەیانوت دانرانی فەیسـەڵ لە سووریە و دامەزراندنی حکوومەتـی نیشـتمانی فێڵێکـی ئینگلیـز و مەبـەس لەمـەش ئـەوە بـوو کـە خەڵقی سـووریە لە کاتی پرسـینەوەدا رێی ئەم کردەوانەیان بێ... ئینگلیزیان بە پەیمانشکێن دائـەنا. دووڕوویـی و فێڵبازی و ناراسـتییان ئەدایە پاڵ، چونکە بەلای فەرەنسـزەکانەوە وابـوو وە یا ئەیانویسـت وای بدەنـە قەڵـەم کـە هەروەکـوو دانانـی فەیسـەڵ بـە مەلیـک و دامەزرانـی حکوومەتـی نیشـتمانی لە سـووریە فێڵێکـی ئینگلیـزی تیابوو، پێشـکەشکردنی بیرخەرەوەکـەی خەڵقـی سـووریەش بـە هەیئەتـی پرسـینەوە هـەر ئەنجامێکی فێڵوفەرەجی ئینگلیزە...

حکوومەتی بریتانیا بۆ رزگاربوون لە مەسـرەفی ئیحتلال لە بیانوو ئەگەڕا. ئەیویسـت رۆژێ زووتر لە ژێر ئەم بارە بچێتە دەرەوە. لەبەر ئەمە کرژی دەماری فەرەنسـزەکانی بە هەل ژمارد و کەوتە سەر ئەوە کە بە تیرێ دوو نیشان بشکێنێ.

ویسـتی لەلایەکەوە فەرەنسەی سـوێندخۆری خۆی ئاشـت کاتەوە و بیری بگۆڕێ، لەلایەکیشـەوە لـە مەسـرەفی داگیرکردنـی سـووریە رزگاری بـێ.[1] لەبەر ئەمـە لەگەڵ

١. ئەمە باوەڕی هەندێکە لە مێژوونووسـەکانی عەرەب، بەڵام لە ڕاسـتییا فەرەنسـزەکان و ئینگلیزەکان پێش شەڕی گەورە لە ١٩١٤ و لە کاتی شەڕا و دوای بڕانەوەی شەڕ بارەها لەسەر بەشکردنی وڵاتی عەرەب و وڵاتی ئەو قەومانەی تر کە لە وڵاتی عوسمانی جیا کرانەوە ئەکەوتنە گفتوگۆ و بگرەوبەردەوە و هەر جارە بە جوورێ بڕیاریان ئەدا بە بەشکردن، بەڵام زۆری پێنەئەچوو بایانئەدایەوە و ئەکەوتنە سەر بیرێکی تر. جارێ سووریە بۆ ئینگلیز دائەنرا و مووسڵ بۆ فەرەنسە. جارێکی تر بەپێچەوانەی ئەمە سووریە ئەخرایە سەر بەشی فەرەنسە و مووسـڵ ئەخرایە سـەر بەشـی ئینگلیز. ئینجـا دەرچوونی ئینگلیز لە سـووریە ئەنجامی ئـەم بگرەوبەردە و

حکوومەتـی فەڕەنســە ڕێکـەوت و ســووریەی بەجێهێشــت. «ژەنـەڕاڵ گـۆرۆ»ی[1] فەڕەنسز بە خۆی و لەشکرییەوە لە سنووری سووریە بوو و چاوەڕوانی ئەمەی کرد؛ کە ئینگلیزەکان سووریەیان بەجێهێشت دەسبەجێ ئەمری کرد بە فەیسەڵ کە لە سووریە بچێتە دەرەوە. حکوومەتی فەیســەڵ کە دوای ڕۆیشــتنی ئینگلیزەکان پاراستنی سووریە ڕاستەوڕاســت کەوتبووە ســەر شـانی خۆی ویسـتی لەگەڵ گۆرۆ ڕێکەوێ و سەری بۆ هەمـوو داوایەکـی نەوانـد، بـەڵام فیز و غـرووری گۆرۆ لەوانـە نەبوو بەمـە لێگەڕێ و بڕیاری دا کە بە شــەڕ بێتە شـامەوە. ئینجا حکوومەتی ســووریە ناچار ما کە خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکا. مەجلیسی جەنگی[2] فەیسەڵ دوای موزاکەرە و گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لـە چەک و سـیلاحی جەنـگ هەرچییان بـۆ پێکەوە نرا، لەشـکری ڕێکـی نیزامی و لە عەشـایر هەرچییان بۆ کۆ کرایەوە بردیان بە پیر لەشـکری گۆرۆوە. لەگەڵ ئەمەشـا داخەکەم لە تاقە ڕۆژێ بەولاوە خۆیان پێنەگیرا و لە دوای شەڕێکی چەن سەعاتی لە بەینی ئەم دوو لەشـکرەدا لە مەیسەلوون عەرەبەکان تەفروتونا بوون (١٩٢٦/٧/٢٤)؛[3] لەم

ئاڵوگـۆڕە بوو لە بەشـەکانا. دیارە کە ئەم بەشەبەشـییە بێئەوە عەرەبەکان خۆیان ئاگایـان لێ بێ لە بەینی فەڕەنسە و ئینگلیزەکانا و بە نهێنی بڕیاری لەسەر ئەدرا و ئەکرا...

١. ژەنەڕاڵ هێنری جۆزێف ئوجین گۆرۆ (١٨٦٧ - ١٩٤٦)، فەرماندەی سـەربازی فەڕەنسـی بوو کە لە کۆتایی یەکەمیـن جەنگی جیهانیدا لە بەرەی دژ بە عوسـمانییەکان لە سـاڵی ١٩١٩ تاوکوو ١٩٢٣ بـەردەوام بوو. لە کاتی داگیرکردنی سـووریادا چووە سـەر گۆڕەکەی سـەلاحەددینی ئەیووبی و شمشێرەکەی هەڵکێشا و وتی: «سەلاحەددین وا هاتینەوە.» م.س.

٢. مەجلیسی جەنگی وە یا مەجلیسی حەرب.

٣. المسئلة السوریة، الدکتر مجید خدوری.

تەحسین عەسـکەری لە لاپەڕە ١٤٢ی بەرگی دووەمی موزەککەراتەکەیا باسی شەڕەکەی مەیسەلوون بەم جوورە ئەگێڕێتەوە: لەشـکری فەڕەنسـە کە هێزەکەی «مەجدەل عەنجەر»ی عەرەبی شـکاند تا مەیسەلوون پێشکەوت و بەیانی ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٠ گەیشتە سەر ئەسڵی لەشکرەکەی سووریە و هەردوو لەشکر (هی سووریە و فەڕەنسە) تۆپەکانیان لە یەک خستە کارەوە. سربێک فرۆکە و ژمارەیەکی زۆر دەبابەی لەشکری فەڕەنسەی ئەپاراست. عەسکەرە پیادەکانی فەڕەنسە لە ژێر سێبەر و ئاگری فرۆکە و تۆپەکانا بەرەو مەیسەلوون پێشکەوت. «یووسف ئەلعەزمە»ی سەرەک لەشکری سـووریە زۆر ئازانە لەشکری سووریەی هەڵئەسووڕاند، بەڵام بەر پریشـکی شەسـتتیر کەوت و کوژرا. شەڕ تا نیوەڕۆ دەوامی کرد؛ دوای ئەوە جبەخانەی عەرەبەکان تەواو بوو و لەشکری سووریە بەناچاری گەڕایەوە دیمەشق.

شەڕەدا «یووسف ئەلعەزمە»[1] سەرەک لەشکری سووریە کوژرا و لەشکری فەڕەنسە چووە شامەوە و دوایی درا بە حکوومەتی نیشتمانی عەرەب لە سووریە و بەم جوورە فەیسەڵ دوای بوونی بە مەلیک بە حەو مانگ بە ئەمری ژەنەراڵ گۆرۆ سووریەی بەجێهێشت و چووە ئیتاليا،[2] لەم ڕۆژانەدا شۆڕشی عێراق بەتەواوی کڵپەی سەندبوو و ئینگلیزەکان بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بە هەموو جوورێ تەقەلایان ئەدا. لەبەر ئەوە پێویستیان هەبوو بە کەسێکی ناودار و خاوەن ناوچە کە بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، واتە ئەیانویست بارەکەی سەر شانیان لە عێراق بگوێزنەوە سەرشانی یەکێکی خۆوڵاتی، چونکە ئەرکی لەشکری داگیرکەر لە عێراقا جگە لە ئەرکی شۆڕشکوژاندنەوە پشتی خەزێنەی بریتانیای گەورەی ئەنوشتاندەوە[3] لەبەر ئەمە

لەم شەڕەدا لەشکری سووریە کە هەمووی ٣٠٠٠ نەفەر بوو ٨٠٠ کەس کوژرا، بەڵام لە لەشکری فەڕەنسزەکان کە فیرقەیەک عەسکەر و پێنج بەتەرییە تۆپ بوو ٣٠٠ نەفەر کوژرا و شەڕ برایەوە. دوای ئەمە لەشکرەکانی فەڕەنسە دوابەدوا چوونە شامەوە و فەیسەڵیش بە زۆری گۆرۆ لە شام کرایە دەرەوە...

موزەککەراتی تەحسین عەسکەری

١. یووسف ئەلعەزمە (١٨٨٤ ـ ١٩٢٠)، فەرماندەیەکی سەربازی سووریا بوو، بە ڕەگەز لە کوردەکانی شامە و وەزیری بەرگری بوو لە حکوومەتی پاشایەتی مەلیک فەیسەڵ لە سووریا. فەرماندەیی ئەو هێزەی کرد کە لە جەنگی مەیسەلوون دژی فەڕەنسییەکان بەرپاکرا و هەر لەو جەنگەدا کوژرا. م.س.

٢. لەم سەفەرەدا مەلیک فەیسەڵ جگە لە خێزانی مەلیکی و دەستوپێوەندی خۆی، ئەمانەشی لەگەڵ بوو: «ئەمیر زەید»ی برای و «جەعفەر عەسکەری» و «نووری سەعید» و «ئیحسان جابری» و «ساطع الحصری» و «ئەمیر عادل ئەرسەلان» و «دوکتۆر ئەوڕەحمان شابەندەر» و مەحامی «عەونی عەبدولهادی» و «ریاض الصلح» و «دوکتۆر ئەحمەد قەدری» و «سەبیح نەجیب» و گەلێکی تر لە ناودارەکانی عێراق و سووریە... هەموو بە قەتاری تایبەتی چوونە میسر، لەوێوە مەلیک فەیسەڵ لە ڕێی زەریاوە چووە ئیتاليا و لە ١٣ی تابی ١٩٢٠ گەیشتە میلانۆ... (تەحسین عەسکەری، موزەککەرات دەربارەی شۆڕشی گەورەی عەرەب.)

٣. زۆر لەوانە کە وایانئەزانی شێخ مەحموود بوو بەهۆی سەرنەگرتنی حکوومەتی کورد ئەبێ لەمانە دەرس وەرگرن و بزانن کە سیاسەتی فەڕەنسە دەربارەی فەیسەڵ لە سووریە وێنەیەکی سیاسەتی ئینگلیز بوو دەربارەی شێخ مەحموود لە عێراق. ئەگینا هەروەکوو فەیسەڵ لەشکرێکی گەورە لە زابتان و سیاسی و خوێندەوارە بەرزەکانی لەگەڵ بوو و پارمەتییان ئەدا و جگە لەمە بەرامبەر بە گۆرۆ هیچ سەرپێچی نەکرا و بە هەموو جوورێ هەوڵی ئەوە درا کە لەگەڵی ڕێبکەون دیسانەوە کەڵکی نەبوو و حکوومەتی سووریەی سەربەخۆ ڕووخا؛ حکوومەتی شێخ مەحموودیش لە هەر وێنەیەکا دابمەزرایا و دەوروپشتەکانی شێخ مەحموود کێ وە یا چۆن ئەبوون ببوونایە ئەوەش ئەبێ بزانین کە پیاوەکانی لەگەڵ شێخ مەحموود بوون هەندێکیان لەوانە

جـارێ لە بەغدا لە ژێر سـەرەک‌وەزیری «سـەید ئەوڕەحمان نەقیـب»دا[1] بۆ ئەو ڕۆژە حکوومەتێکیـان دامەزرانـد، ئینجا فەیسـەڵ لـەم کاتانەدا بوو کە یـەک لە دوای یەک نامـە و پیاوی ئەناردە لەندەن و دەربارەی ئەم ئەنجامەی خۆی و حکوومەتی سـووریە گلەیـی ئەکـرد. ئینگلیزەکان ئەمەیان بـە هەل ژمارد و داوایان کـردە لەندەن. چەرچڵ لەو ڕۆژەدا وەزیری موسـتەعمەرات بوو، دوای ئـەوە کە لەگەڵی ڕێکەوت، حکوومەتی بریتانیـا فەیسـەڵی کـرد بە نامـزەدی مەلیک و ناردییە عێراق. لەسـەر ئەمـە ئەوانە کە بەناوی کۆمەڵە سیاسـییەکانی عێراقەوە چووبوونە سووریـە و حیجاز و بۆ سەربەخۆیی عێـراق تێئەکۆشـان ـ هەرچـەن بەتەمابوون کە ئەمیـر عەبدوڵلا بکرێ بـە مەلیک ـ لە ژێر حوکمی کاتا مانەوە و لەگەڵ فەیسـەڵ بە سـواری کەشتیی جەنگی ئینگلیز «نۆرس بروک» و لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢١ کەوتنە ڕێ و ئێوارەی ڕۆژی جومعەی ٢٤ی مانگ بە وێنەیەکی زۆر بەشکۆ و شاهانە لە بەغداوە بەرەوپیری کرا و هاتە شارەوە[2]...

کەمتر نەبوون کە لە سـووریە دەوری فەیسـەڵیان دابوو، ئەنجامی حکوومەتەکەی کورد هەر ئەوە ئەبوو کە بوو، چونکە ئەو هۆیانە کە حکوومەتی کوردی ئەهێنایە ناو خۆی لەناوا نەئەما و هۆی تری وا ئەهاتە پێشەوە کە پێویسـت بە لەناودانی حکوومەتەکە بکا. ئینجا کردەوەی شێخ مەحموود وە یا ڕێنەکەوتنی لەگەڵ ئینگلیز ئەکرا بە بیانوو بۆ تێکدانی؛ وا نەبووایە کورد پیاوی زۆر بوو کە لە دەوری شـێخ مەحموود کۆ بنەوە و پێکەوە ماوەی کەم‌وکورتی نەدەن و خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن...

١. سەید عەبدوڕڕەحمان گەیلانی (١٨٤١ -١٩٢٧)، یەکەم سەرۆک‌وەزیرانی حکوومەتی پاشایەتی بوو لە ١٩٢٠ بۆ ١٩٢٢. لە بنەماڵەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە. سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق. م.س.

٢. المسئلة السورية. الدكتر مجيد خدوری.

٦٥

تورکەکان لە موئتەمەرەکانا چۆن سەرکەوتن؟!

ئەگەر ئاورێک بدەینەوە سەر کارەساتەکانی ساڵی ١٩٢١ و چاوێ بەسەر ناوچەکانی شەڕی تورک و یۆنانا بگێڕین ئەبینین کە ئیتر لەشکری یۆنان بەپێچەوانەی ساڵەکانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ ڕووی کردووەتە شکستی و کشانەوە و لەشکری مستەفا کەمال وردەوردە لە پێشکەوتن و سەرکەوتنایە. لەشکرەکانی یۆنان لە کانوونی دووەمی ١٩٢١دا هەڵمەتێکی گەورەیان بردبووە سەر «ئەسکی شەهر»، بەڵام لە ١١ی ئەو مانگەدا لە ئینۆنوو لەلایەن لەشکری کەمالییەکانەوە زۆر بەتوندی بەرامبەرییان کرابوو و بە شکستێکی گەورە گەڕابوونەوە بورسە. ئەم سەرکەوتنەی کەمالییەکان بوو بەهۆی ئەوە کە هەیئەتێک لە سوێندخۆرەکان لە پاریس کۆببێتەوە و بۆ ئەوە کە مەسەلەی خۆرهەڵات (مەسەلەی شەرق) بە ئەنجام بگەیەنرێت بکەوێتە گفتوگۆ.[1] لەم کۆبوونەوەیەدا سنیۆر سفۆرزا[2] وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیتالیا کە قینی لە حکوومەتی یۆنان بوو، لایەنی تورکی گرت و داوای کرد کە لەشکرەکانی یۆنان لە ئەنادۆڵ بکرێتە دەرەوە و ئەدەنە و ئیزمیر و بورسە و شارەکانی تر کە داگیر کرابوون بدرێتەوە بە تورک.

فەرەنسزەکانیش لەگەڵ سفۆرزا بوون بە یەک و ئەمەیان داوا کرد، بەڵام لۆئید جۆرج سەرەک‌وەزیری بریتانیا بەرهەڵستی ئەم بیرە بوو و لایەنی یۆنانی ئەگرت، لەبەر ئەمە ڕێنەکەوتن و بڕیاریان دا کە لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١ لە لەندەن دووبارە کۆبنەوە و ئەمجارە نوێنەری ئەستەمووڵ و ئەنقەرە، واتە نوێنەری حکوومەتی وەحیدەددینی خەلیفە و نوێنەری مستەفا کەمالی سەرکردەی شۆڕش بانگ بکرێ و لە بیر و داواکانی هەردوولا تێبگەن. ئەمە جاری یەکەم بوو کە لە مستەفا کەمال داوای نوێنەر ئەکرا و

١. تاریخ‌الوزارات العراقیه، مامۆستا عەبدوڕڕەززاق حەسەنی.

٢. کونت کارلۆ سفۆرزا (١٨٧٢-١٩٥٢)، دیپلۆمات و سیاسەتمەداری ئیتالی بوو، دوای دووهەمین جەنگی جیهانی بوو بە وەزیری دەرەوەی ئیتالیا، تاوەکوو ساڵی ١٩٢١ لە حکوومەتی جیۆفانی جیۆلیتی لەو پۆستەدا مایەوە. م.س.

بەم جووره سوێندخۆرەکان دەریانخست کە ئەیانەوێ مستەفا کەمال بناسن و دان بە حکوومەتی ئەنقەرەدا بنێن. لۆئید جۆرج بەمە لە دوو سەرەوە شکا: لەلایەکەوە نمایندەکانی فەڕەنسە و ئیتالیا قسەیان سەرئەکەوت و نوێنەری مستەفا کەمالیان ئەگرتە باوەش؛ لەلایەکیشەوە تورکەکان دوای شکاندنی ئەو لەشکرانەی یۆنان، کە بە پارە و بە چەکی ئینگلیز رێکخرابوو، ئەهاتنە لەندەن و ڕووبەڕووی دائەنیشتن و داوای هەقەکانی میللەتی تورک، واتە داوای بەرەی سەرکەوتن و زەفەری لەشکری مستەفا کەمالیان لێ‌ئەکرد.

موئتەمەری لەندەن و باسی کورد

موئتەمەری لەندەن وەکوو بڕیاری لەسەر درابوو لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١ کۆبووەوە. پەیمانی سیڤەر لەو ڕۆژەدا بناغە وە یا کۆڵەکەی مەسەلەی خۆرهەڵات بوو. سفۆرزا لە «موئتەمەری پاریس»دا داوای پووچ‌کردنەوەی ئەم پەیمانەی کردبوو. لە «موئتەمەری لەندەن»یشا باسی پەیمانی سیڤەری هێنایە پێشەوە و داواکەی دووبارەکردەوە. لەم موئتەمەرەدا بەکر سامی نوێنەری ئەنقەرە و تۆفیق‌پاشای سەدری ئەعزەم نمایندەی حکوومەتی پادشای ئەستەمووڵ بوو.

یۆنانەکان کالیگرۆپۆلۆس ناوێکیان بۆ موئتەمەر ناردبوو. نمایندەکانی فەڕەنسە و ئیتالیا لە باسی مەسەلەی ئیزمیر و تورکیادا کە هێشتا بەدەس لەشکرەکانی یۆنانەوە بوو پشتی نوێنەرەکانی تورکیان گرت. نوێنەری یۆنان ملی نەدا و داوای ئەوەی کرد کە موئتەمەر پەیمانی سیڤەر بخاتە بەرچاو. ئەیوت ئەبێ ئەم پەیمانە دەسی لێ‌نەدرێ و پێویستە وەکوو خۆی بمێنێتەوە. لە ٥ی مارتا موئتەمەر بۆ جاری دووەم و لە ژێر سەرەکیی لوردن کەرزەندا[1] کۆبووەوە. ئەمجارە بۆگۆس نۆبارپاشا نوێنەری ئەرمەنییەکانی تورکیاش داوای کرد کە دەس لە پەیمانی سیڤەر نەدرێ. جگە لەمە ئەیوت پێویستە لە حکوومەتی مستەفا کەمال لەلایەن ئەو ئەرمەنییانەوە کە لە کلیکیا لە ژێر حوکمی تورکا

١. «لۆرد کورزۆن»دا. س.

ئەمێننەوە بەڵێنێکی پارێزگاری وەربگیرێ. ئەهارۆنیان سەرەک نماینەدەی ئەرمەنییەکانی «ئەریوان»یش ڕەغنەی لەو پەیمانە ئەگرت کە لە بەینی ئەنقەرە و ئەریواندا کرابوو و ئەیوت قارس و ئەردەهان نادەنەوە بە تورک. ئەم گیروگرفت و ڕەغنە و بەرهەڵستە بوو بەهۆی ئەوە کە هەر ئەو ڕۆژە بۆ پاش نیوەڕۆ، بەتایبەتی لەگەڵ نوێنەرەکانی تورک کۆبنەوە و بکەونەوە گفتوگۆ.[1]

مەسەلەی کورد و ئەرمەنی

ئەم بەشەی گفتوگۆ و موزاکەرەیە لە موئتەمەری لەندەن تەنیا دەربارەی مەسەلەی کورد و ئەرمەنی بوو. بەکر سامی سەرەک نماینەدەی ئەنقەرە لە بابەت مەسەلەی کوردستانەوە ئەیوت:

«... دەربارەی ئەم وڵاتە (واتە کوردستان) لە پەیمانی سیڤەرا باسی موختارییەت کراوە، بەڵام ئێستە کوردەکان لە مەجلیسی گەورەی میللەتا[2] نماینەدەیەکی زوربەیان هەیە و لە وێنەیەکی فراوانا تەمسیل ئەکرێن، بەڵام ئەم نماینەدە کوردانە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ باسێکیان لە مەجلیسا نەکردووە و مەیلێکی وایان نەنواندووە...»

جگە لەمەش بەکر سامی ئەیوت: «لە قانوونی ئەساسی تورکا نەک هەر کورد، بەڵکوو قەومە بچووکەکانی تر کە وان لە ژێر حوکمی تورکا موختارییەتێکی فراوانیان پێ بەخشراوە؛ لەبەر ئەمە باوەڕ ناکەم شتێ هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوە کوردەکان بخاتە لێکدانەوە لەلایەن دواڕۆژی خۆیانەوە...» بەڵام تۆفیق پاشا[3] نوێنەری حکوومەتی ئەستەموول بەمەشەوە نەوەستا، چونکە ئەیویست نماینەدەکانی دەوڵەتە بێگانەکان

---

١. لە گۆڤاری آی تاریخی وە یا أیک تاریخی (مێژووی مانگی)، کە گۆڤارێکی مێژوویینی تورکییە لە زەمانی مستەفا کەمال و لە کاتێ شۆڕشەکە و شەڕی تورک و یۆناندا دەرئەچوو...

٢. ترکیا بویوک ملت مجلسی.

٣. ئەحمەد تۆفیق پاشا (١٩٤٥ - ١٩٣٦)، سیاسەتمەدارێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو. ساڵی ١٩٢٢ دوایین سەدری ئەعزەمی عوسمانی بوو. لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم و محەممەدی شەشەم بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەزیری دەرەوەی عوسمانی بوو. م.س.

بەتەواوی هان بدا و بیانکا بە دوژمنی قەومی کورد. لە کاتێکا ئەمانە لەو کارەساتانە ئەدوان کە لە شەڕی گەورەدا دەربارەی ئەرمەن و عیسایییەکانی دانیشتووانی وڵاتی عوسمانی کرابوو و مەترسییان ئەنواند لە مانەوەی قەومەکانی غەیرەتورک لە ژێر حوکمی دەوڵەتێکی تورکا؛ پاشای نماینده وتی: ئەگەر لەم وشانە و بەیاناتە مەبەستان ئەو کوشتارەیە کە دەربارەی ئەرمەنییەکان کرابوو ئەبێ بزانن کە حکوومەتی عوسمانی و بەتایبەتی میللەتی تورک لەمەدا



سەدری ئەعزەم تۆفیق پاشا

بەتەواوی بێگوناهە، چونکە لە کاتێکا کە حکوومەتی عوسمانی لە شەڕا بوو و دەسی بە شتێکی ترا نەئەگەیشت کوردە نەفام و موتەعەسسبەکان هەلیان دەسکەوتبوو و لە ڕووی نەزانین و تەعەسسوبی دینەوە ئەرمەنییەکانیان ئەکوشت...» ڕاستی وە یا ناڕاستی ئەم وشانەی پاشای بەڕێز(!) باوەڕ ناکەین لە نماینده‌کانی بێگانەکان شارڕابێتەوە و نەیانزانیبێت و شکی تیا نییە کە ئەوان زۆر باش ئەیانزانی کە دوژمنایەتی کورد و ئەرمەنی ئەنجامی فرۆفێڵی تورک و بەری هاندان و ئاین و ئۆینە بێمرووەتانەکانی سەرکردە و پیاوەکانی میری، واتە بەری ئەو تۆوە بوو کە حکوومەتی عوسمانی ئەیچاند و بڵاوی ئەکردەوە. لەگەڵ ئەمەشا زۆر جێی داخە کە ئەم وشە درۆ و هەڵبەستانەی سەرەک وەزیری خەلیفەی ئیسلام(!) لەسەر مێشکی نماینده‌کان کارێکی تەواوی نواند و لە ڕووی کەشتی داواکانی قەومی کوردا هەوایەکی تری ناساز دەسی کرد بە هەڵکردن؛ واتە ئەم بەیاناتە بێمرووەتانە و ناڕاست و بێشەرمانەیە یەکێ بوو لەو هۆیانە کە هەوای موئتەمەر کەموزۆر بگۆڕێ و بەڵگەیێ بداتە دەس دوژمنەکانی کورد. بوو بە هۆیێ لەو هۆیانە کە تا تەرازووی تورک و پشتیوانەکانیان لە موئتەمەرا سەرکەوێ و پەیمانی سیڤەر بۆ

ماوەیـەک بکـرێ بە ژێر لێـوەوە. بەکورتی تورک دوای ئەمە و بـە یارمەتی نوێنەرەکانی فەڕەنسە و ئیتالیاوە توانییان کە ئیتر ڕووی موئتەمەر وەرگێڕنە سەر هەندێ لە داواکانی خـۆیان و ئـەم داوایانـە بە لۆئیـد جۆرجیش بسـەلمێنن، چونکـە فەڕەنسـە و ئیتالیای سـوێندخۆرەکانی ئینگلیز و شـەریکی ڕۆژی شـەڕ و کارەسات دەسـیان دابووە دەسی تـورک و لەسـەر ئـەویان ئەکردەوە؛ واتە سـوێندخۆرەکان کـە لە سـاڵی ١٩١٨دا پێیان نەکرابـوو لـەناو خـۆیانا ڕێکەون و چـاری تورک بکـەن، دوای سـەرکەوتنی هێزەکانی مستەفا کەمال و شکستە گەورەکەی لەشکرەکانی یۆنان ئیتر شتێکیان بۆ نەمابووەوە کە بیکـەن. نوێنەرەکانی تورک زانییان لەمە و لە کات کەڵک وەرگرن و بتوانن بە مەرامی کاری خـۆیان بدوێـن و بەرەو ئامانج بڕۆن،[1] بەڵام لەگەڵ ئەمەشـا مەسـەلەی تورک ـ یـۆنان ئەمجـارەش دوایی پێ نـەدرا. حکوومەتی یـۆنان بە بڕیارەکانـی موئتەمەر وازی نەهێنا و بۆ سەرخسـتنی داواکانی یۆنان لە ئاسـیای بچووکا، دووبارە کەوتەوە خۆ ئامادە کردن. بڕیاری دا کە بە هێزێکی زۆر گەورەوە هەڵمەت بەرێتەوە سەر خاکی تورک و بۆ ئەوە تێبکۆشـێ کە تا ئەنقەرە داگیری بکا. ئەگەر لە هەواڵ و کارەسـات بڕوانین و کەمێ لێـی ورد بینـەوە بۆمان دەرئەکەوێ کـە ڕێکەوتنی ئینگلیز لەگەڵ فەیسـەڵ و ناردنی بۆ عێـراق لەگەڵ ئـەم ئەنجامەی موئتەمەری لەندەنا پەیوەسـتێکی هەیە. بەڵێ یۆنان ملی نەئەدا و سـەری لەعاسـت بڕیاری موئتەمەرا نەئەنەواندەوە. بـڕیاری ئەدا کە هێزێکی تری گەورە ڕێک بخا و هەڵمەت بەرێتەوە سەر خاکی تورک و لە ٢٧ی ١٩٢٧دا[2] بەڕاستی تاوی دایەوە سەر خاکی تورک، بەڵام حکوومەتی بریتانیا ئیتر هیوای بە یۆنان نەمابوو و باوەڕی سـەرکەوتنی نەئەکرد. لەولای تریشـەوە بـۆی دەرکەوتبوو کە فەڕەنسـە و ئیتالیا بەپێچەوانەی سیاسـەتی بریتانیـا ئەجووڵێنەوە و لە هەڵمەت بردنی لەشـکری یۆنان بۆ سـەر تورکیا بە گلەیین. لەبەر ئەمانە ئینگلیـزەکان هەر لەو ڕۆژەوە بیریان لە ئەنجامی مەسـەلەی مووسـڵ کـردەوە و بەرامبەر بە هەموو پێشـهاتێک لە مەسـەلەی عێراق و

١. لە تەرجەمەی عەرەبی کتێبی «مەسـەلەکانی خۆرهەڵات» بە قەڵەمی نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی ئوجین یەنگ E. Yung

٢. ئەم تاریخە هەڵەیە ... شەڕی نێوان یۆنان و تورکیا سەبارەتە بە ساڵانی (١٩١٩ ـ ١٩٢٢). س.

شۆڕشەکەیا ویستیان بە دەس‌وبرد بجووڵێنەوە...

ئینجا لەوەدا شکمان نییە کە دوای موئتەمەری لەندەن[1] ڕێکەوتنی بریتانیا لەگەڵ فەیسەڵ و نێررانی بۆ بەغدا و دوای ئەویش بە ماوەیەکی کەم گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندەوە بۆ عێراق و بۆ سلێمانی یەکێک بوو لەو تەگبیرانە کە پێویست بوو لەم وڵاتەدا بکرێ و دەس‌پێشەکیی ئینگلیز بوو بۆ بەرهەڵستی دوارۆژ بەرامبەر بە داوای تورک لە بابەت مەسەلەی مووسڵەوە لە کاتێکا کە تورک لە شەڕی دوایینی لەگەڵ یۆنان سەر ئەکەوێ و بەهێزتر ئەبێ. واتە ئینگلیزەکان سەرکەوتنی تورکیان خستبووە بەرچاو و لە سیاسەتی فەڕەنسە و ئیتالیاش بەرامبەر بە خۆیان کەوتبوونە شکەوە؛ لەبەر ئەوە لە عێراقا بەرامبەر بە شۆڕشی عەرەب و کورد سیاسەتی پێشوویان گۆڕی و ویستیان ئیتر دوایی بە سیاسەتی هێز بەکارهێنان بدەن...

هاتنی فەیسەڵ بۆ عێراق کەڵکی بریتانیای گرت. دوایی بە شۆڕش درا و حکوومەتی عێراق دامەزرا و ڕەگی داکوتا، بەڵام ئینگلیزەکان وەکوو لە دوایی‌یا باسی ئەکەین لە هێنانەوەی شێخ مەحموودا زۆر بە سستی جووڵانەوە و درەنگ خەبەریان بووەوە؛ لەبەر ئەمە ئاژاوە لە کوردستانا دوایی نەهات و ئاگری شۆڕش بە هاتنەوەی شێخ مەحموود نەک بکوژێتەوە، بەڵکوو ئەوەندەی تر کڵپەی سەند و گڕی گرت...[2]

بەغدا، ١٩٥٧/٢/٢٧، ڕەفیق حیلمی

---

١. وەکوو لەمەوبەر باسمان کردبوو فەیسەڵ لە ئیتالیاوە بانگ کرایە لەندەن و لەوێوە دوای ڕێکەوتن لەگەڵ چەرچڵ بریتانیا کردی بە نامزەدی مەلیک بۆ عێراق و لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٢١ هاتە عێراق و کرا بە مەلیک. ئەمە هەمووی دوای بڵاوبوونەوەی موئتەمەری لەندەن بە چوار مانگ جێبەجێ کرابوو.

٢. بەرگی دووەمی یادداشت تەواو بوو. لەبەر ئەوە کە هەر بەرگە کرابوو بە دوو بەشەوە بەمەوە تا ئێستە چوار بەشی لە چاپ دراوە. لەمەودوا ژمارەی زنجیرە لەسەر یادداشت ئەنووسین، واتە خوا یار بێ ئەمجارە بەشی پێنجەم لە چاپ ئەدەین...

بەشی پێنجەم

سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبی

جێی شانازیی کورد و گەورەی پارێزگارانی خواپەرستەکانی خۆرهەڵات بەرامبەر بە هێرشی عیسایییە، خاچهەڵگرەکانی ڕۆژاوا...

تکایەک و ڕاستکردنەوەیەکی بچووک

بەر لە هەموو شتێک تکام لە خوێنەرە خۆشەویستەکان ئەوەیە لەو هەموو کەم‌وکورتی و چەوتـی و هەڵانەم ببوورن کە لە چوار جزمەکانی پێشـوو و ئەوانـی ترا کە بەتەمام لە چاپیـان بـدەم بەرچـاویان کەوتـووە و ئەکەوێ و ئەمـەوێ باش بزانن کـە من یەکێکم لەوانـە کـە لـە ڕەغنە زیـز نابم و بـە دڵێکی خاوێنـەوە بەرەو پیـری ئەکـەم و تا بتوانم هـەوڵ ئەدەم کە کەڵکی لێوەرگـرم. ئینجا ئەمەیە کە ئەبێتەهـۆی کەمتەرخەمی؛ هۆی لەسـەر ڕۆیشـتن و پاڵ بە بەرهەڵسـتەوەنان و نووسـینی بێوچان، چونکە هیوام زۆرە بەچاو لێ‌پۆشین و لێبووردنی برا کوردە خۆشەویست و بەڕێزەکانم و هەموو شتێکی ترم بەلاوە سووک و ئاسانە.

هەڵەیەکـی ڕابـووردوو: لـە لاپـەڕە ۲۹۷ی جزمـی چوارەمی یادداشـتا وتوومە شـێخ محەممـەدی بەرزنجـی قازی بوو، واتە قازی چەمچەماڵ بوو، بەڵام ڕاسـتەکەی ئەمەیە کە قازی چەمچەماڵ سـەید عەلی کوڕی شـێخ محەممەدی بەرزنجی بوو؛ من نەئەبوو ئـەم هەڵەیـە بکەم، چونکە شـێخ محەممەدی بەرزنجی (پڕ قەبرەکـەی لە نوور بێ) لە زەمانی حکوومەتی عوسمانی لە مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەری مامۆستای خۆم بوو و قەواعیـدی عەرەبـی پێ‌ئەخوێندیـن. ئینجا سـەید عەلی قازی چەمچەماڵ و سـەید ئەحمەدی بەرزنجی مودیری ئەمنی عامی زەمانی شێخ مەحموود و مرەخسی بۆ پاریس و

شـێخ قادر کە ئیمڕۆ «عەقید»ە لە جەیشـی عێراق هەرسێکیان کوڕی شێخ محەممەدی ناوبراون.

بەغدا، بستان الخمس، ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی، ١٩٥٧/٤/٦

❁ ❁

[تێبینی: نووسـەر باسـی چاپ کرانـی چوار جزمی یادداشـت و شـێوەی ڕیزکرانی لاپەڕەکانی کردووە، بەڵام چونکە لەگەڵ چاپی تازە یەکتر ناگرێتەوە و پێویستیش نییە. دەرهاویژراوە. س]

وەزارەتی یەکەمی سەی ئەوڕەحمانی نەقیب و مەسەلەی کورد

ئەوڕەحمانی نەقیب

بە هاتنی فەیسەڵ بۆ عێراق حکوومەتی موەققەتی سەی ئەوڕەحمانی نەقیب کەوتە بزووتنەوە. بۆ هەڵبژاردنی فەیسەڵ بە مەلیک ئەبوو مەجلیسی دامەزرێنەر[1] کۆ بکرێتەوە و پرسی خەڵق بکرێ. لەم بابەتەوە لە بەینی وەزارەتی نەقیب و دائیرەی مەندووبی سامییا هەندێ نامە ئاڵوگۆڕ کرا کە پەیوەستی بە مەسەلەی کوردیشەوە هەیە و لەبەر ئەوە ئەیخەینە بەرچاوی خوێنەرەکان. ئەتوانین بڵێین کە زۆری کوردەکان تەنانەت زۆر لەوانە کە لە مەجلیسی دامەزرێنەرا بوون بە ئەندام ئاگەیان لەو نامانە نەبووە و ئەگەر هەندێکیان بە هەلێک بەرچاوی کەوتبێ وە یا ئاگای لێ بووبێ وەکوو بۆمان دەرکەوتووە چاوی لێنووقاندووە و گوێی لێ کەڕ کردووە، واتە لەوانە نەبووە کە بۆ کورد و دوارۆژی قەومەکەی تێبکۆشێ و دەماخ بسووتێنێ(!) چونکە لە کوردستانی عێراقا ئەوانە کە ناوچەی کۆمەڵایەتییان ماوەی ئەدان بۆ نزیک کەوتنەوە لە سیاسەت ناڵێم هەموویان، بەڵام لە چوار بەشا سێ بەشیان لەو جوورە پیاوانە بوون کە بۆ خۆگرتن بەرامبەر بە میللەتی کورد، کە تا ئەهات چاوی ئەکردەوە و لە حەقیقەتی ئەوان ئەگەیشت و بۆ پارێزگاری ناوچەکان کە لە ڕێی ڕاستی و خزمەت و خۆ بەخت کردنەوە دەستیان نەکەوتبوو، ئەبوو بە ئینگلیزەکان و کاربەدەستەکانەوە بنووسێن. لەبەر ئەمە دیارە کە ئەو جوورە سیاسییانە هیوای ئەوەیان لێ نەئەکرا ناوچەی خۆیان بۆ خزمەتی وڵات

---

١. مەجلیسی تەئسیسی.

بەکار بێنن و قازانجی ئابووری و سیاسییان لە ڕێی قازانجی کۆمەڵ و میللەتا بەخت بکەن. لەبەر ئەمە مەسەلەی کورد هیچ وەختێک، بەتایبەتی لە عێراقا لەسەر دەسی ئەوانەوە نەڕۆیشتووە کە دڵسۆزی قەومەکە بن و زۆرتر ئەو جوورە سیاسییانە لەم مەسەلەیە نزیک خراونەوە کە مەبەسیان لە کوردایەتی خزمەتی ئینگلیز و قازانجی خۆیان بووە. هەر لە ڕووی ئەم سیاسەتەشەوە بوو کە دوای موئتەمەری لەندەن هەر هەوڵ و تەقەلایێ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە کوردستانی عێراقدا ئەدرا سەری نەئەگرت و لە سنووری تاقیکردنەوەی تەگبیری تێنەئەپەڕی، کە لە ڕاستی زیاتر درۆی تێکەڵ کرابێ.

یەکێک لەو تەگبیرانەی ئینگلیز کە بۆ کەڵک لێوەرگرتنی خۆیان لە دوارۆژا بیریان لێکردبووەوە تێکەڵ کردنی مەسەلەی کوردە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی فەیسەڵی یەکەم بە مەلیک، واتە لە کاتێکا دەس کرا بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر و بڕیار درا بە ئینتیخابی فەیسەڵ بە مەلیک بۆ عێراق وەکوو لە سەرەوە وتمان لە بەینی دائیرەی مەندووبی سامی و وەزارەتی نەقیبدا چەن نامەیەک ئاڵوگۆڕ کرا و ئەم نامانە باسی دوارۆژی قەومی کوردیشی تیا هەبوو، بەڵام داخەکەم نەمانبیستەوە کە یەکێ لە سیاسی بە جامبازەکانی کورد، لەو ڕۆژەدا بۆ کورد تێکۆشێ. تەنانەت لەوانە کە بەناوی ئەندامەوە چووبوونە مەجلیسی دامەزرێنەرەوە من بزانم یەکێکیان بەناوی کوردەوە وشەی لە دەم نەهاتە دەرەوە و بۆ قەومەکەی دەماخی نەسووتان. شتێکی نەکرد کە لەناو پەڕاوییەکانی مەجلیسا بنووسرێ وە یا لە لاپەڕەی مێژوویی کوردا ببێتە هۆی ناوبردنی. لە ڕاستییا ئێمە نابێ لۆمەشیان بکەین، چونکە ئەو جوورە سیاسییانە کە ئینگلیز دروستی ئەکردن بۆ خزمەتی کورد نەئەهاتنە ناو. مەبەسی ئەوان تیجارەت بوو؛ بە سیاسەتەوە کاسبییان ئەکرد؛ تەنیا مەبەسێکیان هەبوو، قازانجی خۆیان، ئەمەیش لە خزمەتی ئینگلیزا دەس ئەکەوت، بەڵام سپاس بۆ خوا بەو مێشکەوە کە هەیانبوو خزمەتی ئینگلیزیشیان پێنەئەکرا. لەبەر ئەوە دوابەدوا لە نرخ کەوتن و بەشێکی گەورەیان لە شانۆی سیاسەت کرانە دەرەوە، لە هەردوولا بوون؛ کورد و ئینگلیزیان بەجارێ لە کیس چوو. کاربەدەستەکان لە جێی ئەو مایەپووچانە دەسە

سیاسییەکی تریان پێگەیاند، بەڵام ئەمانە لە عاست نەتەوەی تازە و لاوە وریا و تێگەیشتووەکانا بەئاسانی تەمسیلیان پێنەکرا. تاقیکردنەوە و بەسەرهاتی ڕابووردوو بە وێنەی دەرسێکی ڕەوان لە بیر نەچووەوە، هیواش ئەکرێ کە جارێکی تر لاو شوێن ئەو جوورە سیاسی وە یا جامبازانە نەکەوێ و بە هەڵە نەچێ...!

ئینگلیزەکانیش لەگەڵ کوردا هەروەکوو لەگەڵ عەرەبەکانا کردوویانە و ئەیکەن قەت بەڕاستی نەهاتنە پێشەوە و دەسیان لە فرۆفێڵ هەڵنەگرت و لەم ناڕاستی و فرۆفێڵە بە ئەنجام خۆیان لە کورد زیاتر تووشی زەرەر بوون، چونکە تا هیوایان بە لەشکری یۆنان بوو و بەتەما بوون لەشکرەکانی تورک لە ئاسیای بچووکا بەیاخی سپی هەڵکا و مستەفا کەمال لەناوا نەمێنێ، بەڕاستی و بەدڵ دەسیان نەدایە دەس کورد. جاروباریش کە مەسەلەی کوردیان بیر ئەکەوتەوە مەبەسیان خزمەتی کورد نەبوو، بەڵکوو بەهۆی کوردە جامبازەکانی پیاوی خۆیانەوە شوێن مەبەسێکی نهێنی ئەکەوتن کە قازانجی ئینگلیزی تیابێ. تەنیا بۆ سەرکەوتنی خۆیان تێئەکۆشان و بۆ هەڵگەڕان بە کێوە بەرزەکانی ئامانجی بریتانیادا لە شوێن جێگەپێ ئەگەڕان... لەو وشانە کە مەندووبی سامی لە نامەکەیا بۆ وەزارەتی عەبدوڕڕەحمان نەقیب ئەینووسی مەبەسی ڕاستی ئەو پارێزگاری حەقی دواڕۆژی کورد نەبوو، چونکە بەلای ئینگلیزەکانەوە وابوو کە ئەگەر مستەفا کەمال لەناو بەرن مووسڵ بێخاوەن ئەمێنێتەوە، نەشیائەویست کە ئەم وڵاتە بەپیت و بەرەکەتە بخرێتە سەر عێراق، چونکە نەیائەویست کە عەرەبەکان بەهێز بن. لەبەر ئەمە لەو ڕۆژەدا لە ژێرەوە بەرهەڵستیان ئەخستە ڕێی عێراق و داوا کردنی مووسڵ.[1] باسی کوردستانی ئینگلیز بۆ ئەمە مابووەوە کە تورک فەوتا، بەرامبەر بە عەرەبی عێراق بیکەن بەهۆی هەڕەشە، واتە لە ژێر ناوی کوردستانا مووسڵ جیا بکەنەوە و بیکەن بە هی خۆیان... ئینجا کە مستەفا کەمال سەرکەوت کوردەکان کە لە ئاسیای بچووک و لە عێراقا لاگیریی تورکیان کردبوو هەروەکوو ئینگلیز پشتی تێکردن، لە تورکیش لە ستەم و دوژمنایەتی بەولاوە شتێکیان چنگ نەکەوت، چونکە مستەفا کەمال بە بەشێ

---

١. داوا کردنی مووسڵ نەک لە تورکەکان، بەڵکوو لە ئینگلیزەکان، واتە بریتانیا مووسڵی بە هی خۆی دائەنا و بەتەمای فەوتانی تورک و مستەفا کەمال بوو.

لە قازانجی نەوتەکەی مووسڵ و بە بێدەنگ بوونی ئینگلیز لە مەسەلەی کورد لەگەڵ بریتانیا ڕێکەوت و دەسی لە مووسڵ هەڵگرت... بەڵام مووسڵ ڕاستەوڕاست نەبوو بە هی ئینگلیز، بەڵکوو بۆ عێراق مایەوە. ئەوانەی خۆیان بە ئەرەستوو دائەنێن و لە ژێرەوە زەردەخەنە ئەیانگرێ ئەبێ بزانن کە ئینگلیزەکان لەچاو ئەو بەرنامەیە کە کێشابوویان بە مەبەس نەگەیشتن. بەڵێ جێی ئینکار نییە تا بەینێ لەمەو پێش بەلای بەشی زوربەی خەڵقی دونیاوە ئینگلیز بە مامۆستای سیاسەت دائەنران و تەنانەت بەلای بەشێک لە کوردەکانی خۆمانەوە مۆجیزاتیان ئەدرایە پاڵ، بەڵام بێتوو کردەوەکانیان و ئەنجامی ئەو سیاسەتە کە تا ئیمڕۆ لەسەری ڕۆیشتوون و ئەڕۆن بخەینە بەرچاو، واتە قازانج و زەرەرەکەی بۆ خۆیان و بۆ بریتانیای گەورە لێک بدەینەوە بەڕوونی بۆمان دەرئەکەوێ کە بەتایبەتی لە شەڕی یەکەمی گێتی بەملاوە بەبێ وچان بەرەو دوا ڕۆیشتوون و لە هیچ مەبەسێکا بە ئامانج نەگەیشتوون؛ وەکوو هەندێ لە سیاسییەکان ئەڵێن خرەفاون. جارێ بە چەشنی پیرێکی خرەفاو و جاربەجار وەکوو منداڵێکی تاقانەی دایک و باوک ناز ئەکەن، ورک ئەگرن، بەڵام نە خۆ خرەفاندنیان کەڵکیان ئەگرێ نە ورک گرتنیان. لە هەموو لایەکی دنیا کەس نەما تێیان نەگا و پشتیان تێنەکا. با بیر بکەینەوە و بزانین لە کام جێ و لە چە کارێکا بە ئامانج گەیشتن و مەبەسیان چووە سەر؟ کەمێ لە خەیاڵ دوور کەوینەوە. پەردەی ئیمان بە ئینگلیز لەسەر ڕوو داماڵین و چاوێکی تیژ و گەش بە دەوری خۆمانا بگێڕین و پەروامان لە مونافیقەکان نەبێ و ڕاست بڵێین!

ئینگلیزەکان لە دوای شەڕی یەکەم چوونە ئەستەموول، ئەنجامی تەقەلاکانی ئەوێیان چی بوو؟ لەشکری یۆنانیان دروستکرد و ناردیانە سەر مستەفا کەمال. ئەنجامەکەی بەچی گەیشت؟ ئەی هەڕەشەوگوڕەشەکانی لۆئید جۆرج و کورزۆن لە موئتەمەرەکانا و تەقەلاکانی ئەم دوو وەزیرە گەورەیەی ئینگلیز لە بابەت هاندانی دونیاوە بەرامبەر بە تورک، بە مستەفا کەمال چووە مێشکی کەسەوە؟ تەنانەت سوێندخۆرەکان، واتە فەڕەنسە و ئیتالیای هاوپەیمانەکانی خۆشی پێ هاندرا؟ توانی لە تورکیان هەڵگێڕێتەوە و لە یارمەتی تورک دوایان بخا؟ ئەو سیاسەتە کە لە کوردستانی عێراقا لەسەری ئەڕۆیشتن و مەبەسێکی بە شێخ مەحموودیان هەبوو سەری گرت وە یا هەموو بەپێچەوانەی مەبەسی ئەوان

هاتە دی؟ بەکورتی لەو ڕۆژەوە تا ئەم ساتە لەکام لای گێتییا و لە چە کارێک و سیاسەتێکا سەرکەوتن؟ لە ئیرلاندەوە بگرە تا دوورترین وڵاتی ڕۆژهەڵات چە سەربەخۆ و چە دیل و ژێردەست چە کارێ بە مەرامی ئەوان چووە سەر و کام بەرنامەیان سەری گرت؟ بریتانیا کە ڕۆژ لە ئیمپراتۆریی ئەوا هەڵئەهات و ئاوا ئەبوو وە یا نەئەبوو ئیمڕۆ لەکام قوژبنی گێتییا نرخێکی ماوە وە یا بە چاکە ناو ئەبرێ؟ لە چە وڵاتێکا نۆکەری ماوە وە یا هەیە...؟

فیدائییەکانی قیبریس ئاگر لەسەر پشتی ئینگلیز ئەکەنەوە. لاوێکی نیشتمانپەروەری عەرەب، واتە مەلیک حسێنی جوامێر، گلۆپی مەلیکی بیابان، بە چەشنی پشیلەیەکی گەڕ لە وڵاتەکەی ئەهاوێتە دەرەوە. میسری ئازا دوای نوستنێکی نزیک هەشتا ساڵ لەناکاو تەکان ئەدا و زنجیرەکانی ئەپچڕێنێ، لە ڕیزی دیلەکان ئەچێتە دەرەوە. هیندستان، گەوهەری تاجی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا بەری خەباتە دوورودرێژەکەی گاندی و نەهرۆ ئەچنێتەوە، ئەبێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هەرە بەڕێزی دونیا.

پیاوخۆرەکانی ئەفەریقا و نەتەوە ڕەش و دواکەوتووەکان لێی هەڵئەگەڕێنەوە. لە عاست نەتەوەی بەرز و پیرۆزی ئینگلیز و سپییەکانا سەر بەرز ئەکەنەوە. لە عێراقا، لە ئێرانا، لە بەحرەین و کوێت و عەدەنا داوای کرێی لاگیری و دۆستایەتی لێ ئەکەن. ئیمامی یەمەن لە ڕوویانا ئەوەستێ و شەڕی تۆپ و فڕۆکەیان لەگەڵا ئەکا. نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر قەومە بچووک و بێکەسەکان پەنجە ئەکەن بە چاویا و ڕێی دەسدرێژی لێ ئەبرن...

مەلیک مەسعوود شەڕیان پێ ئەفرۆشی و داوای فلانە جێ و فیسارە دورگەیان[1] لێ ئەکا. تەنانەت ئیرلاندی ئازاد لێی ڕاست ئەبێتەوە و ئەیەوێ ئینگلیز لە ئیرلاندی ژێردەست بکاتە دەرەوە. بەکورتی بە هەر لایەکا ئەڕوانی ڕەغنەیە و لە ئینگلیز ئەگیرێ؛ هەرایە و هەڵئەگیرسێ؛ خەڵقە و بە گژیا ئەچن؛ داوایە و لێی ئەکرێ؛ پیاوە و لێی ئەکوژرێ؛ حەقدارە و شکاتی لێ ئەکا؛ خاوەن داوایە ڕوو ئەکاتە نەتەوە یەکگرتووەکان.[2] تەنانەت وا لەم ڕۆژەدا هەزاران هەزار کرێکار ئاژاوەیان ناوەتەوە و وەزارەتی بریتانیایان

---

١. دورگە وە یا جەزیرەی پریم وە یا بریمێ.

٢. نەتەوە یەکگرتووەکان: أممی متحده.

خستووەتە گەرداوەی کەم و زیادی کرێ و هەر خوا ئەیزانێ کە ئەمە تەرازووی ئابووری وڵات ئەخاتە چە وەستاوێکەوە...؟!

بەڵێ بێتوو لە هەموو ئەمانە بنواڕین و بە بیرێکی بێلاگیری حیادی لێی ورد بینەوە بۆمـان دەرئەکـەوی ـ کە بەپێچەوانەی بیری ئەوانە کە لە باوەڕێکی تران و لایان وایە کە لاگیری ئەوان ڕەنگە ڕەش بکا بە سپی وە یا شەو بکا بە ڕۆژ ـ سیاسەتی ئینگلیز لەگەڵ پێویسـتی چەرخا ڕێک‌نەکەوتووە و ناکەوێ و بەڕاسـتی بریتانیای گەورەی بەرەو پاش بردووە و ئەیبا و لە ناوچەی دەوڵەتە گەورەکان گەلێ دووری خستووەتەوە و ئەیخا... لەمە زیاتر لەسەری نەڕۆین و با بگەڕێینەوە سەر مەبەس!

دوای ئـەوە کـە ئەمیر فەیسـەڵ گەیشـتە بەغدا یەکـەم کـردەوەی وەزارەتی نەقیب کۆکردنـەوەی مەجلیسـی دامەزرێنـەر بـوو، چونکە بـۆ هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسـەڵ بە مەلیـک و بـڕیاردان لە بابەت ئەوە کە بە چە جۆرێ و لـە چە وێنەیەکا ئەم هەڵبژاردنە ئەبێ لەناو میللەتا بڵاو بکرێتەوە پێویست هەبوو بە هەیئەتێکی وا کە نوێنەری هەموو تیـرە و نەتەوەکانـی عێراق بـێ. قانوونی هەڵبژاردن[1] هەر بۆ ئەم مەبەسـە لە پێشـەوە و لەلایـەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە دانرابـوو. ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە لەوانە ڕێکخرابوو کە لە مەجلیسـی مەبعووسانی عوسـمانییا ئەندام و لەم جوورە کارانەدا شارەزا بوون، بەڵام وەزارەتـی نەقیب ویسـتی کە لـەم کارەدا بە دەس‌وبـرد بجووڵێتەوە، واتـە وای بە باش زانی بە کۆکردنەوەی مەجلیسـی دامەزرێنەرەوە، کات لە دەس نەدا و لەسـەر قانوونی ئەساسـی بە چەن‌وچۆن و بگرەوبـەردەوە خەریـک نەبێ. بـەلای وەزارەتەوە وابوو کە دانانی ڕێ‌وشـوێنێکی تایبەتی و لە هەموو سـەرێکەوە گونجاو لەگـەڵ قانوون[2] ئەبێتە هۆی پەیا بوونی گێچەڵ،[3] لە کاتێکا کە وەزارەت لەو باوەڕەدا بوو وێستاوی ئەو ڕۆژەی وڵاتی عێراق وای ئەویسـت کە لەم مەسـەلەیەدا بەگورجی بجووڵێنەوە؛ دیوی دەرەوەی بیانووەکەی وەزارەت ئەمە بوو. بەڵام ئەوانە کە لە دیوی ژێرەوەی سیاسەت ئاگادار بوون

---

١. قانوونی ئینتخابات.

٢. گونجاو لەگەڵ قانون: موافقی قانوون.

٣. گێچەڵ: مشکلة.

ئەیانزانی کە هۆی گرنگترینی ئەم دەس‌وبردە و خێرا جووڵانەوەیە مەسەلەی کورد بوو، چونکە بەپێی پەیمانی سیڤەر کە تا ئەو ڕۆژە لە وێنەیەکی ڕەسمییا هەڵنەوەشابووەوە کورد حەقی ئەوەیان هەبوو کە بیر لە دوارۆژی قەومەکەیان بکەنەوە و ئەیانتوانی کە بێ‌ترس بەرامبەر بە حکوومەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق بیروباوەڕی خۆیان بڵێن. هەروەکوو لەلایەن یەکگرتنەوە و تێکەڵاوبوون بە وڵاتی تازەوە بەرهەڵستیان لە بەردەما نەبوو، ڕێی ئەوەشیان لێ‌نەئەگیرا کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی بکەن وە یا هیچ نەبێ مەیلی ئیدارەی موختارییەتێکی میللی بخەنە پێشەوە و داوای ئەو حەقانە بکەن کە لەلایەن دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە[1] بەڵێن درابوو بە جێبەجێ کرانی و خرابووە پەیمانەکەی سیڤەرەوە...

ئینجا لەبەر ئەمە بوو کە وەزارەتی نەقیب ویستی تا کوردەکان بیریان لەمە نەکردووەتەوە وە یا لە هەر لایەکەوە بێ نەخراونەتە سەر ئەم بیرە، هەڵبژاردنی فەیسەڵ بە مەلیک جگە لە عەرەبەکان لەلایەن هەموو تیرە و نەتەوەکانی عێراقەوە، بەتایبەتی کوردەکان، تا زووە بە ئەنجام بگا و بەبێ قرە ببرێتە سەر، واتە بڕیار درا کە ئەم هەڵبژاردنە بە کۆکردنەوەی دەنگی گشتی[2] جێبەجێ بکرێ. ئەم بڕیارە کە لەلایەن سیاسییەکانی عەرەبی عێراقەوە بە باش زانرا لە کۆبوونەوەی ١١ی تەمووزی ١٩٢١ ڕێکەوتی ٥ی زیقەعدەی ١٣٣٩دا مەجلیسی وەزیرەکانیش بڕیاری لەسەر دا و بە هەموو عێراقا بڵاوکرایەوە.

ئەم کردەوەیە کە دیارە وێنەیەکی وریایی و زرنگی سیاسییەکانی ئەو ڕۆژە بوو خەڵقی عێراقی خستە بەرامبەر ئەمری واقعەوە. ئەوانە کە شارەزای دیوی ناوەوەی سیاسەت نەبوون وەکوو هەندێ لە سەرەک عەشیرەتەکان و بەشی زوربەی ئەهالی وایان‌ئەزانی کە ئەم بڕیارە قانوونییە و ئەبێ سەرپێچی لە عاستا نەکرێ، لەبەر ئەوە لە کاتێکا دەس کرا بە کۆکردنەوەی دەنگ مەئموورەکانی ئیدارە وەکوو موتەسەریف و قایم‌مەقام و مودیرەکان و لە پشت ئەوانیشەوە موشاویرەکانی سیاسی ئینگلیز تووشی هیچ جوورە بەرهەڵستێک نەبوون و ئەم کارە دشوار و گرنگەیان زۆر بەسووکی و ئاسانی بردە سەر. ئەوانەش کە لە

---

١. حولەفا.

٢. تصویتی عام.

بەر هەر هۆیەک بێ هەستی ورتەورتێکی ڕاست وە یا درۆیان لێ ئەکرا هەر لە پێشەوە دەم‌شیرین وە یا دەمکوت کرابوون، بەڵام مەسەلەی کورد ئەم جارەش لەلایەن ئینگلیزەوە کرا بە ژێر لێوەوە و بەناو بۆ کوردەکان خۆیان هێشتەوە. بە مەبەستێک کە لە سەرەوە وتبوومان و لە خوارەوەش دووبارە باسی ئەکەینەوە ناوی کورد و مەسەلەی ئەم قەومە خرابووە ئەو نامانەوە.[1] مەبەسەکەشیان مەبەسی ئینگلیزەکان ئەوە بوو کە لە هەر کاتێکا ویستیان و تەنیا بۆ قازانجی خۆیان بەکەڵک هات مەسەلەی کورد زندوو بکەنەوە و لە ڕێی عەرەبەکان و حکوومەتی عێراقا بیکەن بە بەرهەڵست. هەندێکیش کە خۆیان بە نمایندەی قەومی کورد دائەنا جووڵەیان لێوە نەهات و لە ڕێی قانوونەوە تەقەلایەکیان نەدا، چونکە زۆریان لەوانە بوون کە شوێن سوودی نەفسی خۆیان کەوتبوون و بۆ دەس‌خستنی ئەمە ئەو ڕۆژەیان بە هەل ژماردبوو. ئەوانەش کە لەم‌جوورە نەبوون کەم بوون و بەیەکەوە نەئەلکان وە یا بڵاوەیان پێکرابوو وە یا تەنگیان پێ‌هەڵچنرابوو.

جگە لەمە ـ داخەکەم ـ خۆپەسەن و ئەنانی بوون، بێ‌تەنزیمات بوون، گیانی لێبووردن و چاو لێ پۆشینیان پەست بوو. لەبەر ئەمە هیچیان پێنەکرا. لەوەش ترسیان هەبوو کە بێتوو لە عێراق جیا بکرێنەوە بدرێنەوە بە تورک وە یا ڕاستەوڕاست هەر لە ژێر حوکمی ئینگلیزەکانا بمێننەوە. ئەو ئینگلیزانە کە دەستەیێ لە نۆکەرەکانی خۆیان بەولاوە ژیانیان لەو دوای کورد کردبوو بە ژار،[2] ئەمانە هەمووی بوو بەهۆی ئەوە کە تەنانەت بەشێکی خەڵقی لیوای سلێمانیش دەنگ بدەن بۆ فەیسەڵ و لە ئەنجامی دەنگی گشتییا بە لە سەدا نەوەد و شەش (٩٦٪)ی دەنگەکانی هەموو عێراق بکرێ بە مەلیک.[3]

١. نامەکانی کە لە بەینی دائیرەی مەندووبی سامی و وەزارەتی «سەید ئەوڕەحمانی نەقیب»دا ئاڵوگۆڕ کرابوو.

٢. ژار: زەهر؛ ژاری مار.

٣. تأريخ الوزارات العراقية، مامۆستا عەبدوڕەززاق حەسەنی.

له به‌ینی حکوومه‌تی عێراق و مه‌ندووبی سامییا
ئاڵوگۆڕی نامه و باسی مه‌سه‌له‌ی کورد

له‌ کاتێکا سیاسییه‌کانی عه‌ره‌بی عێراق و ئه‌وانه‌ی لاگیری فه‌یسه‌ڵ بوون ته‌قه‌لایان ئه‌دا که‌ به‌ ده‌نگی گشتی فه‌یسه‌ڵ بکرێ به‌ مه‌لیکی عێراق، له‌ به‌ینی دائیره‌ی مه‌ندووبی سامی و وه‌زاره‌تی نه‌قیبا له‌لایه‌ن هه‌ڵبژاردنی ئه‌ندامه‌کانی مه‌جلیسی دامه‌زرێنه‌ره‌وه‌ چه‌ن نامه‌یه‌ک ئاڵوگۆڕ کرا که‌ په‌یوه‌ستێکی گرنگی هه‌یه‌ به‌ مه‌سه‌له‌ی کورده‌وه‌. له‌به‌ر ئه‌مه‌ وا له‌ خواره‌وه‌ کوردییه‌که‌ی ئه‌و نامانه‌ ئه‌نووسین:

وێنه‌ی نامه‌یه‌که‌ که‌ به‌ ژماره‌ ١ ـ ٥٣٥ و مێژووی ٨ی ته‌مووزی ١٩٢١ له‌لایه‌ن سکرتێری مه‌جلیسی وزه‌راوه‌ بۆ فه‌خامه‌تی مه‌ندووبی سامی عێراق[1] نووسراوه‌.

[بۆ فه‌خامه‌تی مه‌ندووبی سامی]

«فه‌خامه‌تی ڕه‌ئیسی وه‌زرا ئه‌مری پێکردم ئیشاره‌ت به‌و نامه‌یه‌ بکه‌م به‌ ژماره‌ س ١٣١ و به‌ مێژووی ٧ی نیسانی ١٩٢١ نووسراوه‌ و تکاتان لێ بکه‌م که‌ له‌ فه‌خامه‌تی مه‌ندووبی سامی پرسیاری هۆی دواکه‌وتنی پێکهاتنی ئه‌و نیزامه‌ موه‌قه‌ته‌ بفه‌رموون که‌ بڕیار دراوه‌ ئه‌ندامه‌کانی مه‌جلیسی دامه‌زرێنه‌ری پێ هه‌ڵبژێررێت. جگه‌ له‌مه‌ فه‌خامه‌تی ڕه‌ئیسی وزه‌را وای پێ خۆشه‌ که‌ بزانێ داخۆ له‌لایه‌ن فه‌خامه‌تی مه‌ندووبی سامییه‌وه‌ به‌رهه‌ڵستێک هه‌یه‌ بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی نیزامی ناوبراو به‌ گورجییه‌ک که‌ له‌ ده‌سه‌ڵاتا بێ یا نه‌؟»

حسێن ئه‌فنان

سکرتێری مه‌جلیسی وزه‌را

وه‌ڵامی سکرتێری مه‌ندووبی سامی

به‌ ژماره‌ س. د ١٦٣١ و به‌ مێژووی ٨ی ته‌مووز ١٩٢١

«له‌ وه‌ڵامی نامه‌ی ژماره‌ ١ ـ ٥٣٥ و مێژوو ٨ی ته‌مووزی ١٩٢١دا ئه‌ڵێم: فه‌خامه‌تی

١. نامه‌که‌ ڕاسته‌وڕاست بۆ مه‌ندووب نه‌نووسراوه‌، به‌ڵکوو به‌ناوی سکرتێری مه‌ندووبی سامییه‌وه‌ نووسراوه‌.

مەندووبی سامی زۆر پێی ناخۆشە بدوێ لەو دواکەوتنە کە لە بابەت بڕیاردان لەلایەن قانوونی هەڵبژاردنەوە ڕووی داوە. دواکەوتنێ کە لە بنچینەدا لەو گرنگییە پەیا بووە کە هاتووەتە ڕێی دۆزینەوەی ڕێکخستنی جێبەجێ کردنێکی وا کە لەگەڵ پەیمانی سیڤەردا بگونجێ بۆ پێکهێنانی قازانجی[1] کوردەکان لەو سێبەرانەدا[2] کە تیا ئەژین. بەتایبەتی ئەم گرنگییە زیاتر لە تێکەڵ وپێکەڵی هۆزە جیاجیاکانی کوردا دەرکەوتووە کە لەلایەن ویستاوی (موقف)ی خۆیانەوە بەرامبەر بە حکوومەت و بەرامبەر بە فەخامەتی مەندووبی سامی بریتانیا پیشانیان داوە. فەخامەتی مەندووبی سامی لەو هۆیانە ئاگادارە کە مەجلیسی وزەرای خستووەتە سەر هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی قانوونی هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەشا کە لە هەموو هەواڵێ ئاگادارە دیسانەوە ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم قانوونە، بە مەرجێک کە لە سێبەرەکانی کوردا جڵەوی کار بدرێتە دەست خۆیان لەوەدا کە بیانەوێ تێکەڵ بن بەم هەڵبژاردنە وە یا لێی دوورکەونەوە و ئەمەش کار نەکاتە سەر بڕیاری دوایین یان لە ڕۆژی خۆیا لەبابەت ویستاویانەوە بەرامبەر بە حکوومەتی عێراق. بەپێی هەواڵێک کە لە وەزارەتی داخلییەوە دەرچووە و بە مەندووبی سامی گەیشتووەتەوە فەخامەتیان ترسیان لەوە هەیە ئەو ماوەیە کە لە بەینی مێژووی بڵاوکرانەوەی قانوونی هەڵبژاردن و کۆبوونەوەی مەجلیسی دامەزرێنەرا تێئەپەڕێ زۆر بکێشێ و لە سێ مانگ کەمتر نەبێ.

شکی تیا نییە کە ئەبێ مەجلیسی دامەزرێنەر تا زووە کۆ بکرێتەوە و بۆ وڵات قانوونێکی ئەساسی ڕێک بخا، بەڵام پێویستەکانی ئەهالی ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بوونایە بۆ دەس خستنی هەلێک کە حاکمی وڵاتی تیا دابنێ و مەرکەزی ئەم حاکمە بەپێی قانوونی ئەساسی ئەچێتە ژێر قەیدەوە. بۆ گەیشتن بەمە بەگورجی ئەبێ ڕێگەیەکی ئاسان بدۆزرێتەوە کە مەبەسی پێ بێتە دی. فەخامەتی مەندووبی سامی ئامادەیە بۆ سووک کردنی هەموو هۆیەک کە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی پێویست، مەجلیسی وزەرا بە باشی ئەزانێ و داوای ئەکا...

سی. سی. کاربت

سکرتێری مەندووبی سامی

---

١. پێکهێنانی قازانج = تأمینی مصالح.

٢. سێبەر: کولگەی تورکی؛ مەنتیقەی عەرەبی.

ئه‌م نامه‌یه‌، واته نامه‌ی سكرتێری مه‌ندووبی سامی له كۆبوونه‌وه‌ی ١١ی ته‌مووزی ١٩٢١، ڕێكه‌وتی ٥ی زیقه‌عده‌ی ١٣٣٩دا له مه‌جلیسی وزه‌را خرایه موزاكه‌ره‌وه و بڕیار درا به‌:

ئه‌میر فه‌یسه‌ڵ، یه‌كه‌م مه‌لیكی عێراق

١ـ دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌یه‌كی سووك بۆ دانی هه‌ل به عێراقییه‌كان له ده‌رخستنی مه‌یل و خوایشتی خۆیانا له‌لایه‌ن هه‌ڵبژاردنی مه‌لیكه‌وه بۆ عێراق و له‌سه‌ر ئیقتراحی ڕه‌ئیسی وزه‌را هه‌ر له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا بڕیار درا كه ئه‌میر فه‌یسه‌ڵ ناوی مه‌لیكی عێراقی لێ بنرێ، به‌و مه‌رجه كه حكوومه‌ته‌كه‌ی ده‌ستووری نیابی و دیموكراتی بێ و به قانوونه‌وه به‌سرابێ. جگه له‌مه به ده‌نگی گشتی[1] بڕیار درا كه ئه‌مه به‌هۆی وه‌زیری داخلییه‌وه به هه‌موو ناوچه‌كانی حكوومه‌تا بڵاو بكرێته‌وه و له‌م لایه‌نه‌وه چی پێویسته بیكا.[2]

٢ـ مه‌سه‌له‌ی كورد: له‌به‌ر ئه‌وه كه حكوومه‌تی بریتانیا به‌پێی په‌یمانی سیڤه‌ر جڵه‌وی ئیختیار ئه‌داته ده‌س كورده‌كان و ڕێ ئه‌كاته‌وه بۆ تێكه‌ڵبوون وه یا نه‌بوونی مه‌نتیقه‌كانی كورد به مه‌سه‌له‌ی هه‌ڵبژاردنی ئه‌ندام و ناردنیان بۆ مه‌جلیسی دامه‌زرێنه‌ر، مه‌جلیسی وزه‌راش وای به پێویست زانی كه سه‌ربه‌ستی ته‌واو بدرێ به مه‌نتیقه‌كانی كورد له‌لایه‌ن ئیشتیراك‌كردن وه یا نه‌كردنه‌وه به‌پێی په‌یمانی ناوبراو، به‌و مه‌رجه كه

---

١. إتفاقی أرا وه یا أصوات.

٢. الوزارات العراقیة، مامۆستا حه‌سه‌نی.

ئەمەش[١] لە دوارۆژدا نەکرێ بە بیانوو بۆ کوردەکان و هۆی نووساندنیان بە عێراقەوە؛ بەڵام حکوومەتـی عێراق پێی خۆش ئەبێ کە ئـەم مەنتیەقانە (مەنتیقەکانی کورد) تێکەڵ بەم هەڵبژاردنە ببن و لە بەدەنی[٢] عێراق جیا نەبنەوە.

٣ـ بەپێی ئەم دوو بڕیارەی سـەرەوە مەجلیسـی وزەرا بەرهەڵسـتێک نابینێ بۆ ئەوە کـە دەسـبەجێ بەندەکانی نیزامی موەقـەت بخاتە کارەوە بـۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر...[٣]

حسێن ئەفنان

سکرتێری مەجلیسی وزەرا

کە ئەم بڕیارەی مەجلیسـی وزەرا گەیشـتەوە بە دائیرەی مەندووبی سـامی، سـکرتێری مەنـدووب بـە ژمارە ٣٠-٥-١٢٣١ و بە مێژووی ١٣ی تەمـووزی ١٩٢١ نامەیەکی تری نارد بۆ سـکرتێری مەجلیسی وزەرا. لەم نامەیەدا بەئاشکرا دەرئەکەوت کە مەندووبی سامی لەم بڕیارە کوتوپڕەی مەجلیسی وزەرا و لە بڵاوکرانەوەی ناونرانی فەیسەڵ بە مەلیکی عێـراق بەمجـوورە کە بە بیـرا نەئەهات واقـی وڕمابوو؛ لەگەڵ ئەوەشـا کە ئوسـلووبی دیپلۆماسی و ئادابی سیاسەت وای هەڵئەگرت کە ئەم واقوڕمانەی مەندووبی سامی لە دێڕەکانی نامەکەدا دەرنەکەوێ و بەتەواوی دانی پیا نەنرێ، دیسانەوە لە دێڕەکانی دواییی نامەکەدا ئەیوت: فەخامەتی مەندووب لەو باوەڕەدایە کە ئەم بڕیارەی مەجلیسی وزەرا دەنگدانـەوەی[٤] بیـروباوەڕی میللەت بێ، بەڵام لە پێش ئـەوەدا کە فەخامەتیان بەڵێن بدەن و دان بەم بڕیارەدا بنێن[٥] پێویسـتە جارێ ڕاستەوڕاسـت بیری میللەت تێبگەن و لەبـەر ئەمـە فەخامەتیـان تکایان وایـە لە مەجلیسـی وزەرا کە ئەمرێک بـۆ وەزیری داخلییە بنووسـێ بۆ دانانی ئەو ڕێوشـوێنە کە پێویسـتە و خۆیان بە باشـی ئەزانن بۆ

١، واتە لە هەڵبژاردنی ئەندام بۆ مەجلیس دامەزرێنەر ئیشتراک بکەن وە یا نەکەن.

٢. بەدەن: جسم.

٣. مێژووی وەزارەتەکانی عێراق، مامۆستا حەسەنی.

٤. عەکسی سەدا وە یا ئینعیکاس.

٥. ئیعتیرافی پێ بکەن.

دەس‌کردن بە « تصویتی عام».[١]

بەڵام لەگەڵ ئەم تکا و ڕاسپێرییە کە مەندووبی سامی کردبووی لە هەموو لایەکی عێراقا بڕیارەکەی مەجلیسی وزەرا لە بابەت بڵاوکرانەوەی ئەوە کە فەیسەڵ بە مەلیک دانراوە وا درایە قەڵەم کە مەسەلەیەکە بڕاوەتەوە و لەبەر ئەمە لە ئەنجامی تەقەلا و کۆششی مەئموورەکان و خاوەن کاروبارەکانا چە کورد[٢] و چە عەرەب لەلایەن بەشی زۆری ئەهالی عێراقەوە بوو بە مەلیک. لە دوای ئەمە و لە ڕۆژی ١٨ی زیحەججەی ١٣٣٩ لە حەوشی سەرای بەغدا تاجی مەلیکی نرایە سەر و ئەم کارە بە جوورێکی ڕەسمی بڵاوکرایەوە...

❋❋

عەرەبەکان دوای ئەوە کە تاجیان نایە سەر فەیسەڵ زۆری پێنەچوو هۆشیان هاتەوە بەرا و بۆیان دەرکەوت کە بە هەڵبژاردن و دانانی مەلیک کار تەواو نەبووە و نەبڕاوەتەوە و بەری ئەو غەزا و شۆڕشە کە لە ڕێی میللەت و نیشتمانا هەڵیانگیرساندبوو جارێ دەسیان نەکەوتووە. وەزارەتی نەقیب کە دوای دانانی مەلیک بەپێی دەستوور لە وەزارەت کشابووەوە دووبارە هێنرابووەوە، بەڵام ئەم وەزارەتە تەنیا بۆ ئەوە تێئەکۆشا کە فەرمانی ئینگلیز بهێنێتە جێ. لەوە بەولاوە کە ببێتە هۆی پێکهێنان و جێبەجێ کردنی داواکان و مەبەسەکانی بێگانە هێچی تری لە دەسا نەبوو و بەم هۆیەوە کاروباری خەڵق لەلای

١. تصویتی عام: کۆکردنەوەی دەنگی گشتی.

٢. لەم کاتەدا کە تەنانەت ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر لە بەغدا باسی کوردیان بە بیرا نەئەهات و لەگەڵ ئەمەدا کە بازرگانەکان و خاوەن ئەرازییەکان بە بیانووی کاروباری ئابوورییەوە هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە کوردستان بخرێتە سەر عێراق وە یا هەندێ کەس هەر بۆ ئەوە کە بەرهەڵست بێننە ڕێی ئەم حکوومەتە تازەیە وە یا بۆ مانەوە لە ژێر ئیدارەی ڕاستەوڕاستی ئینگلیزەکانا تێئەکۆشان، گەلێ لە سەرەک عەشیرەتەکان و گەورەکانیش بەهۆی هاندان و تێکۆشانی کۆمەڵە نیشتمانپەروەرەکانەوە کەوتبوونە داوا کردنی حەقی قەومی کورد و لەم بابەتەوە گەلێ مەزبەتەیان پێشکەشی جێگە بەرزەکانی خۆوڵاتی و بێگانەکان کردبوو. وە بەپێی پەیمانی سیڤەر وەکوو ئەو وڵاتانەی تر کە لە ئەنجامی شەڕی گەورەی یەکەمی گیتییا لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کرابوونەوە حکوومەتی قەومییان دامەزراندبوو وە یا بەرەو سەربەخۆیی و ڕزگاری ئەڕۆیشتن، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکوومەتی کوردیان ئەکرد.

حکوومـەت بەپێچەوانەی دەوری حوکمی ڕاستەوڕاسـتی ئینگلیـزەکان کەوتە گرنگی و لێنەپرسـینەوە وە یا دواکەوتـن و سـەرنەگرتن. حوکمی دووڕووی عـەرەب و ئینگلیز بۆ فەقیر و هەژار، بۆ لێقەوماوان و بێکەسـان، بەڵکوو بۆ بەشـی هەرە زوربەی خەڵق بوو بـە دەردێکـی وا گران کە کەس نەما لێی وەڕەس نەبێ. لە عاسـت ئـەم حاڵەدا ئەوانە کە خاوەن مێشـک و تێگەیشـتوو بوون کەوتنە لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە دامەزراندنی کۆمەڵە. هەموو ئەیزانین کە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق پێش هاتنی فەیسەڵ بۆ ئەم وڵاتە کۆمەڵەیان هەبوو و بەو جوورە کە باسمان کردبوو شۆڕشی گەورەی ١٩٢٠ بەری تەقەلا و کردەوەی ئەم کۆمەڵانە بوو، بەڵام دوای دانانی مەلیک فەیسەڵ نرخی وەزارەتی قەومی بەرامبەر بە هێز و نفووزی ئینگلیز باش دەرکەوت و نیشتمانپەرستەکان تێگەیشـتن کە لەو شۆڕشـەی سـەروماڵیان تیـا بەخت کردبوو بەرێکـی تەواویان وەرنەگرتـووە؛ لەبەر ئەمە بە پێویسـتیان زانی کە لەسـەر غەزاکەیان بڕۆن، بەڵام ئەمجارە بەئاشکرا کەوتنە جووڵانەوە. بڕیاریان دا کە لەو ڕێی تێکۆشـانی سیاسـییەوە بگـەن بە ئامانج(!) چەن جارێ کۆبوونەوە.

ئـەو حاڵە کە میللەتـی تیایە هانییانە بەرچاو و لەلایەن حقووقـی میللەتەوە کەوتنە گفتوگـۆ. بەمـە وەزارەتـی داخلییـە وریا بـووەوە و لـە ٢ی تەمـووزی ١٩٢٢دا قانوونـی کۆبوونـەوەی دانا و بـڵاوی کردەوە کـە بەپێی ئەم قانوونە هەمـوو کۆبوونەوەیەک ئەبوو بەڵێنی حکوومەتی لەسـەر بێ.[1] ئەم قانوونە و هەنـدێ تەگبیر و کردەوەی تری نهێنی و ئاشـکرای حکوومـەت بـوو بەهۆی پـەیا بوونی گەلێ قـۆرت و بەرهەڵسـت و ڕێ نەما بـۆ کۆبوونەوەی نیشـتمانییەکان بەئاشـکرا. ئینجا بەناچاری کەوتنە سـەر بیری ئەوە کە کۆمەڵانـی سیاسـی ڕێک بخـەن. ئەم بیرەی نیشـتمانییەکان گەیشـتەوە بـە مەلیک و بەهۆی «فەهمی مودەرریس»[2] ئەمینداری قەسـرەوە گەلێ تەقەلای دا بۆ سـەرنەگرتنی،

---

١. بەڵێنی حکوومەت: موافقەت یا ئیزنی حکوومەت.

٢. فەهمـی ئەلمودەرریس (١٨٧٣ -١٩٤٤)، سیاسـەتمەدار و ئەدیب و شـاعیرێکی عێراقـی بوو، بۆ ماوەیەک سـکرتێری کۆشـکی شـاهانەی عێراق بوو، بەڵام ئینگلیزەکان خۆشـیان لە چـارەی نەدەهـات و دەریانکرد. ماوەیەکیش بۆ سلێمانی دوورخرایەوە و لە سەربازخانەیەکدا دەستبەسەرکرا. م.س.

بەڵام سوودێکی نەبوو و نیشتمانپەروەرەکان لە بڕیاری خۆیان لایان نەدا.

ئینجا وەزارەتی داخلییە کەوتە هۆنینەوەی فڕوفێڵ و تەفرەدان. ئەمەش سەری نەگرت و نیشتمانییەکان تەفرەیان نەخوارد و لە یەک جیا نەبوونەوە. ئینجا وەزیری داخلییە چاری نەما و لە مێژووی ٢ و ١٩ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ ئیزنی دا بە حیزبەکانی نەهزە[١] و وەتەنی.[٢]

ئەمین چەرچەفچی حیزبی نەهزە[٣] و جەعفەر ئەبووتمەن حیزبی وەتەنی دامەزراند. بەرامبەر بەم دوو حیزبە کە هەردووکیان لەلایەن زەعیمە شیعەکانەوە دامەزران و بەتەمای ئەوە بوون لە ڕێی تەقەلایەکی سیاسییەوە بەری شۆڕشەکەیان بدروونەوە حکوومەتیش بەناوی حیزبی ئازاد (حیزب الحر)ەوە حیزبێکی بۆ خۆی دانا کە بەهۆی حاکمەکانی سیاسی و مەئموورەکانی حکوومەتەوە ئەندامی بۆ ئەدۆزرایەوە و لقی بۆ دائەمەزرا. بەمجۆرە کینەبەری و دووبەرەکییەتی کەوتە بەینی بەرەی نیشتمانپەروەرەکان و ئەوانەوە کە شوێن تەماعی شەخسی و مەبەسی تایبەتی خۆیان کەوتبوون.[٤] بەرەی دووەم بەجارێ بووبوون بە کوتەکی دەسی ئینگلیزەکان و حکوومەتی تازە کە لە عەرەبەکان خۆیان پێکهاتبوو کەوتنە وێزەی ئەوانە کە بۆ خزمەتی نیشتمان

---

١. حیزبی نەهزە (حزب النهضة). [حیزبی نەهزە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٢ لە بەغدا دامەزرا، سکرتێرەکەی محەممەدئەمین چەرچەفچی بوو، بەڵام سەرۆکی ڕاستەقینەی حیزبەکە محەممەد سەدر بوو. م.س]

٢. حیزبی وەتەنی (الحزب الوطنی). [حیزبی وەتەنی ساڵی ١٩٢٢ بەپێی یاسای ئەحزاب لەلایەن جەعفەر ئەبووتمەن دامەزرا. م.س]

٣. لە مێژووی وەزارەتەکانا ئەڵێ سەید محەممەد سەدر حیزبی نەهزەی دامەزراند، بەڵام مامۆستا سامی خوندە ئەڵێ سەید محەممەد سەدر حیزبی نەبوو و حیزبی نەهزە، خوالێخۆشبوو ئەمین چەرچەفچی دایمەزراندبوو.

٤. بە قسەی سامی خوندە حکوومەت دوای داخستنی حیزبەکان و ڕۆژنامەکان و دوای ناردنی نیشتمانپەروەرەکان بۆ «هەنجام» کەوتەوە سەر بیری بەستنی پەیمانی عێراق و ئینگلیز کە بەینێک بوو ڕێی بۆ پاک ئەکرایەوە، بەڵام لە کاتێکا کە وڵات حیزبێکی تیا نەبوو بەپێی ئوسلووبی دیموکراتی نەئەکرا باسی پەیمان بخرێتە مەجلیسەوە؛ واتە با هەر بە ناویش بێ پێویست بە حیزبێک هەبوو. نەبوو لە بەرامبەر ئەفکاری عالەمی دیموکراتا! بەڕواڵەتیش بێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حکوومەت حیزبێک هەبێ و نوێنەرەکانی ئەم حیزبە لە مەجلیسا بەرامبەر بە وەزارەت کە باسی پەیمانی هانیە پێشەوە بوەستێ و بەناوی بەربەرەکانییەوە (موعارێزە) بێتە زمان و قسە بکا؛ ئینجا لەم وەختەدا و بۆ ئەم مەبەسە بوو «حزب الحر = حیزبی ئازاد» دامەزرا.

بڕیاریان دا و کۆمەڵەیان دامەزراند و بەم بیانووەوە دەس کرا بە قەڵاچۆی ئەوانەش کە بووبوون بەهۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ۱۹۲۰ و تۆڵەی بەرودوایان لێ‌کردنەوە. بەکورتی حکوومەتی نیشتمانی بە چاوێکی سووک ئەیڕوانییە ئەوانە کە تا دوێنێ بە نیشتمانپەروەر ناسرابوون و بەرامبەر بە ئینگلیز شۆڕشە گەورە و خوێناوییەکەی عێراقیان نابووەوە. ئەو شۆڕشە کە دامەزرانی حکوومەتە نیشتمانییەکە خۆی یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی. لەبەر ئەمە کۆمەڵە نیشتمانییەکانی نەهزە (نهضە) و وەتەنی (وطنی) دەسیان کرد بە تێکۆشان و داوای کۆبوونەوەی مەجلیسی دامەزرێنەریان کرد، بەڵام ئەم تێکۆشان و تەقەلایە دادێکی نەدا و کەڵکێکی نەبەخشی و میللەت لە ژێر پەنجەی زوڵم و زۆر نەهاتە دەرەوە و لە داوی فرۆفێڵ ڕزگاری نەبوو. کاربەدەستەکانی خۆولاتی کە لە عاستی ئینگلیزا ملکەچ و سەرنەوی ئەوەستان و ئامادەی فەرمان بوون لە عاست خۆولاتییەکانا بووبوون بە شێر و خۆیان لە ئاوێنەی دێوا ئەهاتە بەرچاو، بەڵام حیزبەکان چاویان نەترسا و لە تەقەلا و کردەوەی خۆیان نەکەوتن بۆ ئەوە کە کارێکی باش بکەنە سەر سیاسەتەکەی حکوومەت هەردوو کۆمەڵە، واتە نەهزە و وەتەنی، ڕۆژی ۲۰ی ئاغستۆس هەیئەتێکیان ڕێکخست بۆ ئامادە کردنی شکاتنامەیەک کە بڕیاریان دابوو ڕۆژی ۲۳ی ئاغستۆس، واتە ڕۆژی جەژنی تاج‌لەسەرنان پێشکەشی بارەگای مەلیکی بکەن. هەیئەتی ناوبراو ئەوەی کە پێ‌سپێررا جێبەجێی کرد و لە ڕۆژی جەژنی ناوبراو ئەم عەرزی‌حاڵەی خوارەوە درا بە مەلیک.

بۆ بارەگای خاوەنشکۆی هاشمی

«لەبەر ئەمە کە میللەت چاوەڕوان بوو دوای تاجلەسەرنانی خاوەنشکۆتان و بڵاوکرانەوەی سەربەخۆیی عێراق و دامەزرانی حکوومەتێ کە چۆنی و جووری لە نامەی «بەیعەت»انا بڕیار درابوو، کە ئەبێ حکوومەتێکی قانوونی و نیابی و دیموکراتی بێ، مەجلیسی دامەزرێنەر هەڵبژێررێت بۆ دانانی قانوونی ئەساسی و ڕێکخستنی مەجلیسێکی قانووندانەر[1] بۆ ئەوە کە لە کردەوەکانی وەزارەت بپرسێتەوە و بیخاتە ژێر چاودێری خۆی، بەو جوورە کە لە حکوومەتە دەستوورییەکانا هەیە و بەکار ئەهێنرێ؛ وە لەبەر ئەمە کە ئەوانەی لە سەرەوە وتمان و بەڵێن درابوو بە جێبەجێ کرانیان تا ئێستە هیچی نەهاتە دی و هەر لە بەڵێنا مایەوە و نەکرا، میللەت کەوتووەتە حاڵێکەوە کە زۆر خراپە و ماڵوێرانی لێ پەیا ئەبێ، بە بۆنەی ئیدارەیەکەوە کە ڕووی دەرەوەی بەدەس خۆ وڵاتییەکانەوە و جڵەوی ڕاستی بەدەس ئینگلیزەکانەوەیە و لە گیانی ئازادییەوە ئێجگار دوورە؛ چونکە سیاسەتێک کە لەسەری ئەڕۆن و ئەو کردەوە بێقانوونییانە کە لەوانەوە ڕووی داوە و ئەیدا هەمووی لەوانەیە کە تۆوی ناکۆکی و جیاکەرەوە بخاتە ناو میللەتەوە و لە کونجی نەفامی و پلەی بێهێزییا بیانهێڵێتەوە و بەرەو فەوتان و لەناوچوونیان بەرێ. لەگەڵ ئەمەشا هەر شەکوای حاڵێ کە بەناوی میللەتەوە تا ئیمرۆ پێشکەشی بارەگای خاوەنشکۆتان کراوە، خراوەتە پشتگوێ و لێی نەپرسراوەتەوە. بە ئەندازەیێ کە ئیتر بێ بە خەیاڵا کە لەگەڵ میللەتا دوژمنایەتییەکی کۆن هەبێ و بە بیری تۆڵەسەندنەوەیە کە وا هەر مەئموور و کاربەدەستێ کە هیوای خزمەت و چاکەی لێئەکرا گۆڕان بەو جوورە کەسانە کە وەکوو لەشێکی بێگیان ئەبزوونەوە و بوون بە کوتەکی دەسی موستەشارەکانی ئینگلیز و بەربوونەتە ویژەی میللەت. شکی تیا نییە کە ئەم ئەنجامە نابەجێیە لە دوای ئەو چاوەڕوانی و خۆگرتنە بۆ ڕوو لە چابوونی هەواڵ بووەتە هۆی نارەزایی و ترسانی میللەت لە دوارۆژ و لە ئەنجامی ئەم ئیدارە خراپە و ئەم سیاسەتە بێفەرە. واتە ئیدارەی ڕووخاندن و سیاسەتی کردنی خەڵق بە دوژمنی

---

١. مەجلیسی قانووندانەر: مەجلیسی تەشریعی.

یەکتری. لەبەر ئەمە میللەت چاری نەما و ئەیەوێ شەکوای حاڵی خۆی بەرێتە بەر بارەگای پادشاییتان و داوای ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵسووڕاندنە چەوتە بکا. لەناو ئەو شتانەدا کە داوای ئەکا لە هەمووی لە پێشتر خستنی وەزارەتە؛ وەزارەتێ کە میللەت بە گەورەترین هۆی ئەژمێرێ بۆ نەهاتنە دی ئامانجی و دوایی نەهاتنی ئەم هەرجومەرج و پەشێوییە کە لەناوایە و دیارە کە ئەنجامەکەی بۆ وڵات باش نابێ. بەهۆی ئەوە کە تا ئێستە مەجلیسی دامەزرێنەر ڕێکنەخراوە و بە جوورێ کە عەرزمان کرد لەبەر ئەوە کە باوەڕ پێکردن بە وەزارەت و پرسینەوە لە کردەوەکانی ڕاستەوڕاست حەقی میللەت خۆیەتی هەیئەتی ناوچەکانی گشتیی حیزبەکانی وەتەنی و نەهزە لایان وایە کە واجبێکی نیشتمانی ئەوانە ئەم هەواڵە بخەنە پێش بارەگای خاوەنشکۆتان کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەندانەی خوارەوە مەرحەمەت بفەرموون و فەرمانی مەلیکیتان دەربکەن:

١ـ بۆ خۆ دوورخستنەوەی کاربەدەستان لەو خراپە و چەوتییە کە لە سەرەوە باسمان کرد و بەتایبەتی پەنجەتێوەدانی بریتانیا لە کاروباری ئیدارە.

٢ـ بۆ ڕێکخستنی و دانانی وەزارەت لە پیاوانی دڵپاک و خاوەنبیری باش و ئامادە بۆ کردنی چاکە و خزمەتی میللەت تاوەکوو خەڵق هێمن بنەوە و هیوا پەیا بکەن بە ڕاستکرانەوەی چەوتی (ئیسلاح) و نەمانی خراپە و ڕێکخرانی کاروبار و ئیتر هێمنی باڵ بەسەر هەموو لایەکا بکێشێ...»

ئەم عەرزیحاڵەی حیزبەکان لەپێشەوە لە ڕۆژنامەکانی بەغدایا بڵاوکرایەوە. ئینجا هەردوو حیزب بڕیاریان دا کە لە ڕۆژی ٢٣ی ئاغستۆسی ١٩٢٢، واتە ڕۆژی ژیاندنەوەی تاجلەسەرنانی مەلیک نومایشێکی گەورەش ڕێکبخەن و شەکوای میللەت بەئاشکرا بگەیەننە بارەگای مەلیک... لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا خەڵقی بەغدا دەستەدەستە و پۆلپۆل ڕوویان کردە ناوچەکەی سەرای حکوومەت و لەبەردەمی قەسری مەلیکدا کۆبوونەوە.

ئینجا محەممەد حەسەن کوببە بەناوی حیزبی نەهزەوە و مەهدی بەسیر بەناوی حیزبی وەتەنییەوە تکایان کرد کە لە بەردەمی مەلیکدا شکایەتنامەی میللەت بخوێننەوە، بەڵام مەلیک ئەمری دا کە ئەمینی قەسر فەهمی مودەرریس گوێیان لێ ڕاگرێ. حەشامەتەکەی ناوچەی سەرا تەواو هاتبوونە جۆش.

محەممەدحەسەن کوببە و مەهدی بەسیر سەروو وتاریان خوێندەوە. لە کاتێکا کە مەهدی بەسیر وتارە ئاگرینەکەی خۆی ئەخوێندەوە، مەندووبی سامی پەیا بوو. هاتبوو بۆ پیرۆزبایی مەلیک. خەریک بوو لە پێپیلکەکانی قەسرەوە سەرئەکەوت. لەناو حەشاماتەکەوە بە ڕەنج تێپەڕی و تەواو پەست بووبوو. بەمەشەوە نەما، لەناکاو دەنگی بڕووخێ ئینگلیز! بڕووخێ بریتانیا! بەرز بووەوە.[1] کۆکس بەمە ئەوەندەی تر سەخت بوو و دەمار گرتی. بە گەڕانەوە بۆ جێی خۆی نامەیەکی توندی نارد بۆ مەلیک و ڕەغنەیەکی تەواوی لەم کردەوانە گرت. لە قەسرەوە دەزبەجێ وەڵامێکی جوان و هێمنی بۆ نووسرایەوە،[2] بەڵام ڕەغنە توند و گرانەکەی مەندووب کارێکی تەواوی لە مەلیک کردبوو.

---

١. سامی خوندە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕافیدەین ئەڵێ:

یەکەم کەس کە بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد بڕووخی ئینگلیز! کابرایەک بوو کە پێیان ئەوت حەسوون ئەبولجبن (پەنیرفرۆش). ئەم کابرایە ئیمرۆ ماوە و لە سوق‌السرای (بازاڕی سەرا) ئێستەش پەنیر ئەفرۆشی.

هەر سامی خوندە خۆی ئەڵێ: هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بوون کە حەسوون ڕاسپێررابوو ئەمە بڵێ، چونکە حکوومەت و دائیرەی مەندووب لە بیانوو ئەگەڕان بۆ داخستنی حیزبەکان و ڕۆژنامەکان و بۆ گرتنی نیشتمانپەروەرەکان و ناردنیان بۆ دەرەوەی عێراق، تاوەکوو بتوانن بەئاسانی و بەبێ بەرهەڵست پەیمانی عێراق و ئینگلیز کە بەدەستەوە بوو جێبەجێ بکەن و بیبەنە سەر...

محەممەد حەسەن کوببە

[سامی عەبدوڵڵا خوندە لە ساڵی ١٩٠٠ لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢١ ڕۆژنامەی «الرافدان»ی دەرکرد. یەکێک بوو لە ئەندامانی حەرەسی ئیستقلال. م.س.

٢. کۆکس لە نامەکەیا ئەیوت: «... لە کاتی ڕابووردنی مەندووبی سامییا کە نمایندەی بریتانیای گەورەیە بەرزبوونەوەی دەنگی بڕووخێ بریتانیا شتێکە بژمێررێ بە هەڵمەت بردن و سووک تەماشا کردن بەرامبەر بە مەندووب و ئەو حکوومەتە کە مەندووب نمایندەیەتی. سەرەڕای ئەمە ڕاوەستانی فەهمی مودەڕریس، کە ئەمینداری قەسرە و گوێ ڕاگرتنی لەو وتارانە کە ئەخوێنرایەوە شکی تیا نییە کە ئەبێ بە کارێکی نارەوا و جێی پرسینەوە بژمێررێ...»

سەرەڕای ئەمەش لەم کاتەدا تووشی ڕیخۆڵەکوێرە بوو و نەخۆش کەوت.

سامی خوندە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕافیدەین، ١٩٢٢

وادیار بوو کارەساتێ کە لە سووریە بەسەری هاتبوو هێشتا لە بیری نەچووبووەوە. ئینجا ڕۆژی ٢٥ی ئاغستۆسی ١٩٢٢، واتە دوای قەوماوەکەی قەسر بە ڕۆژێک ڕیخۆڵەکوێرەی مەلیک بڕا و لە جێگەدا کەوت. وەزارەتی دووەمی نەقیب کە لەسەر حوکم بوو[1] دەرکی کرد کە کۆکس بیری خراپە و بەتەمای هەندێ کردەوەی ناڕەوایە ـ لە ترسی پرسینەوەی دوارۆژ ـ لە وەزارەت کشایەوە (١٩ی ئاغستۆسی ١٩٢٢).

ئینجا بەم جوورە کە وڵات بێ حکوومەت و بێ خاوەن مایەوە کۆکس مەنشوورێکی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردەوە و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە میللەت حوکمی عێراقی گرتە دەس... جارێ لە پێش هەموو شتێکا حیزبەکانی «نهضه» و «وطنی» و ڕۆژنامەکانی «الرافدان» و «المفید» داخرا.

جگە لەمە داوای ئەکرد کە دڵی بدرێتەوە (ترضیە) و ئەیویست کە فەهمی مودەرریس لە حاڵێکا لەلایەن مەلیک خۆیەوە ئەمری گوێ ڕاگرتنی پێنەکرابێ لە قەسر بکرێتە دەرەوە. لە دوای ئەمانەشەوە پرسی ئەوەی ئەکرد کە بەرامبەر بە «حەسەن کوببە و مەهدی بەسیر» چییان لە دڵایە بیکەن...؟! ئەم نامە توندوتیژ و بێمانایە کە لە دائیرەی مەندووبەوە نێررابوو بۆ مەلیک، دوای ڕۆژێک لە ڕۆژنامەکەی «بەغداد تایمز»یشا بێشەرمانە بڵاوکرایەوە...

١. هەندێ کەس، کە یەکێکیان مامۆستا سامی خوندەیە و لە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو دەورەیە ئەڵێ: وەزارەت لەو ڕۆژەدا کەوتبوو و هێشتا دانەمەزرابووەوە. لەبەر ئەمە بوو لە کاتێکا کە مەلیکیش نەخۆش کەوت کۆکس نەخۆشی مەلیک و نەبوونی وەزارەتی بە هەل ژمارد و بۆ نواندنی زەبروزەنگ و جێبەجێ کردنی مەبەسی خۆی مەسئوولییەتی پرسینەوەی گرتە سەرشان و دەسی کرد بە حوکمی عێراق بەوجوورە کە لە سەرەوە باسمان کرد. ئەگەر لە مێژووی کشانەوەی وەزارەت وردبینەوە کە ڕێکەوتی ١٩ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ەوە، ڕاستی، واتەکەی سامی خوندە دەرئەکەوێ...

ئیبراهیم حیلمی عومەر[1] سەرنووسەری «المفید» خۆی کوتایە لای سەید محەممەد سەدر لە کازمییە و هەردووکیان لەوێوە ڕایانکردە ئێران.[2] سامی خوندە، کە خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕافیدەین بوو لەگەڵ ئەندامە ناودارەکانی حیزبەکانا حەمدی پاچەچی و جەعفەر ئەبووتمەن و مەهدی بەسیر و ئەمین چەرچەفچی و عەبدوڕڕەسووڵ کوببە و شێخ حەبیب خەیزەران[3] دوابەدوای یەک گیران و ڕەوانە کرانە بەسرە و لەوێشەوە بۆ هەنجام.[4]



سید محمد صدر دوایی کرا بە ڕەئیسی وزەرا و لە پێش مردنییا ڕەئیسی ئەعیان بوو

لەم ڕۆژانەدا لە نەجەف و لە کەربەلا گەورەکانی شیعە هەندێ تەلەگرافیان بە ئەهالی نووسی و ناردیان بۆ مەلیک و بۆ مەندووبی سامی. بە توندی ڕەغنەیان لە کردەوەکانی مەندووب ئەگرت. موتەسەریفی کەربەلا ویستی خاوەن تەلەگرافەکان

١. ئیبراهیم حیلمی ئەلعومەر (١٨٩٠ - ١٩٤٢) لە بەغدا لەدایکبووە. سەرەتای ژیانی تا کۆتایی خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسی بووە و لە ساڵی ١٩٢٢ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ڕۆژنامەی «لسان العربی» دەرکردووە و لە سەرەتای چلەکاندا بووەتە بەرپرسی ڕادیۆی عێراق و دواتر لە ساڵی ١٩٤١ دەرکراوە و کاری ڕۆژنامەوانی لێ قەدەغە کراوە تا کۆچی‌دوایی. م.س.

٢. لە کتێبی وەزارەتەکانی عێراقا کە نووسینی مامۆستا حەسەنییە ئەڵێ: کۆکس دوای ئەوە کە گیراوەکانی ناردە هەنجام، ئەمری کرد سەید محەممەد سەدر و شێخ مەهدی خاڵسی یەکێک لە زەعیمەکانی شۆڕشی ١٩٢٠، کە ئەوانیش لە ماوەی ٢٤ سەعاتا لە عێراق بچنە دەرەوە. ئینجا ئەڵێ دوای ئەمانە مەنشوورێکی بڵاوکردەوە...

٣. ئەوەی من ئەیزانم شێخ ئەحمەدی شێخ داود و عەبدولغەفوور بەدری خاوەنی ڕۆژنامەی ئیستقلالیش لەگەڵ ئەوانە بوون کە نێررانە هەنجام.

٤. هەنجام دوڕگەیەکە لەسەر خەلیجی بەسرە؛ لەلایەن ئیدارەوە بەسراوە بە بەندەر بووشەهری ئێرانەوە، بەڵام نیشتمانییەکانی عەرەب کە لە عێراقەوە ڕەوانەی هەنجام کران لەوێ خرابوونە ژێر فەرمانی شابەندەری ئینگلیزەوە (قۆنسوول) کە لە بەندەرعەباس دائەنیشت...



ئیبراهیم حیلمی عومەر

بگرێ، بەڵام خۆیان نەدا بەدەسەوە و ڕایانکردە لای سەرەک عەشیرەتەکان. لەوێشەوە دووبارە دەسیان کرد بە تەلەگراف نووسین. لەبەر ئەمە حکوومەتی بەغدا هێمن بووەوە و دەسی کرد بە سیاسەت. لە خاوەن تەلەگرافەکان و سەرەک عەشیرەتەکان وەکیلێک داوا کرایە بەغدا، کە وکیلیان ناردە بەغدا حکوومەت هەندێ تەلەگرافی هەڵبەست و درۆی بەناوی وەکیلەکەوە نارد بۆ یاخییەکان، بەڵام ئەم وەکیلە لە ژێرەوە و بە پیاوی جێ‌باوەڕی خۆیا یاخییەکانی وریا کردەوە. ئینجا کە تەلەگرافە هەڵبەستەکان کەڵکی لێ‌نەبینرا، مەندووبی سامی ئەمری دا و دێهات و ڕەشماڵی عەشیرەتەکان بۆمباران کرا. بەمە هەندێ لە یاخییەکان گەڕانەوە جێی خۆیان و هەندێکیان بەدیل گیران و جەریمە کران. ئەوانە کە دەستی حکوومەتیان نەئەگەیشتە سەر بۆ گفتوگۆ داوا کرانە بەغدا. لە ئەنجاما تەنیا دوو کەس، شێخ شەعلان ئەبووججوون[1] و شێخ سەکبان سەریان لەبەر حکوومەتا نەنەواند و لە جێی خۆیانا مانەوە. دوای چەن مانگێک مەلیک خۆی ناردی بە شوێن شێخ شەعلانا و هاتە بەغدا، بەڵام شێخ سەکبان کە چەن جارێ درایە بەر نارنجۆک (بۆمبا) و تووشی گەلێ مەینەت و سزا کرا لەگەڵ ئەمەشا سەری نەچەماندەوە و بێ‌ئەوە کە بێتە ژێر فرمانی میرییەوە لە دەوروپشتی ناسرییە مایەوە. ئینجا مەلیک کە لە حوزەیرانی ١٩٢٣[2] لە نیوەڕۆ (جنووب)ی وڵاتا لە گەشتا بوو بەناوی چاوپێکەوتنەوە

١.[شەعلان ئەبووججوون (؟ - ١٩٤١)، سەرۆکی هۆزی زەواڵم بوو لە باشووری عێراق. مێژوونووسان دەڵێن یەکەم فیشەکی شۆڕشی ١٩٢٠ی تەقاندووە دژ بە ئینگلیز. دوای سەربەخۆیی عێراق بووە بە پەرلەمانتار. م.س.

٢. مامۆستا سامی خوندە ئەڵێ: مەلیک لە ١٩٢٢ چووە ناسرییە و ئیبراهیم حیلمی عومەر و سامی خوندە

شێخ سەکبانی داوا کردە ناسرییە، بەڵام لەوێ حکوومەتی ناسرییە گرتی و هەر جەریمەیێ کە لە کاتی خۆیا خرابووە سەری لێی سەند. بەمە ئەو ناوە تا ماوەیێ دامرکایەوە...



شێخ شەعلان

بەناوی ڕۆژنامەکانی «المفید» و «الرافدان»ەوە بە ئەمری مەلیک تێکەڵ بە حاشیە بوون. جگە لە ئیبراهیم حیلمی و سامی خوندە ئەوانە کە لە بەردەستی مەلیک بوون و لەگەڵی چووبوونە ناسرییە ئەمانە بوون: ڕوستەم حەیدەر گەورەی باوەڕپێکراوەکانی قەسر، حاجی ڕەمزی وەزیری داخلییە و حاجی ڕەمەزان عەلی یاوەری مەلیک. ئەڵێن لە کاتێکا مەلیک ئەگاتە ئێستگەی ڕومیسە (رمیثە) شێخ شەعلان بەخۆی و عەشایری زەواڵم (ظوالم)ەوە ئەچن بەپیر مەلیکەوە. مەلیک لە ئێستگە دائەبەزێ. شەعلان ئەچێتە پێشەوە و بەخێرهاتنی ئەکا. لە کاتێکا مەلیک دەسی ئەگوشێ عەشایر بەجارێ دەس ئەکەن بە هۆسە کێشان. ئەڵێن: «یا شعێل صح لو مگبعینە؟» مەلیکی دانا باش لە مەرامیان تێئەگا، بەڵام بە زەردەخەنەیەکی بە ماناوە ڕۆیان تێئەکا و سەڵاویان ئەسێنێتەوە؛ بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەم سەفەرەی سامی خوندە باسی ئەکا ئەو سەفەرە نییە کە ئێمە لە سەرەوە باسمان کرد.

٦٦

پەیمانی عێراق و بریتانیا

ئەم پەڵپانە و توندوتیژی مەندووبی سامی، بەتایبەتی ڕێکخرابوو و لەلایەن وەزارەتی نەقیبەوە ڕێی بۆ پا کرابووەوە. هەمووی بیانوێکی سیاسی و فێڵ بوو بۆ دوورخستنەوەی سیاسییە نیشتمانپەروەر و ئازاکانی کۆمەڵەکانی نەهزە و وەتەنی و بۆ چاوترساندنی ئەوانە کە ئەیانوێرا بەرامبەر کردەوە ناڕەواکانی حکوومەت بوەستن، چونکە هەروەکوو بە جەرگ و چاوکراوە بوون لەلایەن سیاسەتیشەوە شارەزابوون و پشت بە خۆشەویستی میللەت بە خۆیانا ڕائەپەڕموو لە کاتی کاروبارێکی گرنگا بەرهەڵستی حکوومەت بکەن. لەو ڕۆژانەشا لەگەڵ بریتانیا بەستنی گرێی پەیمانێک بەدەسەوە بوو. جێی شک نییە کە تەقەلا ئەدرا بۆ کۆکردنەوەی مەجلیسێکی دامەزرێنەری وا کە قازانجەکانی بریتانیا بخاتە بەرچاو، واتە بە بیری دوژمنایەتی نەچێ بەڕێوە و مەبەسی بەربەرەکانی نەبێ. ئەمەش پێویست بەوە بوو کە ئەندامەکانی مەجلیس لەو جوورە کەسانە هەڵبژێرن کە بە دۆستی و لاگیریی ئینگلیز وە یا بە هێمنی و خوێنساردی و کەمتەرخەمی ناسراون و دواڕۆژ لێک ئەدەنەوە، بەڵام خەڵق بەهۆی هاندانی نیشتمانپەروەرەکانەوە وریا بووبوونەوە، خوێنیان هاتبووە جۆش، چاویان نەئەترسا؛ بەتایبەتی ئەوانە کە لە کۆمەڵەکانا بوون بێباکانە و بێپەردە کەوتبوونە وێزەی ئینگلیز. هەڕەشەی ئەوەیان ئەکرد کە ماوە نەدەن بە هاتنی ئەو جوورە پیاوانە، واتە کۆکردنەوەی مەجلیسێکی دامەزرێنەر کە بتوانێ کارێکی وا پێک بێنێ بە سووکی نەئەچووە سەر.

جێگا بەرزەکان و دائیرەی مەندووبی سامی لەبەر ئەمە بۆ تەفروتونا کردنی نیشتمانپەروەرەکان و چاوترساندنی خەڵق لە دووی بیانوو ئەگەڕان. ئینجا کردەوەی کۆمەڵە سیاسییەکان لە ڕۆژی ٢٣ی ئاغستۆس، ڕۆژی جەژنی تاجلەسەرنان ئەم بیانووەی دەس خست. خۆکێشانەوەی وەزارەت و نەخۆش کەوتنی کوت وپڕی مەلیکیش بۆ کەڵک وەرگرتن لەم بیانووە هەلێکی باش بوو بۆ مەندووب. دوای ئەوە کە کۆمەڵەکانی

تێکدا و گەلێ لە ئەندامەکانی نارده هەنجام و ڕۆژنامەکانی داخست؛ لە بابەت بەستنی پەیمانەوە لەگەڵ عێراق ماوەی گفتوگۆی بێ قرە پەیا بوو و قۆرت و بەرهەڵستێکی ئەوتۆ لەناوا نەما. ئینجا بۆ جاری سێیەم وەزارەتی نەقیب دامەزرایەوە و لە ماوەیەکی دوو مانگییا پەیمانی پێویست ڕێکخرا و بێ بگرەوبەردە بڕیاری لەسەر درا (١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢).

مەجلیسی دامەزرێنەر چۆن کۆکرایەوە و تەقەلا گرنگەکانی میللەت؟!

دوای ئەمە کە پەیمانی ١٩٢٢ لە لەندەن و بەغدا لە ڕۆژەکانی ١٢ و ١٣ی تشرینی یەکەما بڵاوکرایەوە مەلیکی عێراق و مەندووبی سامیش لەم بابەتەوە سەرو بەیانیان بڵاوکردەوە و فەرمانی مەلیک دەرچوو کە دەس بکرێ بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر.

موحسین سەعدوون

وەزارەتی موحسین سەعدوون[1] بۆ ئەم کارە هاتە سەر حوکم، بەڵام لەلایەن میللەتەوە زۆر بەتوندی بەرەو پیری کرا و تووشی بەرهەڵستێکی بێ ئەندازە بوو. هەر تەقەلایەک کە درا، پەند و ئامۆژگاریی مەلیک، هەڕەشەوگوڕەشەی وەزیرەکان، بەتایبەتی وەزیری داخلییە هیچی کەڵکی نەگرت و بۆ دامرکاندنەوەی موجتەهیدە شیعەکان سوودێکی نەبوو. بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵق لە هەڵبژاردن فتوایان دەرێنا. ئەم موجتەهیدانە داوای ئەوەیان ئەکرد کە حکوومەت پێش هەموو شتێک ڕێ بدا بە

---

١. عەبدولموحسین سەعدوون (١٨٧٩ - ١٩٢٩)، سیاسەتمەدارێکی ناوداری عێراقە. ئەندامی ئەنجومەنی تەئسیسی عێراق و چوار جار بووەتە سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە. لە ١٩٢٢ـ ١٩٢٥ و ١٩٢٨ـ ١٩٢٩. م.س.

کرانـەوەی کۆمەڵـە سیاسـییەکان و ئەندامـە دوورخراوەکانی ئەم کۆمەڵانـە بگەڕێنەوە بەغـدا. ڕۆژنامە داخـراوەکان دەس پێ بکاتەوە و بە ئازادی بنووسـن و بـڵاو بکرێنەوە. موشاویرەکانی سیاسی ئینگلیز هەموو لە بەغدا کۆ بکرێنەوە، واتە ئەیانویست ئازادی و سەربەستی تەواو بدرێ بە میللەت کە بتوانێ ئەوانە کە بە باشیان ئەزانێ و متمانەیان پێ ئـەکا هەڵیانبژێـرێ بـە ئەنـدام. مـانای ئەمـەش ئـەوە بوو کـە هەواڵەکـەی پێش نەخۆشکەوتنی مەلیک و کردەوەکانی مەندووبی سامی بگەڕێتەوە. دیارە کە حکوومەت ئەمەی نەئەکرد و نەیئەویست جارێکی تر جڵەوی خەڵق و ڕەشۆکی بکەوێتەوە دەست زاناکان و نیشـتمانییەکان، بـەڵام فتوای عالمـەکان و موجتەهیـدەکان کارێکی بەتینی کردبووە سـەر خەڵق و حکوومەت کەوتبووە وەسـتاوێکی گرنگەوە، چونکە میللەت بە هیـچ کلۆجێ نزیک هەڵبـژاردن نەئەکەوتەوە. مەلیک خۆی چـووە لیواکانی جنووب و کەوتــە تەقــەلای ڕێکەوتن لەگــەڵ موجتەهیدەکان. لەگەڵ ئەمەشـا نـە وەزارەت و نە مەلیک کەسیان بۆ هەڵنەگەڕایەوە. ئینجا دوای ئەمە حکوومەت دەسی کرد بە نواندنی زەبروزەنگ.

لە کازمییە شـێخ مەهدی خالسی بەخۆی و دەستەودائیرەیەوە گیرا و نێررایە حیجاز. موجتەهیدەکانی نەجەف کە ئەمری مەلیکیان شـکاندبوو ڕەوانە کرانە ئێران. هەندێ لە سـەرەک عەشـیرەتەکان ڕاپانکرد وە یا نێررانە سووریە و گەلێ لە زەعیمەکانیش گیران و خرانـە بەندیخانەوە. ئـەم کردەوانە ماوەیەکـی پێچوو بەم ڕەنگە و دوای چەوسـانەوە و تەقەلایەکـی بـە ڕەنجـی وەزارەت و مەلیـک خـۆی ئینجـا هەڵبژاردن سـەری گرت و مەجلیسی دامەزرێنەر هاتە ناو...

پەیمانەکە چۆن جێبەجێ بوو؟

ئەوانــە کــە هاتنــە مەجلیســەوە بەشــی زۆریان لەلایـەن موشـاویرەکانی ئینگلیـزەوە هەڵبژێـران و هیچیان لەوانە نەبوون کـە دوارۆژی وڵات بخەنە بەرچاو وە یا لە ڕێگەی نیشـتمانا دەماخ بسووتێنن. لەبەر ئەمە ڕۆژی ٢٧ی مارتی ١٩٢٤ کە مەجلیس کۆبووەوە و بۆ مەسەلەی پەیمان لەگەڵ بریتانیا گفتوگۆ کرا جگە لە بەربەرەکانییەکی هەڵبەست و

جەعفەر پاشای عەسکەری

ڕواڵەت کە لەلایەن چەن ئەندامێکەوە کرا، بەرهەڵستێکی ئەوتۆی گرنگ ڕووی نەدا.

مەلیک ئەو ڕۆژە هاتبوو و وتاری کردنەوەی مەجلیسی خوێندبووەوە... دوای ئەمە بەپێی ڕەوشت و ڕەسم و عادەتی مەجلیس[1] ئەندامەکان بوون بە دوو بەش و هەر بەشە لەلایەن پەیمانەکەوە بیروباوەڕی خۆیان خستە وتارێکەوە (تەقریر). ئەم دوو وتارە لە مەجلیسا گفتوگۆی لەسەر کرا و لە ئەنجامی گفتوگۆ و چەنوچۆنێکی کەموزۆر دەس کرا بە کۆکردنەوەی دەنگ. تەقریرەکەی جەعفەرپاشای عەسکەری[2] کە سەرەکی یەکێ لە دوو بەشەکەی ئەندامەکانی مەجلیس بوو سەری گرت و وەرگیرا. شتێ کە نیگار ڕائەکێشێ ئەوەیە کە ئەندامەکانی بەشی جەعفەرپاشا زۆریان لە کوردەکان و لە ئەندامەکانی باکووری عێراق بوون و شکی تیا نییە کە تەقریرەکەیان مەبەسی حکوومەتی ئەو ڕۆژەی ئەهێنایە جێ. لەبەر ئەمە هەر بەپێی ئەم تەقریرە بڕیار لەسەر پەیمانەکە درا و ئیمزا کرا. شتێکی تریش کە ئەشێ

---

١. هەرچەن دیوی دەرەوەی ئەم ڕەوشتە وا ئەگەیەنی کە مەجلیس بەپێی نیزام و ڕەوشتی مەجلیسە دیموکراتەکان ئەچوو بەڕێوە، بەڵام لەوەدا گومان نابرێ کە هەموو کردەوەکانی ئەم مەجلیسە وەکوو تەمسیل لە کۆبوونەوەکانی تایبەتی و نهێنی دەرەوە و لەلایەن کاربەدەستەکانەوە گەڵاڵە ئەکرا و بڕیاری لەسەر ئەدرا، ئینجا لە مەجلیسا دووبارە ئەکرایەوە...

٢. جەعفەر عەسکەری (١٨٨٧ -١٩٣٦)، سیاسەتمەدار و ئەفسەرێکی پلەبەرزی عێراقی بە ڕەچەڵەک کورد بوو. خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی عەسکەری نزیک کەرکووک. دامەزرێنەری سوپای عێراق بوو. دووجار بووەتە وەزیری بەرگری ١٩٢٣ ـ ١٩٢٤، پاشان لە ١٩٢٦ بۆ ١٩٢٨. ساڵی ١٩٣٦ بەهۆی دژایەتی کردنی کۆدەتاکەی بەکر سیدقی کوژرا. م.س.

بەتایبەتی نیگای کورد ڕابکێشێتە سەر خۆی ئەم وشانەیە کە خرابووە دێڕەکانی داوێنی تەقریرەکەوە.

ئەڵێ: «لەگەڵ ئەوەشا کە هەندێ لە بەندەکانی ئەم پەیمانە گرنگە و گرانە بۆ عێراق ئێمە داوا ئەکەین کە بڕیاری لەسەر بدرێ و ئیمزا بکرێ، بە مەرجێ کە بریتانیای گەورە لە مەسەلەی مووسڵدا حقووقی عێراق بپارێزێ و بەجێ‌هێنانی پەیمانەکە لەلایەن عێراقەوە ئەبەستین بەم مەرجەوە...»

موئتەمەری ئاشتی و مەسەلەی کورد

کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی گەورەی یەکەمی ١٩١٤دا لەگەڵ ئەڵمان یەکی گرتەوە و بەهۆی سەرکردەکانی کۆمەڵەی یەکیەتی و سەرکەوتنەوە[1] بەرامبەر بە دەوڵەتە سوێندخۆرەکان، واتە بەرامبەر بە ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی کەوتە شەڕەوە، گەورەکانی سیاسی عەرەب بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان و سەربەخۆیی وڵاتەکانیان ویستیان لایەنی دوژمنەکانی تورک بگرن و تێیان گەیاندن کە بەو مەرجە دوای بڕانەوەی شەڕ دەوڵەتێکی عەرەبیان بۆ دابمەزرێنن ئامادەن بە یارمەتی‌دانی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی.

کوردەکانی تورکیاش هەرچەن لە ماوەی ئەم شەڕەدا لە ١٩١٤وە تا ١٩١٨ لەگەڵ لەشکرەکانی تورکا پێکەوە و شان‌بەشان شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد و بە گژ سوێندخۆرەکانا چوون، بەڵام ژەنەڕاڵ شەریف‌پاشای کورد لە ١٩١٤دا لەگەڵ بریتانیا کەوتە گفتوگۆ و بەو مەرجە سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان پەیمانی دا بە یارمەتی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لەلایەن کوردەوە. جگە لەمە لە حوزەیرانی ١٩١٨ لە کاتی ڕابواردنی سێر پێرسی کۆکس بە فەڕەنسەدا شەریف‌پاشا چووە مارسیلیا و لەوێ لەگەڵ کۆکس ئەم باسەی دووبارەکردەوە، بەڵام ئەم تەقەلایانەی عەرەبەکان و کوردەکان لەو ساڵەدا (١٩١٤) بێ‌سوود بوو و بێ‌وەڵام مایەوە. سوێندخۆرەکان لەو ڕۆژانەدا پێویستیان بە یارمەتی کورد وە یا عەرەب نەبوو، لەبەر ئەمە نەیانئەویست کە بە خۆڕایی بچنە ژێر باری پەیمانەوە.

---

١. سەرکردەکانی کۆمەڵەی یەکیەتی و سەرکەوتن (إتحاد و ترقی) ئەنوەر و جەمال و تەلعەت‌پاشا بوون.

کوردەکان کە دەسیان لە ئینگلیزەکان و هاوسوێندەکانیان ششت، ئینجا ڕوویان کردە ڕووسەکان. کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردی ئەو ڕۆژە بەرامبەر بە پەیمانێ کە لە بابەت سەربەخۆیی کوردستانەوە لێیان وەرگرتن یارمەتی ئەو لەشکرانەیان دا کە لە ئەرزەنجان و بتلیسەوە هاتە خوارەوە و بەم جوورە بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیا داگیر کرا، بەڵام بە ئەنجام ئەم لەشکرانەی ڕووس گەڕانە دواوە و کوردەکانیان بۆ تورک بەجێ هێشت. لەبەر ئەمە ویلایەتە کوردەکانی تورکیا تووشی تەنگ‌وچەڵەمەیەکی گەورە بوون و گەلێ سزا و دەربەدەری و پەت‌پەتییان بەسەر هات. لەگەڵ ئەمەشا لە ١٩١٨ و لە دوای بڕانەوەی شەڕ کۆمەڵەکانی نیشتمانیی کورد لە ئەستەموول جارێکی تر لەگەڵ نمایندەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانا کەوتنەوە گفتوگۆ و بڕیار لەسەر ئەوە درا کە شەریف‌پاشا بەناوی نمایندەی کوردەوە لە مەجلیسی ئاشتییا داوای حەقی کورد بکا. لەولای تریشەوە ئەمیر جەلادەت و دوکتۆر کامەرانی برای و ئەکرەم‌بەگی کوڕەزای جەمیل‌پاشای دیاربەکر لە ئەستەموولەوە هاتنە کوردستان و لەگەڵ میجەر نوئێل و ئەحمەد فایق یەکیان گرتەوە.[1] ئەمانە لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ لە ویلایەتەکانی کوردا گەشتێکیان کرد، چاویان بە کوردە ناودارەکان کەوت. باسی دواڕۆژی کوردیان کرد. بۆ ئەوە هەوڵ ئەدرا کە پشتی شەریف‌پاشا بگیرێ، بەناوی کوردەوە تەلەگرافی بۆ بنووسرێ، مەزبەتەی بۆ بنێررێ، لە مەجلیسی ئاشتییا داوا کردنی حەقی میللەتی کورد و سەربەخۆیی کوردستانی پێ بسپێررێ. ئەوەش لەبیر نەچووەوە کە بێتوو تەقەلای کۆمەڵەکانی سیاسی کورد لەگەڵ حکوومەتی ئەستەموول و تێکۆشانەکەی شەریف‌پاشا لە مەجلیسی ئاشتییا بە ئەنجام نەگەیشت کوردەکانی ئەم ویلایەتانە شەش ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا بە چەکەوە ڕاست بنەوە و لە ڕێی شۆڕشەوە بگەن بە ئامانج، بەڵام ئەمانە سەری نەگرت. وەکوو لەمەوبەر لە بەرگی یەکەم وتبوومان هێزەکانی مستەفا کەمال شوێن ئەم هەیئەتە کەوت و لەو ناوەی دەرپەڕان. ئەوەندە نەمابوو بیانگرن و لەناویان ببەن؛ بە یارمەتی هەندێ کوردی بەغیرەت و خاوەن دەسەڵات ڕزگاریان بوو و خۆیان گەیاندەوە ئەستەموول.

---

١. بڕوانەرە بەرگی ١، لاپەڕە ٨٥.

شەریف پاشا لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە پشتیوانی نەکرا. سەرەڕای ئەمە بە هاندان و چاوترساندن وە یا بە فێڵ و دەمشیرین کردن، لەلایەن مستەفا کەمال و سەرکردەکانییەوە بە تەلەگرافیکی زۆری ڕاست وە یا درۆ بەناوی ئەو کوردانەوە بە درۆش خرایەوە، بەڵام ئەمانە هیچی شەریف پاشای سارد نەکردەوە و لە تێکۆشان و تەقەلای نەخست. توانی وەکوو سیاسییەکی زرنگ حەقی کورد بخاتە بەرچاوی مەجلیسی ئاشتی و ئەو سێ بەندە کە هەموو کوردێک بیستوویە و ئەیزانێ بئاخنێتە پەیمانی سیڤەرەوە.

دوکتۆر کامەران

لەوەدا گومان نابرێ ئەگەر ئەو نیشتمانپەروەرانە جەلادەت و کامەران و هاوڕێکانی کە چوونە کوردستانی تورکیا مەبەسی خۆیان بەجێ بهێنایە، واتە هێزەکانی مستەفا کەمال بەرەنگاریان نەبوایێ و کوردەکانیان بۆ یەک بخرایە لە کاتی پێویستا لەوانە بوو بەری ئەو تۆوە بچنرێتەوە کە شەریف پاشا چاندبووی... بەڵام بەندەکانی دەربارەی سەربەخۆیی کورد و کوردستان کە خرابووە پەیمانی سیڤەرەوە، بەهۆی سەرکەوتنی مستەفا کەمال بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان کە ئەویش بە یارمەتی کوردەکان خۆیانەوە پێکهاتبوو لەبیر چووەوە و لە دوای ئەم سەرکەوتنە لە کاتێکا نمایندەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان لەگەڵ نمایندەی مستەفا کەمال سەرکەوتن بۆ بەستنی گرێی پەیمانێکی تازە لە لۆزان کۆبوونەوە پەیمانی سیڤەر و سێ بەندەکەی دەربارەی کورد خرایە ژێر دۆشەک و باسی نەکرایەوە...

ئینگلیز و عەرەب

لە باسەکەی سەرەوەدا وتمان کە عەرەبەکانیش لە ساڵی ١٩١٤دا ویستیان لەگەڵ دەوڵەتە سوێندخۆرەکان ڕێکەون و بەرامبەر بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان یارمەتی لەشکرەکانیان بدەن. ئینجا داوای عەرەبەکانیش هەرچەن وەکوو هی کوردەکان لەو ڕۆژەدا خرابووە پشتگوێ، بەڵام دوای چەن ساڵێ و لە کاتێکا ئینگلیزەکان لە یەکدوو شەڕا بەرامبەر بە تورک شکان، بەتایبەتی لە «کوت الامارە» کە لەشکری ژەنەراڵ تاوزەند لەلایەن لەشکرەکانی خەلیل پاشای تورکەوە گەمارۆ درا، ئەوساکە ئینگلیز هاتەوە بە بیریانا کە ئەتوانن کەڵکێک لە عەرەبەکان وەرگرن، لەبەر ئەمە لە حیجازا کەوتنە تەقەلای نانەوەی شۆڕشێک. لەو ڕۆژەدا حسێن ئەمیری حیجاز بوو. ناوچەی دینی و کۆمەڵایەتی ئەمیر حسێن لەوانە بوو کە ببێ بە زەعیمی عەرەبەکان؛ بەو ڕێیەدا بەرامبەر بە تورکیش گرتبووی لێی ئەوەشایەوە هیوای شۆڕشگەریی لێ بکرێ، لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان لەگەڵی ڕێکەوتن و پەیمانیان دایە کە بەرامبەر ئەو شۆڕشە لە حیجازا هەڵیئەگیرسێنێ و یارمەتییەک کە پێشکەشی لەشکرەکانی ئینگلیزی ئەکا، دوای بڕانەوەی شەڕ و سەرکەوتنی سوێندخۆرەکان لەو وڵاتانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیای ئەکەنەوە، ئیمپراتۆرییەکی عەرەبی بۆ دروست بکەن.

ئینجا لە کاتێکا ئینگلیزەکان ئەم پەیمانەیان ئەدا بە ئەمیر حسێن لەلایەکیشەوە بەدزییەوە لەگەڵ فەڕەنسزەکان لە ساڵی ١٩١٦دا ڕێکەوتن و گرێی پەیمانێکی نهێنییان لەگەڵا بەست. لەم پەیمانەدا بڕیاری ئەوەیان ئەدا کە وڵاتەکانی عەرەب دوای جیاکرانەوە لە دەوڵەتی عوسمانی لەناو خۆیاندا بەشی بکەن. ئەم پەیمانەشیان نەک تەنیا لە ئەمیر حسێن، تەنانەت لە هەندێ لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆشیان شاردبووەوە، بەڵام کە لە ڕووسیە حکوومەتی قەیسەر (کایزەر) کەوت و بولشەویک چوونە سەرکار لە ساڵی ١٩١٧دا، هەر نامە و پەیمانێکی نهێنی زەمانی حکوومەتەکانی قەیسەر هەبوو هەموویان خستە ڕوو و بە گێتییا بڵاویان کردەوە. یەکێ لەوانەش پەیمانە نهێنییەکەی بەینی

ئینگلیز و فەڕەنسە بوو کە بە پەیمانی سایکس ـ پیکۆ ناوی لە مێژوودا کردووە.[١] بەکورتی ئینگلیزەکان لە سەرەتای شەڕی گەورەدا بەتەما نەبوون کە ئەم شەڕە ئەوەندە دەوام بکا وە یا زۆری پێ بچێ. لەو باوەڕەدا بوون کە لە ماوەیەکی چەن مانگیبا بە ژێرکەوتنی تورک و هاوپەیمانەکانی ئەبڕێتەوە. لەبەر ئەمە پێویستیان بە یارمەتی کورد وە یا عەرەب نەبوو و بەتایبەتی دوای پەیمانی نهێنی سایکس ـ پیکۆ تا نەکەوتنە وەستاوێکی گرنگەوە و هەستیان بە داماوی نەکرد و ئاتاج بە یارمەتی نەبوون نەیانویست لەگەڵ کورد وە یا عەرەب بچنە ژێر قەیدی پەیمانەوە وە یا لە شتێک لە بەشی خۆیان لەو وڵاتانەدا کە بەپێی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ بۆیان دانرابوو دەس هەڵگرن و بێنە خوارەوە.

ئەمیر حسێن لە کاتێکا شۆڕشی بەرپاکرد و لەگەڵ تورکا کەوتە شەڕەوە لەم پەیمانە نهێنییە ئاگادار نەبوو. لەبەر ئەوە هەرچەن شەڕی گەورە بە سەرکەوتنی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی هاوپەیمانی ئەمیر حسێن بڕایەوە، بەڵام ئەو ئیمپراتۆرییە کە عەرەبەکان و ئەمیر حسێن بەتەمای بوون و خەویان پێوە ئەبینی نەهاتە دی...

ئینجا لێرەدا ئەمانەوێ کەمێ باسی ئەم پەیمانە نهێنییە بکەین، چونکە بەم جوورە ئەتوانین کە لە دوو شت بگەین:

١ـ ئەو هۆیانە کە بوونە بەرهەڵست و تا ماوەیەک ئینگلیز و فەڕەنسە یارمەتی کورد و عەرەبیان نەویست.

٢ـ هۆی ڕێنەکەوتنی کورد و ئینگلیز وە یا شێخ مەحموود و ئینگلیز لە کاتێکا کە بریتانیا ویستی لە عێراقا حکوومەتی کوردستان دروست بکا.

بەپێی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ ئەو وڵاتانە کە لە ئەنجامی شەڕی گەورەدا بەتەما بوون لە ئیمپراتۆریی عوسمانی جیا بکرێتەوە کرابوو بە پێنج سێ‌بەرەوە.

یەکەم: بە مەنتیقەی سوور ناو ئەبرا و ڕاستەوڕاست ئەخرایە ژێر هەڵسووڕاندنی حکوومەتی بریتانیاوە. بەسرە و بەغدا لە عێراق و ئێستگە زەریاییەکانی[٢] حەیفا و

---

١. ئەم پەیمانە یا ئیتفاقە کە بە ئیتفاقێکی نهێنی ئانگلۆ ـ فرانس یا سایکس ـ پیکۆ ناو ئەبرێ، بەڵام رووسەکانی دەوری قەیسەریش لەم پەیمانە ئاگادار و تیا بەشدار بوون.

٢. . ئێستگە: موقف وە یا محطە؛ ئێستگەی زەریایی: موقف وە یا «محطە»ی زەریایی وە یا میناء.

عەکا لە فەلەستین لەناو ئەم مەنتیقەیە، واتە لە مەنتیقەی سوورا دانرابوو.

دووەم: ناوی نرابوو مەنتیقەی شین و بۆ ئەوە دانرابوو کە ڕاستەوڕاست بخرێتە ژێر هەڵسووڕاندنی حکوومەتی فەڕەنسەوە. ئەم بەشە وە یا مەنتیقەیەش کلیسکیا و پارچەیە لە ئەنادۆڵ و بەشێک لە ڕۆژاوای سووریەی بەرئەکەوت.

بەڵام سێ مەنتیقەکەی تر کە ئەمایەوە لە پەیمانەکەدا بە جوورێ کە لە خوارەوە لە ڕیزەکانی سێیەم و چوارەما باسی ئەکەین بڕیاری لەسەر درابوو.

سێیەم: بە مەنتیقەی «ئا» ناو ئەبرا کە ئەمەش پارچەیەک بوو لەو ئیمپراتۆرییەی عەرەب کە لە ژێر چاوتێبڕین (حیمایە)ی فەڕەنسەدا دائەمەزرا و وڵاتەکانی شام و حەڵەب و مووسڵی بەرئەکەوت.

چوارەم: بە مەنتیقەی «ب» ناو نرابوو کە زەوییەکانی بەینی عێراق و فەلەستینی بەرئەکەوت و ئەکرا بە بەشی دووەمی دەوڵەتی عەرەب لە ژێر چاوتێبڕینی حکوومەتی بریتانیا.

پێنجەم: مەنتیقەی فەلەستین بوو و بەناوی مەنتیقەی بۆرەوە دانرابوو کە بکرێ بە مەنتیقەیەکی دوەلی.

ئینجا بەهۆی ئەم پەیمانە نهێنییەوە بوو کە شەڕی گەورە بە سەرکەوتنی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بڕایەوە و لەجیاتی ئەو ئیمپراتۆرییە کە عەرەبەکان بەتەمای بوون لە حیجازدا حکوومەتێکی بچووکی عەرەب دروستکرا و ئەمیر حسێن لە پاداشتی ئەوەدا کە بە خۆی و کوڕەکانییەوە لەگەڵ عەرەبەکان لە حیجاز و فەلەستین و سووریە یارمەتی لەشکرەکانی ئینگلیزی دابوو و بووبوو بەهۆی سەرکەوتنیان بەرامبەر بە تورک، کرا بە مەلیک...

ئەمە لێرەدا بەجێبێڵین و دوای هەڵگێڕانەوەی چەن لاپەڕەیەک لە مێژووی دوا ئەم کارەساتە چاوێ بە خاکی وڵاتی عوسمانییا بگێڕین. ئەبینین کە حکوومەتی ئەستەمووڵ کەوتووەتە ژێر چنگی هێزەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە. مستەفا کەمالێ پەیا بووە و لە ئاسیای بچووکا حکوومەتێکی تازەی تورکی داناوە. لە حکوومەتی ئەستەمووڵ یاخی بووە. ئینگلیزەکان دوای ئەوە کە بۆ تەمیە کردنی مستەفا کەمال لە حکوومەتی سوڵتانی

ئەستەمووڵ کەڵکێکیـان چنـگ نەکەوتووە لـە یۆنانەکانی دوژمنی تورک لەشـکرێکی پڕچەکیان ناردووەتە سـەر. وا ئەم لەشـکرەش خۆی ناگرێ و چنگ لەسـەر شان بەرەو زەریای سـپی هەڵاتووە؛ لەشکری کەمالییەکانی بەدواوەیە. لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢ ئیزمیر لەلایـەن تورکـەوە گیراوەتـەوە. لە ٢٠ی هەر ئـەم مانگەدا دوا نەفەری یۆنان لە ئاسـیای بچووک، واتە لە تورکیادا نەماوە و کراوەتە دەرەوە...

مەلیک حسێن
ئەم نیگارە لە کاتی سەردانی مەلیک بۆ عومان وەرگیراوە

ئیتر نۆرەی بیرکردنەوەیە لە مەسـەلەی مووسـڵ و دەرهێنانی لە ژێر چنگی ئینگلیز. هەرچەن سیاسییەکانی عەرەب مووسڵیان بۆ عێراق لە جێگەی سەر دائەنا، تورکەکانیش بەو چاوە ئەیانڕوانییە مووسڵ، کە فەڕەنسزەکان تەماشای «ئەلساس ـ لۆرین»یان پێئەکرد. بەلای تورکەوە بەجێ‌هاتنی میسـاقی میللی بەسرابوو بە سـەندنەوەی مووسڵەوە. لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان لە خەو خەبەریان بووەوە. لە ١٩٢١دا جارێ دەسـیان بۆ فەڕەنسزەکان درێژ کرد، بەتەما بوون بیانکەن بەگژ تورکا[1] ئەمە سەری نەگرت. ئینجا کەوتنە فریودانی یۆنانەکان. بەتەمای شـارە جوانەکەی ئیزمیر و چەن شـارێکی تر و بە تەماعی چەک و پارە تاویان دایـە سـەر خاکی تـورک، بەڵام بە ئەنجـام بەو جوورە شـکان و گەڕانەوە کە باسمان کرد. شکستە گرنگەکەی یۆنان تا ماوەیەک ئینگلیزەکانی وڕ کرد، بەڵام تەقەلاکانی

١. مەبەس مستەفا کەمال و تورکی ئەنادۆڵە.

تورک لە بابەت مووسڵەوە گەیشتە ئەندازەیەکی سامناک. ئیتر ئینگلیزەکان ئەبوو بیر لە شتێکی تر بکەنەوە؛ بۆ لە دەس نەچوونی مووسڵ پێویست بە بەزمێکی تازە هەبوو. بیریان لەوە کردەوە بەینی تورک و ئیتالیا لێک بدەن، لەبەر ئەمە خۆیان لە ئیتالیا بردە پێشەوە. لە هەندێ کاروبار و قازانجا چاویان ئەپۆشی و بەلای ئیتالیادا دایانئەتاشی، ئەیانویست ئیتالیا بکەن بە لاگیری خۆیان. مووسڵ پاروویەکی گەورە بوو، بۆ قووت دانی ئەم پارووە چەور و گەورەیە هەموو شتێکیان گرتبووە چاو، بەڵام وەستاوی ئیتالیا لەناو خۆیا ڕێی نەدا بە نزیک کەوتنەوەی ئینگلیز و ئەم سیاسەتەش سەری نەگرت.

بە ئەنجام ئینگلیزەکان چاریان نەما و ڕوویان کردە مستەفا کەمال خۆی. بە هەندێ مەرج[1] کە بەلایانەوە وابوو قازانجی تورکی تیا هەیە ویستیان لەگەڵ مستەفا کەمال ڕێکەون، لەبەر ئەوە ئەمانەوێ کەمێ لەو بگرەوبەردەیە و لەو کارەساتانە بدوێین کە بەهۆی مەسەلەی مووسڵەوە ڕووی دا و چەن ساڵێ ئینگلیز و تورک، تورک و عەرەب وە یا کورد و تورکی پێوە گیرۆدە بوو...

دیمەنی کەلاوەکەی قەرەسەرای لە مووسڵ

١. مەرج: شرط.

٦٧

تورکەکانی سەر بە مستەفا کەمال بوون لەم وەختانەدا لە باکووری عێراقا دەسیان کرد بە هاندانی خەڵق و عەشیرەتەکانی کورد و بەمە ئینگلیزەکان و حکوومەتی عەرەبی عێراقیان خستە لێکدانەوە.

پردە تازەکەی سەر ئاوی دیجلە لە مووسڵ

وەکوو وتبوومان تورکەکان مووسڵیان بە هی خۆیان دائەنا. وایان لە ئەهالی ئەو ناوە ئەگەیاند کە ئەگەر بە خۆشی و بێ‌شەڕ نەدرێتەوە بە تورک بە زۆری هێزی لەشکر داگیری ئەکەنەوە. بەلای تورکەوە وابوو کە لە کاتی موتارەکەدا ئینگلیزەکان بەبێ شەڕ و بە فێڵ چوونەتە شاری مووسڵەوە؛ چە لەبەر ئەمە و چە لە ڕووی هەندێ هۆی ئابووری و سیاسی و شەڕ و تەنانەت لەو ڕووەوە کە قەومی عێراق گەلێ هۆی وا هەیە ئەینووسێنێ بە قەومی تورکەوە[1] خۆیان لە داوا کردنەوەی ئەم وڵاتە بەپێت و بەبەرەکەتەدا بە خاوەن‌حەق ئەژمارد. ئینجا تەقەلای تورک و پروپاگەندەی تورک لەناو خەڵقا لە باکووری عێراق لەلایەکەوە، شۆڕشە گەورەکەی عەرەبەکانی عێراق لە ١٩٢٠ لەلایەکی ترەوە گرنگترین هۆی ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان فەیسەڵ بێننە عێراق و بیکەن بە مەلیک (١٩٢١)؛

١. دیارە کە ئەمە هەڵبەستی تورکەکانە و لەگەڵ ڕاستییا پەیوەستێکی نییە.

وە بەم جوورە تا ماوەیەک ئاگری شۆڕشــی عەرەبەکانیان کوژاندەوە. لەم کاتانەدا بوو کە لە ئەستەمووڵ وەزارەتی فەریدپاشای زاوا کەوت و وەزارەتی تازە هەوڵی دا کە لە ئەنقەرە و حکوومەتی مستەفا کەمال نزیک کەوێتەوە، لەبەر ئەمە هیوای ڕێکەوتن و یەکگرتنەوە پەیا بوو، ئینگلیزەکانیش تەکانی خۆیان دا. ئیتر هیوا بە حکوومەتی ئەستەمووڵ و بە سوڵتان وەحیدەددین نەما.

سوڵتان وەحیدەددین

مستەفاپاشای یاموڵکی کە لە زەمانی فەریدپاشای زاوا ڕەئیسی دیوانی عورفی ڕەقەم یەک بوو بە پەلەپەل و لە ڕێگەی سووریە و بەغداوە گەڕایەوە سلێمانی. شێخ مەحموود، حوکمداری دەربەدەری کورد بە بیانووی ناسازیی ئاو و هەوا لە هیندستانەوە، گوێزرایەوە کوێت و لە عێراق نزیک خرایەوە. بەم جوورە لە کاتێکا کە تورکەکان بۆ دەس خستنەوەی مووسڵ لە ناوچەکانی شەڕ و سیاسەتا تێئەکۆشان و تەقەلایان ئەدا و پێش ئەکەوتن و سەرئەکەوتن، ئینگلیزەکانیش وردەوردە سیاسەتی پێشوویان ئەگۆڕی و خەریکی بادانەوە بوون بەلای سیاسەتێکی مولایمتر و هێمنترا. چونکە ئەبوو لەسەر سیاسەتێ بڕۆن کە لەگەڵ کاتا بگونجێ و ڕێکەوێ، بەڵام مستەفا کەمال دیسانەوە هاتە ڕێی ئینگلیز. ڕاست لەم کاتەدا عەلی شەفیق[1] بە دەستەیێ عەسکەری تورکەوە گەیشتە ڕەواندز (١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢).

ڕەمزیبەگ ناوێکیش کە لە زەمانی عوسمانییا لەو ناوە مودیری وە یا قایمەقامی

١. ئەو سەرکردە تورکەیە کە بە ئۆزدەمیرپاشا ناوی ڕۆیشتبوو و لە ناوچەی ڕەواندزەوە بۆ مستەفا کەمال و تورکیای تازە پروپاگەندەی ئەکرد و بردبوویە مێشکی خەڵقەوە کە مووسڵ بە ئەنجام ئەبێتەوە بە هی تورک.

کردبوو پێش‌هاتنی ئۆزدەمیر بە چەند ڕۆژێ مایس هەر بەناوی مستەفا کەمالەوە گەیشتبووە ئەوێ و بە یارمەتی کورد حاکمەکەی ئینگلیز لە ڕەواندز کرابووە دەرەوە. بەم‌جوورە و بەهۆی پڕوپاگەنـدەی ئۆزدەمیـر و ڕەمزی، ئینگلیـزەکان لەو ناوەدا دەسـەڵاتی هیچیان نەمابوو و ئەهالی بەتەواوی لێیان هەڵگەڕابوونەوە. باس باسی تورک و جنێودان بوو بە ئینگلیز. گەلێ لەوانە کە چارەی ئینگلیزیان نەئەویسـت لەگـەڵ ئەوانەدا کە خۆیان بە تورک ئەزانی وە یا تورکیان خۆش ئەویسـت و ئەو کەسـانە کە تووشـی داوی جاسووسەکانی ئینگلیز ئەبوون و ئەکەوتنە تەنگ‌وچەڵەمەوە لە سـلێمانی، لە کەرکووک و لە هەولێر و کفری و شارەکانی ترەوە تەنانەت لە مووسڵ و لە بەغداوە هەڵاتن و ڕوویان کردە ڕەواندز، چوونە لای ئۆزدەمیـر و لەوێ حەسـانەوە، بوون بەهۆی پەرەسـەندنی پڕوپاگەنـدەی تورک و بڵاوبوونەوەی هێز و دەسەڵاتی ئۆزدەمیر.

بەرنامـەی کـردەوە بـۆ کۆمەڵەکانـی نهێنـی تورک‌خواکان لەلایەن پاشـا و لەسـەر دەسـی ئەم پەنابردووانەدا ئەگەیشـتە شـارەکان و بڵاو ئەکرایەوە. وەڵامـی کۆمەڵەکان و تورک‌خواکانی تریش هەر بەهۆی ئەوانەوە ئەگەڕایەوە ڕەواندز و ئەگەیشـتەوە بە پاشـا. دەسەڵاتی ئۆزدەمیر لەناو عەشیرەتەکانی کوردا تەواو پەرەی سەندبوو و گاڵتەی لەگەڵ نەئەکرا، بەتایبەتی بەشێکی زۆری پژدەر و تۆپی هەمەوەند سەریان لە ڕێی پاشا دابوو. دەسـتەی تورک‌خوای ناو شـارەکان لـەم ڕۆژانەدا نیشـتمانییەکانی کـوردیان بە دوژمن دائەنا، بە چاوی ئینگلیز تەماشـایان ئەکردن، نیشـتمانپەروەرەکانیش ناوێکی سەیریان لەوان نابوو، پێیان ئەوتن جل‌خوار! بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژەدا بە چاوێ تەماشای جل‌خوار و کوردیان ئەکرد، واتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردیش بەلای ئینگلیزەوە دوژمن بوون.

ئـەم سیاسـەتە ئینگلیـزی ژێر خسـت و بـوو بەهـۆی سـەرکەوتنی ئۆزدەمیـر. ئەو ئۆزدەمیـرە کـە بـە وریایـی و زرنگی خـۆی بەبێ پـووڵ و پارەیەکی ئەوتـۆ و بە چەن عەسـکەرێکی تورکەوە زوربەی عەشیرەتەکانی کردبوو بە ئەموستیلەی دەسی، لەلایەن خوێنـدەوارەکان و لاوە نیشتمانییەکانیشـەوە بەربەرەکانـی نەئەکـرا، چونکـە ئەوانیش تووشی گون‌ڕەشی خۆیان هاتبوون. حاکمە ئینگلیزەکان و دەوروپشتەکانی ئەم حاکمانە

نەیانئەهێشتنە بەر ئەوە بیر لە شتی تر بکەنەوە. کۆمەڵە بڵاوەی کردبوو و دەسەڵاتێکی نەمابوو. ئەو سەرەک عەشیرەتانە کە لە کۆمەڵگادا بوون یا کشابوونەوە یا لە قینی ئینگلیز بووبوون بە دۆستی تورک. جێی ئینکار نییە کە لەگەڵ ئەمەشا ئەوان لە کۆمەڵە بەکارتر بوون، چونکە کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی هەمەوەند کە یەکێ بوو لە ئەندامی کۆمەڵەی خوالێخۆشبوو توانی تەنگ بە ئینگلیز هەڵچنێ. دوای ئەوەش بە پەنجەی ئۆزدەمیر و یارمەتی عەشیرەتەکانی تر لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢ هێزە کرێگرتەکانی[1] ئینگلیز لە ڕانیە کرایە دەرەوە.

دوای ئەوە ئینگلیزەکان خۆشیان ترسیان لێ‌نیشت و سلێمانییان بەجێ‌هێشت و بە فڕۆکە ڕایانکردە بەغدا، بەڵام ئەمە کەڵکی ئینگلیزی نەگرت. پێش ئەمە بە ماوەیەکی کەم ئەحمەدبەگی ڕیشێن یەکێ لە گەورەکانی جاف کە بە هاندانی بەگزادەکانی هەڵەبجە گیرابوو و لە سلێمانی خرابووە ژێر چاوتێ‌بڕینی[2] حکوومەتەوە لەم ڕۆژانەدا هەڵات و چووە لای جافر سوڵتانی ڕەئیسی هەورامان. لەکاتی هەڵاتنا سوارەی میری شوێن خرا، بەڵام ئەحمەدبەگ ئازانە بەرامبەریان وەستا و خۆی نەدا بەدەسەوە. دوای گەیشتنی بە هەورامانیش هێزی هەوایی نێررایە سەر، بەڵام نزیکەی حەوت فڕۆکەی ئینگلیز لە شاخەکانی هەورامانا کەوتە خوارەوە، واتە حکوومەت هیچی بۆ نەکرا و ئەحمەدبەگ لە هەورامان لای خزمەکانی حەسایەوە؛ کەریم‌بەگ کە بەینێ بوو هێزەکانی ئینگلیزی بە شوێنەوە بوو «بۆند» و «ماکنی» کوشت، ئینجا ناچار ما و خۆی گەیاندە ئۆزدەمیر. ئیتر ئاژاوە بەتەواوی کەوتبووە کوردستانەوە.

شێخ عەبدولقادری گوللەنەبڕ لە سەنگاو بەزۆری کوتەک قایمەقام بوو، گاڵتەی بە ئینگلیز ئەکرد، ڕۆژی ئەوە نەبوو چاوی لێ سوور بکەنەوە، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکانیش خۆیان شل کردبوو و چاویان لێ‌ئەپۆشی. لەناو تێکەڵ‌وپێکەڵی و ئەم بگرەوبەردەیەدا خەڵقی شارەکان و مستێ خوێندەواری بێ‌سەروپێ واقیان وڕ مابوو و سەریان لێ‌شێوابوو. هەندێ لە پیاوە کۆنەکانی دەورەی عوسمانی و تەقاویتەکان

---

١. هێزی کرێگرتە: هێزی لیوی [لیڤی].

٢. چاوتێ‌بڕین: ترصد وە یا مراقبە.

لەگـەڵ تاقمـی هەرچیوپەرچـی و جل‌خوارەکانا بە چەشـنی ئینگلیـزەکان کەوتبوونە وێزەی نیشـتمانپەروەرەکان. بەیاننامەکانـی ئۆزدەمیریان ئەخسـتە ماڵەکانیانەوە. وایان بـڵاو ئەکـردەوە کە زۆری نەماوە تورکەکان بێنەوە سـلێمانی. هەڕەشـەی ئـەوەیان ئەکرد کـە ئۆزدەمیـر ئەوانە ئەخنکێنێ کە خۆیان بە کورد دائەنێن وە یا لافی نیشـتمانپەروەری لێ‌ئەدەن. لە ڕاستیشـا پڕوپاگەنـدەی ئەم جل‌خوارانە کارێکی تـەواوی کردبوو. خەڵقی هیوایان بڕابوو. نیشتمانپەروەریش لە چاو کەوتبوو و باوی نەمابوو...

جەمعییەتی کوردستان

لە کاتێکا هەواڵی کوردستانی عێراق بەم‌جوورە بوو مستەفاپاشای یامولکی لە ئەستەمووڵ گەڕابووەوە و بەینێ بوو لە سلێمانی بوو. وەکوو ئەیوت لەلایەکەوە بۆ بەربەست‌دانەوەی پڕوپاگەنـدەی تـورک و پاراسـتنی سـلێمانی لـە هەڵمەتـی ئۆزدەمیر، لەلایەکیشـەوە بۆ تازەکردنەوەی گیانی نیشتمانی و هۆشی میللی کورد، واتە بە بیری دانانی ڕێی تەقەلایەکی تازە بۆ دامەزراندنەوەی کوردسـتانی سـەربەخۆ پێویسـت بە ڕێکخستنی کۆمەڵەیەکی کوردی هەبوو. ئەم باسە زوو کەوتە سەر زمان. ئینجا مستەفاپاشا لە حکوومەتی سیاسی سلێمانی ئیزنی وەرگرت و لە ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢ پاش نوێژی جومعە لە «مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی»یا خەڵقێکی زۆر کۆبوونەوە.

دەربارەی ئەم مەبەسـە مستەفاپاشا وتارێکی دووردرێژی کوردیی خوێندەوە. دوای ئەمە بە هەڵبژاردنی نهێنی ئەندامەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵە هەڵبژێرران، کە ناوەکانیان بەپێی ژمارەی دەنگەکان بەڕیزەوە ئەمانە بوو:

١ـ ڕەفیق حیلمی، (نووسەری ئەم یادداشتە)

٢ـ ئەحمەدبەگی تۆفیق‌بەگ، (دوایی بوو بە موتەسەریفی سلێمانی)

٣ـ فایق‌بەگی مارف‌بەگ، (لە خزمانی سەعیدپاشای باوکی شەریف‌پاشا)

٤ـ شێخ عەلی سەرکار، (خاڵی حەپسەخانی نەقیب)

٥ـ شێخ محەممەدی گولانی، (لە عالمەکانی سلێمانی)

٦ـ ساڵح ئەفەندی قەفتان، (لە تاقمی بازرگانی سلێمانی و زابتانی دەورەی عوسمانییە،

بەینێک لە ئیعدادی مامۆستای تاریخ بوو.)

٧ـ سدیق ئەفەندی عەلەکە، (لە عیسایی‌یە کوردەکان و بازرگانە ناودارەکانی سلێمانی و برازای کەریمی عەلەکەیە کە لە حکوومەتی شێخ مەحموودا ڕەئیسی وە یا وەزیری مالیە بوو.)

مستەفاپاشا خۆی کە دامەزرێنەری کۆمەڵە بوو کرا بە ڕەئیس و کۆمەڵەش ناونرا «جەمعییەتی کوردستان» لەگەڵ ئیزنی دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەناوی کۆمەڵەوە ئیزنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکیشی وەر گرتبوو.

مستەفاپاشا دەربارەی ئەوە کە بووم بە ئەندامی «جەمعییەتی کوردستان» بە ئیمزای خۆی[1] و بە مێژووی ٢٢ی جوولای (تەمووز)، واتە دوای کۆبوونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسەن بە ڕۆژێ نامەیەکی بۆ ناردم. ئەو نامەیە تا ئێستە لەلام ماوەتەوە و لەناو نووسراوەکانی ئەو دەورەدا هەڵمگرتووە. بۆ یەکەم جار لەماڵی مستەفاپاشادا کۆبووینەوە. لەناو بڕیارەکانی تر بڕیاری ئەوەش درا کە ڕۆژنامەکەمان بە سێ زمانی کوردی و فارسی و تورکی بنووسرێ و ژمارەی یەکەمی بانگی کوردستان لە ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ بڵاوکرایەوە. من (نووسەری یادداشت) بەلای نووسینی بەشێکی کوردی و فارسییەوە بەتایبەتی سەرپاکی نووسینەکانی بەشی تورکیشم خرابووە ئەستۆ...

١. ئەمە ئیمزاکەی مستەفاپاشا بوو: رئیس جمعیت کردستان، متقاعد میرلوا، مصطفی.

٦٨

من کە کرامەوە بە مامۆستا بۆ مەکتەبی نموونەی سەعادەت و گەڕامەوە سلێمانی[1] کەپتەن هۆڵت موعاوینی حاکمی سیاسی بوو و تەماشای کاروباری مەکتەبەکانیشی ئەکرد. جگە لەمە لە مەکتەبی نموونەی سەعادەتیش دەرسی ئینگلیزی بە پۆلی دوایین ئەوتەوە، بەڵام ئەم دەرسە دەرسێکی تایبەتی بوو. ئەتوانم بڵێم کە قوتابییەکانی ئەم پۆلەش لە ڕووی ئەم دەرسەی هۆڵتەوە چووبوونە ڕیزی قوتابییانی تایبەتییەوە. دەرسی وا هەبوو دوو سەعاتی پێوە ئەبوون، لەبەر ئەوە هۆڵت دەرسەکانی خۆی خستبووە دوای هەموو دەرسەکانەوە. لەو قوتابییانە هەندێکیان پێشکەوتن و لە حکوومەتا جێگەی بەرزیان داگیر کرد.

عومەری سادق ئەفەندی[2] یەکێ بوو لەو قوتابییانە. ئەم کوڕە دوایی لە جەیشی عێراقا بوو بە زابت، بەڵام لە شەڕی جەیشی عێراق و شێخ مەحموودا لە ئاوباریکە کوژرا. ئینجا کە من گەڕامەوە سلێمانی و چوومە مەکتەب هەر ئەو ڕۆژە ڕەشید زەکی کابانی مودیری مەکتەب ناردمی بۆلای هۆڵت، کە چووم پێی وتم: هیوام وایە لەمەو دوا لە سیاسەت دوور بکەویتەوە، خەریکی دەرس وتنەوە و پێگەیاندنی قوتابییەکانت بی و لەم ڕێیەوە خزمەتی وڵاتەکەت بکەی...! منیش لە دڵی خۆما وام نیاز بوو کە توخنی سیاسەت نەکەوم و سەری خۆم کز کەم. لەبەر ئەوە تا ئەو ڕۆژە کە جەمعییەتی کوردستان دامەزرا من بەتەما نەبووم بچمەوە کۆڕی سیاسەت، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندام بۆ مەجلیسی ئیدارە ناوی من وەکوو لەمەوبەر باسم کردبوو بە مەزبەتەیەکەوە درابوو بە حکوومەت، بەڵام بە نامەیەک بە ئیمزای هۆڵت پووچ کرابووەوە.

ئینجا لە ڕووی ئەم حاڵە و بەربەرەکانی هۆڵت وە یا حکوومەتی سیاسی بەرامبەر بە من، ڕۆژی کۆبوونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسەن لەسەر ئارەزووی یەک دوو هاوڕێ بەبێ مەبەسێکی تایبەتی و تەنیا وەکوو سەیرکەر چووبوومە مزگەوتەکە. ئەوەم بە بیرا نەهاتبوو کە ناوی منیش بێتە ناوان و بکرێم بە ئەندام، بەڵام کە لە ئەنجامی

١. تەماشای لاپەڕە ٣٠٩ ـ ٣١٥ی جزمی چوارەم بکە.

٢. سادق ئەفەندی خەڵقی مووسڵ و لە زەمانی عوسمانییا باشکاتبی مالیە و وەکیلی موحاسبەچی بوو لە سلێمانی.

کۆکردنەوەی دەنگەکانا بە زۆرترین دەنگ بووم بە ئەندامێکی جەمعییەتی کوردستان، بە پێویستم زانی بچمە لای هۆڵت، چونکە ویستم جارێ لە بابەت ئەم جەمعییەتەوە لە بیری حکوومەت تێبگەم.

لەولای تریشەوە بۆ من لە بیری هۆڵت گەیشتن بەتایبەتی پێویست بوو. ئەبوو بزانم کە دەربارەی هەڵبژاردنی من بۆ کۆمەڵەیەکی وا ئەڵێ چی؟ داوام لێ ئەکا کە ئەمجارەش خۆم دوور خەمەوە یا نە؟ واتە ئەمویست بۆم دەرکەوێ کە ئەم جەمعییەتە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەئاشکرا پشتیوانی ئەکرێ وە یا هەر دوورادوور چاودێری ئەکەن و بەهۆی مستەفاپاشاوە ئەیبەن بەڕێوە؟ بۆ ئەمەش بیانووم بەدەسەوە بوو و چوومە لای هۆڵت. لەگەڵ چاوی بە من کەوت نەیهێشتە بەر ئەوە قسە بکەم، ئەو هەڵیدایێ؛ وتی: پیرۆز بێ! بەڕاستی ئەم باوەڕە کە خەڵق بە تۆیان هەیە جێی پیرۆزبایییە. هیوام وایە کە بتوانی خزمەتی قەومەکەت بکەی. من وەڵامم دایەوە؛ وتم: بەم وشانەتا وادیارە کە ئەم جەمعییەتە سیاسی نەبێ! چونکە پێم ناڵێی کە خۆمیان لێ دوور خەمەوە. وتی: باوەڕ ناکەم کە جەمعییەت شتێکی وا بکا خراپەی لێ پەیا بێ. ئیتر ماوەی نەدام لەگەڵی درێژ بکەمەوە. بە بیانووی ئەوە کە ئیشی هەیە دەسی گوشیم و بەیەکەوە لە ژوورەکەی هاتینە دەرەوە. دوای ئەمە من دوورودرێژ بیرم کردەوە. تێکەڵ بوون بەم کۆمەڵە وە یا دوورکەوتنە و گەلێ شتم بە بیرا هات، بەڵام بە ئەنجام وام بە باش زانی لە کۆمەڵەدا بم.

بەلامەوە وابوو کە کەڵکی خزمەتم پێوە بێ و بەپێی ڕەوشتێک کە بۆ خۆم کێشاومە بتوانم بچم بەڕێوە.

مستەفاپاشا خۆی هەڵسووڕێنەری بانگی کوردستان بوو. هەرچەن لە نووسینا زۆری بەرهەڵست ئەهێنایە ڕێمان، دیسانەوە کەمو‌زۆر نووسراوی باشم ئەخستە ڕۆژنامەکەوە. بە کوردی و بە تورکی چەندم پێکرا و بۆ کوردایەتی چیم بە باش ئەزانی نووسیم و بڵاوم کردەوە.

لەو ڕۆژانەدا بەتایبەتی قینم لە جل‌خوارەکان ئەبووەوە، لەبەر ئەمەش کە ئەوان قینی زۆریان لە کوردایەتی ئەبووەوە، من لەم کردەوەیە و لە نووسینی دەربارەی کوردایەتی تامێک و نەشئەیەکم وەرئەگرت.

مستەفاپاشا داخەکەم زیاد لە پێویست سڵی لە ئینگلیزەکان ئەکردەوە. لەبەر ئەمە لای کوردە خوێن‌گەرمەکان و نیشتمانپەروەرەکان ئەوەندە جێی متمانە نەبوو. جل‌خوارەکان بە پیاوی ئینگلیزیان ئەزانی و زۆریان ئەبوغزاند. لەمانە جێ‌داختر زمان ناڕەحەتیی خۆی بوو. لەو ڕۆژەوە کە گەڕابووەوە سلێمانی ناووشۆرەتێ کە لە دوورەوە هەیبوو رووی کردبووە کزی. شێخ و مەلا و توجار و کاسب و خوێندەوار هەموو دەستە و پۆلەکانی شاری سلێمانی هەریەکە بە جوورێ لە خۆی زیز کردبوو و تۆراندبوو، واتە ڕەوشتێکی وای نەگرتبوو لە خەڵقی سلێمانی بباتە پێشەوە...

لە بیروباوەڕیشا لەگەڵ کەس ڕێنەئەکەوت. بە شتی ئەوتۆوە ئەنووسا کە بۆ مناڵیش نەئەشیا پێوە بنووسێ. هەرچەن میرلیوایەکی ئەرکانی حەرب بوو، بەڵام خۆی وا نەئەتوانی خاوەنی زانستێکی سەقافە بەرز بێ، بەتەنگ لاساییەکانی کۆمەڵایەتییەوە نەبوو.[1]

تەنیا ڕەوشتێکی هەرە باشی هەبوو کە کوردێکی پەتی بوو و لە کاتێکا لە دەوڵەتی عوسمانییا جێ‌وشوێنی بەرز و بەڕێزی هەبوو بە کوردێکی پەتی بێ‌فیز و هاوشاریپەروەر ناسرابوو و ناوی دەرکردبوو. لەکاتی تەنگ‌وچەڵەمەدا فریای گەلی کورد و خۆڵاتییەکان کەوتبوو. ئینجا هەر لەبەر ئەم سفەتەی بوو کە ئەوانەی ئەیانناسی و لە ڕابردووی بەشکۆ و دەبدەبەی ئاگادار بوون بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشایان ئەکرد و دەورەیان ئەدا. درێژی نەکەینەوە، هەرچەن هیوا نەئەکرا، بەڵام جەمعییەتی کوردستان و ڕۆژنامەکەی کەم‌وزۆر خزمەتی کوردایەتی و مەسەلەی کوردیان کرد و بەهۆی بانگی کوردستانەوە بوو کە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان وڵاتی سلێمانی چووبووەوە دۆخیانی جاران و بووبووەوە بە ناوچەی جووڵانەوەی کوردایەتی و بەرزبوونەوەی ئاوازی نیشتمانپەروەرەکان.

---

١. لاساییەکانی کۆمەڵایەتی: تەقالیدی ئیجتماعی.

مستەفاپاشا و ئیسماعیلئاغای شوکاک (سمکۆ)

مستەفاپاشا لـە سـلێمانییا دەسـەڵاتێکی ئەوتـۆی نەبـوو، بەڵام بـەلای تورکانـەوە زۆر جێـی ترس بوو، بەتایبەتـی دوای دامەزراندنی جەمعییەتی کوردسـتان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ئەوەندەی کە ترسیان لێ پەیا کرد. لەبەر ئەوە زۆریان تەقەلا ئـەدا کە لەناوی بەرن. کردەوەیەکی تریش تورکەکانی لە مستەفاپاشـا بەتەواوی خسـتە ئەندێشەوە، چونکە لەم ڕۆژانەدا بە نهێنی چووە لای سمکۆ. لە مانگەکانی دواییـنی ساڵی ١٩٢١دا ئیسماعیل‌خانی[1] ڕەئیسی عەشیرەتی شکاک لە سنووری ڕۆژاوای ئێرانا شۆڕشێکی گەورەی نایەوە. جارێ لە پێشا چوو بە گژ نەستوورییەکانا. بە وێنەیەکی خراپ شکاندنی و مار شەمعوونی کوشت.[2] بەم‌جوورە سامێکی خستە ئەو ناوە و نزیکەی ٤٠/٠٠٠ ئاسووری هەڵاتن و پەنایان بردە بەر ئینگلیزەکان لە عێراق و لە شـاری باقووبە[3] و دەوروپشـتیا دامەزران. سمکۆ دوای ئەمە هێزێکی گەورەی پەیا کرد و لە ئێراندا کەوتە دەسوەشاندن. هەمـوو وڵاتی ورمییە (ڕەزائییەی ئیمڕۆ) و بەشـێکی زۆری وڵاتی تەورێزی خسـتە ژێر حوکمـی خۆیەوە. لە ڕووی توندی و دڵڕەقی و سـامناکی ئەم قارەمانـە کوردەوە ئەهالی ئازەربایجان لە هەر چوار لاوە دەسـیان کرد بە هەڵاتن. خەڵقی سـابڵاخ و سەردەشت و ئەو دەورەش وردەوردە وڵاتەکەیان بەجێ‌ئەهێشت. لەمانە هەندێکیشیان هاتنە سلێمانی. ئێمە باسـی زەبروزەنگی سمکۆمان لەم هەڵاتووانە ئەبیسـتەوە. هەر لەم کاتانەدا شەڕی تورک و یۆنان لە ئاسیای بچووکا بەگەرمی دەوامی ئەکرد. لەبەر ئەمە بزووتنەوەی سمکۆ لەسەر سنووری ئێران و تورک و بڵاوبوونەوەی دەسەڵات و ناووشۆرەتی تورکەکانی خستە ئەندێشـەوە؛ لەوە ئەترسـان کە ئـەم بزووتنەوەیە بەهـۆی کۆمەڵەکانی سیاسـی کوردەوە ڕەنگێکی تر وەربگرێ و بە بارێکی ترا وەرگەڕێ، واتە بگۆڕێ بە بزووتنەوەیەکی سیاسی و قەومی و کوردسـتانی تورکیاش بگرێتەوە، بەڵام نەشیائەویسـت بەپەلـە بجووڵێنەوە و

١. ئیسماعیلئاغا وە یا سمکۆ.

٢. مار شەمعوون ڕەئیسی دینی و گەورەی نەستووری وە یا ئاسوورییەکان بوو.

٣. بەعقووبە ناوەندی پارێزگای دیالەیە لە عێراق. م.س.

دەس بـۆ سـمکۆ درێژ بکەن، چونکە لەگەڵ لەشـکری یۆنان تێکئاڵابـوون. ڕۆژی ئەوە نەبوو دوژمنی تر بۆ خۆیان پەیا بکەن. لەوەش ئەترسـان کە وروژاندنی سـمکۆ ببێتە هۆی ئەو شـتە کە لێی ئە ترسـن، لەبەر ئەمانە تا ماوەیێ مێچکەشـیان لەبەرا کرد، بە شـیرینی لەگەڵـی جووڵانەوە، تەنانەت بـەناوی دیارییەوە بە چـەک و جەباخانە و بە چەن شەست‌تیرێـک یارمەتیشیان دا و هەڵیانفریواند.

سـمکۆ بەمە تەفرەی خوارد. خۆی لە تورکەکان نەگەیاند. تەنانەت بە هاندانی نهێنی تـورک کە بۆ مەرامـی کاری خۆیان ئەیانکرد ئەوەندەی تر کەوتـە وێزەی ئێرانییەکان و تەنگـی بـە هێزەکانیـان هەڵچنی، بـەڵام تورکـەکان لەپڕ چـاویان کردەوە؛ لـە چوونی مستەفاپاشـا بۆلای سـمکۆ عەقڵ لە کەللـەیانا نەما. هەر لەم کاتـەدا حکوومەتی ئێران لەشـکرێکی زوربەی پێکەوەنا و کردییە سـەر سـمکۆ. سـمکۆ بەرامبەر ئەم لەشـکرە وردەوردە ئەکشـایەوە. تـەواو لەسـنووری تـورک نزیـک کەوتبـووەوە. مسـتەفا کەمال دوژمنی خۆی ئەناسی. لە نمرووود[1] زۆر ئەترسا. لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی مستەفاپاشا و نزیـک‌کەوتنەوەی سـمکۆ لە سـنوورەکانی تورکیاش زیاتر مەترسی لێ‌نیشت. سەرەڕای ئەمە یۆنانەکان لەم کاتانەدا کەوتنە سەر سەودایەکی تر.

بـڕیاریان دا پەلامـاری ئەسـتەموول بـدەن. بۆ ئـەم پەلامـارە کەوتنە خۆ ئامـادە کردن. هەرچـەن فەڕەنسـە و ئیتالیا بەرهەڵسـتی ئـەم کردەوەیە بـوون و تەنانـەت ئینگلیزەکان لە ڕوودا بـۆ پاراسـتنی ئەسـتەموول لە لەشـکری یـۆنان، لە ماڵتـەوە هەندێ لەشـکری تریان گەیانـدە ئەسـتەموول و هێزەکانـی سـوێندخۆرەکانیان بەهێزتر کرد، بەڵام مسـتەفا کەمال بـەم فێڵ‌وفەرەجانـە زۆر باوەڕی نەکـرد. ترسـا کـە لە بەینـی دوو ئاگـرا بمێنێتـەوە. ئاگری شۆڕشـەکەی سـمکۆ لـە خۆرهـەڵات و ئاگری لەشـکرەکانی یۆنان لـە خۆراوا. لەبـەر ئەمە بەرامبەر بە سـمکۆ زۆر بێ‌ئینسافانە جووڵایەوە. ڕاستە کە مستەفاپاشا چووە لای سمکۆ و بۆ گوێزانەوەی شۆڕش بۆ ناو خاکی تورک هانی دا و ڕاستیشە کە بۆ ئەم مەبەسە هەندێ پارە و جەواهێـری بۆ بردبوو، بەڵام وەکوو لەوانەمان ئەبیسـتەوە کە ئـاگایان لە کارە نهێنییەکان هەبـوو سـمکۆ بـە واتەی پاشـا نەچووبوو بەرێـوە. لەگەڵ ئەمەشـا لـە ڕووی گومان و

---

١. تورکەکانی ئەو دەورە لە ڕووی کردەوەکانی زەمانی ڕیاسەتی دیوانی عورفی لە ئەستەمبووڵ بە مستەفاپاشایان ئەوت نمروود.

ترسەوە هێزەکانی تورک لەو سنوورانە دەسی خۆیان وەشاند. دەستەیێ سوارەی گورج و سووکەڵە شەوێک بەدزییەوە لە ناوچەی لەشکرگای سمکۆ نزیک کەوتنەوە.

سمکۆ کە لە تورکەکانی مەترسی نەبوو و بەتەما بوو داوای هێز و یارمەتیشیان لێ بکا بە خۆی و لەشکرەکەیەوە لە شیرین‌خەوا بوو کە درایە بەر شێلکی تفەنگ و نارنجەک (بۆمبا). لەم شەبەیخوونە بێ‌مروەتانەیەدا گەلێ لە پیاوماقووڵەکانی سمکۆ و ژنێک لە ژنەکانی کوژرا و خەسرەوی کوڕیشی بە دیل گیرا. جگە لەمە غەزنەی پارەکەشی تاڵان کرا. سمکۆ خۆی نەکوژرا و ڕزگاری بوو و دوای ئەم کارەساتە خۆی و برایەکی لەگەڵ دەستە سوارێک لە پیاوەکانی کشانەوە دەوری ڕەواندز. بەینێ بوو لە سلێمانییەوە دەستەیێ لە زابتەکان و لاوە نیشتمانییەکانی کورد بەناوی هەڵاتنەوە سلێمانییان بەجێ‌هێشتبوو و چووبوونە سەقز. لە ڕاستییا ئەمانە لەسەر بڕیاری کۆمەڵە بۆ یارمەتی سمکۆ چووبوونە ئێران. مەبەسیان ڕێکخستنی شۆڕشەکە بوو. بە هیوای ئەوە بوون کە بیگۆڕن بە شۆڕشێکی کوردی و سیاسی، بەڵام ئەم ئەنجامەی سمکۆ و کارەساتێ کە بەسەری هاتبوو بەهۆی ناهومێدی و گەڕانەوەی ئەوانە کە هێشتا لە سەقز نەچووبوون بەولاوە...

لەولای تریشەوە لەشکرەکانی مستەفا کەمال لە ٢٦ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ بایانداییەوە سەر لەشکرەکانی یۆنان. لە «دوملووپینار»دا خراپ شکاندیان. ئینجا وردەوردە پێشکەوتن تا گەیشتنە عوششاق. لێرەشا دوای شەڕێکی سامناک لەشکری یۆنان بەجارێ تەفروتونا بوو و ڕێگەی ئیزمیر کرایەوە. ئیتر لەشکری تورک لە ٩ی ئەیلوول چووە ناو شاری ئیزمیرەوە، جگە لەمە لە ١ی ئەیلوول لەلای باکوورەوە لەشکرێکی دووەمی تورک ڕووی کردە ئیزمیت. یەک لە دوای یەک شارەکانی بیلەجاک، ئەسکی شەهر و کووتاهییەی گرتەوە. لە ١١ی ئەیلوول شاری بورسە و لە ١٤ی هەر ئەو مانگە «مودانیە»ش کەوتەوە دەس تورک و لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢ هەموو ئەنادۆڵ و ڕۆخەکانی زەریای مەڕمەڕە لە لەشکرەکانی یۆنان بەتەواوی پا کرایەوە...[1]

---

١. لە تەرجەمەی عەرەبی کتێبی «مەسەلەکانی خۆرهەڵات» و بە قەڵەمی «E. Yung» نووسەری بەناوبانگی ئەڵمان.

مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی جاری دووەمی شێخ مەحموود

دیمەنێکی مووسڵی تازە، شەقامی نەینەوا

لە باسەکانی پێشووا بۆمان دەرکەوت کە لە ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٢ هەر تەقەلایەک درا و هەموو ئەو ڕەنج و تێکۆشانە کە بە مەبەسی شکست پێدان بە مستەفا کەمال و لەشکرەکانی تورک تاقیکرایەوە هیچی سەری نەگرت، بەڵکوو مستەفا کەمال و هاوڕێکانی بەرامبەر بە هەموو شۆڕش و کارەساتێ کە هەڵگیرسا و ڕووی دا بە وێنەیەکی لە عەقڵ بەدەر بەربەرەکانییان کرد. بەرامبەر بە بێگانەکانی ئەستەموول و هێزەکانی خەلیفە، بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان لە ئەنادۆڵ و لە تورکیا، بەرامبەر بە فەڕەنسزەکان و ئەرمەنییەکانی کلیکیا، بەرامبەر بە ئەرمەنییەکانی ئەریوان لە قەفقاس، بەکورتی بەرامبەر بە فروفێڵ و منەوەرەکانی ئینگلیز لە ئەستەموول، لە ئەورووپا، لە عێراق و لە کوردستان، واتە لە هەر چوار لای وڵات خۆیان گرت و کۆڵیان نەدا و بەم جوورە کە لە هەموو ئەم کارەساتانەدا سەرکەوتن و هیوایان بە ژیان پەیا کردەوە، ئینجا بایاندایەوە سەر مەسەلەی مووسڵ؛ چونکە تورک بەپێی میساقی میللی خۆیان دەسیان لەم وڵاتە هەڵنەگرتبوو و داوایان ئەکردەوە. حکوومەتی ئینگلیزیش بەرامبەر بەم داوایە بیانووی کوردستانی بەدەسەوە بوو، واتە جارێکی تر بیری لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کورد کردەوە و

مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی جاری دووەمی شێخ مەحموود

دیمەنێکی مووسڵی تازە، شەقامی نەینەوا

لە باسەکانی پێشووا بۆمان دەرکەوت کە لە ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٢ هەر تەقەلایەک درا و هەموو ئەو ڕەنج و تێکۆشانە کە بە مەبەسی شکست پێدان بە مستەفا کەمال و لەشکرەکانی تورک تاقیکرایەوە هیچی سەری نەگرت، بەڵکوو مستەفا کەمال و هاوڕێکانی بەرامبەر بە هەموو شۆڕش و کارەساتێ کە هەڵگیرسا و ڕووی دا بە وێنەیەکی لە عەقڵ بەدەر بەربەرەکانییان کرد. بەرامبەر بە بێگانەکانی ئەستەمووڵ و هێزەکانی خەلیفە، بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان لە ئەنادۆڵ و لە تورکیا، بەرامبەر بە فەڕەنسزەکان و ئەرمەنییەکانی کلیکیا، بەرامبەر بە ئەرمەنییەکانی ئەریوان لە قەفقاس، بەکورتی بەرامبەر بە فرۆفێڵ و منەوەرەکانی ئینگلیز لە ئەستەمووڵ، لە ئەورووپا، لە عێراق و لە کوردستان، واتە لە هەر چوار لای وڵات خۆیان گرت و کۆڵیان نەدا و بەمجوورە کە لە هەموو ئەم کارەساتانەدا سەرکەوتن و هیوایان بە ژیان پەیا کردەوە، ئینجا بایاندایەوە سەر مەسەلەی مووسڵ؛ چونکە تورک بەپێی میساقی میللی خۆیان دەسیان لەم وڵاتە هەڵنەگرتبوو و داوایان ئەکردەوە. حکوومەتی ئینگلیزیش بەرامبەر بەم داوایە بیانووی کوردستانی بەدەسەوە بوو، واتە جارێکی تر بیری لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کورد کردەوە و

بڕیاری دا بە ناردنەوەی شـێخ مەحموود بۆ سـلێمانی. بۆ ئەو ڕۆژە تەگبیری لەمە باشـتر نەئەهـات بـە بیرا. کوردسـتانی عێـراق وەکـوو وتبوومان بەتـەواوی شـێواببوو و جڵەوی ئیـدارە لـە دەس ئینگلیـزەکان دەرچووبـوو. حکوومەتی سـاوای عێراق هێشـتا ئیدارەی کوردسـتان و بەتایبەتـی هـی سـلێمانی نەدرابـووە دەس و ئـەم هەرێمە جـارێ لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوڕاستی مەندووبی سـامییا مابووەوە، چونکە عێراق هێشتا نەگەیشتبووە ڕیـزی دەوڵەتێکـی وا کـە سـەرەڕای کاروبارەکانی خۆی دەسـت بۆ کوردسـتانیش درێژ بکا، بەڵام ئیتر ئینگلیزەکانیش زۆریان بۆ هاتبوو. ئەیانویسـت سـاتێ زووتر لە ژێر باری پێویستەکانی لەشکرەکانیان بچنە دەرەوە. ئەو لەشکرانە کە دوای بڕانەوەی شەڕ لە عێراق نەکێشـرابوونەوە و لـە ڕووی هەرا و شـۆڕش و ئاژاوەی دوابـەدوای خەڵقی ئەم وڵاتە چە کورد و چە عەرەب سـاتێ ئارام و ڕەحەتییان بە خۆیانەوە نەدی و نەحەسـانەوە. بەڵام کوژاندنەوەی ئەم شۆڕشـانە زۆر گران ئەکەوتە سەر خەزێنەی بریتانیا و ئابووری وڵاتی ئینگلیزی خستبووە دەرەکەوە. هەواڵی کوردستانیش گەیشتبووە ئەندازەیەک کە پێویستی بە گۆڕینی سیاسەت، بە وشەیەکی ڕەوانتر پێویستی بە ئیدارەیەکی قەومی ئەکرد.

سـەرپاکی کـوردی عێـراق لـە ئینگلیـز هەڵگەڕابوونـەوە. یاخییـەکان مەزبەتەیان ئەکـردەوە. داوای ناردنەوەی شـێخ مەحمـوود و دامەزراندنـەوەی حکوومەتی کوردیان ئەکرد. جگە لەمانە ئیتر بۆ ئینگلیزەکانیش کاتی ئەوە هاتبوو کە لەگەڵ ئۆزدەمیر حیساب ببڕنـەوە. ئەبوو هێـزە بچووکەکەی تورک لە ڕەواندز بکرێتە دەرەوە و لە سـنووری وڵاتی مووسـڵ دوور بخرێتەوە، واتە پێویسـت بوو کە لەم وڵاتەدا و لەناو کوردەکانا دوایی بە پڕوپاگەنـدەی تـورک بدرێ، بەڵام هەروەکوو دەسـەڵاتی ئابووری بریتانیـا لەوانە نەبوو بە سـووکی بچێتە ژێر ئەم بارەوە، هەندێ هۆی سیاسـیش وای ئەویست کە پێش ئەوە مەسـەلەی مووسـڵ بخرێتە موزاکـەرەوە و حکوومەتێکـی کورد بێتەوە ناو، کوردسـتان زنـدوو بێتەوە، واتە دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر و هێزەکەی تورک لە ڕەواندز بۆ حکوومەتی شێخ مەحموود مایەوە.

شێخ مەحموود لە دەوری عوسمانی لە کەرکووک دوای بەربوونی لە بەند

بەکورتـی بـۆ سیاسـەتی ئـەو ڕۆژە وای دەس ئـەدا کـە ئـەم کارە لەلایـەن کـوردە خۆولاتییەکانەوە جێبەجێ بکرێ. لەم کاتەدا شێخ مەحموود هێشتا لە کوێت بوو. لەگەڵ هەندێ لە دۆستەکانی و ئەوانە کە سەر بەو بوون نامەی نهێنی ئاڵوگۆڕ ئەکرد و ئاگای لەو مەزبەتانە هەبوو کە دەربارەی ناردنەوەی خۆی بۆ کوردسـتان ئەدرا بە ئینگلیزەکان. کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگ ڕاست لەم کاتەدا بوو کە دوو ئینگلیزەکەی کوشت و چووە لای ئۆزدەمیـر. کـوردەکان و هێزەکـەی ئۆزدەمیر دوای ئەمەش هەڵمەتیان بردە سـەر ڕانیە و ئینگلیزەکانیان لێ دەرپەڕاندبوو.

❁❁

شـێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم، یەکێ لە دۆسـتەکانی ئینگلیز و ئامۆزای شـێخ قادری گوللەنەبـڕ لـەم ڕۆژانـەدا دەورێکـی باشـی یاری کـرد و لـە نووسـینی هەنـدێ لـە مەزبەتەکانا و داوای ناردنەوەی شـێخ مەحموودا دەسێکی درێژی هەبوو. مستەفاپاشای یامولکیـش لـە ڕێی هات‌وچـۆی لای ئینگلیزەکانـەوە و گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی شـێخانا و بەتایبەتی لەگەڵ شێخ قادری حەفید و حەپسـەخانی نەقیب[1] لەم باسەدا بەشدار بوو،

---

١. حەپسەخانی نەقیب [١٨٩١ -١٩٥٣]، کچی شێخ مارفی نەقیب و ئامۆزای شێخ مەحموود و شێخ قادر بوو.

بەڵام لە کاتێکا کە لە ناوچەی سلێمانی و دەوری سلێمانییا خەریکی ئەم کردەوانە بوون، تورکەکانی ڕەواندز (دەستەی ئۆزدەمیر) بەیاننامەیەکی زوربەیان لە کوردستانا بڵاوکردەوە. لەم بەیاننامەیە هەندێکیشیان نارده سلێمانی. وادیار بوو لە هێنانەوەی شێخ مەحموود کەوتبوونە ترسەوە. لەبەر ئەمە هەڕەشەیان لەوانە ئەکرد کە خەریکی مەسەلەی کورد بوون و چاوەڕێی گەڕانەوەی شێخ مەحموودیان ئەکرد.

حەپسەخانی نەقیب یەکێ لە شاژنەکانی کورد
لە دەوری دواپینی تەمەنیا

بە قسەی جل‌خوارەکان و بەپێی بەیاننامەکانی ئۆزدەمیر وا دەرئەکەوت کە زۆری پێناچێت تورکەکان ئەگەڕێنەوە وڵاتی مووسڵ. هەر لەم ڕۆژانەدا و دوای ئەوە کە ڕانیە کەوتەوە دەس کوردەکانی هاووشەی ئۆزدەمیر، دەنگێکی تر بڵاو بووەوە. ئەیانوت بەشێک لە هێزەکەی ئۆزدەمیر لە ژێر سەرەکی کەریم‌بەگ و عەباسی مەحموودئاغا و چەن زابتێکی تورکا ڕوویان کردووەتە سلێمانی. ئینگلیزەکانی سلێمانی پێش ئەم باسە لە تەنگاوا بوون و جێیان بە خۆیان نەئەگرت، کە ئەمەشیان بیست ئەوەندەی تر کەوتنە ئەندێشەوە. ئیتر ڕاستبوونەوەی سەرپاکی کوردی عێراق نزیک بووبووەوە، لەبەر ئەمە وەکوو لە جێی خۆیا باسمان کردبوو بە فڕۆکە و لەناکاو سلێمانییان بەجێ‌هێشت و ڕایانکردە بەغدا (٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢).

❁ ❁

بەڕاستی یەکێ بوو لە شاژنەکانی کورد. هەرچەن نەخوێندەوار بوو، بەڵام تا بتەوێ وریا و زیرەک و فامیدە بوو. لە کەرەم و بەخشندەیی‌یا حاتەمێ بوو بۆ خۆی. لەو وەختەدا هێشتا شووی بە شێخ قادر نەکردبوو.

سلێمانی بەم جوورە چۆڵ کرا و بێ حکوومەت مایەوە. لەبەر ئەمە وەکوو لەمەوبەر باسمان کردبوو دەسبەجێ لە مەکتبەکەی ئیعدادی زەمانی عوسمانییا کە دوایی کرابوو بە دائیرەی حاکمی سیاسی و لە ژێر سەرەکی شێخ قادری برای شێخ مەحموودا کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا و بۆ پاراستنی شاری سلێمانی لە هەڵمەتی تورک و عەشایر و بۆ بەرهەڵستی خراپە و جەردەیی وە یا کارەساتێکی تر کە بە بیرا نەهاتبێ کەوتنە موزاکەرەوە. ناحەزەکانی کورد و تایبەتی تورک پەرستەکان لەم کۆبوونەوەیە پەست بووبووون و ویستیان ئاژاوە بکەوێتە شارەوە و ئەو خەڵقەی لە مەکتەبەکەدا کۆبووبوونەوە بیانشێوێنن و بڵاوەیان پێ بکەن.



مزگەوتی یوونس پێغەممەر لە مووسڵ

لەم حەلەدا و دوای ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان کەریمی فەتاح بەگ لە ڕەواندزەوە هاتبووە سلێمانی و بۆ ئوزدەمیر ئیشی ئەکرد. لە گەرمەی موزاکەرەدا کابرایەک نێررایە مەکتەبەکە بۆ ئەوە کە گەیشتنی لەشکری تورک و عەشایر بە ناو خەڵقەکەدا بڵاو کاتەوە. ئەمە هەرچەن ڕاست نەبوو و بۆ پشێوی و ئاژاوەنانەوە ڕێ خرابوو، لەگەڵ ئەوەشا زۆری ئەهالی بڕوایان کرد و لە مەجلیسەکە چوونە دەرەوە. بەڵام لاوە نیشتمانپەروەرەکان و بەشی زوبدەی شار بەمە نەشڵەژان و خۆیان گرت و تا بڕیار لەسەر دانانی مەجلیسێکی میللی نەدرا لە جێی خۆیان نەجووڵانەوە. لەم کاتەدا کەریم بەگی فەتاح بەگ بە خۆی و چەن نەفەرێ لە پیاوەکانی کردی بە ناو کۆمەڵا و مستەفاپاشای گرت و بردی بۆ سەرا. لەوێ پیاوی خۆی بە سەرەوە دانا و حەپسی کرد. کەریم بەگ مستەفاپاشای بە گونابار

دائـەنا. ئەیوت لەلایەن حکوومەتی تورکەوە داوا کراوە و ئەینێرێتە لای ئۆزدەمیر. مانای ئەمە فەوتانی مستەفاپاشا و لەناوچوونی بوو.

مەجلیسـی میللی سـلێمانی لە ژێر سـەرەکی شـێخ قـادری حەفیـدا دامەزرابوو. ئیتر پاراسـتنی فەردێکی کورد وەکوو ئاسایشـی گشـتی و پاراسـتنی خەڵقی شـارەکە و بەسـانی پاراسـتنی هەموو فەردێکی بێگونا و بێدەسـەڵات ئەکەوتە ئەستۆی ئەم مەجلیسە. ئینجا مەجلیس واجبی خۆی بەڕاستی هانییە جێ. بڕیاری دا بە ڕزگار کردنی مستەفاپاشا لە بەند و لـە دەرەکـی بەدەسـتەوەدران بە تورک. دەسـتەی لاوانی نیشـتمانپەروەر هاتنـە خرۆش و لەگـەڵ حەشـاماتێکی گـەورەی ئەهالـی تاویان دایە سـەر بەندیخانەکەی سـەرا. بەزۆر مستەفاپاشایان هێنایە دەرەوە و بە نمایشێکی گەورە و بەڕێز بردیانەوە ماڵی خۆی...

لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموودا، هەواڵی سلێمانی: زەماوەندی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان

هێشتا ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێنەهێشتبوو کە من بەهۆی وچانی مەکتەبەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی ئابوونە بۆ بانگی کوردسـتان چووبوومە کەرکووک. لەوێ چەن ئابوونەیەکم کـۆ کردەوە؛ بەڵام کە بیسـتم ئینگلیـزەکان لەپڕ و بە فرۆکە ڕایانکردووەتە بەغدا ویسـتم بگەڕێمـەوە. خەڵـق لە ڕاکردنـی ئینگلیـزەکان بەمجوورە سـەریان سـوورمابوو. خەتی تەلەگـراف کـە لەلایـەن کەریمبەگەوە بڕابوو هێشـتا چا نەکـرا بووەوە. هەواڵی ڕاسـت لەلایەن سلێمانییەوە نەئەبیسرا. هەر کەسە بە هەوای دڵی خۆی قسەی ئەکرد. هەرچەن ئەمانزانی کە شـێخ مەحموود کوێتی بەجێهێشـتووە و هاتووەتە بەغدا[1] و ئەمانبیستەوە کە لەگەڵ مەلیک فەیسـەڵ و مەندووبی سامیبا کەوتووەتە موزاکەرەوە، بەڵام هەواڵێ کـە سـوکنایی بەدڵ بدا وە یا جێـیباوەڕ بێ دەس نەئەکەوت. لەبـەر ئەمە من زۆر بە پەرۆش بووم و ساتێ زووتر ئەمویست بگەڕێمەوە سلێمانی. وامئەزانی کە جەمعییەتی کوردستان ئەبێ بجووڵێتەوە؛ دەس بکا بە ئیش؛ تێبکۆشێ کە لە کات کەڵک وەرگرێ و

١. ١٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

بەپێی بەرنامەی کۆمەڵە شتێ بۆ کورد بکا و هەستی خۆی دەربخا، بەڵام هیچ هۆیەکی گوێزانەوە دەس نەئەکەوت و هاتوچۆی عادەتی لە بەینی کەرکووک و سلێمانییا نەمابوو. لەم حەلەدا سەید ئەحمەدی هەنجیرە هاتە کەرکووک و لەماڵی کەریمی حاجی ئەوڵا[1] دابەزی. لەلایەن مەجلیسی میللی سلێمانی وە یا لەلایەن شێخ قادرەوە بۆ چاوپێکەوتنی ئینگلیزەکانی کەرکووک و بۆ موخابەرە لەگەڵ بەغدا نێررابوو. مەبەس ئەوە بوو لە ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحموود و لە باس و هەواڵ تێبگا کە بەپێی ئەوە دەس بکرێ بە ڕێکخستنی کاروبار و بە پێرەوە چوونی حوکمداری کوردستان. ئەمە بۆ من هەلێکی باش بوو. دوای ئەوە کە سەید ئەحمەد ئیشەکانی خۆی تەواوکرد، من لەگەڵ ئەو بە ئۆتۆمۆبێل گەڕامەوە سلێمانی (تەمووزی ١٩٢٢).

لە خەڵقی دێهات و دەوروپشت، لە عەشایر و لەوانە کە لە ڕۆژی وادا خۆیان لە شێخ مەحموود نزیک ئەخستەوە حەشاماتێکی ئێجگار زۆر ڕژابوونە سلێمانی. من کە بەتەما بووم بۆ هەندێ کردەوە جەمعییەتی کوردستان بیزوێنم، نەئەهات بە بیرما کە جەمعییەت لەخۆیەوە ناجووڵێتەوە. هەرچەن تا ئینگلیزەکان لە سلێمانی بوون، شکی تیا نەبوو کە لەلاوە ئەموستیان لەناوا هەبوو، بەڵام نەمئەزانی کە ئینگلیز لەناوا نەبێ مەکینەکەی کۆمەڵە بەجارێ لە کار ئەکەوێ، واتە نەمئەزانی کە ئازادی لەو ڕۆژەدا وشەیەکی پووچ و بێ‌مانایە و نابێ ئێمە بە خۆمانی ڕەوا ببینین.

بەڵام دوای ئەمە نرخی ئەو کۆمەڵە و جەمعییەتانە تێگەیشتم کە بە ئیشارەتی بێگانەکان دائەمەزرێ و باش بۆم دەرکەوت کە لەم جوورە کۆمەڵانە ـ با لەلایەن کەسانی باشەوە هاتبێتە ناو ـ ناکرێ بەتەمای خزمەت و چاکەیێ. ئەوەش لەوێ بێ کە زۆر جار ئەم چەشنە کۆمەڵانە بە مەبەسێکی تایبەتی و خزمەتی سیاسەت ڕاستەوڕاست بە ئەموست و ئیشارەی کاربەدەستان دێتە ناو و لەلایەن ئەوجوورە کەسانەوە دائەمەزرێ کە سیاسەت بەکاسبی دائەنێن. ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی بە ڕاست وە یا ئەندامێکی پاک و بێ‌غەش لە کۆمەڵێکی وا هاتە بەرچاوت تۆ بە هەڵە مەچۆ و بزانە کە ئەو ئەندامە

---

١. کەریمی حاجی ئەوڵا ئەو ڕۆژە حاکمی مونفەرد بوو لە کەرکووک. برا بچووکی حاجی مەلا سەعید و ئەحمەدئاغای کەرکووکی‌زادە بوو. لە کولییەی حقووقی ئەستەمبووڵ دەرچووبوو.

بـە هەڵـە چووە و لـە گیانپاکی خۆی باوەڕی بـە ڕووی دەرەوەی خەڵق کـردووە. ئەگەر وا نەبـێ ئەبێ وا چووبێتە مێشـکییەوە کـە بتوانێ بە زۆرانبازی لەگەڵ بەرهەڵسـتەکانا کەموزۆر کەڵکی قەومەکەی بگرێ و خزمەتی نیشتمانەکەی بکا...

بەکورتی من لە ڕووی نەشارەزاییمەوە بەلامەوە سەیر بوو کە جەمعییەتی کوردستان (!) لەو ڕۆژەدا و لە حاڵێکا ئەم کارەساتانە ڕوو ئەدا و بەدەسەوەیە حکوومەتی کورد دابمەزرێ و کوردسـتان دروسـت بکـرێ، لەباتی ئەوە کـە بکەوێتـە کارەوە، دەزبەجێ کـۆ بێتەوە و بـڕیار بـدا بە دانانـی بەرنامەیەکی تازە، بەپێی ئـەو ڕۆژە قۆڵی لێ هەڵکا و نەشـاتێکی سیاسی بنوێنێ، لە خۆیەوە و بێئەوە زۆرێکی بۆ هاتبێ بڵاوەی لێ بکا و لە کار بکەوێ.

مستەفاپاشـای ڕەئیسـی جەمعییەتی کوردسـتان بـە تەرکەن خۆی لـە جەمعییەت نەئەگەیاند. ئەویش بە چەشنی کوێخا و ئاغاکان شوێن شێخ قادری حەفید کەوتبوو و لەگەڵ ئەوا خەریک بوو. ڕۆژنامەی بانگی کوردسـتان لەجیاتی ئەوە کە لاپەڕەکانی زۆر بکـرێ و هیچ نەبێ لەو سـەردەمەدا ببـێ بە ڕۆژانە، وتاری قەومی و نیشـتمانی جوانی سیاسـی تیا بنووسرێ، گیانی میللی و بیری کوردایەتی تیا بڵاو بکرێتەوە، بەڵێ لەجیاتی ئەمانە و لەجیاتی ئەوە کە دەنگی کوردسـتان بە چوار لای گێتی بگەیەنێ و ببێتە هۆی هەرە بەهێزی بڵاوبوونەوەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی کوردستان، داخەکەم بەپێچەوانەی ئەمە هەر بەجارێ بێدەنگ بوو و کڕ کەوت.

ڕۆژنامەکەش پەیڕەویی خاوەنەکەی ئەکرد و لە پێویستترین کاتا لە مەیدان کشایەوە و لـە بیـر چووەوە. لەبـەر ئەمە من ویسـتم ئابوونـەکان بنێرمەوە بۆ کەرکووک، بەڵام پاشـا نەیهێشـت و پارەکانـی لێوەرگرتـم،[1] چونکـە بە قسـە بانگی کوردسـتان هـەر ئەمایەوە و بڵاو ئەکرایەوە... من بەمانەش لە تەقەلای خۆم نەکەوتم. چە لەگەڵ مستەفاپاشای ڕەئیسی جەمعییەتی کوردسـتان و چە لەگەڵ ڕەئیسـی مەجلیسـی میللی، شێخ قادری حەفید تا پێـم کـرا خەریـک بـووم و بـەو ناوە کـە ئەندامێکـی جەمعییـەت و نووسـەرێکی

١. دوای ئەوە کە تەقەلام دا بۆ پێشخسـتنی بانگی کوردسـتان و بڵاوکردنەوەی لەسـەر دەسـتوورێکی تازە و تەقەلاکەم سەری نەگرت و ڕۆژنامەکە خرایە پشتگوێ بە پاشام وت ئابوونەکان ئەنێرمەوە بۆ کەرکووک؛ بەمە ڕازی نەبوو، ئەوساکە منیش «گەیشت»ێکم لێ وەرگرت و پارەکانم داێ. گەیشتەکە لەلامە و هەڵمگرتووە...

بانگی کوردستان بووم بە واجبی خۆم ئەزانی کە هەوڵێ بدەم و خزمەتێ بکەم، بەڵام سوودی نەبوو و کەس وەڵامی نەئەدامەوە. هەندێکیش ئەم تێکۆشانەی منیان لا سەیر بوو و گاڵتەیان بە عەقڵم ئەهات. منیش بەم حاڵەدا وام بۆ دەرئەکەوت کە ئەمجارەش هەلمان لە دەس ئەچێ و مایەپووچ ئەبین؛ واتە بارێک نەئەخرایە سەر شانی کورد کە پێی هەڵگیرێ و بیبا بەرێوە. بە وشەیەکی بێ‌توێکڵ و ڕەوانتر بناغە بۆ حکوومەتی کورد دانەئەرێژرا، بەڵکوو لەسەر حیسابی کورد و کوردستان تەمسیلێکی تازە بەدەسەوە بوو. لەگەڵ ئەمەشا پەردەی یەکەمی ئەم تەمسیلە منیشی هەڵفریواند. وای لێ‌کردم کە هەست بە شتێ بکەم. تەزوێکی شادی بە لەشما بێ و خوێنێکی گەرم و خۆش لە دەمارەکانما بکەوێتە گەڕ.

هەڵکرانی ئاڵای کوردستان

لە ماڵی شێخ قادری ڕەئیسی مەجلیسی میللی کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێکخرا و لە دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بڕیار درا کە لە مزگەوتی گەورە موئتەمەرێکی گشتی بگیرێ و بە دەستوورێکی ڕەسمی ئاڵای میللی کورد هەڵکرێ. لەو ڕۆژەدا کە بۆ ئەم موئتەمەرە دانرابوو نزیکەی دە هەزار کەس لە مزگەوتی ناوبراوا کۆبووەوە. ئەندامەکانی مەجلیسی میللی لە ناوەڕاستی حەوشی مزگەوت لە جێ‌حەوزەکەی ئیمرۆدا بە ڕیزەوە لەسەر کورسی دانیشتبوون. قوتابییانی مەکتەبەکان لە بەردەمی ئەوانا ڕیزیان بەستبوو؛ بە ئاوازێکی شیرینی دڵڕفێن، کچ و کوڕ پێکەوە گۆرانی میللییان ئەخوێندەوە. پیاوم ئەویست کە لەو ساتەدا فرمێسکی شادمانی نەرێژێ. من بەسەر دونیاوە نەمابووم. لە ئاسمانی خەیاڵا پەرپازیم ئەکرد و ئەفڕیم. لەپڕ سەرکەوتمە سەر کورسییەک. وتارێکی دوورودرێژم خوێندەوە. لە بەر نەک لەسەر کاغەز. وشەکان وەکوو تەرزە لە دەمم ئەهاتە دەرێ، بەڵام تەرزەیەکی وا بەڕاستی کە لە ناوەندی وتارەکەدا مووچرکێکی سارد بە لەشما هات. دانەکانم کەوتە چۆقە و ئەژنۆکانم هاتە لەرزین. ئەوەندە نەمابوو کە لە کورسییەکە بکەومە خوارەوە، بەڵام دانم بە خۆما گرت و هەر چۆنی بێ وتارەکەم گەیاندە دوایی. ئینجا لەگەڵ گۆرانی

تایبەتی قوتابییان و دەنگی مۆزیقەی عەسکەر ئاڵای کوردستانی[1] بەڕێز وردەوردە بەرز بووەوە و هەڵکرا...



ئاڵای کوردستانی سەردەمی شێخ مەحموود

١. ئاڵاکە پێکهاتبوو لە زەمینەیەکی سەوز و مانگێکی سپی لەسەر ڕەنگی سوور. م.س.

٦٩

مـن لەو ڕۆژە بەدواوە تا گەڕانەوەی شـێخ مەحموود بۆ سـلێمانی جارێکی تر چاوم بە شێخ قادر نەکەوتەوە. مستەفاپاشاش وا دەرئەکەوت کە لێم زیز بێ، چونکە وەکوو جاران دەرنەئەکـەوت و تا مـن نەچوومایـە لێی نەئەپرسـیمەوە. جەمعییـەت و ڕۆژنامەکەی جەمعییەتیشی بە بیرا نەئەهات، بەڵام وەکی تر زۆر لە کارا بوو. بەسانی جیوە ئەیلوقایەوە و نەیئەزانی وەسـتان چییە؟ لەگەڵ شـێخ قـادر تەگبیری ئەوەیان ئەکـرد وەفدێک بنێرن بە پیر شێخ مەحموودەوە.

وەفدی شاری سلێمانی لە ژێر سەرەکی ڕەئیسی مەجلیسی میللییا ڕێکخرا کە ئەندامە ناسراوەکانی مستەفاپاشا و هەندێ لە پیاوە بەڕێزەکانی سلێمانی بوون. لەلایەکەوە خەڵق چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد شێخ مەحموود بگەڕێتەوە لەولای ترەوە لەناو شارا باس باسی هاتنی لەشکری تورک و عەشیرەتی پژدەر بوو بۆ سەر سلێمانی. لەم ڕۆژانەدا من چەن جـارێ بەتەنیـا وە یا لەگەڵ زابتە کوردەکانا هەوڵم دا کە خۆمان بگەیەنینە شـێخ قادر و مەجلیسەکەی، بەڵام هەر جارە بە لەونێ ڕێمان لێ گیرا.

مستەفاپاشـا تا شێخ مەحموود هاتەوە سـلێمانی موستەشاری شێخ قادر بوو. ئەم دوو قوتبـەی ئـەو ڕۆژە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە ئەکرد کە شـێخ مەحموود بگرنە ژێر چنگیان؛ لەسەر سیاسەتێکی تایبەتی ئەچوون بەڕێوە؛ وا چووبووە مێشکیانەوە کە شێخ مەحموود بـۆ بەجێهێنانـی ئـەو بەرنامەیە ئەگەڕێتەوە کە لـە بەغدا بۆی دانـراوە.[1] لاوانی کورد و زابتەکان ـ نزیـک خرانەوە لەوێ بوەسـتێ ـ بە چاوێکی خراپ و بە شـکەوە تەماشایان ئەکرا. دێهاتی، ڕەشـۆکی، تفەنگ‌بەشـان و عەشـایر لـە ڕووابوون و ئەخرانە پێشـەوە. وادیار بوو کە شێخ قادر و پاشا بەتەمای دارشتنی بناغەی حکوومەت نەبوون بیریان لە سـەڵتەنەتی فەردی کردبووەوە و حوکمـی ئیقتاعییان ئەژیاندەوە. دەنگیش وا بڵاوکرایەوە کە ٣٠٠/٠٠٠ ڕووپییەیەکی لە خەزێنەی حکوومەتا بوو بە تەگبیری شـێخ و پاشـا بەسەر

---

١. لـە بەغـدا لەگـەڵ شـێخ مەحموودا لەسـەر ئـەوە ڕێکەوتبوون کـە ئوزدەمیـر و تورکەکان لـە ڕەواندز بکاتە دەرەوە و...

هەندێ لە گەورەکانی عەشایرا بەش کراوە کە لەو ڕۆژانەدا هاتبوونە سلێمانی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەبێ لە حەق لا نەدەین، لە دەورێکی وا بێ حکوومەتی و وەستانی قانـوونا ماوە نەدرا بە تێکچوونی ئاسـایش و مەجلیسـی میللی لـەم لایەنەوە کەڵکێکی گەورەی ئەو ڕۆژەی گرت.

٧٠

گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

لـە ئەنجامـی گفتوگـۆی بەینی مەلیک فەیسـەڵ و شـێخ مەحموود و شـێخ مەحموود و مەندووبی سـامی لە بەغدا وا بڕیار درابوو کە شـێخ مەحموود ببێ بە ڕەئیسی مەجلیسی میللی، بەڵام دوایی هەسـتیان بەوە کردبوو کە شـێخ مەحموود ئەم عینوانەی بەدڵ نییە. لەبـەر ئـەوە گۆڕییان بـە عینوانی حوکمـداری کوردسـتان. ئینجا پێش گەڕانەوەی شـێخ مەحموود بە چەن ڕۆژێ هەندێ لە زابتە کوردەکان کە لە جەیشی عێراقا خزمەتیان ئەکرد بە ئەمری حکوومەت و بۆ یارمەتی کوردستانی تازە نێررانە سلێمانی.

تۆفیق وەهبی و ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز و فایق کاکەمین لەناو ئەمانەدا بوون، بەڵام سدیق پاشا[1] لەلایەن دائیرەی مەندووبی سامییەوە هاتبووە سلێمانی بەتەمای ئەوە بوو کە حکوومەتی کوردستان لە ژێر چاوتێبڕین وە یا چاودێری ئەوا بڕوا بەڕێوە. ئەمانە هەمـوویان چاوەڕوانی گەڕانەوەی شـێخ مەحموود بوون. هەندێ لـە زابتە لاوەکان لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا لەناو خەڵقا و بەتایبەتی لەناو لاوەکانا هەستێکی بەتینی قەومی و نیشـتمانییان بڵاوکـردەوە. ئێمەش دەسـتەی مامۆسـتاکان لـەناو خۆمـانا و قوتابییەکانا چیمان پێکرا کردمان... گۆرانی بەپیرەوەچوون (نەشـیدی ئیستقبال) لەلایەن مامۆستای

---

١. سدیق‌پاشـا یا «صدیق القادری» خەڵقی سلێمانی وە یا وەکوو خۆی ئەڵێ خەڵقی دێی مۆرتکەیە. لە زەمانی عوسمانی زابت بوو و لە شەڕی گێتی یەکەما بە خۆی و تابوورەکەیەوە (تابوور = فەوج) بە دیل گیرا و نێررایە ڕووسـیە. لەوێ لە کاتی شۆڕشی شـووڕەوییەکانا چووە لەشـکری چارەوە (چار = قەیسەری ڕووس)، کە پێیان ئەوت لەشـکری سـپی و لە ژێر فەرمانی «ژەنەڕاڵ ورانکەل»دا بەرامبەر بە لەشـکری بولشەویک (سوورەکان) شەڕی کرد تا گەیشتە پایەی ژەنەڕاڵ، بەڵام دوای شکستی لەشکری سپییەکان و لەناوچوونی بنەماڵەی قەیسەر، لە خۆرەڵاتی دوورەوە گەڕابووەوە بەغدا. لە ڕووی شـارەزایی بە زمانی ڕووس و هەواڵی وڵاتەکەیان، دائیرەی مەندووبی سامی بریتانیا لە بەغدا لە پێشا لە خۆیان نزیک خستەوە و بۆ تەرجەمەی ئەو شتانە کە پەیوەیستی بـە ڕووسـەوە هەبوو کەڵکیان لـێ وەرئەگرت. ئینجا کە شـێخ مەحموود گەڕایەوە سـلێمانی بەناوی ئەوەوە کە کوردە و شـارەزای زمانە و متمانەشـیان پێنەکرد ناردبوویانە سـلێمانی و لە حکوومەتی کوردسـتانا بوو بە موفەتیشی عام، بەڵام ماوەیەکی کەم لەم مەنسەبەدا مایەوە...

بەڕێز و نیشتمانپەروەر مامۆستا زێوەرەوە ڕێکخرا و فێری دەستەی گۆرانی قوتابییە دەنگ‌خۆشەکان کرا. هێشتا شێخ مەحموود لە بەغدا بوو کە ئەم گۆرانییە جارجارە لە ناوچەکەی بەردەمی دەبۆ و قوتابخانەکەی نموونەی سەعادەت ئەیانخوێندەوە. هیچ جارێ نەبوو فرمێسکی شادی بە چاوی زابتەکان و لاوەکانا نەهێنێتە خوارەوە. ئەم حاڵە ڕابووردووی کوردی ئەهێنایەوە یاد. خەیاڵی سەرگرتنی ئەو تەقەلایانەی ئەهێنا بە بیرا کە لە ڕێی ئازادییا بەخش ئەکرا و هیوای گەیشتن بە ئامانج و پەیابوونەوەی کوردستانی سەربەخۆی ئەژیاندەوە...!

لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پۆل‌پۆل و دەستەدەستە ئەهالی و عەشایر بە پێیان و بە سواری ڕێیان گرتبووەبەر؛ ڕووەو بەغدا ئەچوون و تا دەوری کفری و هەندێکیشیان تا نزیک بەغدا ڕۆیشتبوون. ڕێگەوبان بە عەشایری پڕ چەک و سیلاح ڕازابووەوە. وەکوو ئەیانگێڕایەوە نزیکەی بیست هەزار سوارێکی کورد ڕژابوونە ئەو دەشتە. ئەمانە هەموویان لەگەڵ ئەو دوای خەڵقی کوردستان چاویان بڕیبووە ئاسۆ، بە چەشنی هیلالی شەوی جەژن بۆ دیداری حوکمداری کورد ئەگەڕان. لە ئەنجاما شێخ مەحموود جێ‌هیوای میللەتی کورد دەرکەوت و لە دوای سێ ساڵێک دیلی و مەینەتی ڕابواردن لە بەندیخانەی بێگانە بە دەبدەبە و شکۆیەکی شاهانە گەیشتەوە سلێمانی (٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٢). باسی ئەم بەپیرەوەچوونە شکم نییە کە نەنووسراوەتەوە. لەو ڕۆژەشا ئەوهۆیانە کە بۆ گرتنی شریتی سینەما پێویستە لەم وڵاتەدا نەبوو. تەنانەت وێنەگرتنیش ئەوەندە باوی نەسەندبوو. ئەگەر ئەمانە هەبووایە وە یا بۆ ئەو ڕۆژە خەمی بخورایە و ئامادە بکرایە دیمەنەکانی ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحموود و بەپیرەوەچوونی حوکمداری کورد لەوانە ئەبوو کە جوانترین شریتی سینەمای لێ دروست بکرێ. ئەو دیمەنە شیرینانە کە هەریەکە تابلۆیەکی ڕەنگین و بەنرخی وابوو بخرێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەوە. ئەمانە ڕەنگە لە بیری ئەوانەشا نەمابێ کە خۆیان لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون و دیمەنەکان بە بەرچاویانا تێپەڕیوە، بەڵام من تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە. ئەو ڕۆژە چیم دیوە وە یا بە بەرچاوما تێپەڕیوە بەسانی شریتێکی سینەما لە مێشکما جێگیر بووە و شارراوەتەوە. جارجارە بە بۆنەیەکەوە کە دێتەوە بە بیرما مووچڕکێکی سارد بە لەشما دێ و ئەکەومەوە

لێکدانەوەیەکی بێ‌بن و بێ‌سوود! چۆن لە بیرم بچێتەوە کە لەو ڕۆژەدا من ئەم لاپەڕانەی یادداشتم ڕەش ئەکردەوە و لە کاتێکا شێخ مەحموود گەیشتبووە ناو شاری سلێمانی لەلایەکەوە گریانی خۆشی و هەلهەلەی شۆڕەژنانی مێخەکبەند لە مل و هەیاسە لە پشت، لەولای ترەوە گوڵباران و قریوەی کچۆڵە خنجیلانە و ئێسک سووکەکانی پەنجە خەناوی فرمێسکی شادی بە چاوەکانما ئەهێنایە خوارەوە. ئەمەش لە بیر بچێتەوە ئەی چۆن ئەوەم لە بیر ئەچێتەوە کە ئەو ڕۆژە سلێمانی بووبوو بە مەحشەر. هەزاران پیاو و ژن بە چەپڵەڕێزان و دەنگی هەر بژی، هەزاران قوتابی کوڕ و کچ بە بەرگی نەورۆزی کوردەوە گۆرانی نیشتمانی و نەشیدی بەخێرهاتنەوەیان ئەخوێندەوە. خۆ چریکەی شێرانەی زابتەکانی کورد و سیڕەی هەڵکێشانی شیرە بریقەدارەکانیان، شەقەشەقی تفەنگ لەسەر شان‌کردنی عەسکەر، فڕەی ئۆتۆمۆبێل، تەق‌وهۆڕی شلێکی دەمانچە و هاڕەی دەسدرێژی سوارەی عەشایر، لەگەڵ ناڵە و گرمەی تۆپ، گوێی ئینسانی کەڕ ئەکرد و لە هۆش خۆی ئەبردەوە...

لەم دەمی شادی و گریانەدا و لە ژێر سێبەری شیر و تفەنگا حوکمداری کورد گەیشتە پێشەوە. ئەم قارەمانی کوردە بە چەفتە و عەگالی سورمەوە بەسانی ئەمیرێکی عەرەب لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە. چاوێکی بە دەوری خۆیا گێڕا، بەلام خەلق لە هۆش خۆیان چووبوون. دەنگێکی نێری شێرانە خەلقەکەی هانییەوە هۆش خۆی. زابتێکی کورد عەسکەرەکان و مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر قوتابییەکانی بۆ سەلاوی حوکمدار وریا کردەوە. لەشکری تازە ڕێکخراوی کورد و قوتابییان لە سەلاوا وەستان. ئینجا دووبارە چەپڵەڕێزانێکی دوورودرێژ و گوڵبارانێکی ئێجگار بەدڵسۆزی دەسی‌پێکردەوە و ئەمانە هەمووی تێکەڵ بە ئاوازی شیرینی دەستەی گۆرانی قوتابییەکان بوو...

بەپێی بەرنامەجێ کە لە پێشەوە ئامادە کرابوو حوکمدار و میجەر نۆئێل[1] لە ژوورێکی

---

١. میجەر نۆئێل ئەو زابتە ئینگلیزەیە کە لە ١٩١٨دا هاتە سلێمانی و لە دەوری حکوومەتی یەکەمی شێخ مەحموودا موشاویری سیاسی بوو. ئەم نۆئێلە بوو کە من بە ئەمری شێخ مەحموود دەرسی کوردیم پێ‌ئەوت و لە تەرجمەدا بەتایبەتی لە گۆڕینی ئەوراق و قەیدەکانی مالییە و گوومرگ لە تورکییەوە بۆ فەڕەنسزی یارمەتیم ئەدا و بەتەما بوو لەگەڵی بچمە کوردستانی تورکیا.

تایبەتیبا ماوەیەک ماندووی خۆیان حەساندەوە. ئینجا هەر لە حەوشی ئەو خانووەدا کە بۆ حوکمدار ڕێکخرابوو[1] قوتابی مەکتەبەکان ڕیزیان بەست. ئەهالی شاری سلێمانی، گەورەکان، خوێندەوارەکان و زاناکان، خاوەن مەنسەبەکانی حکوومەت، زابتەکان، دەستەی توجار و کاسبەکان و ئەو سەرەک عەشیرەتانە کە لە سلێمانی بوون هەموویان لە پشت ڕیزەکانی قوتابییەکانەوە جێی خۆیان گرت.

دوای ئەمە حوکمدار و نۆئێلی موشاویری سیاسی هاتنە دەرەوە و لەسەر پێپیلکەکانی هەیوانەکەدا وەستان. ئینجا من سەرکەوتمە سەر تەختەبەندێکی بەرز و دەسم کرد بە قسە. وتارێکی دوورودرێژم خوێندەوە. بە درێژایی وتارەکە چەپڵەڕێزانیش درێژ ئەبووەوە، بەتایبەتی قوتابییەکان خوێنیان هاتبووە جۆش. حەماسەتی ئەوان کاری کردبووە سەر ئەهالی و عەشایر. ئەوانیش بەسانی قوتابییەکان هاتبوونە جونبوش. ئیتر لەوەدا نەمابوو کە من وشە بە تەرازووی سیاسەت بکێشم. باسی دەوری یەکەمی شێخ مەحموودم ئەکردەوە. لە هەڵەکانی ئینگلیز ئەدوام. توانجمم تێئەگرتن و تانووتم لێئەدان. بەکورتی ئەموت لەسەر ئینگلیزەکان پێویستە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە کە جاری پێشوو کردیان. ئەبێ بەڕاستی پشتی شێخ مەحموود بگرن و هەر لە کونجی مەبەس و قازانجی خۆیانەوە تەماشای ڕووداوەکان نەکەن و ئەبێ باش بزانن کە فریودانی شێخ مەحموود و کورد بە ئەنجام زەرەری بۆ ئینگلیز زیاترە. ئینجا بامئەدایەوە سەر خۆمان، واتە سەر کورد و ئەموت لەسەر ئێمەش پێویستە کە قازانجی قەومەکان بخەینە بەرچاو. دەس بدەینە دەس یەک و ماوەی ئەوە نەدەین کە فریومان بدەن، تەنیا بمانکەن بە کوتەکی دەس، ئەویش بۆ خزمەتی سیاسەت و قازانجی بێگانەکان...

کە ڕوانیم نۆئێل تەواو گرژ بووبوو. ئینجا بە تیلایی چاو ڕوانیمە شێخ مەحموود. وام هاتە بەرچاو کە قسەکانی پێخۆش بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا نۆئێلی بە تەنیشتە بوو، لەبەر ئەوە بە ڕواڵەت لێوی خۆی ئەکرۆشت...

---

١. حوکمدار لە ماڵی میرزا فەرەجی حاجی شەریف جێی بۆ ڕێکخرابوو. ئەو خانووە دوایی بوو بە هی میرزا فەتاحی برای میرزا فەرەج و ئەکەوێتە تەنیشت خانووەکەی میرزا تۆفیق قەزازەوە و بەرامبەر ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەمەیە.

بەو ناوە کە لەلایەن مەجلیسی میللی و لێژنەی بەپیرەوەچوونەوە کرابووم بە ڕەئیسی تەشریفات، دوای تەواو بوونی وتارەکە شوێن حوکمدار و نۆئێل کەوتم و لەگەڵیانا چوومە ئەو ژوورەوە کە بۆ زیارەت و چاوپێکەوتنی حوکمدار ڕێکخرابوو. خەڵقەکە پۆل‌پۆل ئەهاتنە ژوورەوە و من بەپێی ناوونیشانیان پێشکەشی حوکمدارم ئەکردن. ئەمانە هەندێکیان دەسی حوکمداریان ئەگوشی و بەشێکی هەرە زۆریان دەسیان ماچ ئەکرد. بەشێکی زۆر کەم، ئەویش بە پێوە بەری ئەکەوت، بە یەک‌دوو وشە عەرزی بەخێرهاتنەوە بکا. حەشاماتەکە ئێجگار زۆر و کات بەشی درێژەپێدانی نەئەکرد.

تۆفیق وەهبی لەم حەلەدا هات و لەناو سەبەتۆڵکەیەکی ئاوریشما، کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەسە دروست‌کرابوو، دوو ڕۆزەتێ گوڵی ئاوریشمی دایە دەسم. ئەم گوڵانە لە وێنەیەکی گەلێ شیرینا بۆ یادئاوەری ڕۆژی گەڕانەوەی حوکمداری کورد و خۆشبەختی میللەت ئامادە و بەسەر زوربەی خەڵقا بەش کرابوو. دوو گوڵەکەی تۆفیق وەهبی دایە دەسم بۆ حوکمدار و نۆئێل بوو. حوکمدار بە سپاسێکی گەرمەوە بەرۆکی بۆ ڕاگرتم، بەڵام کە ئەوی تریانم کرد بە بەرۆکی نۆئێلدا نەک سپاسم بکا، بە ڕوویەکی ترش و گرژەوە تێی‌ڕوانیم و ڕەنجاوبوونی خۆی لە من جارێکی تریش دەرخستەوە...

ڕەسمی تەشریفات زۆری کێشا و ئەو ڕۆژە تا ئێوارەیەکی درەنگ میجەر نۆئێل، کە نزیک دەرگای ژوورەکە لەسەر کورسییەکی ڕەق هەڵتووتابوو لە هەستان و دانیشتنەوە بەولاوە شتێکی پێ‌نەبڕا...

ماوەی خەڵوەتی شێخ مەحموود و دامەزراندنی هەیئەتی ڕەئیسەکان (مەجلیسی وزەرا)

دوای ئەوەکە مەراسمی زیارەت تەواو بوو شێخ مەحموود وەکوو ئومێد ئەکرا نەجووڵایەوە و دەستی بۆ شتێ نەبرد. چووە خەڵوەتەوە و ماوەی دە ڕۆژێ خۆی لە کەس نەگەیاند. من وا بەتەما بووم کە دوای تەواو بوونی مەراسم لێی دوور بکەومەوە، بەڵام حوکمدار نەیهێشت و ئەمری پێکردم لەلای بمێنمەوە. بە ڕۆژ، بەتایبەتی دوای نیوەڕۆ کە کەسی

غەیرە نەئەما ئەچوومە ژووری تایبەتی خۆی و گفتوگۆمان ئەکرد. بەتەواوی لە مەبەسی و لـەم خەڵوەتـی تێنەئەگەیشـتم. بێ ئۆقرە و کـەمباوەڕم ئەهاتـە بەرچاو. لەسـەر قەرارێ نەئەوەسـتا. شـتی زۆری لە دڵا هەبوو. نەیئەزانی لە کوێوە دەس پێ بکا و چۆنی دەربخا. لەگەڵ ئەمەشـا هەر چۆنێ بـوو لە ژێر ناوی هەیئەتی ڕوئەسـادا کابینە، واتە وەزارەت دانرا و ناوی ڕەئیسەکان لە ژمارەی دەیەمی «ڕۆژنامەی بانگی کوردستان»دا[1] بەمجووری خوارەوە بڵاوکرایەوە:

١ـ ڕەئیسی ڕوئەسا، (شێخ قادری حەفید)
٢ـ ڕەئیسی داخلییە، (شێخ محەممەد غەریب)
٣ـ ڕەئیسی مالییە، (عەبدولکەریم عەلەکە)
٤ـ ڕەئیسی مەعارف، (مستەفاپاشا)
٥ـ ڕەئیسی قوای میللی (دیفاع)، (ساڵح زەکی ساحێبقڕان)[2]
٦ـ ڕەئیسی مەحاکم و شەرع (عدلییە)، (حاجی مەلا سەعید کەرکووکیزادە)
٧ـ ڕەئیسی نافیعە، (محەممەدئاغای عەبدوڕڕەحمانئاغا)

سـەید ئەحمـەدی بەرزنجـی هەرچـەن عینوانی ڕەئیسـی ئەمنیەتـی عوومییەی درابوویێ لە هەیئەتی ڕەئیسەکان نەئەژمێررا، چونکە ڕەئیسی داخلییە کە بە مانای وەزیر ئەهات، دیارە کە مەرجەعی ئەمنییەتی عوومییە بوو. لەبەر ئەمە ڕاستترەکەی ئەوە بوو کـە بە مودیری ئەمنییەت ناو بنرێ، بەڵام ئەحمەدبەگی فەتاحبەگی ڕەئیسـی گوومرگ لەگـەڵ بوونی وەزیری مالییەشـا خۆی بە وەزیر دائەنا و لەگەڵ هەیئەتی ڕەئیسـەکان

١. دوای هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی بانگی کوردستان بەینێکی تر بڵاوکرایەوە ئینجا لە جێی ئەو ڕۆژنامەی ئومێدی ئیسـتقلال هاتە بڵاوکرانەوە. من نووسـەری ئەم یادداشـتە لەگەڵ بوێژی ناودار شێخ نووری شێخ ساڵح کە لەگەڵ عەلی باپیرئاغا (عەلی کەمال) لە نووسـەرەکانی بانگی کوردستان بووین هەڵسووڕاندنی کاروباری نووسینی ئومێدی ئیستقلالمان گرتە ئەستۆ. لە دوای بەینێکیش خۆم بووم بە مودیری ڕۆژنامەکە و سەرنووسەری.

٢. سـاڵح زەکی لە ئۆردوو (جەیش)ی تورکا زابت بوو. لە دوای شـەڕی یەکەمی گیتی لە کاتێکا شێخ مەحموود لە هیندسـتان بوو گەڕایەوە و لە عەقرە کرا بە قایممەقام، بەڵام کە شـێخ مەحموود نێررایەوە سـلێمانی ساڵح زەکی وا بزانم بەبێ ئیزنی حکوومەت عەقرەی بەجێهێشـت و بۆ خزمەتی کوردسـتان هاتە سلێمانی و کرا بە ڕەئیسی قوای میللی، واتە ڕەئیسی دیفاع.

دائەنیشــت و کۆ ئەبووەوە. ئەمەش هەڵەی ئەوی تیا نەبوو. وێنەی حکوومەتە کە خۆی بەو جوورە کێشرابوو.

شــێخ قادری حەفید بەلای ڕیاســەتی هەیئەتەوە مەنسەبی سپاسالاریشی هەبوو کە بە مانای «قائیدی عام» ئەهات. هەرچی سدیق پاشایە[1] وەکوو لە پێشەوە وتبوومان کرابوو بە موفەتیشی عموومی حکوومەتی کوردستان...

شێخ مەحموود حوکمداری کوردستان لە بەرگی ڕەسمی تەشریفاتا

١. سدیق پاشــا قادری (١٨٩٤ -١٩٧٠)، کوڕی ڕەســووڵ، کوڕی قادری ڕەمەزان گەورەی مۆرتەکەیە باپیری سەرۆک تیرەی ســۆفیوەندی هەمەوەند بووە. ١٩١١ قوتابخانەی حەربییەی ئەســتەمبوولی تەواوکردووە، لە ١٩١٤/٧/١٧ بــە پلەی ملازم لە هێــزی ١١ی بەتالیۆنی ١ی لیوای ٩٩ لە وان دادەمەزرێت، لە ١٩١٤/١٢/٢٢ لەگەڵ ســەرجەم هێزەکەیدا لەلایەن ڕووسەکانەوە بەدیل دەگیرێت، ئەوەش دەبێتە دوا وێستگەی لە سوپای عوسمانیدا. لە ساڵی ١٩٢٢ لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە باشووری کوردستان دەبێتە موفەتیشی گشتی. م.س.

حوکمدار لە خەڵوەت دێتە دەرێ

دوای ئەمە کە حوکمدار چەن ڕۆژێک خۆی لە خەڵق دوور خستەوە لەپڕێکا لە خەڵوەت هاتە دەرێ و دەسی کرد بە تەماشا کردنی کاروباری حکوومەتی تازە. سەرەتای ئەم دەورەی شێخ مەحموود لە فەرمانی ژمارە ٣یەوە دەس پێ ئەکا کە دەربارەی جووری دەسەڵات[1] و واجباتی ڕەئیسەکان (وزرا) لە ژمارە ١٢ای بانگی کوردستانا و لە مێژووی ٢٤ی سەفەری ١٣٤١ای ڕێکەوتی ١٥ای تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا بڵاوکرایەوە. ئەم فەرمانە کە عینوانی حوکمداری کوردستانی بەسەرەوە بوو بە شێوەی نووسینەکەیا و بەو جوورە وشە و تەعبیر و ئیستلاحانەدا کە تیابوو دەریئەخست کە لەلایەن کەسانی شارەزا بە کاری دەوڵەتەوە دانەنراوە. ئەمەش گوناهی شێخ مەحموودی تیا نەبوو، بەڵکوو لە ڕووی ئەوانەوە بوو کە بە حوکمی زرووف دەورەیان ئەدا و شێخ مەحموود وا بە دەس‌وبرد پێی دوور نەئەخرانەوە. لەم ڕۆژانەدا دەستەیێ لە ڕەئیسەکانی پژدەر لەگەڵ عەباسی مەحموودئاغا بە ٣٠٠ سوارێکەوە بۆ دیدەنی حوکمدار هاتنە سلێمانی. عەباس‌ئاغا کە خۆی بە لاگیر و دۆستی شێخ مەحموود دائەنا بەینێ پێش هاتنەوەی شێخ مەحموود لەگەڵ ئۆزدەمیر ڕێکەوتبوو. لە دەرکردنی ئینگلیزەکان لە ڕانیە و لە هەڕەشەی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن تورکەکانی ڕەواندزەوە بەشدار بوو و دەستێکی درێژی هەبوو، لەگەڵ ئەمەشا کە بە بۆنەی سەردانی حوکمدارەوە هاتە سلێمانی بەرەو پیریێەکی جوان کرا و لەو پارەیە کە لە خەزێنەی حکوومەتا مابووەوە بەشێکی گەورە و چەوری پێ‌برا. عەباسی مەحموودئاغای ڕەحمەتی زیاتر لەوە کە سیاسی بێ وە یا ڕێگەیەکی تایبەتی بگرێ کە لەگەڵ قازانجی وڵاتەکە و قەومی کوردا بگونجێ، واتە لە جێی ئەوە کە لە ڕێگەیەکی ڕاست و تایبەتی وا بڕوا بەڕێوە کە بۆ زەعیمێک شایان بێ تەماشای وەخت و سەعاتی ئەکرد و بەپێی کات ئەچوو بەڕێوە. نزیک کەوتنەوەی لە ئۆزدەمیر و تورکەکانی ڕەواندز تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە بابەکری سەلیم‌ئاغا بەلای ئینگلیزەکانەوە بە زەعیمی یەگانەی پژدەر ناسرابوو...

---

١. جووری دەسەڵات: نەوعی سەڵاحییەت.

شێخ مەحموود لە بەغدا خۆی بەرامبەر بە مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی چۆن پیشان دابوو؟

بەپێی وشـەی خاوەنی کتێبەکەی «عراق و عصبة‌الامم» شـێخ مەحموود لە بەغدا لای مەلیـک فەیسـەڵ و مەندووبی سـامی و گەورەکانی تـری ئینگلیز وتبـووی: «پەیمانی سـیڤەر قەت سەر ناگرێت. لەبەر ئەمە نەک سەربەخۆیی تەواو (ئیستقلال) تەنانەت وشەی موختارییەتیش بۆ کوردستان نایەت بە بیرا.»[1] واش دیارە کە خاوەن مەنسەبەکانی ئینگلیز و حکوومەتی بریتانیا ئەم وشـانەیان بە دڵ بووە، چونکە لەسـەر ئەم وشـانەی شـێخ مەحمـوود هـەر بەپێـی کتێبـی ناوبـراو ئەیانـوت: «... شـێخ مەحمـوود لەگەڵ سیاسـەتی بریتانیای گەورە دەربارەی کوردسـتان بەتـەواوی هاوبیـروباوەڕە...» لە دوای ئەمەشـەوە ئەڵێن: «... بریتانیای گـەورە لەگەڵ حکوومەتی عێراقا پێکەوە تێیان گەیاند[2] کـە تا بتوانـن و بـۆیان بکـرێ ئامـادەن و هـەوڵ ئـەدەن بـۆ بەجێهێنانـی هیـوای نیشتمانپەروەرەکانی کورد...»

ئینجا ئێمە لەو باوەڕەداین کە شێخ مەحموود لەم وشانە مەبەسی تەفرەدانی مەلیک فەیسەڵ وە یا مەندووبی سامی نەبووە و لەوەدا شکمان نییە کە تا لە بەغدا بوو ئەوەی بـە بیـرا نەهاتبـوو جارێکی تـر بێ‌ئەوە هۆیەکـی گەورە زۆری بـۆ بێنێ بە گـژ ئینگلیزا بچێتـەوە و خۆی و وڵاتەکە بخاتەوە ئاژاوە و دەردیسـەری، بـەڵام هەواڵی ئەو ڕۆژەی کوردسـتان لەوانە نەبوو پشـتی پێ‌ببەسـرێت. لەگـەڵ ناردنەوەی شـێخ مەحموودا بۆ سلێمانی ئەبوو هەندێ شتی وا بخرێتە بەرچاو کە سەرگرتنی بەرنامەی ئەو سیاسەتە لە بەغدا کێشـرابوو بەوانەوە بەسـرابوو، واتە پێویسـت بوو کە شێخ مەحموود لە سیاسەتی ئینگلیز بەتەواوی دڵنیا بکرێ و بە سیاسەتێکی ڕاست و بێ‌توێکڵ ئەو پەڵەڕەشانە کە لە دەروونیا مابووەوە لابرێ و بسڕێتەوە. ئەبوو درۆی لەگەڵ نەکرێ و هەست بەوە نەکا کە جێـی تـەواوی باوەڕ نییـە. ئەبـوو فێڵی لێ‌نەکـەن وە یا هەوڵی ئـەوە نەدەن کـە تەنیا

---

١. عراق و عصبة الامم. (L. Iraq et la Societe des Nateuis).

٢. واتە ئینگلیزەکانی بەغدا و حکوومەتی عێراق لە شێخ مەحموودیان گەیاند.



لەشکری تازەی کوردستان
سەرەکی قوای میللی ساڵح زەکی ساحێبقران و موفتی لەشکر سوێندیان ئەدەن
ئەم نووسینەی سەر نیگارەکە لەلایەن فایق کاکەمینەوە نووسراوە، کە ئەو ڕۆژە یاوەری ڕەئیسی قوای میللی بوو...

کوتەکێک بێ بە دەسیانەوە، چونکە شێخ مەحموود وەکوو ئینگلیزەکان بە هەڵە چووبوون لە هەستی میللی بێبەش نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەی زانی ناڕاستی ئەوان خاوەنی هەستێکی هەرە بەرزی میللی بوو. لە گێتییا تەنیا ئامانجێکی هەبوو: سەربەخۆیی کوردستان. لەبەر ئەمە لەوانە بوو کە لە ڕێی ئازادی کوردا خزمەتی ئینگلیز بکا، بەڵام ئینگلیزەکان لە عاستی ئەوا چاویان بڕی نەئەکرد. ئەیانویست بە بەرتیل و تەماعی دونیا بیکڕن. نەیانئەزانی بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان. بە زۆر و بە فێڵیش نەئەکرا بە مەقاشی دەس و بۆیان نەئەخرایە قەفەزەوە.

لەبەر ئەمە دوای ئەو ڕێکەوتنە سەرزارییە کە لە بەغدا پێکهاتبوو[1] شێخ مەحموود

١. لەگەڵ شێخ مەحموود لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کە بەناوی ڕەئیسی مەجلیسی میللی کوردستانەوە هەڵسووڕاندنی کاروباری حکوومەتی سلێمانی بگرێتە دەس و لە بەرامبەری ئەمەدا نوزدەمیر و تورکەکان بە هێزێکی میللی کورد، کە زابتەکانی جەیشی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەو هێزە هاتبوون، لە ڕەواندز بکاتە

سدیق پاشا موفەتیشی عموومی حکوومەتی کوردستان لە بەرگی ژەنەراڵی ڕووسا لە خاربین

هێشتا بەڕێوە بوو کە دوودڵی کەوتبووە بەینەوە و ئەگەر بە هەندێ قسە باوەڕ بکرێ دوای گەیشتن بە کفری ئینگلیزەکان بیریان دەربارەی شێخ مەحموود گۆڕیبوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو و نەئەکرا بیسڵەمێننەوە. لەبەر ئەمە بەناچاری بەوە ڕازی بوون کە لە عینوانی ڕەئیسی بگۆڕێ و عینوانی حوکمدار بدا بە خۆی. جگە لەمە مەلیک فەیسەڵیش بە هیوای ئەوە کە تورکەکان لە عێراق دوور بخاتەوە و لەلایەن مەسەلەی مووسڵەوە ببێتە هۆی سەرکەوتنی عێراق بەرامبەر بە کەمالییەکان دیسانەوە بە هاودەنگی لەگەڵ مەندووبی سامی بریتانیا هەروەکوو دانی نا بە حوکمداری شێخ مەحموودا پەیمانی ئەوەشی دایێ کە لە وێنەیەکی فراوانا موختارییەت بدرێ بە کوردستان...

بەڵام شێخ مەحموود بەمانەوە نەوەستا و هەمووی مانگێکی پێنەچووبوو کە ئیتر عینوانی حوکمداریشی گۆڕی بە عینوانی مەلیکی کوردستان[1] (تشرینی دووەمی ١٩٢٢).

دەرەوە و بە وشەیەکی ڕاست و ڕەوان عێراق لە ئاژاوە و لە غائیلەی تورک بپارێزی. مەسەلەی مووسڵ لە ژێر ناوی کوردستانا بۆ عێراق بهێڵێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم خۆبەختکردنە کە لە ڕێی قازانجی ئەوانا ئەیکرد تەنانەت کەرکووک و هەولێریشیان ڕاستوڕەوان بە کورد دانەئەنا و لە ژێرەوە هەوڵیان ئەدا کە نەخرێتە ژێر حوکمی شێخ مەحموودەوە و لەگەڵ کوردستانی عێراق یەک نەگرێتەوە...

١. میجەر ئەدمۆندس موستەشاری پێشووی وەزارەتی داخلییەی عێراق، لەم ڕۆژانەدا لە لەندەنەوە وتارێکی چاپکراوی خۆی بۆ ناردووم کە لە I he Middle East Iornalدا و لە ژێر ناوی The Kurds of Iraq

ئینجـا دەسـی کرد بە داوا کردنی سـەرپاکی ئەو شـارانە کـە کـوردن و ئەکەونە خاکی کوردستانەوە...

١٩٥٧/٥/١٦ رەفیق حیلمی

(جزمی پێنجەم تەواو بوو.)

بـڵاوی کردووەتەوە. لـەم وتارەدا ئەدمۆندس ئەڵێ: بەڵام هەوای نەشئەبەخشـی کێوەکانی سـلێمانی شـێخ مەحمـوودی سەرمەسـت کرد، لەبەر ئەمـە هەر گفتێکـی دابووی و هــەر پەیمانێ کە لەگـەڵ گەورەکانی حکوومەتی بەغدا کردبووی لە بیری چووەوە و زۆری پێنەچوو ناوی خۆی نا مەلیکی کوردسـتان و دەسـی کرد بە داوا کردنی شارە کوردەکانی تر و هەموو ئەو خاکەی بە کوردستان ناو ئەبرێ و تا سنووری جەبەل حەمرین درێژ ئەبێتەوە...

بەشی شەشەم



لوتفعەلی‌خانی زەند، یەکێ لە هەرە ناوداره گەورەکانی کورد لە ئێران

بەغدا، ١٩٥٨، چاپخانەی مەعاریف

پێشەکی

ئـەو شـتانە کە بوونە هـۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی گەورە لە ناوەندی چاپکرانی بەشـی پێنجەمـی یادداشـت و ئەم بەشـەدا، زۆرن. هەنـدێ لەوانە جارێ نەخۆشـی خۆم بوو. ئینجا داخەکەم، یەک لە دوای یەک خەریـک بوونم لەگەڵ لیژنەی یارمەتی کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی و خانەقین و سەعدییە و جەلەولا. سەرەڕای ئەمانە، لە سـەرەوە پێویستم بە چاوپیاخشـاندنێکی تایبەتی بە نووسینەکانی ئەم بەشەی یادداشتا، بەهـۆی ئـەوەوە کـە دەفتەرێکی دەسنووسـی ئۆزدەمیرم پـەیا کرد کە لە کاتـی خۆیا لە ڕەواندز لەبارەی کوردسـتان و مەسەلەی شێخ مەحموودەوە نووسیویەتی؛ چونکە ناچار مام کە لە نووسـینەوەکانی خۆما هەندێ شـت ڕاسـت بکەمەوە کە لە کاتی خۆیا وەکوو بیسـتبووم نووسـیبوومەوە. جگـە لەمانەش ماوەیەکـە چاپخانەکانی بەغـدا لەبەر زۆری کاروبار، کەوتوونەتـە پەلپگرتـن و بەتایبەتی نایانەوێ نووسـراوەکانی کـوردی لە چاپ بدەن. ئێسـتە کەوا سـپاس بۆ یەزدان هەلێکم دەس کەوتووە و بەشـی شەشەم لە چاپ ئەدەم بە پێویسـتم زانی ئەو بەرهەڵسـتانەی هاتبوونە ڕێم بیانخەمە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێـزەکان. هیوام وایە بەشـەکانی تریش دوابەدوا لە چاپ بـدەم و ماوەی ئەوە نەدەم کەوا بزانرێ پشتم لە تێکۆشان سارد بووەتەوە...

بستان الخمس، بەغدا، ١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی، ١٩٥٨/٣/٥

مەعاریفی سلێمانی

مـن لە دائیرەی حوکمدارا کاروبارێکـی ئەوتۆم نەبوو کە پێوەی خەریک بم، هەرچەن لە قوتابخانەی نموونەی سـەعادەت، دەرسـی ڕیازیاتیشم ئەوتەوە، بەڵام لەچاو پێویستی ئەو ڕۆژەدا نەمئەتوانـی بەو جوورە کات بەسـەر بەرم. هەستم بە فەراغێک ئەکـرد. لە ژیانما بێ‌نیزامییـەک هەبـوو. لەبەر ئەوە جارێ ویسـتم بگەڕێمەوە مەکتەبەکـەی خۆم و بە دەرسـەوە خەریک بم. مستەفاپاشـای ڕەئیسـی مەعاریف لەم حەلەدا دەسـی کرد بە ڕێکخستنی قوتابخانەکان. ڕەشید زەکی مودیری نموونەی سەعادەتی خۆش نەئەویست. لەبەر ئەوە لە خۆی نزیک نەئەخستەوە. منی داوا کردە لای خۆی و پێکەوە خەریکی ئەم کارە بووین. لەو ڕۆژەدا لە سلێمانی تەنیا دوو قوتابخانە هەبوو. ئێمەش قوتابخانەیەکی سـێ پۆلیی منالانمان کردەوە. پۆلێکی تازەشـمان خسـتە سـەر نموونەی سـەعادەت و ناومـان نا ئیعدادی. بەم ڕەنگە ئەو قوتابییانە کە سـاڵێک بـوو لە نموونە دەرچووبوون و لـە سـلێمانی مابوونـەوە گەڕانەوە مەکتەب و لەگـەڵ هەندێ قوتابی تـرا پۆلی دووەمی ئیعدادییان لێ ڕێکخرا.

ئەم کارە بۆ ئەو ڕۆژە کەم نەبوو[1] چونکە پۆلی دووەم، تا ئەو ڕۆژە لەبەر بێ ماموستایی

---

١. لـە لاپەڕەی ٨٤ی تەرجەمـە عەرەبییەکەی «تاریخ العراق القریب»ی «میس بێل»دا ئەڵێ: «بە گەیشـتنمان ـ گەیشـتنی ئینگلیز ـ بۆ مووسـڵ، دەس درایە مەعاریف، ئیمڕۆ لە مووسـڵدا حەوت قوتابخانەی میری هەیە. لەمانـە سـیانیان هی منالـی مسـوڵمانەکانە، چوارەکەی تر هەریەکە هـی یەکێکە لـە تایەفەکانی کلدانی و ئاسووری و یەعقووبی و جوولەکە.» جەعفەر خەیات.

بەم وشـانەی «میس بێل»دا دەرئەکەوێت کە لەو ڕۆژانە دا، لە سـلێمانی کرانەوەی سێ قوتابخانە شتێکی کەم نەبووە...

هـەر لەو کتێبـەدا کە مامۆسـتا جەعفەر خەیـات کردوویە بە عەرەبـی، میس بێل، لە باسـی مەعاریفا ئەڵـێ: «ژمـارەی دەوامی قوتابی لـەم قوتابخانەدا فەرقێکی گـەورە دەرئەخا لە بەینی مسـوڵمانەکان و دیان (مەسیحی)یەکانا، چونکە لە کاتێکا کە لە هەشت بەشا حەوت بەشی دانیشتووانی مووسڵ ئیسلامن، لە عاست دەوامکردنی ٧٩١ قوتابی لە قوتابخانەی دیانەکانا، تەنیا ٢٥٩ قوتابی مسوڵمان ئەچوونە قوتابخانەکانی خۆیان.» ئینجا لەبەر ئەمەیە کە لە سـەرەوە وتمان کرانەوەی سێ قوتابخانە لە سلێمانییا بۆ ئەو ڕۆژە کەم نەبوو. ئەوەش لە بیر نەچێتەوە کە ژمارەی قوتابی لەو سـێ قوتابخانەیە لە سـلێمانی ئەگەیشـتە ٨٠٠ قوتابی و زۆری تریش چاوەڕوان بوون کە قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە...

نەئەکرایەوە... ئینجا پاشـا، ناوی نموونەی سـەعادەتی گۆڕی بە ئیعـدادی مەحموودی و منی کرد بە مودیر.

ڕەشید زەکی خوالێخۆشبوو کە مامۆستای خۆم بوو لەمە تۆرا، بە مامۆستایی ڕیازیات ڕازی نەبوو. زۆری هەوڵ دا بگەڕێتەوە شـوێنەکەی خۆی، بەڵام پاشا لەوانە نەبوو. لەناو مامۆستاکانی تریشا ئاڵوگۆڕێکی زۆر کرا. لەم سێ قوتابخانەیەدا دوای ئەم ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕە، زۆر دڵسـۆزانە دەسـت کرا بە دەرس‌وتنەوە. گیانی نیشـتمانی لاوانی ئەو ڕۆژە ئێجگار بەرز بوو. لەبەر ئەمە، چ بۆ پۆلەکانی ئیعدادی و چ بۆ پۆلەکان کە تازە کرابوونەوە پەک لەسەر مامۆستا نەکەوت و بێ پووڵ و پارە دەرسەکان ئەوترایەوە.

زابتە کوردەکان بە هەموو هێزیانەوە خەریـک بوون و لاوەکانیان هان ئەدا، خۆشیان بۆ هەموو خزمەتێک ئامادە بوون. هەموو ڕۆژێـک ئەهاتنە ئیعدادی، پۆلێکی بێ مامۆستا هەبووایـێ ئەچوونە ژوورەوە دەرسـەکەیان ئەوتـەوە. جگە لەمە، لـە ئیعدادییا، ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز، دوو زابتی لاوی کورد، دەرسـی یاری و مەشقی عەسکەرییان بە قوتابییەکانمان فێر ئەکرد. حەماسـەت و خوێن‌گەرمی وای لێ‌کردبووین، کە ڕەشید زەکی وازی لە دەرس‌وتنەوە هێنا. مستەفاپاشای ڕەئیسی مەعاریف لە پۆلەکانی ئیعدادییا دەرسی جەبری گرتە ئەستۆی. من خۆم هەندەسەی موجەسەمە و «مثلثات»م ئەوتەوە.[1] سدیق‌پاشـا، کە موفەتیشـی حکوومەتی کوردسـتانیش بوو، هەمـوو ڕۆژێ بێ‌کەم‌وزیاد ئەهات و ئەچووە دەرسی ڕەسمەوە.

مستەفاپاشا، ناوی دوو مەکتەبەکەی تری نابوو قادرییە و لەتیفییە، یەکێکیان بەناوی شێخ قادرەوە کە برای شێخ مەحموودە وە ئەوی تریشیان بەناوی شێخ لەتیفی کوڕیەوە.[2] لەتیـف کوڕی بچووکی شـێخ مەحموودە و لە ئایشـەخانی ژنـی دووەمیەتی،[3] بەڵام دوو

---

١. ئـەو وەختــە بەرنامە (پرۆگـرام)ی مەکتەبی ئیعدادی وەکوو هــی ئیمڕۆ نەبوو. ئێمەش کـە بەرنامەیەکی تایبەتیمان بەدەسەوە نەبوو لەسەر پرۆگرامی کۆنی زمانی عوسمانی ئەچووین بەڕێوە.

٢. شێخ لەتیف ئیمڕۆ لە بەندیخانەی شاری بەسرەیە.

٣. شێخ ئەحمەد برای شێخ مەحموود بوو، لە هەڵلاکەی مووسڵدا کوژرا. شێخ جەلال کوڕی ئایشەخانە لە شێخ ئەحمەدی مێردی یەکەمی، ئینجا لەبەر ئەمە شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، لەگەڵ شێخ جەلالی شێخ ئەحمەدا، لە دایکەوە برا و لە باوکەوە ئامۆزان...

کوڕەکەی تری شێخ مەحموود، واتا ڕەئووف و بابەعەلی، لە بەهیەخانی ژنی یەکەمن کە کچی ئەمینی عەتارە. شێخ مەحموود دوای مردنی شێخ مستەفای نەقیب کە مامی بوو، بەهیەخانی بە بێوەژنی خواستبوو. ئایشەخانی دایکی لەتیفیش هەر بە بێوەژنی و دوای کوژرانی شێخ ئەحمەدی مێردی پێشووی شووی بە شێخ مەحموود کردبوو.

مـن، بـە گەڕانەوەم بۆ ئیعدادی، بەتەواوی لە مەلیـک دوور نەکەوتبوومەوە. جارجارە ئەینارد بە شـوێنما و هەندێ نامەی تایبەتی خۆی پێ‌ئەنووسـیم وە یا پێی ئەخوێندمەوە. لەبـەر ئەمـە بە بیانـووی دەرس‌وتن بـە ڕەئووف و بابەعەلـی، بە پێنووسـی مەلا عارف[1] مەلیـک ئەمرێکـی بۆ دەرهێنام و هەموو ڕۆژێـک دوای نیـوەڕۆ بەبێ پرس‌وڕا ئەچوومە لای.[2] ئەمە بۆ ئەو ڕۆژە ئیمتیازێـک بوو کە باوەڕ ناکەم بە هەموو کەسـێک درابێ. لەبەر ئەمە لەناو پیاوە ناسراوەکانی ئەو ڕۆژەدا و تەنانەت لەناو دەستەودائیرەی مەلیک خۆیا، بە چاوێکی بەڕێز تەماشا ئەکرام و ئەتوانم بڵێم کە هەندێک بەخێڵیشیان پێ‌ئەبردم.

❁❁

لـە قوتابخانەکانـی سـلێمانی، هەروەکـوو دەرسـەکان زۆر بەگەرمـی و ڕێک‌وپێکـی ئەوترایـەوە، قوتابییەکانیـش زۆر بەشـەوق بوون و بەدڵ ئەچوونـە مەکتەب. لە دەوری حکوومەتی کوردا، لە جاران زیاتر و گەلێ باشتر ڕوویان کردبووە قوتابخانەکان و سەریان کردبووە سـەر خوێندن. بەشێکی مامۆسـتاکانی ئەو ڕۆژە بەتایبەتی هینەکانی ئیعدادی

١. عارف سائیبی برای جەمیل و جەلال و ئەنوەر سائیب کە ئەویش لەلایەن یەکێکی نەزانراو لە کاتی ئاژاوەی کوردستان و «ئەورە»ی یەکەمی شێخ مەحموودا کوژرا.

٢. عارف سائیب (١٨٩٢ - ١٩٢٣)، کوڕی مەلا ئەحمەدی سائیب کوڕی مەلا قادری قەرەداغی کوڕی مەلا حەسەنی قەرەداغییە، قورئان و ئەدەبی فارسی لە حوجرەدا خوێندووە. عارف سائیب دوای تەواوکردنی خوێندن دەبرێت بۆ سـەربازی و بەشـداری یەکەمین جەنگی جیهانی دەکات و لە سـەربازی پلەی «أمین سریە»ی پێدراوە. لە ماوەی جەنگدا وەک شاعیر دەرکەوتووە؛ لە سەرەتادا بەناوی سائیب‌زادە سلێمانی محەممەد عارف شیعری لە گۆڤاری «بانگی کورد»دا بڵاو دەکردەوە. لە دوای هاتنی ئینگلیزەکانیش بە بیرێکی نەتەوەیی وتاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی بانگی کوردسـتان و ڕۆژی کوردستان بڵاو دەکردەوە. لەبەر لێهاتوویی لە حکوومەتی سێیەمدا شـێخ کردوویەتی بە بەرپرسی دیوانی مەلیکی. سـاڵی ١٩٢٢ نامەیەکی بەودا ناردووە بۆ قۆنسوولی یەکییەتی سۆڤیەت لە تەورێز. لە شەوی ١٦ی مایسی ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی قەرەچەتان، لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا بەدەستی چەند کەسێک دەکوژرێت و هەر لەوێش دەنێژرێت. م.س.

لـە زابتەکانی کـۆن وە یا تازەی کورد بوون. ئەم زابتانە خۆیان لە زەمانی عوسـمانییا هەر لـەم مەکتەبە دەرچووبوون کە پێیان ئەوت ئیعدادی عەسـکەری. لەبەر ئەمە وایان لا خۆش بوو کە ئیعدادی مەحموودی، لەسـەر پێ‌وشـوێنی ئیعدادی عەسکەری ببرێت بەرێوە؛ واتا کاروباری مەکتەبەکەمان بە نیزامێکی نیوە عەسکەری هەڵئەسووڕاند. بەرگی قوتابییـەکان، تا ئـەو ڕۆژە هەریەکە لە چەشـنێک بوو، ئێمە ویسـتمان هەمووی یەک چەشـن بێـت. لە ماوەی تاقە هەینییـەکا پارەمان کۆ کردەوە و بەرگـی تازەمان بۆ هەژار و بێ‌پارەکان دروسـت‌کرد. دەوڵەمەندەکانیش بەرگەکانیان گۆڕی و بەم ڕەنگە مانگێکی نەبرد بەرگی هەموو قوتابییانی ئیعدادی یەک‌جوورە و یەک‌ڕەنگ وەستایەوە. کڵاوێکی تازەشمان داهێنا کە لە کڵاوی عەسکەرە ئیسکۆچەکان ئەچوو. لە ناو چەوانی ئەم کڵاوە، بە سورمە وشەی مەحموودی دادروا. زۆری پێنەچوو، هەندێ لە قوتابییە دەوڵەمەندەکان وشەی مەحموودییان لەباتی سورمە بە ئاڵتوون دروست‌کرد و دروویان بە ناوچەوانیانا. لە قوتابخانەکانی تریشا بوو بە چاولێکەری. جل‌وبەرگی قوتابی هەموو بوو بە چەشنێک و ناوچەوانی کڵاوەکانیان بە وشەکانی قادرییە و لەتیفییە ڕازێنرایەوە.

سـاڵح بۆڕی‌زەن لەناو قوتابییەکانی دەورەی عوسمانییا ناسراو بوو. لەو دەمەدا هێشتا مابوو. ناردم بە شوێنییا و کردم بە فەڕاشی مەکتەب و لە دائیرەی عەسکەری بۆڕییەکم بۆ سەند. لەجیاتی زەنگ بە بۆڕیە قوتابییەکانمان ئەکردە پۆلەکانەوە وە یا پایدۆسمان[1] بۆ لێ‌ئەدان. باندێکی بچووکی مۆزیقەشـمان پەیا کرد، کە قوتابییەکان ئەچوون بۆ مەشق دەسـتەیەکیان مۆزیقەیان لێ‌ئەدا و ئەوانی تریـش بە ئاوازێکی ئێجگار بەسـۆز گۆرانی کوردی میللی و نیشـتمانییان ئەخوێندەوە. خەڵقی بازاڕ و ناوشـار بە گەورە و بچووکەوە شـوێن ئەم قوتابییانە ئەکەوتن و چەپڵەیان بۆ لێ‌ئەدان و فرمێسـکی شادییان ئەڕژاند. هەموو قوتابی شاری سلێمانی لەو دەورەدا ٨٠٠ قوتابی ئەبوون. شارەکە ئەو ڕۆژە بچووک بـوو و زۆر نەبووژابـووەوە. لەبەر ئەوە ئەم بزووتنەوەیـە کەم نەبوو و نموودێکی گەورەی هەبوو، بەڵکوو تا ئەو ڕۆژە سلێمانی بزووتنەوەیەکی وای بە خۆیـەوە نەدیبوو...

---

١. بە مۆڵە وە یا حەسانەوەیان ئەوت پایدۆس.

لـەم حەلانەدا کـە ئێمە خەریکی ڕێکخسـتنی مەعاریفی سـلێمانی و پێش خسـتنی قوتابخانـەکان بوویـن و هەسـتی کوردایەتیمـان زنـدوو ئەکـردەوە لـەولای تـرەوە تورک خواکان و شاتر (قاسید)ەکانی تورک لە هات وچۆدا بوون و دەورەی حوکمداریان دابوو. شێخ مەحموود واقی وڕمابوو، نەیئەزانی ڕوو بکاتە کام لا؟ لەبەر ربێ قەراری خەڵق و شێواوی و تێکەڵ وپێکەڵـی بیروباوەڕ، ئەویش سـەری لێ شـێوابوو و متمانەی بـە کەس نەئەکرد. موستەشـارێکی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەری نەبـوو. ئەوانە کـە لەو ڕۆژەدا لە سـلێمانی بوون دووانیان پێکەوە نەئەلکان. دەسـتەیەک لە لاوەکان ئیمانیان بە ئینگلیز هێنابوو و گاڵتـەیان بـە تەقەلای نیشـتمانپەروەرەکان ئەهات. بـەلای ئەوانەوە کوردپـەروەرەکان و دەسـتەی تورک خوا شـوێن کڵاوی بابردوو ئەکەون. تورک خواکانیـش ئینگلیزخواکانیان بە جاسـووس (سـیخوڕ) دائەنا و نیشـتمانپەروەرەکانیان بە ئالەتێکی فریودراوی ئینگلیز ئەهاتە بەرچاو. هەرچی لاوە نیشـتمانپەروەرەکانە لەگەڵ ئەوەشـا کە زۆر کەم بوون و لە هیچ لایەکەوە پشتیوانیان نەبوو، بەڵام گیانی میللییان ئێجگار بەرز و بەهێز بوو. زوربەی دەستەی ئەهالی و ڕەشۆکی، زیاتر بەوانەوە ئەلکا و لێیان نزیک ئەکەوتەوە. بەشێ لە مامۆستایانی قوتابخانەکان و زابتە لاوەکان و بەتایبەتی دەستەی قوتابی، بەسانی قوتابییە خوێن گەرمەکانی ئیمڕۆ، هۆی پەرەسـەندنی بیری نیشتمانی و گیانی قەومیی کورد بوون لەناو خەڵقا و بەتایبەتی لەناو دەستەی ڕەشۆکییا.

شـێخ مەحموود وەکوو وتمان دەورە درابـوو و بەتایبەتی تورک خواکان تێی ئاڵابوون. ئەڵقەی پەیوەندیی حوکمدار لەگەڵ تورکەکانی ڕەواندز تایەری ئەمین ئەفەنئی مەسرەف بوو.[1] جێی ئینکار نییە کە شێخ مەحموود لە کانگای دەروونیا لە پێش هەموو شتێکا کورد

١. تایەر ئەفەنئی لە زەمانی عوسـمانییا سەرتەحسیلدار، واتا سـەرەکی جابییەکانی لیوای سلێمانی بوو. ماجد مستەفا، خوشکەزای تایەر ئەفەندییە. تایەر ئەفەندی پیاوێکی زۆر وریا و زرنگ و لە زمانی تورکییا نووسەرێکی باش بوو. لە زەمانی حوکمداریی دووەمی شـێخ مەحمووددا بوو بە سەرکاتبی حوکمدار و خاوەنی دەسەڵاتێکی تـەواو بـوو. یەکێ بوو لەو هۆیانە کە شـێخ مەحمـوودی خسـتە داوی تورکەکانەوە و لـە ئینگلیزی دوورتر خسـتەوە. تورک خواکانیش هـەر بەهۆی تایەر ئەفەندییەوە تا ماوەیەک لە شـێخ مەحموود نزیک کەوتنەوە. تایـەر جگە لەمانە بەپێچەوانەی دەوری پێش گەڕانەوەی شـێخ مەحموود لە هیندسـتان کـە یەکێک بوو لە ئەندامە ناسـراوەکانی کۆمەڵـە نهێنییەکانی کورد، لەم دەورەدا دەسـی لە کوردایەتـی بەردابوو و بووبوو بە یارمەتیدەرێکی هەرە بەهێزی تورک و نوزدەمیر.

بوو و لە پێناوی کوردا خۆی بەخت کردبوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا کەوتبووە داوێکی ئێجگار سەخت و گرنگەوە. لەو ماوەیەدا کە لە هیندستان لە بەندا بوو زوربەی عەشایر وەکوو لەمەوبەر چەن جارێ باسمان کردبوو لە ڕووی زەبروزەنگ و جەوری مووچەخۆری بێ‌مێشک و ئینگلیزپەرستەکان و لە ڕووی کردەوەی سیخوڕە نامەردەکانەوە هەموو شتێکیان نابوو بەلاوە و چووبوونە سەر دەستەی تورک‌خواکان، واتا خۆیان هاویشتبووە باوەشی ئۆزدەمیرەوە. لەگەڵ ئەو عەسکەرانەی ئۆزدەمیر پێکەوە ڕانیە و دەربەندیان بە ئینگلیزەکان چوڵ کردبوو. سلێمانی، لە دوای ئەمە و لە ژێر هەڕەشەی تورک و ئەو کوردانەدا کە لەگەڵ تورک بووبوون بە یەک ئینگلیزی لێ چووبووە دەرەوە. ئینجا شێخ مەحموود لەبەر ئەمە و بۆ چارەسازیی ئاژاوە و شێواوی کوردستان، نێررابووەوە سلێمانی. بەناوی ئینگلیزەوە تەنیا میجەر نۆئێلی بە دیارەوە دانرابوو، بەڵام کار لە کار ترازابوو و کات گەلێ تێپەڕیبوو. لەگەڵ ئەمەشا بهاتایە بیرێکی باش بخرایەتە کار و بە هەستێکی بەرز و پاکەوە تەقەلای چارەسازیی هەواڵ بدرایێ، دوور نەبوو، بەڵکوو ئەتوانم بڵێم زۆر جێی هیوا بوو کە شێخ مەحموود، وەکوو خۆی ئەیویست و لە کانگای دڵیا هەستی پێئەکرد، ئاواتی قەومی کورد بێنێتە دی و بە هیچ جوورێ ماوەی دەسدرێژی تورکەکان نەدا، چونکە وەکوو عەباسی مەحموودئاغا، بە «چەپمەن»ی نوێنەری ئینگلیزەکانی وتبوو، زۆری کوردەکان هەر لە داخی ئینگلیز، تورکیان هێنابووە ڕەواندز و ڕانیە و تەنیا لە ڕووی دوژمنایەتی ئینگلیزەوە بوو، کە ئەگەر شێخ مەحموود بە پەلەپەل نەگەڕایەتەوە کوردستان، لەشکری ئۆزدەمیر هەر بە یارمەتی کوردەکان خۆیان ئەهاتنە سلێمانی و داگیریان ئەکرد...

تورکەکان چۆن هاتنە ڕەواندز و دەوری ئەحمەد تەقی لەم هاتنەدا؟

ئەحمەد تەقی

ئەحمەد تەقی دەمێکە ئەناسم. بەهۆی ئەوە کە خزمی ماجد مستەفای هاوڕێی قوتابیاتی و منالیمە، ماوەیەک ئەویش (ئەحمەد تەقی)۱ لەگەڵمان تێکەڵ بووبوو و لە سلێمانی پێکەوە سیاسەت و کۆمەڵایەتیمان کردبوو. لە زەمانی حوکمداریی دووەمی شێخ مەحموودیشا وەکوو لە جێی خۆیا باسی ئەکەین، من ئەم نووسەرە، لەگەڵ ئەحمەد تەقی و فەتاحی ئەمین عەتارا کە ژن‌برای شێخ مەحموودە و ئەو دەمە لە لەشکری تورکا زابت بوو، بەناوی حوکمداری کوردەوە چووبووینە لای ئۆزدەمیری سەرەکی لەشکرە بچووکەکەی تورک لە ڕەواندز (۱۹۲۲). لەوێشەوە دوای گفتوگۆ، فەوزی‌بەگی یووزباشی و ڕەمزی‌بەگ کە یەکێک بوو لە قایم‌مەقامە کۆنەکانی تورک لە کۆیێ، خرانە تەکمان و هەموو پێکەوە بۆ گفتوگۆ لەلایەن مەسەلەی کوردەوە لەگەڵ گەورەکانی حکوومەتی ئەنقەرە، چووینە تورکیا. ئینجا لەبەر ئەوە کە ئەحمەد لە هاتنی عەسکەرەکانی تورکا بۆ ڕەواندز دەستێکی درێژی هەبوو، لێرەدا بە پێویستم زانی ئەم باسە وەکوو لە ئەحمەد تەقی خۆیم بیستووە و بۆی نووسیومەتەوە بۆتان بگێڕمەوە:

---

۱. ئەحمەد تەقی (۱۸۹۳ ـ ۱۹۶۱ یان ۱۹۶۲)، ئەحمەد کوڕی مەحموود تەقی خەڵکی سلێمانییە، لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکاندا کەوتە تەک تورکەکان و ئەفسەری هات‌وچۆی ئۆزدەمیر بوو لە نێوان سلێمانی و ئەنقەرە. دوای هەڵهاتنی ئۆزدەمیر لە ڕەواندز کەوتە لای عەباس‌ئاغای مەحموودئاغای پشدەر و تا ساڵی ۱۹۳۷ لەگەڵیدا مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دەستی کرد بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بەناوی: شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ. م.س.

ئەحمەد ئەڵێ: «لە ساڵی ١٩٢٠دا بەناوی کاسبییەوە چوومە پـژدەر و لەوێ لەگەڵ عەباسی مەحموودئاغا بووم بە ئاشنا. شێخ مەحموود لەو ڕۆژەدا لە هیندستان دیلی ئینگلیز بوو. ئاژاوەیەکی گەورە کەوتبووە کوردستانەوە. لە ڕانیە فەتاح بەگ، کە لاوێکی خەڵقی سلێمانی بوو بەربەرەکانی بابەکری سەلیم‌ئاغا و ئینگلیزەکانی ئەکرد. «کۆیێ»ش ئاژاوەی تێکەوتبوو و شڵەقابوو، لە شاور حاجی ڕەسووڵ‌ئاغا، لە ڕووی ئینگلیزا ئەوەستا. نووری باویل‌ئاغا و خدر ئاغای حەمەشینی سەرچیا، لەگەڵ شێخ کاکەمینی سەلان بە یارمەتی شێخانی بجیل و عەشیرەتی سوورچی هەڵمەتیان بردبووە سەر ڕەواندز و ئینگلیزەکان و ئیسماعیل‌بەگی سەعیدبەگیان لەوێ دەرپەڕاندبوو. غەفوورخانی ناودەشتیش[1] چووبووە ڕەواندز و لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان یەکی گرتبوو. ئەمانە هەموو لە داخی ئینگلیز ڕوویان کردبووە تورکەکان و ئەیانویست لەگەڵ ئۆزدەمیر بین بە یەک...»

ئینجا ئەحمەد ئەڵێ: «عەباسی مەحموودئاغا و هاوبیرەکانی تری وەکوو شێخ ئەمینی سندۆڵان و ساڵح‌ئاغای ئەحمەدئاغا و بایز ئاغای عەباس‌ئاغا و هەندێ لە ئاغاکانی تری پژدەر، کە دوژمنی ئینگلیزەکان و ناحەزی بابەکری سەلیم‌ئاغا بوون بڕیاریان دا کە بچمە (واتا ئەحمەد تەقی بچێتە) ڕەواندز و لەوێ بەناوی ئەم ئاغانە و کوردەکانی هەرێمی پژدەر و ڕانیەوە بۆ ڕێککەوتن و هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی گشتی لە کوردستانا گفتوگۆیان لەگەڵا بکەم.» ئەحمەد لە دوای گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ عەباسی مەحموودئاغا و شێخ ئەمینی سندۆڵان ئەڵێت: «بەسەر ڕانیە و شاور و «سەلان»دا چوومە ڕەواندز و لە ماڵی غەفوورخانا بووم بە میوان و لەوێ لەگەڵ غەفوورخان پێکەوە چووینە لای باویل‌ئاغا و نووری ئەفەندی کوڕی. بەهۆی ئەوانەوە لەگەڵ گەورەکانی ڕەواندز و سەرەک عەشیرەتەکان و لەگەڵ ئەحمەدبەگا کە بەگۆکیان پێ‌ئەوت، کۆبووینەوە و هەواڵی پژدەر و ڕانیەم تێگەیاندن و ئەوانیش بێ کەم و زیاد هەواڵی خۆیان لە من (واتا لە ئەحمەد تەقی) گەیاند و وتیان کە ئیتر هیوای ئەوە نەماوە لەگەڵ ئینگلیز دۆستایەتی بکەن و پێکەوە بژین، بەڵام بەبێ پشتیوانێکی گەورەش ناتوانین تاسەر بەربەرەکانی ئینگلیز بکەین و خۆڕاگرین؛ لەبەر ئەوە لەگەڵ تورکەکانا کەوتووینە

---

١. غەفوورخانی یەندزەیە کە لەمەوپێش باسمان کردبوو.

ئاڵوگۆڕی نامە (واتا گەورەکانی ڕەواندز لەگەڵ تورک) و داوامان لێ کردوون کە لەشکرێکی تورک بنێرنە ڕەواندز.»

دوای ئەم قسانە ئەحمەد ئەڵێت: «فەتاحی شانەگەر ناوێک لە خەڵقی سلێمانی باوەڕپێکراوی هەردوولا (کوردەکانی ڕەواندز و تورکەکان) بوو. ئەو ڕۆژە قەدری بەگی خەڵقی دیاربەکر کە والی وان ئەبێ بە قسەی ئەحمەد وەڵامی کوردەکانی ڕەواندز ئەداتەوە و لەم وەڵامەدا کوردەکان بۆ سەر ئینگلیز هان ئەدا، ئەڵێت والی ئەڵێت مووسڵ لەناو سنوورەکانی وڵاتی قەومی تورکە. بە هەموو جوورێک ئەبێ بگەڕێتەوە باوەشی تورکیا...» ئینجا ئەحمەد ئەڵێ: «ئەم وشانەی قەدری بەگی والی، لەو ڕۆژەدا کارێکی گەورەی کردبووە سەر کوردەکان و لە وشەکانی تورک و عوسمانی و خەلافەت و ئیسلامییەت بەولاوە شتێکی تر نەئەچووە مێشکی کوردەکانی ئەو ناوە و جێی نەئەبووەوە. کوردەکانی ئەم هەرێمە بە قەڵادزێ و ڕانیەشەوە نرخێکی ئەوتۆیان نەدابوو بە تەشکیلاتی قەومی وە یا باوەڕیان بەوە نەبوو کە ئینگلیز لە فڕوفێڵ بەولاوە مەبەسێکی بە کورد هەبێ و بەڕاستی بیانەوێت کە تەشکیلاتێکی قەومی خاڵی لە درۆودەلەسە و فڕوفێڵیان بۆ بکەن.»

ئەم کوردانە کە لەو ڕۆژەدا هەموو بەجارێک یاخی بووبوون و لە ئینگلیز هەڵگەڕابوونەوە، لە ڕووی ئەم بیروباوەڕەوە تەنیا شوێن ئەوە کەوتبوون کە لە تورکەکان بچنە پێشەوە و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئینگلیز هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە گرێی دۆستی و یەکییەتی لەگەڵ تورکا ببەستن و بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەسەیان ئەحمەد تەقییان کردبوو بە نوێنەر (ممثل)ی خۆیان و ناردبوویانە لای تورکەکان...

لە سندۆڵانەوە شێخ ئەمین، کابرایەکی حەمید ناوی لەگەڵ ئەحمەدا ناردبوو. لە ڕەواندزیشەوە فەتاحی شانەگەری ئەخرێتە تەک. بەکورتی ئەحمەد ئەوەی لەسەر بوو کە ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی نامە لە بەینی وان و کوردەکانا و بە حکوومەتی تورک بسەلمێنێت کە کوردەکان ئینگلیزیان ناوێت و لێی هەڵگەڕاونەوە و ئەیانەوێت لەشکرێکی تورک بێتە ڕەواندز و داگیری بکا.

ئەحمەد تەقی ئەڵێت: «لەگەڵ ئەمەشا عەباسی مەحموودئاغا لە ژێرەوە ڕایسپاردم

کـە لە ڕێگە لا بدەمە لای سـمکۆ و هەوڵـی ئەوە بدەم کە ڕایبکێشـمە کۆمەڵەی نهێنی کوردەکانـی عێراقەوە[1] تاوەکوو لـە دواڕۆژا و لەکاتی هەڵکەوتنـی هەلێکا کۆمەڵە کەڵکی لـێ وەرگرێـت.» لەبەر ئەمە ئەحمەد ئەوە بە هەل ئەژمێرێـت کە مەحموود فازیل ناو یووزباشـییەکی خەڵقـی عێـراق لە نێـری (نەهری) سـەرەک مەفرەزەی تـورک ئەبێ و بە میوانی لای ئەو دائەبەزێت، لەوێشـەوە بەئاسـانی ئەچێتە لای سـمکۆ. لەو ڕۆژەدا سـمکۆ (ئیسماعیل‌ئاغا) لەگەڵ تورک ڕێک‌ئەبێ. لەبەر ئەوە داخەکەم نایەوێت کە لە کوردەکانی عێراق نزیـک بکەوێتەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵە ببێت. وا لە ئەحمەد ئەگەیەنێ (سـمکۆ وای تێئەگەیەنـی) کـە ئەو، واتا سـمکۆ، لـەو بیرەدایە بێ‌هێزیی ئـەو ڕۆژەی حکوومەتـی ئێران، هەلێکە ئەبێ کورد کەڵکی لـێ وەرگرێت؛ واتا ئەبێ جارێ دەس بۆ کوردەکانی ئێران درێژ بکرێت و لە ئێرانا ئاژاوەیەکی کوردی بنرێتەوە.

وەکوو ئەحمەد ئەیگێڕێتەوە، لەگەڵ سمکۆ لەم لایەنەوە دوورودرێژ گفتوگۆ ئەکەن و لەسەر ئەوە بڕیار ئەدەن کە خۆی و سمکۆ بچنە لای قەرەنی‌ئاغای مامەش[2] و لەوێشەوە بنێرن بە شـوێن عەباسـی مەحموودئاغادا کە بچێتـە لایان و پێکەوە بڕیارێـک بدەن، بـەڵام لـەم کاتەدا ئەبێت کە والـی وان بە تەلەگراف داوای ئەحمەد ئەکا. سـمکۆ لەمە ئەکەوێتە لێکدانەوە و لەوە ئەترسـێت کە تورکەکان لێیان کەوتبنە شـکەوە، لەبەر ئەمە لە ئەحمەد داوا ئەکا کە بێ‌وەستان و دەزبەجێ بکەوێتە ڕێ و بچێتە وان. لەسەر ئەمە ئەحمــەد تەقی، لە ڕێگەی باشـقەڵاوە ئەچێتە وان و لەوێ لەلای سـەرەکی جەندرمە ئەبێ بە میوان، خوالێخۆشـبوو مەحموود جەودەت لەو بەینەدا لە دەس میجەر سـۆن ڕایکردبوو و چووبووە وان.

لەوێ کرابوو بە سەرەکی بلووکی ناوچەی جەندەرمە[3]، ئەحمەد ئەویش ئاگادار ئەکا

---

١. ئەو کۆمەڵە کە ناوچەکەی لە سلێمانی بوو و گەلێ لە گەورەکانی کورد و سەرەک عەشیرەتەکانی گرتبووە باوەش.

٢. قەرەنی‌ئاغـای مامەش کوڕی محەممەدئاغای مامەشــە، لــە دوای باوکی بووەتە سـەرۆکی هۆزی مامەش، مامەشــەکان لــە ناوچەی موکریان دەژین و حەوت تیـرەن، قەرەنی‌ئاغا، ئەمیری عەشـیرەتی مامەش لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد پشتیوانی هێزەکانی ئێرانی کردووە. م.س.

٣. قوماندانی سەرییەی جەندرمەی مەرکەز.

لەو باس و گفتوگۆیانە کە لە بەینی خۆی، واتە بەینی ئەحمەد و والیيا ئەکرێت. بە ئەنجام، والی وا لە ئەحمەد ئەگەیەنێ کە حکوومەتی تورک بڕیاری داوە دوای زستان مەفرەزەیەک عەسکەر بنێرێتە ڕەواندز، بەڵام ئەڵێ: «کوردەکان تا ئەو وەختە پێویستە خۆیان بگرن، چونکە زستانی ئەو ساڵە ئێجگار زستانێکی سەخت ئەبێ و بەفر هەموو شاخەکان و ڕێگەوبانەکان ئەگرێ.»

فەتاحی شانەگەریش بە نامەیەکەوە ئەنێرنەوە کە هینەکانی ڕەواندز و ڕانیە لەم بڕیارە ئاگادار بکا. کاک ئەحمەد لەوان ئەمێنێتەوە و بە نامەیەکی تایبەتی ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) لەمە ئاگادار ئەکا.

ئینجا لە مانگی مایسی بەهاری ١٩٢١دا مەفرەزەکەی تورک، بە یەک دانە تۆپ و دوو می ترالیوز (ڕەشاش) و چەن تفەنگێک و فیشەکەوە و لە ژێر سەرەکیی محیەددین بەگی یووزباشییا و لەگەڵ ئەحمەد تەقی دێنە شەمدینان. ٥٠ نەفەریش کە لەوێ ئەبێ ئەخرێتە تەکیان. ئەحمەد تەقی هەر لە باشقەڵاوە لا ئەداتە لای ئیسماعیل ئاغا. بە قسەی کاک ئەحمەد، ئاغا هاتنی تورکەکانی بەلاوە باش نابێ، بەڵام فارس ئاغای زێبار[1] کە بە خۆی و ٢٠٠ کەسێکەوە پەنای بردبووە بەر سمکۆ ئەمە بە هەل ئەژمێرێ و بۆ ئەوە کە بگەڕێتەوە زێبار، لەتەک ئەحمەدا ئەچێتە شەمدینان. بەم جوورە شەمدینانیش ئەبێتە ناوچەیەکی عەسکەری و سیاسی تورکەکان. ئیتر ڕەئیسەکانی کورد لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێئەکەن و دەوری محیەددین بەگ ئەدەن. لە ڕەواندزەوە هات‌وچۆ دەس پێ ئەکا و داوا لە محیەددین بەگ ئەکەن کە ساتێ زووتر بگاتە ڕەواندز. لەسەر ئەمە محیەددین بەگ بڕیار ئەدا کە بە ١٢ نەفەرێکەوە و لەگەڵ ئەحمەد بچنە ڕەواندز،

١. فارس ئاغای زێباری (١٨٨١ - ١٩٤١)، کوڕی محەممەد ئاغای زێبارییە، کە لە نێوان ئاکرێ و زێی گەورەدا ژیاوە. لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە لە دژیان جەنگاوە. ساڵی ١٩١٩ «میستەر بیل»ی حاکمی ئینگلیزی لە مووسڵ و موعاوینەکەی (کەپتەن سکۆت)ی کوشت. پاشان شاری ئاکرێی لە ئینگلیزەکان ڕزگار کرد، بەڵام ئینگلیزەکان بە هێزێکی زۆرەوە چوونە سەری و دوای شەڕێک زێبارییەکان چوونە لای سمکۆی شکاک و بوون بە بەشێک لە هێزەکەی و لە چەندین شەڕدا پشتیوانییان لە سمکۆ کرد. فارس ئاغا دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراق کەوتە وتوویژ لەگەڵیاندا و گەڕایەوە بۆ عێراق. لە دوو خولی مەجلیسی نوابدا (١٩٣٧ -١٩٣٩) کراوە بە مەندووب. لە شوباتی ساڵی ١٩٤١ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

هەواڵ تاقی بکەنەوە و لاگیرەکانی تورک ببینن و ئینجا ئەگەر بە باشیان زانی مەفرەزە کە لە شەمدینانەوە بگوێزنەوە ڕەواندز. لە ڕێگە لە کانیڕەش، لای سەعیدبەگی برادۆست ئەبن بە میوان و ڕۆژی دووەم لەگەڵ عەشیرەتی برادۆست ئەکەونە ڕێ. لەلایەن زوربەی ئەهالی و عەشایرەوە تا پردی ڕەواندز بەرەوپیری ئەکرێن و ئەچنە شارەوە.

شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ ڕەقیبی سمبیل و کاکەمینی سەلان و غەفوور خانی ناودەشت و باویل ئاغا و نووری باویل و حەمەشینی سەرچیا و خدر ئاغای کوڕی و گەلێکی تر لە کوردە ناودارەکان لەناو ئەمانەدا ئەبن. لە عاست ئەم بەرەوپیری کردنە و دەرخستنی یەکییەتییە بەرامبەر بە تورک، محیەددین بەگ بەناوی خۆی و حکوومەتی تورکەوە سپاسیان ئەکا و ئەڵێ:

«زۆر جێی داخی ئێمە تورکەکان بوو کە بۆ ماوەیەک لە یەکتری جیا بووبووینەوە. ئێستە وا سپاس بۆ خوا دووبارە یەکمان گرتەوە. ئیتر پێویستە کە ئەمجارە پێکەوە بەرامبەر بە دوژمنی هەردوولا بکەوینە تێکۆشان و غەزا. لەبەر ئەمە تکام وایە کە دوای ماندوو حەسانەوە ئیزنم بدەن بگەڕێمەوە شەمدینان و عەسکەرەکانی لەوێ بەجێم هێشتوون بیانهێنمە ڕەواندز تاوەکوو دەس لەناو دەس، دوژمن لە وڵات بکەینە دەرەوە.» ئینجا ١٢ نەفەرە کە لە ڕەواندز ئەمێننەوە و محیەددین بەگ لەگەڵ ئەحمەد ئەگەڕێتەوە شەمدینان، کە ئەگەنە نێری (نەهری)، محیەددین بەگ تەقریرێکی دووروودرێژ پێشکەشی جەبهەی خۆرهەڵات ئەکا و لەم تەقریرەدا داوای ناردنی عەسکەرەکانی شەمدینان ئەکا بۆ ڕەواندز، بەڵام لە وەڵاما بۆی ئەنووسنەوە کە مەفرەزەکەی شەمدینان خراوەتە ژێر فەرمانی جەبهەی جزیرە و ئەبێ محیەددین بەگ، مەحموود فازیلی یووزباشی بکا بە وەکیل فرماندەر و خۆی بگەڕێتەوە جەبهەی خۆرهەڵات.

هەرچەن ئەم ئاڵوگۆڕە ئەبێتە هۆی دواکەوتنی ناردنی مەفرەزەکە، بەڵام دوای ماوەیەک فرمان ئەدرێ بە مەحموود فازیل و بە خۆی و مەفرەزەکەوە لەگەڵ ئەحمەد تەقی ئەچنە ڕەواندز. بە گەیشتنی ئەمانە لە ڕەواندز تەشکیلات ئەکرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو ناوە.

ئەم تەشکیلاتە، کە بەپێی دەستووری کەمالییەکان ناوی ئەنرێ مەجلیسی میللی، بەم جوورە ئەبێ:

١- شێخ ڕەقیب،[1] (سەرەکی مەجلیسی)
٢- ئەحمەد تەقی، (نائیبی مەجلیس)
٣- باویل ئاغا، غەفوور خان، سەعید بەگ، شێخ جەواد، ساڵح بەگ و شێخ کاکەمین، (ئەندامانی مەجلیس)
٤- بەگۆک (ئەحمەد بەگ)، (قایم مەقامی ڕەواندز)
٥- نووری باویل ئاغا، (سەرەکی جەندەرمە)
٦- شەوکەت ئەفەندی، سەرەکی شارەوانی (ڕەئیس بەلەدییە)

ئەم تەشکیلاتە کە دیارە بە تەگبیروڕای مەحموود فازیلی یووزباشی ئەکرێ، ئەنووسرێ بۆ والیی وان.

یەکەم کردەوەی مەجلیسی میللی ڕەواندز ئەوە ئەبێ کە هێزێکی میللی لەگەڵ ٢٠ عەسکەرێکی نیزامی تورک ئەنێرێتە سەر حەریر و باتاس. ئەم هێزە ٦٠ سوارێک لە هێزی لیویی ئینگلیز، کە لە باتاس ئەبێ، بە دیل ئەگرێ و بەم جوورە هەرێمی ناحییەی حەریر ئەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی مەجلیسی میللی و شێخ ڕەقیبی سەرەکی مەجلیسی ئەبێ بە حاکمی ئەم ناوچەیەش. ئیتر هێزی مەجلیس پەرەئەسێنێ و دەسەڵاتی تا ناوچەکانی زێبار و عەقرە و ڕانیە و دەربەند بڵاو ئەبێتەوە. لەم کاتانەدا محیەددین بەگی ناوبراویش ئەکرێتەوە بە سەرەکی عەسکەرەکانی تورک و بۆ جاری دووەم ئەگەڕێتەوە ڕەواندز. مەفرەزە بەهێزتر ئەکرێ. تورکەکەی ڕەواندزیش بە دەستەیەک (بلۆک یا سەرییە) عەسکەر و چەک و بە ڕەشاشێکی تر بەهێز کرابوو. هەرچەندە بەرامبەر ئەم کردەوانەی کوردەکان و تورک، ئینگلیزەکان لە پێشەوە لە ناردنی هەندێ فڕۆکە بەولاوە بۆ سەر ئەم هەرێمانە هیچی تریان دیار نابێ، بەڵام دوای ماوەیەک و دوای ئەمە کە تێگەیشتن هێزی مەجلیسی میللی و مەفرەزەکەی تورک لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدایە، کەوتنە خۆیان و لە دوو قۆڵەوە دەسیان کرد بە جووڵانەوە. لە قۆڵی عەقرەوە هێزی ئاسووری و نەستووری، لە قۆڵی هەولێر و شەقڵاوەشەوە دوو هەزار نەفەرێکی لیوی ئەنێرنە سەر هەرێمی باتاس و حەریر و دوای شەڕێکی خوێنین، هەرێمی باتاس بەتەواوی و نیوەی حەریر داگیر ئەکەن،

---
١. شێخ ڕەقیب سەرەک عەشیرەتی سوورچی بوو.

بەڵام هەر دوای ڕۆژێک لە شەبەقی بەیانا هێزی میللی کورد و تورک پەلاماری لەشکرەکەی ئینگلیز ئەدەنەوە و تەواو شپرزەیان ئەکەن و لە پاش شەڕێکی گەورە و کوشتارێکی زۆر، هێزەکانی ئینگلیز بە شکستی و بە ڕێگەی شەقڵاوەدا ئەگەڕێنەوە جێی خۆیان، بەڵام نەستوورییەکانی دەوری عەقرە و زێبار بە پەنجەی ئینگلیز بەرامبەر بە کوردەکانی ئەو ناوە لە خراپە دوا نەکەوتبوون.

شێخ ئەحمەدی بەرزان[1] و ئەهالی دەوری عەمادییەش لەگەڵ کوردەکانی ڕەواندز، بوون بە یەک. کەپتەن کۆکی حاکمی سیاسیش لەم کاتانەدا بوو کە بە بەرچاوی خەڵقەوە بە دەمانچە و لە وێنەیەکی زۆر نامەردانەدا فەتاح بەگی یەکە پیاوی ڕانیەی کوشت. ئیتر لە بابەکر ئاغا بەولاوە دۆست بۆ ئینگلیز نەمابووەوە. ڕانیە، پژدەر و مەرگەش ئاگری لێ ئەبووەوە...

هاتنی ئوزدەمیر بۆ ڕەواندز

ئەحمەد تەقی، دوای ئەم قسانەی سەرەوە ئەڵێ: «لەم دەورەدا لە هەرێمی ئەدەنە (أطنە) و «عەینتاب»دا فەرەنسزەکان لەگەڵ تورکەکان ڕێکەوتن و عەلی شەفیق بەگ کە بە ئوزدەمیر ناوی دەرکردبوو، بە ڕوتبەی میرئالایی[2] و لەگەڵ دووسەد نەفەرێک لە هێزەکانی میللی قوای میللییە لەو جەبهەیەوە نێررایە ڕەواندز. ئوزدەمیر بەپێی ئەو نامە ڕەسمییانە کە لە سەرەکی ئەرکانی شەڕ (ڕیاسەتی ئەرکانی حەربییە)وە دەرکرابوو.[3] بۆیە نێررابووە

١. شێخ ئەحمەدی بارزان (١٨٩٦-١٩٦٩)، لە دەڤەری بارزان و لە خانەوادەیەکی ناودار هاتۆتە دنیا. شێخ ئەحمەد بارزانی کە لە دوای کۆچیدوایی شێخ محەممەدی باوکی و لە سێدارەدانی شێخ عەبدوسسەلامی کاکی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، لە تەمەنی گەنجێتیدا دەبێتە شێخی تەکیەی بارزان، پشتیوانی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزانی کردووە و هەمیشە وەک ڕابەرێکی دینی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە هەتا سیاسی. م.س.

٢. میرئالا بە مانای زەعیمە، بەڵام وەکوو لەو کادرەدا کە تورکەکان خۆیان دەریانکردبوو، ڕوتبەی ئوزدەمیر بە قایمەقام، واتا بە عەقید پێشان دراوە.

٣. لە نامەیەکی ڕەسمیدا کە لە ژێر ژمارە ٧١٧ و مێژوو ١٣٣٨/٢/١ی ڕۆمیدا لە ڕیاسەتی گشتی ئەرکانی شەڕی حکوومەتی مەجلیسی گەورەی میللی تورکەوە بۆ ئوزدەمیر بەگ نووسراوە، هەر لەم نامەیەدا کە بە ئیمزای م.

ڕەواندز کە ئەو جێگانەی لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کراوە و لە میساقی میللی تورکا بە خاکی تورک ناسراوە، بیگرێتەوە و لە چنگ ئینگلیزی بێنێتە دەرەوە.

بە گەیشتنی ئۆزدەمیر بۆ ڕەواندز، کوردەکان لە هەموو لایەکەوە کەوتنە هاتوچۆ. شێخانی بجیل ئەیانویست بدەن بەسەر عەقرەدا و عەشایر و ئەهالی ڕانیە و پژدەر داوای

کەمال (مستەفا کەمال) ئیمزا کراوە ئەڵێ: فەیسەڵ کە لە عێراقا ئیدعای حکوومەت ئەکا، دەسی بۆ هەندێ لەو جێگانەش درێژ کردووە کە بەشێکە لە وڵاتی مووسڵ، ئەو مووسڵە کە دیارە بە وڵاتی تورک ئەژمێررێت و خراوەتە میساقی میللییەوە و بەمجۆرە لە دەوروپشتی کوردستانا بنیاتی خراپەی ناوەتەوە و ئەیەوێ تا ناو سنوورەکانی میللیمان دەسدرێژی بکا و گۆبەندێ بگێڕێ.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا کە چەن وشەیەکمان لێ وەرگرتووە و لەسەرەوە نووسیومانە، کادری تەشکیلاتەکەی ئۆزدەمیر بەمجووری خوارەوە پێشان دراوە:

قایمەقامی فەخری ١، کە ئەمە ئۆزدەمیر خۆی داگیری ئەکرد.

بینباشی (بیکباشی یا موقەددەم)	١
یووزباشی (ڕەئیس)	٦
ملازمی ئەووەڵ	٦
ملازمی سانی	٩
وەکیلی زابت	٦
موعاوینی مەئمووری حیساب	١

هەروەکوو لەم جەدوەلەدا دەرئەکەوێت فەوجی یەکەمی ئالای سنووری وان لە ٣٣٨/١٠/٣٠ لەگەڵ بەتەرییەیەک تۆپی شاخ (جبل توبی) لە باشقەڵاوە خرابووە ڕێ و لە ٣٣٨/١١/١١ گەیشتبووە ڕەواندز و ئەم هێزە لەمانەی خوارەوە ڕێکخرابوو:

هێزی فەوجەکە:

ئامر	زابت	مەئموور	نامزەد	نەفەر	وڵاخ
١	٤	٢	١	٩٨	٣٦

هێزی بەتەرییە:

تفەنگ	ڕەشاش (مەترالیۆز)
٨٢	٢

زابت	نەفەر	وڵاخ	تفەنگ
١	٢٧	٢١	١٨

تۆپی شاخی خێرا ئاگردەرە	بۆمبای دەسهاوێژ
٢	٣٢

ئـەوەیان ئەکرد کە هەڵکوتنە سـەر لەشـکرەکانی ئینگلیز لە دەربەند. هـەر لەم ڕۆژانەدا کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی هەمەوەند و سـەید محەممەدی جـەباری و فەقێ محەممەدی هەمەوەندیش بە دووسـەد سوارێکەوە گەیشتنە لای ئوزدەمیر لە ڕەواندز. پژدەرییەکانیش بەناوی خۆیانەوە بۆ ئەم مەبەسە (بۆ هەڵکوتان بۆ سەر دەربەند) ئەحمەدئاغایان ناردبوو. ئەمانە هەمووی بۆ بەهۆی ئەوە کە ئوزدەمیر بتوانێ و بڕیاری شەڕی دەربەند بدا. لە دوو قۆڵەوە، واتا لە شـاورەوە بۆ سـەر ڕانیە و لە ناودەشتەوە بۆ سەر «شەهیدان» حەرەکەت کرا. هەمەوەندەکان لەگەڵ قۆڵی ڕانیە بوون.

ئینگلیـزەکان هـەچ هێزێکیان هەبوو دەربەندیان پێ‌گرتبـوو.[1] لەبەر ئەمە هێزەکانی کـورد بەئاسـانی لە هـەردوو قۆڵەکەوە پێشـکەوتن و ڕانیە و شـەهیدانیان گـرت. ئینجا کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگ بە خۆی و سوارەی هەمەوەندەوە لە ڕانیەوە و بەسەر «بیتوێن»دا ڕووی کردە «بازیان» و گەیشـتە دەوروپشتی سـلێمانی. ئیتر «ئەورە» هەموو کوردستانی نیوەڕۆ (جنوب)ی گرتبووەوە.

هێـزی میللی کورد لە سـنووری بارزانـەوە تا هەرێمەکانی ڕانیە و پـژدەر و تا دەوری بازیان و سلێمانی لە هەموو لایەکەوە سەری بەرز کردبووەوە و هاتبووە جونبوش.

بابەکری سـەلیم‌ئاغا لـە پژدەر و ئینگلیـزەکان لە دەربەند دەورە درابـوون. هێزەکانی ئینگلیـز بـە پەلەپروسـکێ و بەسـانی، کـە لەمەوبـەر باسـمان کردبـو، دەربەنـدیان پێ چۆڵ کرا و کشانەوە بۆسکێن. لەوێشەوە دوای شەڕێکی خوێنین ڕایانکردە شاخەکانی بەردەمـی ڕانیـە، بـەڵام هێزێکی کورد لـە پێش ئەوانا لە ڕانیەوە گەیشـتە شـاخەکان و گرتـی. ئینگلیزەکان بەجـارێ شـێوابوون و نەیانئەزانی ڕوو بکەنە کوێ؟ ویسـتیان پەنا بەرنـە بـەر گردەبلوێر، ئەمجارە سـوارەی پـژدەر کەوتنە خۆیان و لە پێـش ئینگلیزەکانا چوونـە گردەبلوێرەوە. ئیتر هێزەکانی ئینگلیز ماندوو و پەرێشـان و سەراسـیمە، لە ژێر هەڵمەتی سـوارەی کورد و ئاگری هێزەکانی میللییا بەتەواوی شـپرزە کرا و هەر چەک و جەباخانـە و تۆپـێ کە پێیان بـوو لەگەڵ وڵاخـی گوێزانـەوە کەوتە دەس کـوردەکان.

---

١. باسـی شەڕەکەی کورد و ئینگلیز لە دەربەند، لە بەشـی چوارەمی یادداشتدا وەکوو لە سەرچاوەکانی حکوومەتەوە وەرمگرتووە و بیستوومە نووسراوە. لێرەدا ئەوەی لە ئەحمەد کە خۆی لەوێ بووە وەرمگرتووە ئەینووسم.

دوای ئەو لەشکرەکەی ئینگلیز لە ژێر سێبەری دەستەیەک فڕۆکەی شەڕا بە شکستی خۆیان گەیاندە سەرخمە، ئینجا کۆیێ و لەوێوە چوونە هەولێر. لە دوای ئەم شەڕە گرنگە ئینگلیزەکان کەوتنە ترسێکی گەورەوە و لەپڕ بڕیاریان دا و بە فڕوکە سلێمانییان بەجێهێشت و دەنگی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی بڵاوکرایەوە.»

❁❁

ئینگلیزەکان لە دەربەند شکستیان خواردبوو و لەم هەرێمە کرابوونە دەرەوە. لە سلێمانیش هەر کاربەدەست و دەوروپشتێکیان هەبوو بە فڕۆکە و لە ماوەی تاقە ڕۆژێکا ڕایانکردبوو و چووبوونە بەغدا. لەولای تریشەوە بابەکر ئاغا ڕێی درابوو و بە خواستی خۆی پژدەری بەجێهێشتبوو بۆ عەباس ئاغای مەحموودئاغا و کشابووەوە کوێستان کیلی، بەڵام کە شێخ مەحموود گەیشتەوە سلێمانی لەسەر ڕاسپێری ئەحمەد تەقی، عەباس ئاغا ئاشتی کردبووەوە و لەگەڵ خۆی پێکەوە بردبوویە لای شێخ مەحموود لە سلێمانی.

عەباس ئاغا لەم سەفەرەدا بوو کە چاوی بە چەپمەن کەوتبوو و پێی وتبوو: «لە داخی ئێوە ئینگلیزەکان، تورکەکانمان هێنایە کوردستان و لەگەڵیان بووین بەیەک.»[1]

بە قسەی ئەحمەد کە لە عەباس ئاغای بیستووە لە وەڵامی قسەکانی عەباس ئاغادا، چەپمەن ئەڵێ: «ئەگەر ئەمجارە ئێوە تورکەکان لە ڕەواندز بکەنە دەرەوە چیتان بوێ بۆتان ئەکەین.»

وا دەرئەکەوێ لە کۆبوونەوەی سەرەک عەشیرەتەکانی پژدەر و چەپمەن و شێخ مەحموودا لە سلێمانی، بۆ جاری یەکەم گفتوگۆ لە دەوری ئەوەدا ئەسووڕێتەوە کە کوردەکانی ڕانیە تورکەکانی ناوخۆیان بکەنە دەرەوە و ڕانیە تەسلیم بە شێخ مەحموود بکەن. لە بەرامبەر ئەمەدا ئینگلیزەکانیش لە کۆیێ بچنە دەرەوە و ئەم هەرێمەش (کۆیێ) بخرێتە ژێر حوکمی شێخ مەحموود.

باسی بەینی کوردەکان لەناو خۆیانا و لەگەڵ نوێنەری ئینگلیز لە سلێمانی لەسەر

---

١. لێرەدا تکایە کە دووبارە چاوێک بە بەشی پێنجەمی یادداشتدا بخشێننەوە، چونکە عەباس ئاغا لەو هاتنەیا بۆ سلێمانی، چاوی بە چەپمەن کەوتبوو.

ئەمە بوو، وا بڕیاریان دابوو کە تورکەکان لە ڕانیە و ئینگلیزەکان لە کۆیێ چوونە دەرەوە و ئـەم دوو هەرێمـە خرانە ژێر حوکمی شـێخ مەحموودەوە. پژدەری، کـە لەناو هەموو کوردا، زیاتر دوستی تورک بوون و یارمەتی ئەوانیان ئەدا، بە خۆشی بێ و یان بە تاڵی و بە زۆر، ئوزدەمیر و هێزە بچووکەکەی تورک لە ڕەواندز بکەنە دەرەوە...

فەوزی‌بەگـی نوێنەری تورک لە ڕانیـە، دوای گفتوگۆ لەگەڵ ئوزدەمیرا، بڕیاری دا کە لـە ڕانیە بچێتە دەرەوە و لەسـەر داوای کوردەکان و ئامـۆژگاری ئەحمەد تەقی، خۆی و ئـەو چەن عەسـکەرە کە لە تەکیا بوون جارێ کشـانەوە بێتواتە و ڕانیـە لەلایەن هێزی حکوومەتـی شـێخ مەحمـوودەوە داگیر کرا، بەڵام ئینگلیزەکان لەسـەر وشـەی خۆیان نەوەسـتان و لـە کۆیێ نەچوونـە دەرەوە. پەلْپیـان ئەگرت و ئەیانوت: لـە پێش ئەوەدا کـە ئینگلیـز لە کۆیێ بچنـە دەرەوە، ئەبێ شـێخ مەحمـوود تورکەکان لـە ڕەواندزیش دەرکا. ئەمە، یەکێک بوو لەو شـتانە کە بوو بەهۆی تێکچوونی بەینی شـێخ مەحموود و ئینگلیز و ڕێنەکەوتنیان...

شێخ مەحموود چۆن فریو درا و ڕاکێشرایە ژێر باڵی ئوزدەمیر وە یا تورک؟

شێخ مەحموود، کە گەڕایەوە سلێمانی وەکوو لە لاپەڕە ٤١٦-٤٢٠ی وتبوومان بەناوی ئینگلیزەوە تەنیا میجەر نۆئێلی بە دیارەوە بوو. ئەویش گەمارۆ درابوو. تورکخواکان ماوەیان نەئەدا کە زۆر لە شێخ مەحموود نزیک بکەوێتەوە. مستەفاپاشاش هەر بە هاندانی ئەم تورکپەرستانە زوو لێی دوور خرایەوە. تەنانەت دەنگ وابوو کە ئوزدەمیر هەوڵی ئەوە ئەدا مستەفاپاشای بدرێتێ و بیکا بە دیاری دەسی بۆ مستەفا کەمال، واتا بکرێت بە سێدارەدا. بەمجوورە تۆڵەی تورک لە نمرودی کورد بسەنرێتەوە، بەڵام ئەمە لە شێخ مەحموود نەئەوەشایەوە، مستەفاپاشا کوردیش نەبووایە ئەو ڕۆژە بێ پشتیوان و بێ دەسەڵات بوو. لە شیمەی شێخ مەحموودا نەبوو کە بیداتە دەس دوژمنی و بینێرێتە پای قەنارە. پیاوی هەرە بەدەسەڵاتی ئەو ڕۆژە تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بوو. تایەر کە سەر کاتبی شێخ مەحموود بوو خزمەتی سیاسەتی تورکەکانی ئەکرد. لە ڕاستییا نوێنەر و وەکیلی ئوزدەمیر بوو لە بەلات (بلاط)ی شێخ مەحموودا. لەلای مەلیک دەسەڵاتی تایەر گەلێ لە ژێر دەسەڵاتی نۆئێلەوە بوو. لەبەر ئەمە تا تەرازووی تورک لە کوردستانا جارێکی تر سەرکەوتەوە و دەسەڵاتی ئوزدەمیر گەیشتەوە ناو شاری سلێمانی.

زابتەکانی ئوزدەمیر لە ڕەواندزەوە تا پژدەر بە ناو عەشایری کوردا ئەسووڕانەوە. پێش ئەوە کە شێخ مەحموود لە بەغداوە بگاتە سلێمانی هەڕەشەی ئەوەشیان ئەکرد کە بێنە سلێمانی و بیگرن. بەیاننامەکانی ئوزدەمیر کە بە وێنەیەکی جوان لە چاپ درابوو و بە مانگ و ڕۆژی نیشانەی ئاڵای تورک ڕازێنرابووەوە، بەدەس خەڵقی شارەوە فرکوهۆڕی بوو و بەئاشکرا ئەخوێنرایەوە. ئینگلیزەکان تەنیا میجەر نۆئێل و چەپمەنیان هەبوو کە هانی شێخ مەحموود بدەن و تورکی پێبکەنە دەرەوە. شێخ مەحموود مارانگەست بوو، لە دەسوەشاندنی تورک زۆر سڵی ئەکردەوە. واش برایە مێشکییەوە کە مووسڵ ئەدرێتەوە بە تورک وە یا بە زۆری چەک ئەیگرنەوە. وەکی تر ئینگلیزەکانیش لە هەموو لایەکا لە شکستا بوون. بەرامبەر کەریمبەگی فەتاحبەگ و چەن سوارێکی، لە بازیان و لە سەنگاو و لە ناوچەی قەرەداغ؛ بەرامبەر بە بەشێکی پژدەرییەکان و

هاوپەیمانەکانیان لە دەربەندی ڕانیە شکابوون و کشابوونەوە کۆیێ. سلێمانییان بە پەلەپەل و بە فرۆکە بەجێ‌هێشتبوو. بەرامبەر بە مستێ تورکی پەراکەندە لە ڕەواندز بێ‌دەسەڵاتییان دەرکەوتبوو و لە دوورەوە تەماشاکردنیان بۆ مابووەوە. زوربەی عەشایری کورد لەگەڵ ئۆزدەمیر بووبوون بە یەک. ناوشاری سلێمانیش پڕ بوو لە تورک‌خوا... لەبەر ئەمانە هەمووی، کە شێخ مەحموود گەیشتەوە سلێمانی، تایەر ئەفەنی توانی بچێتە کلێشەیەوە و بیری پێ‌بگۆڕێ.

ئیتر دائیرەی حوکمدار بە پەنجەی تایەر، واتا بە فەرمانی ئۆزدەمیر و ئیشارەتی ئەو ئەچوو بەڕێوە. لەولای تریشەوە لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و تەنانەت لە هینەکانی بریتانیا خۆی، وا دەرئەکەوت کە شەعبی ئینگلیز نەیائەویست لەشکرەکانی ئینگلیز لە عێراق و لە کوردستانا بمێنێتەوە. لە حکوومەتی خۆیان داوای کێشانەوەی ئەم هێزانەیان ئەکرد. لە شەڕ بێزار بووبوون؛ ئەنجامی شەڕی گەورەیان ئەخستەوە بەرچاوی کاربەدەستەکان و ئەو زەرەرانەی کە لە ماڵ و لە گیانیان کەوتبوو نەیائەویست دووبارە بێتەوە. نەیائەویست خەزێنەی بریتانیا، لە ڕووی شەڕەوە وە یا بۆ پاسەوانیی هەندێ سوود لە عێراق و لە کوردستانا، بخرێتە ژێر بارێکی قورسەوە. بەکورتی، نەیائەویست کە بەناوی خەرجیی داگیرکردنەوە (مەسرەفی ئیحتیلال) پووڵێک و پارەیەک بخرێتە سەر خەزێنەی دەوڵەت.

شێخ مەحموود، لە ڕۆژێکی وادا هاتبووەوە سلێمانی. پشتی بە چی ببەستایە؟ بەبێ یارمەتی و بێ پووڵ و پارە چۆن ئەچوو بە گژ تورکا؟ هات و چوو بە گژیانا، عەشایر هەموو بە قسەیان ئەکرد و تاسەر پشتیان ئەگرت یان نە؟ تورک، هەر ئەو مستە عەسکەرە بوو لە ڕەواندز؟! ئەگەر لەشکرێکی گەورەی تورک لە پشتەوە پاڵی بنایە بە ئۆزدەمیرەوە کار بە چی ئەگەیشت؟ عەشایر تا کەی و تا چ ماوەیەک خۆیان ڕائەگرت و لەگەڵ شێخ مەحموود ئەمانەوە؟ بە کام یارمەتی و کام پشتیوانەوە شەڕیان ئەکرد؟ سبەی ڕۆژێ هاتوو مووسڵ درایەوە بە تورک وە یا بە شەڕ گرتیانەوە، شێخ مەحموود چی ئەکرد و ئەنجامی بە چی ئەگەیشت؟

ئەمانە هەموو خرابووە پێش چاوی شێخ مەحموود و بەتەواوی ئامادە کرابوو کە لە

ئۆزدەمیـر نزیـک بکەوێتەوە. ئۆزدەمیریش چ ڕاستەوڕاسـت و چ بەهۆی پیاوەکانییەوە لە کارا بوو. بە وشـەکانی ئیسلامییەت و غەزا و دین و تۆڵەسەندنەوە، شێخ مەحموودی هانیبووە جۆش. لە بەرامبەر ئەمانەدا وشەکانی کورد و کوردستان کز بووبوو و خەریـک بوو لە بیر بچێتەوە. هەرچی وەکوو ئینگلیزخواکان بوو نەک لە کارا بن، بەڵکوو کەوتبوونە ترسی گیانەوە و کونەمشکیان لێ بووبوو بە کۆشک و سەرا...

لەناو ئەم وەسـتاوە گرنگەدا و لەم ئێسـتگە مێژووییەدا شێخ مەحموود بەتاقیتەنیا مابـووەوە. نـە ڕێپێشـاندەرێکی وریا و نـە یارمەتیدەرێکـی بەهێـز و نیشـتمانپەروەر! کۆمەڵەی لاوە خوێنگەرمەکان لەناوا نەمابوو و تەشـکیلاتی حیزبی و نەشاتی سیاسی لەو ڕۆژەشـا تووشی نەخۆشی هاتبوو. هەر کەسە بە لایەکا ڕایئەکێشا و دیسانەوە دەوری خودبینـی و منمنـم و خۆخۆری لەناوا بوو و دوو کەس یەکیان نەئەگرتەوە. بەکورتی نە تەنزیماتێکی قەومی و نە هێزێکی سیاسی. هیچ و هیچ شتێ نەبوو کە پاڵی پێوە بدرێت و بـۆ مەسـەلەی کـورد کەڵکێکی لـێ وەربگیرێت، واتا شـتێکی وا بە دەسـەوە نەبوو کە بەربەرەکانی ئەو هێز و هۆیانە بکا کە شێخ مەحموودی دەورە دابوو...

شێخ مەحموود جێی شک نییە کە حەزی لە حوکمداری ئەکرد و، بەڵکوو ئەیویست ببـێ بـە مەلیک. حەزی بەوەش ئەکرد کـە خزمەتی کورد بکا و لە ڕێی کوردسـتانا خۆ بەختکردنی خسـتبووە بەرچاو؛ بـەڵام هیوای نەمابوو کە بە ئامانـج بگا. ئۆزدەمیریش لەم کاتەدا بە وەسـتایی لەگەڵیا ئەجووڵایەوە. بەڕاسـتی شێخ مەحموود لە وەستاوێکی زۆر گرنـگا بـوو. هەرچەن لە دڵا باوەڕی بە تورک نەبوو و بـە پەیمانەکانی ئۆزدەمیر زۆر فریـوی نەئەخـوارد و ئەیزانی کـە نزیـک کەوتنەوەی لـە تورک جێـی هیوایەکی تەواو نییە، تەنانەت زۆر لەوە ئەترسـا کە ئەم سیاسـەتە ببێتە هۆی دۆڕاندنی هەموو شتێـک، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانە کە لە سـەرەوە باسـمان کرد و بەتایبەتی لە ژێر تینی فریودان و پڕوپاگەنـدەی تایـەر و فەتاح و ئەو تورکانەدا کە دەورەیان دابـوو چارەیەکی نەمابوو و لـەو ڕۆژەدا هیچـی تری پێنەئەکرا[1] بەتاقیتەنیا و بە دەسـی بەتاڵەوە چۆن ئەچوو بە گژ

---

١. کە شـێخ مەحموود هاتەوە سـلێمانی لەشکری تورک وە یا لەشکری ئەو کوردانە کە سوێنخۆر و هاوپەیمانی تورک بوون، گەیشـتوونە دەوروپشـتی سـلێمانی. ئەمە بەو وشانەشـا دەرئەکەوێ کە لە کاتی گەیشتنی شێخ

تـورکا؟ ئەو ڕۆژە ئینگلیز و ئەمەریکا، وەکوو ئیمڕۆ بۆ مەبەس و قازانجی خۆیان نەک بەرنامەجی موساعەداتیان هەبێ و بە چەک و پارە ئەم و ئەو بەهێز بکەن و بیانکەن بە گژ خەڵقا وە یا بە گژ ئەو حکوومەتانەدا کە نایەنە ژێر نفووز و دەسەڵاتیانەوە، بەڵکوو ئەیانویسـت (واتا ئینگلیزەکان) کە شـێخ مەحموود خۆی هەموو شـتێک پێکەوە بنێ؛ چەک، پارە، لەشـکر و هەموو هێزێکی ترکە پێویسـت بێ خەڵق بکا و لە کوردستان تورکیان بۆ بکاتە دەرەوە.[1] لەگەڵ ئەمەشا بە دەستووری خۆیان کە لەسەری ڕۆیشتوون و

مەحمووددا بۆ سلێمانی، ئوزدەمیر لە نامەیەکا بۆی نووسیبوو. لەو نامەیەدا (مولحەقی ٢٢، مێژووی ١٣٣٨/٩/٢٩ی ڕۆمـی) ئوزدەمیـر ئەڵێ: لەوە کـە مەفرەزەیەکی تورکم ناردووەتە دەوری سـلێمانی، زۆر تـکام هەیە، خەیاڵ نەفەرموون شـتێکی خراپم بە دڵا هاتبێ لەلایەن کردەوەیەک کە خوا نەخواسـتە لەوانە بێ لە ئێوەوە ڕوو بدا. ئێمە هەر لە دەمێکەوە باسـی ڕاسـتی و یەکڕەنگی و پاکیی ویژدانی ئێوەمان بیسـتووە و تێگەیشـتووین کە بەرامبەر بە دەوڵەت و میللەت (دەوڵەت و میللەتی تورکی مەبەسە) پەیوەستییەکی بەهێز و خۆشەویستییەکی بێڕیاتـان هەیە. لەبەر ئەمە ناوی ئێوە (واتا ناوی شـێخ مەحموود) لە دڵ و گیانـی ئێمەدا جێگەیەکی بەرز و بەرێـزی داگیـر کردووە... هـەر لە بەندی چوارەمی ئـەو نامەیـە دا، ئوزدەمیر ئەیوت: ئێمە ئیتـر بەلامانەوە ئەوەندە مەبەسـت نییە کە مەفرەزەکەمان بێتە ناو شـاری سـلێمانییەوە یا نە؟! چونکە هاتنی ئێوە (واتا هاتنی شـێخ مەحموود) بۆ سـەرکار لە ڕووی مەسـڵەحەتی دەوڵەت و غایەی نیشـتمانییەوە، بۆ ئێمە (واتا بۆ تورک) بەسـە. ئینجا تا نامەکان ئەگا نامەی شـێخ مەحموود و ئەو سیاسـەتەکە بەتەمان لەسـەری برۆن بۆمان ڕوون ئەکەنەوە، مەفرەزەکەمان لەو جێگەیەدا ئەوەستێنین کە ئێستە لێیەتی. ئەگەر بێتوو ئێوە (واتا شێخ مەحموود) بە مەسـڵەحەتی بزانن تا دەوری ڕانیەش ئەیکێشـینەوە. لە دوای ئەمانەشەوە ئوزدەمیر، داوای ئەوەی لە شێخ مەحموود ئەکرد، کە لەلایەن بیروباوەڕی خۆی و خەتی حەرەکەتیەوە، ساتێ زووتر ئاگەداری بکا.

١. هەرچەن لە ڕاستییا تورکەکان ئەوەندە بەهێز نەبوون و لە ڕەواندزا ئوزدەمیر لەشکرێکی ئەوتۆی ڕێکوپێکی نەبوو کە پشـتی پێوە ببەسـتێ و بتوانی سـەربەخۆ و بێ یارمەتی کوردەکان، لە کوردسـتانا بجووڵێتەوە وە یا بەربەرەکانی شـێخ مەحموودی پێبکرێ، بەڵکوو لە ژێرەوە بە درێژایی کات خەریک بوو و لە حکوومەتەکەی ئەپاڕایـەوە کە هەندێ عەسـکەری تر و هیـچ نەبێ چەن دانەیـەک تۆپی بۆ بنێرێت و هەمـوو تەقەلاکانی بێسـوود و بێئەنجـام ئەمایەوە. لەبەر ئەمە بەتـەواوی لە یارمەتی حکوومەت هیـوای بڕیبوو، بەڵام خەڵق (عەشـایری کورد) لە ژێر تینی دیعایە و خۆهەڵکێشانی بەهێز و وەسـتایانەدا وایان لێ هاتبوو کە بە هەزاران ڕوویان ئەکردە ڕەواندز و خۆیان ئەهاویشـتە ژێر سـێبەری پاشاوە. ئەم دیعایە و خۆهەڵکێشانە تەنیا کاری لە کوردەکان نەکردبوو؛ زابتەکانی لای ئوزدەمیر خۆشیان، تەنانەت نەفسی ڕامزبەگی دەسەڕاستی ئوزدەمیر (ئەم کابرایە لەو دەورەدا بۆ ماوەیەک کرابوو بە قایمەقامی تورک لە کۆیێ) ئەم دیعایە بەهێزە کاری تێکردبوو و وا چووبووە مێشکییەوە کە کوردستان ئیتر بۆ ئوزدەمیر و بۆ تورک ساغ بووەتەوە. بۆ ڕاستی و ناڕاستی ئەم وشەیە ئەمانەی خوارەوە باش بخوێننەوە کە لە نامەیەکی کۆنی تایبەتی ڕامزبەگم وەرگرتووە و کردوومە بە کوردی.

تا دونیاش دونیا بێ هەر لەسەری ئەڕۆن، لە ڕێگەیەکی ڕاست و بێ‌فێڵەوە نەئەهاتنە پێشەوە و کارێکی وایان نەئەکرد کە شێخ مەحموودیش، بەدڵ باوەڕیان پێ‌بکا و بەڕاستی لێیان بچێتە پێشەوە. بە جۆرێکی وا دڵنیایان نەئەکرد کە متمانەیان پێ‌بکا و بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن لە مەسەلەی کوردستانا هەموو شتێ بخاتە بەرچاو و سەر و ماڵی لە ڕێیا دابنێ. لەولای تریشەوە تورکەکان وەنەبێ دان بە کوردستانا نەنێن، بەڵکوو لە وێنەیەکا کە مسوڵمانێکی وەکوو شێخ مەحموود لاریی لە عاستا نەکا، بە جوورێ کە ئەوانەی لە ئینگلیز هیوای ڕاستی و یەک‌ڕەنگییان نەئەکرد، پێیان خۆش بێ و باوەڕی پێ‌بکەن، پەیمانی بەجێ‌هێنانی ئامانجی کورد و شێخ مەحموودیان ئەدا.

ئۆزدەمیر، بەناوی حکوومەتی ئەنقەرە، واتا بەناوی مستەفا کەمالەوە پەیمانی ئەوەی ئەدا کە لە کوردستانی عێراقا وەکوو لە میسرا بۆ محەممەد عەلی گەورەیان کردبوو، خدێوییەک دابمەزرێنن و شێخ مەحموود بکەن بە والییەکی سەربەخۆ. ئەمە بەکورتی و ڕاستی هەواڵی ئەو ڕۆژەیە لە کوردستانا و چەشنی بێ‌کەم و زیادی ئەو وەستاوەیە کە شێخ مەحموودی تیا بوو...! واتا سیاسەتی تورک سەرکەوتبوو و هەر پەیمانێ کە لە بەغدا لە شێخ مەحموود وەرگیرابوو، هەر لە ڕووی سیاسەتی فێڵاوی ئینگلیزەکان خۆیانەوە پووچ کرابووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا، شێخ مەحموود تا ماوەیەکی باش، خۆی نەدا بەدەستەوە و بیروباوەڕی دڵی خۆی دەرنەخست. ویستی هەردوولا (تورک و ئینگلیز) تەواو تاقی بکاتەوە. لەبەر ئەمە لەگەڵ تورکەکان بەهۆی تایەرەوە و لەگەڵ

ڕامزبەگ لەو نامەیەدا کە بە مێژووی ١٩٤٥/١٢/١٢ لە کاتێکا کە لە قەزای باغچە لە تورکیا، قایمەقام ئەبێ و بە یادی کۆنەوە و لە وێنەیەکی شاعرانەدا نووسیویە، ئەڵێ: «تەشکیلاتەکەی ئۆزدەمیر لە سنووری کوردستانی جنووبی تێنەپەڕی و گەیشتبووە نزیک هەرێمی لاهیجان کە ئەکەوێتە جنووبی زەریاچەی ورمێ.» هەر بەپێی ئەم نامەیە لەو ڕۆژەدا، واتا دوای ئەوە کە ئینگلیزەکان بە فڕۆکە سلێمانییان بەجێ‌هێشتبوو شارەکان و هەرێمەکانی ڕانیە و کۆیێ و مەعمووره (قەڵادزێ) و شابازێر و بازیان و «گوڵعەنبەر = هەڵەبجە» و تەنانەت نەفسی ناوچەی سلێمانی کەوتبووە ژێر نفووز و دەسەڵاتی ئۆزدەمیرەوە. جگە لەمە ڕامزبەگ ئەڵێ: «ئۆزدەمیر، بۆ ئەم ناوچانە قایمەقامانی بەکار و خاوەن دەسەڵاتی دانابوو و منیشی (واتا ڕەمزی‌بەگی) کردبوو بە قایمەقامی کۆیێ.» ئینجا بە وشەی خۆی بێ (واتا بە وشەی ڕامز یا ڕەمزی‌بەگ بێ)، ئیتر شارەکانی ئاڵتوون کۆپری (پردێ) و هەولێر و کەرکووکیش لەلایەن ڕامزبەگەوە کەوتبووە ژێر ترسی هەڕەشە و داگیرکرانەوە...

ئینگلیزەکان بەهۆی شێخ قادر و مستەفاپاشا و هەندێ کەسی ترەوە لە ئاڵوگۆڕی نامە و گفتوگۆ دوا نەئەکەوت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ ئینگلیز خەریک بوون هیچیان پێنەکرا. تایەر بەتاقی‌تەنیا لە سەرکەوتنا بوو. ماوە لە بەینی تورک و شێخ مەحمووددا تا ئەهات کەم ئەبووەوە. زابتەکانی ئۆزدەمیر تا سلێمانی، تا ماڵی شێخ مەحموود ئەهاتن و ئەبوون بە میوان. مەجلیسی نهێنی لە دیوانی مەلیکدا ئەگیرا. ئینگلیزەکان کە جێی شک نییە لەمانە ئاگادار بوون دیسانەوە هیچیان دیار نەبوو. هەر لەسەر وشەی خۆیان ئەڕۆیشتن. داوای بەجێ‌هێنانی ئەو پەیمانەیان ئەکرد کە لە شێخ مەحموودیان وەرگرتبوو؛ واتا داوای دەرکردنی تورکیان لێ‌ئەکرد، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو و یەک‌بوونی شێخ مەحموود لەگەڵ تورک لە ئیمڕۆ و سبەینێدا بوو...

❋❋

شاردنەوەی مەجلیسە نهێنییەکانی ماڵی مەلیک و پۆشینی باس و هەواڵی هات‌وچۆی زابتە تورکەکان بۆ سلێمانی بە بەرچاوی ئەوانەوە کە جاسووس بوون وە یا ئینگلیزیان ئەپەرست، کارێکی ئاسان نەبوو. تورکەکان و لاگیرەکانی تورک سڵیان لە نیشتمانپەروەرەکانیشی ئەکرد. بەلای تورکەوە ئەوانیش وەکوو دۆستەکان و لاگیرەکانی ئینگلیز، شیاوی کوژران و لەناو بران بوون. لەبەر ئەمە هەرچەندە من بەش‌بەحاڵی خۆم باوەڕیشم نەئەکرد، بەڵام لەناو شارا لەم ڕۆژانەدا دەنگێکی گرنگ و سامناک بڵاوکرایەوە، ئەیانوت بە فیت و هاندانی دەستەی ئۆزدەمیر، بڕیاری ئەوە دراوە کە دۆستەکانی ئینگلیز و لاوەکانی نیشتمانپەروەری کورد بکوژرێن و لەناو بدرێن.

جەمال عیرفانیش[1] لەم ڕۆژانەدا کوژرا. لەبەر ئەمە دەنگە کە کارێکی تەواوی کردبووە

---

١. جەمال عیرفان (١٨٨١-١٩٢٢)، کوڕی عیرفان ئەفەندی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ڕەسووڵی کاژاوییە. ڕوشدییەی موڵکی و ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی و بەغدا تەواوکردووە. چووەتە ئەستەمبووڵ، ئەرکانی حەربییەی تەواوکردووە و لە فەیلەقی شەشی سوپای عوسمانیدا کراوە بە ئەفسەر. لە حکوومەتی یەکەمی شێخ مەحمووددا فەرماندەی هێزی پیادەی سوپای لیوی و پاشان بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی مەرگە، بەڵام زۆر لەسەر ئەو کارە نەماوەتەوە و ساڵی ١٩٢٠ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی ئیداری شار. یەکێک بوو لە مونەوەرە دیارەکانی سەردەمی خۆی و بە بیری پێشکەوتووخوازی بەناوبانگ بووە. لە سلێمانی چەندین

سەر بیری خەڵق. پیاوەکانی ئینگلیز لە کون نەئەهاتنە دەرەوە. لاوە نیشتمانپەروەرەکانیش ترسیان لەوان کەمتر نەبوو، من خۆم بە یەکێک لەو لاوانە درابوومە قەڵەم. لەگەڵ ئەوەشا چ لەبەر ئەوەی کە لە دڵا باوەڕم نەئەکرد و چ لەبەر ئەوە کە خۆم بە ڕاست و بێ‌تاوان ئەزانی، باکم نەبوو و سەرم لە خۆم نەشێواندبوو. تەنانەت کە جەمال پێش کوژرانی بە چەن ڕۆژی هاتە لام و زۆر بە ئاڵۆزاو هاتە بەرچاوم گەلێک بە سەریا هاتم و دڵخۆشیم دایەوە، بەڵام تەواو بێ‌وورە بووبوو.

ئەڵێن جەمال بە دەسی هەندێ مەرگەیی دوژمنی خۆی بە کوشت چوو، بەڵام ئەم کوژرانە لەو ڕۆژەدا بوو بەهۆی ئەوە کە زوربەی ئەهالی ئەو دەنگە بە ڕاست بزانن کە بڵاوکرابووەوە. ئینجا لەم ڕووەوە کەس دەمی نەئەکردەوە. ئەوە بە بیرا نەئەهات کە شێخ مەحموود لە بەغدا چی لێ داوا کراوە و بەرنامەیەکی کردەوەی بۆ کێشراوە یا نە؟ نەشئەزانرا کە شێخ مەحموود لە ئینگلیزەکان چی بۆ کورد داوا کردووە؟ هیچی دراوەتێ وە یا پێی سپێرراوە یا نە؟! هەروەکوو لەمانە نەئەپرسرایەوە[1] مستەفاپاشای لێ دەرچێ کە تا ماوەیەک لە قسەکردن و زماندرێژی نەکەوت و بەدزی و بەئاشکرا توانجی لەم کردەوانە و لە تورکەکان ئەگرت، کەسێکی تر نەبوو کە بوێرێ و ناوی تورک بە خراپە بەرێ.

شێخ مەحموود، خۆی دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی و مانەوەی چەن ڕۆژێ لە خەڵوەتا و لە کاتێکا کە جارێ مستەفاپاشا ڕەئیس مەعاریف (وەزیر) بوو و لە چاو نەکەوتبوو، بەیانێکی ڕەسمی دەرهێنا و ئەم بەیانە لە بانگی کوردستانا، ڕۆژنامەکەی کۆمەڵەی کوردستان بڵاوکرایەوە.[2] ئەم بەیانە کە نازانین تا چە ماوەیەک ئەچەسپێتە

ڕێکخراوی سیاسی دامەزراندووە کە هەموویان یەک بەرنامە و ئامانج و پەیڕەوی ناوخۆیان هەبووە. لەوانە تەعالی کوردستان، کوردستان، وەتەنییەکان، فیدائییانی کوردستان، خۆرهەڵاتن (شروق). شەوی ١٩٢٣/١٢/٢٣ تیرۆر کراوە. م.س.

١. تەنیا جارێ و لە کاتێکا من لە دیوانی شێخ مەحموودا لە تەشریفات بووم، مستەفاپاشا و سدیق‌پاشا و تۆفیق وەهبی و ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز... هاتن و ئیزنم بۆ خواستن. چوون چاویان بە شێخ مەحموود کەوت، بەڵام دیار بوو کە نەیانتوانیبوو شتێکی لێ تێبگەن وە یا بیروباوەڕی خۆیانی پێ‌بسەلمێنن.

٢. ئەمە هەندێ دێڕە لەو بەیانە کە بێ‌ئەوە دەسکاری لە شێوەی نووسین وە یا لە هەڵەکانی وشە وە یا ئیملایا بکەین لێرەدا ئەینووسین و لەو باوەڕەداین کە لەلایەن مستەفاپاشا وەرگێڕابێتە قەڵەم.

دڵی ئەوانەوە کە شارەزای سیاسەتی دەوڵەتەکانن و لەگەڵ ئەوەشا کە ناتوانین بڵێین وێنەیەکی بێکەموزیادی ئەو پەیمانەیە کە لە بەغدا لە بەینی شێخ مەحموود و نوێنەری بریتانیادا کراوە، دیسانەوە جێی ئینکار نییە کە بەڵگە (وثیقە)یەکە لەو بەڵگە گرنگە کەم و نایابانە کە لە مێژووی مەسەلەی کوردستانی عێراقا ئەبێ جێ بگرێ. میجەر نوئێل کە بە قسە موستەشاری شێخ مەحموود و لە کوردستانی عێراقا نوێنەر و وەکیلی مەندووبی سامی بریتانیا بوو، بە هیوای ئەوە کە شێخ مەحموود لە بەغدا و لە بریتانیا نزیک بخاتەوە و بۆ وەرگرتنی تەعلیمات و دانانی ڕێوشوێنێکی بە دڵی شێخ مەحموود، بۆ حکوومەتی تازەی کورد، چەن جارێ لە بەینی بەغدا و سلێمانییا هاتوچۆی کرد و چەن جارێکیش بە فڕۆکە چووە لای ئینگلیزەکان لە کەرکووک، بەڵام وا دەرئەکەوت کە تەقەلاکانی سوودێکی نەئەبەخشی، ئینجا کۆڵی دا و تا بەتەواوی ڕشتەی پەیوەندیی لەگەڵ حکوومەتی بریتانیا ئەپچڕێت، بۆ ناو، کەپتەن چەپمەنی موعاوینی کرد بە وەکیل و بە دیار شێخ مەحموودەوە داینا. خۆشی وەکوو جاری پێشوو، بێ ئەوەی بە ئامانج بگا و لە کوردستانا شتێکی بۆ بکرێ، سلێمانی بەجێ هێشت و جارێکی تر نەگەڕایەوە. مەندووبی سامی، ئیتر لە هەواڵ تێگەیشتبوو و هیوای لە شێخ مەحموود بڕیبوو. لەبەر ئەوە مانەوەی چەپمەن لە سلێمانی کەڵکێکی نەئەبەخشی و لە چاوەڕوانی بێسوود و بێئەنجام بەولاوە شتێکی تیا نەبوو. لەولای تریشەوە بە هاندانی تورکەکان و تورکپەرستەکان، چەپمەنیش خرایە ژێر موراقەبەیەکی توند و لەگەڵ کەسا ڕێگەی هەڵسان و دانیشتن وە یا گفتوگۆی نەئەدرا.

«... لە پێش (ئەبێ مەبەس لە پاش بێ نەک لە پێش) تشریف هێنانەوەی حضرت حکمدار کردستان دام شوکتە ئیتر ملت کەوتە رفاه و إستراحتیکی واوە کە امثالی نەبێنراوە و هەروەکو لە نسخەی (١٠) بانگ کردستاندا نشر کرابو بۆ دەسکردن بە ئیش و إنتظام أمور کردستان هیئەتی رؤسای محترمە (مەبەسی وەزیرەکان وە یا ڕەئیسەکانە کە کابینەی حکوومەتی کوردستانی لێ دامەزرا) با ارادە علیە تعیین فرموران. أم هیئت رؤسای محترمە، کە لە ذوات ذی إقتدار و نامدار هەڵبژێرراون تشکیلاتێکی موقتە.»

«هەتاوەکو جناب مندوب سامی دوڵت فخیمەی بریتانیا کە لە بغداوە هەروەکو وعدی فرموە موافق خریطە عموم لوا و قضایان کردستان إلحاق أفرمویت أو سایە إرادۀ حضرت حکمدار دام شوکتە لە کرکوک و أربیل و لە زاخو و عقرە و عمادیە و دهوک و صلاحیە و خانقین و سایر بلاد کردستان رجال محترمە دعوت و تشکیلاتێکی دائمی إجرا اکری...»

سەعید قەزاز[1] و جەلال سائیب[2] لەو ڕۆژەدا لە ئیعدادی مەحموودی مامۆستای ئینگلیزی بوون. شێخ قادر کە سەرەک (ڕەئیس) بوو (رئیس الرؤسا)، لەسەر تکای چەپمەن ئەمری پێکردم کە سەعید قەزازی بۆ بنێرم. لەو ڕۆژەوە سەعید ئەچوو ڕۆژی یەکدوو سەعات یارمەتی ئەدا و دەرسی کوردیشی پێ ئەخوێند. شێخ مەحموود بەمە تووڕە بوو و خەریک بوو لە من دلگیر بێ. ئینجا بۆ ئەوە تەنانەت ڕەئیسی ڕۆئەساش بە هەڵە نەچێ، ئەمری دا و یاسای هاتوچۆ بۆلای چەپمەن لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستانا بڵاوکرایەوە. دوای ئەم حاڵە بە ماوەیەکی کەم چەپمەن لە ڕوودا بەناوی گفتوگۆوە لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیزنی لە شێخ مەحموود خواست و چووە کەرکووک. ئەمە بە دڵی شێخ مەحموود بوو، چونکە ئەیزانی ناگەڕێتەوە و بەمجۆرە بەبێ دەرکرانی بەئاشکرا، لە چەپمەنیش ڕزگار بووبوو...

---

١. سەعید قەزاز (١٩٠٤ - ١٩٥٨)، کوڕی میرزا مەجید کوڕی حاجی ئەحمەدی قەزاز لە ناحیەی خورماتوو لەدایکبووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا چەندین پلە و پۆستی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٤ بۆ ١٩٢٧ موفەتیشی ئیداری بووە لە سلێمانی و دواتر بووەتە مودیر ناحیەی تانجەرۆ و پاشان مودیر ناحیەی زاخۆ. ساڵی ١٩٤١ گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بووە بە بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ و پاشان لە ١٩٤٦ تاوەکوو ١٩٤٩ بووەتە موتەسەریفی هەولێر و کووت و مووسڵ و کەرکووک. ١٩٥٢ بووەتە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی. دواتر بەڕێوەبەری بەندەرەکانی عێراق و لە ساڵی ١٩٥٤ لە کابینە وەزارییەکاندا بووەتە وەزیری ناوخۆ تا لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ خۆی داوەتە دەستی کۆدەتاچییەکان و لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩ لە سێدارەیان داوە. پێش لە سێدارەدانەکەی وتی: «دەزانم لە سێدارەم دەدەن، بەڵام لە کاتی سەرکەوتنم بۆ سێدارەکە، لە ژێر پێڵاوەکانمەوە هەندێ سەر دەبینم شایانی ئەوە نین بژین.» م.س.

٢. جەلال سائیب کوڕی مەلا ئەحمەدی سائیبە. باوکی شەماڵ سائیب بوو، برای چیرۆکنووس جەمیل سائیب خاوەنی چیرۆکی «لە خەوما»یە و خوشکەزای شاعیر و ئەدیب و فەیلەسووفی کورد پیرەمێرد، ساڵی ١٩٣٦ قایمەقامی ڕانیە بووە. م.س.

هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی

ە پێش ئەمەدا وتبوومان سمکۆ، دوای ئەوە کە لەلایەن تورکەکانەوە شەوێک لەناکاو ـە بەیخوون کرا و یەکێ لە ژنەکانی کوژرا و خەسرەوی کوڕیشی بە دیل گیرا، خۆی و ەکێ لە براکانی بە چەن سوارێکەوە دەرباز بوون و گەیشتنە دەوری ڕەواندز.[1] ئینگلیزەکان ەکوو ئەیزانین لەم کاتانەدا لەگەڵ شێخ مەحموودا بۆ ڕێکەوتن، لە تەقەلایەکی ێ‌سوودا بوون، بەڵام لەم بەسەرهاتەی سمکۆ و لە هاتنی ناکاوی بۆ سنووری عێراق ەوتنە هیوایەکەوە. وایان بە بیرا هات کە لەم کارەساتە کەڵکێک وەرگرن و سمکۆ بکەن ەهۆی تێکدانی ناوەندی شێخ مەحموود و تورکەکان. لەبەر ئەمە داوایان کردە هەولێر و ەگەڵ شێخ مەحموود کەوتە موخابەرەوە.

بەو قسانەدا کە ئەو ڕۆژە لە «بانگی کوردستان»دا بڵاو ئەکرایەوە، سمکۆ داوای لە ـێخ مەحموود ئەکرد کە هەل لە دەس نەدا و بۆ خزمەتی کورد تێبکۆشێت و لەگەڵ ینگلیزەکان ڕێکەوێ، بەڵام هەندێ کەس کە لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون ئەڵێن، سمکۆ خۆی نەهاتبووە هەولێر، چونکە ئاگای لەوە هەبوو کە خۆشکەکەی مار شەمعوونی کوژراو لە بەغدایە و لە دەس سمکۆ شکاتی بردووەتە بەر ئینگلیز. ئینجا لەبەر ئەوە کەمێ ترسی لە دڵا ئەبێ و لە ڕێگەی هەولێر، کاتێ بە ژوور سەریەوە فڕۆکەیەکی ئینگلیز ئەبینێ ئەکەوێتە شکەوە. دەس ئەداتە دەمانچە و سایقی سەیارەکە ناچار ئەکا بە گەڕانەوە بۆ دێی بەحرکە. خوالێخۆشبوو عیززەت تۆپچی (عیززەتی فاتە) بۆی گێڕامەوە، ئەیوت کە خۆی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە چووبوو سمکۆی هێنابوو. لەبەر ئەوە زۆری لەگەڵ خەریک ئەبێ کە نەگەڕێتەوە و لەگەڵی بچێتە هەولێر، بەڵام کەڵکی نابێ. ئینجا دوای ئەمە، عیززەت لە هەولێرەوە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ بەحرکە ئەکا و قسەکانی سمکۆش بە تەلەگراف ئەدا بە شێخ مەحموود لە سلێمانی. تا سمکۆ لە بەحرکە وە یا هەولێر بوو، شێخ مەحموود بە مەرامی ئینگلیزەکان و بەپێی قسەکانی عیززەت وەڵامی ئەدایەوە. دوایی بۆ گفتوگۆی تایبەتی ناوخۆ داوای کردە سلێمانی. سمکۆ و

---

١. تەماشای لاپەڕە ٤٠٢ی بەشی پێنجەمی یادداشت بفەرموو.

شـێخ مەحموود، وەکوو ئینگلیـزەکان خەیاڵیان کردبوو دوژمنی یـەک نەبوون،[١] چونکە دوای ئەوە کە شـێخ مەحموود لە شـەڕی دەربەندا بە دیلی ئینگلیـز گیرابوو و ڕەوانەی هینـد کرابـوو، شـتی وا ڕووی دا کـە ببێتە هـۆی پەیوەندییەکی بەهێز لـە ناوەندی ئەم دوو کوردە گەورەیەدا. دوای بەدیل گیرانی شـێخ مەحموود، ماڵ‌ومناڵەکانی لەگەڵ شـێخ قادری برایا خۆیان گەیاندبووە ئێران. لەوێ بە دەسیسە و هاندانی تاجرباشی کورد![٢] شێخ قادریش گیرا و نێررایە هیندسـتان و ماڵ‌ومناڵەکەی شێخ مەحموود لەو وڵاتی بێگانەدا بێ‌کەس و بێ‌دەرمانەوە.

بەڕاسـتی کەوتبوونە حاڵێکی ناخۆش و زۆر گرنگەوە، بەڵام سمکۆ لەم کاتانەدا ئەستێرەی بەختی لە ئاسۆی هیوادا پرشنگی ئەدایەوە، لە باکووری خورئاوای ئێرانا بووبوو بە شای دووەم. نزیکـەی هەمـوو ئازەربایـگان [ئازەربایجان]ی گرتبـووە ژێر چنگی. ماڵ‌ومنداڵەکەی شـێخ مەحموود خۆیان گەیاندە لای ئەو، باڵی باوکییەتی بەسەرا کێشان و حەساندنییەوە. ئەمجارە نۆرەی شێخ مەحموود بوو، ئەیویست بە زیادەوە چاکەی سمکۆ بداتەوە. تەلەگرافەکانی بەینی سـمکۆ و شـێخ مەحموود، ئینگیزەکانی خسـتبووە هیواوە، لەبەر ئەوە ڕێگەیان دا کە سـمکۆ بێتە سـلێمانی، کە ئەم دەنگەش بڵاو بووەوە، سـلێمانی بەجارێ خرۆشا. ناووشۆرەتی سمکۆ و باس و حەکایەتـی ئازایـی و قارەمانی ئەم کوردە ناودارە دەمێک بوو گەیشـتبووە کوردسـتانی عێراق. لەبەر ئەوە هاتنی بۆ سـلێمانی، بۆ مەسـەلەی کورد بە مزگێنی ئەژمێررا و هیوای نیشتمانپەروەرەکانی تازە ئەکردەوە.

سـمکۆ یا ئیسـماعیل‌ئاغای سـەرەک عەشـیرەتی شـوکاک لە دڵی هەموو کوردێکا جێگەیەکی بەرزی هەبوو و بە قارەمانێکی میللی ئەدرایە قەڵەم! حکوومەتەکانی تورک و ئێران بە چاوێکی پڕ لە کین و شکەوە تەماشایان ئەکرد. لەبەر ئەمە هاتنی بۆ سلێمانی

١. لە کتێبی «عراق و عصبة الأمم»دا کە من لە ژێر ناوی «خۆلاسەی مەسەلەی کورد»، فەسڵێکم لە فەڕەنسزییەوە گۆڕیبوو بە کوردی و بڵاوم کردبووەوە، سەید تەها و سمکۆ بە دوو دوژمنی دێرینی شێخ مەحموود دائەنێ...

٢. تاجرباشـی یەکێ بوو لە تاجرە ناودارەکانی سابڵاخ. لە ڕەگەزا خەڵقی سلێمانی بوو. لە شەڕی یەکەمی گەورەدا لە ترسـی ڕووس، لەگەڵ سەرداری بۆکان هاتبوونە سـلێمانی و لە خانووەکەی سەید برایم ئەفەندی باوکی سەید حەکیم ئەفەندی باوکی «شـاکر حەکیم»دا دائەنیشت کە بە تەنیشـت دەرگای پشـتەوەی مزگەوتەکەی شـێخ عەبدوڵڵای هەولێری باوکی ئەحمەد موختاری قازییەوە بوو. شاکر حەکیم ئیمڕۆ مودیری تەحریرە لە هەولێر.

شتێکی کەم نەبوو. گەورە و بچووک بە ژن و پیاوەوە، لەم هاتنە ئەدوان و بێ ئۆقرە چاویان لە ڕێ بوو. چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم قارەمانەیان ئەکرد؛ ئەیانویست ساتێ زووتر بە دیداری شاد بن.

ئەوانە کە کورد و نیشتمانپەروەر بوون سمکۆیان بە قارەمانێکی میللی ئەهاتە بەرچاو. هیوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە ئەم هاتنەی ببێتە هۆی گۆڕینی مەجرای سیاسەت. تا ئەرازووی کوردایەتی سەرکەوێ و شێخ مەحموود لەو دووڕێیانەوە[1] کە لێی وەستابوو بخرێتەوە سەر ڕێی مەبەس، واتا ڕووی پێ بکرێتەوە مەسەلەی کوردستان. مستەفاپاشا لە هەموو کەس زیاتر بە کەیف بوو. لەو حاڵەوە کە تیابوو چووبووە حاڵێکی ترەوە. خۆی قیت کردەوە، بووبوو بە کوڕی چواردە ساڵ. ئەویش لە سەودایەکی ترا بوو. بەتەمای ئەوە بوو سمکۆ، شێخ مەحموود بەرەو ئامانجی خۆی بەرێ. لەو خەیاڵەدا بوو کە سیاسەتی ئینگلیز بێتە جێ. لە پێش هەموو شتێکا تورک لە ڕەواندز بکرێتە دەرەوە. خەبات و ئاژاوە بگاتە کوردستانی تورکیا. بەکورتی بۆ شکاندنی پشتی مستەفا کەمال هەوڵی ئەدا...

ئیتر هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی نزیک بووبووەوە. ئینجا لەسەر فەرمانی مەلیک، خانووەکەی شێخ مستەفای نەقیب[2] پا کرایەوە و ڕێکخرا. ڕۆژی هاتنی سمکۆ، سەرپاکی سلێمانی بەجارێ لە ماڵ هاتنە دەرەوە. زوربەی سوارەی عەشایری دەوروپشت چوون بە پیرییەوە. شاری سلێمانی وەکوو بووک ڕازایەوە. لەناو ئاهەنگێکی گشتی و زەماوەندێکی میللی و نەتەوەیی یا، بەرەو پیرییەکی زۆر شیرین و شاهانەی بۆ کرا. شەوێک پێش گەیشتنی، شاری سلێمانی بەسانی شارە مێروولە ورووژا. دەرزیت بهاویشتایە نەئەکەوتە سەر ئەرز. تا ڕۆژ خەو لە چاوی زۆر کەس نەکەوت. شتێکی کە سەیر بێ ئەوە بوو تورکخواکانیش لە کەیفا بوون، بەڵکوو ئەوان لە کوردپەروەرەکان زیاتر نەشئەیان پەیا کردبوو، وا دەرئەکەوت کە بە لای دەستەی تورکخواکانیشەوە هاتنی سمکۆ، جێی هیوابوو و بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی تورک و مەبەسی خۆیان بە

---

١. دووڕێیان، لە دوو ڕێیەوە بە مانای «مفرق وە یا مفترق طریقَین».

٢. شێخ مستەفای نەقیب مامی شێخ مەحموود و مێردی پێشووی بەهیەخان بوو.

باشـیان ئەزانی. ڕۆژئـاوا بووبوو، کە لە مستەفاپاشـا کاغەزێکم وەرگـرت. داوای ئەوەی لێ ئەکردم کە هەر بەو شەوە گۆرانییەکی جوانی میللی ڕێک بخەم و فێری قوتابییەکانی بکـەم بۆ ئەوە کە لە بەرەوپیریی سـمکۆ دا بخوێنرێتەوە. دەزبەجـێ چوومە مەکتەبی ئیعـدادی. شـەو بووبوو بە ڕۆژ. لەبەر ئەمە بەئاسـانی قوتابییـەکان کۆکرانەوە، تا ئەوان کۆبوونـەوە منیـش گۆرانییەکم ئامادە کرد. تا نیوەشـەو لەگەڵ دەسـتەی قوتابیی گۆرانی خەریک بووم و هەموو شـتێ جێبەجێ کرا. قوتابییەکان لە خۆشـییا، نەیائەزانی چی بکەن؟ پێیان عەرزی نەئەگرت. بەتەما نەبوون ئەو شـەوە سەرخەوێ بشکێنن. بۆ ئەوە چوونەماڵەوە کە بۆ سـبەینێ خۆیان کۆبکەنەوە. ئەو سـبەینێیە کە جەژنی کورد بوو و ئەچوون بەپیر پاڵەوانی کوردستانەوە...

بەیانی ئەو شـەوە، پێش هەتاوکەوتن ئەهالی شـاری سلێمانی ورد و درشت، بە پیاو و ژنەوە ڕژابوونە کۆڵانەکان. قوتابییانی مەکتەبەکان، لەو کۆڵانەدا کە ئەچوو بۆ ماڵی شـێخ مسـتەفا، کۆڵانەکەی ماڵی شـێخ قادری حەفید، لەگەڵ عەسـکەر و پۆلیس بەرامبەر بە یەک ڕیزیان بەسـتبوو. بۆ ڕاگرتنی ئەمانە و ڕێکخستنیان، زابتە کوردەکان و مامۆستاکان بەچوسـتی لە هاتوچۆدا بوون. خەڵق تا ئەهات زۆر ئەبوون و لەو دەشـت و کۆڵانەدا جێیان نەئەبووەوە. تەلار و پێش‌هەیوان و بەرپەنجەرەی خانووەکان و سەربانی مزگەوتی گەورە و دووکان و بازاڕ، جمەی ئەهات. دێهاتی و لادێیی نزیکی سلێمانی بەجارێ ڕوویان کردبووە ناوشـار. لە دوای ئەمانە و چاوەڕوانییەکی بێ‌ئۆقرە، نزیکی نیوەڕۆ سەیارەی شێخ قادری سـەرەک (ڕەئیس) دەرکـەوت. خەڵقەکە جارێکی تر خرۆشـان و بە یەکا چوون. مامۆسـتا خوێن‌گەرمـەکان و زابتـە چوسـت‌وچالاکەکان، گورج بوونـەوە، چوون بەلای قوتابییان و عەسکەرەکانەوە. ئیتر بۆ کرنووش (سەڵاو) چاوەڕوانی ئیشارەتێ بوون.

ڕیزیی قوتابییان بەرامبەر بە ڕیزی عەسـکەرەکان وەکوو دوو خەتی ڕاسـتی بە ڕاستە کێشرا و وەستابوون. چاویان بڕیبووە دەمی زابت و مامۆستاکانیان. لەپڕ سەیارەیەک گەیشتە پێشەوە و دەرگاکەی کرایەوە. بە تەنیشت شێخ قادرەوە باڵای بەرز و قەدی شمشاڵی سمکۆ دەرکەوت. پڵنگی کوردسـتان لە بەرگی عەسـکەرییا بە وێنەی ژەنەڕاڵێک هاتە پێشـەوە.


سمکۆ

چاوێکی بەو خەڵقە داخشاند و بۆ سەڵاو هەردوو دەسی بەجارێ بڵند کردەوە. ئیتر لەگەڵ هەلهەلە و چەپڵەڕێزانی ژنان، لەلایەکەوە گوڵباران و دەنگی بژی بژی و لەلایەکی تریشەوە گرمەی تۆپ دەستیپێکرد. فرمێسکی شادی بەری چاوی نیشتمانپەروەرەکانی گرتبوو و بۆ ماوەیەک لە هۆش خۆیان چوون. لە مێژووی ڕۆژە گرنگە پیرۆزەکانی سلێمانییا، دوای ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان، ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی شادی و پیرۆزی سلێمانی بوو. ئەو ڕیزە قوتابی و عەسکەرانە کە لە کڕنووشا وەستابوون چاوەڕوانی سمکۆ بوون. ئەبوو بە بەردەمیانا بڕوا و بیانپشکنێ. ئینجا سمکۆ بە هەنگاوێکی ڕێک و لەسەرخۆ بەرەو ئەوان جووڵایەوە. لەو ساتەدا لە شاهێ لەو شاهانە ئەچوو کە لە بیر و خەیاڵی کوردا ئەژین. قوتابی لەگەڵ گۆرانی بەخێرهاتنا دەسیان کرد بە گوڵباران و عەسکەر و پۆلیس بە تفەنگە بریسکەدارەکانیانەوە لە سەڵاوا وەستان. وێنەی ئەو ساتەی سمایل‌خان و دەستە سوارەکەی پڕ لە چەکی شوکاک، ئەشیا کە بچێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەوە.

سمکۆ خۆی هەرچەن بەرگی عەسکەری لەبەرا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا نیشانەی ڕەگەزی کوردایەتی ئەو بە جێگەیەکی بەرزەوە ئەبینرا! واتا کڵاوێکی کوردانەی شوکاکی لە سەر نابوو و چەن هەورییەک و مشکی بە دەوری ئەم کڵاوەدا پێچابوو و تێی ئاڵاندبوو. ئەو پیاوانەی کە لەگەڵیشی بوون بە بەرگی کوردی شوکاکەوە لە کوردستانی باکوورەوە دیارییەکی بەنرخ، واتا دیمەنێکی شیرینی براکانی ژووروویان بۆ هانیبووین. مستەفاپاشای دۆستی دێرینی سمکۆ، بە وتارێکی گەرم و بەهێز داستانی دوورودرێژی ئەم بێچووە شێرەی بۆ گێڕاینەوە، مێژووی پاڵەوانی و نیشتمانپەروەری سمکۆ و ئەو کارەساتانەی بۆ

هۆنینەوە کە لەم ڕێیەدا بە سەری هاتبوو.

تورکەکان شکی تیا نەبوو کە لەمە کەوتبوونە ترسەوە، چونکە مستەفاپاشای دوژمنی خۆیان باش ئەناسی و بەخۆڕایی ناوی نمرووديان لێنەنابوو. هەر لەبەر ئەو ترسەش بوو کە لەکاتی خۆیا، تورکەکان هەڵیانکوتایە سەر سمکۆ، شەو لەناکاو دایانە بەر شلێکی شەستتیر و نارنجەک، چونکە مستەفاپاشا لە سنوورەکانی ئێران و تورکا بۆ ئەوە چووبووە لای سمکۆ، کە ڕووی لە ئێران پێوەرگێڕێ و ئاگری ئاژاوەی پێبخاتە خاکی تورکەوە. تورکەکان ئەوە نەبێ سمکۆیان نەناسیبێ، بەڵکوو هەر لە دەمێکەوە باشیان ئەناسی و ئەیانزانی کە بۆ سەربەخۆیی کورد خەباتی ناوەتەوە،[1] بەڵام لەو ڕۆژەدا خۆیان خەریکی شەڕی یۆنان بوون و هێزی ئەوەیان نەبوو دەس بۆ سمکۆ درێژ بکەن. سمکۆش جارێ خەریکی ئێران بوو و بەتەما نەبوو بەو زووانە ئاوڕ لە تورکیا بداتەوە، بەڵام بە چوونی

١. ئەمانەی خوارەوە کوردییەکەی نامەیەکی تورکییە کە لە کاتی خۆیا بەناوی قوماندانی جەبهەوە، بەسریبەگی (بصری) سەرەکی ئەرکانی حەرب، بە ئیمزای خۆی ناردوویە بۆ ئۆزدەمیر لە ڕەواندز و ئۆزدەمیر لە ژێر ناوی «وثیقە ٩» لە دەفتەری یادداشتەکەیا نووسیویەتەوە:

دیاربەکر، بۆ ئۆزدەمیربەگی قایمەقام، ١٤/٦/٣٣٨، ئستخبارات نومرۆ ١٧٤٥

١ـ سمیقو (تورکەکان بە سمکۆیان ئەوت سمیقو) کابرایەکی فێڵبازە. بەهۆی زرنگی خۆیەوە ئەو خەنجەرە کە هەڵیگرتووە بۆ کاتی خۆی ئەشارێتەوە. ئەم کابرایە (واتا سمکۆ) بیری سەربەخۆیی (ئیستقلال)ی لە کەللەدایە. مەبەسی ئەوەیە کە تا لە ئێراندا دەسەڵاتی زیاد ئەکا و بەهێز ئەبێ لەگەڵ ئێمە تێکنەچێ و بەمجۆرە بە مەرام و ئامانج بگا.

٢ـ سەرکەوتنی سمکۆ و لەناو عەشایری کوردا بەمجۆرە گەورەبوونی و دەسەڵات پەیاکردنی بۆ حکوومەتی میللی ئێمە (واتا بۆ حکوومەتی تورک مستەفا کەمال) دەس نادا، بەڵام لەم ڕۆژەدا تێکچوونمان لەگەڵ سمکۆ بۆ ئێمەش (بۆ تورکەکان) باش نییە. ئەگەر بتوانن (واتا ئەگەر ئۆزدەمیر بتوانێت) و هەوڵی ئەوە بدەن کە بە پروپاگەندە و بە بڵاوکردنەوەیەکی وا کە عەشایری پێ تەفرە بدەن و بیانکەن بە دوژمنی سمکۆ بەڕاستی خزمەتی گەورە بۆ حکوومەت جێبەجێ ئەکەن؛ وەکوو ئەوە کە بڵێن سمکۆ بە پارەی ئینگلیز ئەم شۆڕشە ئەگێڕێ و بۆ قازانجی خۆی و خزمەتی ئینگلیز خوێنی کوردەکان ئەڕژێنێ.

٣ـ ئەو مەفرەزەیە کە لێرەوە خراوەتە ڕێ جارێ ئەچێتە جۆڵەمێرگ. دوای گەیشتنی ئێوە (واتا ئۆزدەمیر) بە ڕەواندز و جێگیربوونتان لەوێ، بەپێی هەواڵ و پێویست فەرمانی تر ئەدرێ بە بزووتنەوەی مەفرەزەکە و هاتن وە یا نەهاتنی بۆ ڕەواندز.

٤ـ مەکارە (هۆی گوێزانەوە واتا نەقلیات)مان نییە کە تۆپ و مەترالیۆز (ڕەشاش)ی پیا بنێرین. هەوڵ ئەدەین کە ئەوەشتان بۆ جێبەجێ بکەین.

بە ناوی قوماندانی جەبهەوە، ڕەئیسی ئەرکانی حەرب، بەسری

مستەفاپاشـا بۆلای سمکۆ ئیتر تورکەکان ئارامیان لێبڕا و ترسێکی گەورەیان لێنیشت و ئەوەیان بە سمکۆ کرد کە کردیان... لەبەر ئەوە بە نزیک کەوتنەوەی مستەفاپاشا لە سمکۆ، ئەمجارەش کەوتنە ترسەوە و زۆر جێی داخە کە هێشتا سمکۆ ماندوویی نەحەسابووەوە ڕەشـەبای بەختی شـووم دەسـی کرد بە هەڵکردن و چـرای هیوای نیشـتمانپەروەرەکان دەسی کرد بە کوژانەوە.

ڕەمزیبەگـی تورک (تۆپاڵ ڕەمزی وە یا ڕەمزییەشـەل) و فەوزیبەگی یووزباشـی و چـەن زابتێکـی تر لـە ڕەواندزەوە هاتنە سـلێمانی و بـە نهێنی لە ماڵی شـێخ مەحموود دابەزیـن. لـەولای تریشـەوە فەتاحـی ئەمینی عـەتاری ژنبرای شـێخ مەحمـوود، کە ئەویش لەو ڕۆژەدا لە جەیشی تورکا یووزباشی بوو، بە پەلەپەل و لە ڕێگەی مووسڵەوە گەڕایەوە عێراق و گەیشـتە سـلێمانی. لە هاتنی زابتەکانی تورکا بۆ سلێمانی ئینگلیزەکان دەسەڵاتێکیان نەبوو، چونکە وەکوو ئەیزانین، لە ڕەواندزەوە تا سلێمانی ڕێگە بۆ تورکەکان کرابووەوە و ئەم زابتانە بە تەگبیروڕای تایەر ئەفەندی و یارمەتی عەباسی مەحموودئاغاوە بە ڕێی پژدەرا هاتبوونە لای شێخ مەحموود.

سمکۆش، ئینگلیزەکان خۆیان باوەڕیان پێکردبوو و لە هەولێرەوە ناردبوویان. ئەوەندە هەیـە کە بـە فەتاحی خاڵی ڕەئـووف و بابەعەلی چۆنیان باوەڕ کردبوو و لە مووسـڵەوە ڕێیان دا کە بێتەوە سلێمانی؟ ئەمە ناچێتە هەموو عەقڵێکەوە، بەڵام ئەوانەی فەتاح بناسن ئەمە بۆ ئەو بە زۆر نازانن. بەڵێ فەتاح زابتێکی تورک و خاڵی کوڕەکانی شێخ مەحموود بوو. لە ڕۆژێکی وەکوو ئەو ڕۆژەدا ئەبوو بزانرێ کە لە تورکیاوە بەبێ مەبەسێک نەگەڕاوەتەوە سلێمانی. فەتاح خۆشی کە بە ڕێی مووسڵدا بڕیاری هاتنەوەی دابوو، ئەیزانی کە تووشی بەرهەڵست ئەبێ، لەبەر ئەوە تەگبیری خۆی کردبوو. لە دیاربەکر، لەگەڵ گەورەکانی خۆی ڕێکەوتبـوو کە کوردایەتی بدەنە پاڵ و لە ڕووی خزمایەتییەوە لەگەڵ شـێخ مەحموود، وا دەرخەن کە لێی کەوتوونە شـکەوە. هەندێ تەقریری درۆی نهێنیشـیان لێ نووسـی.

دوای ئەمانە لەپڕ گرتیان و ناردیانە ئەنقەرە. لەوێ هەموو شتێکی فێر کرا. ئینجا لە ڕوودا بە دەرکراوی لە جەیش، گەڕایەوە عێراق. بۆ ئەوەش کە دەورەکەی باش بنوێنێ، ماڵ وژنیشی پێ بـوو، بەڵام لە ژێرەوە بە تەعلیمات و دەسـتووری کـردەوەی تایبەتییەوە بۆ فریودانی

شێخ مەحموود و بۆ ڕاکێشانی بەلای تورکا هاتبوو. لەگەڵ ئەمەشا توانی کە ئینگلیزەکانی مووسڵ تەفرە بدا و بەئاسانی بێتەوە سلێمانی. تەنانەت ئەتوانین بڵێین کە فەتاح تەفرەشی دابوون و بەناوی ئامۆژگاری شێخ مەحموودەوە هەندێ قسەشی لێ دەرهێنابوون و تا ماوەیەک لە مەرامی ئینگلیزەکان گەیشتبوو. ئینجا بە گەیشتنی فەتاح بۆ سلێمانی ئەو ئەڵقەی کەین‌وبەینە کە بەدەسەوە بوو ئێجگاری بەهێز کرا و شێخ مەحموود بەتەواوی خرایە سەر بیری یەکگرتنەوە لەگەڵ تورک و چووە ناو چەمەری دەسەلاتی ئۆزدەمیرەوە.

سمکۆ لە دڵا تورکی خۆش نەئەویست؛ جگە لەمە تورکەکان تازە دەسیان لێ وەشاندبوو و برینیان کولاندبووەوە. لەبەر ئەوە بۆی بکرایە و هیوای سەرکەوتنی ببووایە، بە هەموو جۆرێ هەوڵی ئەوەی ئەدا کە تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە، بەڵام هەواڵی بە جۆرێکی تر هاتە بەرچاو. پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر و لاگیرەکانی ئێجگار بەهێز و وەستایانە بوو؛ تا تەرازووی سیاسەتی تورک لە سەرەوە بوو. لەولای تریشەوە خەسرەو، پارچەیێ لە جەرگی سمکۆ، بە دیل گیرابوو و لای تورک بوو. لە خەزێنەی پارەکەشی دوای تالان و لەناوچوون، نزیکەی ٢٠ هەزار لیرەی ئاڵتوونی لە وان لە سندووقی فیرقەدا دانرابوو و مابووەوە. چ لە ئێران و چ لە تورکیادا بستێ عەرزیشی دەس نەئەکەوت کە تیا بحەوێتەوە. تورکەکان و دەستەی ئۆزدەمیر، لە ڕوودا بەهۆی شێخ مەحموودەوە و لە ڕاستییا بەهۆی تایەرەوە ئەم ژێ (وەتەر)ە بەهێز و حەساسەیان خستە کارەوە. بە گەڕاندنەوەی خەسرەو و پارەکانی، بە بردنەوەی خۆی بۆ تورکیا و دانەوەی موڵکەکانی لەسەر سنوور، تەنانەت بە پێشکەش‌کردنی موقاتەعەیەکی گەورەی وەکوو شەمدینان، ئەویشیان تەفرەدا و بۆ فریودانی شێخ مەحموود گرتیانە دەس خۆیان...

بەکورتی هەواڵی ئوزدەمیر و کردەوەکانی لە ڕەواندز

وەکوو لە پێشا باسمان کردبوو ئوزدەمیر دوای ئەوە کە بە هێزێکی بچووکەوە گەیشتە ڕەواندز، دەسبەجێ دەسی کرد بە تەشکیلات و لەمە گەورەکانی تورکی ئاگادار کرد. لەو وەڵامەدا کە جەوادپاشـای قوماندانی جەبهەی ئەلجەزیرە لە ژێر ژمارەی ١٠٨٤ و مێژووی ٧ی تەمووزی ١٣٨٨ای ڕۆمیدا بۆی نووسـیبوو ئەیوت: لەلایەن جەبهـەی خۆرهەڵاتەوە، لە قۆڵی ئۆردووی نۆهـەم گەیانـراوە کـە ٢٠٠ تفەنگی سـندووقدار بـە ٧٠ سـندووق جەباخانـەوە، لەگەڵ ١٢٦ تفەنگیش بە ٣٤ سـندووق جەباخانەوە نێرراوەتە باشـقەڵا؛ بەڵام لەلایەن زیاد کردنی هێزی مەفرەزەکەی ڕەواندزەوە جەوادپاشـا شـکاتی لە نەبوونی هۆی گوێزانـەوە ئەکرد و تەنانەت قەولی ئەوەشـی نەئەدا کە هیچ نەبێ مەفرەزەکەی جۆڵەمێـرگ بەتەواوی بنێرێتە ڕەواندز.

جەوادپاشا سەرەکی لەشکرەکانی جەبهەی ئەلجەزیرە لە دیاربەکر

وای لە ئوزدەمیـر ئەگەیاند کە ناردنی مەفرەزەکـە و نەمانـی عەسـکەر لـە جۆڵەمێـرگ، ئەبێتـە هـۆی ئەوە ڕێگـە بـۆ نەسـتوورییەکانی ئەو ناوە بکرێتـەوە و لـە کاتـی شـکان وە یا گەڕانـەوەدا بـۆ تورکیـا بەئاسـانی هەڵمـەت بەرنـە سـەر ئوزدەمیـر و هێزەکـەی. لەگـەڵ ئەمەشـا، لـەم مەفرەزەیە کە هەمووی ١٣٤عەسـکەر بـوو، فەرمانی ئـەدا کـە ٥٤ نەفەری بچێتە ڕەوانـدز. ئوزدەمیـر وادیارە کە داوای تۆپیشـی کردبـوو، چونکـە جەوادپاشـا ئەیـوت: نەمتوانـی تۆپ بنێـرم، بـەڵام وەسـتایەکم بـۆ ناردن کـە ئەتوانـێ تۆپـە شـکاوەکەتان بـۆ چاک بکاتەوە.

ئوزدەمیر کە بەهۆی پڕوپاگەندەیەکی بەتین و بێوچانەوە بووبوو بە حاکمی سەربەخۆ لە ڕەواندزا و هەڕەشەی داگیرکردنی هەموو شارەکانی کوردستانی ئەکرد، هەواڵی هێز و دەسەڵاتی لەلایەن حکوومەتی تورکەوە بەو جۆرە بوو کە باسمان کرد. ئەو چەن عەسکەرەش کە لەگەڵی بوون بەشی زۆریان تورک نەبوون، بەڵکوو هەندێ نەفەر بوون لە عەرەبەکانی جەزایر. ئەمانەش بە بیری ژیان و لەوەڕ و بە جوورێکی تایبەتی شوێن ئوزدەمیر کەوتبوون. پەیوەندییان بە تورکیا وە یا بە کوردستانەوە نەبوو و لە ورگی خۆیان بەولاوە شوێن هیچ جۆرە مەبەس و ئامانجێک نەکەوتبوون. گەورەکانی تورکیش پەیتاپەیتا ئوزدەمیریان وریا ئەکردەوە و داوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە هەرچی ئەکا بەناوی خۆیەوە و لە وێنەی کردەوەی زابتێکی یاخی و سەربەخۆدا بیکا و بەئاشکرا پەیوەندیی بە حکوومەتی تورکەوە دەرنەخا. لەبەر ئەمانە وەکوو ئوزدەمیر خۆی باسی ئەکا[1] جەزایرییەکان لەگەڵ ئەوەشا کە ژیانی باش و هەموو پێویستێکی تریان بۆ جێبەجێ کرابوو، دوای گەیشتن بە ڕەواندز بە چەن ڕۆژێ بەهۆی تەفرەدانی دوو جەندرمی کۆنی عەرەبەوە کە لە ڕوودا خۆشیان بۆ خزمەتی ئوزدەمیر هاتبوونە ڕەواندز و پەنایان بردبووە بەر، ٢٠ نەفەریان (واتا ٢٠ نەفەر لە جەزایرییەکان) هەندێ لە وڵاخەکانی زابتە تورکەکان و گەلێ شتومەکیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو و بەرەو عەقرە، بۆ لای ئینگلیزەکان کەوتبوونە ڕێ؛ هەر لە نامەی ناوبراوا ئوزدەمیر، وا ئەگەیەنێ کە عەسکەر ئەخاتە شوێن ڕاکردووەکان و چەن نەفەرێک لەمانە و دوو جاسووسەکە ئەگیرێن و هەندێکیان لە ڕەواندزا هەڵئەواسێ و ئەیانخنکێنێ، بەڵام ئەم کارەساتە هەر بە وشەکانی ئوزدەمیرا دەرئەکەوێ کە بڕبڕەی پشتی هێزە بچووکەکەی ئەشکێنێ. لەبەر ئەمە زۆر بەکوڵ ئەکەوێتەوە داوا کردنی هێزی تازە لە حکوومەت و لە نامەیەکا کە بە ژمارە ٢١ و بە مێژووی ١٣٣٨/٧/١٢ بۆ جەبهەی ئەلجەزیرەی نووسیوە، ئەڵێ: «مەسەلەی ڕاکردنی جەزایرییەکان ئێمەی خستە وەستاوێکی گرنگەوە. ئیتر ئەوانە کە بۆ ئینگلیز هەوڵ ئەدەن و پڕوپاگەندە ئەکەن ڕێگەیان بۆ کرایەوە. تەنانەت خەتەکانی تەلەگرافیشمان لێ گیرا.

---

١. «وثیقە ـ ١٠» وەڵامی شفرەیەکە کە لەلایەن «قوت و إستخبارات»ەوە، بە مێژووی ٢٧ / ٦ / ١٣٣٨ و ژمارە ١٦٨٤ بۆ ئوزدەمیر نووسراوە.

بەهۆی کڕینی وڵاخەوە لە سنوورەکانی ئێران، هیوای ڕێکخستنی هۆی گوێزانەوەشمان نەما و نێرراوەکانمان بە دەسی بەتاڵ گەڕانەوە. بابەکری سەلیم‌ئاغا و شێخ محەممەدئاغای باڵەک و تەنانەت هەندێ لە پیاوەکانی سمیقو (سمکۆ)ش بەربەرەکانیمان لەگەڵا ئەکەن و بۆ سەرکەوتنی ئینگلیز هەوڵ ئەدەن. ئینگلیزەکانیش بە باوەش ڕووپیە بڵاو ئەکەنەوە.»

ئۆزدەمیر دوای ئەم وشانە و گەلێ باس و هەواڵی تر، دووبارە لە قوماندانی جەزیرە (واتا جەوادپاشا) ئەپاڕێتەوە و دوای ناردنی مەفرەزەکەی جۆڵەمێرگ ئەکا بۆ ڕەواندز. داوای تۆپ، هۆی گوێزانەوە و یارمەتی ئەکا و زۆر بەئاشکرا و ئازانە لە قوماندان ئەگەیەنێ کە کردەوەی بەڕاستی پێویستی بە یارمەتی خێرا و گورج‌وگۆڵ هەیە و تەنیا بە فشە و گاڵتە و قسەی زل هیوای گەیشتن بە ئامانج، شوێن خەیاڵ کەوتنە و هیچی تر...! بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە دێڕەکانی دوایینی نامەکەیا ئەڵێ:

«بەم حاڵەشەوە نابێ وا بزانن کە من ورەم بەرداوە و لە کردەوەی خۆم ئەکەوم. ئەوە باش بزانن کە نائومێدی ئیمانم بەهێزتر ئەکا و کەم‌هێزی ڕەگەکانی بەدەنم زیاتر ئەبزوێنێ. لەبەر ئەوە شێخ محەممەدئاغای باڵەکیان کە بەتەواوی دەسی داوەتە پڕوپاگەندە و خەریکە لەناو عەشیرەتەکانی کوردا بە بیانووی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتییەوە و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، خزمەتی سیاسەتی ئینگلیز ئەکا، بەتەمام کە ئەم هێزە بچووکەی هەمە بیکەمە سەری و بیگرم.»

زۆر سەیرە کە ئۆزدەمیر لەلایەکەوە لە نەبوونی تۆپ و چەکی تەواو و هۆی گوێزانەوە شکاتی ئەکرد و زۆر بەکوڵ لە گەورەکانی تورک ئەپاڕایەوە کە چەن عەسکەرێکی تری بۆ بنێرن و بگەنە فریای، لەلایەکی ترەوە هەر خۆی لغاوی بۆ ئەسپی خەیاڵ شل ئەکرد و ئەکەوتە سەودای کردنەوەی دوو جەبهەی حەرەکاتەوە، بەو مەبەسەکە لەلایەکەوە شارەکانی عەقرە، عەمادیە، دهۆک، زاخۆ و لەولای ترەوە ڕانیە و دەربەند و مەعموورە [قەڵادزێ] و کۆیێ و سلێمانی و کفری داگیر بکا. تەنانەت لە نامەیەکا[1] کە بۆ جەبهەی ئەلجەزیرە و بۆ قوماندانی هەرێمی حەکاری ئەنووسێ، دوای باسی شارەکانی سەرەوە،

---

١. ئەم نامەیە بە مێژووی ١٣٣٨/٨/٨ و ژمارەی ٢٩ لەلایەن ئوزدەمیرە و نووسراوە بۆ جەوادپاشای قائیدی جەبهەی ئەلجەزیرە و لە ژێر ناوی «وثیقە ـ ١٣»دا لە دەفتەرەکەی خۆیا نووسیویەتەوە.

ئەڵـێ: «ئەمەوێ ئاژاوە بگەیەنمە هەرێمی دیالە و بەم جۆرە عەشـیرەتەکانی عەرەب کە بە دۆسـتی تورک ناسـراون تێکەڵ بە شۆڕشـگێڕەکانی کورد بکەم و ناوچەی هێزی خۆم بگوێزمەوە قەڵای دووبن لە باباجیجک.» لەمەش مەبەسـی ئۆزدەمیر بەپێی قسەکانی خـۆی ئـەوە بـوو ناوچەی هەرێمـی هەولێر بخاتـە ژێر ترسـەوە کە لـەو ڕۆژەدا کرابوو بـە ناوچەی کۆبوونـەوەی لەشـکرەکانی ئینگلیـز و بەهـۆی میرانی قادربەگیشـەوە کە بە قسـە هاوپەیمانی تورکەکان بوو، ببێتە هۆی ڕاسـتبوونەوەی عەشـیرەتی خۆشـناو و گیرانی شەقڵاوە.

ئۆزدەمیر لە نامەکەیا ئەو تەرتیباتە کە بۆ بەجێ‌هێنانی ئەم کردەوانە دانابوو بەم جۆرە ئەگێڕێتـەوە: «شـێخی بارزان دانـراوە کە عەمادییە داگیـر بکا. فارس‌ئاغا ئەدا بە سـەر عەمادییە و عەقرەدا. عەبدولقادری ڕەئیسـی میسۆری (مزووری) و ڕەشیدبەگی ڕەئیسی بەرواری و شێخ ڕەقیب و شێخ عوبەید قۆڵەکانی ناوچە هەڵئەسووڕێنن و شێخ کاکەمین و ئەحمەدبەگـی قایم‌مەقام و نووری‌بەگی قوماندانی جەندرمە و میرانی قادربەگ ئەچنە سەر ڕانیە و دەربەند و کۆیێ و سلێمانی؛ پژدەرییەکان و مەنگوڕ و هەمەوەند هەڵئەکوتنە سەر شێخ محەممەدئاغای باڵەکییان...» ئینجا ئەڵێ: «ئەگەر هاتوو دهۆک داگیر کرا خەتی گەڕانەوەی زاخۆ ئەبڕێ. لە ڕەئیسـەکان نامەم وەرگرت، هەموویان ئامادەن...» بەڕاسـتی خەیاڵ هەر ئەوەندە بەهێز ئەبێ!! وەکی تریش ئەبێ زرنگیی سـەرەک عەشـیرەتەکانی کوردمـان لـە بیـر نەچێتـەوە کـە توانیویانـە لـە هەمـوو دەورێـکا بەم جۆرە سیاسـەتە، حاکمـەکان و سـەرکردەکانی کات و تەنانەت گەورەکانی حکوومەتـی ئینگلیزیش تەفرە بـدەن و خـۆیان نەک هەر لە شـەڕیان بپارێزن، بەڵکـوو بتوانن لێیان بچنە پێشـەوە و سوودیشیان لێ وەرگرن...

ئوزدەمیر و سلێمانی

ئوزدەمیر، دوای ڕاکردنی ئینگلیزەکان لە سلێمانی و دامەزرانی مەجلیسی میللی بۆ پاراستنی ناوشار و دەوروپشت لە خراپە و دەسدرێژی و ئاژاوە، بێئەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بکا، کەوتە خۆی و دەزبەجێ نامەیەکی دوورودرێژی نارد بۆ شێخ قادر.[1] لە بەندی پێنجەمی ئەم نامەیەدا ئەڵێ: «شێخ قادر! ئەبێ باش بزانن... بستێ جێ لەو خاکانەی کە لە «میساقی میللی»مانا دانراوە لە ژێر چنگی بێگانەدا نابێ بمێنێتەوە. ئینجا من بۆ ئەوە هاتمە کوردستان کە ئەم حەقیقەتە لە برا خۆشەویستەکانی سەر بە ئێمە و هاوپەیمانەکانمان تێبگەیەنم، تاوەکوو کوردەکانی برای دین و دۆستی دێرینمان نەبنە قوربانیی سیاسەتی ئینگلیزە خائینەکان و بە هاندانی ئەوان کۆسپ و تەگەرە نەهێننە ڕێگەمان...» دوای ئەوە ئەڵێ: «لەبەر ئەوە کە سەرپاکی وڵاتی مووسڵ خراوەتە میساقی میللی تورکەوە، هێزێکی خائینی وا بە بیرا نایەت کە بتوانێ و لەناو سنوورەکانی میللی ئێمەدا فەرمانڕەوایی بکا. تا ئێمڕۆ لەشکرە گەورەکانی تورک لە جەبهەکانی ترا خەریکی لەشکرەکانی دوژمن بوون و نەیانئەپەرژایە سەر ئەم هەرێمانە؛ ئەوا بە یارمەتی یەزدانەوە جەبهەکانی خۆراوا لە دوژمن پاک کرایەوە. لەبەر ئەوە لەم سەعاتەوە دەس ئەکەین بە پاککردنەوەی ئەم هەرێمە و پشت بە خوا زۆری پێناچێ کە لەگەڵ دوژمنا هەرچی خائینێک هەیە لە ناوچەی کوردستان ئەکرێنە دەرەوە...» نامەکە لەوانە نییە کە هەمووی بگۆڕین بە کوردی و لێرەدا بینووسین، بەڵام بەندی حەوتەمی، کە گرنگترین بەندی نامەکەیە و پەیوەندی بە شێخ مەحموود و بە مەسەلەی کوردەوە هەیە بە پێویستم زانی کە بەکورتی بیخەمە بەرچاوی خوێنەرەکان؛ لە بەندی ناوبراوا ئوزدەمیر ئەڵێ:

«... دوای برانەوەی شەڕی گەورە (موتارەکە)، شێخ مەحموود لە بیری ئینگلیزە مەلعوونەکان و لە مەبەسیان بەرامبەر بە مسوڵمانەکان باش تێگەیشت و بە هەموو

---

١. ئەم نامەیە بە مێژووی ١٣٣٨/٩/١٥ لە ڕەواندزەوە بۆ شێخ قادری وەکیلی سەرەکی حکوومەتی کوردستان نووسرابوو. لە ژێر ناوی «وثیقە ـ ١٨» لە دەفتەرە دەسخەتەکەی ئوزدەمیرا نووسراوەتەوە...

هێزییەوە بەرامبەر بە سیاسەتی ئەم حکوومەتە مەلعوونە ئازانە ڕاستبووەوە و غەزای لەگەڵ کردن. بەڵێ لە ئەنجاما بە دیل گیرا و تووشی دەردی گران و سەغڵەتی بوو، بەڵام ناوی بەرز و بەڕێزی لە دڵی عالەمی ئیسلاما جێگیر بوو. لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕزگاربوونی لە دیلی گەلێ دڵشادین و زۆرمان پێخۆشە کە ئەو بگەڕێتەوە سلێمانی و ببێتەوە بە سەرەکی حکوومەتی ئەم ناوچەیە، بەڵام نەک وا بزانێ کە بەخشندەی ئەم سەرەکییە ئینگلیزە و سەر لە عاستی ئەوانا بچەمێنێتەوە...» لە دواهەمین دێڕەکانی ئەم بەندەدا ئەڵێ: «باوەڕ ناکەین کە شێخ مەحموود بیەوێت ببێ بە سەرەکێکی وا کە تەفروتونایی مسوڵمانەکانی لە دوو بێ و ببێتە هۆی بەدناوی. ئێوەش کە هەر لەو شەجەرە پیرۆزەن، بە بیرمانا نایەت بە دەسیسەی نمروود[1] و هاوبیرەکانی تەفرە بخۆن و شوێن بیروباوەڕی ئەم مەلعوونە (مەبەسی لە مستەفاپاشایە) بکەون. ئینجا بۆ ئەوە کە لەلایەکەوە دوایی بە دووبەرەکییەتی خەڵقی سلێمانی بدرێ و دوودڵی و دووزمانی لەناوا نەمێنێ و لەولای تریشەوە بۆ ئەوە کە بەناوی حکوومەتی ئێمەوە (واتا بەناوی حکوومەتی تورکەوە) هەڵسووڕاندنی کاروباری هەرێمی سلێمانی بخاتە ژێر حوکمی ئێوەوە و هەرجۆرە یارمەتی و ڕێپیشاندانێک پێویستت بێ، بیکا و بە هەموو ڕەنگێک یارمەتیتان بدا؛ لە ژێر سەرەکی فەوزیبەگی یووزباشی کوڕی مستەفا نووریپاشای موشیردا، مەفرەزەیەک عەسکەرم نارده سلێمانی. هیوام وایە کە بە شیرینی بەرەوپیریان بکەن و بە گەیشتنیان بۆلای ئێوە دەزبەجێ و لە پیاوانی بەناموس و تێگەیشتوو دەس بکەن بە تەشکیلاتێکی ئیدارەی باش و بەکەڵک...»[2] ئۆزدەمیر پێش ئەوە نامەکەی سەرەوە

---

١. تەبەری لە کتێبی «جامع البيان عن تأويل القرآن» بەشی دەیەم، لاپەڕە ٥٤٣دا پێی وایە نمروود کورد بووە و پێشنیاری ئەوەی کردووە ئیبراهیم پێغەمبەر بخرێتە ناو ئاگرەوە، مستەفا کەمال ئاتاتورکیش مستەفاپاشای بە نمروودی کورد ناوزەد کرد، گوایە لە کاتی دادگایی کردنی خۆی و هاوڕێکانیدا وەک نمروود دڵڕەق و بێبەزەیی بووە. م.س.

٢. لە سلێمانی کە بۆ دامەزراندنی مەجلیسی میللی لە بیناکەی مەکتەبی ئیعدادی کۆبووبوونەوە، دەنگی گەیشتنی عەسکەری تورک بە نزیک سلێمانی بڵاوکرابووەوە و کەریمبەگی هەمەوەند مستەفاپاشای گرتبوو و حەپسی کردبوو. ئەم دەنگی هاتنی عەسکەرە ئەو ڕۆژە بە فێڵ و بە درۆی تورکخواکان درابووە قەڵەم، بەڵام ئەوا بەم نامەیەدا دەرئەکەوێ کە باسەکە ڕاست بووە و مەجلیسی میللی کۆسپی هێناوەتە ڕێی تورکەکان و هاتنیان بۆ ناو شارەوە...

بۆ شێخ قادر بنووسێت، نامەیەکی تری بە مێژووی ١٣٣٨/٩/١١ بۆ قوماندانی جەبهەکانی خۆرهەڵات و ئەلجەزیرە نووسیبوو و ئەیوت: «بەو ڕاپۆرتانەدا کە ئیمڕۆ وەرمگرتووە وا دەرئەکەوێ، ئینگلیزەکان کە مەبەسیان لە چۆڵکردنی سلێمانی ئەوەیە ئیستقلالی کوردستان بڵاو بکەنەوە، لە شارەکانی هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کەرکووک و هەولێریش ئەچنە دەرەوە و خەریکن کە هەچ هێز و بارخانەیەکی لەم هەرێمانەدا هەیانە بەشێکی بگوێزنەوە شەرقات لەسەر قەراغی دیجلە و بەشەکەی تریشی بگوێزنەوە شاری مووسڵ و بەوەدا کە بەرەو شارەکانی دهۆک و عەقرە و عەمادییە ناچن و لەم هێز و بارخانەیە هیچی بۆ ئەو ناوە نانێرن، وا دەرئەکەوێ کە تەنیا ئەو جێگانەیانە بەدەسەوە بمێنێ کە دانیشتووەکانی عەرەبن، واتا بەتەمان ئەو جێگانەی لێ دەرچێ کە ئەکەونە سەر خەتی زاخۆ ـ مووسڵ، بەلای خۆراوای ڕۆخی دیجلەدا، کە خەڵقەکەی عەرەبزمانن، ئەو دوای تری وڵاتی مووسڵ بخەنە سەر کوردستان...»

دوای ئەم وشانە ئۆزدەمیر جارێکی تریش ئەکەوێتەوە خەیاڵی خاو و ئەڵێ: «ئیمڕۆ سبەی شێخ قادری ئامۆزای شێخ مەحموود (شێخ قادر برای شێخ مەحموودە) بە نهێنی دێتە ڕەواندز بۆ ئەوە کە داوام لێ بکا لەشکر بنێرمە سەر سلێمانی و بیگرم. بۆ ناردنی لەشکر و گرتنی کەرکووک و هەولێر و چەمچەماڵ و «کۆیێ»ش گەلێ نامەیان بۆ ناردووم. لەولای تریشەوە ئێمە وامان بڵاوکردووەتەوە کە دەس ئەکەین بە پەلاماردان بۆ سەر عەقرە و ئەم کردەوەیەمان، واتا ئەم پەلاماردانە بۆ سەر عەقرە، بۆ ئێمە کردەوەیەکی سیاسیی گرنگە کە نابێ دوای بخەین. لەبەر ئەمە بەم مستە عەسکەرەوە کە هەمە چۆن بجووڵێمەوە نایزانم؟ بەڕاستی سەرم لێ شێواوە، ڕوو بۆ کام لا بکەم؟ بەتایبەتی لەوە زۆر مەترسیم هەیە کە کوردەکان بەهۆی چەن کەسێکی خاوەنتەماع و خائینەوە کە بۆ هەل ئەگەڕێن لەم بێهێزییەمان بکەونەوە هیوا و لە ماوەیەکی کەما لەم ناوەدا بیری کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستان دووبارە دەس پێبکا و بژێتەوە...»

جگە لەمانە ئۆزدەمیر، لە قوماندانی جزیرە (ئەلجەزیرە) وای ئەگەیاند کە بەتەمایە لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەوری شرناق،[1] لە باکووری زاخۆ و بۆ سەر زاخۆ هێرش بێنێ

---

١. شرناق یان شیرناخ (بە ترکی Şırnak، بە کوردی Şernax) ناوی یەکێکە لە شارەکانی باکووری کوردستان،

و ئــاژاوەی میللــی بخاتە ئەو ناوەش، بەڵام بۆ هەموو ئــەم هەڵلا و هێرش و داگیرکردنە بــەلای ئۆزدەمیرەوە، ناردنی مەفرەزەیەکی تری وەکــوو مەفرەزەکەی ڕەواندز بەس بوو و هەر لەسەر ئەم مەبەسە ئەڕۆیشت و نەیئەبڕییەوە...

فەوزی‌بەگی یووزباشی کە بە سفارشی ئۆزدەمیرەوە چووبووە لای شێخ مەحموود، لە سلێمانییەوە نامەیەکی دوورودرێژی ناردبوو. ئۆزدەمیر ـ وەکوو خۆی ئەڵێ ـ لەبەر گرنگی، ئــەم نامەیــە دەزبەجــێ و بێ‌زیادوکــەم وێنەیەکی ئەنووســێتەوە و لە ژێر ژمــارە ٥٩ و بــە مێژووی ١٣٣٨/١١/٣، بەهۆی فیرقەی هەشــتەمەوە ئەینێرێ بــۆ قائیدەکانی جەبهەی خۆرهــەڵات و جزیــرە. ئێمەش هەر لەبەر ئــەوە کە نامەکەی فەوزی‌بــەگ بە لامانەوە نامەیەکی مێژوویین و گرنگە گۆڕیمان بە کوردی و لە ژێرەوە ئەینووسین:

«١ـ لە وەڵامی پرســیارێکی شــێخ مەحموودا وتم: مەبەسمان لەم حەرەکاتە ئەوەیە کە هەچ هەرێمێ خرابێتە ناو ســنوورەکانی میســاقی میللییەوە بیگرینــەوە. ئینجا ئیمڕۆ کە ئیتــر لە شــەڕەکانی جەبهەی خۆرئاوا بە ســەرکەوتوویی لێبووینەوە، بــۆ ئەوە هاتووین و تێئەکۆشــین کە تا ســنوورەکانی جەبەل حەمرین، ئەو جێگانە داگیر بکەین کە بە وڵاتی تورک ئەژمێررێت و لە دەســتووری میللی تورکا پێشان دراوە. ئەوەشم عەرز کرد، کە ئەم بڕیارەمــان لەوانە نییە کە بگۆڕێ...» ئەم وشــانە بەکورتی بەشــێکە لــە نامەکەی فەوزی، جگــە لەمــە بــە نامەکەدا دەرئەکــەوێ کە لەلایەن عێراقیشــەوە شــێخ مەحــموود چەن پرســیارێکی لــە فــەوزی کردووە و ئەویــش بەپێی تــوانای خۆی و مەســڵەحەتی تورک وەڵامی داوەتەوە. ئینجا دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ وشــەکانی دوایینی شێخ مەحموود بەم‌جــۆرە ئەبێژێتــەوە و کورتــی ئەکاتــەوە و ئەڵێ: «شــێخ مەحموود بەکورتــی پێی وتم: من مســوڵمانم و خادیم و عەبدی دەوڵەتی عوســمانیم. ئەو جەور و حەقارەتەی ئینگلیز بــە منــی کردووە قەت لە بیرم ناچێتــەوە. من لە کاتێکا چووم بەگــژ ئینگلیزا کە زوربــەی هێزەکانیــان لە عێراقا بوو، بەڵام عەشــایری کورد کە لە پێشــا ســەرپاکیان ســوێندخۆری مــن بوون و شــەڕیان بۆ کردم لــە دواییـ‌یا لێم تەکینەوە. لە مەیــدانا بەتاقی‌تەنیا مامەوە.

لە کۆندا ناوەکەی «شــاری نووح» بووە و لەلایەن تورکەکانەوە پیتی ح گۆڕاوە بۆ خ بە تێپەڕبوونی کات بووە با شیرناخ. م.س.

بـوون بەهۆی ئەوە کە سـاڵەها لە وڵاتـی بێگانەدا دەردی دیلی بچێـژم. لەبەر ئەوە ئەبێ بزانن کە پشـت بە عەشـایر نابەسـرێت و بە هێزی عەشـایرەوە ئاژاوەنانەوە ئەنجامێکی باشـی لێ پەیا نابێ. بەتایبەتی ئاژاوەیێ کە تەنیا بە هێزی عەشـایر بکرێ و مەبەسـێکی میللی وە یا نەتەوەیی هانەهانەی نەدا و هێزێکی دەوڵەتی پشـتی نەگرتبێ سـەری قەت نەگرتووە و ناگرێ. ئینجا شـێخ مەحموود بۆ وێنە، باسی شەڕەکەی دەربەندی هێنایەوە و وتی: بەناموسترینی ئەو سەرەک عەشیرەتانە کە دوێنێ لەگەڵ ئێوە پێکەوە لە دەربەندا شـەڕیان کردبوو، گوللـەیان نابوو بە ئینگلیـزەوە، ئیمڕۆ لە ژێرەوە لەگـەڵ میجەر نۆئێل کەوتوونـە ئاڵوگـۆڕی نامـە و بەنهێنـی پارە و مەعاشـی لـێ وەرئەگرن، لەگەڵ ئەمەشـا بەسـەر زاریـی هـەر خۆیان بـە دۆسـتی ئێـوە ئەژمێـرن و واتان ئەبەنە مێشـکەوە کە ئامـادەن بـۆ یارمەتیتـان... دوای ئەمانـە وتی: «مەبەسـم ئەوەیـە کە لەم وڵاتـەدا تەنیا دۆسـتایەتی بـەس نییە. هێز و پارەش پێویسـتە و کـە هێز و پارەی بـوو، دوژمنیش بە ئامانـج ئەگا. ئێمە بێتوو هێزێکی کەمیشـمان هەبێ زۆرمـان ئیش پێئەکرێ، چونکە لە چەن حاکمێک بەولاوە ئیمڕۆ وڵاتەکەمان ئینگلیزی تیا نەماوە. ئەوەی لە ئێمە پێویستە ترسـاندنی چەن سەرەک عەشیرەتێکی سـەر بە ئینگلیزە. هێزێکی بچووکی دەوڵەتیش پێویستە کە ئاسایشی ناو شارەکانی پێ ڕاگرین و ئەوانەی پێ جەزرەبە بدەین کە لە ژێر بۆمبابارانی ئینگلیزا، کاتی پەشۆکاوی خەڵق بە هەل ئەژمێرن و بۆ ئاژاوە هەوڵ ئەدەن.»

بێتـوو دان بـە ڕاسـتی و حەقا بنێیـن ئەبێ بڵێین کە شـێخ مەحموود لـە گفتوگۆی ناوەنـدی خـۆی و فەوزیبەگدا زۆر بە وەسـتایی وشـەی هەڵبژاردووە و لـە وێنەیەکی سیاسـی و جوانا شـیرازەی باسـی هۆنیوەتەوە و گەیشـتووەتە سـەر مەبەس. بە فەوزی ئەڵێ: «ئینگلیزەکان کەرکووک و هەولێر و تا عەقرە، هەموو ئەو جێگانەکە لە ویلایەتی مووسڵدایە و کوردزمانن ئەیخەنە سەر کوردستان، بەو مەرجەکە منیش داوای ڕەواندزتان لـێ بکـەم وە یا لە خۆتانەوە بۆم چۆڵ بکەن.» بەڵام بۆ ئەوە کە تینی ئەم وشـانە لەسـەر فـەوزی گران نەوەسـتێ و ناخۆش نەبـێ، بەتایبەتی بۆ ئەوەش کە لـە ئەندازەی هێز و دەسـەلاتی ئۆزدەمیر بگا و تاقی بکاتەوە، هەر لـە دوای ئەمانەوە ئەڵێ: «لەبەر ئەوە کە بـەناوی باوەڕپێکراوێکەوە، بۆ تێگەیشـتن لە بیروباوەڕی من هاتـوون تکام وایە کە ئەم

وشـانەم بەبـێ کەموزیاد ببەن بۆ ئوزدەمیر و گەورەکانی تـر. من ئەزانم کە ئینگلیزەکان لـەم وشـانەدا ڕاسـتییان مەبەس نییـە و لەلایەن سـەربەخۆیی کوردستانیشـەوە هەر پەیمانێکیـان داوە درۆیـە و بـۆ تەفـرە دانی ئێمـە و بۆ ئەوەیـە کـە دوژمنایەتی بخەنە ناوەنـدی کورد و تورکـەوە و بمانکەن بە گژ یەکا، لەبەر ئەوە مـن بەرامبەر بەم وەعد و پەیمانانەی ئەوان نامەوێ بەئاشکرا کۆسپیان بێنمە ڕێ و سەرپێچی بکەم و کەموزۆر و تا بتوانـم تەفـرەیان ئـەدەم و کاتیان پێ ئەبەمە سـەر، تاوەکوو ئێـوە بڕیارێـک ئەدەن و ڕێوشـوێنێکی پوختە و تایبەتیم بۆ دائەنێن و ئاگـەدارم ئەکەن. ئەوەی منیش لە ئێوەم ئەوێ چوار شتە:

أ ـ ئەگـەر هێزێکـی حکوومەتـی ڕێک‌وپێکـی واتان بەدەسـەوە هەیـە کـە بتوانن شـارەکانی سـلێمانی و کەرکووک و تا سـنووری جەبەل حەمرینی پێ‌بگرن و بیانخەنە ژێر هێز و دەسـەڵاتی خۆتانەوە، بەبێ وەستان وەرن بۆ سەر سلێمانی. ئەوسایە منیش مسـتەفا نمروود و ئەوانەی کە هاوبیری ئەون هەموویان ئەگرم و بە گەیشتنتان بۆ ئێرە، لەگەڵ شـاوەکەدا بەدەسی بەسراو تەسـلیمی ئێوەیان ئەکەم. دوای ئەوەش خۆم لەگەڵ ئێوە وە یا هەر بەو هێزەی کە هەمە و بەدەسمەوەیە تا جەبەل حەمرین هەموو شارەکانی ترتان بۆ ئەگرم.

ب ـ ئەگەر هێزێکی واشـتان بەدەسـەوە نییە کە ئەم کارە بباتە سـەر و تەنیا لە من ئـەوەتان پێویسـتە کە خزمەتـی دوژمنتان نەکەم وە یا مەبەسـتان ئەوەیە کە دۆسـتی و یەکییەتی و فیداکاری خۆمتان بۆ دەرخەم، ئامادەم کە ئێستە بەم شەوە بە ماڵ‌ومناڵەوە سـلێمانی بەجێ‌بێڵیم و بۆ هەر جێگەیەک کە حکوومەتی تورک ئەیەوێ و بۆم دائەنی بچم و لەوێ دانیشم.

ج ـ هاتوو حکوومەتی تورک ئەمەی بە باش نەزانی ویستی لە بوونی من لەم وڵاتەدا بـە جۆرێکی تر کەڵکی پێ‌بگا ئامادەم کە بـە دڵ و گیان خزمەتتان بکەم، بەو مەرجە کە ئەگەر بە عەسـکەر و هێزێکی دەوڵەتیش ماوەتان نەبێ بە چەک و جەباخانەیەکی زوربە و تەواو بڕیاری یارمەتیم بدەن و ئەم چەکانە کە جێی شک نییە پێویستە تۆپێشی لەگـەڵ بـێ؛ ناردنی ئەمانەش بـۆ ئێمە بەهۆی چـەن زابتێکی باش و بـەکارەوە بۆ ئێوە

ئیشێکی گرنگ نییە، لە حاڵێکا ئەو زابتانە بەسەر زاری لە لەشکری تورک یاخی بن و بەو چەکانەوە خۆیان گەیاندبێتە ناو کوردەکان. ئەو وەختە منیش بە هەموو هەستییەکمەوە و هەر بە هێزی کوردەوە ئەکەومە کار و بۆ گرتنی هەموو ئەو جێگانە کە لە بەرنامەی شۆڕشەکەمانا بێ، لە خۆبەخت کردن لانادەم و هیوام هەیە کە بتوانم بە ئامانجی خۆتان بگەیەنم.

د ـ هاتوو ئەمانەی سەرەوە هیچیان بە مەسلەحەت نەزانرا وە یا نە ئەو هێزەتان بەدەسەوەیە کە سلێمانی پێ بگرن و ئاسایشی ئەم هەرێمەی پێ ڕابگرن و نە لەو وەستاوەدان کە بتوانن بەو چەک و جەباخانەیە چەکدارمان بکەن، کە بۆ ئەم کارە پێویستە، بە مەرجێ کە خۆتان بە باشی بزانن بڕوام پێ بکەن، ئەڵێم جارێ ئەم هێزە کەم و ناتەواوەتان بکێشنە دواوە بۆ ناو تورکیا، لەولای تریشەوە تا ئەتوانن خێرا و بەگورجی هێزی تر و جەباخانەی بخەنە تەک، تا ئەگاتە ڕادەیەک کە دەس بدا بۆ بزووتنەوەیەکی بەڕاستی و بۆ داوەشاندنی چەپۆکێکی زل و بەتین. تا ئێوەش ئەمانە جێبەجێ ئەکەن و ئامادەی بزووتنەوە ئەبن، منیش لێرە لەگەڵ ئینگلیزەکانا بە سەرزاری ڕێئەکەوم و بەشی خۆم چەک و جەباخانە و پارەشیان لێ ئەسێنم. بۆ ئەوە کە لە کاتێکا هێزەکانی ئێوە لە سەرەوە دێتە خوارەوە، منیش بە خۆم و هێزەکانمەوە ڕاست بمەوە و بەو چەکانە کە لە خۆیانم وەرگرتووە بکەومە وێزەیان و بیاندەمە بەر چەپۆک...» لە دوادێڕی نامەکەیا فەوزی ئەڵێ: «وا تێگەیشتووم کە شێخ مەحموود ئەوەی لە دڵایە کە لە بەرامبەر ئەم خزمەتەدا بکرێ بە والییەک، ئینجا لە مووسڵ ئەبێ وە یا لە سلێمانی؟ بە لایەوەیە کە...!»

ئۆزدەمیر لە ژێر شکڵ نووسی نامەکەی فەوزییا، بۆ قائیدی جەبهەکانی خۆرهەلات و جەزیرە ئەم وشانەی نووسیبوو: «بەرامبەر بەم بەیاناتەی شێخ مەحموود، تا لە خاوەن دەوڵەتتان ڕابەری (تەعلیمات) وەرنەگرم، بەناوی حکوومەتەوە وەلامدانەوە بەجێ نابینم. لەبەر ئەوە چاوەڕوانم کە زۆر بەپەلە وەڵامم بدەنەوە و ڕێوشوێنی پێویستم بۆ دابنێن و ئاگەدارم بفەرموون...»

جگە لەمە شێخ مەحموود ڕاستەوڕاست بۆ ئۆزدەمیر خۆیشی، بە مێژووی ١ی تشرینی دووەمی ١٣٣٨ نامەیەکی دوورودرێژی نووسیبوو و بۆی ناردبوو. لەم نامەیەدا ئەوەی

زیاتر بەرچاو ئەکەوێ و لە نامەکانی ترا باسی نەهاتووە ئەوەیە کە ئەڵێ: «سەرەکییەتی جەمعییەتی کوردستان کە لە کاتێکا من لە هیندستان بووم دامەزراوە بە من سپێررا و منیش بە شانازییەوە قبووڵم کرد. پەیمانی ئەوەشم دا کە لە خزمەت و یارمەتییانا درێغی نەکەم...»

هەر لەم بابەتەوە سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن و شێخ حەمە غەریبیش، یەکەمیان بەو ناوەوە کە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی، دووەمیشیان ڕەئیس، واتا وەزیری داخلیە بوو، سەروو نامەیان بۆ ئۆزدەمیر نووسیبوو...

گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و ئۆزدەمیر

ئۆزدەمیر بە بڵاوبوونەوەی دەنگی گەڕانەوەی شێخ مەحموود، زۆر بەگەرمی کەوتبووە کار. لەبەر ئەوە کاتێ کە گەیشتە سلێمانی و میجەر نۆئێل بەناوی حاکمی عامی بریتانیاوە لە کۆبوونەوەکەی بەر دەرگای سەرادا بڕیاری حوکمداری شێخ مەحموودی بڵاوکردەوە، ئۆزدەمیر بە مێژووی ١٣٣٨/١١/١ و ژمارەی ٥٦ی نامە (تەقریر)ێکی بۆ قوماندانی جەبهەکانی خۆرهەڵات و ئەلجەزیرە نووسی و لەم تەقریرەدا کە بەهۆی فیرقەی هەشتەمەوە ناردبووی، ئەیوت: «ڕۆژی ١٣٣٨/١٠/١٠ لە ئەمارەتی شێخ مەحموودا و لە ژێر پارێزگاریی ئینگلیزەکانا، دامەزرانی حکوومەتی کوردستان بە وێنەیەکی ڕەسمی بڵاوکرایەوە. هەیئەتی حکوومەت لە مانای خوارەوە پێکهاتووە:

١ـ باش‌قوماندان (سەرەک/قائید)، (شێخ قادری حەفید)

٢ـ ڕەئیسی داخلیە، (شێخ محەممەد غەریب)

٣ـ ڕەئیسی مالیە، (عەبدولکەریمی عەلەکە)[1]

---

١. عەبدولکەریمی عەلەکە (کەریمی عەلەکە) (١٨٦٧ - ١٩٤٨)، عەبدولکەریم ئەلیاس پۆڵس ئیبراهیم، ناسراو بە کەریمی عەلەکە، گەورە بازرگانێکی مەسیحیی ناسراوی شاری سلێمانی بووە، لە گرانی گەورەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بە پارە و خۆراک هاوکاری خەڵکی سلێمانی کردووە و دۆستی نزیکی شێخ مەحموود بووە. ساڵی ١٩٢٢ لە حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموودا وەزیری دارایی بووە ، ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٥ کۆچی‌دوایی کردووە و لە گۆڕستانی «کاسۆلیک» لە بەغدا بە خاک سپێردرا. م.س.

٤- ڕەئیسی مەعاریف، (مستەفا نمروود/ مستەفاپاشا)

٥- ڕەئیسی شەرع و عەدل، (مونحەل/ شاغر)

٦- ڕەئیسی گوومرگ، (ئەحمەدبەگی فەتاح‌بەگ)

٧- ڕەئیسی نافیعە (ئەشغال)، (محەممەدئاغای عەبدوڕڕەحمان‌ئاغا)[1]

٨- ڕەئیسی ئەمنییەتی عموومییە، (سەید ئەحمەد بەرزنجی)

٩- موفەتیشی عموومی کوردستان، (میرلیوا سدیق مەزهەرپاشا/ سدیق ئەلقادری)[2]

[تێبینی: ئەمەی سەرەوە بەندی یەکەم بوو. س]

لە بەندی دووەمی ئەم نامەیەدا ئۆزدەمیر ئەڵێ: «بۆ تێگەیشتن لە بیرو باوەڕی شێخ مەحموود و چوونە بنج و بناوانی مەبەستی دڵیەوە، فەوزی‌بەگی یووزباشی، یەکێ لەو زابتانە کە لە ژێر دەسمانە، خۆی گۆڕی و چووە سلێمانی، بەڵام جارێ نەگەڕاوەتەوە.

٣- مستەفا نمروود لە ڕۆژنامەی کوردستانا دەربارەی حکوومەتی تورک، وتاری زۆر خراپ بڵاو ئەکاتەوە. میجەر نۆئێل و مەولان‌زادە ڕەفعەت[3] و گەلێ زابتی تری بەغدایی

---

١. حەمەئاغای ئەوڕەحمان‌ئاغا (١٨٨٧ - ١٩٦٢)، باپیرەی ناوی عەبدوڵلائاغا کوڕی عەزیزئاغا کوڕی مەحموودئاغای مەسرەفە. ساڵی ١٩١٨ کە ئینگلیزەکان هاتنە شاری سلێمانی، لە دەورانی یەکەمی حوکمڕانیدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری سلێمانی، لە کابینەی دووەمی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودا، کراوە بە وەزیری نافیعە. ساڵی ١٩٢٣ لەسەر ڕاسپاردەی شێخ مەحموودی نەمر بە ئەندامی وەفدی دان‌وستانکاری کورد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز لە بەغدا دانرا. دوای شکستی جووڵانەوەی شێخ مەحموود، لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی سلێمانی کۆمەڵەیەکیان بەناوی هەیئەی وەتەنییە دامەزراند بۆ داوا کردنی مافەکانی گەلی کورد. ١٩٣٧ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. ساڵی ١٩٦٠ بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانییەوە لەلایەن ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم زیندانی کرا. تا کۆتایی ژیانی وەک کەسێکی کوردپەروەر مایەوە. ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٦٢ لە سلێمانی کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

٢. سدیق مەزهەر، پاشا نییە و ئەو ڕۆژە ڕەئیسی مەحکەمە بوو لە سلێمانی، بەڵام سدیق‌پاشا کە بە قادری ناوی دەرکردووە موفەتیشی عموومی کوردستان بوو.

٣. مەولانازادە ڕەفعەت (١٨٦٩ - ١٩٣٠)، سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەربەستی بوو کە ١٩٠٨/١٠/١٢ لە ئەستەمبووڵ دەرچووە. لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەڕەقییەکان بڕیاری کوشتنی مەولانازادە ڕەفعەتی خاوەنی ڕۆژنامەکە دراوە، بۆیە بە بەرنامەیەکی داڕێژراو لە ڕۆژی ١٩٠٩/٤/٦ لە ئەستەمبووڵ بە هەڵە سەرنووسەری سەربەستی (حەسەن فەهمی) دەکوژن. پاشان دەچێتە قاهیرە و ژمارەکانی ١٩٢-١٩٧ی لەوێ دەرکردووە. دوو جار چووەتە فەڕەنسا بۆلای «شەریف‌پاشای خەندان» و لەوێش لەسەر ئەرکی

گەیشتوونە سلێمانی.

٤ـ شکی تیا نییە کە سەید تەها و سیمقۆش ناسرەون و بێ‌دەنگ نامێننەوە و تێکەڵ بە حەرەکاتی کۆیێ و ڕانیە و دەربەند ئەبن...

قایمەقام ـ ئوزدەمیر»

سیاسەتی ئوزدەمیر بەرامبەر بە کورد

هەرچەنـدە ئوزدەمیـر، بەرامبـەر بـە کـورد و بەتایبەتی بەرامبـەر بـە گەورەکانی وەکوو شـێخ مەحمـوود و سـمکۆ و ئەوانـی تـر جیاوازییەکی ئەوتـۆی نەبوو، لە سـەرکردە و گەورەکانـی تـری حکوومەتـی تورک و بـە چاوێکی باش تەماشـای کـوردی نەئەکرد و متمانەی بە کەسیان نەبوو، بەڵام لە ڕواڵەتا وەکوو تورکەکانی تری نەئەکرد و تا ماوەیەک کین و بوغزی دڵی خۆی ئەشاردەوە و بۆ ئەوە تێئەکۆشا کە هیچ نەبێ ئەوانەی بەتەواوی نەکەوتوونەتە داوی ئینگلیزەکانەوە وە یا دەسـیان لێ وەشـێنراوە و جەزرەبەیان دراوە، لە خۆی نزیکیان بخاتەوە و بیانکا بە کۆسـپێ لە بەرامبەی سیاسەتی ئینگلیز، لەبەر ئەمە بە هەموو جۆرێ تەقەلای ئەدا کە شـێخ مەحموودی لە کیس نەچێ و بە گەیشـتنی بۆ سـلێمانی، یەک لـە دوای یەک زابتەکانی خۆی ئەنارده لای و بـە نامەی جوان‌جوان و دڵخۆشـکەرە، لـە بزواندنـی هیـوای خـۆی و قەومـی کـورد سـاتێ مـاوەی نـەدا. لەولای تریشەوە دوای ئەوە کە لە شێخ مەحموود هیوای دۆستایەتی پەیا کرد و تێگەیشت کە لەوانەیە کەمی تورکەکان بە زۆری ئینگلیز نەگۆڕێتەوە، بەتایبەتی کە بۆی دەرکەوت ئینگلیزەکان بەو جۆرە خۆی هەوڵی بۆ ئەدا سـەریان نەکردووەتە سەر شێخ مەحموود و ڕەنجـی لەگـەڵ نادەن و پشـتی پێ‌نابەسـتن، لەگـەڵ گەورەکانی خۆیا لـە دیاربەکر و

«شەریف‌پاشـا» جارێکی تر هەر بەناوی سەربەسـتی درێژەی بە دەرچوونی ڕۆژنامەکەی داوە. سـاڵی ١٩١٢ گەڕاوەتەوە ئەسـتەمبوڵ و دووبارە درێژەی داوە بە ڕۆژنامەی سەربەسـتی و بەهۆی سـووربوونی لەسـەر ڕەخنە و هەڵوێسـتەکانی جارێکی دیکە بە بڕیاری حکوومەتی «ئیتیحاد و تەرەقییەکان» ڕۆژنامەکەی داخراوە. دوای هاتنە سـەر کاری مستەفا کەمال ئەستەمبوڵ بەجێ‌دەهێڵێت و دەچێتەوە سووریا. لە سووریاش لە نێو دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی «خۆیبوون»دا جێگای خۆی دەکاتەوە. لە سـاڵی ١٩٣٠، لە شـاری حەڵەبی سووریا کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

لە تورکیا کەوتە ئاڵوگۆڕی نامە، لەلایەن هەندێ لەو شتانەوە کە شێخ مەحموود و سەرکردەکانی تری کورد داوایان لێ ئەکرد، بەڵام بەو نامانەدا کە لە وەڵاما ئەهاتەوە بۆ ئۆزدەمیر دەرئەکەوێ کە گەورەکانی تورک لە شێوەی سیاسەتی ئۆزدەمیر ڕازی نەبوون. لەبەر ئەوە کە نەشیائەویست نائومێدی بکەن، زۆر بەپێچوپەنا لەگەڵی ئەجووڵانەوە، بەڵام ئۆزدەمیر خۆی نەئەشکاند و بەرامبەر بە شێخ مەحموود، لە ئەندازەی پێچوپەنای گەورەکانی تورکا، فەنبازیی وشەی بەکار ئەهێنا و سەرنەکەوتنی خۆی لێ ئەشاردەوە. سەرەڕای ئەمە کۆمەڵەیەکی نهێنی[1] کە لە کەرکووکا دامەزرابوو و بۆ بڵاوکردنەوەی بیری تورکمانییەتی هەوڵی ئەدا و خۆی بەستبوو بە ئۆزدەمیرەوە، لەم ڕۆژانەدا لە گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و پەرەسەندنی نەشاتی کوردایەتی، بەتەواوی کەوتبوونە ترسەوە. لەبەر ئەمە لەبارەی مووسڵ و مەسەلەی کوردەوە بیروباوەڕی ئۆزدەمیریان ئەپرسی و تەنگاویان کردبوو. ئەیانویست کە بەرامبەر بە شێخ مەحموود و مەسەلەی کورد بزانن چۆن ئەجووڵێنەوە و چییان لەسەرە کە بیکەن؟ ئۆزدەمیر لە وەڵامی ئەم نامە نهێنییەدا بەم جۆرە وەڵامی کۆمەڵەی ئەدایەوە:

«نامەی نهێنی ژمارە ٤٢ی مێژووی ١٣٣٨/١١/٢٣تان وەرگیرا. ئەمە وەڵامەکەیەتی:

١ـ بەندی یەکەم وەڵامی نییە.

٢ـ بە بۆنەی گیرانی ڕێگاکان بە بەفر، ئەو تەلەگراف و نامە نهێنییانا (شفرە) کە لە بەینی ئێمە و جەبهەکان ئاڵوگۆڕ ئەکرا، ئیمڕۆ بەهۆی زەلامەوە (ساعی) ئەنێررێ وەڵامی دێتەوە. لەبەر ئەوە مەسەلەی مووسڵ بە چی گەیشتووە و چە شکڵێکی وەرگرتووە جارێ لە ئێمەشەوە دەرنەکەوتووە. لەگەڵ ئەمەشا ئەتوانین بڵێین کە جەبهەی ئەلجەزیرە، بۆ ئەوە کە لە کاتێ پێویستا بکەوێتە جووڵانەوە و کارێکی پێی ئەسپێررێ بەجێی بهێنێ مشووری خواردووە و خۆی ئامادە کردووە. لە کاتێ جووڵانەوەی لەشکرەکانی جەبهە،

---

١. ئەم کۆمەڵە نهێنییە (کرکوک مدافعە حقوق جمعیتی) لەوانە دروستکرابوو کە خۆیان بە تورک ئەزانی. بەشێکیشیان کە کورد بوون گەلێک هۆی وا لەناوا بوو کە لایەنی تورکەکان بگرن و بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی تورک هەوڵ بدەن. هەرچەندە نامەکەی کۆمەڵەی پارێزگارانی حقووقمان دەس نەکەوت، بەڵام بە وەڵامەکەی ئۆزدەمیرا کە بە مێژووی ١٣٣٩/١/١٩ و ژمارە ٩١، بە شفرە (تیب و ژمارەی نهێنی) بۆی نووسیوەتەوە تێئەگەین کە ناوەرۆکی نامەکەی کۆمەڵە چی بووە...!

دیارە بە فرۆکە ئاگادارم ئەکەن. منیش دەزبەجێ دەنگ لە کۆمەڵە ئەگێڕمەوە.

٣ـ تا ئیمڕۆ لەشکرەکانمان چاوەڕوانی ئەنجامی کۆنگرەی ئاشتی بوون. بێتوو مووسڵ بە ئاشتی نەدرێتەوە بە ئێمە پشت‌بەخوا بە جەنگ ئەیگرینەوە.

٤ـ ئینگلیزەکان بە هیوای پووچ‌کردنەوەی داواکانی نێرراوەکانی تورک، بەتەمان لە مەسەلەی مووسڵدا بیری پرسینەوەیەکی گشتی بخەنە پێشەوە، لەبەر ئەمە، لە کوردستانی نیوەڕۆدا خەریکن حکوومەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن و بەم‌جۆرە ژمارەی کوردەکان لە تورک بە زیاتر بنوێنن؛ واتا ئەیانەوێ لەبەر کەمی ژمارەیان، مافی تورک بەسەر مووسڵەوە نەیەڵن و ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی، بە سەربەخۆیی کوردستان و بەشی زوربەی دانیشتووانی مووسڵ تەفرە بدەن و تورکیان لە بیر بەرنەوە.

شێخ مەحموودیش کە تا ئەم ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە بووە و لە ڕاستی و دۆستایەتی بەرامبەر بە تورک دوانەکەوتووە، هەندێ بێ‌نیشتمانی[1] خەڵقی سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بیخەنە سەر بیری دوژمنایەتی لەگەڵ تورک. ئەمەش بەوەدا دەرئەکەوێ کە لەم دواییەدا بە بیانووی ئەوەوە کە ئینگلیزەکان سەربەخۆیی تەواو (ئیستقلالی تام) بە کوردستان ئەبەخشن بە قسە بۆ دەمکوت‌کردنی کوردەکان و نیشتمانپەروەرەکان شێخ مەحموودیش لە ئێمە داوای نیوە سەربەخۆیی‌یەک ئەکا...»

ئۆزدەمیر لەم نامەیەدا کە بۆ کۆمەڵەی نهێنی کەرکووکی نووسیوە زۆر بەدبینی و ناهومێدی پیشان ئەدا و ئەڵێ: «من لەگەڵ ئەوەشا کە بە شێخ مەحموود خۆی متمانەم هەیە و باوەڕ ناکەم کە بیر لە خراپە بکاتەوە وە یا بەرامبەر بە ئێمە دڵی گۆڕیبێ، بەڵام دیسانەوە لەم داوایەی سلێمانی کەوتوومە شکەوە و ناتوانم بیبەمەوە سەر بیرێکی خاوێن...» ئیتر ئۆزدەمیر زۆری لەسەر ئەڕوا و دەریئەخا کە لە عاست بیری سەربەخۆیی کوردا دەمارەکانی لەشی وەکوو باسقەندە ڕاست ئەبێتەوە. ئینجا ئەڵێ:[2] «لە بنچینەی تەشکیلاتی حکوومەتی مەجلیسی گەورەی میللەتا، قانوون، عینوانی

---

١. ئۆزدەمیر ئەو هەندە کەسە کە مەبەسی خۆیەتی بە «وطنسز» ناو ئەبا کە بە کوردی ماناکەی بێ‌نیشتمانە و مەبەسی لەمەش خائینە.

٢. بەندی پێنجەمی نامەکە.

پادشایی و حوکمداری تیا نییە، لەبەر ئەوە بە وێنەیەکی دڵسافانە شێخ مەحموود چۆن و لەبەرچی لە داوا کردنی ئەمجۆرە ناووناتۆرەیەدا پێدائەگری، تێی ناگەم؟! لەبەر ئەمە و بۆ لەدەستنەدانی شێخ مەحموود بە شکاندنی بەرامبەر بەوانە، کە هەوڵی دوورخستنەوەی ئەدەن لە ئێمە داوای ئەوەم لێکرد کە لەلایەن خۆیەوە وەکیلی باوەڕپێکراو بنێرێتە ئەنقەرە، بۆ گفتوگۆ لەبارەی کوردستانەوە و بۆ ئەو تەشکیلاتە کە لەوانەیە لە سنووری قانوونی ئەساسییا، حکوومەتی تورک بۆ ئەم وڵاتە بڕیاری لەسەر بدا.» لە دوای ئەمەوە ئۆزدەمیر ئەڵێ: «ئەوەشم بۆ نووسیوە (واتا بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە) کە تا ئەو ڕۆژەی لە ئەنقەرەوە بەهۆی وەکیلەکانییەوە وێنەی تەشکیلاتێکی دواینی ئەخرێتە ژێر بڕیارەوە، لێرەشا لە کوردستان وەکوو لە ئەنادۆڵ[1] کرابوو، ئەتوانێ لە ژێر سەرەکییەتی خۆیا هەیئەتێکی نوێنەرانی میللی دابمەزرێنێ و ئیدارەی وڵاتەکەی پێبیا بەڕێوە...»

ئۆزدەمیر[2] لە بەندی شەشەمی نامەکەیا ئەڵێ: «لە ئەنادۆڵیشا لە پێشەوە و لە کاتێکا کە هێشتا لە ژێر چنگی بێگانە ڕزگار نەکرابوو، هەڵسووڕاندنی کاروباری تورکیا، لەلایەن هەیئەتێکی بەمجۆروە ئەکرا کە ئەندامەکانی لە هەڵبژێراوانی شارەکان پێکهاتبوون و هەر ئەم هەیئەتی نوێنەرانە بوو، کە دوای ڕزگاری وڵات لە دوژمن، گۆڕا بە مەجلیسی گەورەی میللەت. ئینجا بەمەدا ئەبێ بزانرێ کە ئێمە ئیمڕۆ لەم وڵاتەدا ئەو جێگەیە ئەدەین بە شێخ مەحموود، کە لە وەختی خۆیا درابوو بە مستەفا کەمال غازی و باوەڕ ناکەین پایە و مەقامێکی لەمە بەرز و بڵندتر هەبێ کە بیدەینێ...!»

ئەو دوای ئەم نامەیە سەراپا دەربارەی سمکۆ و کردەوە خراپەکانییەتی کە خۆی ئەیدانە پاڵی. ئەمەش وا ئەگەیێنێ کە ئۆزدەمیر لەوە زۆر مەترسی ئەکرد کە سمکۆ بتوانێ ڕوو بە شێخ مەحموود وەرگێڕێ و لە تورکی دوور بخاتەوە...

❁❁

١. ئەنادۆڵ بە تورکیا وە یا ئاسیای بچووک ئەڵێن.

٢. ئۆزدەمیر، ئەم شتانە کە لەلایەن شێخ مەحموودەوە نووسیبووی بۆ کۆمەڵە نهێنییەکەی کەرکووکی ناردبوو، بە نامەیەکی تایبەتی و لەتەک فەوزیبەگی یووزباشی و ڕەمزیبەگی قایمەقام و ئەحمەد تەقیبا بۆ شێخ مەحموودیشی ناردبوو...

بەکورتی ئۆزدەمیر لەلایەن سمکۆوە کەوتبووە ئەندێشەیەکی گەورەوە. هەر لەو نامەیەدا کە بۆ کۆمەڵەی کەرکووکی[1] نووسیبوو، ئەیوت: ئەو نامانە کە سمکۆ بۆ سەرەک عەشیرەتەکانی کوردی ناردبوو، لە ڕێگە کەوتە دەس ئێمە. بەڕاستی، خیانەت و جنایەت هەر ئەمەندە ئەبێ!

سمکۆ لەم نامانەدا ئەڵێ: «بەو هێزانەوە کە لە هەولێر و سلێمانی پێکییەوە ئەنێم پەلاماری تورکەکانی ڕەواندز ئەدەم. ئێوەش (واتا ئەو سەرەک عەشیرەتانە) کە سمکۆ نامەکانی بۆ نووسیبوون بە خۆتان و عەشایرتانەوە بەڕواڵەت بۆ کۆمەکی تورکەکان و یارمەتیدانی ئەوان بچنە لای ئۆزدەمیر بۆ ڕەواندز و بیگرن. دوای ئێوە منیش بە هێزەکەی خۆمەوە هەڵئەکوتمە سەر ڕەواندز و هەر زابت و عەسکەرێکی کە لەوێ بێ ئەیانکوژین و شارەکە لە تورک پاک ئەکەینەوە...»

ئەمانەی سەرەوە قسەی ئۆزدەمیرە کە بۆ کۆمەڵەکەی کەرکووکی نووسیوە و بێتوو باوەڕ بەم قسانەی بکرێ، بەو نامانەدا کە ئەڵێ لە ڕێگەدا گیراوە و دەس ئەو کەوتووە، وای بۆ دەرکەوتووە (بۆ ئۆزدەمیر) کە سمکۆ بە مەبەسی ئەوە چووبووە سلێمانی کە یارمەتی لە شێخ مەحموود وەرگرێ و تەگبیری ئەوەی لەگەڵ بکا کە هەڵمەت بەرێتە سەر ڕەواندز و ئۆزدەمیر و مەفرەزەکەی لەناو بەرێ، لەبەر ئەوە ئەڵێ: «ئەوا ئەو مەرجانە کە ئەتوانین لەگەڵ شێخ مەحموودا بۆ وێنە بەڕێوەبردنی ئیدارەی سلێمانی لەسەری ڕێکەوین، بە چەن باوەڕپێکراوێکا[2] ناردمە سلێمانی. بێتوو ڕەئیسەکانی لە سلێمانی کۆبوونەوە، لەگەڵ شێخ مەحموود ئەم مەرجانە بە باش بزانن و بەڵێنی ڕێکەوتنی لەسەر بدەن، ئەو وەختە فەوزی‌بەگ کۆمەڵەکەتان[3] ئاگادار ئەکا، کە ئێوەش لە هەریەکە لە قەزاکانی کەرکووک، یەکێ وە یا دوو نوێنەری خۆتان بنێرن بۆلای شێخ مەحموود. خۆ ئەگەر خوانەخواستە هاتوو ئەم مەرجانەیان بە دڵ نەبوو و بەپێچەوانەی ئەوە کە هیوا ئەکرێ ناردیانە دواوە،

---

١. مدافعه حقوق جمعیتی.

٢. ئەم باوەڕپێکراوانە لە دوو تورک فەوزی‌بەگی یووزباشی و ڕەمزی‌بەگی قایمەقام و لە کوردێک ئەحمەد تەقی، واتا لە سێ کەس پێکهاتبوو.

٣. کۆمەڵە نهێنییەکەی کەرکووک جەمعیەتی مودافیعەی حقووق بوو.

ئێمـەش لە شـێخ مەحموود و سـلێمانی جیـا ئەبینەوە و ئێـوەش لەم ئەنجامـە ئاگادار ئەکەیـن...» بەڵام لە دوای ئەمانەوە ئوزدەمیر، دووبارە ئەگەڕێتەوە سەرباسـی سـمکۆ و ئەڵێ: «بەڵام بەرودوا، من لەو باوەڕەدام کە تا سمکۆ لە سلێمانی بێ هەرچی ئەکرێ وە یا بمانەوێ بیکەین، لەوانەیە سـەرنەگرێ وە یا بەپێچەوانەی مەبەسـی ئێمە، بێتە دی، لەبەر ئەوە یەکەم شتێ کە لەسەر کۆمەڵەتانە بیکەن، ئەوەیە کە بە هەموو هێزێکتانەوە هەوڵی دوورخسـتنەوەی سـمکۆ بدەن لە سـلێمانی و بە هەر جۆرێـک ئەبێ وا بکەن کە شـێخ مەحموود، بەڵکوو لە هەرێمی پژدەریـشا نەیحەوێنێتەوە. جگە لەمە پێویسته کـە کۆمەڵە تەنانـەت هاتوو سـمکۆش دوورخرایەوە تاوەکـوو فەوزیبەگ لە سـلێمانی ئەگەڕێتەوە و لە ئەنجامی گفتوگۆکە ئاگەدارتان ئەکا، بەرامبەر بە تەشـکیلاتەکەی شێخ مەحموود بە ئێ وە یا نە وەڵام نەدەنەوە و جارێ نەچنە ژێر هیچ بەڵێنێکەوە...»

تەقەلاکانی دەستەی ئۆزدەمیر لەگەڵ شێخ مەحموود و ڕۆژە سەختەکانی سلێمانی

بە هەموو ئەو باسانەدا کە لە سەرەوە هۆنیمانەوە، بۆ خوێنەرە بەڕێزەکان دەرئەکەوێ، کە شێخ مەحموود گەیشتەوە سلێمانی تا ئەوساتە کە ئۆزدەمیر، بۆ ڕێکەوتن لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردستان، مەرجەکانی خۆی بە سێ باوەڕپێکراوەکانا بۆ نارد، تەرازووی سیاسەت لەم هەرێمەدا لە لێژی نەکەوت و هەر ساتە لەسەر بارێک ئەوەستا. بەیانی بەلای ئینگلیزا مەیلی بکردایە، ئێوارە بە بارێکی ترا وەرئەگەڕا وە یا بەلای تورکا ئەچوو و هەر ساتە تا تەرازووی لایەکیان سەر ئەکەوت.

بەلامانەوە وایە کە هەروەکوو ئۆزدەمیر لە سیاسەتی کوردستانا تەمسیلی بەڕاستیی حکوومەتی ئەنقەرەی نەئەکرد، دائیرەی باوەڕپێکراوی (ئیعتمادی) بریتانیاش لە بەغدا لەم مەسەلەیەدا بەتەواوی نوێنەرێکی حکوومەتەکەی خۆی نەبوو، واتا لە بنچینەدا سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد، بۆ ئەو ڕۆژە لە ژێر پەردەدا بوو وە یا نەخرابووە ژێر باسێکی پوخت و کۆڵینەوەیەکی تەواو، واتا خەتە پانەکانی سیاسەت بەرامبەر بەم مەسەلەیە بە جۆرێکی ڕاست و ڕەوان نەکێشرابوو و نەخرابووە ڕوو. لەبەر ئەمە نوێنەرەکانی هەردوولا، تورک و ئینگلیز لەوە زیاتر کە نوێنەری دەوڵەتەکەیان بن، تەمسیلی نەفسی خۆیان ئەکرد؛ ئەمەش بووبوو بەهۆی ئەوە کە لە ڕاستی زیاتر لایەنی تەفرەدان بگرن و بە هەر جۆرێک ئەبێ شێخ مەحموود بخەنە ژێر کەمەندەوە.

بە وێنە کە شێخ مەحموود گەڕایەوە سلێمانی، مستەفاپاشای سەرەکی جەمعییەتی کوردستان و شێخ قادری حەفید، توانییان قازانجی ژیاندنەوەی کۆمەڵەی جەمعییەتی پێ بسەلمێنن و بیکەن بە سەرەک. ئەمە کە هەنگاوێ بوو بەرەو مەسەلەی کورد ئەهاویژرا و لە ماناداا شێخ مەحموودی لە تورک دوور ئەخستەوە، کەچی لەلایەن ئۆزدەمیرەوە بە جۆرێکی وا بەرەو پیری کرا کە تورکەکان کەڵکی لێ وەرگرن، چونکە ئۆزدەمیر، دەزبەجێ نامەیەکی نارد بۆ شێخ مەحموود و ناوی نا سەرەکی هەیئەتی

تەمسیلییە.[1] جگە لەمە بەناوی تورکەوە پیرۆزبایی پێشکەش ئەکرد. دوای ئەمەش فەوزی و ڕەمزی نارده لای و تا ماوەیەک بیریان بە شێخ مەحموود گۆڕی. ئینجا سمکۆ گەیشتە سلێمانی و ئوزدەمیر دووبارە کەوتەوە مەترسی و ئەندێشە. شێخ مەحموودیش زانی لە هەل چۆن کەڵک وەربگرێ؛ بەناوی دەمکوت کردنی سەرەک عەشیرەتەکان و نیشتمانپەروەرەکانەوە ڕووی کردە تورک و دەسی کردەوە بە داوا کردنی حەقی کورد و دامەزراندنی چەشنە ئیدارەیەکی سەربەخۆ. وای لە ئوزدەمیر گەیاند کە پووچ‌کردنەوەی سیاسەتی ئینگلیز، بەسراوە بە ڕەوشتی تورکەوە لەگەڵ کوردەکان، واتا بەرامبەر بە بیری دروست‌کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە ژێر چاودێری ئینگلیزا، لە تورکەکان داوای چەشنە ئیدارەیەکی ئەکرد کە لە سەربەخۆیی‌یەوە و ئێجگار دوور نەبێ.

ئوزدەمیر کە لە وەستاوێکی وادا نەبوو بکەوێتە باسێکی بەم جۆرە گرنگەوە، دیسانەوە ناچار ما کە ڕشتەی گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحموودا نەپسێنێ و تا ماوەیەک لەگەڵ حکوومەتی تورکا باسی مەسەلەی کوردی خستە پێشەوە. لەم دەورەدا شاری سلێمانی بووبوو بە ناوچەی نەشاتێکی سیاسی. زوربەی سەرەک عەشیرەتەکان لە هات‌وچۆدا بوون و بەشێکی گەورەی ئەمانە لە سلێمانی بە دیار شێخ مەحموودەوە دانیشتبوون. سمکۆ و هەندێ لە نیشتمانپەروەرەکان لەگەڵ ئەم سەرەک عەشیرەتانە و ئەوانیش لەگەڵ شێخ مەحموودا خەریک بوون.

ئیتر تەنافی سیاسەت ڕوو لە پچڕان و گلۆلەی تەقەلاکانی هەردوولا بەرەو لێژ ئەچوو. لەگەڵ ئەمەشا کردنەوەی گرێکان و سەرخستنی مەسەلەی کورد بەسرابوو بە کردەوەی ئینگلیزەکانەوە، بەڵام ئینگلیز لەو ڕێگەوە نەئەڕۆیشتن کە شەعب، واتا خەڵقەکەی پیا ئەڕۆیشت، چونکە ئینگلیز باوەڕیان بە خەڵق نییە و دان بە هەستیی خەڵق و هێزی خوێندەوارا نانێن. لەناو نەتەوە ژێرکەوتووەکانا و وڵاتەکانا کە داگیری ئەکەن،

---

١. لە پێش ئەمەدا باسمان کرد کە ئوزدەمیر لە هەیئەتی تەمسیلییە مەبەسی ئەوجۆرە حکوومەتە بوو کە لە کاتی داگیرکرانی بەشێکی وڵاتی عوسمانی لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتە بێگانەکانەوە، مستەفا کەمال دایمەزراندبوو و دوای پاک‌کردنەوەی تورکیا لەم هێزانە گۆڕابوو بە حکوومەتی مەجلیسی گەورەی میللەت، واتا «بویوک ملت مجلسی حکومەتی».

داری دەسی ئەوان، تەنیا خانەوادە ناودارەکان و سەرەک عەشیرەتەکانن. لەبەر ئەمە لەو ڕۆژەشا باوەڕیان بە چەن سەرەک عەشیرەتێکی دووڕوو کردبوو و تەفرەیان خواردبوو؛ تا ئەو ساتە کە موئتەمەری سەرەک عەشیرەتەکان بڕیاریان دا و بۆ داوا کردنی حقووقی کورد و سەربەخۆیی ئیدارەی کوردستان، ڕوویان کردە تورک. ئیتر ئەمە بوو بە نوقتەی ڕوو لادان و وەرگێڕان!

ئینگلیزەکان بۆ گفتوگۆ لەبارەی کوردستانەوە ڕوویان کردە سەید تەها و بانگیان کردە بەغدا. ئەمەش بوو بە یەکێ لەو هۆیانە کە ئۆزدەمیر و تورکەکان بخاتە ترسەوە. لە ڕاستییا ئۆزدەمیر بەمە تەنگاو بوو و بەرامبەر بە داواکانی شێخ مەحموود و سەرەک عەشیرەتەکان، لە منجەمنج کەوت. شێخ مەحموودیش بەسانی سیاسییەکی زرنگ نەک لە ڕوو وەرگێڕانی ئینگلیز و بەربەرەکانی سەید تەها بترسێ و بەئاسانی خۆی فرێداتە باوەشی تورکەکانەوە، بەڵکوو پەیابوونی ئەم دوژمنە تازەیەی بە هەل ژمارد و کەوتە خۆی. لە پێش هەموو شتێکا ڕایسپارد کە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن[1] و شێخ حەمە غەریبی[2] ڕەئیسی داخلییە سەرو نامەیان نووسی و ناردیان بۆ ئۆزدەمیر.

سەید عەبدوڵڵا لە نامەکەیا ئەیوت: «وەکوو ئیمڕۆ خەبەرمان وەرگرتووە، ئینگلیزەکان لە بەغدا لەگەڵ سەید تەها ڕێکەوتوون و جگە لە هێز و جەباخانەیەکی زۆر، «یەک ملیۆن ڕووپیە»شیان داوەتێ و بەم هێز و پارەیە و بۆ دەرکردنی ئێوە لە ڕەواندز

١. سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن: وەکیلی موتەسەریفی حاجی سەید حەسەن. م.س.

٢. شێخ حەمە غەریب (١٨٧٢- ١٩٦١)، کوڕی شێخ مارفی قازانقایە و پشتاوپشت دەچنەوە سەر ساداتی بەرزنجە. فاتمەخانی کچی شێخ سەعیدی حەفید هاوسەری بووە. ١٩٠١ بەڕێوەبەری ناحییەی سوورداش بووە. ١٩٠٤ بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەداغ بووە؛ پاشان ١٩٠٦ کراوە بە وەکیلی قایمەقامی شارباژێر. خولی یەکەمی حوکمڕانی شێخ مەحموود قایمەقامی شارباژێر بووە. لە شەڕی دەربەندی بازیان، لە ١٩١٩/٦/١٨ لەگەڵ شێخ مەحموودا دەستگیر کراوە و سەرەتا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و دواتر دوورخراوەتەوە بۆ هیندستان. ساڵی ١٩٢٢ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. لە دووەم خولی حوکمڕانی شێخ مەحموودا ڕەئیسی داخلییە (وەزیری ناوخۆ) بووە. لە خولی سێیەم ڕەئیسی مەجلیسی میللی و ڕەئسی داخلییە، دواتر لەگەڵ شێخ مەحموود دەبێتە پارتیزان و تاوەکوو ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لە ١٩٦١/٤/٢٦ کۆچیدوایی دەکا. م.س.

وە یا بـۆ لەناوبردنتـان، ئەکەویتە ڕێ و سـێ ڕۆژی تر ئەگاتە کەرکـووک...»[1] دوای ئەمە ئەیوت:« شێخ مەحموود، بۆ بەربەرەکانی ئەم هێزە و بۆ سەرنەکەوتنی سەید تەها چی پێویست بێ جێبەجێی کردووە...»

بـەڵام نامەکەی شـێخ حەمە غەریـب زۆری جیـاوازی هەیە لەگەڵ نامەکەی سـەید عەبدوڵلا. بەشی زۆری باسی خۆیەتی و ئەو خزماتانەیە کە باوباپیری هی تورکی کردەوە و باسی ئەوەیە کە خۆشی ڕەوشتی ئەوانی گرتووە و لەسەر ئەو پێوشوێنە ئەڕوا. سەرەڕای ئەمە داواش لە ئوزدەمیر ئەکا کە بۆ یارمەتی حکوومەتی شـێخ مەحموود، هەندێ هێزی عەسکەرییان بۆ بنێرێ.[2] لە پێش ئەم نامانەدا شێخ مەحموود خۆی بە سەید محەممەدی

١. سـەید تەها لەم ڕۆژانەدا هاتبووە بەغدا. لەلایەن ئەم هاتنەی سـەید تەهاوە، میس بێل ئەڵێ: «... بەخت باشـی هێنا و لە کاتێکا کە سـەرەتای ئاژاوە لە سـلێمانی دەسـیپێکردبوو، سەید تەهای شـەمدینان گەیشتە بەغدا...» ئینجا دوای ئەوە کە باسـی سـەید تەها خۆی و باوباپیری ئەکا و ئەوە ئەگێڕێتەوە کە چۆن لە پێش شەڕی گێتی یەکەما دۆستی نزیکی ڕووسەکان بووە و خەریک بوون بیکەن بە سەرەکی کوردستانی سەربەخۆ کە ئەیانویسـت لە ژێر چاودێری خۆیانا دروسـتی بکەن... ئینجا ئەگەڕێتەوە و ئەڵێ: «... مەبەسی سەید تەها لەم هاتنە بۆ بەغدا ئەوە بوو کە پێ لە کاربەدەستەکانی ئینگلیز داگرێ بۆ دروستکردنی کوردستانێ کە وڵاتی کوردەکانی ئێرانیشـی لەناوا بێ لە ژێر چاودێری بریتانیا، بەڵام بەئاشـکرا تێیانگەیاند کە لەبارەی کوردەکانی ئێرانـەوە و جیاکرانەوەیان لە ئێران نابێ هیوای یارمەتی لە ئینگلیز بکا و زۆری پێ تێکچوو، بەڵام بەمە هیوای نەبڕی و پێی وتن: با ئینگلیزیش یارمەتی کورد نەدا وە یا کۆسپیان بێنێتە ڕێ، چارە نییە کوردەکانی ئێران هەر ئەبێ لە ئیدارەی ئەوێ جیا بکرێنەوە و بخرێنە سەر کوردستان...» دوای ئەم وشانەش میس بێل ئەڵێ: «لەگەڵ ئەمەشـا هاتە سـەر ئەوە کە لە یارمەتی ئێمەدا چی بتوانێ بیکا، بێ ئەوە کە بۆ دروستکردنی ئەو کوردستانە کە خۆی و هاوبیرەکانی بڕیاریان لەسـەر داوە، لە تێکۆشان و تەقەلا دوا بکەوێ. ئینجا ئەویش لە ئینگلیزەکان چەن شتێکی داوا ئەکرد...»

لـە ئەمانە «فصول من تاريخ العراق القريب» لاپەڕە ١٠٩ی مامۆسـتا جەعفەر خەیات، واتا لە تەرجەمەی عەرەبی کتێبەکەی میس بێل وەرگیراوە.

وریایی: ئەو شـتانە کە سـەید تەها لە ئینگلیزەکانـی داوا کردووە لە تەرجەمـەی کتێبەکەی میس بێلدا نووسـراوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئێمە لە پێشـتر ئەمانەمان نووسـیبوو بە پێویستمان نەزانی لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

٢. شێخ حەمە غەریب وادیارە ئاگای لەوە نەبوو کە ئوزدەمیر لەم حەلەدا تەنیا ٩٨ نەفەری لە ژێر دەسا بوو و هەر تەقەلایەک کە بۆ ناردنی ١٥٠ نەفەرێکی تر کە لەلایەن قیادەی جەبهەی ئەلجەزیرە ئەیدا سەری نەئەگرت وە یا بۆیان جێبەجێ نەئەکرا.

موفتییا و دوای ئەویش بە عەبدوڵلائاغای حاجی حەمەسەعیدا دوو نامەی بۆ ئۆزدەمیر ناردبوو، بەڵام نامەکانی وەکیلی موتەسەریف و شێخ حەمە غەریبی وەزیری داخلییە، بە مەجیدبەگی حاجی ڕەسووڵ‌بەگا نێررابوو، کە یەکێ بوو لە زابتەکانی دەوری عوسمانی.

ئۆزدەمیر، وەکوو لە سەرەوە وتمان لە مەسەلەی سەید تەها کەوتبووە ترسەوە و بە پەلەپەلە وەڵامی نامەکانی شێخ مەحموودی دایەوە. لەم وەڵامەدا بەرامبەر داواکانی گەورەکان و سەرەک عەشیرەتەکانی کورد بۆ جۆری ئیدارەی کوردستان لە ژێر سەرەکییەتی شێخ مەحموود، ١٠ مەرجی دانابوو و بە هەیئەتێکی سێ کەسیدا[1] ڕەوانەی سلێمانی کردبوو. تکای ئەوەشی لە شێخ مەحموود ئەکرد کە لەگەڵ سەرەک عەشیرەتەکان و گەورەکانی کوردا بیخوێننەوە و ئەگەر بە باشیان زانی و بڕیاری گشتی لەسەر درا بەناوی کوردەوە ئیمزای بکەن و دوو وێنەی بە باوەڕپێکراوی خۆیانا بنێرنەوە ڕەواندز، بۆ ئەوە وێنەیەکیان لای ئۆزدەمیر بمێنێتەوە و وێنەکەی تریشیان هەر بەو باوەڕپێکراوانەدا کە نوێنەری ئۆزدەمیریشیان ئەخرێتە تەک، بنێرێتە ئەنقەرە کە لەلایەن مەجلیسی گەورەی میللەت و حکوومەتی تورکەوە بڕیاری دوایینی لەسەر بدرێ.[2]

موئتەمەری سلێمانی و بڕیاردان لەسەر مەرجەکانی ئۆزدەمیر

دوامین ڕۆژەکانی زستانی ١٩٢٢ بوو. شاری سلێمانی لەبەر سوارەی عەشایر جمەی ئەهات. لە کوڵانەکان و ناو بازاڕ لەبەر هات‌وچۆکەری چەکدار ڕێ بەرنەئەکەوت. دیوانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان پڕ بوو لە گەورەگەورەکانی کورد و سەرەک عەشیرەتەکان. نەشاتێکی سیاسی، نهێنی و ئاشکرا لەناوا بوو. وڵاتی کورد بەرەو کارەساتێکی گرنگ و سامناک ئەچوو، بەڵام بەشی هەرە زۆری خەڵق ئاگایان لە هیچ نەبوو. ماڵان و چاخانەکان، وەکوو ئیمرۆ لەگەڵ گێتیا نەئەژیان، چونکە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن نەکەوتبووە عێراقەوە و تەنانەت ناویشی نەبیسرابوو. ڕۆژنامەکانی بەغداش

١. ئەم سێ کەسە وەکوو لەمەوبەر باسمان کردبوو، فەوزی و ڕەمزی و ئەحمەد تەقی بوون و ١٠ مەرجەکەیان بەناوی ئۆزدەمیرەوە بە ئیمزای هەرسێکیان پێشکەش بە شێخ مەحموود کردبوو.

٢. لە جێی خۆیا باسی ئەم ١٠ مەرجانەتان بۆ ئەکەین...

بە ڕێک‌وپێکی نەئەهات و بە دانوسقە چنگ ئەکەوت. هۆی گوێزانەوە و هات‌وچۆش کەم و بێ‌کەڵک، ترسـی ڕێگاکانیش کەمێک بووبوو بە سـەربار. بەکورتی ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی بوون لە عالەمێکی ترا ئەژیان و ئاگایان لە هیچ نەبوو. وەکوو کورد ئەڵێ: «لە بێ‌خەبەران کەشکەک سەڵاوات!»

ئـا لـەم ڕۆژانـەدا بوو کـە لەلایەن ئوزدەمیـرەوە بۆ سـلێمانی بە فـەوزی و ڕەمزی و ئەحمەد تەقیبا و لەلایەن شێخ مەحموودەوە بۆ ڕەواندز، بە سەید محەممەدی موفتی و عەبدوڵڵائاغای حاجی حەمەسەعید و مەجیدبەگی حاجی ڕەسووڵ‌بەگا، پەیتاپەیتا نامە سیاسـییەکان و گرنگەکان ئەهات و ئەچوو. گرنگترینی ئەم نامانە وەکوو ئەمانبیستەوە ئـەو مەزبەتەیـە بوو، کە بۆ سـەرگرتنی پێکەوە ژیانـی کورد و تورک چـەن مەرجێکی تێخرابوو. ئەیانوت تا ئەم مەزبەتەیە نووسرابوو، لە دیوانی مەلیکدا شەوها ڕۆژ کرابووەوە، بەڵام بە ئەنجام بڕیاری هەر لەسـەر درابوو و لەلایەن زوربەی سـەرەک عەشـیرەت و گەورەکانی کوردەوە ئیمزا کرابوو و نێررابوو بۆ ئوزدەمیر. ئینجا فەوزی و ڕەمزی و ئەحمەد تەقـی، لە وەڵامـی ئەم مەزبەتەیەدا بوو کـە مەرجەکانی تورک وە یا هـی ئوزدەمیریان هانیبوو و هاتبوونە سلێمانی.

لـە کاتێکا کە هەیئەتی ناوبراو لە دیوانی مەلیـک دابەزیبوون و مەرجەکانی تورک خرابووە ژێر باس و وردکردنەوە، لەناو شارا، وەکوو لە جێی خۆیا باسمان کردبوو، دەنگێکی وا بڵاوکرایەوە کە زۆر کەس لە خۆیان کەوتنە شکەوە. ترسیان لێ‌نیشت و هەندێ کەس هـەر بەتەمـای ژیان نەمابوون. چەن نەفەرێکـی نەفام و نەخوێنـدەوار ئەیانوت فتوا دەرکـراوە، منەوەرەکان ئەکـوژن. منەوەر، ئەو ڕۆژە بەوانە ئەوتـرا کە خوێندەوار بوون و لە تەمەنی لاوی و غویابییا بوون؛ بەتایبەتی ئەو بەشـەیان کە بەسانی قوتابی قوتابخانە بەرزەکانـی ئیمرۆ خوێن‌گـەرم بوون و لافی نیشـتمانپەروەرییان لێ‌ئـەدا. بەکورتی ئەو لاوانـە کـە کوردپەروەر بـوون و بەهۆی هانەهانەی چەن مامۆسـتایەک و پێنج‌شـەش زابتـەوە بووبـوون بە ڕابـەری خەڵق و لە کوردسـتان بـەولاوە پەرەسـتیدەیەکیان نەبوو، ئەوانـە کە لە هێزی وشـە و خوێنی گەرم بـەولاوە چەکێکیان نەبوو و دەسـمایەیەکیان شـک نەئەبـرد. بەڵـێ ئەمانە منەوەر بـوون وە یا منەوەریان پێ‌ئەوتـن، بەڵام نەک بە

مانای ستایش! بەڵکوو بە مانایەک کە ناشێ بۆ ئەوجۆرە لاوە بەڕێزانە و ڕۆڵە کوردانە بەکار بهێنرێت، چونکە مەبەستی ئەو چەن نەفەرە لە منەوەر، بێدینەکان، واتا ئەوانە بوون کە دوژمنی ئیسلام و خائینی تورک بوون. ئەوانەی ئەمەیان ئەوت حەقیشیان بەدەست بوو، چونکە هەموو چەن کەسێک بوون لە دەستەی نۆکەر و دەس‌وپێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، بەلام ئەوەی جێی داخە ئەوە بوو کە چەن نیوە مەلایەکی وشک و بێ‌سەلیقە و کەم‌چێکڵدانەیان لە دواوە بوو کە لە پلەی زانستیشا زۆر لە ژوور ئەوانەوە نەبوون.

ئەوی سەیرە ئەوەیە کە دەستەی مەلا درۆزنە[1] و نۆکەر و دەس‌وپێوەند، هەر منەوەریان نەگرتبوو بە دەمەوە. ئەم دەستە دەهۆڵ‌ژەنە کەوتبوونە وێزەی ئەوانەشەوە کە بە نۆکەری ئینگلیز وە یا بە جاسووسیان دائەنان. خۆزگە هەر لەگەڵ ئەمانەش خەریک بوونایە و ئەمانەیان ڕیسوا بکردایە. ئەوسا کە منەورەکانیش ئەکەوتنە خۆشییەوە و چەپڵەیان بۆ لێ‌ئەدان، بەلام داخەکەم بەلای دەهۆڵ‌ژەنەکانەوە منەوەر لەگەڵ نۆکەری ئینگلیز وە یا لە خائین بەعاستەم جیا ئەکرایەوە...

جەمال عیرفان تازە کوژرابوو. سدیق ئەلقادری (پاشا)ی موفەتیشی عمومی حکوومەتی کوردستان بە نیوە دەرکراوی گەڕابووەوە بەغدا.

فەتاحی ژن‌برای مەلیک، لە ئەنقەرەوە تازە گەیشتبووە سلێمانی. چەپمەنی وەکیلی نۆئێلی نوێنەری بریتانیا چەن ڕۆژێک بوو تۆرابوو و چووبووە کەرکووک.

سمکۆی دۆستی دێرین و جێ‌هیوای مستەفاپاشا میوانی بەڕێزی مەلیک بوو، بەلام مستەفاپاشای وەزیری مەعاریف، لە ماڵەکەی خۆیا خرابووە ژێر چاودێری پۆلیسەوە. دەستەی نۆکەران، لە دەم نیوە مەلاکانەوە، فتوایان دەرهێنابوو و ئەو ترس و هەراسەیان خستبووە ناو شارەوە... تا پێش ئەم حاڵە بە چەن ڕۆژێ، من لەسەر ڕەسم و عادەتی جاران ئەچوومە خزمەت شێخ مەحموود و نانی نیوەڕۆشم لەسەر خوانی تایبەتی خۆی ئەخوارد. پاشنیوەڕۆیەک چامان ئەخواردەوە، کە نۆکەرێک هات و عەرزی شێخ

---

١. تکام لە مەلایانی بەڕاستی و بەڕێز ئەوەیە کە باوەڕ بفەرموون من لە هەموو کەسێ زیاتر بە چاوی حورمەتەوە ڕوانیومە و ئەڕوانمە ئەوان، بەڵام ئەوانە کە لێرەدا باسیان ئەکەم، لەڕاستییا مەلا نەبوون...

مـوودی کرد، وتی: قوربان مستەفاپاشـا دیسـان هاتووە و ئەیـەوێ بێتە خزمەتتان. ووی: بڵێین نوسـتووە! کە کابرای نۆکەر گەڕایەوە، وتی: پاشا ئەڵێ، نەنوستووە، بەڵام یـکی تورکەکانە! شێخ مەحموود بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: حەقیەتی! ئەیەوێ یاری بینێرم بۆ مستەفا کەمال...!

بەشی حەوتەم

تۆفیق وەهبی و شێخ مەحموود

ئامادە کردنی بەرگی حەوتەم:

پاکیزە ڕەفیق حلیمی

پێشەکی

ـدەواری بەڕێز و خۆشەویسـت، دەمێک بوو بە ئاواتەوە بووم یادداشتەکانی باوکم
تی، ئەوەی چاپ کرابوو، دووبارە چاپی بکەمەوە و ئەو بەشە دەسنووسەی ماوە لە
ـدا چاپ بکەم. خوا یار بوو دوو سـاڵ لەمەوپێش بەشە چاپکراوەکانم بەیارمەتی
ای ڕۆشـنبیری و لاوان لە هەولێر چاپ کردەوە. بەشـە دەسنووسەکەی هەر مایەوە.
،ڕێی هەلێک بووم هەڵکەوێت و ئەویش چاپ بکەم. خوا ئەمجارەش دیسـان یار
بەهۆی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بڕیار درا ئەویش چاپ
ێ و ئەو ئاواتەی سی‌ودوو ساڵ بوو لە دڵمدا تاسابوو بێتە دی. ئەم بەشەی یادداشت
ـنووس بـوو، من خۆم ئەرکی کۆکردنەوەییم کێشـاوە و سـەرلەنوێ نووسـیومەتەوە و
دەم کردووە بۆ چاپ.
ئومێـد ئەکـەم ئەی خوێنـدەواری کوردی خۆشەویسـت ئێوەش دڵخـۆش بن پێی و
ردی لێ‌وەربگرن.

پاکیزە ڕەفیق حیلمی



لە ڕاستەوە: ١- ئەحمەد تەقی ٢- ڕەفیق حیلمی ٣- فەتاحی ئەمینی عەتار
(وێنەی ڕەفیق حیلمی لەم گەشتەیدا، ١٩٢٣)

مەسەلەی مووسڵ و کورد[١]

کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی گەورەی ١٩١٤دا تێکەڵ بە ئەڵمان بوو، بە تەئسیری ئەنوەر و تەلعەت و جەمال‌پاشای[٢] سەرکردەکانی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بەرامبەر بە سوێندخۆرەکان، واتا بەرامبەر بە حکوومەتەکانی ئینگلیز و هاوڕێکانی ئیعلانی حەربی کرد. گەورەکانی عەرەب بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وڵاتەکانیان ویستیان لایەنی دوژمنەکانی تورک بگرن، بە شەرتی ئەوەی کە دوای بڕانەوەی شەڕ، دەوڵەتێکی ئیمپراتۆرییەتی عەرەبیان بۆ دابمەزرێت، ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەتی سوێندخۆرەکان عەرزی ئینگلیز و دەوڵەتەکانی تری هاوپەیمان کرد.

کوردەکانی تورکیاش هەرچەن لە ماوەی شەڕی گەورەدا (١٩١٨-١٩١٤) لەگەڵ هێزی تورک شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد، بەڵام شەریف‌پاشای کورد لە ١٩١٤دا لەگەڵ بریتانیا کەوتە گفتوگۆ بە شەرتی سەربەخۆیی کوردستان قەولی دا بە یارمەتی لەشکری سوێندخۆرەکان لەلایەن کوردەوە و لە حوزەیرانی ١٩١٨دا لە کاتی ڕابواردنی سێر پێرسی کۆکس بە فەرەنسەدا شەریف‌پاشا چووە «مارسیلیا» و لەوێ لەگەڵ کۆکسیش ئەم باسەی تازە کردەوە، بەڵام هەر لە ساڵی ١٩١٤دا ئەم بیرەی عەرەبەکان و کوردەکان بێ‌وەڵام مایەوە و سوێندخۆرەکان نەیانئەویست بەرامبەر بە یارمەتییەک کە لەو ڕۆژەدا ئیحتیاجیان پێی نەبوو خۆیان بخەنە ژێر پەیمانەوە.

لەسەر ئەمە کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد[٣] لەم وەختەدا لەگەڵ ڕووسەکان ڕێکەوتن و بەرامبەر پەیمانی ڕووسەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یارمەتی ئەو لەشکرەیان دان

---

١. وەک لە «ڕوونکردنەوە»دا باسی کراوە، لێرەوە تا لاپەڕە ٥٤٧ کەم‌وزۆر دووپاتی ئەو چەند بابەتەن کە لە بەشی «پێنجەم و شەشەم»دا هاتوون. ئەم بابەتە ناوی «موتتەمەری ئاشتی و مەسەلەی کورد»ە، بڕ: ل ٣٨٤. س.

٢. سێ ئەفسەری پایە بڵندی دەوڵەتی عوسمانی بوون و لایەنگری بیری ڕەگەزپەرەستی تورکیزم بوون. م.س.

٣. جەمعییەتی تەعالی کورد، مەبەست لێی جەمعییەتی تەعالی کوردستانە کە لە ١٩١٨/١٢/١٧ لە ئەستەمبووڵ لەلایەن چەند کەسایەتییەکی کوردەوە دامەزراوە و سەرۆکەکەی سەید عەبدولقادر شەمزینانی بووە. داوای ئۆتۆنۆمی کردووە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. م.س.

کە لە ئەرزەنجان و بتلیسەوە هاتە خوارەوە و بەشی زۆری کوردستانیان داگیر کرد، بەڵام بە ئەنجام ڕووسەکان شکان و گەڕانەوە؛ ئەم حاڵە بوو بەهۆی نەگبەتییەکی گەورە بۆ کوردەکانی ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا. ئینجا لە ١٩١٨دا هەرچەندە شەڕ بڕابووەوە و یارمەتی کورد بۆ سوێندخۆرەکان کەڵکێکی نەمابوو دیسانەوە بەهۆی کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لە ئەستەمووڵ لەگەڵ سوێندخۆرەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە شەریف‌پاشا هەڵبژێردرێت و لە مەجلیسی ئاشتیدا داوای هەقی کورد بکا.[1]

لەلایەکی تریشەوە ئەمیر جەلادەت[2] و ئەمیر کامەران[3] کوڕەکانی ئەمین عالی بەدرخان و ئەکرەم‌بەگی کوڕەزای جەمیل‌پاشای دیاربەکر لە ئەستەمووڵەوە چوونە کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ میجەر نۆئێل و ئەحمەد فایق یەک بگرنەوە و لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا بگەڕێن و کوردەکانی ئەو ناوە وریا بکەنەوە و لەڕێی کوردستاندا بیانخەنە جووڵانەوە. ئەنجامی ئەم بزووتنەوەیە لە ئەنادۆڵ سەری نەگرت و وەکوو لە بەرگی یەکەمدا وتبوومان میجەر نۆئێل و کوردەکانی لەگەڵی بوون لەلایەن هێزەکانی مستەفا کەمال لەو ناوە دەرپەڕێنران و بەڕەنجێکی زۆر خۆیان گەیاندە ئەستەمووڵ. بەڵام ماددە

---

١. بۆ تەفسیلاتی ئەم باسە بڕوانە لاپەڕە ٧٩ی بەرگی یەکەمی ئەم خاتراتە.

٢. جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١)، کوڕی ئەمین عالی کوڕی بەدرخان‌پاشایە. سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەوان و زمانناسی کورد بوو. لە ئەستەمبووڵ لەدایکبووە. هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و کۆلێژی یاسای تەواوکردووە. پاش سەرکەوتنی مستەفا کەمال، ناچار بوو بچێتە میسر و لەوێ نیشتەجێ بێت. دواتر چووە ئەڵمانیا؛ کە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەستی‌پێکرد خۆی پێگەیاند و بەشداری کرد، دوای شکستی شۆڕشەکە چووە سوریا و لەوێ گۆڤاری هاواری دەرکرد کە تا ٥ی تەمووزی ١٩٤٣ بەردەوام بوو. ڕۆژی ١٥ی تەمووزی ١٩٥١ لە شام کۆچی‌دوایی کرد. م.س.

٣. کامەران بەدرخان (١٨٩٥ -١٩٧٨)، لە ئەستەمبووڵ لەدایکبووە؛ لە تەمەنی ٩ ساڵیدا لەگەڵ براکانی جەلادەت و سوورەیا و چەند ئامۆزایەکیدا لە قوتابخانەی فەرەنسی لە گەرەکی گەڵاتەسەرای ئەستەمبووڵ خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٢٦ بڕوانامەی دوکتۆرای لە بواری یاسا لە زانکۆی لایپزیگ وەردەگرێت؛ ساڵی ١٩٢٨ یەکێک دەبێت لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خۆیبوون و ساڵی ١٩٣٢ دەست لە ئەندامێتی ئەو کۆمەڵەیە دەکێشێتەوە. ساڵی ١٩٤٨ لە پەیمانگەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەر بە زانکۆی سۆربۆن بەشی زمانی کوردی دادەمەزرێنێت و خۆبەخشانە دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی. ١٥ کتێبی بەنرخی بە هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسی بە چاپ گەیاندووە و چوار کتێبی تریشی هێشتا دەسنووسن و چاپ نەکراون. لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

مەشـهوورەکانی لە بابەت سەربەخۆیی کوردستانەوە خرایە پەیمانی سیڤەرەوە ئەنجامی نەقەلای شەریف‌پاشا بوو لە «موئتەمەری ئاشتی»دا.

هیچ شـکی تیا نییە ئەگەر ئەو هەیئەتـەی چووبووە خۆرهەلاتی ئەنادۆل کوردەکانی ئـەو ناوەیان بۆ وریا بکرایەوە و شۆڕشـێکی میللی کورد بەرپا بکرایە، ئەنجامی تەقەلای شەریف‌پاشـا لـە موئتەمەری ئاشـتی تەنیا لـە تێئاخنینی چەن ماددەیـەک لە پەیمانی سیڤەر نەئەمایەوە و قەومی کورد لەم حاڵەدا نەئەمایەوە ئیمڕۆ تیا ئەبینرێ؛ چونکە ئەم بەندانـەی خرابووە پەیمانی سـیڤەر ئەویش بەهۆی سـەرکەوتنی تـورک کە بە یارمەتی کـورد خۆی بەرامبەر بە یـۆنان پێکهاتبوو لە بیر چووەوە و لە «پەیمانی لۆزان»دا باسـی نەکرایـەوە. وتبوومان کە عەرەبەکانیش لە ١٩١٤دا ویـستبوویان لەگەڵ سـوێندخۆرەکان رێککەون و بەرامبەر بە سـەربەخۆیی وڵاتەکەیان یارمەتی لەشکرەکانیان بدەن. ئینجا هەرچــەن ئەم داوایەی ئەوانیش لەو رۆژەدا نەخرابووە بەر گوێ، بەڵام دوای تێپەڕینی بەینێـک و لـە کاتێکا کە ئینگلیـزەکان لە یـەک‌دوو لاوە بەرامبەر بە لەشـکری تورک شـکان و لە «کوت‌الاماره»دا لەشـکری ژەنەراڵ تاوزەند ئابلۆقە درا، ئەوسـاکە هاتەوە بە بیرا کە ئەتوانن لە عەرەبەکان کەڵکێک وەربگرن و دەسیان کرد بە تەقەلای ئەوە کە لە حیجاز شۆڕشێکیان پێ بنێنەوە.

ئەمیری ئەو رۆژەی حیجاز خوالێخۆشـبوو شـەریف حسێن بوو. یەکەمین کەسێک بـوو بـۆ کارێکی وا دەس بدات، چ لە پایـەی کۆمەڵایەتی و دین و چ لە رێگەیەکی کە بەرامبـەر بە تورک گرتبووی، لەوانە بوو هیوای زەعامەتی عەرەبی لێ بکرێت و گێڕانی ئەم شۆڕشــە دەس بدات؛ لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان لەگەڵی رێککەوتن قەولیان دایە کە بەرامبەر بە شۆڕشێک لە حیجاز هەڵئەگیرسێنێت و یارمەتییەک کە پێشکەش لەشکری ئینگلیـزی ئەکا، دوای بڕانەوەی شــەڕ، لەو ویـلایەتانەی عەرەب کە لــە ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی دەرئەهێنرێت، ئیمپراتۆرییەتێکی عەرەبی بـۆ دائەمەزرێنن. ئینجا لە کاتێکا کـە ئینگلیـز ئەم وەعـدەیان ئەدا بە شـەریف حسێن بەدزییەوە لەگەڵ فەڕنسـزەکان ئیتیفاقــەیان بەسـت کە بەپێـی ئەم ئیتیفاقــە بـڕیاریان دا کە ئەو وڵاتانـەی عەرەب، کـە لە ژێـر چنگی تـورک دەرئەهێنرێتــە دەرەوە لە بەینـی خۆیاندا بـەش بکەن. ئەم

ئیتیفاقەیان نەک هەر لە شەریف حسێن، بەڵکوو لە هەندێ هاوپەیمانەکانی خۆیشیان شاردبووەوە، بەڵام کە لە ڕووسیە حکوومەتی کایزەر (قیصر) کەوت و بولشەویکەکان هاتنە سەر کار، ئەوان لە مێژووی ١٩١٧ زایینیدا هەروەکوو گەلێک نامە و پەیمانی بەدزی زەمانی حکوومەتی پێشووی خۆیان لە عالەما دەرخست و بڵاویان کردەوە ئەم ئیتیفاقە بەدزییەی بەینی ئینگلیز و فەڕەنسەشیان کە بەناوی ئیتیفاقی سایکس ـ پیکۆوە ناوی ڕۆیشتووە، دەرخست و بڵاویان کردەوە.

بەکورتی، ئینگلیزەکان کە لە ئەوەڵی شەڕی گەورەدا لەبەر ئەوەی کە وایانئەزانی ئەم شەڕە لە ماوەیەکی کەمی چوارپێنج مانگیدا بە ژێرکەوتنی تورکەکان و هاوپەیمانەکانیان ئەبڕێتەوە، خۆیان بە ئاتاجی یارمەتی کورد وە یا عەرەب نەئەبینی. لە دوای ئەم ئیتیفاقەش کە لە ١٩١٦ لەگەڵ فەڕەنسە بەدزییەوە بەستبوویان[1] تا ئینگلیز و فەڕەنسە نەکەونە وەزعێکی واوە پێویستیان بە یارمەتی کورد وە یا عەرەب بێ، نەیانویست لەگەڵ یەکێک لەم قەومانە بکەونە ژێر عەهد و پەیمانەوە و لەسەر حیسابی بەش، کە لە پەیمانی سایکس ـ پیکۆدا بۆیان دانراوە فیداکاری بنوێنن و لە شتێک بێنە خوارەوە. ئینجا شەریف حسێن کە شۆڕشی ئیعلان کرد و لەگەڵ سوێندخۆرەکان بەرامبەر بە تورک کەوتە شەڕەوە، لەم ئیتیفاقە ئاگادار نەبوو. لەبەر ئەمە هەرچەندە شەڕ وەکوو سوێندخۆرەکان بەتەمای بوون بە ژێرکەوتنی تورک و هاوپەیمانەکانی بڕایەوە، ئەو ئیمپراتۆرییەتەی شەریف حسێن[2] بەتەمای بوو و خەوی پێوە ئەبینی نەهاتە دی. ئینجا بۆ تێگەیشتنی ئەو هۆیانە کە بەرهەڵستی ئەوەی ئەکرد، سوێندخۆرەکان لە شەڕی گەورەدا

١. ئەم ئیتیفاقە هەرچەن بە ئیتیفاقی ئەنگلۆ ـ فەڕەنسە یا سایکس ـ پیکۆ ناوی ڕۆیشتووە، بەڵام ڕووسیەی قەیسەریشی تیا بەشدار بووە.

٢. شەریف حسێن (١٨٥٤-١٩٣١)، گەورەی بنەماڵەی هاشمی، ساڵی ١٩٠٨ بوو بە شەریفی مەکە و ئەمیری حیجاز؛ بە پشتیوانی ئینگلیزەکان و لۆرەنسی عەرەب هەموو ناوچەکەی لە دەستی تورکەکان دەرهێنا و ساڵی ١٩١٦ خۆی بە حاکمی هەموو وڵاتانی عەرەبی لە قەڵەم دا. دوای هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانییەکان، ساڵی ١٩٢٤ شەریف حسێن خۆی وەک خەلیفەی مسوڵمانەکان ناساند. بەڵام هەر ئەو ساڵە بنەماڵەی ئالی سعوود توانییان دەسەڵاتی حیجاز بگرنە دەست و بۆ دوورگەی قیبریس دووری بخەنەوە؛ بەڵام کوڕەکانی فەیسەڵی یەکەم لە عێراق و عەبدوڵڵای یەکەم لە ئوردن بوون بە پادشا. م.س.

تا ماوەیەک یارمەتی کورد و عەرەب بە باش بزانن و قبووڵی بکەن و لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی کە هەر ئەم ئیتیفاقە لە هەندێ سەرەوە بە بۆنەی دوارۆژی مووسڵەوە بووبوو بە بەرهەڵستی ڕێکەوتنی ئینگلیز و کوردیش، لە ژێرەوە بەکورتی باسی ئەمە ئەکەین.

بەپێی ئیتیفاقی بەدزی سایکس ـ پیکۆ،[1] ئەو وڵاتانەی کە لە ئەنجامی شەڕی گەورەدا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئەسێنرایەوە، ئەکرا بە پێنج ناوچەوە:

یەکەم: بە ناوچەی «سوور» ناو ئەبرێت و ڕاستەوڕاست ئەخرێتە ژێر ئیدارەی بەریتانیاوە. ناوچەکانی بەغدا و بەسرە لە عێراق و ئیستگا زەریاییەکانی حەیفا و عەکا لە فەلەستین لەم ناوچەیەدا ئەبێ.

دووەم: ناوچەی «شین» ڕاستەوڕاست لە ژێر ئیدارەی حکوومەتی فەڕەنسەدا ئەبێ کە کلیکا و بەشێک لە ئەنادۆڵ و پارچەیەک لە ڕۆژئاوای سوورییەی بەر ئەکەوێت.

سێیەم: بە ناوچەی «ئا» ناو ئەبرێت و پارچەیەک ئەبێ لەو ئیمپراتۆرییەتەی عەرەب کە ئەخرێتە ژێر چاودێری فەڕەنسەوە و ویلایەتەکانی شام و حەڵەب و مووسڵ ئەکەوێتە ئەم ناوچەیە.

چوارەم: بە ناوچەی «ب» ناو ئەبرێت کە زەوییەکانی بەینی فەلەستین و عێراقی تێئەکەوێ؛ ئەمیش پارچەیەکی ئیمپراتۆرییەتە عەرەبەکەیە کە ئەخرێتە ژێر چاودێری حکوومەتی بەریتانیا.

پێنجەم: ناوچەیەکی «بۆر»ە کە فەلەستینی بەرئەکەوێت و ئەخرێتە ژێر ئیدارەیەکی دوەلی.

ئینجا بەهۆی ئەم پەیمانە بەدزییەوە بوو کە دوای برانەوەی شەڕ تەنیا لە حیجاز حکوومەتێکی عەرەبی دامەزرا و شەریف حسێن کرا بە مەلیک، بەڵام سووریە و عێراق خرانە ژێر ئینتدابی فەڕەنسە و بەریتانیا و فەلەستین خرایە ژێر ئیدارەی ڕاستەوڕاستی بەریتانیا و بەمە چاویان لەو خزمەتە گەورەیە پۆشی کە بوو بەهۆی شکستی لەشکری

---

١. ڕێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ لە ١٩١٦/٥/٩ بە نهێنی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا بە ڕازی بوونی ڕووسیای قەیسەری ئیمزا کرا؛ ئامانجی ئەم ڕێککەوتننامەیە دابەشکردنی خاکی ئەو وڵاتانە بوو لە ژێردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوون. م.س.

تورک لە حیجاز و سووریە و فەلەستین.

کەمالییەکان، دوای ئەمە کە لەلایەنی جیهەتی ڕۆژئاواوە بەرامبەر بە لەشکری یۆنان سەرکەوتن و لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢ ئیزمیریان گرتەوە، بڕیاریان دا بە پاک کردنەوەی هەموو ئەنادۆڵ و لە ٢٠ی هەر ئەو مانگەدا دوانەفەری یۆنانیان لە ئاسیای بچووک (تورکیا) کردە دەرەوە. ئینجا لە دوای ئەم زەفەرە و ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کەوتنە بیرکردنەوە لە مەسەلەی مووسڵ و دەرهێنانی لە ژێر چنگی ئینگلیز، چونکە لە حاڵێکدا کە سیاسییە عێراقییەکان مووسڵیان لە جێگەی سەر دائەنا بۆ جیسمی ئەم وڵاتە، تورکەکانیش بەو چاوەی کە فەرەنسزەکان تەماشای «ئەلساس ـ لورین»یان[1] ئەکرد ئەیانڕوانییە مووسڵ و بە هیچ جوورێک لەو بیرەدا نەبوون کە دەسی لێ هەڵبگرن و بەلایانەوە وابوو کە بەجێهێنانی میساقی میللی تورک بە سەندنەوەی مووسڵ جێبەجێ ئەبێ و دێتە دی. لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان کەوتنەوە خۆیان، بەڵام تەقەلایەک کە پێش یۆنانییەکان و لە ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ فەرەنسە ویستبوویان بیانکەن بەگژ تورکا سەری نەگرتبوو؛ دوای ئەوان هەرچەندە یۆنانییەکانیان بۆ تەفرە درابوون و کردبوونیان بەگژ تورکا، ئەویش ئەنجامی بە شکستی یۆنان دوایی هاتبوو. لەم شکستە بۆ ماوەیەکی زۆر و کەم واقی ئینگلیزەکان وڕمابوو، بەڵام کە تورکەکان کەوتنەوە تێکۆشین و تەقەلا و ئەم مەسەلەیە وێنەیەکی سامناکی لێ هاتە ناو، ئینگلیزەکانیش لەلای خۆیانەوە چاویان کردەوە و دەسیان کرد بە گەڕان بۆ یارمەتیدەرێک، بۆ کەسێک کە بیکەن بە گژ تورکا؛ ئیتالیایان هاتە بەر چاو. لە هەندێ مەساڵحدا لەگەڵ ئیتالیا کەوتنە خۆ شل کردن و خۆبردنە پێشەوە، وایانئەزانی کە بەمە ناکۆکی ئەخرێتە بەین ئیتالیا و تورکەوە و خۆیان، واتە ئینگلیز لەمە هەلێکیان دەس ئەکەوێ بۆ ساغ کردنەوەی مەسەلەی مووسڵ، بەڵام لە

---

١. ئەلساس ـ لۆرین هەرێمێکی فەرەنسایە لە نزیک سنوورەکانی ئەڵمانیا و سویسرا و بەلژیکا و لوکزامبورگ و نەتەوە و زمانی جیاجیای لەسەر دەژی. هەمیشە کێشەی مڵکایەتی هەبووە لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا. ساڵی ١٨٧٠ ئەڵمانەکان داگیریان کرد، بەڵام فەرەنسییەکان هەردەم داوایان دەکردەوە، تاوەکوو لە کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانیدا گەڕاندیانەوە. ساڵی ١٩٤٠ جارێکی دیکە ئەڵمانەکان داگیریان کردەوە و ساڵی ١٩٤٥ دوای نەمانی ڕژێمی نازی لە ئەڵمانیا گەڕایەوە بۆ باوەشی فەرەنسا و تاوەکوو ئێستا بەشێکە لەو وڵاتە. م.س.

ئیتالیادا وەزعێکی بۆ ئەم سیاسەتەی ئینگلیز ڕێی بدا هەڵنەکەوت و لەگەڵ ئەوانیشدا شتێکیان بۆ نەکرا. لەبەر ئەمە و بەناچاری ئینگلیزەکان ڕوویان کردە مستەفا کەمال خۆی و ویستیان بە هەندێ شەرت کە لە چاو ئەواندا مەسڵەحەتی تورکی تیا هەبوو ڕێککەون. ئینجا پێش ئەوەی کە ئەمە بخەینە بەرچاو، پێویستە لەو بگرەوبەردەیە و لەو کارەساتانە بدوێین کە لە بابەت ساغکردنەوەی مەسەلەی مووسڵ ڕووی دا و چەن ساڵێک خەڵق و عەشیرەتەکانی کورد و ئینگلیز و عێراقیان خستە ترس و لێکدانەوە و ئینگلیز و تورک وە یا تورک و عەرەب یا کورد و تورکی پێوە گیرۆدە بوو.

تورکەکانی کەمالی لەم وەختەدا لە شیمالی عێراق دەسیان کرد بە هاندانی خەڵق و عەشیرەتەکانی کورد و ئینگلیز و عێراقیان خستە ترس و لێکدانەوە. مووسڵیان بە هی خۆیان دائەنا و وایان لە عێراقییەکان و بەتایبەتی لە خەڵقی شیمالی عێراق گەیاندبوو کە ئەگەر بە خۆشی بۆیان ڕەد نەکرێتەوە، بە زۆری هێزی لەشکر داگیری ئەکەنەوە. لایان وابوو کە لە کاتی وەستاندنی شەڕ (موتارەکە) ئینگلیزەکان بەبێ شەڕ و بە ناحەق چوونە مووسڵەوە، لەبەر ئەمە و گەلێک هۆی تری ئابووری و سیاسی و جەنگی و هەتا قەومی، تورکەکان خۆیان بە خاوەن‌حەق ئەبینی لە داوا کردنەوەی ئەم ویلایەتە بەنرخە لە ژیانی خۆیاندا. ئینگلیزەکانیش کە لە ئەنجامی شۆڕشی عێراقدا ئەم مەسەلەیەش هاتبووە ڕێیان بەگورجی فەیسەڵیان هێنایە عێراق و کردیان بە مەلیک و بەمجۆرە تا ڕادەیەک ئاگری شۆڕشیان کوژاندەوە؛ هەر لەم کاتانەدا بوو کە وەزارەتی فەریدپاشای دامادی لە ئەستەمووڵ کەوتبوو و لە بەینی ئەنقەرە و ئەستەمووڵ بەهۆی وەزارەتی جێنشینی فەریدپاشاوە نزیکبوونەوەیەک هیوای ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەیەک پەیا بووبوو لەبەر ئەمە بە یارمەتی ئینگلیزەکان مستەفاپاشای یاموڵکی ڕەئیسی دیوانی عورفی (ڕەقەم ای) زەمانی فەریدپاشا بەپەلە دەرباز کرابوو و بە ڕێگەی سووریە و بەغدادا نێررابووەوە سلێمانی. بێجگە لەمانە شێخ مەحموود کە لە هیندستان بوو، بە بیانووی ئەمەوە کە بە ئاو و هەوای ئەوێ هەڵناکا هێنرابووە کوێت. بەکورتی لە کاتێکا کە تورکەکان بۆ گرتنەوەی مووسڵ لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا دەسیان کردبووەوە بە کوشش و تەقەلا، ئینگلیزەکانیش وردەوردە خەریکی ئەوە بوون کە لە سیاسەتی

پێشوویان بابدەنەوە و بێ گۆڕان بە سیاسەتێکی مولایمتر لەگەڵ وەخت و سەعاتا؛ بەڵام جووڵانەوەیەکی حکوومەتی ئەنقەرە تا ماوەیەکی زۆر بوو بە بەرهەڵستێکی گەورە لە بەرامبەر سیاسەتی ئینگلیز. کۆلۆنێل عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر پاشا)ی ناوبراو کە لە چەرکەسەکانی میسر بوو بە مەفرەزەیەکی بچووکەوە لە ١٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا هاتە ڕەواندز. ڕەمزی بەگ ناوێک کە کرابوو بە قایمەقام پێش ئۆزدەمیر بە چەن ڕۆژێک گەیشتبووە ئەوێ و حاکمی ئینگلیزەکان لە ڕەواندز بە یارمەتی کوردەکان لە ڕەواندز کرابووە دەرێ؛ ئەمانە چ بەوەی کە سەندنەوەی مووسڵ بچێتە مێشکی خەڵقەوە و چ بەهۆی نزیک کەوتنەوە لە ئەهالی و عەشایر و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی بەتین لە پاشملەی ئینگلیز زۆریان خەڵق هەڵگێرابووەوە و کردبوونیان بە دوژمنی ئینگلیز و دوستی تورک. وەکی تریش ئەوانەی کە لە شارە دوورەکانی وەکوو کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و جێگایانی تر بوون و لە ئیدارەی ئینگلیز زوڵمیان دیبوو وە یا خۆشیان نەئەویستن، پۆل‌پۆل ڕوویان ئەکردە ڕەواندز و باس و هەواڵی ڕاست و درۆیان ئەبرد بۆ ئۆزدەمیر و ڕەمزی بەگ و لەوانەوە کاغەز و مەنشوور و ڕێگە و تەعلیماتی تایبەتی وەرئەگرت بۆ نانەوەی ئاشووب و تێکەڵ‌وپێکەڵی لە شارەکاندا و بۆ زۆر کردنی لایەنگیران بۆ تورک و ناحەزان بۆ ئینگلیزەکان. ناوی ئۆزدەمیر پاشا بەسەر هەموو زمانێکەوە بوو و بەیاننامەکانی لەناو هەموو عەشیرەتەکانا ئەگەڕا. وشەی جل‌خوار کە تورک‌خواهەکانی پێ ناو ئەنرا وشەیەکی گاڵتە و تانووت بوو لەلایەن کوردە نیشتمانپەروەرەکانەوە بۆیان دانرا. ناکۆکی بەینی ئەم تورک‌خواهانە و کوردە وڵاتپەروەرەکانی دوژمنی تورک لە سنوور چووبووە دەرەوە.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئینگلیزەکان لەو ڕۆژەیشدا بە یەک چاو تەماشای جل‌خوار و کوردی نیشتمانپەروەریان ئەکرد و لە یەکیان جیا نەئەکردنەوە و بەم تەرحە ئاخری ئەم مەفرەزە بچووکەی تورک بەهۆی زیرەکی و زرنگی ئۆزدەمیرەوە بێ ئەوەی پارەیەکی ئەوتۆ یا دەسەڵاتێکی گەورە شک بەرن توانیان کە لە زۆر جێگەدا عەشایر و ئەهالی لە ئینگلیز هەڵبگێڕنەوە و بەربەرەکانییان لەگەڵ بکەن و لە ویلایەتی مووسڵدا سیاسەتیان پووچ بکەنەوە و بیخەنە ڕادەیەکی ترسناکەوە. هەندێک لە عەشیرەتەکانیش لەم

مونافەسەیەدا کە لە بەینی ئینگلیز و تورکدا هەبوو ڕێگەی وەرگرتنی کەڵک و قازانجی خۆیان لێکدابووەوە و بە فێڵوفەرەجی عەشایری هەردوو لایان تەفرە ئەدا و قازانجی خۆیان لێ ئەسەندن. لەم بەینەدا لە لیوای سلێمانی چەن حادیسەیەکی تر ڕووی دا. بەشێکی عەشیرەتی پژدەر لە ژێر فەرمانی عەباسی مەحموودئاغا لەلایەن ئۆزدەمیرەوە هاندران و تاویان دایە سەر دەربەندی ڕانیە و لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز (لیوی ـ لیڤی) چوون بە گژ یەکا و شکاندنیان و ڕانیەیان پێ چۆڵ کردن. ئەحمەدبەگی ڕیشێن کە یەکێ لە گەورەکانی جاف بوو، بەهۆی هاندانی کوڕانی وەسمانپاشای جاف[1] گیرابوو لە سلێمانیدا خرابووە ژێر چاوی حکوومەتەوە. ئەویش لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی هەڵهات و چووە لای جەعفەر سوڵتانی[2] خزمی کە ڕەئیسی هەورامان بوو. حکوومەت مەفرەزەیەکی نارده سەری کە بیگرن و لە ڕێگە تووشی بوون، بەڵام مەحموودخان باش

١. وەسمانپاشای جاف (١٨٣٣ - ١٩١٠)، کوڕی کەیخەسرەوبەگ کوڕی سلێمانبەگ کوڕی عەبدوڵڵابەگی کوڕی تاهیربەگی جافی سەرۆکی هۆزی جاف بوو. ساڵی ١٨٧٣ لەلایەن ناسرەددینشای قاجارەوە کراوە بە حاکمی جوانرۆ و زەهاو. دوای ئاشتبوونەوەی حەمەپاشای جاف لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی گەڕاوەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و باوکی کراوە بە قایمەقامی هەڵەبجە و ئەویش بە جێگری. ساڵی ١٨٨٢ باوکی کوژراوە و مەحموودپاشای برای بووەتە سەرۆکی جاف و قایمەقامی هەڵەبجە. ساڵی ١٨٨٩ عوسمانپاشا جێگەی گرتووەتەوە و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەقەبی میری میرانی پێدراوە. ساڵی ١٨٩٥ لەگەڵ عادیلە خانمی کچی عەبدولقادربەگی ساحێبقڕان زەماوەندی کردووە. لە سەردەمی پاشایەتی وەسمانپاشادا هەڵەبجە ئاوەدانی و پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە دیوە. لە عادیلە خانم دوو کوڕی بووە، ئەحمەد موختاربەگ و تاهیربەگی جاف کە هەردووکیان بوون بە شاعیر و کەسایەتی دیاری کوردستان. ساڵی ١٩١٠ لە هەڵەبجە کۆچیدوایی کردووە. م.س.

٢. جەعفەر سوڵتان (١٨٥٥- ١٩٤١)، جەعفەر کوڕی حەمەسەعید کوڕی عوسمان کوڕی عەلی موراد کوڕی موئمینخان کوڕی والیبەگی عەباسقوڵی کوڕی فەتحعەلی سوڵتانی هەورامانە. ساڵی ١٨٩٤ بووەتە سانی هەورامان و یەکێک بووە لە بەهێزترین سانەکانی هەورامان و لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهاندا ڕێگری کردووە لە داگیرکردنی هەورامان لەلایەن تورکەکان و ڕووسەکان. ساڵی ١٩٢٤ لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە کراوە بە قایمەقامی هەڵەبجە، بەڵام بۆ تێکنەچوونی نێوانی جاف و هەورامییەکان ئەو پۆستەی ڕەتکردووەتەوە. ساڵی ١٩٣١ لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران ڕاپەڕیوە، دوای تێکشکانی شۆڕشەکەی دێتە دیوی کوردستانی باشوورەوە و دوور دەخرێتەوە بۆ ڕومادی و تا ڕووخانی ڕەزاشا وەک پەنابەری سیاسی لەوێ ئاوارە دەبێ، دوایی دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. ساڵی ١٩٤١ کۆچیدوایی کردووە و لە عەبابەیلێ نێژراوە. م.س.

قەڵاچۆی کردبوون.

هەورامانیش چەن جارێک هێزی هەوایی چووە سەریان، بەڵام کەڵکی نەبوو و لەم پەلامارانەدا نزیکەی حەوت یا هەشت فڕۆکەی ئینگلیز کەوتن یا خرانە خوارەوە. کەریمی فەتاح بەگی ڕەئیسی هەمەوەندیش بەینێک بوو لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکچووبوو هێزی لیوی بەدوایەوە بوو، ئینگلیزەکان ئەم هێزەیان گەلێک ماندوو کردبوو لەبەر ئەوە ویستیان لەگەڵی بکەونە گفتوگۆ و دوایی بوو بە بگرەوبەردە و بڕیار درا کە کەریم بەگ و ئینگلیزەکان لە ماڵی مودیری ناحییە کۆبنەوە. کەریم بەگ لە ڕێگە تووشی هەیئەتەکەی ئینگلیز ئەبێ، ئەکەونە گفتوگۆ؛ لەم حاڵەدا هەندێ وشەیان کار ئەکاتە دڵی کەریم بەگ. خۆی و سابیری کوڕی هەموویان ئەکوژن. ئەم کوژراوانە دو زابتی ئینگلیز، واتا کەپتەن بۆندی حاکمی سیاسی چەمچەماڵ و زابتێکی تری ئینگلیز، سەرلەشکری لیوی و غەفووری خەجێ، خەڵقی گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی، کە پیاوماقووڵ و خۆشەویستی کەپتەن بۆند بوو. لە دوای ئەمە هێزە لیوییەکەی ئینگلیز بەناچاری گەڕایەوە سلێمانی و کەریم بەگیش دوای پچڕاندنی خەتەکانی تەلەگراف، ڕووی کردە ڕەواندز و چووە لای ئۆزدمیر. لە ناوچەی قەرەداغیش شێخ عەبدولقادری سەنگاو (گوللەنەبڕ) بە زۆری کوتەک قایم مەقامی ئەکرد و لە وزە چووبووە دەرەوە، بە ڕادەیەکی وا گاڵتەی بە ئینگلیز ئەکرد و گوێی نەئەدایە هیچ واتەیەکیان و لەناو ئەم تێکەڵ وپێکەڵی و بگرەوبەردەیەدا، خەڵقی شار، مستێ خوێندەوار کە هەبوو واقیان وڕمابوو و سەریان گێژی ئەخوارد.

هەندێ لە تەقاویتەکانی دەوری پێشوو و مەئموورە کۆنەکانی زەمانی عوسمانی لەگەڵ بەشێکی هەرچیوپەرچی و نەفامی ناوشیار کەوتبوونە وێزەی لاوە نیشتمانییەکانی مات و سەرلێ شێواو و بەناوی هەڕەشەوە بەیاننامەکانی ئۆزدەمیریان ئەخستە ناو ماڵەکانیانەوە و بە هاتنی لەشکری تورک بۆ سلێمانی و خنکاندنی لاوە کوردە وڵاتپەروەرەکان پڕ ئەکرایەوە و بەم ڕەنگە تورک خواهەکان بیری ئەهالییان زەهراوی کردبوو و وڵاتپەروەرەکانیان لەبەرچاوی گەلێ کەس خستبوو و سووکیان کردبوون.

جەمعییەتی کوردستان لە سلێمانی[١]

لەوەپێش وتبوومان کە دوای کەوتنی وەزارەتی فەریدپاشا لە ئەستەمووڵ و سەرکەوتنی ئەستێرەی مستەفا کەمال بە یارمەتی ئینگلیزەکان مستەفاپاشای کورد هاتبووەوە سلێمانی. لـە کاتێکدا هەواڵی ئەم ناوە گەیشـتبووە ڕادەیەکی زۆر ناخـۆش و تێکەڵ وپێکەڵ وەکوو لە سـەرەوە باسمان کردبوو؛ چ بە فکری بەربەسـتدانەوەی پڕوپاگەندەی تورکییەتی و زندووکردنـەوەی هۆشـی میللـی کـورد، چ بـە بیـری ڕێکردنـەوە بـۆ تەقەلایەکـی تازە لـە پێناوی سـەربەخۆیی کوردسـتان، دامەزراندنـی کۆمەڵێکی کوردی هاتبـوو بە بیرا، بۆ ئەم مەبەسـە لەلایەن مستەفاپاشـاوە لە مزگەوتی سـەید حەسـەن[٢] کۆبوونەوەیەکی گـەورە بەسـترا لـەم کۆبوونەوەیـەدا هەمـوو نەوعـە پیاوێـک لـە خەڵقی سـلێمانی و گەلێک لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی پژدەر و جاف و پیاوە ناودارەکانی دەوروپشت بانگ کرابوون و کۆبووبوونەوە.

مستەفاپاشـا لـەم کۆبوونەوەیـە گەورەیـەدا وتارێکـی دوورودرێـژی بـە کـوردی خوێندەوە و بیری دامەزراندنی کۆمەڵێکی خسـتە پێشـەوە. ئەم بیرە لەلایەن هەمووان بە باش زانرا و بڕیار درا کە هەر لەو جێگەیەدا بە دەنگی سیرڕی ئەندامەکانی کۆمەڵ هەڵبژێردرێت، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دەنگەکان ئەندامانی دامەزرێن هەڵبژێـردران، کـە بەپێی ژمـارەی دەنگەکان بە ڕیـزەوە ئەمانە بـوون: ڕەفیق حیلمـی، ئەحمەدبەگی تۆفیق بـەگ، فایق بەگـی مارف بـەگ، شـێخ محەممەد گوڵانی، شـێخ عەلی سـەرکار، سـاڵح قەفتـان[٣] و سـدیق عەلەکـە و واش بە باش زانرا کە مستەفاپاشـا سەرپەرشـتی

١. ئەم بابەتە دووپاتە، ناوی «جەمعییەتی کوردستان»ە، بڕ ل ٣٩٦. س.

٢. مزگەوتی سـەید حەسەن لەلایەن ئەورەحمان‌پاشای بابانەوە دروسـت‌کراوە و خۆی مامۆستای مزگەوتەکە بووە، نالی شاعیر لەم مزگەوتەدا ژووری هەبووە. م.س.

٣. سـاڵح قەفتان (١٨٨٥ -١٩٦٨)، لە سـلێمانی لەدایک‌بووە و قوتابخانەی ڕوشـدییەی عەسکەری خوێندووە، ئامادەیی سـەربازی لە بەغدا و کۆلێجی سەربازی سوڵتانی لە ئەستەمبووڵ تەواوکردووە. لە سوپای عوسمانیدا بووە بە ئەفسـەر و لە سـەردەمی پێکهاتنی حکوومەتی شێخ مەحموود مامۆسـتای جوگرافیا و مێژوو بووە لە قوتابخانەی مەحموودییە؛ دواتر بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵییە و پاشتریش بەڕێوەبەری ناوەندی

(ڕیاسەتی) ئەم کۆمەڵە بکا. هەروەها بڕیار درا کە کۆمەڵە بە جەمعییەتی کوردستان ناو بنرێت و بەناوی بانگی کوردستانەوە غەزەتەیەک دەربێنێت کە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕ و زمان‌حاڵی کۆمەڵە بێت. ئەم غەزەتەیە بە سێ زمان، واتا بە کوردی و فارسی و تورکی ئەنووسرا و ژمارەی یەکەمی لە ٢ی ئوغستۆسی ١٩٢٢ زایینی بڵاوکرایەوە.

من لە غەزەتەکەدا نووسینی کوردی و فارسی بەتایبەتیش تورکی خرابووە ئەستۆم. لە لاپەڕە ٣٠٩ی بەرگی دووەمی[1] ئەم خاتراتەدا وتبوومان کە من (نووسەر) لە ١٩٢١/٨/٢١دا کرامەوە بە موعەللیم بۆ مەکتەبی نموونەی سەعادەت و گەڕامەوە سلێمانی؛ لەو وەختەدا کەپتەن هۆڵت موعاوینی حاکمی سیاسی بوو و تەماشای مەکتەبەکانی سلێمانیشی ئەکرد و لەو مەکتەبەکەی من تیا موعەللیم بووم و چەن قوتابییەکی تایبەتی هەبوو، دەرسی ئینگلیزی پێ ئەوتن.

ڕەشید زەکی کابان کە وەختی خۆی نێررابوو بۆ لای شەریف‌پاشا، مودیری مەکتەبەکەمان بوو و زۆر جێگەی باوەڕی کەپتەن هۆڵت بوو، سەعید قەزاز و ڕەشید نەجیب و فوئاد ڕەشیدی خەڵقی سلێمانی و عومەر سادق خەڵقی مووسڵ لەناو ئەم قوتابییانەی هۆڵتدا بوون. ئینجا من کە هاتمەوە سلێمانی هۆڵت بانگی کردمە دائیرەکەی خۆی. وتی: هیوام وایە کە لەمەودوا خۆت لە سیاسەت دوور بخەیتەوە و بە وتنەوەی دەرس و پێگەیاندنی قوتابییان باش خزمەتی وڵاتەکەت بکەی. منیش لەبەر هەر شتێک هەیە تا پێویست نەبێ و نەزانم کە خزمەتێکم پێئەکرێ لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو کە دەم لە سیاسەتی ناو قاوەخانە نەدەم و نەمهێشتبووە بەر ئەوەی کە هۆڵت نەسیحەتێکی ترم بکا. هەر لەو بەینەدا لەلایەن خەڵقی سلێمانییەوە هەڵبژێردرابووم بۆ ئەندامی ئەو مەجلیسە کە لە ئیدارەی سلێمانیدا یارمەتی میجەر سۆنی ئەدا، بەڵام

سلێمانی. ساڵی ١٩٣٥ لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خانەنشین کراوە. یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان و ساڵی ١٩٣٧ ڕۆژنامەی «ژیان»ی لە سلێمانی دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٣٨دا گۆڤاری زانستی لە سلێمانی بڵاوکردەوە و لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژیان و ڕووناکی و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا گەلێک نووسین و وتاری نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. بایەخێکی تایبەتی داوە بە نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و یەکێکە لە مێژوونووسە گەورەکانی کورد. ڕۆژی ٣٠ ئابی ١٩٦٨ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

١. ئەم لاپەڕەیە سەبارەتە بە چاپی تازە. س.

ـزبەتەی هەڵبژاردنم لەلایەن هۆڵتەوە ڕەد کرابووە و ئەم ئیشەم پێ ڕەوا نەبینرا.

ئینجا لەبەر ئەوە هەروەکوو سەیرکەر چوومە کۆبوونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسەن و ،تەما نەبووم کە ناوم بێتە ناوان، بەڵام کە بە زۆرترین دەنگ هەڵیانبژاردم و بووم ـە ئەندامی جەمعییەتی کوردستان بۆ تێگەیشتنی بیری ئینگلیزەکان لە بابەت ئەم ۆمەڵەوە بیانووم هەبوو بەدەسەوە و چوومە لای هۆڵت. لەگەڵ چاوی بە من کەوت ـەیهێشتە بەر ئەوەی قسە بکەم، ئەو دەسی پێکرد. وتی: تەبریکت ئەکەم بۆ ئەم باوەڕە ـە پێت کراوە. هیوام وایە کە بتوانی خزمەتی کورد بکەی. وتم: وادیارە کە ئەم کۆمەڵە سیاسی نەبێ، چونکە نەسیحەتی ئەوەم ناکەی کە خۆمیان لێ دوور بخەمەوە. وتی: باوەڕ ناکەم ئەم کۆمەڵە شتێک بکا بەپێچەوانەی ئەوە بێ کە ئەتەوێ بیکەی. ئەم قسانە بەس بوو بۆ وەڵامدانەوەی من بەرامبەر بە بیانووی ئینگلیزەکان لە دوارۆژا لێم بگرن. دوای ئەم قسانەش دیسانەوە بەقەدەر تێگەیشتنی ئەو وەختەم و ئاگاداریم لە تەتەوری ئەحواڵی دنیا، بیرێکم کردەوە و هەموو کارەساتەکانی بەسەر کورد هاتبوو هێنامەوە بەر چاو و لە ئەنجامدا وا هات بە خەیاڵما کە بتوانم خزمەتی بیروباوەڕی خۆم بکەم و بڕیارم دا بە جووڵانەوە. هەرچەندە مستەفاپاشا زۆر قۆرتی ئەخستە ڕێم، دیسانەوە چ بە وتار بە کوردی و فارسی و تورکی چیم بۆ کوردایەتی بە باش ئەزانی لە بانگی کوردستاندا ئەمنووسی و بڵاوم ئەکردەوە و لە ئاستی ئەوانەی کە بەهۆی تورکخواهییانەوە بە جلخوار ناو نرابوون لەم کردەوەیە زەوقێک و لەزەتێکم وەرئەگرت.

مستەفاپاشا داخەکەم لەلای کوردە خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرەکان بە ئینگلیزێکی بێگەرد و لەلای جلخوارەکان بە ئینگلیزێکی دوژمنی تورک ناسرابوو و لە خۆشەویستی و متمانەی هەردوولا بێبەش بوو؛ سەرەڕای ئەمەیش زمانی ناڕەحەت بوو، نەیئەزانی بەپێی ئەحواڵی ئەو ڕۆژەی سلێمانی بجووڵێتەوە. دڵی کەسی پێڕانەئەگیرا، لەبەر بێحورمەتی بەرامبەر تاقمی حاجی و شێخ و مەلا و خۆنەپاراستنی لە شەڕفرۆشتن بە موتەعەسیبەکان، هەموویانی کردبوو بە دوژمنی خۆی. لە بیروباوەڕا قسە و موناقەشەی لەگەڵ نەئەکرا و لەگەڵ کەس یەکی نەئەگرتەوە. لە سنوور بەدەر مەرایی ئینگلیزەکانی ئەکرد، لەبەر ئەمە لەبەرچاوی خەڵق سووک بوو.

هەرچەن بە ناو میرلیوایەکی ئەرکانی حەرب بوو، بەڵام سەقافەتێکی بەرزی عەسری نەبوو، لەلایەکەوە زۆر کۆنەپەرست و ڕەجعی بوو و لەلایەکی ترەوە تا بڵێی لە ئادابی کۆمەڵایەتییەوە دوور بوو، دیلی شەهوەت بوو. تەنیا یەک سیفەتی باش بوو کە ناوی بە کورد و هاوشاریپەروەر ڕۆیشتبوو؛ لە وەختی ئیشبەدەستیدا لە دەوری عوسمانی لە هەموو هەلێکا ئیشی بۆ دۆست و خەڵقی وڵاتی خۆی کردبوو، بەتایبەتی لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا بە فریای گەلی کورد گەیشتبوو هەر لەبەر ئەو سیفەتەی بوو کە ئەوانەی ئەیانناسی و لە ڕابووردووی بە دیدەنی و شکۆی ئاگادار بوون دەوریان ئەدا و حورمەتیان ئەگرت و تا بەینێک هیوای کردەوەی باش و خزمەتی کوردایەتییان پێی هەبوو. جلخوارەکانیش زۆر بە کوڵ لە پاشملەی بوون و لێی ئەدوان و وایان بڵاو ئەکردەوە کە لە ئینگلیز و یۆنانەکان پارەی وەرگرتووە و بۆیە گەڕاوەتەوە سلێمانی کە کوردەکان لە تورک هەڵبگێڕێتەوە و بۆ سەرکەوتنی یۆنان بەرامبەر بە تورک ڕاستیان بکاتەوە. ڕەوشتی مستەفاپاشاش لە سلێمانی خەڵقی خستبووە سەر ئەم باوەڕە و لەبەر ئەمە گەلێ کەس بە چاوێکی باش تەماشایان نەئەکرد و لێی دوور ئەکەوتنەوە. لەگەڵ ئەمەیشا جەمعییەتی کوردستان بەپێی ئەحواڵی ئەو ڕۆژە و تەوانای خۆی هەوڵی ئەدا بۆ خزمەتی مەسەلەی کورد، هەروەکوو لەم دەورەدا لەلایەن بەشی زۆری ئەهالی و عەشایرەوە داوای ناردنەوەی شێخ مەحموودیان ئەکرد، بۆ هێمنکردنەوەی ئاڵۆزی خەڵق و ئاژاوەی وڵات. نیهایەت ئینگلیزەکان لەپڕ سلێمانییان بەجێهێشت و بە فڕۆکە چوونە بەغدا و دەنگی هاتنەوەی شێخ مەحموود لەناوا بڵاو بووەوە.

مەسەلەی سمکۆ

ە کاتێکا کە مستەفاپاشا لە سلێمانی کەس ددانی خێری پیانەئەنا و نرخی سیاسی تبووە سەر هیچ، بەلای تورکەکانەوە بووبوو بە شتێکی زۆر گەورە و سامناک، بەمەی ، جەمعییەتی کوردستانی دامەزراندبوو لە ڕۆژێکی وادا و غەزەتەی بانگی کوردستانی ،رئەهێنا تا بلێی ترسیان لێ پەیدا کردبوو، تەقەلایان ئەدا بۆ لەناوبردنی. هەر لەو ۆژانەدا کردەوەیەکی تری مستەفاپاشا بەتەواوی تورکەکانی خستە ئەندێشەوە، ئەویش ەسەلەی چوونی بوو بۆ لای سمکۆ. لە ساڵی ١٩٢٢دا ئیسماعیل خانی ڕەئیس عەشایری ںکاک کە ناوبانگی بە سمکۆ ڕۆیشتبوو لە سنووری ڕۆژئاوای ئێراندا شۆڕشێکی گەورەی ایەوە. جارێ لە پێش هەموو ئیشێکدا چوو بە گژ نەستوورییەکاندا و بە وێنەیەکی سامناک و خراپ شپرزەی کردن و مار شەمعوونی گەورەیانی کوشت. چل هەزار ەسێک لە نەستوورییەکان یا ئاشوورییەکان لەسەر ئەمە هەڵاتن و هاتنە عێراق و ە باقووبە دامەزران. سمکۆ لە دوای ئەم کارە هێزی پەیا کرد و لە ئێراندا کەوتە ەسدرێژی و هەموو وڵاتی ورمێ (ئوورمییە) و بەشێکی گەورەیی وڵاتی تەورێزی خستە حوکمی خۆیەوە و لەبەر شیددەت و دڵڕەقی سمکۆ ترسێکی گەورە کەوتبووە ناو ئەهالی ئازەربایجان و لە هەموو لایەکەوە دەسیان کردبوو بە هەڵاتن و چۆڵ کردنی وڵات. خەڵقی سابڵاخ و سەردەشت و ئەو دەورەش وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتبوو، لەمانە بەشێکیان هاتبوونە سلێمانی. لەوانەوە باسی شیددەت و شەکوای سمکۆمان ئەبیستەوە.

لەم حەلەدا شەڕی تورک و یۆنان بەگەرمی دەوامی ئەکرد. لەبەر ئەمە بزووتنەوەی سمکۆ و بڵاوبوونەوەی نفووز و ناووشۆرەتی تورکەکانی خستە ئەندێشەوە. لەوە ئەترسان کە ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردەوە وەرگێڕدرێت بە بزووتنەوەیەکی قەومی و سیاسی و کوردستانی تورکیاش بگرێتەوە، بەلام نەشیان ئەویست کە پەلە بکەن و دەست بۆ سمکۆ درێژ کەن، چونکە لەگەڵ یۆنان تێکئالابوون و ڕۆژی ئەوە نەبوو کە دوژمن بۆ خۆیان زیاد کەن. ئەوەیشیان لێکئەدایەوە کە لە بەگژچوون لەگەڵ سمکۆدا، تووشی ئەو ئەنجامە بن کە لێی ئەترسان، واتا بین بەهۆی ورووژاندنی ویلایەتەکانی

کوردی خۆرهەڵات. بەم بیرانەوە تا بەینێک بە خۆشی جووڵانەوە لەگەڵ سمکۆ و لێی نزیک کەوتنەوە و بەپێی بیستنمان بە چەک و سیلاح و تفەنگی شەستتیر یارمەتیشیان دا. سمکۆ بەم دۆستایەتییە تەفرەی خواردبوو و بە هاندانی تورکەکان کە بۆ مەرامی کاری خۆیان پێیان ئەکرد ئەوەندەی تر کەوتبووە وێزەی ئێرانییەکان و تەنگی بە هێزەکانیان هەڵچنیبوو، بەڵام شتی وا هاتە پێشەوە کە تورکەکان لەناکاو پەلاماری سمکۆ بدەن و هێزەکەی تەفروتونا بکەن.

حکوومەتی ئێران لەشکرێکی گەورەی ڕێکخست و ناردیە سەر سمکۆ؛ لە بەرامبەر ئەم لەشکرە زوربەیەدا سمکۆ وردەوردە ئەکشایەوە سنووری تورکیا. لەم وەختەدا مستەفاپاشا بەدزییەوە سلێمانی بەجێهێشت و چووە لای سمکۆ. حکوومەتی مستەفا کەمال کە ترسی کردەوەی مستەفاپاشای هەبوو لەم چوونەی لای سمکۆ بەتەواوی کەوتە ترسەوە و لە نزیکبوونەوەی سمکۆ بە سنووری تورکیا. سەرەڕای ئەمە یۆنانییەکانیش لەم وەختەدا کەوتنە سەر سەودایەکی تازە و بە بیری ئەوە کە تەئسیر بکەنە سەر وەزعی مستەفا کەمال بڕیاریان دا بە گرتنی ئەستەمووڵ و بۆ ئەمە کەوتنە تەرتیبات بەرامبەر بەم بزووتنەوەی یۆنان، هەرچەندە فەڕەنسە و ئیتالیا دەسیان کرد بە هەڕەشە و بڕیاریان دا کە بەرامبەر بە هێزی یۆنان هێزی خۆیان بخەنە کارەوە و ڕێی ئەوە نەدەن کە یۆنان بچێتە ئەستەمووڵەوە و ئینگلیزەکان بۆ بەهێز کردنی لەشکری سوێندخۆرەکان هەندێ هێزی تریشیان هێنایە ئەستەمووڵ، بەڵام مستەفا کەمال لەوە ئەترسا کە فێڵێکی لێ بکرێت و لە بەینی دوو ئاگرا، ئاگری فیتنەی سمکۆ و کوردستانی خۆرهەڵات و ئاگری لەشکری یۆنان بمێنێتەوە و تەڕنێکی پێ‌بدەن و لە ژێر تەئسیری ئەم ترسەدا بەناوی مەسڵەحەتی تورکیاوە زۆر بێ‌ئینسافانە بەرامبەر بە سمکۆ بزووتەوە؛ چونکە سمکۆ هەرچەن لەلایەن مستەفاپاشاوە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێک لە کوردستانی تورکیا (خۆرهەڵات) هان درابوو، بۆ ئەم مەبەسە هەندێ پارە و موجەوهەراتی بۆ بردبوو، بەڵام سمکۆ بەڵێنی بە مستەفاپاشا نەدابوو، بیرەکەی ڕەد کردبووە، لەگەڵ ئەمەیشدا مستەفا کەمال لە ترسی بزووتنەوە لە کوردستان دەسی خۆی وەشاند و مەفرەزەیەکی سووکی بەدزییەوە ناردە ناوچەی لەشکرگاکەی؛ سمکۆش لەناکاو و لە کاتێکا کە لە تورک

ەمیـن بـوو و هیوای یارمەتی لێ‌ئەکـردن، نارنجۆک و تفەنگ دایان بە سـەریا و لەم ئەبیخوونەدا گەلێک لە پیاوماقووڵەکانی سمکۆ و یەکێک لە ژنە زۆر خۆشەویستەکانی کوژران و خەسـرەوی کوڕی بەدیل گیرا و خەزنە و بارەگایشـی بەتاڵان ڕۆیشـت، بەڵام سـمکۆ خـۆی و براکەیەکی و هەندێ لە دەسـتەودائیرەی بە پەلەپڕووسـکێ لە کوژران ڕزگاریان بـوو و خۆیان گەیاندە دەوری ڕەواندز. ئەو تاقمە لاوەی کە لە سـلێمانییەوە بۆ یارمەتی سـمکۆ چووبوونە ئێران ئەوانیش لە سـەقز باسـی ئەم بەسەرهاتەی سمکۆیان بیست و بە ناهومێدی گەڕانەوە.

لەلای خۆرئاوایشـەوە لەشکری مسـتەفا کەمال لە ٢٦ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ دەسی کرد بە پەلاماردانی لەشـکری یۆنان و لە دوای ئەوە کە لە دوملووپینار تووشـی شکسـتێکی گـەورەی کـرد وردەورده پێش‌کـەوت تا بەردەمـی عوششـاق و لـەم جێگەیـەدا دوای شـەڕێکی قورس لەشـکری یۆنانی دووبارە تەفروتونا کرد و ڕیگەی بـۆ ئیزمیر کردەوە و لەشـکری تورک لە ٩ی ئەیلوولدا چووە شاری ئیزمیرەوە. لەلای شیمالیشەوە لەشکرێکی تورک لە ١ی ئەیلوول ڕووی کردە ئیزمیت و یەک لە دوای یەک شـارەکانی بیلەجەک، ئەسـکی شـەهر، کووتاهیەی گرتەوە و لە ١١ی ئەیلوول چووە شـاری بورسەوە، ئاخری لە ١٤ی ئەیلـوول «مودانیـە»ش کەوتـەوە دەس تورکەکان و لـە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢ هەموو ئەنادۆڵ و قەراغەکانی زەریای مەڕمەڕە لە لەشکری یۆنان بەتەواوی پاک‌کرایەوە.

مەسەلەی مووسڵ و حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموود

وەکـوو لـە باسـەکانی سـەرەوە بۆمـان دەرئەکەوێـت لـە سـاڵەکانی ١٩٢١ - ١٩٢٢دا ئەو تاقی‌کردنەوانەی کە بۆ شکسـتی مسـتەفا کەمـال و بەرامبەر بە تورکـەکان کرا، هیچی سەری نەگرت و مستەفا کەمال و هاوڕێکانی بەرامبەر بە هەموو ئەو فیتنە و شۆڕش و کارەسـاتە کە لە دەرەوە و ناوەوە بۆیان دروسـت‌کرابوو بە وێنەیەکی وا کە خیرەد (عقل) تیا مات ئەمێنێت ڕزگاریان بوو. بەرامبەر بە تەقەلاکانی خەلیفە و هێزەکانی حکوومەتی ئەستەمووڵ، بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان لە ئەنادۆڵ و لە تەراکیا بەرامبەر بە فەڕەنسە و ئەرمەنییـەکان لـە کلیکیـا بەرامبـەر بـە ئەرمەنییەکانی ئەریـوان (ئێرەڤان) لـە قەفقاز

خۆلاسـە بەرامبەر فرۆفێڵی ئینگلیز لە ئەستەمووڵ، لە ئەورووپا، لە عێراق و کوردستان بە وێنەیەکی لە خیرەد بەدەر بەربەرەکانییان کردن و سەرکەوتن.

ئینجا لە کاتێکا کە ئەوان بەمجۆرە سەرکەوتن و هاتنە دەرەوە، کەوتنە زیندوو کردنەوەی مەسەلەی مووسڵ و داوا کردنەوەی، حکوومەتی ئینگلیز لە کوردستانی عێراق تەنها تاقیکردنەوەیەکی بەدەسەوە مابوو کە ئەویش هێنانەوەی شێخ مەحموود و دووبارە دامەزراندنەوەی حکوومەتی کوردستانی عێراق، وەکوو لە سەرەوە باسمان کردبوو، بەتەواوی شێوابوو و جڵەوی ئیدارە لە دەس ئینگلیز دەرچووبوو. حکوومەتی ساوای عێراقیش هێشتا ئیدارەی شیمالی و بەتایبەتی ئیدارەی مەنتیقەی سلێمانی نەدرابووە دەس و ڕاستەوڕاست لەلایەن مەئموورە ئینگلیزەکانەوە ئیدارە ئەکرا، لەبەر ئەمە تا دوارۆژی ئەحواڵی بە وێنەیەکی ڕەسمی بۆ دائەنرێت حکوومەتی عێراق ڕێگەی پەنجەهاویشتنی ئەم مەنتەقەیەی نەبوو، بێجگە لەمەیش هێشتا عێراق نەگەیشتبووە ڕادەیەک کە بتوانێت زیاد لە کاروبارێ کە بۆی دانراوە هەستێ بە کارە گرنگەکانی کوردستانیش بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئینگلیزەکانیش لە چەن سەرێکەوە زۆریان بۆ هاتبوو ئەبوو کوردستان چۆڵ کەن و ئەو زۆرانەش ئەمانە بوون.

یەکەم: چوونە دەرەوە لە ژێر باری گرانی ئەو مەسرەفەی کە پێویست بوو بۆ مانەوەیان بەناوی ئەوە کە ئەم ویلایەتانەی داگیر کردووە. لە کاتێکا کە میزانییەی دەوڵەتی بەریتانیا بەهۆی مەسرەفی شەڕی گەورەوە تەوانای ئەوەی نەمابوو کە بچێتە ژێر بارێکی واوە.

دووەم: ڕزگاربوونی لە مەسرەفی ئەو هێزانە کە بۆ کوژاندنەوەی شۆڕش و فیتنەی دوایینەهاتووی کوردی عێراق پێویست بوو.

سێیەم: هێمنکردنەوەی ئەو کوردانە کە لە ئیدارەی ئینگلیز هەڵگەڕابوونەوە و دڵخۆش کردنی یاخییەکان بە هێنانەوەی شێخ مەحموود.

چوارەم: دوایی‌دان بە پڕوپاگەندە گرنگەکانی تورکەکان لە عێراق و بەتایبەتی لەناو کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ و دوورخستنەوەی ئۆزدەمیر و هێزە بچووکەکەی تورک لە ڕەواندز و کردنیان بەودیوی سنووری عێراقدا بە هێزێکی خۆولاتی بە حکوومەتێکی

کورد لەم ویلایەتەدا. لەم وەختەدا شێخ مەحموود هێشتا لە کوێت بوو، لەگەڵی بوون گەلێ لەوانەی ناودارن وە یا سەر بەو بوون و ئاڵوگۆڕی نامە لە بەیندا هەبوو. لەوەپێش بۆ هێنانەوەیشی و بۆ دامەزراندنەوەی حکوومەتی کورد گەلێک مەزبەتە درابوو بە حکوومەتی ئینگلیز. کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگیش بەتەواوی لەم وەختەدا بوو کە دوو زابتەکەی ئینگلیزی کوشت و ئەو ناوەی شێواند. ئینجا ئەمانە هەمووی یەکیان گرتەوە و بوو بەهۆی ئەوە کە ئینگلیزەکان بڕیار بدەن بە هێنانەوەی شێخ مەحموود.

شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم[1] کە لە دواییدا بە میجەر کەریم ناوی دەرکرد، دۆستێکی نزیکی ئینگلیزەکان بوو لە مەسەلەیی مەزبەتەکاندا و لە ڕێکخستنی ئەو تەرتیباتە کە بۆ داوا کردن و هێنانەوەی شێخ مەحموود لە ژێرەوە خەریک بوون دەورێکی تەواوی تەمسیل ئەکرد. مستەفاپاشای ناوبراویش لەم تەمسیلەدا دەوری خۆی هەبوو و یارمەتی شێخ عەبدولکەریمی ئەدا لە سلێمانیدا و بەئاشکرا نوێنەری شێخ مەحموود تەنیا شێخ قادری برای بوو، بەڵام ئەوەی کە لە ڕاستیدا لایەنی شێخانی ئەنواند حەپسەخانی نەقیبی ئامۆزای شێخ مەحموود و ژنی شێخ قادر بوو. ئینجا لە کاتێکدا کە بۆ هێنانەوەی شێخ مەحموود ئەم تەرتیبانە ئەکرا، تورکەکانی ڕەواندز بەتەواوی کەوتنەوە بزووتنەوە و هەروەکوو لەلایەکی تر باسمان کردبوو دەسیان کرد بە ناردنی بەیاننامە بۆ سلێمانی و بۆ ناو دێهات و عەشایری ئەو ناوە و هەڕەشەیان لەوانە ئەکرد کە لەگەڵ مەسەلەی کورد خەریک ئەبن و لەوانەن شوێن شێخ مەحموود بکەون و وایان بڵاو ئەکردەوە کە ئەوەندەی پێناچێ بە لەشکرێکی زۆرەوە ئەگەڕێنەوە عێراق و ویلایەتی مووسڵ ئەگرنەوە؛ سەرەڕای ئەمەش دەنگ بڵاو بووەوە کە بەشێکی عەشیرەتی پژدەر لە ژێر سەرەکی عەباسی مەحموودئاغادا بدەن بەسەر سلێمانیدا. ئینگلیزەکان کە پێش

---

١. شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم (١٨٧٧ - ١٩٥٤)، نازناوی شیعریی «خادم»ە. ئەم زاتە کوڕی شێخ حسێن کوڕی عەبدولکەریم کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ حسێنی قازانقایە کوڕی مەحموودی کڵێسە کوڕی شێخ ئیسماعیلی وەلیانییە. شێخ عەبدولکەریم جێی گرنگی پێدانی ئینگلیزەکان بووە و ئەدمۆندز ویستوویەتی بیخاتە جێی شێخ مەحموود، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە و وتوویەتی من خیانەت لە شێخ مەحموود ناکەم. دژی هاوکاری شێخ مەحموود بووە لەگەڵ تورکەکان. ساڵی ١٩٥٤ بە نەخۆشی ڕەبوو کۆچی کردووە و لە قادرکەرەم بە خاک سپێرراوە . م.س.

ئەوانە لە وەستاوێکی ناڕەحەتدا بوون، بە بیستنی ئەم پەیامە کەوتنە ئەندێشەوە و ترسی ئەوەیان لێ‌نیشت کە لەپڕ کوردەکانی تریش ڕاست بنەوە و کار لە کار بترازێت و بەو هێزی «لیڤی»یە بچووکەوە کە هەیانبوو بەربەستی شۆڕشێکی گەورەیان بۆ نەدرێت و بکەونە وەستاوێکی گرنگتر و ناڕەحەتترەوە. لەبەر ئەوە کوت‌وپڕ بڕیاریان دا و بە چەن فڕۆکەیەکی لە بەغداوە بۆیان نێرابوو چەن ئینگلیزێکی لە سلێمانی بوون و ئەو هیندی و مەئموورانەی ئەوان هێنابوویانن و بێگانە بوون ڕۆیشتنە بەغدا، لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا. ئەوەندە هەیە کە پێش ڕۆیشتنیان بۆ ئیدارەیی سلێمانی و پاراستنی لە ئاشووبێکی ناوەوە شێخ قادری برای شێخ مەحموودیان ڕاسپارد بە وەرگرتنی تەرتیباتێک و ڕێکخستنی ئیدارەیەکی موەقەت.

ئەوەی لەم وەختەدا کە ترسی لێ‌ئەکرا هاتنی تورکەکان و پژدەرییەکان بوو بۆ سەر سلێمانی. لەبەر ئەمە دەسبەجێ لە بینای مەکتەبی ئیعدادی کۆن کە دوایی بۆ بەینێک کرابوو بە دائیرەیی حاکمی سیاسی، لە ژێر ڕیاسەتی شێخ قادر کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێکخرا و بۆ پاراستنی شار لە پەلاماردانی عەشایر وە یا کارەساتێکی کە دێت بە خەیاڵا کەوتنە موزاکەرەوە. ئەوانەی کە لەم بزووتنەوەی کوردایەتییە ڕقیان ئەبووەوە و بە جل‌خوار ناو ئەبران ویستیان ئاشووبێک بخەنە ناوەوە و ببن بەهۆی شێوان و تێکچوونی کۆبوونەوەکە. کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگیش کە دوای کوشتنی ئینگلیزەکان چووبووە ڕەواندز و لەلایەن ئۆزدەمیرەوە خەڵات و بەراتی وەرگرتبوو، بە ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان دەسبەجێ هاتبووەوە سلێمانی و لەو بیرەدا بوو کە لەسەر حیسابی ئۆزدەمیر لە سلێمانی شۆڕشێک بگێڕێت. بە تەدبیری ئەو، تورک‌خواهەکانی سلێمانی پیاوێکیان ناردە مەکتەبی ئیعدادی و لە گەیشتنی تورکەکان و عەشایری پژدەری ئاگاداری کردن. هەرچەن ئەم خەبەرە ڕاست نەبوو بۆ ئاژاوە ڕێکخرابوو، بەڵام هەندێ کەس باوەڕیان کردبوو لە مەجلیس هاتبوونە دەرەوە، گەلێکیش لەوانەی کە یا ئەوەندە سافیلکە نەبوون وە یا پیاوی بەجەرگ بوون بڕیاریان دا بە مانەوە و تەدبیری ڕێکخستنی مەجلیسی میللی (موەقەت) بۆ ئیدارەی سلێمانی و پاراستنی شار لە کارەسات. بەڕاستی ئەم مەجلیسەیش لە ژێر ڕیاسەتی شێخ قادرا ڕێکخرا، بەڵام هێشتا کۆبوونەوەکە بڵاوەی نەکردبوو،

کە حادیسەیەکی تر ڕووی دا. کەریم بەگی فەتاح بەگ بە خۆی و چەن پیاوێکی بە چەکەوە کردی بە ناو کۆمەڵەکەدا و مستەفاپاشای گرت و بردییە سەرا. لەوێ بە بیانووی ئەمەوە کە لەلایەن تورکەکانەوە بە ئیعدام مەحکوومە، خستییە ژێر چاودێری پیاوەکانی خۆی و وای بڵاوکردەوە کە ئەیداتە دەس هێزەکەی تورک، کە بۆ گرتنی سلێمانی کەوتۆتە ڕێ، بەڵام ئیتر کە مەجلیسێکی میللی دامەزرابوو، ئاسایشی شار لە دەسدرێژی و پاراستنی کەوتبووە ئەستۆی ئەو مەجلیسە، لەبەر ئەوە ئازانە بڕیار درا و گوێ نەدرایە بەرهەڵستی کەریم بەگ و بە هێرش بردنی لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد چوونە سەر سەرا و بەزۆر مستەفاپاشایان لە چنگی پیاوەکانی کەریم بەگ ڕزگار کرد و بردیانە ماڵەوە.

لە بەینی ئەم کارەساتە و هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و هەڵکرانی بەیاخی کورد بە زەماوەند![1] پێش چۆڵ کردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە چەن ڕۆژێک، من بۆ هەندێ ئیش و کار و کۆکردنەوەی ئابوونە بۆ بانگی کوردستان بەهۆی وچانی مەکتەبەکانەوە، چووبوومە کەرکووک، لەوێ هەندێک ئابوونەم کۆکردەوە، بەڵام بە بیستنی چۆڵ کردنی سلێمانی بەپەلەپەل ویستم بگەڕێمەوە. لە ڕۆیشتنی ئینگلیز بەو وێنەیە، خەڵق واقیان وڕمابوو، هات‌وچۆ ماوەیەکی کەم پەکی کەوتبوو، خەتی تەلەگراف کە لەلایەن کەریم بەگی فەتاح بەگەوە بڕابوو، هێشتا چاک نەکرابووەوە. هەواڵی ڕاست لە بابەت سلێمانییەوە وەرنەئەگیرا. هەرکەس بە هەوای نەفسی خۆی لە باس و هەواڵ ئەدوا. ئێمە ئاگامان لەوە بوو کە شێخ مەحموود کوێتی بەجێ‌هێشتووە و هاتۆتە بەغدا و ئەمانبیست کە لەوێ لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی بەریتانیا کەوتوونەتە گفتوگۆ، بەڵام هەواڵێکی وا کە تەسکینێ بەدڵ بدا یا جێی‌باوەڕ بێت، بە هیچ لەونێک دەس نەئەکەوت. لەبەر ئەمە من زۆر بە پەرۆش بووم و ساتێ زووتر ئەمویست بگەڕێمەوە سلێمانی و لەگەڵ جەمعییەتدا بۆ هەندێک ئیش و کار قسە بکەم. لەم ئانەدا سەید ئەحمەدی هەنجیرە لە سلێمانییەوە هاتە کەرکووک. لە ماڵی کەریم بەگی کەرکووکلی‌زادە حاکمی مونفەرد دابەزی و لەلایەن مەجلیسی میللییەوە بۆ تێگەیشتنی

---

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤٠٩دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموودا، هەواڵی سلێمانی: زەماوەندی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان». س.

باس و هەواڵی شێخ مەحموود و ڕۆژی گەڕانەوەی لە بەغدا، لە ئینگلیزەکانی کەرکووک و بۆ هەندێ موخابەرەی تەلەگراف و تەلەفۆن لەگەڵ بەغدا نێررابوو. ئەمە بۆ من هەلێکی باش بوو دوای تەواوکردنی ئیشەکانم بە ئۆتۆمۆبیل لەگەڵ سەید ئەحمەد گەڕامەوە سلێمانی لە تەمووزی ١٩٢٢دا لەگەڵ خەڵقی دێهات و دەوروپشت، لە عەشایر، لەوانەی کە خۆیان لەو ڕۆژەدا بە کەس‌وکاری شێخ مەحموود دائەنا عەشاماتێکی زۆر ڕژابوونە سلێمانی. من کە بەتەما بووم بۆ هەندێ کردەوە کە لەو ڕۆژەدا ئەبێ بکرێت لەگەڵ جەمعییەت بکەومە گفتوگۆ نەئەهات بە بیرما کە جەمعییەت بە ئیشارەتی ئینگلیز دانرابوو و بە ڕۆیشتنی ئەوان واجباتی تەواو بووبوو. بەڵام دوای ئەمە نرخی ئەو جەمعییەتانە باش تێگەیشتم کە لەلایەن چەن کەسێکەوە دائەمەزرێت کە ئەم خزمەتەیان کردووە بە کاسبی. خۆلاسە لەبەر ناشارەزاییم لە ئەحواڵ زۆرم لا سەیر بوو کە جەمعییەتی کوردستان لەجیاتی ئەوەی قۆڵی لێ هەڵکا و بجووڵێتەوە و پرۆگرامی کردەوەی تازە و بەپێی ئەو ڕۆژە ڕێک بخا خۆی لە خۆیەوە و بەبێ هیچ زۆر و هۆیەک بڵاوەی لێ ئەکا و خۆی لەم کارەساتە نزیک ناخاتەوە و ناگەیەنێت. مستەفاپاشای ڕەئیسی جەمعییەتی کوردستان لەجیاتی ئەوەی جەمعییەت کۆ بکاتەوە و موزاکەرەیان لەگەڵ بکا وەکوو ئاغای دێیەک شوێن شێخ قادر کەوتبوو، لەگەڵ ئەوا خەریک بوو. غەزەتەی بانگی کوردستان لەباتی ئەوەی کە لاپەڕەکانی زیاد بکا و لەجیاتی حەفتانە بکرێت بە ڕۆژانە و بە وتاری قەومی و سیاسی یەک لە دوای یەک چاوی میللەت بکرێتەوە، خوێنی بزوێنرێت و گیانی کوردایەتی بکرێتەوە بە بەرا و خۆشەویستیی نیشتمانی بخرێتەوە دڵی، بەڵێ لەجیاتی ئەمەی بانگی کوردستان لەسەر ئەم پەیڕەوە تازەیە بڕوا و ماوەی خزمەتی فراوانتر بکا؛ بەجارێک کش و مات بووبوو و پەیڕەوی مستەفاپاشای خاوەنی ئەکرد. من ویستم ئابوونەکان بنێرمەوە بۆ خاوەنەکانی لە کەرکووک، بەڵام مستەفاپاشا خەریک بوو خۆی گرژ کا منیش هەرچەندە شەرمم لێ ئەکرد دیسانەوە وەسڵێکم لێ سەند ئینجا ئابوونەکانم دایە. من بەمانەش سارد نەبوومەوە چ لەلای شێخ قادری ڕەئیسی مەجلیسی میللی و چ لەلای مستەفاپاشا خۆی لە بابەت جەمعییەت و غەزەتەکەوە یەک‌دوو تەقەلام دا بۆ کردەوەی ئەو ڕۆژە کە واجبی بە کۆمەڵم ئەزانی؛ پرۆگرامم دانا،

بەڵام کەس گوێی نەدایە و بەڵکوو منیان بە شتێکی سەیر ئەهاتە بەرچاو. بەمانە و بە هەندێ ڕەوشتی تر کە ئەبینرا هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەوە بۆم دەرکەوتبوو کە ئەمجارەش خۆمان هەل لە دەس ئەدەین و شتێک بۆ کورد ناکرێت، چونکە وادیار بوو کە هەندێ نائەهل بناغە بۆ حکوومەتی کورد دائاڕێژن، بەڵکوو لەسەر حیسابی کورد و کوردستان تەمسیلێکی تازەیان بەدەسەوەیە؛ لەگەڵ ئەمەیشدا فەسڵێکی ئەم تەمسیلە لەوانە بوو کە منیشی پێ بکەومەوە هیوا و هەست بە گەرمایی خوێنێکی تازە بکەم کە کەوتە گەڕ لە دەمارەکانی لەشما.

لە ماڵی شێخ قادر کۆبوونەوەیەکی[1] گەورە ڕێکخرا و لە دوای گفتوگۆ و موزاکەرەیەکی دوورودرێژ بڕیار درا بە بەستنی موئتەمەرێکی گشتی لە مزگەوتی گەورە و هەڵکردنی بەیاخی میللی کورد؛ نزیکەی دە هەزار کەس لەم کۆبوونەوەیەدا کۆبوونەوە. ئەندامەکانی مەجلیسی میللی هەموو هاتبوون و لە بەردەمی ئەوانا قوتابییانی قوتابخانەکان، کوڕ و کچ، ڕیزیان بەستبوو و بە ئاوازێکی شیرین و دڵڕفێن گۆرانی میللی کوردیان ئەخوێندەوە، من بەبێ‌شعوور سەرکەوتمە سەر کورسییەک و دەسم کرد بە قسە و وتارێکی نیشتمانی دوورودرێژ و پڕ لە هەڵمەت.

چەپڵەڕێزانی بەکوڵی قوتابییە گیانپاکەکان و سافیلکەکان و ئەهالی بەستەزمان ئەوەندەی تر منی ئەهانییە جۆش. ئەوەندەی نەما خوێن لە لەشما دوای گەرمبوونێکی زیاد و گەڕانێکی توند و بەهێز لەپڕ ڕابوەستێت و بکەومە سەر زەوی، بەڵام لە دوای ئەم ورووژە ئیتر تا شێخ مەحموود هاتەوە سلێمانی لەبەر هەرشتێک هەیە نەمتوانی چاوم بە ڕەئیسی مەجلیسی میللی، شێخ قادر وە یا بە یەکێک لەوانە بکەوێت کە خەریکی تەرتیباتی بەپیرەوەچوونی شێخ مەحموود بوون.

وەفدی سلێمانی لە ژێر سەرەکی مستەفاپاشادا خەریکی ڕێکخستنی تەدارەکاتی سەفەر بوون، لەگەڵ ئەمەیشدا لەناو شار باس و هەواڵی هاتنی تورک و پژدەرییەکان بۆ سەر سلێمانی بەگەرمی بڵاو ئەکرایەوە و چەن جارێک لەگەڵ تۆفیق وەهبی وە یا لەگەڵ هەندێ لە زابتە کوردەکان و لاوە نیشتمانپەروەرەکان تەقەلامان دا بۆ گەیشتن بە

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤١٢دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «هەڵکرانی ئاڵای کوردستان». س.

شێخ قادر وە یا بە مەجلیس، بەڵام هەرجارە بە بیانوویەک ڕێگەمان لێ ئەگیرا. شێخ قادر خۆی چارەی خوێندەواری نەئەویست و لاوە نیشتمانییەکانی بە دوژمن دائەنا. مستەفاپاشاش کە لەو ڕۆژەدا لە شێخ قادر نزیک بووبووەوە بۆ بیری خۆی ئەیبرد بەڕێوە و ئەمانە هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم تەمسیلە تا ئاخری بە پرۆگرامی ئینگلیز ئەبرێتە سەر، لەبەر ئەمە هەر لەو ڕۆژەوە کەوتبوونە سەر بیری دوورخستنەوەی ئەو لاوان و نیشتمانپەروەرانە کە ئەیانویست خزمەتی کورد بکەن. وەکوو ئەمانبیستەوە بۆ جەلبی عەشایر و ئەوانەی لە ڕۆژی وادا ئەکەونە سەودای فڕاندنی ماڵی تالانی بە تەدبیری شێخ و پاشا ٣٠٠/٠٠٠ ڕووپییەیەکی لە خەزێنەی حکوومەتدا هەبوو، بەسەر ئەمونەودا دابەشی کردبوو؛ شکی تیا نییە کە شێخ و پاشا لەناو ئەمونەودا بوون.

دیسانەوە ئەبێ لە قسەی حەق لانەدەین لەلایەن ئاسایشەوە مەجلیسی میللی کەڵکێکی بەنرخی بوو بۆ لیوای سلێمانی و لە دەورێکی وا بێ‌حکوومەتی و نەبوونی هێزێکی ڕەسمیدا ڕێگەی بە هیچ جۆرە بێ‌قانوونی وە یا کردەوەیەکی خراپ نەدا کە هەستی خۆی بە خەڵق بسەلمێنێت...

گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

لە ئەنجامی گفتوگۆی بەغدا لە بەینی مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی بەریتانیا و لە بەینی شێخ مەحموودا لە پێشەوە بڕیار درا کە شێخ مەحموود بکرێت بە ڕەئیسی مەجلیسی میللی، دوایی ئەم بڕیارە گۆڕا و شێخ مەحموود دووبارە بە حوکمداری کوردستان ناونرا و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سلێمانی بە ماوەیەک هەندێ لە ئەفسەرە کوردەکان کە لە لەشکر (جەیش)ی عێراقدا خزمەتیان ئەکرد لەسەر ئەمری حکوومەت و بۆ یارمەتی‌دانی شێخ مەحموود هاتبوونە سلێمانی. تۆفیق وەهبی، ئەمین ڕەواندزی، عەزیز قەزاز، عەزیز کوردی و فایق کاکەمین لەناو ئەمانەدا بوون. سدیق ئەلقادری خەڵقی سلێمانی کە بە سدیق پاشا ناسراوە لە شەڕی گەورەدا لەگەڵ فەوجێک لەشکری عوسمانی بەدیل گیرابوو، چووبووە ڕووسیە و لە شۆڕشی ڕووسیەدا بووبوو بە ژەنەڕاڵ و لەگەڵ لەشکری سپی (ورانکەل) بەرامبەر بە شووڕەوییەکان شەڕی کردبوو و پێش

شکستی دوایی لەشکری قەیسەر و سەرکەوتنی لەشکری بولشەویک بە ماوەیەکی کەم لە خۆرهەلاتی دوورەوە (شرق الاقصی) گەڕابووەوە بەغدا و لەلایەن دائیرەی مەندووبی سامییەوە ئەویش نێررابووەوە سلێمانی.

ئەمانە بەشدار بوون و چاوەڕوانی هاتنەوەی حوکمداریان ئەکرد و هەندێ لە ئەفسەرە خوێنگەرمەکان جۆشێکی تەواویان خستە ناو خەڵقەوە و گیانی نیشتمانی لاوەکان و قوتابییەکانیان تەواو هێنابووە جونبوش. گۆرانی بەپیرەوەچوون (نشیدالاستقبال) کە لەلایەن مامۆستای بەنرخ و بوێژی بەناوبانگ مامۆستا زێوەرەوە ڕێکخرابوو، بە قوتابییەکانمان فێر کردبوو، هەرچی تاقمێ هەیە بۆ ئەم گورانییە هەڵبژێردرابوون لەبەر ناوچەکەی دەبۆ ئەیانخوێندەوە، قوڵپی گریان گەرووی گوێ لێگرەکانی ئەگرتە بەست و فرمێسکی شادی بە چاویانا ئەهاتە خوارێ؛ ڕابووردووی کورد ئەهاتەوە بەرچاو و هیوای سەرگرتنی تەقەلاکان لە ڕێی کوردستاندا وەکوو کارەبا بە هەموو دەمارەکاندا بڵاو ئەبووەوە و ئەیهێنایە لەرزین. لە هەموو لایەکی کوردستانی عێراقەوە پۆل‌پۆل خەڵق بە سواری، بەپێیان، عەشایری پڕچەک و سیلاح ڕێگەی بەغدایان گرتبووە بەر و گەیشتبوونە دەوری کفری و هەندێکیش تا بەغدا و نزیک بەغدا ڕۆیشتبوون و ڕێگەوبان بە عەشایر و بە چابوک‌سوارانی کورد ڕازابووەوە. وەکوو ئەیانگێڕایەوە نزیکەی بیست هەزار سواری کورد کۆبووبوونەوە و کەوتبوونە ڕێگەکان و ئەنجامی کار حەزرەتی حوکمدار دوای سێ ساڵێک دیلی و مەرارەت بە دەبدەبە و بە شکۆهێکی شاهانە گەڕایەوە سلێمانی، ناوچەی ئەو دەمەی حکوومەتی کورد (٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٢). وەسفی ئەم بەپیرەوەچوونە دیارە کە نەنووسراوەتەوە و لەو ڕۆژەیشدا مەکینەی وێنەگرتنی شریتی سینەما و شت لەوێ بوەستێ، ئەتوانم بڵێم کە وێنەگرتنیش ئەوەندە باو نەبوو و شک لەوەدا نییە کە ئەو تابلۆ ڕەنگینە و بەنرخە زۆر شایان بوو بچێتە لاپەڕەکانی مێژووی کورد و مێژووی عێراقەوە. لەوانەشدا نەماوە کە خۆیان ئەو ڕۆژەیان دیوە، بەڵام من تا ماوم لەبیرم ناچێتەوە لەو ڕۆژەدا چیم دیبوو بە بەرچاوما تێپەڕیبوو هەمووی وەکوو شریتێکی لە مێشکمدا شاردوومەتەوە و تاوتاو بە بۆنەیەکەوە دێتەوە بەرچاوم و مچوڕکێک بە دەمارەکانی لەشمدا دێت و ئەمخاتە لێکدانەوەیەکی بێ‌سوود و بێ‌بن. چۆن لە بیرم بچێتەوە کە من لەو

ڕۆژەدا ئەم خاتراتەم ئەنووسییەوە و ئەمانەم تیا ڕەش ئەکردەوە؟ لە کاتی گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ ناو شاری سلێمانی لەلایەکەوە گریان و هەلهەلەی ژنانی پەرچەم زێڕین و هەیاسە لە پشت و گوڵبارانی کچانی شیرین و دەس پڕ لە بازن، چەپڵەڕێزانی هەزاران ژن و پیاو و کوڕ و کچ، گۆرانی قوتابییانی خوێنگەرم و گورجوگۆڵ، دەنگوسەدای ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر بۆ ڕیزبەستنی لەشکری تازەی ڕێکخراوی کورد. لەولای ترەوە وروژمی سوارەی عەشایر و قرمەی ناڵی ئەسپی جەنگاوەرانی کورد و قرەی ئۆتۆمۆبیل لەگەڵ گرمەی تۆپ و هارەی دەسڕێژی تفەنگ گوێی ئینسانی کەڕ ئەکرد،؛ لەم کاتی گریانی شادییەدا لە ژێر سێبەری ڕم و تفەنگدا سەیارەی مەلیکی گەیشە پێشەوە و تەلعەتی پیرۆزی حوکمداری بە چەفتە و عەگالی ئەمیرانەی عەرەبەوە کلی بە چاوی میللەتی سەرگەردان و ڕەش بەختا ئەکرد، دەنگێکی شێرانەی ئەفسەرێکی کورد ئەو عەشاماتە لەخۆچووەی هێنایەوە هۆش. لەشکری کورد و قوتابییانی ئامادەی سەلام چەپڵەڕێزانێکی دووبارەی دووورودرێژ و گوڵبارانی کچان و ئەهالی جارێکی تریش فرمێسکی خۆشی نیشتمانپەروەرانەی بە چاوەکاندا هێنایە خوارەوە.

بەپێی پرۆگرامێک کە لە پێشەوە ڕێکخرابوو حوکمدار و میجەر نۆئێل کە ئەمجارە لەگەڵ شێخ هاتبووەوە سلێمانی لە ژووری تایبەتیدا ماوەیەک ماندووی خۆیان حەساندەوە. ئینجا لە حەوشی خانووەکەدا کە بۆ حوکمدار دانرابوو (خانووی میرزا فەرەجی حاجی شەریف، دوای ئەوە بوو بە هی میرزا فەتاحی برای) قوتابییانی مەکتەبەکان ڕیزیان بەست، گەورەکانی شاری سلێمانی، ناودارەکانی، زانایان، خوێندەواران، ئەفسەرەکان، گەورەکانی دائیرەی حکوومەت، شێخان، ئاغایان و خەڵقی بازار بەکورتی لە جۆری ئەهالی ناو شار و دەرەوە، خەڵقێکی زۆر کۆبوونەوە، ئەوساکە مەلیک لەگەڵ موشاویری سیاسی (میجەر نۆئێل) هاتنە دەرەوە و لە هەیوان ڕاوەستان. من چوومە سەر مینبەرێکی بەرز، وتارێکی زۆر دووورودرێژی پڕ لە هەڵمەت و حەماسەتم خوێندەوە، میجەر نۆئێل کە منی هەر لە دەوری یەکەمی شێخ مەحموودەوە ئەناسی و بەتەما بوو لەگەڵی بچم بۆ کوردستانی تورکیا، لە وتارەکەم گرژ بوو، چونکە لەوێدا وام ئەگەیاند کە حکوومەتی بەریتانیا ئیتر لەوەدا نەماوە کە دوودڵیمان لەگەڵ بکا یا هەڵمانفریوێنێت، بەڵکوو ئەگەر

ێمە بەڕاستی بۆ کوردایەتی ئامادەی خزمەت بین مەسەلەی کوردستان دێتە دی وە بەریتانیا ناچارە دەسمان بگرێت، بێتوو ئەمەش نەکا باوەڕ ناکەم بتوانێ بەرهەڵستیمان بکا؛ چونکە بەرهەڵستی ئینگلیزەکان لە مەسەلەی کوردستاندا هەروەکوو کارێکی گرنگە، بۆ ئەوانیش (بەریتانیا) نەک قازانج، بەڵکوو زەرەریشی تیا هەیە؛ بەڵام شەرت ئەوەیە کە ئێمە کوردەکان بە دڵێکی خاوێن و خوێنێکی گەرمی میللییەوە دەس بدەینە دەس یەکتری و بۆ خزمەتی کورد و کوردستان بەڕاستی و بە ئیخلاسەوە تێبکۆشین! بە تیلای چاو تەماشای حوکمدارم کرد، ئەویش هەرچەن وا دەرئەکەوت کە قسەکانی پێخۆش بوو، دیسانەوە کەمێک ڕەنگی هێناوبرد و لێوی خۆی کرۆشت.

من لەلایەن لێژنەی بەپیرەوەچوونی حوکمدارەوە کرابووم بە ڕەئیسی تەشریفات،لەبەر ئەمە دوای تەواو بوونی وتارەکە شوێن شێخ و میجەر نۆئێل کەوتم و سەرکەوتمە ئەو ژوورەی کە تیا دائەنیشن و بڕیار درابوو مەراسیمی زیارەتی لێ بکرێت. ئەوانەی لەوێ بوون پۆل‌پۆل ئەهاتنە ژوورێ و من پێشکەشم ئەکردن. تەنیا بە دەس‌گوشین وە یا ماچ کردن و خۆش‌هاتنەوە، ئەویش بە پێوە، مەراسیم تەواو ئەبوو و ئەگەڕانەوە. لێرەدا تۆفیق وەهبی دوو گوڵی ئاوریشمی لەناو سەبەتەیەکی جوان دەرهێنا کە بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە کرابوو، دایە دەستم. ئەم گوڵانە نیشانەی خۆشی و سرووری ڕۆژی ژیانەوەی حکوومەتی کورد بوو و ژمارەیەکی زوربەی لێ دروست‌کرابوو و قوتابییان ئەیانکرد بە بەرۆکی خەڵقا. من ئەو دوو گوڵەم کرد بە بەرۆکی شێخ مەحموودی حوکمدار و میجەر نۆئێلدا، میجەر نۆئێل بە ڕوویەکی گرژەوە تێی‌ڕوانیم و لێوی بەر لێو نەنا و بەمەدا تێی‌گەیاندم کە لە من زۆر خراپ تووڕە بووە.

تەشریفات[1] ماوەیەکی زۆر دەوامی کرد، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە میجەر نۆئێل لەلای دەرگاکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو لە هەستان و دانیشتنەوە بەولاوە شتێکی تری پێ‌نەبرا... دوای تەواو بوونی مەراسیم ئینجا شێخ مەحموود بە بیانووی ماندوو حەسانەوە چووە پەردەوە و بەئاشکرا خۆی لە هیچ شتێک نەئەگەیاند. من کە نیازم بوو لێی دوور

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤٢٠دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «ماوەی خەڵوەتی شێخ مەحموود و دامەزرانی هەیئەتی ڕەئیسەکان... ». س.

بکەومــەوە ڕێی نــەدام و ئەمری پێکردم کــە بەجێی‌نەیەڵم و هەر لە دیـوان بمێنمەوە. مــن بــە ڕۆژ و ئەغڵەب بە ئێواران کە کەســی بێگانە لــە دەورا نەئەما وە یا خۆی ئەینارد بە شـوێنما ئەچوومە ژووری تایبەتی حوکمدار و بەیەکەوە هەندێ گفتوگۆی ئیعتیادیمان ئەکـرد. لـەم وەختانەدا هەوڵم ئـەدا کە لەلایەن ئیدارەوە لە بیـری تێبگەم، بەڵام هیچی وای پێ‌نەئەوتـم کـە کەڵکێکی هەبێ. لەگەڵ ئەمەیشـا کابینــە (وەزارەت) لە ژێر ناوی هەیئەتـی ڕوئەسـا دامــەزرا و ناوی ڕەئیســەکان لە ژمـارەی دەیەمی بانگی کوردســتاندا بڵاوکرایەوە، بەم چەشنە:

١- ڕەئیسی ڕوئەسا (رئیس الرؤسا)، (شێخ قادری حەفید)
٢- ڕەئیسی داخلییە، (شیخ محەممەد غەریب)
٣- ڕەئیسی مالییە، (عەبدولکەریم عەلەکە)
٤- ڕەئیسی مەعاریف، (مستەفاپاشا)
٥- ڕەئیسی قوای میللی (عەسکەری)، (ساڵح زەکی ساحێبقڕان)
٦- ڕەئیسی مەحاکم و شەرع، (حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکی‌زادە)[1]

شـێخ قادری برای شـێخ مەحموودی حوکمدار بە ڕەئیسی ڕوئەسا و شێخ محەممەد غەریبـی زاوای بــە ڕەئیســی داخلییە دانرابـوو. ئەم کابینەیــە لە یەک‌دوو شـتا لەگەڵ وەزارەتی حکوومەتەکانی تردا جیاوازی هەبوو.

یەکەم: لەوەدا کە بەناوی وەزیـر یا نازر ناو نەنرابوون.

دووەم: لەگەڵ ڕەئیسی داخلییە، ڕەئیسی ئەمنییەتی عوومییە هەبوو، کە لە حاڵێکدا ئەگــەر ڕەئیــس بە مانای وەزیر بێـت، بەلای ڕەئیســی داخلییەوە ڕەئیســی ئەمنییەتی عوومی زیاد بوو، چونکە لێرەدا مەبەس مودیری شورتەی عام بوو، بێجگە لەمە ڕەئیسی گوومرگ ئەحمەدبەگی فەتاح‌بەگیش دیارە خۆی بە وەزیر ئەژمارد.

شێخ قادری حەفیدیش سەرەڕای ڕیاسەتی ڕوئەسا، مەنسەبی سپاسالاری درابوویە کە ئەمە بە مانای قائیدی عامە و سدیق ئەلقادریش کرابوو بە موفەتیشی عوومی کوردستان.

---

١. کــە شــێخ مەحموود هاتەوە، بانگی کوردســتان هاتەوە نــاو؛ بەپێتیک بڵاوکرایەوە، دوایــی غەزەتەی «ئومێدی ئیستقلال!» دەرهێنرا.

نەوعی سەلاحیەت[1] و کردەوەکانی کە لەسەر ئەم ڕەئیسانە بوو لە ژمارە ٣دا بە ئیرادەیەکی تر و لە غەزەتەی بانگی کوردستانی ژمارە ١٢ و مێژووی سەفەری ١٣٤١ و ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا وەکوو دوو ئیرادەکانی پێشوو بە عینوانی حوکمداری کوردستانەوە بڵاوکرایەوە و بە شێوەی نووسین و ئەو تەعبیر و ئیستلاحانەی کە تیا بەکار هاتبوو شکی تیا نییە کە لە بیری مستەفاپاشاوە هاتبووە دەرەوە و بە قەڵەمی ئەو نووسرابوو. هەر بە ماڵی ئەم ئیرادانە کە دەرئەچوو دەرئەکەوت کە ئەو لایە بەرزانە (جیهات یا مەقاماتی عالی) کە بڕیاری دامەزراندنەوەی حکوومەتی کوردیان داوە ئەمجارەیش ئەوەیان بە بیرا نەهاتووە کە بە یارمەتی پیاوانی تێگەیشتوو و خاوەن ئیحساس بناغەیەکی عەسری بۆ دابڕێژن و جڵەوی کار بدەنە دەس کەسێک وە یا هەیئەتێک کە شارەزای سیاسەت و ئیدارەی حکوومەت بێ و بتوانێت لە ڕۆژێکی وا تێکەڵ وپێکەڵ و هەرج ومەرجدا ئیشی وڵات ببا بەڕێوە؛ چونکە شێخ مەحموود لەوانە نەبوو تاسەر، جڵەو بۆ مستەفاپاشا شل کات. شکی تیا نییە کە جڵەو بۆ ئەو شل‌کردن خەتەری بۆ وڵات تیا هەبوو. مستەفاپاشاش بەو جۆرە نەبووایە هیچی بۆ نەئەکرا و بەم ڕەنگە داخەکەم شێخ مەحموود بەبێ چاوساغ و بەبێ یارمەتیدەر وەکوو کوێر لە دوای زیاتر لە سێ ساڵ نەفی و مەرارەت ڕاستەوڕاست لە دونیایەکەوە هاتە دونیایەکی تر و لەوەیشدا فرێدرایە گرداوێکەوە.

شێخ مەحموودی حوکمدار دوای ماوەیەک حەسانەوە! ناوی خوای لێ هێنا و لە پەردە (حیجاب) هاتە دەرەوە و لە پاش چەن ڕۆژێک عەباسی مەحموودئاغای ڕەئیسی بەشێکی پژدەر لەگەڵ چەن ئاغا و ڕەئیسێکی تر بە ٣٠٠ سوارێکی پژدەرییەوە هاتنە سلێمانی بۆ زیارەتی حوکمدار. عەباس‌ئاغا کە خۆی بە دۆستی شێخ مەحموود ئەدایە قەڵەم، پێش هاتنەوەی شێخ مەحموود لەگەڵ تورکەکان ڕێککەوتبوو؛ ڕانیە بەهۆی هێزەکانی ئەم ئاغایەوە چۆڵ کرابوو.

تورکەکانی ئۆزدەمیر بەهۆی یارمەتی عەباس‌ئاغاوە بە ناو عەشایری پژدەرا هات‌وچۆیان ئەکرد و خەڵقی ئەو ناوەیان ئەترساند. هەر ئەوانیش بوون پێش هاتنەوەی شێخ مەحموود

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤٢٣دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «حوکمدار لە خەڵوەت دێتە دەرێ». س.

بە ماوەیەکی کەم هەڕەشـەیان ئەنارد بۆ لاوە نیشـتمانپەروەرەکان و خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ گرتنی سلێمانی. لەوەدا شک نییە کە عەباس‌ئاغا بە هیوای دەسکەوت شوێن تورک کەوتبوو و ئەهاتە سـەر سـلێمانی، بەڵام کە بەناوی زیارەتی حوکمدارەوە هات، لەوەی کە بە تاڵانی شـار دەسـی ئەکەوت زیاتری پێ‌بڕا، چونکە لـەو پارەیە کە لە خەزێنەی حکوومەتـدا بـوو لەلایەن شـێخ قادرەوە بەشـێکی لەناو برابوو، بەشـێکی زۆریشـی بۆ شـێخ مەحمـوود مابـووەوە، ئینجـا زۆری ئـەم بەشـە چـووە گیرفانـی عەباس‌ئاغـاوە. لەولای تریشەوە هەر ئەم ئاغایە یەکێک بوو لەو هۆیانە کە شێخ مەحموودی فریو دا و خۆی هاویشـتە باوەشـی تورکەوە، چونکە عەباس‌ئاغا کە ئامۆزای بابەکری سەلیم‌ئاغای گـەورەی هەمـوو پژدەر بوو لـەلای ئینگلیزەکانی وەکوو بابەکر ئاغا نەئەچووە پێشـەوە و لـەو خوانـی یەغمایە کە بـۆ بابەکر ئاغا ڕاخرابوو بـۆ ئەمیان بێ‌بەش بـوو و لە دەوری ئینگلیزەکانـدا عەباس‌ئاغا لە حکوومەت دوور کەوتبووەوە، لەبەر ئەمە لەم وەختەدا لە تورکەکان نزیـک کەوتبووەوە و بووبوو بە جێگەی باوەڕی ئۆزدەمیر.

شـێخ مەحمـوود پێـش هاتنـەوە بۆ سـلێمانی،[1] لە بەغـدا لای مەندووبی سـامی و مەلیـک فەیسـەڵ بە جۆرێکـی وا جووڵابووەوە کـە تەفرەی پێ‌بخـون و باوەڕیان بەو قسـانەی کردبـوو کە لەلای ئـەوان کردبووی، چونکـە لای گەورەکانـی ئینگلیز وتبووی: «پەیمانـی سـیڤەر قەت سـەرناگرێت، لەبەر ئەمە نەک سـەربەخۆیی تـەواو، بەڵکوو وشەی موختارییەتیش بۆ کورد نایە بە بیرا.»[2]

ئینگلیـزەکان ئەم وشـانەی شـێخ مەحمـوودیان پێخۆش بـوو، چونکە ئەڵێ «شـێخ مەحموود لەگەڵ سیاسـەتی بەریتانیای گەورە دەرحەق بە کوردسـتان بەتەواوی لەسەر یەک باوەڕ بوو.» لەپاش ئەمەیشەوە ئەڵێن: «بەریتانیای گەورە لەگەڵ حکوومەتی عێراق پێکـەوە پێیـان وت، واتا بە شـێخ مەحموودیان وت، کـە تا بتوانرێت و بۆیان بکرێت

---

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤٢٤دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «شێخ مەحموود لە بەغدا خۆی بەرامبەر بە مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی چۆن پێشان دابوو؟» س.

٢. L. IRAQ societe des nations ئەم قسانە هەمووی لەم کتێبە وەرگیراوە.

هەوڵ ئەدەن ئامادەن بۆ بەجێهێنانی هیوای نیشتمانپەروەرەکانی کورد.[1] ئێمە لەو باوەڕەداین کە شێخ مەحموود لە بەغدا درۆی نەکردبوو و لەو قسانەدا کە کردبووی مەبەس تەفرەدانی ئینگلیز یا مەلیکی عێراق نەبوو، بەڵام لەوە تێناگەین چۆن باوەڕی ئەوەیان پێکردبوو وەزعی سلێمانی لەوانە نەبێ تەئسیری تێبکا و ڕووی پێوەرگێڕێت، بەتایبەتی بێئەوەی کە موستەشارانی کوردی ئازمووده و نیشتمانپەروەری لەگەڵ بەتەنیا ڕەوانەی ناو تورکەکان و تورکپەرستەکانی بکەن و لێی بگەڕێن. لەبەر ئەمە هەر ئەکەوینە سەر فکری پێشوومان کە بڵێین ئینگلیز لە سیاسەتی ئەو دەورەیاندا زۆر جار بە هەڵە ئەچوون و تووشی ئەنجامی پێچەوانەی مەبەسی خۆیان ئەبوون. ئینجا لەبەر ئەمە بوو شێخ مەحموود کە لە وەختێکدا لە بەغدا بە عینوانی ڕەئیسی مەجلیسی میللی ڕازی بووبوو[2] و دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی و تێگەیشتنی لە ئەحواڵ دەسی کرد بە بیانوو گرتن و چووە پشت پەردەوە تاوەکوو عینوانەکەی گۆڕا بە حاکمی عام و لەگەڵ ئەمەیشدا مەلیک فەیسەڵ بە هیوای ئەوە کە شێخ مەحموود ببێت بەهۆی دەرکردنی تورکەکان لە ڕەواندز و کەڵکێک بە عێراق بگەیەنێت لە بابەت مەسەلەی مووسڵەوە بە موافەقەتی مەندووبی سامی بەریتانیا، بەرامبەر بە شێخ مەحموود زۆر بە هێمنی ئەجووڵایەوە و هەروەکوو دانی بەوەدا نابوو کە عینوانی حاکمی عام یا حوکمدار لە خۆی بنێ و لە وێنەیەکی فراواندا پەیمانی موختارییەتی کوردستانیشی دابوویە، بەڵام شێخ مەحموود بەوانە نەرم نەبوو، دوای ئەوەی کە چاویان لێ پۆشی و عینوانی حوکمداری درا پێی، بە مانگێک لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا ئەم عینوانەشی گۆڕی و ناوی خۆی نا مەلیکی کوردستان.

شێخ مەحموود وا دەرئەکەوت بیرێکی ژیرانە و تایبەتی نەبوو و هەر ڕۆژە لەسەر بیروباوەڕێک ئەڕۆیشت بەڕێوە، ئەگینا لە وەختێکا کە مەسەلەی کوردستان لە هەموو شتێک تووشی بەرهەڵستی تورک و بەتایبەتی تورکی کەمالییەکان ئەبوو، تەنیا ئەوان

---

١. هەمان سەرچاوە.

٢. ئەو مەجلیسە دوای بەجێهێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ژێر سەرەکی شێخ قادری برای شێخ مەحموود بۆ پاراستنی شاری سلێمانی و ڕاگرتنی ئەمنییەت دامەزرابوو.

بـوون لە ڕێـی ئامانجی میللی کوردا ئەوەسـتان و هەوڵی ئەوەیان ئـەدا قەڵاچۆی کورد بکەن. شـێخ مەحموود لە ژێرەوە دەسی ئەخستە دەسـیان، لەگەڵیان ڕێک‌ئەکەوت و لەولای ترەوە بە عینوانی ڕەئیسی مەجلیسی میللی و دوای ئەوە بە حوکمداری کوردستان دائەنەمرکایەوە و ناوی مەلیکی کوردستانی لە خۆی ئەنا.

من ئەو وەزیفەیەم[١] پێخۆش‌نەبوو کە لە دائیرەی تایبەتی مەلیکدا خرابووە ئەسـتۆم، لەبەر ئەمە ویسـتم بگەڕێمەوە مەکتەب. حوکمدار موافەقەتی فەرموو و مستەفاپاشای ڕەئیسـی مەعاریـف لـە ئیش و کاری خۆیـدا منـی کـرد بـە موستەشـار و پێکـەوە مەکتەبەکانمان ڕێکخسـتەوە. لەو وەختەدا لە سـلێمانی تەنیا دوو مەکتەبی ئیبتیدایی هەبوو، ئێمەش مەکتەبێکی ئەوەڵی، واتا مەکتەبێکی سـێ پۆلی منالآنمان کردەوە و دوو سـینفی ئیعدادیمان خستە سەر ئیبتیدایی‌یە گەورەکەی نموونەی سەعادەت کە ناومان لێنا مولحەقی ئیعدادی. بەم ڕەنگە ئەو قوتابییانەی کە بە دوو ساڵ نموونەی سەعادەتیان تەواو ئەکرد و لە سلێمانیدا ئەمانەوە، هاتنە دوو سینفەکەی ئیعدادی و ئەم کردەوەیە بوو بەهـۆی ئەوە کە لە هاوڕێکانی خۆیان کە توانیبوویان بچنە بەغدا دوا نەکەون و دوایـی لەگەڵ ئەوان یەک‌بگرنەوە و بەڵکوو پێشـیان بکەون. ئەم چەن مەکتەبە کە هەبوون و سـەرلەنوێ ڕێکخرانەوە، بە حەماسـەتێکی زۆر بەرزەوە دەرس ئەوترایـەوە. بێجگە لەو موعەللیمانـەی کە حکوومەتی پێشـوو داینابـوون چ بۆ پۆلەکانی ئیعـدادی و چ بۆ ئەو تازانـەی کردبوومانەوە لـە زابتە نیشـتمانپەروەرەکان بەبێ پووڵ و مواجـب موعەللیمی یەکجـار بەکەڵـک و خوێن‌گەرم و مایل بە خزمەتمان دەسـکەوت؛ بێجگە لە ڕیازەی بەدەنی (یاری). مەشقی عەسکەریشمان بە قوتابییە هەراشەکان ئەکرد و عەزیز قەزاز و ئەمیـن ڕەوانـدزی، دوو زابتی لاوی کورد ئەم خزمەتەیان بەجێ‌ئەهێنا. ژەنەڕاڵ سـدیق ئەلقـادری موفەتیشـی عموومی حکوومەتی دەرسـی ڕەسـمی ئەوتەوە و مستەفاپاشـای ڕەئیسی مەعاریف دەرسی جەبر. من کرابووم بە مودیری ئەم مەکتەبە، بەڵام دەرسەکانی هەندەسەی موجەسەمە و موسەلوساتیشم ئەوتەوە.

لـە دائیـرەی مەلیکشـدا بـەناوی دەرس‌وتنەوە بـە کوڕەکانـی حوکمـدار، ڕەئووف و

١. ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ٤٣٢دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «مەعاریفی سلێمانی». س.

عەلـی، دووبارە ئێواران ئەچوومەوە لای شـێخ؛ ئەمجارە ئەمرێکیشـم بۆ دەرچوو کە
بـی ئەو ئەمرە لە هەموو وەخت و سـەعاتێکدا بەبێ ئیزن ئەمتوانی ڕاستەوڕاسـت
ـە دائیرەی تایبەتی حوکمدار و لەم ڕووەوە لەناو مەئموورەکانی ئەو وەختەدا و لای
ستەودائیرەی مەلیک قەدر و حورمەتێکی تایبەتیم هەبوو، ئەتوانم بڵێم دەسـەڵاتێکم
بوو و زۆر کەسیش بەخیلییان پێ ئەبردم.

لەسـەر ئیقتیراحـی مستەفاپاشـا، مەکتەبـی ئیعـدادی ناونـرا مەحمـوودی. دوو
کتەبەکـەی تریش، قـادری و لەتیفییە؛ لەتیف کوڕی هەرە بچووکی شـێخ مەحموود
ۆ، تەنیا ئەمەیان لە ئایشـەخانی ژنی دووەمی شـێخ مەحمووده، کە ئامۆزای خۆی بوو،
ئووف و بابەعەلی لە بەهیەخانی کچی ئەمین عەتارن کە ژنی یەکەمی بوو. بەهیەخان
ی شـێخ مستەفای نەقیبی مامی شـێخ مەحموود بوو، ئایشەخان ژنی شێخ ئەحمەدی
اِی شێخ مەحموود بوو، کە لە هەرای مووسڵدا کوژرابوو.

لەم مەکتەبانەی سـلێمانیدا هەروەکوو دەرس‌وتنەوە زۆر بەگەرمی و بەڕێک‌وپێکی
ترایـەوە، قوتابییەکانیـش زۆر بەدڵ و بەهەوەس دەوامیـان ئەکرد و واجبی خوێندن و
ووسـینیان بەجـێ ئەهینـا. لەبەر ئـەوەی کە بەشـێ لـە موعەللیمەکانی ئیعـدادی لە
اِبتەکانی کۆن وە یا تازەی کورد و نزیکەی هەموویان لە دەرچووان و پێگەیشتووانی ئەو
ەکتەبە عەسکەرییە بوون کە لە دەوری عوسمانیدا هەر لەم بینای مەکتەبی ئیعدادی
ازەیـەدا بـوو وا ئارەزوو کرا کـە قوتابییانی ئیعدادی مەحموودی لەسـەر پێ‌وشـوێنی
مەکتەبەکەی خۆیان بە پرۆگرامێکی نیوەعەسـکەری ئیـدارە بکرێت و ببرێت بەڕێوە.
بەرگـی قوتابییەکانیـش هەریەکە لە نەوعێک بـوو؛ پارەمان کۆ کردەوە بـۆ ئەوانەی کە
نەیانبـوو، سـەد دەس بەرگی یەکڕەنگمان بۆ کردن. دەوڵەمەنـدەکان هەموو بەجارێک
کەوتنە بەرگ دروست‌کردن و لە ماوەی لە مانگێک کەمتر هەموو قوتابییانی ئیعدادی
مەحموودی یەکڕەنگ وەسـتانەوە. بۆ کڵاوی سەریشیان جۆرە سیدارەیەکمان داهێنا کە
نزیـک بە سـیدارەی ئیسـکۆچەکان بوو، لە ناوچەوانی ئەم سیدارەیەدا بە سورمە وشەی
مەحمـوودی دادوورا. زۆری پێنەچوو قوتابییە دەوڵەمەندەکان لەباتی سـورمە بە ئاڵتوون
ئـەم وشـەیەیان ئەدروو بـە ناوچەواندا، لـە مەکتەبەکانی تریش بوو بـە چاولێکەری و

جل‌وبەرگی هەموو بوو بە یەک وێنە و یەک تەرتیب و ناوچەوانی کڵاوەکانی دوو مەکتەبەکەی تریش بە وشەی قادرییە و لەتیفییە ڕازێنرایەوە.

ساڵح بۆڕی‌زەن لەناو قوتابییانی دەوری عوسمانیدا ناسراو بوو. لەو دەورەیەشدا مابوو، ناردم بە شوێنییا و کردم بە فەڕاشی مەکتەب و بۆڕیەکم لە دائیرەی عەسکەری بۆ وەرگرت لەجیاتی زەنگ بە بۆڕیە قوتابییانمان ئەکردە دەرسەوە یا ئیشارەتی پایدۆس، واتا ئیسراحەتمان ئەدانێ. باندۆیەکی پچووکی مۆزیقەییشمان هەبوو، کە قوتابییەکان بۆ مەشق ئەچوونە دەرەوە تاقمی بۆڕی‌زەن و مۆزیقە لە پێشیانەوە مۆزیقەیان لێ‌ئەدا، قوتابییەکان بە ئاوازێکی یەکجار سازگار گۆرانی کوردی میللییان ئەخوێندەوە و خەڵقی ناو بازاڕ و کۆڵانەکان بە گەورە و پچووک شوێنیان ئەکەوتن و چەپڵەیان بۆ لێ‌ئەدان. هەموو قوتابییانی شاری سلێمانی لەو دەورەدا نزیکەی ٧٠٠ قوتابی بوون، بەڵام نموودێکی ئەوەندە گەورەی هەبوو کە قەت لە هیچ دەورێکدا سلێمانی ئەوەی بە خۆیەوە نەدیوە. وەختێک کە ئێمە لاوەکان لەم حاڵەدا بووین و بە هەمووە جۆرێک خەریکی ئەوە بووین کە گیانی نیشتمانپەروەری کورد تازە بکەینەوە، حوکمدار دەوری درابوو و تورک‌خواکان و «قاسید»ەکانی تورک لە هات‌وچۆدا بوون و تێی‌ئاڵابوون بۆ کەین‌وبەین (موئامەرە)یەک کە بەدەسیانەوە بوو؛ شێخ مەحموودیش کەوتبووە بازاڕ و بازاڕکاری، واتا مساومە لە ژێرەوە لەگەڵ تورکەکان و لە سەریشەوە بەئاشکرا لەگەڵ ئینگلیزەکانا. لە کانگای دەروونییا خاوەن شعوورێکی میللییە و لەو کارەساتانەی کە بەڵەدە لەمەیشدا جێی ئینکار نییە، کە شێخ مەحموود بەسەری هاتووە بەشێکی زۆری لە ڕێی کوردایەتی و کوردستاندا بووە و لەم ڕێیەدا فیداکاری کردووە. جارێکیان بەهۆیەکەوە قوتابییەکانی ئیعدادی لە دائیرەی حوکمدار گۆرانییەکی میللییان ئەخوێندەوە، شێخ مەحموود خۆی پێ‌نەگیرا و ئاو بە چاوەکانیا هاتە خوارەوە؛ ئەمە لەو ڕۆژانەدا بوو کە لەگەڵ تورکەکان گفتوگۆی ڕێککەوتن ئەکرا و دەوروپشتی شێخ بەوانەی کە لەسەر حیسابی ئۆزدەمیر لە تەقەلادا بوو تەنرابوو. مەبەس ئەوەیە کە شێخ مەحموود کەسی وای بە دیارەوە نەبوو، نەخرابووە تەکی کە بتوانێت ڕێگەی بۆ ڕووناک بکاتەوە یا ڕووی پێ‌بکاتە نیشانگا. خۆی لە ئینگلیز بەداخ بوو، ئەوانەی دەوریشیان

.ابوو یا تورک‌خوا بوون یا دوژمنی ئینگلیز.

چەن کەسێکی کە لایەنی ئینگلیزیان ئەویست، ئەوانەش لەلای هەموو کەسێک ناخۆشەویست بوون. نیشتمانپەروەری بەڕاستی هەروەکوو کەم بوون؛ تەنیا خۆشەویستی لاوەکان و تاقمی ڕەشوکی بوون ئەم دوو تاقمەش لەو ڕۆژەدا هیچیان لە دەس نەئەهات. جگە لەمە تورک‌خوا، ئینگلیزخوا، تاقمی شێخان و ئاغا و تفەنگ بەدەس چوون‌یەک ڕقیان لێیان بوو و چارەیان نەئەویستن.

بە هاندانی تورک‌خواکان و تاقمی ئۆزدەمیر، مستەفاپاشا زوو لە شێخ مەحموود دوور خرایەوە، هەتا دەنگ وابوو کە ئۆزدەمیر هەوڵی ئەوەی ئەدا شێخ مەحموود نەرم کا مستەفاپاشا بدا بەدەسەوە، بەڵام ئەمە لەگەڵ مەرکەزی شێخ مەحموودا ڕێنەئەکەوت و کارێکی وا لەوەوە دوور بوو. لەبەر ئەمە لەسەر حیسابی ئینگلیز لە سلێمانییا تەنیا میجەر نۆئێل مابووەوە کە ئەویش لە خەتی گەمارۆی تورک‌پەرستەکان هەموو دەمێک بەئاسانی نەئەچووە ژوورەوە. تایەری ئەمین ئەفەندی، خاڵی ماجد مستەفا، کە سەرکاتبی (کاتبی سیرڕی)ی شێخ مەحموود و ئالەتێک بوو بەدەس تورکەکانەوە، نفووزی لە ژوور نفووزی میجەر نۆئێلەوە بوو. تورکەکان نفووزیان تا ناو شاری سلێمانی گەیشتبوو. لە ڕەواندزەوە تا پژدەر بە ناو عەشیرەتەکاندا ئەسووڕانەوە و زۆری ئەمانەیان بە خۆیانەوە بەند کردبوو، هەڕەشەی ئەوەیان ئەکرد کە ئیمڕۆ سبەی بە لەشکرەوە هەڵمەت ئەبەنە سەر سلێمانی و هەموو ویلایەتی مووسڵ ئەگرنەوە. بەیاننامەکانی ئۆزدەمیر کە بە وێنەیەکی جوان لە چاپ درابوو سەرەوەی بە مانگ و ڕۆژی نیشانەی بەیاخی تورک ڕازابووەوە، بەدەس خەڵقەوە فرک‌وهۆڕی بوو و بەئاشکرا ئەخوێنرایەوە. ئینگلیزەکان تەنیا میجەر نۆئێلیان بە دیار شێخ مەحموودەوە دانابوو، ئەیانویست تورکەکان لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە. بەڕاستی ئەگەر ئەمە تەفکیری هەموو وەختێکی ئینگلیز بێت چاکیشە تا ئیمڕۆ لە خۆرهەڵاتا ماوەتەوە.

شێخ مەحموود مارانگاز بوو، لە دەسوەشاندنی تورک زۆر ئەترسا. وایش برابووە مێشکییەوە کە مووسڵ ئەدرێتەوە بە تورک وە یا بە زۆری چەک ئەیگرنەوە. ئینگلیزەکانش لە هەموو جێگەیەک تووشی شکست ئەبوون و ڕایانئەکرد. بەرامبەر بە کەریم‌بەگی

فەتاح بەگ لە بازیان، بەرامبەر بە پژدەرێ لە دەربەندی ڕانیە هیچیان پێنەکرابوو و کشابوونەوە و لە سلێمانی بەپەلە بە فرۆکە ڕۆیشتبوون. بەرامبەر بە مستێ تورک لە دوورەوە تەماشایان ئەکرد، عەشایر زۆریان لەگەڵ تورک ڕێککەوتبوون ناوشاری سلێمانی پڕ بوو لە تورک خوا و دائیرەی حوکمدار بە پەنجەی تایەر ئەفەندی، واتا بە ئەمر و ئیشارەتی ڕەواندز ئەچوو بەرێوە.

غەزەتەکانی ئەورووپا و بەتایبەتی هی بەریتانیا باسی لۆمەی ئینگلیزەکانی ئەکرد لە حکوومەت و ئەیویست کە لەبەر هۆی ئابووری (اقتصادی) و ماندوویەتی قەومی ئینگلیز لە ئەنجامی شەڕی گەورە، لە عێراق و لە کوردستاندا نەمێننەوە و پووڵێک زیاد بەناوی مەسرەفی ئیحتلالەوە نەخەنە سەر خەزێنەی بەریتانیا.

شێخ مەحموود لە ڕۆژێکی وادا بە چ هێزێکەوە ئەیتوانی تورک لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە. هێز لە کوێ بێنێت؟ کێ بە قسەی ئەکات؟ ئەوا گیرا هێزێکی بچووکیشی پێکەوە نا، چۆن و بە چ ڕێگەیەکدا ئەچووە سەر ڕەواندز؟ بهاتایە تورک بەرەنگاری بوو، هێزی تری هێنایە ئەو ناوە وە یا عەشایری لێ ڕاست بوونەوە و یارمەتی تورکیان دا، شێخ مەحموود چی پێئەکرا و بۆ کوێ ئەچوو؟ سبەی ڕۆژێک تورکەکان گەڕانەوە مووسڵ، سلێمانی ئەو چی ئەکرد، پشتیوانی ئەو کێ ئەبوو؟ ئەمانە هەموو بە زیادەوە خرابووە بەرچاوی شێخ مەحموود، بە وشەکانی مسوڵمانەتی، غەزا، دین، تۆڵەسەندنەوە، مێشکی پڕ کرابوو؛ لە بەرامبەر ئەمەدا بۆ کورد و کوردستان لەوێ ڕاوەستێت، هەتا بۆ ئینگلیز وە یا بۆ عێراق شتێک لەناوا نەبوو، نە ڕێپیشاندەرێکی وریا، نە کەسێکی ناودار و نیشتمانپەروەر و بەنفووز، نە تەنزیماتێکی قەومی و سیاسی، نە هێزێک، نە پارەیەک، بەکورتییەکەی هیچ و هیچ شتێک لەناوا نەبوو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم شتانە بکا لە سەرەوە باسمان کرد و بە هێزێکی تەواو دەوری شێخ مەحموود بدا.

شێخ مەحموود وەنەبێ حەزی لە حوکمداری نەئەکرد، ئەوەشی ئەزانی کە ئەم حوکمدارییە پەیوەستە بەوە کە لەگەڵ ئینگلیز ڕێک بکەوێت، چونکە ئەوەندە نەفام نەبوو کە وا بزانێت تورک ئەیکەن بە شتێک. هەرچەن ئوزدەمیر پەیمانی ئەوەی ئەدایە کە لە کوردستانی عێراقدا وەکوو محەممەد عەلی میسر بکرێت بە خدیوی، بەڵام باوەڕ

ـەم کە بەمە تەفـرەی خواردبێت، بەڵکوو ئەو لەوە ترسـی هەبوو کە ئەگەر ڕۆژێـک ڕکـەکان بگەڕێنەوە ئەم وڵاتـە، تۆڵەی ئەوەی لێ بکەنەوە کە لە دوارۆژەکانی شـەڕی وره پەیمانێکی دابوو بە عەلی ئیحسانپاشا لە مووسڵ و لە دواییدا لەگەڵ ئینگلیزەکان ژێرەوە ڕێککەوتبوو و داوای کردبوونە سـلێمانی. لەوە ئەترسا کە ئەگەر لە کەرکووک ىدام نەکرابوو عەلی ئیحسان گەیشتبووە فریای، ئەمجارە ڕزگاری نەبێ لە دەس تورک بیکەن بە قەنارەدا، وەکوو مەحوی بوێژی بەناوبانگی کورد ئەڵێت:

فەلــەک هــەرگا کەسـێکی هەڵبــڕی، وەعــدەی هیلاکەتیە
کە ســەر بۆ گەینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چی بکا؟

لەوە ئەترسـا کە ئەنجامی ئەم حوکمدارییە ئـەوە بێ کە بکرێت بە قەنارەدا و بۆیە ، سـەرکەوتبێتە سەر کورسی حوکم کە ملی بگاتە پەتی قەنارە. خۆلاسە ئیتر سیاسەتی ڕک سەرکەوتبوو، پرۆگرامێک کە لە بەغدا بۆ شێخ مەحموود دانرابوو کەوتبووە ئاوەوە، ڵام شـێخ مەحموود لەگەڵ ئەمانەشدا کە باسمان کرد جارێ بەتەواوی خۆی نەدابوو دەسـەوە و بیری و قسـەی دڵی دەرنەخسـتبوو لـە تاقیکردنەوەی هێز و دەسـەڵاتی ەردوولا تورک و ئینگلیز ئەیویسـت زیاتر بچێتە پێشـەوە و شارەزایی پەیا بکا؛ لەبەر مـە لەگەڵ ئینگلیزەکان نامە لە بەینـدا ئاڵوگۆڕ ئەکرا و لە ڕواڵەتا تەقەلای ڕێکەوتن ەر لە دەوامدا بوو، بەڵام دەنگ لەناو تاقمێکدا وابوو کە لەسەر هاندان و ڕێپیشاندانی ڕکـەکان، بەدەسـەوەیە کـە بـە جوورێـک ڕێگـەی لەناودانـی نیشـتمانپەروەرەکان و وانـەی کـە لایەنی ئینگلیـزیان ئەوێت بدۆزرێتـەوە و بە مەیشـدا دەرئەکەوێت کە ـەلای تاقمی جل‌خوار و خاوەن‌دەسـەڵاتەکانەوە کوردی نیشـتمانپەروەریش بە چاوی وانە تەماشـا ئەکران کە خزمەتی ئینگلیزەکانیان ئەکرد؛ لە ڕووی ئەم حاڵە ناخۆشـەوە ، خەیاڵی کەسا ئەهات کە لەم پەیمانە بپرسێتەوە، کە بە شێخ مەحموود درابوو؟ خۆشی ـەم بابەتەوە بەیانێکی ئەوتۆی نەدابوو و بڵاوی نەکردبووەوە. ئەم بەیانە نارێـک و پڕ لە ەڵەتـی ئیملا و گرامێر (ڕێزمـان)ە بەیانی بەرودوای ئەو ڕۆژەیە، کـە لە ژمارە دەیەمی نگی کوردسـتاندا بڵاوکرایـەوە، بێ‌ئەوەی هیچی بگۆڕیـن وە یا ڕێکیبخەین وەکوو لە ەزەتەکەدا نووسراوە ئەیخەینە بەرچاوی خوێندەواران.

«... لـە پێـش (ئەبـێ مەبـەس لـە پاش بێ نـەک لە پێـش) تشـریف هێنانەوەی حضرت حکمدار کردسـتان دام شـوکته ئیتر ملـت کەوتە رفاه و إسـتراحتیکی واوە کە امثالی نەبینراوە و هەروەکو لە نسـخەی (١٠) بانگ کردسـتاندا نشر کرابو بۆ دەسکردن بـە ئیـش و إنتظام أمـور کردسـتان هیئەتـی رؤسـای محترمـە (مەبەسـی وەزیرەکان وە یا ڕەئیسـەکانە کـە کابینەی حکوومەتی کوردسـتانی لێ دامـەزرا) با ارادە علیه تعیین فرمـوران. أم هیئـت رؤسـای محترمـە، کە لـە ذوات ذی إقتدار و نامـدار هەڵبژێرراون تشکیلاتێکی موقتە.»

«هەتاوەکـو جناب مندوب سـامی دوڵت فخیمـەی بریتانیا کە لە بغـداوە هەروەکو وعدی فرموە موافق خریطە عموم لوا و قضایان کردستان إلحاق أفرمویت أو سایە إرادۂ حضرت حکمدار دام شوکته لە کرکوک و أربیل و لە زاخو و عقرە و عمادیە و دهوک و صلاحیە و خانقین و سـایر بلاد کردسـتان رجال محترمە دعوت و تشـکیلاتێکی دائمی إجرا اکری...»

میجەر نۆئێل کە بە قسـەی موستەشـاری حوکمدار و لە کوردستانی عێراقدا وەکیلی مەندووبی سامی بریتانیا بوو، بە ئومێدی نزیکخستنەوەی شێخ مەحموود لە بەغدا و بریتانیاوە و بۆ وەرگرتنی تەعلیمات و دانانی ڕێوشوێنێکی بە دڵی شێخ بۆ حکوومەتی تازەی کورد چەن جارێک لە بەینی بەغدا و سلێمانیدا هاتوچۆی کرد و چەن جارێکیش بە فرۆکە چووە کەرکووک، بەڵام وادیار بوو کە ئەم تەقەلایەی میجەر نۆئێل سـوودێکی نەئەبەخشـی. ئینجـا کۆڵـی‌دا و تاوەکوو ڕشـتەی پەیوەندیـی بەینی شـێخ مەحموود و حکوومەتـی بەغدا بەتەواوی ئەپچرێـت کەپتەن چەپمەنـی موعاوینی لە جێی خۆی دانا بە وەکیل و ئەمجارەش بەبێ ئەوەی بە مەرامی خۆی و لە کوردسـتاندا شـتێکی بۆ بکرێت سلێمانی بەجێ‌هێشت و ئیتر نەگەڕایەوە.

مەندووبی سـامی لە ئەحواڵ گەیشـت و هیوای لە شێخ مەحموود بڕی، لەبەر ئەوە مانەوەی چەپمەن لە سلێمانی کەڵکێکی نەمابوو تا دوامین ڕۆژی کار لە چاوەڕوانییەکی بێ‌سـوود و بێ‌هیوا بەولاوە شـتێکی تیا نەبوو، لەم‌لای تریشەوە بە هاندانی تورکەکان وە یا تورکپەرسـتەکان دەوری شێخ مەحموود خۆی چەپمەنیشی خستە ژێر چاودێرییەوە

(مراقبه) و لەگەڵ کەس ڕێگەی هەڵسان و دانیشتن وە یا گفتوگۆی نەئەدرا.

شێخ قادر کە لە هەموو کاتێکا بە دۆستی ئینگلیزەکان ناسرابوو لەسەر تکای چەپمەن داوای لە من کرد کە بە بیانووی دەرسەوە سەعید قەزازی بۆ بنێرم. ماوەیەکی کەم سەعید ئەچوو و ڕۆژی یەک دوو سەعات لەلای چەپمەن هاودەمی ئەکرد و ڕایئەبوارد. شێخ مەحموود بۆ ئەمە گلەیی لێ‌ئەکردم و ئەیوت کە نەئەبوو قسەی شێخ قادری (رئیس الرؤسا - رئیس الوزرا) بەجێ بێنم. شێخ مەحموود بەیانێکی ڕەسمی لە غەزەتەکەدا بڵاوکردەوە و هات‌وچۆی لای چەپمەن و لێ نزیک کەوتنەوەی بەئاشکرا یاساغ کرد. لە دوای ئەمە چەن ڕۆژێک بە بیانووی موزاکەرە ئیزنی خواست و چووە کەرکووک. بەم جۆرە ڕۆیشتنی چەپمەن بە دڵی شێخ مەحموود بوو لەبەر ئەمە ئەویش ئیتر نەگەڕایەوە.

هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی[1]

لە پێش ئەمەدا وتبوومان کە سمکۆ دوای شەبیخوونی تورکەکان و کوژرانی یەکێک لە ژنەکانی و بەدیل‌گیرانی خەسرەوی کوڕی، لەگەڵ براکەی و هەندێ لە دەستەودائیرەی، خۆیان گەیاندبووە دەوری ڕەواندز. ئینگلیزەکان لەم وەختەدا لەگەڵ شێخ مەحموود لە گفتوگۆیەکی بێ‌سوودا بوون و هیوایان لێ‌بڕیبوو، بەڵام بەم بەسەرهاتەی سمکۆ و هاتنی بۆ سنووری عێراق وایان هاتبوو بە بیرا کە بتوانن لە بەسەرهاتی سمکۆ کەڵکێک وەرگرن و بیکەن بەهۆی تێکدانی بەینی تورک و شێخ مەحموود. لەبەر ئەمە وایان کرد کە بێتە هەولێر و لەگەڵ شێخ مەحموود بە تەلەفۆن کەوتە موخابەرەوە. بەو شتانەی کە لە غەزەتەی «بانگی کوردستان»دا لە بابەت ئەم موخابەرانەوە بڵاوکرایەوە سمکۆ داوای ئەوەی ئەکرد کە شێخ مەحموود ئەم هەلە لە دەس نەدات و بۆ خزمەتی کورد بێکۆشێت. هەندێک کە خۆیان بە شارەزا دائەنا و لافی ئەوەیان لێ‌ئەدا کە ئاگایان لە ئەحواڵ هەیە، ئەیانوت سمکۆ نەهاتۆتە هەولێر، چونکە ئاگای لەوە بوو خوشکەکەی

---

[1]. ئەم بابەتە دووپاتە، بڕ: ل ٤٥٩. س.

مـار شـەمعوونی کوژراو لە بەغدایـە و خەریکە لە عەلەیهی سـمکۆ لای ئینگلیزەکان، لەبەر ئەوە سمکۆ مەترسی لە خۆی هەبوو. ئینجا کە نزیـک هەولێر ئەبێتەوە فڕۆکەیەکی ئینگلیـز ئەگاتـە ژوور سـەری، لەمە شـک پـەیا ئەکا و هەڕەشـە لە شـۆفیرەکەی ئەکا کـە ئۆتۆمۆبیلەکە بـەرەو دوا بگێڕێتـەوە و ئەچێتە بەحرکە. عیززەتـی فاتە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە چووبوو سـمکۆی هێنابوو، لەبەر ئەوە زۆری لەگەڵ خەریـک ئەبێ، کە نەگەڕێتەوە، بەڵام بێ‌سـوود ئەبێ. ئینجا ئەڵێن کە عیززەتی فاتە (عیززەتی تۆپچی) لە بەحرکەوە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ هەولێر بەناوی سمکۆوە ئەکا.

قسـەکانی عیـززەت بە تەلەگـراف ئەنێرێ بۆ شـێخ مەحموود، شـێخ مەحموودیش بەپێی مەرامی ئینگلیزەکان وە یا بەپێی قسـەکانی عیـززەت وەڵام ئەداتەوە و بۆ گفتوگۆ سمکۆ داوا ئەکاتە سلێمانی. سمکۆ و شێخ مەحموود، وەکوو ئینگلیزەکان تێگەیشتبوون دوژمنی یەک نەبوون، بەڵکوو هەر لە دوای گیران و نێررانی شێخ مەحموود بۆ هیندستان شوناسی و دۆستایەتی لە بەینی ئەم دوو ڕەئیسەدا پەیا بوو. دوای ئەوە کە شێخ مەحموود نێررایـە هیندسـتان ماڵومناڵەکـەی لەگەڵ شـێخ قادری بـرای خۆیان کوتابـووە ئێران. لە سـابڵاخ بە هاندان و دەسیسـەی تاجرباشی، شـێخ قادر گیرا و درایە دەس ئینگلیز و ئەویش نێررایە هیندستان و ماڵومناڵەکانی شێخ مەحموود لە ئێراندا بێ‌کەس مانەوە و کەوتنـە حاڵێکـی زۆر گرنگـەوە. ئینجـا لەم وەختەدا سـمکۆ شـای دووەمی ئێـران بوو، بەشێکی زۆری ئازەربایجانی بەدەسەوە بوو، مناڵەکانی شێخ مەحموود خۆیان کوتایە لای ئەو سمکۆ و باڵی باوکییەتی بەسەرا کێشان و لە سایەی خۆیا حەساندنییەوە. ئەمجارە نۆرەی شێخ مەحموود بوو، ئەیویست بە زیادەوە چاکەی سمکۆ بداتەوە. تەلەگرافەکانی لە بەینی سـمکۆ و شێخ مەحموودا ئاڵوگۆڕ کرا، ئینگلیزی خستبووە هیواوە، لەبەر ئەوە ڕێگەیان دا کە سمکۆ بێتە سلێمانی. ئەم دەنگە کە بڵاو بووەوە، سلێمانی کەوتە جووڵانەوە و کارەبایـەک کەوتبـووە لـەش و دەمارەکانـی هەمـوو لاو و نیشـتمانپەروەرەکان، چونکە ناووشۆرەتی سمکۆ و باسی قارەمانی ئەم کوردە دەمێک بوو گەیشتبووە کوردستانی عێراق و هاتنی ئەو بۆ سلێمانی بۆ مەسەلەی کورد، بە دەنگێکی جێ‌مزگێنی کەوتبووە بەرگوێ.

سـمکۆ واتا ئیسـماعیل‌ئاغای ڕەئیسـی عەشیرەتی شـکاک لە دڵی کوردا جێگەیەکی

ی هەبوو، بـە قارەمانێکی میللی ئەهاتە بەرچـاو. حکوومەتەکانی تورک و ئێرانیش
وێکی پڕ شـک و ئەندێشـەوە تەماشـایان ئەکـرد، لەبەر ئەوە مەسـەلەی هاتنی
ـلێمانی لـەو ڕۆژەدا شـتێکی کەم نەبوو. گـەورە و بچـووک بە ژن و پیـاوەوە لەم
ە ئـەدوان و بەپێی ئەو ناووشـۆرەتە کە هەیبـوو بێ ئۆقرە چاوەڕوانی گەیشـتنی ئەم
انەیان ئەکرد و ئەیانویست کە ساتێک زووتر بە دیداری شاد ببن. بەلای ئەوانەوە
ڕد و نیشـتمانپەروەر بوون سـمکۆ قارەمانێکی قەومی بوو، هیوای ئەوەیان لێ ئەکرد
م هاتنەی مەجرای کارەسـات بگۆڕێت و مەسـەلەی کوردسـتان سـەربکەوێت؛
خەیاڵەدا بوون کە شـێخ مەحموود لەسـەر ئەو دووڕێیانـەی (مفترق الطریقین) کە
وەسـتاوە بە سـمکۆ بخرێتە سـەر ڕێی پێویست، واتا سـەر ڕێی هیوا، سەر ڕێی
و کوردستان! مستەفاپاشا لەو حاڵەی کە تیا بوو چووە حاڵێکی ترەوە، زندوو بووەوە،
ی قیت کـردەوە، بووەوە بە کوڕی چواردە سـاڵ، ئەویش لە سـەودایەکی ترا بوو، بە
ی ئەوە بوو کە سمکۆ، شێخ مەحموود بخاتە سەر ئەو ڕێیە کە خۆی هەوڵی بۆ ئەدا.
ـ لە ڕەواندز دەرکردن و ئاشووب خستنە کوردستانی تورکیا و شکاندنی پشتی مستەفا
ال و سەرخستنی پرۆگرامی ئینگلیز؛ ئینجا ئەگەر ئینگلیز بە کەرەم و ئیحسانی خۆی
ێت و لە پاداشتی ئەم خزمەتەدا شتێک بە کورد بدا یا شتێکیان بۆ بکا، ئەوا هاتنە
ـ چۆکی کورد بەرامبەر ئەو کەرەم و ئیحسانە.

نیهایـەت هاتنی سـمکۆ بۆ سـلێمانی بوو بە ڕاسـت و لە سـلێمانی لەسـەر ئەمری
یک خانووی[1] شـێخ مستەفای نەقیبی بۆ ڕێکخرا. لە هەموو دەوروپشتەوە ئەهالی و
شایرێکی زۆر بە سواری چوون بەپیرییەوە، شاری سلێمانیش بە وێنەیەکی زۆر جوان
ۆی ئامـادە کرد، لەبەر ئەوەی کە ئەم هاتنە جێگەی هیوایەکی گەورە بوو، بە ڕەسـمی
یرییەوە چوون. یەکجار شیرین و شاهانە بوو، شەوێـک پێش گەیشتنی سمکۆ شاری
ێمانی وەکوو شارە مێرووله ورووژابوو، وەکوو ئەڵێن دەرزی هەڵدرایە نەئەکەوتە عەرزی،
ۆژ خەو لە چاوی زۆر کەس نەکەوت. ئەوەی کە جێگەی تێوردبوونەوە بێ ئەوە بوو
ئەو شەوە حەماسەتی تورکخواکان لە نەشئە و حەماسەتی لاوە نیشتمانپەروەرەکان

[1] امی شێخ مەحموود و مێردی بەهیە خانمە، کە دوای مردنی شێخ مستەفا شووی بە شێخ مەحموود کرد.

کەمتر نەبوو؛ هەردوو تاقم ئەم هاتنەی سمکۆیان بۆ سەرکەوتنی مەبەسی خۆیان بە باش ئەزانی. لەو شەوەدا مستەفاپاشا کاغەزێکی بۆ من نووسیبوو، تکای لێ ئەکردم کە هەر بەو شەوە گۆرانییەکی میللی زۆر بەکوڵ ڕێک بخەم و فێری قوتابییانی بکەم بۆ ئەمەی بەڕەسمی لە بەپیرەوەچوونی نەڕەشێری کوردا بخوێنرێتەوە.

نەڕەشێری کورد مەبەس لە سمکۆ بوو، تەعبیری مستەفاپاشا خۆی بوو. منیش هەر ئەو ساتە چوومە مەکتەبی ئیعدادی، شەو بووبوو بە ڕۆژ لەبەر ئەوە بەئاسانی توانیمان قوتابییەکان کۆ بکەینەوە، تا ئەوان کۆبوونەوە گۆرانی منیش ئامادە بوو. تا نیوەشەو بە نەغمەیەکی شیرینی تازەی کوردییەوە گۆرانی لەبەر کرا و قوتابییەکان لە خۆشییا پێیان عەرزی نەئەگرت، دوایی چوونە ماڵەوە کە بەیانی ئامادە بن و بچن بەپیر قارەمانی کوردەوە.

بۆ ڕۆژی دووەم بەیانی زوو خەڵقی سلێمانی بە گەورە و بچووکەوە، ژن و پیاو ڕژابوونە کۆڵانەکان. قوتابی مەکتەبەکان لەو کۆڵانەی ئەچوو بۆ ماڵی شێخ مستەفای نەقیب لەگەڵ عەسکەر و پۆلیس بەرامبەر بە یەکتری بە دوو ڕیز وەستابوون. بۆ دامەزراندنی ئەمانە و ڕێکخستنیان زابتانی کورد و مامۆستاکان لە هاتوچۆدا بوون، عەشامات تا ئەهات زۆر ئەبوو لە کۆڵانەکاندا جێی نەئەبووەوە. تارمە و پێش‌هەیوان و بەرپەنجەرە و سەربانی ماڵان و دووکان و بازاڕ و مزگەوتی گەورە لەبەر خەڵق جمەی ئەهات. دێهاتییەکانی نزیکی سلێمانی ڕوویان کردبووە شار، لە دوای چاوەڕوانێکی بێ‌ئارام نزیک قاوەڵتی لە پێشەوە سەیارەی «رئيس الرؤسا» شێخ قادر دەرکەوت. خەڵقەکە خرۆشان، زابتان و مامۆستایان چوون بەلای عەسکەر و قوتابییەکانەوە و ئامادە بوون بۆ ئیشارەتی کڕنووش (سەلام)، ئەوانیش بە ڕیزەکانی خۆیاندا ڕوانییەوە و وەکوو دوو خەتی شەمەنەدەفەر ڕێک و ڕەوان ڕاوەستابوون و چاویان بڕیبووە دەمی زابتەکان و مامۆستاکانیان.

دەرگای سەیارە کە کرایەوە لەگەڵ شێخ قادر، باڵای بەرز و قەدی وەک شمشادی سمکۆ، پڵنگی کوردستان هاتە دەرەوە؛ گرمەی تۆپ دەسی‌پێکرد، هەلهەلە و گوڵباران و دەنگی بژی و چەپڵەڕێزانی ژنان و منالانی خەڵقی سلێمانی تێکەڵ بە فرمێسکی

بشتمانپەروەرەکانی کورد بوو، ئاوازەی نەشیدی عەسکەرەکان و دەنگی گۆرانی
ی قوتابییەکان لەناو گرمەی تۆپ و چەپڵەڕێزانا بەرز بووەوە.
کۆ واتا ئیسماعیل خانی شێری بێشەی کوردستان بە هەنگاوی مەوزوون و باڵای
ڕاستەوە، بە وێنەی قائیدێکی عەسکەری هاتە پێشەوە و چاوێکی بە هەموو
ەدا گێرا. بە دەس و بە سەر سەلامی لێکردن و ئینجا عەسکەر و قوتابییەکانی
ی. عەسکەر بە چەکی پاک و بریسکەدارەوە و قوتابی بە دەسی حورمەتەوە لە
وەستابوون و وێنەی ئەو ساتەی ئیسماعیل خان لەگەڵ بیست سوارێکی کوردی
ی شایستەی ئەوە بوو پەڕەیەکی ڕۆشن لە مێژووی کوردا گیر بکا.
مکۆ بەتەنیا بەرگی عەسکەری لەبەر بوو، بەڵام بە سەروکڵاوی کوردی شکاکەوە
زی خۆی ئەنواند و بیرئەخستەوە. ئەوانەی لەگەڵیشی بوون هەموو بە بەرگی
ی شکاکەوە پارچەیەکیان لە کوردستانی شیمالەوە هێنابووە جنووب. مستەفاپاشا بە
کی حەماسی دوورودرێژ مێژووی قارەمانی و گیانی نیشتمانپەروەری سمکۆ و ئەو
ساتەی لەم ڕێیەدا بەسەری هاتووە بۆی گێڕاینەوە، بەڵام بەداخەوە، هێشتا سمکۆ
وویی نەحەسابووەوە، کە ڕەشەبای شوومی بەختی هەڵیکرد و چرای هیوای
تمانپەروەرەکان ئەمجارەیش دەسی کرد بە کوژانەوە. بەدزییەوە ڕەمزی بەگ
ووپاڵ ڕەمزی = ڕەمزیەشەل)ی قایمەقامی کۆنی تورک لە کۆیێ و یووزباشی
ەوزی و یەک دوو زابتی تری تورکەکان لە ڕەواندزەوە هاتنە سلێمانی و لە دائیرەی
بەتی شێخ مەحموودا کران بە میوان. لەولای تریشەوە فەتاحی ئەمینی عەتاری
ابرای شێخ مەحموود کە لە تورکیا یووزباشی بوو ئەویش بە پەلەپەل لە ڕێگەی
ووسڵەوە بەماڵەوە گەڕایەوە عێراق و گەیشتە سلێمانی. لە هاتنی هەیئەتەکەی ڕەواندز
ۆ سلێمانی ئینگلیزەکان دەسەلاتێکیان نەبوو چونکە ئەو ناوە لە ڕەواندزەوە تا سلێمانی
بێ حکوومەت بوو. ئەحمەد تەقی مەشهووری خزمی تایەر ئەفەندی، کاتبی تایبەتی
عەباسی مەحموودئاغای ڕەئیسی پژدەر بوو.
ڕەمزی و فەوزی و هاوڕێکانی بەهۆی ئەوانەوە بە ناو عەشیرەتی پژدەری هاوپەیمانی
تورک و لەسەر پیلان و تەگبیری تایەر هاتبوونە سلێمانی، بەڵام سمکۆ لە هەولێرەوە

ئینگلیـزەکان خـۆیان ناردبوویان. فەتاحـی خاڵی بابەعەلی و ڕەئووف، کوڕەکانی شـێخ مەحمودیـش توانـی ئینگلیـزەکان تەفرە بدا کە ڕێگـەی بدەن و لـە ڕۆژێکی وادا بە سەربەسـتی بێتـەوە سـلێمانی،[1] چونکە بە گەیشـتنی فەتاح بـۆ سـلێمانی ئەڵقەی ئەو کەین وبەینـە (موئامەرە)یـەی بەدەسـەوە بـوو تەواوکرا و شـێخ مەحمـوود بەجارێک ئیختیاری لە دەسـا نەما و چووە ژێر تەئسـیری فریودان و چەشـمبەندی ئەم چەمەرە سێ‌کوچکەیەی زۆر بە وەستایی ڕێکخرابوو دروست‌کرا.

ئینگلیـزەکان لۆمـە ناکرێـن ئەگـەر باوەڕیان بە سـمکۆ کردبێ و بە هیـوای ئەوەوە بووبن شێخ مەحموود لە تورکەکان دوور بخاتەوە و پەند و نەسیحەتی بداتێ کە لەگەڵ ئینگلیـزەکان ڕێ‌بکەویـت، چونکـوو ئەو دەسـتەی تورکەکان بەناحەق لە سـمکۆیان وەشـاندبوو، لێی ئەوەشـایەوە کە سمکۆ بخاتە سەر بیری تۆڵەسەندنەوە و هاندانی شێخ مەحمـوود زددی تورکەکان، بـەڵام باوەڕکردنیان بە دەرکرانی فەتاح لە جەیشـی تورک و بە دڵ‌شکستی نێررانەوەی بۆ سلێمانی لە ڕۆژێکی وادا وەکوو وتمان جێگەی حیرەتە!

سـمکۆیش زۆر جێگەی ئیحتماڵە کە لە پێشـەوە لەسـەر ئەو بیرە بووبێت کە شێخ مەحمـوود بـۆ سـەر تورکەکان هان‌بـدا و بیەوێ لەگـەڵ ئەودا بە یەکەوە دەسـێک لە ئۆزدەمیـر بوەشـێنێت و تۆڵەی خۆی لە تورکەکان بکاتـەوە و بەم‌جۆرە بۆ مەرامی خۆی خزمەتێکـی ئینگلیـزەکان بـکا، بـەڵام کە هاتە سـلێمانی و لـە وەزعیەت ئـاگادار بوو، تێگەیشـت کە ڕێگەی ئەوەی نییە کە تەئسـیر بکاتە شێخ مەحموود و بێتوو هەوڵێکی

---

١. زۆر سـەیرە کە لە کاتێکا تورکەکانی ڕەواندز بە هەموو جۆرێک خەریکی تەفرەدانی شـێخ مەحموود بوون بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا ڕایکێشن و بیکەن بە گژ ئینگلیزدا، بە خۆیان و ئەو کوردانەی لەگەڵیان بووبوون بە یەک و دەوریان دابوو، ئینگلیزەکان باوەڕیان بە فەتاح کردبوو کە حکوومەتی ئەنقەرە لە جەیش دەریانکردبێ و ڕێگەیان دابێ کە بگەڕێتەوە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود. لە دەهانی ئینگلیز و باوەڕ کردن بە شتێکی وا و تەفرەخواردن بەم سـووکی و ئاسـانییە، بەڕاسـتی جێگەی حیرەتە. وەکوو لە دواییدا دەرکەوت حکوومەتی ئەنقەرە لەو ڕۆژەدا بیری لەوە کردبووەوە کە لە خزمایەتی فەتاح لەگەڵ شێخ مەحموود ئیستفادە بکات و بۆ ئەمەی ڕێگەی بدرێت و بتوانێـت بە مووسـڵدا بگەڕێتەوە. فێڵێکیان ڕێکخسـت گۆیـا فەتاح لە تورکیـادا خەریکـی کوردایەتییە، لەبەر ئەمـە تەقریرێکیان لە حەق نووسـی و لەسـەر ئەم تەقریرە بە زاهیر خسـتییانە ژێر چاودێـری و دوایی ناردیانە ئەنقـەرە و لەگـەڵ وەعدی تەرفیع و شـتی تر تەعلیماتیان دایە بۆ ئیقناعی شـێخ مەحموود و ڕاکێشـانی بەلای تورکەکانـدا و یارمەتی‌دانی ئۆزدەمیر لەم بابەتەوە و ناردیانەوە. مـن دوای ئەوە کە چوومە تورکیا لەمانە ئاگادار بووم و تێگەیشتم.

وا بدات خۆیشی سووک ئەبێت و بە ناخۆشی لە سلێمانی ئەچێتە دەرەوە و دوای ئەم کارەساتەی بە سەری هاتووە ناووناتۆرەیەکی ناشیرینیشی شوێن ئەخرێت و لەبەر ئەوەی کە لە عێراقدا لەوانە نییە لەسەر حیسابی خۆی بتوانێت دەورێک ببینێ، بۆی ناکرێت کە بۆ دوارۆژیش پشت بە ئینگلیزەکان ببەستێت.

لەبەر ئەمە کە ئوزدەمیری وریا و زرنگ بەهۆی شاترەکانییەوە و بەهۆی تایەر و ئەحمەد تەقی لەلای شێخ مەحموود هیوای گەیشتنەوە بە خەسرەوی کوڕی و بە گەنجینە تالانکراوەکەیان خستە مێشکی سمکۆ و پەیمانی ئەوەیان دایە کە لە هەرێمی شەمزینان و وان زەویوزارێکی گەورەی بۆ تەرخان ئەکەن بۆ ژیانی خۆی و ماڵومناڵ و دەستوپێوەندەکانی و لەبریتی ئەمە لە ژێرەوە داوای یارمەتی ئەویشیان کرد بۆ تەفرەدانی شێخ مەحموود لەسەر حیسابی تورک. سمکۆ کەموزۆر باوەڕی پێکردن و بۆ هەڵهێنانی لێقەوماوییەکەی خۆی ئەمەی بە هەلێک ژمارد و لەبەر نەبوونی هیوایەکی لەمە ڕوونتر و باشتر، نەیویست ئەم هەلە لە کیس خۆی بدات.

فەتاحی ژنبرای شێخ مەحموودیش لە پێشکەوتن و قازانجی نەفسی خۆ بەولاوە شوێن مەبەسێکی تر نەکەوتبوو. بۆ ئەمەیش لە خزمەتی تورکەکان و بەجێهێنانی ئەو تەعلیماتەی کە لە ئەنقەرە وەریگرتبوو هیچی تری بە بیرا نەئەهات و بەلای ئەوەوە مەسەلەی شێخ مەحموود و کوردستان هەلێک بوو بۆ بەجێهاتنی مەبەسی خۆی و لەسەری پێویستە زۆر بە وریایی و ژیری کەڵکی تەواوی لێ وەرگرێ. ئینجا کە بەم جۆرە شێخ مەحموود کەوتە ناو داوی تاقمی ئوزدەمیر و تایەری ئەمین ئەفەندی و فەتاحی ژنبرای و لە سێ لاوە دەورە درا هەرچی بیر و تەگبیرێکی تر هەیە، لە سەریا نەما و بوو بە ئالەتێکی بێ حیس و شعوور بەدەسیانەوە. لەم ڕۆژانەشدا دەنگێکی سامناک (شایعە مخفیـە) لەناو شاردا بڵاوبووەوە، ئەیانوت: «مەلیک عالمە دینییەکانی کۆکردۆتەوە و فتوای پێ دەرکردوون بۆ کوشتنی ئەوانەی کە لافی منەوەری لێ ئەدەن و لە کفر و ڕەف خۆیان ناپارێزن.»

لەو بەینەشدا تازە جەمال عیرفان کوژرابوو، کە یەکێک بوو لە لاوە نیشتمانپەروەرەکان و بە کافر دانرابوو. ئەم دەنگە کارێکی گەورەی کردە سەر خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکان و

گەلێکیان ئەمەیان ئەبردەوە سەر خۆیان، هەرچەندە هەندێک کوشتنی جەمالیان ئەخستە ئەستۆی خەڵقی مەرگە کە بەینێک مودیری ناحییەکەیان بوو، گەلێکیش ئەترسان کە شێخ مەحموود ئاگای لە کوشتنی هەبێ، لە پێش مردنی جەمالدا ئەوانەی نزیک بوون لە شێخ مەحموودەوە چوونە لای و شێخ مەحموود داوای پزیشکی بۆ کرد لە کەرکووکەوە بۆ تیمار کردنی، بەڵام زۆر کەس ئەم کارەی شێخ مەحموودیان بە فێڵ دایە قەڵەم و وتیان کە بۆ شوێنەونی ئەمەی کردووە. جەمال ئێوارەیەک لە بانگی مەغریبدا دەسدرێژی لێ کرا و هەر ئەو شەوە ئەمری خوای بەجێ هێنا و بەیانی بە ئەمری مەلیک و بە مەراسیمی عەسکەری نێژرا. دوای ئەم حادیسەیە کە دیسانەوە لە تورکەکان ئەزانرا، وا هاتە بەرچاوی کوردە نیشتمانپەروەرەکان، کە ئەم پیلانە بۆ پاک کردنەوەی ئەوجۆرە کەسانەیە ترسی بەرهەڵستی تەقەلای تورکەکانیان لێ ئەکرێت و بە هاندانی لایەنگیرەکانی ئوزدەمیر رێکخراوە.

بەڵێ ئیتر دوای ئەم حادیسەیە ترسێکی گەورە کەوتە دڵی لاوەکان و کوردپەروەرەکان و کەسیان بەتەمای گیانی خۆیان نەمان، مستەفاپاشاش لەم دەورەدا لەبەرچاو کەوتبوو. خۆم ئاگام لێیە چەن جارێک ئەهاتە دائیرەی شێخ مەحموود و رێگەی نەئەدرا بێتە ژوورەوە و سەرەڕای ئەمەش خرایە ژێر چاودێری رەسمییەوە و لە ماڵی خۆیدا چەن پۆلیسێکی بە سەرەوە دانرا و رێگەی هاتوچۆی لێ قەدەغە کرا...

ئیتر هیوای تێکۆشین بۆ ڕاست کردنەوەی چەوت و چەڵەمەی ئیدارە و ڕێکخستنی کاروبار لەوێ بوەستێت، بەڵکوو ئەوانەی کە بەتەمای دامەزراندنی حکوومەتی کورد بوون کەوتبوونە مشووری گیانی خۆیان و کونەمشکیان لێ بووبوو بە عەمارەت، چونکە ئەوەیان بە بیردا نەهاتبوو کە پێش گەیشتنی وەزع بەم حاڵە کۆمەڵێکی بەهێزی سیاسی دابمەزرێنن و تەقەلای یەکگرتن و ڕێکخستنی ئەوانە بدەن کە ئامانجێکی میللییان هەیە و لەوانەن لە ڕێی حکوومەتێکی کوردیدا لە فیداکاری لا نەدەن. خولاسە سەرگەردانی نیشتمانپەروەرەکان لە بێ تەنزیمیدا و لە نەبوونی پرۆگرامێکی سیاسی و میللیدا بوو.

لە پێش هاتنەوەی شێخ مەحموود یەکێک لەم بیرانەی کە من لای هەندێک لە

ورێکان دەرمخستبوو ئەمە بوو، بەڵام ئەوانەی من گومانی ئەم کارەم لێ ئەکردن، تەنها
کسی دەنگی خۆم لێ وەرگرتنەوە، جەمعییەتی کوردستانی مستەفاپاشا وەکوو وتبووم
م کارەوە بەدوور بوون، هەر پەلەکانی ئەم کۆمەڵە بوون کە بیرەکانی منیان بەلاوە سەیر
و ئەتوانم بڵێم کە لە دڵی خۆیاندا پێم پێئەکەنین.

لەم وەختەدا کە شتێک بۆ شێخ مەحموود بە مەردایەتی ئەبێ بدرێتە قەڵەم و
بیر نەچێتەوە ئەوەیە، کە لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای ئۆزدەمیر و تورکەکان
تەفاپاشای نەدا بەدەسیانەوە کە بیکەن بە دیاری دەسیان بۆ مستەفا کەمال.

لەم ڕۆژانەدا[1] کە ترس و هەراس خەوی لە لاوەکانی کورد حەرام کردبوو شەوێک
درەنگ وەختا من لە ماڵەوە کتێبم ئەخوێندەوە، هێشتا منالم نەبوو، ژنەکەم[2] نوستبوو،
رەتێکی دراوسێمان لە پشت مابەینی حەوشەکانمانەوە بە دەنگێکی نزم بانگی
کەمی کرد، من هاتمە جواب و پێم وت: نوستووە.

وتی: تکات لێ ئەکەم زوو لە خەو هەڵیسێنە با بێت، ئیشێکی پەلەم پێیەتی! منیش
کەم لە خەو هەڵسان و بۆم نارد. ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە، ڕەنگی هەڵبزرکابوو،
ـەی پێنەئەکرا، لە بەردەمما دانیشت؛ وتم چیتە بۆ وا تێکچووی؟ وتی: بۆ ماڵی ئێمە
گەڕێن! هەڵسە زوو بە سەربانی ماڵی خورشیدبەگا[3] خۆت دەرباز کە. من پێکەنیم و
م: ئەوە شێت بووی، ئەم قسانە چییە؟ وتی: وەختی پێکەنین نییە، سێ تفەنگچی لە
رماڵی خورشیدبەگ لە ماڵی ئێمەیان پرسیوە، ژنەکەی خورشیدبەگ عاقڵی کردووە و
ی وتوون لەم گەڕەکە نەماون، خۆشی هاتووە ئێمە ئاگادار بکا، بەڵام ئەڵێت هێشتا
نگچییەکان نەڕۆیشتوون و لە کۆڵان ڕاوەستاون. ئەو قسەکانی تەواو نەکردبوو لە
رگای ئێمە درا، ژنەکەم سوێندی دام کە وەڵامیان نەدەمەوە و لە سەربانەوە بڕۆم، لە

---

[1] ئەم بابەتە دووپاتە و لە لاپەڕە ١٢٤دا ئەم سەردێڕەی بۆ داندراوە: «گفتوگۆی نهێنی دوای نیوەشەو لەتەک
خ مەحموود و سمکۆ». س.

[2] هاوسەری ڕەفیق حیلمی جەمیلە کچی مستەفا ئەفەندی لە بنەماڵەی هەمزەئاغای مەسرەف بووە؛ ١٩١٩
، ١٩٢٠ زەماوەندی لەگەڵ کردووە. جەمیلەخان لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٧٤ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

[3] خورشیدبەگ ناوی دراوسێکەمان بوو خۆی مردبوو، ژن و ماڵەکەی دراوسێمان بوون.

ترسا سەری لێ شێوابوو، چونکە کوشتنی جەمال عیرفان و شایەعەی دەرهێنانی فتوا بۆ کوشتنی لاوەکان بەر گوێی هەموو کەسێک کەوتبوو، بەتایبەتی ژنان هەزاران بەیت و باڵۆرەیان ڕێکخستبوو و پێوەیان نابوو، ئەگینا لە هەر کاتێکی ترا تفەنگچی ماڵی ئێمەی بپرسیایە بەم ڕەنگە نەئەکەوتنە ترسەوە و ئەیانزانی کە شێخ مەحموود منی خۆش ئەوێت و بە جێگەی بڕوام دائەنێت، بەڵام من لەگەڵ ئەمەیشا کە کەمێک کەوتمە ئەندێشەوە، دیسانەوە دڵخۆشی ژنەکەم دایەوە و چووم بەلای دەرگاکەوە، کە کردمەوە سەرنجم دا وسووی پیاوماقووڵی شێخ مەحموود و دوو تفەنگچی وەستاون. شەو تاریک بوو، بارانیش پرووشەی ئەکرد. تفەنگچییەکانم نەناسییەوە، وسوو ئاغا وتی: مەلیک سەلامت لێ ئەکا و ئەیەوێت بچیتە لای، وا ئەزانم ئیشی نووسینی پێت هەیە. چەنوچۆنم لەگەڵ نەکرد، پاڵتۆکەم و چرای کارەبای دەسم لە ماڵەوە وەرگرت و لەگەڵیان چوومە لای مەلیک. لە دالانی ماڵی مەلیکەوە تا بەر دەرگای ژووری میوان تفەنگچی ڕاوەستابوو، ئەحواڵم ئاڵۆزاو ئەبینی، دیار بوو کە شتێک بەدەستەوەیە، بەڵام چییە؟ ئەمەم بۆ هەڵنەئەهێنرا. من و وسوو ئاغا بە ناو ئەم تفەنگچییە زۆرەدا ڕۆیشتین و سەر کەوتینە سەرەوە؛ گەیشتینە بەر دەرگای ژووری دانیشتن، وسوو ئاغا لە دەرەوە بە دەنگی بەرز وتی: قوربان ڕەفیق حیلمی هات! فەرموو با بێتە ژوورەوە! منیش چوومە ژوورەوە، ڕوانیم سمکۆ لەلای ڕاستی شێخ مەحموود و تایەری ئەمین ئەفەندی بەرامبەری دانیشتوون، ئیتر کەسی تری لێ نییە. سەلامم کرد، سەلامیان دایەوە؛ شێخ مەحموود کە لەو دەمەشدا لەبەر هەموو میوانێک هەڵئەستا و بەتایبەتی بەرامبەر بە من، کە لە هەموو کاتێکا نەوازشێکی تایبەتی ئەنواند، نەک جووڵانەوە یا ئەمر کردن بە دانیشتنم، وەڵامی سەلامەکەشی نەدامەوە. بەڕاستی لەمانە شتێکم بۆ دەرنەکەوت و تێنەگەیشتم...

سەرەڕای ئەمەش بەبێ ئەوەی ڕووم تێ بکا وتی! «تۆ و مستەفاپاشا مەبەستان چییە و بۆچی شەرم پێ ئەفرۆشن، لەم کۆبوونەوە و کەینوبەینە چیتان بەدەسەوەیە و بۆچی تێئەکۆشن، ئایا من بە خائینی کورد ئەژمێرن؟ وا بەدزی منەوە خەریکن ئەتانەوێ گۆبەندێ بنێنەوە؟» ئەم وشانە وەکوو لەبەری کردبێ، لەسەریەک و بە بێوەستان لە دەمی دەهاتە دەرێ، من هەرچەن لەم پرسیارە سەیر و کوتوپڕانە سەرم سووڕما،

ـسـانەوە بەگورجـی هاتمـە دەس و وتم: «من تاوەکوو ئەم سـاتە جەنابتـان بە حاکم و
ـلیکی کوردستان و بە فیداکاری میللەتی کورد ئەناسم، لەبەر ئەمە نەهاتووە بە بیرما کە
ـزدی جەنابتان بجوولێمەوە و بەرهەڵسـتی ئێوە بکەم. لەلایەن مستەفاپاشاشەوە، من
ـم پیاوە دەمێکە ئەناسم و قەدری ئەگرم، ئێستە هەرچەن ئەزانم کە جەنابتان خۆشتان
ـێت، بەڵام من پێم ناکرێ کە بە چاوێکی سووک تەماشای بکەم، بەڵکوو خۆم بەناچار
ـزانـم کە ئێسـتە لە جاران زیاتر قـەدری بگرم، بەڵام ئەمە ئـەوە ناگەیێنێت کە من لە
ـاسەتا هاوفکری مستەفاپاشام، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ڕاستت ئەوێ مستەفاپاشا حەز
ـسـەعادەتی ئێوە ئەکا و ئەیەوێت کە ئێوە سـەر بکەون و خزمەتی میللەتی کوردتان
ـێ بکرێت، ئینجا ئەگەر ڕێگەیەکی کە ئەو بە باشی ئەزانێت، لای ئێوە یا کەسێکی تر
ـێ نەبێت، مەسەلەیەکی ترە و لەسەر ئیجتیهاد نابێ بە خائین دابنرێت.»

دوای ئـەم وەڵامەم، شـێخ مەحموود وتی: «ئەی ئـەوەش درۆیە کە ئەڵێن تۆ لەگەڵ
ـتەفاپاشـا ڕێککەوتـووی کـە بەدزییـەوە لە سـلێمانی بـڕۆن؟ من نازانم بە کام قسـە
ـەڕ بکەم؟!»

ئەوسـا کـە هاتمە جواب و وتم: «ئێسـتە بـۆم دەرکەوت کە لەم قسـانە مەبەسـتان
ـحبەتە و ئەتانەوێ من تاقی بکەنەوە، ئەگینا شتی وا نە بووە و نە ئەبێ، بەڵام ئەوەندە
ـیـە کە مـن بەش‌بەحاڵی خۆم تا ئـەم سـەعاتە ئاگادارییەکی ئەوتۆم لـە بیروباوەڕی
ـەنابتان پەیا نەکردووە و نازانم بەتەمای چین کە بیکەن، هەرچەن لەو بیرەدام کە ئێوە
ـئەم وڵاتە و بۆ میللەتی کورد لە فیداکاری و لە خزمەت لا نادەن، بەڵام تێنەگەیشتووم
ـلە چ ڕێگەیەکەوە بەتەمان ئەم خزمەتە بکەن؟»

دوای نەفەسێک وەستان کە دیم ئەو دڵی داوەتە قسەکانم وتم: «من خۆم لە خزمەتی
ـورد بەولاوە، بیرم لە شـتی تر نەکردۆتـەوە. ئامانجی گەورەم خزمەتـی میللەتی خۆمە،
ـوەش بـە یەکێک لە فیداکارانی کورد ئەزانم، لەبەر ئەوە نابێ باوەڕ بکەن کە بەرامبەر
ـەنابتـان ناڕاسـتی بکـەم... نەک جەنابتان، بەڵکوو هەر کەسـێک بـە باش بزانم و بۆ
ـللەتی کورد هیوای خزمەتم پێی هەبێ، تا بتوانم بەڕاستی لەگەڵی ئەجوولێمەوە و دەسی
درێژ ئەکەم.» بێجگە لەمەیش وتم: «ئەم وڵاتە هەروەکوو نیشتمانی ئێوەیە، نیشتمانی

منیشە، لەبەر ئەوە لە خۆشی و ترشیدا بەشدارم، وڵاتم بەرەو سەعادەت ڕۆیشت بەشی خۆمی لێ وەرئەگرم، خوا نەخواستە بەرەو ناخۆشی بڕوا، ئەوەندە بەدخوو و بێڕەوشت نیم بەجێی بێڵم و شوێن قازانجی خۆم بکەوم.» لە دوای ئەم قسانەم سمکۆ لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و باوەشی پیا کردم و بردمییە سەر کورسییەک کە لە بەینی خۆی و شێخ مەحموود دانرابوو؛ تا ئەو سەعاتە وەکوو لە قەفەزی مەحکەمەدا گیرابم بە پێوە وەستابووم. ئینجا شێخ مەحموود ڕاستبووەوە و دەسی گوشیم و سمایل‌خانیش بە تورکی ڕووی کردە شێخ مەحموود و پێی وت: «من هەر کە هاتمە ئێرە و جاری یەکەم چاوم بە ڕەفیق کەوت، چوو بە دڵما و زانیم کە کوردێکی ڕاستە و نیشتمانپەروەرە. ئێستە دەریخست کە لەوەش زیاترە؛ بەڕاستی یا شێخ جەنابت خۆشبەختی کە لاوی وەک ڕەفیقت لە دەورە و ئەیانەوێ خزمەت بکەن.»

لە پاش ئەم هەموو حەیسەوبەیسەیە، ئینجا شێخ مەحموود هاتە سەر ئەسڵی مەبەس و وتی: «ئەمەوێ سوێندم بۆ بخۆی گفتوگۆی ئێمشەومان نەچێتە دەرەوە.» من ئەمزانی کە شێخ مەحموود بە سوێندی لاوەکان بڕوا ناکا و هەموویان بە بێ‌دین ئەزانێ، لەبەر ئەوە نەمویست سوێند بخۆم وتم: «ئەگەر باوەڕت هەیە کە من ئینسانێکی ڕاستم و خاوەن‌شەرەفم، پێی ناوێ سوێند بخۆم، ئەگەر بە بێ‌شەرەفیشم بزانی، نرخی سوێندم ئەبێ چی بێ؟»

شێخ مەحموود کەمێک وەستا، بەڵام سمکۆ هاتە جواب وتی: «تکام وایە کە باوەڕ بە ڕەفیق بکەی.» ئینجا شێخ مەحموود دەسی کرد بە قسەی دوورودرێژ و باسی فیداکاری خۆی کرد، کە لە ڕێی کوردایەتی نواندوویەتی و ئەو کارەساتانەی بۆ گێڕاینەوە، کە لەم ڕووەوە بەسەری هاتووە، دوایی وتی: «دوای ئەمە کە وەکوو ئاگاداری ئینگلیزەکان بەو ڕەنگە لە سلێمانی ڕۆیشتن منیان بردە بەغدا، لەوێ مەندووبی سامی و مەلیک فەیسەڵ پەیمانیان دا کە حکوومەتێکی کوردیمان بۆ دابمەزرێنن، کەچی لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەوە سلێمانی، بە هەموو ڕەنگێک تێئەکۆشم و ئەمەوێت ئەو پەیمانە بێتەجێ، هیچیان دیار نییە و هیچ ئەنجامێک نادەن بەدەسەوە، لە مەبەسیان تێناگەم، هەر ئەوەم لێ داوا ئەکەن کە تورکەکان لە سنووری عێراق بکەمە دەرەوە، ئەمە هەموو وەڵامەکەیانە.

ۆیشت ئەیزانی (ئەم قسانە شێخ مەحموود بۆ منی ئەگێڕێتەوە و مەبەسی لە خۆیشت ـە) تورکەکان ئیمڕۆ چۆن لەناو عەشـایرا ڕەگیان داکوتاوە و زۆر کەسـیان بە خویانەوە وسـاندووە، لەبەر ئەمە شکی تیا نییە کە بە ئاسانی تورک لەم ناوە دەرناکرێت، بەڵکوو ،م کارە پێویستە بە هێزێکی گەورە، بە پارە، بە پروپاگەندە بۆ ئەوەی کە بتوانین هەندێ ، ڕەئیس عەشـیرەتەکان لە تورکەکان بپچڕینەوە؛ ئەبێ بەهێز و بە پارە قسـەیان لەگەڵ کەین، بەتایبەتی پێویسـتە ئەوە ببەینە مێشکییانەوە کە ئینگلیزەکان ماون و نەمردوون، ەبێ تێیان بگەیەنین کە لە ترسـی تورک لە سلێمانی نەڕۆیشتوون، بەڵکوو ئەمانەوێت یـرەدا حکوومەتی کورد دابمەزرێت و ئەم وڵاتـە بدرێتەوە دەس کوردەکان، بەڵام ئەمە ە قسـە سـەر ناگرێـت و بەم جۆرە کـە ئینگلیز ئەیانەوێـت، تورک لەم وڵاتـە ناکرێتە دەرەوە. تورک هاتوونە ناو جەرگمان، لەگەڵ زۆری عەشایر ڕێککەوتوون، ئینگلیزەکان لە دوورەوە تەنیا خەریکی هاندانی ئێمەن، من ئەترسم ئەگەر بێتوو بچم بە گژ تورکەکاندا، ریسـوا بوونـم بـۆ بمێنێتـەوە و کەس دەسـم نەگرێـت و یارمەتیـم نەدا، چونکـە وادیارە ئینگلیزەکان خۆیان نیازی ئەوەیان نییە کە ئەم مستە تورکە لە ڕەواندز دەرپەڕێنن، ئەگینا ئـەوە بۆ ئـەوان کارێکی گـەورە نییە، ئەیانـەوێ ئەم کارە بـە ئێمە بکەن، بـەڵام چۆن؟ ئەگەر بەڕاسـتی لەگەڵمـان نەیەنە پێشـەوە حکوومەتی کورد دانەمەزرێنـن، ئێمە بە چ ناوێکـەوە ئەتوانیـن کوردەکان یەک بخەین و بەرامبەر بە تورک هێزێکیان لێ دروسـت بکەین؟ هەر لە خۆمەوە بەبێ بەڵگە و بەبێ پشتیوان و هیوا بچم بە گژ تورکا، دوارۆژمان چۆن ئەبێ، هاتوو تورکەکان مووسـڵیان بەهێز وە یا بە ئاشـتی وەرگرتەوە، کێ ئەکەوێتە فریامان؟ ئینگلیز کە ئێستە هیچمان بۆ نەکا، ئەوساکە چیمان بۆ ئەکا؟ بەڕاستی من سەرم لـێ تێکچووە و نازانم چۆن دەردی خۆم لە ئینگلیـزەکان بگەیەنم. ئەوان لە پێش هەموو شـتێکا بەبێ گیروگرفت ئەیانەوێت تورکەکان دەربکرێن. ئەمەش حاڵەکەمانە کە بۆت ئەگێڕمەوە.» ئینجا پاش هەندێ بیرکردنەوە وتی: «ڕاستت ئەوێ تا بە ڕاست و ڕەوان دان بە حکوومەتی کوردا نەنێن و بۆ دامەزراندنی ئەم حکوومەتە یارمەتییەک کە پێویسـتە بە ئێمەی نەبەخشن، بەتەمای ئەوە نیم کە خۆمیان بەخۆڕایی بۆ بخەمە ئاگرەوە.»

ئەم قسـانەی شـێخ مەحموود شـکی تیا نییە کـە بەجێ بوون و ئەوانـەی ئاگاداری

وەزعــی ئەو ڕۆژە بوون، لەمە زیاتریشــیان بە بیرا ئەهــات، بەڵام ئەوی کە بەتەواوی لە منەوە ئاشــکرا نەبوو ئەوەیە، ئایا وەکوو شــێخ مەحموود ئەیــوت ئینگلیزەکان لە بڕیاری خۆیانــدا لە بابــەت دامەزراندنی حکوومەتی کوردەوە ڕاســت بــوون یان دوودڵ بوون؟ وە بەبێ حەیسەوبەیسە هەر لەسەر داوای دەرکردنی تورکەکان مانیان ئەگرت یان نە؟

لەگەڵ ئەمەشــدا تا شــێخ مەحموود قســەکانی تەواوکرد، گوێم بۆ ڕاهێشت و دوای تەواو بوونیشی وەڵامێکم نەدایەوە. دوایی شێخ مەحموود وەکوو شتێکی بیر کەوتبێتەوە ڕووی کردە تایەر ئەفەندی و وتی: «تۆ بچۆرە لای میوانەکان.»

میوانــەکان زابتــە تورکــەکان بوون، کــە ئۆزدەمیــر ناردبوونــی و لە ژووری تەنیشــت ژوورەکەی ئێمە دانیشتبوون. دوای تایەر شێخ ئینجا بە منی وت قسە بکە!

ئەو وەختە منیش کەوتمە قسە و وتم: «هەرچیتان فەرموو جوان و بەجێیە و بێ‌ئەوەی پەیمانــی خۆیان لە بابــەت ئامانجی کــوردەوە بەجێ‌نەهێنن، تەنیــا لەبەرچاوی جوانی ئینگلیــزەکان بەگژ تورکا چوون، مەســڵەحەتی جەنابت وە یا هی کــوردی تیا نابینرێت. لــەم لایەنەوە لەگــەڵ ئینگلیزەکان تا بتوانن و بۆتان ســەربگرێت، لەســەر بناغەیەکی ڕاســت ڕێککەوتن بۆ خۆتان جوانتر و بۆ کورد بەکەڵکترە، من لەم بابەتەوە هیچ قسە و بەرهەڵســتێک نایەت بە بیرما، بەڵام تەنیا شــتێک هەیە کە لە ڕووی خۆشەویســتی و پەیوەندیم بە جەنابتەوە ئەمەوێت بیخەمە بەرچاو؛ ئێوە ئیمڕۆ لە بەینی تورک و ئینگلیزدا ماونەوە، هەریەکە لەمانە بە هەموو جۆرێک خەریکە جەنابت بەلای خۆیا ڕابکێشێت، ڕەنگە قسە و پەیمانی لایەک لەم دووانە فریوی زیاتر بێت، بەڵام نابێ ئینسان تەنیا بە قسە فریو بخوا، پێویستە خۆیشی لە شت باش ورد بێتەوە و بیخاتە سەنگی مەحەک و لــە ڕابــووردوو دەرس وەرگرێت، بیــر لە مێژوو بکاتەوە، ڕەوشــتی سیاســی دەوڵەتەکان بێنێتەوە بەرچاو و بەپێی ئەوە نرخ بدا بەو قسانەی ئەیبیەت، بەتایبەتی ئەبێ ئەوەیشی لــە بیر بێت کە ئامانجی خۆی چییە و ئەیەوێ بە چێ بگات. بەپێی ئەوەیش ئاگاداری وەســتاو و زرووفی هەریــەکە لەوانەی گفتوگۆیان لەگــەڵ ئەکا، بەرامبەر ئەو ئامائجەی خــۆی ئەیەوێت پێی بگا چییە و بزانێ تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئامانجەکەیدا ئەگونجێ و یــەک ئەگرێت. ئینجــا بە بیری من وایە کە بناغەی گفتوگــۆی جەنابتان لەگەڵ تورک و

ئینگلیز چی ئەبێ ببێ، ڕاستی ئەوەیە کە ئامانجی کورد لەگەڵ مەسڵەحەتی تورک و سیاسەتی حکوومەتی تورکا ڕێک ناکەوێت و یەک ناگرێتەوە، چونکە حکوومەتی تورک حکوومەتێکی عەسکەرییە، چووبێتە هەر وڵاتێک، لەشکرێکی زۆری تیا داناوە و لەو وڵاتەدا بە هێزی لەشکر زیاتر لە سیاسەت ئیشی بردووە بەڕێوە. حکوومەتێکی وا بەدەگمەن هەڵئەکەوێت کە وڵاتێک بە دیموکراتییەت و سیاسەت ئیدارە بکا، لەبەر ئەمە نایەوێت لە وڵاتەکەدا پیاوی دەسدار هەڵکەوێت، بەتایبەتی پیاوی وا کە بیری گەورەیی و خەیاڵی حکوومەتی سەربەخۆی لە کەللەدا بێ؛ چونکە پیاوێکی وا بە بەرهەڵستێکی گەورە ئەژمێررێت بۆ هێزی عەسکەری خۆی. لەبەر ئەوە بە هەموو جۆرێک بۆ فەوتاندنی ئەو تەرحە پیاوانە هەوڵ ئەدا وە یا هیچ نەبێ بۆ بێ‌هێز کردنیان. هەرچی وەکوو حکوومەتی ئینگلیزە تا سیاسەت ڕاوەستابێ بە هێز و بە چەک ناکەوێتە کار، تا لە هێمنیدا کۆڵ نەدا ڕێگەی شەڕ ناگرێت، تا بتوانرێت بە حکوومەتی دیموقراطی (شعب) وڵاتێک ببرێت بەڕێوە، بە هێزی عەسکەری نزیک بەڕێوەبردنی ناکەوێتەوە و لە گەلێک سەرەوە پێچەوانەی مەسڵەحەتی بەریتانیایە، کە هێز بەکار بهێنێت و گەنجینەی بەریتانیا بخاتە ژێر مەسرەفی ئەو هێزە، کە ئەبێ وڵاتەکەی پێ داگیر کا. هێزی بەریتانیا تەنیا بۆ پاراستنی مەسڵەحەتی ئابووری و بازرگانی ئیمپراتۆرییەت ئەچێتە شەڕەوە، کە ئەم مەسڵەحەتانەی هاتە دی، حوکمی وڵاتی داگیرکراو بەدەس خەڵقی خۆیەوە بێ باشترە بۆ ئەو و کەم‌مەسرەفتر و بێ‌گێچەڵترە؛ لەبەر ئەمە وا ئەزانم کە جەنابت ناتوانیت لەگەڵ تورک ڕێک بکەویت و ئەگەر ڕێککەوتنێکی وا بە بیرا هاتبێ شکی تیا نییە کە بناغەکەی لەسەر ناڕاستی دانراوە.»

شێخ مەحموود وتی: «ڕاست ئەکەی و منیش جارێ بڕیارم نەداوە کە لەگەڵ تورک ڕێک بکەوم. ساردی ئینگلیزەکان و نەبزووتنەوەی بەدڵیان، وای لێ کردووم کە تورکەکان لە خۆم نەسڵەمێنمەوە.»

ئەو شەوە لەم بابەتەوە لە بەینی من و شێخ مەحموود و سمکۆدا زۆر گفتوگۆ کرا و بە ئەنجام شێخ مەحموود هاتە سەر ئەوە کە مەبەسی لەو هەموو تەقەلا و کردەوەکانی ئەوەیە کە ئینگلیزەکان بخاتە سەر بیری بەجێ‌هێنانی پەیمانی خۆیان و تێیان بگەیەنێ

کـە دامەزراندنـی حکوومەتی کورد لە عێراقدا و دانان و دەرخسـتنی سـنووری قەومی ئەم حکوومەتە، ئەبێ پێش هەموو شتێک بکەوێت و ئەیویست باوەڕی پێبکەم کە ئەگەر هاتوو ئینگلیزەکان ئەم مەبەس و ئامانجەی خۆی و میللەتی کوردیان بەجێهێنا، ئەو وەختە شـێخ مەحموود ئامادەیە بۆ خۆبەخت کردن لە ڕێی پاراسـتنی سنووری ئەم وڵاتـە تازەیەدا و بە هەموو هێزییـەوە هەوڵ ئەدا بۆ پاککردنەوەی خاکی کوردسـتانی عێراق لە دوا نەفەری تورک.

لێـرەدا دوایی درا بە موناقەشـە (نەخشـاندن) و دەسـمان کرد بـە گفتوگۆ لە بابەت ئـەو ڕێگەیەوە کە ئەبێ لەسـەری بڕۆین. ئینجا شـێخ مەحمـوود بەرگێـک (فایل)ێکی پڕ نامەی ئاڵوگۆڕکراوی بەینی خۆی و ئۆزدەمیر پاشای هێنا و دایە دەستم کە بیانخوێنمەوە، یەکەیەکـە خوێندمنـەوە. زۆری ئـەم نامانـە بە قسـەی خۆش و پەیمانی بێئەسـاس و تەفرەدان ڕەش کرابوونەوە.

تەنیـا نامەیەکی ئۆزدەمیـر کە بەپێی مێژووەکـەی نامەی هەرە دوامینیـان بوو، منی خسـتە لێکدانەوە و بـۆ ئەوەی کە باش تێیورد ببمەوە نەمخسـتەوە ناو ئەوانی تر و لە دەسـما هێشـتمەوە، ئەو نامەیـە دوایی لەگەڵ دەسـتەیەک نامە و ئەوراقـی تر لەگەڵ هەیئەتـی کـورد برایە ئەنقەرە و درا بە گەورەکانی حکوومەتـی تورک. خۆم یەکێـک بووم لـە ئەندامانی ئەو هەیئەتە کە چووم بـۆ ئەنقەرە بۆ موزاکەرە لەگەڵ حکوومەتی تورک. ناوەرۆکی ئەو نامەیە نرخێکی سیاسـی زۆر گرنگی هەبوو لە دوارۆژی کوردا و بەتایبەتی لە شەقامی ژیانی شێخ مەحموود خۆیدا.

بەپێی ئەم نامەیە وا دەرکەوت کە ئۆزدەمیر بە شفرە لەگەڵ حکوومەتی ئەنقەرە چەن نامەیەکـی ئاڵوگۆڕ کردووە و لە ئەنجامی ئەو بیروباوەڕی خۆی بۆ حکوومەتی مسـتەفا کەمال نووسـیوە و هێناونییە سـەر ئەوە کە بڕیار بدەن بۆ دامەزراندنی موختارییەتێکی کـورد لە کوردسـتانی عێراقدا، بەو شـەرتە کە لە ژێر چاودێـری حکوومەتی تورکا بێت و والییەتی سـەربەخۆ وەک خدێوییەتی ئەم کوردسـتانەش بدرێت بە شێخ مەحموود و نـەوەی نێرینەی پشتاوپشـتی. بێجگـە لەمە ئۆزدەمیر لـەم نامەیـەدا وای ئەگەیاند کە حکوومەتـی مسـتەفا کەمال بە هێزێکی گەورە و لەشـکرێکی چـەن فیرقەییەوە لە

پشت سنوورەکانەوە ئامادەی هەڵمەتدانە بۆ سەر ویلایەتی مووسڵ، بەڵام چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆی ئەو هەیئەتەیە کە بە سەرۆکی عیسمەتپاشا بۆ داوا کردنەوەی مووسڵ چووەتە لۆزان و ئەگەر هاتوو لە مەجلیسی لۆزاندا، بە ئاشتی بڕیاری دانەوەی مووسڵ درا بە تورک، ئەو وەختە لەشکرەکەی تورک بەبێ شەڕ ئەگەڕێتەوە ویلایەتەکە، ئەگینا بە زۆریش بێ، تورک بڕیاری داگیرکردنەوەی داوە. لەبەر ئەمە تکای لە شێخ مەحموود ئەکرد کە ئەم هەلە گەورەیەی بۆی هەڵکەوتووە، لە دەس خۆی نەدا و تاوەکوو ئەنجامی مەسەلەی مووسڵ ئەزانرێ، شێخ مەحموود لەو بەری ڕەنج و تەقەلایەی ئۆزدەمیر داویە بە کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ لای حکوومەتی ئەنقەرەوە سەرفی کردووە، خۆی و میللەتی کورد بەشخوراو نەکا.

ئۆزدەمیر دوای ئەوەی کە لە ڕەنجی خۆی لەم بابەتەوە لە نامەکەدا ئەدوا و باسی بیرچاکی برایانەی تورکی بەرامبەر بە کورد ئەکرد، بە زمانێکی لووس و دیپلۆماسی زۆرزان، ئەگەڕایەوە و ئەیوت: «زۆر تکام هەیە کە تا زووە و هەل لە دەس نەچووە لەو کوردانەی کە باشن و خۆت متمانەیان پێئەکەی، یەکدوو کەس هەڵبژێرە بۆ گفتوگۆ لە بابەت ڕاستی و ناڕاستی ئەم قسانەی منەوە؛ هەروەها لە بابەت ئەو ڕێوشوێنەی حکوومەتی ئەنقەرە دایئەنێ بۆ دامەزراندنی موختارییەتی کورد و پەیمانێک کە ئەبێ لە بەینی هەردوو لادا بکرێت، بیانێرە بۆ ئەنقەرە، لەوە زۆر دڵنیایە کە لەوێ زۆر بەپەلە و پەرۆشەوە چاوەڕوانی ناردنی ئەم هەیئەتە ئەکەن.»

لەم لایەنەشەوە زۆر گفتوگۆمان کرد ئەو شەوە و لە ئەنجامدا بڕیارمان لەسەر ئەوە دا کە شێخ مەحموود بە هەموو جۆرێک بۆ ڕاگرتنی دۆستایەتی بەینی خۆی و ئینگلیز هەوڵ بدا و لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو هەیئەتەی ئۆزدەمیر داوای کردووە بنێررێتە تورکیا، هەیئەتێکی تریش ڕێکبخرێت و بنێررێتە کەرکووک و بەغدا کە لەگەڵ ئینگلیزەکان لە بابەت داواکانی شێخ مەحموود، کە باسمان کرد لە پێشەوە گفتوگۆ بکات و لە مەبەس و بیری تەواویان بگا، هەر ئەو شەوە بڕیارمان بوو کە ئەو هەیئەتەی ئەچێتە تورکیا، لە پێشەوە تا ڕەواندز بچێت و لەگەڵ ئۆزدەمیردا بکەوێتە موزاکەرەوە و تا لە سلێمانی و لەلایەن شێخ مەحموودەوە ئەمرێکی دووەم وەرنەگرێت نەچێتە

ئەنقەرە. ئێمە لەو سەعاتەدا مەبەسمان ئەوە بوو کە بە چوونی ئەم هەیئەتە بۆ لای ئۆزدەمیر ئینگلیزەکان وریا بکەینەوە و تێیان بگەیەنین کە ئیتر هاتووینە سەر ئەوە دەسی دۆستایەتی بۆ تورک درێژ بکەین، وامانئەزانی کە ئەم کردەوەیەمان لەوانەیە ئینگلیزەکان لە مانگرتن بخا و نەرمیان بکا بەرامبەر بەو هەیئەتە کوردەی ئەچێتە لایان و بە جوورێکی وا بگەڕێتەوە لای شێخ مەحموود کە بیخاتە سەر بیری ئەمردان بە گەڕانەوەی هەیئەتەکەی لای ئۆزدەمیر، چونکە بڕیاریش وابوو کە تەعلیمات بدرێ بەو هەیئەتە کە ئەچێتە ڕەواندز لەوێ خۆی بخلافێنێت تاوەکوو ئەگەر هاتوو پێویست نەبوو بچێتە ئەنقەرە، لەسەر فەرمانێک لە شێخ مەحموودی وەرئەگرێت بە بیانووی گفتوگۆوە بگەڕێتەوە لای شێخ مەحموود لە سلێمانی.

شاری ئەنقەرە

چوونی من بۆ ئەنقەرە سێ ڕۆژ دوای ئەم موزاکەراتە و لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ١٩٢٢دا من و فەتاح ئەفەندی یووزباشـی (فەتاحی ئەمینی عـەتار) و ئەحمەد تەقی، بەیانی لە پێش هەتاوکەوتنا لە ماڵی وسوو ئاغا کۆبووینەوە و لەوێوە بێ‌ئەوەی کەس بزانێ لەگەڵ چوار سواری تر ڕووەو ڕەواندز کەوتینە ڕێ. لەو وەختەدا ڕانیە لە ژێر حوکمی شێخ مەحموودا بـوو، تاقمێک عەسـکەری حکوومەتی سـلێمانی بە سـەرەکی ملازم ڕەشـید غەفووری تیابوو و لە دائیرەی حکوومەت بەیاخی کوردستان هەڵکرابوو. عەباسی مەحموودئاغا لە پژدەرەوە هاتبووە ڕانیە و لەسەر ماڵ و ژنی فەتاح‌بەگی خوالێخۆشبوو دانیشتبوو. شەوی یەکەمی سـەفەرمان لە ماڵی عەباس‌ئاغا بەسـەر برد و بەیانی زوو کەوتینە ڕێ؛ تازە لە کۆڵانەکانـی ڕانیە ڕزگارمان بووبوو، کە سـێ فڕۆکەی ئینگلیزمان لـێ پەیدا بوو، بە ژوور سـەرمانەوە کەوتنـە فڕین، ماوەیەک لێمـان جیا نەبوونەوە و زۆر نزیـک ئەبوونەوە لە ژوور سەرمان، بە ڕادەیەکی وا کە شکم نییە بەتەواوی ئێمەیان ئەبینی و لە یەکیان جیا ئەکردینەوە. بەڕاستی کەوتینە ترسەوە و خۆمان کوتایە ناو شیوێکەوە، بەڵام لەوانە نەبوو خۆمانی تیا بشـارینەوە، دەردەکەی حوشـترمورغمان لێقەومابوو، سـەرمان ئەکرد بە ژێر باڵـی خۆمانا بۆ ئەوەی ڕاوکەر نەمانبینێ، بـەڵام فڕۆکەکان لەپڕ بەرز بوونەوە و ڕوویان کردە ڕێی کۆیێ، ئەوساکە نەفەسێکی ڕەحەتیمان دا. لە دوای ئەمە بە ڕێی شاخەکاندا و لەلای قەندیلەوە ڕۆیشتین تا ڕەواندز، ئیتر تووشی شتێکی ئەوتۆ نەبووین.

لـە ڕەوانـدز لە ماڵـی حاجی نەوڕەس ئەفەندی مەشـهوور، بەڵام لەسـەر حیسـابی ئۆزدەمیر پاشـا، کراین بە میوان. بەڕاسـتی ئۆزدەمیر ژیر و وریا و زرنگ بوو، لە تەبیاتی ڕەشۆکی و دێهاتی و عەشایر، تا حەز کەی شارەزا بوو، بە کردەوەی جوان و زمانی شیرین و هەڵسـان و دانیشـتی پیاوانەی، خەڵقی ئەو ناوەی کردبوو بە ئەموسـتیلەی دەسی؛ خۆی کردبوو بە سۆفی، ڕیشێکی جوان و پاک و تەمیزی هێشتبووەوە، پێنج‌فەڕزە نوێژی ئەکرد بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵقە نەخوێندەوار و سـاویلکەکان. گەلێ ئایەت و حەدیسی لەبەر کردبوو لەناو گفتوگۆدا بەکاری ئەهێنان؛ بە ناو خەڵقا ئەگەڕا، ئەوانەی کە جەوهەرێکیان

تیابوو نزیک خۆی ئەخستنەوە، تەقەلای زۆری ئەدا کە لە هەڵکەوت کەڵک وەرگرێت و لە خەڵق بچێتە پێشەوە و لە خۆی نزیکیان بخاتەوە و لە هەموو کردەوەیەکدا لەوە ئەگەڕا تۆزێکی تر خۆی بەرێتە پێشەوە و خۆشەویستتر بێت لایان. بەڕاستی خوێندەوار بوو، پایە و پلەی میللەتەکەی خۆی ئەزانی و بۆ خزمەتی مەبەسی خۆی و حکوومەتەکەی، لە پلەی خۆی ئەهاتە خوارەوە و ئەهاتە سەر ئەو پلەیەی خەڵقی لەسەر بوو، لە سەرەوە بۆ خوارەوەی نەئەڕوانی، ئەیزانی میللەتەکەش سەرەوژوور ناڕوانێ و ئەو نابینێ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەری کە لە پلەکەی خۆی بێتە خوارێ. خۆلاسە ئیشی بە میللەت هەبوو، ئەبوو بینووسێنێ بە خۆیەوە بەتەمای ئەوە نەبوو کە بە لاف لێدان و کفر کردن چاوی میللەت بکاتەوە و تەعەسوب لەناو بەرێت و ئینقلاب بگێڕێت. کە چاوم بە ئۆزدەمیر کەوت، خۆمانم بیرکەوتەوە، داخی ئەوەم تازە بووەوە کە لە سلێمانیدا سەرکردەیەکی منەوەر و وڵاتپەرستی وەکوو ئۆزدەمیرمان پێئەویست و دەسمان نەئەکەوت. زۆر بەداخەوە ئەڵێم کە منەوەرەکانی ئێمە زۆر لەوە بەدوور بوون کە بەپێی سنووری سیاسەتی ئەو ڕۆژە بجووڵێنەوە، هەرچەن بە نەوعە ژیانێکی دیموکرات لە هەندێ تاقمی دواکەوتوو و ڕەشۆکی چووبوونە پێشەوە و خۆیان خۆشەویست کردبوو، بەڵام لە بەشی زۆری میللەت، لە شێخ، لە حاجی، لە مەلا، لە ئەشراف، لە دەوڵەمەند، لە ڕەئیسەکان زۆر بە یەکجار زۆر دوور کەوتبوونەوە، بەڵکوو بووبوون بە دوژمنیان.

ئۆزدەمیر یا عەلی شەفیق پاشا، ئەگەر لاوێکی خوێندەوار، خاوەن زانستێکی بەرز نەبووایە، لەوانە بوو منیشی پێ هەڵخەڵەتێم و بە کابرایەکی سافیلکە و مسوڵمانی بزانم، بەڵام هەر بە گفتوگۆکانی خۆیا لەگەڵ ئێمە و بەرابەر کردنی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ئەهالی و خەڵقە سافیلکە و نەخوێندەوارەکان، تێگەیشتم کە کابرا لەوانەیە بۆ ئەو ڕۆژە و لەو هەرێمەدا بە بلیمەتێک بژمێررێت. هەرچەن لە ژێر ڕیشەکەیەوە ئەمڕوانییە بریسکەی چاوی وردی بیری شکم نەئەما کە نوێنەرێکی زۆر بەهونەرە. لە شاخەکانی ڕەواندزدا بە چەکمەی بریسکەدار و بە دەوام پاک و بۆیاخکراوی عەسکەری و بە یۆنیفۆرم و نیشانی ئاڵتوون ڕەنگی میرئالای سەرشانی ئەهاتە دەرەوە و لەناو خەڵقا بەناوی لیدەر (قائد)ێکی تورکەوە، لە ڕاستی و مسوڵمانی، لە بەزەیی هاتنەوە بە کەساس و هەژار،

لە چاکە، لە پیاوەتی، لە خواناسین ئەدوا و ڕابووردووی تورکی لەم وڵاتە بەم بیروباوەڕە چاکانە لە بیر خەڵق ئەبردەوە و لە ئینگلیزی هەڵئەگەڕاندنەوە، ئەو ئینگلیزانە کە لەو ڕۆژانەدا و بەرامبەر بەم سیاسەتە ژێرانە هەریەکە لاسایی فیرعەونێکیان ئەکردەوە و بە حوکمی قەرەقوش وڵاتیان ئەبرد بەڕێوە. بێجگە لەمەیش وەکوو لەوەپێش وتبوومان ئۆزدەمیر بە چەشنی ئەمیرێکی کورد، دیوەخانە و میوانخانەی کردبووەوە و سفرە و خوانێکی باشی ڕاخستبوو، ڕەئیس عەشیرەتەکان، پیاوماقووڵان، هات‌وچۆکەرانی ناسراو لەسەر سفرەکەی نان و چا و قاوەیان ئەخوارد و ئەخواردەوە و لەگەڵ گەلێک لەم ڕەئیس و گەورە و ناسراوانەدا دۆستایەتی پەیا کردبوو. ئێمە لەلایەن ماڵی شێخ مەحموودەوە بۆ خانمی ژنی ئۆزدەمیر، هەندێ دیاری زێڕین و لەلایەن مەلیکەوە بۆ ناودارەکانی ڕەواندز، تۆپە تاقە و چەفتەی سورمەی نایابمان بردبوو.

تورکەکان لەو هەرێمەدا تەواو ناسرابوون و خۆیان خۆشەویست کردبوو. بە چوونی ئێمە بۆ ڕەواندز و بە نزیک بوونەوەی شێخ مەحموود لە ئۆزدەمیر، ئەوەندەی تر لەبەرچاوی خەڵق شیرین بوون و گەلێ کەسی تریان لێ نزیک بووەوە. لەبەر ئەمە بەم چوونەی ئێمە یەکجار کەوتبووە خۆشی و زۆر بەکوڵ و دڵ خزمەتی ئەکردین و بە دەورمانا ئەهات، بەڵام ئێمە دڵمان لەلایەکی تر بوو و بیرمان لە شتێکی تر ئەکردەوە. لە دوای هاتنی ئێمە بۆ ڕەواندز، ئەبێ ئینگلیزەکان چۆن لەگەڵ شێخ مەحموود بجووڵێنەوە و سلێمانی بکەوێتە چ وەزعێک لەگەڵ ئۆزدەمیر و لەگەڵ زابتە تورکەکان لەم لایەنەوە قسە و باسمان ئەکرد و هەریەکە بە جۆرێک لێکمان ئەدایەوە و خەیاڵمان بۆی ئەچوو.

ئۆزدەمیر ئەیوت: «ئەگەر هاتوو ئینگلیزەکان هێزێکی وایان نارده سەر شێخ مەحموود کە نەتوانێ بەرامبەری بوەستێت ئەبێ بە خۆی و هێزەکانییەوە هەرێمی سلێمانی بەجێ بێڵێت و بێتە ڕەواندز، ئەوساکە لەگەڵ هێزی تورک لە ڕەواندز بەرامبەری ئینگلیز ئەوەستن و لە کاتێ زۆر بۆهاتن و پێویستدا بە یەکەوە ئەکشێینەوە تورکیا. ئۆزدەمیر وای ئەگەیاند کە ئەمانە بەرامبەر بە ئیحتمال (خەیاڵ) دائەنێ، ئەگینا لەو باوەڕەدایە کە ئینگلیز لەو کاتەدا بۆی ناکرێ هێزێکی گەورە بنێرێتە سلێمانی و ئەگەر هاتوو ناردیشی، شێخ مەحموود و ئۆزدەمیر بە یارمەتی عەشایری کورد کە بەشی زۆری لەگەڵیانە، ئەتوانن

بەرامبەرییان بکەن و بەڵکوو ئەتوانن کوردستانی عێراق بەجارێ ڕاست بکەنەوە و بیکەن بە گژیاندا و بە ئەنجام لە ویلایەتی مووسڵیان کەنە دەرێ. ئەوەشی لەبیر نەئەچوو کە بڵێ ئەو فیرقە عەسکەرانەی لەودیو سنووری عێراقەوە ئامادە کراوە بۆ داگیرکردنەوەی مووسڵ، بە زۆر یا بە ئاشتی، تا ئەو سەعاتەی ئەمری هەڵمەتدان بۆ سەر مووسڵ وەرئەگرێت ئامادەیشە بۆ بەهێز کردنی لەشکرەکەی ئوزدەمیر و شێخ مەحموود بە هەموو جوورە چەک و سپاوە بۆ ئەم دوو هێزە یەکگرتووە. دوای ئەمانە ئەگەڕایەوە سەر ئامانجی کورد و شێخ مەحموود و ئەیوت: ئەگەر خۆشبەختی داگیرکردنەوەی مووسڵ بەمجوورە ڕێک کەوێت و بە ئەنجام بگا، ئەوساکە ئەم کارە بۆ لەشکری گشتی تورک نامێنێتەوە و ئەم خزمەتە گەورە و بەنرخەی شێخ مەحموود ئەبێتە هۆی سەرگرتنی تەقەلاکانی ئوزدەمیر لەلای حکوومەتی ئەنقەرە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان لە عێراقدا لە ژێر خدێوییەتی شێخ مەحموودا.

فەتاح لە «ئەوەت ئەفەندم، بەڵێ قوربان» بەولاوە، هیچی لە دەم نەئەهاتە دەرەوە. من ئەوەم ئەویست لە ئوزدەمیر بگەیەنم کە شێخ مەحموود کابرایەکی سافیلکە و خۆشباوەڕ نییە و بە هەموو دوعایەک ناڵێ ئامین!

ئوزدەمیر نزیک بە قووڵ لێکدانەوە نەئەکەوت و بە هەموو بارێک مەسەلەی ئەبردەوە سەر دین و مسوڵمانەتی و بەئاشکرا پێی ئەوتم: «شێخ مەحموود وەکوو تۆ لێکی ئەدەیتەوە، سەودای میللییەت و کوردایەتی لە سەرا نییە و لە پێش هەموو شتێکا مسوڵمانێکی پاک و دۆستێکی بێ‌کەم و زیادی تورکە.» گەیشتە ڕادەیەک وتی: «تۆ بۆ مەبەسی خۆت ئەتەوێ شێخ مەحموود بکەی بە کوردێکی شوێن سەربەخۆیی کوردستان کەوتووە و بەس!»

هەتا بۆ ئەوەی تێم بگەیەنێت کە من کوردێکی نیشتمانپەروەر، واتا کوردێکی دوژمنی تورک وە یا خائینم وتی: «وائەزانم کە ڕەفیق حیلمی شاعیریش هەر تۆی، چونکە لە بیرمە لە غەزەتەیەکدا شیعرێکی ڕەفیق حیلمی ناوم خوێندووەتەوە کە ئەمە چەن بەیتێکی ئەو شیعرەیە:

مســـقتم در مســـکنم در مدفنم　　　کیمسه کردستانمەیان باقماسون

آقمایورســـە چاغلایانلر کردایچن　　　ایستەمەز من بعد اصلا اقماسون!»

کە ئەم شیعرانەی خوێندەوە ئەوانەی لەوێ بوون هەموو ڕوویان کردە من و بەرامبەر بەم پلارگرتنەی ئۆزدەمیر بە زەردەخەنەیەکی شـڵەژاوەوە تەماشـایان کردم، من بۆ جاری یەکەم وەک فەتاح وتم بەڵێ: «قوربان، ئەوەت ئەفەندم.»[1]

شـەوێک لەگەڵ ئۆزدەمیر لە ماڵی یەکێک لە ئەشـرافی ڕەواندز لەسـەر زیافەت بووین، لەناو خۆماندا باسـی ئەو فڕۆکانەمان ئەکرد، کە بیسـتبوومان لە پێش دوو ڕۆژ چووبوونە سەر سلێمانی، لەو کاتەدا دوو سواری شێخ مەحموود پەیا بوون و نامەیەکیان بـۆ هێناین. بەیاننامەیەک کە لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆ شـێخ مەحموود خرابووە خوارەوە لەناو نامەکەدا بوو؛ لەم بەیاننامەیەدا ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لە شێخ مەحموود ئەکرد و بـۆیان نووسـیبوو کـە خـۆێ و هەیئەتـی حکوومەتەکـەی لـە ڕێگـەی چەمچەماڵ و کەرکووکەوە بچنە بەغدا و خۆیان بهاوێژنە بەر ڕەحمەتی حکوومەتی بەریتانیا.

شـێخ لە نامەکەی کە خۆی بۆ ئێمەی نووسیبوو، ئەیوت کە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان بە خۆی و سـمکۆ تەرتیباتێک کە بە باشـیان زانیوە و پێویسـتە، جێبەجێیان کردووە و ئەمری بە ئێمەش ئەکرد کە ئیتر لە ڕەواندز چاوەڕێ نەکەین و دەسـبەجێ بکەوینە ڕێ بۆ ئەنقەرە.

دوای ئەم نامەیە، لەلایەن ئۆزدەمیرەوە بۆ هاوڕێی ئێمە و بەناوی نوێنەری تورکەکانەوە فەوزی‌بەگـی یووزباشـی و ڕەمزی‌بەگی قایم‌مەقامی پێشـووی کۆیـێ و ڕەواندز، ئامادە کـران و لـە دوای دوو ڕۆژ، مـن و فەتاح و ئەحمـەد تەقی بەناوی شـێخ مەحموودەوە فـەوزی و ڕەمـزی بەناوی ئۆزدەمیـرەوە بووین بە هەیئەتێکی پێنج کەسـی لەگەڵ چوار نەفـەری تورک خرایە تەکمـان و لە ڕێگەی دەربەند و زینوێی شـێخەوە کەوتینە ڕێ؛

---

١. ئەم شـیعرە تورکییە ڕاسـتە هی منە، لە بەشی تورکی غەزەتەی بانگی کوردسـتاندا بڵاوکرابووەوە، ماناکەی ئەم دوو بەیتە ئەمەیە: «کوردسـتان جێگەی لەدایک‌بوونمە، نیشتمانمە، گۆڕمە، لەبەر ئەمە نامەوێت کەس بە تیلای چاو تەماشای بکا، ئەو تاڤگانەی بە شاخەکانی کوردستاندا دێتە خواری، ئەگەر بۆ کورد نەبێ، هەر نەبێ، پێی ناوێ ئیتر با نەیەتە خوارەوە.

ڕاستەوڕاست مەفەری ئەوەمان نەبوو کە لە سنووری تورکیا بچینە ژووریٰ، بەفر ڕێگەی گرتبوو؛ بەتایبەتی لەبەر سەختی زستانی تورکیا و لەبەر نەبوونی ڕێگەوبانی گشتی و هۆی باشی هاتوچۆ لەو ناوچەیەدا، بڕیارمان دابوو کە بە ئێران و لە ڕێی ورمێ و تەورێزەوە بڕۆیــن، چونکە لەم ڕێگەیەدا وەکوو ئەیانوت تەنیا زەحمەتی ئەوەمان لەبەرا بوو کە لە زینوێی شـێخ تێپەڕین و بچین بە دیوی ئێراندا. وەنەبێ ئەمەیش کارێکی ئاسـان بێ، چونکە ناوبانگی زینوێی شـێخی بەینی ڕەواندز و شـنۆی ئێران بووە بە داسـتان. سام و گرنگی ئەم زینوێ کوشندەیە لە چاو خەڵقی ئەم هەرێمە، لە ناوبانگی دەربەندی قۆتۆر بـەلای خەڵقـی هەرێمی وان یاوەکـوو ناوبانگی دەربەندی شـەپکەی کێـوە بەرزەکانی «کارپات»ە لە بەڵقان. لەبەر ئەمە پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ لە ڕەواندز سەروو جووت کاڵـە و پێتاوی کوردیمان کڕی و ناڵـی وڵاخەکانم تازە کردەوە. نەفەرە تورکەکانی خرابوونە تەکمـان، ئەوانیـش پـڕ هەگبەیێ ناڵ و بزمـاری زیادە و ئەسـبابی ناڵبەندییان لەگەڵ خـۆیان هەڵگرتبـوو، بێجگە لەمەیش چەن زەلامێکی گورجوگـۆڵ بە بێڵ و خاکەنازەوە کەوتنە پێشـمان و دێهاتەکان ئاگادار کران بۆ ئەوەی لـە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا بە فریامان بگەن، بەڵام سپاس بۆ خوا لە دەربەند بەبێ زەحمەتێکی ئەوتۆ تێپەڕین و لە دەمەدەمی بانگی ئێوارەدا گەیشتینە زینوێی شێخ. ئەو زینوێیە، کە وەکوو ئەیانگێڕایەوە، هەموو زسـتانێک چەن کەسێکی تیا ئەفەوتێ و ڕەق ئەبێتەوە و لەوانەی کە بەناچاری لە دەمی زستاندا ڕێیان ئەکەوێتێ، کەمیان بە زندوویی ڕزگارییان لێی ئەبێ.

ئەڵێـن خوا بـۆ هەموو دەردێـک دەوایەکی داناوە، ئەمە شـکی تیا نییـە، تەبیعەت کـە خوا نیزامێکـی داوەتێ و قانوونێکی بـۆ داناوە یا وەکوو هەندێ فەیلەسـووف ئەڵێن زادەی هێزێکـی کوێر نییە، تەماشـا ئەکەی لە جێیەکی وەکوو حـەوزەی ئەمازۆن، کە نەخۆشی لەرزوتا بەهۆی زیندەوەرێکی بچووک بڵاو ئەکاتەوە، هەر لەو جێگەیەدا داری «گەنەگەنە» پێ‌ئەگەیەنێ کە بەرەکەی دەرمانە بۆ لەرزوتا. من وا ئەزانم کە ئەمە شتێکی هەڵکـەوت نییە، بەڵکوو کردەوەی دەسـی ئـەو تەبیعەتەیە کە ئەڵێـن کوێر نییە. ئینجا لـە دوای بڕینی دەربەند، گەیشـتینە بەر زینوێی شـێخ و لە دەرگای ئـەم دەربەندەدا، واتا لـەم جێگە سـەختە و لـەم هەرێمەدا کە بـە زەمهەریری دەمی زسـتانی ناوبانگی

دەرکردووە، بۆ گەیشتن بە فریای ئەو بەختڕەشانە کە ناچاری لە زستاندا ئەیانخاتە سەر ئەم ڕێگە سامناکە، بۆ خانەوادەیەکی کوردی مسوڵمان و میوانپەرەست جێنشین نەئەبوو و پاسەوانی لێقەوماوانی ئەم سەرەڕێ سەخت و گرنگ، بەشەر لەناوبەرەی نەئەگرتە ئەستۆی خۆی؟ لە ژێر با و بارانا دە ساعەت بە پێ ڕۆیشتن و لەناو بەفرا تا ئەژنۆ چەقین و دەرچوون بهێنینە بەرچاو ئەو وەختە تێئەگەین کە دوای ماندووەتییەکی وا ئـارام لەبەربڕ، لەبەر هەڵاوی ئاگرێکی بێدووکەڵی کوورەی دیوەخانێکی بێسروە و پاک و تەمیزا دانیشتن و لەبەر سێرەی سەماوەری وەرشەوا چای لەعلڕەنگی گەرم و بۆنخۆش خواردنەوە شتێکی چەن بەتام و سەعاتێکی چەن فەرەحبەخشە. ئەو شەوە دوای سەرماوسۆڵەی ڕێی دەربەند و ماندووەتی بە پێ ڕۆیشتنێکی دوورودرێژی بە ناو بەفرا و چەقین و دەرچوونێکی لە تاقەتبەدەر لە دێی زینوێی شێخ لە ماڵێ شێخ عوبەیدوڵڵای نەوەی شێخ کەماڵی بەناوبانگ، بە جۆرێک حەساندیانینەوە کە تا مردن تام و لەزەتـی لـە بیر ناچێتـەوە. جلوبەرگمان، کە بێجگە لە بارانێکی شەستە ڕەهێڵە، لەناو لیتەی قوڕ و بەفریشـدا بووبوو بە سـەرەویر هەر بەو شەوە شۆرا و لەبەر ئاگری داربەڕووی وشـکی ناو کووره وشـککرایەوە و خۆمان جلـی ناو جێگەمان لەبەر کرد. دوای ئەوە لە ئاوی گەرمی ناو سـوێنەدا دەسوپێ و سـەری تەزیومان شێلرا و خوێنی گەرمـی تێزایـەوە و چیکڵدانەکانمان کە لەبەر سەرماوسـۆڵە و ماندووەتی و برسـییەتی لە پێش سەعاتێکا کەوتبووە تەمووره لێدان بە ناوساجای گەرم و نەرم و کەبابی مریشک و قبووڵی چەوری بە ڕبەنار، لە نەغمەسـازی کەوت. ئینجا لەناو نوێنی ئاوریشـمی پاک و تەمیـز کەوتینـەوە تەوزەکوتـێ و زۆری پێنەچـوو فریشـتەی خەوێکـی گرانـی خۆش باڵـی بەسـەرا کێشـاین و ئاگامان لـە دونیا بـڕا. بەیانی کـە چاومان هەڵهێنـا و لە خەو خەبەرمان بووەوە بەسەرهاتی ڕۆژی پێشوومان وەکوو خەو ئەهاتە بەرچاو. دوای چای و بەرچاییەکی زۆر و پوختە و بەتام و لەزەت و خواردنەوەی چا و قاوەیەکی پاک و تەمیز کەوتینـە خۆ کۆکردنەوە و بۆ ئەوەی لە سـنووری ئێران بچیـن بەودیوا ئەبوو ئەم گەرووە سامناکە، واتا زینوێی شێخ ببرین. شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەلائەددینی خەلان، بەرای هەموو شتێکیان لێک دابووەوە؛ تێشوویەکی زۆر بەلەزەتیان ئامادە کردبوو و خستبوویانە

ناو هەگبەکانمانەوە، ئیتر کە دیوەخانی حاتەمی کوردمان بەجێ‌هێشت، بیست سواری لاوی وەکوو بێچووە شێری پێش‌خستین. تاوتاو لەناو بەفرە زۆرەکەی زینوێ[1] ڕێگەیان بۆ ئەکردینەوە، ئەو ڕۆژە بەهۆی ڕەنج و تەقەلای ئەو لاوە لەش‌سووک و ئازایانە و لە سای حەسانەوەی باش و تەواوی شەوی پێشوومان لە ماڵی شێخ عوبەیدوڵڵا، ڕێگەی سامناکی زینوێشمان بەبێ زیان بردە سەر. دیسانەوە لە تەبیعەت ئەدوێین، شتی وا هەیە کە زۆر جار ئەبێتە هۆی کارەساتێکی خراپ و ماڵ‌وێرانکەر، بەڵام هەر ئەو شتە کە وا بەم ڕەنگە مایەی لێقەوماوییە بۆ هەندێک لەوانەیە کە لەلایەکی ترا و لە شوێنێکا کە بە بیرا نایێت ببێتە هۆی خۆشی و مایەی ڕزگاری بۆ هەندێکی تر. ئێمە لەم ڕۆژەدا کە بە زینوێی شێخدا ئەڕۆیشتین و ئەو دڵۆپانەی بە لووتمانا ئەهاتە خوارێ ئەیبەست و ئەبوو بە شووشە سەهۆڵ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە خوا ئەپاڕاینەوە کە هەتاومان لێ‌دەرنەکەوێت تا لە زینوێ ئەچینە دەرەوە و هەر بەفر ببارێ و گڤەی با لە کارا بێ، چونکە ئەگەر بەفر و با بوەستایێ و خوا نەخواستە هەتاو لە ژێر هەورەکانەوە دەرکەوتایە لەوانە بوو بەبێ زیان زینوێ نەبڕین، چونکە ئەو بەفرەی کە بەستبووی و وەکوو شەقام بە سەریا ئەڕۆیشتین لە ژێر تیشکی ڕۆژا خاو ئەبووەوە و جاری وا هەڵئەکەوت تا تەوقی‌سەرمانی پیا بچینە خوارێ، بەڵام سپاس بۆ خوا کە سەختی تەبیعەتی ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە بووبوو بە خێر و مایەی خۆشی. خۆشی لەبەر ئەوە وەکوو ئاسک بەگورجی و لەش‌سووکی ڕێگەمان ئەبڕی و تا نیوەڕۆ ماوەیەکی ئەوەندەمان نەمابوو کە لە سنووری عێراق بچینە دەرەوە، واتا ترسی ئەوەمان نەما کە لە زینوێ شەومان بەسەر سەرا بێت، چونکە لە شەوی زستانا لە زینوێ ڕەنگە ورچیش بە زەحمەت بژی. ڕۆژ وەکوو بەزەیی بە ئێمەدا هاتبێ و بۆ ئەوەی بە تیشکی ڕوخساری شیرینی نەمانکوژێ تا نزیک نیوەڕۆ لە پشت هەورێکی ئەستوورەوە عەڕادەی خۆی تاو دا، بەڵام لە پشت پەردەی نازەوە قنجی ڕەوتی وەک ئاسکی ئێمەی بەدی کرد و ڕووبەندی هەوری تۆزێک لادا، گۆشەیێکی ڕوخساری نازەنینی بۆ دەرخستین، لە ماوەی سەعاتێکا بەم نیونیگایە کارێکی بەسەر ئێمە

---

١. زینوێ یەکێکە لە گوندەکانی ناحییەی حاجی ئۆمەران سەر بە قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر. م.س.

هێنا خوا بە بەشی هیچ کەسێکی نەکا و ئەو کارەساتەی کە لەناو دەریای لیتە و قوڕاوی بەفرا بەسەر ئێمە هات لەوانە نییە بە دەم بگێڕێتەوە. ئاخری بە یارمەتی خوا تەنگمان بە زینوێ هەڵچنی و لە تەپۆڵکە وە یا کوسپێک کە تەبیعەت لە دیوی ئێرانەوە کردوویە بە دەرگا بۆ ئەم زینوێیە بەسەرکەوتینە سەرەوە. لەوێ لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە کە ئەڕوانێ بە دەشتی پان و ئاوداری شنۆدا نەسیمێکی سارد و بۆنخوشی ئێران دای بە دەماخمانا. ئیتر لەو کۆسپەوە بە دیوی کوردستانی ئێراندا چووینە خوارەوە. ئەسپەکانمان کە دوو ڕۆژ بوو لەبەر سەختی و ناخۆشی ڕێگە هەر بە دوای خۆمانا ڕائەکێشا لەگەڵ ئەوەیشا لەتاو ماندووەتی لەوێدا میزی خوێنیان کرد بە خۆیانا، ئێمەش هەریەکە لە ئاستی خۆمان و بەبێ‌ئەوەی دەسەڵاتێکمان تیا بێ لێی کەوتین و پێمان لێ‌ڕاکێشا، بەڵام دوای تۆزێک حەسانەوە و کەمێک خواردن لەو توێشووەی پێمان بوو و سەرو جگەرەشمان کێشا، ئینجا بۆ ئەوەی نەکەوینە شەو بەناچاری خۆمان هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکانمان بە کۆسپەکەدا چووینە خوارەوە بەرەو دەشتی پان و هەزار بە هەزاری پڕ لە ئاوی چەمەن و گوڵزاری شیرینی شنۆ و لە ژێر تیشکی گەرمی خوێن‌بزوێنەری ئافتابی کوردستانی ئێراندا بە سواری ڕێگەمان بڕی تا گەیشتنە دەوروپشتی شاری شنۆ. ئەو ڕۆژە دەسماڵی زێڕینی هەتاو لە سەرمان جیا نەبووەوە و خوڕەی ئاوی وەک بلوور و سارد و بێگەردی جۆگەکان وەک مۆسیقایەکی سروشتی لە گوێمان نەبڕا. چیمەنە سەوز و ناسکەکانی ئەو دەشتە ئەتوت فەرشی زمرووتە، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی گوێ ئاوەکان پەراوێزێکی نەخشینی پێوە نابوو، بەهاری کوردستانی بە هەموو جوانی و تریفەوە خستبووە بەرچاو، ئەسپەکانمان بە ڕەوتێکی ڕەوان و کەیف و خۆشییەک کە ئێمە هەستمان پێکرد بەسەر ئەم چیمەنە سەوز و ناسکەدا ڕێگەیان ئەبڕی. تیشکی ڕۆژ کە لەناو ئاورنگی وەک مرواری لە ڕووی ئەم چیمەنەدا وەک پرچی ئایشێ و فاتمە لە هەموو ڕەنگە ئەدرەوشایەوە و بە زمانی حاڵی خۆی تێی ئەگەیاندین کە خاکی شیرینی کوردستان شایانی ئەوەیە هەموو کوردێک خۆی لە ڕێدا بەخت بکا.

شنۆ لەسەر ڕێگەکەمان نەبوو، بەلای دەسی ڕاستا نزیکەی سەعاتێک لە ڕێگەکەمانەوە دوور بوو، لەبەر ئەوە نەچووینە ناو شاری شنۆ، لەسەر ڕێ لە نوقتەیەکی

پۆلیسی ئێران لامان دا. ئەفسەری سنوور، کە پلەی یووزباشی (سوڵتان) هەبوو بە بیانووی پرس بە گەورەی خۆی لە شنۆ ئەیویست لەوێ ڕامانگرێ و بە قسەی خۆی هەر لە ئێوارەوە نامەی بۆ ناردبوو و لە هاتنی ئێمە ئاگاداری کردبوو؛ شەومان لە نوقتەکەدا ڕابوارد و ماندوومان حەسایەوە. بەیانی دوای چاخواردنەوە لەو ناڵە زیادەی پێمان بوو، بەشی پەلە خاوسەکانی ولاخی سوڵتانمان لێدا و بەناوی بەخشیش دە «تارانی»شمان نایە مشتی دوو نەفەرەکەی نوقتەکە، ئیتر بێ ئەوەی پرسی هاتنەوەی وە یا نەهاتنەوە وەڵامی گەورەکەی شنۆی لێ بپرسین، یا ئیزنی لێ بخوازین، سواری وڵاخەکانمان بووین و کەوتینە ڕێ. شنەشنی نەسیمی بەیانی بەهار بوو بۆنی عەتری گوڵ و ڕیحانەکێوی، گیانێکی تازەی ئەکرد بە بەرا. لە ژێر پێمانا فەرشی نەرمونۆڵی چیمەنی سەوز و ڕوو بە ئاورنگی وەک مرواری، لە قەراغ ڕێگەکانەوە بە ناو گوڵ و چیمەنا خشەی ئاوی بلوورینی جۆگەکان و ناوبەناو هاژەهاژی ئەو تاڤگانە کە لە قەد کێوەکانی بە بەفری سپی وەک چۆڕی شیر داپۆشراو، ئەڕژایە خوارەوە؛ جریوەجریوی چۆلەکە و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، ئاوازی بولبول لە ژێر گومەزی شینی بێگەردی ئاسمانا چاوئەنداز و سەیرانگایەکی هێندە شیرین و پڕنەشئە، هێندە بەزەوق و گیانبزوێنەری لێ پەیا بوو، کە بە بیری هیچ شاعیرێکا نەیەت؛ خۆلاسە بەتەنیا وشەیەک ئەتوانین بڵێین کە تەبیعەت لە کوردستانی ئێراندا مژدەی نزیکبوونەوەی نەورۆزی پێ بوو؛ لە شنۆ بەولاوە ئێمە بە ناو پارچەیەک بەهەشتا ئەڕۆیشتین.

شاری ورمێ

دوای جیابوونەوەمان لە ڕەواندز بە حەوت ڕۆژ (حەوت مەنزڵ) گەیشتینە شاری بەناوبانگی ورمێ. لەم ڕێگە خۆش و چاوئەندازە شیرینانەدا ئەوی بە داخێکی دەروونییەوە ئەکەوتە بەرچاو، کەساسی و هەژاری خەڵقی وڵاتەکە بوو. ناوبەناو تووشی کاروانی و ڕێبوار ئەهاتین، بەشی زۆری ئەم ڕێبوارانە، بە ژن و پیاوەوە ڕووتوقووت و پێخاوس بوون وە یا بە هەندێ پەڕۆ و پەلاسی شڕ و چڵکن، هەندێ جێگەی لەشیان پۆشیبوو. تێگەیشتن لە برسییەتی و نەخۆشی ئەم خەڵقە بێخاوەنە، کە لە ژێر چەپۆکی

خاوەنێکـی بێگانـە و خوێنمـژا کەوتبوونە ئەم حاڵە پەرێشـانە، پێویسـت بە زانایی و پسـپۆری نەبـوو. لـە هـەزارا یەکێکت نەئـەدی کە تێر بێ یا پۆشـتە، لـەم وڵاتە خۆش و پـڕ لـە خێـر و بەرەکەتـەدا، لـەم بەهەشـتی سـەرزەمینەدا داخەکـەم دۆزەخییەکان زیندەگانییان ئەکرد.

ورمـێ (اورمیـە) نزیـک بە گۆم یا «زەریاچـەی ورمێ»یە و شـارێکی بچووک و زۆر خـۆش و دڵگیـرە؛ کووچـە و بازاڕێکـی ڕێکوپێـک و پاکوخاوێـن و ئاووهەوایەکی سـازگاری هەیـە. لە هەمـوو جۆرێـک خواردەمەنی تیـا دەس ئەکەوێت. شـاری ورمێ بە کاروانسـەرا گـەورە و جوانەکانیـا دەرئەکەوێت، کـە ناوچەیەکـی بازرگانییە، بێجگە لەمەیـش ناوچەی ویلایەتێکە هەر بەناوی ورمێوە. بەوەدا کە کاروان و هاتوچۆکەران لە دەرگایەکی تایبەتی گەورەوە ئەچنە ناو شـارەکە، دەرئەکەوێت کە شـارەکە بە شـووره چـوار دەوری دراوە. خەڵقی شـار بە کوردی و تورکی قسـە ئەکەن، کەموزۆر فارسـیش ئەزانن. لە کاتی بەختیاری سمکۆدا ئەم وڵاتە هەمووی لە ژێر حوکمی شکاکدا بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەیڵێم کە خەڵق لە سمکۆ زۆر بە گلەیی بوون، لە هەموو هەڵکەوتێکا بە کـزەی دەروونەوە باس و هەواڵی دەوری سـمکۆ و زەبروزەنگیان ئەگێڕایەوە. من بەناوی ئەوەی کە کوردێک بووم زۆرم لا گران بوو، کە قارەمانێکی کورد لە وڵاتی خۆیدا ناوێکی وای بەجێ‌هێشـتبوو. لە ورمێ حکوومەتی تورک «شابەندەرخانە»ی هەبوو، لەبەر ئەمە بۆ کاروباری سـەفەرمان شابەندەری تورک هەوڵی بۆ ئەداین، بەڵام کوماندانی ناوچەی ورمـێ زۆر تەگەرەی ئەخسـتە ئیشـەکەمان و ئەیویسـت تەگەرە بخاتـە ڕێگەمان. بە قسەی خۆی لە حەربییەی ئەستەمووڵ خوێندبووی و تورکەکانی زۆر خۆش‌ئەویست، وەکـوو تریـش تا حەزکەی قومـارباز و دووڕوو و زمانلووس بوو، وام بـۆ دەرکەوت کە بەرامبەر بە ئێمە (کورد) بیرێکی باشـی نەبێ و شتێکی خراپی لە ژوور سەرا بێ؛ سێ ڕۆژی بە تەفرەدان و درۆ و دەلەسە لەگەڵ بردینەسەر.

ئێمە بە گەیشـتنمان بۆ ورمێ ئەسـپەکانمان فرۆشتبوو، بڕیارمان دابوو لە زەریاچەی ورمێوە بە پاپۆڕ بپەڕینەوە، من ئیتر تەواو پەست بووبووم و توانای ئەوەم نەما زیاتر خۆم بگرم، بڕیارم دا کە درۆ و ڕاسـتی کابـرای کوماندان تاقی بکەمەوە. ئەو ئێوارەیەش لای

شـابەندەری تورک بانگ‌کرابوین، پێش ئەوەی بچینە لای شابەندەر، نامەیەکی بچووکم نووسی بۆ والی و کردەوەی کابرای کوماندانم تێگەیاند. هاوڕێکانم بەرهەڵەستیان ئەکرد و نەیانویست کە نامەکە بنێرم، بەڵام بە قسەم نەکردن و بە پۆلیسێکی سەرەڕێدا نامەکەم نارده ماڵـی والی بەناوی خۆمەوە. هاوڕێکانم لەوە ئەترسـان کە ئەم کردەوەیە ببێتە هۆی تووڕە بوونی کوماندان و دواکەوتنی سەفەرەکەمان.

شـەو لـە ئوتێـل زۆر خوشـمان ڕابـوارد و خواردنەوەیەکـی زۆرمـان خـواردەوە، لە درەنگ‌وەختـا یەکێـک لە غولامەکانی ئوتێل هات و پێـی وتین کە کوماندان لە ژووری ئینتـزار ئەیەوێت یەکێکمان بچنە لای و قســەمان لەگەڵ بـکات. ئەحمەد تەقی لەناو ئێمەدا نەیئەخواردەوە، ئەومان نارده لای، ئەوەندەی پێنەچوو ئەحمەد گەڕایەوە و چەن کاغەزێکی بەدەسەوە بوو، والی وەڵامی نامەکەی منی نووسیبووەوە، لەم نامەیەدا بەرامبەر بە خۆم و هاوڕێکانم زۆر بە زمانێکی شیرین و ناسک ئەدوا و سەلام و نەوازشێکی زۆری پێشـکەش ئەکردین و دوای ئەوە ئەیوت: «یەکجار ئەوە جێگەی داخە کە لە هاتنی ئێوە لەم وەختا ئاگادار نەکراوم کە واجبی میوانداری بەجێ‌بێنم و بە سەرلێدانتان موشەڕەف ببم. ئەگەر ئێوە پەلەتان نەبێ و بتوانن ڕۆژێکی تریش لێرە بمێننەوە، زۆر بەختیار ئەبم و هیچ نەبێ تەنیا ڕۆژێک لە سـوحبەتی ئێوەدا بەسـەر ئەبەم، ئەوا لەگەڵ ئەم نامەیەدا هەرچی کاغەز و وەسیقەیەک پێویست بێ، پێشکەشتان کرا، بێجگە لەمەیش، گەمێی ئازادیسـتان کـە ئامادەیە بەیانی زوو بکەوێتە ڕێ، ئەمری پێکـرا کە تا ئێوە ڕێئەکەون و ئەچنە ئەسـکەلە (میناء) چاوەڕێتان بکا و جێگەی شایستەتان بۆ ئامادە بکا. ئەمریـش بە ڕەئیسی شار دراوە کە بەیانی دوو پایتۆن (عەرەبانەی داخراو)ی تایبەتی بنێرێتە ئوتێل کە پێی بچنە ئەسکەلە.

بەڕاسـتی هەموومان لەم کردەوە شـیرین و گورجانەیە سپاسـی والیمان کرد و قەت بـە خەیاڵمـانا نەهاتبوو کە لە وەڵامی نامەیەکی بێ‌نرخـی غەریبێکی وەکوو مندا، والی دەوڵەتـی ئێران بەم ڕەنگە بجووڵێتـەوە و ئەم پیاوەتییە گەورەیەمـان لەگەڵ بکا، بەڵام داخەکـەم، تەنیـا هەڵەیەکی بچووک بـوو بەهۆی تێکدانی خۆشـییەکەمان. ئەم والییە بەنرخە لەسەر نامەکەی من، دەسبەجێ کوماندانی ناوچە داوا ئەکا و بە ئەو وەسیقانەی

کە بەدەسمانەوە بوو دابوومان بە کوماندان و ناوونیشانمان و هۆی[1] چوونمان بۆ تورکیا تێئەگا، لەسەر ئەوە ئەمر ئەدا بە نووسینی ئەو کاغەزە و ئامادە کردنی جێگە لە پاپۆڕی ئازادیستان بۆ هاوڕێکانم بەپێی ئەو ناوانە، کە من لە نامەکەما بۆم نووسیبوو، بەڵام وادیار بوو کە من نووسەری نامەکە، ناوی خۆم لەگەڵ ناوی هاوڕێکانا دانەنابوو، لەبەر ئەوە والیش ناوی منی لە وەسیقەکاندا نەنووسیبوو. ئێمە کە ئەبوو لە ڕێی ئێران و قەفقاسیاوە بە ناو خاکی چەن دەوڵەتێکی بێگانەدا بڕۆین و سەفەرێکی دوورودرێژمان لە بەرا بوو، عەقڵ نەیئەبڕی کە بە وەسیقەیەکی ناتەواو ڕێگە بدەینەبەر، لەبەر ئەمە بە ئەحمەد تەقیم وت کە دوای بەیانی سپاسی زۆر تایبەتی بۆ جەنابی والی، لە کوماندان بگەیەنێت کە ناوی من لە بیرچووە و ئەمر بکا کە ناوم بنووسرێت لە وسیقەکاندا.

فەوزی بەگ کە ئێوارە زۆری تەقەلا دا کە نامەکەم نەنێرم، هەڵیدایەوە و وتی: ئەمەی پێناوێت و ئەوە نایەنێت کە دووبارە ئەم وەسیقەیە بنێرێتەوە بۆ ئەوەی ناوی تۆی تیا بنووسرێت. وتم: «بەڵام بەبێ ئەوە ئەبێ من لێرە بمێنمەوە و کاری عەقڵ نییە کە بێ ئەوەی ناوم لە وەسیقەکەدا هەبێ، شوێنتان بکەوم.»

بە هەموومان ویستمان کە تێی بگەیەنین و بێدەنگی کەین، لەوانە نەبوو، کە شتێکی گرت بە دەمەوە دەسی هەڵنەئەگرت و هەر ئەبوو قسەی ئەو بچێتە سەر، من لەبەر دڵی شابەندەر گوێم نەدایە چەنەبازی ئەو، ئەحمەد تەقیش کاغەزەکانی هەڵگرت و چووە لای کوماندان، بەڵام فەوزی نەیئەبڕییەوە و تا ئەهات شووڵی لێ هەڵبڕی.

شابەندەر پیاوێکی زۆر بەشەرم و ئەدەب بوو، گەلێکی لەگەڵ خەریک بوو و لێی پاڕایەوە، بەڵام فەوزی دیار بوو کە سەرخۆشییەکی قورس ئەوەندەی تر کەری کردبوو. من هاتبوومە سەر ئەوە کە بەتایبەتی ئەیەوێت من تەکدیر بکا، ئەگینا کوڕی پیاوێکی گەورە بوو، پاشایەکی بەناوبانگ بوو، خوێندنێکی بەرزی هەبوو، بە ئەڵمانی و فەڕەنسزی زۆر جوان گفتوگۆی ئەکرد، لەبەر خواردنەوەش بێ ئەوەی کرد، ئێمەش وەکوو ئەو خواردبوومانەوە. ئەو بە خانەخوێش دائەنرا و ئێمە میوانی ئەو بووین، وا پێویست

١. ئێمە لە وەسیقەکانی بەدەسمانەوە بوو لە ڕەواندز لەلایەن ئۆزدەمیرەوە نووسرابوو، وا درابووینە قەڵەم، کە زابتی تورکین و بە ئیجازە ئەچووینەوە بۆ تورکیا.

بـوو کـە ئەوەندە لە سـنووری نەزاکـەت و ئـەدەب نەچێتـە دەرەوە، بـەڵام داخەکەم ئەمانەی هیچ نەهێنایە بەرچاو. من لەتاو شابەندەر کە زۆر تێکچووبوو و هەر خەریکی دڵدانـەوەی من بوو، بە پێکەنین و قسـەی خۆش بەرامبەری فەوزیـم ئەکرد، بەڵام ئەو بێهۆشـە دەریخسـت کە خوێندن و جاه، گەوهەری ئینسـان ناگۆڕێ و لە شـابەندەری گەیاند کە لە تەربییەیەکی بەرز بەشـدار نییە چونکە لە دوای ئەو هەموو سازندەیی و چەنـەبازی و جنێودانـە، کـە بەرامبەر بـە من کردی و نواندی، هێشـتا تەسـکینی دڵی نەهاتبوو و لەپڕ ڕاستبووەوە و تا هێزی تیابوو مستەکوڵەیەکی کێشا بە سەرما. ئیتر من لەو پێسـتەی تیابووم چوومە پێسـتێکی تـرەوەو ئەوەم لە بیر چووەوە کە لە مەجلیسـی پیاوانا دانیشتووم، بووم بە جانەوەرێک چاوم ئیتر هیچی نەئەدی.

ئەوەندە ئەزانم کە فەوزیم بە شـەقێک و زلەیەک خستبووە ژێر مێزەکەوە، هەرچی خواردنەوەیەک کە مابوو لەگەڵ قاپەمەزەکان ڕژابوون بە سەر و چاو و لەشیا. یەک‌دوو جار هەڵسـایەوە، ئەیویسـت پەلامارم بدا، بەڵام هەموو جارێکیان ئەو شەق و زلەیەی ئەخـواردەوە. لـە ئەنجامدا شـل بوو و بـەلادا هات. ئـەو وەختە وەکوو لە شەڕەبۆکسـا سـەرکەوتبم، شـابەندەر هاتە پێشەوە و دەسـی‌کردە ملم و وتی: «ئەم بێ‌ئەدەبە ئەمەی هەڵئەگرت، بەڕاستی پێم خۆش‌بوو، گەردنی باوکت ئازاد بێ.»

دوای ئەم شەڕەشـەقە ناشـیرینە شـابەندەر غولامەکانی بانگ کرد، فەورزییان بردە ژوورێکی نوسـتن، ئـاگای لە خۆی نەمابوو. نازانم یا لە شـەرما خـۆی کردبوو بە مردوو! ئێمەیش گەڕاینەوە جێگەی تایبەتی نوستنی خۆمان.

لە ورمێوە بۆ شەرەفخانە

بەیانی زوو شـابەندەری تورک، کە بەڕاسـتی نموونەیەکی بەرزی ئەدەب بوو، هاتە لام و چووینـە جێگـەی تایبەتی خۆی و پێکـەوە چامان خـواردەوە. دوای بەینێک فەوزیش هاتبوو و تکای ئەکرد کە ئیزنی بدەین بێتە ژوورەوە. شابەندەر پرسی بە من کرد و وتی: دیارە هاتووە ئاشـتت بکاتەوە، وتم: من ئەبێ ئەو ئاشـت بکەمەوە. شابەندەر خۆی چوو هێنایـە ژوورەوە، زۆر بەشـەرمەوە هات و دەسـی کـردە ملم و زۆر لۆمـەی خۆی کرد و

سـوێندی خوارد کـە ئیتر ئارەق نەخواتـەوە. دەم‌وچاوی لە چەن لایەکـەوە هەڵتۆقیبوو، شـین بووبووەوە. یەک‌دوو پەنجەی دەسیشـی پێچابوو، ئەیـوت پەنجەیەکیان لەوانەیە شکابێ. منیش دڵم دایەوە و وام لە خۆم کرد کە کردەوەکانی شەوێم نایێتەوە بیر و ئەبێ زۆرم خواردبێتـەوە، ئیتر بڵێین ئاشـت بووینەوە. دوای سـەعاتێکیش بە سـواری پاپتۆن ڕوومان کردە ئەسکەلە.

لە ورمێوە تا ئەسکەلە، واتا سەر قەراغی زەریای ورمێ، دوو سەعاتێکمان پێچوو، لەوێ قەفتانی پاپۆڕەکە هات بەپیرمانەوە، لاوێکی زۆر زرنگ و ڕووخۆش و چوست‌وچالاک بوو. گورج دایمەزراندین و دەسبەجێ پاپۆڕ کەوتە بزووتنەوە و ڕێگەی زەریای گرتە بەر، ئێمەش لەسـەر سـفرەی خواردنەوە، کە قەفتان بۆی ئامادە کردبووین، ڕیزمان بەست؛ ئەحمەد تەقی هەر نەیئەخواردەوە. فەوزی لەگەڵ ئەو، پێکەوە لە قوژبنێکەوە دانیشتن و تەماشای بەحرەکەیان ئەکرد. قەفتان ئەیگێڕایەوە و ئەیوت: ئاوی زەریای ورمێ زۆر تاڵە، ماسی تیا ناژیت. بەکزەبایەکیش ئەکەوێتە شەپۆل و ڕێبوار ئەخاتە سەغڵەتی، قسەکەی درۆی تیا نەبوو، ئەوەندەی پێنەچوو شـەپۆل و فەرتەنە دەسـی‌پێکرد، بۆ ئەوەی دڵمان تێکەڵ نەیەت و نەڕشـێینەوە، گواسـتمانەوە کەمەرەیەکی دەستەی خوارەوەی پاپۆڕەکە، ئەمەش کەڵکی نەبوو، کەم‌وزۆر ڕشاینەوە و سەرمان هاتە ژان، بە نیو سەعاتێک نوستن هاتینەوە سەر خۆمان، بەڵام بەمە سەرمان سووک بوو ناوسکمان پابووەوە. بایەکەش نەما و ڕووی زەریا وەکـوو ئاوێنەیەکـی بێگـەرد ئەبریقایەوە. ئینجا لەو ئارەقی کشمیشـەی کە لێمان مابووەوە دەسـمان کرد بە خواردنەوە و کەوتینە خەیاڵێکی تر، بە هەموویـەوە چوار سەعاتێک بە سەر زەریاوە ماینەوە، ئیتر گەیشتینە قەراغی خۆرهەڵاتی زەریاکە و لەوێ لە ئەسـکەلەی بەناوبانگی شـەرەفخانە ڕۆژێـک پێش جەژنی ڕەمەزان لە ئازادیسـتان هاتینە خوارەوە.

لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر [شەبستەر]

لە شــەرەفخانە هــەر لە نزیک ئەســکەلەوە لە خانێــکا دابەزین، تازە نانــی نیوەڕۆمان خواردبوو، خەریکی نوســتن بووین، کە ئەفسەرێکی ئێرانی هات و بەناوی کوماندانەوە داوای ڕەئیسی هەیئەتەکەی ئێمەی کرد. لەبەر ئەوەی کە تەنیا فەوزیبەگ هێشتا خۆی نەگۆڕیبوو، ئەومان نارد کە بچێت بۆلای کوماندان. ئێمەش کەوتبووینە غایلەوە و تا ئەو هاتەوە خەو نەچووە چاومان، دوای ســەعاتێک فەوزی هاتەوە و پێی وتین کە خۆمان ئامادە بکەینەوە بۆ ســەفەر. بە قســەی فەوزی، کوماندان تەلەگرافی بۆ هاتبوو، کە ئێمە بگرێــت و تەســلیمی ئینگلیزەکانمان بکات. فەوزی باوەڕی بــە کابرای کوماندان کردبوو کــە تورکی خۆش ئەوێت. لەبەر ئــەوە نایەوێت ئێمە بدا بەدەســەوە، چونکە بە فەوزی وتبــوو تا ئێوە لە شــەرەفخانە دوور نەکەونــەوە لێتان ناپرســینەوە، دوای ئەوەش وەڵامی تەلەگرافەکە ئەدەینەوە و ئەڵێین لێرە نەماون و چوونە تەوریز، لەوێش سەرشابەندەری تــورک تەگبیرتان بۆ ئەکا. من ئەم قســە بێمانایە نەئەچوو بــە عەقڵما و ئەمزانی ئەمانە هەموو چاوڕاوە، ئەگینا لەو ڕۆژانەدا لە ئێراندا، جارێ ئینگلیز هیچ دەنگ وســەدایەکی نەبوو، لە هیچ کوێیەکەوە دیار نەبوو، ڕووسەکان، بەتایبەتی لە باکوور و باکووری ڕۆژئاواوە زۆر دەســیان ئەڕۆیشــت و دەنگیان دلێر بوو، تورکە کەمالییەکانیش، کە دۆســتی هەرە خۆشەویســتی ڕووسە بولشەویکەکان بوون، لای ئێرانییەکانیش قسەیان لە سەرەوە بوو. لەبەر ئەوە ڕێی تێنەئەچوو کە ئینگلیزەکان بتوانن بەبێ بەڵگەیەک و لەلای حکوومەتی ئێران ئەو ڕۆژە بەرامبەر بە ئێمە شــتێک بکەن، بەڵام لەبەر هەر شــتێک هەیە وەکوو خۆنوانــدن یا «مضــر»ی یا بۆ بەرتیــل لەلایەن هەندێ کاربەدەســتی پلــەی دووەمەوە، ئەم چاوڕاوەمان لێ ئەکرا. دەســەڵات نەبوو ئێمەش بۆ ئەوەی ڕۆژێ زووتر ڕزگار بین و بگەینە مەبەســی خۆمان، ســەرمان لە ئاســت ئەودا دائەنەواند. لەبەر ئەمە ویســتمان لــە قســەی کومانــدان دەرنەچیــن و بێ ئــەوەی وەخــت لــە دەس بدەین شــەرەفخانە بەجێ بێڵین و بچینە شەبستەر.

بەڕاســتی ئەم ســەفەرە ئێمەی زۆر بــێ تاوان ئەکرد، چونکە هەر ئــەو ڕۆژە لە ورمێ

تووشی سەریەشە و دڵتێکەڵهاتنێکی زۆر هاتبووین و گەلێک ڕشابووینەوە، ئێستەش بێ ئەوەی تۆزێک ماندوومان بحەسێتەوە یا سەرخەوێک بشکێنین، ئەبوو بە سواری کەر یا بە پێ بکەوینە ڕێ، بەڵام وەکوو وتم چارەمان نەبوو پیاومان خستە ناو بۆ ئەوەی چەن وڵاخێک یان کەرمان بۆ پەیا بکەن لە شەرەفخانەوە بۆ تەورێز. ڕێگەی ئاسن (شەمەنەفەر) هەبوو، بەڵام لەوێ شەمەنەفەر بە جەژن کار ناکا و لەبەر هەبوونی شەمەنەفەر لەوێوە بۆ شەبستەر و تەورێز و ئەو شارانەی کە لەسەر ڕێی شەمەنەفەرن، هۆیەکی تری هاتوچۆ بە زەحمەت چنگ ئەکەوت. هەموومان لەناو جێگە هاتینە دەرەوە و خۆمان کۆ کردەوە، کابرای ئێرانی، کە ناردبوومان بۆ وڵاخ پەیاکردن ئەویش دوو کەری بۆ گرتبووین بەکرێ و هێنانی. ماوەی بەینی شەرەفخانە و دێی شەبستەرمان لە کابرای خاوەنکەر پرسی، وتی بە پێیان چوار سەعاتێکە، لەبەر ئەمە بڕیارمان دا کە شتومەکەکانمان لە کەرەکان بکەین و خۆمان بە پێ بڕۆین، وەختیش بەهار بوو، هەوای سازگاری ئەو ناوە خوێنی بووژاندبووینەوە، لەبەر ئەوە بە خۆمانا ڕائەپەڕموو کە نەکەوینە ئەوە لەسەر شتومەکەکانەوە خۆیشمان ببین بە سەرباری کەرەکان. ئەفسەرێکی ئێرانیش لە شەرەفخانە بوو ئەگەڕایەوە بۆ تەورێز، شارەزای ڕێگەکە بوو، لەبەر ئەوە کەرەکانمان لەگەڵ نەفەرەکان لە پێشەوە ڕەوانە کرد و خۆیشمان شەقامی ڕاست و ڕەوانی شەبستەرمان بە پێ گرتەبەر. لە بازاڕی شەرەفخانە هەر بەسەرڕێوە، یەکی بایی تارانییەک کشمیش و بادەممان کڕیبوو بەڕێوە ئەمانخوارد، ئەو کشمیشە جارێکی تر لە هیچ وڵاتێک بەرچاوم نەکەوتۆتەوە. من وام تاقی‌کردۆتەوە لە سەفەرا نابێ باوەڕ بەوانە بکەیت کە ئەڵێن فڵانە ڕێ ئەوەندە سەعاتە وە یا بەینی فڵان دێ و فیسارە دێ ئەوەندەیە، چونکە تا ئێستە لەم بابەتەوە هەرچیم بیستبێت ڕاست دەرنەچووە. بە ئێمەیان وت ڕێگەکەمان چوار سەعاتە، ئەو ڕۆژە ئێمە یانزە سەعاتی خشت بەڕێوە بووین، نزیک نیوەشەو ئینجا گەیشتینە شەبستەر. دێهاتی ئێران لە دێهاتی عێراق ناچێ و لەوێ زۆر دێی وا هەیە، کە لەلای ئێمە بە شار دابنرێت؛ کام دێی کە ناوێکی نەبێ، لەگەڵ ناوچەی ناحییە و هەندێ ناوچەی قەزاکانی عێراق خۆشتر و ڕێکوپێکترە. لەلایەن پاک و تەمیزیشەوە دێیەکانی ئێران لە زۆری شارەکانی ئێمە

باشترن. ژمارەی دانیشتووانی هەندێ لە دێیەکان ئەگاتە پێنج هەزار کەس، هەموو دێیەک بازاڕ و دووکانی ڕێک وپێک، قاوەخانە، چاخانە و ئاشخانەی پاک و تەمیزی هەیە. ئەو کاروانسەرایانەی لە هەندێ دێهاتی ئێراندا هەیە، لە هەموو شارێکی عێراقدا نییە. شەبستەر دێیەکە لەم نەوعە. ئێمە لەبەر ماندووەتی و تاریکی شەوەوە، بەتەواوی بازاڕ و دووکان و کاروانسەراکانمان بەدی نەئەکرد، بەڵام لەو پەنجەرانەوە، کە بە ڕووکاری کۆڵانەکاندا کرابوونەوە، تیشکی چراکان هەندێ نیشانەی خۆشی و ڕێک وپێکی دێیەکە و وێنەی خانووەکانی بۆ دەرئەخستین.

لە چاخانەیەک بۆ ماندووحەساندنەوە لامان دا. بەو نیوەشەوە، نزیکەی بیست کەسێکی تیابوو. چاخانەکانی دێهاتەکانی ئێران، گەلێکی ئاشخانەشی تیایە و ژووری پاک و تەمیزی نوستنیشی تیا دەست ئەکەوێت، چاخانەکەی ئێمە لەم بابەتە بوو، دوای خواردن و چا خواردنەوە، هەر ئەو شەوە پریچقە (عەرەبەی بار)مان بە کرێ گرت و خۆیشمان لە ژوورێکا ڕاکشاین و تا بەیانی چرچەمان نەکرد. سبەینێ نزیک قاوەڵتی بوو کە پریچقەکەمان لە دەشتی میاندواب (میانەی دوو ئاو)دا[1] بە تیژی ڕێی ئەبڕی، لەم دەشتەدا من ماتەمینی گرتمی و بیری ڕابووردوو، بیری زەمانی شەڕی یەکەمی گشتیم ئەکردەوە. حیلمی بەگی زابت ڕوکنی تورک، لە شەڕی گەورەی یەکەمدا بە هێزێکی بچووکەوە، هاتبووە ئێران، لە بانەوە تا سەقز و بۆکان و سابڵاخ، شارەکانی خۆراوی ئەم وڵاتەی داگیر کردبوو. لە هەر یەکێک لەم شارانەی کوردستان، دوای ئەمەی کە بەناهەق گەورە و سەردارەکانی کوردی ئەنا بە نیشانی تفەنگەوە و گوللەبارانی ئەکردن، شارەکانی تاڵان ئەکرد و دەوڵەمەندەکانی جەریمە ئەکرد.

حەمەخانی بانە و سەرداری بۆکان، لەناو ئەوانەدا بوون کە بە گوللەبارانی حیلمی بەگ لەناو برابوون. ئینجا حیلمی بەمەوە نەوەستا، ڕووی کردە ورمێ و تەورێز، یەک لە دوای یەک چووە ئەم دوو شارە گەورانەشەوە. من ئەو وەختە لە ئەستەمووڵ ئەمخوێند، ڕۆژبەڕۆژ لەسەر نەخشەی ئێران، کە بە ڕووکاری شووشەی کتێبخانەکانی ئەستەمووڵدا کرابوو، هەر شارێکی حیلمی بەگ ئەچووە ناوی، لە کاغەز بەیاخێکی لێ چەسپ ئەکرا و بەوەدا

---

١. لە زمانی کوردیدا بۆتە «میاندواو». س.

ئـاگام لە جەوەلانـە قارەمانییەکی حیلمی ئەبوو و لە ژێرەوە بۆ بەسـەرهاتی بێخاوەن و بێدەسـەڵات، فرمێسـکم ئەڕشـت. ئەم زابتە تورکە، بەناو، شـوێن لەشـکری ڕووسەکان کەوتبوو، لە خاکی دەوڵەتێکی بێگانەدا، شارەکانی ئەو دەوڵەتەی بە بەرچاویانەوە و چاوی دونیـاوە بەئاشـکرا تاڵان ئەکرد، گەورەکانی ئەکوشـتن و خەڵقەکـەی ئەڕووتاندەوە، کەس نەبـوو بپرسـێتەوە. ئەوانەی گیرۆدەی ئەم جەورە و ئـەم ماڵوێرانییە ئەبوون، هەموویان کورد بوون، بەڵام بەدەس کێوە ئەمەیان بەسـەر ئەهات و تووشـی ئەم کارەساتە ئەبوون؟! بـەدەس کـوردەوە، چونکـە لـە لەشـکری حیلمیبـەگ، تەنیـا تورکێکی تیابـوو ئەویش حیلمیبەگ خۆی بوو! ئەوانی تر، واتا لەشکرەکەی حیلمیبەگ، سەرپاکی کورد بوون.

حیلمیبەگ زۆر لە تەورێز نەمایەوە، هێزێکی سـوارەی ڕووس گەیشـتە سـەری و دەریپەڕاند؛ لەشـکری شکستەی حیلمی، کە هەمووی کورد بوون و لە ڕووسەکان زیاتر لەلایەن کوردە ماڵوێران کراوەکانەوە شـپرزە کران لە دەشـتی «میاندواب»دا، ئەوی ئەو سەعاتە ڕزگار بووبوو ئەویش بوو بە ژێر زونگاو و لیتەی بەفری زستانەوە.

لەم دەشـتەدا ماتەمینی ئەو سـەعاتەی من هەر لەبەر بەسـەرهاتی کوردەکانی ئەو هەرێمە نەبوو، بۆنەیەکی تایبەتیشـی تیا هەبوو، مەلا سـەعدی خەڵقی سـلێمانی، کە لە قەیسـەری غەفوور ئاغـادا دووکانی عـەتاری هەبوو، زۆر بوێژباز بوو، بەتایبەتی شـیعری کەلیم، بێدڵ و شـیعرەکانی مەسـنەوی بەلایەوە وابوو کە هەموو شـیعرێکی مەسنەوی ئایەتە وە یا ئیعجازێکی تیایە، مەلا سەعدی پیاوێکی نوێژکەر و مسوڵمان و بەئەدەب و یەکجار تەبیعەت جوان و ڕازی بوو بە بەشی خوا. من ئەم ئینسانەم زۆر خۆش ئەویست و زۆر جـار ئەچوومە دووکانەکەی، مەسـنەوی بۆ ئەخوێندمـەوە و هۆگری بووبووم. ئەم بەسـەزمانەش گیرابوو بە عەسـکەر و لەناو لەشـکرەکەی حیلمیبەگدا لەم دەشـتەدا بووبـوو بـە ژێر بەفرەوە. من کـە کەوتبوومە زەریای ئەم خەیاڵانـەوە، وەختێکم بە خۆم زانی کە ئیتر پریچقەکەمان لە دەرگای کاروانسەراکەی میاندواب ئەچووە ژوورەوە.

لـە چاخانەکەی کاروانسـەراکەدا دابەزین لـەم چاخانەیەدا کە کەم کەس لەسـەر کورسـی دانیشـتبوون، من بەینێ بە تەماشـا کردنـی ئێرانییەکانەوە خەریـک بووم، کە لەسـەر سـەکۆ بەرز و پانەکانی چاخانەکەدا بـە چۆکا هاتبوون، ناوبـەناو یەکێکی تازە

کە ئەهات پێڵاوەکانی دائەکەند و سەرئەکەوتە سەر سەکۆکە، کوڕنۆشێکی ئێرانییانەی بۆ دانیشتووەکان ئەکرد، ئەوانیش بە جۆرێکی تایبەتی هەموو بەجارێک سەریان بۆ ئەنەواند و سەلاوەکەیان ئەسەندەوە؛ نێرگەلە و چای یاقووتڕەنگی دیشلەمە بۆ ئەویش ئەهات. من لە تەماشا کردنی ئەم تەپلەبەسەرە بە چۆکاهاتووانە و نەفەس لە نێرگەلە دانیان و دیشلەمە خواردنەوەیان زۆر کەیفم پێ ئەهات، دڵم پێی ئەکرایەوە، ئەم تەپلەبەسەرانە کە بە ڕیشی خەناوی سوورەوە، کە لەسەر مافووری ڕەنگاوڕەنگ ئەڵقەیان ئەبەست دیوارەکانی دەوروپشتیان بە ئەنواعی ڕەسم و وێنەی ئەوتۆ ڕازابووەوە، کە هەمووی بەری خەیاڵی دەوڵەمەند و خورافاتپەرستی تایبەتی ئێرانییەکان بوو؛ من بە تەماشا کردنیان مەجلیسی ئاغاکانی یەنیچەریم بیر ئەکەوتەوە کە لە مۆزەخانەی ئەستەمووڵ چاوم پێکەوتبوو.

ئێمەش سەروو گلێنە ئابگۆشت (گۆشتاو)مان خوارد، چای دیشلەمەمان بەسەرا خواردەوە، بەڵام ئەبێ بزانین کە گۆشتاوی ئێمە و ئابگۆشتی عەجەم، هەر خوایان یەکە، ئەویش هەر لە گۆشت و دووگ و پیاز و بەهارات ئەکرێت. هەر لە قوژبنێکی چاخانەکەدا جێگەی تایبەتی بۆ دروستکردنی ئابگۆشت هەیە. ئەمەیش لە مەنجەڵا نایکەن گلێنەی تایبەتی بەسەر ئاگرەوە ڕیز کراون، کە هەریەکە خۆراکێک یا دوو خۆراک ئابگۆشتی تیا کراوە. نرخی خۆراکێ یا گلێنەیەک لەو ڕۆژەدا بە یەک تارانی عەجەم بوو، کە نزیکەی بیست فلسی عێراقی ئەکرد، زەلامێک لەو ڕۆژەدا بە خۆراکێ ئابگۆشت و پارەی چا و نێرگەلە و میوە و بەخششەوە لە دوو تارانی زیاتری نەئەچو، کە ئەکاتە چل فلس، داخەکەم من فێری خواردنەوەی چای دیشلەمە نەئەبووم، شەکرەکەشیان لەوانە نەبوو کە بکرێتە چاوە، چونکە نوقڵێک بوو، کە شیرینییان پێ ئەوت و بە زەحمەت لەناو چادا ئەتوایەوە، تامیشی لە تامی شەکری خۆمان نەئەچوو، چونکە ئەو وەختە بەهۆی شەڕی گەورەوە لە عێراق و لە ئێراندا شەکری کەللە هەر نەبوو، شەکری سپی وردەش بەدەگمەن دەس ئەکەوت. من بە گەنجی وەکوو زۆر کەسی خەڵقی سلێمانی نێرگەلەم ئەکێشا، لەبەر ئەوە بە هەلم زانی و منیش لەو چاخانەیەدا نێرگەلەیەکم داوا کرد و بە نەشئەوە دەسم کرد بە نەفەس لێدانی.

تەورێز

لە میاندواب بەولاوە شەقامەکەی ئێمە پیا هاتبووین خۆی لە شەقامێکی تر ئەدا و لەوێوە بەلای ڕاستا، واتا بەلای خۆرهەڵاتا ئەچوو بۆ تەورێز و بەلای چەپا ئەچوو بۆ جولفا کە ئەکەوێتە سنووری بەینی ئێران و ئازەربایجانی ڕووسی. ئێمە هەرچەندە ئەبوو بە جولفادا بچینە ئازەربایجان، بەڵام لەبەر کاروباری پەساپۆرت و وەرگرتنی ویزەی ڕووسەکان بۆ تێپەڕین لە خاکی ڕووس پێویستیمان هەبوو بە چاوپێکەوتنی نوێنەرە سیاسییەکانی تورک و ڕووس لە تەورێز، چونکە ئێمە تا تەورێز بەبێ پەساپۆرت هاتبووین و دوایی لە تەورێز بەولاوە بە پەساپۆرتی تورکی و ناوی «لاعیدە ـ متنکر» بە خاکی ئێران و ئەرمەنی و گورجستاندا، واتا بە ئازەربایجان و قەفقاسیادا ڕۆیشتین و چووینە خاکی تورکیاوە، لەبەر ئەوە جارێ ئەبوو بچینە ئەوێ. ئەو پریچقەیەی کە لە شەبستەرەوە پێی هاتبووین، هی بار و ڕێبواری دێهاتی و ئیشکەر بوو، زۆر تیا ناڕەحەت بووبووین، لەبەر ئەوە پێمان خۆش بوو کە ئەگەر پایتۆنێکمان دەس کەوێت و لە میاندوابەوە بە پایتۆن بچینە تەورێز. خواوڕاستان لە جولفاوە پایتۆنێک بە بەتاڵی ئەگەڕایەوە تەورێز، هەلمان لە دەس نەدا، کابرای خاوەنی بە کرێیەکی کەمیش ڕازی بوو، شتومەکەکانمان لەگەڵ مەحموودی خاڵما و پیاوەکەی فەوزی‌بەگ لە پێشەوە ڕەوانە کرد و خۆیشمان بە سواری پایتۆن ڕێگەی تەورێزمان گرتە بەر.

لەو ڕۆژەوە کە لە سلێمانی جیابووینەوە تا ئەم سەعاتە، جاری یەکەم بوو کە سواری هۆیەکی گوێزانەوەی شارستانی نەرم و سووک ئەبووین. دەمەدەمی بانگی ئێوارە، بۆ هەفتەی دووەمی مانگی مارتی ١٩٢٢ چووینە ناو پایتەختی شاهەکانی سەفەوی؛ لە شەقامێکی پان و دووردرێژەوە بە تەورێزا ئەڕۆیشتین. سەری پایتۆنەکەمان هەڵدابووەوە و تەماشای ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە و چاوئەندازە شیرینەکانی شاری تەورێزمان ئەکرد. گالیسکە و پایتۆن و ئۆتۆمۆبیل بە هەموو لایەکدا فڕکەی ئەهات، خەڵقێکی زۆر بەسەر شەقام و کوچەکاندا لە هاتوچۆدا بوون، بەشی زۆریان، چ ژن، چ پیاو، بەرگی خۆرئاوایی‌یان لە بەردا بوو، هەر خەڵقی خۆرئاوا خۆیشیان گەلێک لەناو خەڵقەکەدا

بـوون، دووکان و موغـازەکان، ئوتێلـە جـوان و موحتەشـەمەکان لەمبـەر و ئەوبەری شەقامەکان پلەی شارستانییەتی تەورێزی ئەخستە بەرچاو.

لـەو دەورەدا ڕەزا پەهلـەوی وەزیری جەنگ بوو و دەسـی کردبوو بە ڕێکخسـتنی سـوپای لەشـکر، ناوبەناو بـە بریسـک‌وهۆڕی نیشـانە و یۆنیفۆرمی عەسـکەری تازە و شـیرینەوە ئەفسـەرێکی لاو و تازەپێگەیشـتوو بـە تیـژی و گورجی تێئەپـەڕی و بیری ئەخسـتینەوە کـە ئێـران خەریکـی بێداربوونەوەیە و لێرەیشـا ڕەزاخانێک پـەیا بووە و بەتەمایـە چاولێکەری ڕزگارکەرەکانـی زەمانی خۆی ئەکا. بـە چاوپێکەوتنی ئەم خەڵقە پاک و تەمیزە و ژیانی شارستانی تەورێز سەر و ڕیشی چڵکن و جل‌وبەرگی نارێـک و ناشـیرینی خۆمـان هاتـە بەرچـاو، خواخوامـان بـوو زوو بگەینە ئوتێلێـک و خۆمان بخەینەوە سـەر وێنەی بەنی‌ئادەم. وامان‌ئەزانی هەرچی چاوی پێمان ئەکەوێت پێمان پێئەکەنێت، بەینێک بوو بە دەشت‌ودەر و کێوەکانی کوردستانا، بە ناو چاوئەندازە هەرە جوان و ڕەنگین و شـیرینەکانی تەبیعەتا ئەڕۆیشتین و هەستمان بە ژیانێکی شیعری و فەلسـەفی ئەکـرد؛ ئەوەمان بـە بیرا نەئەهاتەوە کە ئاوڕێـک لە سـەر و شـکڵی خۆمان بدەینـەوە و هەسـتمان بـەوە نەئەکـرد کە ئـەم تەبیعەتە شـیرین و ئەم کەونـە قووڵ و گەورەیـە ڕەنـگ بێ بەبـێ جورمی ئێمـە و بێ‌نرخمیـان پێبکەنێ وە یا لـە بەرامبەری ئەو نەشـئە و لەزەتە کە ئێمە لە جوانی و نیزام و ئەندازەی ئەو وەرپئەگرین، ئەویش لـە ئێمە نرخێکـی بوێت و چاوەڕوانـی بەرامبەرییـەک بێت؛ کەچی تەنیـا بەوەی کە هەندێ لە هات‌وچۆکەرەکانی شـەقامەکانی تەورێز و جل‌وبەرگی لە پەڕۆی بۆیاخاوی دروس‌کراو و بە سـابوون و ئاو چڵکی لێ‌لابراومـان چاوپێکەوت، وەکوو لە دونیایەکی ترەوە کەوتبینە ئەو شارەوە هەستمان بە کەم‌وکورتی و بێ‌نموودی خۆمان کرد و کەوتینە پەلـەی ئەوە کە ڕووبەرگی خۆمان بگۆڕین تاوەکوو شایسـتەی ئـەوە بین بچینە ناو ئەم مەسرەحە تازەیەوە و تێکەڵ بە نوێنەرەکان ببین؛ چونکە ئێمە لێرەدا هاتبووینەوە ناو ئەم عالەمـە کە جێگەی زیندەگانی ماددەیە، کـە زیندەوەرەکانی هەموو دەمێک خەریکی خۆ گۆڕینن بۆ خۆنواندن (تەمسـیل)؛ ئیتر بە تێکەڵ‌بوونمان بەم عالەمە، عالەمەکەی دوێنێمان لە بیر چووەوە. بەڵام لە کانگای دڵی خۆمدا هەستم بەوە ئەکرد کە ئەو عالەمە

عالەمـی گیان و عالەمی ڕاسـتی و بەرزی بوو و لەو عالەمە بـەرزەدا خۆگۆڕین و درۆ بەکەڵک نایەت، چونکە لەو عالەمە پیرۆزەدا پەستی و پچووکی نییە و زەڕەش خاوەنی کەماڵە. لە ئەنجامی قسـەدا، بەداخەوە ئەڵێم شارستانییەتی خۆرئاواییی‌یەکان ئێمەی لە ژیانی سـادە و بێ‌فرۆفێڵی تەبیعەت دوور خسـتەوە، بێ‌ئەوەی مەترسی هەبێ کە ئێمە خۆرهەڵاتییـەکان بتوانین بە چوونە جل‌وبەرگی ئەوانەوە لە شـانۆ (مەسـرح)ی ژیاندا دەوری خۆمان بە وێنەی ئەوان بەجێ‌بهێنین.

لـە مەبـەس زۆر دوور کەوتینەوە، بەشـەر بـەدەس خۆی نییە مەیلـی خۆنواندن و دەرکەوتنـی هەیـە، لەبەر ئەمە ئێمـەش لە تەورێز خۆشـترین جێگەمـان هەڵبژارد لە گەڕەکی ئەرمەنستان و لە «تاش مغازەلَر» کەرێزە و مەغازە و بازاڕ و و ئوتێلێکە لەسەر تەرتیبی تازەی بەردی سپی و مەڕمەڕ دروست‌کراون و پێی ئەڵێن تاش مغازەلَر.

ئێمە بووین بە میوانی گراندئوتێل لەوێدا. ئەرمەنی لە تەورێز زۆرن. هەموو پێکەوە لـە یەک گـەڕەک، کـە ناوی گەڕەکی ئەرمەنسـتانە ئەژیـن، ڕیزە مەغـازە و دووکان و ئوتێلەکانـی «تاش مغازەلـَر» هەمووی هی ئەوانە وە یا بەدەسـیانەوەیە. لە بۆیاخچییەتی پێـڵاوەوە تا ئیشـی زێـڕ و گەوهەرچی، گرنگتریـن کار و بچووکترینی هەموو ئیشـێک بـەدەس ئەوانەوەیە، لە تەورێزدا چاکترین ژیان ئەژیـن، بێجگە لەمانە لەناو خۆیاندا تەشـکیلاتی کۆمەڵایەتـی ناوخـۆیان هەیـە بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروباری تایەفەکـەیان و ئەوانـەی کـە کومیتەچـی تاشـناق یا «تاشناقسـیون»یان پێ‌ئەڵێن. ئەوانیـش لە بابەت کاروباری سیاسـەتەوە بـۆ قەومەکـەیان لە تێکۆشـین و تەقـەلا ناکەون و شـەو و ڕۆژ خەریکـن. لـەو دەورەدا ئینگلیز لە ئێران و بەتایبەتی لە تەورێز خاوەنی دەسـەڵاتێک نەبوون. بەپێچەوانەی ئەوە، حکوومەتی ڕووسـی بولشـەویک، کە دۆسـتی یەکەمین و هەرە خۆشەویسـتی تورکەکان بوو لەو ڕۆژەدا، لای ئێرانییەکانیش زۆر لە ڕوودا بوون و قسـەیان لە ژوورۆ بوو. لەگەڵ ئەمەیشـدا، لەگەڵ ئیبراهیم‌بەگی مولحەقی عەسـکەری سەرشابەندەری تورک، کە بۆ وەخت ڕابواردن هاتبووە ئوتێلەکەی ئێمە، بە چاوپێکەوتن و شوناسـی پەیاکردن لەگەڵمان، گورج گەڕایەوە شـابەندەرخانە و شـەوکەت‌بەگی وەکیل شـابەندەری نارده لامـان و دوای ئـەوە کـە دوورودرێژ کـردەوەی «کومیتەی تاشـناق»ە

ئەرمەنییەکانیانــی بـۆ گێڕاینەوە، وتیان: لەبەر دوژمنایەتی ئـەم کومیتەیە لەگەڵ تورک، بە هیچ شـێوەیەک بەباشـی نازانین کە ئێوە لە ئوتێل و لەناو جەرگی ئەوانەدا بمێننەوە، لەبەر ئەمە و لەسەر ئارەزووی شەوکەت بەگ، بۆ سبەینێ گواستمانەوە شابەندەرخانەی تـورک و لـەو جێگە خۆشـە و ڕابواردنی گەڕەکی پڕ لە سـەیر و سـەفای ئەرمەنسـتان جیابووینەوە. ڕاستتان ئەوێ ئێمەش هەستمان بەوە کردبوو کە ئەرمەنییەکان یەک‌ودوو شوێنمان ئەکەون و ناوبەناو لە دوورەوە ئەوەستن و لەگەڵ یەک ئەکەونە سرپەسرپ و پەنجەمـان بـۆ درێـژ ئەکەن. هـەر لەو شـەو و ڕۆژەدا، کە لـە ئوتێل ماینـەوە، چەن جارێکیش ئاگامان لێ‌بوو کە لە خاوەن ئوتێلەکە و غولامەکان ناوونیشان و کار و کردەوە و هـۆی هاتنی ئـەم زابتە تورکانـە (ئێمە) وە یا ئەم هەیئەتەیان ئەپرسـی، بـەڵام من لەمە مـانای مەیلی تێگەیشـتنم لێک‌ئەدایەوە و خەیاڵم بۆ شـتێکی تـر نەئەچوو. ئینجا دوای گواستنەوەمان بۆ شابەندەرخانە بە دوو ڕۆژ تێگەیشتین کە ڕەسمی هەستان و دانیشتنی شـابەندەرخانە بـۆ ئێمە دەس نادا و ناتوانین لە ژێر قەیدی ڕەسـم و عـادەتا ڕابوێرین، لەبـەر ئەمە هەرچەندە ئیبراهیم‌بەگ و شـەوکەت‌بەگ تەقەلایان دا سـوودێکی نەبوو، مـن و فەتاح گەڕاینەوە ئوتێلەکەی خۆمان، بـەڵام ئەحمەد تەقی و ڕەمزی و فەوزی لە شابەندەرخانە مانەوە.

کە لە شـابەندەرخانەی تورک بووین، سەرشابەندەری بولشەویکەکان بە وێنەیەکی ڕەسـمی زیارەتـی کردین و دوای گەڕانەوە بۆ جێگەی خـۆی نامەی زیافەتی بۆ ناردین و هەمـوو دەسـتەودائیرەی شـابەندەرخانەکانی تورک و ڕووس بە خـۆیان و ژنەکانیانەوە بانـگ کرابوونە سـەر ئـەم زیافەتە. ئەو شـەوە تا نزیـک بەیانی بە عەیش و نۆشـەوە ڕامانبوارد، نەشـئەی شـەرابی ڕەنگاوڕەنگ، بەندی کۆمەڵایەتی بچڕاند و سەربەسـتی تەبیعەت بوو بە حوکمڕانی ئەو شـەوە. ڕووسـەکان بە هەموو جۆرێـک خەریکی ئەوە بـوون کـە بمانخەنە ژێر تینی ئازادەسـەری و بەن‌بچڕاوی بۆ تێگەیشـتن لە ڕەوشـت و خوومـان و سـەرنج‌دان لـە بیـروباوەڕی ناودڵمـان. ئێمـە کـە میـوان بوویـن، دیارە کە ژنمـان لەگەڵ نەبوو، بەڵام بـە وێنەیەکی لە ژوور ئاداب لەگەڵمـان ئەجووڵانەوە، ژنی مەئموورەکانـی شـابەندەرخانەی ڕووس کرابوون بە هاودەمی سـوحبەت و ڕابواردنمان.

مادام گوراخۆیەوا، ژنی سەرشابەندەر هاودەمی من بوو. ئەم ژنە کە هێشتا لە بەهاری جوانی و دەوری تەڕوتازەییدا بوو، نەک هەر هاودەمی من بوو، بەڵکوو بووبوو بە گوڵی مەجلیس. بە تەرکەن ماوەی نەئەدا کە کاسەی یەکێک بە خاڵییەتی بمێنێتەوە. لە گەرمەی باس و سوحبەتا، لەگەڵ چاوی بە کاسەیەکی خاڵی ئەکەوت لە جێی خۆی ڕاست ئەبووەوە و بۆی پڕ ئەکردەوە؛ بەم ڕەنگە هیچی بۆ ژنەکانی تر نەهێشتبووەوە. بێجگە لە زمانی ڕووسی و گورجی زمانی فەڕەنسزیشی ئەزانی و پێکەوە بە فەڕەنسزی قسەمان ئەکرد. تەقەلای ئەوەشی ئەدا کە بەو شەوە فێری زمانی ڕووسیم بکا، هەر قسەیەکمان ئەکرد، بۆی ئەکردم بە ڕووسی و بە عیشوەیەکی دڵفەریبانە داوای لێ‌ئەکردم کە بۆی بڵێمەوە، ئەحمەد تەقی بەرامبەرم دانیشتبوو، جارجار بە کوردی پلاری تێئەگرتم، بەڵام من خۆم لێ هەڵە ئەکرد و لەتاوا تفم لە دەما وشک بووبوو. لەوە ئەترسام کە گوراخۆیەوا لە مەبەس تێبگا و شتێک بێت بە خەیاڵییا. خانم بەڕاستی فیتنەئەنگێز و دڵڕفێن و بەجیلوە بوو. منی بەسەزمان، کە لەو کاتەدا لەبەر نۆشینی کاسەی یەک لە دوای یەک، هۆشم لە سەرا نەمابوو، بە هەموو هێزی خۆمەوە لە تەقەلای ئەوەدا بووم کە زەللەیەک نەکەم و لەم ئیمتحانەدا سەرکەوم، زۆرم لە خۆم ئەکرد کە بزانم لە کوێم و لە بیرم نەچێتەوە کە لاوێکی کورد لە ئیمتحاندایە؛ وە بەم ڕەنگە توانیم کە بەرهەڵستی دوو هێزی گەورە بکەم، هێزی گرانی خواردنەوەیەکی لە سنوور بەدەر و هێزی حوسن و ئەفسوونی خانمی هاودەمم. لەگەڵ ئەمەیشدا لەو شەوەدا شیعرە جوانەکەی بوێژی بەناوبانگی تورک جەلال ساهر هاتەوە بە بیرما کە ئەڵێت:

لطیف بر قادینک سنیه نزیهنده   یاتار صبر گیجه جک هانگی اضطراب اویوماز[1]

من وەکوو وتم بە زۆر لەخۆکردن خۆم ڕاگرتبوو، ئەگینا ئەو شەوە لە ئەحمەد تەقی بەولاوە، کە هیچی نەخواردبووەوە، کەس هۆشی لەسەرا نەمابوو، تەنانەت سەرشابەندەری ڕووس، خۆی لە ڕادەیەکی وادا سەری گەرم بووبوو، کە ئیتر ئاگای لەوە نەمابوو چی ئەکا، وەکوو منداڵی ساوا دەسی کردبوو بە یاری. بەبێ وچان قسەی ئەکرد و تا ماوەیەک

١. لە باوەشی پاکی ژنێکا، سەبری شەو بەبێ دڵەخورپە تێدەپەڕی. س.

تەرجەمانی سەفارەت بۆی ئەکردین بە تورکی. جارجارە ئەگەر ئاوڕێکمان لێ بدایەوە، بۆ ئەوە بوو کە سەیری جووڵەجووڵ و فرتەی ڕیشە دووفلیچقانەکەی بکەین، وەکوو کابرای بەندیخانە بە فیردەوسی وتبوو: سەیری جمەی ڕیشیمان ئەکرد، کە لە جمەی ڕیشی بزنە خۆشەویستەکەی ئەچوو.

دوای نیوەشەو کۆڕی بەزم یەکجار گەرم بووبوو، ئیتر بە هیوای ئەوەی کە دوایی بە بەزم بدرێت، تورکەکان بە شەرەفی لنینەوە کاسەیان هەڵگرت و هەموو بە یەکەوە کاسەمان خواردەوە. سەرشابەندەری ڕووس بە شەرەفی شێخ مەحموود و دوای ئەو بە شەرەفی مستەفا کەمالەوە کاسەی هەڵبڕی، تورکەکان ئەوسا بیریان کەوتەوە وە یا زۆریان بۆ هات و ئەوانیش بە شەرەفی شێخ مەحموودەوە کاسەیان لە کاسەکانی ئەوانی تردا و خواردیانەوە. ئێمە، کوردەکانیش لە بەرامبەری ئەم قەدرگرتنە و دڵنەوازییەدا بە شەرەفی مستەفا کەمال و لنین کاسەمان نۆشی و بەم تەرحە زنجیرەیەکی کاسە لە یەک دان و خواردنەوە، ئەوەندەی تر پلەی گەرمی مەجلیسەکەی بەرەوژوور برد.

بڵاوبوونەوە زۆر بەجێ بوو، بەڵام ڕێنەئەکەوت. لەپڕ ئاوێزەکانی شابەندەرخانە کوژرایەوە، ئێمە بە هەلمان زانی، بەڵام شابەندەر بەپێچەوانەی ئێمە بۆ دواخستنمان لە ڕۆیشتن ئەمەی کرد بە بیانوو و بە نیوە زۆرێک دایناینەوە، بەڵام من ئیتر پەست بووبووم، خواوڕاستان گوراخۆیەوا، ژنی سەرشابەندەر وتی مەیل ئەکەی تۆزێک بە ناو شابەندەرخانەدا بگەڕێین، بە سپاسەوە وەڵامم دایەوە و لەگەڵ خۆی و سکرتێر پێکەوە بە ناو هەموو کون و قوژبنی شابەندەرخانەدا گەڕاین.

ڕووسەکان زۆر مەیلی فەن و جوانییان هەیە، لەبەر ئەوە هەچ جێگەیەکی لەبەرچاو وە یا قوژبنێکی شابەندەرخانەکە ئەچووین، تووشی وێنەیێکی مێژوویی وە یا هەیکەلی یەکێک لە گەورەکانی میللەتی ڕووس ئەبووین، هەندێ ژوور شەوقی مانگە شەو، ڕوونی ئەکردەوە، ئەو جێگانەی کە باش بەدیمان نەئەکرد، بە چرای کارەبای دەس ڕووناکمان ئەکردەوە. ژنی سەرشابەندەر بەرامبەر بە من لە سنوور بەدەر بە جوانی و شیرینی و بە شۆخی ئەجووڵایەوە، منیش هەتا پێم ئەکرا بەئەدەب و لەسەرخۆ بەرامبەریم ئەکرد، قەت بەلای سیاسەتیشەوە نەئەچوو، هەموو قسەکانمان لە قسەی

هەوایــی و ئیعتیادی و دوان لەو شــتانەی کە لە دەوروپشــتمانە نەئەچــووە دەرەوە، کە گەڕاینەوە لای هاوڕێکان، چراکان داگیرسـابوونەوە، هاوڕێکانیش ئیتر لەبەر خواردنەوە گێـژ بـوون. هەیئەتی سەرشـابەندەرخانە تا بەر دەرگای دەرەوە بە ڕێیان خسـتین و بەو ئۆتۆمۆبیلانــە، کــە بۆمــان ڕاگیرابوون گەڕاینــەوە. پێش ئەوەی کە لە شـابەندەرخانە جیا بینەوە، سـکرتێر،کە لاوێکی ئێرانی و خوێندەوارێکی بەرز بوو، بە فارسـی پێی وتم: بۆ سبەینێ قاوەڵتی تۆ، واتا من، بەتەنیا میوانی سەرشابەندەری؛ ئەمە خستمییە لێکدانەوە و بــە جوانــم نەزانــی بێهاوڕێکانم و بەتەنیــا بۆ جێگەیەکــی وا بچم، لەبــەر ئەمە گورج تێمگەیاند لەگەڵ سـپاس کە لە سەرشابەندەر بگەیەنێ، بەڵام سکرتێر بەیانی زوو هاتە لام و زۆر بــە زمانێکــی لــووس کەوتە فریودانم و بەڵێنی ئەوەی لــێ وەرگرتم کە لە ماڵی خۆیا، ئەو ڕۆژە بە یەکەوە قاوەڵتی بکەین.

لــە ماڵی سـکرتێر تا عەسـرێکی درەنگ بــە یەکــەوە لەلایەن کوردسـتان و کوردی عێراقــەوە دوورودرێــژ قســەمان کرد و لە سیاســەتی دەوڵەتەکان بەرامبــەر بەم قەومە، بە قەد ئەوەی کە لێمان زانی دواین، سـکرتێر باسـی سیاسـەتی ڕووسـی بولشەویک و بیروباوەڕی ئەم دەوڵەتە شـووڕەوییە تازەیەی بۆ ئەکردم بەرامبەر بە هەموو قەومەکانی گێتــی و بەتایبەتــی بەرامبــەر بە قەومــی کورد، بەڵام ئــەوەی بە خــەیاڵا نەئەهات، کە ئــەو بیــروباوەڕەی ڕووس بەرامبەر بە قەومەکانی تر بە ڕاسـتیش دابنێین ناتوانین باوەڕ بکەیــن، کــە بەرامبەر بە کوردیش بۆ ئەو ڕۆژە عەینــی بیروباوەڕمان بووبێ و بیریان لە ســەربەخۆیی کوردستان و ئازادی قەومێ کورد کردبێتەوە، چونکە ئەو سیاسەتە کە لەو ڕۆژەدا بەرامبەر بە ئێران و تورک لەســەری ئەڕۆیشــتن لەگەڵ بیرکردنەوە لە ڕزگاری و ئــازادی قەومــی کورد یەکــی نەئەگرتــەوە؛ چونکە یەکێک لــەو هۆیە هــەرە بەنرخانەی ســەرگرتنی بزووتنەوەی مســتەفا کەمال و ســەرکەوتنی لە شەڕی ئیسـتقلالدا، یارمەتی ڕووســەکان و نیەتی باشــی بولشــەویکەکان بوو بەرامبەر بە شۆڕشگێڕەکانی تورک و تا مســتەفا کەمال پشــتی نەکردە ڕووســەکان و بۆ مەرامی کاری خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکانا ڕێنەکەوت، کورد بە بیری ڕووسە شووڕەوییەکانا نەهات و ڕوویان تێنەکرد، بەڵام لەوەدا شــکی تیا نەبوو کە دیســانەوە بە شەرتێ، کە کەڵکی بۆ سیاسەتی تورکەکانی دۆستی ئەو

ڕۆژەیانــی تیابــێ و بەرهەڵســتێک بێ بۆ سیاســەتی ئینگلیزەکانی دوژمنــی ئەو ڕۆژەی هــەردوولایان، ڕووس و تــورک لــە فریودانــی کوردەکانی عێراق خۆیان نەئەپاراســت و ئەم سیاسەتەیان بەپێچەوانەی سیاسەتی لاسایی (تەقلیدی) خۆیان بەرامبەر بە تورک نەئەژمارد، من شــکی تیا نییــە کە بەڕوونی ئەو باوەڕەی خۆم بۆ دەرنەئەخســت، بەڵام ئــەو لەوە گەیشــت کە مــن لەم مەســەلەیەدا چاوم لــە کەلێنێکی تریشــەوەیە، کە ئەو خستوویەتە پشت خۆیەوە و لێم ئەشارێتەوە.

ئەستەمووڵ

ئێمە لە تەورێزەوە بڕیار بوو کە بە ڕێی قەفقاز و لە زەریای ڕەشەوە بچینە ئەستەمووڵ و لەبەر ئەوە کە حکوومەتی ئەریوانی ئەرمەنی و حکوومەتی تفلیسی گورجی یا گورجستان، ئەکەوتنــە ســەر ئــەم ڕێگەیە و ئــەم دوو حکوومەتەش لــە ژێر چاودێــری حکوومەتی ڕووسی شــووڕەوییا بوون، لەبەر ئەمە سەرشابەندەری تورک هەرچەن پەساپۆرتەکانی بۆ دروستکردبووین، بەڵام بۆ ویزە کردنی ئەم پەساپۆرتانە پێویست بوو چاوەڕێی وەڵامی تەلەگرافی سەرشابەندەری ڕووس بکەین، کە لە تەورێزەوە بۆ مۆسکۆی ناردبوو، چونکە تا موافەقەتی حکوومەتی مۆسکۆی لەسەر نەبووایە، نەمانئەتوانی لە ڕێگەی ئەرمەنستان و گورجســتانەوە بڕۆین. هەرچــەن لەبەر وەڵامی ئەم تەلەگرافە چــەن ڕۆژێکی تریش لە تەورێــز ماینــەوە؛ بــەڵام ئەو ڕۆژانەمان بە خۆشــی ڕابــوارد. خەیات و پێــڵاودرووی زۆر باشــی لێبوو، جل و پێڵاوی تازەمان دروســتکرد و ســەر و قەڵباخی پێستی بەرخمان کــڕی. ئەم قەڵپاخانە ژێرەوەی، واتا دەمەکەی تەســک و ســەرەوەی لای تەپلەکەی پان بوو، تورکە کەمالییەکان دایانهێنابوو، مســتەفا کەمالیش لەســەری ئەکرد و لەو ڕۆژەدا لە خۆرهــەڵات بووبوو بە باو. شــاری کۆنی تەورێز و بەشــە تازەکانــی، هەرچی جێگەیەکی مێژوویی و جوان و خۆش و دلگیر بێ و بۆ گەڕان ئەشــیا چووین و چاومان پێکەوت. لە خواردنی ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەتی «کاتلیس»، کە شــتێکە وەک شــفتەی خۆمان، بێــزار بووبووین، لەبــەر ئەوە ڕۆژێــک مەحموودی خالّم لەگەڵ خــۆی بردینی بۆ بازاڕی تەورێــزی کــۆن، نزیک نیو ســەعات بــە پێ گێڕامــی، تا چووینــە لوکنتەیەکــی وەکوو

دووکانی کەبابفرۆشـەکانی وڵاتی خۆمان و لەوێ چڵاوکەبابمان خوارد. ئەم چڵاوکەبابەی ئێـران، کە ئەوەندە ناوی دەرکردووە، تەنیا پڵاوی سـەدری بێڕۆنە، لەجیاتی ڕۆن تۆپەڵێ کەرەی تازەی لەسەر دائەنێن لەگەڵ دووسێ کەباب بە شیشەکانەوە. ئەو کەرەیە بەسەر برنجەکـەوە وردەوردە ئەتوێتەوە یا خۆت کـەم کەم لە برنجەکەوەی ئەدەی و ئەیخۆیت بـە کەبابەکەوە. مەحموود هەموو ڕۆژێک ئەچوو چڵاوکەبابی ئەخوارد و بەلای ئەوەوە شتی لەوە خۆشتر نەبوو، بەڵام من جارێکی تر دڵم نەچووە سەری و نەمخوارد.

نـەورۆزی تەورێزیشـمان چاو پێکەوت، بەزم و زەماوەنـدی ئێرانییەکان لە نەورۆزا بەناوبانگە، من لەو ڕۆژەدا چوومە سەرای حکوومەت و چاوم بە مەراسیمی عەسکەری کەوت و گوێم لەو وتارانە گرت کە خوێنرایەوە، چەشنی خوێندنەوەی وتارەکانیان سەیرە و ئاوازێکی تایبەتی ئەدەن بە خۆیان و لە ئاخوندەکانی حسێنییەکانی کازمییە و نەجەف و کەربەلا ئەچن، کە داستانی عەلی و حسێن ئەخوێننەوە. لەلایەن سەربەستی بیروباوەڕ، خەڵقی تەورێز زۆر لە پێشەوەن، لاوە تازەکان و زابتەکان مەیلی ڕەزاخانیان ئەکرد.

شـا ئەحمـەدی قاجار[1] لە پاریـس خەریکـی بەزمورەزمی خۆی بوو، بـەڵام تەختی شـاهی لە ژێـریا کەوتبـووە لەقین و چرای دوانیوەشـەوی شاهەنشـاهی بـەرەو بەیان ئەچوو و لە کوژانەوەدا بوو. نزیکەی هەموو شـاری تەورێز بە تورکی قسـەیان ئەکرد و خۆیان بە تورک و ئازەربایجانی دائەنێن، هەندێکیشیان گیانی قەومی و بیری نیشتمانی ئازەربایجانییەتییان هەیە. شـتێکی کـە زۆر جێگەی داخە ئەوەیە کە منداڵانی بێکەس و هەژار و کەمدەسـت لە چاودێری حکوومەت بێبەشـن و لەناو ئەهالیشـا وەکوو لەناو ئەرمەنییەکانا ئەبینرا تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی وا نەبوو کە چاودێری ئەم چەشنە بێکەس و کەمدەسـت و هەژارانـە بکا. لەبەر ئەمە زۆریان لە ڕێ دەرچـوو بوون و کەوتبوونە ژێر چنگی ئەوانەوە کە بەسـەر لەشـی ناسکی ئەم ڕۆڵە بەسـەزمانانەی وڵاتەکەوە ئەژیان. پیاوی بەشەرم نەیئەتوانی بە پێ بە شەقام و کۆڵانەکانا بڕوا، ساتێ گەوادێک بە خۆی و

---

١. ئەحمەدشـای قاجـار (١٨٩٨-١٩٣٠)، حەوتەمیـن و دواهەمیـن شـای ئێـران لـە خانەدانی قاجـار بوو. ساڵی ١٩٢٥دا لە پادشایی ئێران لابرا و هەتا کۆچیدوایی خۆی لە ساڵی ١٩٣٠ لە پاریس ژیا و دواتر تەرمەکەی لە کەربەلا بە خاک سپێردرا. م.س.

هەتیوێکەوە ڕێت پێ ئەگرێت، ئەو بێ حەیایی و بێ شەرمییەی کە لەو کەسانەوە ئەبینرێ لە کەللەچی بەغدا، کە ناوی دەرکردووە، نەبیستراوە، ئەمەیش هەر هیچ، بەڵام لەوێ هەندێ ئوتێلی واش هەیە کە چینی بەڕێزی ئەو جوورە هەتیوانەی تیایە و بۆ کڕیاری پارەدار و چینی بەڕێز، خۆیان ئارایشت ئەدەن. حەمامە گشتییەکانی تەورێزی کۆن وەکوو ئەیانگێڕایەوە، کانگایەکی پیسی و بێ مانایی و کردەوەی ناشیرین و خراپە، لەبەر ئەمانە لە تەورێزا نەخۆشی خۆرئاوایی (فەرەنگی) لەناو چینی ناوەندی تەواو بڵاوبووبووەوە.

لەو پانزە ڕۆژەدا کە لە تەورێز ماینەوە، زۆر گەڕاین و گەلێ جێگەی خۆش و بەسەفامان دی. بۆ جاری دووەم لە شابەندەرخانەی ڕووس و جارێکیش لە ماڵی سکرتێری سەرشابەندەری تورک و دوو جاریش لە شابەندەرخانەی تورک زیافەتمان بۆ کرا. کۆمەڵەی تاشناقەکان، لەسەر قسەی تورکەکان، زۆر خۆمان لێ لائەدان و مەترسیمان لێیان هەبوو، شەوێک بانگیان کردین بۆ تەمسیل. ئەم تەمسیلەیان بۆ یارمەتی قوتابییانی هەتیوی ئەرمەنییەکان بوو، بەڵام تەمسیل بوو نەک گاڵتە، هەرچی فەن و شیعر و زەوقی بەرز و پەسندی میللەتی ئەرمەنی هەیە، هەموویان خستەکار و پیشانیان داین؛ هەرچی کچی جوانی ئەرمەنی هەبوو، قوتابی بێ یا نەبێ، هەموویان خۆیان وەک بووکەشووشە ڕازاندبووەوە و چەندیان پێکرابێ و لە دەسیان هاتبێ، ناز و دەلالییان نواند و بەو ڕەنگە جگە لە پارەی ئەو کارتانەی فرۆتشبوویان، پارەیەکی زۆری تریشیان بەناوی شت فرۆشتنەوە لە گوڵەوە تا مجەوهەرات، کۆ کردەوە.

لەسەر شانۆ شانزە کچی هەڵبژاردە، هەر دەمە لە هەوایەک یارییان ئەکرد و لە خوارەوە لە بەردەمی مەسرەحەکەدا دەستەیەکی زۆر گەورە لە مۆسیقار و فەنانەکانیان باندۆیەکی تەواوی مۆسیقایان ڕێکخستبوو، بە تازەترین پارچەکانی مۆسیقارە بەناوبانگەکانی خۆرئاوا، ئەم کچانەیان هەڵئەپەڕاند و سەمایان پێئەکردن. وتاری بەتینی بوێژی بەرز، خوێنی ئەرمەنییە پیرەکانی وەکوو لاوەکان هێنابووە جۆش. لە پارەدانا کەوتبوونە لاسایی‌کردنەوە و چاولێکەری، ئێمەش یارمەتیمان دان و من جگە لە هاوڕێکانم، بە ڕژاندنی فرمێسک بۆ ئەم حەماسەتە بەرزە لە سۆزیشدا شەریکایەتیم کردن، بەم ڕەنگە نەک بۆ ئەوان،

بەڵکوو بۆ خۆمان و بۆ حاڵی کوردی بێکەس ئەگریام.

ئیتر مۆسکۆ وەڵامی بە سەرشابەندەری تەورێز دابووەوە، ئێمەش کەوتینە خۆ ئامادە کردن بۆ سەفەر، شەوی دوایی تەورێزمان لەسەر حیسابی خاوەنی ئوتێلەکەمان بە ئاهەنگ بردە سەر و یەک سەعات دوای نیوەشەوی ٣٠ی مارتی ١٩٢٢ بەو ئۆتۆمۆبیلە، کە لە شابەندەرخانەی ڕووسەوە بۆمان تەرخان کرابوو، کەوتینە ڕێ؛ لەم کاتەدا هەستمان کرد کە بەم شارە دڵرەفێنەوە تەواو هۆگر بووین و مەیلێکی گەورەمان داوەتێ. دەمەدەمی بەیان میاندوابمان لەلای چەپمانەوە بەجێ‌هێشت و لە ژێر تیشکی شیلەتێنی خۆری بەیانی بەهار و شنەی نەسیمێکی فێنک و غەریب‌نەوازا، هەشت نەفەر، سێ کورد و دوو تورک و سێ ڕووس، بە وێنەیەکی تیژ و خێرا شەقامی گەورەی بەینی تەورێز و جولفامان دابووە بەر.

شاری جولفا

[جولفا] ئەکەوێتە سەر سنووری بەینی ئێران و ئەرمینیای ڕووسی و لەسەر ڕۆخی ئاوی ئاراسە، کە لەناو تورکەکان بە قانلی ئاراس یا ئاراسی خوێناوی ناوی دەرکردووە. لەبەر ئەوەی کە لە بەینی لەشکری تورک و ئەرمەنییەکانا لەم ناوە، دوای بڕانەوەی شەڕی گەورە، کوشتارێکی خوێنین ڕووی دابوو، ئەم ناوەیان لێنا.

من لەبەر ئەوەی کە ناوی ئەم ئاوەم لەوە پێش بیستبوو، کە گەیشتینە جولفا چوومە سەر ڕۆخی جۆگەی ئاراس و دەس‌وچاوم تیا شوشت و بە خەیاڵی ئەو شەڕە قورسەی کە لە بەینی تورک و ئەرمەنییەکانا ڕووی دابوو، هێنامەوە بەرچاوی خۆم و بەگوێی‌دڵ گوێم لە ناڵەی لاوە بریندارەکانی هەردوولا گرت و بەسەر مەیتی کوژراوەکانیانا ڕوانیم و بیرێکم لەو کەس‌وکارانە، لەو باوک و دایک و خوشک و برایانە، لەو دەزگیرانە جوانانە کردەوە، کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەم لاوە کوژراوانەیان ئەکرد و ئاگایان لە لاشەی ساردەوەبوویان نەبوو، کە چاوەڕێی دڕندە و قەل و داڵیانە لەناو سکیانا بیانشارنەوە.

جولفا هەرێمێکە لە ئازەربایجان بە ئاوی ئاراس ئەبێ بە دوو بەشەوە. لە جولفای ئێرانی ئەوەندە بەند نەبووین. دوای ئەمە کە لە دەمی پردەکەی سەر ئاوی ئاراس

لەلایەن مەئموورەکانی ئێرانەوە بۆ جاری دوایین تەماشای کاغەز و شتیان کرد، پەڕینەوە ئەوبەری پردەکە، لەوێوە چووینە جولفای ڕووسی، واتا سنووری حوکمی ڕووسی شووڕەوی. زابتێکی ڕووس لەوبەر پردەکە وەستابوو، جانتا و شتومەکەکانمان لەلایەن مەئموورەکانی گوومرگەوە و کاغەز و ئەوراقی سەفەریشمان لەلایەن زابتی سنوورەوە پشکنرا؛ لە شابەندەرخانەی ڕووسەوە شارەزا و زمانزانمان لەگەڵ بوو، لەبەر ئەوە ڕەنجێکی ئەوتۆمان نەدا، گوومرگی ڕووسەکان لەو وەختەدا ناو پێڵاو و گۆرەوی و بنباخەڵ و ژێر کڵاوی هاتوچۆکەرانیان ئەپشکنی، بەڵام بەرامبەر بە ئێمە تۆزێک سووکتر جووڵانەوە، ژێر کڵاو و بنباخەڵمان نەگەڕان و قۆندەرەکانیان پێدانەکەنین.

جولفای ڕووس شارێکی خۆش و بچووکە، شەقامەکانی پان و گەورە و بازاڕ و موغازەکانی جوان و پڕ لە شتومەکە. هەر لەوێوە جوانی و شیرینی نەژادی ژنی گورجی دەسی کرد بە خۆدەرخستن. یەکەم ژنی گورجی شیرینمان لە گوومرگەکەی جولفا بەدی کرد، کە جانتاکانمانی پشکنی. ئەو شەوە لە جولفای ڕووسا ماینەوە، چەن تورکێکی ئێرانی، کە لەوێ خەریکی کاسبی بوون، ڕووسەکانی هاوڕێی ئێمەیان ئەناسی. ئەو شەوە زیافەتیان بۆ کردین، ناخۆشمان ڕانەبوارد، ئەم کاسبانە هەموویان زمانی ڕووسییان ئەزانی، لەگەڵ ئێمەش بە تورکی قسەیان ئەکرد. شەو دوای گەرمبوونی سەرمان بە ڤۆدکای ڕووسی، کرا بە زەماوەند، ئەم کاسبە ئێرانییانەش بە مستەفا کەماڵەوە ئەنازین و گۆرانی تورکی.

«یاشا بیک، یاشا مصطفیپاشا!» کە لەناو ئازەربایجانی ئێران و ڕووسا دەماودەم ئەسەندرایەوە، یەکەم جار ئەو شەوە لە جولفادا بەر گوێی ئێمە کەوت. بە سەما و هەڵپەرکێی گەرم و بەتینیخانەخوێکانمان و چەپڵەڕێزانی دووروودرێژ و قریوەقریوی منداڵان دەرئەکەوت، کە بەرامبەر مستەفا کەماڵ تا چ ڕادەیەک، پەیوەستەگی و خۆشەویستی لە دڵیانا هەیە.

ئیتر لەم هەرێمەدا هەرچەندە پارەی ئێران و تورکیش بەکەڵک ئەهات و خەرج ئەکرا، پارەی شوێنی خۆی، واتا ڕۆبڵی ڕووسەکان ڕەواجی هەبوو، بەڵام فەرقی نرخی ڕۆبڵ لەگەڵ نرخی بەڕاستی خۆیا، وەکوو فەرقی بەینی ئاسمان و زەمین وابوو،

جووتێ پێڵاومـان بە هـەزاران ڕۆبـڵ بۆیاخ ئەکـرد، ئەگـەر دەوڵەمەندی بـە ژمارەی پارە بووایـە، ئێمـەش لەو ڕۆژەدا بـە ملیونێر ئەدراینە قەڵەم. ئەگەر بڵێم کە گەیشـتینەوە ئەستەموول، لە گیرفانی پاڵتۆکەما دووسەد و پەنجا هەزار ڕۆبڵ مابووەوە، لە بیرم چووبوو خەرجـی بکـەم؛ مانای ئەوە نییە کـە منیش ملیۆنێرێـک بووم؛ ئێسـتەش بۆ یادگار ئەو ڕۆبلانەم لەلا ماوە.

تفلیس

ئەو ڕووسـانەی کە لە جولفای ڕووسـیەوە لەگەڵمان هاتبـوون، دوای ئەوەی کە ئێمەیان بە مەئموورە ڕووسـەکانی سنوور ناسـی و لە شەمەنەفەرا جێگەیان بۆ گرتین، واجباتیان تـەواو بـوو و ئەبوو بگەڕێنـەوە تەورێز، ئێمەش بـۆ بەیانی لە جولفاوە بە شـەمەنەفەر کەوتینـە ڕێ و لـە نەخجەوانـەوە تێپەڕیـن و نزیکـەی قاوەڵتی گەیشـتینە ئێسـتگەی شاری ئەریوان.

ئەم شـارە کـە پایتەختی حکوومەتـی شـوورەوی ئەرمەنییە، ئەکەوێتە لای ڕاسـتی ئێسـتگەی شـەمەنەفەرەوە و مـاوەی ئەوەمـان نەبوو کـە بچین چاومـان پێ بکەوێ، لـە لۆکنتـەی ئێسـتگە لامـان دا بـۆ نانخواردن، بـەڵام لەبـەر زۆری برسـی و هەژار و ڕووتوقووتەکانـی ئەرمەنی، کە بە ناو لۆکنتەکەدا ئەسـووڕانەوە و ئەپاڕانەوە، نەمانزانی چـۆن ئـەو نانەمان خوارد؛ لەم حاڵـەوە دەرئەکەوت، کە لـەو ڕۆژەدا حکوومەتی تازەی ئەرمەنی نەئەپەرژایە سەر ڕێکخستنی کاروباری وڵاتەکەی و هێشتا خۆی کۆ نەکردبووەوە.

لـە ئەریوانـەوە پاش قاوەڵتییەکی سـووک و سـەرپێ، کەوتینەوە ڕێ. لە ئێسـتگەی گومـری، ئەحمـەد تەقی و فـەوزی و ڕەمزیمان لـێ جیابوونەوە و سـواری ئەو پەلەی شـەمەنەفەر بوون، کە ڕوو ئەکاتە «سـاری قامیش» لە سنووری تورکیا، چونکە ئەحمەد تەقی مەسـەلەی سـمکۆی پێسـپێررا بـوو و ئەبـوو بچێتە لای عەلی سەعیدپاشـای[1]

١. عەلی سەعید ئەکبیتوغان (١٨٧٢ ـ ١٩٥٠)، ئەفسەرێکی بە ڕەگەز چەرکەسی سوپای عوسمانی بوو، فەرماندەی فەیلەقی ٢٥ی سـوپا بـوو، ئینگلیزەکان بەدیلیان گرت، دوای ئازاد بوونی لە سـاڵی ١٩٢١ چووە پاڵ مسـتەفا کەمـال ئاتاتـورک و کراوە بـە سـەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و سـاڵی ١٩٢٢ کراوە بە جێگـری فەرماندەی

سەرداری لەشکرەکانی خۆرهەڵاتی تورک بۆ گفتوگۆ، دوای ئەوە لە ڕێی ترابزۆنەوە[1] بگاتەوە بە ئێمە، کە بە یەکەوە بچینە ئەنقەرە.

ئێمە هەر ئەو ڕۆژە لە سەعات یانزە و نیوی نیوەڕۆ، واتا دوای حەرەکەتمان لە جولفاوە بە سێ ڕۆژ، نزیک نیوەی شەو گەیشتینە تفلیسی پایتەختی حکوومەتی شووروەوی گورجستان. شاری تفلیس یەکێکە لە شارە گەورەکانی هەرێمی قەفقاز، نزیکەی نیو ملیۆن خەڵقی تیا دائەنیشێ. بە خۆشی و ڕێک‌وپێکی و پاک و تەمیزی و نیشانەی ئاوەدانی و شارستانییەتا، لەگەڵ شارە گەورەکانی ئەورووپا چەپی نییە.

یەکەم ئێستگەی کە لێی وەستابووین لەو ئوتێلەوە دوور بوو کە ئەمانویست تیا میوان بین، لەبەر ئەوە لەوێ دانەبەزین، بەڵام هەر لەناو شەمەنەفەرەوە گەورەیی و ئاوەدانی و شیرینی شاری تفلیسمان بۆ دەرکەوت. تا گەیشتنە ئێستگەیەکی تر و لە شەمەنەفەر هاتینە خوارەوە، خەریک بوو ئۆقرەم لێ ببڕێ. لە تەورێز خاوەنی گراندئوتێل، کارتی دابوو بە من و بڕیارمان دابوو لە هەرێمی گالاوینسکی لە ئوریەنت ئوتێل دابەزین.

لە ئێستگە ئۆتۆمۆبیلمان گرت، چووین بۆ ئەم ئوتێلە، بەڵام ئۆتۆمۆبیلچییەکە بەو کرێیەی سەودامان لەگەڵ کردبوو، ڕازی نەبوو و چەقاوەسوویی لەگەڵ کردین. ناچار ماین و چەندی ویست دامانێ، هەر بەو شەوە تێگەیشتم کە شار چەن گەورە و پێشکەوتوو بێ، پیاوخراپیشی بەو پێیە زۆر ئەبێ.

جگە لەمە لە بەردەمی ئوتێلەکەدا نزیکەی یەک چارەک سەعات لە زەنگمان ئەدا و بە دەم و دەس ئیشارەتمان ئەکرد و بانگمان ئەکرد، ئەو دوو غولامە بێشەرمە، کە لەودیو دەرگا گەورەکەی ئوتێلەکەوە، بەهۆی سەرخۆشی خەریکی مشت‌ومڕ و بەگژ یەکا چووبوون، ئاوڕێکیان لێ نەدایەوە و نەهاتن بە دەنگمانەوە. دەرگای ئوتێلەکە لە ئاسنی پەنجەرەدار کرابوو، لەبەر ئەمە تەنیا ڕێگەمان بوو لێی بچینە ژوورەوە، ئەگینا

بەرەی ڕۆژهەڵات و ساڵی ١٩٢٣ کراوە بە فەرماندەی فەیلەقی چوارەمی سوپای تورکیا. لە کۆتایی ژیانیدا بووە بە ئەندامی پەرلەمان لە ناوچەی قۆجەئیلی. م.س.

١. ترابزۆن ناوەندی پارێزگای ترابزۆنە لە تورکیا، لەسەر قەراغی دەریای ڕەش. شوێنی ژیان و مەرگی هەندێ لە سوڵتانەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی وەکوو سوڵتان سلێمان قانوونی بووە. م.س.

ناو جەرگی ئوتێلەکە و دوو غولامەکەی بە زمانی گورجی مشت‌ومڕیان بوو، نەیانئەبڕیەوە بە بەرچاومانەوە بوون، بەڵام ئاوڕێکیان نەئەدایەوە کە چاویان بە ئێمە بکەوێت. ئینجا نازانم لەبەر چەنەبازی و سەرخۆشی و قیرەقیری خۆیان گوێیان لە زەنگ و لە دەنگی ئێمـە نەبوو وە یا جنێو بە یەکتری‌دان و شـەڕەکەی خۆیان زۆر بەلاوە خۆش بوو، بۆیە گوێیـان نەئەدایـە ئێمە و بە دەنگمانـەوە نەهاتن، ئێمەش چارمان نەبـوو و چاوەڕوانی مەرحەمەتی خوا و دوایی‌هاتنی ئەم شەڕەسەگەمان ئەکرد، چونکە دوای نیوەشەو بوو و ئەو شەقامە گەورەیش کە ئەم ئوتێلە گەورە و بەناوبانگەی تیابوو، تاک‌وتووک کەسێکی پیا ئەڕۆیشـت، هۆی گوێزانەوە کشـابوونەوە جێگەکانی حەسانەوەی خۆیان، شارەزای هیچ جێگەیەکیش نەبووین، شـت‌ومەک و جانتاکانمان لە بەردەرگای ئوتێلەکە کۆمەڵ کرابوو، خۆیشـمان برسـی و تینوو، ماندوو و خەواڵوو، بە پێوە نەمانئەزانی چی بکەین و بڵێیـن چـی. ئاخری خوا ڕەحمی کرد و غولامە ناپیـرۆزەکان، لە چەنە کەوتن و ئاوڕیان لێدایـنـەوە و دەرگایان لێ‌کردینـەوە. لە سـەلاو و بەیانی سـپاس بۆ ئـەم خۆش‌خوڵقی و بەپیرەوەهاتنەمان بەولاوە، نقەمان نەکرد و چووینە ئەودیوی دەرگای ئوتێلەکەوە.

ئەوەم بەلاوە سەیر بوو کە لە شارێکی وا گەورە ئوتێلێکی وا شیرین و ئاوەدان و پاک و تەمیز، غولامانی وەکوو ئەم دوو بێ‌حەیا و شەرمە ڕابەری میوانانی غەریب و ماندووی زمان‌نەزان بن؛ تا ئەو ڕۆژە من ئوتێلێکی بەو چەشنە خۆش و جوان و ئاوەدانم نەدیبوو. زۆر پێویسـتم بە تەنیایی و حەسـانەوە هەبوو، لەبەر ئەوە لە خوارەوە مەحموودی خاڵم بـە دیار جانتاکانەوە لای فەتاحەوە بەجێ‌هێشـت و خۆم لەگەڵ یەکێک لە غولامەکان سـەرکەوتمە نهۆمـی دووەم و ژوورێکـی خۆش و گـەورەی تایبەتیم بۆ خـۆم گرت، کە لـە پێپیلکەکان سـەرکەوتم لەو پێچەدا کە لێی ئەچوویتە نهۆمـی دووەم، هەیکەلێکی گـەورەی ورچێکی دڕندە دانرابوو، من دەسـبەجێ بە خەیاڵمـا هات کە مەحموود ئەگەر بەتەنیا بیرەدا بڕوا، لەوانەیە بە ورچی ڕاسـتی بزانێ و لە ترسـا پاشـەوپاش بگەڕێتەوە. پێپیلکەکانیش ئەوەندە لووس و پاک و خلیسـک بوو، لەسـەرخۆ نەڕۆیشـتایە، لەوانە بوو بخلیسکێ و بکەوێ. لەبەر ئەمە لە ئاستی خۆمەوە بانگی مەحموودم کرد و پێم‌وت کە گەیشـتە ئەو ئاستەی منی لێ‌وەستام، چاوی بە ورچێک ئەکەوێت، نەترسێت ئەوە

هەیکەلـە، ورچ نییـە، مەحـمـوود خەریکی جیاکردنـەوەی جانتاکانی مـن بوو. وەڵامی دامـەوە و مـن وامزانی کە دڵـی داوەتە قسـەکانم، دوایی کە هاتە سـەرێ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بە هەناسـەبڕکێ تێی‌گەیاندم کە چاوی بە ورچەکە کەوتووە، قسەکەی منی بیـر کەوتۆتەوە و هۆشـێکی هاتۆتـەوە بە بەرا و لە مل‌شـکان ڕزگاری بـووە. ئەو وەختە منیـش جارێکـی تر قـەدری لێکدانەوەم زانـی و بـڕیارم دا کە پلەی تێگەیشـتنی ئەو کەسـەی هاودەمی لەگەڵ ئەکەم لە بیر خۆم نەبەمەوە. لە ئوتێل هەموو نوستبوون و لە غولامەکانیش تێگەیشتم کە بەو شەوە خواردن دەس ناکەوێت، منیش برسیم بوو، خەوم لێ‌نەئەکەوت، مەیلی تێگەیشـتن و پشـکنینیش زێفی لێ‌سەندبووم، هەستام و چوومە دەرەوە بە هیوای مەحموود لەوە نەئەترسام کە دەرگام لێ‌نەکەنەوە.

ئەو شـەوە هەرچەندە جەژنێکی نازانم چی گورجییەکان بوو، بەڵام وادیار بوو لەبەر بەزم و زەماوەند و خواردنەوە، لە نیوەشـەو بەولاوە تەواناپان لێ‌بڕابوو، نوسـتبوون، لەبەر ئەمە ئەو شارە گەورەیە کش‌ومات بوو و سروەیەکی لێوە نەئەهات. بە ڕاست و چەپی ئوتێلەکەمانا لە ڕاسـتە شەقامەکەدا ماوەیەک ڕۆیشـتم، دووکانێکی کراوە، یا لۆکنتە وە یا جێگـەی خواردن و خواردنەوەیەکـم بەرچاو نەکەوت، بەڵام بەو شـەوە درەنگە پاک و تەمیزی لە عەقڵ بەدەری شـەقامی گشـتی ئەوەی ئەگەیاند، کە خەڵق چەن بە تەنگ پاک و تەمیـزی و جوانـی شـارەکەوەن، ئەگینا دوای بـەزم و زەماوەند تا نیوەشـەو، کە بەهۆی جەژنیشـەوە لە گەورەوە تا بچووک سەرمەسـت بووبوون، بەم تەمیزییە نەئەما، ئەگـەر بێتوو ئەمە لـە هونەری خەڵقەکەوە نەبێ، ئەبێ هونـەری حکوومەتی تفلیس و دائیرەی بەلەدییە بێت.

ئەمیش هەر جێی سپاسە. من نەمئەوێرا بچمە کۆڵانەکانەوە لە ڕێ ون‌کردن ئەترسام، لـەم لای تریشـەوە گەورەیـی و دڵفریبـی کۆشـک و عەمارەتـەکان، جێ‌جێ باخچە جوانـەکان، جێگـەی یاری منالان، لە هەمـوو باخچەیەکدا و بەسـەر هەموو کۆڵەکە و بەرزییەکەوە هەیکەلە گەورە و بچووکەکانی پیاوانی ناسراوی زانستی و سیاسەت و فەن ئەبلەقی کردبووم و خۆمی لە بیر بردبوومەوە، بەڵام لە دەنگێکی نێری کابرایەکی درێژی تفەنگ‌بـەدەس وریا بوومـەوە، کـە بە قەڵپاغێکی سـپی گـەورە و قاپووتێکی تیسـکنی

پان‌وپــۆڕی ئاودامانەوە لە دوورەوە تێی‌خوڕیــم. لە ڕێگە لە هەندێ ئەرمەنی و عەجەم چەن وشەیەکی ڕووسی و ئەو قسانەی کە زۆر پێویستە و بەکار ئەهێنرێت، فێر بووبووم و لەبەرم کردبوو، بەڵام ئەوەم بە بیرا نەهاتبوو وشەی دۆست، کە لە جێگەیەکی وادا بە کار ئەهێنرێت بپرســمەوە، خواوراســتان بیرم کەوتەوە، کە مەجید ئیسماعیلی ڕەفیق سینفم لە ڕووســیە لە دیلی ڕزگاری بوو، گەڕایەوە عێراق پێیان ئەوت «تەوارش ڕەفیق». منیش بە دەنگی بەرز وەڵامم دایەوە وتم تەوارش، ئینجا لێی چوومە پێشــەوە، لەبەر دەمیا من وەکوو مناڵ وابووم ســەرم تۆزێ لە ئاســتی پشتێنەکەی سەرئەکەوت، دەسی کرد بە قسە کردن بە ڕووسی و بە زمانی گورجی، من بە تورکی و بە ئینگلیزی و بە فەڕەنسزی لەوم پرسی. ئەویش تەقەی سەری ئەهات، بەڵام فیکەی لێدا، کابرایەکی تر پەیا بوو، کەمێ تورکی ئازەربایجانی ئەزانی، لە یەک گەیشتین و پێشم‌کەوت کە دووکانێکم پێشان بدا، لە ڕێگە ئەیوت کە لە بنچینەدا تورکە و خاوەن دووکانەکەیش ئەرمەنی بوو تورکی ئەزانی، شەرابی چاک و مریشکی سورەوەکراوی هەبوو، ئەوانە و بۆ ئیحتیات هەندێ هێلکە و پەنیریشــم لێ کــڕی، هەمووی بە پارەی عێراق ٧٥٠ فلســی گرتەوە، لــە تەورێز بەولاوە، دونیا زۆر ســارد بوو، منیش پاڵتۆیەکی ئاودامانــی گیرفان‌فراوانم لە بەرا بوو، خواردنەکانم تێ‌ئاخنی و قاپە شەرابەکانم گرت بە بەرسنگمەوە، لە ئووتێل تێروپڕم خوارد و خواردەوە، ئینجا لەناو جێگەیەکی پاک و تەمیز و نەرم و شلا، سەرم نایە سەر سەرینی تووکی قوو، تا ڕۆژ لە عاسمانا بەرز بۆوە، لە خەو خەبەرم نەبووەوە.

بەیانی لە سەفارەتی تورکەوە زابتێک هات و ئێمەی بردە سەفارەت و لای مولحەقی عەســکەری بینباشی ئەرکانی حەرب محەممەدبەگ بەرچایمان کرد، نیوەڕۆش قاوەڵتی بــۆ کردبوویــن. لــەو ڕۆژەدا موختاربــەگ (ممثــل فوق‌العــادە)ی تورک لە مســکۆ بوو، نەبیل‌بەگ ناوێک وەکیلی بوو. ئوتێلەکەمان لە سەفارەتی تورکەوە دوور بوو. نەبیل‌بەگ وەکــوو تێی‌گەیاندیــن لەو هەرێمــەدا لەبەر نەبوونــی خۆرهەڵاتی و زمانــزان، ناتوانین بحەســێینەوە، وایان بــە موناســب زانی بچینە ســەفارەتخانە. ئێمە پێمــان خوش نەبوو، وتیان ئوتێلی خۆمانە هەیە، بەڵام لە هەرێمێکە ناوەکەی جوان نییە، وتمان وەکوو چی؟ وتیــان: پێی ئەڵێن شــەیتان‌بازاڕ چونکە لە تورک، لە عەجــەم، لە کورد، لە ئەرمەنی، لە

ڕووس، لە گورجی، لە هەموو تیرەیەکی تیایە، بەڵام هەرچیت بوێ تیا دەس ئەکەوێت و هەر زمانێک بزانی، ئەتوانی قسەی پێبکەی. وتمان لەمە باشتر نابێ و بڕیارمان دا بگوێزینەوە شەیتانبازاڕ، بەڵام شەوێکی تریش لە ئوریەنت ئوتێل ماینەوە و بەم ڕەنگە لە شەونخوونی ئەو شەوەی ئوتێلەکەدا لەگەڵ ڕووسەکان ڕامانبوارد.

سبەینێ لە شەیتانبازاڕ چووینە ئوتێلێکی بچووک وەکوو یەکێ لە ئوتێلەکانی حەیدەرخانە لە بەغدا، ئەم ئوتێلە هی محەممەد ئەفەندی ڕێزەلی بوو. بازاڕ و دووکانەکانی ئێرە، شۆرجەی بەغدای ئەهێنایەوە بەرچاوم، بەڕاستی بازاڕی شەیتان بوو، چونکە کاسبی وریا و فەنباز و چاوکراوەی لە هەموو قەومەکانی خۆرهەڵاتی تیا کۆ بووبووەوە و بە کاسبی و نان پەیاکردنەوە خەریک بوون. محەممەد ئەفەندی خەڵقی ڕێزە بوو، کاسبێکی دەوڵەمەند و پیاوێکی خۆشەویست و خاوەنچاکە بوو، لەگەڵ خەڵقەکە، لەوێ خۆشمان ڕائەبوارد و حەسابووینەوە، خواردەمەنی هەتا بڵێی هەرزان بوو، ئێواران خواردن و خواردنەوە، نزیکەی دوو تارانی عەجەم ئەکەوتە سەرم. بە عومری خۆم حەزم لە توور نەکردووە، لەوێ هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ مەزە تووریشم ئەخوارد. تووری تفلیس سوور و ناسک و شیرینە، لەگەڵ تووری ئێمەدا فەرقی ئاسمان و ڕێسمانی هەیە.

تفلیس وەکوو لە پێشەوە وتبوومان پایەختی جۆرجیا (گورجستان)ە، یەکێکە لە جمهووریەتە شووڕەوییەکانی قەفقاسیای جنووبی و نیشتمانی ستالینی زەعیمی ڕووسیەی شیووعییە. قەفقاسیا خۆی بەرزەخێکە لە بەینی زەریای ڕەش و زەریای قەزبین (بەحری خەزەر).[1] ئەم بەرزەخە کە هەرێمی قەفقاسیای لێ پەیا بووە، بە زنجیرە کێوەکانی قەفقاسیا ئەبێ بە دوو بەشەوە: بەشی سەرەوەی کە ئەکەوێتە ئەودیوی ئەورووپا، پێی ئەڵێن قەفقاسیای باکوور، بەشی ئەمدیوی کە ئەکەوێتە ئاسیا، پێی ئەڵێن قەفقاسیای جنووب، جمهووریەتی جۆرجیا ئەکەوێتە ئەم بەشەوە. ئەم هەرێمە دەشتاییە، کە بەرەو زەریای ڕەش درێژ ئەبێتەوە، تەنیا ئاوی «ڕیبۆن»ی پیا ئەڕوا، کە ئەڕژێتە زەریای ڕەشەوە. خاکی ئەم دەشتاییە بەرزە لە زەمانی خۆیا بورکانی بووە،

---

١. دەریای قەزوێن؛ کاسپیەن. س.

بەڵام کێوە ئاگرینەکانی ئێستە دامرکاون. دەشتاییەکە بارانی زۆرە و هەوای گەرمە، لەبەر ئەوە چەڵتووک و ڕەز و باخ و تووتنی زۆری لێ ئەکرێ. ئەم جمهوورییەتە لە باکوورەوە بە کێوەکانی قەفقاسیا و لە جنووبەوە جمهوورییەتی ئەرمەنی و لە خۆرهەڵاتەوە بە ئازەربایجانەوە، لە خۆرئاواوە بە زەریای ڕەش دەورە دراوە، گەلێ بیری نەوتی تیایە و لەمە دەسکەوتێکی زوربەی هەیە.

هەموو هەریمێکی قەفقاسیای خواروو لەلایەن ئیدارەوە کراوە بە سێ بەشەوە و لە هەریەکە لەم بەشانە، جمهوورییەتێکی شووڕەوی دامەزراوە؛ یەکێک لەم جمهوورییەتانە جۆرجیا (گورجستان)ی ناوبراوە، ئەوانی تر جمهوورییەتی ئەرمەنی و جمهوورییەتی ئازەربایجانە. پایتەختی یەکەمیان ئەریوان و هی دووەمیان باکۆیە، کە کەوتۆتە سەر ڕوخی زەریای قەزبێن. جمهووری ئازەربایجانی شووڕەوی لە دوو سەرەوە شۆرەتێکی گەورەی هەیە لە ئاسیا و لە وڵاتی ئێمەدا، چونکە لە دوو ملیۆن خەڵق کە تیا دائەنیشێ، نزیکەی ملیۆن و نیوێکی مسوڵمانە، باکۆی پایتەختی جمهوورییەت بە شاری نەوت ناسراوە و یەکێکە لە ناوچە هەرە بەکەڵکەکانی ناوچەکانی نەوتە لە وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوڕاست.

لەناو پایتەختەکانی جمهوورییەتەکانی قەفقاسیای جنووبی باکۆ دوای تفلیس یەکەم شارە بە گەورەیی و نزیکەی حەوت سەد هەزار نەفسی تیایە و لە پلەی دووەمایە. ئەریوان کە پایتەختی ئەرمەنییەکانە، بە گەورەیی و بە نفووس لە پلەی سێیەمایە و نزیکەی سەد هەزار کەسێکی تیا ئەژی.

جمهوورییەتی ئازەربایجان ئەکەوێتە قەراغی لای جنووبی خۆرئاوای زەریای قەزبێن و تا سنووری ئێران درێژ ئەبێتەوە و لە نزیک ئاوی ئاراس ئەدا لە سنووری ئازەربایجانی عەجەم.

جمهوورییەتەکانی جۆرجیا و ئەرمەنی ئەکەونە خۆرئاوای ئەم جمهوورییەتە، باکوو لەبەر نرخی ئابووری بەهۆی نەوتەوە بە خەتێکی ئاسن و لە ڕێی تفلیسەوە بەسراوە بە باتومەوە کە ئەسکەلەیەکی جۆرجیایە لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەش و بەم تەرحە لە بەینی زەریای ڕەش و زەریای قەزبێندا بە شەمەنەفەر هاتوچۆ ئەکرێ. لە تفلیسەوە

خەتێکی تر ئەچێ بۆ گومری و لەوێدا ئەبێ بە دوو پەل، یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە لە جولفاوە، واتا لە سنووری ئێرانەوە پێی هاتبووینە تفلیس. پەلەکەی تریان تفلیس ئەبەستێ بە سنووری تورکیاوە و لەم پەلەوە بوو کە ئەحمەد تەقی و هاوڕێکانی ترمان چووبوون بۆ ساری قامیش. جگە لەمەش هەر لە باکۆوە بەسەر ڕێی «ڕۆستۆف»دا خەتێکی تری ئاسن ئەچێ بۆ مۆسکۆ.

لاپەڕەیەک لە مێژووی قەفقاسیای کۆن

قەفقاسیا لە مێژووی خۆرهەڵاتا جێگەیەکی تایبەتی داگیر ئەکا. جگە لەمە لە حیکایەتەکانی پڕوپیرێژنانا ناوێکی سیحراوی و ئەفسانەیی هەیە، جنۆکەکانی پشت کێوی قاف و حیکایەتی دێوی سپی گوێئاگردانی شەوانی زستان، لە مێژووی ژیانی دەوری منالّی هەموومانا، لاپەڕەیەکی تایبەتی هەیە. باسی ئەم کێوانە لە تەوڕات و قورئانیشا هاتووە و بەپێی قسەی زانا گەورەکان سەددی یەئجووج و مەئجووج لە «کێوی قاف»ە و لە دێرزەمانێکا بۆ ڕێبڕین لەو تایەفە کێوییە دروستکراوە، کە لە سنووری چین و تورکستانەوە هێرشیان ئەهێنا و بەسەر وڵاتانی خۆرئاوا و لەم کێوانەوە بە ئاسیادا ئەهاتنە خوارەوە. هەندێک ئەڵێن ئەم تایەفانە بەشێک بوون لە مەغۆلەکان، کە لە ژێر گەلێ ناوی وەکوو «میگر» و «تاتار» و «سیتهین»دا ڕوویان کردۆتە ئەورووپا و ئاسیا، ناوی «سیتهین» لەلایەن یۆنانییەکانەوە لەو بەشەی مەغۆل نراوە، کە ٦٠٠ ساڵێک پێش زایینی لە ڕێی قەفقاسیاوە هێرشیان هیناوەتە سەر ئاسیای خۆرئاوا. ئەم ناوە لە بەردە نووسراوەکانی «داریۆش»یشا هاتووە، کە وا لە ئیستەخرە.

هەندێ لە مێژووناسەکان لەو بیرەدان کە ئەهالی دەوروپشتی کێوی قاف لە دەس ئەم تایەفە وەحشییانە شکاتیان بردۆتە بەر کۆرشی شای ئێران، ئەویش بۆ ڕێبڕین لەم هێرشهێنەرانە، لە دەربەندەکانی کێوی قاف، سەددێکی لە ئاسن دروستکردووە. ئەم سەددە، کە ئەبوو لە عەجایبەکانی عالەمیشا باس بکرایە، لە قورئاندا بە سەددی یەئجووج و مەئجووج ناوی براوە و تا ئیمڕۆ لە قەفقاسدا جێگە و نیشانی ماوە.

کۆرشی گەورە، هەروەکوو بە یەکخستنی وڵاتەکانی ماد و فارس ئیمپراتۆرییەتی

مەزنی ئێرانی هێنایە ناو و ناوبانگی ئێرانی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بەرز کردەوە گەلێ لە خاک و دەوڵەتەکانی ئەو دەورەی خستە ژێر حوکمی خۆیەوە و دونیای خستە ترس و لەرزەوە، بە دروستکردنی ئەم سەددە ئاسنینەش وڵاتەکانی باکووری لە هێرشی مەغۆلەکانی چین و تورکستان ڕزگار کرد و خستنییە ئاسوودەیی و ئەمنییەتەوە، بەمەیشا دەرئەکەوێت کە هەرچەن تەیمووری لەنگ سەردەمێ سەمەرقەند و تبلیسی خستۆتە ژێر حوکمی خۆی، بەڵام پێش ئەوە و لە مێژووی زۆر کۆنەوە (٦٠٠ی پێش‌زایین) وڵاتی قەفقاس، کەوتۆتە ژێر حوکمی ئێرانەوە، لەم وڵاتەدا کە لە گێتیدا عالەمێکی سەربەخۆ و تایبەتی نزیکەی ٣٠ی میللەت ئەژی و نموونەیەکە لە بورجی بابل. ئازەربایجانی، جورجی (گورجی)، کورد، تورک، ئەرمەنی، ڕووس، عەجەم، یۆنانی، جوولەکە، ئوسیشیان، ئەنجازین، ئەجارین و گەلێ تەرحی تر لە میللەتەکانی ئەم وڵاتە، کە سەیر و نەبینراون.

باطوم (باتووم)

لە تفلیس هەشت ڕۆژ ماینەوە، ئینجا هەر بە شەمەنەفەر لەوێوە ڕوومان کردە شاری بەناوبانگی باتووم، کە ئیمڕۆ ئەسکەلەیەکی جمهوورییەتی جۆرجیایە لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەش. ماوەی بەینی تفلیس و باتووم ٢٤ سەعاتە بە شەمەنەفەر، پێش ئەوەی بگەینە باتووم لە ئێستگەی گوتایسەوە تێپەڕین، دەمەدەمی ئێوارە گەیشتینە باتووم و بولڤار. لە ئوتێلی ئاغا پترۆس دابەزین. شەقامەکانی ئەم شارەش وەکوو هینەکانی تفلیس زۆر پانە و هەتا چاو بڕ کا ڕاست و درێژە، بەڵام خانووەکانی بەرزێکی ئەوتۆ نین و کەمی وای تیا هەڵئەکەوێت کە لە سێ نهۆم تێپەڕێت.

باتووم سەروەختێک یەکێک بوو لە شارە گەورە و فراوانەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەینێکیش کرابوو بە جێنیشنی وەلیعەهدی‌پاشا، بەڵام لە چواریەکی دوایینی قەرنی نۆزدەهەم ڕووسەکان بیانوویان بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم گرت و لەگەڵی کەوتنە شەڕەوە. دەوڵەتی عوسمانی ئەمجارە یارمەتی لە حکوومەتەکانی خۆرئاوا نەدی و لەشکرەکانی تورک شکان، ڕووسەکان لە خۆرهەڵات و لە خۆرئاواوە چوونە خاکی

عوسمانییەوە و قەفقازیان داگیر کرد. لەسەر ئەمە لە بەینی حکوومەتی ڕووس و عوسمانی پەیمانی ئایاستیفانوس لە ساڵی ١٨٧٨ ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیمانە و پەیمانی بەرلین، کە دوای پەیمانی ئایاستیفانوس هەر لەو ساڵەدا کرا، شاری باتووم لەگەڵ گەلێ شارانی تری عوسمانی کەوتە دەست ڕووسەکان، ئینجا کە ڕووسە بولشەویکەکان هاتنە سەر حوکم هەرێمی قەفقاسیان کرد بە سێ جمهوورییەت و شاری باتوومیان خستە سەر جمهوورییەتی جۆرجیا و لەو ساتەوە بوو بە ئەسکەلەیەکی ئەم جمهوورییەتە.

لەو ڕۆژەدا لە باتووم باخچەیەکی زۆر گەورە هەبوو لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەشا تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەبووەوە، ئێواران ئەچوومە ئەم باخچەیە و لەوێ گوێم لە مۆسیقا ئەگرت، ئەوانەی بۆ گەڕان ئەچوونە ئەم باخچەیە، لە بەردەرگا بەرامبەر بە بلیتێک شتێ پارەیان لێ ئەسەندن، بەڵام ئەم بلیتە تا حەفتەیەک حوکمی هەبوو و پێی ئەچوونە ژوورەوە. باخچەکە یەکجار خۆش و گەورە و هەوادار بوو. بە درێژایی ڕۆخی زەریای ڕەشا بە پایتۆن تیا ئەگەڕان. کچە ناسک و نازدارەکانی گورجی، زینەتێکی تریان ئەدا بەم باخچەیە. من لە قەفقاسیا وا هاتە بەرچاوم کە ئەوەندەی بەشی پیاویان وشک و ڕووگرژ و قەبەن، ژنیان ئەوەندە هێمن و ڕووخۆش و بە ئەدەبن.

لە باتوومیش چوومە حەمام، من تا ئەو وەختە خۆم فێری دوش و ئاوی سارد نەکردبوو. حەمامی باتووم وەکوو ئوتێل وابوو، هەر کەسێک بچێ، کلیلی ژوورێک لە خاوەن حەمام وەرئەگرێت، ئەم کلیلانە بەسەر ژمارەی ژوورەکانەوە لەسەر لەوحەیەک هەڵواسراوە. ئەچی و ژووری خۆت ئەکەیتەوە، لە ژووری یەکەما ڕووت ئەبیتەوە، لە ژوورێ کە لەناو ئەوەی پێشووەوە بۆی ئەچێ دۆش و بانیو و جێگەی خۆششتنی خۆرهەڵاتی هەیە، کرێ بە سەعات حیساب ئەکرێ، چەن سەعات بمێنیتەوە، پارەی خۆت ئەدەی، ئیتر هەوەسی خۆتە حەز ئەکەی شەو و ڕۆژێکی تیابە.

لە باتوومەوە ئەبوو بە پاپۆڕ بە زەریای ڕەشا بچینە ئەستەموول، واتە لە خاکی ڕووسەوە ئەچووینە خاکی تورک. لەبەر ئەوە پێویست بوو پەساپۆرتی تازەمان بۆ بکرێ، لەم پەساپۆرتەدا ناوی من گۆڕا بە عەلی فایق بەگ و ناوی مەحموودی خاڵم بوو بە حەسەن ئەفەندی ژمارەی پەساپۆرتەکەشم ٣٥ و لە مێژووی ١٥ی نیسانی

ساڵی ۱۹۲۲ی ڕۆمی بوو ئەو دەمە کاربەدەستانی تورک بەناوی «تورکیا بویوک ملت مجلسی حکومتی» ئەوراقیان ئیمزا ئەکرد. تا ئەمە تەواو بوو و لە پاپۆڕێکا جێگەمان بۆ گیرا، هەفتەیەکمان پێچوو، ئێمەیش کەمێک لە شاری باتووم گەڕاین، ئێوارەی ١٥ی نیسانی ۱۹۲۲ لە ئەسکەلەی باتووم سواری پاپۆڕی شەفیلد بووین.

لە قەمارەکانی پلەی یەکەما هەشت کەس هەبوو من و فەتاح لەگەڵ ئەمانە بووین، خواردنیشمان بە یەکەوە لەسەر سفرەیەک ئەخوارد. وەکوو فەڕەنسە لەسەر نان لەجیاتی ئاو شەراب دائەنێن، ئاویش هەیە، بەڵام بۆ فیز هەندێ کەس نایخۆنەوە، پارەکەمان ئینگلیزی و لە کەپتەنەکەی بەولاوە کە ئینگلیز بوو هەرچی کرێکار و تایەفەی پاپۆڕەکە هەموو کرێگرتە و خەڵقی یۆنان بوون. شەوێک لە نیوەشەوا بە دەم سەرئێشەوە خەبەرم بووەوە، دیار بوو زۆرم ڤۆدکا خواردبووەوە، لە ژوورەکەما کەس ئاگای لێنەبوو، هەندێ ڕشامەوە، ئاسپرینێکم قووت دا و دەموچاوم شوشت، پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە، بایەکی سارد و توند هورووژمی هێنایە ژوورەوە. پرپشکی ئاویشی پێوە بوو. زوو پەنجەرەکەم داخستەوە، کە سەرم لە دەرگاوە هێنایە دەرەوە گوێم لە غەڵبەغەڵبێ بوو کە لە سەربانی پاپۆڕەکەوە ئەهات، لەو عانەدا یەکێک لە غولامەکانی پاپۆڕەکە بەوێدا هات، لێم پرسی چە باسە؟

وتی: شوکور لە غەرق ڕزگار بووین، تومەز من ئاگام لێنەبووە، نزیکەی چوار سەعات بووە پاپۆڕەکەمان لەبەر فەرتەنە لە مۆلەکە [مەهلەکە]دا بووە و هیچکەس لە ترسا خەوی لێنەکەوتووە. هەموو چووبوونە سەربانی پاپۆڕەکە، لەعانی مۆلەکەدا ڕزگاری وەربگرن. ئێوارەی ڕۆژی چوارەم گەیشتینە قەواق، کە ئەسکەلەیەکی شاری ئەستەمووڵە، لە دەمی گەرووی زەریای ڕەشە، بە گرمەی تۆپ و دەنگی ئەڵڵاهووئەکبەر بیرمان کەوتەوە کە ڕەمەزانە. هێشتا ئادابی ئیسلام لەسەر پێوشوێنی ئەڕۆیشت.

عەبدولمەجید خەلیفە بوو، حوکمی مەدەنی لێ سەنرابووەوە، حوکمی دینی بە ناو مابوو، لەگەڵ ئەمەیشا لە ئەستەمووڵ هێزی سوێندخۆرەکان دەسیان بۆ هەموو شتێ درێژ ئەکرد. هاتوچۆ لە ژێر موراقەبە و پشکنیندا بوو. ئەو شەوە نەیانهێشت بچینە ئەستەمووڵەوە و لە قەواقیش لە پاپۆڕ نەچووینە دەرەوە، چراشیان لێ قەدەغە کردین،

بە تاریکی لە پاپۆڕەکەدا ماینەوە. من دەفتەرێکم پێ بوو، ڕۆژبەڕۆژ بەسەرهاتی خۆمانم تیا ئەنووسی. نازانم لەبەرچی زۆر کەوتمە واهیمەوە و هەتا دەفتەرەکەم لەناو نەدا ئۆقرەم نەگرت. بەیانی زوو لەگەڵ هەتاوکەوتن مەئموورێک پەیا بوو، چوار زابتی لە هێزی سوێندخۆرەکان لەگەڵ بوو، سەرکەوتنە سەر پاپۆڕەکەمان، ئەمانە بۆ پشکنین و پرس و جواب هاتبوون تەماشای پەساپۆرتەکانیان کردین، هەندێ پرسیاریان لە کەپتەنەکەمان کرد. ئینجا ویستیان جانتاکانمان بپشکنن، ئێمە هیچ دەنگمان نەکرد، بەڵام کە چاویان بە جانتا بچووکە لۆک کراوەکە کەوت، وازیان لە جانتاکانی تر هێنا، وتیان جارێ ئەبێ ئەم جانتایە بکرێتەوە، بە کەپتەنەکەمان وت: ئینگلیز بوو، نابێ ئەم جانتایە بکرێتەوە چونکە لە تفلیسەوە ئەوراقی ڕەسمی سەفارەتی تورکی تێخراوە بۆ وەزارەتی خاریجەی ئەنقەرە، خەریک بوون زۆرمان لێ بکەن، بەڵام لەناو خۆیانا ڕێنەکەوتن، بوو بەو مشتومڕ و مقۆمقۆ و دوایی ڕوویان کردە ئێمە، وتیان جانتاکە ئەکەینەوە ئەگەر بەرگی ئەوراقەکان مۆر و نیشانەی ڕەسمی سەفارەتی پێوە بوو، نایانکەینەوە وتمان ئەویش ناکرێت، چونکە نازانین کە ئەم کارە چ جۆرە پرسینەوەیەک ئەهێنێ بەسەر ئێمە. مۆری ڕەسمی سەفارەت بەسەر لۆکەکەوە هەیە و ئەمە بەسە بۆ ڕاستی قسەکەمان، لە حەقیقەتیشا لۆکی جانتاکە کەمێک شکابوو، مۆرەکەشی باش دیار نەبوو، لەگەڵ ئەمەیشا دوای نیو سەعاتێک مشتومڕ لێمان گەڕان و ڕێیان داین کە بچینە ئەستەموولەوە، کە پاپۆڕەکەمان کەوتە جووڵانەوە، لەو حاڵە دەفتەرەکەم بیر کەوتەوە، کە لەناومدا و بڕیارم دا کە لە یەکەم هەلا، تاوەکوو لە بیرم نەچووەتەوە با زۆر بەکورتیش بێ، لە سەرەوە و لە بەر بینووسمەوە. لە قەواقەوە بۆ ئەستەموول هەر ئەوەندەی بەینی کازمییە و بەغدا ئەبێ، لە سەعات نۆ و نیوی بەیانییەوە لە قەواقەوە کەوتینە ڕێ، پێش قاوەڵتی گەیشتینە جێ و لە سرکەچی چووینە ئوتێل مەسەڕڕەت، بەڵام فەرەنسزەکان داگیریان کردبوو، لەوێوە چووینە عوسمانلی ئوتێل. من کە لە دەورەی قوتابییەتیما ئەستەموولم دیبوو، زۆر بە پەرۆش بووم کە جارێکی تریش ئەو جێگانە ببینمەوە، کە تیا ژیاوم وە یا پەیوەستییەکی هەیە بە ژیانی ئەو دەورەمەوە. لەبەر ئەمە ئیزنم لە فەتاح خواست کە ئەو ڕۆژە لێم بگەڕێت ئیتر بە ئەستەموولا بسووڕێمەوە، دەزبەجێ ڕووم کردە ئەو جێگەیە کە لە جاری یەکەمما

تیا میوان بووم، نزیک بە سرکەچی، کە پێیان ئەوت تەختەقەڵا، ئەم جێگەیەش لە ئەستەمووڵ وەکوو شەیتانبازاڕی تفلیس بوو، من لەم جێگە ناخۆشە لەو ڕۆژەدا هەفتەیەک مابوومەوە، حاڵەتی منالی و غەریبی زۆر کاری لێکردبووم، بە سواری کەر و وڵاخ و عارەبانە و پریچقە لە سلێمانییەوە تا حەڵەب و لەوێوە بە شەمەنەفەر تا بەیرووت، ئینجا لە بەیرووتەوە بە پاپۆڕ و لە زەریای سپی ناوەڕاستەوە چووبوومە ئەستەمووڵ، بۆ ئەو ڕۆژە ئەمە کەم نەبوو، لە وڵات زۆر یەکجار زۆر دوور کەوتبوومەوە. ئێستە قوتابییەک ئیمڕۆ بەیانی لە بەغداوە سواری فڕۆکە ببێ، پاش دوو ڕۆژ لە نیۆیۆرکەوە تەلەگرافی گەیشتنی وەرئەگرێت. لەو وەختەدا ئێمە لە سلێمانییەوە بە کەر و وڵاخ، بە سێ ڕۆژ بە زەحمەت ئەگەیشتینە کەرکووک. ئەگەر بچوونیایە بەغدا، بە ڕێی قرفەدا و بە دە ڕۆژ ئەگەیشتین. لە بەغداش تا حەفتەیەک لووت و لێومان چەور ئەکرد و توێژی فڕێ ئەدا، تا دەدوانزە ڕۆژ دەموچاومان پەڵەپەڵە ئەمایەوە و لەبەر ئازاری پەناڕانمان، گەلاوگەڵ ئەڕۆیشتین، ئینجا ئەهاتینەوە دۆخیانی جاران. ئەو جارەی کە چووبوومە ئەستەمووڵ، حەوت ڕۆژ بە کەر و وڵاخ بە ڕێی مووسڵەوە، سیانزە ڕۆژ بە پریچقە بە ڕێی حەڵەبەوە دوو ڕۆژ بە شەمەنەفەر، بە ڕێی بەیرووتەوە بووم، ئینجا لە بەیرووتەوە بە پاپۆڕ بە حەوت ڕۆژ گەیشتبوومە ئەستەمووڵ. ئەگەر هەر ڕێگەکە بژمێرین بەم تەرحە، بەڵام لە کەرکووک و مووسڵ و حەڵەب و بەیرووت، یەک مانگی خشت لەبەر دەس‌نەکەوتنی وڵاخ وە یا عارەبانە و پاپۆڕ و بە هەندێ هۆی ترەوە مانەوە و دواکەوتنیش بخەینە حیسابەوە بۆ ئەمەی لە سلێمانییەوە بگەینە ئەستەمووڵ، دوو مانگی بێ‌کەم و زیادمان پێچووبوو، کە ئیمڕۆ ئەم ماوەیە بۆ گەشتێکی دەوری عالەم بەسە. لەبەر ئەمە کە گەیشتبوومە ئەستەمووڵ ماتەمینی گرتبوومی، چوومە بازاڕ لەلای کتێبفرۆشێکی گەڕۆک، یەک‌دوو کتێبی تورکی هەرزانم کڕی، یەکێک لەوانە حیکایەتەکەی «دۆن کیشۆت» بوو. بە ڕۆژ دوای ئەوە کە لە بەدواچوونی ئیش و کاری خۆم ئەگەڕامەوە، ئەو حیکایەتەم ئەخوێندەوە و بەمە خەمی تەنهایی و دوور وڵاتی خۆم لە بیر ئەچووەوە، تا ئەو ڕۆژە حیکایەتی وا سەیر و خۆش و ئەنتیکەم نەخوێندبووەوە، جاری وا هەبوو لە تریقەی پێکەنین، خۆم پێکەنینم بە خۆم ئەهات.

دوای ئـەوە کـە تێکـەڵ بە عالەمـی ئـەو ڕۆژەی ئەسـتەمووڵ بووم، لـەم پایتەختە بەناوبانگەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی گەلێ لاپەڕەی وا جێگەی لە مێژووی ژیانما گرت، کـە بـۆ قوتابی وە یا منداڵێکـی ئەو دەورە بە کەم دانەنرێـت و نرخێکی تایبەتی بدرێتێ. لەسـەر نامەی کەریم بەگی برای ئەحمەدئاغای کەرکووکی، خاوەنی پێشـووی نامیلکەی ژیـن لـە ئەسـتەمووڵ، مامۆسـتا نەجمەددیـن کەرکووکی بـرای مامۆسـتا عەبدولخالق ئەسیری بوو، یەکەم کەسێک بوو کە هاتبووە لام و بەهۆی ئەم لاوە کوردەوە کە بلیمەتی زەمانـی خۆی بوو، گەلێ کوردم ناسـی و دوای ماوەیەکی زۆر کەم چووبوومە ڕیزی ئەو قووتابییـە کوردانەوە کە بە خۆین پاکی و جێیباوەڕ ناسـرابوون. قوتابی کورد لەو ڕۆژەدا کەم نەبوون و لاوەکانی سلێمانی لەچاو لاوە خوێنگەرمەکانی «دیاربەکر» و «تفلیس» و «خەرپـووت» و «ئەرزەڕۆم»دا لە هیچەوە دیار نەبـوون. کۆمەڵی هێڤی (هیوا)،[1] کۆمەڵی قوتابییە نیشـتمانییەکانی کوردی ئەو بوو لە ئەسـتەمووڵ، مامۆسـتا نەجمەددین لە لقی ئیلاهیاتـی دارولفنوون دەرچووبوو و لەو ڕۆژەدا مامۆسـتا بوو لە مەکتەبێکی سـوڵتانی، لـە کۆلێجی حقووقیـش ئەیخوێند. ئەوانەی چاویان پێکەوتـووە ئەزانن کە چ ئاگرێـک بـوو؛ کوردێـک کە بە تەنگ سـەری خۆیەوە بووبـێ نەیئەوێرا نزیکـی بکەوێتەوە، لە هەمـوو هەلێـک و هەموو جێگەیەک باسـی کوردایەتـی ئەکرد و لاوانـی کوردی وریا ئەکـردەوە؛ کچـی والییەکی تورکی هینابوو لە خەڵقی بۆسـنە. لە پێش برانەوەی شـەڕی گـەورە بەناچاری خـۆی کوتابووە ئەو وڵاتە، کە خرابووە سـەر سربسـتان، ئەم وڵاتە کە ئێسـتە یوغوسلاڤیای پێ ئەڵێن. دوای ئەوە مامۆسـتا نەجمەددین دەنگی بڕا و نەمانزانی چێ بەسەر هاتووە؟ ئینجا کە من جاری دووەم و لەگەڵ فەتاح گەیشتمە ئەستەمووڵ و

١. کۆمەڵەی هێڤی: کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیریی بوو، ژمارەیەک قوتابی کورد لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ لە ئەسـتەمبووڵ دایانمەزراند. سیاسـەتی ئەم کۆمەڵەیە بە درێژەپێدەری سیاسەتی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد دادەندرێ. دامەزرێنەرەکانی بریتی بوون لە: «قەدر جەمیلپاشـا و عومەر جەمیلپاشـا و فوئاد تەمـۆ، ئەکرەم جەمیلپاشـا و مەمدووح سـەلیم.» ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخسـتنی هەسـتی نەتەوایەتی کوردیدا بینیوە. هەردوو گۆڤاری ڕۆژی کورد و لە دواییشـدا هەتاوی کورد، کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوون ڕۆڵی بەرچاویان لە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا هەیە. تا سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی چالاکییەکانی هێڤی بەردەوام بوو. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ چالاکییەکانیان وەستا. م.س.

لـە دوای ئەوە کە لە سـرکەچی جانتاکانـم لە ژوورێکی ئوتێل دامەزرانـد، بۆ ئەوە ئیزنم لە فەتاح خواسـتبوو کە بـەو جێگانەدا بگەڕێم کە لـە دەوری قوتابییەتیما هۆگریم پێوە گرتبوو، بووبوو بە ئاشـنای گیانیم. وەکوو لەسەرەوە باسم کرد چوومە تەختەقەڵا، چوومە چەنبەرلـیتاش، چوومە گەدک پاشـا، چوومە ئەپارتمانی هاجی بەگ کە لە گەدک پاشـا بـوو و دوای داخرانی کۆلێجـەکان لەگەڵ یەک دوو قوتابی تـری عێراقی هاوڕێیەتیمان تیـا ڕابوارد، چوومە وەزارەتی حەربییەی پێشـوو، چوومە فاتح، ئەیاسـووفیا، بابی عالی، سـوڵتان ئەحمەد، غەڵەتە، خواجەپاشا، بەی ئۆغلوو، تەقسیم، سواری پاپۆڕ بووم چوومە قادی کۆی، یەڵدز سەرای میژووینی سوڵتان عەبدولحەمید. خۆلاسە تا توانیم و بۆم کرا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە گەڕام و گەڕام.

لە دوو جێگە، یەک لە بەردەمی قرائەتخانەکەی چەنبەرلیتاش، دووەم لە بەردەمی دەرگاکـەی ئاپارتمانـی هاجی بەگ بەینێک وەسـتام و ئەو ڕۆژانەی کە لـە ڕابووردوودا لەوێـدا، ڕامبواردبـوو هاتەوە بـە بیرما و چەن دڵۆپێک فرمێسـکی گەرم بـە چاوەکانما هاتـە خوارەوە. ئەپارتمانەکە هیچ نەگۆڕابوو، ئەوەندە هەیە کرابوو بە جێگەی پاکردنەوەی جل وبەرگ و ئوتوودان. هەواڵی کەس وکارەکەی هاجی بەگم پرسی، وتیان لە ئەستەمووڵ نەماون و چوونەتەوە یۆنانستان، چونکە ئەم عائیلەیە یۆنانی بوون.

ئێـوارە گەڕامـەوە ئوتێـل، فـەتاح بەبـێ ئۆقـرە چاوەڕوانـم بـوو وتـی: چوومـە لای محیەددین پاشـا پێی وتووم کە ڕۆژێکی وا نییە ئێوە لە ئەسـتەمووڵ بمێننەوە و پێویستە کـە دەزبەجـێ بکەونە ڕێ و سـاتێ زووتـر خۆتان بگەیەنـنـە ئەنقەرە. محیەددین پاشـا یەکێک بوو لە ژەنەڕاڵەکانی مسـتەفا کەمال و ئەو ڕۆژە حاکمی ئەسـتەمووڵ بوو. هەر ئـەو ڕۆژە ئەمریشـی دابوو بە پاپۆڕێک لـە پاپۆڕەکانی شـیرکەتی خەیرییە کە نەچووە ئیزمیـر قەمارەیەک بۆ من و فەتاح دابنێن کە سـبەینێ بەیانـی پێی بکەوینە ڕێ. زۆرم پێناخۆش بوو لە شـارێکی وەکوو ئەسـتەمووڵدا تەنیا ڕۆژێـک بمێنینەوە، وەکوو تریش دڵخۆشـی خۆم بەوە دایەوە کە ئەو ڕۆژە بە قەدەر دە ڕۆژ گەڕابووم و سـەری زۆری ئەو جێگانەم دابوو کە ئەمویست بیانبینم، لەگەڵ ئەمەیشا دوای نان خواردن دووبارە چوومە دەرەوە بـۆ چایخانەی بەغدا کە لە وەختی قوتابییەتیما حەبیب ئاغای سـنەیی ئەیگێڕا.

ئەم چایخانەیە لە سرکەچی هەر مابوو، بەڵام خاوەنەکەی گۆڕابوو. لەوێ تووشی جەمیلی کوڕی عەلی ئەفەنـدی زابتی مۆسیقای خەڵقی سـلێمانی هاتم، جەمیل کـە دوایی بە ڕەحمەتی خوا چوو، ئەو وەختە یووزباشی بوو لە ئۆردووی تورک؛ برای مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس و موهەندیس سدیق ئەفەندی باوکی نووری شاوەیس بوو، ئەم زابتە کوردە لە لاپەڕەی نیشـتمانپەروەریدا ناوێکی بەرز و ناسـراوی هەبوو، کە سلێمان نەزیف بەگی والی مووسـڵ لەشـکری تورکی نارده سـەر خوالێخۆشبوو شـێخ عەبدوسسەلامی بارزان، جەمیل لەو لەشـکرەدا زابتی تۆپچی بوو، یاخی بوو و تۆپەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد بەکار نەهێنا، ئەم کوردە بەشـەرەفە لەسـەر ئەمە گیرا و خرایـە ژێر موحاکەمەوە، بەڵام لـە مەحکەمەی عەسـکەری نەترسـا و بۆ ڕزگار کردنی سـەری خۆی لـە گوللەی تورک ورەی بـەر نـەدا، ڕەپ و ڕاسـت وتی: «من کـوردم و بۆ ئەوە نەبووم بـە زابتی تۆپچی کە ئـەم تۆپانـە بگرمـە میللەتی خۆم.» ئەو کە ئەمـەی وتبوو بەتەمای ئـەوە بوو کە بنرێت بـە نیشـانی تفەنگەوە، کەچی بـە جیلوەی قەدەر لە کوشـتن ڕزگاری بوو، بـەڵام تا ما بە چاوی خائین تەماشا ئەکرا. وە لە حاڵێکا کە لە زابتە بلیمەتە زیرەکەکان ئەژمێردرا، لەبەر ئەمە هاوڕێکانی لە خۆی خوارتر گەیشـتنە پایەی ژەنەڕاڵ، ئەو هێشـتا لە ئەسـتەمووڵ یووزباشـی، واتا ڕەئیس بوو، ئەویش بەبێ کار و لەبیرچوو لە ژێر موراقەبەی خەفیەدا. ئـەو شـەوە پێکەوە کەمێک گەڕایـن و چووینە «ئـورووزدی باک ـ عومەر ئەفەندی» من لەوێ دەستێ جلی هاوینی و پێڵاو و ملیوانە (بۆیون‌باغ) و دوو دارعاسا (باستۆن)م کڕی؛ نزیک نیوەشەو لە جەمیل جیا بوومەوە و گەڕامەوە ئوتێل.

شاری ئیزمید

بەیانی زوو ئینزباتێکی تورک هات و بردینی بۆ سـەر ئەو پاپۆڕە کە پێی ئەڕۆیشـتین و دایمەزراندین، دوای چوارپێنج سـەعاتێ گەشـتی زەریایی لە بەحری مەڕمەڕە، نزیک نیوەڕۆ گەیشتینە شـاری بچووکی ئیزمید (ئیزمیت). نوورەددین بەگ ناوێک قایمەقامی ئیزمیـد بـوو لـە ئوتێلی بەلەدیـە میوانی کردیـن، لەم حەلەدا لـە سـەفارەتی ئەفغانەوە میوانێکی تریشمان هاتە لا.

فـەتاح هاوڕێــی زابتی زۆر هەبوو، لەگەڵیان کەوتە باس و قسـەوە بەتایبەتی باسـی لیسـتەی تەرفیعات، زۆر بە پەرۆش بوو لە هەموو هەڵێکا لێی ئەپرسـییەوە، چونکە لە ئۆردوودا یووزباشی بوو، گەیشتبووە کاتی تەرفیع. من تۆزێـک چوومە دەرەوە هەر لەولای نادیەکـەوە ئەمبەرەوبەری شـەقامەکە سـەر قەبران بوو، دیواریشـی بـۆ نەکرابوو، بەڵام درەختە جوانەکانی سەرو و شۆڕەبی دیمەنێکی شیرین و دلگیری دابوو بەم سەر قەبرانە و سێبەرێکی فێنکی لێ پەیا کردبوو. من بە خوێندنەوەی کێلی قەبرەکان کاتێکم بەسـەر برد، کەوتبوومە زەریای لێکدانەوە. نەفەرێکی تورک بەناوی خۆمەوە بانگی کردم، ئەوسا کە وریا بوومەوە لە نادی چاوڕێیان ئەکردم بۆ قاوەڵتی. بۆ شەو بە ئەمری نوورەددین پاشای قائیدی ئۆردووی یەکەم لە نادی زابتان زیافەتمان بۆ کرا، لەوێ چاوم بە ئەحمەد فەخری مـلازم کـەوت، کچەزای حاجـی سـلێمان ئاغای کەرکووکی و لە مەکتەبی ڕوشـدییەی عەسکەری لە سـلێمانی پێکەوە ئەمانخوێند. هەر ئەو شەوە دوای نان خواردن چووینە ئێستگە، ئەحمەد فەخری تا ئێستگە لەگەڵمان هات و لەوێ سواری شەمەنەفەر بووین و لە ئێستگەکانی ئەسکی شەهر و پۆلادلییەوە ڕۆیشتین و چووینە ئەنقەرە.

ئەنقەرە

لە ئەنقەرە کە گەیشـتینە پایتەختی تازەی تورکیا، پێمان نابووە هەفتەی چوارەمی نیسان، گەرما دەسـیپێکردبوو، لەو ڕۆژەشـا ئەنقـەرە ناتەواوی زۆر بـوو، ئەهالی و حکوومەت تازە دەسـیان کردبـوو بە دروسـتکردنی هەندێ بینـا. نەشـات و بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ بەرچـاو نەئەکەوت، نیشـانەی گـۆڕان و ئینقلاب دیار نەبوو، ساردوسـڕی، بێخوێنی و کەمتەرخەمـی نەئەشـاررایەوە، ڕووی خۆش و لێوی بەخەندە نەئەبینرا. بە شـەقامەکانا دووردرێـژ ئەگـەڕام، ئەمڕوانییـە مەغـازەکان، شـانم لە شـانی یەکێ نەئەکـەوت، لە بەرێکەوە ئەپەڕیمەوە ئەوبەر، تەماشـای ڕاسـت و چەپم ئەکرد، لە چارەکە سـەعاتێکا زەحمـەت عارەبانەیـەک بە شـەقامەکەدا تێئەپـەڕی، ئۆتۆمۆبیل بە دانسـقە لە ئەنقەرە ئەبینرا. بە ناوەڕاستی شەقاما بە ئاسایی هاتوچۆ ئەکرا. بۆ ڕێکخستنی هۆی گوێزانەوە، پۆلیس دانەنرابوو، چونکە پێویسـتیان بەمە نەبوو. بەکورتی ئەم شارە هەروەکوو لەلایەن

دیمەن و هەڵکەوتی تەبیعییەوە لەوانە نەبوو، کە بکرێ بە ناوچەی حکوومەتێکی عەسری، کەمالییەکانیش تا ئەو ڕۆژە نەیانپەرژابوو بە تەرزێکی وا ڕێکی خەن و ئاوای بکەنەوە، کە لە ناوچەی حکوومەت بچێ.

خەلیفە عەبدولمەجید لە ئەستەمووڵ دائەنیشت. مستەفا کەمال و هەیئەتی وەزارەت لە ئەنقەرە. لەبەر ئەوە ئەنقەرە بەتەواوی تەمسیلی ناوچەی دەوڵەتی نەئەکرد. ئەستەمووڵ گەلێ مەزاهیری دەوڵەتی بۆ خۆی بڕ ئەدا، ناوچەی بازرگانی، سیاسی، خوێندەواری وردەوردە ئەگوێزرایەوە ئەنقەرە و خۆرئاوایییەکان هێشتا ڕوویان بەتەواوی تێنەکردبوو، لوکنتەیەکی باش، گازینۆیەکی پاک و تەمیز، جێگەی ڕابواردنێکی خۆش، سینەمایەکی ڕێک‌وپێک، کتێبخانەیەکی گەورە و جێیەکی کۆبوونەوە یا موحازەرە یا تەمسیلێک، باخێکی گەشت و سەیران بەرچاو نەئەکەوت و پیاو سەری سوڕ ئەما و نەیئەزانی چۆن و لە چ جێگایەک ڕابوێرێت. پاشنیوەڕۆی ٢٥ی نیسانی ١٩٢٢ و دوای ڕەنج و مەشەقەتێکی دوورودرێژ، گەیشتبووینە ئەم ئوتێلە، کە لە شەقامێکی گشتیدا ئوتێلێکی بچووک و بێ‌ئەهەمییەت بوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا لە ئوتێلە باشەکانی ئەنقەرە ئەژمێررا، کەچی لە گەراجی تۆزێک پاک و تەمیزی ئیمڕۆی بەغدا باشتر نەبوو. شکی تیا نییە کە ئەوەتان بە خەیاڵا نایەت لەو ئوتێلەدا بیر لە باوەشێنی کارەبا، لە سندووقی بەفر یا لە تەلەفۆن بکەنەوە؛ نەک ئەمانە، بەڵکوو جێگەی ئاو بە خۆداکردنیشی تیا نەبوو.

نزیک ئێوارە تۆفیق‌بەگی یاوەری ڕەئیسی هەیئەتی وکلا (ڕەئیسی وزرا) هاتە لامان و بەناوی ڕەئیسەوە بەخێرهاتنی کردین. لەو ڕۆژەدا حسێن ڕەئووف‌بەگ[1] ڕەئیسی وزەرا بوو. بڕیارمان دا کە سبەینێ یاوەرەکەی بێتەوە و پێکەوە بچینە دائیرەی ڕیاسەت.

شێخ مەحموود فەروەیەکی زۆر نایاب و هەندێ دیاری تری ناردبوو بۆ حسێن ڕەئووف‌بەگ. ئەوانەیشمان دایە کە ئەو شەوە بۆی بەرێتەماڵەوە. ئێوارە لە لۆکنتەیەکی

---

١. حسێن ڕەئووف ئەحمەدپاشا چەرکەسی (١٨٨١ -١٩٦٤)، ئەفسەری دەریاوانی سوپای عوسمانی بوو، لە جەنگی سەربەخۆییدا بوو بە هاوەڵی مستەفا کەمال ئاتاتورک. لە ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٢١ بۆ ١٤ی یەنایری ١٩٢٢ سەرۆکی پەرلەمان بووە، دوایی لە ١٢ی یۆلیوی ١٩٢٢ تاوەکوو ٤ی ئابی ١٩٢٣ سەرۆک‌وەزیران بووە، بەهۆی تێکچوونی نێوانی لەگەڵ عیسمەت ئینۆنوو و مامەڵەی خراپی ئاتاتورک لەگەڵ چەرکەسەکاندا دەستی لە کار کێشاوەتەوە. م.س.

نزیـک لە ئۆتێلەکەمـان نانمان خوارد. چاکترین خواردن کە لـەم لوکنتەیە ئەکرا مومبار بوو. لە ئیشی هەویر و شیرینی تورکەکان پێشکەوتوون،خواردنەکان هەرچەن کەم بوو، بـەڵام پاک و تەمیـز و هـەرزان بوو. دوای نان‌خـواردن من چوومـە چایخانەیەک، کە ئەیانوت پیاوانی موناسب و گەورەی تیا دائەنیشێ، کەچی لەگەڵ حەمامی ژنانی ئێمەدا ئەوەنـدەی جیـاوازی نەبـوو، کە ئەوان بە جلەوە دانیشـتبوون، کورسـی بە کورسـییەوە ڕێگەی هات‌وچۆ نەبوو. دە دەقیقە زیاتر بە پێوە وەسـتام تا کورسـییەکیان بۆ هێنام، بە هەزار حاڵ ئاخنیمە بەینی کورسی دانیشتووەکان و دانیشتم. پیاڵەیەک چایان بۆ هێنام، مێز نەبوو، جێگە نەبوو مێزی لێ‌دانێن، لەبەر ئەوە پیاڵەکەم گرت بەدەسەوە. درۆی تیا نییـە کە بڵێم بە ئاسـانی ڕێگە نەبوو چاکە تێک‌بدەم، سـەرەڕای ئەمـە کابرا وتی: «بدە پارەی چاکە!» تێگەیشتم کە پارە لە پێشەوە ئەدرێ، پیاڵەکەم دایەوە دەسی بۆ ئەمە بتوانم دەس بکـەم بـە گیرفانما، کاغەزێکی لیرەییم دایە ٩٥ قرۆشـی دامـەوە. بەمەدا زانیم کە پیاڵەیەک چا بە پێنج قرۆشە، بەڵام تا ئەم ئاڵ‌وگۆڕە کرا چاکەم سارد بووەوە و لە عەمەل کەوت، هەسـتام و هاتمە دەرەوە. وەکوو لە زیندانێک هاتبمە دەرەوە نەفەسێکی درێژم هەڵکێشا و جارێکی تر نەچوومەوە چایخانەی گشتییەکان.

بەیانـی تۆفیق‌بەگ هاتـەوە و ئێمەی بردە وەزارەتی خارجییە لە ٢٨ی نیسـانی ١٩٢٢. ئـەم دائیرەیـە لـە خانوویەکی ئیعتیـادی ئەچوو، کام دائیـرەی مودیرییەتێکـی ئیمڕۆی بەغدا بگری، لەگەڵ جێنشـینی ئەو ڕۆژەی ڕەئیسـی وزەرای ئەنقەرەدا بەرئاورد ناکرێ، چونکە زۆر لەو نموودەترە. لەو ڕۆژەدا عیسمەت‌پاشـای وەزیری خارجییە لە لۆزان بوو. لـەوێ محیەددین‌بەگ ناو بین‌باشـی ئەرکانی حـەرب، چاوەڕێی ئەکردیـن و بردینییە ژووری خۆی و لەگەڵمان کەوتە قسـە، بەپێی عادەتی تورکە سیاسـییەکان زۆر دەمی لە دینەوە ئەدا، وادیار بوو کە ئەویش لەو خەیاڵەدا بوو، کە کورد مسـوڵمانێکی سـافیلکە و کـەم عەقڵن، بـە دین تەفرە ئەخـۆن، بە پارە ئەگیرێـن. ئێمە لـەلای محیەددین‌بەگەوە ئەچووینە لای حسێن ڕەئووف‌بەگ. بۆیـە کابرا ئەیدوانین لە بیروباوەڕمان بگا، لەلایەکی تریشەوە ئەیویست بمانخاتە سەر ڕێ و تێمان بگەیەنی کە چۆن ئەبێ بدوێن و جگە لەمەیش ئامادە بین بۆ بیستنی قسەکانی ڕەئیسی وزەرا لەگەڵمان. محیەددین‌بەگ باسی

غەزا و باسی کوشتاری گاور و پاکردنەوەی وڵاتی بۆ ئەکردین لە کوفر، ئەیوت: ئێمە لەوەدا شکمان نییە کە برا کوردەکانمان لە ژێر بەیاخی شێخ مەحموودا غەزای ئینگلیز ئەکەن و وڵاتەکەیان لە گاور پاک ئەکەنەوە و لەگەڵ ئێمە تورکەکانی برای دینییان یەک ئەگرنەوە، خۆیان ئەهاوێژنەوە باوەشی ئێمە، ئەگەر بێنەوە ژێر سێبەری بەیاخی تورک و بەمە خۆشەویستی و برایەتی گەورەی تورک دەس ئەخەنەوە و لە ژێر باڵی حکوومەتی ڕاست و خاوەن عەدالەتی مستەفا کەمالدا ئەحەسێنەوە.

من لەم قسانە بەڕاستی پەست بووم و تێگەیشتم کە بەخۆڕایی بەم جۆرە قسانەوە بەرەوپیریمان ئەکەن، مەبەس ئەوە بوو کە بزانین موحیتی ئەنقەرە شتێکە و موحیتی ڕەواندز شتێکی تر و ئەو شتانەی کە لە بازاڕی ڕەواندزا پێمان ئەفرۆشرا، هەمووی مناڵ هەڵخەڵەتێنە و بابەتی لادێیە و لە ئەنقەرەدا دەس ناکەوێ و نافرۆشرێ. لەگەڵ ئەمەیشا ئەمزانی کە لەم دەم پشکنینەدا ڕەوشتی حکوومەت بەرامبەر بە ئێمە دائەنرێت خۆم پێنەگیرا، مەجرای قسەم وەرگێڕایە سەر داواکانی کورد.

محیەددین بەگ ڕووی گرژ کرد و وتی: «با بچم عەرزی ڕەئیسی وزەرا بکەم کە ئێوە ئامادەن بۆ چاوپێکەوتنی.» ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە، وتی: «فەرموون.» بەڵام ڕووی کردە من وتی: «زۆر تکات لێ ئەکەم نەزاکەتی وەزع بێنە بەرچاوت و بەپێی ئەوە قسە بکە، حەز ئەکەم ڕەئیس دڵی لێت کرمێ نەبێ، نابێ ئێمە بەپێی پڕوپاگەندەی بێ ئەساسی ئینگلیز تەفرە بخۆین و لەناو خۆمانا لە ڕێگەی یەکییەتی و برایەتی لابدەین.» کە چووینە ژوورێ، ڕەئیسی وزەرا بە پێوە چاوەڕێی ئەکردین، دەسمان گوشی، بەگەرمەوە بەخێرهاتنی کردین و ئەمری کرد بە دانیشتنمان، ئینجا خۆشی دانیشت و دەسی کرد بە پرسین لە سلێمانی و لە شێخ مەحموود. پێمان وت کە ئێمە دوو مانگ ئەبێ سلێمانیمان بەجێ هێشتووە و هەرچی ئەزانین کۆنە. لەبەر ئەوە بەتەماین کە لە ئەنقەرە باس و هەواڵی تازەی سلێمانی و شێخ مەحموود وەربگرین. وەڵامی داینەوە وتی: «دوای دەرچوونی ئێوە لە سلێمانی، ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ مەحموود کرد کە سلێمانی بەجێ بێڵێت و بچێتە بەغدا، دیارە کە بە قسەی نەکردن و لەگەڵ ئۆزدەمیر لە ڕەواندز بۆ خۆپاراستن تەرتیباتی وەرگرت، لەسەر ئەمە سلێمانییان بۆمباران کرد، منیش (واتا ڕەئووف بەگ)

دەزبەجێ بە شـفرە عیسمەتپاشام لە لۆزان ئاگادار کرد پێم وت کە لەلای موئتەمەر بە شـیددەت ئینگلیزەکان پرۆتسـتۆ بکا و پێیان بڵێت کە ئەم کارە پێچەوانەی ئەوەیە،کە تا ئەنجامی موئتەمەر لەلایەن ڕاگرتنی «سـتاتوکۆ»وە بڕیاری لەسەر درابوو.» دوای ئەمەش ڕەئووف بـەگ وتـی: «ئیتر لەوانە نییـە جارێکی تر تا ئەنجامـی موزاکەراتی موئتەمەری لـۆزان ئینگلیـزەکان بتوانن سـلێمانی بۆمباران بکەن.» ئێمەش سپاسـمان کـرد. جانتای ئەوراقەکانی پێمان بوو و مۆری نەکرابووەوە پێشکەشمان کرد وتی: «من شەو لە ماڵەوە بە شێنەیی ئەیانخوێنمەوە و لە دواییدا پێشکەش حەزرەتی غازیپاشا، واتا مستەفا کەمالی ئەکـەم. ئەوەندە هەیە کە مەجلیسـی گەورەی میللەت ئێسـتە لە حاڵەتـی کۆبوونەوەدا نییـە و تەعتیلـی هەیە، لەبەر ئەوە جـارێ ناتوانین لەم لایەنەوە هیچ بڵێین یا شـتێک بکەین، بەتایبەتی عیسمەتپاشاش لە لۆزان بۆ مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ خەریکە و لـەوەدا شـکمان نییە، کە داوای تورک سـەر ئەکەوێ و مووسـڵ ئەگەڕێتەوە باوەشـی دایکی نیشـتمان، ئەو وەختە دیارە کە کوردەکانیش بە ئامانجی خۆیان ئەگەن و لەگەڵ تورکەکانـی بـرای دینی و مێژوویی و دێرینیان یـەک ئەگرنەوە و لە ژێر چنگی غەدر و ئیستعماری ئینگلیزە گاورەکان دێنە دەرەوە و ڕزگاریان ئەبێ. جەنابی شێخ مەحموودیش جگە لە سەوابی ڕۆژی قیامەت، لە دونیاشا بگا بە بەری غەزای قارەمانی خۆی.»

من بەمە تێگەیشتم کە واجبی ئێمە ئیتر تەواو بوو و پێویستە کە تا تورکەکان خۆیان شـتێکمان لێ داوا نەکەن و ئیشـێکمان پێ نەسپێرن، باسی مەسـەلەی کورد نەکەین و لـە بیـر خۆمانـی بەرینـەوە، لەبـەر ئەمـە دوای قاوەخواردنـەوە و جگەرەکێشـانێک، بـە گفتوگۆیەکـی ئافاقییـەوە ڕامانبـوارد. ئینجا ڕەئووفبەگ هەسـتایە سـەر پێ. ئەمە نیشـانەی ئەوە بوو کە ئیتر دوایی بە دانیشـتن درا، ئێمەش هەسـتاینە سـەر پێ، بەڵام پێش ئەوەی دەس بگوشـین و لێی جیا بینەوە وتی: «من ئیمڕۆ خەبەری گەیشـتنی ئێوە ئەدەم بە ئوزدەمیر و پێی ئەڵێم ئەویش شـێخ مەحموود ئاگادار بکا و تێشـی بگەیەنێ کـە زۆرمـان پێخۆش بوو بـۆ ناردنی ئێوە و بەتایبەتـی لەوەکە بـڕیاری داوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان غەزا بۆ ڕزگاری کورد لە چنگیان، ئەم فداکارییە ئەکا و سەلامی حەزرەتی غازی مستەفا کەمال و ئیحتراماتی منی پێشکەش بکە.»

ئینجـا ڕووی کـردە من و وتی: «تۆیش بەتایبەتی بۆ شـێخ مەحموود بنووسـە کە ئێمە چۆن بە هاتنتان و لە کردەوەی خوداپەسندانەی شێخ مەحموود بەرامبەر بە ئینگلیزەکان خۆشـنوود بوویـن و بە هەمـوو هێزێکمانـەوە ئامادەین بـۆ یارمەتی ئەو و سـەرکەوتنی لـەم غەزایـەدا کـە ئەیـکا و لـە بیرمـان ناچێتـەوە کە لـە سـەرمانە ئەجـری غەزاکەی بدەینـەوە، با ئەویـش بزانـێ کە مەجلیسـی گـەورەی میللەت لـە تەعتیلایـە و وەڵامی نووسینەکانی تری شێخ مەحموود بەسراوە بە کۆبوونەوەی مەجلیس و دەرکەوتنی ئەنجامی تەقەلاکانی عیسمەتپاشا لە موئتەمەری لۆزان...» شکی تیا نییە کە خوێندەوارە بەڕێزەکان لە مەغزای ئەم ئەسپاردەیەی ڕەئیسـی وزەرا بە من تێئەگەن. ئیتر دەسی ڕەئووفبەگمان گوشـی و هاتینە دەرەوە، یاوەرەکەی لەگەڵمان هاتبوو، ڕایسـپارد عارەبانەیەکیان بۆ هێناین، سـواری بووین و گەڕاینەوە ئوتێل. من لە فەتاح سـەرم سـوڕما، چون لەو هەموو قسـە و پڕوپاگەندەیە کە لە سـلێمانی ئەیکرد، یەک وشـەی لە بیر نەمابـوو، بەرامبەر بەم وەزعە لێوی بەر لێو نەنا، من ماتەمینی بەتەواوی دایگرتم، تا یەکدوو سـەعات قسـەم لەگەڵ فەتاح نەکرد، ئەو باش لە من تێگەیشـتبوو، بەڵام هەوڵی ئەوەی ئەدا کە خۆی بەتەواوی دەرنەخا، دڵیشی ڕائەگرتم و نەیئەویست کەوا تێبگەم لەگەڵ من لە یەک بیروباوەڕا نییە. لـە پاشـملەی تورکەکان لەگەڵ من و لە پاشـملەی من لەگەڵ تورکـەکان بوو، بەڵام کە هەموو ئەکەوتینە شـوێنێک، قسـەی بۆ من و ئەوان ئەهێشتەوە، خۆی تێکەڵ بە قسە نەئەکرد. من لە ئەنقەرە کەسم نەئەناسی، بەڵام فەتاح زۆری ئاشنا هەبوو بەهۆی ئەوەوە منیش چەن کەسـێکم ناسـی و لە چەن زیافەتێکی تایبەتیدا هەندێ دۆستی باشم پەیا کرد، لەمانە هەرە باشەکەیان و بەجەرگەکەیان حاجی شوکریبەگی مەبعووس بوو.

ئەم پیاوە یەکێک بوو لە کوردەکانی تورکیا، کۆنە میرئالای عەسـکەری بوو لە شـەڕی ئیستقلالی تورکا لە جەبهەی خۆرئاوا (ئایدین)، بەرامبەر بە فەڕەنسزەکان شەڕی کردبوو، لە ئەجری ئەوەدا لە مسـتەفا کەمال نزیـک بووبووە، کرابوو بە مەبعووس، واتا یەکێک بـوو لە مەجلیسـی گەورەی میللەت، بـەڵام لەو ڕۆژەدا چووبووە ڕیـزی موخالیفەکانی مسـتەفا کەمال و بەئاشکرا لە پاشـملەی ئەدوا. بۆ جاری یەکەم لەگەڵ فەتاح زیافەتی بۆ کردبووین و لە ماڵی خۆی لەگەڵ یەکوو مەبعووسـی تری کورد یەکتریمان ناسـی.

دوای ئەو شەوە ئیتر حاجی شوکری‌بەگ لە من نەبووەوە و ئەغلەبی ڕۆژ یا بۆ قاوەڵتی یا بۆ ئێوارە ئەیبردمە ماڵی خۆیان و بە یەکەوە دووردوورودرێژ سکاڵامان ئەکرد. بەهۆی ئەم زاتەوە زۆر شتم بۆ دەرکەوت. چەن ڕۆژێک پێش گەیشتنی ئێمە بۆ ئەنقەرە، یەکێ لە مەبعووسەکانی ترابزۆن داوێکی بۆ نرابووەوە و بە وێنەیەکی وەحشیانە لەناو برابوو، چونکە ئەو مەبعووسە لە موخالیفەکانی مستەفا کەمال بوو؛ کوشتنەکەیان لەو ئەزانی، باسی ئەم موئامەرەیە لەو ڕۆژەدا بەدزییەوە ئەگێڕایەوە، بەلام من بەتەواوی لە کارەساتەکە ئاگادار بووم. ئەو مەبعووسانەی کە شکیان لە خۆیان بوو، ئەشترسان و زۆریش بەجەرگ بوون. وادیار بوو کە هێشتا مستەفا کەمال نەگەیشتبووە ڕادەیەک کە موخالیفەکانی زۆر لە ژووروی خۆیانەوە بێتە بەرچاویان، ئەوەندە سڵیان لێ نەئەکردەوە، هاوڕێی غەزای دوێنێیان بوو، هەموو خۆیان بە یەکێک ئەزانی وەکوو مستەفا کەمال. هەرچەن مستەفا کەمال پشتیوانی زۆری هەبوو و هێزی بەدەسەوە بوو، بەلام ناحەزەکانی لە تەقەلا نەئەکەوتن و هیوایان هەبوو کە موازەنە ڕابگرن، لەوە گەیشتبوون کە مستەفا کەمال بڕیاری داوە دەسیان لێ بوەشێنێ و لە ئایینی ئەوا لێبووردن نییە. لەبەر ئەمە وریا بووبوونەوە و خۆیان لە هەڵە ئەپاراست، شوکری‌بەگ لە عەشیرەتی خۆی پێنج کوردی لە ماڵی خۆیا ڕاگرتبوو. ئەمانە هەر شاڵ و شەپکی کوردییان لە بەرا بوو، خەنجەر و دەمانچەیان لە خۆیان نەئەکردەوە و تفەنگەکانیشیان بە دایم لەبەر دەسیانا بوو، شەو تا بەیانی بە نۆرە ئێشکیان ئەگرت. شوکری‌بەگ ژن‌وماڵی نەبوو، خۆی بەتەنیا بوو، لەبەر ئەمە پیاوەکانیشی لە ماڵەوە بە بست لێی جیا نەئەبوونەوە، بەلام لە دەرەوە بەتەنیا ئەگەڕا، ئەوەندە هەبوو شەوان نەئەچووە دەرەوە. وەکوو تێی‌گەیشتبووم حسێن ڕەئووف‌بەگی ڕەئیسی وزەرا، کە وشەی غازی لە دەم نەئەکەوتە خوارێ و بە هەموو موناسەبەتێک و زۆر بەڕێزەوە ئەهات بە زمانیا، یەکێک بوو لە موخالیفەکانی هەرە گرنگی مستەفا کەمال.

لە دواییدا و پاش گەڕانەوەم بۆ پاش بەینێک لە غەزەتەکانی تورکیا و بێگانەکانیشدا ئەمخوێندەوە کە بەینی مستەفا کەمال و حسێن ڕەئووف تێکچووە، چونکە حسێن ڕەئووف بە لایەنگری خەلافەت ناسرا بوو. زیاد لەمەش بە لایەنگری ئینگلیزیش درایە قەڵەم. ئەم

حسێن ڕەئووف بەگ لە وەختی خۆیا زابتی بەحرییە بوو لە شەڕی گەورەی یەکەما لە ئۆردووی حەمیدییە بوو، لە زەریای سپی، سوور، عومان، خەلیجی عەرەبی و زەریای موحیتی هیندیدا بەتاقیتەنیا ئەهات و ئەچوو، کەموزۆر گەمیەکانی بازرگانی وە یا شەڕی دوژمنەکانی تورکی تووشی زەرەر کردبوو. ناوی حسێن ڕەئووف بووبوو بەناوی قارەمانێکی خەیاڵی، گەلێ شتیان لێئەگێڕایەوە، کە شکم نییە زۆری لە کانگای خەیاڵاتی موبالەغەپەرستی عێراقییەکانەوە هەڵئەقولا، بەڵام حسێن ڕەئووف بەگ قارەمان بوو. ئەوە ڕاستە لەلایەن تورکیا و بەتایبەتی لەلایەن هەموو عێراقییەکانەوە بەم جۆرە ناسرابوو، پیاوێکی کەڵەگەت و گەنمڕەنگی نزیک بە ئەسمەری چوارشانە و مووڕەش و بە سام بوو. لەگەڵ ئەمەشا کە یەکێ بوو لە پێشەوا ئینقلابییەکانی مستەفا کەمال، بەڵام لە پیاوەکانی تەرزی پێشوو لایەنگیری ڕاگرتنی ڕەسم و عادەتی کۆن و لەسەر بیری هێشتنەوەی خەلافەت بوو، پشتیوانەکانی خەلافەت هێشتا زۆر بوون و گەلێک لەمانە لەناو ئینقیلابگێڕەکانا بوون، لەبەر ئەمە مستەفا کەمال بۆ لابردنی خەلافەت، زۆر بەوەستایی ئەجووڵایەوە و لە دەوروپشتەکانی خۆیشی سڵی ئەکردەوە.

حیکایەتی موخالیفەکانی مستەفا کەمال لە مەسەلەی خەلافەتا، دوورودرێژە و لەم مەسەلە گرنگەدا مستەفا کەمال تەنیا بە بیری خۆی ئەچوو بەڕێوە، لەبەر ئەوە گەلێجار ئەکەوتە وەستاوێکی ئەوتۆوە، کە لە درۆ کردن و هەڵخەڵەتاندنی هاوڕێکانی بەولاوە، چارەیەکی نەئەما.

بەکر سامیبەگی وەزیری ئیشەکانی دەرەوەی تورکیایش، دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا، حیزبێکی دانا، کە زۆر لە موخالیفەکانی مستەفا کەمالی هاتە ناو، ئەم حیزبە ئەیانویست شەڕ ببڕێتەوە و لە نەرمی و دۆستایەتی فەڕەنسە و ئیتالیا کەڵک وەربگرن و پەیمانێکی ئاشتی کە سوێندخۆرەکان بۆیان دائەنێن ئیمزا بکەن. ئەیانویست چییان پچڕییەوە لە دەس خۆیانی نەدەن و تورکیا نەفەوتێنن، بەڵام گەورەترین موعارزی مستەفا کەمال، کازم قەرەبەکر پاشا بوو. مستەفا کەمال لە وەختی خۆیا بە پشتیوانی ئەم قائیدە گەورە و خۆشەویستەوە، کە لە حکوومەتی ئەستەمووڵ یاخی بوو لە ئەنادۆڵدا مایەوە، بەڵام دوایی کە هەستی بەوە کرد مستەفا کەمال لەسەر لابردنی خەلافەتە،

بــوو بــە دوژمنــی و بەئاشــکرا هەڕەشــەی لێکــرد. ژەنــەڕاڵ قەرەبەکــر لە مەجلیســی گەورەی میللیدا مەبعووس بوو، سـەرەڕای ئەمە بووبوو بە زەعیمی ئەوانە کە لایەنگری سـەڵتەنەت و خەلافـەت بوون. ڕۆژێـک نامەیـەک ئەنێرێ بۆ مسـتەفا کەمال و ئەم قسانەی تیا ئەنووسێ:[1]

«... دەسـتووری تازە لەچـاو شـەرعا بە قانوونی و بە ڕاسـت ناژمێررێـت، چونکە لە کارێکی وا گرنگا بیری هاونیشـتمانییەکان نەپرسـراوە و دەنگیان وەرنەگیراوە، شکی تیا نییە کە لە هەڵبژاردنی جۆری حوکما میللەت خاوەنی هەقە.» لە دوای نامەکەوە ئەیوت: «مـن (واتا ژەنەڕاڵ قەرەبەکر)، بڕیارم داوە کە هەرچی جۆرە فیداکارییکیش پێویسـت بێ بیگرمە سـەر شـانم بۆ نەهێشـتنی گۆڕینی حوکمی سـەڵتەنەت بە جمهوورییەت.» هەروەکـوو ئەم نووسـەرە ئەڵمانە خـۆی ئەڵێت لە لاپـەڕەی ٣١٣ی تەرجەمەی عەرەبی کتێبەکەیدا: «کازم قەرەبەکر پاشا لەلای گەورەکانی ئۆردووی تورک جێگەیەکی زۆر بەرز و بەڕێزی هەبوو. میللەت لە زەکا و زیرەکی عەقڵی شارەزا بوو، لەبەر ئەوە پشتیان ئەگرت و لەلایەن پشـتیوانی سەڵتەنەت و خەلافەت و پاراسـتنی لە دەسدرێژی مستەفا کەمال گوێیـان لە قسـەی ژەنـەڕاڵ بەکر ئەگرت. لەوانـە بوو کە بێتوو بیـەوێ میللەتی تورک بەرامبـەر بـە مسـتەفا کەمال ڕاسـت بکاتەوە، کەسـێک نەبێ بەرهەڵسـتی بـکا وە یا شوێنی نەکەوێ.»

ئینجا مستەفا کەمال کە ئەمانەی ئەزانی و شارەزای بەرزی و بەڕێزی قەرەبەکر بوو، لـە چـاو میللەت و ئۆردوودا، دەرکی بەوە کردبوو کە عینـادی کەڵکێ ناگرێ و ئەیخاتە تەنگوچەڵەمـەوە، لەبـەر ئەمە لە درۆ و لـە فێڵ بەولاوە، چارەی نەمابوو و شـتێکی بەدەسـەوە نەبوو. لە وەڵامی قەرەبەکر پاشـادا ئەیوت: «... لەو قانوونانەدا کە مەجلیسی میللـی داینـاوە، شـتێکی وای تیا نییە کە بۆنی دەسـدرێژ کردنی لێ بێ بۆ سـەڵتەنەتی موقەددەس وە یا خەلافەتی موقەددەس یا هەستی ئەوەی لێ بکرێ کە هاندانی تیایە بۆ حوکمی جمهووری. ئەوانە وا دێتە بەرچاویان کە ئێمە ئەمانەوێ سەڵتەنەت لەناو بدەین و

---

١. تەماشـای لاپەڕە ٣١٢ ـ ٣١٣ی تەرجەمەی کتێبی «مصطفی کمال المثل الاعلی» نووسـینی کاتیبی ئەڵمانی بەناوبانگ داگۆبێرت ڤون میکوش بکەن.

حوکمی مەلیکی بگۆڕین بە حوکمی جمهووری، لە دونیایەکی ترا ئەژین و لە ئێمەوە زۆر دوورن...! لـە دونیای خەیاڵ و واهیمەدا ئەژین...!» ئەم قسـانە تەئسـیری خۆی کردبوو، کازم قەرەبەکر تەفرەی پێ‌خواردبوو و هێمن بووبۆوە.

پاش زیارەتـی حسـێن ڕەئووف‌بـەگ بـە دوو ڕۆژ، یاوەرەکـەی هاتـە ئوتێـل... وتی: «بڕیار وایە سبەی ئێوارە بچنە چان‌قایا بۆ خزمەت غازی. حسێن ڕەئووف‌بەگی ڕەئیسی وزەرا لـە سـەعات پێنجی پاش‌نیوەڕۆ لە دائیرەی ڕیاسـەت چاوەڕێتـان ئەکا و لەوێوە ئەتانبا بۆ لای.»

فەتاح لە خۆشـیا نەیئەزانـی چی بکا، بەڵام من دەزبەجێ بـڕیارم دا کە ئەگەر بۆم ڕێکەوت بیانوویەکی باش بدۆزمەوە و نەچم بۆ ئەم زیارەتە. وەکی تریش چاوپێکەوتنی گەورەیەکی عالەمی وەکوو مستەفا کەمال شتێکی کەم نەبوو، ئەمزانی لە ژیانی فەردێکا ئەم‌جـۆرە کاتانـە کـەم هەڵئەکـەوێ و لاپەڕەیەکـی مێژوویـی داگیر ئەکا. لەبـەر ئەمە کەوتبوومە زەریایەکی خەیاڵاتەوە و خۆم لە دونیایەکی ترا ئەهاتە بەرچاو، خەریکی خۆ ئامادە کردن ئەبووم. قسـەم لێک‌ئەدایەوە، شتم بە بیرا ئەهات، بیرم لەوە ئەکردەوە چۆن بدوێـم؟ چۆنم قسـەم لەگەڵ ئەکا و چیم لێ‌ئەپرسـێ؟ لەلایەکی ترەوە بـڕیارم ئەدایەوە کـە نەچـم، بەڵام چی بڵێـم و چ بیانوویـەک بدۆزمەوە؟ ئـەوا بیانووم هێنایـەوە، باوەڕم پێ‌ئەکـەن، یا چۆنـی لێک‌ئەدەنەوە؟ دوای ئەوە شـتێکی وا ئەکەن کە من لە کردەوەی خۆم پەشیمان بمەوە وە یا گوێ نادەنێ و بە چاوێکی سووک تەماشام ئەکەن؟

بەڕاسـتی تا سـبەینێ نیـوەڕۆ مـن هـەزاران شـتی وام لێکدایـەوە، کـە بـە خەیاڵی هـەر منا هاتـووە، بەڵام منیش نەمئەزانی بـە کام بیری خۆم بجووڵێمـەوە و هەرچەندم ئەکرد لەسـەر شـتێک بـڕیارم بۆ نەئەدرا، ئاخری مەسـەلە لەخۆیـەوە هەڵهێنرا (حەل بـوو)، لەپـڕ لەرزم لێهات و دوای یەک‌دوو سـەعات تایەکی گـەرم دایگرتم، لە نزیک سـەعات پێنج یاوەرەکە هاتەوە بە شـوێنمانا، من لەناو جێگا کەوتبووم و فەتاح پەڕۆی تەڕی ئەنایە سـەر ناوچەوانم، یاوەر زۆر موتەئەسـیر بوو، داخەکـەم ناوی ئەم یاوەرەم لە خاتراتەکەمـا نەنووسـراوە و لـە بیریشـم نەماوە. فەتاحـی لەگەڵ خۆی بـرد و دوای نیو سـەعات پسـپۆڕیکی بۆ من هێنا و دەرزی مەلاریای لێدام. شـەو فەتاح گەڕایەوە وتی:

«غازی سـەلامت لێئەکا و داوای چاپوونەوەت ئـەکا. پێی ناخۆش بوو کە تۆی نەدی.»
لێم پرسی گفتوگۆی چیتان کرد؟

وتـی: «هـەر ئەوانـەی دووبارەکردەوە کە حسـێن ڕەئووف بـەگ پێی وتیـن.» جگە لەمەیـش وتی: «ئەمری کرد کە بەهـۆی هێزەکەی ئۆزدەمیرەوە لە ڕەواندز هەندێ دیاری بۆ شێخ مەحموود و چەن ڕەشاشێکی تازە داهاتوویش بۆ لەشکرەکەی بنێرن.»

مەسەلەی کۆبوونەوەی مەجلیسی میللەت مەسەلەی ئیمڕۆ و سبەینێ نەبوو، هێشتا زۆری ئەویست بۆ کۆبوونەوەی، موئتەمەری لۆزانیش خوا ئەیزانی کەی و چۆن ئەبڕێتەوە، چونکـە سـوێندخۆرەکان لە هەل ئەگـەڕان بۆ ئەوەی کـە دەس بنێنە بینـی تورکەکان. ئەمە جاری دووەم بوو عیسمەتپاشـا ئەچووەوە لـۆزان، لە پێش ئەم جارەدا و لە ٢٢ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ جارێکی تر موئتەمەری لۆزان کۆبووبووەوە و سوێندخۆرەکان و بەتایبەتی ئینگلیزەکان هەوڵی ئەوەیان ئەدا، کە ئەو شـتەی بە لەشـکری یۆنان دەسیان نەکەوتـووە، لـەم موئتەمەرەدا لە ڕێگەیەکی دیپلۆماسـییەوە دەسـیان بکەوێت، بەڵام کەڵکی نەبوو و لە دوای دوو مانگ و نیو موزاکەرەی بێسوود بڵاوەیان لێکرد بە هیوای کۆبوونەوەیەکی تر و عیسمەتپاشا گەڕایەوە ئەنقەرە.

لـە کانوونی دووەمـا دووبارە کۆبوونەوە و ئەنقەرەیان بانگ کرد بـۆ موزاکەرە. ئەنقەرە دووبارە عیسمەتپاشـای ناردەوە. ئێمە (من و فەتاح) لە ٢٣ی شـوبات لە سـلێمانییەوە حەرەکەتمان کردبوو لە ٢٥ی نیسان گەیشتبووینە ئەنقەرە، عیسمەتپاشا هێشتا لە لۆزان بـوو و موزاکـەرات بەگەرمی دەوامی ئەکرد، بەرهەڵسـتە هەرە گرنگـەکان لە ڕێی تورکا نەمابوو. لەشـکری یۆنان بەتەواوی شکابوو و لە خاکی تورک کرابووە دەرەوە، حکوومەتی خەلیفـە لە ئەسـتەمووڵ کز بووبوو و لـە بزووتنەوە کەوتبوو، سـوێندخۆرەکان لە ژێرەوە لەگەڵ یەک ڕاسـت نەبوون، فەڕەنسـە و ئیتالیا ئەیانویسـت کە یارمەتی تورک بدەن و بیژێیننەوە، ئینگلیزەکانیش لە ترسی ڕێکەوتنی مستەفا کەمال لەگەڵ ڕووس نەیانئەوێرا زیاد لە پێویست تورکەکان لە خۆیان بسڵەمێننەوە، لەبەر ئەمانە لە موئتەمەری ئەمجارەی لۆزاندا ناوی حکوومەتی ئەستەمووڵ نەبوو، باسی موعاهدەی سیڤەریش نەکرا.

ئینجـا مەبـەس لـە ناردنی ئێمـە چی بـوو؟ ئۆزدەمیر لەسـەر ڕاسـپێری حکوومەتی

ئەنقەرە ویستی لەو ڕۆژەدا لە ئینگلیزەکان دوورمان بخاتەوە و ماوەی ئەوە نەدا کە لە کاتی موزارکەرە لە لۆزان بەناوی کورد و کوردستانەوە لە ویلایەتی مووسڵدا بزووتنەوەیەک بێ نەوەک ئەمە تەئسیر بکاتە سەر مەجرای موزاکەرات لە زددی عیسمەت پاشا، لەبەر ئەمە چوونی ئێمە بۆ ئەنقەرە، بۆ تورک شتێکی زۆر بەکەڵک بوو، چونکە لە کاتێکی وادا کە کوردەکانی عێراق وا زەن ئەکرا لەگەڵ ئینگلیز ڕێکەون و حکوومەتێکی کوردی دابمەزرێنن و ئۆزدەمیر لە ڕەواندز بکەنە دەرەوە و خزمەتی مەسەلەی مووسڵ بکەن لەسەر حیسابی ئینگلیز، مەسەلە بە پێچەوانە ڕووی دا... ئێمە نێرراین بۆ ئەنقەرە، شێخ مەحموود یاخی بوو لە ئینگلیز و بەم ڕەنگە بیانووی مەسەلەی کوردستان بەدەس ئینگلیزەوە نەما و قسەی عیسمەت پاشا لە بابەت مووسڵەوە لە لۆزان لەسەرەوە بوو. ئینجا کەوابێ شێخ مەحموود بۆچی ئەمەی کرد؟! بەڵێ ئەمە جێگەی پرسە، بەتایبەتی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەم پرسەی بە بیرا دێت، لەبەر ئەمە منیش بە پێویستی ئەزانم کە لەم لایەوە بە قەدەر تێگەیشتی خۆم بیری خوێندەوارە بەڕێزەکان ڕوون بکەمەوە.

شێخ مەحموود کە هاتبووە بەغدا، ئاگای لە وەزعیەتی تورکیا نەبوو و بەتەواوی نەیئەزانی کە وەزعی سلێمانی لە چیایە. ئەوەندەی ئەزانی کە بەپێی پەیمانی سیڤەر بڕیار دراوە بە دروستکردنی کوردستان و سوێندخۆرەکان بۆ سەردانەواندن بە مستەفا کەمال و لەناوبردنی هێزەکانی تورک هەر خەریکن، وایان تێگەیاندبوو کە تورکەکان هەوڵ ئەدەن کوردەکانی عێراقیش وەکوو کوردەکانی تورکیا تەفرە بدەن، لە ئینگلیز هەڵیانبگێڕنەوە و لەگەڵ خۆیان بیانکەن بە یەک و لە ئەورووپا لە «موئتەمەری ئاشتی»دا بڵێن کوردەکانی عێراقیش تورکیان ئەوێ و بەم جۆرە ویلایەتی مووسڵ داوا بکەنەوە و سەربەخۆیی کورد و دامەزرانی حکوومەتی کوردستانی جنووبی پووچ بکەنەوە. ئینجا پێیان وتبوو کە ئەگەر بێتوو هێزەکانی ئۆزدەمیر لە ڕەواندز بە هێزی کورد بکاتە دەرەوە و لە سنووری عێراق دووریان بخاتەوە، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئینگلیزەکان لە «موئتەمەری ئاشتی»دا بتوانن بەربەرەکانێی ئیدیعای حەقی تورک بکەن بەسەر مووسڵەوە و بەناوی کوردەکانی عێراقەوە موئتەمەر ئیقناع بکەن کە مووسڵ نەدرێتەوە بە تورک بە بیانووی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر لە بابەت

کوردەوە و دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان، بەڵام شێخ مەحموود دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، بەتەواوی کەوتە ژێر تەئسیری جەرەیانێکی پێچەوانە.

باسی سەرکەوتنی هێزەکانی مستەفا کەمال و شکستی لەشکرەکانی یۆنان، بە هەموو لایەکا بڵاو بووبووەوە، ئوزدەمیر لە هەرێمی ڕەواندز و کۆیێ و پژدەر و سلێمانیدا خەڵقی بەتەواوی لە ئینگلیز هەڵگێڕابووەوە، هێزی ئینگلیز سلێمانی بە فرۆکە بەجێ‌هێشتبوو و کەس دانی باشی بە ئینگلیزا نەئەنا. وەکوو لە پێشا باسمان کردبوو گەلێ هۆی تریش وای لە شێخ مەحموود کرد کە بیرێکی تەواو لە دوارۆژ بکاتەوە.

خۆی لە دڵا ئینگلیزی نەئەویست، لە شەڕ و حەپسی و دیلیدا گەلێ ئەزیەتی کێشابوو، کارەساتی بەسەر هاتبوو، لەم‌لایشەوە ئەوانی لە وەزعێکی باشدا نەئەهاتە بەرچاو، وایشی برایە مێشکەوە کە لە «موئتەمەری ئاشتی»دا تورکەکان سەر ئەکەون و مووسڵ ئەگرنەوە، بێتوو تووشی بەرهەڵستێکیش ببن، ئەو هێزانەی کە ئەیانوت پێنج فیرقەیە و لە باکووری سنوورەکانی عێراقەوە ئامادە کراوە، بەزۆر دێنە مووسڵەوە و ئەیگرنەوە.

ئینجا لە ئاستی ئەمەدا تورکەکانیش بەهۆی ئوزدەمیر و تابیعەکانییەوە وایان بردە مێشکی شێخ مەحموودەوە، کە بێتوو بە قسەی ئینگلیزەکان نەکا و بە سیاسەتی ئەوان تەفرە نەخوا و ڕێیان نەدا بگەڕێنەوە سلێمانی، ئەم خزمەتەی بێ‌ئەجر نامێنێتەوە، بەڵکوو تورکەکان چ لە موئتەمەری ئاشتی و چ بەهۆی چەکدارەکانییەوە بێ کە مووسڵیان داگیر کردەوە، لە بەرامبەر ئەو خزمەت و یارمەتییەی شێخ مەحموود ئەیکا، ئەیکەن بە والی سەربەخۆی ویلایەتی مووسڵ وە یا خدێوی کوردستانی سەربەخۆی جنووبی، بەو شەرتە کە ئەم خدێوییەتە وەکوو خدێوی محەممەد عەلی گەورە لە میسر بە ئیرس بگەڕێتەوە سەر منداڵەکانی. بەپێچەوانەی ئەمە شێخ مەحموود لە حیسابی تورک ئەکەرێتە دەرەوە و بە وێنەی نۆکەرێکی ئینگلیز لەگەڵی ئەجووڵێنەوە. ئینجا دوای بەرئاوردێکی زۆر، کە تەنیا ئەوانەی تورکیان ئەویست قسەیان تیا نەئەکرد، تا تەرازوی سیاسەتی تورک سەرکەوت و بە ڕاست زانرا. ئینجا ئێمە شوێن ئەم ئامانجە کەوتبووین و بۆ پشکنینی ڕاست و ناڕاستی ئەم پەیمانەی تورک نێررابووین بۆ ئەنقەرە.

گەڕانەوەم لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی

دوای ئەوە کە لە ئەنقەرە لە ئەحواڵ و وەزعیەت گەیشتم، بڕیارم دا کە تا زووە بگەڕێمەوە سلێمانی. لە ئەنقەرەش زۆر دڵم تەنگ بووبوو، بە ڕۆژ گەلێ جار یا لە کتێبخانەکەی بەرامبەر بە ئوتێلەکەی تیابووم وە یا لە ئوتێل بە خوێندنەوە و نووسین و بە شەویش ئەگەر بچوومایەتە دەرەوە بە پیاسەی سەر ڕاستەشەقامەکەی ئەنقەرە وە یا لە ماڵی حاجی شوکری‌بەگ ڕامئەبوارد. لەو ماوەیە کە لەوێ ماینەوە، نە لە حکوومەت و نە لە کەسێکی تر شتێکی وامان نەدی کە نیشانەی دۆستی وە یا ئیهتیمامێک بێ بە ئێمە.

زیافەتێکی چایشیان بۆ نەکردین، بانگ نەکراین بۆ موسامەرەیەک (حفلە). لە جێگەیەکی گشتیدا حازر نەبووین کە چاومان بە دوو کەس بکەوێت، زیارەتی هیچ موئەسەسەیەکمان نەکرد، کەسێکیان ڕانەسپارد چەن جێگەیەکمان بگێڕن، قوتابخانەیەک، کتێبخانەیەکی گشتی، مەجلیسی میللەت، ئیدارەی غەزەتەیەک، ئەنتیکەخانەکان لە ئەستەموول، هیچ شتێکمان نەدی و پیشانمان نەدرا، وەکوو دوو بابای غەریب و ڕێهەڵەکردوو لە قوژبنی ئوتێل وە یا خانەکەمانا کەوتبووین و کەس لێی نەئەپرسینەوە. من دوای گەیشتنمان لە غەزەتەیەکی ئەنقەرە باسی ئەوەم بەرچاو کەوت کە ئینگلیزەکان بە هێزی تەیاری و ئاسوورییەوە پەلاماری کوردەکانیان داوە و بە فرۆکە بۆمبارانیان کردوون و ژن‌ومناڵی کوردەکان ڕایانکردۆتە شاخەکان. لەسەر ئەمە کاغەزێکم نووسی بۆ حسێن ڕەئووف بەگ. لەم کاغەزەدا سەرزەنشتم کردن، داوای ئەوەم کرد کە سەعاتێک زووتر ڕێگەیەکمان بۆ دابنێن و چارەیەک بدۆزنەوە، کە کوردەکان بەم جۆرە سەرگەردان نەبن، خۆلاسە کەمێ زیاد ڕۆیشتبووم و لە زمان و لەهجەی دیپلۆماسی دوور کەوتبوومەوە. لەبەر ئەمە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ حسێن ڕەئووف بەگ، هاتبووە ئوتێل، بەڵام لە بەردەرگا وەستابوو و ناردی بە شوێنما، کە چوومە بەردەرگا، ڕوانیم بە پێوە وەستاوە، ئۆتۆمۆبیل وە یا عارەبانەیەکی پێ نییە، کابرایەکی لەگەڵ بوو، دوای دەس‌گوشین و خۆش‌وچلۆنی وتی: «وام هاتە بەرچاو کە ئەو خەبەرەی غەزەتەکەی ئیمڕۆ زۆر تەئسیری تێکردووی، لەبەر ئەوە ویستم خۆم چاوم پێت بکەوێ و

تەسکینێ بە دڵت بدەم، مەسەلەکە بەو ڕەنگە نییە کە نووسراوە، ئێمە لە ئۆزدەمیر هەموو لەحزەیەک باس و هەواڵ وەرئەگرین، وەزعی سلێمانی و شێخ مەحموود باشە و هۆی مەراق نییە. لەگەڵ ئەمەیشا خەبەرم دا بە عیسمەت‌پاشا کە لە موئتەمەرا شکات لە ئینگلیزەکان بکات و تێیان بگەیەنێ کە ئەگەر دەس لە شێخ مەحموود هەڵنەگرن و جارێکی تر بۆمباران بکەن، ئەمر ئەدەین بە هێزەکانی ناوچەی ئەلجەزیرە کە بچنە ویلایەتی مووسڵ و داگیری بکەن. بەدەم پیاسەوە و بەسەر شەقامەکەدا پێکەوە شان‌بەشان لەگەڵ منا بەپێیان و بە وێنەی پیاوێکی هاکەزایی ڕۆیشتن و قسەکردنی ڕەئیسی وزەرای تورک شتێکی جوان و نیشانەی ڕۆحێکی دیموکراتییەتی بەرزە، بەڵام لە پشت ئەم دیموکراتییە ڕواڵەتەوە، ئەو خوێنەی بە دەمارەکانی پیاوەگەورەکانی تورکا ئەهات و ئەچوو، هەر ئەو خوێنە بوو کە لە دەمارەکانی ئەنوەر و جەمالدا هات‌وچۆی ئەکرد، پێم‌وت ئیتر پێویست بە مانەوەی من هەیە لە ئەنقەرە؟

وتی: «ئەی تۆ چاوەڕێی ئەنجامی موزاکەراتی لۆزان و کۆبوونەوەی مەجلیسی میللەت ناکەی؟» وتم: «ئەمە کەی پێک دێ؟» وتی: «ناتوانم بڵێم کەی. لەوانەیە چەن مانگێکی پێ بچێ.» وتم: «چەن مانگێکی کەم مانەوەی من لە ئەنقەرە چ کەڵکێکی هەیە؟ ئایا ئەوە باشتر نییە کە بچمەوە لای شێخ مەحموود و تێی بگەیەنم کە ئەبێ چاوەڕێی کۆبوونەوەی مەجلیسی میللەت و ئەنجامی موزاکەراتی لۆزان بکا و لەسەر بەرنامەی خۆی بڕوا و تەفرە نەخوا، سارد نەبێتەوە تاوەکوو بە ئامانجی خۆی بگا، هیوای نەبڕێ و لەبەری ئەم ڕەنج و فیداکارییە، کە دەسی داوەتێ بێ‌بەش نەبێ؟»

وتی: «باوەڕ ئەکەی کە شێخ مەحموود ساردبێتەوە وە یا با بداتەوە؟» وتم: «کە زوو زوو لێرەوە، واتا لە ئەنقەرەوە یا لەلایەن تورکەکانەوە خوێنی تازەی نەکرێتەوە بە بەرا و لەو کردەوانەی کە ڕوو ئەدا، ناوبەناو ئاگادار نەکرێ و هۆی بە ئەنجام نەگەیشتنی تەقەلاکانی خۆی لەلای ئێوە نەزانێ و تێنەگەیێنرێ، لەوانەیە کە لەوێ، واتا لە سلێمانی بیری پێ‌بگۆڕن و بیخەنە سەر سەودایەکی تر، کە لەمەیشا ئەبێ حەقی بدرێتێ، چونکە شێخ مەحموود کە هەروەکوو بە پارە و بە چەک نەتوانن ئیمرۆ یارمەتییەکی بەکەڵکی بدەن، لەلایەن سیاسەتیشەوە بخرێتە پشت‌گوێ و بەڵگەیەکی وای نەدرێتە دەس، کە

بتوانێ کوردەکانی پێ ئیقناع بکا و باشی و بەکەڵکی لایەنگیری تورکیان پێ بسەلمێنێ، شکی تیا نییە کە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و لایەنگیرەکانیان ناتوانێ خۆی ڕاگرێ و ڕەشمەی ئیشی لە دەس دەرئەچێ.» حسێن ڕەئووف بەگ کە ئەم قسانەی من بەتەواوی چوو بە دڵیا و زۆر باش باوەڕی پێکرد، لەبەر ئەمە وتی: «بەڕاستی بیرەکەت باشە و بەجێیە. لەبەر ئەوە منیش حەز ئەکەم کە ساتێ زووتر خۆت بگەیەنییەوە لای شێخ مەحموود و لە نزیکەوە ئەمانەی تێبگەیەنێ و ماوەی ئەوە نەدەی کە خائینەکان تەفرەی بدەن و بە هەڵەی بەرن. لەسەر ئەمە لە یەک جیا بووینەوە و کەوتمە خۆکۆکردنەوە.

ڕۆژی ١٥ی مایسی ١٣٣٩ی ڕۆمی، ١٩٢٢ی میلادی من لە ئۆتێلەوە، ئەحمەد فەخری مولازم کوڕی فەرەج ئەفەندی پیاوی ڕەشید پاشام لەگەڵ بوو بەناوی بەڕێخستن، ئەچوومە ئێستگەی شەمەنەفەری ئەنقەرە.

تورکەکان زۆر خۆیان بە سیاسی و ئێمەشیان بە کەرێکی تەواو ئەزانی، ئەگینا ئەبوو کە هیچ نەبێ بۆ ئەوەی من تەفرە بدەن کاغەزێکم پیا بنێرن بۆ شێخ مەحموود، وەلحاڵ نەک کاغەزی ڕەسمی و سیاسی، کاغەزێکی تایبەتیشیان نەدابوومە دەس. بەیانی ڕۆژی حەرەکەتم چوومە لای حسێن ڕەئووف بەگ و خۆم داوای کاغەزێکم لێکرد، کە لە ڕێگەوبانە بەدەسمەوە بێ بۆ ئەوەی مەئموورەکانی تورک بمناسن و هاتوو پێویست بوو یارمەتیم بدەن. هەر بەسەر پێوە و لەسەر کاغەزێکی غەیری ڕەسمی سێ دێڕی بۆ نووسیم و دوای ئیمزا، دایە دەسم.

حاجی شوکری بەگ شەوێ پێش حەرەکەتم دیسانەوە زیافەتی بۆ کردم، پێکەوە دوورودرێژ باسی بەسەرهاتی کوردمان ئەکرد، نامەیەک و ڕەسمێکی خۆشی دابوومێ بۆ شێخ مەحموود. جگە لەمە یەک دوو نامەی تایبەتی فەتاحم پێبوو، کە زۆر تکای لە شێخ مەحموود ئەکرد باوەڕ بە من بکا و بە قسە و ئامۆژگاری من بچێ بەڕێوە، هەتا یەکێ لە نامەکانی بە مەرەکەبی سیڕی نووسیبوو، ئەویش منی هەڵئەخەڵەتان، بەڵام من لەگەڵ ئەمەیشا کە لەم سینەمایە تێئەگەیشتم، وام بە باش زانیبوو کە خۆم بە هەڵخەڵەتاو و حۆلم بزانێ، نەک بە زرنگ و وریا. ئەگەر قەوماوەکان (حوادث)ی دوایی ڕاستی ئەم بیرانەی منی دەرنەخستایە، لەوانە بوو بڵێم بە خۆڕایی ئەم کردەوانەم

بە پێچەوانە لێک ئەدایەوە.

پێش ئەوەی لە ئەنقەرە بگەڕێمەوە، ئەو ڕۆژەی کە حسێن ڕەئووف بەگ هاتبووە لام، لە عەبدوڵڵا حیلمی، عەبدوڵڵای عەزیزی لاوە، کە بیناباشی بوو لە قوونیە، نامەیەکم وەرگرتبوو، ئەینووسی کە ئەگەر بۆم بکرێ بچمە قوونیە و سەرێکی لێ بدەم. عەبدوڵڵا حیلمی کە دوایی بوو بە ئەمیر لوا زابتێکی زۆر ڕاست و بەشەرەف و موخلیسی تورک بوو، خزمی خۆم و ژنەکەمە و لە وەختی خۆیا لە مەکتەبی عەسکەری مامۆستاشم بوو.

لە بەردەمی حسێن ڕەئووف بەگا نامەکەیان دامێ. بە چاوێکی پرسینەوە تەماشای کردم، زانیم کە عەجایەبی لێما،کە لە پۆستەدا نامە بۆ من بێتە ئەنقەرە لەبەر ئەوە نامەکەم پێشان دا. بە تورکی نووسرابوو، کە خوێندیەوە، وتی باشە کەوابێ ئەتوانی بچیتە قوونیە و لای خزمەکەت بەینێک ڕابوێری و تاقەتت نەچێ، بەڵام دوای ئەوە بوو کە بڕیاری گەڕانەوەم دابوو بۆ سلێمانی. ئینجا مەبەسم ئەوەیە کە بە سەر قوونیەدا گەڕامەوە و لەوێ لام دایە لای عەبدوڵڵا حیلمی.

عەبدوڵڵای حاجی حەمەئاغای ژنبرایشی لەوێ عەسکەر بوو. حەوتەیەک گلی دامەوە، لە قوونیە لەو ڕۆژەدا مەجید ئەفەندی، بە کوێرمەجید مەشهوور بوو و سەید سادق ئەفەندی ملازمی مێردی زەکیەخانی خوشکەزای ئەحمەد موختاری قازی و عەبدولوەهاب بەگی کۆنە قائیدی فیرقەی کەرکووکی لێ بوو کە ئەیانناسیم. هەر ڕۆژە یەکێکیان زیافەتی بۆ ئەکردم. ئەو شەوەی کە لە قوونیەوە حەرەکەتم ئەکرد لە نادی عەسکەری عەبدوڵڵا حیلمی زیافەتێکی گەورەی کرد و بەم ڕەنگە لە ئێستگەی شەمەنەفەر لەلایەن بەشێکی زۆری زابتانەوە بە وێنەیەکی جوان بەڕێخرام. نامەوێ لەم گەڕانەوەیەدا هەرچیم دیوە و بۆ هەر لایەک چووم وە یا پیا ڕۆیشتووم بینووسم، تەنیا باسی ئەوانە ئەکەم کە لە نووسینا وە یا بەلای خۆمەوە وە یا لە چاو خوێندەوارەکانا بە کەڵکێکی ئەبینم.

ئەدەنە

لە ئەدەنەیش کە ناوچەی ویلایەتێکە بەناوی خۆیەوە، لامان دا، ئەم شارە هەرچەن ئاووهەوای گەرمە، بەڵام زۆر دڵگیر و خۆشە و لەسەر ئاوی جەیحوونە کە ئەرژێتە زەریای سپییەوە.

مەحموودی خاڵم تورکی هەر فێر نەئەبوو، من لە ئوتێل نوستبووم، کە ئەو چووبووە بازاڕ بۆ گەڕان و چاخواردنەوە، وەسیقەیەکی کۆنی پێ بوو کە بەپێی ئەوە عەسکەر و موراسلی منە، پۆلیسی سیڕڕی گرتبوویان و هێنایانە ئوتێلەکە لای من، بەڵام تا خۆم خەبەرم نەبووەوە چاوەڕێیان کردبووم، کە لە خەو هەڵسام زۆر بەهێمنی پۆلیسەکە هاتە لام و بە ئەدەبەوە سەلامی کرد و وتی: ئەم کوڕە موراسلی جەنابتە؟ وتم: بەڵی. وتی: ئەتوانم وەسیقەی جەنابتان ببینم؟ کاغەزەکەی حسێن ڕەئووف بەگم پێشان دا، بەڕاستی هیوای ئەوەم نەبوو کە بە سووکی لێم بگەڕێ، چونکە نامەکە هیچ نیشانەیەکی ڕەسمی پێوە نەبوو، ئەشموت تۆ بڵێی بەوە باوەڕ بکەن کە ئیمزای کاغەزەکە هی ڕەئیسی وزەرا بێ؟ بەڵام کابرای پۆلیسی سیڕڕی بە چاوپێکەوتنی ئیمزاکە تەمەنایەکی عەسکەرانەی بۆ کردم و زۆر بە ئەدەبەوە پاشەوپاش گەڕایەوە. منیش ئەو وەختە نرخی نامەکەم بۆ دەرکەوت و تا ئێستە لای خۆم هەڵمگرتووە؛[1] کە گەیشتینە عوسمانییە بازرگانێکی کوردی محەممەد ئەفەندی ناوی لێ بوو، فەتاح ئەم کابرایەی ئەناسی و بە منا نامەیەکی بۆ ناردبوو، زۆری خزمەت کردم، بە کوردییەکی باش قسەی ئەکرد بە دەوری فێستی سوورا کەشیدەیەکی ئەپێچا بە سەرەوە و جوببەی لە بەر ئەکرد، ئەویش نامەیەکی دامێ بۆ تاجرێکی تورک لە عەینتاب.

من لە ئەنقەرە لە حسێن ڕەئووف بەگم پرسیبوو کە ئایا ئەتوانم بەهۆی ئەوانەوە لە ڕێگەیەکی بێترسەوە بگەڕێمەوە عێراق یا نە؟ وتی: ئێمە هەر ئەتوانین تا نزیک سنوور ڕەوانەت کەین. وتم: لە مووسڵەوە لەبەر ئینگلیزەکان بۆم ناکرێ. بەو ڕێگەیەشا کە پیا

١. بەداخەوە ئەو نامەیە بەدەس منەوە نییە، ئێستە لەم یادداشتەدا بڵاوی کەمەوە. پاش ٣٠ ساڵ لە ماڵئاوایی خۆی. د. پاکیزە.

هاتبووین بۆ ئەنقەرە لەبەر زۆر شت گەڕانەوەم نەئەهات بە بیرا؛ ئینجا من ئەمویست کە لە تورکیا و ڕاستەوڕاست و بێ‌ئەوەی بە مووسڵدا بڕۆم بچمە ڕەواندز، بەڵام ڕەئووف‌بەگ ناوی ڕەواندزی نەئەهێنا و بەلایا نەئەچوو. ئاخری خۆم ڕێگەیەکم بۆ خۆم دانا. پێم‌وت: ئەچمە دیاربەکر لەوێوە سنووری عێراق نزیکە، ڕیگەیەک ئەدۆزمەوە کە پیا بچمە ڕەواندز یا جێگەیەکی تر و لەوێوە بە ناو عەشایرا بچمەوە سلێمانی وە یا بۆ ئەو جێگەیەی کە شێخ مەحموودی لێیە. وتی: باشە. دوای ئەمە لە دڵی خۆما بڕیارم دا کە لە دیاربەکرەوە بچمە بتلیس و وان و بەم ڕەنگە هەرچەن ڕێگەکەیشم دوور ئەکەوێتەوە لەم هەلە کەڵکێک وەرئەگرم و بە ناو ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا (ویلایاتی شەرقییە)دا کە نیشتمانی کوردە گەشتێک ئەکەم و بە هەلیش بێ چاوم بە هەندێ برایانی کورد ئەکەوێ و ناسیاوییان لەگەڵ پەیدا ئەکەم. لەبەر ئەمە لە عوسمانییەوە ڕێگەی شەمەنەفەرم بەجێ‌هێشت و بە سواری وڵاخ چوومە جەبەل بەرەکەت لەسەر سنووری سووریە.

جەبەل بەرەکەت هەرێمێکە لە ژێر حوکمی تورک و ناوچەی لیوایەکە. بەهۆی شەڕی ئیستقلال لە بەینی تورک و فەڕەنسزەکان ئەم ناوە ئاوەدان نەبووە، هەرێمەکەیش شاخاوی و وشکە و خەڵقەکەی دڕ و شەڕکەرن، تۆزێ لە «دەرووزی»یەکان ئەچن، چوومە لای موتەسەریف پیاوێکی باش و بەتەربیە بوو، کاغەزێکیشم لێ وەرگرت بۆ قایم‌مەقامی باخچە، عەلی سائیب‌بەگ؛[1] ئەم پیاوەم لە ئەنقەرە ناسیبوو، مەبعووسی ئۆرفە بوو. لە پێشا زابتی ژاندرمە بوو، لە شەڕی ئیستقلال لە هەرێمی عەینتاب و ئۆرفە لەگەڵ فەڕەنسزەکان شەڕی چەتەی کردبوو و ئازایی نواندبوو. زۆر نزیک کەوتبووەوە لە مستەفا کەمال، ئەندامێک بوو لە مەجلیسی میللی گەورە و جێگەی متمانە و باوەڕی

---

١. عەلی سائیب ساڵی (١٨٨٥ - ١٩٣٧)، لە ڕەواندز لەدایک‌بووە. ساڵی ١٩٠٨ ئەکادیمیای سەربازی تەواوکردووە و لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە ترابلۆس بەشداری جەنگی کردووە. دوای ئاگربەستی موندرۆس چووەتە پاڵ قوای میللی بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال ئاتاتورک. ساڵی ١٩٢٠ وەک نوێنەری ئۆرفە چووەتە مەجلیسی میللی تورکیا. ساڵی ١٩٢٦ بووەتە سەرۆکی دادگای سەربەخۆیی تورکیا لە دیاربەکر و لە دادگایی کردنی شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانیدا ناوبانگی دەرکرد. بە پلەی ڕائید خانەنشین کراوە. ١٩٣٤ کاتێک یاسای نازناو (لەقەب) دەرچوو، مستەفا کەمال لەقەبی «UrsavaŠ»ی پێداوە، ١٩٣٧/٩/٢٥ لە ئەنقەرە مردووە. م.س.

مستەفا کەمال بوو، ئەیانوت کوردە، بەڵام یەکێ ئەیوت ڕەواندزییە، یەکێ ئەیوت کەرکووکییە. لە هەندێکیشم بیست ئەیانوت خەڵقی مەندەلییە.

لە کاتی گەڕانەوەی من لە ئەنقەرە بڕیار درابوو بە هەڵبژاردنی تازەی مەبعووسان، چونکە ناحەزەکانی مستەفا کەمال لە مەجلیسی پێشوودا زۆر بوون و چاوی حکوومەتیان ئەترسان لەبەر ئەوە ئەیانویست مەجلیس لە ناحەزەکانی مستەفا کەمال و تابیعەکانیان پاک بکەنەوە یا هیچ نەبێ کەمیان بکەنەوە، لەبەر ئەمە لەوانەی کە بەتەواوی لێیان ئەمین بوون موفەتیشیان دانابوو ئەیانناردنە هەرێمەکانی هەڵبژاردن (مناطق انتخاب)، علی سائیب یەکێک لەم موفەتیشانە بوو ئەچووە هەرێمی هەڵبژاردنی خۆی و دەوروپشتی هەرێمەکەی بۆ ڕێکخستنی تەگبیروڕای هەڵبژاردن و سەرپەرشتی ئەم کارە لەگەڵ ئیش بەدەستەکان.

من لەگەڵ کاروان لە جەبەل بەرەکەتەوە هاتبوومە نزیک باخچە؛ لە ٢٩ی مایسی ١٩٢٢ کاروان لە دەرەوەی شار لە ماوەی چارەکە سەعاتێ لە باخچەوە لایان دابوو، پێویستم بە ژاندرمە هەبوو بۆ ڕێگە. تەزکەرەیەکم نووسی لەگەڵ نامەکەی موتەسەریفا ناردم بۆ قایمەقامی باخچە و تکام لێکرد کە یەک‌دوو ژاندرمەمان بۆ بنێرێ کە بۆ بەیانی لەگەڵمان بن، نزیک ئێوارە بوو، قایمەقام وەڵامی نامەکەی بە ژاندرمەیەکا بۆ ناردمەوە، لە ٢٩ ـ ٣٠ مایسی ١٩٢٢دا. نووسیبووی کەوا عەلی سائیب بەگی مەبعووسی ئۆرفە وا لە باخچە، بەیانی سەعات ٣ (مەبەسی سەعاتی تورکییە کە وەکوو سەعاتی عەرەبییە) ئەچێ بۆ ئولووجەق، هەر ژاندرمەیەکیان لە بەردەستایە لەگەڵ ئەو ئەینێرن، منیش ئەتوانم لەگەڵ عەلی سائیب‌بەگ بە یەکەوە بڕۆم. ڕێگەکەمان یەک بوو، ئەوەشی ئەوت کە هەرچەن بەیەکەوە ڕۆیشتنمان خۆشتر و باشترە ژاندرمەی زیادییان ببووایە بە جیا ژاندرمەی تایبەتیشی بۆ ئەناردم؛ بە زمانیش ژاندرمەکەی ڕاسپاردبوو کە ئەگەر بتوانم بچم حەز ئەکەن شەویش لە ماڵی قایمەقام لەگەڵ عەلی سائیب پێکەوە ڕابوێرین و بەیانی لەوێوە بچین بۆ (ئولووجەق)، لەم چوونەدا دوودڵ بووم، کاروانییەکانیش پێیان وتم کە ڕێگە ئەمینە و ژاندرمەمان پێناوێ منیش نەچووم.

سبەینێ کە کەوتینە ڕێ یەک‌دوو سەعات لەولای باخچەوە لە سەر ڕێگە تووشی

چاخانەیەکی فێنکی هاوینی هاتین، بۆ ماندووحەسانەوە و چاخواردنەوە لامان دا، عەلی سائیب‌بەگ لە چاخانەکە بوو، بانگی کردمە لای خۆیەوە و ئەمری کرد ئاوی سارد و چا و قاوەیان بۆ هێنام. دوای ئەوە کەوتینە باس و قسەی هەڵبژاردن، من ئەو کاتە نەک هەر لاو و خوێن‌گەرم بووم، بەڵکوو لە گەلێ شتیشا بەقەستی سەرپێچیم ئەکرد و لام وابوو کە خاوەنی ڕیسالەیەکم و نابێ لە ڕاستی و لە قسەی هەق لا بدەم، ئەوانە کە بەپێچەوانەی بیری من ئەجووڵانەوە بە خوێندەوارم نەئەزانین. ئەگەر خوێندەوارێکی باش و خاوەن‌شەهادەی بەرزیش بوونایە کە لە حەق و ڕاستی لایان بدایە وام ئەهات بە بیرا کە لە خوێندنەکەیان کەڵکیان وەرنەگرتووە و تێنەگەیشتوون. وام‌ئەزانی کە ئەبێ من بیری خۆمیان بە زۆر تێبگەیەنم، حەقیقەتیان لێ‌نەشارمەوە و لە نەزانین ڕزگاریان بکەم. ئەگەر بێتوو نەک لە ڕووی نەزانینەوە، بەڵکوو لەبەر ترس وە یا تەماع وە یا مەبەسێکی تر کە بۆ ئینسانێکی تەواو نەنگە لە ڕاست لایان دابێ و ڕێی چەوتیان گرتبێ، وەکوو لاوێکی لێبووردوو و بەجەرگ و فیداکار چاویان پێ‌هەڵبێنم و وریایان بکەمەوە و بیانخەمە سەر ڕێی ڕاست و ڕێی پیاوەتی و ڕێی شەرەف. ئەم بیرە لە کاتی لاوی و غوربایا گەلێ‌جار تووشی قۆرت و تەنگوچەڵەمەی کردم و گەلێ هەلی لە کیس‌دام، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە تا ئێستە لەو بیرەی خۆم پەشیمان نیم و لام نەداوە. ئەوەندە هەیە تەجرەبەی زەمان تۆزێ قورس و هێمنی و لە هەڵسەنگاندنی خەڵقا وردتر و لەسەرخۆتری کردم.

لە عەلی سائیب‌بەگم پرسی: ئەم سەفەرەی لەبەر چییە؟

وتی: هەڵبژاردن بەدەسەوەیە لەبەر ئەوە کە کارێکی وا بکەین مورەشەحەکانی حکوومەت هەڵبژێرین!

وتم: حکوومەت مورەشەح دائەنێ؟

وتی: ئەی‌چۆن؟ دیارە کە مورەشەح دائەنێ و ئەیەوێ میللەتیش ئەو مورەشەحانە هەڵبژێرێ!

وتم: کەوابوو بۆچی ناوی ئەنێن هەڵبژاردن؟

وتی: ئەی ناوی بنێن چی؟

وتم: ڕاستییەکەی ئەمە دانانە.

وتی: بە بیری تۆ ئەبێ چی بکەین؟

وتم: یا متمانەتان بە میللەت هەیە و لەوە دڵنیان کە ئەم حکوومەتیان ئەوێ، ئەوسا کە پێویستە ڕێ بدەن بە بیری خۆی و بە سەربەستی مەبعووسەکان هەڵبژێری، یا لە میللەت ئەمین نین و ئەزانن کە ئەوانەی حکوومەت بیەوێ میللەت نایەوێ لە حاڵێکی واشا دوو ڕێگە هەیە یا ئەبێ واز لە هەڵبژاردن بێنن و ئەوانەی خۆتان بە باشیان ئەزانن دایانبنێن و لە ئەنقەرە کۆیان بکەنەوە یان دەس لە مەجلیس هەڵگرن و بەبێ مەجلیس حکوومەت بکەن!

وتی: بەرامبەر بە ڕەئی گشتی دونیا دەوڵەتێکی تازەی وەکوو تورکیا بەبێ مەجلیس چۆن ئەبێ؟

وتم: ئەی بۆچی مەجلیسێکی وا کۆ ناکەنەوە لە کانگای میللەتەوە هەڵقوڵێ؟

وتی: تا دوێنێ نیوەی زیاتری ئەم وڵاتە لە ژێر دەسی بێگانەکانا بوو، ئیتالیا، فەڕەنسە، ئینگلیز، یۆنان، هەریەکە لەلایەکەوە وڵاتیان داگیر کردبوو. هەتا ئەستەموول خۆی و خەلیفەی لە ژێر حوکمی سوێندخۆرەکانا بوو و بە ئەمری ئەوان ئەجووڵایەوە، ئێمە بە دوژمنی میللەت و خائینی دەوڵەت دائەنراین و بۆ تەمێکردنمان و فەوتاندمان لەشکری یۆنان و بەڵکوو لەشکری خەلیفەمان ئەکرایە سەر؛ وەکوو پیاوکوژ و یاخییەکان حوکم بە کوشتنمان ئەدرا. ئێستە هەر لەناو خۆمانا لە ئاسیای سوغرا، لەم وڵاتەدا کە بە خوێن و ئاگر، بە بەخت‌کردنی سەروماڵ لە ژێر چنگی دوژمن هێناومانەتە دەرەوە، بەهۆی حوکمی بێگانە و داگیرکردن لەلایەن دوژمن و گەلێ شتی ترەوە، هەزاران ناحەز و خائین و وڵات‌فرۆش هەیە کە بۆ هەڵ ئەگەڕێن، کە ئێمە لەبەری ئەم هەموو کۆشش و ڕەنج و تەقەلایەمان بێبەش بکەن، تۆ ئەتەوێ ئێمە هەروا زوو غەرڕا بین و پشتی لێ بکەینەوە و بەم میللەتە فەقیر و بەسەزمان و نەخوێندەوارە کە ئەم نەوعە میکرۆبانە و ئەم هەموو جۆرە نیشتمان‌فرۆشانەی تیا شاردراونەتەوە بڵێین فەرموو بە ئارەزووی خۆت و سەربەخۆ مەبعووسەکانت هەڵبژێرە؟ وەکوو تۆ ئەڵێیت (مەبەسی عەلی سائیب‌بەگ لە منە) ئەبێ بەدەسی خۆمان پەت بخەینە ملمان و خۆمان بە

خنکاندن بدەین و دووبارە ئەم وڵاتە بخەینەوە ژێر دەسی ئەوانەی کە لەسەر حیسابی بێگانەکانی دوێنێ ئیش ئەکەن!

وتم: قسەکانت زۆر جوان و بەجێیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشا هەر ئەڵێم ئەمە هەڵبژاردن نییە...! علی سائیب بەگ کە زانی من لەسەر بیری خۆم ماوم کەمێ گرژ بوو، ویستی مەجراکە بگۆڕێ.

وتی: کەواتە یەکێکی وەکوو تۆ کە ئەبێ گەلێ یا چەن کەسێکی هاوڕێ و هاوبیریشت هەبێ، لە سلێمانی بەرامبەر بە حوکمی ئینگلیز چاوتان نەترسابێ و بۆ ڕزگاری نیشتمانەکەتان هەوڵتان دابێ.

وتم: هەوڵی ئەوە ئەدەین کە سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان!

وتی: واتا لە ژێر حوکمی ئینگلیز بمێننەوە؟

وتم: ئێستە لە ژێر حوکمی ئینگلیزاین، ئەمانەوێ ڕاستەوڕاست لە ژێر حوکمیانا نەمێنینەوە. سەربەخۆییمان بدرێتێ. ئینجا ئەم سەربەخۆییەش وەکوو ئەزانن بەپێی هێز و توانای کورد، بەپێی وەخت و زرووف ئەگۆڕێ!

وتی: تۆ لە دڵا لەگەڵ شێخ مەحموودی؟

وتم: وائەزانم.

وتی: ئەویش چاوی لە سەربەخۆیی کوردستانە؟

وتم: لە من زیاتر!

وتی: شێخ مەحموودیان لە دیلی هێنایەوە، ئینگلیزەکان پەیمانیان دایە حکوومەتی بۆ دامەزرێنن. ئەنجامی چی بوو؟

وتم: حکوومەتیان بۆ دانا.

وتی: نازرەکان (وەزیرەکان) کێ بوون؟

لێرەدا کەمێ وەستام، دوایی وتم: لە حکوومەتێکی بچووکی وادا موناسب نەبینرا عینوانی نازر بەکار بهێنرێ. ناوی ڕەئیسیان لێنرا، وەکوو ڕەئیسی مەعاریف، ڕەئیسی مالیە... ناوەکانی پرسی، من بۆ ئەوەی نەڵێ زۆریان نەخوێندەوارن، ناوی هەندێ لە پیاوە زاناکانیشم بە ڕەئیسەکان تێکەڵ کرد، کەچی وتی: بە مانەوە ئێوە بەتەمان بچن بە

گۆ ئینگلیزا و داوای سەربەخۆیی کورد بکەن؟ ئەمانە لە کورد زیاتر ئینگلیز ئەپەرستن. ئەمانە هەموو بەندەی بە پارەکڕاوی ئینگلیزن، ئەمانە ئەمەن و ئەوەن! دوای ئەم هەموو قسـە و باس و نەفەس درێژییە لێرەدا من دەمار گرتمی. بەمەیشەوە نەوەستا، وتی: ئێوە خەیاڵتان خاوە و هەر تەقەلایەکی بۆ سەربەخۆیی ئەیدەن بێ سوودە.

مووسـڵ ئیمڕۆ و سـبەی بەهەر جۆرێک بێ ئەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان، مەبـەس لە دایکی نیشـتمان تورکیایە، ئەوسـاکە ئەوانەی بەناوی سـەربەخۆیی کورد و کوردسـتانەوە خزمەتی سیاسەتی ئینگلیز ئەکەن، حیسـابیان لەگەڵ ئەبڕێنینەوە. ئینجا خـۆی تونـد کرد و وتی: تـۆ چۆن بەم بیـرە ژەهراوییەوە بـەم وڵاتەدا ئەسـووڕێیتەوە و کـێ ئیزنی داوی؟ ئیتـر نایەڵم لێرە بـەولاوە پێ بەرپێ بنێی! غەریب نەبوویتایە ئێسـتە دەمانچەیەکیشـم ئەنا بە تەپڵی سـەرتەوە! من هێشـتا جێگە و پایەی عەلی سـائیبم لای حکوومەت نەئەزانی. وتم: عەفوو ئەفەرمووی تۆ ناتوانی دەمانچە بە منەوە بنێی، چونکە مـن جارێ بەدزییەوە نەهاتوومەتە ئەم وڵاتە و بەبـێ ئیزنی حکوومەت و ئاگا لێبوونی بێـرەدا تێناپەڕم. دووهەم نامەی یەکێکی وام پـێ نییە کە هیچ پیاوێکی ئەم حکوومەتە لە یارمەتی‌دان و ڕێ‌پیشـاندانم سـەرپێچی بکا. ئەوساکە عەلی سائیب‌بەگ پێکەنی و وتـی: ئـا بزانـم ئەو پیـاوە کێیـە؟ منیـش نامەکـەی حسـێن ڕەئووف‌بەگم دایـە دەس، کە خوێندیەوە زەردەخەنەیەک گرتی و کاغەزەکەی دایەوە دەسم.

وتی: من هەر لە ئەوەڵی قسەوە تێگەیشتم کە تۆ ئینسانێکی کەم‌تەجرەبە و سافیلکەی لەبەر ئەوە لێت ئەبوورم، بەڵام ئەبێ تۆش ئەوە بێنیتە بەرچاوی خۆت کە ئێمە دوژمنمان زۆرە، وڵاتەکەمان هێشـتا بەتەواوی لە خەتەر ڕزگاری نەبووە و لە بێگانەپەرسـت پاک نەکراوەتـەوە، لەبـەر ئەمە نابێ لە ژێر تەئسـیری لاویەتـی و خوێن‌گەرمی و ئیلهامی فەلسـەفەی ئازادی‌پەرسـتیدا هەرچیت بە بیرا بـێ بیڵێیت و دەریبخـەی! جگە لەمە ویسـتی کـە بەتـەواوی دڵم ئاشـت بکاتـەوە و تونـدی و کرژییەکەی پێشـەوەیم لەبیر بەرێتەوە، وتی: منیش وەکوو تۆ کوردم و میللەتی کوردم خۆش ئەوێ، بەڵام ئەزانم کورد تەنیا برایەکی دینی و نیشـتمانی هەیە، ئەویش تورکە. لە تورک بەولاوە میللەتێک نییە کە چاکەی کوردی مەبەس بێ. عەرەبەکان خۆیان ژێردەستی بێگانەکانن، ئینگلیزیش

کوردی عێراقی لەبەر مەسەلەی مووسڵ تەفرە داوە. مەبەسیان مووسڵ و نەوتەکەی مووسڵە، کوردەکان ئەبێ ئەمە بزانن و بە قسەی کورد و کوردستان و سەربەخۆیی تەفرە نەخۆن و نەبن بە چەکوشی دەسی ئینگلیز.

دوای ئەم پەند و نەسیحەتانە، کاغەزێکی دەرهێنا و بۆی درێژ کردم. لە مستەفا کەمالەوە بوو بۆ ئەو والی و کوماندان و کاربەدەستانە نووسرابوو کە عەلی سائیب ڕەنگ‌بوو چاوی پێیان بکەوێ. مستەفا کەمال داوای لەمانە ئەکرد کە هەموو ئەمرێکی عەلی سائیب‌بەگ ئەبێ بە ئەمری خۆی، واتا ئەمری مستەفا کەمال، بزانن و لە بەرامبەر هیچ ئەمرێکیا نابێ سەرپێچی بکەن. ئەیوت عەلی سائیب‌بەگ یەکێکە لە قارەمانە مێژوویی‌یەکانی میللەتی تورک، دەسی ڕاستم بووە لە شەڕی ئیستقلالدا و برایەکی هەرە بەنرخ و بەڕێز و دۆستێکی گیانی و دێرینی منە، واتا هی مستەفا کەمال!

دوای ئەوە کە نزیکەی دوو ساعەت لەگەڵ عەلی سائیب‌بەگ بە بگرەوبەردەوە ڕامانبوارد. ویستی بە یەکەوە بکەوینە ڕێ، بەڵام من بارگەم پێ بوو و مەحموودی خاڵم لە سەرەوە سوار ئەبوو، لەبەر ئەمە لەگەڵ عەلی سائیب و سوارەکانی دەرنەئەچووین، عوزرم بۆ هێنایەوە، ئینجا ئەوان ڕووەو ئولووجەق کەوتنە ڕێ، ئێمەش لە ڕێی مەرعەشەوە چووینە عەینتاب.

عەینتاب

ناوچەی قایم‌مەقامیەتێکە، شارێکی بچووکە خۆش و هەوادارە، کۆڵانەکانی ڕاست و جوانە و بە بەردێکی وەکوو مەڕمەڕ ڕێکخراوە. زۆری خانووەکانیشی لەسەر تەرزی ئێرانی وە یا ڕۆمانی لە بەرد یا مەڕمەڕی چوار گۆشە تاشراو و دروست‌کراوە.

نامەی محەممەد ئەفەندیم برد بۆ تاجرەکەی ئاشنای. زۆری قەدر گرتم، بردمیە ماڵی خۆیان و لەوێ میوانی کردم. بە ماڵ‌وحاڵ و دیوەخانیا دیار بوو کە پیاوێکی بەڕێز و ناودار بوو و لە خانەوادە کۆنەکان بوو. ماڵ‌ومناڵ و دەس‌وپێوەندی هەتا بتەوێ بەئەدەب و بەخزمەت بوون، دوو شەو و دوو ڕۆژ لەلایان بووم، سروەی مناڵێک، قرەی بەشەرێکم بەرگوێ نەکەوت، بێ‌ئەوە بڵێم وە یا داوا بکەم هەرچێ بۆ میوانێک، بەتایبەتی بۆ

کەسێک کە چەقاوەسوو نەبێ و شەرمن بێ، هەمووی بەبێ دەنگ جێبەجێ ئەکرا. چاوم بە کەس نەئەکەوت خشپەی بێ، سروەیەک بێ، کەچی کراس و دەرپێم ئەشۆرا، ئوتوو ئەدرا، پێڵاوەکانم پاک ئەکرایەوە و بۆیاخ ئەکرا.

حەمام گەرم و ئامادە، تاقمی حەمام، سابوون، لفکە و شانە، فرچە، ئاوی دەس‌شوشتن و خواردنەوە، مەسینەی ئەدەبخانە، جێی ئاوی ڕشتن، جلی شەو، تاقمی تەراش، خۆی لە خۆیەوە بە چەشنێک ڕێک‌ئەخرا و ئامادە ئەکرا، کە خۆت لە خۆتەوە وەکوو جسمێکی ئالی بە کاری بهێنی و کەڵکی لێ وەربگری. بەڕاستی من ئەو دوو ڕۆژە سەرم سوڕمابوو، هاتبوومە سەر ئەوە بڵێم لە ماڵێکی سیحراوییا ئەژیم. شەو لە دیوەخان کۆ ئەبوونەوە، هەوای ئەوێ لەگەڵ ئەنقەرە زۆری فەرق هەبوو، ئەنقەرە گەرم بوو، بەڵام لە عەینتاب لە ژوورا دائەنیشتن و ئەنوستن. کابرای خاوەن‌ماڵ و میوانەکانی کە لە سێ‌چوار کەس تێنەئەپەڕی، یەک بابەت و لە کۆنەکان بوون، فێست لەسەر و جوببەیان لەبەرا بوو. هەموویان نێرگەلەیان ئەکێشا، سەیر لەوەدایە کە منیش لەو دەورەدا وەکوو زۆری خەڵقی سلێمانی نێرگەلەم ئەکێشا و نێرگەلەی خۆمم لەگەڵ بوو، بەرامبەر یەکتری دائەنیشتن و نەفەسمان لە نێرگەلەکانمان ئەدا و بە دەمیەوە گفتوگۆمان ئەکرد. ئەوان ئەو شەوە باسی شەڕی تورکەکان و فەڕەنسزیان ئەکرد و نەیائەبڕیەوە. بە قسەی ئەوان عەینتاب بەینێکی زۆر بووبوو بە مەیدانی شەڕی تورک و فەرەنسز و گەلێ کارەساتی گرنگ و دەربەدەرییان بەسەر هاتبوو، باسی قارەمانی عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر) و عەلی سائیب و باسی ئازادی و فیداکاری خەڵقی عەینتابیان ئەگێڕایەوە و تەواویان نەئەکرد.

لە عەینتابەوە بۆ دیاربەکر ئۆتۆمۆبیل هەبوو، بۆ خۆم و مەحموود دوو جێگەمان گرت، چەن ڕێبوارێکی ترمان لەگەڵ بوو، لەناو ئەمانە یەک‌دوو لاوی دیاربەکریش هەبوو. من لە خۆمەوە نەمویست بیاندوێنم، بەڵام لە ڕێگە یەکتریمان ناسی، ئەوانیش کورد بوون، یەکێکیان سانەوی تەواوکردبوو، مەغازەی کردبووەوە. بەڕێوە کەوتنە گۆرانی وتن بە کوردی زازا و بە تورکی. لەوان هەندێ شت تێگەیشتم و لە هەواڵی دیاربەکر ئاگادار بووم. لە دیاربەکر زیافەتێکیشیان بۆ کردم و چەن لاوێکی تری کوردیان پێ‌ناسیم.

پێش ئەوەی بگەینە عەینتاب یەکێک لە هاوڕێکانمان لای دایە مەرعەش ئەمزانی عەلی کوندوکتوری [؟] هاوڕێی منالّیم لەوێیە. عەلی کوڕی حەسەن ئەفەندی برای حسێن نازم[1] بوو. من و ئەو لە کەرکووک لە مەکتەبی ئیبتیدایی پێکەوە ئەمانخوێند، حەسەن ئەفەندی باوکی ئەو وەختە لەوێ کاتبی بانق بوو، پێیان ئەوت حەسەن ئەفەندی بانق. زۆرم ئەویست بچمە مەرعەش و عەلی ببینم، بەلّام کاروانەکەمان بەوێدا نەڕۆیشت، لەبەر ئەوە منیش نامەیەکم نارد بۆ ئەم هاوڕێی منالّییەم بە کابرای هاوڕێمانا، عەبدوڵلابەگی باوکی فایق بێکەسی بوێژی کوردی بەناوبانگیش لەو وەختەدا هەر لە مەرعەش بوو.

ئۆرفه

نزیک نیوەڕۆ گەیشتینە ئۆرفە، بڕیار وابوو دوای ماندووحەسانەوە و نانخواردن بکەوینەوە ڕێ. من ویستم تۆزیک بە ناو شاری ئۆرفە و بازاڕەکەیا بگەڕێم، لام دایە دووکانێکی سەرتاش، دووکانەکە خۆش و پاک و تەمیز بوو، ویستم سەر بتاشم، لەو وەختەدا مستەفا بەهجەتی یووزباشی سواری هاتە ئەوێ. لەگەلّ مستەفا بەهجەت لە مەکتەبی ئیعدادی عەسکەری بەغدا بە یەکەوە بووین، زۆر ڕەفیقم بوو، کە چاوی بە من کەوت لە خۆشییا نەیئەزانی چی بکا. وتی: قەت ناکرێ ئیمڕۆ بڕۆی، ناردی بە شوێن مەحموود سامی یووزباشیدا، ئەویش زابتی سواری بوو لەوێ و ڕەفیقی سینفم بوو لە بەغدا، بە منالّی پێمان ئەوت پانسا سامی. برای عەزیز ئەفەندی سەلیمئاغای خەلّقی سلێمانی، واتا عەزیز ئەفەندی موعەللیم کە پێی ئەلّێن کوڕی قۆز.

کابرای ئۆتۆمۆبیلچی پەیا بوو وتی ئۆتۆمۆبیلەکەمان تۆزێ پێویستی هەیە بە چاککردن و هاوڕێکانیش ئیمشەو ئەیانەوێ لە ئۆرفە بمێننەوە، ئینجا تۆ ئەلّێی چی؟

---

١. حسێن نازم (١٨٧٠-١٩٣٢)، کوڕی عەبدولفەتاح کوڕی وەستا ئەحمەدی باشخەیات و برازای ئەمین موفتی شاعیر بووە و لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لەدایکبووە. لە تەمەنی شەش سالّیدا لای خواجە ئەفەندی خراوەتە بەرخوێندن. لە شوباتی ١٩٢١ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحییەی مەرگە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ماوەت و بووە بە بەڕێوەبەری ناحیە. سالّی ١٩٢٩ بووە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیان و هەتا ئەو دەمەی لە ١٩٣٢/٥/٦دا کۆچیدوایی کردووە، درێژەی بەم کارە داوە. م.س.

وتم: با خاتری تۆ بێ منیش ئەمێنمەوە. زۆری پێخۆش بوو. زابتێکی تریش هات ڕەفیقی مستەفا و مەحموود سامی بوو، ئەمە لە عەرەبی ترابلۆس بوو، کوڕێکی بەشەوکەت و کەڵەگەت و خۆش خوڵق بوو، وتیان یاوەری عجێمیپاشای سەعدوونە. عجێمی لە دوای شەڕی گەورەی یەکەم، عێراقی بەجێ هێشتبوو شوێن تورکەکان کەوتبوو، لە بەرامبەر وەفا و خزمەتی بۆ تورکەکان لە دەوری ئۆرفە موقاتەعەیەکیان داوەتێ و لەوێ ئەژی، زۆری قەدر ئەگرن. بڕیار وابوو شەو ئێمەش بچینە لای، بەڵام ئێوارە چووینە چاخانە هاوینییەکانی سەر زەریاچە، کە ئەڵێن لەو ئاوە ماوەتەوە، کە ئاگرەکەی حەزرەتی ئیبراهیمی کوژاندۆتەوە. ئەم چاخانانە لە جێگەیەکی باسەفایە. لە ئۆرفە زەریاچە لەبەر داوێنی شاخێکایە پڕە لە ماسی گەورەگەورە، کەس دەسیان بۆ نابا و نایانخۆن بەهۆی حەزرەتی ئیبراهیمەوە بە پیرۆزیان دائەنێن. بەینێکی زۆر لەوێ وەختمان ڕابوارد، شەویش مانگەشەو بوو، بڕیارمان دا کە بچینەوە ماڵی مستەفا و لەوێ ڕابوێرین. ژن ومناڵەکەی مستەفا چووبوونە ماڵی باوکیان، شەو لە ماڵی ئەوان نوستین و بەیانی بە ئۆتۆمۆبیل ڕێگەی دیاربەکرمان گرتە بەر. تا دیاربەکر شتێکی وا نییە باسی بکەم، تەنیا لە سێوەرەک لەبەر چاخانەیەکا تۆزێ وەستاین؛ دابەزیمە خوارەوە چا بخۆمەوە تووشی عەلی یاوەری کوڕی عەزیز ئەفەندی وەسمانئاغای خواجە ئەفەندی بووم، لەوێ زابتی تۆپچی بوو، یەک دوو زابتی تریشمان لێ کۆبووەوە.

عەلی یاوەر بەزۆر نان و کەباب و ماستاوی ساردی دەخوارد دام و چام خواردەوە، ئینجا کەوتینەوە ڕێ. ئەم ڕێگەیە زۆر بەردەڵانی و وشک و نارێک و هەوای ئەو ڕۆژەش زۆر گەرم و ناخۆش بوو. نزیک ئێوارە گەیشتینە شاری دیاربەکر (١٨ی حوزەیرانی ٣٣٩ی ڕۆمی، ڕێکەوتی ١٩٢٣ زایینی).

هاوڕێ کوردەکان زۆریان لێکردم ببم بە میوانیان، بەڵام بە ئۆتۆمۆبیلچییەکەم وت ڕاست بردمیە نادی عەسکەری، چونکە بیستبووم کە ژووری نوستن و خواردنی باش و ئیسراحەتی تیا دەس ئەکەوێ.

دیاربەکر

دیاربەکر یەکێکە لە شـارە گەورەکانی کوردسـتان و ناوچەیەکـی مێژووییی کوردە. ئاوی دیجلە لە خۆرهەڵاتەوە بە تەنیشـت دیاربەکرا تێئەپەڕێ. شـارەکە بە شـوورەیەک دەورە دراوە و بەینێکی زۆر نزیکەی ١٦٨ سـاڵ ئەم شـارە ناوچەی حکوومەتەکانی دۆستەک و مەروانی کورد بووە.

ئەبووعەبدوڵـڵا حسـێنەلباز (باز ئەبووشـوجاع)ی بەناوبانگ، کـە دووەم حوکمڕانی دۆسـتەکە، لەلایـەن «ئەلقادروبیلـلا»ی خەلیفەی بیسـت و پێنجەمینی عەباسـییەوە عینوانـی دراوەتێ، لـە کوردانی حەمیدییە بـووە و لە دیاربەکر هاتۆتـە دونیا (٣٢٤ی ه/ ٩٣٥ی ز). ناوی شـا ئەبووشـوجاع لـە خوتبـەدا لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی بەیەکەوە خوێنراوەتـەوە و سـکەی تایبەتـی بـەناوی خۆیـەوە داڕشـتووە. بەینێـک مووسڵیشـی گـرت (٣٧٣ی ه/ ٩٨٣ی ز)؛ وە خەریـک بـوو بچێتە سـەر بەغـدا و دەیلەمییەکانی لێ بکاتە دەرەوە.

ئەبووعەلـی حەسـەن دوای مردنی خاڵی (شـا ئەبووشـوجاع) ئـەم مەملەکەتەی لە چنـگ حەمدانییەکان پاراسـت و لەشـکری بڵاوە لێکـردووی حکوومەتی دۆسـتەکی سەرلەنوێ کۆکردەوە و یەکخستەوە. ئەم قائیدە قارەمانەی کورد بەوەندە نەوەستا، بەڵکوو وڵاتەکەی خاڵی گرت، لەوانەوە تا مووسـڵ و لە مووسـڵدا بەناوی خۆیەوە حاکمی دانا. دوای ئەو ئەحمەد خۆشـکەزایەکی تری ئەبووشـوجاع و برای ئەبووعەلی کوڕی دووەمی مەروان هاتە ناوەوە و لە جێی حکوومەتی دۆستەک، حکوومەتی مەروانییەی دامەزراند (٤٠٢ی ه/ ١٠١١ی ز) و نزیکەی ٥٢ ساڵ لە ژێر ناوی «الملک العادل ناصرالدوله احمد بن مروان» لە ناوچەی دیاربەکر و جزیرەدا حوکمڕانی کرد.

دوای ئـەوە ئـەم وڵاتە ئامەد (دیاربـەکر) لە کاتێ هەراکەی تورک و عەجەم، واتا لەم هەراکەی بەینی سوڵتان سەلیمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی سەفەوی لەگەڵ وڵاتەکانی تـری کوردا، بەبێ شـەڕ کەوتە ژێر حوکمـی تورک (٩٢٠ی ه/ ١٥١٤ی ز)، بەڵام شـاری دیاربەکـر هەر بە شـارێکی کورد مایەوە تا ئیمڕۆ و گەلـێ ناوداری تری لێ هەڵکەوتووە.

هەریەکە لەلایەنێکەوە، لە ئیدارە، لە عیلم و زانستی، یا لە نیشتمانپەروەری، بلیمەتێکی کورد بوون.

لە نادی لە ژوورێکا دایاننام، کە زابتێکیشی تیا ئەنوست، بەیانی ڕۆژی دووەم زانیم کە ئەویش لە کوردەکانی بتلیسە. کوڕێکی بەئەدەب و هێمن، بەڵام بێ دەخڵ بوو. جارجار لەبەرخۆیەوە و بە لەهجەی خۆیان گۆرانی کوردیشی ئەوت. من بەدڵ گوێم ئەدایە، بەڵام قسەم نەئەکرد و هیچم دەرنەئەبڕی، هەر بەیانیوبەیانی وەختی چا خواردنەوەیش یەکتریمان ئەدی، ئیتر ئەچوو بۆ سەر ئیشی خۆی. ئەو ئێوارەیەی گەیشتمە دیاربەکر زۆر ماندوو بووم. شەو لە نادی ڕامبوارد و نەچوومە دەرەوە.

سبەینێ بەیانی، مودیری ئیستخبارات ناردی بە شوێنما، چوومە لای، ناوی سالم‌بەگ بوو و ڕوتبەی بینباشی موقەدەم بوو، زۆر هەوڵی ئەدا کە وەکوو جەنتڵمانێک لەگەڵما بجووڵێتەوە. وتی: زۆرم پێخۆش‌بوو کە بێ ئەوەی ئێمە پێت بڵێین لە خۆتەوە لە نادی عەسکەری بووی بە میوان، چونکە لە هەموو جێگەیەک باشترە و بە دڵی خۆت تیا ئەحەسێیتەوە، نامەکەی حسێن ڕەئووف بەگی خوێندەوە و لە ژێرەوە لەسەری نووسی کە چاوی پێکەوتووە. بۆ مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ عێراق (سلێمانی) پێم‌وت ڕێگەی بتلیس وان ـ شەمدینان، خراپ نییە؟ وتی: جارێ با ماندوویت بحەسێتەوە، منیش بیرێکی لێ ئەکەمەوە.

دیاربەکر لەو وەختەدا ناوچەی جەبهەی جزیرە و جەوادپاشای[1] بەناوبانگ

١. جەوادپاشا (١٨٧٠ -١٩٣٨)، جەواد چوبانلی، کوڕی مووسا شاکرپاشایە و خەڵکی شاری مالاتییەیە. ساڵی ١٨٩١ ئاکادیمیای سەربازی بە پلەی ملازم تەواوکردووە، چوار ساڵ بۆ خوێندنی سەربازی چووەتە فەڕەنسە، دواتر ڕەوانەی بولغاریا کراوە. ساڵی ١٩١٥ فەرماندەی شەڕی چانیقەلعەی کردووە. ساڵی ١٩١٧ کراوە بە فەرماندەی فەیلەقی چواردە و دواتر بە فەرماندەی لەشکری دووەم و ساڵی ١٩١٨ لەشکرەکەی لە ڕووباری ئەردەن لە بەرامبەر ئینگلیزەکان تێکشکا و بە شکستخواردوویی گەڕایەوە ئەستەمبووڵ و کرایە وەزیری جەنگ. کە ئینگلیز ئەستەمبووڵی داگیر کرد، بۆ دوورگەی ماڵتا دوور خرایەوە، بەڵام لەوێ هەڵهات و خۆی گەیاندە لای ئاتاتورک لە ئەنقەرە. ساڵی ١٩٢٢ کرایە فەرماندەی جەبهەی جەزیرە و بارەگاکەی لە دیاربەکر بوو؛ دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردەکان، بۆ ماوەیەک کرا بە سەرلەشکری سوپای سێیەم؛ دواتر دەستی لە کار کێشایەوە. ساڵی ١٩٢٣ بوو بە پەرلەمانتار بە نوێنەرایەتی شاری ئەلعەزیز، ساڵی ١٩٢٤ وەک نوێنەری تورکیا دیاریکرا بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق. ساڵی ١٩٣٥ خانەنشین کرا و وەک ڕاوێژکاری سەربازی دامەزرا؛ لە ١٣ی مارسی ١٩٣٨ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچیدوایی کرد. م.س.

کوماندانی ئەم جەبهەیە بوو. دوای گەیشتنم بە دوو ڕۆژ لە سەر ئیقتراحی سالمبەگ، زیارەتی جەوادپاشام کرد، بەڵام لە چوونم پەشیمان بوومەوە. زۆر وشک و بەفیز و لووتبەرزم هاتە بەرچاو. ئەم زاتە ئەو جەوادپاشایە بوو کە لە ١٩٢٤ی زایینیدا بە بۆنەی مەسەلەی مووسڵەوە لەگەڵ هەیئەتەکەی ئیستفتا هاتە عێراق. جارجار یا لە خۆمەوە سەرم لە سالمبەگ ئەدا وە یا ئەو ئەینارد بە شوێنما، باس و هەواڵی عێراق و سلێمانی و شێخ مەحموودم لەو ئەبیست.

لە سلێمانی لە دەوری حکوومەتی عوسمانیدا، زانستی لەچاو هەندێ لیواکانی ترا و بۆ ئەو ڕۆژە بە پێشکەوتووتر ئەژمێررا. جگە لە قوتابخانە و حوجرەکانی تایبەتی، چەن مەکتەبێکی باشی حکوومەتیشی تیا هەبوو. لە ئیعدادی عەسکەری سلێمانی گەلێ قوتابییانی پێگەیشتبوون چووبوونە بەغدا و لەوێ دوای یەک ساڵ خوێندن چووبوونە مەکتەبی حەربییە لە ئەستەموول و بووبوون بە زابت، گەلێکیشیان لە مەکتەبی ئەرکانی حەرب ڕاستەوڕاست ئەبوون بە یووزباشی ئەرکان.

لە ساڵی ٣٢٥ی ڕۆمی من لە ڕوشدییەی مولکی کفری ئیبتیدائی شەهادەم وەرگرتبوو، لەسەر ئارەزووی باوکم کە لەو وەختەدا تابووری فەوجی گوێزرایەوە پەسوێ،[1] کە لە بەینی ڕەواندز و سابڵاخ لەسەر سنووری عێراق و ئێرانە، چوومە سلێمانی لەوێ بە ئیمتیحان خرامە سینفی دووەمی ئیعدادی عەسکەری، کە پێنج سینفی بوو. موعەللیمەکانی ئەو دەورە، زۆریان لە کوردەکانی سلێمانی بوون، لەناو ئەمانەدا لە عەسکەرییەکان ئەحمەدبەگی ڕەشیدپاشا یووزباشی سواری، عەلی یاوەری حاجی حەمەئاغا ملازمی تۆپچی، نووری وەیس و فەتحی و ڕەشید زەکی کابان و لەناو مەدەنییەکانا مەلا محەممەد ئەفەندی موعەللیمی فارسی و شێخ محەممەد ئەفەندی موعەللیمی عەرەبی و عەزیز ئەفەندی وەسمانئاغا موعەللیمی خەت، کە پێیان ئەوت خواجە ئەفەندی و مەلا ڕەشیدبەگ و عەبدوڵڵا ئەفەندی پاوەییم دێتەوە بیر. حاجی قەلەندەری

١. پەسوێ ناوی گوندێکی گەورەی ناوچەی لاجانی پیرانشارە. مێژوونووسان پێیان وایە قەومی پارس لە ڕەوتی هاتنیان بۆ ئاسیای ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا لە ناوچەی پارسوادا نیشتەجێ بوون. مینۆرسکی ڕۆژهەلاتناس پێی وایە پارسوا دەبێ هەر ئەو جێگایە بێت کە ئێستا پێی دەڵێن «پەسوە» یان «پەسوێ». م.س.

بەناوبانگیش لەوێ موبسیر بوو و ساڵح چاووش بۆڕیزەن. ساڵی دوایی کە ئێمە چووینە سینفی سێهەمەوە سینفەکانی چوارەم و پێنجەم گوێزرانەوە بەغدا.

مەکتەبی ئێمەش بەناوی ڕوشدییەی عەسکەرییەوە کرا بە مەکتەبێکی سێ سینفی سەربەخۆ، کە لە ڕوشدییەی سلێمانی شەهادەم وەرگرت چوومە بەغدا و ئەو سینفانەی ئیعدادیم لەوی تەواوکرد. لە پێش حەربی گەورەیشا بە یەک‌دوو ساڵ مەکتەبێکی ئیعدادی موڵکی کرایەوە.

من لە وەختی ڕۆیشتنما بۆ ئەستەمووڵ لەگەڵ یەکێک لە موعەللیمەکانی ئیعدادی بەغدا تۆزی دەمەقاڵێم بوو، لەسەر ئەمە خۆم کرد بە نەخۆش و ناردمیانە خەستەخانەی مەجیدییە، لەوێ لەگەڵ دوکتۆر سەفوەت، دوکتۆری چاویش چووین بە گژ یەکا؛ دوو جەبهە، مەکتەب و خەستەخانە لێم بوون بە دوژمن. بە تەقریری هەیئەتی «طبیە» وتیان نەخۆشی دڵم هەیە و بۆ زابتی دەس نادەم و کردمیانە دەرەوە (٣٢٩ی ڕۆمی).

لە مەکتەبی ئیعدادی بەغدا نە لە ڕووی خوێندن، نە لە ڕووی ڕەوشت تا ئەو ڕۆژە هیچ شتێکم نەکردبوو کە کەس لێم بە گلەیی بێ، لەبەر ئەمە کە بەم ڕەنگە لە بەری خوێندنی ئەو چەن ساڵە بێبەش کرام و هاوڕێکانم کەوتنە مشووری سەفەری ئەستەمووڵ، وەکوو شتێکیان لێ ون بووبێ زۆر موتەئەسیر بوون. عەبدوللەتیف‌بەگی کوڕی ئاگاپاشای مودیری مەکتەبەکەمان و گەلێک لە موعەللیمەکانیش و بەتایبەتی دوکتۆری مەکتەبەکەمان سامی سلێمانی قوڵئاغاسی و عەبدولمەجیدبەگی خۆجە موعەللیمی ڕیازیات، کە بەتەمابوون بچمە مەکتەبی ئەرکان زۆریان پێناخۆش بوو، ویستیان هەوڵێ بدەن کە تەقریرەکە بگۆڕێ. منیش هەرچەن لە دڵا ئەم ئەنجامە زۆر کاری تێکردبووم و ئەمزانی تەقریرەکە ڕاست نییە و بەئاشکرا ئەیانەوێ ملم بکشێنن، بەڵام دەسبەجێ بڕیارم دا کە ڕێگەیەکی تازە بۆ خۆم دابنێم و لەسەری بڕۆم.

لە ڕیازیاتا باش بووم، کەوتمە سەر هەوەسی مەکتەبی هەندەسەی عالی[1] لە ئەستەمووڵ،

---

١. قوتابخانەی هەندەسەی عالی ساڵی ١٨٦٧ لە ئەستەمبووڵ بەناوی قوتابخانەی ئەندازەی مەدەنی و لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە دامەزراوە بۆ پێگەیاندنی ئەندازیار و دامەزراندنیان لە موهەندیسخانەی هومایوونی. پاشان ساڵی ١٨٧٤ خراوەتە سەر دارولفنوون و ناونراوە «قوتابخانەی ڕێگەوبان». دواتر ساڵی ١٨٨٣ جارێکی دیکە ڕێکخراوەتەوە و خوێندنی تێیدا کراوە بە دوو قۆناغ؛ ئامادەیی «اعدادیە» کە ماوەکەی سێ ساڵ و «عالیە»

بەڵام ئەیانوت لەوێ دەرچووانی ئیعدادی موڵکی وەرئەگرن، لەبەر ئەمە گەڕامەوە سلێمانی و هاوینم بە ئیسراحەت ڕابوارد، ئینجا چوومە ئاخر سینفی ئیعدادی موڵکی و هەر ئەو ساڵە شەهادەی ئەم مەکتەبەیشم وەرگرت و چوومە ئەستەموول لە ١٣٣٠ی ڕۆمی.

من تازە گەیشتبوومە ئەستەموول و چووبوومە هەندەسەوە، تورکەکانیش لایەنی ئەلمانیان گرت و چوونە شەڕەوە. باوکیشم زابت قدملی یووزباشی بوو لە سلێمانییەوە نێررابوو بۆ بانە لە ئێران و شەفیقی برام کە گەیشتبووە سینفی پێنجەمی ئیعدادی، بووبوو بە گەورەی ماڵ، کرابوو بە مودیری مەکتەبی ئیعدادی موڵکی سلێمانی. لە دەورەی ئێمەدا فایق ویسل بوو.

لەناو موعەللیمەکانیشا عوسمان نووری تیا هەبوو، کە دەرسی عەرەبی پێ ئەوتین لە کوردەکانی دیاربەکر بوو. ئەم کابرایە لە مەلایەتییەوە پێگەیشتبوو، دوایی لە مەکتەبیش خوێندبووی، مێزەری سپی ئەبەست بە سەرەوە و جوببەیەکی کورتی ڕەشی لەبەر ئەکرد و وشەی «گبی» تورکی کە بە مانای «وەکوو» دێت بە «کپی» تەلەفوز ئەکرد، لەبەر ئەوە ناومان نابوو «کپی»، کە هاتمە دیاربەکر ماموستای خۆشەویستمان عوسمان نووری لەوێ بوو.

خلووس تبلیسی کە لە دواهەمین ساڵی شەڕی گەورەدا لە سلێمانی موددەعی عموومی بوو، ئەویش لەو ڕۆژەدا لە دیاربەکر بوو، خلووس ڕەفیقم بوو، بەیەکەوە شیعرمان ئەنووسی و ئەمانارد بۆ غەزەتەی حەوادیس[1] و گۆڤاری کەوکەبی مەعاریف[2] لە کەرکووک؛ هەردووکیان ئەهاتن بۆ لام و زیافەتیان بۆ ئەکردم، بەتایبەتی ماموستا عوسمان نووری تا ئەو ڕۆژەی دیاربەکرم بەجێهێشت لێم جیا نەئەبووەوە و زۆری دڵنوایی و

ماوەکەی چوار ساڵ بووە. ساڵی ١٩٠٨ ئەم قوتابخانەیە خراوەتە سەر وەزارەتی نافیعە (ئاوەدانکردنەوە) و ناونراوە قوتابخانەی هەندەسەی عالی. م.س.

١. حوادث، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کەلتووری بوو لە ٢٤ی شوباتی ١٩١١ لە کەرکووک دەردەچوو، خاوەنەکەی محەممەد زەکی قودسیزادە بوو، بە زمانی تورکی دەردەچوو. لە کاتی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا هەواڵی بەرەکانی جەنگی بڵاو دەکردەوە. بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەسەریەک دەرچوو، ساڵی ١٩١٨ دوای هاتنی ئینگلیزەکان داخرا. م.س.

٢. گۆڤاری کوکب المعارف ساڵی ١٩١٥ لە کەرکووک دەردەچوو، گرنگی بە ئەدەب و کەلتوور بەگشتی دەدا. سەرنووسەرەکەی مستەفا یەعقووبی بووە. لە چاپخانەی مەدرەسەی سەنایع چاپ دەکرا. م.س.

خزمەت ئەکردم. عورفی بەگی کوردیش کە بەینێ مودیری تەحریراتی سلێمانی و بەڕاستی ئەدیب و شاعیرێکی گەورە و بەنرخ بوو، تەنیا عەونی کوڕی لە پاش بەجێ مابوو لە مەحکەمەی دیاربەکر کاتب بوو.

من بەهۆی خلووسیبەگەوە دوکتۆر فوئادم[1] ناسی. لاوێکی باڵا نزیک کورتی، پێست مەیلەوسپی لاواز، بەڵام چوستوچالاک و زرنگ و بێترس و نەبەز و نیشتمانپەروەری بەڕاست بوو. خلووسی پیاوێکی زۆر باش و کوردێکی ئاشناپەروەر و شاعیرێکی قەلەندەر مەشرەب بوو. میللەتی خۆی بێموجازەفە خۆش ئەویست و لە کارێک نزیک نەئەکەوتەوە کە تاڵووکەی تیا بێت، لەبەر ئەوە دووراودوور دوکتۆر فوئادی پیشان دام و لێشم پاڕایەوە کە نزیکی نەکەومەوە، چونکە لە ژێر چاودێریدایە. دوکتۆر فوئادی لە دوورەوە بەم جوملەیە پێناسیم «اپشته سو مجنون!» واتا ئەوەتا شێتەکە! ئێمەش، من و دوکتۆر فوئاد ئەو ڕۆژە لە دوورەوە بەسەر سەلاممان لە یەک کردبوو، یەکتریمان ناسیبوو. لەو ڕۆژانەدا لەپڕ تووشی لەرزوتا هاتمەوە، زۆر بەتوندی گرتبوومی.

شەو دوکتۆری عەسکەرییان بۆ هێنام، دەرزی مەلاریای لێدام و ڕەچەتەیەکی بۆ نووسیم. بەیانی زوو مەحموود چووبووە ئەجزاخانەی بەلەدیە دەرمانەکەم بۆ بێنێ. دوکتۆر فوئاد لەوێ ئەبێ، مەحموود کە دەرمانەکەی بۆ هێنام، تەزکەرەیەکی ئەویشی لەگەڵ بوو. دوای سەعاتێکیش خۆی هات، تەنیا مەحموودم لابوو. دەرزی لێدام و

1. دوکتۆر فوئاد (١٨٨٧ - ١٩٢٥)، کوڕی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی لە بنەماڵەی قادریان، خەڵکی دەڤەری «چێرمووگا»ی دیاربەکرە. خوێندنی سەرەتایی لە دیاربەکر تەواوکردووە، دواتر دەچێتە ئەستەمبووڵ و لەوێشەوە دەچێتە پاریس و خوێندنی پزیشکی تەواو دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ دیاربەکر و عیادە دەکاتەوە. کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە هەژاران پارەی وەرنەدەگرت. ساڵی ١٩١٩ دەبێتە نوێنەری کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، پاش پەرتەوازە بوونی کۆمەڵەی تەعالی، لەگەڵ چەندین ڕۆشنبیری دیکە «کومیتەی ئیستقلالی کوردستان» دادەمەزرێنن. ئەفسەرە کوردەکانی وەک ئیحسان نووریپاشا، ملازم ئیسماعیل حەقی شاوەیس، خەڵکی سلێمانی و خورشید هەرتووشی ئەندامی ناوداری ئەو ڕێکخستنە بوون. د. فوئاد بەرپرسی ڕێکخستنی دیاربەکری ئەو کومیتەیە بوو. ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنەکەیان هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕزگاریخواز بوو. بە بڕیاری ڕێکخستن ئەندامانی ئەو کومیتەیە جلوبەرگی کوردییان لە بەر دەکرد و بە ناو بازاڕدا دەسووڕانەوە. کومیتەکە و د. فوئاد پشتیوانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەکەن و دوای شکستی شۆڕش، د. فوئاد دەگیرێت و لە ١٦ی نیسانی ١٩٢٥ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ، لە بەرەبەیانی ١٧ی نیسانی ١٩٢٥ لە سێدارە دەدرێ. م.س.

بەینێکی کەم لە لام دانیشت و نەبزەیەکی لە باس و هەواڵی خۆی بۆ گێڕامەوە. بەتەواوی بۆم دەرکەوت کە حکوومەت هەناسەکانی لەسەر ئەژمێرێ. زۆری تەنگ وچەڵەمە دیبوو، گەلێ کارەساتی بەسەر هاتبوو، لەگەڵ ئەمەیشا لەو ڕۆژەدا تەبیبی بەلەدیەی دیاربەکر بوو.

من مەلاریام پێ فێر بووبوو، بەڵام کە بەریئەدام ئەچوومە دەرەوە. ڕۆژێکیان تووشی مستەفا شەوقی هاتم.[1] ئەیوت لە ئیزمیرەوە هاتووە و ئەچێتەوە عێراق. بە قسەی خۆی هەندێ نامە و وێنەی نوورەدین پاشای پێبوو بۆ ئاشناکانی لە عێراق، بەتەمای ئەوە بوو کە لەوێ بۆ خاتری چاوی ڕەشی نوورەدین پاشا ئاشووبێک بگێڕێ.

مستەفا شەوقی زۆری کوردەکان ئەیناسن. لە تورکیا وائەزانم زابتی ڕەدیف یا شوعبە بوو، تۆزێک حەزی لە موغامەرات، زۆریش حەزی لە خۆهەڵکێشان و فیشاڵ ئەکرد. ئەیەویست منیش لە ڕێگەی مووسڵەوە لەگەڵی بگەڕێمەوە، لە ئەوەڵەوە هاتمە سەر قسەی، بەڵام کە لە فیشاڵ و قسە زلەکانی گەیشتم بیرم گۆڕی. ئەو لە پێش منا لە ڕێیەکەوە کەوا دەرئەکەوت تورکەکان بۆیان دانابوو گەڕایەوە. منیش دوای ئەو بە چەن ڕۆژێ لە ڕێگەی کاروانەوە ڕووم کردە باکووری خۆرهەڵات و لە دوای پێنج ڕۆژ گەیشتمە بتلیس. ئەوڕەحمان بەگی ڕەشیدپاشا لە بتلیس زابت بوو، خۆی و زابتێکی تری خانوویەکی بچووکیان گرتبوو، لەلای ئەوان دابەزیم.

---

١. مستەفا شەوقی (١٨٨٩ -١٩٣٧)، کوڕی بیناباشی ڕەمەزان ئاغای کوڕی عەبدولقادر کوڕی سلێمانە، باوکی ئەفسەری جەندرمەی عوسمانی بووە، پێش ساڵی ١٩٠٤ لە شەڕدا کوژراوە، دایکی گورجیە محەممەدی ناو بووە، ساڵی ١٩١٦ مەکتەبی حەربییەی لە ئەستەمبووڵ تەواوکردووە، بووەتە ملازمی دووەم. لە دووەم حکوومەتی شێخ مەحموودا وەک ئەفسەر بەشداری لە ڕێکخستنی عەسکەری کوردستان کردووە، بەڵام لە ١٩٢٣ دەچێتە ناو سوپای عێراق. ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا بووەتە موحەڕیر لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان. ساڵی ١٩٢٧ یەک ژمارەی گۆڤاری پەیژەی دەرکردووە، لەسەری خراوەتە زیندان. ساڵی ١٩٢٧ بووەتە سەرۆکی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردستان. ساڵی ١٩٢٨ سکرتێری کۆمەڵەی خۆی بوون بووە لە بەغدا. ساڵی ١٩٣١ خانەنشین کراوە. ساڵی ١٩٣٦ بە پشتیوانی بەکر سدقی کراوە بە ئەفسەری تەنجنیدی قەڵادزێ و ساڵی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە. م.س.

بتلیــس

[بتلیـس][1] شـارێکی بچووکـی شـاخاوییە لـە کوردسـتانی تورکیـا، کەوتۆتـە بەینی دوو شـاخەوە، شـارەکە خۆشـە بەسـەر تەپۆڵکەیەکەوەیـە، دیمەنێکـی تەبیعـی و جـوان و ئاووهەوایەکی سـازگاری هەیە. ئیمڕۆ ناوچەی ویلایەتێکە بەناوی خۆیەوە، بەینێک ئەم شـارەیش ناوچەی ئەمارەتێکی بەناوبانگی کورد بووە. ئەمیر شـەرەفخانی کوڕی ئەمیر شەمسەدینی ڕۆژەکی کە لە ١٠٠٥ی ھ/ ڕێکەوتی ١٥٩٦ زایینی کتێبی شەرەفنامەی مێژووی ئەمارەتەکان و حکوومەتەکانی کوردی بە فارسـی نووسـیوە. خۆشـی لە دەوری سـوڵتان موڕادی سـێهەمی عوسمانیدا بووە بە ئەمیری وڵاتی بتلیس و پێش ئەوەیش بەینێک لە بەلات (قەسر)ی شاتەهماسبی سەفەویدا [بووە].

بەپێی شەرەفنامە ئەمیر و حاکمەکانی بتلیس لە سولالەی نۆشیروان وە یا لە نەسلی پادشـاکانی ساسـانی کوردن. هـەر لە شـەرەفنامەدا لەلایەکی ترەوە ئەڵێ ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە حوکمدارانی بتلیس ئەچنەوە سـەر بەهرامی کوڕی جاماسـبی کوڕی فیرووزی کوڕی یەزدجردی ساسـانی کورد کە لە زەمانی قوبادی کەسـرا حوکمڕانی ئەرمەنسـتان و شـیروان بووە. هەر لەم سەرچاوەیەوە (شـەرەفنامە، لاپەڕە ٣٩١ی تەرجەمەی عەرەبی) وا دەرئەکەوێ کە ئەم خانەدانە لە مێژووی ١٠٠٥ ھ/ ١٥٩٦ زایینیدا کە مێژووی نووسینی شەرەفنامەیە، ماوەی حوکمیان بە هەموویەوە گەیشتۆتە ٧٦٠ ساڵ. بەڵام ئەو ئەمیرانەی کە لەم وڵاتەدا یەک لە دوای یەک و بەبێ ماوەیەک یا وچانێک حوکمڕانییان کردووە و ئەمیر شەرەفخان بۆی کۆ کراوەتەوە ژمارەیان گەیشتۆتە هەژدە ئەمیر، کە لەسەر یەک ٤٥٠ ساڵ لە هەرێمی بتلیسدا بە سەربەخۆیی حوکمڕانییان کردووە.

عەللامەی بەناوبانگ ئیدریسی بتلیسی، کە ئەمیرەکانی کوردی لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسـمانی ڕێکخسـت و بە شـەرتی سـەربەخۆیی ئەمارەتەکانی کوردسـتان لـە مێژووی ٩٢٠ھ/١٥١٤ زایینـی لەگـەڵ وڵاتی عوسـمانی کرد بە یەک و ئەمە بوو بەهۆی سـەرکەوتنی

---

١. شەرەفخان خۆی پێداگرە کە بدلیس دروستە نەک بتلیس. س.

سوڵتان سەلیم لە شەڕی چالدێران و دوای ئەوە لە «مەرج دابیق»[١] ڕۆڵەیەکی پێگەیشتویی شاری بتلیس بوو.

تەیمووری گۆرکانی (تەیمووری لەنگ) کە دونیای زەمانی خۆی سەروژێر کرد و حوکمداران و سەلاتین و ئەمیرانی ئەو دەورەی هەموو بەدیل گرت و پاشای عوسمانی یەڵدیرم بایەزید، کە لەگەڵ تەیموور لە یەک تیرە بوون بەدیلی لە ژێر دەسییا مرد، لەگەڵ ئەمیرانی بتلیس، ئەمیر حاجی شەرەف خان زۆر ڕێک بووە و لە خۆی نزیک خستۆتەوە و گەلێ شاران و قەڵایانی تری پێبەخشیوە و خستوویەتە سەر وڵاتی بتلیس. مەلا سەلیمی ناودار کە لە پێش شەڕی گەورەی یەکەما لە دەرسیم شۆڕشێکی گەورەی کوردی گێڕابوو، بە گژ تورکا چووبوو، دوای شکستی کوردەکان خۆی کوتابووە شابەندەرخانەی ڕووسیە لە شاری بتلیس و هەتا ئەو ڕۆژەی تورکەکان تێکەڵ بە شەڕ بوون لەوێ مایەوە، ئینجا کە تورک و ڕووس بەرامبەر بە یەک چوونە شەڕەوە و شابەندەری ڕووسیە بتلیسی بەجێهێشت تورکەکان مەلا سەلیمیان گرت و لە شەقامەکەی بتلیسدا کردیان بە سێدارەدا.

من و مەحموود هەریەک شەو لە بتلیس ماینەوە، بەیانی بەهۆی نەفەرەکەی ئەورەحمانبەگەوە بۆ بارگە هێستریێکم کڕی و کەوتینە ڕێ؛ هەر لە ئەوەڵەوە بۆم دەرکەوت ئەو پارەیەی (٨٠ مەجیدی تورک) کە دابووم بە هێسترەکە لەکیسم چوو. داخەکەم نەفەرەکە کە بە قسەی ئەورەحمان بەگ لە بەیتەری ئەزانی منی هەڵخەڵەتاندبوو، هێستریێکی پیری لاوازی بێکارە و پەککەوتەی بۆ کڕیبووم یا پێفرۆشتبووم.

مەنزڵی یەکەممان تەتوان[٢] بوو، ڕۆژی دووەمیش گەیشتبووینە ئەخلات، ئیبراهیم ئەفەندی یووزباشی (ئیبراهیم گودرونی خەڵقی سلێمانی) برای عەونی ئەفەندی لەوێ ڕەئیس شوعبە بوو، واتا ڕەئیس تەجنید، جگە لە خۆشی، ژنەکەشی کە کچی مەلا

---

١. شەڕی مەرج دابیق ساڵی ١٩١٦ لە نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەم و مەملووکەکان لە نیزیک حەڵەبی سووریا ڕووی داوە و مەملووک شکاون. س.

٢. تەتوان شارێکە بە مێژوویەکی پێنج هەزار ساڵە. دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریاچەی وان و ٢٥ کیلۆمەتر لە شاری بتلیس دوورە، دوای جەنگی چالدێران (١٥١٤) کەوتە دەستی تورکەکان. دانیشتووانەکەی کوردن. م.س.

ئەمینی دەلاڵ بوو لە منالییەوە ئەمناسی و لە کەرکووک لەگەڵ دایکی زۆر جار ئەهاتنە ماڵمان و ئێمەش ئەچووینەوە لایان، زۆر کچێکی قەشمەر و عەنتیکە و قسەخۆش بوو، لە ئەخلات چوومە ماڵی ئەوان و لەوێ قاوەڵتیم کرد. خورشیدخان، بە تەعبیری منالی خورشەی مەلامین، وێنەیەکی خۆشی دامێ بە شەبقە و بەرگی فەرەنگی سفوورییەوە گرتبووی، لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ خزمەکانی لە سلێمانی.

ئەخلات

[ئەخلات] لە مێژوودا جێگەیەکی هەیە. لە دەوری ئەمیر شەرەف‌خانی کوردی ئەمیری بتلیس هاوعەسری تەیمووری لەنگ و مەلیک ئەشرەفی حاکمی ئۆرفە و حەڕڕان و کوڕی سەلاحەددین ئەمیری ئەیووبی.

مەجدەددینی برای شەرەف‌خان حاکمی ئەخلات ئەبێ کە سوڵتان جەلالەددینی کوڕی سوڵتان محەممەدی خوارەزمشا لە ترسی لەشکری جەنگیزخان سەڵتەنەتی ئێران بەجێ‌دێڵێ و ڕائەکاتە هیندستان. دوایی ئەگەڕێتەوە ئێران و جارێکی تریش خۆی بۆ ناگیرێ و ڕائەکاتە قەفقاسیا و ئەریوان و تفلیس ئەگرێ، ئینجا ڕوو ئەکاتە ئەمارەتی بتلیس و لە ئەخلات دەورەی مەجدەددینی برای شەرەف‌خان ئەدا و ماوەیەکی درێژ لە بەینی لەشکری سوڵتان جەلالەددین و کوردەکان شەڕوشۆڕ دەوام ئەکا، جەلالەددین ئەخلات ئەگرێ و مەجدەددین و عیزەددین ئەخاتە بەندیخانەوە، بەڵام شەرەف‌خان لەشکری لێ‌ئەکا و دێتە سەری و لە دەشتی مووشدا دوو لەشکر بەرامبەر بە یەک ئەوەستن و دوای شەڕێکی قورسی سێ ڕۆژی جەلالەددین ئەشکێ و ئەگەڕێتەوە ئەخلات. لەم عانەدا لەشکرێکی مەغۆلیش ئەگاتە ئەریوان، جەلالەددین لەمە ئەکەوێتە ترسەوە و عیزەددین و مەجدەددین لە بەندیخانە بەرئەدا و لەگەڵ شەرەف‌خان پەیمانی ئاشتی ئەبەستێ و کچێکی خۆشی لێ مارە ئەکا.

ڕۆژی سێهەم گەیشتینە ئەرجیش، لێرەشا باز ئەبووشوجاعی کوردم هاتەوە بە بیرا کە چۆن بەهۆی ئازایی و قارەمانی و بەخشندەیی حاتەمانەیەوە لە شوانییەوە دەوڵەتێکی دامەزراند (حکوومەتی دۆستەکی) و گەیشتە پایەی شاهی.

بیرم کەوتەوە کە دوای ئەوەی چەن کەسێکی لە خۆی کۆکردبووەوە و دەسی کردبوو بە جەردەیی و هەرچی دەس ئەکەوت بەسەر هاوڕێکانییا دابەشی ئەکرد و بەم ڕەنگە بوو بە خاوەن لەشکر، ئەوساکە کەوتە سەودای گەورەیی و ڕووی کردە ئەرجیش. ئەم شارە کەوا ئێستە منی تیام، لێرەدا دەسی کرد بە لەشکر پێکەوەنان بۆ گرتنی وڵاتی ئامەد (دیاربەکر) و ئەوەندەی پێنەچوو ئامەد و میافارقین و نوسەیبینی گرت و لەگەڵ لەشکری «سەمساموددەولە» لە جنووبی وان کەوتە شەڕێکی قورسەوە و شکاندی لە مەوقعی باجالایا و تا مووسڵ بەرەودوای ناو مووسڵیشی داگیر کرد (٣٧٣ هـ/ ٩٨٣ زایینی)، ئینجا کەوتە سەودای داگیرکردنی بەغدا و لە ئەنجامی گەلێ شەڕوشۆڕ لە بەینی دیلەمییەکان و باز و هەندێ جاریش لە بەینی باز و حەمدانییەکان، لە شەڕێکا باز لە وڵاخەکەی کەوتە خوارێ و ئەستۆی شکا. ئەبووعەلی خوشکەزای باز کە ناوی باوکی مەروان بوو، جێی بازی خاڵی گرتەوە و لە جێی حکوومەتی دۆستەکی، حکوومەتی مەروانی کوردی دامەزراند.

شاری وان

ئێمە مەنزڵی دوای «ئەرجیش»مان کۆی بوو، دوای کۆی بە ڕۆژی ٦ی تەمووزی ٣٣٩ ڕۆمی گەیشتینە وان، نزیک ئێوارە بوو گەیشتبووینە ئەم شارە. بەتەمای ئەوە بووین کە بچمە ئوتێلێک، گەڕاین، پرسیمان، نەک ئوتێل، خانێک وە یا هیچ نەبێ ژوورێکمان دەس نەکەوت کە بیگرین. لەلایەکەوە شەڕوشووڕی بەینی کورد و ئەرمەنی، کە هەمووی بە هاندان و دەسیسەی حکوومەت بوو ڕووی ئەدا، لەلایەکی ترەوە هۆی شەڕی گەورە و داگیرکرانی ئەم وڵاتە لەلایەن لەشکری ڕووسەوە، ئەم ناوە و بەتایبەتی ناوچەکانی بتلیس و وان تا گەوەڕ و شەمدینان و ڕەواندز هەمووی تەخت و تاراج کرابوو و بەردی بە سەر بەردەوە نەمابوو.

شاری وان ناوچەی ویلایەتێکی گەورەیە و بەهۆی ئەرمەنییە زیرەک و دەوڵەمەند و دەسڕەنگینە سەنعەتکارەکانەوە بەتایبەتی لە ئیشی زێڕ و زیو و میناکاری ناوی ڕۆیشتبوو. لەو ڕۆژەدا لە دێیەکی وێران و تاڵانکراو ئەچوو و بە هەموویەوە دووسەد

ماڵی ئاوای تیا نەبوو. دیمەنی تەبیعی وان بە زەریاچە جوانەکەیەوە بەو شاخ و کێوانەی دەوروپشتییەوە، بە شەقامە ڕاست و پانە درەختاوییەکان و بە ئاوی وەک بلووری ساردەوە، بە هەوای سازگارییەوە لە دیمەنی گەلێ شارانی بەناوبانگ جوانترە و شیرینترە، بەڵام داخەکەم لەو شەقامە ڕاست و ڕێک و پان و سێبەراوییەدا کە ئاوەکانی بە ژێر شۆڕەبییە بەرز و سەوزەکانی ئەمبەر و ئەوبەریانا ئەڕوا، گەلێ لە ئاوی بۆڕییە ڕوونتر و پاکتر و ساردترە؛ بەڵی لەو شەقامانەدا لەبەر چۆڵی و تەنیایی و بێدەنگی، ئینسان بەڕێوە خەو ئەیبردەوە. زۆر درێژی نەکەینەوە، لەبەر دووکانێکا هەواڵی، خانێک، ژوورێک، جێگەیەکم ئەپرسی، کە پاڵێکی ڕەحەتی تیا بدەمەوە و ماندووم بحەسێتەوە، بەڵام وادیار بوو کە جێگەیەکم دەس ناکەوێ و دەبێ لە کۆڵانا بمێنمەوە. خاوەن وڵاخەکانیش ڕۆیشتبوون و بەجێیان هێشتبووین بۆ ئوتێل یا نادی، ئەویشم لە کیس چووبوو کە لەگەڵی بچمە ماڵەکەی وە یا هەر جێگەیەکی لێی ئەحەسێتەوە، بەڵام ئایا ئەویش جێگەیەکی وای هەبوو کە منی تیا بحەسێمەوە؟

ئەو مەلاریایە کە لە دیاربەکر تووشم بوو لێم نەگەڕابوو تا گەیشتبووینە بتلیس بەبێ وچان هەموو ڕۆژێ ئەیگرتم و زیفی لێ سەندبووم، لەبەر ئەوە تا بتلیس ئەو جێگانەی پیا ڕۆیشتبووین وەکوو نەمدیبێ وایە، ئەوەندە ئەزانم بەلای سیعردا ئەڕۆیشتین، بەڵام سیعرد چۆن شارێکە؟ چووینە شارەکە یا نە؟ لە چ لایەکی لامان داوە، هیچم لێنەنووسیوە و لە بیریشم نەماوە لەو پێنج ڕۆژەی کە بەڕێی دیاربەکر، بتلیسەوە بووین، تەنها بەسەرهاتی ڕۆژێکیانم نووسیوەتەوە و زۆر باش لە بیریشمە و دێتەوە بەرچاوم. بە ڕێی وەیسی قەرەنییەوە بووین، لە کاروانەکەمانا کەژاوەیەک هەبوو، سەری وڵاخی کەژاوەکە بەدەس کوڕێکی چوستی مناڵکارەوە بوو.

ئەیانوت کەژاوەکە ژنێکی نەخۆشی تیایە کە مێردەکەی لە دیاربەکر مەئموورە و ئەینێرێتەوە بتلیس بۆ ماڵی باوکی ژنەکە، کوڕە مناڵکارەکەش برای ژنەکە بوو. چەن جارێک بەرێکەوت ژنەکەم بەرچاو کەوت کە لە کەژاوەکەدا ڕاکشابوو، هەرچەندە نەخۆش و لاواز بوو، بەڵام دیار بوو کە تازەکچێکی یەکجار جوان و شیرین بوو وا ئەهاتە بەرچاوم کە دەمی بە زەردەخەنەوە بێت. قەت باوەڕم نەئەکرد ئاوا زوو بمرێ، کەچی

کە گەیشتینە وەیسی قەرەنی[1] برای ژنەکە دەسی کرد بە هاوار کردن و گریان و شیوەن، تێگەیشتین کە ژنە بەستەزمانەکە مردووە. بڕیار درا کە هەر لەسەر قەبرانەکەی وەیس بینێژن، من لە دڵی خۆما وتم خۆزگە ئیمڕۆ لەرز و تاکە نەیئەگرتم تا ئەم ژنە کەساسە ئەخرێتە قەبرەوە. دیار بوو ئاواتەکەم هاتە دی. ژنە کەساسەکەمان گەیاندە جێی خۆی. ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ سەعات بە پێوە و بە بەر هەتاوەوە هات‌وچۆم کرد، ئەوەندە بە خۆم نەزانی کە پێی ناڕەحەت بم. دوایی کە گەڕامەوە دالانی مەرقەدەکەی وەیس جێگەکەم لەسەر سەکۆی دالانەکە داخست و لێی ڕاکشام. بە مەحموودم وت لە دێکە شیر و ماستم بۆ بکڕێ، خۆشی چێشتێکی برنجم بۆ لێنێ و تا لە خەو هەستام دەسم لە سەر دڵم بوو، هیوای ئەوەم بوو کە ئەو ڕۆژە تا سەر لەرز و تاکە نەمگرێ. لەو دالانە فێنکە نزیکەی سەعاتێک نوستم، کە خەبەرم بووەوە لەشم زۆر سووک و ڕەحەت بوو، بەڵام داخەکەم مەحموود چێشتەکەی سەقەت کردبوو و تەنیا بە شیر و ماستەکە ڕامبوارد.

بەڕاستی وام هات بە خەیاڵا کە ئیتر لەرز و تاکەم لە کۆڵ کەوتبێ، کەچی ڕۆژی دوایی لە میعادی خۆیا یەخەی گرتم، دامییەوە بە عەرزا، لە پاڵەوە چاوم بە یەک‌دوو کابرای چاکەت و پانتۆڵ لەبەر کەوت کە لەگەڵ کوڕە منالکارەکە و کاروانییەکان دانیشتوون و باسی ژنە مردووەکەیان ئەکرد. ئەمانەیش برای ژنە کەساسەکە بوون و لە بتلیسەوە هاتبوون بە پیرییەوە و تێیان گەیاندن کە لە دوێنێوە لە ژێر خاکایە؛ دیمەنێکی زۆر کاریگەر بوو، منیش هەر لە پاڵەوە چەن دڵۆپێک فرمێسکی گەرم بە چاوما هاتە خوارەوە.

تا نزیک بە هەرێمی وان گەیشتبووینەوە، زۆرم کەم کردبوو، لەرز و تا یەکجار زەرد و لاوازی کردبووم، پێیان ئەوتم هەوای وان زۆر سازگارە و لەوێ چا ئەبمەوە. بە قسەی ئەوان ئەبوو لە زەریاچەکەی وان مەلە بکەم، بەڵام ئەوا من لەوێ نزیک خۆرئاوا لە بەردەمی دووکانێکا عەودالی جێگەیەکم کە تیا بگونجێم و ماندووم بحەسێتەوە، واتا لە زەریای

---

١. مەرقەد و زیارەتگایەکە لە بەینی دیاربەکر و بتلیس و ئەڵێن مەقامی وەیسی قەرەنییە، دنیەکەیش لە تەنیشتییەوە هەر بەو ناوەوەیە.

لێکدانەوەدا کەوتوومەتە مەلە، بەڵام خوا ناردی، ئەوا مەجید ئەمین کەرکووکیم لێ پەیا بوو. زۆر باش ئەیناسم و لە کەرکووکەوە ئاشنایەتیمان هەیە. کەوتینە خۆش وچلۆنییەکی گەرم وگوڕ؛ پێی ناوی سەرتان بیەشێنم، مەجید وتی هیچ جێگە دەس ناکەوێ، منیش لە دائیرەی ژاندرمە ئەنووم، چونکە کوماندانەکەی ژاندرمە خەڵقی کەرکووکە و پیاوێکی زۆر باشە و هاوشاریپەروەرە، لەوانەیە کە منیش ئەو شەوە لەوێ بنووم. پێی ناخۆش نەبێ تا سبەینێ هەوڵی جێگەیەکی تر ئەدەین، یارەبی سەد شوکر! لەو حاڵە ڕزگارمان بوو، چوومە دائیرەی ژاندرمە ئەو شەوە مەجید بە هەموو مانایەک خزمەتی کردین و حەساینەوە.

مەجید یا مەجید ئەفەندی کوڕی ئەمین ئەفەندییە، کە لە وەختی عوسمانیدا مودیری ئەملاکی سەنییە بوو لە کفری. خۆی، واتا مەجید لەو ڕۆژانەدا کە من لە کەرکووک موعەللیم بووم مەغازەی کردبووەوە و کاسبی ئەکرد، دوایی لە کەرکووک ڕایکردبوو، چووبووە لای ئۆزدەمیر، کە من لە ئەنقەرە بووم و ئینگلیزەکان ئۆزدەمیریان لە ڕەواندز دەرپەڕاندبوو، عەسکەرەکانی ئۆزدەمیر بە هەرێمی شەمدینان و باشقەڵادا بڵاو بووبوونەوە و هەندێکیشیان هاتبوونە وان، ئەسعەدبەگی کوماندانی ژاندرمە لە وان، ئەسعەد نیازی زۆری لەمانە لە ئاڵاکەی خۆی دامەزراندبوو و کردبوونی بە ژاندرمە.

مەجید لەناو ئەوانەدا بوو لە دائیرەی ژاندرمەدا کرابوو بە کاتب. بەیانی ئەو شەوە کە لەلای مەجید ڕامبوارد، چوومە ناوچەی فیرقەی وان، عەلی ڕەزابەگ بینباشی ئەرکانی حەربی فیرقە بوو، زۆر بەجوانی بەرەوپیری کردم و لە هەموو لایەنێکەوە تا لە وان بووم پیاوەتی و کردەوەی باشی لەگەڵ کردم. لەلایەن ڕێگەی گەڕانەوە وتی: ئێمە بۆ کوماندانی قۆڵ ئۆردووی خۆرهەڵات ئەنووسین و بەپێی ئەمری ئەو چی پێویست بێ ئەکەین، فیعلەن لە ڕۆژی ٧ی تەمووزدا بۆ ئۆردوویان نووسی و لە ١٤ی تەمووزدا دووبارە نووسیانەوە. لەو ڕۆژانەدا عەلی سەعیدپاشا کوماندانی ئەم جەبهەیە بوو، خۆی لە ساری قامیش دائەنیشت.

ئەحمەد تەقی کە لە قەفقاسەوە بۆ مەسەلەی سمکۆ چووبووە لای، هێشتا لەوێ بوو، خەسرەو کوڕەکەی سمکۆیش کە بەدیل گیرابوو، لەلایەن عەلی سەعیدپاشاوە لەوێ

خرابـووه مەکتەبی عەسـکەری. لـەم حەلەدا کە مـن لای عەلی‌ڕەزابەگ دانیشـتبووم ژەندرمەیـەک تەزکەرەیەکی ئەسـعەد نیـازی بۆ هێنـام. دوای بەخێرهاتن ئەینووسـی کە بـۆ قاوەڵتـی چاوەڕێـم ئـەکا و ئەیوت نابێ لـە هیچ جێگەیـەک جگە لـە دائیرەکەی چاوم پێـی کەوێـت و دەزبەجێ زانیم کە لە پیاوە کۆنەکانە و لەوانەیە کە لە ڕێی هاوشـارییەکی، سەری خۆی دابنێ. بڕیاری دا کە تا لە وان بمێنمەوە، دائیرەکەی لە ژێر ئەمری منایە و لەبەر ئیسراحەتی خۆم نەبووایە ئەیبردمە ماڵەوە، بەڕاستی ئینسانێکی تەواو بوو.

مـن هـەر لـە بتلیس بـەولاوە ڕووم کردبووە چاکـی و لەرز و تاکە کەمتر و سـووکتر ئەیگرتم، دوای گەیشتنم بە وان بەجارێ لە کۆڵم کەوت و ئیتر نەیگرتمەوە. لە زەریاچەی وان مەلەیشـم نەکـرد و مەلاریاش بـەری نەدامایە من لەوانە نەبـووم لەو زەریاچەیەدا مەلە بکەم، چونکە فێری مەلە نەبووبووم و ئاوێ لە ئەژنۆم سەرکەوێ خۆمی تیا ناگرم.

لە وان باس و هەواڵی ئۆزدەمیر و سمکۆ بەتەواوی تێگەیشتم؛ سمکۆ دوای گەڕانەوەی لە سلێمانی لە نزیک سەرای کە ناوچەیەکە لە ویلایەتی وان و لە بەینی سنووری تورک و ئێرانە، بە خۆی و سـەد کەسـێکەوە کە لە دۆڵێکا دامەزرابوو، ئەو و ڕەشـید جەودەت و فایق ئیسماعیلیشی لەلا بوو. ئەم دوو زابتە کوردە لە سلێمانییەوە لەگەڵی هاتبوون، ڕەشید لەوێوە لەگەڵ من کەوتە موخابەرە. ئەیوت سمکۆ تا ئێستە چاوەڕوانی ئەنجامی تەقەلای ئەحمەد تەقی ئەکا لەلای سەعیدپاشـا. گلەیی ئەوەی ئەکرد کە نە عەلی سەعیدپاشا و نە فیرقەی وان وەڵامی نووسـینەکانی سـمکۆ بە ڕاسـت و ڕەوانی نادەنـەوە و ئەنجامی دەس ناکـەوێ، چ عەلـی سـەعید و چ فیرقە ئەیانویسـت سـمکۆ بەبـێ چەن‌وچۆن هەڵسـێ و بێتە وان، واتا خۆی بخاتە ژێر ڕەحمەتی تورکەوە. سـمکۆ نەیئەوێرا کە بێتە ژێر چنگیان، مەسـەلەی شـێخ مەحموود و ئۆزدەمیریش سەری نەگرتبوو، ئۆزدەمیر بە خۆی و لەشـکرە چەتەکەیەوە لە ڕەواندز دوورخرابووەوە و تەفروتونا کرابوو، لەبەر ئەوە سـمکۆ ئەیزانی کە بچێتە وان، ئەبێ بە تەڵەوە. لە بەینی فیرقە و سـمکۆ، پێش ئەوەی من بگەمە وان، موخابەرەیەکی زۆر دووروودرێژ کرابوو، بەڵام بێ‌سـود و بێ‌ئەنجام! من هەرچـەن لە عەلی‌ڕەزابـەگ و لە کەنعان‌بەگی کوماندانی فیرقە زۆر نەوازشـم ئەبینی، بەڵام نەمئەویسـت خۆم لە مەسـەلەی سـمکۆ بگەیەنم، لەوە ئەترسـام کە ببم بەهۆی

کردەوەیەکەوە کە پەشیمانی لەدوا بێ.

جەژنی قوربانی بەسەرا هات، جەودەت و سمکۆ و عەلی سەعیدپاشا تەلەگرافی جەژنە پیرۆزەیان بۆ ناردم، سمکۆ داوای ئەکردمە لای خۆی. لە پێش ئەمەدا لە فیرقەوە یەک‌دوو جار بە گوێیانا هەڵدام کە بچمە لای سمکۆ و هێمنی بکەمەوە، کە متمانە بکا و بێتە وان، بەڵام عوزرم بۆ هێنابوونەوە، کە نامەکەی سمکۆ هات و داوای کردم بۆلای خۆی، فیرقە ئەمەی بە هەل زانی و ناردیان بە شوێنما و هەموو موخابەراتی بەینی فیرقە و قۆڵ ئۆردوویان نایە بەردەمم کە لەلایەن سمکۆوە نووسرابوو. بەڕواڵەت فیرقە لەگەڵ سمکۆ بوو. منیش لە وان نزیکەی مانگێک بوو چاوەڕوانی ئەوە بووم کە یارمەتیم بدەن و بە ڕێگەیەکی ئەمینا بمنێرنەوە، خۆم بۆ عەلی‌پاشام نووسی، وتی: سەر لە فیرقە بدە، کەچی فیرقە هیچی بۆ نەهاتبوو، ئینجا موراجەعەتم بە والی کرد، ئەو موخابەرەی لەگەڵ کرد، وەڵامی بۆ هاتەوە، کە لە ڕێگەی شەمدینانەوە بڕۆم باشترە، فەوزی‌بەگی ئاشناشم لەوێ یارمەتیم ئەدا، بەڵام هەر ئیمڕۆ بە سبەیان ئەکرد و هیچیان دیار نەبوو. ئیتر لە گیانی خۆم وەڕەز بووبووم. لەم وەختەدا کە فیرقە باسی سمکۆی کردەوە، دەسبەجێ بڕیارم دا کە بچمە لای سمکۆ؛ ئەمزانی کە سمکۆ لەناو عەشایری عێراق و عەجەما، نفووزێکی گەورەی هەیە و ئەتوانێ بمگەیەنێتەوە سنووری ڕەواندز.

لە وان شاڵوشەپکی کوردیم دروست‌کرد و ڕیشێکی بچووکم هێشتەوە، جەژنم لە ماڵی شێخێکی کورد ڕابوارد. ئەم شێخە خەڵقی کوردستانی لای خۆمان بوو، بە کوردی سلێمانی قسەی ئەکرد. لە وان بەعزێ دەروێش و موریدی هەبوو، شکیشم لێ‌ئەکرد، بەڵام زۆری خزمەت کردم و لە ماڵەکەیا سەبووریم هاتبوو، ئەو جەژنە وەکوو لەناو کەس‌وکاری خۆما بم، بەخۆشی ڕامبوارد.

دوای جەژن لە فیرقەوە سێ سواری تورکیان لەگەڵ ناردم و چوومە لای سمکۆ. من لە کە سلێمانی بووم سمکۆ لە هەولێرەوە هات بۆلای شێخ مەحموود و ئەو شەوەی کە شێخ مەحموود منی دەعوەت کرد بۆ ماڵەوە، لەگەڵ سمکۆ پێکەوە تەگبیری سەفەری ئەنقەرەمان کردبوو. دوای ئەوە هەرچەن لە ڕەواندز نامەی شێخ مەحموودمان بۆ هاتبوو و بۆی نووسیبووین بەرامبەر بە هەڕەشەی ئینگلیزەکان، ئێمە تەرتیباتی خۆمان کردبوو،

بەڵام دوای سەفەری ئێمە بۆ ئەنقەرە، سمکۆ چۆن و کەی هاتبووەوە ئەم ناوە و ڕەشید جەودەت لەوێ لای سمکۆ چی ئەکرد؟

بۆ تێگەیشتنی ئەمە، پێش ئەوەی بگەینە لای سمکۆ، باسی یەکێ لەو نامانەتان بۆ ئەکەم کە ڕەشید بۆی ناردبوومە وان. ئەم نامەیە بە تورکی و زۆر ورد و بە قەڵەمی قۆپیە نووسراوە. جگە لە وردیشی، هەندێ جێشی چۆتەوە و سواوە. ئێستەش لەناو ئەوراقەکانما ماوە، وا ئێستە بە زەڕەبین ئەیخوێنمەوە و ئەم قسانەی خوارەوەتان لەو نامەیە بۆ ئەگۆڕمە سەر کوردی. ئەم نامەیە لە مەوقعی «کەپر»ەوە لە ١٣٣٩/٧/١٥ی ڕۆمیدا نووسراوە.

برای زۆر خۆشەویست

زۆر بەخێـر بێیتـەوە. ئینشـاڵڵا بە خۆشـی ئەگەڕێیتەوە وڵاتی خۆشەویسـت. وەکوو لە جەنابتانەوە مەعلوومە ئێمە دوای جیابوونەوەتان لە سلێمانی، بە پێنج ڕۆژ لە سلێمانییەوە چووینە پژدەر. بە قەبری باوکم و بە شەرەفم خۆیشم ئاگام لە وەختی حەرەکەتمان نەبووە. ئەو شەوەی کە بۆ بەیانی حەرەکەتمان تیا کرد، لە سەعات دووی نیوەشەو ئاگادار کرام، لەبەر ئەوە ئەو شتانەی کە پێویست بوو بۆ سەفەرێکی وا زۆریم بۆ ئامادە نەکرا. لەبەر ئەوە نابێ لێم بگری کە ئەوەی لە ڕەواندزەوە بۆت نووسیبووم، لە پەشۆکاوییا لە بیرم چوو. ئـەوە تا بەیانـی هەوڵی ئەوەم دا کە ئەسـپێکی باش پەیا بکەم. بەیانـی زوو لەلایەکەوە بۆ (سـمایل ئاغا) سـمکۆ و لەلایەکەوە بۆ خۆم بە کۆکردنەوەی هەندێ شتەوە خەریـک بووم، لەبەر ئەوە لەو جلانەی کە ئێسـتەش لە بەرمایە و لە دەسـتێک کراس و دەرپێ بـەولاوە، شـتێکم بـۆ هەڵنەگیرا؛ هـەتا نەمتوانـی بچم و بزانـم مناڵەکانی تۆ لـە چیيان. بەڕاسـتی ئەبێ لێم ببـووری. (لێرەدا چەن دیڕێک بە سـپییەتی بەجێ دێڵێ لە نامەکە، ئینجا ئەچێتەوە سەری.)

واقیعەن ئینگلیزەکان یەک دوو جار سلێمانییان بۆمباران کرد، بەڵام زەرەر و زیانێکی زۆری نـەدا، ماڵـی ئێوە شـوکر سـەلامەتن، لـە وەختـی بۆمبارانەکە هەندێ لـە ئەهالی کشـانە دێهاتەکان، بەڵام ئینگلیزەکان بە مەنشـوور بڵاویان کردەوە کە زەرەر بە ئەهالی و بێگوناهـەکان ناگەیێنن، لەبەر ئـەوە زۆریان گەڕانەوە. لە بۆمبارانەکـەدا لە فەقیرەکان بە ژن و پیاو و مناڵ نزیکەی دە کەسـێک شـەهید کران؛ ئەو خانووانەی کە وێرانیش کـران لە خانـووە دیارەکان خانووی حاجی ئەمینی کاکە حەمـە و خانووی کەریم بەگی خانزادە جوانێ و بەشێکی تەویلەکەی ماڵی حاجی مەلا سەعیدە. دڵنیا بن کە لەلایەن ماڵی ئێوە شـتێکی وا نییە کە جێگەی غائیلە و مەراق بێ. لەلایەن شـێخ مەحموودەوە مەعلووماتێکی...

تێبینی:

لێرەدا بەبێ تەواوکردنی نامەکە، یادداشت تەواو ئەبێ؛ ئیتر هیچ دەسنووسێکی تر بەدەس منەوە نییە، کۆتایی بهێنێ بەم یادداشتە.

تێبینی:

لەم ڕستەیەدا کە نیوەی لێرەدایە و لە وشەی «مەعلووماتێکی» دائەپچڕێ، دیارە ئەبێ دەفتەرێکی تری دەس‌پێکردبێ، ئەم دەفتەرە دەسنووسەی لای من لێرەدا تەواو ئەبێ! وەک دیارە دوای ئەمە دەفتەرێکی تری دەس‌پێکردووە و یادداشتی وا بەناتەواوی واز لێ‌نەهێناوە، چونکە ئەم دەفتەرەی لە ١٩٥٥ی زایینی‌دا دەس‌پێکردووە، واتا پێنج ساڵی تەواو پێش ماڵئاوایی خۆی، لەبەر ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە پێنج ساڵ ئەو ڕستەیەی وا بە پچڕاوی بەجێ‌هێشتبێ. ئەگەر ڕستەیەکیشی نووسیبێ، هەر دیارە ئەو ڕستە ناتەواوە پچڕاوەی تەواوکردووە، بەڵام داخی گرانم ئەو نووسراوە دەس من نەکەوتووە و نەمدیوە، هەرچەن زۆرم هەوڵ و تەقەلا داوە، بەڵام هەمووی بێ‌سوود، چونکە نامەخانەکەی باوکم لای من نییە و ئەوی دەسی پیا گرتووە و نایەڵێ کەس توخنی بکەوێ، لە ژێر تینی هەستێکی ئەهریمەنی دایە، کەسێکی نزیکی باوکم خۆیەتی. لەبەر ئەوە من لەمە زیاتر ناتوانم بڵێم تەنها ئەوە نەبێ کە من تاوانباری تەواو نەکردنی یادداشت نیم و زۆر بە پەرۆش بووم تا ماوم ئەم یادگارە بەنرخە پێشکەش بەو ڕۆڵە کوردە خۆشەویستانەی ڕەفیق حیلمی بکەم کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئاسۆی ژیانیان و ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕیان و ساغکردنەوەی مافیان.

د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی

پاشکۆ

بەشێکی تری یادداشتە بڵاونەکراوەکانی ڕەفیق حیلمی لە دەسخەتێکی ٣٠ لاپەڕەییدا[١]

ڕەفیق حیلمی لە سەردێڕێکدا نووسیویەتی: بەندکردنم لە سلێمانی و نەفیم بۆ ناسرییە (١٩٢٩ـ١٩٣٠) ئینجا دەڵێ: حادیسەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ کە بە موناسەبەتی ئینتخابییەتەوە لە سلێمانی ڕووی دا مەعلوومی هەموو کوردێکە.[٢] حکوومەت ئەو ڕۆژەی لە سلێمانی لە

---

١. ئەم دەسخەتە لەم دواییەدا دۆزیمەوە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤاردا، بە ڕێنووسی کۆن نووسراوە، (واتە تەمەنی ٧٢ ساڵە)؛ هەوڵم دا بە هەمان وشەکانی بە کاری هێناون، بەڵام بە ڕێنووسی ئێستا بینووسمەوە تا وەچەی تازە بتوانێت بیخوێنێتەوە، یەکدوو وشەیم بۆ نەخوێندرایەوە، وادیارە ڕەفیق حیلمی بە تەما بووە بیکات بە پێشەکی یادداشتەکانی، یاخود ئەمە ئەو بەشەیە کە وتراوە: لە یادداشتەکان لابراون. من ناتوانم بە ڕاستی بزانم. تکایە ببوورن لە کەموکورتی ڕێنووسەکە کاتی گۆڕینی. لای من بابەت و بەسەرهاتەکان گرنگترن لە ڕێنووسەکە. ئەم باسە وەک خۆی دەنووسمەوە، چونکە ئەمیش ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ژیانی ڕەفیق حیلمی، کە دیارە نهێنی هەر ئەو ڕەفیقەی زانیویەتی و پێی نەوتووین کێیە. خۆزگە بمانزانیایە کێ بوو، تا ڕاستیمان پێ بڵێت. ئومێدم هەیە ئەمەیش کەلێنێک لە زنجیرەی یادداشتەکانی پڕ بکاتەوە. لەم باسەدا ڕەفیق حیلمی بۆ یەکەمجار باسی لاپەڕەیەک لە ژیانی خۆی و خێزانەکەی دەکا، لە هەستی نەتەوایەتی خێزانەکەشی، بەڵام دیسان هەر ئەوەندەیە کە پەیوەندی هەیە بەسەر ژیانی و خەباتی رامیارییەوە. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

٢. **ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول لاپەڕەیەکی نەمر لە تێکۆشانی نەتەوەییمان:**

ئەمرۆ گەلی کورد بەتایبەت و گەلی عێراق بەگشتی یادی ڕۆژێکی نەمر دەکەنەوە لە مێژووی پرشکۆی ڕەوتی یەکییەتی نیشتمانی عێراقیدا و خەباتی بێوچانی دژی بێگانە و داکۆکی کردنی ئازایانە لە سەربەستی ئیرادەی نیشتمانی. لە ساڵی ١٩٣٠دا و لەم ڕۆژەدا، شەشی ئەیلوول، کە دوایی لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردا بە ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول و شەڕی بەردەرگای سەرای سلێمانی ناسراوە لە مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق، بە ڕۆژی ڕاپەڕین و چوون بەگژ دەسەڵاتی ئینگلیز و خۆسەپاندنی بەسەر ئەم نیشتمانەدا ناسرا.

جەماوەری گەلی کورد لە شاری سلێمانی و لە بەردەرگای سەرای شارەکە خرۆشان و هاواریان دەکرد دژی بێگانە و بانگی سەربەستی و ئازادی ڕاستەقینە و پتەوی یەکییەتی نیشتمانی عێراقی سەرفرازی خاوەن ئیرادەی سەربەستی خۆیان دەکرد، ئەم هاتنە دەستە ئازایانەیە کە لە ئەساسدا دژی پەیمانی ناساو بە «پەیمانی پورتسماوس» ناسرا و پەیمانێکی بەدناوی دیکەی ڕێکردنەوەی خۆسەپاندنی زیاتری ئینگلیز بوو بەسەر موقەددەراتی عێراقدا. دەڵێن: ئەم هاتنەدەستە کە هاوشان و هاوسەنگ بوو لەگەڵ هاتنەدەستی جەماوەری سەرتاپای عێراق، بەتایبەتی بەغدا، ئینگلیز و داروەدەستەکانی تۆقاند و ترسنۆکانە بڕیاری گوللەباران کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان لە بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی دەرکرد! چەندان هاووڵاتی بوونە قوربانی و خوێنیان ئەرخەوانی سەیوانی ئاو دا، وشەی ڕووناکی دیکەیان لە مێژووی خەبات و قوربانی گەلەکەیانا تۆمار

پاش فاجیعەی مەزکوورە کە موحەققەق مەقسوود و مورەتتەب بوو، قیسمێک لە ئەهالی و چەن موعەللیمێکی تەوقیف کرد. کاتبی ئەم دێڕانە لەناو ئەو موعەللیمانەدا بووم. لێرە غایەم تەحلیلی ماهییەتی ئەو حادیسەیە نییە، لەبەر ئەوە کەیفییەتی تەوقیف و تەخلیەم لە موددەتی ۳۹ ڕۆژ حەپسیدا، ئەوانەی کە چاوم پێکەوت و بیستم، بەیان کردنی بە زیاد دەزانم، فەقەت چونکە ئەم حەپسییە وەسیلەی تەحویلم بوو بۆ هەولێر،[1] «بِالمُناسَبە» موقەددەمم ئیتیخاز کرد.

لەپاش گوێزانەوەم بۆ هەولێر، قەریبی سێ مانگ زۆر ماهیرانە و ئیحتیاتکارانە حەرەکەتم کردبوو. ئەم جیهەتەم زۆر چاک لێ مەعلووم بوو، فەقەت دەمزانی کە دەوام ناکا و بەنیسبەت ئیزدیادی مەحەبەتی قوتابییان، ئەهالی و ڕوفەقای موحتەرەمەوە، تەقدیر و تەوجیهی ئیش بەدەستەکان لە کەم بوونەوەدایە، ئەمەیش ئەمرێکی تەبیعی بوو. ئەو دوو نەوعە تەوجیهە نەسیبی کەس نەبووە و نابێ. بوونیشی لە بەینی ئەم دوو شتەدا، تەئمینی موازەنە غەیری مومکینە. «مع ما فیە» تا مومکین بوو، بۆ ڕۆژێ زیاتر دەوامکردنی تێکۆشیم، چونکە لە گەڵێ جیهەتەوە موعەللیمێتی وای ئیقتیزا ئەکرد، فەقەت مەرارەت و کەم تەجرەبەیی یەک دوو ڕەفیقی زۆر بەحورمەت و خۆشەویستم، تەدابیری ئیحتیاتی منی بێ تەئسیر هێشتەوە. وەزعییەتی حەقیقەم لە موتەسەریفەوە ئینکیشافی کرد. دەمتوانی کە بە ئینقلابێکی جوزئی تەبدیلێکی لامووناسیب لە تەور و وەزعدا موحافەزەی حوسنی نیەتی موتەسەریف و بەعزێ زەواتی موهیمی تر بکەم. فەقەت لە وەزعێکی

کرد. بەم جۆرە شەشی ئەیلوولی ۱۹۳۰ بوو بە سروودی ئازادی کوردی... بوو بە چەندان شیعری نەمری شاعیرانی گەورەی کورد... پیرەمێرد و بێکەس و گۆران. بوو بە لاپەڕەیەکی نەمر لە مێژووی تێکۆشانی نەتەوەییمان.
د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی

[1] لە ۱۹۳۰/۱۰/۱ وەک مامۆستای ئامادەیی هەولێر دەستبەکار بووە، هەرچەندە تەنها ساڵێک لە هەولێر ماوەتەوە، بەڵام ئەو ماوەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر گواستنەوەی بیری نەتەوایەتی بۆ ئەو شارە. مەسعوود محەممەد لە «گەشتی ژیانم» لە لاپەڕەی ۱۹۵دا باس لە ڕۆڵی ڕەفیق حیلمی لە گەشەپێدانی گیانی کوردایەتی لە هەولێر دەکات و نووسیویەتی: «هەولێر گیانێکی کوردایەتی تازە کەوتبووە ناو گەنجە تازە خوێندەوارەکانەوە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەورێکی گەورەی بینیبوو لە ئاگادارکردنەوەی ئەو خەڵقە بۆ کورد بوون و خۆ بە کورد زانین». بۆ ڕێگری کردن لەم کارانەی لە ۱۹۳۱/۱۰/۱ بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ ناسریە بە شێوەیەکی فەرمی دەرچووە. م.س.

زۆر غەریبدا بووم. ئەم تەعدیلی «طهور»ە «مطلقا» جالبی شوبهە بوو. وەلحاڵ ئیفراتی سەداقەت و موداراتی ڕەفیقێکی بەقیمەتم مەجبووری سوبات (ثبات)ی کردم. حەقیقەت عەقڵ و مەنتیقی منی مەغلووب کرد، لەبەر ئەوە لە موقابەلەی «بِالمِثل»دا تەفەڕڕوقم بە زەرووری زانی. «والحمدلله» بەویشە موەفەق بووم. ئەگەر بە سەهوو نەچووبم، وەکوو من تێگەیشتووم، موتەسەریف عەبدولحەمیدبەگ پیاوێکی زەکی و تەجرەبەدیدە بێ و موقابیل بەو مانەوەی هجوومانە کە دەیکرد، دەیزانی بە چ مەهارەتێکی دوورئەندێشانە و ئوستازانە موقابەلەم کردووە.

حەیاتی هەولێرم «مالامال» لە غەرائیب، سەفەحاتی ئەم حەیاتەم بە تەواوی تەنها لە یەکێکەوە، لەو ڕەفیقە بەحورمەتەوە کە لە سەرەوە باسم کردووە مەعلوومە. وەئیللا لە ڕەغمی حەمیمیەت و سەداقەتی «فوق العادە»م، هیچ ڕەفیقێکی ترم واقفی ئەسرارم نەبووە. ئەو ڕەفیقە نوسخەیەک بوو «طبق الأصل»ی خۆم. ئەو ڕەفیقە کە فەخری کوردانە و بە دەرەجە یەک حائیزی ئیعتیمادمە، کە ئەو شتانەی بە نەفسی خۆم ئیعتیماد نەکەم و لە موحافەزەی «مُضطرب»م بەوی تەودیع و بەو نەوعە ئیستراحەت و ئیعتیماد حاسڵ ئەکەم. «بِناءً عَلَیه» هەر مەسەلەیەک کە لە هەولێر ڕووی دابێ، بۆ وەقتی موناسبی خۆی تەعلیق و لەوێوە ڕەئسەن ئینتیقال ئەکەم بۆ ناسرییە. یەعنی مەنفای ئەخیرم. لە عەینی زەماندا مەقەڕی ئیقامەتی زەعیمی ئەسیری کورد شێخ مەحموود بوو.

تەحویلم بۆ ناسرییە یا مونتەفیک

کە لە هەولێر بووم، لە جەریدە خەبەری فوجائی تەحویلی خۆمم بۆ ناسرییە چاوپێکەوت. ئەوەڵەن بوهتێکم حاسڵ کرد، چونکی تەقریبی یەک هەفتە دەرحەق بە تەعیینی من بۆ مودیرییەتی سانەوی شایعەتێکی بەقوەت پەیا بووبوو. هەتا لەگەڵ چەن ڕەفیقێک کە لە سیاحەتی ڕەواندزەوە گەڕابوونەوە مودیری شەقڵاوە عەبدولقادر ڕەشیدیش لە حزووری ئەوان چەن کاغەزی تەبریکیشم بۆ هات لەم خسووسەوە. گەڕامەوە هەولێر، شایعە لەوێش بەقوەتتر بوو. مژدەیان بۆ ماڵەوەش بردبوو. من حیکمەتی ئەم شایعەیەم لێک ئەدایەوە، هەرچەن مەنبەعی شایعەکە موتەسەریف و

حاشیەی بوو، فەقەت مومکین نەبوو کە من باوەڕ بکەم، دەمزانی کە دەسیسەیە و مەقسەدێکی تێدایە.

ئینجا کە خەبەری نەقڵم بۆ ناسرییە بیست، لەبەر ئەم جیهەتە بۆ لەحزەیەک مەبهووت بووم، فەقەت زوو ئەفکارم کۆکردەوە، خۆم هیچ موتەئەسسیر نەبووم. یەگانە غائیلەم موتەئەسسیری مناڵەکانم بووم.[١] ئەکسەری ئێواران «حَسْب العادە» نان ناخۆم، ئەو ڕۆژە لە نادی زوو گەڕامەوە و ئێوارە بە سرووریکی «فوق العادە»وە لەگەڵ بچکۆلەکانم ئیشتراکی نانخواردنم کرد. موحتەمەلە مناڵەکانم ئەم سرووریان حەملی تەحقیقی شایعەی مودیرییەتم کردبێ، فەقەت چونکی شارەزا بوون کە قەتعییەن هیچ خەبەرێک لە من وەرناگرن، هیچیان لێ نەپرسیم. منیش قەرارم دا کە ئەو شەوە سرووریان تێکنەدەم. بەیانی کە لە خەو هەستام، بەبێ ئیخباری مەسەلە تەوسیەم کردن خۆیان کۆبکەنەوە، چونکی ڕۆژی دووەم ئەچینە سلێمانی. خۆشییان تێکەوت وایانزانی کە کراوم بە مودیری سانەوی ئەوێ. فەقەت پێم وتن کە سروورمان لەمە گەورەترە، چونکێ ئەوان ئەچنەوە سلێمانی منیش ئەچمە لای شێخ مەحموودی گەورە و خۆشەویستی کوردان. عەجیب ئیسابەتێک بوو! مەجالیان نەما کە ئیزهاری تەئەسسور بکەن. لەپاش موحاوەرەیەکی کەم، قانع بوون کە ئەم نەفیە بۆ من شەرەفە. جیددەن مەسروور بووم، چونکی ئینجا ئەوان تەشجیعێکی منیان کرد، ئەم قسانەم قەت لەبیر ناچێت: «کەوابوو حکوومەت بە نەزەری شێخ مەحموود تەماشای تۆ ئەکا، «مع ما فیە»

١. تا ئەم باسەی ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ خێزانەکەی، هاوسەر و منداڵ و خوشکی لە دەگمەنەکانە و ئەمەیش هەر دیسان ئەوەندەیە، کە پێوەندی هەیە بە ژیانی سیاسی و بەسەرهاتنی لەم لایەنەوەیە، بۆیە نووسیویەتی. منیش هەروەک خۆی لەو دەسخەتە ٣٠ لاپەڕەییەوە دەیگوێزمەوە بۆ ئێرە، چونکە پیشانی دەدات کە ڕەفیق حیلمی ڕاستە وەک وتبوومان ژیانی سیاسی لە پێش ژیانی تایبەتییەوە بوو، بەڵام دیسان وەک دەبینن هەرگیز خێزانەکەشی لەبیر نەچووە و ئەوانیش هەرچەند زانیویانە بە هیچ جۆرێک باسی خەباتی سیاسی بۆ ئەوان ناکات، دیسان ئاگاداری هەست و کێشەی بوون و بەشداری غەمی بوون و لەجیاتی زیز بوون لە دوور بوونی لێیان بە مانگ و بە ساڵ و لە کاتی ڕوودانی چەندین بەسەرهات و ناخۆشی، بێ‌ئەوەی لایان بێت. وەک لە کاتی بۆردومانی سلێمانی و ڕاکردنی خێزانەکەی بۆ سووورداش لەگەڵ ماڵی خەزووری و بوونی یەکەم منداڵی لەوێ، کاتی خۆی بە نوێنەری شێخ مەحموود چووە بۆ ئەنقەرە بۆ چارەی سەربەخۆیی کورد. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

وایشە. موتەئەسسیر مەبە، تۆ لەو زیاتر نیت. خەمی ئێمەت نەبێ، ئینشاڵڵا تۆ موەفەق، ئێمەیش شادمان ئەبینی.»

دوو ئۆتۆمۆبیلم گرت و عائیلەکەم لە هەولێرەوە ڕەئسەن برد بۆ سلێمانی. لە قەراغ کەرکووک لەبەر مەعزەرەتێکی موهیم زۆریان ویست کە چەن دەقیقەیەک لابدەم، فائیدەی نەبوو. شەوێ سەعات چوار گەیشتینە سلێمانی. قەراری قەتعی وابوو کە هیچ نەوعێک تەشەببوسی تەحویل وە یا مانەوە نەکەم. حەتتا زۆر غەریبە کە وامدەزانی ئەم تەحویلە سیرف زادەی ئیقتیراحی موتەسەریف و مەعاریفە، لەبەر ئەوە لە هیچ جێگەیەک بەحسی شێخ مەحموودم نەکردەوە. بە دەرەجەیەک کە لە پرسینی مەحەللی حەقیقییە زەرەرم ئەکرد. چونکی بەتەواوی لێم مەعلووم نەبوو کە لە ناسرییەیە، وام ئەزانی کە هێشتا لە ئوورە.[1]

ئینجا لەبەر ئەوەی کە فکری «تَشَبُّث» و «تَوَسُّل»م نەبوو، بەبێ تەکەللوف چوومە لای «ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ»،[2] یەعنی موتەسەریفی سلێمانی. لەگەڵ ئەم زاتە ڕەفاقەتی منداڵیمان هەیە و ساڵێک لە ڕوشدییەی عەسکەری بە یەکەوە و ساڵێکیش لە ئەعدادی موڵکی لە سنفێکدا بووین. «بناء علیه» بە سیفەتی موتەسەریفێکەوە نا، بە سیفەتی ڕەفیقێکەوە چوومە زیارەتی، تەسادوف شێخ ڕەئووفی کوڕە گەورەی شێخ مەحموود و عەزمیبەگی بابان و موحاسبچی لیوا لەوێ بوون. بە موناسەبەتی ئەمڕۆوە موتەسەریف ڕەفیقم و شێخ ڕەئووف قوتابیم بووە؛ لە بەرامبەر ئەحمەدبەگ و لە ژووری شێخ ڕەئووف دانیشتم، بەم ئیعتیبارە من و موتەسەریف ئەووەڵی هەردوو ڕیز قیسمەکان بووین؛ «مع ما فیه» لە وەقتی سەلامدا لە پێش موتەسەریفەوە لەگەڵ شێخ ڕەئووف موسافەحەم کرد. موتەسەریف ئەحمەدبەگ کە ڕەفیق سنفی منە، حاڵی حازر بە سیما

---

١. نوور شارێکی کۆنی بەناوبانگی سۆمەرییەکان بوو، ئێستا شوێنەوارەکەی بەناوی «تەل‌مەقیر» ناسراوە لە باشووری عێراق، ١٦ کیلۆمەتر لە خوار شاری ناسرییەوەیە. لە ٨٠٠٠ ساڵ پێش ئێستادا دروستکراوە، شوورایەکی بە دەوردا هەیە کە لەلایەن «ئوورنموە»وە دروستکراوە. م.س.

٢. ئەحمەدبەگی تۆفیق‌بەگ ئەندامی جەمعییەتی کوردستان بوو بە ڕێبەرایەتی مستەفاپاشا یامولکی. دوای داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە ساڵی ١٩٢٥ لەسەر داخوازی خەڵکی سلێمانی کرا بە یەکەم موتەسەریفی سلێمانی. م.س.

وەکوو کوڕی من وایە. زەکی، نەجیب و بێ‌هەرەزە، فەقەت «مع الأسف، فوق العادە» مەراسیم‌پەروەر و تەقالیدپەرستە. خۆی لە ژوور خۆیەوە ئەبینێ، حاسڵ لە تەقدیری ماهییەتی حەقیقەی خۆی عاجزە،[1] منی زۆر بەڕەسمی قبووڵ کرد. زاتەن غەیری ئەمەم ئومێد نەئەکرد، چونکی لە ئەوەڵەوە شارەزای هەبووم. لە پاش مولاقاتێکی زۆر کورت و سارد، هەستام لە وەقتی موسافەحەدا قاچێکی بە نوشتاوی لەسەر کورسییەکە تەرک کردبوو و لەسەر پێیەک ڕاوەستابوو! عەزەمەت عەجیب سەر لە ئینسان ئەگۆڕێ.[2] وەزعێتێکی غەریبی هەیە. تێی گەیاندم کە سبەینێ ئەویش بۆ بەغدا «مُتَهَیِّء»ی حەرەکەتە، وەفدی سلێمانی بۆ عەرزی تەبریکات ئەچێتە بەغداد، چونکی جەلالەتی مەلیکی عێراق لە سەفەری ئەنقەرە و ئەورووپی ئەگەڕایەوە. وتی: لە بەغدا ئارەزوو ئەکەم چاوم پێت بکەوێت. ئەدرەسی خۆیشی پێ‌نووسیم.

سبەینێ من بۆ ئاشچێتی پیاوێکم دۆزییەوە و چوومە بەغدا. لە ئیستاسیۆنی کەرکووک و بەغدا لەگەڵ وەفدی سلێمانی و خاسسە ئەحمەدبەگ دووسێ جار مولاقاتمان بوو، هەموو جارێک مولاقاتی بەغدای بیر ئەخستمەوە و تەوسیەی ئەکردمەوە. شێخ ڕەئووفیش یەکێک لە ئەعزای وەفد. ئەم هەیئەتە کە ئەشراف و «مُتَنَفِّز»انی سلێمانی بوون، بۆ مەساریفی ئەم سەفرەیە یەکی سەد ڕووپییەیان لە بەلەدیە وەرگرتبوو؛ حەتتا بۆ وەرگرتنی پارەکە ئاگام لێیە کە شەو چوونە بەلەدیە.

ئەهلی سلێمانی بە ئەکسەرییەت «مُفرَط»ن و لە هیچ مەسەلەیەکدا ئیعتیدالی موحافەزە ناکەن. بە تەعبیری سەحیح بێ‌مەسکەنن. دوو مەسەلە تەسەوور بکەن کە یەکێکیان لە هەموو جیهەتێکەوە زددی ئەوی تریان بێ و نیهایەتی یەکێک لەم مەسئەلانە مەبدەئی ئەوی تریان تەشکیل بکا. ئینجا تەماشای ئەشخاسی «وقعە»ی

---

١. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕەفیق حیلمی تا مابوو کەس هەواڵی خۆی و کەس‌وکاری و ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلا و کێشە و ماندووێتی و بەندیخانە و نەفی و نەبوونی و ماڵ و منداڵ نەبینینی نەدەزانی. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

٢. ڕەفیق حیلمی باسی هەزاران ناسیاو و پیاوی گەورە و هاوڕێی کۆنی کردووە، زۆری بە باڵادا وتوون، کەسی بە خراپی ناو نەبردووە. هەر بە جەوادپاشای تورکی وتووە «بەفیز»، وەک ئێستا بە ئەحمەدبەگی تۆفیق‌بەگی هاوڕێی کۆنی دەڵێ. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

ئـه‌م دوو مه‌ســه‌له‌یه بکه‌ن. ده‌بینن کـه ته‌قریبه‌ن عیباره‌ته له عه‌ینــی وجووه. ئه‌مه به ته‌جاریبی عه‌دیده سـابیته. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شـدا که ده‌س به ئیشـێک ئه‌که‌ن، قه‌د خه‌تی ڕه‌جعه‌تیـان بیـر ناکه‌وێته‌وه، چونکه له لاچوونی ماسـکی سـه‌ر ڕوویان شـه‌رم کردن به فکریاندا نایه‌ت.

ئه‌عزای ئه‌م وه‌فده‌ی که له سـه‌ره‌وه عه‌رزم کردن، یه‌کی سه‌د ڕووپیه‌یان له به‌له‌دیه قـه‌رز کردووه، بۆ عـه‌رزی عبوودیه‌ت و ته‌بریکات ده‌چوونـه خزمه‌تی مه‌لیکی عێراق. فه‌قـه‌ت هیچ مه‌حجووبیش نه‌بوون؛ که له پێش ٨ مانگدا ڕه‌ئیسـی وزه‌را دوو وه‌زیـری حکوومه‌تیـان له سـلێمانی ته‌حقیـر و به ئیسـرارێکی «خارق العـاده» ته‌ڵه‌بی حقووقی کـوردیان لێ‌کردوون. لـه بیریان چووبووه‌وه کـه مه‌ره‌که‌بی ته‌له‌غـراف و مه‌زبه‌ته‌کانی ناردوویانه‌تـه «عصبة الأُمَم» هێشـتا وشـک نه‌بووه‌ته‌وه. «مع ما فیه» ئه‌م ماسـکه‌یه هه‌ر ئه‌وان وا به سه‌هلی ڕه‌فعیان نه‌کردووه، چاک تێگه‌یشتوون که زه‌مان و ئه‌وزاعی تازه‌یش هه‌ر ڕۆژه به نه‌وعه ماسکێک موسته‌عیدی ئیستقبال و موسافه‌حه‌ی ئه‌وانه.

حاسڵ، گه‌یشـتینه به‌غداد، ئه‌م وه‌فده‌ی وه‌کوو ئه‌مسالی عه‌بوه‌ی موره‌که‌ب بوو، له به‌عزێ ئالات و ئه‌دده‌واتی «صماء» له زیافه‌تی وه‌زیری «محقر»دا به‌بێ شعوورێکی باتینی و به‌بـێ حیسسـی ته‌نه‌ززول و خه‌جاڵه‌ت، به‌رامبه‌ر به یه‌کتری دانیشـتن و سـه‌فاحاتی «ماضی»یان له ژێر قه‌هقه‌هه‌یه‌کی ته‌زویر و ئیسـتخفافدا شارده‌وه و ته‌ناولی ته‌عامیان کـرد. ئـه‌وی که لـه‌م وه‌زعیه‌تـه موته‌عه‌جیـب نه‌ده‌بوو، بـه ئه‌مرێکی ته‌بیعـی ده‌زانی، «دِجله» و «قَمَر» بوو، چونکه ئه‌وه‌ته‌ی دیجله له عێراقدا جه‌ره‌یان ئه‌کا و مانگ له‌سـه‌ر ئه‌م موحیته «مُلَوَّث»ه‌دا هه‌ڵدێت، ئه‌مه ئه‌لواحی حه‌میه‌ت و سه‌داقه‌تی ئه‌کسه‌رییه‌تی عێراقـه. ئـه‌وان ته‌جروبـه‌یان زۆره، له‌به‌ر ئـه‌وه دیجله به‌بێ موبالات لـه ژێر پێیانه‌وه ئاهیسته جه‌ره‌یان و قه‌مه‌ر به‌سه‌ر سه‌ریانه‌وه بێده‌نگ و خه‌رامان بووه.

به‌غـدا ئیحـزارات و ئیسـتعداداتێکی عه‌زیمـی تیـا ئه‌کـرا. قه‌وسـی زه‌فـه‌ر ڕۆژ بـه ڕۆژ لـه زیادکردنـدا بـوو، جـاده‌ی عوومـی ته‌قریبـه‌ن بـه مه‌سـافاتی «مُتَسـاوِیَه» بـه قه‌وسـی زه‌فه‌ری «قَوس النّصر» ئه‌ربابی سـه‌نعه‌ت، مه‌سـله‌ک و حه‌تتا بـه هی ده‌وائیر ته‌زییـن ده‌بـوو؛ ئه‌م قه‌وسـی زه‌فه‌رانـه و ئه‌نواعی ته‌رتیبـات و ته‌زئیناتـی که‌هره‌بایی و

سائیرەی تر پارە بە سینییەکی عەزیمەوە سەرف ئەکرا. یەک دوو ڕۆژێک تەئخیری مەلیک، فرسەتێکی تری باشی دا بەمانەی کە لە ئیزهاری عبوودیەتیان موحتەمەل بوو، دوا بکەون. کەس بێبەش نەمایەوە. قەوسی زەفەرەکان و جوملە وەتەنی هەموو تەبەقاتی ئەهلی عێراقی تەمسیل کرد.

جەلالەتی مەلیک لە ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣١دا بە مەوکیبێکی عەزیم و تەنتەنەوە گەیشتە بەغدا.[١] ئێوارە بە شەرەفی هاتنەوەی، ئەو جاسووسانە بە دەرەجەیەک بڵاو بوونەوە کە شوعلەی چراخان لە زوڵمەتی دڵ و ڕووی ئەوان شەوقی نەئەدایەوە. غەیری ئەمە، دیسانەوە هەر ئەو ئێوارە لە منەوەرانی ساحێبی حەمییەتی عەرەب چەن گەنجێکیش بە تەوقیفخانە موشەڕەف بوون.

لەم دەقیقەیەدا نازانم ئەمین زەکی بەگی[٢] وەزیری ئیقتساد و مواسەلات کە لە بەینی وزەرادا بە تەنها لە سەیارەی خسووسی خۆیدا و چەن هەنگاوێک لە پشت سەیارەی جەلالەتی مەلیکەوە ئاهیستە بە ژێر سەفی زەفەرەکاندا تێپەڕ ئەبوو، چی لێک ئەدایەوە؟ ئایا دەیزانی کە ئەم مەلیکە موحتەشەمە لە گەڕانەوەی ئەم زیارەتەی بۆ قەومی کورد چ بەحسێکی هێناوەتەوە؟

عەجەبە! مومکینە ئەم وەزیرە کوردە لەو دەقیقەیەدا ڕەعشەیەکی ویجدانی حیس نەکردبێ، غەمری مەزڵەمەی کوردی بە بەرقێکی خاتیفی بۆ دەرنەکەوتبێت؟ قەت ئەمە مومکین نییە. موحەققەق کە زیارەتی مەلیک بۆ ئەنقەرە لە نەزەری عیرفانی ئەو مەخفی نەماوەتەوە.

---

١. مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ١٩٣١/٩/١٥ لەسەر داوای مستەفا کەمال ئاتاتورک سەردانی تورکیای کرد و لەوێشەوە چوو بۆ نەمسا و دواتر فەرەنسا. لە ١٩٣١/٩/٢٩ گەڕایەوە بەغدا و پێشوازییەکی شاهانەی بۆ ڕێکخرا و نوێنەرانی سلێمانی بەشداری ئەو پێشوازییەیان کردووە. م.س.

٢. محەممەدئەمین زەکی‌بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨)، مێژوونووس و سیاسەتوانێکی ناوداری کورد بوو. بە تورکی و عەرەبی و کوردی سەبارەت بە مێژووی جەنگ و لەشکر و مێژووی ڕامیاری و کوردستان خاوەنی بەرهەمی بەنرخە. جگە لەوە دەستی لە نووسینی هۆنراوە، وێژە، خۆشنووسین و نیگارکێشاندا هەبووە و زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی زانیووە و لەبەر زیرەکی و لێوەشاوەیی بە «زەکی» ناوبانگی دەرکردووە. ساڵی ١٩٢٥ بۆ یەکەم جار بووە بە وەزیر. ڕۆژی ١٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی کۆچی‌دوایی کردووە. م.س.

ئەم سەفەرە بادەی حوزنی تێگەیشتووانی کورد نەبوو، لە ڕەغمی هەموو ئەو مەراسیم و میهرەجانە ئاساری حوزن و مەلال لە سیمای وەتەنپەروەرانی عەرەبدا بەبێ زەحمەت دەبینرا. غەیرەز تەبەقەی مەعلووم، «بِلا تَفریق» هەموو فەردێک لەو سەعاتەدا ڕۆحەن و فکرەن «مُضطَرب» بوو، من تەرجومانی حیسسی خۆمم. ئیحتیمالیشە وا نەبێ، فەقەت دەرەجەی حوزن و «تأثّر»ی ئەو ڕۆژەی من قابیلی تەوسیف نییە. لەم ڕۆژە تاریخییەدا من لە ١٩٣١/١٠/٢١دا تا ١٩٣١/١١/٦ لە بەغدا مامەوە. جەرائیدی «یَومِیە» ئیساباتی ڕشانەوەی ناسرییەی لە هەموو جێگەیەک زیاتر نیشان ئەدا، لە پێش سەفەردا بە فاسیلەی پێنج ڕۆژ دوو جار تەلقیح ئیجابی پێئەکرد. من کە عەمدەن لە بەغدا تەئخیر بوبووم، لە جیهەتێکەوە تەداوی چاوم ئەکرد، لە جیهەتێکی ترەوە دەمویست کە بچمە بنج و بناوانی بەعزێ مەسەلەوە.

لە ئانی مولاقاتێک کە لە ئوتێل کارلتۆن لەگەڵ ئەحمەدبەگی موتەسەریف کردم، تێگەیشتم کە ئەوەڵەن بەحسی حیسسی دۆستایەتی قەدیمە و دووەم لەسەر تەوجیهی زاتێک کە سەربەخۆیەتی فکری وایە تەشەببوسم بۆ بکا. لەبەر بەعزێ مولاحەزاتی خۆم مەیلم پیشان دا. لە نەتیجەی موراجەعات و تەشەببوساتێکدا کە چ لە تەرەف ئەو و چ لە تەرەف وەزیری ئیقتساد (ئەمین زەکیبەگ)ەوە لەلای وەزیری مەعاریف و موفەتتیشی عام، میستەر سەمەرفیل[1] وەکیلی مودیری مەعاریفی عام کرا، بۆ ئەوانیش و بۆ منیش مەعلووم بوو کە تەحویلی من قابیلی تێکچوون نییە. بە زاهیر هەموو لایەک سەبەبەکەیان عاید (طلب)ی وزارەتی داخلیە کرد. تەشەببوسی ئەوان بۆ ئیبقای من وە یا ئیستیخدامم لە مەنتیقەی کوردییە نەبوو. بۆ نەفسی بەغدا و لیوایەکی لەوانەی ئەتراف. حاسڵ، بۆ جێگەیەکی غەیرەز ناسرییە بوو، فەقەت بێ فائیدە دەرچوو.

من کە لە ئەوەڵەوە بە مەحسووسی و لەبەر بەعزێ مولاحەزە ئەم تەشەببوسانەم دەکرد، کە دەرەجەی تەئمیمی مەعاریفم دی «فوق العاده» موتەئەسسیر بووم. زۆری نەمابوو ئیستیعفا بکەم. «مع ما فیه» پاش نووسینی کاغەزێکی خسووسی موتەجاویزانە

---

١. میستەر جیمز سەمەرفیل لە لوبنان لەدایکبووە و بە ڕەگەز ئینگلیز بووە، زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە و تا کۆتایی ساڵی ١٩٣١ موفەتیشی مەعاریفی گشتی بوو لە وەزارەتی مەعاریفی عێراق. م.س.

بۆ وەکیلی مودیری مەعاریفی عام، واتە میستەر سەمەرفیل، وەکوو لە سەرەوە بەیانم کرد، ڕۆژی شەشی ئەیلوول، یەعنی هەفتەیەک لە پاش گەڕانەوەی مەکتەبەکان لە ستاسیۆنی غەربی بەغداوە سواری شەمەندۆفێر و موتەوەججیهی ناسرییە بووم.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە و شەوێ تا سەعات پێنجی شەو بەڕێوە بووین. لەم موددەتە تەقریبی سەعاتێکی لە «خضر» لەناو «مَحَطّە»یەک بۆ تەفتیشی «وَثائِق»ی تەلقیح تەئخیر بووین. غەیرەز ئەمە، مەحەتتەی شەمەندۆفێر بە چەن مەحەتتەیەکی تردا ئەڕوا، کە موهیمترینی «حلّە» و «دیوانیە»یە. ئەحمەد فەخری کە چەن ڕۆژێک لە پێش من چووبووە سەماوە، هەموو شەوێک لە مەحەتتە ئینتیزاری کردبووم. «بناء علیە» تووشی بووم و مولاقاتێکی پێنج دەقیقەییمان بوو، کە گەیشتینە ئوور (تل المقیر)، ئیقتارما، یەعنی لە قیتارێکەوە بۆ قیتارێکی تر گوێزامانەوە، چونکە ئوور بە ئیستلاحی عەرەبەکان «مَفرَق» یەعنی مەحەلی جێی گۆڕینی موسافیرانی ناسرییەیە و ناسرییە لەسەر ساحیلی فورات و ١٦ کیلۆمەتر شەرقی ئوور کەوتووە. ئەوەڵ سەفەر بۆ جێگەیەک، خالّی لە زەحمەت نییە. منیش کە لە مەحەتتەی ناسرییە دووبارە دابەزیم، بۆ عەرەبە و ئۆتۆمۆبیل، تەقریبی نیو سەعات ئینتیزارم کرد، لە پاش چەن وەقت پۆلیسەکان پێیان وتم: کە غەیرەز حەماڵ هیچی تر دەس ناکەوێت، ناچار دوو حەماڵم گرت و خۆم و خزمەتچییەکەم بە پێیان چووینە ناسرییە! «مع مافیە» ئەوەندە دوور نەبوو، کە لە جیسر پەڕینەوە بە ساحیلی ساکیت و موونسی فوراتدا بە ژێر سێبەری دارخورمادا جادەیەکی درێژمان بڕی و چووینە موسافیرخانەی یەگانە (تاقانە)ی ناسرییە. لە ڕێگە مەکتەبی «متوسطە»، سەرا، خەستەخانە، نادی و بەعزێ ئەبنییە و دووکانم چاوپێکەوت کە نیسبەتەن دەلالەتی لە عومرانێکی موناسیب ئەکرد. لە دوو شتی ناسرییە ئەندێشەم هەبوو، ڕشانەوە و تۆز و غوبار. ئەو شەوە مانگەشەوێکی لەتیف و هەوایەکی ساف و بەرق هەبوو. تۆزێ ئەندێشەم زائیل بوو و نەفەسێکی ڕەحەتم کێشا.

ئەو شەوە من لە ناسرییە تەقریبی دوو سەد خُطوَة (هەنگاو) لە شێخ مەحموود دوور بووم، مەلیکی موعەززەمی کوردستانیش وەکوو من لێرە «مەنفی» و ئەوەتا لە لامەوە لە ژێر نەزارەتی چوارپێنچ پۆلیسی عەرەب لە تەنیشتێکی لە نزیک خزمەتکارەکانییەوە

لەسەر قەرەوێڵەیەکی پەرێشان و لەناو جێگەیەکی عادی و ناتەمیزدا ڕاکشاوە. ئێستە خوا ئەزانێ لە خەویا چی ئەبینێ و چی ڕێک ئەخا؟! ئەمە تەسەووراتی پەرێشانی ئەوشەوەی من بوو و بەم خەیاڵاتەوە چوومە ناو جێگەوە.

سبەینێ لە ڕەغمی ئیشتیاقی مولاقاتی خۆم گرت و جارێ چوومە مەکتەب. شەوێ ڕێگەکە فێر بووبووم، بەبێ پرسین دۆزیمەوە. هێشتا دەرس نەبووبوو، چوومە ژووری مودیر، خۆمم تەقدیم کرد. زۆر بە نەزاکەتەوە موقابەلە و تەقدیمی موعەللیمەکانی کردم. یەکێکیان زۆر دیقەتی جەلب کردم. هەموویان لە دەرەجەی «تَصَنّع»دا نەزاکەتیان لەگەڵ ئەنواندم.

تەماشام کرد دەرسەکانم بەناوی خۆمەوە داخیلی جەدوەل کراوە، ڕیازیاتی هەرسێ سینفەکەی سانەوی و غەیرەز ئەمەیش جوگرافیای یەکەمی سانەویم بۆ دانرابوو. هیچ ڕەدوبەدەلم نەکرد و موافەقەتم نیشان دا. وەقتی دەرس مودیری مەکتەب ویستی بۆ تەقدیمی قوتابییەکان ڕەفاقەتم بکا. عەدەمی لزوومم بەیان کرد و بەتەنیا چوومە سینفەوە. لە پاش تەفتیشی دەفتەر و کتێبی قوتابییەکان و بەعزێ سوئال و جوابی بەسیت؛ بە یەک‌دوو کەلیمەیەک وەزیفەی دەرسی ڕۆژی دووەمینم تەبلیغ کردن. وەزعیەت و حەرەکاتم دیار بوو کە تەئسیرێکی غەریبی لەسەر کردن. ئەمەم لە سیمایاندا ئەخوێندەوە.

کە نیوەڕۆ گەڕامەوە موسافیرخانە، خزمەتچییەکەم (ئەحمەد)[1] بەحسی شێخ مەحموودی بۆ کردم، پیاوەکانی شێخ مەحموود لە بازاڕ چاویان پێکەوتووە و بردوویانە بۆ لای. بە قسەی ئەحمەد، شێخ مەحموود بە هاتنی من، وەکوو نیگای لە بەهەشتەوە بۆ هاتبێ، وابوو. ئەحمەد بە کەمالی سەمیمیەت و بە شەوق و لەزەتێکی گەورەوە قسەکانی گێڕایەوە، چونکی لە نەزەری ئەوا لە عەزیمێکی وەکوو شێخ مەحموودەوە ئەمە لوتفێکی ناموتەسەوەرە. فەقەت وادیاربوو کە لە سکووت و بێ‌موبالاتی من موتەئەسسیر بوو؛ حەتتا ئیحتیماله قەلبەن بەبێ حیسسی زەن ئەکردم، لەبەر ئەوە لە خۆیەوە بڕییەوە و لچی شۆڕ کرد.

ئەو ڕۆژە لە ڕەغمی ئەم حیکایەتەی ئەحمەد نەچوومە خزمەت شێخ و شەوێش

---

١. ئەم وشەیەم بۆ ناخوێنرێتەوە. ناهیدە ڕەفیق حیلمی.

فکـری چوونـم نەبـوو، فەقەت «مچـە»ی بـرای «وسـوو»، مسـتەفائاغای پیاوماقووڵی و نەدیمـی خـاس و کەریمی جاو هاتنە موسـافیرخانە و ئیشـتیاقی جەنابی شـێخیان بە حەرارەتێکی ناقابیلی وەسـفەوە گێڕایەوە. هەسـتام و لەگەڵیان چوومە خزمەت مەلیکی مەنکووب. لە بەر قاپیدا بەعزێ پۆلیسی بێ‌سیلاح دانیشتبوون، سیلاحەکانیان لە داڵان دانابـوو، چووینە ژوورەوە، هیچیان لێ‌نەپرسـیم، وەلحاڵ مـن لەبەر ئیحتیمالی تەفتیش حەتتا ئەوراقی خسووسـی خۆیشـم لە موسافیرخانە بەجێ‌هێشـتبوو. لە حەوشی ئەوەڵ تێپەڕبوویـن و چووینە حەوشـی دووەم، لە سـاڵۆنی قاتـی دووەم خەریکی نانخواردن بوون. تەعزیـمەن دەسم ماچ کرد. ئەوی شارەزای ئەحواڵی شێخ مەحموود بێ دەزانێ، کە ئەو چۆنی موقابەلە کردم. (باوکێک ئەولادێکی زۆر خۆشەویستی لەپاش غەیبووبەتێکی زۆر چـاوی پێ‌بکەوێت عەجەبا چی ئەکا؟!) ئەمە حاڵ و وەزعیەتی شـێخ مەحموود بوو. ئەو شـەوە فەرەحێکی «فوق العادە»ی زەخمی نواند. ئەمە لە پاشـا مەعلووم بوو بۆ من. وەئیللا لەو دەقیقەیەدا من لە سەمیمییەتی هەموو حەرەکات و ئەقوالیدا زەڕەیەک شوبهەم نەکرد.

چونکی «اوّلا»: دەمێک بوو لە شێخ مەحموود دوور کەوتبوومەوە. بە مرووری زەمان هەموو نوقسانییەکی لەبەرچاوم زائیل بووبوو. «ثانیاً»: سەمیمییەتی غوربەت و ئەسارەت ئەم قەهرەمانی کوردەی لە سوورەتێکی زۆر قودسی و موحتەشەمدا بە من پیشان ئەدا. «ثالثاً»: بە نەزەر حیسسیاتی «تەقدیس» و «تەعزیم»ی خۆمەوە و بە موناسب خزمەت و فیـداکاری سـابیقەمەوە، ئەم سـەمیمییەتەی ئەوم بـە حەقێکی تەبیعـی و جەزایەکی مەعنەوی حەمیەت و سـەداقەتی خۆم ئەزانـی؛ فەقەت هەیهات! (تا ئەمرین چیمان چاو پێئەکەوێت؟) ئەمە «مع الأسف» حەقیقەتێکی تا بڵێی مودهیش و حیرەت‌ئەنگێزە...

لە ئەوەڵی ئەم باسـەدا وتبووم کە موعارەفەم لەگەڵ شـێخ مەحموود قەدیمە، بەڵێ، لە تاریخی ١٩١٨ یەعنی لە سەفحەی سیاسەتی کوردستاندا لە ئەوەڵ زهووری لە مەیدانی حوکمـداری ئەوەڵـەوە، ئـەم زاتەم ناسـی و وام دەزانـی بەتەواوی شـارەزای ئەخلاق و مەعنەویاتـی بووم، حەتتا ئەگەر ئارەزووی موبالەغەم بکردایە دەموت یەکێک بووم لە «مُقـرّبان»ی. «مـع ما فیە» ئەم جیهەتـە هەر خۆم نەموتووە، وەئیلـلا ئەوانەی کە منیان

لە موقەڕڕەبانی عەد کردووە، زۆر بوون. هەروەکوو بەینێکیش ئەم وەزعە لە مووسڵ تەسادوفی کردبوو؛[1] شەوێک لە جێگەیەک ئیجتیماعی خسووسی عەشرەت هەبوو، منیش مەدعوو بووم، لە ئەسنای موباحەساتی میللییە یەکێک لە «ضابطان»ی مەجلیس (عەزیز قەزاز)[2] منی بە شیددەت تەنقید و «بالنّتیجە» لە کوردایەتی تەبەڕا و شێخ مەحموودی ئیتیهام کرد،[3] ئەساسەن لە ئەوەڵەوە موتەئەسسیر بووم. بەرامبەر بەم تەنقیدە ناڕەوایە، ئەوەندەی تریش موتەئەسسیر و دوچاری عەسەبیەتێکی «فوق العادە» بووم، زانیم کە ئەگەر ئیتر دابنیشم سەفوەتی مەجلسەکە تێک ئەچێ.

لە ڕەغمی ئیسراری ڕەفیقەکانی تر، مەجلیسەکەم بەجێ هێشت. لە ڕێگە، بێ شعوور هەنگاوم ئەهاویشت. بە زەحمەت گەیشتمە سەر پردی خاسە دەمانچەکەم دەرهێنا، فیشەک زاتەن دائیمەن لە لوولەیا و لەسەر پێ بوو. بە قەتعی فکری ئینتیحارم هەبوو. «محترم قارِئ»! ئەمە بە موبالەغە مەزانە، چونکی من مەعنای حەیات زۆر چاک تێگەیشتبووم و ئەگەر بەعزێ ئامال و یان مولاحەزات نەبێ، عەزابی عەمەلییەکی پێنج دەقیقەیی لە نەزەرمدا زەڕەیەک ئەهمییەتی نییە؛ تۆیش دەیزانی کە هەموو دەقیقەیەکی حەیات ئەنواعی عەزابی مادی و مەعنەویی تیایە، کە هەر یەکە لەمانە نەوعە مردنێکە.

---

١. ئەم ڕووداوە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی سێیەمی شێخ مەحمود و گەڕانەوەی ڕەفیق حیلمی بۆ کەرکووک ڕوویداوە و بە هەڵە ناوی مووسڵ هاتووە؛ پەڕاوێزەکەی ناهیدەی کچیشی هەمان ڕاستی دەسەلمێنێت. م.س.

٢. عەزیز حیکمەت قەزاز کوڕی فەتاح حەسەن و لە بنەماڵەی قەزازەکانە، ساڵی ١٩٠٢ لە سلێمانی لەدایک بووە خوێندنی لە ڕوشدییەی عەسکەری سلێمانی و بەغدا و پاشان مەکتەبی حەربییەی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردووە و بووەتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی. لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە حکومەتی شێخ مەحموودا ڕەئیسی شوعبەی سێی کوماندانی سەربازی بووە. ساڵی ١٩٢٣ وازی لە شێخ مەحموود هێناوە و چووەتە ڕیزی سوپای عێراق. بەرپرسی باڵی سەربازی حیزبی هیوا بووە، ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە. م.س.

٣. ئەحمەد، کە باوکم کۆچی دوایی کرد، برووسکەی پرسەنامەی بۆ ناردین. پاش چەند ساڵ لە عەمارە چووبووە لای. کاتێ ١٩٥٢ باوکم کرایەوە بە مودیری مەعاریف، لە عەمارە دایکم و منداڵەکانی برد، من تازە هاتبوومەوە لە ئەمەریکا، نەچووم. دایکم وتی: ئەم ئەحمەدە هاتووە بۆلای باوکم و خزمەتی کردووە. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

ئەڵبەتە دەفەرمووی ئەی مانیع چی بووە؟ یا چۆن لەو فکرەت لادا؟ ئەمە جێی سوئالە. بەڵێ، لەو دەقیقەیەدا کە دەمانچەکەم نایە سەر قەلبم چونکی من «فەلاکەتزەدەی قەلبم»،[1] بەڵێ مردن موتەوەقیفی حەرەکەیەک بوو کە بە پەنجەی شەهادەت ئەکرێت. خەیاڵێکی شاعیرانە لەوحەیەکی غەزای حەیات، سستی کردمەوە. وەکوو لە خەوێکی گران بێدار و لە ژێر «ثقل»ی کابووسێک نەجاتم بووبێ، وام لێ هات. شیعرێکی شاعیری مەغدوور و وەتەنپەروەری مەرحووم «ئیسماعیل سەفا»م[2] کەوتەوە بیر. هەرچەن شیعرەکەم ئێستە لەبیر نییە! فەقەت مەفادەکەی ئەمەیە: کە مەرحووم (مشارالیە) لە حەیات زۆر مەئیووس ئەبێت و دائیما تەمەنای مردن ئەکا، نیهایەت کوڕێکی ئەبێت. ئینجا ڕۆژێک ئەیگرێتە باوەش و ئەڵێت: «ئیتر حەیاتی من هی خۆم نییە و ناتوانم لەمەودوا غەدر لە خۆم بکەم، چونکی بۆ خۆم نا، بۆ تۆ ئەژیم!»

منیش لەو دەقیقەیەی جنوون یان عەسەبیەتەدا بە سایەقەی سرێکی نیهانی، لەمعەی نوورێکی حەقیقەتم دی. پەردەی زوڵمات لەسەر چاوم لاچوو. ئەفکارم لە موحیتی تاریک و هەیەجان و ئاوری مەوجوودیەتی بچووکی خۆمەوە ئینتیقالی کردە دائیرەیەکی ڕووناک و واسیعتر. وام حەز کرد کە چەن «خُطوە»یەک لە دوور پرچی زێڕینی ئەولادەکانم، چاوە کاڵەکانی «پاکیزە»ی[3] مەعسوومم چاو لێیە لەو دەقیقەیەدا

---

[1] دیارە ئەم بەسەرهاتە لە کەرکووک بووە نەک لە مووسڵ. لەوەوپێش لە مووسڵیش ڕووی داوە. **ناهیدە ڕەفیق حیلمی.**

[2] ئیسماعیل سەفا (١٨٦٧-١٩٠١)، شاعیر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیایە. یەکێک بووە لەوانەی دژی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید بووە و لە هاوڕێ نزیکەکانی عەبدوڵڵا جەودەت بووە. کوڕێکی هەبوو ناوی بیامی سەفا بوو، دواتر بوو بە ئەدیب و ڕۆژنامەنووسێکی ناوداری تورکیا. م.س.

[3] پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩٢٤/٤/٨ لە ئەشکەوتی سوورداش لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ١٩٣١-١٩٣٧ لە شاری سلێمانی بە زمانی کوردی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٤٩ لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمەریکا لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، سامی و ئێرانییەکان وەرگیراوە. ساڵی ١٩٤٩ یەکەم کەس بووە لە عێراق کە نامەی ماجستێری لەو بەشە وەدەست هێناوە و لە هەمان ساڵ بۆ عێراق گەڕاوەتەوە و لە کۆلێژی ئاداب وەک زمانەوانی و مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵات دامەزراوە. لە هەمان ساڵدا بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زمانەوانیدا بۆ لەندن ناردراوە . لە ساڵی ١٩٥٨ لە کۆلێژی ئاداب لە زانستگای بەغدا هەتا ١٩٨٧سەرۆکی بەشی کوردی بووە. ساڵی ٢٠٠٣ کۆچیدوایی کردووە. م.س.

ئیحتیماله پاکیزه له خەویا منی ئەبینی و بۆ نوقڵ و فستق دەسە نەرم و بچکۆلەکانی ئەکرد بە گیرفانما. مرووەت نەبوو کە لەم خەوە مەعسوومانەی بە شین و گریان و بە خەبەری فاجیعەی موفارەقەتی ئەبەدی باوکی، خەبەری بێتەوە! ئەم خەیاڵە مودهیشە، بەڵێ، ئەم حەقیقەتە گەورەیە، کە زادەی «عَواطف» و شەفەقەتی باوکێکی «ذیشعور»ە، منی لەو حەرەکەتە مەجنوونانەیە نەجات دا.

ئەم ڕووداوە، تەقریبەن لە ئەوەڵی ۱۹۲٤دا بوو. من لەپێش بۆمبارانی گەورەی سلێمانی بە ڕۆژێک «مع عائله» ئەوەڵەن بۆ سووورداش و لەوێوە چووبوومە کەرکووک. بە موناسەبەتی ئەم سەفەرەوە هەڵدەگرێت کە «بەنزەیەک» لە دەوری حکوومەتی دووەمی مەلیکی موعەززەم، حەزرەتی شێخ مەحموود بەحس بکەین. لە بەحسەکانی خوارەوەدا «بالمناسبة» لە دەوری حکوومەتی ئەوەڵی، یەعنی لە دخوولی ئینگلیز بۆ سلێمانی و ئیعلانی حوکمداری شێخ مەحموود، بە قەدەر ویسعەت و موناسەبەتی مەوزووعەوە قسە ئەکرێت. «بناء علیه» لێرەدا گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان و دەوری حکوومەتی دووەمی ئەکەین بە مەوزووعی بەحس.[1]

---

١. تکایە بزانن کە من لێرەدا ئیتر لە نووسینەوەی باقی ئەو ٣٠ لاپەڕە دەسخەتە دەوەستم. وەک دەبینن ئەگەر تەواوی بکەم بەواتای دووپاتکردنەوە و گەڕانەوە بۆ دواوەیە. بۆ باسی حوکمدارێتی شێخ کە لە پێشەوە بەپێی یادداشتەکانی و بە زنجیرە دەیبینن؛ لەم کتێبەدا ئەمەی نووسراوەتەوە تەنها ١٢ لاپەڕەیە لەو دەسخەتە.
ناهیدە ڕەفیق حیلمی.

لیزگەی ناوەکان

ا

احمد رفیق، ٤٨
ارضروم، ٣٥
الأكراد منذ فجر التاريخ الى، ٢٣
الحركة القومية الكردية نشاتها وتطورها، ٥٣
الرافدان، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٩
الضحايا الثلاث، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٤، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠
القضية العراقية، ٢٥٣
القضية الكردية، ٢٨، ٤٨
المسئلة السورية، ٢٧، ٣٤٤، ٣٤٦
المفيد، ٣٧٦، ٣٧٧، ٣٧٩
الهلال، ٢٩
امين محمد سعيد، ٤٠

ئـ

ئابادان، ٣٣٠
ئادابا، ٢٥٩
ئاراس، ٥٨٥، ٥٩٣
ئارنۆڵد تالبۆت ویڵسۆن، ٧٢
ئاریستید بێریان، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠
ئازەربایجان، ٤٠١، ٤٦٠، ٥١٣، ٥٣٨، ٥٧٥، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٥
ئاسووری، ٩٠، ٩١، ١٣٧، ٢٣٣، ٢٣٤، ٣٣٢، ٤٠١، ٤٣٢، ٤٤٤
ئاسیای بچووک، ١٩٣، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨، ٣٥١، ٣٥٩، ٣٨٩، ٣٩٠، ٤٠١، ٤٨٣، ٥٠٤
ئاشەسوورە، ٣٢٦
ئاغا پترۆس، ٥٩٥
ئاغای بایزی (ئوجاغ)، ١٣١
ئاکرێ، ٢١٥، ٤٤٢
ئاکۆیان، ١٠٥
ئاگاپاشا، ٦٣٤
ئاڵتوون کۆپری (پردێ)، ١٣٥، ٤٥٤
ئامەد، ٦٣١، ٦٤١
ئانتۆنی ئیدن، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٧٦، ٢٧٧
ئانگلۆ ـ ئێران، ٣٢٩، ٣٣٠
ئانگلۆ ـ فرانس، ٣٨٨
ئاوات حەکیمزادە، ٤، ١٤
ئاوباریکە، ٣٩٨
ئایدین، ٦٠٨
ئایشەخان، ١٦٧، ٤٣٣، ٤٣٤، ٥٣١
ئوتێل ڕۆیاڵ، ٢٦٦، ٢٦٧
ئوتێل کارلتۆن، ٦٦١
ئوتێل مەسەڕەت، ٥٩٨
ئوجین یەنگ، ٣٥١
ئوریەنت ئوتێل، ٥٨٨، ٥٩٢
ئوزدەمیر (عەلی شەفیقی میسری)، ٧، ٨، ١١٥، ١١٩، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٥٧، ٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٦٤، ٢٦٩، ٢٧١، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٩٢، ٣٩٣، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٤، ٤٢٣، ٤٢٥، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٩، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥١٦، ٥١٨، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٣٢، ٥٣٣، ٥٣٤، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٥٠، ٥٥٢، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٧، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٥، ٦١٧، ٦٢٨، ٦٤٤، ٦٤٥
ئوستراليا، ٣٢٩
ئوسیشیان، ٥٩٥

ئولووجەق، ٦٢٧
ئوور، ٦٥٧، ٦٦٢
ئوینداسی، ١٣٩
ئۆتریش، ٦٥
ئۆردەن، ٣٣٧
ئۆرفە، ٩، ٦٢١، ٦٢٢، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٤٠
ئۆستیا، ١٧٧
ئەبووبەکری کوڕی مەلا عەزیزی کوڕی مەلۆکە، ١٤٢
ئەبووعەلی حەسەن، ٦٣١، ٦٤١
ئەجارین، ٥٩٥
ئەحمەدئاغا، ٤٤٧
ئەحمەدئاغای خەندان، ٤١، ١٨٦
ئەحمەدئاغای کەرکووکیزادە، ٧٦، ٢٢٥، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٥٥، ٢٦٦، ٢٦٨، ٢٧٤، ٢٩٧، ٢٩٨، ٢٩٩، ٤١٠
ئەحمەد ئەفەندی، ١١٣
ئەحمەد ئەنزاوەرپاشای چەرکەس، ٤٥
ئەحمەدبەگی تۆفیقبەگ (بەگۆک)، ٦٠، ٣٠١، ٣٩٦، ٤٣٩، ٤٧٩، ٥٠٩، ٦٥٧، ٦٥٨
ئەحمەدبەگی ڕەشیدپاشا، ٦٣٣
ئەحمەدبەگی ڕیشێن، ٣٩٥، ٥٠٧
ئەحمەدبەگی فەتاحبەگ، ٤٢١، ٤٢٦، ٤٧٩
ئەحمەدبەگی قایمەقام، ٤٧٠
ئەحمەدبەگی موتەسەریف، ٦٦١
ئەحمەدپاشا، ٢٨٢
ئەحمەد تەقی، ٨، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٧٩، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٨، ٥٤١، ٥٤٣، ٥٥٥، ٥٥٩، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٩، ٥٧٨، ٥٧٩، ٥٨٧، ٥٩٤، ٦٤٤، ٦٤٥
ئەحمەد تۆفیقپاشا، ٤٥، ٣٤٩
ئەحمەد سائیب، ٣٠٠
ئەحمەدشای قاجار، ٥٨٣
ئەحمەد فەخری، ٦٠٣، ٦١٨، ٦٦٢
ئەحمەد فەهمی جوانڕۆیی، ٢٧٨
ئەحمەد موختاربەگی بابان، ٢٦٠، ٢٦٤، ٥٠٧
ئەحمەد موختاری قازی، ٢١٧، ٤٦٠، ٦١٩
ئەحمەد نووری، ١١٣، ١١٤
ئەحمەدی حاجی کەریم، ٢٩٨
ئەحمەدی خزمەتچی، ٦٦٣، ٦٦٥
ئەحمەدی خوشکەزای ئەبووشوجاع، ٦٣١
ئەحمەدی سەعەی فەتاح، ٢٣٠، ٢٥٧
ئەحمەدی عەزیزئاغا، ٢٢٦
ئەحمەدی فەتاح شەشخانە، ١١٣
ئەحمەدی کوڕی سەعید، ٣١٩
ئەحمەدی مەحموودئاغای مستەفائاغا، ٢٢٧
ئەخلات، ١٠، ٦٣٩، ٦٤٠
ئەدرنە، ٢٠٨
ئەدمۆندس (ئەدمۆندز)، ٤٢٦، ٤٢٧، ٥١٧
ئەدهەم ئەفەندی، ١٦٧
ئەدەنە، ٩، ٣٣، ٥٩، ٨٦، ٣٤٧، ٤٤٥، ٦٢٠
ئەدیب عارف، ٢٨
ئەرجیش، ٦٤٠، ٦٤١
ئەردەڵان، ١٢٣
ئەردەن، ٢٤١، ٢٤٢، ٦٣٢
ئەردەهان، ٣٧، ٣٤٩
ئەرزەڕۆم، ٣٥، ٢٣٦، ٦٠٠
ئەرزەنجان، ٣٨٥، ٥٠٠
ئەرمەنستان، ٤٢، ٥٧٧، ٥٧٨، ٥٨٢، ٦٣٨
ئەرمەنی (ئەرمەن)، ٨، ٣٥، ٣٧، ٤٩، ٧٠، ٧٩، ٨٩، ١٧٤، ٢٣٤، ٣١٨، ٣٣٢، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٠، ٤٠٤، ٥١٥، ٥٧٥، ٥٧٧، ٥٧٨، ٥٨٢، ٥٨٤، ٥٨٧، ٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٥، ٦٤١
ئەریوان، ٣٤٩، ٤٠٤، ٥١٥، ٥٨٢، ٥٨٧، ٥٩٣، ٦٤٠
ئەستەمبووڵ، ٣١، ٣٤، ٣٨، ٤٠، ٤١، ٧٠، ١٢٩، ١٨٦، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٩٦، ٣٠٦، ٣٢٥، ٣٢٦، ٤٠٢، ٤١٠، ٤٢٢، ٤٥٥، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠٩، ٦٠٠، ٦٣٢، ٦٣٤، ٦٣٦، ٦٣٧، ٦٦٥
ئەستەمووڵ، ٦، ٧، ٩، ١٣، ١٦، ٢٠، ٢٢، ٣٠، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٥، ٤٩، ٥٥، ٥٧، ٨٣، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ١٧٤، ١٧٥،

١٧٧، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٣، ١٩٤،
١٩٦، ١٩٧، ١٩٩، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١٤، ٢٢٤،
٢٢٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٦١، ٢٦٥،
٢٧١، ٢٧٤، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣١١، ٣١٩، ٣٢٤، ٣٢٥،
٣٢٦، ٣٢٧، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٦٠، ٣٨٥، ٣٨٩،
٣٩٠، ٣٩٣، ٣٩٦، ٤٠٢، ٤٠٤، ٥٠٠، ٥٠٥، ٥٠٩،
٥١٤، ٥١٥، ٥١٦، ٥٦٥، ٥٧٢، ٥٧٤، ٥٨٢، ٥٨٧،
٥٩٦، ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٤،
٦١٠، ٦١٣، ٦١٦، ٦٢٤، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٥

ئەسعەدبەگ، ٦٤٤، ٦٤٥

ئەسکی شەهر، ٣٤٧، ٤٠٣، ٥١٥، ٦٠٣

ئەفریقا، ٤٧، ٢٤٠، ٢٤١

ئەفغانستان (ئەفغانی)، ٨٩، ١٣٨، ٦٠٢

ئەفیالت، ١٣٩

ئەفیۆن قەرەحەسار، ١٧٥، ٢٠٨

ئەکرەمبەگ، ٣٨٥، ٥٠٠، ٦٠٠

ئەلجەزیرە، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٣، ٤٧٨، ٤٨٩

ئەلساس ـ لۆرین، ٣٩٠، ٥٠٤

ئەلقادروبیللا، ٦٣١

ئەلەکسەندەری مەلیکی یۆنان، ١٧٦

ئەلەکسەندەر میلران، ١٨١

ئەڵمان، ٣٠، ٧٠، ٢٤١، ٥٠٠، ٥٠٤

ئەمەریکا، ٢٧، ١٨٧، ٢٠٥، ٢٤١، ٣٣٤، ٣٤٢، ٣٤٣،
٤٥٣، ٦٦٥، ٦٦٦

ئەمەوی، ٣٠

ئەمیر جەلادەت بەدرخان، ٢٨، ٨٦، ١٩٠، ٣٨٥، ٥٠٠

ئەمیر حسێن، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩

ئەمیر زەید، ٣٤٥

ئەمیر شەمسەدینی ڕۆژەکی، ٦٣٨

ئەمیر عادل ئەرسەلان، ٣٤٥

ئەمیر عەبدوڵڵا، ٣٤٦

ئەمینئاغای ڕەشیدئاغای هەمەوەند، ٢١٧

ئەمین چەرچەفچی، ٣٧١، ٣٧٧

ئەمین زەکیبەگ، ٢٨، ٦٦٠، ٦٦١

ئەمین ڕەواندزی، ٤١٦، ٤٣٣، ٤٥٦، ٥٢٢، ٥٣٠

ئەمین عالی بەدرخان، ١٨٩، ١٩٠، ٥٠٠

ئەمین مەحموودئاغا (هەمەوەند)، ١٣١

ئەمین موفتی، ٦٢٩

ئەمینی عەتار، ٤٣٤، ٥٣١

ئەنادۆڵ، ٥، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤٥، ٨٦،
٨٧، ٨٨، ١٧٤، ١٧٥، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٩، ٢٢٤،
٢٣٧، ٢٥٨، ٢٧١، ٣٠٦، ٣٤٧، ٣٨٥، ٣٨٩، ٣٩٠،
٤٠٣، ٤٠٤، ٤٨٣، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥١٥،
٦١٠

ئەناستاسیۆس پاپۆلاس، ٢٠٨

ئەنتالیا، ١٨٤

ئەنجازین، ٥٩٥

ئەنزاوەرپاشا، ١٧٥

ئەنقەرە، ٩، ٢٢، ٣٤، ٨٦، ١٣١، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨١،
١٨٢، ١٨٣، ٣١٢، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٩٣،
٤٣٨، ٤٨٣، ٤٩٠، ٤٩٢، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥٤٢، ٥٤٣،
٥٥٢، ٥٥٣، ٥٥٥، ٥٥٨، ٦٠٣، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٠٦،
٦٠٨، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٦، ٦١٧، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢١،
٦٢٢، ٦٢٤، ٦٢٨، ٦٣٢، ٦٤٤، ٦٤٦، ٦٥٦، ٦٥٨،
٦٦٠

ئەنگلۆ ـ ئێران، ٣٢٩

ئەنگلۆ ـ فەڕەنسە، ٥٠٢

ئەنوەر سائیب، ٣٨٤، ٤٣٤، ٤٩٩، ٦١٧

ئەنوەر پاشا، ١٨٧

ئەورووپا، ٤٧، ٤٨، ١٧٥، ٢٤٣، ٣١٤، ٣٣٣، ٣٣٩، ٤٠٤،
٤٥١، ٥١٦، ٥٣٤، ٥٨٨، ٥٩٢، ٥٩٤، ٦١٠، ٦١٤

ئەوڕەحمانئاغای ئەحمەدپاشا، ٢٨٢

ئەوڕەحمانبەگی ڕەشیدپاشا، ٦٣٩، ٦٣٧

ئەوڕەحمانپاشای بابان، ٥٠٩

ئەوڕەحمان سەعید، ٢٢٩، ٢٦٤، ٢٧٤

ئەوڕەحمانی مەلا مەحموودی مەزناوەیی، ٣٠٣،
٣٠٤

ئەوستریا، ٦٥

ئەیاستە فانووس، ٢٧٤

ئەیاسووفیا، ٦٠١

ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری شێخولئیسلامی عوسمانی، ١٨٩، ١٩٠
ئیبراهیم ئەفەندی یووزباشی، ٦٣٩
ئیبراهیم‌بەگی مولحەقی عەسکەری، ٥٧٧
ئیبراهیم پێغەمبەر، ٤٧٢، ٦٣٠
ئیبراهیم حیلمی عومەر، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩
ئیبراهیم ساتورا، ٤٩
ئیتالیا، ٦، ٣١، ٣٨، ٤٢، ٤٧، ١٧٦، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٦، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٣٧، ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٩١، ٤٠٢، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥١٤، ٦١٠، ٦١٣، ٦٢٤
ئیحسان جابری، ٣٤٥
ئیدریسی بتلیسی (بدلیسی)، ٤٦، ٦٣٨
ئیدوارد ویلیام چارلز، ٧٣
ئیرلاند، ٣٦١
ئیزمید (ئیزمیت)، ٩، ٤٠٣، ٥١٥، ٦٠٢
ئیزمیر، ٣٥، ٨٦، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٩٥، ٢٠٧، ٢٠٩، ٣٠٨، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٩٠، ٤٠٣، ٥١٥، ٦٠١، ٦٣٧
ئیسپارتە، ١٣٩
ئیستەخر، ٥٩٤
ئیسرائیل، ٢٠٥
ئیسفەهان، ٣٢٩
ئیسماعیل‌ئاغای شکاک (باپیری سمکۆ)، ١٢٤
ئیسماعیل‌بەگی سەعیدبەگی ڕەواندز، ١١٨، ١١٩، ١٤٣، ٣٠٠، ٤٣٩
ئیسماعیل‌پاشا، ١٢٨
ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ٦٠٢، ٦٣٦
ئیسماعیل سەفا، ٦٦٦
ئیمام شاسوار، ٢٣٠، ٢٣٢
ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (دەوڵەتی عوسمانی/ عوسمانی/ عوسمان)، ٥، ١٥، ١٦، ١٧، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٩، ٦٢، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٩، ٨٥، ١٢٨، ١٤٢، ١٥٧، ١٦٢، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٦، ٢٠١، ٢١٠، ٢١٤، ٢٢٥، ٢٣٠، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٥، ٢٥٠، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦١، ٢٧١، ٢٧٨، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٩٧، ٣٠٧، ٣١١، ٣١٧، ٣٣٠، ٣٣٣، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥٥، ٣٦٩، ٣٨٤، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٩٥، ٤٠٦، ٤١٦، ٤٢٢، ٤٣٣، ٤٤٠، ٤٥٥، ٤٧٤، ٤٨٧، ٤٩٠، ٤٩٩، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥٠٩، ٥١٢، ٥٢٢، ٥٣١، ٥٣٢، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩٥، ٥٩٦، ٦٠٠، ٦٠٤، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤٤، ٦٦٥
ئینگلیز، (زۆربەی لاپەڕەکان)
ئینۆنوو، ١٨٥، ٢٠٠، ٢١٠
ئێران (ئێرانی)، ١٨، ٤٢، ٤٦، ٥٣، ٦٦، ٦٨، ٧٥، ٧٦، ١٠٣، ١٠٩، ١٢٤، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٩، ١٤٢، ٢٢٦، ٢٣٤، ٢٥٢، ٣١٩، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٧٧، ٣٨٢، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٢٩، ٤٤١، ٤٦٠، ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٨٩، ٥٠٧، ٥١٣، ٥١٤، ٥١٥، ٥٣٨، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٤، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٧٧، ٥٨١، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٦٢٧، ٦٣٣، ٦٣٥، ٦٤٠، ٦٤٥

ب

باباجیجک، ٤٧٠
بابان، ٧، ٧٨، ٨٣، ٢٥٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٧، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٥٠٩، ٦٥٧
بابل، ٥٩٥
بابەعەلی کوڕی شێخ مەحموود، ٤٣٤، ٤٦٥، ٥٣١، ٥٤٢
بابەکرئاغای سەلیم‌ئاغا (پژدەر/پشدەر)، ١٠٣، ١٣١، ٢٨٣، ٢٨٥، ٤٢٣، ٤٣٩، ٤٤٧، ٤٦٩، ٥٢٨
بابی عالی، ١٩٠، ٦٠١
باتاس، ١١٩، ٢٤٨، ٤٤٤
باتووم (باطوم)، ٩، ٣٧، ٥٩٥، ٥٩٦، ٥٩٧

باجالایا، ٦٤١
باجی ڕەحمە (پوورە ڕەحمە)، ٢٣١
باخچە، ٦٢١، ٦٢٢
بارزان، ٤٤٧
بارزانی (بەرزانی)، ٢١٥، ٢٤٧، ٤٤٥
باز ئەبووشوجاع (ئەبووعەبدوڵڵا حسێنەلباز)، ٦٣١، ٦٤٠، ٦٤١
بازیان، ١٢٢، ١٣١، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٤١، ١٦٧، ١٨٦، ٢٧٨، ٤٤٧، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٨٨، ٥٣٤
باسیدۆ، ٣٣٠
باشقەڵا، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٦، ٤٦٧
باشووری ئەفریقا، ٢٤٠
باقر شەبیبی، ٣٣٥
باقووبە، ٤٠١، ٥١٣
باکووری کوردستان، ٧٣، ٢١٤، ٤٧٣
باکۆ، ٥٩٣، ٥٩٤
باڵکان (بەڵقان)، ٢٠٨، ٥٦٠
باڵووڵئاغا، ١٠٥
بامەڕنی، ٢٢٣
بانگی کورد، ٤٣٤
بانگی کوردستان، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠١، ٤٠٩، ٤١١، ٤١٢، ٤٢١، ٤٢٣، ٤٣٤، ٤٥٦، ٤٥٨، ٤٥٩، ٥١٠، ٥١١، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٢٦، ٥٣٥، ٥٣٧، ٥٥٩، ٦٣٧
باوەشاسوار، ٦٤
باویلئاغا، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ٤٣٩، ٤٤٣، ٤٤٤
بایزئاغای عەباسئاغا، ٤٣٩
بتلیس، ١٠، ٤٦، ٣٨٥، ٥٠٠، ٦٢١، ٦٣٢، ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤٠، ٦٤١، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٥
بجیل، ٤٣٩، ٤٤٦
برایمخانی دەلۆ، ٢٥٧، ٢٦٦
بریتانیا (بریتانی)، ٨، ٣٠، ٣١، ٣٨، ٤٢، ٦٦، ٧٠، ٧٢، ٧٥، ٧٦، ٨٤، ٨٥، ٨٩، ١١٩، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٨، ١٦٨، ١٧٠، ١٧١، ١٧٢، ١٧٦، ١٧٧، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠، ٢٣٤، ٢٣٩، ٢٤١، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٧٠، ٢٧٩، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٣٢١، ٣٢٠، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٧، ٣٤٣، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٤، ٣٨٨، ٣٨٩، ٤٠٥، ٤١٦، ٤٢٤، ٤٢٦، ٤٥١، ٤٥٧، ٤٨٩، ٤٩٢، ٤٩٩، ٥٣٦
بستان الخمس، ٢٨، ١١٢، ١٣١، ٢٠١، ٢٠٦، ٢٧٧، ٣٥٦، ٤٣١
بڵباس، ١٠٥
بنکەی ژین، ١٤
بنگال، ١٧١
بنە، ١٣٤، ١٣٥
بنەماڵەی حەفید، ١٢١
بنەماڵەی خانەقا، ٦٣
بورت بلێر، ١٧١
بورجی بابل، ٥٩٥
بورسە، ١٧٣، ١٧٦، ٣٤٧، ٤٠٣، ٥١٥
بورما، ١٣٨
بولڤار، ٥٩٥
بوڵغارستان (بولغاریا)، ٣٣٤، ٦٣٢
بووشەهر، ٣٢٠، ٣٢٣، ٣٢٩، ٣٧٧
بۆتان، ٤٨، ١٢٧، ٢٩١، ٤٣٨، ٤٤٨، ٥٥٠
بۆسکێن، ٤٤٧
بۆسنە، ٦٠٠
بۆگۆس نۆبارپاشا، ٣٤٨ بەحرکە، ٤٥٩، ٥٣٨
بەحرەین، ٣١٩، ٣٢٢، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٦١
بەدرخانپاشا، ٥٠٠
بەدرخانییەکان، ٨٣
بەرلین، ١٨٣، ٥٩٦
بەرواری باڵا، ٢١٤
بەسارابیا، ١٧٤
بەسرە، ١٩، ٢٠، ٥١، ٦٥، ٢٥٥، ٢٩١، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٧، ٣٧٧، ٣٨٨، ٤٣٣، ٥٠٣
بەسریبەگ، ٤٦٤
بەشقە، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٥

بەشیر فەرجۆ، ٢٩١
بەعس، ٦٤
بەغدا، ٦، ٨، ١١، ١٦، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٨، ٤٠، ٥١، ٥٦، ٦٠، ٦٥، ٦٦، ٧٠، ٧٢، ٧٦، ٧٧، ٨١، ٨٤، ٨٥، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٨ ١٢٣، ١٢٧، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٩، ١٦٢، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧١، ١٧٢، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٢، ٢٠١، ٢٠٦، ٢١٤، ٢٢٠، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠٦، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٢٩، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٤٦، ٣٥٢، ٣٥٦، ٣٦٢، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٨١، ٣٨٢، ٣٨٨، ٣٩٣، ٣٩٤، ٣٩٥، ٤٠٧، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١٤، ٤١٦، ٤١٧، ٤٢٤، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٣١، ٤٤٨، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٦، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩٢، ٤٩٧، ٥٠٣، ٥٠٩، ٥١٢، ٥١٨، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٢٢، ٥٢٣، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٠، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٤٨، ٥٥٣، ٥٥٩، ٥٨٤، ٥٩٢، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠١، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦١٤، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٣٧، ٦٤١، ٦٥٣، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠، ٦٦١، ٦٦٢، ٦٦٥، ٦٦٦
بەغداد تایمز، ٣٧٦
بەکر سامی، ٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ٣٤٨، ٣٤٩، ٦١٠
بەکر سیدقی، ٢٥٢، ٣٨٣
بەلژیکا، ٥٠٤
بەندەرعەباس، ٣١٧، ٣٧٧
بەندەری مودرۆس، ٣٠
بەنگاڵ، ٣٢٨
بەنی ئیسرائیل، ٢٢٦
بەهائەددین شاکر، ٤٩
بەها ئەفەندی، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٤
بەهرامی کوڕی جاماسبی کوڕی فیرووزی کوڕی یەزدجەردی ساسانی، ٦٣٨
بەهیە ئیبراهیم ساڵح ئەفەندی، ١٦
بەهیەخان، ٤٣٤، ٤٦١، ٥٣١، ٥٣٩
بەیات، ١٣١
بەی ئۆغلوو، ٦٠١
بەیرووت، ٢٧، ١٨٦، ٥٩٩
بیتوێن، ٤٤٧
بیرەکەپرە، ٢٢٣، ٢٤٧
بیلەجاک (بیلەجەک)، ٤٠٣، ٥١٥
بێتواتە، ٤٤٩
بێجی، ١٣٣
بێخاڵ، ١١٩
بێدڵ، ٥٧٣

پ

پارسوا، ٦٣٣
پاریس، ٣٥، ٤١، ٧٩، ٨٠، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٣، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٣، ٢٤٠، ٢٥٩، ٣٠١، ٣٣٧، ٣٣٩، ٣٤١، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥٥، ٥٨٣، ٦٣٦
پاشا کۆرە (محەممەدپاشا ڕەواندزی)، ١١٩، ١٢٤، ٢١٩، ٢٩٩
پاکیزە ڕەفیق حیلمی، ١١، ٤٩٥، ٤٩٧، ٦٤٩، ٦٥٤، ٦٦٦، ٦٦٧
پرچی ئایشێ و فاتمە، ٥٦٣
پردی خاسە، ٦٦٥
پردی مۆد، ٣١٣، ٣١٤
پرۆفیسۆر دۆناڵد فرایزەر، ١٣٢
پژدەر (پشدەر)، ١٠٣، ١٠٥، ١٢١، ١٣١، ٢٢٠، ٢٤٨، ٢٧٣، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٧، ٢٨٨، ٣٩٤، ٤١٤، ٤٢٣، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٠، ٤٦٥، ٤٧٠، ٤٨٥، ٥٠٧، ٥٠٩، ٥١٧، ٥١٨، ٥٢١، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٣٣، ٥٤١، ٦١٥، ٦٤٨
پلۆپۆتەز، ١٤١
پۆرتەگاڵ، ٣١٧، ٣١٩

پەسوێ، ٦٣٣
پەیمانی ئایاستیفانوس، ٥٩٦
پەیمانی بەرلین، ٥٩٦
پەیمانی پورتسماوس، ٦٥٣
پەیمانی سیڤەر (سەڤەر)، ٤١، ٤٥، ٨٧، ١٧٤، ١٧٦، ١٧٧، ١٩١، ١٩٣، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٣٥، ٣١٢، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٦٣، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٩، ٣٨٦، ٤٢٤، ٥٠١، ٥٢٨، ٦١٤
پەیمانی لۆزان (کۆنفرانس/ کۆنگرە)، ١٧٣، ١٨٦، ٢٠٠، ٢٠١، ٢١٠، ٣٨٦، ٥٠١، ٥٥٣، ٦٠٥، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٧
پیرانشار، ٦٣٣
پیرۆزخانی کچی قادرئاغا، ١٥
پیرەمەگروون، ٢٩٦
پیرەمێرد، ٤٥٨، ٦٥٤
پێنجوێن، ٦٥

ت

تاتار، ٥٩٤
تاجرباشی، ٤٦٠، ٥٣٨
تاران، ٢٢٦، ٣١٤، ٣٢٩
تاريخ العراق الحديث، ٢٩١، ٣٢٦
تاريخ العراق القريب، ٤٣٢، ٤٨٩
تأريخ الوزارات العراقية، ٦٨، ٣٦٤
تاسڵووجە، ٧٣، ١٣١، ١٣٣، ١٣٩، ١٤١، ١٤٧، ٣٠١
تاش مغازەڵر، ٥٧٧
تالیبپاشا نەقیب، ٢٥٥
تامسۆن، ١٣٤
تانجەڕۆ، ٤٥٨
تاهیرئاغای حاجی بەکرئاغای حەوێزی (ئەمین)، ١٦٣
تاهیر ئەلعومەری، ٥٨
تایەرئاغا، ٢٤٦
تایەر ئەفەندی، ٩٥، ١٣٩، ٤٣٦، ٤٦٥، ٥٣٤، ٥٤١، ٥٥٠
تایەربەگی وەسمانپاشای جاف (تاهیربەگی جاف)، ٢٦٠، ٥٠٧
تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف، ٦، ١٢٦، ١٢٨، ١٣٠، ٤٣٦، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٦٦، ٥٣٣، ٥٤٣، ٥٤٦، ٦٤٤
تبلیسی، ٥٩٥، ٦٣٥
ترابزۆن، ٣١٧، ٥٨٨
ترابلۆس، ٦٢١، ٦٣٠
ترۆب ناو، ٢٤٦
تفلیس، ٩، ٥٨٢، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩٠، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠٠، ٦٤٠
تورک، (زۆربەی لاپەڕەکان)
تورکیا، ٦، ١٥، ٢٢، ٣٤، ٣٦، ٣٨، ٤١، ٤٢، ٤٧، ٤٩، ٥٦، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٤، ١٢٤، ١٢٩، ١٤٢، ١٤٦، ١٥٠، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٣، ١٨٧، ١٩٦، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢١٠، ٢٢٤، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٣، ٢٥١، ٢٦٣، ٢٦٥، ٢٦٩، ٢٧٥، ٢٨٠، ٢٩٢، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣١١، ٣٣٤، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٩٠، ٣٩٣، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٤، ٤١٨، ٤٣٨، ٤٤٠، ٤٥٤، ٤٦١، ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٧٧، ٤٨١، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠٤، ٥١٣، ٥١٤، ٥٢٤، ٥٣٩، ٥٤١، ٥٤٢، ٥٥٣، ٥٥٧، ٥٦٠، ٥٦٧، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩٧، ٦٠٣، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١٤، ٦٢١، ٦٢٤، ٦٣٢، ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٦٠، ٦٦٦
توماس ئیدوارد لۆرەنس (لۆرەنسی عەرەب)، ٣٣٧، ٥٠٢
تۆخماخلوو، ٣٢٦
تۆفیق ئەفەندی (ئەفەنتی)، ٧٢، ٨٥، ٣١٣
تۆفیقبەگ، ٦٠، ٣٠١، ٣٩٦، ٥٠٩، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٥٧
تۆفیقپاشا، ٤٥، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٠
تۆفیق قەزاز، ٢٩٨
تۆفیق وەهبی، ٢٢٥، ٢٢٩، ٢٦٤، ٢٨٧، ٢٩٥، ٢٩٦، ٤١٦، ٤٢٠، ٤٥٦، ٤٩٥، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٢٥
تەبەری، ٤٧٢

تەپەی کورد، ٢٥٦
تەتوان، ٦٣٩
تەحسین عەسکەری، ٣٤٤، ٣٤٥
تەختەقەڵا، ٥٩٩، ٦٠١
تەراکیا، ٥١٥
تەرخانی، ١٣١
تەسالیا، ١٣٩
تەقتەق، ١٦٣
تەقسیم، ٦٠١
تەکیەی بارزان، ٤٤٥
تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی، ٦٣
تەلعەتپاشا، ٣٨٤، ٤٩٩
تەلەعفەر، ٢٤٩، ٢٥٠
تەها بەدری، ٢٥٩
تەوراِت، ٥٩٤
تەورێز، ٩، ٤٣٤، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٧٧، ٥٨٢، ٥٨٣، ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩١
تەیمووری گۆرکانی (تەیمووری لەنگ)، ٥٩٥، ٦٣٩، ٦٤٠
تەیناڵ، ١٧٢
تیرەی سۆفیوەندی هەمەوەند، ٤٢٢

ج

جادەی خەلیلپاشا، ٢٥٦
جاف، ٥٥، ٨٤، ١٠٣، ١٢٣، ١٣١، ١٣٥، ١٦٩، ٢١٧، ٢٦٠، ٢٧٣، ٣٩٥، ٥٠٧، ٥٠٩
جامع البیان عن تأویل القرآن، ٤٧٢
جزیرةالعرب، ٢٩١
جزیرە، ٤٤٣، ٤٧٣، ٦٣١، ٦٣٢
جگەرخوێن، ٢٢
جوانرۆ، ٥٠٧
جورجی (گورجی)، ٥٩٥
جولفا، ٩، ٥٧٥، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩٤
جوولەکە، ٣٦، ٨٩، ١١٧، ٢٠٥، ٢٢٦، ٤٣٢، ٥٩٥
جۆرج بنجامین کلیمانسۆ، ٣٥، ٧٩، ١٨٨، ١٩٣، ٣٣٩
جۆرج (مەلیکی بریتانیا)، ٣٣٣
جۆرج ناتانیل کورزۆن، ٢١٠، ٣٤٨، ٣٦٠
جۆرجیا (گورجستان)، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٦
جۆڵەمێرگ، ٤٦٤، ٤٦٧، ٤٦٩
جەبەل بەرەکەت، ٦٢١
جەبەل حەمرین، ٤٢٧، ٤٧٤، ٤٧٦
جەرناف، ٢٤٩
جەزائیر (جەزایری)، ٤٨، ٤٦٨
جەزیرەی ئەندامان، ١٧١، ١٨٧
جەزیرەی پریم (بریمێ)، ٣٦١
جەعفەر ئەبووتمەن، ٢٥٢، ٢٥٦، ٣٧١، ٣٧٧
جەعفەرپاشای عەسکەری، ٣٤٥، ٣٨٣
جەعفەر خەیات، ٣٢٧، ٤٣٢، ٤٨٩
جەعفەر سوڵتان (هەورامان)، ١٣١، ٣٩٥، ٥٠٧
جەلادەت عالی بەدرخان، ١٠، ٢٨، ٨٦، ١٩٠، ٣٨٥، ٣٨٦، ٥٠٠
جەلالبەگی بابان، ٢٦٤، ٢٦٥
جەلال سائیب، ٤٣٤، ٤٥٨
جەلال ساهر، ٥٧٩
جەلەولا، ٤٣١
جەمال بابان، ٢٦٤
جەمال عەبدوننسر، ٢٠٥
جەمال عیرفان، ٢١٧، ٢١٨، ٣٨٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٩٢، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٦
جەمعییەتی تەعالی کوردستان، ٣٠٧، ٤٩٩
جەمعییەتی زانستیی کوردان، ١٨٦
جەمعییەتی کورد، ٣٠٧
جەمعییەتی کوردستان، ٨، ٩، ٤٠، ١٢٧، ١٣٠، ٢٨٧، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١١، ٤٧٨، ٤٨٦، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١١، ٥١٢، ٥١٣، ٥٢٠، ٥٤٥، ٦٥٧
جەمعییەتی هێڤی، ١٧
جەمیل (کوڕی تۆفیق ئەفەندی)، ١٥
جەمیلئاغای حەوێزی، ٩٩، ١٠٠، ١٥١، ٢٤٦
جەمیلپاشای دیاربەکر، ٨٣، ٣٨٥، ٥٠٠

جەمیل سائیب، ٤٣٤، ٤٥٨
جەمیل محەممەد خەلیل ئەفەندی، ٢٤٩
جەمیل مەدفەعی، ٢٤٩
جەمیلەی مستەفا ئەفەندی، ١٧، ٥٤٥
جەمیلی کوڕی عەلی ئەفەندی (جەمیلی کۆرپە)، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٦٠٢
جەنگی جیهانی دووەم، ٧٠
جەنگیزخان، ٦٤٠
جەنگی گالیبۆلی، ٦٦
جەوادپاشا چوبانلی، ٤٦٧، ٤٦٩، ٦٣٢، ٦٥٨
جەیحوون، ٦٢٠
جیرارد ئەڤیلین لەچمەن، ٧٥، ٧٦، ٨٣، ٢١٤، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٧١
جیرۆم فارڵ، ٢٩٧، ٣٠١، ٣٠٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥
جیمز سەمەرفیل، ٦٦١، ٦٦٢
جیۆڤانی جیۆلیتی، ٣٤٧
جەباری، ٢٧٣، ٤٤٧

چ

چاپخانەی نەجاح، ١٦٢
چاپەمەنی مانگ، ١٨
چاڵدێران، ٤٦، ٦٣٩
چانقایا، ٦١٢
چانیقەلعە، ٦٣٢
چناققەڵا، ٣٤
چوار چەرخی دوایینی عێراقی تازە، ٣٢٧
چۆمان، ٥٦٢
چەرکەس، ١١٥، ١٢٨، ٥٠٦، ٥٨٧، ٦٠٤
چەمچەماڵ، ٧٣، ١٢١، ١٣١، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٦٩، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٤٨، ٢٨٨، ٣٠١، ٣٥٥، ٤٧٣، ٥٠٨، ٥٥٩
چەنبەرلیتاش، ٦٠١
چیچان، ٥٦
چێرمووگا، ٦٣٦
چین، ١٦، ١٢٧، ١٣٨، ٥٤٧، ٥٩٤، ٥٩٥

ح

حاجیئاغـای حەسـەنئاغای تفەنگچیباشـی، ١٦٩، ٢٢٨، ٢٢٩
حاجی ئەحمەدی قەزاز، ٤٥٨
حاجی ئەسعەدئاغا، ٩٩
حاجی ئەمینی کاکە حەمە، ١٢٦، ٤١٩، ٦٤٨
حاجی ئەولای حەمەکەریم کەرکووکی، ١٦
حاجی ئۆمەران، ٥٦٢
حاجی ئیبراهیم ئەفەندی، ٥٨، ٦٣٦
حاجی برایمئاغا، ٢١٧، ٢٢٩
حاجی بەکرئاغا (قاسد)، ٩٩
حاجی حەسەن ئەفەندی، ٢٢٨
حاجی داود ئەبووتتمەن، ٢٥٢
حاجی ڕەسووڵئاغا، ٤٣٩
حاجی ڕەشیدبەگ، ٢٤٦
حاجی ڕەشیدی ڕێوی، ٨٥
حاجی ڕەمزی، ٣٧٩
حاجی ڕەمەزان عەلی، ٣٧٩
حاجی سلێمانئاغای کەرکووکی، ٦٠٣
حاجـی سـەید حەسـەنی مامـی شـێخ مەحمـوود، ٧٦، ١٣٩
حاجی شەعبانئاغا، ٢٤٦
حاجـی شـوکریبەگ مەبعـووس، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٦، ٦١٨
حاجی عەبدوللەتیفئاغا، ٢١٤
حاجی غەفوور ئەفەندی، ١٥
حاجی قەلەندەر، ٦٣٣
حاجی گووروون، ١٦٩، ٢٢٩
حاجی محەممەد چەلەبی جادر، ٦١، ٢٥٢
حاجـی مـەلا سـەعیدی کەرکووکـیزادە، ٧٥، ١٦٩، ١٧٢، ٢٥٥، ٢٩٧، ٤١٠، ٤٢١، ٥٢٦، ٦٤٨
حاجی نەوڕەس ئەفەندی، ١٥٧، ١٥٨، ١٦١، ٥٥٥
حامدبەگـی مەجیدبەگـی وەسمانپاشـای جـاف، ٢١٧

حسەکەر (وەستا حسێنی چاپچی)، ٢٩٩
حسێن ئەفنان، ٣٦٥، ٣٦٨
حسێن (ئەمیری حیجاز)، ٣٨٧
حسێنپاشا جەلیلی، ٦٠
حسێنپاشای خەندان، ٤١، ١٨٦
حسێن ڕەئووفبەگ، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٦، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢١، ٦٣٢
حسێن فەوزیبەگی موقەددەم، ٤٠، ١٣٩
حسێن نازم، ٦٢٩
حکوومەتی بەبە (بەبە)، ٥٤، ٢٥٢
حکوومەتی بەمبە (بۆمبای)، ٣١٨
حکوومەتی مەروانییە، ٦٣١
حوزنی موکریانی، ٢٦
حەپسەخانی نەقیب، ٧٧، ١٧٠، ٣٩٦، ٤٠٦، ٤٠٧، ٥١٧
حەرەسی ئیستقلال، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٣٦، ٣٧٥
حەریر، ٢٤٨، ٣٢٥، ٤٤٤
حەڕران، ٦٤٠
حەسسوون ئەبولجبن، ٣٧٥
حەسەنئاغای کوڕی بایزپاشا، ١٠٥
حەسەن فەهمی، ٤٧٩
حەفید، ٥، ١٧، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٦٢، ٧٦، ١٧٠، ٤٠٦، ٤١١، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٦٢، ٤٧٨، ٤٨٦، ٤٨٨، ٥٢٦
حەکاری، ٤٦٩
حەلاوەخان، ١٥
حەڵەب، ٣٦، ٤١، ٥٩، ٨٨، ١٨٧، ١٩٦، ٣٢٦، ٣٨٩، ٥٠٣، ٥٩٩
حەماغای ئەوڕەحمانئاغا، ٩٩، ١٠٠، ١٣١، ١٥١، ٢١٧
حەمدانی، ٦٣١، ٦٤١
حەمدیبەگی بابان، ٧، ٢٥٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٩٤، ٢٩٥، ٣١١، ٣١٣
حەمدی پاچەچی، ٣٧٧
حەمرین، ٢٩٢، ٤٢٧، ٤٧٤، ٤٧٦
حەمەئاغای ئەوڕەحمانئاغا، ٤٧٩
حەمەپاشای جاف، ٥٠٧
حەمەخانی بانە، ٥٧٢
حەمەدبەگی قادرپاشا، ١٦٩
حەمەدرێژ، ٢٢٨
حەمەساڵحبەگی حەمەعەلیبەگ، ٢١٧
حەمەشینی سەرچیا، ٤٣٩، ٤٤٣
حەمەی تێرگەلە، ١٣٩
حەمیدیە، ٦١٠، ٦٣١
حەوێزی، ٦، ٩٩، ١٠٠، ١٦٣
حەیدەرخانە، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦١، ٢٦٢، ٣١٦، ٣٢٦، ٥٩٢
حەیفا، ٣٨٨، ٥٠٣
حەییوم ئەفەندی، ١١٧
حیجاز، ٢٥٨، ٣٢٦، ٣٣٨، ٣٤٦، ٣٨٢، ٣٨٧، ٣٨٩، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٤
حیزبی ئازاد، ٣٧١
حیزبی ئیتیحاد و تەڕەقی (کۆمەڵەی یەکییەتی و سەرکەوتن)، ٣٨، ٤٩، ٥٧، ٥٩، ٧٢، ٨١، ١٨٧، ٣٨٤، ٤٩٩، ٦٣٦
حیزبی جمهووری، ٢٢
حیزبی لیبراڵی بریتانیا، ٢٣٩
حیزبی مەلیک قۆنستەنتین، ١٧٦
حیزبی نەهزە، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٤، ٣٧٦
حیزبی نیشتمان، ٢٥٨، ٢٦٠
حیزبی هیوا، ٢٠، ٦٦٥
حیزبی وەتەنی، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٤، ٣٧٦، ٣٨٠، ٦٦٠
حیللە، ٢٥١، ٢٥٨
حیلمیبەگ، ٥٧٢، ٥٧٣

خ

خاربین، ٤٢٦
خاسە، ٢٩٦

خالیدپاشای بابان، ٢٦٣
خان النقطة، ٢١٤
خانەقای سەید ئەحمەد، ٦٣، ٣٠٤
خانەقین، ١٢٣، ١٣٣، ١٧٢، ٤٣١
خدرئاغای حەمەشینی سەرچیا، ٤٣٩، ٤٤٣
خدربەگی مەرگەیی، ١٨٦
خدر هەمەوەند، ٦١
خلووس تبلیسی، ٦٣٥، ٦٣٦
خواجە ئەفەندی، ٦٢٩، ٦٣٠، ٦٣٣
خواجەپاشا، ٦٠١
خورشیدبەگی قوڵچی، ١٢٥، ٥٤٥
خورشیدخان، ٦٤٠
خورشید هەرتووشی، ٦٣٦
خوڵاسەی مەسەلەی کورد، ٢٣٤، ٤٦٠
خۆشناوەتی، ٩١
خەرپووت، ٨٦، ٦٠٠
خەسرەوی کوڕی سمکۆ، ٤٠٣، ٤٥٩، ٤٦٦، ٥١٥، ٥٣٧، ٥٤٣، ٦٤٤
خەلیجی بەسرە، ٣٧٧
خەلیجی عەرەبی، ٣١٩، ٦١٠
خەلیجی فارس، ٣١٩
خەلیلپاشا، ٦٨، ٢٥٦، ٢٦٢، ٣٨٧

د

دارالمعلمین عالیە، ٢٥٩
دارولفنوون، ١٧، ٦٠٠، ٦٣٤
داریکەلی، ٧٣، ٧٤
داریۆش، ٥٩٤
داگۆبێرت ڤون میکوش، ٦١١
داودپاشا، ٣٢٥، ٣٢٦
داودخان، ٢٢٦
داودە عەزیز، ١٣١
درێ، ٧٦
د. فوئاد، ٦٣٦
دلێم، ٢١٤، ٢٤٧، ٢٥٠
دڵدار، ١٩
دوبەی، ٣٣١
دورهام، ٦٦
دوڕگەی لیمنۆس، ٣٠
دوڕگەی ماڵتا، ٧٠، ٦٣٢
دوکتۆر ئەحمەد قەدری، ٣٤٥
دوکتۆر ئەوڕەحمان شابەندەر، ٣٤٥
دوکتۆر بەلەچ شێرکۆ، ٢٨، ٤٨
دوکتۆر سەفوەت، ٦٣٤
دوکتۆر شوکری سەگبان، ٣٠٧، ٣١٣
دوکتۆر عەدنان، ٤٠
دوکتۆر فازیل حسێن، ٢٨
دوکتۆر فوئاد، ٦٣٦
دوکتۆر کامەران بەدرخان، ١٩٠، ٣٨٥، ٣٨٦، ٥٠٠
دوکتۆرە لەمیعە بەدری، ٢٥٩
دوملووپینار، ١٨٥، ٤٠٣، ٥١٥
دۆستەک، ٦٣١
دۆسکی، ٢٤٦
دۆڵی مەلا عەرەب، ٢٤٦
دهۆک، ٢١٤، ٢١٥
دەربەند/ دەربەندی بازیان، ١٢٢، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٤١، ١٤٧، ١٥٤، ١٦٧، ١٧٢، ١٧٤، ١٨٦، ١٨٧، ٢٧٨، ٤٣٧، ٤٤٤، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٨٠، ٤٨٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦١
دەربەندی تەرمۆپیل، ١٣٩
دەربەندیخان، ٢٣٠
دەربەندی قۆتۆر، ٥٦٠
دەرسیم، ٦٣٩
دەریاچەی وان، ٦٣٩
دەریای ڕەش، ٣١٧، ٥٨٨
دەریزادە عەبدوڵڵا ئەفەندی، ٣٩
دەشتی ئەحمەدی عیساغا، ٢٢٨
دەشتی/ گەڕەکی کانێسکان (کانیئاسکان)، ٧٨
دەیلەمی، ٦٣١
دیاربەکر، ١٠، ٨٦، ٨٨، ١٤٢، ٣٠٧، ٣٨٥، ٤٤٠، ٤٦٤،

٤٦٥، ٤٦٧، ٤٨٠، ٥٠٠، ٦٠٠، ٦٢١، ٦٢٨، ٦٣٠، ٦٣١، ٦٣٢، ٦٣٥، ٦٣٦، ٦٣٧، ٦٤١، ٦٤٢، ٦٤٣
دیالە، ٢١، ٦٤، ٢٥٨، ٤٠١، ٤٧٠
دیجلە، ٦٠، ٢٥٦، ٣٢٦، ٣٩٢، ٤٧٣، ٦٣١، ٦٥٩
دیژۆن، ٣٢٤
دیمەشق، ٢٤٨، ٢٨٠، ٣٤٤
دینی بوودا، ١٩٩
دێرەزۆر، ٢٤٧، ٢٤٩
دێهلی، ٣٢٨

ڕ

ڕامزبەگ، ٤٥٣
ڕانیە، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠٤، ١٠٥، ١١٣، ١١٤، ١٤٣، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٤٨، ٢٨١، ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٩١، ٣٩٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٢٣، ٤٣٧، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤٢، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٨٠، ٥٠٧، ٥٢٧، ٥٣٤، ٥٥٥
ڕایات، ١٦٧
ڕوباعیاتی خەیام، ١٢٦
ڕوستەم حەیدەر، ٣٧٩
ڕوغزایی، ١٣١
ڕومادی، ٥٠٧
ڕومیسە، ٢٥٠، ٣٧٩
ڕووس (ڕووسەکان/ ڕووسیا)، ٦٥، ٦٦، ١١٥، ١٤٣، ١٩٩، ٢٠١، ٢٣٧، ٢٧٢، ٣٨٥، ٤١٦، ٤٦٠، ٤٨٩، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠٢، ٥٠٧، ٥٧٠، ٥٧٣، ٥٧٥، ٥٧٨، ٥٧٩، ٥٨٠، ٥٨١، ٥٨٢، ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٩٢، ٥٩٥، ٥٩٦، ٦١٣، ٦٣٩
ڕۆژنامەی «الشعب»، ٢٧٦
ڕۆژنامەی «العالم العربی»، ٣١٣، ٣١٤
ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، ٤٢١، ٥٢٦
ڕۆژنامەی ئیستقلال، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٣٧٧
ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ٤٠، ٤٠١، ٤١١، ٤٢١، ٤٥٨، ٥١٠، ٦٣٧
ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ٢١٦، ٢١٧، ٥٤٣
ڕۆژنامەی تان، ٣٠٦، ٣٣٧
ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، ٨٤
ڕۆژنامەی «زبان»، ٥١٠
ڕۆژنامەی ڕافیدەین (الرافدان)، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٧
ڕۆژنامەی ڕووناکی، ٥١٠
ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ٤٣٤
ڕۆژنامەی ژیان، ٥١٠، ٦٢٩
ڕۆژنامەی سەربەستی، ٤٧٩، ٤٨٠
ڕۆژنامەی «لسان العربی»، ٣٧٧
ڕۆژنامەی مانجەستەر گاردیان، ٢٧٦
ڕۆژنامەی نەجمە، ٧، ٢٨٠، ٣٠٥، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٣
ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٣٣
ڕۆستۆف، ٥٩٤
ڕۆستەم (ڕەئیسی ڕوغزایی)، ١٣١
ڕۆستەمئاغای ئەوڕەحمانئاغا (پاڵانی)، ١٣١
ڕۆمانی، ٣٠٧، ٦٢٧
ڕۆمی، ٣٠٦
ڕەئسولخەیمە، ٣٢٢
ڕەئووفی کوڕی شێخ مەحموود، ٤٣٤، ٤٦٥، ٥٣٠، ٥٣١، ٥٤٢، ٦٥٧
ڕەئیس عەبدولواحد، ٣٦
ڕەزا (؟)، ١٣١
ڕەزابەگی زاوای ئەوڕەحمانئاغاوە، ٢٨٢
ڕەزا تۆفیقبەگ، ١٧٤
ڕەزا شای پەهلەوی، ١٢١، ٢٣٣، ٥٠٧، ٥٧٦، ٥٨٣
ڕەسووڵئاغا (ڕەسووڵپاشا)، ١١٩
ڕەشاد خاڵسبەگی، ١٧٤
ڕەشیدئاغا (پاڵانی)، ١٣١
ڕەشید ئەفەندی عومەری، ٥٩، ١٢٢
ڕەشیدبەگی ڕەئیسی بەرواری، ٩١، ٤٧٠
ڕەشیدپاشا، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٢٦٣، ٦١٨، ٦٣٣، ٦٣٧
ڕەشید جەودەت، ١٦٧، ٣٠١، ٦٤٥، ٦٤٧
ڕەشید زەکی کابان، ٧٩، ١٨٦، ١٨٧، ٣٩٨، ٤٣٢، ٤٣٣، ٥١٠، ٦٣٣
ڕەشید عاکف هۆرمزی، ٣٠٣

ڕەشید مەستی، ٢٢٥
ڕەشیدی عاسیەخان، ١٢٢، ٢٧٨
ڕەشیدی غەفوور، ١٦٧، ٥٥٥
ڕەفعەتی سمایل‌ئاغا (ڕەئیسی داودە)، ١٣١
ڕەفیق حیلمی، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ١٠، ١٢، ١٤، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٨، ٦٤، ١١٢، ١٢١، ١٢٢، ١٢٥، ١٢٦، ١٣١، ١٩٢، ٢٠١، ٢٠٦، ٢١٠، ٢٥٧، ٢٦١، ٢٧٤، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨٧، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣٥٢، ٣٥٦، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٩٦، ٤٢٧، ٤٣١، ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠٩، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٧٨، ٥٩٧، ٦٠١، ٦١٣، ٦١٩، ٦٤٩، ٦٥٣، ٦٥٤، ٦٥٦، ٦٥٨، ٦٦٣، ٦٦٥، ٦٦٦، ٦٦٧
ڕەفیق ساڵح، ١٤
ڕەفیقی مەحامی، ٢٥٥
ڕەمزی‌بەگ (توو‌پاڵ ڕەمزی = ڕەمزیەشەل)، ٣١٤، ٣٧٩، ٣٩٣، ٣٩٤، ٤٣٨، ٤٥٤، ٤٦٥، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٧، ٤٩٠، ٤٩١، ٥٤١، ٥٠٦، ٥٤١، ٥٥٩، ٥٧٨
ڕەمەزان‌ئاغای کوڕی عەبدولقادر کوڕی سلێمان، ٦٣٧
ڕەمەزان شەلاش، ٢٤٩
ڕەواندز، ٦، ٧، ٨، ٩، ٤٨، ٨٢، ٨٥، ٩٨، ١١٥، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢٨، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٦، ١٥٧، ١٦٧، ٢١٤، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٣٣، ٢٤٨، ٢٦٤، ٢٦٩، ٢٧١، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨١، ٢٨٦، ٢٨٨، ٢٩٢، ٢٩٩، ٣٩٣، ٣٩٤، ٤٠٣، ٤٠٥، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤١٤، ٤١٦، ٤٢٣، ٤٢٥، ٤٣١، ٤٣٣، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٦، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٨٤، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٥٠٦، ٥٠٨، ٥١٥، ٥١٦، ٥١٧، ٥١٨، ٥٢٢، ٥٢٩، ٥٣٠، ٥٣٣، ٥٣٤، ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤١، ٥٤٢، ٥٤٩، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦٤، ٥٦٧، ٦٠٦، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٥، ٦٢١، ٦٣٣، ٦٤١، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٨، ٦٥٥
ڕێبازی بەکتاشی، ٣١٧
ڕیبۆن، ٥٩٢
ڕێزە، ٥٩٢
ڕێکخراوی تورکیای لاو، ٤٩
رياض الصلح، ٣٤٥

ز

زاخۆ، ١٢١، ١٢٢، ٢٤٦، ٤٥٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧٣
زازا، ٦٢٨
زامۆئا، ١٣٧
زانکۆی ئەزهەر، ١٢٨
زانکۆی سۆربۆن، ٥٠٠
زانکۆی کەمبریج، ٣٠٢
زانکۆی لایپزیگ، ٥٠٠
زوبەع، ٢٤٩، ٢٥٠
زەریاچەی ورمێ، ٤٥٤، ٥٦٥
زەریای ڕەش، ٥٨٢، ٥٩٦
زەریای سپی، ١٨٠، ١٨٥، ٢٠٩، ٣١٩، ٣٩٠، ٥٩٩، ٦١٠، ٦٢٠
زەریای سوور، ٣٢٨، ٦١٠
زەریای قەزبێن، ٥٩٢، ٥٩٣
زەریای مەڕمەڕە، ٤٠٣، ٥١٥
زەریای موحیتی هیندی، ٦١٠
زەکی کوڕی عەزیزئاغا، ١٤٤
زەکیەخان، ٦١٩
زەند، ١٣١، ٣١٨، ٤٢٩
زەهاو، ٥٠٧
زینوێی شێخ، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٣
زێبار (زێباری)، ٢١٥، ٢٤٧، ٤٤٢، ٤٤٤، ٤٤٥
زێی گەورە، ٤٤٢

ژ

ژەنەڕاڵ ئارچی باڵد بلێر، ١٧١
ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری‌پاشا، ٢٠٣
ژەنەڕاڵ تاوزەند، ٣٨٧، ٥٠١

ژەنەڕاڵ تریکۆپیس، ٢٠٨، ٢٠٩
ژەنەڕاڵ ساندەرس، ١٣٥
ژەنەڕاڵ سمەتس، ٢٤٠، ٢٤١
ژەنەڕاڵ سێر تیۆدۆر فرایزەر، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٩، 155
ژەنەڕاڵ سێر ویلیام مارشاڵ، ٦٦
ژەنەڕاڵ شەریفپاشا (خەندان)، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٧٩، ٨٠، ٨٧، ١٨٦، ١٩٠، ١٩١، ٢٦٤، ٣١١، ٣٨٤، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٩٦، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠١، ٥١٠
ژەنەڕاڵ قەرەبەکر، ٦١١
ژەنەڕاڵ مارشاڵ، ٦٦
ژەنەڕاڵ مۆد، ٦٦
ژەنەڕاڵ مێلۆن، ٣٧، ٣٨
ژەنەڕاڵ ورانکەل، ٤١٦، ٥٢٢
ژەنەڕاڵ هێنری جۆزێف ئوجین گۆرۆ، ٣٤٤، ٣٤٥

س

سائیبزادە سلێمانی محەممەد عارف، ٤٣٤
سابڵاخ، ٤٠١، ٤٦٠، ٥١٣، ٥٣٨، ٥٧٢، ٦٣٣
ساتع ئەلحوسەری، ١٧، ١٩، ٣٤٥
سادقئاغا (ڕەئیسی زەند)، ١٣١
سادق ئەفەندی، ٣٩٨، ٦١٩
سادقی برایمئاغا ٢٤٦
ساری قامیش، ٥٨٧، ٥٩٤، ٦٤٤
ساسانی، ٦٣٨
سالمبەگ، ٦٣٢، ٦٣٣
سالومین، ٢٥٧
ساڵحئاغای ئەحمەدئاغا، ٤٣٩
ساڵحئاغای پژدەر، ١٣١
ساڵح ئەفەندی، ١٣، ١٥، ١٦
ساڵح ئەفەندی قەفتان، ٣٩٦، ٥٠٩
ساڵحبەگ، ٤٤٤
ساڵح بۆڕیزەن، ٤٣٥، ٥٣٢
ساڵحپاشا، ٢١٧
ساڵح چاووش، ٦٣٤
ساڵح زەکی، ٤٢١، ٤٢٥، ٥٢٦
ساڵح قازی (ساڵح بولشویک)، ٣٠٣
ساڵحی چایچی، ١٢٤
سامی سلێمانی قولئاغاسی، ٦٣٤
سامی عەبدوڵڵا خوندە، ٣٧١، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨٢
سان ڕیمۆ، ٢٤١، ٣٣٦
سایکس ـ پیکۆ، ٢٤٢، ٣٣٦، ٣٨٨، ٥٠٢، ٥٠٣
ستالین، ٥٩٢
سدیق ئەترووشی، ٢١
سدیق ئەفەندی، ١٥٦، ١٥٨، ١٦١، ١٦٤، ٣٩٧، ٥٠٩، ٦٠٢
سدیق ئەلقادری (سدیقپاشا/ ژەنەڕاڵ)، ٤١٦، ٤٢٢، ٤٢٦، ٤٣٣، ٤٥٦، ٤٧٩، ٤٩٢، ٥٢٢، ٥٣٠
سدیق ساڵح، ١٤
سدیق مەزهەر، ٢١٧
سربستان، ٦٠٠
سرکەچی، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠١، ٦٠٢
سعرد، ١٢٩
سکۆتلەند، ١٣٢
سلێمانئاغا (سلێمان قەتێ)، ٢٤٦
سلێمانبەگ، ٥٠٧
سلێمانپاشای بابان، ٢٦٣، ٣٢٥، ٣٢٦
سلێمانپاشای گەورە، ٣١٨
سلێمانخان، ٢٢٦، ٣١٤
سلێمان نەزیفبەگ، ٦٠٢
سلێمانی، (زۆربەی لاپەڕەکان)
سلێمانبەگ (بەیات)، ١٣١
سمکۆ (ئیسماعیلئاغای شکاک/ شوکاک)، ٦، ٨، ٩، ١٠٩، ١٢٤، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣١، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٣٨، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٩، ٤٨٠، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٧، ٤٩٢، ٥١٣، ٥١٤، ٥١٥، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤١، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٤٨،

٥٥٩، ٥٦٥، ٥٨٧، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨
سندۆلان، ٦، ١٠٤، ٤٣٩، ٤٤٠
سنە، ٤٠، ١٢٣
سوارئاغا، ١٠٥
سوارەتووکە، ٢٢٣، ٢٤٦
سورات، ٣٢١
سوڕەیا (بەدرخان)، ١٩٠، ٥٠٠
سوڵتان ئەحمەد، ٢٦١، ٦٠١
سوڵتان بایەزیدی دووەم، ٤٦
سوڵتان جەلالەددین، ٦٤٠
سوڵتان ڕەشاد، ٦٥
سوڵتان سلێمانی قانوونی، ٣٠، ٤٨، ٤٩، ٥٨٨
سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبی، ٣٤٤، ٣٥٣، ٦٤٠
سوڵتان سەلیمی یەکەم، ٤٦، ٦٣١، ٦٣٨، ٦٣٩
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ٣٦، ٤٥، ٤٩، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٢٣١، ٢٦٣، ٣٤٩، ٥٩٥، ٦٠١، ٦٦٦
سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم، ٣٦، ٤٨
سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم، ٣٩، ٦٣، ٥٩٧، ٦٠٤
سوڵتان محەممەدی خوارەزمشا، ٦٤٠
سوڵتان محەممەدی شەشەم، ٣٦، ٣٨، ٣٩
سوڵتان مەحموودی دووەم، ٤٨
سوڵتان وەحیدەددین، ٣٩، ٨٧، ٢١٠، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٧٨، ٣٩٣
سوورچی، ٢١٥، ٢٤٨، ٤٣٩، ٤٤٤
سوورداش، ١٤٨، ٤٨٨، ٦٥٦، ٦٦٦، ٦٦٧
سووریە، ٧، ٨، ٢٧، ٤١، ٤٢، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٢، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٩، ٢٥١، ٢٥٨، ٢٩١، ٣٣٢، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٧٦، ٣٨٢، ٣٨٩، ٣٩٣، ٤٨٠، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٥، ٦٢١
سوید (سویدی)، ٤١، ٢٥٥، ٢٥٧
سویسرا، ٢٠١، ٥٠٤
سوێندخۆرەکان، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤٢، ٤٥، ٦٧، ٧٠، ٨٦، ٨٧، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٠، ٢٠٩، ٢٣٧، ٢٣٩، ٣٣٠، ٣٣٤، ٣٤٠، ٣٤٢، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٦٠، ٣٦٣، ٣٨٤، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٩، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٢، ٥١٤، ٥٩٧، ٥٩٨، ٦١٠، ٦١٣، ٦١٤
سۆمەر، ٦٥٧
سەبیح نەجیب، ٣٤٥
سەددی یەئجووج و مەئجووج، ٥٩٤
سەرای، ٦٤٥
سەرای ئەلیزە، ١٨٠
سەرای بەغدا، ٣٦٩
سەرای سلێمانی، ٢٩٦، ٢٩٨، ٦٥٣
سەرچنار، ٢٩٨
سەرخمە، ٤٤٨
سەرداری بۆکان، ٤٦٠، ٥٧٢
سەردەشت، ٤٠١، ٥١٣
سەرگەڵوو، ٢٧٣
سەعدوڵڵای کوڕی موفتی دەروێش ئەفەندی، ٣٠٣
سەعدی، ٩٠، ٢٣٠، ٥٧٣
سەعدییە، ٤٣١
سەعیدبەگ، ١١٨، ١١٩، ١٤٣، ٢٩٩
سەعیدبەگی برادۆست، ٤٤٣
سەعیدپاشا، ٤١، ١٨٦، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٩٦، ٥٨٧، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦
سەعید فەوزی، ١١٤، ١٦٠
سەعید قەزاز، ٢٩٨، ٤٥٨، ٥١٠، ٥٣٧
سەعیدی چەلەبی، ٣٠١
سەقز، ٢٨٠، ٢٨١، ٤٠٣، ٥١٥، ٥٧٢
سەکاریا، ١٨٥، ١٩٨، ٢٠٨
سەگرمە، ٢٣٠
سەلاحەددین ئاشتی (س)، ٣، ٤، ١٤، ٢٩، ٣٠، ٤٨، ٦٣، ٦٥، ١٢٢، ١٤٥، ١٧٨، ١٨١، ١٩٦، ١٩٩، ٢١٠، ٢٣٢، ٢٤٥، ٣٠١، ٣١٧، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٥٦، ٣٧١، ٤٧٩، ٤٩٩، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١٩، ٥٢١، ٥٢٥، ٥٢٧، ٥٣٠، ٥٣٧، ٥٤٥، ٥٧٢، ٥٧٩، ٥٩٢، ٦٣٨، ٦٣٩

سەلان، ٤٣٩، ٤٤٣
سەلانیک، ٥٧
سەلجووقی، ٨٧
سەلیمئاغای کوڕی بابەکرئاغای کوڕی حەمەئاغای گەورە، ٢٨٣
سەمساموددەولە، ٦٤١
سەمەرقەند، ٥٩٥
سەن جەیمس، ١٧٦
سەنگافۆرە، ١٣٢
سەنگاو، ٢٢٣، ٢٨٨، ٣٩٥، ٤٥٠، ٥٠٨
سەید ئەحمەدی بەرزنجی، ٥٩، ٦٢، ٦٣، ٧٩، ٩٠، ١٨٦، ١٨٧، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٦٥، ٣٠١، ٣٠٤، ٣٥٥، ٤٢١، ٤٣٣، ٤٧٩
سەید ئەحمەدی هەنجیرە، ٤١٠، ٥١٩، ٥٢٠
سەید ئەوڕەحمان نەقیب، ٨، ٣٤٦، ٣٥٧، ٣٥٩، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٩، ٣٧٦، ٣٨١
سەید برایم ئەفەندی، ٤٦٠
سەید تەهای شەمزینان، ٧، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٨، ١٤٩، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٦٣، ٣١١، ٤٦٠، ٤٨٠، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠
سەید حەکیم ئەفەندی، ٤٦٠
سەید خەلیلئاغا (ڕەئیسی کاکەیی)، ١٣١
سەید سادق ئەفەندی، ٦١٩
سەید سوڵتان، ٣١٩، ٣٢٠
سەید عەبدوڕڕەحمان گەیلانی، ٣٤٦
سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن، ٢٧٣، ٤٧٨، ٤٨٨، ٤٨٩
سەید عەلی، ٣٠١
سەید عەلی «بسم اللە»، ٧٦
سەید عەلی کوڕی شێخ محەممەدی بەرزنجی، ٣٥٥
سەید عومەری مامی شێخ مەحموود، ٧٦
سەید محەممەد سەدر، ٢٥٢، ٢٥٥، ٢٥٧، ٣٣٥، ٣٧١، ٣٧٧
سەید محەممەدی جەباری، ٤٤٧
سەید محەممەدی موفتی، ٤٨٩
سەید نووری نەقیب، ٧١، ٧٥
سەید هادی، ٣٠٣
سیتهین، ٥٩٤
سید محمد صدر، ٣٧٧
سیرة مصطفی کمال باشا و تاریخ الحرکة الترکیة الوطنیة فی الأناضول، ٣٥، ٤٠
سی. سی. کاربت، ٣٦٦
سیعرد، ٦٤٢
سیک، ٨٩، ١٣٨، ١٧٢، ٢٨٨
سیواس، ٣٥
سێربستان، ٦٥
سێر پێرسی کۆکس، ٢٩٠، ٢٩١، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٧، ٣٨٤، ٤٩٩
سێر ڕابرت ئانتۆنی ئیدن، ٢٠٦
سێر هانری دۆبس، ٢٩١
سێوەرەک، ٦٣٠

ش

شائیسماعیلی سەفەوی، ٤٦، ٦٣١
شاتەهماسبی سەفەوی، ٦٣٨
شارباژێڕ، ١٣١، ٢٨٢، ٤٨٨
شارعی ڕەشید، ٢٥٦
شاری ئەلعەزیز، ٦٣٢
شاکر حەکیم، ٤٦٠
شاکر موجریم، ٢٨
شام، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٤٢، ٣٤٥، ٣٨٩، ٥٠٠، ٥٠٣
شانامەی فیردەوسی، ٤٩
شاور، ٤٣٩، ٤٤٧
شرناق (شیرناخ)، ٤٧٣، ٤٧٤
شکاک (شوکاک)، ٨، ١٣، ١٠٩، ١٢٤، ١٣١، ٤٠١، ٤٤٢، ٤٦٠، ٤٦٣، ٥١٣، ٥٣٨، ٥٤١
شنۆ، ١٢٤، ٥٦٣، ٥٦٤
شوعەیبە، ٦٥
شوکریبەگ، ٦٠٩، ٦١٦، ٦١٨

شوکری عبدولئەحەد، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠١، ٣٠٣، ٣٠٥،
٣٠٧، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٣
شوکری فەزلی، ٨٤
شەبستەر، ٩، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٢
شەرقات، ٢٤٩، ٤٧٣
شەرکەی دارسی، ٣٣٠، ٣٣١
شەرەفخانی بتلیسی، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤٠
شەرەفخانە، ٩، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧١
شەرەفنامە، ٦٣٨
شەریف حسێن، ٣٣٧، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٣
شەفیق (شەفیق سالح ئەفەندی)، ١٥، ١٥٠، ٦٣٥
شەفیلد، ٥٩٧
شەقامی خەلیلپاشا، ٢٥٦
شەقامی مەولەوی، ٢٩٨
شەقلاوە، ٩١، ٤٤٥، ٦٥٥
شەماڵ سائیب، ٤٥٨
شەمدینان (شەمزین/ شەمزینان)، ٧، ١٤٥، ٢٢٣،
٤٤٢، ٤٤٣، ٤٦٦، ٤٨٩، ٥٤٣، ٦٣٢، ٦٤١، ٦٤٤
شەهیدان، ٤٤٧
شەوکەت ئەفەندی، ٤٤٤
شەوکەتبەگی وەکیل، ٥٧٧، ٥٧٨
شەوکەتی عەبدوڵڵا ئەفەنی، ٣٠٣، ٣٠٤
شیراز، ٣١٨، ٣٢٩
شیرازی (حافز)، ١٢٦
شیکاگۆ، ٢٥
شێخ ئەحمەدی حەفید (بەرزنجی)، ٥، ٥٨، ٥٩، ٦٠،
٦١، ٦٢، ٨٢، ٢٥٦، ٤٣٣، ٤٣٤، ٥٣١
شێخ ئەحمەدی بەرزان، ٢٤٧، ٤٤٥
شێخ ئەحمەدی شێخ داود، ٢٥٦، ٣٧٧
شێخ ئەمینی سندۆلان، ٦، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧،
٤٣٩، ٤٤٠
شێخ ئیبراهیم ڕۆمی، ٥٩
شێخ ئیسماعیلی وەلیانی، ٥١٧
شێخ بەهائەددین، ٢٤٧
شێخ جەلالی شێخ ئەحمەد، ٤٣٣
شێخ جەواد، ٤٤٤
شێخ حسێنی قازانقایە، ٥١٧
شێخ حسێن کوڕی عەبدولکەریم (وەلیانی)، ٥١٧
شێخ حوسامەددین عەلی بدلیسی، ٤٦
شێخ حەبیب خەیزەران، ٣٧٧
شێخ حەمە غەریب، ١٦٧، ١٦٨، ٤٧٨، ٤٨٨، ٤٨٩
شێخ خومەیسی کوڕی شێخ ضاری، ٢١٤
شێخ زاری، ٢١٤، ٢٤٦، ٢٤٩، ٢٥٠
شێخ ڕەئووفی نەقشبەندی، ٢٤٧، ٦٥٧
شێخ ڕەقیبی سمبیل، ٢٤٨، ٤٤٣، ٤٤٤، ٤٧٠
شێخ ستار تاڵەبانی، ٦٥
شێخ سەعیدی پیران، ٢٧٥، ٥٠٠، ٦٢١، ٦٣٦
شێخ سەعیدی حەفید، ٥، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩،
٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٧٦، ٨٢، ٤٨٨
شێخ سەکبان، ٣٧٨، ٣٧٩
شێخ شەعلان ئەبووججوون، ٣٧٨
شێخ عەبدوسەلامی بارزان، ٤٤٥، ٦٠٢
شێخ عەبدولقادری سەنگاو (گوللەنەبڕ)، ٣٩٥،
٤٠٦
شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ١٨٩، ١٩٠، ٣٤٦
شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم (میجەر کەریم)،
٤٠٦، ٥١٧
شێخ عەبدوڵڵای هەولێری، ٤٦٠
شێخ عەلائەددینی باوکی شێخ ڕەئووف، ٢٤٧
شێخ عەلائەددینی خەلان، ٥٦١
شێخ عەلی سەرکار، ٣٩٦، ٥٠٩
شێخ عوبەید، ٤٧٠
شێخ عوبەیدوڵڵا، ٢٢٣، ٤٤٣، ٥٦١، ٥٦٢
شێخ عیسای خەلیفەی شێخی بەحرەین، ٣٣١
شێخ قادری حەفید، ٦٣، ٧٦، ٧٧، ٩٥، ١٣٤، ١٧٠،
٢٨٤، ٢٩٢، ٣٥٦، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٠،
٤١١، ٤١٢، ٤١٤، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٣٣، ٤٥٥، ٤٥٨،
٤٦٠، ٤٦٢، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٨، ٤٨٦، ٥١٧، ٥١٨،
٥٢٠، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٧، ٥٣٨،
٥٤٠

شێخ کاکەمین، ٤٣٩، ٤٤٤، ٤٧٠
شێخ لەتیف تاڵەبانی، ٦٥
شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، ١٢٦، ١٢٨، ٤٣٣، ٤٣٤، ٥٣١، ٦٦٢
شێخ مارفی قازانقایە، ٤٨٨
شێخ مارفی نەقیب، ٤٠٦
شێخ مارفی نۆدێ، ٥٤
شێخ محەممەدئاغای باڵەک، ٤٦٩، ٤٧٠
شێخ محەممەد ئەفەندی، ٦٣٣
شێخ محەممەد (بارزانی)، ٤٤٥
شێخ محەممەد سدیق، ٢٣٣
شێخ محەممەد غەریب، ٤٢١، ٤٧٨، ٥٢٦
شێخ محەممەد گوڵانی، ٣٩٦، ٥٠٩
شێخ محەممەدی چەمچەماڵ، ٣٥٦
شێخ محەممەدی بەرزنجی، ٣٠١، ٣٥٥
شێخ محەممەدی قازی، ٣٠١
شێخ مستەفای نەقیب، ٥٤، ٤٣٤، ٤٦١، ٥٣١، ٥٣٩، ٥٤٠
شێخ مەحموود، (زۆربەی لاپەڕەکان)
شێخ مەحموودی زەنگەنە، ٦٣
شێخ مەهدی خاڵسی، ٣٧٧، ٣٨٢
شێخ نەجیبی قەرەداغ، ١٦٩
شێخ نووری شێخ ساڵح، ٤٢١
شێخولئیسلام دەریزادە عەبدوڵلا ئەفەندی، ٣٩

ع

عادیلە خانم، ١٢٣، ١٢٤، ٥٠٧
عارف سائیب، ٤٣٤
عجێمیپاشای سەعدوون، ٦٣٠
عراق و عصبةالامم، ٤٢٤
عمادیە (ئامێدی)، ٢١٤
عورفیبەگی کورد، ٦٣٦
عوسمانپاشا، ٥٠٧
عوسمانلی ئوتێل، ٥٩٨
عوسمان نووری، ٦٣٥
عوشاق، ٤٠٣، ٥١٥
عومان، ٣١٩، ٣٢٢، ٣٩٠، ٦١٠
عومەر ئەفەندی، ٦٠٢
عومەرپاشا، ٣١٨
عومەر جەمیلپاشا، ٦٠٠
عومەری سادق ئەفەندی، ٣٩٨، ٥١٠
عەبابەیلێ، ٥٠٧
عەباسئاغای مەحموودئاغا، ١٢١، ١٣١، ٢٢٠، ٢٨٤، ٢٨٧، ٢٨٨، ٤٠٧، ٤٢٣، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٨، ٤٦٥، ٥٠٧، ٥١٧، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٤١، ٥٥٥
عەباس عەززاوی، ٣٢٦
عەباس کاروانچی، ٢٣٠، ٢٥٧
عەباسی، ٦٣١
عەبدوڕڕەززاق حەسەنی، ٦٨، ٣٢٠، ٣٤٧، ٣٦٤، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٧٧
عەبدوڕڕەسووڵ کوببە، ٣٧٧
عەبدولخالق ئەسیری، ١٧، ٦٠٠
عەبدولغەفوور بەدری، ٢٥٧، ٢٥٩، ٣٧٧
عەبدولفەتاح ئیبراهیم، ٢٢
عەبدولفەتاح چەلەبی، ٢١٧
عەبدولفەتاح کوڕی وەستا ئەحمەدی باشخەیات، ٦٢٩
عەبدولقادربەگی ساحێبقڕان، ١٢٣، ٥٠٧
عەبدولقادر ڕەشید، ٦٥٥
عەبدولقادر قەزاز، ٢٨
عەبدولقادری ڕەئیسی میسۆری، ٤٧٠
عەبدولکەریم قاسم، ٣٣٧، ٤٧٩
عەبدولکەریمی عەلەکە، ٣٩٧، ٤٧٨
عەبدوللەتیفبەگی کوڕی ئاگاپاشا، ٦٣٤
عەبدولحەمیدبەگ، ٦٥٥
عەبدولمەجیدبەگی خۆجە، ٦٣٤
عەبدولموحسین سەعدوون، ٣٨١
عەبدولمونعیم غولامی، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٤، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠

عەبدولوەهاببەگی قائیدی فیرقە، ٦١٩
عەبدوڵڵائاغا کوڕی عەزیزئاغا کوڕی مەحموودئاغای مەسرەف، ٤٧٩
عەبدوڵڵائاغای یوونس‌ئاغا (کەرکووکی‌زادە)، ٧٦
عەبدوڵڵائاغای حاجی حەمەسەعید، ٤٩٠، ٤٩١
عەبدوڵڵا ئەفەندی پاوەیی، ١٣، ١٥، ٣٩، ٥٨، ٦٣٣
عەبدوڵڵا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی، ٥٨
عەبدوڵڵابەگی باوکی فایەق بێکەس، ٦٢٩
عەبدوڵڵاپاشای باتاس، ١١٩
عەبدوڵڵا حیلمی یووزباشی، ٢٦١، ٦١٩
عەبدوڵڵاغـای حاجـی تایەرئاغـای حەوێـزی، ٦، ١٦٣، ١٦٤
عەبدوڵڵا گۆران، ٢١
عەبدوڵڵا موخلیس، ١١٩
عەبدوڵڵای حاجی حەمەئاغا، ٦١٩
عەبدوڵڵای عەزیزی لاوە، ٦١٩
عەبدوڵڵای یەکەم، ٥٠٢
عەبدی‌ئاغا، ٢٤٦
عەجـەم، ٨٩، ١١٦، ٣١٦، ٥٧٤، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٥، ٦٣١
عەدەن، ٣٦١
عـەرەب (عەرەبـەکان/ عەرەبـی)، ٧، ٨، ١٧، ١٨، ٢٢، ٢٧، ٢٨، ٣٦، ٦٤، ٦٥، ٦٩، ٧٩، ٨٩، ١١٥، ١١٦، ٢٣٧، ٢٤١، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٩، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٧، ٣٣٢، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٥، ٣٥٩، ٣٦١، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٧، ٣٨٤، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٤٠٣، ٤٠٥، ٤١٨، ٤٣٢، ٤٦٨، ٤٧٠، ٤٨٩، ٤٩٩، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٥، ٦١٠، ٦١١، ٦٢٦، ٦٣٠، ٦٣٣، ٦٣٥، ٦٣٨، ٦٦٠، ٦٦١، ٦٦٢
عەزمی‌بەگـی بابـان، ٧، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٦٥٧
عەزیزئاغا، ١٥، ١٤٤، ٢٢٦، ٣٠٠، ٤٧٩
عەزیز ئەفەندی سەلیم‌ئاغا، ٦٢٩
عەزیـز ئەفەنـدی وەسـمان‌ئاغای خواجـە ئەفەنـدی، ٦٣٠
عەزیز ئەلمیسری، ٢٥٠
عەزیزخانی فەیلی، ١١٦، ٢١٦
عەزیز قەزاز، ٤١٦، ٤٣٣، ٤٥٦، ٥٢٢، ٥٣٠، ٦٦٥
عەزیز کوردی، ٥٢٢
عەزیـزی حاجـی سـاڵحی بـرازای ئەحمەدئاغـا، ٢٩٩، ٣٠٠
عەزیزی لاوە، ٢٦١
عەشایری سندی، ٢٤٦
عەشایری کۆچەری (قشوورە)، ٢٤٦
عەشایری گەلی، ٢٤٦
عەشیرەتی برادۆست، ٤٤٣
عەشیرەتی جاف، ١٢٣
عەشیرەتی خۆشناو، ٤٧٠
عەشیرەتی دزڵی، ١٢٠
عەشیرەتی سۆران، ٢٤٨
عەشیرەتی مامەش، ١٠٥، ٤٤١
عەقـرە، ٧، ٢١٣، ٢١٥، ٢٢٣، ٢٤٧، ٢٤٨، ٤٢١، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧٣، ٤٧٥
عەکا، ٣٨٩، ٥٠٣
عەلائەددین سەججادی، ٢١، ٢٢، ٢٧٨
عەلەوی، ١٧٣
عەلی ئەفەندی، ٥٩، ٦٠٢
عەلـی ئیحسان‌پاشـا، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٥، ٢١٤، ٢٤٦، ٢٧١، ٥٣٥
عەلی باپیرئاغا (عەلی کەمال)، ٤٢١
عەلی حەسەن‌ئاغا (زەنگەنە)، ١٣١
عەلی‌خان، ١٢٤
عەلی‌ڕەزابەگ، ٧١، ٦٤٤، ٦٤٥
عەلی‌ڕەزاپاشا، ٣٨، ٣٩، ٣١٧، ٣٢٦، ٣٣٧، ٣٤١
عەلـی سـائیب‌بەگ، ٦٢١، ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٤، ٦٢٦،

٦٢٧، ٦٢٨
عەلی سەعیدپاشا، ٥٨٧، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦
عەلی سەقا، ٢٦٤
عەلی کوڕی حەسەن ئەفەندی، ٦٢٩
عەلی یاوەری حاجی حەمەئاغا، ٣٧٩، ٦٣٠، ٦٣٣
عەلی یاوەری ساڵح سلێمانی، ١٦٧
عەمادییە، ٧، ٢١٣، ٢١٤، ٢٢٣، ٢٤٦، ٤٤٥، ٤٧٠، ٤٧٣
عەمارە، ٢١، ٦٥، ٦٦٥
عەونی ئەفەندی، ١٦٩، ٦٣٦، ٦٣٩
عەونی حاجی گووروون، ٢٢٩
عەونی عەبدولهادی، ٣٤٥
عەینتاب، ٩، ٤٤٥، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٢٩
عەین دبس، ٢٤٩
عەین سفنی، ١٨٦
عیرفان ئەفەندی، ٤٥٥
عیززەتبەگی وەسمانپاشای جاف، ٧٥، ١٦٩
عیززەت تۆپچی (عیززەتی فاتە)، ٧١، ٨٢، ١٦٧، ٢٦٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٤٥٩، ٥٣٨
عیززەت حەمدیبەگ، ٢٨٦
عیزەددین (بتلیسی)، ٦٤٠
عیسا عەبدولقادر، ٢٥٣، ٢٥٤
عیسایی، ١٢١، ١٢٢، ٣٥٠
عیسمەتپاشا ئینۆنوو، ١٨٤، ٢٠٠، ٢٠١، ٢١٠، ٣١٢، ٥٥٣، ٦٠٥، ٦٠٨، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٧
عیسمەت ساڵح ئەفەندی (بجی)، ١٥
عێراق، (زۆربەی لاپەڕەکان)

غ

غازی عەنتاب، ١٢٩
غەفوورخانی ناودەشت (یەندزە)، ١٠٥، ١٠٦، ١٤٣، ١٤٤، ٢٨٨، ٤٣٩، ٤٤٣، ٤٤٤
غەفووری (تیرە)، ٩٩
غەفووری خەجێ، ٢٢٠، ٥٠٨
غەڵەتە، ٦٠١

ف

فاتح، ٦٠١
فاتمەخان، ٤٨٨
فارس (فارسی)، ١٧، ٣٠٨، ٣١٩، ٣٩٧، ٥٩٤
فارسئاغا (بەیات)، ١٣١
فارسئاغای زێبار، ٢١٥، ٤٤٢، ٤٧٠
فازیلپاشا، ٦٣
فازیل حسێن، ٢٦
فایق ئیسماعیل، ٦٤٥
فایقبەگی مارفبەگ، ٣٩٦، ٥٠٩
فایق بێکەس، ٦٢٩
فایقی تاپۆ، ٦، ٧٢، ٨٢، ٨٥، ٨٦، ٨٨، ١٤٦، ١٩٦، ٢٥٥، ٣٨٥، ٥٠٠
فایق کاکەمین، ٢٨، ٤١٦، ٤٢٥، ٥٢٢
فایق ویسل، ٦٣٥
فسیریۆس کیریاکۆس فینیزیلۆس، ١٧٣
فوئادپاشا، ٤٠
فوئاد تەمۆ، ٦٠٠
فوئاد ڕەشید، ٥١٠
فورات، ٤٢، ٢٥٠، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٤، ٦٦٢
فەتاحئاغای عەبدوڵائاغای حەوێزی، ٩٩
فەتاحئاغای حەوێزی، ١٦٣
فەتاحبەگ، ١٠٥، ١٢١، ١٤٨، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٨٧، ٢٨٨، ٣٩٥، ٤٠٦، ٤٠٨، ٤٢١، ٤٣٩، ٤٤٥، ٤٤٧، ٤٥٠، ٤٧٩، ٥٠٨، ٥١٩، ٥٣٤، ٥٥٥
فەتاح حەسەن (قەزاز)، ٦٦٥
فەتاحی ئەمینی عەتار، ٤٣٨، ٤٥٢، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٩٢، ٤٩٨، ٥٣١، ٥٤١، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٥٥، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٧٨، ٥٨٩، ٥٩٧، ٥٩٨، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٣، ٦٠٨، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٨، ٦٢٠
فەتاحی شانەگەر، ٤٤٠، ٤٤٢
فەتحوڵا کەرکووکی، ٣٠١
فەتحی، ٦٣٣
فەرەج ئەفەندی، ٦١٨

فەریدپاشای دامـاد، ٥، ٣٨، ٣٩، ٤٥، ١٧٤، ١٧٥، ١٩٠، ١٩١، ٣٩٣، ٥٠٥، ٥٠٩

فەریق زەکیپاشا، ٥٩

فەڕەنسە (فەڕانسا/ فەڕەنسز)، ٦، ١٧، ٣٠، ٣١، ٤١، ٤٢، ٤٨، ٦٦، ٧٢، ٧٥، ٧٩، ٨٢، ٩٠، ٩٩، ١٠١، ١٠٢، ١٢٨، ١٢٩، ١٤٦، ١٧٢، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٨، ١٩٠، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٥، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٣٤، ٢٣٧، ٢٤١، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٥، ٢٧١، ٣٠٦، ٣١٣، ٣١٤، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٦٠، ٣٨٤، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٤٠٢، ٤٠٤، ٤١٨، ٤٤٥، ٤٧٩، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥١٤، ٥١٥، ٥٦٧، ٥٧٩، ٥٩١، ٥٩٧، ٥٩٨، ٦٠٨، ٦١٠، ٦١٣، ٦٢١، ٦٣٢، ٦٦٠

فەقێ محەممەدی هەمەوەند، ٤٤٧

فەلەستین، ١٢٩، ٢٤١، ٢٩٧، ٣٣٤، ٣٣٩، ٣٨٩، ٥٠٣، ٥٠٤

فەلووجە، ٢١٤، ٢٤٦

فەهدی کوڕی بێتیخ، ٢٤٩

فەهمی مودەڕریس، ٣٧٠، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦

فـەوزی (فەوزیبـەگ)، ١٣٩، ٤٠، ١١٤، ١٢٨، ١٦٠، ٤٣٨، ٤٤٩، ٤٦٥، ٤٧٢، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٧٩، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٧، ٤٩٠، ٤٩١، ٥٤١، ٥٥٩، ٥٦٧، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧٥، ٥٧٨، ٥٨٧، ٦٤٦

ڤ

ڤیانە، ٤٧

ق

قادرئاغای حاجی مەلا سەعید، ٢٩٧

قادر ئەفەندی قەرەداغی، ١٦٧

قادربەگ، ٩١، ٤٧٠

قادرکەرەم، ٤٠٦، ٥١٧

قادری ڕەمەزان، ٤٢٢

قادی کۆی، ٦٠١

قادینلر سلطنتی، ٤٨

قارس، ٣٧، ٤٠، ١٤٥، ٣٤٩

قازانقایە، ٤٨٨، ٥١٧

قازانییە، ١٨٦

قازییەڕەشە، ٣٠٣

قاسم عەلەوی، ٢٥٧، ٢٥٩

قالەی ئایشەخان، ١٦٧

قاهیرە، ٧، ٢٨٩، ٢٩٠، ٤٧٩

قرفە، ٥٩٩

قوبادی کەسرا، ٦٣٨

قوتابخانەی «العلمیة»، ١٨

قوتابخانەی زەفەر، ٧، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤

قوتابخانـەی ڕوشـدییەی عەسـکەری، ١٦، ٤٠، ٧٩، ١٨٦، ٢٢٥، ٢٢٧، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٥٥، ٤٥٥، ٥٠٩، ٦٠٣، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٥٧، ٦٦٥

قوتابخانەی قادرییە، ١٨٦، ٤٣٣، ٤٣٥، ٥٣٢

قوتابخانەی ڕێگەوبان، ٦٣٤

قوتابخانەی سەربازیی (سانت - سیر)، ٤١

قوتابخانەی سەڵاحییە، ١٦

قوتابخانەی فەیسەڵییە، ٥٠٩

قوتابخانەی کەرخ، ٢١

قوتابخانەی لەتیفییە، ٤٣٣، ٤٣٥، ٥٣١، ٥٣٢

قوتابخانەی مەحموودییە، ٥٠٩

قوتابخانـەی نموونـەی سـەعادەت، ٣٠٩، ٣٩٨، ٤١٧، ٤٣٢، ٥١٠، ٥٣٠

قورئان، ٦٠، ١٧٢، ٢٨٧، ٤٣٤، ٥٩٤

قوونیە، ٧١، ٦١٩

قۆجەئیلی، ٥٨٨

قۆنستانتین، ١٧٦، ٢٠٧، ٢٠٨

قەبیلەی ئەلجەواسم، ٣٢١

قەبیلەی کەعب، ٣١٧، ٣١٨

قەدر جەمیلپاشا، ٦٠٠

قەدریبەگی والی، ٤٤٠

قەرەبەکرپاشا، ٦١١

قەرەداغ، ١٣٦، ١٦٩، ٢٢٣، ٢٤٨، ٢٧٣، ٢٨٢، ٤٥٠، ٤٨٨، ٥٠٨
قەرەسەرای، ٣٩١
قەرەنیئاغای مامەش، ٤٤١
قەرەهەنجیر، ١٣٥، ١٧٢
قەرە واسفبەگ، ٤٠
قەزای باغچە، ٤٥٤
قەزای عەقرە، ٢١٥
قەس سلێمان سائیغ، ٢٦
قەفقاس (قەوقاز/ قەفقاز)، ٩، ١٢٨، ٤٠٤، ٥٦٧، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٦
قەڵادزێ، ١٠٤، ٢٨٧، ٤٤٠، ٤٥٤، ٤٦٩، ٦٣٧
قەڵای دووبن، ٤٧٠
قەڵای شەعبانییە، ٢٤٦
قەواق، ٥٩٧، ٥٩٨
قەیسەری نەقیب، ٢٢٥
قیریس، ١٢٩، ١٣٨، ٣٦١، ٥٠٢

ک

کاجنیس، ١٣٨
کارپات، ٥٦٠
کازم قەرەبەکرپاشا، ٦١٠، ٦١١
کازمییە، ٢٥١، ٣٧٧، ٣٨٢، ٥٨٣، ٥٩٨
کاک ئەحمەدی شێخ (کاک ئەحمەدی سلێمانی)، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٧٢، ٨٢، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٨، ٢٧١
کاکە حەمەی خانەقا، ١٩
کاکەمینی سەلان، ٤٣٩، ٤٤٣
کالیگرۆپۆلۆس، ٣٤٨
کاناڵی سوێز، ٢٠٥
کانیڕەش، ٤٤٣
کُرد مسألەسی صفحاتندن، ٢٣
کرماشان، ٣٢٩
کفری، ١٦، ٦٤، ٧٢، ٧٣، ٨٣، ١٣٣، ١٨٦، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٦، ٣٩٤، ٤١٧، ٤٢٦، ٤٦٩، ٥٢٣، ٦٣٣، ٦٤٤
کلدانی، ١١٥
کلیسکیا، ٣٨٩
کلیکیا، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٧، ٣٤٨، ٤٠٤، ٥١٥
کنزکتنلی، ٨٤
کنگریان، ٢٣٠
کوتالامارە، ٣٨٧، ٥٠١
کورد (کوردستان)، (زۆربەی لاپەڕەکان)
کورد لە بەرەبەیانی مێژوو تاوەکوو سەرەتای سەدەی بیستەم، ١٨
کومیتەی ئیستقلالی کوردستان، ٦٣٦
کونت کارلۆ سفۆرزا، ١٨٣، ٣٤٧، ٣٤٨
کووت، ٦٥، ٤٥٨
کووتاهییە، ٤٠٣
کوێت، ٣٦١، ٣٩٣، ٤٠٦، ٤٠٩، ٥٠٥، ٥١٧، ٥١٩
کوێخا ڕەسووڵ چەڵەوی، ١٢١
کوێستان کیلی، ٤٤٨
کۆرشی گەورە، ٥٩٤
کۆکریس، ١٣٨
کۆلۆنێل باتریک ستیوردی، ٣٢٨
کۆلۆنێل برێدجێس، ١٣٣، ١٣٤
کۆلۆنێل بۆدی، ١٣٣
کۆلۆنێل کینێدی، ١٣٣
کۆلۆنێل مان، ١٣٤
کۆلۆنێل موگان، ١٧٨، ١٨٠، ١٨٢
کۆلۆنێل نوڵدەر، ٢٤٨
کۆلێژی ڕەکبی، ٣٠٢
کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی، ١٣٨
کۆمەڵەی ئیستقلال (سەربەخۆیی کوردستان/ نیشتمانی)، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٧٤، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٤، ٢٨٧، ٢٩٣، ٢٩٦، ٣٧٠، ٣٧٢، ٣٩٧، ٣٩٩
کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی، ٢٥٠، ٣٣٥
کۆمەڵەی تەعاون و تەڕەقی، ٣٠٧، ٦٠٠

کۆمەڵەی خۆیبوون، ٥٠٠
کۆمەڵەی دارکەر، ١٩
کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد، ٤٩٩
کۆمەڵەی هێڤی (هیوا)، ١٧، ٢٠، ٦٠٠
کۆمەڵەی یەکییەتی عوسمانی، ٤٩
کۆمەڵی تەشکیلاتی ئیجتماعییە، ١٩٠
کۆمەڵی تەعالی کوردستان، ١٩٠
کۆمەڵی عەلەم (کۆمەڵە)، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥١
کۆمەڵی عەهد (کۆمەڵە)، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥١، ٢٥٢
کۆنگرەی ئاشتی پاریس، ٤١، ٧٩، ١٨٦
کۆی، ٦٤١
کۆیێ (کۆیە)، ٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٤، ١١٣، ١١٤، ١١٨، ١٤١، ١٤٢، ١٤٨، ١٥٠، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٧، ١٧٢، ٢١٤، ٢١٥، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٥، ٢٧٨، ٢٨١، ٣٢٥، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧٣، ٤٨٠، ٥٤١، ٥٥٥، ٥٥٩، ٦١٥
کەپتەن بارکر، ١٠٤، ١٠٦، ١١٤
کەپتەن بارلۆ، ٢٤٩
کەپتەن بێیسن، ١٢٢
کەپتەن بۆند، ١٦٩، ١٧٢، ٢٢٠، ٢٨٨، ٣٩٥، ٥٠٨
کەپتەن بیرسن، ٢٤٦
کەپتەن بیل، ٦، ١٧، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠١، ١٠٢، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١١٣، ١١٤، ١١٨، ١١٩، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٥٠، ١٥٧، ١٥٨، ١٦٦، ٢١٤، ٢١٥، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٤٤٢
کەپتەن جیشۆلم، ١٣٤
کەپتەن چەپمەن، ٤٣٧، ٤٤٨، ٤٥٠، ٤٥٧، ٤٥٨، ٥٣٦، ٥٣٧
کەپتەن ڕاندەڵ، ١٥١، ١٥٤، ١٦٢، ١٦٤، ١٦٦
کەپتەن ستیوارت، ٢٤٩
کەپتەن سکۆت، ٢١٥، ٢٤٧، ٤٤٢
کەپتەن کۆک، ٤٤٥
کەپتەن لۆنگریک، ١٣٣، ٣٢٠، ٣٢٧
کەپتەن ماکن، ٢٨٨
کەپتەن ماڵکۆلن، ٣٢١
کەپتەن ویل، ٢١٤، ٢٤٦
کەپتەن هۆڵت، ٢١٧، ٢١٨، ٣٩٨، ٣٩٩، ٥١٠، ٥١١
کەپر، ٦٤٧
کەربەلا، ٦٢، ١٣٨، ٢٤٩، ٢٥١، ٣٣٥، ٣٧٧، ٥٨٣
کەرخ، ٢٥٦
کەرکووک، ٥، ٧، ١٥، ١٦، ١٨، ١٩، ٢٠، ٣٦، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٦، ٧٧، ٨٣، ٨٥، ٨٩، ٩٢، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٧، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٥، ١٦٧، ١٧٢، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٩، ٢٦٦، ٢٧٨، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٨، ٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٧، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٨٣، ٣٩٤، ٤٠٦، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١١، ٤٢٦، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٧٣، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٨١، ٤٨٤، ٤٨٩، ٤٩٢، ٥٠٦، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٤٤، ٥٥٣، ٥٥٩، ٥٩٩، ٦٢٩، ٦٣٥، ٦٤٠، ٦٤٤، ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٦٥، ٦٦٦، ٦٦٧
کەرەج، ١٨
کەریمبەگی کەرکووکیزادە، ٢٥٥، ٦٠٠
کەریمبەگی خانزادە جوانێ، ٦٤٨
کەریمبەگی فەتاحبەگی هەمەوەند، ١٢١، ١٤٨، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٨٧، ٢٨٨، ٣٩٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٤٧، ٤٥٠، ٥٠٨، ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٥٣٣
کەریمخانی زەند، ٣١٨
کەریمی جاو، ٦٦٤
کەریمی حاجی ئەوڵای حەمە کەرکووکی، ٢٥٥، ٤١٠
کەعب، ٣١٨
کەلکەتە، ٣٢١
کەلیم، ٥٧٣
کەمالییەکان، ٦، ١٧٤، ١٧٦، ١٧٩، ٢٠٩، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٦٣، ٣٠٦، ٣٤٧، ٣٩٠، ٤٢٦، ٤٤٣، ٥٠٤، ٥٢٩، ٥٨٢

کەنعانبەگ، ٨٨، ٦٤٥
کەیخەسرەوبەگ، ٥٠٧
کیپتاون، ٢٤٠
کێوی قاف، ٥٩٤

گ

گاڵاتا، ٣١
گاڵاوینسکی، ٥٨٨
گاندی، ٣٦١
گاور، ٨٩، ٦٠٦
گردەبلوێر، ٤٤٧
گردی سەیوان (گۆڕستان)، ١٥، ٤٠، ٢٢٧
گرینهاوس، ٨٩، ١٢٣
گوتاریس، ١٧٩
گوتایس، ٥٩٥
گورجستان (گورجی)، ٤٣، ٥٥، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٨٢، ٥٨٦، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٥، ٥٩٦
گورجیە محەممەد، ٦٣٧
گورگە، ١٣٨، ١٧٢
گوڵستان، ٩٠
گوڵعەنبەر، ٤٥٤
گومری، ٥٨٧، ٥٩٤
گوندی عەسکەر، ٣٨٣
گوندی قەرەچەتان، ٤٣٤
گۆردەم واکەر، ٨٤
گۆڕۆ، ٣٤٤، ٣٤٥
گۆڕستانی کاسۆلیک، ٤٧٨
گۆڤاری پەیژە، ٦٣٧
گۆڤاری دیاری کوردستان، ٢١٧
گۆڤاری زانستی، ٥١٠
گۆڤاری ژین، ١٦
گۆڤاری عەسکەری وەزارەتی دیفاعی عێراق، ١٣٩
گۆڤاری کەوکەبی مەعاریف، ٦٣٥
گۆڤاری گەلاوێژ، ٥١٠
گۆڤاری هاوار، ٥٠٠
گۆنگرەی قاهیرە، ٢٨٩
گۆیان، ١٢١، ٢٤٦
گۆیژە، ٢٧٨، ٦٢٩
گەدکپاشا، ٦٠١
گەڕەکی ئەعزەمییە، ٦٠
گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی، ٥٠٨
گەڕەکی شاترلوو، ٦٣
گەڕەکی قەڵا، ٢٩٧
گەڕەکی مەیدان، ٢٥٦
گەشتێک بە کوردستاندا (کتێب)، ٣٢٤
گەڵاتەسەرای، ٥٠٠
گەلی عەلیبەگ، ١١٩
گەلی مەزۆرکە، ٢٢٣، ٢٤٦
گەوەڕ، ٦٤١
گەیارە، ٢٤٩
گیوی موکریانی، ٢٨

ل

لاجان، ٦٣٣
لاهیجان، ٤٥٤
لەندەن، ١١٨، ١٧٠، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٩، ١٨٣، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢١٠، ٢٦٣، ٢٨٦، ٢٨٩، ٢٩٦، ٢٩٩، ٣١٣، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٤، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٨، ٣٨١، ٤٢٦
لوبنان، ٢٤١، ٢٤٢، ٣٣٦، ٣٣٩، ٦٦١
لوتفعەلیخانی زەند، ٤٢٩
لۆید جۆرج (دەیڤید)، ٣٥، ١٧٦، ١٧٧، ٢٠٩، ٢٣٩، ٢٤١، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٦٠
لۆزان (ناوچە)، ٢٠١
لەعلیخان، ٢٩٩

م

ماجد مستەفا مەحموود، ١١٧، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٨٧، ٢٩٥، ٣٠١، ٣٠٥، ٤٣٦، ٤٣٨، ٥٣٣

ماد، ٥٩٤
مارسیلیا، ٣٨٤، ٤٩٩
مارشاڵ سام مانیشاو، ١٣٨
مار شەمعوون، ٤٠١، ٤٥٩، ٥١٣، ٥٣٨
مارفئاغای عەزیزئاغا، ١٥
مارفبەگ، ٣٩٦، ٥٠٩
مارف جیاووک، ٢٨
مارک سایکس، ٢٤٢
ماری وسیکل، ٨٤
ماک برایت، ٢٢٨، ٢٢٩
ماکدۆناڵد، ٢١٤، ٢٤٦
ماکنی، ٣٩٥
ماکیاڤێل، ٤٧
مالاتیه، ٦٣٢
مالطه، ٣٨
ماڵتا، ٧٠، ١٣٨، ٦٣٢
مامۆستا دەروێش میقدادی، ٢٨
مامۆستا زێوەر، ٤١٧
مامۆستا ڕەئووف، ٢٤٧، ٢٤٨
ماهیه، ١٦
ماوەت، ٧٦، ٦٢٩
محەممەدئاغا (زەنگەنە)، ١٣١
محەممەدئاغای زێباری، ٤٤٢
محەممەدئاغای مامەش، ٤٤١
محەممەد ئەفەندی، ٩٩، ١٦٦، ٦٢٠، ٦٢٧، ٦٣٣
محەممەد ئەفەندی ڕێزەلی، ٥٩٢
محەممەد بەشقە، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٥
محەممەدبەگ، ٣١٨، ٥٩١
محەممەدپاشای جاف، ٥٠٧
محەممەدپاشای خدێو، ٢٦٥
محەممەدپاشای سابوونچی، ٥٩
محەممەد پێغەمبەری ئیسلام، ٣٠
محەممەد تالب (سمایل عوزێری)، ١٣١
محەممەد حەسەن (ڕەئیسی تەرخانی)، ١٣١
محەممەدحەسەن کوببە، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦
محەممەد زەکی قودسیزادە، ٦٣٥
محەممەد (ڕەئیسی شاتری)، ١٣١
محەممەدڕەزا پەهلەوی، ١٢١
محەممەدڕەزا شەبیبی، ٣٣٥
محەممەد ڕەشیدپاشا، ٢٦٣
محەممەد ساڵح ئاغازادە، ١٣١
محەممەد ساڵح ئەفەندی، ١٣، ١٥، ٢١
محەممەد سەدر، ٣٧١، ٣٧٧
محەممەد عەلی حاجی حسێن، ٢٤٩
محەممەد عەلی گەورە (خدێوی میسر)، ٤٨، ٤٥٤، ٥٣٤، ٦١٥
محەممەد عەلی مستەفا، ٢٢
محەممەد کوڕی سەعیدپاشای خەندان، ١٨٦
محەممەد محەممەد ساڵح، ٢١
محەممەد مەهدی بەسیر، ٢٥٣، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٣١٦، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٧
محەممەد مەهدی جەواهیری، ١٩، ٢٢
محەممەدی پێنجەم (ڕەشاد)، ٣٩
محەممەدی شەشەم، ٤٥، ٣٤٩
محیەددینبەگ، ٦٠١، ٦٠٥، ٤٤٢
مراد بەدرخان، ١٨٩
مزگەوتی حەیدەرخانە، ٣١٥
مزگەوتی داودیه، ٣٢٦
مزگەوتی سەید حەسەن، ٣٩٧، ٣٩٨، ٥٠٩، ٥١١
مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، ٢٦١
مزگەوتی نەبی شیس، ٥٩
مزگەوتی یوونس پێغەمەر، ٤٠٨
مستەفائاغا، ٦٦٤
مستەفا ئەفەندی، ١٧، ٥٤٥
مستەفا بای، ٦٣
مستەفابەگ، ٥٨، ٦٠، ٦٧، ٢٥٥، ٢٥٦
مستەفا بەهجەت، ٦٢٩، ٦٣٠
مستەفاپاشای یامولکی، ٧، ٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ١٢٧، ١٢٩، ٢٣٨، ٢٨٧، ٣٩٣، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٦، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١١، ٤١٤، ٤٢١،

٤٣٢، ٤٣٣، ٤٥٠، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٧٢، ٤٧٦، ٤٧٩، ٤٨٦، ٤٩٢، ٤٩٣، ٥٠٥، ٥٠٩، ٥١١، ٥١٢، ٥١٣، ٥١٤، ٥١٧، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٢١، ٥٢٢، ٥٢٦، ٥٢٧، ٥٣٠، ٥٣١، ٥٣٣، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤١، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٤٧، ٦٥٧

مستەفا ڕێژی، ٢٣٢

مستەفا شەوقی، ٦٣٧

مستەفا فەوزیپاشای فەریق، ٤٠

مستەفا (کەرکووکیزادە)، ٢٩٧

مستەفا کەمال (ئاتاتورک)، ٥، ٦، ٧، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ١٢٩، ١٥٧، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨٣، ١٨٤، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢٤، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٥١، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٨٠، ٢٨٧، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣١١، ٣١٢، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٤، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٤٦، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٦١، ٤٦٤، ٤٧٢، ٤٨٠، ٤٨٣، ٤٨٧، ٤٩٣، ٥٠٠، ٥٠٥، ٥٠٩، ٥١٤، ٥١٥، ٥٣٩، ٥٤٥، ٥٥٢، ٥٨٠، ٥٨١، ٥٨٢، ٥٨٦، ٥٨٧، ٦٠١، ٦٠٤، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١١، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٥، ٦٢١، ٦٢٢، ٦٢٧، ٦٣٢، ٦٦٠

مستەفا نووریپاشای موشیر، ٤٧٢

مستەفای حاجی برایمئاغا، ٢٢٩

مستەفا یەعقووبی، ٦٣٥

مصطفى كمال المثل الاعلى (کتێب)، ٦١١

مقدرات العراق السياسية (کتێب)، ٥٨، ٦٠، ٢٤٧

ملازم پۆل، ١٣٤

ملازم دیکسۆن، ١٣٤

مندرۆس، ٣٠

مونتەمەری ئاشتی پاریس، ٨، ٤٢، ١٩٠، ١٩٦، ٢٣٥، ٢٤٠، ٢٤١، ٣٤٨، ٣٨٤، ٤٩٩، ٥٠١، ٦١٤، ٦١٥

مونتەمەری ئەرزەڕۆم، ٢٣٦

مونتەمەری لەندەن، ٣٥١

موبارەک ئەفەندی، ٢٣١، ٢٣٢

موحسین سەعدوون، ٣٨١

موختاربەگ، ٢٦٠، ٥٠٧، ٥٩١

مودانیە، ٤٠٣

مودرۆس، ٣٠، ٣١، ٣٨

موزەفەرەدینشا، ٣٢٩

موزەککەرات دەربارەی شۆڕشی گەورەی عەرەب (کتێب)، ٣٤٥

موسافیرخانەی یەگانە، ٦٦٢

موشیرئاغا (موشیری حەمەی سلێمان)، ١٣٧، ١٣٩

موکریان، ٤٤١

مووسا شاکرپاشا، ٦٣٢

مووسڵ/ مووسڵی، (زۆربەی لاپەڕەکان)

مۆرتکە، ٤١٦

مەجارستان، ٦٥

مەجدەددین (برای شەرەفخان)، ٦٤٠

مەجدەل عەنجەر، ٣٤٤

مەجەر ئەلکەبیر، ١٨

مەجۆلی خامە سنەیی، ٢٢٩

مەجید ئەفەندی، ٦١٩، ٦٤٤

مەجید ئەمین کەرکووکی، ٦١٩، ٦٤٤

مەجید ئیسماعیل، ٥٩١

مەجیدبەگی حاجی ڕەسووڵبەگ، ١٣١، ٤٩٠، ٤٩١

مەجیدبەگی قەزاز، ٤٥٨

مەجید خدووری، ٢٧، ٢٨، ٢٣٩، ٣٤٢، ٣٤٤، ٣٤٦

مەجید ساڵح (م.س)، ٣، ٤، ١٢، ١٤، ٢٢، ٢٧، ٣٠، ٣١، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٤، ٥٦، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٧٠، ٧٢، ٧٣، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٤، ٩٠، ٩٩، ١٠٠، ١٠٣، ١١٩، ١٢١، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٢، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٢، ١٦٣، ١٦٧، ١٧١، ١٧٣، ١٧٧، ١٨٦، ١٩٣، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢١٤، ٢١٥، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤٦، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٢، ٢٥٣،

٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٠، ٢٦٣، ٢٨٢، ٢٨٣،
٢٨٥، ٢٨٧، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩٦، ٢٩٨، ٣٠٢، ٣٠٥،
٣٠٧، ٣١٤، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٩، ٣٣٢،
٣٣٥، ٣٣٧، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٧٠،
٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٨١، ٣٨٣، ٤٠١، ٤١٣، ٤٢٢،
٤٣٤، ٤٣٨، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٥، ٤٥٦، ٤٥٨، ٤٧٢،
٤٧٤، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨٨، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠٢،
٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٧، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١٧، ٥٤٥، ٥٦٢،
٥٨٣، ٥٨٨، ٦٠٠، ٦٠٤، ٦٢١، ٦٢٩، ٦٣٢، ٦٣٣،
٦٣٥، ٦٣٦، ٦٣٧، ٦٣٩، ٦٥٤، ٦٥٧، ٦٦٠، ٦٦١،
٦٦٥، ٦٦٦
مەحموودئاغای کەهیە، ٣١٨
مەحموودپاشای بابان، ٣٢٤، ٣٢٥
مەحموودپاشای جاف، ٥٠٧
مەحموود تەقی، ٤٣٨
مەحموود جەودەت، ٤٩، ٢٢٧، ٢٧٣، ٢٨٧، ٢٩٩،
٢٧٤، ٢٩٥، ٣٠١، ٤٤١
مەحموودخانی دزڵی، ١٢١، ١٢٣، ١٣٥، ١٤٨، ١٧٠،
٢٢٣
مەحموود خدری هەمەوەند، ٦١
مەحموود سامی، ٦٢٩، ٦٣٠
مەحموود شەوکەتپاشا، ٥٦
مەحموود فازیلی یووزباشی، ٤٤١، ٤٤٣، ٤٤٤
مەحموود (خاڵۆزای ڕەفیق حیلمی)، ٥٧٥، ٥٨٩،
٥٩٦، ٦٣٦، ٦٤٣
مەحموودی کڵێسە، ٥١٧
مەدارس، ٣١٩
مەدحەت، ٢٣٢
مەدرەسەی سەنایع، ٦٣٥
مەدرەسەی عیلمییە، ٣٠٢
مەرج دابیق، ٦٣٩
مەرعەش، ٦٢٧، ٦٢٩
مەرگە، ١٢٢، ١٨٦، ٤٤٥، ٤٥٥، ٤٥٦، ٥٤٤، ٦٢٩
مەروان، ٦٣١، ٦٤١
مەریوان، ١٢١
مەسجید سولەیمان، ٣٢٩
مەسعوود محەممەد، ١٨، ٦٥٤
مەسقەت، ٣١٩، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٣
مەعاریفی سلێمانی، ٩، ١٨٦، ٤٣٢، ٤٣٦، ٥٣٠
مەعرووف کابانی عەزیز مێرگە، ١٨٦
مەعمووره (قەڵادزێ)، ٤٥٤، ٤٦٩
مەغۆل، ٣٠، ١٣٨، ٥٩٤، ٥٩٥، ٦٤٠
مەکتەبی ئیعدادی کۆن (سانەوی شەرقییە)، ٥٩، ٥١٨
مەکتەبی حەربییە، ٥٧، ١٨٦، ٦٣٣، ٦٣٧، ٦٦٥
مەکتەبی هەندەسەی موڵکییە، ٢٥٧
مەلا ئەحمەدئاغا، ٩٩، ١٥٣
مەلا ئەحمەدی سائیب، ٤٣٤، ٤٨٥
مەلا ئەمینی دەڵاڵ، ٦٣٩
مەلا تەقی، ٦٣
مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، ٢٨
مەلا حەسەنی قەرەداغی، ٤٣٤
مەلا ڕەشیدبەگ، ٦٣٣
مەلا سەلیم (دەرسیمی)، ٦٣٩
مەلا عارف، ٤٣٤
مەلا عەبدوڵڵا (جەلیزادە)، ١٠٠
مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ڕەسووڵی کاژاوی،
٤٥٥
مەلا قادری ئیمامی، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤
مەلا قادری قەرەداغی، ٤٣٤
مەلا محەممەد ئەفەندی جەلیزادە، ٩٩، ٦٣٣
مەلەدی، ٢٠٠
مەلیک ئەشرەف، ٦٤٠
مەلیک حسێن، ٢٥١، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٤٠، ٣٦١، ٣٩٠
مەلیک فەیسەڵ، ٧، ٨، ٢٥، ١٠٠، ١٢٩، ٢٤٣، ٢٥٢،
٢٦٣، ٢٩٠، ٣٣٢، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٣٩،
٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٥١،
٣٥٢، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٧،
٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٩٢، ٤٠٩، ٤١٦، ٤٢٤، ٤٢٦،
٤٤٦، ٥٠٢، ٥٠٥، ٥١٩، ٥٢٢، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٤٨،
٦٦٠

مەلیک قۆنستەنتین، ١٧٦
مەلیک مەسعوود، ٣٦١
مەمالیک، ٣١٧
مەمدووح سەلیم، ٦٠٠
مەمەندەسوور، ١٠٥
مەنگوڕ، ١٠٥، ٤٧٠
مەولانازادە ڕەفعەت (مەولانزادە)، ٤٧٩
مەولوود موخلیس، ٢٤٩
مەیدانی «باب الطوب»، ٥٨
مەیسەلوون، ٣٤٤، ٣٤٥
میافارقین، ٦٤١
میجەر دانلیس، ٧٣، ٩٥، ١٢٢، ١٢٣، ١٣٣، ١٧٠
میجەر سۆن (ئیلی پانستر سۆن)، ٧٥، ٧٦، ٨٣، ٨٤، ٩٦، ١٠٣، ١٠٧، ١١٦، ١١٧، ١٢٢، ١٢٣، ١٣١، ١٧١، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢١، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٤٧، ٢٦٠، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٦، ٢٨٧، ٣٠٦، ٤٤١، ٥١٠
میجەر گرین هاوس، ٨٩
میجەر گۆڵدسمیس، ٢١٧
میجەر نۆئێل، ٥، ٦، ١٧، ٧٣، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٤، ٩٨، ١٤٦، ١٩٦، ٢٤٧، ٣٨٥، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٣٧، ٤٥٠، ٤٥٧، ٤٧٥، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٩٢، ٥٠٠، ٥٢٤، ٥٢٥، ٥٣٣، ٥٣٦
میرانی بابان، ٧٨
میراودەلی، ٢٨٣
میرزا تۆفیق، ١٢٦، ٢٩٨، ٤١٩
میرزا ڕەشیدی مەهابادی، ١٤٤
میرزا ڕۆستەم، ١٠٤
میرزا غولامحسێن شیرازی، ٨٤
میرزا فەتاح، ١٢٦، ٤١٩، ٥٢٤
میرزا فەرەجی حاجی شەریف، ١٦٩، ٤١٩، ٥٢٤
میرزا کوڕی حاجی ئەحمەدی کوڕی حاجی حەسەنی قەزاز، ٢٩٨
میرزا محەممەد، ٣٢٠
میزۆپۆتامیا، ٤٢، ٦٣٣
میس بێل، ٢٩١، ٤٣٢، ٤٨٩
میستەر کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ، ٣٢٤
میستەر گراین، ٣٤٢
میسر، ٣٠، ٤٨، ١١٥، ١١٧، ١٢٨، ١٥٧، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢١٣، ٢١٩، ٢٨٩، ٣٤٥، ٣٦١، ٤٥٤، ٥٠٠، ٥٠٦، ٥٣٤، ٦١٥
میگر، ٥٩٤
میلانۆ، ٣٤٥
میلران، ١٨١، ١٨٢
میللەر، ٣٠٩
مینۆرسکی، ٦٣٣

ن

ناپلیۆن، ٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٤
ناپۆلی، ١٨٦
ناجی عەبباس، ٢١، ٢٨
نادرشا، ٣١٩، ٣٢٠
ناسرەددینشای قاجار، ٥٠٧
ناسرییە، ١٠، ١٨، ١٩، ٣٧٨، ٣٧٩، ٦٥٣، ٦٥٤، ٦٥٥، ٦٥٦، ٦٥٧، ٦٦١، ٦٦٢
نالی، ٥٠٩
ناهیدە ڕەفیق حیلمی، ١٤، ٢٨، ٦٥٣، ٦٥٦، ٦٥٨، ٦٦٣، ٦٦٥، ٦٦٦، ٦٦٧
ناودەشت، ١٠٥، ١٠٦، ٤٤٣، ٤٤٧
ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٧
نەجیبە (دزڵی)، ١٣٥
نظام الانتداب (کتێب)، ٢٣٩
نەبیلبەگ، ٥٩١
نەجمەددین کەرکووکی، ١٧، ٦٠٠
نەجەف، ٨٩، ٢٥١، ٢٥٢، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٧٧، ٣٨٢، ٥٨٣
نەخۆشخانەی حەیدەری، ١٩٢
نمروود، ٤٠٢، ٤٥٠، ٤٦٤، ٤٧٢، ٤٧٦، ٤٧٩
نوسەیبین، ٦٤١
نووح، ٤٧٤

نوورەددین ئیبراهیمپاشا، ٣٥، ١٧٣، ٦٠٢، ٦٠٣، ٦٣٧
نووری باویلئاغا، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ٤٣٩، ٤٤٣، ٤٤٤
نووریبەگی حەمەدبەگی بابان، ٢٤٦، ٢٨٤، ٤٧٠
نووریپاشا سەعید، ٣٣٧، ٣٣٨، ٣٤٥
نووری شاوەیس، ٦٠٢، ٦٣٣
نۆرس بروک، ٣٤٦
نۆشیروان، ٦٣٨
نۆڵدەر، ٢١٥، ٢٤٨
نەمسا، ٦٥، ٦٦٠
نەهرۆ، ٣٦١
نیپاڵ، ١٣٨
نیکۆلای ماکیاڤێلی، ٤٧
نیۆیۆرک، ٥٩٩
نێری (نەهری)، ٤٤١، ٤٤٣

و

وان، ١٠، ٣٤٩، ٤٢٢، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٤، ٤٤٦، ٤٦٦، ٥٤٣، ٥٦٠، ٦٢١، ٦٣٢، ٦٣٩، ٦٤١، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٧
ورمێ، ٩، ٢٣٣، ٤٠١، ٤٥٤، ٥١٣، ٥٦٠، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧٢
وسووئاغا، ١٢٥، ١٢٦، ٥٤٦، ٥٥٥، ٦٦٤
وەحیدەددین (خەلیفەی عوسمانی)، ٣٤٧
وەدیع جووەیدە، ٥٣
وەرسایل، ٢٩، ٣٤٠
وەستا مارف، ٢٩٩
وەسمانپاشای جاف، ١٢٣، ١٣٥، ١٦٩، ٢١٧، ٢٦٠، ٥٠٧
وەنیزەلۆس، ٦، ٣٥، ١٧٣، ١٧٥، ١٧٦، ٢٠٧، ٣٠٨
وەیسی قەرەنی، ٦٤٢
ویلایەتی بورگاندی، ٣٢٤
ویلسۆن، ٣٥، ٦٧، ٦٩، ٧٢، ٧٣، ٧٥، ٧٦، ٨٣، ١٠٣، ١١٥، ١١٦، ١٢٣، ١٣١، ١٣٣، ١٧١، ١٧٢، ١٨٧، ١٨٨، ١٩٣، ١٩٤، ٢١٣، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٧، ٣٣٤، ٣٤٠، ٣٤٢
ویلیام مارشاڵ، ٦٦
ویلیام ناکس دارسی، ٣٢٩
وینستۆن لیۆنارد سپێنسر چەرچڵ، ٢٨٩، ٣٣٠، ٣٤٦، ٣٥٢

ه

هادیپاشای فەریق، ١٧٤
هاشمی (خانەدان)، ٣٧٣، ٥٠٢
هانری دۆبس، ٢٩١
هۆرمز، ٣٢١
هۆزی زەواڵم، ٣٧٨، ٣٧٩
هۆڵەند، ٢٤٠، ٣١٧، ٣١٩
هەڵەبجە، ٨٤، ١١٦، ١٢٣، ١٣٣، ٢١٧، ٢٤٨، ٣٩٥، ٤٥٤، ٤٧٣، ٥٠٧
هەمزاغای ئەولاغا، ٢١٧
هەمزەئاغای مەسرەف، ١٥، ١٧، ٥٤٥
هەمەوەند، ٥٥، ٦١، ٦٢، ٦٩، ٧٠، ١٢١، ١٣١، ١٣٧، ٢١٧، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٧٣، ٢٨٧، ٢٨٨، ٣٩٤، ٣٩٥، ٤٢٢، ٤٤٧، ٤٧٠، ٤٧٢، ٥٠٨
هەنجام، ٢٥٥، ٢٥٩، ٣٧١، ٣٧٧، ٣٨١
هەنگام، ٣٣٠
هەورامان (هەورامی)، ١٢١، ١٢٣، ١٣١، ٢٤٨، ٢٧٣، ٣٩٥، ٥٠٧، ٥٠٨
هەولێر، ٦، ١٨، ٢٠، ٢٢، ٦٢، ٧٠، ٩٢، ٩٩، ١١٨، ١٣٥، ١٤٥، ١٤٨، ١٤٩، ١٩٠، ٢١٩، ٢٢١، ٢٣٣، ٢٨١، ٣٩٤، ٤٤٤، ٤٤٨، ٤٥٤، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦٥، ٤٧٠، ٤٧٣، ٤٧٥، ٤٨٤، ٤٩٧، ٥٠٦، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٤١، ٥٦٢، ٦٤٦، ٦٥٤
هیندستان (هیندی/ هیندۆک)، ٧، ٦٦، ٨٩، ٩٠، ٩١، ١٣٢، ١٣٨، ١٥٥، ١٥٦، ١٧١، ١٧٢، ٢١١، ٢١٣، ٢٢٣، ٢٣٨، ٢٤٩، ٢٥٧، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٩، ٢٨٨، ٢٩٢، ٣٠٩، ٣١١، ٣٢٠، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٢، ٣٥٢، ٣٦١، ٤٠٠، ٤٢١، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٩، ٤٦٠، ٤٦٣، ٤٧٨، ٤٨٨، ٥٠٥، ٥١٨، ٥٣٨، ٦١٠، ٦٤٠
هێزی میلیس، ٧١

ی

یاوزسەلیم، ٤٦، ٤٧
یوغوسلاڤیا، ٦٥، ٦٠٠
یووسف ئەلعەزەمە، ٣٤٤، ٣٤٥
یووسفبەگ، ٢٩٩، ٣٠٠
یووسف سویدی، ٢٥٥
یوونسئاغا، ٧٦
یوونس ڕەئووف (دڵدار)، ١٩
یۆنـان (یۆنانسـتان/ یۆنانـی)، ٦، ٧، ٣٠، ٣٥، ٨٦، ٨٧، ١٣٩، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٩، ١٨١، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٢٤، ٢٣٥، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٥١، ٢٥٨، ٢٧١، ٢٨٧، ٣٠٦، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣١١، ٣١٢، ٣٤٧، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٨٦، ٣٩٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٦٤، ٥٠١، ٥٠٤، ٥١٢، ٥١٣، ٥١٤، ٥١٥، ٥٩٥، ٥٩٧، ٦٠١، ٦١٣، ٦١٥، ٦٢٤
یەحیا موخلیسبەگ، ١١٩
یەکییەتی ئەدیبانی عێراق، ٢١
یەکییەتـی سـۆڤیەت (شـووڕەوی)، ٢٠٥، ٢٣٧، ٢٥٨، ٢٦٤، ٤١٦، ٤٣٤، ٥٢١، ٥٨١، ٥٨٦، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٩٢، ٥٩٣
یەڵدز سەرای، ٦٠١
یەڵدیرم بایەزید، ٦٣٩

9 789649 803449

انتشارات کردستان

Kurdistan Publication

سنندج-پاساژ عزتی- تلفن: ۳۳۱۶۵۳۸۲